# شەرەف

**تاوان، چەمک، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن**

# HONOUR

## Crimes, paradigms and violence against women

Edited by Lynn Welchman and Sara Hossain

ZED BOOKS

London & New York

# شەرەف

## تاوان، چەمک، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن

سەرپەرشتیاری نووسین:
لین وێڵشمان و سارا حوسێن

وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە:
ئەنوەر قادر، ئەنوەر سوڵتانی، کەریم عومەر، هەرێم جاف

پێداچوونەوەی:
شاخەوان کەرکووکی

بەسەرپەرشتی:
نەزەند بەگیخانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شەرەف "تاوان، چەمک، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن"
سەرپەرشتی نووسین: لین وێڵشمان و سارا حوسێن
وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: ئەنوەر قادر، ئەنوەر سوڵتانی، کەریم عومەر، هەرێم جاف
پێداچوونەوەی: شاخەوان کەرکووکی
بەسەرپەرشتی: نەزەند بەگیخانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٢
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٣٠ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## پێڕست


کورتە پێشەکییەکی پێویست ........ 7

سەرەتا: توندوتیژی دژی ژنان و "تاوانەکانی شەرەف". ن: ڕادیکا کوماراسوامی ........ 9

پێشەکی: "شەرەف" ڕاست و هەڵەکان. ن: لین وێلشمان و سارا حوسێن ........ 14

بەشی یەکەم: بینینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ"تاوانەکانی شەرەف" ن: جەین کۆنەرز. ........ 35

بەشی دووەم: "تاوانەکانی شەرەف" بەها و واتا. ن: پوورنا سەن ........ 57

بەشی سێیەم: ڕۆڵی"گوتاری کۆمەڵگە" لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی شەرەف:

گەلاڵەی هەڵسەنگاندن و پێشبینییەکان. ن: عەبدوڵلاهی ئەحمەد ........ 81

بەشی چوارەم: کوشتنی شەرەفپارێزی و یاسا لەپاکستان. ن: سوهەیل ئەکبەر ........ 95

بەشی پێنجەم: کوشتنی ژنان لە لبنان: "تاوانەکانی شەرەف" لە نێوان واقیع و یاسادا.

ن: دانیاڵ هۆیک، ڕەفیف ڕەزا سیداوی، ئەمیرە ئەبوموراد ........ 134

بەشی شەشەم: "تاوانەکانی شەرەف" وەک توندوتیژی دژی ژنان لە میسر.

ن: سەنتەری یارمەتیدانی یاسایی ژنانی میسر ........ 162

بەشی حەوتەم: لێکۆڵینەوە لە بەقوربانیدانانی ژنان لە فەلەستین لێکدانەوەیەکی سۆسیۆ – مێژوویی.

ن: نادیرە شەڵهوب – کێڤۆرکیان ........ 186

بەشی هەشتەم: کولتوور و کەمینەی نەتەوایەتی و دەوڵەت: کارکردن لە دژی "تاوانی شەرەفی ناو خێزان"
لەنێو کۆمەڵگەی فەلەستینی لە ئیسرائیلدا

ن: عایدە توما – سلیمان ........ 210

بەشی نۆیەم: گۆڕینی ڕێساکان؟ بەرەوپێشچوون لە کارکردن لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" لە ئوردندا.

ن: ڕیم ئەبوحەسەن و لین وێلچمان ........ 229

بەشی دەیەم: توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف لە کۆمەڵگەی کوردیدا: حاڵەتی کوردستانی عێراق

ن: نەزەند بەگیخانی ........ 239

بەشی یازدەم: "تاوانەکانی شەرەف" لە یاسای سزادانی ئیتاڵیدا ڕاڤەکردنی مێژوویی و چاکسازی.

ن: ماریا گابریێلا بێتیگا – بۆکیربۆت ........ 265

بەشی دوازدەم: "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" یان کوشتن بەبێ سزا؟

ن: سیلڤیا پیمینتێل و ڤالێریا پاندیاریان و جولیانا بێلۆکو ........ 281

بەشی سێزدەم: "توندوتیژیی ناو خێزان تەنیا شەرمەزارییە و "شەرەف"ی تێدا نییە!"
ن: حەنانە سدیقی ........ 301
بەشی چواردەم: سەبارەت بەڕێککەوتن و ناکۆکی: بەزۆر بەشوودان لە بەنگلادیش
ن: دینا . م. سدیقی ........ 323
بەشی پازدەم: لە باوکانەوە بۆ مێردەکان – سەبارەت بەئەوین و مەرگ و هاوسەرگیری
لە باکوری هیندستان. ن: ئوما چاکراڤارتی ........ 352
بەشی شازدەم: سنووردانان بۆ بەزۆر بەشوودان لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا: لە نێوان مافەکانی ژنان و
کۆنترۆڵکردنی پەنابەریدا . ن: ئانجا برێدال ........ 379

# کورته پێشەکییەکی پێویست

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەرگێڕدراوە و بەشێکە لە سیاسەتی حکوومەتی هەرێم بۆ دروستکردنی هۆشیاریی گشتی لەبارەی ئەو تاوان و کوشتنانەی بەناوی "شەرەف"ەوە دێنە ئەنجامدان. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، حکوومەت لە ساڵی ٢٠٠٧دا بودجەی دە هەزار پاوند (واتە بیست هەزار دۆلار بەنرخی ئەو کاتی دۆلار)ی بۆ کڕینی ماف و وەرگێڕانی ئەم کتێبە تەرخان کرد.

ئەندامانی تیمی وەرگێڕانەکە لە ٧/٧/ ٢٠٠٧ لە کامدن تاون-ی لەندەن کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتیی وەرگێڕانەکە و دابەشکردنی کار و نرخی وەرگێڕانەکە. دواتر بەپێی نرخی وەرگێڕان لە بەریتانیای ئەوسا و لەسەر بنچینەی ژمارەی لاپەڕە و ژمارەی وشەکان لە هەر لاپەڕەیەکدا بڕی ٢٥ پاوند بۆ هەر لاپەڕەیەک تەرخان کرا و ڕۆڵ و مافەکان دیاری کران. پێش دەستکردن بە کاری وەرگێڕان، پرۆتۆکۆلی ئەم کۆبوونەوەیە نووسرایەوە و لە ڕێگەی ئیمەیلەوە دابەش کرا بەسەر سەرجەم تیمی وەرگێڕانی کتێبەکە بە کاک هەرێم جاف- یشەوە کە لەلایەن کاک ئەنوەر سوڵتانییەوە پێوەندیی پێوە کرابوو و نەیتوانی لە کۆبوونەوەکە بەشداری بکات و هەر لە ڕێگەی کاک ئەنوەر سوڵتانییەوە ئامادەییی خۆی بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکە دەربڕیبوو. ئەو پرۆتۆکۆلە وەکو ڕێنوێنییەک بەکار هێندرا بۆ کارکردن لەسەر پرۆژەکە.

شایانی باسە لەو بودجەیەی کە تەرخان کرابوو بۆ ئەم پرۆژەیە، دوو هەزار دۆلار تایبەت دانرابوو بۆ کڕینی مافی وەرگێڕان لە دەزگای زێد بووکس. بەڵام دوای پێوەندی و سازش، دەزگای زێد بووکس ئامادەییی خۆی پیشان دا کە وەکو کارێکی ئینسانی مافی وەرگێڕانمان بە خۆڕایی پێ بدات و لەگەڵ دەزگای ئاراس کۆنتراکتی بەست بۆ چاپکردنی کتێبەکە بە کوردی. ئەو دوو هەزار دۆلارەی کە مابووەوە، لە ڕۆژی ١٢/١ /٢٠١٠ لە ڕێگەی ئۆفیسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانەوە گەڕێندرایەوە بۆ حکوومەت.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی حکوومەتی هەرێم بکەم بۆ ئەم دەستپێشخەرییە. سوپاس بۆ دەزگای زێد بووکس کە مافی وەرگێڕانی کتێبەکەی بەخۆڕایی پێ داین و هەروەها بۆ دەزگای ئاراس، بەتایبەتی کاک شاخەوان کەرکووکی و کاک ئاراس ئەکرەم کە ئەرکی زۆریان کێشا لە پێداچوونەوە و ڕێکخستنی چاپتەرەکان و دیزاین و چاپکردنی کتێبەکە بەو شێوەیەی کە لە بەردەستتانە.

نەزەند بەگیخانی

## سەرەتا

# توندوتیژی دژی ژنان و "تاوانەکانی شەرەف"

نووسینی: رادیکا کۆماراسوامی

لە کـارەکـەمـدا وەک ڕاپۆرتۆری تایبـەتی نەتـەوە یەکگرتـووەکـان لەبارەی توندوتیـژی دژی ژنان و هۆکار و بەرەنجامـەکانی، زوو درکم بەوە کرد کە توندوتیـژی دژی ژنان تا ڕادەیەکی زۆر پێـوەسـتە بەڕێکخسـتنی سێکسوالّیتییـەوە، ئەمە مەسـەلەیەکی هەسـتیار و گەلێک گرینگە. لە زۆر کۆمەڵگەدا ئایدیالّی نێرایەتی بەبیرۆکەی "شـەرەف" بەهێز کراوە –شـەرەفی پیاو وەکو تاک، یان هـی خێزانێک، یان کۆمەڵێک– و بـەشێوەیەکی بنەڕەتیش بەستراوەتـەوە بەچاودێریکردنی ڕەفتار و سێکسـوالّیتیی مێیینەوە. بەگشتی شـەرەف وەها دەبینرێت کە نیشتـەجێی جەسـتەی ژنان بێت. چوارچێوەکانی "شـەرەف"، هـەروەهـا بەرەنجامـەکـەی "کـە شـوورەیییـە"، وەها کـار دەکەن کە ئەندامـانی نێـرینەی خێزان سێکسـوالّیتیی ژنان و ئازادیی هـامۆشـۆیان کۆنترۆڵ و ئاڕاستە و ڕێک بخـەن. ئەو ژنانەی ئەڤینداری دەکەن، ئەوانەی لە دەرەوەی هاوسـەرێتی لە پێوەندین، ئەوانەی داوای تەڵاق دەکەن یاخۆ مـێـردەکـانی خـۆیان هەڵدەبژێرن، وا لێـیـان دەڕوانرێت کـە تخـووبەکـانی ڕەفـتـاری سـێکسـیی "گونجاو"یان (واتە ئەوەی کە لە ڕووی کۆمـەڵایەتییـەوە پەسند کراوە) بەزاندووە. "ڕێکخسـتنی" ئەو جـۆرە ڕەفتـارانە ڕەنگە لە حـاڵەتە هـەرە پەرگیـرەکـاندا توندوتیـژیی ڕاسـتـەوخـۆی تۆقـێنەری لێ بکەوێتـەوە –لەوانە "کـوشتن بەناوی شـەرەفەوە" کـە ڕەنگە ئەمـە ئاشکراترین نمـوونەی کۆنتـرۆڵی دڕندانەی سێکسـوالّیتیی ژنان بێت– شـانبەشـانی کۆنترۆڵی ناڕاستـەوخـۆ کە لە ڕێی هەڕەشـەی بەکـارهـێنانی هێـز یان کـێـشـانەوەی سـوود و دڵنیـاییـیـەکـانی خـێـزانەوە ئەنجـام دەدرێن. لەم سیاقانەدا، مافی ژنان و (کچانیش) بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیان، بۆ سەربەستی یان ئازادی ڕا دەربڕین و هاوڕێیەتی و هاموشۆ و بێگەردیی جەستەیی هیچی ئەوتۆ ناگەیەنێت.

لە مـاوەی سـاڵانی کارمـدا وەک ڕاپۆرتۆری تایبـەت، هەوڵم دا کار لەسـەر "تاوانەکانی شـەرەف" وەک پێشـێلکارییـەکی ئاشکرای مـافەکانی مرۆڤ بکەم، هـەروەهـا وەک دەرکەوتەیـەکی توندوتیـژی دژی ژنان بەحـوکمی سـروشـتـە جێندەرییـەکەیان. زۆربـەی ڕاپۆرتەکانم (هەردوو جـۆر: سـاڵانە و ئاکامی سـەردانی وڵاتان) بۆ کۆمـسیـۆنی مـافەکانی مرۆڤ کە گرینگترین دەزگەی مـافی مـرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ڕەچاوی "تاوانەکانی شـەرەف"یان کردبوو. لەم کارەدا ڕادەی "تاوانەکانی نامـووس" –لـە وڵاتانی وەک بـەرازیل و دانیـمــارک و مـیـسـر و عـێـراق و ئیـسـرائیل و ناوچە داگیرکراوەکان (فەلەستین ــ وەرگێڕ) و ئوردن و کوێت و لبنان و مەغریب و هۆڵەندا و پاکستان و قـەتەر و سـوێد و سـوریا و تورکیا و یەمـەن– هێنرابوونە بەردەم سـەرنجی کۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی.

بەتایبەت، ڕاپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٠٢م بەشێوەیەکی تایبەتی جەختی کردبووە سەر ئەو فۆرمانەی توندوتیژی کە لەسەر بنەڕەتی جێندەرن کە کردەی کولتووری لەناو خێزاندا پێک دێن، لەوانە "کوشتن لەسەر شەرەف" و کردەکانی پێوەست بەهاوسەرێتییەوە. ئەم کردانە و هەندێکی تریش توندوتیژیی خێزانی پێک دەهێنن کە تا ئەم دواییانەش لێکۆڵینەوەی نیشتمانی و نێودەوڵەتییان لەبارەوە نەکراوە بەزۆری بەهۆی ئەوەی کە زۆر جاران وەک "کردەی پشتبەستوو بەداوونەریت یان کولتوور" خراونەتە ڕوو کە پێویستی بەلێبووردن و ڕێز هەیە. بەمجۆرە، ڕێژەیی کولتووری (یان ڕێزگرتن لە فرەکولتووری) زۆر جار بۆ پاساو هێنانەوە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت لە ڕێی کردەی نامرۆیی و جیاکارانەوە لەناو کۆمەڵ و خێزاندا بەکاردێت – ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەو کردانە بە ڕوونی پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤن. بەگوێرەی هەلومەرجەکان خۆیان، دەشێ "تاوانەکانی شەرەف" پێشێلی مافی ژیان، ئازادی و شکۆمەندیی جەستەیی، قەدەغەکردنی ئەشکەنجە یان ڕەفتاری تری دڕندە و نامرۆڤانە یان سزادان بکات، یان قەدەغەکردنی کۆیلەیی، مافی ئازادی لە جیاکاریی جێندەری و پێشێلکاریی سێکسی و چەوساندنەوە، مافی هەبوونی تایبەتمەندێتی، مافی هاوسەرێتی و پێکهێنانی خێزان، ئەرکی گۆڕینی داوونەریتێک کە جیاکاری دژی ژنان دەکات، هەروەها مافی گەیشتن بەچارەسەری کاریگەر.

هەرچەندە سیستمی یاسای نێودەوڵەتی، زۆربەی کات، پشتی بەجیاکارییەک لە نێوان گشتی و تایبەتیدا بەستووە، پسپۆڕان و چالاکوانانی تایبەت بەمافەکانی ژنان هەوڵێکی زۆریان داوە کە ئەم دابەشکردنە تێک بشکێنن. بەتایبەت، بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری لە دژی ژنان، ساڵی ١٩٧٩ (کە بەCEDAW، یان "ڕێککەوتننامەی ژنان" ناسراوە) و ڕاڤەکردنی لەلایەن کۆمیتەی CEDAW و بڕگەکانی جاڕنامەی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان (کە بڕیارێکی ساڵی ١٩٩٣ی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە) پێشاندەری گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە پۆلێنکردنی توندوتیژی لەناو خێزاندا وەک پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی ژنان و ڕەتکردنەوەی پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژی دژی ژنان لەسەر بنەمای داوونەریت. گەشەکردنی چەمکی بەرپرسیارێتیی دەوڵەت، لەوانە کۆششی تەواو بۆ ڕێگرتن و دادگەییکردن و سزادانی ئەو توندوتیژیانەی کە لەلایەن ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت لە دژی ژنان، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان تا ڕادەیەکی زۆر جێی بایەخی سیستمی یاسایی نێودەوڵەتییە.

لە ماوەی نۆ ساڵی کارکردنمدا وەک ڕاپۆرتۆری تایبەت، گەیشتمە ئەوەی کە پشتگیریی نەهجێکی دوو لایەنە بکەم بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان، لەوانەش "تاوانەکانی شەرەف". یەکەم، دەبێ جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە پشت ببەستین بەپێوەر و یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بەرپرسراوێتیی دەوڵەتدا. وەک ڕاپۆرتۆری تایبەت، داوام لە دەوڵەتان کردووە پەنا نەبەنە بەر داوونەریت و حسـاباتی ئاینی بۆ خۆدزینەوە لە ئەرکەکانیان لە بنبڕکردنی توندوتیژی لە دژی ژنان و کچان. پێشنیازی پەرەپێدانی ڕێوشوێنی سزایی و مەدەنی و کارگێڕیم

کردووە بۆ سزادانی توندوتیژی لە خێزاندا و دابینکردنی قەرەبوو بۆ ژنانی دەربازبوو/قوربانی، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ توندوتیژییەکە پەیوەندی بەکردەیەکی کولتوورییەوە هەبووە یان نا. زۆربەی کات ڕێوشوێنی سزادەرانە پێویستن چونکە لەوانەیە لە حاڵەتەکانی وەک "تاوانەکانی شەرەف"دا کە سەرپێچیی تێدا بێت، کە هەرچەندە تاوانکارانەن، بەڵام بەبێ سزا دەمێننەوە یاخۆ ئەوپەڕی نەرمی لە بەرامبەریاندا دەنوێنرێت. بۆیە دەبێ ڕێوشوێنی یاساییانەی تاوانکارانە بۆ ڕێگرتن و دادگەییکردن و سزادانی "تاوانەکانی شەرەف" بەهێز و کاریگەر بن و خۆیان لادەن لەوەی کە بەتەنیا ڕیفۆرمی سەر کاغەز بن.

دووەم، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بەتەنیا ستراتیجی پشت بەستوو بەیاسا بەس نییە و پێویست بە دەستوەردانی تر دەکات لەوانە بەرنامەی تەندروستی و هۆشیارکردنەوە و بەتایبەتیش کە دەبێ دەوڵەت ڕێوشوێنی پەروەردەیی گونجاو بۆ گۆڕینی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە ڕێگە دەدەن بەتوندوتیژیی دژی ژنان بگرێتە بەر.

بیرۆکەیەکی گرینگی کارەکەم وەک ڕاپۆرتۆری تایبەت برێتی بوو لە ڕۆڵی ڕێژەیی کولتووری و بەشداریی ژنان لە خەبات بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان. ئەم گرژییەی نێوان جیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤ و ڕێژەیی کولتووری ئێجگار ئاڵۆزە لەبەرئەوەی کە ناسنامەی ژنان بەشێوەیەکی زۆر بەهێز بەکولتوور و کۆمەڵگەکانیانەوە بەستراوەتەوە، بۆیە ژنان بەگومانن لە تەماشای خۆبەزلزانی ڕەخنەگرە بێگانەکان. وەک ڕاپۆرتۆری تایبەت، هەوڵم دەدا ئەو گوتارە پەرە پێ بدەم کە دەبێ مافەکانی ژنان بەشێوەیەک پێی لەسەر دابگیرێت کە ڕێگە بەژنان بدات ببنە بەشداریکەری تەواوی ئەو کۆمەڵانەی کە هەڵیان دەبژێرن. پێویستە پشتگیریی ژنان بکرێت تا لەسەر هەموو ئاستەکانی ناو کۆمەڵەکەیان کار بکەن، بەتایبەتی ئەو ژنانەی لە پێشەوەی هەوڵەکانی بەگژداچوونەوەی توندوتیژین دژی ژنان و خەبات لەپێناوی مافەکانی ژناندا دەکەن – هەر ستراتیجێکی تر مەترسیی ئەوەی هەیە کە پەرچەکرداری قورسی لێ بکەوێتەوە. ئەگەر بایەخ و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی ڕەگی لە ستراتیجی هەستیاری کولتووریدا هەبێت کە لەسەر ئاستی ناوخۆیش پشتگیری دەکرێن، ئەوە دەتوانن ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئەو نەهج و دەستوەردانەمان لەسەر ئاستی واقیع کە بەگوێرەی ڕەوشە تایبەتەکان داڕێژراون.

لەم چوارچێوەیەدایە کە سارا حسێن و لین ویڵشمان ئەو وتارانە پێشکێش دەکەن کە لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو. لە ئەرکێکی پڕکۆششدا کە ئاراستەی ئەکادیمیایی و چالاکوانان کراوە، ئەم کتێبە تێگەیشتن و ئەزموونی پراکتیکی چەندان کەس و ڕێکخراوی کۆ کردووەتەوە لە بەرەنگاربوونەوەی "تاوانەکانی شەرەف"دا لە سیاقی جوگرافی و کۆمەڵایەتیی جیاوازدا، لەوانە پێشێلکاری وەکو "کوشتن لەسەر شەرەف" و دەستوەردان لە مافی شووکردن، ئەمە سەرباری لێکدانەوەی مەسەلە پێوەندارە هاوبەشەکان. ئەم کتێبە لە ڕووی شێواز و ناواخنیشەوە کارێکی ناوازەیە کە ئەزموونی چالاکوانان و پارێزەران و ئەکادیمیاییەکان و خەڵکانی تری کە کاریان لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" کردووە لەسەر ئەرزی واقیع، لە باکور و لە باشوور، کۆ کردووەتەوە،

لەجیاتی ئەوەی ئەو ئەکتەرانەی کە لە شوێنێکی تر دەژین لەسەر ئەو چالاکییانە بنووسن. ئەنجامەکەشی سەرچاوەیەکی بەکەڵکە، بۆ هەر یەک لە چالاکوانان و داڕێژەرانی سیاسەت و ئەکادیمیاییەکان لە کاتی خۆیدایە و من ستایشی دەکەم و سەرنجی خوێنەرانی بۆ ڕادەکێشم. هەروەها ستایشی پرۆژەی INTERRIGHTS/CIMEL و، هاولایەنەکانی ئەم پرۆژەیە و نووسەرانی تری ئەم کتێبە دەکەم بۆ ئەم بەشدارییەیان لە خەباتی بەردەوام بۆ بنبڕکردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژنان.

## پێشەکی

# "شەرەف": ڕاست و هەڵەکان

لین وێڵشمان و سارا حوسێن

ئەم کتێبە بریتییە لە تۆمار و بیرکردنەوەی کەسان و ڕێکخراوگەلێک لە ناوچەی جیاجیای جیهان و کۆمەڵگە و کولتووری جیاواز لە بارەی ستراتیج یاخۆ وەڵامی هەبوو یا گریمانەیی بۆ "تاوانەکانی شەرەف"، وەک پێشاندەری توندوتیژی دژ بەژنان و، پێشێلکاریی مافی مرۆڤانەی ژنان. هاندەری سەرەکیی ئەمەش کوشتنی دوو ژنی گەنج بوو، سامیە سەروەر لە پاکستان و ڕوخسانا ناز لە بەریتانیا، هەروەها کاردانەوەی خێزانەکانیان و دەوڵەت و بەرزبوونەوەی ئاستی گرینگیدانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ مەسەلەی تاوانی شەرەف. کتێبەکە باس لە زەوینەی واقعی و ئەگەردار _ ئاستی کاریگەریی ئەم گرینگیدانە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ساڵی ١٩٩٩وە بەرز بووەتەوە. هەروەها گۆڕانی جیهانی لە ڕەوتی کارکردن لەسەر "تاوانی شەرەف" کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هێرشەکانی ١١ سێپتێمبەر/ ئەیلوولی ٢٠٠١ لە ئەمەریکا و دەرهاویشتەکانیان.

هەروەها ئەم کتێبە بەرهەمی پرۆژەیەکی کاری هاوکاری ئامانجدارە بەمەبەستی داڕشتنی نەخشەڕێ و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئاسانکاری بۆ داڕشتنی ستراتیج بۆ نەهێشتنی "تاوانی شەرەف". بەهاوکاریی ئینتەررایتس[1]، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤە و بارەگەی سەرەکیی لە لەندەنە. لەگەڵ ئەوەشدا گەشەی کرد بەرەو هاوکاری لەگەڵ تاک و ڕێکخراوگەلێک لە چەند وڵاتێکی جیاوازی جیهان لە ماوەی پێنج ساڵی کاردا.

لەو کاتەدا کە پرۆژەکە دەستی پێ کرد، ئاشکرا بوو کە کارکردن بۆ نەهێشتنی "تاوانی شەرەف" لە چەندان ئاڕاستە و کۆمەڵگە و کۆمەڵدا هەبوو و، زانیاری و تێگەیشتنی ئەمانە زۆربەی کات لە نێوان کولتوور و ناوچەکاندا بەشداریی پێ نەدەکرا. بۆیە زیادبوونی گرینگیدانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەم بابەتە مەرج نییە لە تێگەیشتنێکی گەشەکردوو یان هاوبەشی سروشت و قەبارەی تاوانەکانەوە بێت، یاخۆ ستراتیج و پێویستییەکان یان لەو ڕاستییەوەی کە ئەکتەرە نێوخۆییەکان سەرقاڵی کارکردنن لەم بوارەدا[2].

بۆیە لە ڕێی ئەم پرۆژەیەوە، هەوڵمان داوە بەپلەی یەکەم زانیاری بگۆڕینەوە و ئاسانکاری بکەین بۆ داڕشتنی ستراتیج لەلایەن چالاک و بیرمەند و مافناس و کارمەندانی کۆمەڵگەی نێوخۆیی و داڕێژەرانی سیاسەت و خەڵکانی تریش کە کار بۆ نەهێشتنی ئەم تاوانانە و جۆرەکانی تری توندوتیژیی پێوەست بەم بوارەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پشتگیریی هەوڵی نێوخۆیی کەسان و

ڕێکخراوەکانمان کردووە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی بەدەنگەوەهاتنی سیاقەکانی خۆیان و، هەندێکیشیان لە توێژینەوەی کەیسەکانی نێو ئەم کتێبەدا تۆمار کراون. توخمە سەرەکییەکانی ئەم ستراتیجانە لە هەندێ شوێندا بیرۆکەی "شەرەف" خۆی دەخەنە بەر لێپرسینەوە و، ڕووبەڕووی هێنانەوەی شەرەف وەک بەهانەیەک بۆ توندوتیژی دژی ژن دەبنەوە و ڕەتی دەکەنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، هەوڵمان دا سەرچاوەکانی زانیاری و شیکاری لە بارەی ئەم پرسەوە، کە لە بەر دەستی هاوبەشانمان بوون، پەرە پێ بدەین و دواتر لە ڕێی وێبسایتی پرۆژەکەوە[٣] فرەوانتریان بکەین، کە بیبلۆگرافیایەکی شیکراوە لەخۆ دەگرێت کە بەردەوام نوێ دەکرێتەوە و کورتەی کەیسەکان لەخۆ دەگرێت لەگەڵ پوختەی کتێب و بەشی کتێب و وتار لەسەر ئەم بابەتە[٤] هەروەها ڕابەرێک بۆ دەسپێشخەرییەکانی ناساندنی "تاوانەکانی شەرەف" ئامادە کراوە بۆ کارئاسانی لە پێناو دروستکردنی تۆڕێک و ئاڵوگۆڕ لە نێوان تاک و ڕێکخراوگەلی زیاتر لە بیست وڵات و، پێشکێشکردنی سەرچاوەیەکی کردەنی بۆ ئەوانەی بەدوای زانیاریدا بۆ مەبەستی یاسایی یاخۆ مەبەستی تر دەگەڕێن. کۆکراوەیەکی گشتگیرە و بەشێوەیەکی خولی لە بابەت و مادە یاساییەکانی پێوەست بە مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ پێک دێت لە پێناو داڕشتنی بینینێک بۆ ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پێوەست بەو مافانەی پێوەندییان بە"تاوانەکانی شەرەف"ەوە هەیە، هەروەها بڕیار و ڕاپۆرتگەلی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستەگەلی مافی مرۆڤ (ئەو بەڵگەنامانەش دەگرێتەوە نووسیارانی بەشەکانی ئەم کتێبە ئاماژەیان بۆ کردووە، وەک جەین کۆنەرز و پوورنا سەن). هەروەها لە ماڵپەڕە ئیلیکترۆنییەکەدا ئەو ڕاپۆرتانەش هەن کە لە کۆبوونەوە گەورە نێونەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە دەرچوون و، ئەو بەڵگەنامانەی لە ماوەی پرۆژەکەدا بەرهەم هێنراون.

چوارچێوەی پرۆژەکە بریتییە لە مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ لەگەڵ کورتەیەک لە لایەن CIM-EL و INTERIGHTS. بەکورتی ئێمە "تاوانەکانی شەرەفمان خستە نێو چوارچێوەیەکی تێگەیشتنی توندوتیژی دژی ئافرەت، کە کوماراسومی و کویس (١٩٩٩، ١٧٧) دەڵێن بەرهەمی کۆمەڵگە و پرۆسەیەکی مێژووییە و کات سەرەکی و دروستکەر نییە تێیدا. ڕێڕەوە یاساییەکەمان لەلایەن دەستپێشخەرییە نیشتمانی و ناوچەییەکانی دژ بە"تاوانەکانی شەرەف" لە هەموو جیهان ڕەنگدانەوەی هەیە. وەک چۆن لەو بەشانەی ئەم کتێبەدا کە تایبەت بەوڵاتان ئاشکرایە. هەر وەک ئەوەی جەین کۆنەرز ئاماژەی بۆ دەکا، یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ پێویستی بەوەیە کە کار بۆ پاراستنی ژن بکات لەو پێشێلکارییانەی لە سنووری تایبەتدا ئەنجام دەدرێن. لە کاتێکدا یاسا نێوخۆییەکان و کاری دادگەکان و پێکهاتەی ناڕەسمیی دادوەری لە دابینکردنی پاراستن و چارەسەر بۆ ژنان جیاوازییان هەیە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە پرسەکە پێوەندیی بە"شەرەف"ی خێزان یان ژنومێردایەتییەوە دەبێ. بۆیە کاریگەریی سیستم و ئەو هەوڵانەی بۆ گۆڕینی ئەم حوکم و پیادەکردنانە سەرەکییە بۆ ئەم تۆژینەوەیە و ئەو هەوڵانەی پشتگیری کە تێیدا تۆمار کراون. لە ئاستی کۆمەڵگەدا، ئاماژە نافەرمییەکان وای پێشان دەدەن کە ڕەنگە ئەم هەڵسوکەوتانە لە لایەن بەشێکی کۆمەڵگەوە ڕێ پێدراو بن، بەڵام بەشەکەی تری دژایەتییان دەکات.

لەم ڕووەوە، پرۆسەکە و دەسگرتن بە"سیستەمە یاسایییە تەریبەکانەوە" کە پێوەندییان بە"تاوانی شەرەف"ەوە هەیە، بەوردی خراونەتە بەر باس لەم بەرگە و لەلایەن نادیرە شەلهوب- کیڤۆرکیان و نەزەند بەگیخانی، لە کاتێکدا یاسای "فەرمیی" باو و پێوەرگەلی کۆمەڵایەتی و ئەو شێوازەی کە سیستەمی یاسایی دەوڵەت پیادەیان دەکات کەمتر ڕووبەڕووی ئەم بابەتە دەبنەوە ئەگەر باری هەر وڵاتێک بەتەنیا وەرگرین. هەروەها، یاساگەلی ئاینی و هەڵوێستی دەسەڵاتی ئاینی، لەوانەیە یەکلاکەرەوە بن لە دارشتن یان سەپاندنەوە یا تەنانەت گۆڕینی بۆچوون و کردەوە لەم بوارەدا. ڕۆڵی ڕاسترۆی ئاینیی و گردبوونەوە سیاسییەکانی ئاین دەکەن پاساو بۆ هەڵسوکەوتەکانیان و هەوڵ دەدەن مافەکانی ژن یان کەمین پەراوێز بخەن یان پێشێلیان بکەن _ ڕۆڵێکی سەرەکییە لێرەدا هەر وەک ڕۆڵی ئەوانەی دەیانەوێ بەگژ کارایی ئەو دەسەڵاتانەدا بچنەوە.

ئاشکرایە کە ڕێبازێکی یاسایی بەرتەسک، بەتایبەتی کاتێ جەخت بکاتە سەر "یاسای دەوڵەت" و سیستەمی یاسایی دەوڵەت وەک تەنیا ستراتیجێکی دوور لە دەسپێشخەری و تێگەیشتنی فرەوانتر و قووڵتر، چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ کاریگەرانە ڕەوتی "تاوانەکانی شەرەف" بگۆڕێ یا بەرەنگاریان ببێتەوە. لەم ڕووەوە، دان بەو کۆت و بەندانەدا دەنێین کە ڕووبەڕووی بۆچوونمان بەرامبەر سنوورەکانی ڕێکخستن دەبنەوە کە هێشتا بەهێزن (دۆباش و دۆباش، ١٩٩٨، ٢). بەشێوەیەکی تایبەت دەڕوانینە بەشداریی ئەنترۆپۆلۆجیستەکان لە هەوڵی هەژاندنی ئەو بیرۆکانە پێوەستن بەشەرەف و شەرم و سێکسوالیتی و چین و پرسی جێندەر بەتایبەتی (لیندسفارن، ١٩٩٣، جۆزێف ١٩٩٩). بۆیە لە ڕێی ئاشکراکردنی زانیاری و شیکردنەوەکانی ئەو هاوکارانەی لە بوارگەلی دیاریکراودا کار دەکەن هیواداریین پەردەی سەر گفتوگۆ لە بارەی "تاوانی شەرەف" لادەین بەڵکو بتوانین کۆڵینەوەی زیاتر لە ئاراستەی کۆمەڵایەتی- سیاسی و ئابووریی پرسی "تاوانی شەرەف"دا بکەین هەروەها لە بوارەکانی تری پێوەست بەتوندوتیژیی دژ بەژنان. بەهەردوو مەبەستی کۆڵینەوە و بانگەشە، یاسا چ وەک ئەوەی کە نووسراوە یا جێبەجێ دەکرێ و یاسای نەنووسراویش، هەموویان باسی پێوەندییەکی دیاریکراوی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵ و خێزان دەکەن، هەروەها دروستکردنی پێوەندی لە نێوان ئەم بوارانە، کە ڕەنگە هاوکار بێت بۆ دارشتنەوەی ئەو پێوەندییانە. پێداگری لەسەر گشت ئەم ڕووانەی "یاسا" و ئەوانەی دەینووسن و جێبەجێی دەکەن، وەک هۆکاری گۆڕین، ئەوە دەگەیەنێ کە کارکردن لەسەر یاسا خۆی هۆکارێکە بۆ گۆڕین.

## شەرەف، تاوانەکان

ئەم کتێبە ڕەنگدانەوەی جەختکردنەوەی بنەڕەتیی زۆربەی نووسەرانیەتی لەسەر یاسا. لەم پێشەکییەشدا هەوڵ دەدەین هەندێ بابەت کە لە پرۆژەکەدا کاریان کردووە، دەربخەین هەروەها ئەو کارە بەردەوامەی هاوکارانی پرۆژە هەر یەکە و لە بواری تایبەتدا. ئێمە لێرەدا باس لە بەکارهێنان و واتاکانی دەستەواژەی "تاوانی شەرەف" دەکەین پێش ئەوەی بچینە نێو ئەو بەراوردەی لەگەڵ "تاوانگەلی هەڵچوون" و بابەتی نیمچە بەرگری لە وروژاندنی سێکسی. دوای ئەوە دەچینە سەر باسی پێوەستبوونی "تاوانی شەرەف" بەو کۆمەڵگانەوەی زۆرینەیان موسڵمانن،

لەگـەڵ بەربڵاویی ئەم جـۆرە تاوانانە، هـەروەها بـاسی بـەرەنگاربوونـەوەی ئەم دواییـیـانە بـۆ نەهێشتنیان لە نێو کۆمەڵگە کریستیانەکانی ئەمەریکای لاتین و باشووری ئەورووپا (بڕوانە: سیلڤیا پیمینتیل و، ماریا گابریلا بیتیگا- بۆوکەرباوت لەم کتێبەدا). ئەمـە جگە لە هەوڵی بەردەوامی نێو هیندۆس و سیخەکانی هیندستان لـە کۆمەڵگە نێوخۆییەکاندا (بڕوانە بابەتی ئوما چاکراڤارتی). هەروەها لەو ئـاڵۆزییـانە دەکۆڵینەوە کە ئـەو جۆرە کـۆمـەڵگانە دەیخـەنە سـەر ڕێـی کـاری چالاکـە نێوخـۆییـیـەکانی هەوڵ بۆ نەهێشـتنی توندوتیژیی دژ بەژنان دەدەن، بەتایبەت ئەو مـەترسـییـانەی سـەر ڕێـی ئاشکراکـردنی "تاوانەکـانی شـەرەف"ی نێـو کـەمـینە ئـاینیـیـەکـانی نـاو کـۆمـەڵگە فرەکـولتـوورەکـان. بەردەوام دەبین بەرەو کـۆڵینەوە لە پێـشـینەکـانی بیـرۆکـەی "شـەرەف" لە یـاسـا کۆلۆنیالەکان لەبەرئەوەی کاریگەریی ئەمەی دوایی بەردەوامە. لە کۆتاییدا هـەوڵی هـەڵێنجانی وەڵام بۆ ئەو پرسیارانـە دەدەین کە لە سـەرەتای پڕۆژەکەدا کراون و، پێمـان وایە گرینگیی بەردەوامیـان هەیە لە خەبات لە پێناو نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان.

## تاوانەکانی شەرەف

پڕۆژەکە دەستـەواژەی "تاوانەکانی شـەرەف" بۆ ئەوەی کۆمـەڵێکی فرەوانی دیاردەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان بگرێتەوە بەکار دەهێنێ، لەوانەش کوشتن لەسـەر شـەرەف و هێرشکردنە سـەر و گرتن و بەندکردن و خۆهەڵقورتاندن لە هەڵبژاردنی هاوژین کە بەئاشکرا قبووڵ کراون، بەپێی سیستمێکی کۆمـەڵایەتی کە تێیدا ئەرکی پاراستنی شەرەف تەنیا بۆ نێرە و ئەو دەبێ کۆنترۆڵ (خێزان و ماڵی هاوسەری) بکات و بەسەر ژندا زاڵ بێ و هەڵسوکەوتی سێکسیی ژن دیاری بکات: ئەوەی کە دەبێ و ئەوەی کە گومانی لەسەرە کە ببێ.

پێناسەی "تاوانەکان" بەهیچ شێوەیەک ڕاستەخۆ نییە، هـەروەها ناڕوونی و نەبوونی وردبوونەوە لە بەکـارهێنـانی دەسـتـەواژەکـە (بەتایبـەتـی لە خـۆرئاوادا) وایان کـردووە بەنیگەرانییـەوە بەکـار بهێنرێ. لـە بنەڕەتیترین شـێوەیدا دەسـتەواژەکە وەک کورتکراوەیەک بەکار دێت بۆ ئاماژەکردن بۆ جـۆرێک لـە توندوتیـژیی دژ بەژنان کە خـۆی لە "پاڵنەری" (ئەگـەراوی) نەک لە لایەن ئەنجـامـدەر یا جۆرێک لە دەربڕینی تاوانەکە. بۆیە پێناسەکە دەبێ وەک جۆرێک لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بێ، بۆیە لە وتارێکی گرینگدا لە بارەی "تاوانگەلی شـەرەف" و بنیـاتنانی جێندەر لە جیـهـانی عـارەب، لەما ئەبوعۆدە ڕوونی دەکاتەوە کە:

نموونەیـەکی تەواوی "تاوانی شـەرەف" بریتـییـە لـە کـوشـتنی ژنـان لەلایەن باوک یان براyانەوە لەسـەر ئەنجـامـدانی یان گـومـان ئەنجـامـدانـی کـاری سـێکسی پێش شـووکـردن یان لە دەرەوەی هاوسەرکاریدا (ئەبوعۆدە، ١٩٩٦: ١٤١).

لە ڕاپۆرتەکـەی سـاڵی ١٩٩٩یدا، ڕاپۆرتەری تایبـەتـی نەتەوە یەکگرتووەکـان بۆ تـوندوتیـژیی دژی ژنان باسـی "ژمـارەیەکی یەکجـار زۆر پێوەندی" دەکـات کە لەبارەی کـوشـتنی ژنان "لەسـەر شـەرەف" لەگەڵیدا کـراون و، باس لەوە دەکەن کە خێزان ئەندامێکی مێینەی خۆی دەکوژێ لەسـەر شێواندنی

شەرەفی خێزانەکە. ئینجا لەسەر باسی پرسی "تاوانی شەرەف لە لبنان بەردەوام دەبێ.

شەرەف بەوە هاتووەتە ناساندن کە ئەو ڕۆڵە سێکسی و خێزانییەیە بەژن دراوە بەپێی ئەو ئایدیۆلۆجیا نەریتییەی خێزانەکەی هەیەتی. بۆیە زیناکردن و پێوەندییەکانی پێش هاوسەرکاری (کە ڕەنگە پێوەندیی سێکسی بگرێتەوە یا نەیگرێتەوە) و زۆرگێکردن و کەوتنە داوی خۆشەویستیی کەسێکی "نەگونجاو"، هەموویان بەپێشێلکاریی شەرەفی خێزان دەژمێردرێن[٥].

بەشەکانی ئەم کتێبە باس لە بیرۆکەی "شەرەفی دوولایەنە" هەر وەک "شەرەفی خێزان و "کوشتنی لەسەر شەرەف" لە لایەن مێرد و خزمی سێکسی کە بەخوێن خزمی قوربانییەکە نین، بەمەش ژمارە و جۆری تاوانکارە نموونەییەکان فرەوان دەبێت. هەروەها باس لەوەش دەکرێت کە لە هەندێ بیرۆکەدا شکاندنی شەرەف لەلایەن مێیینەوە تەنیا لە نێو سنووری هەڵسوکەوتی سێکسیدا (ڕاستەقینە یا چاوەڕوانکراو یان گومانلێکراو) ناوەستێت بگرە هەڵسوکەوتی تریش دەگرێتەوە کە دژ بەدەسەلاتی کۆنترۆڵکەری نێرینەن (عایدە تۆما- سلێمان ئاماژە بۆ مانەوە تا درەنگانێک لە دەرەوە و جگەرەکێشان دەکات وەک نموونەی ئەمە). لە هەمان کاتدا، بەشدارییەکانی ئۆما شاکراڤارتی و دینا سدیقی و هەنانا سدیقی، ئەوە ڕوون دەکەنەوە چۆن ئەم نموونەگەلەی شەرەف تێکەڵ بەمافی هەڵبژاردنی هاوژین لە باشووری ئاسیادا دەبن، بەشووودانی بەزۆر یەکێکە لە ئاکامەکان، بەڵام چیرۆکی تر هەن باس لە ناچارکردن بۆ بەردەوامبوون لە پێوەندیگەلی نەخوازراو دەکەن، یان سزادان لەسەر جێهێشتن یان (هەوڵی جێهێشتن)ی یەکێک، یان هەڵبژاردنی ئەوەی ئایا شوو بکا یان نا یان شوو بەکێ بکا. هەروەها "شەرەف" بەکار هێنراوە بۆ توندترکردنی کۆنترۆڵی پیاو بەسەر ژنەوە، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی سێکسیی ژن و، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان و مڵکداری کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەندن بەم ئاراستانەوە. سەربارەی ئەمە، بەشەکانی ئەم کتێبە (نەزەند بەگیخانی، عایدە تۆما- سلێمان، CEWLA، نادرە شەلهوب- کیڤۆرکیان) زۆر پێوەست نین بەکچێنیی مێینەوە و باجی (یان یەو باجەی داوا دەکرێ) ئەو تاقیکردنەوەیەی کچێنییەی بۆ ئەو مێیینانە دەکرێ کە گومانیان لێ دەکرێ "شەرەفی" خێزانیان "هەتک" کردبێ تەنانەت گەر بەهۆی زۆرگێکردنیشەوە بێت. لێرەدا دەشێ تاوانی "شەرەف" چەندان ماف پێشێل بکەن زیاتر لەوانەی "تاوانی شەرەفی" نموونەیی پێشێلیان دەکەن. ڕۆڵی ژنانی نێو خێزان لە هاندان یان هاوکاریی "تاوانەکانی شەرەف"، بەتایبەتی لە سەپاندنی کۆنترۆڵ لەسەر هەڵبژاردنی هاوسەر و، لە کارەکانی پێشێلکاری، لەم کتێبەدا خراوەتە ڕوو (دینا سدیقی، دانیێللا هۆیک، CEWLA، پوورنا سەن) وەک بابەتێک کە پێویستی بەلەبەرچاوگرتنی زیاتر هەیە.

کارکردن لە بواری "تاوانەکانی شەرەف" وەک شێوازێکی توندوتیژیی دژ بەژنان ئەوە ناگەیەنێ کە پیاویش نابنە ئامانجی ئەم جۆرە تاوانانە. بۆ نموونە، لە ویلایەتی سیند لە ساڵی ١٩٩٨، لیژنەی مافەکانی مرۆڤی پاکستان مەرگی ٩٧ پیاو و هەروەها ١٥٨ ژنی بۆ کارۆ-کاری "تاوانی شەرەف" گەڕاندەوە "لێبوردنی نێودەوڵەتی، ١٩٩٩أ: ٦). هەروەها لە حاڵەتگەلی بەزۆر بەشوودان

یان دەستوەردان لە مافی هاوسەرکاری یان نەکردنی و لەگەڵ کێ لەلایەن ئەندامانی بەتەمەنتری خێزانەوە پیاوان و ژنانی وەک یەک گرتووەتەوە. لە جیهانی چیرۆکسازیدا، ئەو چیرۆکی "کوشتنی بۆ شەرەف"ـەی گابریێل گارسیا مارکیز لەبارەی گوندێکی کۆلۆمبیاوە نووسیویەتی و شیکاریی سۆسیۆ- یاسایی لەلایەن تیووبنەر (١٩٩٢) بۆ کراوە کوشتنی ئەو کورەیە کە کچێکی فریو دابوو، لەلایەن دوو برای کچەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ژنان زۆرترین قوربانی و ڕزگاربوون لە "تاوانەکانی شەرەف"، چارەی کەمتریان لە بەردەستدا هەیە، بۆیە پێشخستنی ستراتیجگەلی پشتگیری ڕەنگە کاریگەرانە ئەو چوارچێوانەی هەن بەرەو هەڵماڵینی ڕووی ڕاستی توندوتیژیی دژ بەژن ببات. لەو شوێنانەش کە پێویست بێت، ئەو ستراتیجانە بەرەنگاری چوارچێوەگەلی ئێستا دەبنەوە بۆ زامنکردنی ماف و ئازادییەکانی ژن: بۆیە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ بابەتی دابینکردنی "چاودێریی پارێزەر" لە چاوەڕوانیی بڕیاری دادگە بۆ ئەو ژنانەی مافی خۆیان لە هەڵبژاردنی شوو بەکارهێناوە، خستە بەر کۆڵینەوەوە (بڕوانە ئەو بەشانەی ئوما شاکراڤارتی و دینا سدیقی ئامادەیان کردوون).

نارەزاییەکی قووڵ لە نێوان فێمینیست و چالاکانی مافەکان ئەوانەی هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی ئەم توندوتیژییە دەدەن، لەبارەی واتای ڕوونی زاراوەی "شەرەف" لە پێکهاتەی "تاوانی شەرەف" هەیە، چونکە وای پێشان دەدا کە ژن بەرجەستەکەری شەرەفی نێرینەیە. هەروەها ڕەتکردنەوەیەک بۆ قبووڵکردنی ئەو بیرۆکەیە هەیە کە بڕوای هەیە یان لە ڕاستیدا داوای توندوتیژیی دژ بەژن دەکات، کە لە نموونەی توندڕۆی "کوشتنی بۆ شەرەف" چڕ دەبێتەوە. بۆیە لە ١٩٩٤دا، ئەلبەدیل، لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی فەلەستینی لە ئیسرائیلدا کە ناوی خۆی نابوو هاوپەیمانیی دژایەتیکردنی تاوانی "شەرەفی خێزان" پێک هات (بڕوانە عایدە تۆما- سلێمان لەم کتێبەدا)، کە لە نێو کەوانەی وەرگرتندا پرسینەوەی خۆی لە بەرامبەر ئەم زاراوەیە خستە ڕوو. لە ڕوونکردنەوەی ئامانجی ڕێکخراوەکەدا دەردەکەوێ:

شیاو نییە تێگەیشتنێکی ئەرێیانە بەزاراوەی "شەرەفی خێزان" بدرێ، چونکە ئەم زاراوەیە هەموو نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ئازادی و پێشکەوتنی ژن لە خۆی دەگرێ و، گشت شێوازەکانی توندوتیژی بەکار دێنێ، کە لە هەموویان گەورەتر کوشتنە.

لە مێزگردێکی پرۆژەی CIMEL\INTERIGHTS لە ساڵی ١٩٩٩ (وێڵشمەن ٢٠٠٠، ل٤٥٢) چالاک و ئەکادیمیایی و ڕۆژنامەوان و مافناسانی وڵاتانی جۆراوجۆر بڕیاری بەکارهێنانی بیرۆکەکانی "شەرەف"یان لە ستراتیجەکانی ڕووبەڕووبوونەوەدا دا. باسی ئەوە کرابوو کە لە پاکستاندا چالاکەکان ناویان لە بکوژانی ژنان ناوە نامەرد، ئەویش وەک هەوڵێک بۆ شێواندنی ئەو تێگەیشتنە باوەی بۆ "شەرەف" هەیە. لە بەریتانیا، چالاکەکانی مافەکانی ژنان جەختیان دەکردەوە کە زۆرا شا، کە ژنێکی بەریتانیایی بەڕەچەڵەک پاکستانییە و بەکوشتنی پیاوێک تاوانبار کراوە دوای ساڵانێک لە دووچاربوونی دەسدرێژیی جەستەیی و سێکسی و ئابووری، بۆیە دادگەی پێداچوونەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هیچ شەرەفێک لە ئارادا نەماوە بۆ ئەوەی پێشێل بکرێ، بەم

دواییانەش، لە کاتی یادکردنەوەی هێشوو یونسدا (بڕوانە بابەتەکەی حەنانە سدیقی لەم کتێبەدا) دروشمی "توندوتیژیی ناوماڵ شەرەفی تێدا نییە و تەنیا شەرمەزارییە" بەرز کرایەوە. چاککردنەوە یان دووبارە داواکردنەوە دروشمی "شەرەف" دەبێتە هۆی چاکسازی بەوەی وەک چۆن پێوەستە بەژنانەوە بەپیاوانیشەوە پێوەست بێ، هەروەها داڕشتنی جۆری ڕێز و پێکەوەژیان و گشتگیری. بەهەرحاڵ، هەندێ لە بەشداربووان، باسیان لە تێبینییەکی هۆشداری کرد، ئاماژەیان بۆ مەترسییەکانی هەوڵی ڕاستکردنەوەی بیرۆکەی شەرەف و تایبەتکردنی بەژنانەوە (وەک ئەوەی لە پرسی زۆرا شا) کرد، چونکە بیرۆکە باوەکانی پێوەست بەشەرەفەوە زاڵن بەسەر کارەکانی دادگەدا کە تەنیا بەپیاو و بەو خێزانانەوە دەیبەستنەوە کە لەلایەن پیاوەوە سەرکردایەتی دەکرێن.

لە کاتی گەڕان بەدوای پێناسی باشتردا، ئاشکرا دەبێ کە زۆرینەی "کوشتنەکانی شەرەف" لەگەڵ بیرۆکەی لەناوبردنی مێ دەگونجێن کە رادفۆرد (١٩٩٢، ل٣) بەم شێوەیە وەسفی دەکات "کوشتنی قیناویی ژنان لەلایەن پیاوانەوە" و وەک "شێوەیەک لە شێوەکانی پێشێلکاریی سێکسی". ئەو بیرۆکەی "پێشێلکاریی سێکسی" وەک بەردەوامییەکی لێکدانەوەی فێمینیستیی رادیکاڵ بەکار دێنێ:

بیرۆکەی بەردەوامی، زیاتر شیکرنەوەی پێشێلکاریی سێکسیی نێرینە ئاسان دەکات وەک شێوازێکی زاڵبوونی باوکسالاریی باو... جێگۆڕکێ بەلەناوبردنی ژن لە نێو بەردەوامیی پێشێلکاریی سێکسی کاریگەرییەکەی لە سیاسەتە سێکسییەکاندا ئاشکرا دەکات (رادفۆرد، ١٩٩٢، ل٤). بۆ زیاتر گەشەکردن بەم بیرۆکەیە، نادرە شەلهوب- کیڤۆرکیان (٢٠٠٢) جەخت لەسەر بەردەوامییەکی تر دەکاتەوە، کە تیایدا "لەناوبردنی مێینە" زنجیرەیەک کردەوە دەکات و هەڵوێست دەنوێنێ کە نەک تەنیا کوشتنی جەستەیی ژن بگرنەوە لەسەر ئەوەی کە ژنن بگرە هەڕەشەن بۆ پێکهاتەکانی تری "پرۆسەی سەختی هۆکار بۆ مەرگی ڕاستەقینە". شەلهوب- کیڤۆرکیان گریمانەکەی بەرژدی پشتڕاست دەکات لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆی خۆیەوە لە نێو کۆمەڵگەی فەلەستینیدا، لەو کاتەدا کە بانگهێشتن بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگەکانی تریش دەکات لە ڕوانگەی سروشتی کارلێککاری کولتوورەکانی دیاردەی لەناوبردنی مێینە.

ئاشکرایە کە زۆرینەی "کوشتنەکانی شەرەف" ڕاستەوخۆ دەچنە نێو چوارچێوەی تێگەیشتنی بەرتەنگ و بەرفرەی ئەو لەناوبردنەی مێینەیەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لە کاتێکدا تاوانەکانی تری "شەرەف" (وەک دەستوەردان لە هەڵبژاردنی هاوژین، دەستدرێژیی جەستەیی، تۆقاندن، بێبەشکردن لە ئازادی) ڕەنگە بەتوندوتیژیی سێکسی داپۆشرێن، یان بەوەی نادرە شەلهوب- کیڤۆرکیان لە ناساندنە فرەوانکراوەکەی بۆ لەناوبردنی مێینەدا باسی دەکات. ئەم ئامرازانەی ناونان سوودی تەواویان لە ئاشکراکردنی زاراوەکە و سەپاندنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی ئابووری و باوکسالاری بەسەر ئەم کردارانەدا، لە جیاتی بەرهەمهێنانەوە و هەموارکردنی چوارچێوەکان، بەهەبوون و نەبوونی نیشانەکانی وەرگرتن لەم لا و ئەو لای وشەی "شەرەف" بۆ ئەوەی بەکارهێنەر دەستەواژەکە بخاتە بەر پرسەوە. جیاکردنەوەی ئەم جۆرە تاوانانە

له چوارچێوەیەکی فرەوانتردا سـوودی دوورکـەوتنەوەشی هـەیە لـەو خـۆئازادکـردنەی هـەندێک لە خۆرئاوا پیادەی دەکەن و پێیان وایە کە ئەم تاوانانە کێشـەی "ئەوەی ترە" و، ڕووبەڕووی باوکایەتی و دەستـوەردانـە ناکاراکـان و "شـێـواندنەکانی" کۆمـەڵگەگەلێکی دیاریکراو دەبێـتەوە و بـەتایبـەت ڕووبەڕووی پیاوەکانیان دەبێتەوە.

بەکارهێنانی دەستـەواژەی "تاوانی شـەرەف" یـان وردتر بڵێین "کوشتن لـەسـەر شـەرەف"، بەلای کەمـەوە دوو مەترسـیی تری لێ دەکەوێتەوە: یەکـەمیـان، ئەو وەسفـە وەردەگرێ کـە ئەنجامـدەرەکەی دایڕشـتووە و، دووەم، داڕشـتنەوەی دەسـتـەواژەکە لەوانـەیـە لێڵـی ببـەخشـێ (وەک چۆن درێژەدەرەکـە مـەبـەسـتـیـەتی) بە"پاڵنەری ڕاسـتـەقـینە" (یان بەلای کەمـەوە بەشداری لـە هۆکارە بزوێنەرەکـاندا دەکـەن) بۆ تـاوانەکـان و هـەوڵەکـانـی ئەنجـامـدانیـان. سـەبارەت بەمـەی دوایـی، کـۆڵینەوە سۆسیۆلۆجییـەکانی پێوەست بـە "شـەرەفی خێزان"ـەوە لە سیـاقگەلی جۆراوجـۆر پێشـانی دەدا کە "بانگەشـەی پێوانـەییی شـەرەف زۆربەی کـات تێکەڵی پاڵنەری کۆمەڵایەتـی یان ئابووری یا سیـاسی بووە" (ئەراجی ٢٠٠٠)- بۆیـە "شـــەرەفی خـــێـــزان" پێـــوەســـتـــە بەچـەقـبـەســـتـــوویی و بزێـویی کۆمـەڵایەتییـەوە، لەگەڵ دەرفـەتی ئابووری. بۆ نموونە نەفیسا شا ئەمەی لـە دەمی سەردار سوڵتان موغیری لە سند گواستەوە.

غیرەت (کە پیرۆزە و شیـاوی دەسکاری نییە) برێتییە لە شـەرەف و ئەمەش لەگەڵ پارە و موڵکدا پەیدا دەبێ. هەر کاتێکیش شەرەف پێشێل کرا _ کوشت و بڕ لە پێناو شەرەفدا پاساودارن. (شا ١٩٩٨، ل٢٣٩).

هـەروەها بەسـتنەوەی باوی ژنان بەمـوڵکەوە لە نموونەی "شـەرەف"دا، پێشنیـازی زۆر هـەن تێکەڵ بەپاڵنەری بنـەڕەتیی "تاوانێکی شـەرەف" دەبـن کە شـتگەلێکن لەڕاسـتـیدا لە "شـەرەفـەوە" دوورن _ ناکۆکیی برایەک لەگەڵ خوشکەکەی لەسـەر مەسـەلەی میرات، بۆ نموونە، یان خواسـتی مێردێک بۆ لەکۆڵکردنەوەی ژنەکەی، ئەمانـە گەر بەکوشتنی چارە بکرێن هیچ پاساوێکیان نییە بۆ داپۆشینیان لە "شـەرەف" باشـتر کە بەهۆیەوە کەمـترین سزایان بۆ دەبڕێتـەوە و تووشـی کەمترین سـەرکۆنە دێن بەلای کـەمـەوە لە لایەن هـەندێ توێژی کۆمـەڵەوە کـە گـەر وا نـەبێ دەبێتـە کێشـە[٦]. بانگەشـەکانی "شـەرەف" لەوانەیە هـۆکاری بەشـدار بن، بەڵام، وەک نەفـیـسـا شـا گـوتـی، "بەرژەوەندیی شـاراوە... بیـانووی شـەرەف وەک پۆشـاکـێک بۆ داپۆشـینی کـۆمـەڵێک گوناهکاری بەکـار دێنێ"[٧]. زۆربەی جـارانیش دەنگی قوربانـی لە "بەرگریکردن" لە خـۆیدا بوونی نییە، هـەر وەک تـۆژینەوەکانی نێـو ئەم کتێبە پێشانی دەدەن.

سـەبارەت بەو کـێـشـەیەی کـە ئەگـەر نـاڕاسـتـەوخـۆش بێ دروسـتکەری پـاڵنەرە ئاشـکراکـانی ئەنجامدەر یان هاوشـێوەکانی نێو خـێزان یان کـۆمـەڵگەن، ڕووبەڕووی ئەو پرسـیارانە دەبینـەوە کە دۆباش (١٩٩٨، ل٤) دەیخاتە ڕوو لەسـەر سـەرچاوەی پێناسەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان:

ئایا ئێمە بۆچوونی قـوربانییان بەکار دەهێنین؟ یان بۆچوونی ئەوانەی درێژە بەو کارانە دەدەن؟ یان هـی توێژەران؟ یان هـی یاسـا؟ یان هـی بڕیاردەران؟ ئایا پێویستـە توێژەران هـەوڵی بینینی دیار

و ڕووت و کۆتایی لە بارەی ئەم کردەوانەوە بدەن؟

لەم کـتـێـبـەدا، پوورنا سـەن پێی وایە (سـەبارەت بەکوشـتنە نموونەییـەکـانی شـەرەف) شـەش پێکهـێنەر دەخـاتە ڕوو، کـە دەشـێ بۆ جـیـاکردنەوەی "تـاوانەکـانی شـەرەف" لە کـردەوەکـانی تری توندوتـیـژیی دژ بە ژنـان بەکـار بێن، بەمـەش دوورمـان دەخـاتەوە لە پشـتـبـەسـتن بەو پاڵنەرانەی ئەنجـامـدەری تاوانەکـە ناویـان دەبا. پرۆژەی INTERIGHTS /CIMEL هەوڵی داوە پێناسـەگـەلی کەمتر میتۆدی بەکار بهێنێ بۆ دەستەواژەی "تاوانەکانی شـەرەف"- پێناسـەی ئەنجامدەرانی تاوان و هی یاسـادانـەران و بەشـێـوەیەکی تایبـەتیش هی یاسـا _ دیارترین ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەم پێناسـانە لە لایەن پاڵپـشـتـیکەرانی گـۆڕانەوەن، لەوانە هەندێ لە هاوبەشـانی پرۆژەکـەمـان. بۆ نموونە، ئومـا چاکراڤـانتی دژ بە بەکـارهێنانی بەردەوامی دەسـتـەواژەی "تاوانەکـانی شـەرەفـە" لەبەرئەوەی "ئێمە وەک فێمینیست پێویستە ئەو دەستەواژەیە ڕەت بکەینەوە و بەدوای یەکێکی تردا بگەڕێین کە توندوتیژی و پێشـێلکاری لە کوشـتنەکاندا نەشارێتەوە" (هەروەها بڕوانە پوورنا سـەن لەم کتێبەدا).

تا ئێستا، ئیشکالییەتەکە لەوەدایە کە دەستەواژەی "تاوانەکانی شەرەف" لە سیاقگەلی تایبەتدا بەکـار دێت. لەم پرۆژەیەدا بەکـار هاتووە و هەندێ چالاک بۆ تێکدانی بیـرۆکـەی شـەرەف وەک کالاَیەکی پەسند کاتێ بەتاوانەوە پێوەست دەبێ. هەروەها بەکار هاتووە بۆ داهێنانی تێگەیشتنێک بۆ ئەوەی دەشـێ پێی بگوترێ "تـاوانەکـانی شـەرەف" لە دوای "کـوشـتـنەکـانی بۆ شـەرەف" و، وەک ڕێگەیەک بۆ پێشاندانی بەردەوامیی ئەو کردەوە توندوتیژانەی "کوشتن لەسەر شەرەف" پشتیان پێ دەبەستێ. ئاشکرایە کە ئاکامی وەسفیی ئەو پێوەندییەی، لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، دەشێ پیادە بکرێ لـە یاسـا و لە پرۆسـەی دادوەری و هەڵسـوکـەوتی کـۆمـەڵی ژیاریی پێـوەست بە "تاوانێکی" هاوشانی نەریتێکی چەسپیو، کە "شـەرەفـە". بیرۆکەی چەسپین یا حەسانەتی "تاوانەکانی شەرەف" لە یاسـا یان کـاری دادوەری لە "کوشـتنەکانی شـەرەف" پێش هەر شتێکی تر لەبەر چاو دەگیرێن، هەروەها لە دیاردەکانی تری "تاوانەکانی شەرەف"دا خۆیان دەردەخەن.

دیارترین قازانجی بەکارهێنانی دەستەواژەی تاوانەکانی شەرەف لە سیاقێکی ئینگلیزی زماندا ئاسـان ناسـینـەوەی دەسـتـەواژەکـەیە، بەڵام ئەمـە لە هەمـان کـاتدا زیاتر دووچاری ئاڵۆزیمان دەکاتەوە. لەم کتێبەدا، حەنانە سدیقی ڕەخنە ئاراستەی "بەکارهـێنانی بێ سنووری" دەستەواژەکە لەلایەن پۆلیسی میترۆپۆلیتان (شـار) دەکات لە کاتی هەوڵیان بۆ ئاماژەکردن بۆ ژمارەیەک تاوانی کوشـتن لە نێو کـۆمـەڵگە کـەمینەکاندا لە بەریتـانیـا. بەسـتنەوەی دیاردەی "تاوانەکـانی شـەرەف" بە"خـۆرهەڵات" (ئەبو عـۆدە ١٩٩٧، هەروەها ئومـا چاکراڤـارتی لەم کـتـێـبـەدا) و -زۆربەی کـات بەکۆمـەڵگەی مـوسڵمـان بەتایبـەتی- یەکێکە لە گرفـتـەکانی ڕاپۆرتێکی گاردیان (لە ٥ی تەمـووزی ٢٠٠٤) بەناونیشـانی "تورکیا دەست بەسەر کوشتنەکانی شەرەفدا دەگرێ" ئەوە بوو کە ئەو تەنیا نموونەیەی هێنرابووەوە لە ڕاپۆرتێکی لێبوردنی نێودەوڵەتی وەرگیـرابوو کە تیشک دەخـاتە سـەر کەیسـی پیـچاوێک کە بە ٢٤ سـاڵ حوکم دراوە لەبەرئەوەی هاوبەشـەکەی بەچەقۆ کوشـتووە و دواتر

حوکمەکەی بۆ دوو ساڵ و نیو کەم کراوەتەوە دوای ئەوەی وێنەگەلێکی پێشکێش کردووە کە تیایاندا ژنەکە لەگەڵ پیاوی تر بووە. یاداشتێکی ڕوونکەرەوە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانیی ئەنجوومەنی ئەورووپا بۆ پشتگیری لە بڕیارێکی پێوەست بە"تاوانەکانی شەرەف"[٨]، ڕاپۆرتەر ئان کرایەر (ئەندامێکی بەریتانیاییی پەرلەمان) ئەو کەیسانەی لەخۆ گرتووە کە بە"تاوانی شەرەف" لە ئەورووپا ناسراون، ئەویش کەیسێکی تری تورکیاییی خستووەتە ڕوو کە تیایدا پیاوێک ژنە سکپڕەکەی خۆی سەربڕیوە لەبەرئەوەی گومانی هەبووە کە ژنەکەی پێوەندیی دۆستداریی هەیە. بەپێی ڕاستییە ئاشکراکان، هەردوو کەیسەکە لەوە دەچێ بۆ "ورووژاندن" بن زیاتر لەوەی بۆ "شەرەف" بن، چونکە لە تورکیا ڕوویان داوە. ڕاپۆرتەکەی ئان کرایەر هەوڵێکی لەخۆ گرتووە بۆ پێناسەکردن، کە "تاوانەکانی شەرەف" بەگوێرەی بانگەشەی ئەنجامدەرەکەی دەناسێنێ و دەڵێ:

ئەوەی پێی دەگوترێ "تاوانەکانی شەرەف" نابێ تێکەڵ بەبیرۆکەی "تاوانگەلی هەڵچوون" بکرێ. چونکە ئەمەی دوایی تەنیا پێوەستە بەتاوانێکەوە کە یەکێک لە هاوبەشەکان (ژن یان مێرد) ئەنجامی دەدا وەک وەڵامێکی (عاتیفی) بۆ پێوەندییەک لەلایەن هاوبەشەکەی ترەوە (زۆربەی جار بینینی بەرگرییە لە "هەڵچوونێکی سێکسوال"). ئەوەی یەکەم، لەوانەیە دەستدرێژی یان کوشتنی ژن (زۆربەی جار) لەلایەن یەکێک لە نزیکترین ئەندامانی خێزانەوە (لەوانە هاوبەشەکان) بەناوی شەرەفی تاک یان خێزانەوە[٩].

سەرەڕای ئەوەی ئەم پێناسەیە "تاوانەکانی هەڵچوون" وەک بێلایەن لە ڕووی جێندەرەوە پێشان دەدا (لە ڕووی ڕاستییەکانەوە). بەڵام بەکێشمان دەکا بۆ بابەتەکانی پێوەندی لە نێوان "تاوانەکانی هەڵچوون" و "تاوانەکانی شەرەف". هەڵوێستی جۆراوجۆر لە بەرامبەر سوودی ئەم بەراوردە هەن (بڕوانە پوورنا سەن لەم کتێبەدا) بەڵام هاوشانییەکە بەلای کەمەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە هەردووکیان ڕووی لەناوبردنی مێیینەن، بەوەی بەها کولتوورییە ئەرێنییەکان لە ڕووی یاسایی/ دادوەری کوشتنی ژن بەسووک دەزانن لە ڕوانگەی پاڵنەری کۆنترۆڵی نێرەوە، چ بەناوی "شەرەف" یا "هەڵچوون بێ"[١٠].

## تاوانەکانی شەرەف، تاوانەکانی هەڵچوون

لەو بەشەی نووسیویەتی، جەین کۆنۆرز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە نێو ئەو ناتەباییانەی نێو مشتومڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی "تاوانەکانی شەرەف" لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە دانانی "تاوانەکانی هەڵچوون" بە بەشێک لە "تاوانەکانی شەرەف" لەو بڕیارەیدا کە پێوەست بوو بەتوندوتیژیی دژ بە ژنان[١١]. ئاماژە بۆ دژایەتیی نوێنەری ئوردن دەکات بۆ "چۆن دەوڵەت دەتوانێ ڕێ لەم جۆرە تاوانانە بگرێ، ئەگەر تاوانگەلی جێی باس لە هەڵچوونێکی تووڕەیی ناکاودا ڕوو بدەن؟[١٢] گرینگیی ئەم دەستەوەردانە لەو ڕاستییەدایە کە زۆربەی بەرگرییەکانی کەیسەکانی تاوانکاریی "کوشتن لەسەر شەرەفی ژنان لە ئوردن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە تاوانەکە لە "کاتی تووڕەییدا" ئەنجام دراون یان بێگومان لە "حاڵەتی تووڕەبوونێکی لەناکاودا وەک کاردانەوە

بەرامبەر ڕەفتارێک "کە گوایا" لەلایەن ئافرەتەکەوە ئەنجام دراوە، بەمەش دادگە تاوانەکە بە"کوشتنی نەخوازراو" دەژمێرێ و لەسەر ئەو بنەمایە حوکم دەردەکا. گفتوگۆکانی لەبارەی ئوردن و لبنان و کوردستانی عێراق لەم کتێبەدا بەڵگەی زیاتر دەخەنە ڕوو لەسەر ئەوەی بەدەگمەن تاوانبار پەنا دەباتە بەر بەندێکی یاسای نیشتمانی کە ئامانجی هەڵمەتەکانی بەرگریی ئەوانەی شەڕی "تاوانەکانی شەرەف" دەکەن (بڕوانە بەشەکانی ریم ئەبو حەسەن، دانیێل حایک و نەزەند بەگیخانی). ئەم بەندانە بۆ کەمکردنەوەی سزان لەو کاتەدا کە پیاو ژنەکەی یان خزمێکی مێیینەی لە کاتی ئەنجامدانی سێکس لە دەرەوەی پێوەندیی ژنومێردایەتیدا دەگرێ و، یەکسەر یەکێک یان هەردوو بەشداربووی کارە سێکسییەکە دەکوژێت. وەک لەما ئەبو عۆدە (١٩٩٧، ل٣٠٦) ئاماژەی بۆ ئەوە دەکا، کە لە پرسی "کوشتنی شەرەف" لە وڵاتانی عارەبدا "پێگەی یاسایی ئەم تاوانانە کەمتر یاسادانانی ڕاستەوخۆیە و زیاتر یاسای هەراسانکردنی گشتییە لە زۆربەی یاساکانی سزای عارەبدا". وتاری سوهەیل وارایش لەم کتێبەدا لە بارەی بەکارهێنانی "بەرگریی وروژاندنی قووڵ و لەناکاو" لە دادگەکانی پاکستان بۆ کەیسەکانی "کوشتنی شەرەف" بابەتی بەراوردی باش لەم بوارەدا پێشکێش دەکات.

نووسینگەلی زۆر لەسەر پێوەندی و جیاوازیی "تاوانەکانی شەرەف" و هەڵچوون بڵاو دەبنەوە. لە بواری یاساییدا، ئەبو عۆدە (١٩٩٧، ل٢٩٠) کاری پێشووتری لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" لە جیهانی عارەب، لە تاقیکردنەوەیەکی بەراوردکاردا بۆ مامەڵەی دادوەریی دادگەکانی ئەمەریکا لەگەڵ "کوشتنی ژن لە گەرمەی هەڵچوون بەهۆکاری سێکسواڵ و قووڵ". لە جەختکردنە سەر چۆن هەر سیستەمێکی یاسایی ڕێ خۆش دەکات بۆ قایلبوون بەکوشتنی ژنان لە دۆخی تایبەتدا. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە گرژییەکانی هەر سیستەمێک "هەرچەندە هەندێ جار بەشێوەی جیاواز هاتوونەتە ناساندن بەڵام بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گشتیان بەیەک شێوە چارەسەر کراون"– ئەم بەراوردە بەشێوەیەکی تایبەت لە نێوان سووککردنەوە بە"شەپۆلێکی تووڕەیی" لە یاساکانی تاوانی عارەب و بەکردەنی، لەگەڵ داواکردنی ئەوپەڕی تەنگاویی سۆزدارانە لە ئەمەریکا، کە پشت بەوە دەبەستێ کە "زاڵبوون بەسەر خۆ" تاوان کەم دەکاتەوە لە قووڵاییی کارکردن لەسەر بەرگریی سۆز و هەڵچوون لە سیستەمی یاساییی خۆرئاوایی، بەتایبەتی نۆرس (١٩٩٧) لەبارەی ئەمەریکاوە، کە کارەکەی لەلایەن ئەبو عۆدەوە لەبەر چاو گیراوە، لیدەر ئیلیۆت (١٩٩٧)یش لەبارەی یاسای ئینگلیز و ئوسترالیا، "فرەوانبوونێکی بەردەوامی بیرۆکەی وروژاندن" ئاشکرا دەکا (لیدەر _ ئیلیۆت ١٩٩٧، ل١٦٩) جگە لە زینا "کە سەرچاوەی کلاسیکی وروژانە، سەپاندنی یاساگەلی پێوەندیی جێندەر لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی کۆنتری موڵکدارییە" (نۆرس ١٩٩٧، ل١٣٤١). فرەوانکردنی بیرۆکەی وروژانی سێکسواڵ لە "خۆرئاوا" لەوە دەچێ پارێزگاریی کەمتر بە ژنان (وەک ژن یان خۆشەویست) بدات و مافی یاساییان لە هەڵبژاردن و/ یان جێهێشتنی پێوەندییەک زیاد دەکات. لە تاقیکردنەوەی "چاکسازیی نوێی یاسا و بەرگریی وروژاندن"، نۆرس بۆی دەردەکەوێ کە "چاکسازی ڕێی بەدەستەگەلی سوێندراوان داوە بۆ گێڕانەوەی حوکمی کوشتن لەو کەیسانەی تاوانبار بەرگری بەهەڵچوون دەکات بەهۆی ئەوەی کە قوربانییەکە بەجێی هێشتووە

یان کـەلوپەلی ناومـاڵی گـواسـتـووەتەوە یان هـەوڵی تەڵاقی داوە یان بـۆ بەدەسـتـهـێنانـی بڕیاری پاراستن هەوڵی داوە" (١٩٩٧، ل١٣٣٤)(١٣).

یەک جـیـاوازی کـە بەردەوام چاوەڕوان دەکـرێ لە نێـوان تاواتەکـانی "هـەڵچـوون" و تاوانەکـانی "شەرەف"دا هەبێ، پێوەندیی نێوان ئەنجامدەری تاوانەکە و قوربانییەکەیە. جیاوازییەکە لێرەدا لە کوشـتنی ژنە لەلایەن ئەوانەی هاوبەشـی سێـسـواڵیـانـن (مێرد، خـۆشـەویست) و ئەوانەی (خـزمی نزیک) نـین. جگە لە حـاڵەتە تۆمـارکـراوەکـانی کـوشـتنی ژنان دوای زۆرگـێکردن لە "تاوانـەکـانی شەرەف"، وەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، کەیسەکە ئەوە دەبێ کە نەک تەنیا "شـەرەفی خێزان" بگرە "شەرەفی ژنومێردایەتیش" دەشێ وەک "پاڵنەر" لەلایەن تاوانکارەوە بەکار بێت. دەستـەواژەی بەرگریی "یاسـایی" لە "شـەرەف" لە بەرازیل (بڕوانە سیلڤیا پیمێنتال، ڤالیریا پانجیارجیان و جولیانا بەللوک لەم کتێبەدا) ئاماژە بۆ شەرەفی برینداركراوی هاوبەشی سێکسواڵ دەکات، جا تا چەند ئەم "پاڵنەرە" جیاوازیی هـەیە لەگەڵ ئەو "شـەرمەزارییە" کە تووشـی خۆشـەویستێکی ناپاکی لەگەڵدا کراو، ئەمـەیان پشت بەورووژاندنی سێکسواڵ دەبەستێ و وەک بەرگری تەواو ڕوون نییە. کۆڵینەوە لە کەیسـەکان وەک لەم کـتێبـەدا هاتوون ئامـاژە بۆ دۆزینەوەی جیـاواز دەکەن لەبارەی ئەوەی تا چ ڕادەیەک بکوژەکـان مـێـردی قـوربانیـیـەکـان بـوون. لە باسـی ئەو تۆژینەوەی لە لبنان کـراوە، سـەرحـان ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات کـە زۆربەی بکوژەکـان مـێـرد بوون، ئەمـە ئامـاژەیە بۆ "گۆڕانکارییەک لە بۆچوون بەرامبەر شەرەفی خێزان" (فۆستەر ٢٠٠١، ل٢٦). لە پاکسـتـان، ئەو ژمارانەی لە ویلایەتی سند دەست کەوتوون لە ١٩٩٨دا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکەن کە مێرد لە نزیکەی ٥٠٪ی خـۆی بکوژ بووە لە کـەیسـەکـانی کـوشـتنی کـاروکاری کـە تیـایاندا تەنیـا ژنەکە کـوژراوە (لێبوردنی نێودەوڵەتی ١٩٩٩ ا، ل٦).

تەنانەت گـەر خـێزانی نموونەیی بێنیت (لە کاتی بەراوردی جـووتدا) دینامیکییـەتی "شـەرەف"، کـاردانەوەی دادگـەکـانـی "خـۆرئاوا" و ڕووبەڕوویان لەگـەڵ بەرگـری بەهەڵچـوون و ورووژان دەشێ بەهـۆی وێکچـوونەکـانیـانەوە بەو دادگـەگـەلە بەراورد بکرێ کـە ڕووبەڕووی بـەرگـری بەشــەرەف دەبنەوە، بەلای کەمەوە لەو ڕووەوە کە بەردەوامی بەقبووڵکردنی ورووژان/ شەرەف، بەشێوەیەک لە شێوەکان، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژیی دژ بە ژن وەک بەشێک لە سەپاندنی کۆنتـرۆڵی خێزان و هاوبەشـانەوە، تەواو وەک ئەوە کـە لیـدەر ئیلیـۆت (١٩٩٧، ل١٦٩) پرسـیـار لـە سیـاقی یاسـا لە "خۆرئاوا" دەکات:

ئایا دژبەیەکـیـیـەکی نـاپەسند نـیـیـە کـە بەندکـردنـی هەنگاو بـەهەنگاوی دەسـەڵاتی مـێـرد بۆ سـەپاندنی کۆنتـرۆڵێکی یاسـایی بەسـەر ژنەکەیدا هاوشـانە لەگەڵ زیادکردنی هەنگاو بەهەنگاوی بەهانە بۆ کوشتنی ژنەکە؟

باکگراوندی ئاڵۆزی ئەم جـۆرە پێشـهاتە لـە سەرتاسـەری دنیا بەگـۆڕانی کۆمـەڵایەتیی خێراوە لە نێوان و لە نـاو وڵاتان و کـۆمـەڵگەگـەلی جیـاجیـادا و، "بەدنیـاییکردنـی" بزاوە کـولتـوورییـەکـان (بۆ نموونە: مـۆدێرنـیـزە) کە، وەک دەبینرێ (هەندێ) بژارەی ژنان دەکـەنەوە، ڕەنگە لەلایـەن (هـەندێ)

پیاوەوە بەمەترسی دابنرێن. کاریگەریی ئەم هۆکارانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن، بەڵام دەبێ لەبەر چاو بگیرێن لە کاتی توێژینەوە لە توندوتیژیی خێزاندا. بەیکەر ئێت ئال (١٩٩٩، ل١٦٦) دەڵێ کە "شەرەف دەبێ بەشێک بێت لە هەر بەبیرۆکەکردنێکی ئێستای باوکسالاریدا" لە شیکارییە بەراوردکاری و کارلێکارییە کولتوورییەکان و، کە "سیستمەکانی شەرەف بەشێکی چەسپیون لە پرۆسەی کوشتنی ژن لەلایەن خێزان و هاوبەشەکانیانەوە، بەبێ گوێدان بەوە ژنەکە لە کوێ دەژی" (١٩٩٩، ل١٦٤). تیۆرییەکەیان سێ پانتایی بەراوردئامێزی لە خۆی گرتووە کە پێوەندییان بەسیستمی شەرەفەوە هەیە – کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی مێیینە و، هەستکردنی نێرینە بەشەرمەزاری لە کاتی لەدەستدانی ئەو کۆنترۆڵە و، بەشداریی کۆمەڵ لە "بەهێزکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەم شەرمەزارییە". لە بابەتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر نموونەی بەراوردکاری دەخاتە ڕوو، ئەوان بانگەشە بۆ بەکارهێنانێکی گشتیی "شەرەف" ناکەن بۆ تێگەیشتنی "هاوبەشێک – کە تاوانی لەناوبردنی مێیینەی ئەنجام داوە" لە ئەمەریکا یان لە هەر شوێنێکی خۆرهەڵاتی ئینگلیزی زمان، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەشێ بۆ ئەو کوشتنانە بەکار بێ، هەرچەندە بەگشتی هۆکاری بەشداریی کۆمەڵگە تیایاندا لاوازە یان نییە (بڕوانە پوورنا سەن لەم کتێبەدا)، بۆیە دەکرێ بێتە تێگەیشتن "وەک ئایدیۆلۆجیایەک، هەڵگرانی ئەو کەسانەن کە هەوڵی سەپاندنی باوکسالاری دەدەن لە سەردەمێکی بەراوردکارانەدا کە ڕەنگە داخوازیی زیاتری بۆ یەکسانیی مێ تێدا هەبێ" (١٩٩٩، ل١٧٣).

لێکۆڵینەوە لەو لەیەکچوونە سادەیەی "شەرەف" لە "خۆرهەڵات" و "هەڵچوون" لە "خۆرئاوا" (ئەبوعۆدە، ١٩٩٧، ل٢٨٩)، یان "هۆکار" لە "باشوور" (بەیکەر ئێت ئال، ل١٧٣)، گرینگە بۆ تیۆرییەکە و بۆ چالاکبوونیش سەبارەت بەپرسەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان. گرینگە بەیەکچوونەکان و هەروەها جیاوازییەکانیش لە بنیاتی توندوتیژیدا دەستنیشان بکرێن. گرینگیشە ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە بنیاتێکی جێندەرڕێنراوی بۆ ئەو پرسانەی خۆیەتییان تێوە گلاون لە خاوەنداری و کۆنترۆڵ و ڕۆڵیان لە بەردەوامیی توندوتیژی لەبەر چاو بگیرێ، هەروەها سەبارەت بەم پرسە بەگشتی باسی بەکارهێنانی بەرگریی وروژانیش بخرێتە بەر باسەوە. لە سەرەتاییترین ئاستەکانی بەراوردکردندا، جا چ باسی بەکارهێنانی "تەوژمی تووڕەیی" لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، یان باسی "وروژانی بەهێز" بکەین لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، یان "تەنگاویی بەتینی سۆزدارانە" لە ئەمەریکا، ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەڵگەکان لە سەرتاسەری دنیا _لە ڕێی یاسا و دادگەکانیانەوە– بەردەوامن لە بەهەند وەرگرتنی بەرگریی یاسایی کە بەشێوەیەکی زیاتر لە بەرژەوەندیی ئەو نێرانەیە کە توندوتیژی دژ بەمێینە بەرپا دەکەن.

## تاوانەکانی شەرەف و کۆمەڵگە موسڵمان و کەمینەییەکان

پرسەکانی ناساندن و داڕشتنی زاراوە، لەم کاتەدا هاتنە سەر شانۆی باسی نێودەوڵەتی لەپاڵ جەختکردنەوەی لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" و گرێدانیان بەکۆمەڵگەکانی موسڵمانەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا، ئەسما جەهانگیر، ڕاپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە

لەداردانەکـانی دەرەوەی فـەرمـانی دادگـە و لـەداردان دوای دادگـەییکردنی کـورت و زۆردارانە، لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئەم وتە بەوردی دارێژراوەی خستە ڕوو:

لەو وڵاتانەی کە زۆرینەی دانیشـتووانیـان موسـڵمانـن کردەوەی "کوشـتن لـەسـەر شـەرەف" گـەلێک بەربڵاوە، هـەرچەندە تەنیا لەم وڵاتانەدا ڕوو نادات. لەم کایەیەدا پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە ژمارەیەک لە سەرکردە و زانایانی ئاینیی ناسراوی مـوسڵمان بەئاشکرا ئەم دیاردەیەیان سەرکۆنە کردووە و ڕوونیان کردووەتەوە کە هیچ بنەمایەکی ئاینیی نییە(١٤).

ئاستی زێدە بەرزەوەبووی گرینگیدانی نێودەوڵەتی بە"تاوانـەکانی شـەرەف" (جا بەهـەر شـێوەیەک ناسـێنرابن) لەگەڵ خـۆیدا مـەترسـیی هـەردوو شـێوازە سـادەکان و هەرەوەزییـەکـان و، مـەترسـیی کاردانەوەیەک دێنـێ کە لەوانەیە کار دەکا (یان بەکار بێ) بۆ پووچەڵکردنەوەی چالاکییە دژەکان و سـتراتیجە نێوخـۆییـیـەکانی کاردانەوە ئاڵۆزتر بکات. جـەین کۆنەرز، لەم کتێبـەدا، ئاماژە بۆ ئەو ئیـعـترازانـەی ئەنجـوومـەنی گشـتـیی نەتـەوە یەکگرتووەکـان دەکات لەسـەر ئەو پێکەوە گـرێدانەی هـەندێ وڵاتـی خـاوەن زۆرینـەی مـوسـڵـمـان هـەسـتـیـان دەکـرد لـە نێـوان "تاوانـەکـانی شـەرەف" و ئیـسـلامـدا کـراوە. بەتایبـەتی لـەو دۆخـەی بـەدوای ١١ی سـێـپـتـەمـبـەردا هات، کـە گـەلێک تاک و کۆمـەڵگەی موسـڵمـان کەوتنە بەر هێرشی هێزە خـۆرئاواییـیەکانەوە، ئەگەری ئەم جۆرە مـەترسییە مشـەیە، وەک ئەوەی پۆرنا سین لەم کتێبەدا ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام، ئەمە بەواتای ئەوە نییە کە نابێ "تاوانـەکـانی شـەرەف" لـەلایەن هـیچ کـەسـێکەوە باس بکرێ جگە لە کـەسـانی "ناوەوە"، بـگرە پێـویسـتـیـان بەگـرینگیـدانی تایبـەتی ڕژد هـەیە لە پێناو بـنیـاتنانی دەسـتـوەردان و هاوپـەیمانیی یەکسـان و ڕاسـت و، هـەوڵی دڵسـۆزانە بۆ ڕێگری لەوەی بەنسبـەت "خـۆرئاوا" (کـە هـەندێ جـار وا خـۆی دەردەخا کـە خـۆی "کۆمـەڵگەی نێونەتەوەییـیـە") ببێتـە کێشـەیەکی تایبـەت و دابڕاوی "ئەوەی ترەکەی (بەردەوام ناکۆک)". ئاگەداری لەو شێوازانەی سیاسەتە دنیاییـیەکان گرتوویانەتە بەر بۆ داهێنانی کاردانەوەیەک، کـە هێزەکانی ڕاسـترۆی ئاینی بەهێـز دەکات و، پانتـایـیی بواری کـاریان فرەوان دەکات و، هـەسـتیـاری لە ئاست گۆڕانی پێکهـاتەی جیـۆسـیاسـی زیاد دەکات، نابـێ ببێتـە هۆی خـەفـەکردنی تێکۆشـانی درێژخـایانی ژن دژ بەتـوندوتیـژی، بەو توندوتیـژییـەشـەوە کە بەناوی "شـەرەف" دەکرێ.

لە ژمـارەیـەک وڵاتدا، ئەم کـۆڵینـەوە و بەرەنگاربوونەوانـەی "تاوانـەکـانی شـەرەف" لە سـیـاقی ناوەخۆییدا هـەوڵگەلێکی وەبەر هێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئیـدیعایانەی دەڵێن پشتگیری بۆ ئەم جـۆرە کـردارانە هـەیە لە دەزگـاکـانی پرنسـیپ و یاسـاکـانی یاسـای ئیـسـلام پێک دێـن (بڕوانە وێڵشـمەن ٢٠٠٥). ئەندامانی ئەو دامەزراوە "شەرعییـانە" لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بانگهێشـتن کران بۆ ئەوەی لێـدوانی ئاشکرا و ڕاگـەیـەنراو بدەن لەسـەر مـەسـەلەکـە لە هەوڵێکدا بۆ قـایلکردنی دەنگدەران بەوە ئاین لەگەڵ ئەنجـامدانی توندوتیـژیدا نییـە بەناوی "شـەرەفـەوە". لە لایەکی ترەوە، بانگەوازی شـەریعەتی "سەلەفی" بۆ ئەوەی دەوڵەت سزای توندی ئەنجامدەرانی سێکس لە دەرەوەی بارنەی ژنومێردایەتیدا بانگەوازێک نییە کە مایەی بەخێرهێنان بێ لەلایەن کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی

مەدەنی کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی هەوڵەکانی نیشتمانی و ناوچەیین سەبارەت بە "تاوانەکانی شەرەف"، هەروەها مایەی خۆشحاڵیی دەستپێشخەرییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی نین. بێگومان، گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە دژی "تاوانەکانی شەرەف کار دەکەن، ئارەزووی تاوانبارکردنی پێوەندییەکانی سێکسیی دەرەوەی ژنومێردایەتییەکن کە بەرەزامەندیی هەردوو لا ئەنجام درابێ، هەروەها دژی پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان هەمان جێندەرن (نێر و نێر یا مێ و مێ) و، هەوڵی کۆتاهێنان بەدەستوەردانی دەوڵەت لە پێوەندیی تایبەتی نێوان هاووڵاتییانی دەدەن. چوارچێوەی مەرجەعیی فرەوانتری کۆنترۆڵی توندی پێوەندییە سێکسییەکان، تەنیا لە لێکدانەوەی باوی شەریعەتی ئیسلامدا خۆی نانوێنێ، بگرە لە ڕووی فەرمییەوە، بەلای کەمەوە، لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئیسلام (و هی تریش)دایە. ئەمە ڕاستەوخۆ لە مشتومڕی ناوەخۆ و نێونەتەوەییدا سەبارەت بە"تاوانەکانی شەرەف دەرکەوت و پێویستی بەگرینگیدانی ئەوانە هەیە کە داوای گۆڕان بەرەو پێش دەکەن و، پرسگەلی کولتوور و نەریت تێکەڵ بەپرسی ئاین دەکات. لە میانەی بەشدارییەکەی لەم کتێبەدا، عەبدوڵڵا ئەنئەعیم سروشتی هاوپەیمانیی نێوخۆیی دەخاتە بەر باس، ئەو هاوپەیمانییەی کە دەتوانێ و، بەدیدی ئەو دەبێ، هەوڵی بۆ بدرێ لە پرۆسەی وتووێژی نێوخۆیی بەمەبەستی دژایەتیی توندوتیژیی دژ بەژنان. بەشەکەی ئەو لەسەر داکۆکیی پێشتری خۆی بنیات نراوە، کە پێی وایە "هەوڵی لەناوبردنی ئەم جۆرە کردەوانە دەبێ نەک تەنیا هەموو بیانووەکان لەبەر چاو بگرێ و ئاشکرا بکات، بگرە دەبێ دۆخی کولتووری و پاڵنەرە بناخەییەکانی کە ڕەنگە ببنە هۆی بەردەوامیی بەرپاکردنی کردەوەکە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراویش لەبەر چاو بگرێ و ئاشکرا بکا" (١٩٩٤، ل١٧٧). سواد جۆزێفیش هەمان پرسیاری خستە ڕوو لەبارەی ستراتیجەکانی سیاقی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، ئەوەشی گوت کە "دەبێ ئێمە بنیات و شارەزاییەکانی مافەکان بناسێنین و بناسین و تێ بگەین، بۆ ئەوەی دیاریی بکەین چۆن دەتوانین ئەو زەمینەیە بنیات بنێین کە بەیەکەوە لەسەری بوەستین بۆ بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و مافە مرۆییەکانی ژنان (١٩٩٤، ل٩).

هەرچەندە بۆ نووسینگەلی تر لەم بەرگەدا، وەک چەندان گرووپی تر کە لە بوارەکەدا کار دەکەن، توخمی سەرەکیی کاریان ئاشکراکردنی حاشاکردنە، لە ڕێی کۆدەکانی شەرەفەوە و کارکردن بۆ ڕێکخستنی سێکسوالیتی و، مەسەلەی مافی ژنان لە کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆیان و، بێگومان ئازادیی سێکسییان (بڕوانە دینا سدیقی، ئوما شاکراڤارتی و سیلڤیا پیمینتال) کە بەتایبەتی ئاشکراکردنی ئاڵۆزە و جیاوازیی زۆر هەیە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە موسڵمانە جیاجیاکان، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژەیی مافەکانی سێکسوالیتیش. بەشەکانی ئەم کتێبە بەگشتی باسی پێوەندی و کارە سێکسییە تێکەڵەکان دەکەن (لە نێوان ژن و پیاودا)، هەرچەندە باسی هەڕەشە و ڕووداوی "تاوانی شەرەف" دژ بەپانپانێنەکەر (لێزبیان) و نێرباز و نێرەمووک و جێندەرگۆڕیش LGBT لەلایەن زۆر لە نووسەرانەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، ڕوونیشە بووەتە مایەی گرینگیدانی زۆربەیان. بۆ نموونە، سەبارەت بەدەستوەردان لە مافی هاوسەرکاری گفتوگۆ لە سایەی پرۆژەکەوە کراون، هەروەها پرۆسەی پێشکێشکردنی ڕاوێژی یاسایی لەو جۆرە کەیسانە

بۆ دەزگەکانی حکوومەت، ئاشکرای کردووە کە ئەم جۆرە دەستوەردانە لەوە ئایا _هەروەها لەگەڵ کێ و کەی- هاوسەرکاری بکرێ دۆخێکی دروست کردووە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەوەی تا چەند مافی تاکە auspicesکان لەو کەشەدا خوراوە[١٥].

لە کۆمەڵگەکانی خاوەن زۆرینەی موسڵماندا، "تاوانەکانی شەرەف" لە نێو کۆمەڵە ناموسڵمانەکاندا دەردەکەون. لە کۆنفرانسی ئایاری ٢٠٠١ لە بەیروت، ڕێکخراوەکە بانگهێشتنی کەسایەتیی ناسراوی موسڵمان و کریستیانی کرد بۆ ڕوونکردنەوەی نەبوونی پاڵپشتی ئاینی بۆ "تاوانەکانی شەرەف". لەم کتێبەدا، بیتیگا- بۆکەربۆوت ئاماژە بۆ ڕۆڵی کڵێسا دەکات لە پاڵپشتیکردنی بەهاگەلی دیاریکراو کە لە پشت بەکارهێنانی توندوتیژین بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی ژن (بەتایبەتی لە بواری سێکسدا). لەو حاڵەتانەدا کە موسڵمان کەمینەن، "تاوانەکانی شەرەف" لە نێو ئاین و کولتوورەکاندا دەردەکەون. لەم کتێبەدا، حەنانە سدیقی پشتگیریی بیرۆکەی "فرەکولتووریی پێگەیشتوو" دەکات کە نە پارێزگاریی یەکسان بۆ ژنانی کۆمەڵگەی کەمینە پشتگوێ دەخات و نە بەشداری لە بەبنەڕەتی زانینی "ئەوانی تر" بۆ کۆمەڵگەی کەمینە دەکا. لە گفتوگۆیەکی پێوەندیداردا، بریدال ڕەخنە ئاراستەی کۆچ دەکا _ ڕێگەی چڕکراوە بۆ چارەسەرکردنی هاوسەرکاریی بەزۆر کە ئێستا لە وڵاتانی ئیسکەندیناڤیا پیادە دەکرێ، بەهۆی ئەوەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤی ژن و پیاوی کۆمەڵگەگەلی کەمینەی تێدایە _لە بزاو و لە هەڵبژاردنی هاوسەرکاری- هەروەها بەهۆی ئەوەی وەکالەتی ژنانی کۆمەڵگەکانی کەمینە فەرامۆش دەکا (هەموو ئەمە بەناوی پاراستنی مافەکانی ژنەوە ئەنجام دەدرێ). حەنانە سدیقی و ئانجا بریدال جەخت دەکەنەوە کە داڕشتن و جێبەجێکردنی ڕێنوێنیی "کرداری چاک" بۆ پۆلیس و ئاژانسەکانی پشتگیریی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەکانی تر (لەوانەش دەسەڵاتی کۆچ) و، هەوڵەکانی بەرزکردنەوەی وشیاریی گشتی دەبێ بەشێوەیەک بن کە نەبنە هۆی پێشێلکاریی زیاتر بۆ مافەکانی مرۆڤ.

## یاسای داگیرکەران

بابەتێکی پێوەنداری تر کە لەم کتێبەدا باسی لێوە کراوە، بەردەوامیی بەکارهێنانی بۆماوەی یاسای داگیرکەرە. سوهەیل وەرەیش شوێنەواری ڕووبەڕووبوونەوەی دیاریکراو لە پاکستان هەڵدەگرێتەوە کە دەرهاویشتەی تێکەڵکردنی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەشێکی بەرگریی "تووڕەیی توند و لەناکاو" (کە هەڵنجراوە لە یاسای داگیرکارانەی بەریتانیای سەدەی نۆزدەیەمە) لەگەڵ پیادەکردنی سیستمی قەساس و دییەت (وەک بەشێک لە هەنگاوەکانی بەئیسلامکردنی سەدەی بیست لە سایەی دیکتاتۆریەتی سوپادا). کۆڵینەوە لە پرسگەلی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی یاسای کارپێکراوی تاوان لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف" - بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەبەرگری لە تۆمەتی کوشتن لە کەیسەکانی "کوشتنی شەرەف"- گەڕاندووەتەوە نەک تەنیا بۆ یاسای سزای عوسمانی بگرە بۆ یاسای سزای فرەنسای ١٨١٠، کە سەرچاوەیە بۆ یاساگەلی زۆربەی دەوڵەتانی عەرەب لەم بوارەدا.

ئەم هەوڵانە لە نێو کۆمەڵێ شتی تردا، ئەنجام دراون بۆ شێواندنی بیرۆکەکانی ئەو جۆرە حوکمانەی هاوتای "بۆماوەی نەریتین" و شتێک کە بۆ کۆمەڵگەگەلی دیاریکراو "ئەسڵین" و وەک پارێزگاری لە دژی کاریگەریی دەرەکی دەپارێزرێن. لە لبنان، لۆرا موغازیلی کۆچکردوو، لە سەرەتاکانی ١٩٨٦دا بەشێکی بیانووی ئەو مێردانەی خستە ڕوو کە لەناکاو بەسەر ژنەکانیاندا دەچن لە کاتی زینادا، هەندێ جاریش هی باوانی کچ لە خوار تەمەنێکی دیاریکراودا، وەک چۆن لە یاسای ئیسپانیا و پۆرتۆگال و تورکیا و ئیتالیا و فرەنسادا هاتووە، کە یان تا ئێستا ماون و یان بەم دواییانە هەڵوەشێنراونەتەوە (موغازیل ١٩٨٦، ل١٧٧). بیتیگا بۆکەربۆوت لە بەشەکەیدا لەم کتێبە لە یاسای ئیتالیایی دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە"پرسی شەرەف"، لە کاتێکدا "بەرگریی یاسایی لە شەرەف" لە بەرازیل و بەرگریی "وروژانی سۆز" (لەگەڵ پرسەکانی پێشێلکاریی "شەرەف") لە وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتین کە لەلایەن سیلڤیا پیمینتەل و ڤالیریا پانجارجیان و جولیانا بەللوکەوە باس کراون.

هاوشانی ئەمە، لە یاساکانی تاوان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتین کە (بەشێوەیەکی بەرفرەوان) باس لە کەمکردنەوەی سزا و هەڵپەساردنی دەکەن، یان هەڵپەساردنی دادگەییکردن، ئەگەر پیاوی تاوانبار بەزۆرگیکردن یان دەستدرێژیی قوربانییەکەی خۆی مارە بکات. لە میسر، ساڵی ١٩٩٩ گۆڕانکارییەک لە یاسای هەڵسوکەوتی تاوانکارانەدا کرا، کە بەهۆی وتارێکی ڕۆژنامەوانیی بەریتانییەوە بوو، "لە حاڵەتی زۆرگێکردندا، ئەگەر زۆرگێکەر و قوربانییەکەی قایل بوون بەوەی هاوسەرکاری بکەن، ئەوا هەموو تۆمەتەکانی سەر تاوانکارەکە ڕەت دەکرێنەوە" (نیگوز ١٩٩٩). ئەم یاسایەی بەرباسە گەلێک ئاڵۆزترە، گەر جەخت بکرێتە سەر ڕفاندنی ژن. دوپریت (٢٠٠١) بەدوای بنەماکانی ڕەتکردنەوەی یاسای فرەنساییدا دەچێ، کە هەندێ ئاسەواری لە یاسای سزادا ماون، بۆ نموونە لە ئوردن و فەلەستیندا. نادرە شەلهوب کیڤۆرکیان (١٩٩٩ا و ١٩٩٩ب) لە بابەتەکەیدا باسی ئەو گرفتانە دەکا کە لە کۆمەڵگەی فەلەستیندا ڕووبەڕووی قوربانییانی زۆرگێکردن و ئەو پزیشکانەی هەوڵی یارمەتیدانیان دەدەن دەبنەوە، باسی بەزۆر بەشوودان بەزۆرگێکەر دەکات کە بەجۆرێک لە لەناوبردنی مێیینە ناوی دەبات (٢٠٠٢)، نموونەیەکی بەهێز لە شارەزاییی پزیشکیی خۆی دەهێنێتەوە کە تیایدا کچێکی ١٠ ساڵە زۆرگێ دەکرێ و خەمی خێزانەکەی ئەوەیە تاوانەکە بەشاراوەیی بمێنێتەوە و چارەسەرەکە بەلای ئەوانەوە لەوەدا بوو کە زۆرگێکەرەکە قوربانییەکە دوای باڵغبوونی مارە بکات و، قوربانییەکە وەسپی دایکی دەکات کە چۆن باسی ناچارکردنی تاوانکارەکە بۆ مارەکردنی دەکات بەقایلبوونی دایک و باوکیەوە. نادرە شەلهوب کیڤۆرکیان لەم بارەیەوە دەڵێ:

شەڕەکە دەبێتە شەڕی نێوان خێزانەکان. هێزی بیرۆکەی "شەرەفی خێزان" هەروەها پێویستیی پاراستن و بەرگری لێی، پێگەی قوربانییەکە پێشان دەدا لەگەڵ ماف و چوارچێوەگەلی بژارەکانی کراوە بەڕووی مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا _ کە لەم حاڵەتەدا بریتییە لە شووکردن بەزۆرگێکەرکەی (شەلهوب کیڤۆرکیان ١٩٩٩ا، ل١٦٢).

پیمینتال و پانجیانجیان و بەللوک لەم کتێبەدا ئاماژە بۆ جیاوازییەکانی ناو ئەم بابەتەی یاساگەلی ژمارەیەک وڵاتی ئەمەریکای لاتین دەکەن. بۆ نموونە، لە بەرازیلدا تاوانکارێکی سێکسی سزا نادرێ "ئەگەر هاتو هاوسەرکاریی لەگەڵ قوربانییەکە ساز کرد یان ئەگەر قوربانییەکەی شووی بەکەسێکی سێیەم کرد". بۆ ئەمەش پاساوی یاسایی ئەوەیە کە "لەبەرئەوەی دەستدرێژییە سێکسییەکە نەبووەتە هۆی ڕێگری لە مێردکردنی قوربانییەکە، ئەوا دەبێ تاوانەکە ببەخشرێ". هەروەها بەشەکەی ئەوان لەیەکچوونەکانی نێوان دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێشان دەدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ زینادا، جا ئەگەر ئەو جۆرە یاسایانە مابن یان، وەک زۆربەی حاڵەتەکان، هەڵوەشێنرابنەوە یان هەموار کرابن.

## یاریکردن بۆ لایەنی بەرامبەر

هەردوو بۆماوەی داگیرکەر و پێکهاتەکانی ئێستەی هێزە دنیاییەکان (سوپا، سیاسەت، ئابووری و ئەوانی تر) پێویستە ستراتیجەکانی وەڵامدانەوەی توندوتیژیی دژ بەژنان ئاڵۆز بکەن. سەرباری ئەو ئاڵۆزییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، ڕووبەڕووبوونەوەگەلی مەزن هەن لە بەردەم ئەو چالاکانەی تۆمەتبار کراون بەیاریکردن بۆ، یان بەلای کەمەوە بۆ ناو دەستی، هێزگەلێکی دژ بەوڵات یان کۆمەڵگە، تەنیا لەبەرئەوەی پرسی "تاوانەکانی شەرەفیان" ورووژاندووە وەک پرسێکی شیاوی لێکۆڵینەوە و چاکسازی. بۆ نموونە لە یەکێ لە گفتوگۆکانی نێو پەرلەمانی ئوردن لەبارەی هەموارکردنی یاسای سزادان، ژمارەیەک نوێنەر هەڵمەتی نیشتمانیی ئەوسا و هەوڵەکانی گۆڕینی پێوەندداریان بەوە تۆمەتبار کرد کە هەوڵێکی خۆرئاواییی بۆ خزانە نێو کۆمەڵگەی ئوردن و بێشەرەف کردنی ژنانی ئوردن[١٦]. ئەم بۆچوونانە، یەکەم، بێشەرەفی جێگیر و بڵاوە لە کۆمەڵگەی خۆرئاوادا، دووەم، ڕەنگە کارکردن بۆ تێکدانی نۆرمە ناوەخۆییەکانی کولتوور بەپێی بەرنامەیەکی دوژمن بێ بۆ داگیرکاریی کولتووری وەک لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کراوە. چالاکەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کار لەسەر مافەکانی ژنان دەکەن لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا و ئەوانەی کار لەسەر پرسی پێوەست بەسێکسوالیتی دەکەن، ئامانجن بۆ هێرشی گرووپەکانی "پارێزکاران" و "ئیسلامییەکان" بەبیانووی "هەڵگەڕانەوە لە ڕەسەنایەتی" و "پەراوێزکاری" و "عەلمانییەت". لەلایەکی ترەوە، وەک حەنانە سدیقی لەم کتێبەدا تێبینیی دەکا، لەوانەشە هەندێ جار ببنە ئامانجی ڕەخنەی گرووپگەلی پێشکەوتنخواز و چەپیش، شانبەشانی توخمە هەرە پارێزکارەکانی کۆمەڵگەی کەمینە، لەسەر ئەوەی جلوبەرگی چڵکن لەبەر چاوی گشتیدا هەڵدەخەن. دەتوانی گرژیی هاوشێوە لە چیرۆکەکەی عایدە تۆما سلێمان بخوێنیتەوە کە باسی هەوڵەکانی نێو کۆمەڵگەی فەلەستینیی ئیسرائیل دەکا. نەزەند بەگیخانیش باسی ئەوە دەکات کە چۆن پێویستیی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەپشتگیریی نێودەوڵەتی وای لێیان کردووە زیاتر بەدەنگی بانگهێشتنی گۆڕانەوە بێن کە لەلایەن گرووپەکانی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤەوە دەکرێن وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ نارەزایی و بەرگریی ناوەخۆییی ڕژد دەکات بۆ ئەو گۆڕانکارییە یاساییانەی کە ئەنجام دران. عەبدوڵڵا ئەننەعیم

بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات و، دەڵێ کە ئەکتەرگەلی بڵاوەبوو بەشوێنگەلی جیاوازدا پێویستە و دەبێ چەندان جۆرە کاری بانگەشتن ئەنجام بدەن، بەڵام پێویستە لەم کارەدا "کارکەرانی بواری گۆڕینی کۆمەڵایەتی" لە نێو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا هەبن و لە "گفتوگۆی نێوخۆییی کۆمەڵگەدا" بەشداری بکەن، بەمەبەستی هێنانە کایەی گۆڕین لە ناوەوە و، دۆزینەوەی گوتار و توانای گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ستراتیجەکان ـو تواناکان- جیاوازن. وەک ئەوەی دەنیز کاندیۆتی ئاماژەی بۆ دەکا، سەبارەت بەبابەتی پێوەندیدار بەبانگەشتنەوە، بۆ پرسەکانی جێندەر و هاووڵاتیبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هەندێک بەتوندی جەخت دەکەن بۆ بەرفرەوانکردنی مافەکانی ژن وەک تاک و دژ بەتەنگهەڵچنینی هێزگەلی تایەفە و ئاین، هەندێکی تر بانگهێشتن بۆ کار لە ڕێی خزمایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەکەن کە ڕەنگە لە یەک کاتدا هاوکاریی ژنانی بەهێز و لاواز بکا (کاندیۆتی ٢٠٠٠، ل xv).

ئەو چالاکانەی لەم کتێبەدا نووسینیان هەیە، لە چواچێوەی مافەکانی مرۆڤدا لە نێو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا کاریان کردووە و، لە بەشدارییە جۆراوجۆرەکانیاندا شێوازی بەکارهێنانی یاسایان لەلایەن خۆیانەوە دیاری کردووە. زۆربەی بەشەکان نموونەگەلێک دەخەنە ڕوو بۆ چۆنیەتیی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی خۆیان لە دەرەوەی پرۆسەی یاساییدا وەک هەوڵێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و گۆڕینی بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی کە چاوپۆشی لە هەر شێوەیەکی توندوتیژیی دژ بەژن دەکەن. هەروەها چوونە پاڵ هێزگەلێک بۆ بەهێزکردنی دەنگی ناوەخۆییی بەرەنگاری.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاشکراکردن و پاڵەپەستۆی دەرەکی لەلایەن چالاکەکانەوە، وەک جووڵاندنی ڕای گشتیی نێونەتەوەیی، لە زۆر بواردا هەڵبژاردنی ئاڵۆز و ستراتیجی هەبووە. ساڵی ٢٠٠٠، فەرەح داغستانی بەکۆنفرانسێکی لە بارەی "سێکسوالیتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست"ی گوت کە "کوشتنەکانی شەرەفی" ژنان بوونەتە "بەرپرس لە خراپترین ناوبانگی نێونەتەوەیی بۆ ئوردن":

بەهۆی سەرسوڕهێنەرایەتیی بابەتەکە، ڕۆژنامەوانیی خۆرئاوایی بەشداریی لە پرسەکەدا کردووە و بووەتە هەڕەشەیەکی گەورەتر بۆ حکوومەت و سەرکردە ئاینییەکان، بەورووژاندنی بابەتی ناسنامەی کولتووری و ئۆتۆنۆمی دژ بەئیمپریالیزمی کولتووری، لەسەر حیسابی ژن. (فۆستەر ٢٠٠١، ل٢٤).

ئەمە بێگومان ئەو کەیسەیە کە هەموو حکوومەتەکان تیایدا پێیان خۆشە "لۆمەی پەیامنێرەکە بکەن"، بەتایبەتی ئەو پەیامنێرەی ڕەخنە لە تۆمارەکانی مافەکانی مرۆڤ دەگرێ. هەروەها پرسی ئەوەیە کە ستراتیجە نێوخۆیییەکانی وەڵامدانەوە و بەرگری دەکرێ لە ڕێی هۆکاری دەرەکییەوە لەناو ببرێن، کە هۆکاری نیازپاک و هۆکاری دوژمنکارانەش لەخۆ دەگرن (وەک فۆبیای ئیسلام یان ڕەگەزپەرستی) و، بێگومان ڕووداوگەلی جیهانیشیان تێدایە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە بەم دواییە لە

ناکۆکی له بارەی چیرۆکی نۆرما خوری لەسەر "کوشتنێکی شەرەف" له ئوردن خۆی نواند، خۆشەویستیی قەدەغەکراو، له بازاڕەکانی ئوسترالیا لەلایەن وەشێنەرەکەیەوە کێشرایەوە، دوای ڕووبەڕووبوونەوەی لەلایەن چالاکانی مافەکانی ژنانی ئوردنی بۆ پۆلێنکردنی کتێبەکە وەک بیرەوەریی ڕاستەقینە (بڕوانە ئەبو حەسەن لەم کتێبەدا). نموونەی تر له ڕووبەڕووبوونەوەی دیاریکراوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بەژن وەک پێکدادان، لەم کتێبەدا نەزەند بەگیخانی و نادره شەلهوب کیڤۆرکیان و عایده تۆما سلێمان، هەموویان گرینگیدانی کەمبووەوەی چالاکەکان تۆمار دەکەن بۆ ئەم مەسەلانه له سەردەمانی شەڕی چەکدارانه و هەڕەشەی سەر قەواره یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو.

## بەستراتیجیکردنی وەڵام و داهێنانی ئەلتەرناتیڤ

بیرکردنەوه له بیرۆکەی "تاوانەکانی شەرەف" ڕێگەیەکە بۆ سڕینەوەی شێوەگەلی تایبەتی توندوتیژییە دژ بەژنان. له مێزگردی INTERIGHTS/CIMEL دا، بەشداربووان کۆک بوون لەسەر گرینگیی ستراتیجیی پێناسەکردنی بەها و سوودی جیاکردنەوەی "تاوانی شەرەف وەک دیاردەیەکی تایبەت یان جیاکردنەوەی له توندوتیژیی دژ بەژن، له لایەک و، له لایەکی تریشەوه ئەنجامدانی هەڵمەت له دژی شێوازه جۆراوجۆرەکانی تاوانی شەرەف بەتەنیا له چوارچێوەی فرەوانی توندوتیژیی دژ بەژندا. هەندێک وایان هەست دەکرد کە وریایی پێویستە بۆ ئەوەی شێوەگەلێکی زۆر له توندوتیژی دژ بەژن نەکەونه نێو تەوەری "تاوانەکانی شەرەف". هەندێکیش وایان هەست دەکرد کە لەو کاتەی ئێمە زاراوەکەمان بۆ مەبەستی تاکتیک بەکار هێناوە، وەک کورتکردنەوەیەکی ساده بۆ تێگەیشتن له شێوەگەلێکی دیاریکراوی توندوتیژی، پێویستمان بەوە هەیە بەردەوام مەبەستی سەرەکیمان زیندوو ڕاگرین، کە تەنیا کارێکی ڕووت نییە بۆ شیکردنەوه و لێکدانەوەی بیرۆکەی تاوانەکانی شەرەف و، بیرۆکەکە خۆی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات.

ئێمە پێمان وایە کە بەشەکانی ئەم کتێبە، کەرەستەیەک پێشکێش دەکەن کە یاریدەره بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ ژمارەیەک پرسیاری پەیوەست بەدیاردەی "تاوانەکانی شەرەف". ئایا زاراوەی "تاوانەکانی شەرەف" گونجاوه بۆ بەکارهێنان له گشت کولتوور و زمان و سیستمه یاساییەکاندا؟ ئایا دەرخستنەکانی ئەم "تاوانانەی شەرەف" (وەک چۆن لە شوێنێکی دیاریکراودا ناسێنراون، لەلایەن تاوانکاران یان دادگە یان پۆلیس یان ڕزگاربووانەوە) شیاوی بەراوردکردنن لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێندا؟ چ بەگشتیکردنگەلێک دەردەکەون بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ناونانی هەندێ له تاوانەکانی توندوتیژیی دژ بەژن وەک تاوانی شەرەف؟ چ جیاوازیگەلێک ڕووبەڕووی هەوڵی ئەنجامدانی ئەمە دەبنەوە؟ ئایا بەکارهێنانی ئەم پۆلێنکردنه خزمەتی گرێدانی هەندێ شێوازی توندوتیژیی دژ بەژن دەکات بەوەی پێشانی بدا کە تایبەتن بەکولتوور یان کۆمەڵگە یان ئاینگەلی دیاریکراوەوه و، بۆیه ڕێ خۆش دەبێ بۆ پێشێلکاریی زیاتری مافەکانی ئەو پۆله، سەرباری گەلێک مەترسیی هاوپێچ، هاوکار دەبێ له تێگەیشتنی سروشتی ئەو جۆره توندوتیژییە و، بەرگریی زیاتر له پێشخستنی ستراتیجە یاسایی و دادوەری و کۆمەڵایەتییەکان له وەڵامدانەوەی ئەم جۆره

تاوانانە؟ لەوانەش دوایین پرسیار ئەوە بێ کە بەشداربووان لە دانانی ئەم کتێبەدا زیاتر تێکەڵ بەکامەیانن.

لە بەشی سەرەتادا، جەین کۆنەرز چوارچێوەیەکی نێونەتەوەیی پێشکێش دەکات سەبارەت بەتوندوتیژیی دژ بەژن و، بەتایبەتی، ئەو پێشکەوتنانەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە"تاوانەکانی شەرەف. دوای ئەوە، پۆرنا سین باسی سیاقی سیاسیی ئێستای کار دژی "تاوانەکانی شەرەف" دەکات لەگەڵ سروشتی ئەو گردبوونەوە و هاوپەیمانییانەی کە دەشێ لەسەر بنەمای پرسگەلی پێوەندار بنیات نرابن. دوای ئەو، عەبدوڵڵا ئەننەعیم کاردانەوە بەرامبەر ڕەوتی مافەکانی مرۆڤ و دیاریکردنی پێگەی چالاکەکان دەخاتە ڕوو و، جەخت لەسەر گرینگیی دیار و نەگۆڕی دروستکردنی گفتوگۆی ناوخۆیی کۆمەڵگە دەکاتەوە بۆ بنیاتنانی یەکانگیری لە دژی "تاوانەکانی شەرەف". دوای ئەمانەش، کتێبەکە دەچێتە سەر باسی ژمارەیەک تۆژینەوە تایبەتمەند بەسیاقەکە لە ئەوروپا و ئەمەریکای لاتین و باشووری ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم تۆژینەوانە، سەرچاوە بنەڕەتییەکان و زانیارییەکان (لەوانە یاسایی، کەیسەکان، تۆماری دادگەکان، دیمانە) شی دەکەنەوە و بەشێواز و بانگەشەکانی گۆڕیندا دەچنەوە لە سیاقگەلی جیاجیادا. ئێمە پێمان وایە کە سەربارى ئاستەنگەکانی ناساندن و گرفتەکانی تری بەکارهێنانی زاراوەی "تاوانەکانی شەرەف"، بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەلای کەمەوە دوو شت ئاشکرا دەکەن: یەکەم، تێکەڵاویی نموونەگەلی شەرەف لە شێوەگەلی جیاجیای دەرخستنی توندوتیژیی دژ بەژندا، دووەمیش، پێشوازیکردنی مەودایەکی بەرفرەی تاک و ڕێکخراوگەل لە سەرتاسەری دنیاوە لە بەشداری بەهەوڵەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی بەرەنگاری لە سیاقێکی شیاوی بەراوردکردندا(١٧).

سەرنجەکان:

١- ناوەندی نێونەتەوەییی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لەندەن، کە لەوێوە پرۆگرامی باشووری ئاسیا بەشێوەیەکی سەرەتایی دەستی دایە پرۆژەکە.

٢- بنکەی یاساکانی ئیسلامی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆلیجی تۆژینەوەکانی خۆرهەڵاتی و ئەفریقایی لە زانکۆی لەندەن.

٣- ماڵپەڕی www.soas.ac.uk/honorcrimse. یەکێک لە گرفتەکانی ڕووبەڕووی پرۆژەکە بوونەوە، بەگشتی لەم جۆرە کارانەدا، برێتییە لەوەی کە چۆن ئەم سەرچاوانە بەشێوەیەکی سوودبەخش (نوێبووەوە) بۆ داهاتوو دابین بکرێن و بپارێزرێن.

٤- لە بنەڕەتدا سەرچاوەکان لەسەر ماڵپەڕی دوو دەزگەی هاوکاردا هەبوون، هاوپەیمانیی نێونەتەوەییی تەندروستیی ژنان و سەنتەری مافەکانی مرۆڤی مینیسۆتا.

٥- ڕاپۆرتی ڕاپۆرتدەری تایبەتی توندوتیژی دژی ژنان، هۆکار و ئاکامەکان، یوئێن، بەڵگەی ئی/س ن ٤/ ١٩٩٩/ ٦٨، ١٠ی ئادار ١٩٩٩، بڕگەی ١٨.

٦- لە مێزگردی CIMEL/INTERIGHTSدا ڕۆژنامەوان ڕەنا حوسەینی ئەم خاڵانەی خستە ڕوو: بڕوانە وێلشمان، ٢٠٠٠، ٤٤٢.

٧- له نیوزلاین، له لێبووردنی نێودەوڵەتیدا بینراوه، ١٩٩٩ا: ٢٣.
٨- ا س/ئی گ ا (٢٠٠٢) ٧ بۆ ٢، ٤ی حوزەیران ٢٠٠٢، بڕگه ٣٢.
٩- هەمان سەرچاوە، بڕگه ٣.
١٠- بەراورد لە نێوان ئەوەی لە "خۆرئاوا" بە"پیاوکوژی بێ بەزەیی" ناسراوه، لەگەڵ ئەو پیاوەی لە تاوانێکی هەڵچووندا تاوانی کوشتن ئەنجام دەدا. لیدەر ئیلیۆت (١٩٩٧، ل١٦٢) وەسپی ئەمەی دوایی بەم شێوەیە دەکات: "پیاوی ئاسایی پیاوێکی خوێناوییە، کەسێکی خوێن گەرمە، کاتێک بەرژەوەندییە گرینگەکانی دەکەونە بەر هەڕەشەوە زۆر بەتوندی هەڵدەچێ".
١١- بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، "کارکردن لەپێناو نەهێشتنی ئەو تاوانانەی بەناوی شەرەفەوە دژ بەژن و کچ دەکرێن"، (بەڵگەنامەی یوئێن ا/س٣/ ٥٩/ ل٢٥) لە ٢٥ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٤ و ئاماژە بۆ "تاوانی هەڵچوون" فەرامۆش کراوه. بڕوانە جەین کۆنەرز و پوورنا سەن لەم کتێبەدا.
١٢- وتاری میر زەید رەعد زیاد ئەلحوسەین، نوێنەری هەمیشەییی ئوردن، وتاری ڕوونکردنەوەی دەنگدان، بابەتی ١٠٧ی بەرنامەی کار: چاککردنی دۆخی ژن، دانیشتنی ٥٥ـەمینی کۆمیتەی سێیەمی ئەنجوومەنی گشتی، نیویۆرک، ٣ تشرینی دووەم ٢٠٠٠.
١٣- لیدەر ئلیۆت (١٩٩٧، ل١٦٩)، سەبارەت بەوەی ئایا هەراسانکردنی سێکسی دەشێ سەربڕین کەم بکاتەوە، دەگاتە ئەم ئاکامە "لە بابەتی کێ دەبێ کێ بکوژێ، ئەگەر جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکان لەبەر چاو بگرین، ئەوا ڕەنگە ژنان زۆر زیاتر لە پیاوان لەوانەیە بگەنە ئەوەی کە ئەم داوای بەزەیییە موفارەقەیە".
١٤- ڕاپۆرتی ڕاپۆرتەری تایبەت لەسەر لەدارادنی دەرەوەی دادگە و ڕەمەکی، یوئێن، بەڵگەنامە ی/س ن٤/ ٢٠٠٠/ ٣، ٢٥ کانوونی دووەم ٢٠٠٠، بڕگەی ٧٨.
١٥- بڕوانە ڕاپۆرتی "هەڵمەتی نیشتمانی بۆ مافی ژنان لە هەڵبژاردنی کەی و بەکێ شوو دەکەن"، کە لەلایەن کۆمەڵەی دەستپێشخەریی پشتەوانی و یاسایی لە لوکنۆ- هیندستان، بە پشتەوانیی INTER-AGHTS و IWRAW-AP لە ساڵی ٢٠٠٣، هەروەها بڕوانە ماڵپەڕی پرۆژەکه.
١٦- جۆردەن تایمز، ٢٣ تشرینی دووەم ١٩٩٩.
١٧- لێرەدا خوازیارین سەرنج بۆ ئەو بەڵگە کۆکراوانە ڕاکێشین کە لە موجاب و عەبدۆ، ٢٠٠٤، کە دوای پێشکێشکردنی ئەم دەستنووسە بڵاو کرانەوە.

## بەشی یەکەم

# بینینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ "تاوانەکانی شەرەف"

جەین کۆنەرز

لە ماوەی پازدە بۆ بیست ساڵی ڕابردوودا شێوازی مامەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ توندوتیژی دژ بەژنان وەرچەرخانی بەخۆیەوە دیوە، سەرنجی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕابردوودا لەسەر پێشخستنی ژنان، کۆنترۆڵکردنی تاوان و دادی تاوانکاری لە چوارچێوەی قەوارە تایبەتەکان بەو مەسەلانەوە لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان کاریان بۆ کراوە. ئێستا ئەو گۆڕانە بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤیش دەگرێتەوە. ئەم وەرچەرخانە بەهۆی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەوە هاتە کایەوە کە لە چوارچێوەی کۆنگرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی زنجیرە کۆنفرانسە جیهانییەکان، خەباتیان کردووە بۆ دانانان بەگشت جۆرە توندوتیژییەکانی دژی ژنان لە هەموو شوێنێکدا وەکو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

لەم بەشەدا بەگشتی مەنهەجی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی توندوتیژی دژی ژنان ڕوون دەکرێتەوە. ئەوەش دەستنیشان دەکرێت کە چۆن شێوازە تایبەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. لێرەدا، ئەو پێشکەوتنەی کە لە دوای چوارەمین کۆنفرانسی جیهانیی ژنان لە ئەیلوولی ١٩٩٥ لە بەیجین[١] پێناسە دەکرێت. هەروەها مێژووی سەرهەڵدانی خەباتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو ناساندنی "تاوانەکانی شەرەف" وەکو بابەتێکی گرینگ هەڵدەسەنگێندرێت.

### کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان

نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرەتادا تەنیا چاوی لەسەر ئەو توندوتیژییانە بوو کە لە ناو خێزاندا دژ بەژنان دەکران. پلانی کاری جیهانی لەسەر توندوتیژی دژی ژن کە لە یەکەمین کۆنفرانسی جیهانیی تایبەت بەژن لە مەکسیک لە ١٩٧٥دا گەڵاڵە کرا بە ڕوونی ئاماژەی بەتوندوتیژیی دژ بەژنان نەکرد. بەڵام پلانەکە دەستەواژەی تایبەت بە شکۆ، یەکسانی، ئاسایشی خێزان و پێویستیی دابینکردنی یارمەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناو خێزانی گرتبووە خۆی. لە ناوەڕاستی دەیەی نێونەتەوەیی ژناندا، کۆنفرانسی کۆپنهاگن لە ساڵی ١٩٨٠ بەسترا. کۆنفرانسەکە بڕیارنامەیەکی دەربارەی "ژنانی لێدراو و خێزان" پەسند کرد و لە دوا ڕاپۆرتیشیدا ئاماژەی بەتوندوتیژی لە ناو ماڵدا کرد. بەڵام، تا کۆنفرانسی جیهانیی نایروبی کە لە ١٩٨٥

بەستـرا و بەتایبـەتی لە کـۆنگرەی ڕێکخـراوە نـاحکوومـیـیـەکـاندا کـە شـەقڵی کـۆتایی دەیەی نێونەتەوەیی ژنان بوو، بابەتی توندوتیژی دژ بەژنان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وەکو خەمێکی جدیی نێونەتەوەیی دەرنەکەوت. بەرهەمی ئەو کۆنفرانسە کە برێتی بوو لە بەڵگەنامەیێ ستراتیجەکانی داهاتوو بـۆ پێشـخسـتنی ژنان مـەسـەلەی ڕاگـرتن و بەرەوپێش بردنـی ئاشـتیی بەنەهێشـتنی توندوتیـژی لە هەردوو بواری گـشـتی و تایبەتدا بـەسـتـەوە. هەروەها، ئەو بەڵگەنامەیە ژمـارەیەک ستراتیجی دیاری کرد بۆ باسکردنی توندوتیژی لەناو خێزان و لە شەڕی چەکداری و بەرامبەر ئەو ژنانەی کـە بەرەوڕووی گـرتن و سـزای قـانوونی دەبنـەوە. کـۆنفـرانس داوای پێـوەریشـی کـرد بۆ دەستنیشانکردنی گرفتی ئەو ژنانەی قوربانیی بازرگانیی سێکسی و بەزۆر کاری لەشفرۆشییان پێ دەکرێ(٢).

گـوڕ و هێـزی کـۆنفـرانسـی نایروبی بووە هـۆی دەرکـردنی یەکـەمین بڕیـارنامـەی ئەنجـوومـەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی توندوتیژیی ناو خێزان(٣). ئەگەرچی بڕیارنامەکە تایبەت نـەبوو بـەژنانـەوە، بەڵام تـوانیـی ڕێگە بۆ بـەسـتـنی کـۆبوونـەوەی گـرووپی پسـپـۆڕیـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەربارەی توندوتیـژی دژی ژنـان لەناو خـێـزاندا خـۆش بکات، سـاڵی ١٩٨٦، هـاوتا لەگەڵ توێژینەوەی ساڵی ١٩٨٩ کە هەمان ناوی هەبوو (کۆنەرز، ١٩٨٩). ئەم چالاکییانە سەرنجی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندامی بۆ بابەتی توندوتیژی دژ بەژنان بەشێوەیەکی گشتی زیاد کـرد. هەروەها دەرفـەتی بۆ دەرخـسـتنی زیاتری سـیـاق و دەرکـەوتەکـانی توندوتیـژی دژی ژنان ڕەخسـاند. لەگەڵ ئاشکرابوونی لایەنە جۆرەوجۆرەکانـی توندوتیژی دژی ژنان و دەرکـەوتەکانی، هەروەها نزیکیی ئەو توندوتیـژییـانە لـە ڕۆڵی جـێندەر زیاتر بایـەخی پـێ درا و، ڕوانین بـۆ ئەو مـەسـەلەیە گۆڕا. لە کاتێکدا پێشتر توندوتیژی دژ بەژنان لەناو خێزاندا وەکو بەشێکی گرفتەکە دەخرایە ڕوو، ئێسـتا ئەم شێـوازەی توندوتیـژی وەکو بـەشێکی فرەوانی دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنـان دەبینرێت. جگە لەمـە، سـروشـتی جـێندەریی توندوتیـژیی دژ بەژنـان و پێـوەندیی بەژێردەستەیی ژنان بـۆ پیاوان و نموونەی ڕەفتارە نەگۆڕەکان و نایەکسانی و جیاکاریی نێوان ژن و پیـاوان، وایان کرد ئەو بابەتە وەکو مـەسـەلەیەکی تایبـەت بەمـافی مرۆڤ دەسـتنیشـان بکرێ. ئەمـەش ڕێگەی بۆ کـاردانەوەیەکی بـەرفـرەوان بۆ ئەو بـابەتە لەنـاو نەتەوە یەکگرتووەکـان و یـەکـە پێوەندارەکانیدا خۆش کرد.

کـۆمـیتـەی دژ بەجـیـاکـاریی دژ بەژنان کـە سـەر بەنەتەوە یەکگرتووەکـانە لە ڕیزی پێشـەوەی خەباتەکەدا بوو بۆ ناساندنی توندوتیژی دژ بەژنان وەکو بابەتێکی مافەکانی مرۆڤ. ئەم کۆمیتەیە بۆ ئەوە دامـەزراوە کـە چاودێریی پەیماننـامـەی سـاڵی ١٩٧٩ی تایبـەت بەلەناوبردنی هەمـوو جۆرە جیاکـارییـەک دژ بـەژنان بکات(٤). ئەم پەیماننـامـەیە لەلایەن ١٧٨ وڵاتەوە پەسند و مـۆر کراوە(٥). هەروەها نەخشـەی ئەرکە یاسـاییـیەکان بۆ لەنـاوبردنی جیاکاری دژ بەژنـان لە ناو پەیماننامەکەدا دیاری کـراوە. ئەمەش بۆ دڵنیـابوون لەوەی کـە ژنان جیـاکارییـان لە دژ ناکرێت لە ڕووی: سیـاسـی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مافی هاووڵاتیبوونەوە.

سەرەڕای تێکۆشانی نوێنەران لە ساڵانی١٩٧٠کاندا لەپێناو زیادکردنی چەند خاڵێکی تری پێوەست بەتوندوتیژی دژ بەژنان لە ناو پەیماننامەکەدا، (ڕیهۆف،١٩٩٣: ٩١–٩٢). بەڵام پەیماننامەکە لە ئاکامدا ئاماژەی بەتوندوتیژی پێوەست بەقاچاخچێتی بەژنان و خراپ بەکارهێنانی ژنانی سۆزانی (بەندی ٦) نەکرد.

وڵاتانی بەشدار چەند ڕاپۆرتێکیان بەپێی ئەرکەکانی سەرشانیان و بەگوێرەی پەیماننامەکە (مادەی ١٨) گەیاندە کۆمیتەکە. ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیش زانیارییان لەسەر سروشتی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە لە چەند وڵاتێکدا ئامادە کرد. (بۆ نموونە، لەیەکچوونی ڕاپۆرتەکان). ئەوەی ڕوون کردەوە کە توندوتیژی دژ بەژنان بەربەستێکی سەرەکییە لە بەردەم لەناوبردنی هەڵاواردن و بەدیهێنانی یەکسانیی ژنان لەگەڵ پیاواندا. کۆمیتەش بەپێی بەندی ٢١ی پەیماننامەکە ئەو پێشنیازە گشتییانەی[٦] پەسند کرد.

ئەم پێشنیازە گشتییانە ئاشکرایان کرد کە: هەموو شێوازێکی توندوتیژی دژ بەژنان لەسەر بنەمای- نێر و مێ دەکەوێتە چوارچێوەی جیاوازیکردن لەسەر بنەماکانی سێکس.

لە یەکێک لەو پێشنیازە گشتییانەی١٢ تایبەت بەتوندوتیژی دژ بەژنان، داوا لە وڵاتانی بەشدار کراوە کە لە ڕاپۆرتەکانیاندا زانیاری لەسەر ئەو قانوونە بدەن کە بۆ پاراستنی ژنان لە دژی توندوتیژی دانراوە. ئەمە و لەسەر (توندوتیژیی سێکسی، ڕەفتاری چەوت لە خێزاندا و هەراسانکردنی سێکسی لەسەر کار). لە تەک هەموو ئەو هەنگاوانەی کە بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم توندوتیژییە نراون. هەروەها لەسەر دابینکردنی یارمەتی و بەپیرەوەچوونی ئازار چەشتووان و تۆمارکردنی زانیاری لەسەر ڕووداوە هەمە چەشنەکانی توندوتیژی دژ بەژنان[٧].

پێشنیازە گشتییەکان١٤، نیگەرانیی خۆیان بەرامبەر خەتەنەکردنی مێینە ڕاگەیاند. هەروەها بەرامبەر ئەو کردارە نەرێتییە زیانهێنەرانەی کە کار دەکەنە سەر لەشساخیی ژنان. پێشنیازەکان، داوایان لە وڵاتان کرد کە هەنگاوی گونجاو و کارا بگرنە بەر بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەم کردارانە. هەروەها زانیاری لەسەر ئەم کارانە بخەنە ناو ڕاپۆرتەکانیان و بینێرن بۆ کۆمیتە[٨].

یەکێک لە کارەکانی کۆمیتە بۆ کۆنفرانسی جیهانیی ساڵی ١٩٩٣ لەسەر مافەکانی مرۆڤ، ئەو پێشنیازە ورد و گشتییانە بوو١٩ کە لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان ئامادەی کردبوو. پێشنیازەکان ئەوە دەردەخەن کە توندوتیژی لەسەر بنەمای نێر و مێ، جۆرێکە لە هەڵاواردن و ڕێگە لە توانای ژنان دەگرێت و نایەڵێت بەیەکسانی لەگەڵ پیاودا چێژ لە ماف و ئازادییەکانیان وەرگرن. ماف و ئازادییەکانیش بەهۆی توندوتیژییەوە پشتگوێ خراون. ٩ توندوتیژی لەسەر بنەمای نێر و مێ دژ بەژنان وا پێناسە کراوە کە: کارێکە دژ بەمرۆڤێکی مێ ئەنجام دەدرێت، تەنیا لەبەرئەوەی مێیە. ئەم ڕەفتارەش کار دەکاتە سەر ژنان بەگشتی[١٠]. ئەم توندوتیژییە ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە بەرامبەر لەش و هۆش دەکرێن و، زیانی سێکسی یان ئازار چەشتنیان لێ دەکەوێتەوە و ژنان لە ئازادی بێبەش دەکەن.

گرینگیی پێشنیازە گشتییەکان لەوەدایە کە پێناسەی سروشتی ئەو ئەرکانە دەکەن کە دەکەونە

سـەر شانی حکوومـەت بۆ لەناوبردنی توندوتیـژی دژ بەژنان. هـەروەها ئەوە دەسـتنیشـان دەکەن کە پەیماننامەکە لەوانەیە بەئاشکرا توندوتیژی لە ناو نەبات.

پێشنیـازەکان خوازیاری ئەوەن کە حکوومـەت بەرپرس بکەن لەو کارە توندوتیژانەی کە بەرامبەر کۆمەڵ کـردوونی. هـەروەها هـەندێک لەو کـردارانەی کە لەلایەن کەسـانی ناحکوومییەوە کـراون[11]. لەتەک ئەوەشـدا ڕوونی دەکەنەوە کـە وڵاتان: ئەگەر نەتوانن لەکاتی خـۆیدا ڕێگر بن لە پێشـێلکاریی مافەکان، لێکۆڵینەوە نەکەن، سزای کارە توندوتیژەکان نەدەن و قـەرەبووی زیانەکان نەکەنەوە، ئەوا لەوانەیە بەرپرس بکرێن. (مادەی ٩).

کـۆمـیـتـە لـەوەدا کـاریگەریی بـاشـی هـەبـوو کـە توانیی بـەپـشـتـبـەسـتن بەپێـوەری قـانوونـیی نێونەتەوەیی، توندوتیژی دژ بـەژنان بەهەڵاواردنی ژنان لەسـەر بنەمـای سـێکس ببـەسـتێتـەوە. ئەم هـەنگاوەشی لەنێو قـەوارە سیاسییـەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا قورسـاییی خۆی هـەبوو. هـەروەها ئەو ڕاگەیاندننامەیەشی لێ کەوتەوە کە لەلایەن کۆمیسیـۆنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر باری ژنان ئامادە کرا و لە ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٣دا پەسند کرا[12].

ڕاگـەیاندننامـەکـە پێناسـەی توندوتـیـژی دژ بەژنان لەسـەر بنەمـای نێـر و مـێ دیاری دەکـات. هـەروەها ئەو توندوتیژییـەی کە لە ژیانی گشتی و تایبـەتدا ڕوو دەدات (مادەی ٢). ئەو هـەنگاوانەش دیاری دەکات کە پێویسـتە وڵاتان و یـەکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکـان هـەڵی بهـێنن (بەندی ٤). لەوە گـرینگتـر، ئـەوە ڕوون دەکـاتـەوە کـە نـابـێ وڵاتان بۆ خـۆشـاردنەوە لە ئـەرکـەکـانیـان سـەبارەت بەلەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنان لەسـەر بنەمای نێر و مێ هیچ خوو و نەرێتێکی کۆمەڵایەتی یان بیری ئاینی بـەبیانوو بهێننەوە. هەروەها، دەبـێ بەردەوام لەکاتی خۆیدا ڕێگە لە توندوتیژی بگرن و لێـی بکۆڵنـەوە. دەبێ بـەگـوێرەی قـانوونی نـەتەوەیی سـزای ئـەو کـردارانـە بدرێت کـە لـەلایەن حکوومـەتـەوە یان کـەسـانی تـایبـەتەوە دژ بـەژنان ئـەنجـام دەدرێن (بـەندی ٤). ئـەگـەرچـی لە ڕاگەیاندننامەکەدا بە ڕوونی ئەوە دەستنیشان نەکراوە کە توندوتیژی دژ بەژنان لەسەر بنەمای نێر و مێ پێشـێلکاریی مـافـەکانی مرۆڤـە، بەڵام مـادەی ٣ی مـافـەکـانی مـرۆڤ ئەوە ڕوون دەکـاتەوە کـە ژنان ئەو مافەیان هەیە.

پەسندکردنی ڕاگەیاندننامەکە تا کۆنفرانسی جیهانیی ڤیەننا لەسەر مـافەکانی مرۆڤ لە مانگی حـوزەیرانی ١٩٩٣ درێژەی کـێشـا[13]. سـەرباری کارەکـانی کـۆمیـتـەی دژ بـەهەڵاواردنی ژنان و پێشنیـازە گشتییەکانی ژنان لە تەک گفتوگۆکانی لەمەڕ ڕاگەیاندننامەکە. کۆنفرانسەکەی ڤیەننا گەلێک ڕووداوی تری توندوتیژیی لەسـەر بنەمای نێر و مێ لە یوگوسـلافیـای پێشـوودا خسـتە ڕوو. لە هەموو جیهانەوە ژنانی سەر بەڕێکخراوە ناحکوومییەکان سەرنجیان دابووە کۆنفرانسەکە وەکو دوانگەیەک بۆ دەرخـستنی دیـاردەکان، بۆ بەبیـرهێنانەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە بەکـەمگرتنی مێـژووییـنەی مـافـەکـانی ژنان. هـەروەها بـۆ بەبیرهێنانەوەیان لە کـەمتـەرخـەمـیکردن لە ناسـینی توندوتیژی لەسەر بنەمای نێر و مێ وەک کرۆکی مافەکانی مرۆڤ. ژمارەیەکی پێشبینی نەکراو لە ڕێکخـراوی ناحکوومـیی تـایبـەت بەمـافـە مـرۆییـەکانی ژنان بەشـدارییـان لە کۆنفرانسـەکەدا کـرد.

گەلێک چالاکی ئەنجـام دران بەتایبـەتـی لە دوانگەی ئەو ڕێکخـراوە ناحکومـییـانەی کە گـرینگی بەبابەتی توندوتیژی دژ بەژنان دەدەن. ئەوەی کە لە یاد نەچووە ئەو دادگە یەک ڕۆژییە بوو کە تێیدا قوربانییەکانی شێوە جیاوازەکانی توندوتیژی، شایەتییان لەسەر ئەزموونەکانی خۆیان و بێدەنگی و سستیی کاردانەوەی حکوومەتەکان دا.

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ئاکامی کۆنفرانسی ڤیەننادا(١٤)، زۆر لە یەکتر نزیک بووەوە، ئەمەش لە ڕووی: ئامـاژەکردن بـە بەرتەسککردنەوەی مـافـە مـرۆییـیـەکانی ژنان. هەروەها جـەختی لەسـەر ڕێکخـسـتنی ئەو دیدە جیـهـانییـە کردەوە کـە دەتوانێت مـافـە مـرۆییـیـەکـانی ژنان لەخـۆ بگرێت. کۆنفرانسـەکە توندوتیژی دژ بـەژنانی بەتایبـەتی لەکاتی شـەڕدا بەپێشـێلکاریی مافەکانی مـرۆڤ پێنـاسـە کـرد و داوای لە گـشت لایەنەکـانی نەتەوە یـەکگرتووەکـان کـرد کـە بەتـوندی ڕووبەڕووی ببنەوە(١٥). کۆنفـرانسـی ڤـیـەننا دەسـتـخـۆشـیـی کـرد لە بایەخـدان و مـەزەندەکردنـی بڕیارنامـەی– زیادەی تایبەت بەجەندەری مـافەکانی مرۆڤ، ئەمەش بەیەکەمین میکانیزم دەژمێردرێت لەم بوارەدا لە دامـەزراندنـی نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە لە سـاڵی ١٩٤٥وە، هەوڵی نوێنـەری تایبـەت بەمـافـەکـانی مرۆڤ لەسەر توندوتیـژی دژ بەژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ هۆ و ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە، هـانـی نەتەوە یەکگرتووەکـانی دا بۆ ئەوەی ڕاگـەیانـدنـنامــەی دژ بەتونـدوتیـژیـی دژ بەژنان پەسـند بکات. کۆنفرانسەکە یەکەمین هـێمای پشـتیـوانیی لە ئاستی ڕامـیاریدا دەربڕی، ئەمـەش لە ڕێگەی ئامـادەکردنی داواکـارییەک لە کۆمـیسـیۆن بۆ لەناوبردنی هـەموو جـۆرە هەڵاواردنێک. لەسـەر مـافی ژنانیش داوای لە کۆمیسیۆن و کۆمیتـە کرد کە بەخێرایی لێکۆڵینەوە بکەن لە ئەگەری ناسـاندنی مافی داواکردن لە ڕێگەی ئامادەکردنی پرۆتۆکۆڵێکی دڵخوازانە بۆ پەیماننامەکە(١٦).

بابەتەکانی پێشـێلکردنی مـافـەکانی ژنان بەتایبـەتی توندوتیژی دژ بەژنان لەسـەر بنەمای نێر و مێ جێی بایەخی نـەتەوە یەکگرتووەکان بوون، نەک تەنیـا بۆ دامـەزراوەکـانی تـایبـەت بەژنان لە ناو نەتەوە یـەکگرتووەکـانـدا بگرە بۆ ئـەو دەزگـەیانەش کـە لە بنـەڕەتدا وەکـو دامـەزراوەی سـەرەکـیی مـافەکانی مرۆڤ ناسـراون. کۆنفرانسـی جیـهانی بواری بۆ دیاردە دەرکـەوتووەکانی تر دەسـتـەبەر کرد: بۆ هەسـتـیـارێـتـیی جـەندەر، بەتایبـەتی سـەبارەت بەتوندوتیـژی لەسـەر بـنـەمـای نێر و مێ، بۆ دادگەی تاوانە نێونـەتەوەییـیـەکانی شـەڕ لەسـەر ڕووداوەکانی یـوگوسـلافـیـای پێشـوو(١٧). بۆ ئەو دادگەیەش کـە بڕیار بوو سـەبارەت بە ڕوەندا(١٨) دروست بکرێ. ئەم بـابەتانە گشت کـەوتنە پێش کۆتای کۆنفرانسـەکە، ئەوانەشی کە لە دوای کۆنفرنسـەکەدا ڕوویان دا برێتـی بوون لە: پەیمانی ١٩٩٤ لەسـەر بڕیاری مافەکانی مـرۆڤ (سی هێچ ئاڕ) کە دانانی نوێنەرێکی تایبەتی بۆ توندوتیژی دژ بەژنان پەسند کرد(١٩). کۆنفرانسی جیـهانی هەروەها بیرۆکەی یەکخسـتنی جـەندەری بۆ ناو سیستمی کاری مافەکانی مـرۆڤ پەسند کرد، لەگەڵ دانـانی بیرۆکەی جەندەر لـە بەشی بەڵگەنامە یاساییەکانی ڕۆما–ی دادگەی نێونەتەوەییی تاوان(٢٠). هـەروەها لەگەڵ پەسندکردنی بەڵگەنامەی ١٣٢٥ لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر ژنان بەناوی ئاشتی و ئاسایش(٢١).

کۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی لە چوارەمین کۆنفـرانسـی جیـهانیدا لـە بەیجین(٢٢) توانیی لـەسـەر ئەو

کارەی کە پێشتر لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان لەسەر –بنەمای جەندەر– کرابوو، لە ئاکامی ئەو کۆنفرانسەدا دوو لەو دوانزە لایەنانەی کە مەبەست بوون بناسێنێت، وەکو (دوانگە بۆ کردار)[٢٣]:
کە خوازیاری کرداری بەپەلەیە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی یەکسانیی جەندەر و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان. ئەم دوو لایەنە –توندوتیژی دژ بەژنان و ژنان لە کاتی ڕوودانی شەڕدا– هەردووکیان لە نزیکەوە پێوەندییان بەلایەنێکی تری گرینگەوە هەیە کە ئەویش مافە مرۆییەکانی ژنانە. ئەگەرچی دووانگە ئەو پێناسەیە پەسند دەکات کە لە ناو ڕاگەیاندننامەی لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژناندا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا چەند شێوازێکی تری توندوتیژی دەستنیشان دەکات کە لەناو ڕاگەیاندننامەکەدا بە ڕوونی دیاری نەکراون. ئەو شێوازە توندوتیژییانەی کە لەسەر بنەمای جەندەرن و هەر لە سەرەتای پەسندکردنی ڕاگەیاندنامەکەوە ئاشکرا و ڕوون بوون، بریتین لە: پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە بارودۆخی شەڕدا، بەزۆر لەزاوزێ خستن و لەباربردن، زۆرلێکردن یان زۆر لێکردن بۆ بەکارهێنانی کۆندۆم، حەبی سکپڕنەبوون، کوشتنی ساوای مێینە لە سکدا و هەڵبژاردنی ڕەگەز پێش لەدایکبوونی منداڵ. هەروەها ڕوون کراوەتەوە کە ژنان لە هەموو وڵاتاندا لە ژێر مەترسیی توندوتیژیدان لەسەر بنەمای– جەندەر، ئەمەش بەبێ جیاوازیکردن لە کولتوور، ئاست و داهاتیان. دووانگە دیاری دەکات کە هەندێک گرووپ لە ژنان لە بارێکی لاوازدان، وەکو ئەو ژنانەی کە سەر بەکەمایەتین، ژنانی خۆماڵی و ژنانی کۆچبەری کارکەر[٢٤]. دووانگە سێ ئامانجی ستراتیجی بۆ لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنان دامەزراند: تێگەیشتن لە هۆ و ئاکامی توندوتیژی دژ بەژنان، لە کاریگەرێتی ئەو تێکۆشانەی کە دەخرێتە گەڕ بۆ لەناوبردنی بازرگانی بە ژنەوە و دەستگیرۆیی ئەو ژنانەی کە بەهۆی سۆزانیکردنەوە تووشی توندوتیژی دەبن[٢٥]. ئەو پێشنیازانەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ئەم ستراتیجە کراون لەبنەڕەتدا ئاراستەی حکوومەت کراون. لە پێشنیازەکاندا حکوومەتەکان بانگهێشتن کراون بۆ ئەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لە کاتی خۆیدا تاوانبار بکەن لە ڕێگەی: ڕێگرتن، لێکۆڵینەوە، سزا، جێبەجێکردنی پێوەرە نێونەتەوەییەکان، یارمەتیی میکانیزمە نێونەتەوەییەکان، پەسندکردن و جێبەجێکردنی پێوەرە یاساییەکان و بەگشتی بەهێزکردنی ئاستی هۆشیاری لەبارەی توندوتیژی دژ بەژنان. لەتەک دەستگیرۆیی کردنی ئەوانەی کە بە دەست توندوتیژییەوە دەناڵن.

## لەودیو دوانگەوە

نزیکەی ١٠ ساڵێک دەبێ کە دوانگەی بەیجین بۆ کردار پەسند کراوە. لەو ماوەیەدا گەلێک هەنگاو لەپێناو بەکردارکردنی پێشنیازەکان نراون. ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی دوانگە لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠دا کۆتایی پێ هات. ڕاپۆرتەکە ئەم بابەتانە دەناسێنێت: بەرنامە، چاککاریی ڕامیاری، ناساندنی شێوەی خزمەتکردن و دەستگیرۆیی، هاریکاریی پەروەردە، هاریکاریی پشتیوانی بۆ ئامادەکردن بەبایەخەکان و هەڵسوکەوتەکان. هەروەها ناساندنی کرداری پێوەست بەو

توندوتیژییانەی کە دژ بەژنان دەکرێن. ئەم هەنگاوانەش لەلایەن ولاتانی جیاوازەوە پەیڕەو دەکرێن، وەکو: بێلیز، کۆلۆمبیا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئیسرائیل، تورکیا، پاکستان، جەزائیر و پۆڵۆنیا[٢٦] پێشکەوتنی زیاتر لە وەلامی ئەو ڕاپرسییەدا دەرکەوت، کە بەمەبەستی زانینی ئاستی پێشکەوتن لە دە ساڵی ڕابردوودا بلاو کرابووەوە. ئەم کارەش بۆ: خۆئامادەکردن، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەو ١٠ ساڵە بوو کە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە ڕێکخرابوو لەسەر باری ژنان لە ڕاگەیاندننامەی بەیجیندا بۆ ساڵی ٢٠٠٥. هەروەها لەسەر دوانگە بۆ کردار و ئاکامی بەڵگەنامەی بیست و سێیەمین دانیشتنی تایبەتی ئەنجوومەنی گشتی، لەسەر بەیجین+ ٥.

لەناو سیستمی نەتەوە یەککگرتووەکاندا کار لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان درێژەی هەیە. ئەم کارەش بووە بەئامانجی هەموو لایەنەکانی سیستمەکە، وەکو: فەرمانگەی بالای نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، فەرمانگەی بالای ڕاپەڕین بۆ پەنابەران، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، یارمەتیی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ دانیشتووان، یارمەتیی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ مندالان، یارمەتیی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ گەشەسەندن بۆ ئەو ژنانەی کە لەناو بەرنامە تایبەتییەکەدان یان ئەو بەرنامانەی کە پێوەندییان بەتوندوتیژی دژ بەژنانەوە هەیە لەسەر بنەمای جەندەر. قەوارە ڕامیارییەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان بەردەوام ئەو بڕیارنامانە پەسند دەکەن کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەسەر بنەمای جەندەر دانراون، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێوەندییان بەشێوازە جیاوازەکانی توندوتیژی دژ بەژنانەوە هەیە یان بەو ژنانەی کە بەتایبەتی ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. ئەو بڕیارنامانەی کە بۆ ئەم دیاردانەی خوارەوە تەرخان کراون بەئاشکرا و بێ مەرج پەسند دەکرێن، وەکو: بازرگانی بەژنانەوە، توندوتیژی دژی ئەو ژنانەی کە کۆچەرن و کار دەکەن، ئەو نەرێتانەی کە کار دەکەنە سەر لەشساخیی ژنان و کچان و بڕینی ئەندامی سێکسی مێینە[٢٧]. نەتەوە یەککگرتووەکانیش، لە دانیشتنی ٢٠٠٣دا[٢٨]، خوازیاری بەدواداچوونی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دژ بەژنان بوو. کۆمیتەی پاراستن و پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ ئاگەدارە لە: گەشەپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لە بابەتی ئەو ڕەفتارە نەرێتییانەی کە کار دەکەنە سەر لەشساخیی ژنان و کچان، لە شێوە نوێکانی کۆیلەداری و کۆیلەئاسایی. کۆمیتەی تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەککگرتووەکان بەدواداچوون دەکات بۆ ئەو شێوازە توندوتیژییانەی کە دژ بەژنان دەکرێن. ئەو شیوازانەی کە دەکەونە ناو چوارچێوەی بەرنامەی کارەوە. سالانەش ڕێگەچارە بۆ گرفتەکان دەدۆزرێنەوە و بڕیاریان لەسەر دەدرێت. ئێستا نەک تەنیا کۆمیتەی لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنان ئاماژە بەشێوازەکانی توندوتیژی دەکات، بگرە: کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمیتەی دژ بەئازاردان، کۆمیتەی لەناوبردنی جیاخوازیی ڕەگەزی، کۆمیتەی ئابووری، کۆمیتەی مافە کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان، کۆمیتەی مافەکانی مندالانیش هەمان کار دەگرنە ئەستۆ. ئەم ڕێکخراوانە لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ ولاتانی بەشدار، لە لیستی بابەتەکانیان، لە پرسیارەکانیان، لە سەرنجەکانیان، لە ڕاپۆرتی ولاتانی بەشدار و پێشنیازە گشتییەکانیاندا پەیتاپەیتا لەسەر شێوازەکانی توندوتیژی دژ بەژنان و کچان دەدوێن. دەنگی نوێنەری تایبەت لەناو بزووتنەوەی

مافەکانی مرۆڤدا لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان دەنگێکی بەهێزە. ئێستا لایەنەکانی تری پێوەست بەمافەکانی مرۆڤ بەنوێنەرانی تایبەتی ولاتانیشەوە بابەتی توندوتیژی دژ بەژنان دەخەنە ناو بەرنامەی کار و ڕاپۆرتەکانیان.

## تاوانەکانی شەرەف

هەڵسەنگاندنی پێشوو مەبەستی ئەوە بوو پێشانی بدات کە چۆن بابەتی توندوتیژی دژ بەژنان لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک بابەتێکی گرینگ بیری لێ دەکرایەوە. ئەگەرچی لە دەستپێکدا ئەم هەڵسەنگاندنە زیاتر سەرنجی لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان لەناو خێزاندا هەبوو، بەڵام ئێستا مەودای چالاکییەکانی بەرفرەوانتر کردووە. لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا توندوتیژی دژ بەژنان لە ڕووی ڕاگەیاندننامەی لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنانەوە بەواتای هەموو کارێکی توندوتیژی دێت لەسەر بنەمای جەندەر. واتە توندوتیژییەکە ببێتە هۆی یان لەوە بچێت ببێتە هۆی بریندارکردنی لەش، هەست و ئازار بۆ ژنان، وەکو هەڕەشە، زۆرلێکردن و بێبەشکردنی بێ هۆ لە ئازادی. ئەم کردارانە ئەگەر لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا ڕوو بدەن یان لەلایەن حکوومەتەوە ئەنجام بدرێن بەیەک چاو تەماشا دەکرێن. ڕوونتر، ئەم دیاردەی توندوتیژییە کاری ڕووداو و ڕێکەوت نییە، ڕەفتارێکە پێوەندیی بەنابەرابەری لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە. ئەمە ستراتیجێکە بۆ پاراستن و درێژەپێدانی ئەو نابەرابەرێتییە.

لە ساڵی ١٩٨٤، کۆمیتەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگری لە هەڵاواردن و، پاراستنی کەمایەتییەکان (ئێستا کۆمیتەی هاندان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە). گرووپێکی دامەزراند بۆ ئەوەی ئاماژە بدەن بەو کردارە نەریتییانەی کە کار دەکەنە سەر لەشساخیی ژنان. لیستێکیشی لەو نەریتە زیانبەخشانە دارشت بۆ لێکۆڵینەوە. ئەگەرچی وا نیاز بوو تاوانی شەرەف بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە بەڵام خەتەنەی مێیینە پێش ئەو خرا. لە ساڵی ١٩٨٨، کۆمیتەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان حەلیمە ئیمبارەک وەرزازی دامەزراند، بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری تایبەت لەسەر ئەو کردارە نەریتییانەی کە کار دەکەنە سەر لەشساخیی ژنان و کچان. بەگشتی ڕاپۆرتەکانی وەرزازی وردە سەرنج بوون لەسەر خەتەنەی مێیینە یان برین بەگشتی. سەرەڕای ئەوە هەر لە ١٩٩٩وە نوێنەرە تایبەتەکانی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان داوە لە بابەتی تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف. ئەم بابەتە سەرەتا لەلایەن قەوارەکانی پەیمانەکە بەرز کرایەوە، یەکەم جار لە پێشنیازە گشتییەکانی کۆمیتەی نەهێڵانی هەڵاواردنی دژ بەژنان و پاشان لە گفتوگۆ بەسوودەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە بەشدارانەی کە ڕاپۆرتەکانیان پێشکێش دەکرد.

پێشنیازە گشتییەکانی کۆمیتەی لە ناوبردنی هەڵاواردن دژ بەژنان ١٩ دەری خست کە دانانی یاسای داماڵینی دەسەڵاتی بەرگریکردن لە تاوانبار لە کاتی کوشتنی ئەندامێکی مێینەی خێزانەکەیدا، یەکێک بووە لەو هەنگاوانەی کە پێویست بوون بۆ زاڵبوون بەسەر توندوتیژی لەناو خێزاندا[٢٩]. کۆمیتە لە ١٩٩٧دا گفتوگۆی لەسەر کوشتن لەسەر شەرەف لەگەڵ تورکیادا دەست پێ کرد. لە کۆتای گفتوگۆکانیدا دوو کۆپلەی لەسەر "کوشتن لەسەر شەرەف" لەو وڵاتەدا خستە سەر سەرنجە تۆمار کراوەکانی. لە سەرنجەکانیدا نیگەرانە لەوەی کە تورکیا سزای سووکی بۆ بکوژانی "شەرەف" بڕیوەتەوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو یاسا نێونەتەوەییەیە کە ڕێز بۆ ژیانی مرۆڤ دادەنێت و دەیپارێزێت[٣٠]. کۆمیتە پێی وایە کە کرداری بەناو بۆ "شەرەف کوشتن" بەبیانووی نەریتەوە پێشێلکاریی مافی ژیان و ئاشتیی مرۆڤە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ یاسا بەشێوەیەکی شیاوتر دابنرێت[٣١]– کۆمیتە هەمان نیگەرانیی لە هەمان ساڵدا ئاراستەی ئیسرائیل کرد[٣٢]. لە ساڵی ٢٠٠٠یشدا نیگەرانیی خۆی بەرامبەر چەند بەندێکی یاسای سزای ئوردنی دەربڕی کە تاکو ئێستا پێشێلکاری مافەکانی ژنانن. بەتایبەتی مادەی ٣٤٠ی یاساکە کە لەو پیاوە دەبوورێت کە ژنەکەی دەکوژێت یان برینداری دەکات، یان لەو کەسەی کە خزمێکی مێیینەی بکوژێت لەکاتی خەوتن لەگەڵ کەسێکدا بەبێ مارەبڕین[٣٣]. کۆمیتە داوای لە ئوردن کرد کە هەنگاوی پێویست هەڵبنێت بۆ سڕینەوەی هەرچی زووتری مادەی ٣٤٠ لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵمەتی وشیارکردنەوە بۆ ئەوەی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە ڕسوا بکرێت[٣٤]. دووبارە کۆمیتە لە ساڵی ٢٠٠٠دا نیگەرانیی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو توندوتیژییەی کە لە ڕێگەی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە عێراقدا ئەنجام دراوە[٣٥]. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٤ هەمان نیگەرانیی دەربڕی بەرامبەر: میسر، هۆڵەندا، ئورگوای، یەمەن و بەرازیل[٣٦].

سەرەڕای ئەو پێشڕەوییەی کە کۆمیتەی لەناوبردنی هەڵاواردنی ژنان لەم بوارەدا کردی. کۆمیتەی مافی منداڵانیش یەک لەو داواکارییانەی کە لە ساڵی ٢٠٠١دا[٣٧] لە تورکیای کردبوو، بریتی بوو لە داواکردنی زانیاری لەسەر "کوشتن لەسەر شەرەف". چەند کۆپلەیەکیشی لەسەر ئەم بابەتە خستە سەر لێکۆڵینەوەکەی[٣٨]. شێوازی هەڵسوکەوت و بەرنامەی ئەم کۆمیتانەی سەرەوە لەلایەن کۆمیتەکانی ترەوە بەکار هێنراوە وەکو لەلایەن: کۆمیتەی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزیی و کۆمیتەی دژ بەئازاردان[٣٩] لەکاتی گفتوگۆکردنیاندا لەگەڵ وڵاتانی بەشداردا[٤٠]. هەروەها، کۆمیتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مافە کولتوورییەکانیش ئاماژەیان بۆ بابەتەکە کردووە و دەستخۆشییان لە تونس کردووە بەبۆنەی سڕینەوەی داننانی یاسای بەتاوانەکانی شەرەف[٤١]– کۆمیتە نیگەرانیی بەرامبەر هەڵاواردنی دژ بەژنان لە کۆمەڵگەی سووریا دەربڕی. بەتایبەتی بەرامبەر بەو سزا توندانەی کە بۆ زینا دانراون و تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف.[٤٢] کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ ئەم بابەتانەی بەرز کردەوە، بۆ نموونە لە تێبینییەکانی ساڵی ١٩٩٧یدا لەسەر

عێراق[٤٣] و لەوانەش کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سوئید پەسند کرابوون[٤٤]، کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ لە ٦٨مین دانیشتنیدا لە ٢٠٠٠دا پشتگیریی خۆی لە بەندی سێی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافەکانی هاووڵاتی و مافە ڕامیارییەکان دەربڕی. مافی یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە: ئەو تاوانانەی کە بەناوی شەرەفەوە کراون و بێ سزا دەمێننەوە دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئاشکرای ڕێککەوتننامەکە. هەروەها ئەو یاسایانەی کە لەسەر زینا یان لەسەر سەرپێچیی ترن و سزای سەختتر لە پیاوان بەسەر ژناندا دەدەن پێشێلکاریی مافی یەکسانیی نێوان نێر و مێن[٤٥].

ئاشکرایە کە قەوارەی هەموو پەیماننامەکان "تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف"یان وەک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم داوە. هەرچەندە ئەم تاوانانە لەلایەن کەسانی ناحکوومییەوە ئەنجام نەدرابن بەڵام یاسای حکوومەتەکە بوار بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانانە ڕەخساندووە. یان زۆر جار حکوومەتەکان ناتوانن بەکارامەیی کار بکەن بۆ ڕیشەکێشکردنی خوو و نەریتە لاسارەکان. تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف زۆر جار لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە ئەنجام دەدرێت. قەوارەکان لە پەیمانە تایبەتییەکانیاندا هەندێک مافیان ناساندووە و لەو جێیەی کە پێوەندیی بە"کوشتن لەسەر شەرەف" هەیە لەسەری ڕێکەوتوون، وەکو: مافی ژیان، مافی جیابوونەوە، مافی یەکسانی لە ئاست یاسادا، مافی ئازادی و ئاسایشی کەسی، مافی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری ئازار و دڕندەیی دژ بەمرۆڤ و مافی سووکایەتی پێنەکردن یان سزانەدان. سەرنجە گشتییەکانی ١٩ی کۆمیتەی لەناوبردنی هەڵاواردنی دژ بەژنان، ڕاگەیاندننامەی لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنان و سەرنجی گشتیی ٢٨ی مافەکانی مرۆڤ ئەم مافانەیان ناساندووە، بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم دیاردەی توندوتیژییانە دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جەندەر. هەروەها بەپێی یاسای نێونەتەوەیی، حکوومەت بەرپرسە لەو چالاکییانەی کە وەک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دراون[٤٦]. ئەم ڕوانگەیە لەوانەیە قەوارەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە بکاتەوە لە کاتی دانوستاندن لەگەڵ وڵاتانی بەشداردا. ئەگەر حکوومەت پەیڕەوی ئەو پەیمانە نێونەتەوەییانەی نەکرد کە بۆ هاووڵاتی و مافە سیاسییەکان ئامادە کراون بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی دژ بەژنان[٤٧]، ئەوا لەو بارەدا ئەو کەسانەی کە قوربانیی ئەم جۆرە پێشێلکارییانەن لەوانەیە بتوانن لە ڕێگەی ئەم پرۆتۆکۆڵەوە داوای یارمەتی بکەن[٤٨]. کۆمیتەی دژی ئازاردان و کۆمیتەی لەناوبردنی هەڵاواردنی دژ بەژنان دەتوانن زانیارییان لەسەر بابەتەکان پێ بگات. کۆمیتەکان لەوانەیە لەلایەن خۆیانەوە ئەو زانیارییانە لە پرۆسەی دۆزینەوەی ڕاستییەکاندا بەکار بهێنن. پرۆسەکەش لەوانەیە دەری بخات کە ئەشکەنجە بەشێوەکی سیستماتیکی بەکار هاتووە[٤٩]. یاخۆ دەری بخات کە پێشێلکاریی سیستماتیک دژ بەو مافانە دەکرێت کە لە ناو ڕێککەوتننامەکەدا هەیە[٥٠] تاکو ئێستا کۆمیتەی دژ بەئازاردان هەشت لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە، لە کاتێکدا کۆمیتەی نەهێڵانی هەڵاواردن دژ بەژنان یەک لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە بەتایبەتی لەسەر بابەتەکانی توندوتیژی دژ بەژنان لە مەکسیکۆ[٥١].

نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بەتوندوتیژی دژ بەژنان لە گەڕان بۆ دۆزینەوەی تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف بەردەوام بووە. ئەم کارەشی لە چوارچێوەی ئەو ڕێنوێنییانەدا ئەنجام داوە کە بۆ بابەتی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ داڕێژراون. ئەو ڕاپۆرتە کاتییەی کە حەلیمە بۆ پەنجایەمین دانیشتنی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی بەرز کردەوە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا. ئەو ڕاپۆرتەشی کە بۆ ٥٢مین دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئامادە کرد لە ١٩٩٦دا هەمان کاریگەریی هەبوو. چەند ڕاپۆرتێکی تر وەکو ڕاپۆرت سەبارەت بەتوندوتیژیی خێزانی لە بەرازیل بۆ ٥٣مین دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی١٩٩٧دا. ڕاپۆرت لەسەر پاکستان و ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٩دا. ڕاپۆرت بۆ دانیشتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵانی ١٩٩٨–١٩٩٩. پاشکۆی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١دا و ئەوانەشی کە سەبارەت بەگفتوگۆی نێوان خۆی و حکوومەتەکان بوون[٥٢]. ئەو ڕاپۆرتەی کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا بۆ ٥٨ـەمین دانیشتنی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئامادە کرد لەسەر توندوتیژیی کولتووری دژ بەژنان لە ناو خێزاندا[٥٣]. لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەوە دەردەکەوێت کە: لە هەندێک وڵاتدا کوشتنی ژنان تەنیا لەلایەن مێرد، باوک، برا و خاڵەوە ئەنجام نەدراوە. هەندێک جار بۆ ئەوەی سزای تاوانەکە سووکتر بکرێت نێرینەیەکی کەم تەمەنی ناو خێزانەکە بەکارەکە هەستاوە. ڕاپۆرتەکەی حەلیمە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم تاوانانە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئاینی نەبوون بگرە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی نەریتی ئەنجام دراون. نوێنەری تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە هەندێک وڵاتدا بە بەرازیلیشەوە چەند بڕیاری دژبەیەک هەبوون لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەریدا لەسەر بەرگری لە تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف. گەلێک جار بەندە یاساییەکان پشتگوێ دەخرێن یان بەلایەکدا دادەتاشرێن. سزا یاساییەکانی پێوەندار بەتاوانی کوشتن لەسەر شەرەف لەم چەند وڵاتەدا پشتگوێ خراون وەکو: ئەرجەنتین، بەنگلادیش، ئیکوادۆر، میسر، گواتیمالا، کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیسرائیل، ئوردن، لبنان، پیرۆ، کۆماری عەرەبیی سوریا، تورکیا و فەنزەویلا. نوێنەری تایبەت دەری خست کە دادگەی تاوان لە عەممان سزای مەرگی بۆ ئەو دوو پیاوە دەرکرد کە بۆ پاککردنەوەی شەرەفی خێزانەکەیان خزمێکی شەست ساڵەی خۆیان کوشت. نوێنەری تایبەت لە ڕاپۆرتەکەیدا بەتایبەتی لە پاشکۆی ئەو ڕاپۆرتەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانی ئامادە کردبوو، تێیدا ئەو گۆڕانانەی کە لە بواری توندوتیژی دژ بەژنان[٥٤] لە ئاستی نێونەتەوەیی، هەرێمی و نەتەوەییدا ڕوویان دابوو دەستنیشان کرد و گەلێک زانیاریی بەکەڵکیشی لەسەر بابەتەکە پێشکێش کرد.

نوێنەری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر سەربەخۆیی دادوەر و پارێزەران[٥٥]، نوێنەری تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لەسەر ئازادی ئاین و باوەڕ[٥٦]، نوێنەری تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لەسەر ئەو سزایانەی کە بەبێ بڕیاری دادگە و سەربەخۆ لەلایەن حکوومەت یان کەسێکەوە ئەنجام دەدرێن. ئەم نوێنەرانە گشتیان وەکو بەشێک لە کارەکانیان

گفتوگۆیان لەسەر تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف کردووە. نوێنەری تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ سەبارەت بەو سزایانەی کە بەبێ بڕیاری دادگە و سەربەخۆ لەلایەن حکومەت یان کەسێکەوە ئەنجام دەدرێن، لەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ دانیشتنەکانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ئامادەی کردبوون، دەستنیشانی ئەوەی کردبوو کە لە نزیکەوە کاری لەگەڵ نوێنەرانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان و سەربەخۆیی دادوەر و پارێزەران بۆ چاودێریکردنی ڕووداوەکانی کوشتن لەسەر شەرەف کردووە، بۆ چاودێریکردنی ئەو تاوانانەی کە حکومەت پشتگیریی لێیان کردووە یان ژێربەژێر بکوژانی پاراستووە و خۆی لێیان گێل کردووە. نوێنەری تایبەت ئەو وڵاتانەی بەنموونە هێناوەتەوە کە بەئاشکرا نارەزایەتییان لە کرداری کوشتن لەسەر شەرەف ڕاگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت کە زۆربەی وڵاتان هەنگاوی ڕژدیان نەناوە(٥٧).
نوێنەری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لەو ڕاپۆرتەی کە بۆ دانیشتنی ساڵی ٢٠٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئامادەی کردبوو ڕای گەیاند کە بە بەردەوامی ڕاپۆرتی لەسەر کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف پێ گەیشتووە. هەروەها دەڵێت کە ڕابەرانی موسوڵمان و ڕۆشنبیران تاوانەکانیان سەرزەنشت کردووە، لە هەمان کاتدا دڵگرانیی خۆی لە حکومەت دەربڕی لەسەر ئەوەی کە ژنانی هەڕەشە لێکراو دەخاتە بەندیخانە و ماڵی چاککاری. نوێنەری تایبەت پێشوازیی لە دەستپێشخەریی ئوردن و تورکیا کرد لە ئاماژەکردنیان بەتاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف. نوێنەری تایبەت لە پاشکۆی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٠دا(٥٨) و، لە ڕاپۆرتی ٢٠٠١یدا(٥٩)، ئەوە دەستنیشان دەکات کە قەوارەیەکی دەستووری لە پاکستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕای گەیاندووە کە تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف لەگەڵ ڕێبازی ئیسلامدا ناگونجێن. هەروەها لە ڕاپۆرتەکانی ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ و لە کۆبوونەوەکانی ساڵی ٢٠٠٤ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی بەتاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف کردووە(٦٠).

هەر وەک قەوارەی ڕێککەوتننامەکان، نوێنەرە تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان حکومەت بەرپرس دەبینن: لە ڕەفتارەکانی ئەندامانی خێزان، لە ئاست کاربەدەستان و هاووڵاتییان. دەبێ حکومەت ئەرکی پاراستنی مافی هاووڵاتییان لە ئەستۆ بگرێت و بنەمای مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکات. ئەم ئەرکانەش لە بەندی ٤ (سێ)ی ڕاگەیاندننامەی لە ناوبردنی توندوتیژی دژ بەژناندا ڕوون کراوەتەوە. دەبێ بەپێی ئەم بەندە ڕێگە لە ئەنجامدانی تاوان بگیرێت. دەبێ بەپێی یاسای نەتەوەیی لێکۆڵینەوە لە تاوان بکرێت و سزای ئەوانە بدرێت کە توندوتیژی دژ بەژنان بەکار دێنن، بەبێ چاوپۆشیکردن لەوەی کە سەرپێچییەکان لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دراون یان لەلایەن کەسانی ترەوە.

## قەوارە ڕامیارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەتەنگەوەهاتنی قەوارەکانی ڕێککەوتننامەگەلی تایبەت بەمافی مرۆڤ، لەگەڵ نوێنەرە تایبەتییەکانی مافەکانی مرۆڤی سەر بەکۆمیسیۆنی تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وای کرد بابەتی تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف بێتە ناو قەوارە ڕامیارییەکانی

نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. لە بڕیارنامەی ساڵی ٢٠٠٠-٣١ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ٥٦ مین دانیشتنیدا پەسند کرا لەسەر ئەو سزایانەی کە بەبێ بڕیاری دادگە لەلایەن حکوومەتەوە یان کەسێکەوە جێبەجێ دەکرێن، کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بەنیگەرانییەوە دەڵێت: زۆربەی ئەو کەیسی کوشتنانەی کە لەلایەن نوێنەرانی تایبەتی مافەکانی مرۆڤەوە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان ڕاگەیەندراون بەناوی ڕق یان شەرەفەوە ئەنجام دراون، یان بەناوی ئارەزووی سێکسی یان کەسەکان لەسەر چالاکیی ئاشتیخوازانەیان کوژراون وەکو کوشتنی ئەو کەسانەی کە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکەن یان کوشتنی ڕۆژنامەنووسان.

کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ داوای لە حکوومەتەکان کرد کە هەرچی زووترە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم کوشتنانە بکەن و تاوانباران ڕاپێچی دادگە بکەن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو تاوانانە لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتەوە ئەنجام نەدراون یان چاوپۆشییان لێ نەکراوە[٦١]. مانگێک دوای ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٣مین دانیشتنی تایبەتیدا پێداچوونەوەی بۆ پرۆژەی ٥ ساڵەی جێبەجێکردنی "دوانگەی بەیجین بۆ کردار" کرد، کە تێیدا داوا لە حکوومەتەکان کرا کە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

گەشەپێدان، پەسندکردن، جێبەجێکردنی یاساکان بەتەواوی و هەڵهێنانی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستن. بەرنامەی گونجاو دابڕێژن بۆ وشیارکردنەوەی دانیشتووان و ڕیشەکێشکردنی نەریتە زیانبەخشەکان. هەروەها بۆ بنبڕکردنی نەریتی بڕینی ئەندامی سێکسیی مێینە و زوو بەشوودان. تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف پێشێلکاریی مافەکانی مرۆییی ژنان و کچانن. ئەم ڕەفتارانە تەگەرەن لە بەردەم مافە مرۆیی و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان. پێویستە لەم پێناوەدا بەهاوکاریی ژنان و دەستگاکان گوڕ بەتێکۆشان بدرێت بۆ ئەوەی دانیشتووان وشیار بکرێنەوە و تێبگەیەندرێن کە چۆن ئەم نەریتە زیانبەخشانە مافە مرۆییەکانی ژنان پێشێل دەکەن (٦٩-ئی).

دانیشتنی تایبەت، داوای لە هەموو بەشداربووانیش کرد: هاوکاریی زیاتر بکەن، بەهەڵمەت بن، یاسا نەتەوەییەکان بەکارایی جێبەجێ بکەن. هەنگاوی پێویست هەڵنێن بۆ نەهێڵانی توندوتیژی دژ بەژنان و کچان. ئەمانە و لیستێکی تری بەدوادا هات کە لەسەر شێوازی تری توندوتیژی دژ بەژنان بوو، وەکو تاوان بەناوی شەرەف و تاوان بەناوی ڕقەوە[٦٢]. هەندێک لەو ڕێکخراوە ناحکومییانەش کە بەشدارییان لە دانیشتنە تایبەتەکەدا کرد، تیشکیان خستە سەر ئەم شێوە توندوتیژییانەی دژ بەژنان و داوای جێبەجێکردنی دەستبەجێی یەکسانییان کرد و بەڵگەیەکیشیان لەسەر هەڵاواردنە یاساییەکان پێشکێش کرد. بەڵگەکە ئەو بیانوو و چاوپۆشییانەی تێدا بوو کە وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیهێننەوە بۆ پۆشینی تاوانەکانی شەرەف[٦٣]. بۆ ئەم مەبەستەش بۆنەیەکی گەرم و گوڕیان لە پەراوێزی دانیشتنە تایبەتەکەدا ڕێکخست. لە بۆنەکەدا ئاکامی هەڵاواردنی یاساکان بەشێوەیەکی هونەریی لەلایەن هونەرمەندێکی زۆر بەتواناوە پێشان درا. هەر لە ڕاگەیاندنی پێوەست بەدانیشتنە تایبەتەکەی ١٠- ٦-٢٠٠٠، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند کە دڵخۆشە بەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری کارکردن لەسەر

بابەتە نوێکانی تاوانی شەرەفدا هاتوونەتە کایەوە[٦٤].

ویستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ئاماژەکردن بۆ تاوانی شەرەف لە پێشەکیی پەرەگرافێکی بڕیارنامەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤدا، لە تەک دوو پەرەگرافی ئاکامی دانیشتنە تایبەتەکە، هانی نوێنەری هۆڵەندای دا کە خۆی پێشتر لە ساڵی ١٩٩٧ لە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانیی کردبوو لە ڕێککەوتننامەی دژ بەکردارە نەریتییەکان[٦٥]، ئەو کردارانەی کە زیان بەلەشساخیی ژنان و کچان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی ڕەشنووسی ئەو بڕیارە بڵاو بکاتەوە کە لەسەر تاوانی شەرەف بوو، ئەو تاوانانەی کە بەتاوانی نەریتی یان ئەو کردارانەی کە تاوانی دژ بەژنان قورستر دەکەن لەگەڵ ئەو تاوانانەی کە بەناوی شەرەفەوە کراون. هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن هۆڵەنداوە. فلیمێکی بەڵگەیی بەناوی تاوانەکانی شەرەف لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشان درا. بەشێکی زۆری فلیمەکە لەسەر ئوردنە. هەندێک کەس وا لە فلیمەکە گەشتن کە گوایە دەیەوێت ئیسلام بەتوندوتیژی دژ بەژنان و تاوانگەلی شەرەفەوە ببەستێتەوە.

سەرۆکی گرووپی ئیسلامی نامەیەکی پێشکێشی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لەگەڵ پاشکۆی ڕاگەیاندنی گرووپەکە. نامەکە لە ٢- ١٠- ٢٠٠٠دا لە ئاستی باڵیۆزدا وەرگیرا[٦٦]، تێیدا هاتووە کە: وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی وەکو وڵاتانی تری ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پابەندن بەپەیڕەوکردنی ئەرکەکانیان لە ژێر بڕوای پەسندکراوی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا. پەیمانیان داوە کە بەربەرەکانێی هەموو شێوەیەکی کوشتنی مرۆڤ بکەن بەتایبەت ژنان. پەیمانیان داوە کە بەربەرەکانێی ئەو توندوتیژییانە بکەن کە بەناوی ڕق، شەرەف، ڕەگەز، لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادگە و بەناڕەوایی دژ بەمرۆڤ دەکرێن. وڵاتانی ئەندامی کۆنفرانس بەردەوام لە ڕیزی پێشەوە بوون لە سەرزەنشتکردنی کوشتنی مرۆڤ، بەتایبەتی کوشتنی ژنان و کچان جا بەهەر بیانوویەک بووبێت. ئەندامانی کۆنفرانسی ئیسلامی ئەم باوەڕەیان لە کۆنفرانسە جیهانییەکاندا و لە قەوارە پێوەندارەکانی سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربڕیوە. هەروەها بەبێ لەڕوودامان دەنگیان بەرزکردووەتەوە و سەرزەنشتکار و بەرهەڵستکاری هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دژ بەژنان بوون.

ڕاگەیاندنەکە دووپاتی کردەوە کە هیچ پاساوێک نییە بۆ کوشتنی ژنان و کچان لە ژێر ئاڵای هیچ کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەکدا و بەناوی ڕق، شەرەف یان ڕەگەزەوە. هەروەها بەناوی فێرکردن، نەرێت و نرخە ئیسلامییەکان[٦٧]. ئەو تێگەیشتنەی کە لەسەر پێوەندیی دوو لایەنەی بڕیارنامەکە هەبوو، دیسانەوە لە گفتوگۆکانی ڕەشنووسی بڕیارنامەکەدا سەری هەڵدایەوە. نیگەرانیی ئەوەی هێنایە ئاراوە کە گوایە لە ناو بەڵگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لێڵییەک لە تێگەیشتن لە دیاردەی تاوان بۆ شەرەف و تاوان لە ڕقدا هەیە. ڕەشنووسی بڕیارنامەیەکی تر ئامادە کرا لە ژێر ناوی "لەناوبردنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەتاوانەکانی دژ بەژنانیشەوە"[٦٨].

کارکردن لەسەر هەردوو بڕیارنامەکە لە کۆمیتەی سێیەمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٣- ١١-

٢٠٠٠دا دەستی پێ کرد. گەلێک پێشنیازی تایبەت و ئاڵۆز هاتنە پێشەوە، تاکو دواجار کۆدەنگییەک لەسەر هەردوو بڕیارنامەکە هاتە کایەوە. یەکەم بڕیارنامە ناوی "کارکردن بەرەو لەناوبردنی تاوانەکانی دژ بەژنان" بوو، وەک ئەوانەی کە بەناوی شەرەفەوە ئەنجام دەدرێن[٦٩]، دووەمیان لەسەر لەناوبردنی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دژ بەژنان بوو کە بەرهەمی ٢٣مین دانیشتنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ژێر ناونیشانی"ژنانی دوو هەزار: یەکسانیی نێر و مێ، گەشەکردن و ئاشتی بۆ سەدەی ٢١".

باڵیۆز "ئەی- پیتەر ڤان واڵسەم"، نوێنەری هەمیشەیی پاشانشینی هۆڵەندا لە ١-١١-٢٠٠٠ لە ڕێگەی وتارێکەوە بۆ ناساندنی بڕیارنامەکەی پێشوو، گوتی: ئاکامی بەڵگەی بەیجین + پێنج: یەکەمین ئامرازی پەسندکراوی جیهانی بوو کە بە ڕوونی دانی بە"تاوان بۆ شەرەف"دا نا. ڕەشنووسی بڕیارنامەکە ناونرایەوە، چونکە لە ناوبردنی تاوانی بۆ شەرەف پرۆسەیەکە پێویستی بەهاوکاریی کۆمەڵگەیە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی: یاسای پەروەردە، کۆمەڵایەتی و پێوەری ترەوە گۆڕانێکی بنچینەییی بەسەردا دێت. ڕەشنووسەکە پەسند نەکرا چونکە نوێنەری ئوردن ژمارەیەک گۆڕانی زارەکیی بۆ زیاد کرد کە جێی ڕەزامەندیی نوێنەری هۆڵەندا نەبوون[٧٠].

ڕێککەوتننامەکە بەکۆی ١٢٠ دەنگ پەسند کرا و ٢٥ کەسیش بێدەنگییان هەڵبژارد. زۆربەی ئەوانەی کە دەنگیان نەدا کرداری "کوشتن لەسەر شەرەف"یان تاوانبار کرد بەڵام هەندێک نیگەرانیشیان دەربڕی. بۆ نموونە نوێنەری هەمیشەییی ئوردن میر زید رعد زید الحسن لە وتارێکیدا ئەم جۆرە تاوانانەی وەک دیاردەیەکی قێزلێکراو پۆلێن کرد و وتی: تاوانێکی بەسامە، تاوانێکە لە هیچ ئاینێک، کولتوورێکی تایبەت و نەرێتی هۆز و تیرەیەکدا جێی نابێتەوە. وتارەکەی میر چەند پرسیارێکی سەبارەت بەپێوەندیی بابەتەکە لەگەڵ ئیسلامدا قوت کردەوە. ئەم پرسیارانەش لە ئەنجامی ئەو فلیمەدا سەریان هەڵدا کە پێشتر لەسەر بابەتەکە پێشان درا. میر دەستەواژەی تاوان بۆ شەرەفی خستە بەر پرسیارەوە، باوەڕی وا بوو کە دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەم تاوانە و ئەوانەی کە لە تووڕەبوونێکی شێتانەی لە پڕدا یان لە ڕق و هەڵچووندا ئەنجام دەدرێن.

بە قسەی میر بێت، ئەگەر تاوانێک بەهۆی تووڕەبوونی لەپڕ ئەنجام درابێت؟ کەواتە ئەو وڵاتانەش کە ئەم جۆرە تاوانانەیان تێدا ڕوو دەدات دەکەونە بەر تانە و سەرزەنشت و گوناهبار دەکرێن بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها بەوە سەرزەنشت دەکرێن کە هەوڵی"تەواو" و پێویستیان بۆ ڕێگرتن لە تاوانەکان نەداوە[٧١].

دەنگ بۆ ئەو بڕیارنامەیەش نەدرا کە جەزائیر پێشکێشی کرد[٧٢]. هەندێک نوێنەر بەگشتی پێیان باش بوو کە خۆیان لە قەرەی هەموو بابەتەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان بدەن. هەندێکی تر وایان بەباش زانی کە خۆیان لە بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر جیاوازی لە نێوان توندوتیژی و تاوان بپارێزن[٧٣]. ڕاپۆرتی کۆمیتە لە پێشەکیی پەڕەگرافەکانیدا جەخت لەسەر ئاکامی بەڵگەی دانیشتنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکاتەوە کە پێداچوونەوەی بۆ جێبەجێکردنی دوانگەی

بەیجین کردبوو. داوای کردبوو کە لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنان و کچان لە بەڵگەکەدا تۆمار بکرێ. ئەو توندوتیژییانەی کە لە لیستی تردا ناویان هێنرابوو بۆ لەناوبردن برێتی بوون لە: تاوان بۆ شەرەف و تاوان بەناوی ڕقەوە. ئەم ویستە لە پەڕەگرافێکی کاریگەردا چەند بارە کراوەتەوە بۆ دەربڕینی نیگەرانی بەرامبەر بەردەوامیی گەلێک شێوەی توندوتیژی. ڕێککەوتننامەکە خوازیاری ڕوونکردنەوە یان گورجکردنەوەی ڕۆڵی یاسا و پێوەرەکانی ترە بۆ ڕێگری و لەناوبردنی هەموو شێوەیەکی توندوتیژی دژ بەژنان. هەروەها بانگەشەی بەرزکردنەوەی وشیاریی کۆمەڵگە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کار و چالاکیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەرز دەنرخێنێت لە ناساندنی توندوتیژی دژ بەژنان. داوا لە حکوومەتەکان دەکات کە پەیڕەوی ئەو ئەرکانە بکەن کە بەپێی بەندەکانی مافەکانی مرۆڤ و لە چوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەکەوێتە ئەستۆیان. هەروەها لە ڕاپۆرتەکانیاندا زانیاری لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان بدەن بەکۆمیتەی نەهێشتنی هەڵاواردنی دژ بەژنان و قەوارە چاودێرەکانی تری ناو نەتەوە یەکگرتووەکان. داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بەپیر داخوازیی وڵاتانەوە بچێت و یارمەتییان بدات بۆ تێکۆشان لە پێناو ڕێگرتن و لەناوبردنی توندوتیژی دژ بەژنان. هەروەها داوا لە نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان دەکات بۆ ئەوەی بەیەکسانی و بێ جیاوازی ڕاپۆرت لەسەر هەموو جۆرە توندوتیژییەک بدەن بەتوندوتیژیی دژ بەژنانیشەوە.

## ئەنجام

سەرەڕای ناکۆکی و مشتومڕ، بڕیارنامەی ٦٦/٥٥ بوو بەیەکەمین بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تێیدا بەتایبەتی ئاماژە بۆ لەناوبردنی ئەو تاوانانە کراوە کە بەناوی شەرەفەوە دژ بەژنان دەکرێن. بڕیارنامەکە بە ڕوونی ئەو تاوانانە وەک بابەتی پێوەست بەمافەکانی مرۆڤ دەناسێنێت. وڵاتانیش بە بەرپرس لەقەڵەم دەدات لە ڕێگری لە تاوان، لێکۆڵینەوە، سزادانی تاوانکەران و پاراستنی ئەوانەی کە دەبنە قوربانی ئەم کردەوە توندوتیژانە. داوا لە وڵاتان دەکات کە ئەرکە نێونەتەوەیییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێبەجێ بکەن. هەروەها داوای ڕێکخستنی یاساییەکیان لێ دەکات بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت ڕادەی هۆشیاریی دانیشتوان بەرز بکرێتەوە، کاریگەریی کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و ڕێگەکانی تر بخرێنە گەڕ وەکو: کاریگەریی مامۆستایان، کەسانی ئاینی، سەرۆک هۆز و تیرە و میدیا. ئەم هەنگاوانە دەبێ لە پێناو پەروەردەکردن و چەسپاندنی یاساکەدا بێت. دەبێ پەراوە بەو کەسانە بکرێت کە کار بۆ چەسپاندنی ئەم یاسایە دەکەن. دەبێ یارمەتیی ئازارچەشتووان بدرێت و هی ئەوانەش کە لە ژێر مەترسیدان. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بانگ کرا بۆ ئەوەی لەم بوارەدا دەستبەکار بێت. قەوارەکانی پەیمانەکەش هاندران بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش ئاماژە بەبابەتەکە بکەن. سەبارەت بەڕێککەوتننامە هاوتاکەی ٦٨/٥٥ تایبەت بەڕیشەکێشکردنی ئەو تاوانانەی کە لە بەڵگەکانی بەیجین+٥دا خرانە ڕوو[٧٤]. داوا لە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا کە ڕاپۆرت لەسەر جێبەجێکردنی بدات لە ٥٧ـەمین دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٢دا.

ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کارکردن لەسەر نەهێشتنی ئەو تاوانانە بوو کە بەناوی شەرەفەوە لە دژی ژنان ئەنجام دراون[٧٥]. ڕاپۆرتەکەی ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ئەم لایەنانەی خوارەوە دەبێ بەردەوام ئاماژە بەو تاوانانە بکەن کە بەناوی شەرەفەوە دژ بەژنان دەکرێن وەکو: قەوارەکانی پەیمانی مافەکانی مرۆڤ، کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، نوێنەری مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی نوێنەری مافەکانی مرۆڤ تایبەت بەتوندوتیژی دژ بەژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەوە گرینگتر، ڕاپۆرتەکە لەئاستی نەتەوەییدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام دەدات: داڕشتنی یاسا، بەرنامە و پێوەری لەبار بۆ ڕێگرتن و سزادانی ئەم جۆرە تاوانانە لەو وڵاتانەی کە زانیارییان لە ئاستی نەتەوەییدا لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارنامەکە پێشکێش کردووە. دوابەدوای ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٥٧ـەمین دانیشتنیدا. نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی تر بڕیارنامەیەکی لەسەر تێکۆشان لەپێناوی نەهێشتنی ئەو تاوانانەی کە بەناوی شەرەفەوە[٧٦] دژ بەژنان دەکرێن پێشکێش کرد بەڵام دەنگی بۆ نەدرا[٧٧].

ئەو تاوانانەی کە بۆ پاراستنی شەرەف دەکرێن لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوونەتە کارنامە و بەگشتی وەک بابەتی مافەکانی مرۆڤ تەماشا دەکرێن. لە هەمان کاتدا هەندێک نوێنەر لەوە نیگەرانن کە تێڕوانین لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەناوی شەرەفەوە دژ بەژنان کراون یەکلایەنەن نەک گشتگیر، لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی دژ بەژنان[٧٨]. هەروەها جیاوازی لە نێوان تاوان لەبەر شەرەف و تاوان لە ڕقدا خرانە بەر لێکۆڵینەوە[٧٩]، وەکو میکانیزمێکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە ئەرکە یاساییەکانیان تایبەت بەژنان نین[٨٠].. داننانی ئاشکرا بەبابەتەکە لەلایەن قەوارە سیاسییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، شارەزایان و میکانیزمەکانی تر، دەرفەتی بەرپەرچدانەوەی ئەو یاسایانە دەڕەخسێنێت کە پشتیوانی لەم تاوانانە دەکەن. هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتی بەرپەرچدانەوەی ئەو بەرنامە و دەستێوەردانانەی کە لە ئاستی نەتەوەییدان. لەو ڕاپۆرتەی کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دای بەدانیشتنی ساڵی ٢٠٠٤ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان[٨١]، زانیاریی فرەتر لەسەر یاسا و ڕیفۆرم لەم چوارچێوەیەدا پێشکێش دەکات. لەوانەیە ئەو گفتوگۆیانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەسەر ئەم بابەتانە کراون هۆکاری ئەم چاکسازییە بن. سکرتێری گشتی تێگەیشتنی تێروتەسەلی هەیە لەسەر هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژ بەژنان، هەروەها لە پێوەندیی بەرفرەوانی ئەم توندوتیژییانە بەمافەکانی مرۆڤەوە. ئەمەش لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە بڕیارنامەی ژمارە ١٨٥ لە ٥٨ـەمین دانیشتندا لە ٢٠٠٣دا بڕیاری لەسەر دراوە. لەسەر ئەم بنەمایە بواری زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ لێدوان لەسەر بابەتی توندوتیژی دژ بەژنان، بەبێ جیاوازیکردن لەوەی کە توندوتیژییەکان لەلایەن لایەنێکی تایبەتەوە ئەنجام دراون یان لەلایەن کۆمەڵگەوە. لە هەردوو بارەکەدا وەک بابەتی مافەکانی مرۆڤ دەمێنێتەوە.

سەرنجەکان:

نووسەر، بەرپرسێکی پلەبەرزە لە فەرمانگەی کۆمیسیۆنی بالاّی مافەکانی مرۆڤ. ئەم لێکۆڵینەوە بەتوانای خۆیی نووسراوە.

١- بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە ئەم ماڵپەڕە: www.un.org/womenwatch/asp/

٢- بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە ئەم ماڵپەڕە: www.un.org/womenwatch/confer/nfls/

٣- ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ٣٦/٤٠(٢٩-١١-١٩٨٥).

٤- پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی دژ بەژنان کە لەلایەن ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئیمزاکردن ئامادە کراوە ٣٤-١٨٠(مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٧٩). بنۆڕە بەندی حەڤدەی پێوەند بەکۆمیتەوە.

٥- www.untreaty.un.org

٦- پێشنیازی گشتی لەلایەن پەیماننامەی قەوارەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەو ئەرکانەی پێوەندییان بەمافەکانی مرۆڤەوە هەیە یان بۆ پێشاندانی ئەوەی کە چۆن مافەکانی پەیماننامەکە کاریگەرییان لەسەر چەند بابەتێکی پێوەندار هەیە.

٧- سی، ئی، دی، ئەی، دەبلیو- سەرنجە گشتییەکان , ١٢ توندوتیژی دژ بەژنان (هەشتەم دانیشتن، ١٩٨٩)، نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی: ئەی/٣٨/٤٤ لە ٧٥(١٩٩٠).

٨- سی، ئی، دی، ئەی، دەبلیو، سەرنجە گشتییەکان , ١٤ خەتەنەی ژنان (نۆیەم دانیشتن، ساڵی ١٩٩٠)، نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی: ئەی/٣٨/٤٥ لە ٨٠(١٩٩٠).

٩- سی، ئی، دی، ئەی، دەبلیو، سەرنجە گشتییەکان، ٩ نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی: ئەی/٣٨/٤٧ (یازدەیەم دانیشتن، کۆپلەی ٧: ئەم ماف و ئازادییانە ئەمانە دەگرنەوە: ١- مافی ژیان ٢- مافی پاراستن لە ئازار و ئەشکەنجە و ڕەفتاری نامرۆڤانە یان سزادان ٣- مافی پاراستنی یەکسان بەپێی پێوەرە مرۆڤانەکان لە شەڕە نێونەتەوەیی و ناوخۆکاندا ٤- مافی ئازادی و ئاسایشی کەسان ٥- مافی پاراستن بەیەکسانی و بەپێی یاسا ٦- مافی یەکسانی لە خێزاندا ٧- مافی بەرز ڕاگرتنی لەش و ساخیی هۆش ٨- مافی ڕەوایی و دڵخوازی لە مەرجەکانی کاردا.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەی ٦.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەی ٨ و ٩.

١٢- ڕاگەیاندننامە لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان، ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٠٤/٤٨(٢٠-١٢- ١٩٩٣).

١٣- بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە ئەم ماڵپەڕە: www.unhchr.ch/html/menu5/wchr.htm.

١٤- ڕاگەیاندننامەی ڤیەننا و بەرنامەی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی: ئەی/سی، ئۆ، ئێن، ئی، ئێف. ٢٣/١٥٧(١٢-٧-١٩٩٣).

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەی ,٣٨

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەی ,٤٠

١٧- بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە ئەم ماڵپەڕە: www.un.org/icty/

١٨- بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە ئەم ماڵپەڕە: www.ictr.org/

١٩- کۆمیسیۆن لەسەر بڕیارنامەی مافەکانی مرۆڤ- بابەتی یەکخستنی مافەکانی ژنان لەناو میکانیزمەکانی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان، نەتەوە

یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی: ئی/سی، ئێن. ٤/ئار، ئی، ئێس/١٩٩٤/, ٤٥

٢٠- نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵگەنامەی: ئەی/سی، ئۆ، ئێن، ئێف. ٩/١٨٣، هەروەها بنۆڕە نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٠٢: بەشی ١٥، چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی.

٢١- RES/1325 (31 /S تشرینی یەکەم ٢٠٠٠).

٢٢- بۆ زانیاریی زیاتر بنۆڕە ئەم ماڵپەڕە: www.un.org/womenwatch/daw/beijing/

٢٣- UN Doc A/CONF. 20/177

٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەکانی ١١٣ تا ١١٦.

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەکانی ١٢٤ تا ١٣٠.

٢٦- پرسیارنامەکانی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ حکوومەتەکان لەسەر جێبەجێکردنی دوانگەی بەیجین بۆ کردار و وەڵامی وڵاتانی ئەندام و چاودێریکەران دەتوانرێت لەم ماڵپەڕەدا ببینرێن: www.un.org/womenwatch/daw

٢٧- بنۆڕە، بۆ نموونە، توندوتیژی دژ بەژنان، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەی/٥٩/٢٨١(٢٠-٨-٢٠٠٤) کۆپلەکانی ٤٧-٥٠، ئەو بڕیارنامانە ڕیز دەکات کە لەسەر توندوتیژی دژ بەژنانن و لە دانیشتنەکانی ٥٧ و ٥٨ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کراون، هەروەها ئەوانەی لەلایەن کۆمیسیۆنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ئەوانەشی لە لایەن کۆمیسیۆنەوە پەسند کراون لەسەر باری یاسایی ژنانن لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا.

٢٨- A/RES/58/185 (18 ئادار ٢٠٠٤).

٢٩- سی،ئی، دی،ئەی،دبلیو پێشنیازی گشتی ٩، کۆپلە ٢٤(ئار)(٢).

٣٠- کۆتاپێهێنانی سەرنجەکان لەسەر تورکیا، ئەی/٥٢/٣٨/ئار، ئی، ڤی. ١.

٣١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، برگەی ١٩٥.

٣٢- کۆتاپێهێنانی سەرنجەکان لەسەر ئەر ئیسرائیل، ئەی/٥٢/٣٨/ ئار،ئی،ڤی. ١- بەشی ٢.

٣٣- کۆتاپێهێنانی سەرنجەکان لەسەر ئوردن، ئەی ٣٨/٥٥.

٣٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٥- کۆتاپێهێنانی سەرنجەکان لەسەر عێراق، ئەی/٣٨/٥٥

٣٦- کۆتاپێهێنانی سەرنجەکان لەسەر میسر، ئەی/٣٨/٥٦، هۆڵەند، ئەی/٣٨/٥٦، ئۆروگوای، ئەی/٣٨/٥٧، یەمەن، ئەی/٣٨/٥٧ و، بەرازیل، ئەی٣٨/٥٨.

٣٧- سی، ئار، سی لیستی بابەتەکان: تورکیا سی، ئار، سی/کیو/تی، یو، ئار/ ١(لیستی بابەتەکان).

٣٨- کۆتاپێهێنانی چاودێرییەکان لەسەر تورکیا سی، ئار، سی،/سی/١٥/ درێژە. ١٥٢ کۆپلە ٣١، هەروەها بنۆڕە کۆتاپێهێنانی چاودێرییەکان لەسەر لبنان، سی ئار،سی/سی/١٥/ درێژە. ١٦٩.

٣٩- هەروەها بنۆڕە نواندنی کۆمیتەی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئازاردان و بابەتی جەندەر لە ئاکامی بەیجین+٥،لەو جێیەی کە تاوانەکان بۆ شەرەف گفتوگۆی لەسەر کراوە: سی،ئەی،تی/سی/ئێس، ئار ٤٣٠، ٤٤٠، ئێف، ئێف.

٤٠- هەر دوو کۆمیتەکە گفتوگۆیان لەگەڵ ئیسرائیلدا لەسەر بابەتەکە کردووە:سی، ئەی، تی/سی/٤٩٦ و سی، ئی/ئار، دی/سی/ئێس، ئار.١٢٥١.

٤١- C/E. ١٢/١/Add. ٣٦.

٤٢- E/C.1/12/Add.63 paras 14 and 31.

43- CCPR/C/79/Add.84

44- CCPR/CO/74/SWE.

٤٥- ئەی/٥٥/٤٠ بەرگی ١(٢٠٠٠)١٣٣، کۆپلە. ,٣ کۆمیتە ئەوە دەستنیشان دەکات کە بەندەکانی ٦ لەسەر مافی ژیان، ١٤ لەسەر یەکسانی لە بەردەم دادگەکان و یەکسانی لە ڕووی یاسایی و مافی یەکسانی لە یاسادا لەوانەیە بەهۆی سزانەدانی "تاوانکار لە تاوانی شەرەف"ەوە پێشێل بکرێن.

٤٦- بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٢٠٠ ئەی (٢١) (١٦-١٠-١٩٦٦).

٤٧- بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ٥٤/٤ (٦-١٠-١٩٩٩). هەروەها ڕێبازی ئازادی سکالا تایبەتییەکان ئامادە کراوە بەپێی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی لەسەر نەهێشتنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، مادەی ١٤، بڕیارنامەی دژ بەئازار و پێشێلکاریی تر، هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە یان سووکایەتیکردن یان سزادان، مادەی ٢٢ و، بڕیارنامە لەسەر پاراستنی مافەکانی کرێکارانی کۆچبەر و خێزانەکانیان، بەندی ,٧٧ کە تاکو ئامادەکردنی ئەم نووسینە نەکەوتووەتە کار.

٤٨- هەرچەندە ڕێبازەکانی سکالاکە بەتایبەتی لەم نووسراوەدا بەکار نەهاتوون، بڕیاری کۆمیتەی دژ بەئازاردان ئەی، ئێس، ڤی. سوێد (سی، ئەی، تی/سی/دی/١٤٩/١٩٩٩) ئەوەی بڕیوەتەوە کە ئەرکی سەرشانی ئەو وڵاتەیە ڕێگە بەگەڕانەوەی زۆرەملێی ژنێک بۆ وڵاتەکەی نەدات لە کاتێکدا کە بزانرێت لەبەر تێوەگلانی سێکسی ڕووبەڕووی ئازار دەبێتەوە.

٤٩- بڕیارنامەی دژ بەئازاردان و پێشێلکاریی تر، ڕەفتاری نامرۆڤانە یان سووکایەتیکردن یان ئازاردان، مادەی ٢٠.

٥٠- ڕێککەوتننامەی دڵخوازانە بۆ پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک دژ بەژنان، بەندی ٨.

٥١- لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ەوە، کۆمیتە ئەوەی ڕوون کردەوە کە کورتەیەک لەو زانیارییانەی کە پەیدای کردوون و پێوەندییان بەم لێکۆڵینەوە هەیە دەخاتە بەردەست، بنۆڕە بەڵگەی زیاتری نەتەوە یەککگرتووەکان. ئەی/٥٩٣٨ کۆپلەکانی ٤٠٨ ,٣٩٣

٥٢- CN/E .٤/١٩٩٥/CN/;E٤٢ .٤/٢٠٠٠/Add/٦٨ .CN/;E٤ .٤/١٩٩٨/CN/;E٥٤. ٤/١٩٩٩/CN/;E٦٨ .٤/٢٠٠٠/Add/٦٨ .I .CN/E .٤/Add/٧٣ .I.

٥٣- CN/E .٤/٢٠٠٢/٨٣-

٥٤- CN/E .٤/٢٠٠٣/Add ٧٥ .and Add .I to that report.

٥٥- CN/E .٤/١٩٩٩/ . E٦٠ paras 41-42; CN/ .٤/٢٠٠٠/٦١ .paras 27 and 28 ,

٥٦- CN/E .٤/٢٠٠٢/Add/٧٣.

٥٧- A/55/288.

E -58/CN. ٤/٢٠٠٢/Add/٣. I.

٥٩- CN/E .٤/٢٠٠١/٩.

٦٠- CN/E .٤/٢٠٠٢/Add ٧٤ .and Add. E ; I/CN .٤/٢٠٠٣/E٣ and ;/CN .٤/٢٠٠٤/٧

٦١- CN/E .٤/ RES/2000/31.

٦٢- Rev A 7S-23/10 .١.

٦٣– ڕاپۆرتی بۆ بەیجین+ ١٠ دەتوانرێت ئێستا لەم ماڵپەڕەدا ببینرێت:www. equality. now. org.
٦٤– بڵاوکراوەی سی، جی/سی، ئێم/٧٧٤٤٨ دبلیو، ئۆ، ئێم/, ١٢١٤
٦٥– بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ٥٢/٩٩، چوار ڕاپۆرت لەسەر ئەو کار و خوو و نەریتیانەی کار دەکەنە سەر ساخیی ژنان و کچان لە ساڵی ١٩٩٧ەوە دراون بەنەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەیەک لەمانە زانیارییان لەسەر تاوانەکانی شەرەف تێدایە: ئەی/٥٣/٣٥٤، ئەی/٥٤/٣٤١، ئەی/٥٦/٣١٦ و، ئەی٥٨/١٦٩.
٦٦– C/A. ٣/٥٥/٤ و پاشکۆکەی.
٦٧– هەروەها بنۆڕە ڕاپۆرتی تایبەتی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان سەر بەقەوارەی مافەکانی مرۆڤ، کە تێیدا سەرنج ڕادەکێشێت بۆ نیازپاکیی یارمەتیدەرانی بڕیارنامەکە، هەروەها لە پێشاندانی فلیمەکە و سەرسوڕمانی نوێنەرانی موسوڵمان لە سروشتی بێلایەنی فلیمەکە: ئی/سی، ئێن. ٤/ئێس، یو، بی٢٠٠١/٢٧/٢٧.
٦٨– C/A. ٣/٥٥/L. ١٣– Rev. I
٦٩– C/A. ٣/٥٥/L. ١١– Rev. I
٧٠– ئەی. سی. ٣/٥٥/ئێس، ئاڕ٦/، پێشکەوتنی ژنان، ڕاپۆرتی کۆمیتەی سێیەم، ئەی/٥٥/٥٩٥، کۆپلەکانی. ٨ بۆ ١٦، کۆمیتەی سێیەم ڕەشنووسی دوو بڕیارنامەی پەسند کرد لەسەر تاوانەکانی دژ بەژنان– داوای نەهێشتنی "تاوانی شەرەف" دەکات لەگەڵ نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک، بڵاوکراوە، نەتەوە یەکگرتووەکان/ئێس، هیچ، سی/٣٦١٥.
٧١– ڕاگەیاندنی ئێچ، ئاڕ، ئێچ. میر زەید ڕەعد زەید حسێن، نوێنەری هەمیشەیی ئوردن، ڕاگەیاندننامە لەسەر ڕوونکردنەوەی دەنگدان، بەرنامەی ژمارە ١٠٧: پێشکەوتنی ژنان، ٥٥ـەمین دانیشتنی کۆمیتەی سێیەمی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیویۆرک، ٣–١١–, ٢٠٠٠
٧٢– بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەی/ئاڕ، ئی، ئێس/٥٥/٦٨ لەسەر نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژ بەژنان، لەگەڵ نەهێشتنی ئەو تاوانانەی کە لە ئاکامی بەڵگەکانی ٢٣یەمین دانیشتنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناسێندراون، بەناونیشانی ژنانی ٢٠٠٠: یەکسانی جەندەر، گەشەکردن و ئاشتی بۆ سەدەی ٢١.
٧٣– ئەی/سی. ٣/٥٥/ئێس، ئاڕ. ٦، پێشکەوتنی ژنان، ڕاپۆرتی کۆمیتەی سێیەم، ئەی/٥٥/٥٩٥، بڕگە. ٢٠–٢٣، بڵاوکراوە، نەتەوە یەکگرتووەکان/ئێس، ئێچ، سی/٣٦١٥.
٧٤– ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دژ بەژنان، بەو تاوانانەشەوە کە لە ئاکامی بەڵگەکانی ٢٣یەمین دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناسێنراون بەناونیشانی "ژنانی ٢٠٠٠: یەکسانی جەندەر، گەشەکردن و ئاشتی بۆ سەدەی ٢١"، ئەی/٥٧/١٧١(٢–٧–٢٠٠٢).
٧٥– A/57/169.
٧٦– CN/E. ٤/٢٠٠٤/, ٦٦
٧٧– ئەی/٥٧/٥٤٩، ئەی//٥٧پی، ڤی. ٧٧، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی تریان پەسند کرد لەسەر نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی دژ بەژنان، بەو تاوانانەشەوە کە لە ئاکامی بەڵگەکانی ٢٣مین دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناسێنراون بەناونیشانی "ژنانی ٢٠٠٠: یەکسانی، جەندەر،

گەشەکردن و ئاشتی بۆ سەدەی ٢١"، ئەی/ئار، ئی، ئێس/٥٧/١٨١.

٧٨- بنۆڕە سەرنجەکانی ئوردن لەسەر ئەو بڕیارنامەیەی کە لە ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خرایە بەرچاو لەسەر کارکردن بەرەو نەهێشتنی ئەو تاوانانەی کە دژ بەژنان دەکرێن بەناوی شەرەفەوە، ئەی/٥٧/١٦٩، کۆپلە. ١٥.

٧٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨٠- بنۆڕە بڵاوکراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان/ئێس،ئێچ، سی/٣٧٣٠ ڕاپۆرتی گفتوگۆ لەسەر بڕیارنامەی تایبەت بەسزادان لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادگە کە لە ٥٧مین دانیشتنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕووی دا.

٨١- A/59/281.

## بەشی دووەم

## "تاوانەکانی شەرەف"

## بەها و واتا

پوورنا سەن

زیادبوونی گرینگیدان بە کوشتن لەسەر شەرەف لەسەر ئاستی جیهانیدا لە یەک کاتدا ئەگەری کاری هەرەوەزیی نێونەتەوەیی و هەروەها کەموکورییەکانی هەندێک لەو کارانە پێشان دەدات. بەشێوەیەکی تایبەتی، کاتێ کولتووره ئیسلامییەکان وەها پێناسە دەکرێن کە لە رووی پێوەندییەکانی جێندەرەوە پڕن لە ڕەوتی دواکەوتوو و لە ڕەسەنەوە کێشەئامێزن، یا کاتێ کوشتن لەسەر شەرەف بەدیاردەیەکی ناوەکیی ئاینی ئیسلام دادەنرێ، ئەو بۆچوونانە دەبنە هۆی دروستبوونی تووڕەیی و بالآیی ئەخلاقی و هەنگاوی بەپەلە بۆ کار و بەرگریکردن کە دەبنە هۆی ئاڵۆزی لە تێگەیشتن و کارکردن لە دژی تاوانەکانی شەرەف.

قسەکردن لەبارەی کوشتن لەسەر شەرەف چی دەگەیەنێ؟ ئەم زاراوەیە لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە زیاتر دەرکەوتووە وەک لە دەیەی ڕابردوو. هەروەها ئەم کوشتنانە وەکو هێمای سروشتی کێشەئامێزی ئاینێکی دیاریکراو (کە ئیسلامە) و ڕەفتاری ئەو ئاینە لەگەڵ ئافرەت وێنا کراوە. لە ئاووهەوای دوای ١١ی سێپتێمبەردا، هەندێک لە گرینگیدانی ڕۆئاوا بە کوشتن لەسەر شەرەف ئامرازێکە بۆ ئیهانەکردنی خێرای ئیسلام لەگەڵ گوتاری دژە تێرۆر یەک دەگرێتەوە، لێرەدا ئەجێندای ڕۆئاوا لەمەڕ کوشتن لەسەر شەرەف مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ بەقووڵی لە هەستی شاراوەی ئیسلامۆفۆبیدا چەقیبێ. لەم بارودۆخەدا، هەر ناساندنێکی تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی ئەو تاوان و کوشتنانەی کە بەکۆدی شەرەفەوە بەندن، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئەم لێکدانەوەیە هەڵبگرێت. ئەی ئەگەر لە ڕاستیدا خاسیەتی تاوان و کوشتن لەسەر شەرەف هەبن کە تایبەت بن بەکۆنتێکست و کولتوورێکی دیاریکراوەوە؟ لەم بارودۆخە ناهەموارەدا، دەبێ ئەمە چۆن گوزارەی لێ بکرێت؟ باشە ئەگەر ئەو تاوانانە بەڕاستی تایبەت بن بەکولتوورێکی دیاریکراوەوە، چۆن دەشێ (ئەگەر هەر بکرێت) کاری هاوبەشی نێونەتەوەیی لە دژی ئەو پراکتیسەدا ئەنجام بدرێت؟

لەم چاپتەرەدا، من گرینگیدانی ڕۆئاوا بەکۆدەکانی شەرەف لە ڕابردوویەکی نزیکدا هاوتا لەگەڵ بەتەنگەوەهاتنی هەنووکەیی و بەردەوامی بەشە جیاکانی جیهان بە بەهای شەرەف دەخەمە ڕوو. هەروەها دەگەڕێمەوە بۆ توخمە کۆلۆنیالییەکان کە پێوەندییەکانی جێندەریان لە وڵاتە

کۆلۆنیکراوەکان کێشەئامێز کرد و وایان کرد ژمارەیەک لە پراکتیسە تایبەتییەکانی وەکو سەرپۆش و مارەیی ببنە سیمبۆل. لە ڕێگەی ئەو جۆرە گوتارانەوە، پێکگەیشتنە کۆلۆنیالییەکان بوونە هۆی پتەوکردنی بالادەستیی مۆرالی ڕۆژئاوا بەسەر ئەوانی تردا هاوتا لەگەڵ پتەوکردنی چاودێریکردنێکی توندی کولتووریی "ئەوانی تر" کە پێویستییان بەگۆڕان، بەپێشکەوتن و مۆدێرنیزەکردنی پێوەندییەکانی جێندەر هەبوو. ئەو گوتارانە بەردەوامن لە پێکهێنان و ئاڵۆزکردنی ئەو ئەگەرانەی کە دەبنە هۆی نەک تەنیا دروستکردنی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان، بەڵکو مایەی سەلامەتی و گەیشتنی دەنگی ئەو کەسانەش کە لەو وڵاتانەدا نارەزایی دژی تاوانەکانی شەرەف دەردەبڕن. سەرەڕای ئەم تەنگوچەڵەمانە، ناشەرعییەتی تاوانەکانی شەرەف لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ، کە من لێرەدا بەکورتی باسی مێژووەکەی دەکەم، بەچڕی دەرکەوتووە. ئەو تەنگوچەڵەمانە و ژمارەیەک لەو ڕێیانە باس دەکەم کە بەهۆیانەوە کاری هاوبەش ئەو پراکتیسە دێنێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و دەکرێ لە بەرژەوەندیی مەسەلەکە بەردەوامییان پێ بدرێ.

جگە لەمانەش، لەم چاپتەرەدا شەش توخم دیاری دەکەم، کە بەڕای من، خاسیەتی تاوانەکانی شەرەف پێک دەهێنن و موناقەشەی ئەوەش دەکەم کە ئەو توخمانە خاسیەتەکان لە فۆرمەکانی تری کوشتن جیا دەکەنەوە. لەم ڕووەوە پێناسەکردنی تاوانەکانی شەرەف کارێکی سەختە و پێشوازی لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پێشنیازەی خۆم دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جۆرە تاوانانە بەتەواوی بەشێکن لە بەردەوامییەکی فرەوانتری فۆرمەکانی توندوتیژی دژی ژنان، کە بەڕای من دەبێتە بنچینە بۆ هاوکارییەکی کاریگەری نێونەتەوەیی و هەمەکولتووری ئەگەر هەندێ مەرجی وەکو توانای وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕێزنان لە کولتووری هەریەکێک و ڕەتکردنەوەی ئەو بڕوایەی کە کولتوور وەکو هێزێکی تەواو لە دروستکردنی پێوەندییەکانی جێندەر دادەنێت و هەروەها وەکو دوا هۆکاری دابەشبوون ئەژماری دەکات.

## هاندەری " شەرەف"

گرینگیدانی ئەم سەردەمە بەچەمکی شەرەف، کۆدە کێشەئامێزەکانی شەرەف و تاوانەکانی شەرەفیان هێنایە نێو سەکۆی باس و گفتوگۆ. ئەو کۆدانە بەپلەی یەکەم بەکولتووری ئیسلام و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و کوشتنی ژنانەوە گرێ دراون. من دواتر باسی ئەو سیمایانە دەکەم، بەڵام پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بەلایەنی کەمەوە ژینگە و مێژووی تری تایبەت بەپرەنسیپی شەرەف وەبیر بهێنرێنەوە تاکو ئیختیاری بیرەوەریی ڕۆژئاوامان بۆ دەربکەوێ لە ستروکترالیزەکردنی گرفتەکانی پراکتیسی ئیسلامیدا.

ئەوروپا خۆی بەچەمکەکانی شەرەف ئاشنایە (بڕوانە پەرستیانی: ١٩٦٦، پیت ڕیڤەرز: ١٩٦٨–١٩٦٣، بوردیو: ١٩٦٦، براندز: ١٩٨٠)، بەتایبەتی بەو شێوەیەی کە بەکۆدەکانی سەدەی ناوەڕاست و جواحکوومەتی و ڕەوشت بەرزییەوە بەستراوەتەوە، کرداری "نەجیبانە" لە ڕێگەی چەمکی شەرەفەوە ڕێزی لێ نراوە: شمشێربازی لە نێوان پیاوان (واتە کوشتن) توخمی سەرەکیی

ئەو کۆدانەی جـواحکوومـەتی بوو. هەندێک لەو هۆکـارانەی کـە وایان کـردووە شـەرەفـی پیـاوان لەکـەدار بێت و لە پێناویدا و بۆ پاراسـتنی شـەرەفـیـان شـمـشـێـربازیـیـان کـردووە تایبـەت بوونە بەڕەفتـار و دڵداریی ژنانەوە. ئەمانە لە ئەورووپا پراکتیزە کراون، پراکتیزەیەک کە بەڕاسـتی مایەی شەرەفمەندی و سەنگینی بووە لە میانەی نوخبەی شارستانییە ڕۆئاواییەکاندا.

لە سـەردەمی مۆدێرندا، چەمکی شـەرەف لە باشـووری ئەورووپا وەکو پێـوەندی لە نێـوان تاک و کـۆمـەڵگەدا کـاری پـێ کـراوە. شـەرەف لەم بـارودۆخـەدا بووەتە چوارچێـوەیەکی ئەخـلاقی بۆ هەڵسوکەوت و نۆرم و ڕێساکان کە بنچینەی قبووڵکردنی تاک لە ناو ژیانی گشتی و کۆمەڵدا پێک دەهێنن. لە ڕێگەی خۆبەستنەوە بەشـەرەفەوە تاکەکان جێی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا دابین دەکەن. بەمـجۆرە چەمکی شـەرەف لێـوانلێـوە لە هێزی باڵا (بـڕوانە کـامـبێل: ١٩٦٤ لـە ئاماژەکـردنی بۆ یۆنان).

لە سـەرەتای سـەدەی بیـست و یەکـدا، چەمکی شـەرەف لە ڕۆئاوا بـەتەواوی نەخـراوەتە لاوە. نموونە هەن لە بەریتانیا بەتەنیا ئەوە پێشان دەدەن کە دانیشتووانێکی زۆر هەر لە مەلەکییەکانەوە تا ڕێکخـراوە "نەتـەوەییـە سـۆشـیـالیـسـتـەکان" بانگەشـە بۆ چـەمکی شـەرەف دەکەن، هەروەکو لە شـێـوازی هەر یەکـێکیـانـدا ڕەنگی داوەتەوە. کـەسـی مـەلـەکـیی وەها دانراوە کـە "سـەرچاوەی شـەرەف[1]" بێت و نیـشـانـە و خـەڵات دەبەخـشـێـتـەوە بۆ "خـزمـەتی تایبـەتمەند" کـە بەڵگەی جـواحکوومەتـی و شـەرەفە. ئەمـە لە ڕێگەی بەخـشینی نـاونیشـانەوە[2] دەکەن کە ئەوان هەمـوویان وەکو شەرەفمەندی ئاماژەی بۆ دەکەن. بەمجۆرە ناوەکان دەخرێنە نێو "لیستی شەرەفمەندی"یەوە.

نموونەیەکی تری بەریتـانیـا برێتییـە لە دروشـمی گرووپی نـەو-نازییـەکان "خـوێن و شـەرەف/ خەبات ١٨"[3]، کە داوای "کۆدی شـەرەف" دەکات بەشێوەیەک کە "ژیانی شەرەفمەندانە واتە دەبێ تاک ئامادە بێت بمرێ نەک بێ شـەرەف بکرێت". ئەو بەدڕەفتـارییانەی کە دەبنە مایەی بێ شەرەفی زۆرن: "سـوێندی شـەرەف برێتـیـیـە لەوەی کـە دەیگـەیەنێ - واتـە شکاندنی ئەو سـوێندە بێ شەرەفییە"، کە ئەمـەش کردەیەکی دەبەنگانەیە و شایانی مردن یا ڕیسوایی هەتاهەتاییە (خوێن و شـەرەف/ س ١٨، ن. د).

لەوانەیە بەکارهێنانی چەمکی شەرەف لەلایەن ڕەگەزپەرستەکانەوە کەمتر دانی پێدا هێنرابێت (بڕوانە سـپـیـرنبـێـرگ: ١٩٩٨)، بەڵام پـایەبەرزی و جـواحکوومـەتی لە مـێـژوودا و "لیـسـتی شـەرەفمـەندی" مـەلەکییـەت لە زەینی گشـتیی خەڵک لە بەریتـانیا و، لەوانەیە لە هەندێ شوێنی تری ئەورووپای ڕۆئاواشـدا، چەسـپـیـوە. ئـەمـانە خـاسـیـەت و تـایبـەتمەندیی شـەرەفن کـە بەشـێـوەیەکی پۆزەتیف سـتـایش دەکـرێن یا وەکـو دەسـتکـەوت دەبینـرێن. تەنانـەت هەندێک لەوانەی کـە دژی مەلەکییەتن، بەخشینی ناونیشـانی مەلەکی وەکو خـەڵات و سیمبـۆل بۆ پێزانینێکی پڕ بەها قبووڵ دەکـەن. بـەمـجـۆرە شـەرەف لە ڕۆئاوای هاوچەرخـدا مـانای پۆزەتیف هەڵدەگـرێ و لە هـەندێ شوێنیشدا مردن و بێ شەرەفی بەتوندی پێکەوە بەستراونەتەوە.

لە لایەکی ترەوە چەمکی شەرەف مانایەکی تەواو جیا هەڵدەگرێ: دواکەوتوویی و تاوان و "پێگەی ئەوی تر". لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا، سەرنجی نێونەتەوەیی کە ڕۆئاوا سەرداریی دەکات لەسەر بەکارهێنانی چەمکی شەرەف لەو کۆمەڵگانە گیرساوەتەوە کە لە دەرەوەی ڕۆئاوان، بەتایبەتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان. جیا لەو بەکارهێنانەی کە لە ڕۆئاوا باوە، چەمکی شەرەف لە چوارچێوەیەکی کێشەئامێزدا داڕێژرایەوە لە ڕوانگەی ڕۆهەڵاتناسییەوە (سەعید: ١٩٧٨)، کە وا دەکات ڕۆهەڵات بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی ببنە شوێنی سەرنجی ڕۆئاوای شارەزا و باڵا. لەم ڕوانگەیەوە شەرەف وەکو پاڵنەر دەبینرێ کە هانی پیاوان دەدات لەبەر هۆکاری بێ بایەخ و ناعەقلانی ژنان بکوژن، ئەمەش درێژکردنەوەی ئەو لێکدانەوەیەیە و بەربەریی دواکەوتووە. ئەم ڕوانینە مێژوویەکی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ موغامەراتی کۆلۆنیالی کاتێ هێزە کۆلۆنیالەکان ستانداردی حوکمدانیان لەسەر پێوەندییەکانی جێندەر لە وڵاتانی کۆلۆنیالکراودا داناوە و بانگەشەیان بۆ باڵادەستیی مۆرالی خۆیان کردووە. بەمجۆرە چاوی تەماشاکەری ڕۆئاوا بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ دەست بخاتە ناو کۆمەڵگە کێشەئامێزەکانەوە و بەشێوەیەک وێنایان دەکات کە پراکتیزەکانی ڕۆئاوایان تێدا ڕەنگ بداتەوە. ئەمەش بەگەڕان بەدوای "کولتوورێکی هاوبەشدا کە دەشێ بەردەوام لەگەڵ دانانی پەیڕەو و یاسایەکی نامۆ دەست پێ نەکات و لەگەڵ کۆتاییی فەرمانڕەوا نامۆکەش کۆتاییی پێ نەیەت" (ناندی، ١٩٩٧: ل١٧٤).

چەمکی شەرەف لە زۆر بەشی جیهاندا بووەتە هۆی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالی، کاریگەریی لەسەر داواکاریی ئەو بەشانە هەبووە بۆ دەسەڵات و ماف و دیاریکردنی پێوەندییەکانی هاوسەرێتی/سێکسوالی (بڕوانە لیپسێت- ڕیڤێرا و جۆنسن، ١٩٩٨، دیرکس، ١٩٩٢، پەرستیانی و پیت ڕیڤەرز، ١٩٩٢، سید، ١٩٨٨). دروستکردنی کۆمەڵایەتییانەی سێکسوالیتی و دەسەڵات، هەرچەندە ڕەخنەئامێزە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هایرارکیەتی سیاسی لەناو جەرگەی پێوەندییە نایەکسانەکانی کۆلۆنیالیدا بپارێزرێن. هاوتا لەگەڵ ئەمە، ڕەفتاری "پیاوانی وڵاتانی کۆلۆنیالکراو" لەگەڵ "ژنانی ئەو وڵاتانە" لە لایەن کادیرە کۆلۆنیال و مسیۆنێرەکان (ئەوانەی دەنێردران بۆ ئاین بڵاوکردنەوە–وەرگێڕ) زەق دەکرانەوە و ئیدانە دەکران، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئاین وەکو توخمی سەرەکیی جیاکردنەوەی کۆلۆنیال و کۆلۆنیالکراو لە خەبات لەسەر پێوەندییەکانی جێندەردا (کریشنا مورتی، ١٩٨٩، لۆڤێت، ١٩٨٩، ژەیاوەردینا، ١٩٩٥، وۆلکەر، ١٩٩٥). فرەژنی لە ئەفریقا، سووتاندنی بێوەژن و زەواجی منداڵان لە هیندوستان، سەرپۆشین لە باکوری ئەفریقا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمانە ئەو نەریتانە بوون کە هێزە شارستانییەکان بەگرفتیان دادەنا. بەمجۆرە، ئەو نەریتانە بوون بەمەیدانی سەرەکیی ئەو شەڕەی تیایدا باڵاییی مۆرالی ڕۆئاوا بەسەر دواکەوتوویی ئەوانی تردا جەختی لەسەر دەکرایەوە. یەکێک لە توخمە گرینگەکانی پەرۆشی ڕۆشنکەرەوەی ڕۆئاوا برێتی بوو لە ئازادکردنی ژنانی خۆماڵی لە پیاوی خۆماڵی[٤]. تیۆرە مۆدێرنەکان، پێوەندییەکانی جێندەر وەکو ئاماژەی سەرەکیی دادەنێن لەسەر ڕێگەی نێوان نەریت بەرەو

مۆدێرنیتی، ئەو مۆدێرنیتییەی کە تاکرەوی و ئیختیار سیمای سەرەکین. کۆنترۆڵی گشتی لەسەر کردەوەی تاک لە ڕێگەی کۆدی شەرم و شەرەفەوە بەپاشماوەی کولتووره دواکەوتووەکان دادەنرێ، ئەو کولتوورانەی کە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا جێیان نابێتەوە و ئەوانەی دەیانەوێ بێنە ناو یانەی کۆمەڵگە ڕۆشن و عیلمانی و عەقلانییەکان.

هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەت لەناو ئەو کۆمەڵگانەی کە لە دەرەوەی ڕۆئاوان بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوی ڕۆئاوادا وەکو پێوەر بۆ حوکمدان لەسەریان دادەنرا (بڕوانە، بۆ نموونە: مۆهانتی و ئەل، ١٩٩١، ئەحمەد، ١٩٩٢، سەعید، ١٩٧٨). ڕەواییی کۆلۆنیالی لەگەڵ ڕەوتی ئێستای ڕۆئاوا بۆ گرفتاویکردنی جێندەر لە وڵاتانی باشوور یەک دەگرێتەوە (جۆن، ١٩٩٦، ١٩٩٨، مەکلینتۆک، ١٩٩٥، مۆهانتی، ١٩٩٧)، هەروەها لە چاوی باشووردا وەها دەبینرێت کە هەر لە ڕەسەنەوە لە نێو گوتاری تایبەت بەباڵادەستی، ڕەهاییی مۆرالی و کۆلۆنیالیزمی نوێدا شاردراوەتەوە. هەروەکو سەرپۆش و زەواجی منداڵ و سووتاندنی بێوەژن لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا، "شەرەف" لە کۆتاییی سەدەی بیستەم، بوو بەسیمای دواکەوتوویی کولتووره ڕۆهەڵاتییەکان، کە چەوساندنەوەی ژن دەری دەخات. لە ڕاستیدا، سەرپۆش تا ئێستاش و لە هەندێ ڕووەوە مانای ئەو دواکەوتووییە دەگەیەنێ، کە ژن وەکو بێدەسەڵات و چەوساوە دادەنێت. ناڕەزایی و گومان و ڕق لە بەرامبەر ئەو مێژووە، بێ شک برەو بەو بەرگرییە دەدات کە ستایش لە ڕوانینی (تایبەتی) ڕەخنەگرانەی ڕۆئاوا لەبارەی پێوەندییەکانی جێندەر لە شوێنی تر دەنێت. هەروەها گوزارشت و تێگەیشتن دەربارەی تەحەددای وڵاتانی باشوور بۆ یەکسانیی جێندەر توندوتیژیی جێندەر لە وڵاتانی دوای کۆلۆنیالی ئاڵۆز دەکات.

ئیسلام و جیهانی ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا زیاتر وەکو دوژمنی ڕۆئاوا یا شارستانیەت وێنا کراون (هەنتینگتن، ١٩٩٣) و ڕەفتاری بەربەرییانەش بەرامبەر بەژن وەکو نموونەی ئەو نەگونجانە زەق دەکرێتەوە، بۆ ئەوانەی کە مشتومڕ لەسەر پێکەوە هەڵکردن دەکەن. لە بەرامبەردا، ئەم بارودۆخە لە جیهانی ئیسلامیدا هەستی ئەوە دروست دەکات کە لە ژێر هێرشکردندا بن (لە ڕووی کولتووری و بەمانا حەرفیەکەشی) لەمەشەوە گەمارۆ درابن. گەمارۆدان لە ڕووی عەقلییەوە یارمەتی یەکگرتوویی دەدا و جیاوازی دەشارێتەوە، بەتایبەتی جیاوازیی ئەو دەنگانەی کە ناڕەزایی دەردەبڕن. ئەمە زۆر سەرەکییە لە ئیعتیباراتی ئێمە لەمەڕ شەرەف. کێشەکە لەوەدایە کە بەوەڵامدانەوەی تەفسیرە ڕەهاکانی ئیسلام، جۆراوجۆریی دەنگە ئیسلامییەکان دەچنە قاوغی یەک دەنگەوە و وەکو دابەشکردنێکی هەرە ڕەها دەردەکەون بەپێی ئەو هێڵە هەڵانەی ئاینی یا کولتووری کە بۆ هێرشکردنیان بەکارهاتوون، ئەوەی کە ڕاوس (١٩٩٩) بە "ڕۆهەڵاتناسیی پێچەوانە" ناوی دەبات. سەیر لەوەدایە کە یەکگرتوویی ڕۆئاوا دەبێتە شیرازەی سەرچاوە بۆ ڕۆهەڵات (جۆن، ١٩٩٦، ١٩٩٨) و وەکو سپیڤاک- یش (١٩٨٨) دەڵێت کەسانی ژێردەستە پایەی ژێردەستەییی خۆیان لە کۆمەڵگە دەنووسنەوە.

جەختکردنە سەر کولتووره ئیسلامییەکان نەیتوانیوە بیسەلمێنێت کە پرنسیپی شەرەف و ئەو

کوشتنانەی کە پێیەوە گرێدراونەتەوە لەوانەیە لە کولتوورە نائیسلامییەکاندا هاوشێوەی هەبێت. من لەسەرەوە هەندێ لەو هاوشێوە ئەوروپاییانەم خستە ڕوو، لەوانەیە هی تر لە ئاسیا هەبن کە چەمکی سەربەرزی (چۆودری، ١٩٩٣: ل٢١٤) تیایاندا بەهەمان شێوەی شەرەف لە شوێنانی تردا بەکار دێت. لە هیندستان پێداگرتن لەسەر شەرەف، لەوانەیە وەسیلەی دەربڕینی هێز بێت، بەتایبەتی هێزی توندوتیژ (چۆودری، ١٩٩٨: ل٣٣٣) و هێزێک کە لە نۆرمەکانی جێندەردا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو بابەتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە پێگەی ئافرەت دەخەنە بەر پرسیارەوە لە زۆر کولتوور و سەردەمدا دەبینرێن. لە هەموویان گرینگتر برێتین لە ترس و کۆنترۆڵ یا هەوڵدان بۆ دیاریکردنی سێکسوالیتیی ژن. ئەمانە زۆرجۆریان هەیە، هەرچەندە هەندێکیان ڕوون و ئاشکران. ئافرەت لە کۆنترۆڵی باوکەوە دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی مێرد، کولتوور دوای کولتوور، هاوسەرێتی ئەو دامەزراوەیەیە کە ئافرەتی لاوی /کچانی لە دەوروبەری تەمەنی باڵقبووندا/ تێدا ئاخنراوە. یەک مێرداری و باوکدارییەتی ئەوە دەسەلمێنن کە هاوسەنگیی هێز لە نیوان خێزانەکاندا لە ڕێگەی هاوسەرێتییەوە بەشێکی زۆری کۆنترۆڵی دیفاکتۆی سەرئافرەت لە لایەن ماڵی خەزووران دەگرێتەوە. زۆربەی جار یاسای تایبەت بەچاودێریکردنی منداڵان نموونەی کولتووری موڵکداری فۆرمالیزە دەکات، ئەمەش دەسەڵات دەداتە باوکان بۆ کۆنترۆڵی منداڵەکانیان (دەیسەلمێنێ کە ئەرکی ژن ئەوەیە منداڵ بەرهەم بهێنێت و پەروەردەیان بکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە وابەستە نییە بەپەیمانێکەوە، چونکە جەستەی ژن و تێکەڵبوونی سێکسی لە پێوەندییە هاوسەرێتییەکان جێگیر بوون و ئامرازن بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ بۆ مێرد و خێزانەکەی.

شێوەی ڕووتەنیتری ئەو کۆدانەی کۆنترۆڵ لە "پشتێنی باوکسالاریی کلاسیکدا" هەیە (کاندیۆتی، ١٩٨٨) و لە ڕێگەی هەمان سنووری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شوێنی تریش بەکار دەهێنرێن. کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتیی ژن لە زۆر بواردا بەدی دەکرێت، زۆر دەسەڵاتی یاسایی شکستیان هێناوە لە دابینکردنی کۆنترۆڵی ژیانی سێکسوالی ژنان لە لایەن ژنان خۆیانەوە، تەنانەت لەگەڵ مێردەکانیشیاندا ئەو دەسەڵاتەیان نییە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە یاساییانە نەیانتوانیوە زۆرگێکردن (دەستدرێژیی سێکسی-وەرگێڕ) لە هاوسەرێتیدا بەتاوان دابنێن و سزای بۆ ببڕنەوە. ئەمە پێوەستە بەوەی کە ژن کاتێ شووی کرد، دەبێ بەردەوام پێوەندیی سێکسی لەگەڵ مێردەکەی قبووڵ بکات و بەمجۆرە ناتوانێ گوزارشت لە ئارەزووی خۆی بکات یا ئەو ڕەت بکاتەوە(٥).

تابلۆی ٢- ١: نەخشەی دینامیکییەتی شەرەف و بێ شەرەفی

شەرەف: کۆکراوەتەوە لە کەس (بەشەرەفی ژن و مێردایەتیشەوە)، خێزان، عەشیرەت، خێڵ، کۆمەڵگە، گشتدا.

ئەو کردەوانەی کە دەبنە مایەی بێ شەرەفی:

تێکەڵبوون لەگەڵ هاوڕێی نێر، هەبوونی بۆی فرێند، چوونە کۆلیج یا کار بەبێ ڕوخسەت، پێشێلکردنی کۆدەکانی جلپۆشین، هەڵبژاردنی هاوسەر، هتد

ئەو کردەوانەی کە شەرەف دەگەڕێننەوە:

دەکرێ شەرەف لە ڕێگەی چاککردنی ڕەفتاری ئەو کەسەی کە سەرپێچیی کردووە بگەڕێنرێتەوە (بۆ نموونە بەهۆی بەشوودانی بەزۆر) یا لەناوبردنی ئەو کەسەی کە بووەتە مایەی بێ شەرەفی (کوشتن).

ئەو ڕەفتارانەی ژنان کە شەرەف بەرز ڕادەگرن:

بەشەرم و حەیایی لە ڕووی ڕەفتاری سێکسییەوە. وەفاداری لە هاوسەرێتیدا، نەبوونی پێوەندیی سێکسی لە پێش و لە دەرەوەی هاوسەرێتی، نەبوونی ژووانی بێ چاودێر لەگەڵ پیاوان لە دەرەوەی خێزان، بەجێهێنانی ئەرکی دایکایەتی بەرامبەر بەمنداڵ، بەجێهێنانی ئەرکی هاوسەرێتی بەرامبەر بەمێرد، بەجێهێنانی ئەرکی کچ بەرامبەر بەدایک و باوک، بەجێهێنانی ئەرکی بووک بەرامبەر بەماڵی خەزووران و هتد.

## جێندەر، سێکسوالیتی و شەرەف

بێگومان ئافرەتان قوربانیی یەکەمی تاوانەکانی شەرەفن. جووڵە و هاتوچۆیان سنووردار دەکرێت، هاوڕێتی و تەنانەت قسەکردنیشیان چاودێریی دەخرێتە سەر و کۆنترۆڵ دەکرێت، هاوسەریان بۆ هەڵدەبژێردرێ و ئامانجی زەق و ئاشکرای کوشتنن.

کۆدەکانی شەرەف بەکار دەهێنرێن نەک تەنیا بۆ دروستکردنی ئەوەی کە واتای ژن دەگەیەنێ، بگرە بۆ دروستکردنی ئەوەی کە واتای پیاویش دەگەیەنێ. بۆیە ئەو کۆدانە زۆر سەرەکین لە دیاریکردنی مانا کۆمەڵایەتییەکانی جێندەردا. بەمجۆرە شەرەف زۆر بەتەسکی بەستراوەتەوە بەڕێساکانی ڕەفتاری ژن و پیاوەوە و دانەبڕاوە لە واتاکانی پیاوسالاری لە ڕووی موڵکداری و کۆنترۆڵی جەستەی ژنەوە. سنوورە کۆمەڵایەتییەکان ژیانی ژن بەجۆرێ ڕێک دەخەن کە لە دەرەوەی پەیڕەو و یاساکانە و مانای زۆر گرینگتری دەدەنە پاڵ. سێکسوالیتیی ژن لەناو جەرگەی گرینگی و نیگەرانییە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بەڕەفتاری ژنن، بەجۆرێ کە پەیڕەو بۆ جووڵە و پێوەندییەکانی ژن دادەڕێژێ. پێویستیی پارێزگاریکردنی کچێنی بۆ مێرد تەنیا نابێتە هۆی سنووردارکردنی ڕەفتاری سێکسیی ئافرەت، بەڵکو سنووردارکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ پیاوان لە دەرەوەی خێزانی خۆی و حاڵەتێک کە هێمای سێکسی ببەخشێ. "پێش شووکردن، دەبێ ژن هیچ چالاکییەکی سێکسیی نەبێت و بپارێزرێت لە هەر کردەیەک کە چالاکیی سێکسیی لێ بکەوێتەوە..." ملکەچکردنی ئافرەت بۆ هەر فەرمانێکی یاساخ، هاوکات وەکو مێیینە و عەزرا دروستی دەکات (ئەبوو عودە، ٢٠٠٠: ل٣٧١، بڕوانە ئەبوو عودە–لغود، ١٩٨٦).

کۆد و تاوانەکانی شەرەف تەنیا تایبەت نین بەکۆنترۆلکردنی ژیانی ژن لە لایەن پیاوانەوە. بەڵکو تایبەتن بەنۆرمەکانی ناو کۆمەڵگە، بەچاودێرکردنی کۆمەڵایەتی و بڕیاری گشتی و کردەی سزادانەوە. ئەو نۆرمانە دەشێ لەسەر ڕەفتاری پیاوانیش پیادە بکرێت بەڕادەیەک کە پیاویش لەوانەیە ڕووبەڕووی کوشتن بێتەوە. کوشتنی کارۆ- کاری لە پاکستان، بۆ نموونە، ڕێگە دەدات بە کوشتنی ژن و پیاو کاتێ گومانی پێوەندیی ناشەرعییان لێ دەکرێ. تەنیا پیاو پابەستیی ژن بەنۆرمەکانی جێندەر دابین ناکات، بەڵکو ژنیش ڕۆڵی سەرەکی لەمەدا دەبینێ. شەرەف لە ڕێگەی کوشتنەوە دابین دەکرێ (لە لایەکی تەرازووەکەدا)، هەروەها لە ڕێگەی سنووردارکردنی هەڵسوکەوت، گفتوگۆ، هاوڕێیەتی، هەڵبژاردنی هاوسەر، هتد. ئافرەتان دابینکەری سەرەکیی ئەو سنوورانەن و دەشێ بەشداری لە بڕیاری کوشتنیش بکەن، تەنانەت کوشتنی کچی خۆشیان. لە ڕاستیدا، لە هەندێ حاڵەتدا، لەوانەیە بەشداری لە کوشتنەکەش بکەن (بڕوانە ئەو چاپتەرانەی کە تایبەتن بەلبنان و میسر لەم کتێبەدا). دوا شت، ئەو نۆرمانەی کۆنترۆل و کوشتن لە یاسا و بڕیاری دادگەدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە لە زۆر حاڵەتی کردەی توندوتیژیدا بۆ کڕینەوەی شەرەف، بە کوشتنیشەوە بوار بۆ سووککردنی سزا دەڕەخسێنێ (بڕوانە پێشەکیی وێلشمان و حوسێن لەم کتێبەدا لەگەڵ چاپتەرەکانی تایبەت بەپاکستان، لبنان، میسر و فەلەستین).

خاسیەتێکی تایبەت لە هەندێ وڵاتاندا ئەوەیە کە دەوڵەت لە تاوانەکانی شەرەف و پراکتیسی توندوتیژی دژی ئافرەت بەشدارە. بەشداریکردنی دەوڵەت لەم تاوانانە لە مەرجە یاساییەکان و سیستمی دادوەریدا دەردەکەوێ، کە بەئاشکرا تاوانبارانی شەرەف ئازاد دەکات و هاندەری شەرەفیش وەکو هۆکار بەکار دەهێنێ بۆ سووککردنی سزاکە. ئەو جۆرە پراکتیسانە پێچەوانەی توخمی دادوەریی داواکراوە لە بیرکردنەوەی مۆدێرنی تایبەت بەمافی مرۆڤ، کە دەوڵەتان ناچار دەکات لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بکەن و سزای پێشێلکار بدەن و قەرەبوو دابین بکەن و پێشێلکارییەکان نەهێڵن (بۆ پەیڕەوکردنی پرنسیپی دادوەریی پێویست لە بارەی توندوتیژی لە دژی ژن بڕوانە ئەمنێستی ئینتەرناشنال، ٢٠٠٤). لە لبنانەوە بۆ عێراق و سوریا و پاکستان، یاسا و پەیڕەوە یاساییەکان ڕێگە بەسووککردنی سزا دەدەن لە بەرامبەر ئەو کوشتنانەی کە سەر بنچینەی پارێزگاریکردن لە شەرەفن، یا لە دەستدانی کۆنترۆل لە کاتی هەڵچوونی دەماودەمدا (بەرگریکردن لەسەر بنەمای تووڕەیی لەپڕ و دەستبەجێ). ئەم مەرجانەی دەوڵەت ئەوە دەسەلمێنن کە دەسەڵات شەرعییەت بەو کوشتنانە دەدا و لە ئەنجامیشدا بەو بەها و کۆدانە دەدات کە دەبنە هۆی پتەوکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە. بەمجۆرە، سەرپێچیی ئافرەت لەو کۆدانە، جا بە کردەیی بێ یا بەپێی تێگەیشتنی دەوروبەر بێ، دەبێتە "هاندەری شەرعی" بۆ بەجێهێنانی تاوان بەزۆری لە لایەن پیاوەوە. نموونەی ئەو سەرپێچیکردنانە هەر لە ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە شووکردنێک کە خێزان ڕێکی خستبێ تا زیناکردن دەگرێتەوە. ئەو پاراستن و بەردەوامییە لە نێوان بەهای بکوژ و بەهای یاسایی لە ڕۆژئاوا لە ڕێگەی

جلـەو شلـكردنی هـەندێ دادگـە بۆ بكوژانـی ژن بەدی دەكـرێ، كـە بۆ نموونـە "بۆڵەبۆڵكردنی" ژن، پێوەنـدی بەسـتن لەگەڵ پیـاوێكی تر، بەجێـهێشـتنی ماڵی هـاوبەش یـا ئامادەنەكردنـی ژەمـی خواردن لە كـاتی خـۆیدا، وەكو بارودۆخ بۆ سـووككردنی سـزا بەكـاردەهێنێت (نوورس، ١٩٩٧). ئەم حـاڵەتە باوانە ئەوە دەگـەیەنن كـە ئەو دیاردەیە لە هـەمـوو كۆنـتێكسـت و كـولتـوورێكدا هـەیە. ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێ كە نۆرمـە كولتووری و كۆمـەڵایەتییـەكانی تایبـەت بەجێندەر لە كۆمـەڵگەوە ئاوەزێی ناو سـیسـتـمی یاسـای سزادان و ئاژانسـەكانی دەوڵەت دەبن و لەوێشـەوە دەگـەڕێنەوە بۆ كۆمـەڵگە. ئەم بەردەوامـیـیـە شـایـانی سـەرنجـە و من لە ژێرەوە لێـی دەڕوانم. بەڵام پێش ئەوە پێنـاسـەیەك بۆ تاوانەكانی شـەرەف دەخەمە ڕوو.

تەنگوچەڵەمـەی زۆر هـەیە لەبەردەم پێناسـەكردنـی تاوانەكانی شـەرەفـدا. هـەروەكو وێلشـمـان و حـوسـێن لەم كـتـێـبـەدا باسـی دەكـەن، دەشـێ لە ڕێگەی خـسـتـنەڕووی نموونەوە خـۆمـان لەو تەنگوچەڵەمانە بەدوور بگرین. باڵادەستـیی كۆلـۆنیالی و حـوكمدان سـێبەرێكی درێژ دەخەنە سـەر ناونانی هـەر پەیڕەوێكی جێندەریی تایبەت بەكولتوور و جوگرافیای كۆمـەڵگە پۆست-كۆلۆنیالەكان، بەتایبـەتی كاتێ پێوەندییـەكی بازنەیی لە نێوان هۆ و ئەنجـامـدا لەو پرۆسـەیەدا نەبێت، هـەروەكو لە خـوارەوە باسـی دەكەم. تـەحەدا لێرەدا ئەوەیە كـە بتوانـین دان بەوەدا بنێین كە تـاوانەكانی شـەرەف خاسیەتی تایبـەتیان هـەیە و ئەمەش، هـەروەكو باسم كردووە، بەشێوەیەك بكەین كـە هـەمان سیمای ڕوانینی ڕۆئاوایی و ڕۆهـەڵاتی نەگرێتە خـۆی. من وا هـەست دەكەم كە تاوانەكانی شـەرەف كۆمـەڵێك خـاسـیـەتی هـاوبەشـیـان هـەیە لەگەڵ جـۆرەكانـی تری توندوتیـژی دژ بەژنان هـاوتا لەگـەڵ ژمـارەیەك خاسیـەت كە جیایان دەكاتەوە لە پراكتیسەكانی تر. دیاریكردنی تایبـەتمەندیی ناتەواو كە نەتوانێ هـاوپێـوەسـتـی ببـینـێ زەحـمـەتە و بـەهـەمـان شـێـوەش ئـینكاركـردنی تایبـەتمەنـدی، ئەگـەر هـەبێ، كێشەئامێزە.

لێـرەدا، پێنـاسـەیەك پێـشـنیـاز دەكـەم بۆ تاوانـەكـانی شــەرەف و دیاریكـردنی خـاسـیــەتە سـەرەكـییـەكانی كـە بەباشـتـرین شـێوە سیـمـا هـاوبەشـەكانی ئەو تاوانانە بـەشـێـوەی ئێـسـتـا و هـاوچەرخ دیاری بكـات. بەكورتی، تاوانەكانی شـەرەف سـەرجـەم ئەو كردارانە دەگرێتەوە كـە تانەی بێ شـەرەفی، بەو شێوەیە كە لـەسـەر ئاسـتی جێندەری و ناوخـۆیی پێناسـە كراوە، لە ڕووی گرووپ دەسڕێتەوە. ئەو تاوانانە لە ڕێگەی زەبری عاتیفی و كۆمـەڵایەتی و فیزیكیدا لە دژی ئەو كەسـەی كە كـردەوەكـانی، ڕاسـتی بن یا درابنە پـاڵی، بووبن بەمـایەی بێ شـەرەفی. زەبری فیـزیكی لـەوانەیە بگاتە ئـاسـتی كوشـتنی سـەرپێـچیكەری كـۆدەكـانی شـەرەف. من شـەش خـاسـیـەتی سـەرەكی بۆ تاوانەكانی شەرەف پێشنیاز دەكەم:

١- پێـوەندییـەكـانی جێندەر كە ڕەفتـاری ئافرەت دەخـەنە ژێر پرسـیـار و پشكنینەوە و بـەتایبـەتی سێكسوالیتیی ژن دیاری و كۆنترۆڵی دەكات،

٢- ڕۆڵی ژن لە كۆنترۆڵكردن و چاودێری خستنە سەر ڕەفتاری ژنان،

٣- بڕیاری گـشـتی لـە سـزادان یا بۆ پـارێزگـاریكردن لەو ڕەفـتـار و كـردەوانەی كـە بەگـونجـاو



لین وێڵشمان و سارا حوسێن (٥)

دەزانرێن، لە کاتی بەزاندنی سنوورەکاندا،

٤- ڕۆڵی شاراوەی ژن لە بەشداریکردن لە کوشتنەکاندا،

٥- بەدەستهێنانەوەی شەرەف لە ڕێگەی سەپاندنی پەیڕەوێک یا کوشتندا،

٦- پاڵپشتیی دەوڵەت لەو تاوانانە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی شەرەف وەکو هاندەر و هۆکار بۆ سووککردنی سزا.

ئەم خاسیەتانە پێکەوە تایبەتمەندیی کۆد و تاوانەکانی شەرەف دیاری دەکەن.

ڕاستە پیاو لە کولتوور و سەردەمی جیاجیادا بەهۆکاری جۆراوجۆر ژن دەکوژن و زۆربەی جاریش سوود لە هەڵوێستی نەرمی یاسا وەردەگرن، کاتێک کە ڕووبەڕووی سیستمی دادوەری ببنەوە. ئەمە خاسیەتێکی گشتیی هاوبەشە، بەڵام بەس نییە بۆ وەسفکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی لە ژێر ئەو چەترەدا لە ئارادایە، وەکو ئەو تاوان و کوشتنانەی کە پێوەستن بەچەمک و کۆدی شەرەفەوە.

ڕادەی کاریگەریی بڕیار و کردەی گشتیی گرووپ لەسەر تاوانەکانی شەرەف و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی خاڵێکە کە دەشێ شوێنی نارەزایی بێت لە حاڵەتی ئەو کوشتنانەی کە بەبیانووی "گوڕی هەڵچوون و تووڕەیی"یەوە ئەنجام دەدرێن، واتە کاتێ برا، مێرد یا باوک بەسانایی بەکاریگەریی ڕق، هەڵچوون یا سۆز و لە گەرمەی ڕووداوێکدا خوشک، هاوسەر یا کچی خۆیان دەکوژن. لە ڕاستیدا، ئەم بەرگریکردنانە لە کاتی سەپاندنی بڕیاری دادگە لەمەڕ کوشتن وەکو هۆکار بۆ سووککردنی حوکم بەکار دەهێنرێن، ئەمەش تەنیا لە حاڵەتی ئەو کوشتنانەدا نا کە پێوەستن بە بەهانەی شەرەفەوە، بەڵکو لەو تاوانانەش کە لە هەندێ سیستمی دادوەریدا، وەکو سیستمی بەریتانیا، هەڵچوون یا هاندان و دەمارگرتن بۆ سووککردنی حوکم بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە، لە بەریتانیا دەمارگرتن و هاندان بەشێکە لە بەرگریکردن لە کوشتن (یاسای کوشتن، ١٩٥٧)، کاتێ دەوترێ کوشتنەکە لە ئەنجامی لەدەستچوونی کاتی یا لەناکاوی ڕکێف و جڵەوگیری (کۆنترۆڵ)[٦]. بەهۆی بوونی یاسای تایبەت بەهەڵچوونی لەناکاو و کاتی و کۆنترۆڵنەکراوی توندوتیژی لە سیستمی دادوەریی جیاوازدا، ئارگیومێنتی تایبەت بە "هەڵچوون و تووڕەیی" یەکێکە لەو ئارگیومێنتانەی کە بەوردی لەگەڵ ئەو بەرگریکردنانەی کە لە ئارادان دەگونجێ و ئەمەش بەلایەکدا زاڵبوونی ئەو جۆرە تەفسیرانە بۆ ڕەفتار دەردەخات. من پێشنیازی ئەوە ناکەم کە کوشتن نییە لە حاڵەتی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و هەڵچوونی لەناکاو ڕوو بدات، بەڵکو دوو وەڵام بۆ تەفسیری پێوەست بە "هەڵچوونی لەناکاو" لە تاوانەکانی شەرەف یا کوشتنەکانی تردا دەخەمە ڕوو.

یەکەمیان، ئەو بەرگریکردنانەن بۆ سووککردنی حوکم لە یاسادا، کە لەوانەیە وا بکەن ڕادەیەکی زۆرتری ئەو جۆرە بەرگریکردنانە لە تۆماری دادگەدا ببینین لە چاو هۆکارە حەقیقییەکان. پێویستیی بەکارهێنانی ئەو بەرگریکردنە یاساییانەی کە هەن، ئەوە دەگەیەنن کە لەوانەیە لە ئامارەکاندا دەرکەون.

خاڵی دووەم پێوەستە بەسروشتی ئەو کۆمەڵگانەی کە هەڵسوکەوتی تاکەکانی پێوە بەندە. لەو کولتوورانەی کە تیایاندا کۆدی شەرەف کاریگەرە، هاندەر و پاڵنەری زۆر هەن بۆ ڕەفتار و ئەخلاق و بەهای گشتی کە لەگەڵ کۆدە زاڵەکان دەگونجێن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە زەحمەتە بەجۆرێک بجووڵێنەوە کە تەحەدای ئەو کۆدە گشتییانە بکات، دژیان بووەستێت یا ڕووبەڕوویان بێتەوە و (لێیان دەرچێت). هەر کردەیەکی لەم جۆرە نرخی کۆمەڵایەتیی دەکەوێتە سەر. بۆ من ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئەو پیاوانەی لەو بارودۆخە ژن دەکوژن (واتە کاتێ ژن سەرپێچی لە کۆدە زاڵەکانی شەرەف دەکات)، ئەوە بەجۆرێک ڕەفتار دەکەن کە ئەو کۆدە داڵدەیان دەدات و/یا بەهێزیان دەکات و دواتریش کەڵکی لێ وەردەگرن. تەنانەت ئەگەر یاسا ڕاستەوخۆ لە کوشتنەکەش خۆش نەبێت، ئەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سوودی هەیە، وەکو شایان و ڕێز لێنان لە بکوژەکە بۆ لەناوبردنی ئەو ژن یا کچەی کە گوایە شەرەفی گرووپی لەکەدار کردووە. بەم شێوەیە، کۆدی شەرەف برەو بەپێکهاتەی ئەو نۆرمە جێندەرییانە دەدات کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شەرعییەتیان هەیە و ڕەفتار دیاری دەکەن و لێشیان دانابڕێن، لە ئەنجامدا دەڵێم کاتێ کۆدەکانی شەرەف زاڵ دەبن و بەهای گشتی و ڕەفتار و خۆگونجان لەگەڵ نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر بنیات دەنرێ، ئارگیومێنتی تاکڕەوانەی بنیاتنراو لەسەر "هەڵچوونی لەناکاو" تەفسیرێکی ناتەواو بۆ ئەو کوشتنانە دەخاتە ڕوو کە پابەندن بە بەهای ئەو جۆرە کۆدانەوە. ئەمە مانای وا نییە کە پیاوان هەرگیز ناکەونە ناو حاڵەتی هەڵچوونی لەپڕ کە وایان لێ دەکات ئەو ژنە بکوژن کە سەرپێچیی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە. بەڵکو دەکەونە ناو ئەو حاڵەتەوە. لە هەمان کات، من گومان دەکەم لەوەی ئەو حاڵەتانە زەمینە پێک بهێنن بۆ ئەو ژن کوشتنانەی کە بەپێوەستن بەشەرەفەوە. دیسان، لەم حاڵەتانەدا بەردەوامبوونی حاڵەتی فێمیساید (ژنکوشتن) لە زۆر وڵات و کۆنتێکیستی تردا دەبینم. شتێکی تایبەت و جیاواز دەربارەی کوشتنی ژن لەسەر بنچینەی شەرەف هەیە، ئەمەش بریتییە لەوەی کە ئەو کوشتنانە ڕەگیان لەناو کۆمەڵێک کۆدی تایبەت بەڕەفتار داکوتاوە کە لە لایەن گرووپەوە بەوردی چاودێری دەکرێن، ئەو پشکنین و چاودێریکردنە لە سەرێکەوە لە ڕێگەی کوشتنەوە ئەنجام دەدرێت. بەرگریکردن بە بەهانەی "هەڵچوونی لەناکاو" لە هەندێ ڕووەوە ڕەنگدانەوەی بوونی ئەو بەرگریکردنە لە لایەن بکوژەوە دەگەیەنێت نەک تەفسیرێکی دروست بۆ نموونەیەکی پابەند بەباری کۆمەڵایەتیی (زاڵی) ئەو کوشتنانەی پێوەستن بەجێندەرەوە. ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەیە کە تا ئێستا پێویستی بەتێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی دروست هەیە (کە لێرە دەمەوێ برەوی پێ بدەم)، تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی جیا لە تەفسیری تۆمار و پەیڕەوە یاساییەکان.

من وای دەبینم کە نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون بۆ تاوانەکانی شەرەف بۆشاییەکە و دەبێ قسەی لەسەر بکرێ. هەروەها پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەو پێناسەیە دەوڵەمەند بێت بەئەزموون و ڕوانینی هەموو ئەو کەسانەی کار لەسەر ئەو تاوانانە و لە دژی ئەو تاوانانە دەکەن. هەروەها باس لەسەر تایبەتمەندی و خاسیەتە هاوبەشەکان دەکەم لەناو ستروکتورێک کە ڕێگە خۆش بکات بۆ یەکگرتوویی و هاوکاری لە دەرەوەی چوارچێوە کۆلۆنیالییەکان و لە بەشی تایبەت بەیەکێتی لە

ژێرەوە قسەی لەسەر دەکەم. بەڵام، پێش قسەکردن لەسەر یەکێتی و هاوکاری، گرینگە ئەو بارودۆخە دەستنیشان بکەم کە بەربەرەکانیی تاوانەکانی شەرەفی تێدا دەکرێ.

## ڕوانینی بەرامبەر

لە وڵاتانی پۆست-کۆلۆنیالیدا دەنگ زۆرن کە بەشێوەیەکی بەردەوام و ئاشکرا بەربەرەکانێی توندوتیژی دژ بەئافرەت و تاوانەکانی شەرەف لە کۆمەڵگەی خۆیاندا دەکەن. بەڵام مێژووی سروشتی دەستێوەردانە کۆلۆنیالییەکان لە مەسەلەی جێندەر بیانووی زۆر دەداتە ئەوانەی کە چالاکوانەکانی مافی ئافرەت تاوانبار دەکەن بەوەی کە کاریگەریی ڕۆژئاوایان لەسەرە و ڕاستگۆ نین لەمەڕ نەریتی کولتووریی خۆیان و بەکرێگیراوی ساویلکەی پرۆژە پۆست-کۆلۆنیالەکانن. بارودۆخی دوای یانزەی سێپتێمبەر ئەو ڕەوتانەی بەهێز کردووە، وەکو جەمسەرگیریی ڕۆژئاوا لە دژی ئەوانی تر[٧] کە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبووە لە دیاریکردنی مۆدێلی دووانەکی کە دابەشکردن دەخولقێنێ.

لە هەمان کاتدا، دەنگە ڕەخنەگرەکانی کۆمەڵگە پۆست-کۆلۆنیالەکان، بەکولتوورە ئیسلامییەکانیشەوە، بەئاسانی دەتوانن سەرنجیان بخەنە لەسەر پێوەندییەکانی جێندەر لە ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە دەبینرێ کولتووری ئیسلامییەکان تۆمەتبار دەکەن. بەڵگەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە ڕۆژئاوا زەمینە بۆ تاوانبارکردن دەڕەخسێنێ بەوەی کە دووفاقی لە ئەجێندای ڕۆژئاوادا هەیە، هەروەها بۆ تەفسیرکردنی ئەوەی کۆمەڵگەی بێ کۆدی شەرەف سنوور یا پرینسیپی نییە بۆ بەڕێوەبردنی ڕەفتاری مرۆڤ. بێگومان، بە دەستنیشانکردنی کێشەی ئەو کۆمەڵگانەی کە گوایە "سنووریان نییە"، سەرنج دەخرێتە سەر ڕەفتاری ژن و پیاو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ ڕەخنە هەن تایبەتن بەژنەوە (ژن کاتێ لە دەرەوەی هاوسەرێتی سێکس دەکات و منداڵی هەیە، ژن کە جلوبەرگی بێ شەرمانە دەپۆشێ، ژنی سەڵت و بێ پیاو، ئەو ژنانەی لەگەڵ ژن ژیان بەسەر دەبەن، ئەو پیاوانەی لەگەڵ پیاو ژیان بەسەر دەبەن- سێنتەری سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ستراتیجی، پاکستان). ئەوەی کە یەکەم جار ئەو جۆرە بۆچوونانە دروست دەکات، نەبوونی کۆنترۆڵی پیاو و کۆمەڵگەیە لەسەر سێکسوالیتیی ژن. لە زۆر کولتووردا بەدڕەفتاریی سێکسی و ئاشکرای ژنن کە "شەرەفی خێزان" لەکەدار دەکات (گریتا، ١٩٩٨: ل٣١٥).

پێ دەچی ئەو دوو کۆمەڵە دەنگە (ئەوەی کە کولتووری "دواکەوتوو" تۆمەتبار دەکات و ئەوەی تریش کە بەرگریی لێ دەکات) هیچ زەمینەیەکی هاوبەشیان نەبێ کە ببێتە هۆی دروستبوونی گفتوگۆ لە نێوانیاندا: کولتوور لێرەدا بووەتە هۆکارێکی ڕەهای دابەشبوون. لە ڕاستیدا ئەو دوو هەڵوێستە کۆمەڵێ خاسیەتی هاوبەشیان هەیە: بۆ نموونە، هیچ کامیان دان بەوەدا نانێت کە کولتوور یەکانگیر نییە و لە ناوەوەڕا دەگۆڕێ، هەردووکیان ئەوی تر تا ڕادەیەکی زۆر بەکێشە دادەنێ، هەردووکیان جەخت دەخەنە سەر پێوەندییەکانی جێندەر، هەردووکیان شەرم و شەرەف، چ بەهۆی بوونیان یا نەبوونیانەوە بێت، وەکو پرەنسیپی کێشەئامێز دادەنێن. بەڵام لە هەمووی

گرینگتر ئەوەیە کە هەردووکیان فاشیلن لەوەی بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕواننە ناوەوەی خۆیان تا لە دژی پەیڕەو و پێوەندییە زیانبەخشەکانی تایبەت بەجێندەر بێنە گۆ. ئەو فەشەلهێنانە لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی زاڵ و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی پیاوان، لە وڵاتە ڕۆئاواییەکان کە کۆمەڵگە "دواکەوتووەکان" تۆمەتبار دەکەن، هەروەها لەو وڵاتانەش کە بەهێرشکردنە سەر بەرامبەرەکانیان بەرگری لە کۆمەڵگەکانیان دەکەن، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ڕاڤەکردنی هاوبەش و ئەجێندای هاوبەش بۆ کارکردن لەناو دەبات.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ڕەوتە گەردوونی نییە. ئەوانەی کە سەر بەلێکدانەوەی هاوبەشن، نەک تەنیا دەتوانن چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ تێگەیشتن بنیات بنێن، بەڵکو دەتوانن دەستیان بخەنە ناو دەستی یەکتری و کاری هاوبەش بکەن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تاوانەکانی شەرەف. ڕێبازی دووانەکی یا تاوانکارانە بۆ تاوانەکانی شەرەف و بەشێوەیەکی فرەوانتر بۆ توندوتیژی بەرامبەر بەژن، ئەو ئیحتیمالانەی کە لە ئارادان بۆ کاری هاوبەش لەناو دەبات. کارکردن بۆ بەرەوڕووبوونەوە و بنبڕکردنی ڕەفتاری زیانبەخش بەرامبەر بەئافرەت بنچینەیە بۆ دروستکردنی گۆڕان. دەنگە ناوخۆییەکان هەن و زۆر سەرەکین، بەڵام یەکێتیی کاریگەر لە دەرەوەی ئەو دەنگە ناوخۆییانە بووژانەوە و کۆمەک و فیکر و پشتگیری دەبەخشێ.

## بارودۆخی هاوبەش

ژن لە کۆمەڵگە "دواکەوتووەکان"، وەکو ژنانی شوێنەکانی تر، ماوەیەکی دوورودرێژە بەربەرەکانێی پێوەندییە جێندەرییە زاڵەکانی وڵاتەکانیان دەکەن. ئەم ژنانە دێنە گۆ و قسە دەکەن و خۆیان ڕێک خستووە، بەتایبەتی لە مەسەلەی تایبەت بەتوندوتیژی دژی ئافرەت (بڕوانە مۆلینوکس، ٢٠٠٠، باسو، ١٩٩٥، وێرینگە، ١٩٩٥، سەن، ٢٠٠٣). من هێڵی ئەو بیرکردنەوەیەم دیاری کردووە کە هەندێک کولتووری تایبەتی وەکو کێشەئامێز ڕەنگ کردووە. من ئێستا باس لە دوو شێوازی جێگرەوە دەکەم کە تەحەدای تاوانەکانی شەرەف دەکەن. ئەم جیاکردنەوە ناوێزەیە ئەوە دەردەخات کە لە واقیعدا شێوازەکان تەجاوزی یەکتری دەکەن.

١- شێوازێک کە چەمکی شەرەف فرەوان دەکات (وەکو کێشەئامێزیی چەمکەکە) بەجۆرێک کە پەیڕەوەکانی ڕۆئاواش بگرێتەوە (بۆ نموونە: تاوانەکانی سۆز، هەروەها هاوسەرێتی زۆرەملێ لەو کولتوورانەی کە کۆدی شەرەف کەمتر ڕوونە). لێرەدا و لە ژێر چەتری چەمکی شەرەفدا، جۆرەها فۆرمی توندوتیژی پۆلێن دەکرێن. بەمجۆرە شەرەف کێشەی هەمووانە و بوار دەڕەخسێنێ بۆ یەکێتییەک کە پشتگیرییەکی کاریگەرانە دروست دەکات.

٢- شێوازی دووەم هەوڵ دەدات زمان و چوارچێوەیەکی هاوبەش بدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە جۆرە جیاکانی هەردوو نایەکسانیی جێندەر و توندوتیژیی دژی ئافرەت دیاری بکرێ. لێرەدا، چوارچێوەی مافی مرۆڤ و سیفاتی باوی توندوتیژیی دژی ئافرەت دەبنە هاندەر بۆ هاوکاری.

هەردوو شێوازەکە کولتووره نائیسلامییەکان دەخەنە بەر باس و ڕەخنەوە، بەمەش ڕەتی

دەکەنەوە کە کولتوور جیاکەرەوە بێت و بەدوای بنەمایەکدا دەگەڕێن بۆ دیالۆگ و هاوپەیمانیی نێوان کولتوورە جیاکان (ئەلنەعیم، ١٩٩٣). لەوانەیە پێکچوون لە پێوەندی لەگەڵ دوو تێمی سەرەکی بەدی بکرێت: دانانی کۆمەڵێ فۆرمی توندوتیژی بەناوی تاوانەکانی شەرەف هاوتا لەگەڵ ناساندنی ئەو تاوانانە وەکو بەشێک لە زنجیرەیەکی فرەوانتر لە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت. هەردوو هەڵوێست لە لایەن فێمینیست و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ قسەیان لەسەر کراوە. بۆ نموونە، ڕێکخراوی هیومەن ڕایتس ووچ دەڵێ: "لەو وڵاتانەی کە ئیسلام پەیڕەو دەکرێت، ئەو تاوانانە بەناوی تاوانی شەرەف ناودەبرێن، بەڵام کوشتن لەسەر مارەیی و تاوانەکانی هەڵچوون (سۆز) هەمان دینامیکییەتیان هەیە، ئەویش بەوەی کە ژن لە لایەن ئەندامانی نێرینەی خێزانەوە دەکوژرێ و تاوانەکەش چاوی لێ دەپۆشرێ یا وا دەبینرێ کە لێی تێ دەگەن (براون، ٢٠٠٢، لە مەیاڵ، ٢٠٠٢ باس کراوە).

با لە شێوازی یەکەمەوە دەست پێ بکەین. لە ناو جەرگەی پرەنسیپی ئەو کردەوانەی کە بۆ چەمکی شەرەف ئاڕاستە کراون، پرۆسە و پێکهاتەیەکی تایبەت هەیە کە شایانی ئەوەیە سەرنجیان لێ بدرێ. من باسی ئەوە دەکەم کە لەوانەیە بتوانین تاوانەکانی شەرەف دیاری بکەین و ڕاڤەیان بکەین بەو شێوەیەی کە جیاوازن یا هاوشێوەی (ئەگەر واش بێت تا چ ڕادەیەک) جۆرەکانی تری توندوتیژیی دژ بەئافرەتن.

خاسیەتی پێکچووی ڕاستەقینە هەن لەوەی کە ئەو پرەنسیپ و بەهایانەی دەدرێنە پاڵ چەمکی شەرەف لە ناو ئەو کۆمەڵگە و کولتوورانەدا هەن کە چەمکی شەرەف بەهەمان شێوازی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بەکار ناهێنن (ئاراژی، ٢٠٠٠). توخمەکانی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ئافرەت، بەتایبەتی سێکسوالیتێی ژن، لە لایەن پیاوان و تا ڕادەیەکیش لە لایەن ژنانەوە، لەگەڵ مافی پیاوان لە دابینکردنی داوێنپاکی و سزادان و کوشتنی ژن لە ناو خێزان و هاوسەرێتیدا نموونەی هاوشێوەیان لەناو کۆمەڵێ کولتووردا هەیە. بەتایبەتی، تاوانی هەڵچوون (سۆز) و نموونەکانی پێوەندیی جێندەری کە لە کولتووری "نێرایەتی" (ماچیسمۆ)ی ئەمەریکای لاتیندا کۆمەڵێ دەسەڵاتی نێرانە بەسەر ژندا دەگرێتە خۆی و نموونەی باو و پێشنیازکراوی ئەو پێکچوونەیە (یوسف، ١٩٧٣) و لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ئاماژەی بۆ کراوە (بڕوانە ئەو گفتوگۆیەی ژێرەوە لەگەڵ وتارەکەی کۆنەرز لەم کتێبەدا). تەنیا ئەو ڕەفتار و بەهایانە نین کە هاوشێوەن، بەڵکو فۆرمالیزەکردن و پەسندکردنی کۆمەڵایەتیی تاوانەکانی هەڵچوون (سۆز) کە لە لایەن سیستمی یاسایی دابین کراوە (بڕوانە بڵاوکراوەکانی CIMEL).

لەوانەیە ئەو سیفەتانە پێشنیازی پێکچوونی بەهێز بکەن لە نێوان تاوانەکانی شەرەف و تاوانەکانی سۆزدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناو ئەو خاسیەتانەی کە من پێشتر وەکو تاوان و کۆدەکانی شەرەف دەستنیشانم کردن، هەندێکیان لە تاوانەکانی سۆزدا بەدی ناکرێن. لەمەی دواییدا، ڕۆڵی بەردەوامی ژن لە ڕاگرتنی کۆدەکانی ڕەفتاردا بەو شێوەیە ڕوون نییە. بەدڵنیاییەوە، ژن خۆی ئەو بەهایانە برەو پێ دەدات کە ژنانی تر تاوانبار دەکات یا ڕووبەڕووی فەرمانیان دەکاتەوە، بەڵام

بەهەمان شێوازی ئەو کۆمەڵگانە نا کە بەکۆدی شەرەف بەڕێوە دەچن. هەروەها، ژن لە کوشتنەکانی تایبەت بەسۆز نابێتە ئەکتەری سەرەکی بەو شێوەیەی لە تاوانەکانی شەرەفدا ڕوو دەدات. لە کۆتاییدا، تاوانەکانی شەرەف زیاتر کردەوەی تاکن لە نواندنی توندتیژیدا نەک سزادانی گرووپ. بۆیە، لەیەکدان و کردنەوەیەکی تاوانەکانی سۆز و تاوانەکانی شەرەف هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە.

بە بڕوای من، لە ڕووی مەودای سیاسییەوە، هاندەر هەیە بۆ دەربڕینی پشتگیری بۆ هاوکارە موسڵمانە گەمارۆدراوەکان و دانانی هەوڵ و تێکۆشانیان وەکو هی خۆمان. بەشکردنی ئەزموونی ترسناکی کوشتنەکانی تایبەت بەشەرەف، کە بەردی بناخەی ڕەخنەی ڕۆژئاوایە، دەبێتە هۆی دابینکردنی قولاپەیەک بۆ ئەو پشتگیرییەی کە بەدوایدا دەگەڕێین. لەوانەیە ئەمە پرۆژەیەکی بەرز و مەفهوم بێت، بەڵام ناگاتە ئاستی لێکۆڵینەوەی چڕ و جێگرەوەی هەیە.

جێگرەوەی سەرەکی برێتییە لە شێوازی دووەم کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد: واتە سەیرکردنی تاوانەکانی شەرەف وەکو تایبەتمەندییەک لە بەردەوامیی توندوتیژی دژ بەئافرەت (سپاتز، ١٩٩١، شەن، ٢٠٠٣ب). کوشتنی ژن لە هەموو کۆمەڵگەیەک ڕوو دەدات، بەپێی ئامارەکان دەرکەوتووە کە ژنان بەرەوڕووی گەورەترین مەترسیی فیزیکی دەبنەوە لە لایەن ئەو پیاوانەی کە دەیانناسن. سێکسوالیتێی ژن بەشێوەیەکی فرەوان مەترسیی لێ دەکرێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە سنوورداری کراوە. توندوتیژیی نێریش بەحاڵەتی نیگەرانی و سووربوونی پیاو بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی جنسیی ژنەوە گرێ دەدرێت. ئەمانە تا دێ زیاتر وەکو هۆکاری سەرەکی دەناسرێن لە بواری توندوتیژی دژ بەژن. هەرچەندە چەتری چەمکی "توندوتیژی دژ بەژن" گشتگیرە، بەڵام شیاوە بۆ ئەوەی خاسیەتە پێکچووەکان (کە پێشتر باسمان کرد) و جیاوازییەکان بگرێتە خۆی، وەکو لە حاڵەتی کوشتنی تایبەت بەمارەیی کە وەکو توندوتیژییەکی ناوچەیی یا کولتووری ناسراوە، هەروەها تاوانەکانی شەرەف و (پەیڕەوە زیانبەخشەکانی تریش). بیرکردنەوەی دەستەیی ئەم دواییانە و بزووتنەوەکانی تایبەت بەتوندوتیژی دژی ژن لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا هاوتا لەگەڵ لایەنگرەکانی ئەم ڕەوتە پێشنیازی ئەوە دەکات کە پێکچوونەکان دەشێ لەبەرچاو بگیرێن بەبێ ئەوەی داننان بەجیاوازییەکان پشتگوێ بخرێت. با لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ پێشکەوتن و کۆسپی تایبەت بەبابەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (یو ئێن) بەم بابەتە.

پێشکەوتنی بەرنامەی یو ئێن بۆ توندوتیژی دژی ژن هێواش بووە و لە ئەنجامی ڕێککەوتنامەکانی مەکسیک (١٩٧٥) و کۆپنهاگن (١٩٨٠)[٨] کەمترین دانی پێدا نراوە (شەن، ٢٠٠٣ ا، کۆنەرز لەم کتێبەدا). ستراتیجییەکانی داهاتووی نایرۆبی (١٩٨٥) توندوتیژی وەکو مەسەلەیەکی جێی بایەخ ناساند و دەستی کرد بەپرۆسەی دانانی ستراتیجی بۆ باسکردن. لەگەڵ کۆبوونەوەی پسپۆڕانی ئەم بوارە لە ساڵی ١٩٨٦ و لێکۆڵینەوەی ساڵی ١٩٨٩ دەربارەی توندوتیژیی ناو خێزان، تەکانێک دەستی پێکرد لەوەی کە ئەزموونی توندوتیژیی ژنان تەنیا وەکو کێشەی ناو خێزان نەبینرێت، بەڵکو وەکو کێشەیەکی فرەوانتر ببینرێ و ئەو جۆرە

هەراسانکارییانە وەکو پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دابنرێن.

بەداخەوە ئەم پلانە دوای دارشتن و بەکاربردنی ڕێککەوتننامەی لەناوبردنی هەڵاواردن لە دژی ئافرەت لە ساڵی ١٩٧٩دا هات (سیداو و بەڕێککەوتننامەی ئافرەتانیش ناسراوە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەسەلەی توندوتیژی لەم بەڵگەنامەیە باسی لێوە نەکراوە. لە ڕاستیدا، ئەو بەڵگەنامەیە لەم چاوپۆشییەی لە کاتی ئێستادا سەرنجراکێش دەردەکەوێ. هەرچۆنێک بێت، ئەمە لە هەندێ ڕووەوە لە ڕوونکردنەوە و ڕاگەیاندنی تەفسیری کۆمیتەی چاودێریی ڕێککەوتننامەکە باسی لێوە کراوە. لە هەمووی گرینگتر، ڕاسپێرییە گشتییەکەی ژمارە ١٩یە کە دەڵێ توندوتیژی دژی ئافرەت جۆرێکە لە هەڵاواردنی تایبەت بەجێندەر (هەروەها بەمجۆرە لە ڕوانگەی سیداوەوە) دەوڵەتان لێپرسراون بەرامبەر بەتوندوتیژی دژی ژن، ئەگەر لە لایەن ئەندامانی خێزانیشەوە بێت. لە ١٩٩٠ەوە زۆر پێشکەوتنی تر ڕوویان داوە، لە هەموویان گرینگتر ڕاگەیاندنی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژن بوو لە ساڵی ١٩٩٣ هاوتا لەگەڵ دانانی پۆستی ڕاپۆرتۆری تایبەت بەتوندوتیژی دژی ژن و هۆکار و ئەنجامەکانی، کە لە ساڵی ١٩٩٤ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کرا. پلاتفۆرمی کاری حکوومی کە لە دوای کۆنفرانسی جیهانی لە بەیجین، ساڵی ١٩٩٥، دروست بوو، بەشێکی تایبەت بەتوندوتیژیی دژی ژنانی تێدا بوو کە یەکێک بوو لە دوانزە بوارەکانی باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە. جگە لەمە، ئەنجوومەنی گشتی کۆمەڵێک بڕیارنامەی دەرکردووە لەسەر چەند جۆرێک لە توندوتیژی کە کردە نەرێتخوازە زیانبەخشەکانیش دەگرێتەوە(٩).

پرۆژەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ باسکردنی مەسەلەی شەرەف وەکو بابەتێک لە توندوتیژیی دژی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ گرووپێکی کاری سەر بەلقی کۆمیسیۆنی تایبەت بەقەدەغەکردنی جیاکاری و پاراستنی کەمینەکان و هەروەها بۆ کردە نەرێتخوازەکان. کۆمیتەی سیداو مەسەلەی تاوانەکانی شەرەفی خستە ناو پرۆسەی ڕاپۆرتکردن و چاودێریکردنەوە لە ساڵی ١٩٩٧ لە تورکیا و ئیسرائیل و ساڵی ٢٠٠٠ لە ئوردن و عێراق. دەزگەی تریش ئەم مەسەلەیان بەگرینگ وەرگرت، وەکو کۆمیتەی مافەکانی منداڵ کە داوای زانیاریی تایبەت بەتاوانەکانی شەرەفی لە ڕاپۆرتۆری خۆی لە تورکیا کرد. ژمارەیەک لە ڕاپۆرتۆری یو ئێن تاوانەکانی شەرەفیان وەکو مەسەلەیەکی تایبەت بەمافی مرۆڤ پێناسە کردووە، بەتایبەتی ڕاپۆرتۆرەکانی تایبەت بەتوندوتیژی دژی ئافرەت و سەربەخۆیی دادوەری و حوکمی بێ بنەما و خێرا و نابەجێ. ئەمانە و پرۆگرامی تریش پێکەوە ئەوە دەردەخەن کە چۆن دامودەزگەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی کرد بەبایەخدان بەتاوانەکانی شەرەف وەکو مەسەلەیەکی تایبەت بەمافی مرۆڤ.

لە هەمان کاتدا، دوو ڕەوتی تریش بەدی دەکرێن: مەیلێکی زۆر بۆ بەستنەوەی تاوانەکانی شەرەف بەتاوانەکانی هەڵچوون (سۆز) و لە هەمان گۆشەشدا، گرێدانەوەی تاوانەکانی شەرەف بەئیسلامەوە. ئەم دوو ڕەوتە وا دەردەکەون کە پێچەوانەی یەک بن، یەکێکیان ئەوە قبووڵ دەکات کە ئاین ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەم مەسەلەیەدا، ئەوی تریش ئەمە ڕەت دەکاتەوە. ئەمەی دواییان، لە

ناوجەرگەی کێشە هاوچەرخەکاندایە لەمەڕ تاوانەکانی شەرەف، هەروەکو بەشێکی کێشەئامێز لە بڕیارێکی ئەم دواییەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بۆ دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، هۆڵەندا سەرپەرشتیی بڕیارنامەیەکی ئەنجوومەنی گشتیی کرد دەربارەی "خوو و داوونەریت کە دەبنە هۆی ڕوودانی تاوان دژی ژن، وەکو تاوانەکانی شەرەف". ئەم بڕیارە لە کاتێکدا هات کە گرینگیدانی نێودەوڵەتی بەتاوانەکانی شەرەف لە زیادبووندا بوو و وەکو دیاردەیەکی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست/ئیسلامی پێناسەی کردووە. لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە مەرامی ئەوەی هەبوو کە ئیسلام و تاوانەکانی شەرەف پێکەوە گرێ بدات. فیلمێکی دۆکیومێنتاری تەلەڤزیۆنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەخش کرا کە بەوێنەی مزگەوتێک و دەنگی مەلا بۆ بانگدان دەستی پێ کرد: ئەمە پێوەندییەکی جەوهەریانەی نێوان ئیسلام و تاوانەکانی شەرەف پێشان دەدات کە لە مێشکی زۆر کەس لە ڕۆئاوا جێگیر بووە. ئەم یەکسانیکردنە سادەیەی ئاین و توندوتیژی بەرامبەر بەژن لە چوارچێوەیەکدا زیانێکی زۆری لە خەباتی ناوخۆ دژی تاوانەکانی شەرەف داوە (کە لەوانەیە لە هەندێ شوێنی وەکو ئوردن و پاکستان بەهێز بێت). هەروەها، ئەم ڕەوتە زیانی لە هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەسەلەیە داوە. لە هەمان کاتدا، وێناکردنی ئیسلام وەکو ئاینێکی دواکەوتوو و کێشەئامێز پەرەی سەند (بۆ گفتوگۆی زیاتر، بڕوانە وێلْشمان و حوسێن لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا).

هەروەک لە سەرەوە باس کرا، لەوانەیە سروشت و کاردانەوەی ئەوانەی کە هەست دەکەن بەو جۆرە لە قالبدانەیان لە کێشە و پێگەی ئەوی تردا ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە ئاڵۆز و جۆراوجۆر بێت. لە حاڵەتی بڕیاری ساڵی ٢٠٠٠دا، ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی ئەوەی ڕەت کردەوە کە پێوەندی هەبێت لە نێوان ئیسلام و "کوشتنی ژن و کچان بەهەر دروشمێکی کۆمەڵایەتی گشتییەوە بێت، وەکو کوشتنی هەڵچوون و شەرەف و ڕەگەز" (ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی، ٢ی تشرینی یەکەم- ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، بڕوانە کۆنەرز لەم کتێبەدا). گفتوگۆ و چەواشەیی لەسەر مانای دەستەواژەی "تاوانەکانی شەرەف" و پێوەندیی گریمانەییان لەگەڵ ئاینی ئیسلام و/یا تاوانەکانی هەڵچوون، مشتومڕی گەورەی لێ کەوتووەتەوە. لەبری ئەمە پاکستان بڕیارێکی تریش پێشنیاز کرد کە تاوانەکانی شەرەفی بۆ سەرنجدانی تایبەت جیا نەکردەوە، بەڵکو بەستییەوە بەنەهێشتنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژن. ئەم بڕیارە لە لایەن زۆربەوە دەنگی بۆ درا لەگەڵ ٢٥ ئەندام دەنگیان لەسەر نەدا (کە ڕێژەیەکی زۆرە[١٠]). هەر چۆنێک بێت، مەسەلەکە بەشێوەیەک ماوەتەوە کە نوقمی مشتومڕە (بڕوانە کۆنەرز لەم کتێبەدا).

نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەیەکی یەکانگیر نییە کە بەیەک دەنگ بدوێ. لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناڕەزایی و ناکۆکی ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە، هەروەکو لە گفتوگۆی تایبەت بەبڕیاری هۆڵەندا بینرا[١١]. لە لایەکەوە، دیپلۆماتە گەورەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تێگەیشتنی خۆیان ڕوون کردەوە بۆ ئەوەی کە توندوتیژی دژی ژن بەهیچ شێوەیەک مەسەلەیەکی تایبەت بەناوچەیەکی جوگرافی (کولتووری) نییە یان سەر بەسیاقێکی دیاریکراو نییە. هەروەکو کۆمیشنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ سەرنجی داوە، "ئەمە دیاردەیەکی تایبەت

بەباکور یا باشوور، ڕۆهەڵات یا ڕۆئاوا نییە. توندوتیژی دژی ژن لە هەمـوو شـوێنێک ڕوو دەدات، بەڕادەی وڵاتە موسڵمـانەکان، لە وڵاتانی مەسیحیشدا پیادە دەکرێت" (دو مێلۆ، ٢٠٠٣). لە لایەکی ترەوە، لە مـارتی ٢٠٠٣دا، کۆمیـسیـۆنـی تایبـەت بەپێگەی ژن، لەبەر ڕێکنەکەوتنی سـەرکێشـانەی لەسەر بەکارهێنانی کولتوور وەکو کۆسپێک بۆ تەرحکردنی توندوتیژی، نەیتوانی لەسەر دەرکردنی بڕیارێک لەمەڕ توندوتیژی دژی ژن ڕێکەوێت.

بۆیە باشـترین شت ئەوە بوو کە تاوانەکانی شـەرەف وەکو جۆرێک لـە توندوتیـژی دژی ئافرەت تەماشـا بکرێت کـە هـاوخـاسـیـەتی کۆمـەڵێک فۆرمـی تری توندوتیـژییـە. بەڵام پرسـیـار ئەوەیە ئایا تاوانەکـانی شـەرەف هـاوشـێـوەی جـۆرەکـانی تری توندوتیـژین یا جـیـاوازن لێـیـان؟ ئەو شـەش خـاسـیـەتەی کە لە سـەرەوە باسم کـردن بەلای ئەوەدا دەشکێنەوە کە ئەزمـوونی کۆد و تاوانەکانی شـەرەف تایبـەتمەندن. بەڵام، ڕاگەیاندنی لەم جۆرە مـەترسـیی ئەوەی لێ دەکرێ کە ببێـتـە مـایەی ڕقـەبەرایەتـی بەرامـبـەر کولتـوورەکـانی سـەر بەکۆدی شـەرەف. من پێشنیـازی ئەوەم کرد کە ئەم پەرچەکارە لـە زۆر ڕووەوە پاکانەی بۆ دەکرێ. بـەڵام، بەرەوڕووبوونەوەی تاوانەکانی شـەرەف، وەکو ئەزمـوونێکی تایبـەت، هـەمـوو کـاتێک مـانای ئەوە نییـە کە ئەو کـردەیە بەتەواوی یەکسـان بکرێت بەئیسلام و ئەوەش ناگـەیەنێ کە ئاین و کولتوور دەبنە مـایەی جیاکردنەوەی ڕەها. بەمـشـتومڕەوە ئەم دوو بابەتـە کـرۆکی کێـشـەی بەتایبـەتمەندیکردنـی تاوانەکانی شـەرەفن. ڕاسـتـە، لـەوانەیە ئەو جـۆرە ڕەخنانە وەکو پێرسـتی سـەردەمی دژە- ئیسلامـی ببینرێ. لـەگەڵ ئەمـەش، ئەگـەر لەو دیوی ئەم سـەتحیـەتەوە بڕوانین، مـەحاڵە بتوانین ئەوە دیاری بکەین کـە "پێگەی ئەوی تر" ئەو ڕاڤـەکارییـە دیاری دەکات.

کـۆمـەڵێ دەنگ لە نـاو ئەو کـۆمـەڵگانەی کـە سـەر بەکـۆدی شـەرەفن دژی تاوانەکـانی شـەرەف وەسـتـاون. ئەو بەرهەڵسـتیکارییە وەکو کردەوەیەکی ڕیسـواکەر لە نـاوەوە بینراوە، چونکە بەلایەنی کەمـەوە ئەو دەنگانە وەکو لایەنگرانی هێزە کۆلۆنیالەکانی سەردەمی ڕابردوو حسێبیـان بۆ کراوە. ئەم تۆمەتبـارکردنە بەلایەنگیریی وڵاتە گەورەکان وەکو تاوانبارکردنێکی سـەرەکی کاری کردووە لە لایەن ئەو هێزانەی کە دژی کۆلۆنیـالیزمن، تەنانەت لە سـەردەمی دوای کۆلۆنیالیشدا. کەچی، ئەو ژنانەی کە دژی پەیڕەوکردنی تاوانەکانی شـەرەف بوون و هـاوتا لەگەڵ ئەوانەی کە لایەنگـیرییـان کردوون خەباتیان دژی هەردووکیان کردووە، واتە دژی کۆلۆنیالیزم و ئەو پەیڕەوە ناوخۆییانەی کە ئافرەت دەچەوسـێننـەوە. ئێـمـە کـاتێ دەمـانەوێ لە خـەبات دژی توندوتیـژی بەرامـبـەر بەژنان، بەتاوانەکـانی شـەرەفیـشـەوە، تێ بگەین و هاوسـۆزی بین، پێـویسـتـە لـەسـەر ئاسـتـی کـاردانەوەی گـرووپە کـەمـینـەکـان و، بەشـێـوەیەکی فـرەوانتـریش، لەسـەر ئاسـتی ئەو کـولتـوورانەی کـە ئەو تاوانانەیان تێدا ڕوو دەدات، لەو بارودۆخە بەئاگا بین.

من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە چوار جۆر کاردانەوە بۆ تاوانەکانی شەرەف هەیە. تا ڕادەیەک دەتوانین جێیان بەپێی گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە دیاری بکەین کە پێشتر باسمان کرد. ئەمانەش بریتین لە: (١) فێمینیست و هاوپەیمانەکان لەناو ئەو کۆمەڵگانەی کە سەر بەکۆدی شەرەفن، (٢) گرووپی تری کۆمەڵایەتی لە ناو هەمان کۆمەڵگەدا، (٣) فێمینیست و هاوپەیمانان لەسەر ئاستی تۆڕی هاوکاری لە نێوان ئەمانە و کۆمەڵگەی تردا، (٤) خەڵکی پێشکەوتنخواز لە دەرەوەی کۆمەڵگەی سەر بەکۆدی شەرەف.

١- فێمینیست و هاوپەیمانەکان لەناو ئەو کۆمەڵگانەی کە سەر بەکۆدی شەرەفن

فێمینیست و دەنگە پێشکەوتووەکانی تر لەناو ئەو کولتوورانەی کە تاوانەکانی شەرەفیان تێدا پیادە دەکرێت بەهێزن و سوورن لەسەر تاوانبارکردنی کۆدەکانی شەرەف کە ژیانی ژن دیاری و کۆنترۆل دەکەن. لێرەدا ڕایەکی گشتی و ڕوون هەیە لەسەر ئەوەی کە کوشتن و تاوانەکانی " شەرەف" جۆرێکی توندوتیژین و ناکرێ لێیان بێدەنگ بین. هەروەها ئەو بڕگە یاساییانەی کە "شەرەف" وەکو پاساوێک بۆ سزای کەمکراوە بەکار دەهێنن دەبێ کۆتاییان پێ بێت (بۆ نموونە: ڕێکخراوەکانی وەکو ژنان بۆ مافی مرۆڤیی ژنان لە تورکیا، ژنانی ژێر یاسای ئیسلامی کە تۆڕێکی نێونەتەوەییە، بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ بەتاوانی شەرەف، ئەنجوومەنی لبنانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت، کەمپەینی نیشتمانیی ئوردنی بۆ نەهێشتنی تاوانەکانی شەرەف). پرۆژەی (سیمێک و ئینتەرڕایت) زۆر لەو گرووپ و کەمپەینانەی لێک نزیک کردووەتەوە و ئەزموونەکانیشیان لەم کتێبەدا نووسراونەتەوە. دەشێ ئەو دەنگانە لەگەڵ فێمینسیت و هاوڕێیان لە دەرەوەی ڕووبەری جوگرافیی خۆیان هاوکاری بکەن. لە هەمان کاتیشدا، دەشێ ڕەخنە بگرن لە هەندێ لە دەنگەکانی ڕۆژئاوایی کە دژی تاوانەکانی شەرەفن، بەڵام ناتوانن لە سیاقی تایبەتی تێ بگەن و بەبێ ڕەخنە هەڵوێستێکی دژ بەئیسلام وەردەگرن. یان ئەمانە ناتوانن دان بەتوندوتیژی دژی ئافرەت لەناو کۆمەڵگەکەی خۆشیاندا بنێن.

٢- گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە ناو ئەو کۆمەڵگانەی کە سەر بەکۆدی شەرەفن

گرووپی گەورەتری کۆمەڵایەتی هەن کە سەر بەو کولتوورانەن کە کۆدەکانی شەرەف تێیاندا زاڵە. ئەو گرووپانە دژ بەو جۆرە کردانە دەوەستن و لەوانەیە وتەبێژی ئاینی بن یا دیپلۆماتێ کە نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکات. بۆ نموونە زانایانی ئیسلامی و سەرکردە ئاینییەکان لە زۆر بۆنەدا ڕایان گەیاندووە کە ئیسلام ڕێگە بەو جۆرە کوشتنانە نادات. لە کاتێکدا هەندێ دەنگی ئاینی بێ پێچوپەنا ئیدانەی ئەو تاوانانەیان کردووە و وتوویانە کە تاوانەکانی شەرەف هیچ بنەمایەکی ئاینییان نییە (بڕوانە پێشەکیی وێڵشمان و حوسێن لەم کتێبەدا، ٢٠٠٤)، هەندێکیشیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرامبەر بەو مەسەلانە بێدەنگ بوون (نموونەی ئەفغانستان[١٢]).

٣- تۆڕی فێمینیست و هاوپەیمانان لە سەرانسەری ئەو کۆمەڵگانەی سەر بەکۆدی شەرەفن.

فێمینیست و هێزە پێشکەوتنخوازەکان (بەتایبەتی چالاکوانانی بواری مافی مرۆڤ) کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا کار دەکەن، وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، بەزۆر شێوە گەلەکۆمەیان کردووە بۆ پشتگیری و هاوکاریکردنی ئەو فێمینیستانەی لە ناو ئەو کولتوورانەی تاوانەکانی شەرەفیان تێدا پیادە دەکرێت دەنگ هەڵدەبڕن. ئەمانە سەر بەڵێکدانەوەیەکن کە پێوەستە بەهەمان چەوساندنەوەوە، تێڕوانینیان بۆ توندوتیژی دژ بەئافرەت یا دەربارەی تاوانەکانی شەرەف و ئەزموونی سەر بەسیاقی جیا، لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا، پێکەوە گرێ دەدات.

٤- پێشکەوتووخوازانی دەرەوەی ئەو کۆمەڵگانەی سەر بەکۆدی شەرەفن

هەندێ لەو دەنگانەی کە لە ڕۆئاوا و ئەوانەی کە خۆیان بەپێشکەوتنخواز دادەنێن، یارمەتیدەر نەبوون، ئەمانە بەبێ ئاگایی و بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنی زانایانی ئیسلامی کە دەڵێن ئەو تاوانانە بنەمای ئاینیان نییە، تاوانەکانی شەرەفیان هاوتا کردووە بەئیسلام. ئەم هاوکێشەیە لەوانەیە ئەنجامی پەسندکردنی جیاوازیی کولتووری بێت نەک پێکچوونی کولتوورەکان. ئەم ڕەوتە لە مێژووی بوارە ئەکادیمییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە وەکو ئەنترۆپۆلۆژی، کە جەخت لەسەر جیاوازیی نێوان کولتوورەکان دەکاتەوە، بەڵام دان بەجیاوازییە کولتوورییە ناوەکییەکاندا نانێت (بڕوانە موور، ١٩٩٤). بەهەمان شێوە، ڕێبازە ئەکادیمییە مۆدێرنەکان، وەکو ڕێژەیی کولتووری و پۆستمۆدێرنیزم نەیانتوانیوە پێ لەسەر پێکچوون و بەردەوامیی لە سەرجەم کولتوور و شوێنەکاندا دابنێن. ئەم ڕەتکردنەوەیە بۆ دانان بەبنچینەیەکی هاوبەش بۆ ڕاڤەکاری پێچەوانەی ئەو پێشنیازانەیە کە وەڵامێکی گەردوونی دەخەنە ڕوو. گەردوونیزم و ڕەوتەکانی تریش کە دان بەخاسیەتی هاوبەشدا دەنێن، بنچینەیەکی باشتر پێشکێش دەکەن کە شەرعییەتیشی زیاترە. هەروەها، لە ڕاڤەکاریی هاوبەش و سەر بەخاسیەتی پێکچوودا هێزێکی گەورەتر هەیە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی هاوبەش. لە ڕەوتی ڕێژەییدا، حیسابێکی کەم بۆ جیاوازییە ناوەکییەکان و دەنگە نارەزاکان دەکرێ، یا بۆ ئەو ڕاڤەکارییەی کە دژی نۆرمە جێندەرییەکانی کۆدەکانی شەرەفن.

من هەندێ دەنگی ڕۆئاوا دەخەمە ناو ئەو کاتیگۆریەی دەرەوەی هێزی پێشکەوتنخوازان، ئەو دەنگانەی کە توورەیی دەردەبڕن بەپلەی یەکەم بەرامبەر بەتاوانەکانی شەرەف و بەتوندیش دژی ئەوەن کە لە ناو کولتووری ڕۆئاوادا نایەکسانیی جێندەر هەیە. ئەوانە وا هەست دەکەن کە چارەسەر لەوەدایە واز لە بەها کولتوورییە ناوخۆییەکان بهێنرێ لە بەرژەوەندیی تەبەنناکردنی بەها ڕۆئاواییە "پێشکەوتووترەکان". ئەم تێڕوانینە یا وەکو ئەنجام یا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆوە گوزارەی لێ دەکرێ. لە ناو ئەم ڕەوتەدا زاڵبوونێکی ئەخلاقی یا کولتووری بەدی دەکرێ کە بەشێوەیەکی ناسەرفرازانە لەگەڵ ئەو نەرێتە کۆلۆنیالەکاندا یەک دەگرێتەوە کە لەسەرەوە باسم کرد. لەمەش زیاتر، ئەگەر ئەم ڕەوتە لەگەڵ ئەو گوتارانە نزیک بکرێتەوە کە ئەو جۆرە کولتوورانە دەکەنە بابەتی باس و کۆڵینەوە، ئەوە مانای گەورەی ڕەگەزپەرستییان لێ دەکەوێتەوە.

لە کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکاندا ڕێبازێک هەیە کە ڕەخنە لە کولتووری کەمینەکان دەگرێ بەوەی کە هەڵاواردن و توندوتیژیی جێندەریان تێدا پیادە دەکرێ، لە کاتێکدا نەیانتوانیوە دان بەوەدا بنێن کە لە مەیدانی ماڵی خۆیاندا هەمان جۆرە توندوتیژی بەرامبەر بەژن هەیە. گوتاری زاڵی سکاندیناڤی ئەو ڕەوتە پێشان دەدات: خانەخوێکان بەردەوام گرووپە کەمینەکانی وڵاتەکەیان وەکو "موهاجیر" ناو دەبەن و نەبوونی پێگەی جێگیر و یەکسان بەخەڵکی وڵاتەکە پێشنیاز دەکەن. هەروەها تاوانەکانی شەرەف بەکێشەیەکی کولتووری دادەنێن. ئەم ڕەوتە کاتێ لە سومعەی سکاندیناڤی دەربارەی یەکسانیی جێندەر نزیک دەکرێتەوە، ئەوە دەردەخات کە جیاکاری لە نێوان کولتوورەکاندا هەیە، لەمەش گرینگتر، ئەم ڕەوتە ئەوە دەردەخات کە سکاندیناڤییەکان ناتوانن دان بەبوونی توندوتیژی بەرامبەر بەژن لەناو خۆیاندا بنێن.

کاری هاوبەش ئاسان نییە لەگەڵ ئەوانەی کە ئینکاریی ئەو کێشەیە دەکەن و ئەوانەش کە کار و وتەکانیان لە هەندێ ڕووەوە وەکو بەردەوامیی ئەو نەرێتە کۆلۆنیالە دێتە بەرچاو کە پێشتر باسمان کرد. بەپێچەوانەوە، هاوپەیمانە خاوەن هێزەکان ئەوانەن کە پێکهاتوون لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەوە و دەرەوەی ئەو کۆمەڵگانەی کە تاوانەکانی شەرەفیان تێدا ڕوو دەدات. لەم ڕووەوە، ئەوانەی ناو گرووپی یەکەم (فێمینیستی ناوەوە) لەگەڵ گرووپی سێیەم (فێمینیست و ئەوانی تری دەرەوە) یەک دەگرن لەسەر بنچینەی مەبەستێکی هاوبەش کە لە ئەجێندای فێمینستی یا ئەجێندای هاوبەشی ترەوە سەرچاوە دەگرێ.

گەورەترین هێز بۆ هاوپەیمانیی کاریگەر لەمەڕ مەسەلەی تاوانەکانی شەرەف، لە مەیانی ئەو تاک و ڕێکخراوانەدایە کە ڕۆڵێکی قەدبڕ دەبینن لە ناوەوە و دەرەوەی کولتوورەکانی سەر بەم مەسەلەیەدا. لەناو جەرگەی ئەو هاوپەیمانییانەدا، پێویستە کولتوور وەکو جیاکەرەوەیەکی ڕەها لە مەسەلەکانی توندوتیژی دژ بەژن بەکارنەهێنرێت. هەروەها ئەو ڕاستییە قبووڵ بکرێ کە توندوتیژی دژی ژن لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام بەشێوازی جیاجیا. جگە لەمە، پێویستە گرینگییەکی سەرەکی بەو دەنگانە بدرێ کە لە ناو کولتوورەکانی سەر بەکۆدی شەرەف کار دەکەن. بەمجۆرە، هەماهەنگی لە نێوان هەرسێ جۆری هاوپەیمانی یا کاتیگۆرییەکانی وەڵامدا، لە تێکۆشان دژی تاوانەکانی شەرەفدا زیاترین هیوا دەگرێتە خۆی.

## ئەنجام

چەمکی شەرەف نە سیمایەکی نوێ و بەتەواوی ئیسلامییە و، نە بەتەنیا خاسیەتی "کۆمەڵگە دواکەوتووەکانە". ئەو دەردی بیرچوونەوەیەی ڕۆئاوا، لەوانەیە بەرەو ئەو جۆرە ئەنجامانەمان ببات، بەڵام تۆمارە مێژووییەکان شتێکی ترمان پێ دەڵێن. هەروەها، شەرەف بەتەواوی گرێ نەدراوە بە کوشتنەوە هەرچەندە وا دەردەکەوێ کە نەخشەیەکی پتەوی هۆکارەکان بێت. بەرەنگاربوونەوە کۆلۆنیالییەکان، پێوەندییە جێندەرییە ناڕۆئاواییەکانیان بەشێوەیەکی فرەوان خستووەتە بەر باس و گفتوگۆوە و زلهێزەکانیشیان وەکو سەرچاوەی پێوەندییە جێندەرییە پێشکەوتوو و ڕۆشنەکان

پێشان داوە. کەشفکردنە نوێکانی ڕۆژئاوا بۆ تاوانەکانی شەرەف و ئەو دژایەتییانەی کە بەدوایاندا هات، ڕوانینی تایبەت بەچەمکی "بیان"ی (شەرەف) و ئاینێکی نامۆ و تێرۆریست (ئیسلام) و مەترسیی توندوتیژی دژی ژن لە تێکەڵەیەکی سیاسیی پتەودا تێک هەڵکێش دەکەن. گرفتە جدییەکانی ئەو لێکدانەوە دروست کراوە تەنیا لە کۆنتێکستی ئەم دواییەدا هەستی پێ کراوە.

من پێشنیازی ئەوەم کردووە کە لە پێناوی تێگەیشتن و بەخشینی مانا و ڕوویەکی کۆمەڵایەتی بەتاوانەکانی شەرەف، ئێمە جەخت بخەینە سەر شەش خاسیەت کە تاوانەکانی شەرەف دیاری دەکەن: (١) پێوەندییەکانی جێندەر کە ڕەفتاری ژن چاودێری و کۆنترۆڵ دەکەن (بەتایبەتی سێکسوالیتێی ژن)، (٢) ڕۆڵی ژن لە چاودێریکردن و پشکنینی ڕەفتاری ژناندا، (٣) بڕیاری گشتیی گرووپ لە سزادان یا گرتنەبەری ڕێگەی گونجاو لە کاتی بەزاندنی سنوورەکاندا، (٤) گرینگیی بەشداریکردنی ژنان لە کوشتنەکاندا، (٥) بەتوانایی لە گەڕاندنەوەی شەرەف لە ڕێگەی سەپاندنی خۆبەدەستەوەدان یا کوشتندا، (٦) چاوپۆشیی دەوڵەت لەو جۆرە کوشتنانە لە ڕێگەی دانانی شەرەف وەکو هاندەر و هۆکار بۆ حوکمدانی کەم. بەم شێوەیە، دەکرێ هەوڵدان بۆ دانانی تاوانەکانی شەرەف لەناو یا لە دەرەوەی جۆرەکانی تری توندوتیژی دژی ژن، لەسەر بنەمای شێوازێکی میتۆدۆلۆژیی باش دابنرێ. بەمەش خۆمان بەدوور دەگرین لە حوکمی ڕاڤەکارییەک کە لەوانەیە بەهاندەری سیاسی دروست بێ.

ئەم شێوازە، بەتێڕوانینی من، وا دەکات کە دان بەپێکچوونێکی گەورەتر بنێین لە نێوان تاوانەکانی شەرەف و توندوتیژی و کوشتنی گرێدراو بەمارەیی، بۆ نموونە، لەوەی کە دەشێ لە چەمکی تاوانەکانی هەڵچوون (سۆز)دا هەبێ. ئەنجامی من لێرەدا ئەوەیە کە پێویستە لە چوارچێوەی کۆمەڵێ شێوازی توندوتیژیدا لە تاوانەکانی شەرەف بگەین- وەکو بەشێک لە بەردەوامی کە بەدرێژایی کات و شوێن پیادە دەکرێن. بەکارهێنانی کولتوور وەکو یەکەمین توخم بۆ ڕوونکردنەوە سەرناکەوێت لە ڕەچاوکردنی شێوازی مێژووە کولتوورییەکان لە پاکانە کردن و لێبوردەیی بەرامبەر بەتوندوتیژی دژی ژن یا لە قاڵبدانی لە زۆر شوێندا. بۆ تێگەیشتن لەمە، پێویستە تاک توانای تەماشاکردنی ناخی خۆی هەبێ نەک تەنیا "لەوی تر" بڕوانێ، بەمەش توانای ڕەخنەگرتنی لە هەڵوێستی خۆیی هەبێ کە دان بەتوندوتیژی دژی ژن دەنێت و تەحەدای دەکات لەناوخۆ و شوێنی تریشدا. ئەمە بەتەواوی ئەوەیە کە ژن لە کۆمەڵگە ئیسلامی و (کۆمەڵگە ناڕۆژئاواییەکانی تر)دا دەتوانن بیکەن کاتێ بەرەوڕووی تاوانەکانی شەرەف دەبنەوە. لەم ڕووەوە، ژنانی ڕۆژئاوایی سەر بەگرووپی چوارەممان "لە دەرەوەی پێشکەوتنخوازاندا"، دەتوانن زۆر شتیان لێوە فێر بن.

بەکارهێنانی کولتوور وەکو دابەشکار ئەوانەی سەر بەو کولتوورەن دەخاتە ژێر پشکنینێکی وردی خۆبەخۆیی و ئەوەش پێشنیاز دەکات کە ڕزگاربوونیان لە پشتگوێخستنی ئەو کولتوورە و تەبەنیکردنی کولتوورێکی ترە. ئەم ڕزگاربوونە، بەشێوەیەکی نەگۆڕ بریتییە لە کولتووری ڕۆژئاوایی و جوو و- مەسیحییەت. ئایا بەڕاستی ئەمە وەڵامە؟ لەوانەیە ئەمە وەڵام بێت ئەگەر گرفتەکە

ئیسلام یا کولتووری ئیسلام بوایە و لە کاتێکیشدا ئەگەر کولتوور و ئاینی ڕۆئاوایی توندوتیژی دژی ژن بنبڕ کردبایە. هەروەکو دەزانین ئەمە دوورە لە ڕاستی. ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر بەژن لەناو ئەو کولتوورانەدا هەبێت کە ڕەخنە لە "ئەوی تر" دەگرن، هەروەکو بەئاشکرا دەیکات، کەواتە پەیڕەوە کولتوورییەکانی ئێستا پاراستنی ژن دابین ناکەن، لەبەرئەوەی لە هیچ کولتوورێک ژن لە توندوتیژی ڕزگاری نەبووە.

سەرنجەکان:

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Monarchy Today,
WWW.royal.gov.uk/output/ لاپەڕە ٣٤٧, asp.

٢- چەشنی شاسواری یا ناونیشان وەکو OBE.The Order of the British Empire
Combat 18

٣- گرووپێکی ڕەگەزپەرست و دژ بەموهاجیرانە لە بەریتانیا. ئەم گرووپە داوای مێژوو و ناونیشانی سۆسیالیزمی ناسیۆنالی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: www.skredriver.net/

٤- بەڕەچاوکردنی سەرنجی سپیڤاک کە دەڵێ گوتارە کۆلۆنیالەکان تێکهەڵکێشن لەگەڵ پرۆژەی سەر بەڕەگەز و جێندەری "پیاوانی سپی ژنە قاوەیی پێستەکان لە پیاوە قاوەیی پێستەکان دەپارێزن" (١٩٨٨)، ئەوە هەروەکو ئەوانی تر دەتوانین تێبینیی ئەوەی لێ بکەین کە ژنانی سپی پێستیش دەکرێ وەکو ڕزگارکەر دابنرێن.

٥- زۆربەی دەوڵەتان سەرنەکەوتوون لە پاراستنی ژنان لە زۆرگێکردن لە هاوسەرێتیدا، ئەوانەی دەیانپارێزن بریتین لە ئەفریقای باشوور، بەریتانیا، نەرویج، فیلیپین و فەرەنسا.

٦- ئەم تێگەیشتنە لە حاڵەتێکی پێشترەوە سەرهەڵدەدا کە تێیدا ئەو پێناسەیەی خوارەوە لە دادگە خرایە ڕوو: ورووژاندن هەندێ کردە یا زنجیرە کردەوەیەکە کە لە لایەن پیاوە مردووەکەوە کراوە بەرامبەر بەتۆمەتبار، ونکردنی لەناکاو و کاتیی کۆنترۆلی خود، کە تۆمەتبار بەرەو هەڵچوونێکی وا ببات کە پیاوەکە یا ژنەکە وا لێ بکات لە ساتێکدا سەرداریی عەقلی خۆی نەکات. ": R. Vs. Duffy )1949 1 All ER 932: "

٧- سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش لە ڕاگەیاندنێکیدا دەڵێ: "تۆ یا لەگەڵ ئێمەی یا لە دژی ئێمەی" بواری ئاشکرای ڕەخساند بۆ ئەو جەمسەرگیرییە. ئەم ڕاگەیاندنە زۆر جار لە ناو جەرگەی خاکی دژ بەڕۆئاوا لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە گەشەسەندووەکان بەکار هاتووەتەوە.

٨- تا ئێستا چوار کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دەربارەی ژن ڕێکخراون: مەکسیک لە ساڵی ١٩٧٥، کۆپنهاگن لە ساڵی ١٩٨٠، نایروبی لە ساڵی ١٩٩٠ و بەیجین لە ساڵی ١٩٩٥.

٩- پەیڕەوە نەرێتال و باوەکانی کە کار دەکەنە سەر تەندروستیی ژنان و کچان، بڕیاری ئەنجوومەنی گشتی ٩٩/٥٢/١ (١٢ کانوونی یەکەم ١٩٩٧)، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی ١٩٩٨، هەڵسوکەوتی نەرێتی و باو کە کار دەکەنە سەر تەندروستیی ئافرەت (١٠ ئەیلوول ١٩٩٨).

١٠- بەرزە بەپێی ستانداردی پرۆسەکانی یو ئێن بۆ دەرکردنی بڕیارەکان.

١١- لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا ئەنجوومەنی گشتیی یو ئێن بڕیاری لەسەر ڕەوتی هۆڵەندی کە پێداچوونەوەی بۆ نەکرابوو و چاک نەکرابوو بەناونیشانی "کارکردن بەرەو نەهێشتنی تاوان دژی ژنان

و کچان بەناوی شـەرەفـەوە"، کە لە لایەن بەریتـانیـا و تورکیـا سـپـۆنسـەر کرابوو، لەگەڵ هەشت هاو-سپـۆنسـەری نوێ لـە ڕێکخـراوی کۆنفـرانسـی ئیسـلامـیدا. ئەم بڕیارە ئامـاژە بەتاوانـەکانی هەڵچـوون ناکـات و بەکـراوەیـی تاوانەکـانـی شـەرەف بەجـیـا وەردەگـرێت، بەڵام ئامـاژە بۆ توندوتیـژی دژی ژن بەشێوەیەکی گشتی دەکات. UN Doc. A/C3 ?59?L .25.

١٢- لە سـەردانێکی ئەم دواییـیـەمدا بـۆ ئەفغـانسـتـان، چالاکوانانی سـەرەکی پێیـان ڕاگەیاندم کـە هیچ سەرکردەیەکی ئاینی ڕای نەگەیاندووە کە تاوانەکانی شەرەف ئیسلامی نین.

## بەشی سێیەم

# ڕۆڵی"گوتاری کۆمەڵگە" لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی شەرەف: گەلاڵەی هەڵسەنگاندن و پێشبینییەکان

عەبدوڵلاهی ئەحمەد ئەننەعیم

مەبەستی من لەم بەشەدا گەڕانە بەدوای ئەو ڕێیانەدا کە دەشێ سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆ دواندنی کۆمەڵگە لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف. واژەی دواندنی کۆمەڵگە لە سەرتاپای ئەم بابەتەدا بەکار هاتووە بەمەبەستی بەگەڕخستنی گفتوگۆی فرەلایەن لەناو کۆمەڵگە و لەو جێیەی کە تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف ڕوو دەدات. ئەو ڕێیانەش بریتین لە: بەرنامەی ڕادیۆ و تێلیفیزیۆن بەزمانی خۆماڵی، وتاری هەینی لە مزگەوت، گۆرانی، خوێندنی فەرمی و نافەرمی، ناو خوێندنگە، وەرزش، یانەی گەنجان و ژنان یان جێی تر. وشەی دواندن بەکار دێنم بۆ ئەوەی بتوانم دەستنیشانی دەرفەت و چالاکییە شیاوەکان بکەم. هەروەها بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەموو لایەنەکانی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف لە ناو کۆمەڵگەدا.

ئامانج لەم هەنگاوە پاساو دروستکردن نییە بۆ ئەم تاوانە بێ فەڕانە. هەروەها نەیگەرەکە ببێتە سەرەکیترین یان کاریگەرترین ئامرازی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف. بگرە مەبەست گەڕانە بەشوێن ئەو هۆکارانەی کە دەتوانن ببنە ڕێگر لە بەردەم تاوانەکەدا. دواتر شرۆڤەی ئەو ڕێیانە دەکات کە دەتوانن ڕووبەڕووی تاوانکەرەکە ببنەوە و سزای تاوانەکەی بخەنە گەردن. بەتەنیا گوناهبارکردنی تاوانەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانکەر و یارمەتیدەری تاوانکەر بەس نییە، بەڵکو دەبێ لەپێشدا ئەو ستراتیجانە موتوربە بکرێن کە دەتوانن ڕێگە لە ئەنجامدانی تاوانەکە بگرن. پێشنیازی من ئەوەیە کە: ئەگەر دواندنی کۆمەڵگە بتوانێت ڕێگە لە تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف بگرێت و بکەرانی گوناهبار بکات، ئەوا ئەو کەسانەی کە دڵسۆزن و دەیانەوێ ڕووبەڕووی ئەم تاوانانە ببنەوە دەبێ لە هەوڵی برەوپێدانی ئەم ڕەوتەدا بن.

پێم وایە کە گۆڕینی هەڵوێستی خێزان و کۆمەڵگە لە ڕێگەی دواندنیانەوە دەتوانێت ڕێژەی تاوانەکە کەم بکاتەوە. هەروەها لە ڕێگەی ئاماژەکردن بۆ هۆکارە بنەڕەتییەکان و هاندانی زیاتری کاربەدەستانی حکوومەتی و دەزگەکان بۆ ڕاپێچکردن و لێپرسینەوە لە تاوانباران و یارمەتیدەرانیان. دیسانەوە دەیڵێمەوە: ئەم ڕێگەیە چەمکێکی بنەڕەتییە لە کۆمەڵێک ستراتیج بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بەتاقە ئامرازی ڕێگری لە ڕوودانی تاوانەکە و سزادانی بکەرانی. دواندنی کۆمەڵگە لە دژی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف

خۆی لەخۆیدا ناتوانێت ئەوەندە کاریگەر بێت کە ڕێگە لە تاوانەکە بگرێت و بکەرانی سزا بدات. بەڵام دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بێت لە کەمکردنەوەی پشتیوانی لە تاوانباران. هەروەها دەتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێت لە پەروەردەکردنی منداڵان بەئاراستەی دژ بەتاوانی کوشتن لەسەر شەرەف. لە ڕوویەکی ترەوە دواندنی کۆمەڵگە بەسوودە بۆ: دابینکردنی ویستی سیاسی، خۆڕێکخستن دژ بەتاوانی کوشتن لەسەر شەرەف، سزادانی بکەران و بێبەشکردنیان لە گشت سوودێکی گیانی و مادیی ئەو تاوانانەی کە ئەنجامی دەدەن. دواندنی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی گۆڕینی: دەزگە کولتوورییەکان و، باشتر ڕێکخستنەوەی دەزگەکانی پۆلیس، داواکاری گشتی، دادوەر، کاربەدەستانی بەندیخانە و دەسەڵاتدارانی تری پێوەند بەم دیاردە کۆمەڵایەتییە. ئەم پێشنیازەش خۆی لەخۆیدا بۆ بابەتی کوشتن لەبەر شەرەف گرینگە.

پێشنیاز دەکەم کە ڕێز لە سەربەخۆییی ڕەوشتی تاک، خێزان و کۆمەڵگە بگیرێت. باوەڕم وایە کە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف بەو واتایە نایەت کە شکۆی مرۆڤ، بکەری تاوانەکە و خێزان و کۆمەڵگەکەیان پشتگوێ بخرێت. مەگەر کەسێک بەپێچەوانەی باوەڕەکەی من بیر بکاتەوە و پێی وا بێت کە دەبێ زۆر لە خەڵک بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەن کە بۆیان باشە. گرینگ لەوەدایە کە یارمەتی و پشتیوانیی خەڵک لە ڕێگەی دواندنی ناوخۆی کۆمەڵگەوە بەدەست بهێنرێت. لە ڕێگەی نزیکبوونەوە و هەڵسوکەوتکردن لەتەک ئەو چەمکە کولتووری و دەزگەییيانەی کە پێوەندییان بەتاوانەکەوە هەیە. ئەمەش بەو واتایە نایەت کە هەنگاوی پاراستنی ژن لە تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف دوابخرێت. بەپێچەوانەوە، دەبێ دەستبەجێ هەنگاو بنرێت بۆ پاراستنی ژنان و سپاردنی تاوانباران بەیاسا. ئەم هەنگاوە جێگرەوەی هیچ هەنگاوێکی تر نییە، بگرە بەشێکە لە ستراتیجە درێژخایەنەکە. دەشکرێت هەموو هەنگاوەکان گشت پێکەوە ئەنجام بدرێن.

ئەگەر کەسێک پێی وا بێ کە لەبەر قورسیی تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف، بەکارهێنانی ڕێگەچارەی توند بەڕەوا بزانێت، ئەوا هێشتا پرسیارێکی لەبەردەمدا قوت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە: کێ ئامادەیە ئەو هێزە بەکار بهێنێت کە بۆ ڕاگرتنی تاوانەکە پێویستە و چۆن بەکاری دێنێت؟ لە کاتێکدا کە کەس پێشنیازی ئەوە ناکات هەوڵ بدرێت ئەو وڵاتانەی کە ئەم تاوانانەیان تێدا ڕوو دەدات زیاتر ڕینوێنی بکرێن یان بخرێنە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. پێویستە: هەموو هەنگاوێک بۆ ڕێگرتن لە تاوان، سزادانی تاوانباران و چاککردنی گوناهکاران لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆماڵییەوە هەڵبهێنرێت. ئەم کارەش لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتە دی، ئەگەر بەدیش بێت ئەوا بەبێ ڕەزامەندی و یارمەتیی کۆمەڵگە درێژ خایەن نابێ. ڕۆشنبیرانی خۆماڵی و کاربەدەستانی حکوومەت دەبێ بیرۆکەکە داڕێژن و هەنگاوەکان هەڵبێنن و جێبەجێیان بکەن. ئەم کەسانە خۆیان لەناو ئەو کولتوورەدا دەژین کە تاوانەکەی تێدا ڕوو دەدات. ئەم کەسایەتییانە ئەگەر بەشێوەیەکی فەرمی و دیموکراتیک بەرپرس نەبن لە کۆمەڵگە ئەوا ڕامیارییانە لێی بەرپرسن.

پێداگرتن لەم ڕێبازە وەک بەشێکی بنەڕەتیی ستراتیجەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی "کوشتن

لەسەر شەرەف" بەواتای تەواو و بێگەردی ڕێبازەکە نایەت. من ناڵێم ئەم ڕێگەیە بەردەوام گونجاو و ئاسان و بەکەڵکە. هەروەها ناڵێم دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەم تاوانانە ببێتەوە یان کۆمەڵ بهێنێتە ناو پرۆسەی دواندنەوە.

ئامانجی من گفتوگۆیە لەپێناو گرینگیدان بەدواندنی کۆمەڵگە وەک بەشێکی تەواوکەر بۆ کۆمەڵێک ستراتیج. هەروەها بانگکردنی خەڵکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوشتن لەسەر شەرەف بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بەهۆشیارییەوە لە پرۆسەی دواندنی ناوخۆی کۆمەڵگەدا ئامادە و بەشدار بن. لەتەک ئەمەدا داوا لە بزووتنەوەکانی مافەکانی ژنان دەکەم لەو وڵاتانەی کە تاوانی کوشتن لەسەر شەرەفیان تێدا ڕوو دەدات، بۆ ئەوەی ڕاستبینانە هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردەکەدا بکەن. هەروەها پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگە و حکوومەت لە گشت جێیەک لەسەر بنەمایەکی ڕاستبینانە بێت.

لەم بەشەدا ڕۆڵی تایبەتی حکوومەت و ئەوانەی کە پێوەندییان بەدیاردەکەوە هەیە ڕوون دەکەمەوە. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی تێوەگلانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەفدا. پاشان هەندێک لەو کۆسپە سەختانە دەستنیشان دەکەم کە دێنە سەر ڕێگەی ئەم تێوەگلانە. هەروەها لە پێناو ئاسانکردن و جێبەجێکردنی ئەم کارەدا بەشوێن ئەو ڕێیانەدا دەگەڕێم کە دەتوانن بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵ بن. ئەوجا ئاراستەی گفتوگۆکەم بەرەو ئاکامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە دەبەم کە لە سەردانێکدا بۆ ئەستەنبوڵ لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠١دا ئەنجامم دا.

## "تاوانەکانی شەرەف" و دەوڵەت

ئەم پێشنیازە پێی وایە کە: دەسەڵات بەرپرسی یەکەمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی شەرەف. چونکە حکوومەت ئەو کەسانە پێک دێنێت کە: کار بەسیاسەتەکەی، یاسا، دەزگەکانی دەکەن و کۆنترۆڵی دەکەن. ئەو کارانەش کە حکوومەت دەیانکات یان پێشبینی دەکرێت بیانکات بریتین لە: ئەو هەنگاوانەی کە ڕێگە لە ڕوودانی تاوانەکە دەگرن، لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران و یارمەتیدانی ئەوانەی کە قوربانیی ئەم تاوانەن. ئەنجامدانی ئەم کارانەش بەندە بەڕادەی هەڵمەتی کارمەندانەوە. بۆیە پێویستە هان بدرێن بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕوودانی تاوانەکە بگیرێت. ئەگەر پێویستیش بوو گوشار بخرێتە سەریان بۆ ئەوەی بەو ئاقارەدا کار بکەن. ئەگەر بەپێچەوانەوە لە ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی کارەکانیان کەمتەرخەم بوون ئەوا لێپرسینەوەیان لەتەکدا بکرێ.

ئەو پرسیارەی کە من لێرەدا دەمەوێ بیکەم ئەمەیە: کێ بەشێوەکی بەردەوام ئەم کارە دەکات؟ چۆن دەتوانرێت بەکردار بکرێت؟ پێویستە ئەو کەسەی کە ئەم کارانە ئەنجام دەدات تێگەیشتنی بنەڕەتیی لە سروشتی تاوانی شەرەف و چەمکەکانی هەبێت. لەوەش بگات کە چی پاڵ بەتاوانکار و ئەو کەسانەوە دەنێت کە یارمەتییان دەدەن تاکو ئەم کارە ئەنجام بدەن؟ هەروەها لە ڕۆڵی خێزان، کۆمەڵگە و هەموو لایەنەکانی ئەم دیاردەیە بگات. لەگەڵ تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتانەی کە کار لە ڕەفتاری کاربەدەستانی حکوومی و دەزگەکانی دەکەن بەرامبەر ئەم دیاردەیە.

ئەوەی کە تاوانی شەرەف لە تاوانە گەورەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە تاوانی شەرەف بەزۆری لەلایەن خزمانی نزیکەوە لە دژی ژنان ئەنجام دەدرێت. ئەمەش لەسەر بنەمای بوختانی سێکسکردنی ڕێ پێ نەدراو و بەناوی پاراستن و بەرزڕاگرتنی شەرەفی خێزانەوە. چەند کەیسێک سەبارەت بە کوشتن لەسەر شەرەف لە تورکیا(١)، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە: بڕیاری کوشتنی ژن لە کۆبوونەوەیەکی خێزانیدا دەدرێت. پیاوێکی گەنج، زۆر جار برایەک یان ئامۆزایەکی قوربانییەکە هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی تاوانەکە ئەنجام بدات. ئەم تاوانانە لە ئاکامی ئەو کۆ بڕیارەوە ئەنجام دەدرێت کە لە کۆمەڵگەدا دەدرێت. هەروەها لەبەر ئەو هەستە ڕووکەش و بیانووەی کە کۆمەڵگە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە دەیهێننەوە.

دەبێ واتای لێپرسراوێتیی ئەم کۆ بڕیارە بەئەنقەستە بۆ خێزان و کۆمەڵگە چی بێت؟ لە کاتێکدا کە کەسانی تریش بەرپرسن لە هاندان و چاوپۆشیکردن لە تاوانەکە. سکالای یاسایی و سزادانی تاوانباران چۆن دەتوانن پڕ بەپێست و بەجێ بن؟ چۆن درێژە بەسیستمێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی وا بدرێت کە داوای ئەم جۆرە کوشتنانە دەکات؟ ئەمانە و گەلێک پرسیاری تر لەسەر سروشت و لایەنەکانی تری تاوانی شەرەف سەر دەردێنن، وەکو: شەرەفی کێیە کە هێندە گرینگە؟ بۆچی ژنان بەناوی پاراستنی ئەو شەرەفەوە دەکوژرێن؟ ئەم تاوانانە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن؟ لە دیدی مافەکانی مرۆڤەوە چی ئەم تاوانانە لە تاوانەکانی تر جیا دەکاتەوە؟ ئەمانە گشت بۆ ستراتیجی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی شەرەف چ واتایەک بەدەستەوە دەدەن؟

ئاشکرانەبوونی ئەو بابەتانەی کە بەتایبەتی پێوەندییان بەحکوومەتەوە هەیە جێی نیگەرانییە. حکوومەت ئەرکی یاسایی لەسەرە و دەبێ ئەم ئەرکەش خۆی لە پاراستنی شکۆی لەشی ژنان و سزادانی تاوانبارانی کوشتن لەسەر شەرەفدا بنوێنێت. حکوومەت ناتوانێت خۆی لەم ئەرکە بدزێتەوە ئەگەر ئەم تاوانە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بێت یان نەبێت. کاربەدەستانی حکوومی نەک تەنیا لە ئاست ئەم ئەرکەدا بەسەختی ڕووبەڕووی بەربەست و ڕقەبەرایەتیی کولتووری دەبنەوە، بگرە خۆشیان سۆزدارن یان جیاواز نین لەو هەستەی کە ئەم جۆرە تاوانە بەڕەوا دەزانێت. دەستتێوەردانی حکوومەت لە کاروباری خێزان و کۆمەڵگە نیگەرانییەکی ترە: گەلۆ دەتوانین وا دابنێین کە دەستتێوەردانی حکوومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی شەرەف کاریگەر دەبێت؟ چۆن دڵنیا بین لەوەی کە ئەو هێزی دەستتێوەردانە بۆ مەبەستی ناشیاو بەکار ناهێنرێت؟

## سێکسوالیتیی خێزان و کۆمەڵگە

یەکێک لەو پرسیارانەی کە بەهۆی سروشتی تایبەتی تاوانی شەرەفەوە سەر هەڵدەدات ئەوەیە: ئایا خێزان و کۆمەڵگە ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەندامەکانیاندا هەیە؟ خۆ ئەگەر هەیانبێت ئەوا پرسیاری تر سەر هەڵدەدات، بۆ نموونە: ئەو هۆکار و پرۆسەیە چییە کە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا کار دەکەنە سەر ئەو ڕێگەیەی کە ڕۆڵەکەی تێدا بەکار هاتووە، چ شێوازێکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی بۆ خێزان و کۆمەڵگە لە ئارادایە بەتایبەتی لە قۆناخی گۆڕان و گەشەدا؟ چۆن ئەو شێوازانە هەڵسەنگێنرێن، لەلایەن کێوە و بۆ چ مەبەستێک؟

سەرەڕای ئەگەری هەبوونی تێبینیی تایبەتی کەسێک سەبارەت بەڕادە و شێوازی ئەم کۆنترۆڵکردنە لە مەیدان و کاتی تەرخانکراودا، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە سەرتاپای مێژوودا لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا خێزان و کۆمەڵگە ڕۆڵیان لە ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی سێکسیی ئەندامەکانیاندا گێڕاوە. لە کاتێکدا ئەم ڕێکخستنە بەتێپەڕبوونی کات لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕدرێت. لەتەک ئەوەدا لەوانەیە لە هەمان کۆمەڵگەدا ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ جۆرێک لە کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتی شیاو نەبێ. ئەگەر کەسێک ئەم بۆچوونە بەپەسند بزانێت ئەوا بابەتەکە لە بابەتی کۆنترۆڵکردن یان نەکردنەوە دەردەچێت و دەبێ بەو پرسیارەی کە دەڵێت: بە چ شێوازێک ئەم هەڵسوکەوتە سێکسییە ڕێک بخرێت؟

بەگشتی سادەترین و درێژخایەنترین ڕێگەی ڕێکخستنی سێکسوالیتی لە ڕێگەی ڕێکخستنی خێزان و کۆمەڵگەوە دێتە کایەوە. ئەمەش لە ڕێگەی ڕاهێنانی تاکەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی منداڵان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیان خۆش بوێ. هەردوو بارەکە لە گەلێک ڕێگەوە بەهێز کراون، بەکرداری حکوومەتیشەوە، لە ڕێگەی: ڕێکخستنی یاسای هاوسەرێتی، ڕێکخستنی پێوەندیی سێکسی بەشێوەیەکی ڕەوا، پەروەردە، تەنانەت باجدانان و یارمەتی و پشتگیریی کۆمەڵایەتی. ئەزموونی گشتی دەری دەخات کە لە زۆربەی کەیسەکاندا ئەم پرۆسانە کاریگەریی خۆیان پێشان داوە. خێزان و کۆمەڵگەکانیش بەتێپەڕبوونی کات لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازی خۆیان و گۆڕینی دۆخەکان ڕادێن. ڕێکخستنی کاریگەریی سێکسوالیتی لەگەڵ ڕاهێنانی ڕێباز و ڕەوتەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوو دەدەن، بێ ئەوەی هەستیان پێ بکرێ.

لەبەر ئەمە تاوانی شەرەف ئاکامی سەرنەکەوتن یان ناتەواویی ڕێکخستنی سێکسوالیتیی خێزانی و کۆمەڵگەیە. ئاکامی ئەوە نییە کە ئەم ڕێکخستنە لە هەندێک کۆمەڵگەدا هەیە و لە هەندێکی تردا نییە. ئاریشە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم تاوانانە دەربڕی توندوتیژین، کاردانەوەیەکی جیاوازی سەرنەکەوتن لە ڕێکخستن یان ناتەواویی میکانیزمە نەریتییەکانی ڕێکخستنی سێکسوالیتیدا. دەبێ ڕێگە لەم تاوانانە بگیرێت، چونکە شێوازێکی توندوتیژە لە ڕێکخستنی سێکسوالیتی. ئەم توندوتیژییە زۆربەی کات ژنان بەهۆی ڕەگەزیانەوە دەکەنە ئامانج. سەرەڕای ئەوەش ژنان بەلایەنی کەمەوە هێندەی پیاوان لە شکاندنی ئەو ڕێسایە بەرپرسن.

باوەڕم وایە کە ئەگەر بگوترێت ئەگەر مافی ڕێکخستنی سێکسوالیتی هی خێزان و کۆمەڵگە بێت ئەوا ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. پێشنیازێکی لەم جۆرە ئەگەر بەڕواڵەتیش بکرێت ئەوا زیان بەو تێکۆشانە دەگەیەنێت کە بەڕێوەیە لە دژی کوشتن لەسەر شەرەف. ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ژنان لە کۆمەڵگەدا زیاتر لە ئێستا تووشی توندوتیژی بن. بۆیە دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە هەرگیز نابێ سێکسی نابەجێ بکرێتە پاساو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بەژنان یان پیاوان. هەروەها بەو واتایەش نایەت کە دەبێ هەموو ڕێکخستنێکی سێکسوالیتی پشتگوێ بخرێت. بۆیە دەبێ ژیرانە و وردبینانە بەرهەڵستیی تاوانی شەرەف بکرێت چونکە پێچەوانەکەی زیان بەتێکۆشانەکە دەگەیەنێت. هەروەها بیانوو دەداتە دەست ئەوانەی کە پشتیوانی لە تاوانەکە

دەکەن تاکو پڕوپاگەندە دژ بەتێکۆشەران بڵاو بکەنەوە کە گوایە دەیانەوێ گەشە بە بەرەڵایی سێکسی بدەن.

یەکێک لەو گرفتانەی کە پێویستی بەچارەسەرکردنە ئەوەیە کە هەندێک لەو تێکۆشەرانەی کە ڕووبەڕووی تاوانی شەرەف دەبنەوە لەوانەیە خۆیان باوەڕیان بەمافی تاکە کەسی و ئازادیی سێکسی هەبێت، باوەڕێک کە لەوانەیە بۆ ئەو خێزان و کۆمەڵگەیە بەجێ نەبێت کە گلاونەتە تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف. ئەوانەی کە وا بیر دەکەنەوە بەتەواوی پێچەوانەی ئەو ئەرکانە کار دەکەن کە لە سەریانە و بەپشتیوانی بەرەڵایی لەقەڵەم دەدرێن. ئەم کەسانە دەکرێت لەبەر دژایەتیکردنی کوشتن لەسەر شەرەف چاو لە باوەڕی چەوت بپۆشن و دەستبەرداری شێوازی تایبەتی ژیانی خۆیان ببن؟ لە دوا لقی ئەم بەشەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەم بابەتە و بۆ ئەو گێژاوەی کە پێوەندیی پێیەوە هەیە.

## تاوانی شەرەف وەک پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ

سنووری باوەڕ بەئازادیی تاک و ئازادیی سێکس ئەگەر لەو سنوورەش تێپەڕێ کە کۆمەڵگەی تێوەگلاو بەتاوانی شەرەف لای پەسندە، لەوانەیە لە لایەن پێوەری نێونەتەوەیی ئێستای مافەکانی مرۆڤەوە پشتیوانیی لێ بکرێ. بەڵام، بەتێڕوانینی من ئەم تاوانانە دەکرێت وەک پێشێلکەریی مافەکانی مرۆڤ دژایەتییان بکرێت بێ ئەوەی پێویست بەداوای زیاتر کرانەوەی کۆمەڵگە بۆ ڕێکخستنی سێکسوالیتی بکرێ. بەبڕوای من دەکرێت لە دیدی مافەکانی مرۆڤەوە ڕووبەڕووی تاوانی شەرەف ببینەوە، چونکە ئەم تاوانانە لەڕادە بەدەر توندوتیژن و دژی ڕەگەزی ژنن. ئەم کارەش دەکرێت بێ ئەوەی چاوەنواڕی گۆڕانی دیدی کۆمەڵگە بکەین بەرامبەر ڕێخستنی سێکسوالیتی ئەنجام بدرێت، چونکە ڕوانگەی ئەم کۆمەڵگەیە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤە. ئەگەرچی ئەم دوو ڕوانگەیە لەگەڵ یەکتردا کۆک نین، بەڵام من لێرەدا فرەتر ئەو تێڕوانینەم بەلاوە مەبەستە کە باوەڕی وایە تاوانی شەرەف دەتوانێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر کەسێک بەگشتی ڕوانگەی ڕێکخستنی سێکسوالیتیی کۆمەڵگەی لا پەسند بێت. ئەو پرسیارەی کە لەم قۆناخەدا دەمەوێ بیکەم ئەمەیە: کاتێک تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف دەبێتە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لەم کاتەدا ناساندنی ئەم کارە لەناو کۆمەڵگەدا چ سوودێکی دەبێت؟

یەکەمین سەرنج لێرەدا جیاوازیکردنە لە نێوان پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی تری حکوومەت بە بەڕێوەبەرایەتیی دادوەری تاوان و سزاشەوە. مەبەستی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ پاراستنی شکۆ بنچینەییەکانی مرۆڤە کە خۆیان لە: پاراستن، چەسپاندنی مافی تایبەتی و بنەڕەتی و ئازادییەکاندا دەبیننەوە لەدژی پێشێلکارییەکان لەلایەن حکوومەت و کاربەدەستانەوە. ئەم مافانە بۆ ئەوەی بەدی بێن دەبێ لە چوارچێوەی مافە بنەڕەتی و دیارەکاندا بن. ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت ئەوا مەترسیی ئەوە پەیدا دەبێ کە حکوومەتەکان ئەم مافانە بەهەند وەرنەگرن. هەروەها میکانیزمە لاوازەکانیش کەمتر توانای چەسپاندنی ئەو مافە لە ژمارە نەهاتووانەیان پێ دەکرێت.

هۆیەکی تر بۆ جیاکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە ئەرکەکانی تری سەرشانی حکوومەت لە بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤدا چەسپێنراوە. مافەکانی مرۆڤ بۆ پاراستنی خەڵکە لە هەڵسوکەوتی خراپ و بێ سنووری دەسەڵاتدارانی حکوومی. مافەکان تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بری حکوومەت و لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەودا کار دەکەن. لەبەر ئەم هۆیە تاوانی وەکو کوشتن بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم نادرێت مەگەر ئەم تاوانە لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتییەوە ئەنجام درابێت یان بەرەزامەندیی ئەوان بووبێت. دەربڕینی ئەم بۆچوونە زیاتر لەبەر ڕەفتاری توندوتیژی دژ بەژنانە وەکو جیاوازیکردنی تاوانی شەرەف لە نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵک و دەسەڵاتی تایبەتی خێزان و کۆمەڵگە.

هەندێک لایەنگرانی مافەکانی ژنان بەربەرەکانێی ئەم جیاوازییە دەکەن و باوەڕیان وایە کە دەبێ حکوومەت بەرپرس بکرێت، چونکە نەیتوانیوە بەکارایی ڕووبەڕووی توندوتیژیی دژ بەژنان لە ناو دەسەڵاتی تایبەتی خێزان و کۆمەڵگەدا ببێتەوە. حکوومەت لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسە لە کەمتەرخەمی لە دادگەییکردن و سزادانی ئەوانەی توندوتیژی دژ بەژنان لەناو دەسەڵاتی تایبەتدا ئەنجام دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت ئەو تاوانە بەحکوومەتەوە ببەسترێتەوە. من ئەو ستراتیجە وەک گوشارێک بۆ سەر حکوومەت پەسند دەکەم بۆ ئەوەی زیاتر دەستپێشخەر بێت لە پاراستنی ژنان لە کرداری لاساری ئەو کەسانەی کە کارمەندی حکوومەت نین. لێرەدا مەبەستم نکوڵیکردن نییە لە بوونی جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتی گشتی و تایبەتیدا. ئەمەش کارێکی ژیرانەیە چونکە کاتێک حکوومەت دەسەڵاتی پێ درا لەناو دەسەڵاتی تایبەتدا ڕەفتار بکات لەوانەیە ئەو دەسەڵاتەی بۆ لاسارکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکار بهێنێت نەک بۆ پاراستنیان. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە دەستوەردانی حکوومەت هەرگیز سەرکەوتوو نابێ لەپاراستنی ژنان لە دژی تاوانی شەرەف یان لە دژی توندوتیژی لە ناو ماڵدا بەگشتی، بەڵام دەشکرێت وا بێت. نیگەرانیی سەرەکی لە ئەگەری لاسارانە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەیە لە پێشێلکردنی تایبەتێتیی خێزان و کۆمەڵگەدا.

دوا پرسیار ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی حکوومی لە کەیسی تاوان بۆ شەرەفدا چییە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی تایبەتدا؟ حکوومەت چۆن دەتوانێت ئەرکی خۆی لە پاراستنی ژنان لە دژی توندوتیژیی ناو خێزان و کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکات، بەبێ ئەوەی شکۆی خێزان و کۆمەڵ و، ئابووری و ئاسوودەیی دەروونی ئەندامەکانیان پێشێل بکات؟ بۆ نموونە: خێزان چۆن دەتوانێت لەگەڵ دەستێوەردانی ئاشکرای حکوومەتدا هەڵ بکات؟ حکوومەت دەتوانێت چی بکات بۆ ئەو هەرزەکارانەی لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە گوشاریان بۆ هاتووە بۆ ئەوەی تاوانی شەرەف لە دژی خوشکەکانیان ئەنجام بدەن؟

حکوومەت کاردانەوەی تەنیا بەرامبەر بەو پێشێلکارییانە دەبێ کە پێشتر لە لایەن کاربەدەستانییەوە کراون یان پشتگوێ خراون، وەک لەوەی لە بناخەوە لە ڕوونەدانیان دەستپێشخەر بێت. لەبەر ئەمە هەڵمەتی حکوومەت لەدژی تاوانەکان سنووردارە. ئەم کارەشی

بەکێشەیە، هێواشە، گرانە و بۆ کارەکەش نەشیاوە. دەبێ سەرچاوەی سنووورداری وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لەبەرچاو بگیرێت لە ئامادەکردنی پەناگەی کتوپڕ بۆ ئەوانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، لە پەیداکردنی کار یان یارمەتیی کۆمەڵایەتی لەلایەن نووسینگە و کاربەدەستانی حکوومەتەوە. ئەو ژنانەی کە هەڕەشەی توندوتیژییان لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە لەسەرە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان لە ماڵێکی پارێزراودا دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە. دەبێ ژنان لەو بارەدا ژیانیان چۆن بێت؟ کێ لە کاری لاساری کارمەندانی چاودێر بیانپارێزێت؟ حکوومەت چۆن بتوانێت سەرچاوەی پێویست و گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە توندوتۆڵانە پەیدا بکات؟

هیچ سیستەمێکی جێبەجێکردن ناتوانێت خۆی لە بەرامبەر زۆری و بەردەوامیی پێشێلکارییەکاندا ڕاگرێت. بۆیە حکوومەت ناتوانێت ڕۆڵی کاریگەری هەبێت مەگەر "تاوانی شەرەف"دیاردەی دەگمەن بێت، ئینجا سیستەم دەتوانێت کاریگەر بێت و بەپێی توانا درێژە بەسزادانی سەرپێچیکەران بدات. پاشان، سەرچاوەی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی چالاکییەکان بەگشتی تەرخان بکات. ئەمانەی سەرەوە لەوە ناچێت سەرکەوتوو بن بۆیە پێم وایە کە کۆمەڵگە دەبێ دوانگە دەست پێبکات.

بەتێپەڕبوونی کات دەستپێشخەری بۆ کەمکردنەوەی تاوانی شەرەف پێویستە. هەروەها بەگەڕخستن و ئاڕاستەکردنی ئەوەی کە لە توانای حکوومەتیشدا هەیە بۆ ڕاپەڕاندن و سزادانی تاوانباران پێویستە. پێم وایە ئەم کارەش بەبێ "بیرۆکەی دواندنی کۆمەڵگە" کە لەم بەشەدا پێشنیاز کراوە نایەتە دی.

لەگەڵ تێبینییەکانی پێشووتردا، ئاشکرایە کە هەندێک لایەنی تاوانی شەرەف ڕەنگدانەوەی چەمکەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن. ڕوونتر، بەردەوامبوونی ئەم تاوانانە نیشانەی سەرنەکەوتنی حکوومەتە لە پاراستنی لەش و شکۆی ژنان و ئامادەکردنی فەرمانی کارا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکان. تاوانی شەرەف ڕەگ و ڕیشەی قووڵە، فرە شێوەیە و بێوەریکردنی تایبەتی دژ بەژنانە. بۆیە ئەرکی سەرشانی حکوومەتە کە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەش بەپێی بەندی ٥ی (ئەی)ی ساڵی ١٩٧٩ی "پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ بنبڕکردنی هەموو جۆرە بێوەریکردنێکی دژ بەژنان". تەنانەت ئەگەر ئەم تاوانانەش لەلایەن کاربەدەستانی ناحکوومییەوە ئەنجام درابن[٢]. بەڵام ئەمەش بەتەواوی ئەوە ناگەیەنێت کە چەمکی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بارودۆخێکدا بەدی دێت و سەرکەوتوو دەبێت. دەبێ باش و خراپیی ئەم بوارە یەک بەیەک لەسەر بنەمای کەیسەکان هەڵسەنگێنرێت. هەروەها دەبێ ڕاستەوخۆ و لە هەموو بارودۆخێکدا پشتی پێ نەبەسترێت.

بەو شێوەیە ڕەوتی مافەکانی مرۆڤ پێوەندیی بەڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی شەرەفەوە هەیە، ئەمەش وەک بڕوا و بۆ هۆ تاکتیکییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ تەنیا وەک ڕێگەیەک لە ڕێگەکان تەماشا بکرێت، نەک وەکو تاکە ئاقاری کارا و گونجاو. "دواندنی کۆمەڵ" وەکو پێشنیاز کراوە بۆ بەکارهێنانی ئاقارێکی کارای مافەکانی مرۆڤ زۆر گرینگە. هەروەها بۆ یارمەتیدانی

ستراتیجەکان لە پێناو بەرهەڵستیکردنی "تاوانی شەرەف". بۆ نموونە لە تورکیادا، بزووتنەوەی مافەکانی ژنان هەر لە ١٩٨٠کانەوە بەشێوەیەکی دیار گەشەی کردووە. فێمینیستە چالاکەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان توانیویانە سەرکەوتوو بن لە دابینکردنی پەناگە بۆ ژنان، پەیداکردنی ناوەندی لێکۆڵینەوە و دابینکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن هەوڵی چاککاریی یاسایی بدەن. هەروەها گرتنەبەری هەنگاوی کارا بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان لەگەڵ چەند هەنگاوێکی سەرکەوتووی تردا[٣]. زۆر گرینگە بایەخ بەو کارانە بدرێت کە ئەم ڕێکخراوانە لە پێناو پاراستنی مافەکانی ژناندا ئەنجامیان داون[٤]. ئەو پرسیارەی کە لە ئەنجامی کەیسەکەی تورکیادا سەر هەڵدێنێت ئەوەیە: چۆن بتوانرێت لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، ئەم هەوڵانە کارا بکرێن، بەتایبەتی لەو ناوچە گوندنشینانەی کە هێشتا نەریتی کولتووری باوکسالارییان تێدا زاڵە. ئەوەی کە لە دواجاردا دێت پشتگیری و دەستپێشخەری ڕێکخراوە ناحکومییەکانن لەگەڵ پشتگیری بۆ ئەو کاربەدەستانەی کە ڕووبەڕووی "تاوانی شەرەف"دەبنەوە. دەبێ ئەم کەسانە بپارێزرێن و نەهێڵرێت هەوڵەکانیان لاواز بکرێن یان زڕناوبکرێن.

## بەرەو "گوتاری کۆمەڵگە"

تێوەگلان لە دواندنی کۆمەڵگە پێویستە. ئەم پێشنیازەم هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی خێزان و کۆمەڵ. هەروەها بۆ هاندان و یارمەتیدانی کاربەدەستانی حکومەتی و دەزگەکان لە پێناو لەناوبردنی دیاردەی توندوتیژی. بۆ نموونە، گرینگیی دواندنی کۆمەڵ سەبارەت بە"تاوانی شەرەف" لەوەدایە کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت منداڵان لە سەرەتاوە بکرێن بەدۆستی کۆمەڵ لە دژی ئەو نرخە کولتوورییەی کە چاوپۆشی و دەستخۆشی لە "تاوانی شەرەف" دەکات. هەروەها بۆ گۆڕینی دەزگە کولتوورییەکان و کاربەدەستانی حکوومەتیی پێوەند بەکۆمەڵێک لایەنی ئەم تاوانانەوە.

باوەڕم وایە کە پێویستە هاوبەشی بەتوخمە پێکهێنەرەکانی دواندنی کۆمەڵگە بکرێت لەپێناو: ڕێزگرتن لە سەربەخۆییی ڕەوتاری تاکەکان، خێزان و مافی چارەی خۆ نووسینی کۆمەڵگەکان. هەروەها پێ داگیرێت لەسەر ئەوەی کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەش نابێ بێبەری بکرێن لە مافە مرۆیییەکانیان. لەگەڵ ئەوەدا نابێ چاوپۆشی لە"تاوانی شەرەف" بکرێت یان ئەو هەوڵانەی کە دژ بەم تاوانانەن لاواز بکرێن.

بەپێچەوانەوە، پشتیوانی نەکردنی بەردەوامی مافە مرۆیییەکانی تاک و کۆمەڵ مەترسیی فرەتری بۆ کرۆکی باوەڕەکە لێ دەکەوێتەوە. هەروەها بیرۆکەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کاتێک دەتوانرێت لە سەنگی مەحەک بدرێت کە ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی دژوار دەبێتەوە وەکو، لەکاتی: پشتگوێخستنی مافە مرۆیییەکانی ستەمکار بەناوی پاراستنی مافە مرۆیییەکانی ستەملێکراو.

ئەم باوەڕە، پشتیوانیی لێ کراوە بۆ ئەوەی یارمەتی کۆمەڵگە بدات تاکو بتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، مەبەست لەمەش: ڕێزگرتن لە سەربەخۆییی ڕەوشتی تاک و خێزان و مافی چارەی خۆنووسینی کۆمەڵگەکانە. لێرەدا، هیچ ستراتیجییەک بۆ بەرهەڵستیکردنی "تاوانی

بۆ شەرەف" بەبێ ڕەزامەندی و هاوکاریکردنی کۆمەڵگە بەکردار جێبەجێ ناکرێت و بەردەوام نابێ.

"تاوانی شەرەف" تەنیا لە ڕێگەی پەیامی زۆرەملێوە ڕێگەی لێ ناگیرێت و بکەرانی سزا نادرێت، چونکە زۆرلێکردن بێ بەرهەم دەبێ و ئاکامی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە.

کۆمەڵگە سەرچاوەیەکی سەرەکییە، کەواتە بەبێ پشتیوانیی کۆمەڵگە سەرچاوەی مرۆیی و مادی لە کوێوە دێت؟ چۆن دەتوانرێت بەبێ یارمەتیی بەرفرەوانی سیاسی لە ناو کۆمەڵگەدا درێژە بەپرۆسەکە بدرێت؟ من پێم وایە تەنیا پشت بەستن بەکاربەدەستانی حکوومەتی و دەستگەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی "تاوانی بۆ شەرەف" بەس نییە و سەرکەوتووش نابێ. کاربەدەستانی حکوومەتی و دەستگەکان خۆیان بەشێکن لە گرفتەکە، ئەمەش بە ڕوونی لە کەیسەکەی تورکیادا شی کراوەتەوە.

هەروەک لەمەوپێش لەسەر بۆکران و سنووردارییی تێوەگلانی مافەکانی مرۆڤ لە "تاوانی شەرەف"دواین. لەوانەیە بەگشتی ڕوونکردنەوەیەکی کورتیش لەسەر جووڵە و پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و وڵاتە تازە پێگەییوەکان بەسوود بێت. (تەماشای زیاتری ئەننەعیم ٢٠٠١ بکە).

لە مۆدیلی سەرەتاییی پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤ دەتوانرێت وەکو "بزواندنی ئابڕوو" پێناسە بکرێت لە دژی ئەو حکوومەتانەی کە سەرپێچی لە یاسا دەکەن. ئەمەش لە ڕێگەی بەوریایی چاودێریکردنی ئەو حکوومەتانە و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت لەسەر سەرپێچییەکانیان. مەبەست لەم کارە دروستکردنی گوشارە لەسەریان بۆ ئەوەی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن و بیانپارێزن. گریمان، کەسانێک هەن کە لە ڕاستیدا ئامادەن و دەتوانن کار بەم زانیارییانە بکەن، هەروەها دەیانەوێ کار لە ڕەفتاری ئەو حکوومەتانە بکەن کە سەرپێچی دەکەن.

بەڵام لە ڕاستیدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی یان ناتوانن بەرەنگاری حکوومەتەکان ببنەوە یان خاوەنی ئەو هێزە نین کە بۆ ئەم بەرەنگارییە پێویستە، ئەمەش بەهۆی سروشتی ستەمکاری ئەو حکوومەتانەوەیە کە لە وڵاتانی تازە پێگەییوودان. ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە تازە پێگەییوەکاندا لەلایەن حکوومەت و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی شارستانیی وڵاتە گەشەکردووەکانەوە دێت.

ئەم شێوازە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ڕێکوپێک و بەردەوام نابێ:

یەکەم: زۆر جار پشتبەستن بەگوشاری دەرەکی، وەک شێوەیەک لە دەستتێوەردان لە قەڵەم دەدرێت و، باوەڕی بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ لاواز دەکات. ئەمەش وا لە حکوومەتە ستەمکارەکان دەکات کە وەک بەشێک لە"کولتووری ئیمپریالیزم" دژی بووەستن.

دووەم: لەوە دەچێت ئەم لە قەڵەمدانە لە ناو دانیشتووانیشدا ڕەنگ بداتەوە. لەبەرئەوە حکوومەتە بیانییەکان و ڕێکخراوە شارستانییەکان دەبێ ئاگایان لەو کاردانەوانە بێت. حکوومەت و ڕێکخراوە شارستانییەکان لەوانەیە نەتوانن لە جیهاندا و لە هەموو جێیەکدا بەیەک جار و لە یەک کاتدا ئاماژە بەهەموو پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بکەن. کاربەدەستانی بێگانە بەئارەزوو و

تێگەیشتنی خۆیان و بەخێرایی کار دەکەن. کاربەدەستانی بێگانە بەپێی ئەزموونی ستەملێکراوان و کۆمەڵگە خۆماڵییەکان لە وڵاتە تازە پێگەییوەکاندا کار ناکەن. هۆ و بیانووەکان هەرچییەک بن ئەم جۆرە کارکردنە بەگشتی لە بایەخی بزووتنەوەی مافەکانی مرۆڤ کەم دەکاتەوە. هەروەها کارایی دەستێوەردانی بیانی لەو جێیەی کە دەکرێت کار بکات لاواز دەکات.

سێیەم: حکوومەتە بیانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە شارستانییەکان لەوە ناچێت بتوانن سەرکەوتوو بن چونکە هاوتایی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خۆیان و گرینگییەکانی ناوخۆ و دەرەوە ڕادەگرن. هەروەها ناتوانن جەخت لەسەر بابەتێکی تایبەت یان جێیەک بکەن ئەگەر بزانن کە "زۆر دەکەوێت" لەسەریان.

گەشەکردنی ئەم دواییەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان گرفتی بۆ ئەم مۆدیلە دروست کرد. لەوانەیە گرفتیشی هێنابێتە کایەوە بۆ بایەخی ئەم شێوازەی پشتگیریکردنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ. لە کۆتای شەڕی ساردەوە، بایەخی پشتگیریکردنی بابەتی مافەکانی مرۆڤ لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کەمی کردووە. ڕۆئاوا لەوە ناچێت وەک پێویست لەپێوەندییە نێونەتەوەییەکانیدا گرینگی بەم بابەتە بدات. ئەم کەمبایەخییە پاش کارە تیرۆریستییەکەی ١١–٩– ٢٠٠٠ لە ئەمەریکا هەستێکی نائارامیی لەگەڵ خۆیدا هێنا. هەروەها لاوازیی وڵاتانی ڕۆئاوای بەگشتی دەرخست لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیاندا بەرامبەر بە بەرزڕاگرتنی نموونەیی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێونەتەوەیی.

بە بڕوای من، پشت بەستن بەمۆدیلی ئێستای پشتیوانیی نێونەتەوەیی، بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە: پێویستە لەبری پشتبەستن بەهێزی دەرەکی پشت بەدانیشتووان خۆیان ببەستین. گرینگی بەدانیشتووان بدەین و یارمەتییان بدەین لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی بۆ شەرەفدا. پێم وایە، خەڵک بەبێ هەبوونی ستراتیجی درێژخایەن پێش ناکەون. بۆیە پێویستە "دواندنی ناوخۆیی" لە هەناوی کۆمەڵگەدا ببەسترێت، ئەمەش لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی هێزی جەندەر لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا. مەبەست لەم کارەش زاڵبوونە بەسەر ئەو گرفتانەدا کە پێوەندییان بە "تاوانی شەرەف"ەوە هەیە. ئەگەرچی دەتوانرێت شێوەی جیاواز لە دواندنی کۆمەڵگە لە کەیسەکەی تورکیادا ببینرێ، بەڵام هێشتا کەموکوریی تێدایە و خاوەنی ستراتیجێکی ڕوون نییە تاکو بتوانرێت: دژوارییەکان، هەڵسەنگاندنی پێشکەوتن و نشێوییەکان، پلان دانان، جێبەجێکردنی پلانە گونجاوە ناوچەییەکان و "دابەشکردنی کارەکان" دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەندێک کەس ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە پرۆسەکەدا بگێڕن. دواندنی کۆمەڵگە ئاسان نییە و بەشێوەیەکی کاراش لەلایەن بەرهەڵستکارانی "تاوانی شەرەف"وە ئەنجام نەدراوە. لەبەر ئەم هۆیانە، پێویستە بەهۆشیارییەوە خۆ ئامادە بکرێت بۆ ڕۆڵە جیاوازەکان و هەنگاوەکان بە بەردەوامی هەڵسەنگێنرێن. بەهەمان شێوە بۆ ئەو گرفتە تایبەتییانەی کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە. چۆن گەشە بەم ئاقاری ستراتیجییە بدرێت و چۆن جێبەجێ بکرێت؟

لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی کە لە بواری بەرهەڵستیکردنی "تاوانی شەرەف"دا کار دەکەن لە

جیاتی پشتبەستن بەگوشاری نێونەتەوەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، دەبێ باوەڕیان بەوە هەبێت کە کۆمەڵگە پێویستی بە"دواندنی ناوخۆیی" هەیە، بەباوەڕی من، بەشێک لەو پێویستییە ئەوەیە کە بە ڕوونی ئاماژە بەو هۆیانە بکرێت کە بۆچی لە ڕابوردوودا بەشێوەیەکی کارا و شێلگیرانە کار بەدواندنی کۆمەڵگە نەکراوە. ئەمانە بەگشتی بەستراون بەهۆکاری ناوچەیییەوە. دوو هۆکاری دیار بۆ نەبوون یان سستبوون لە تێوەگلان لە دواندنی ناوخۆییدا هەیە. ئەم هۆکارانەش بەتایبەتی پێوەندییان بەتوندوتۆڵکردنی کارکردنەوە هەیە و بەسوودن بۆ ئامادەکردنی ئەو پرۆسەیەی کە لە ژێرەوە دیاری کراوە. من یەک لەو هۆیانە بەدووڵی دەبینم لە تێڕوانینی گونجاوی بەرنامەی مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بەبابەتی تایبەت/ یان هەرێمییەوە.

هەروەک لە پێشدا گوتمان، بۆ نموونە: ئامانجەکە لێرەدا سەرنجێکی بەرتەسک و تایبەتە لەسەر بەرهەڵستیکردن و سزادانی "تاوانی شەرەف" یان تێگەیشتنێکی قووڵترە لە ئازادی و سەربەخۆیی تاکە کەسیی و ئازادیی سێکس؟ هۆکەی تر لەوە دەچێت دڵەڕاوکێ بێت لە دانان بەمەرجەکانی دواندن، ئەو مەرجانەی کە سەبارەت بەکولتوور و مافە نەرێتییەکانن یان سەبارەت بەکۆنەپارێزیی چینەکانی کۆمەڵگەن.

هەروەکو لە جێی تردا بەکورتی گفتوگۆم لەسەر کردووە: لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا یاوەرانی نوێخوازی مافەکانی مرۆڤ بەئاشکرا نابەدڵن لە تێوەگلان لە "دواندنی ئیسلامی" سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ. نیگەران و دوودڵن لە دەسەڵاتی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە. ئەمە لە کاتێکدا بەتەواوی شارەزاییان لەسەر ئەو بیرو بابەتە نییە (ئەننەعیم، ١٩٩٥). لەوانەیە هەمان شت بۆ هەمان شێوەی "دواندن" ڕاست بێت لە ڕووی بایەخی ناوچەیی و کولتووریی دەزگە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

بەگشتی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و وڵاتانی تازە پێگەییودا، یاوەرانی مافەکانی مرۆڤ و پشتیوانانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کەسانی خوێندەوار، ڕۆشنبیر و کارناس پێک دێن. ئەم کەسانە لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵسوکەوتیان تایبەت و جیاوازە لە هی کۆمەڵگەکەیان، کەچی لە هەمان کاتدا بەرگری لە بایەخەکانی کۆمەڵگە دەکەن و گەشەی پێ دەدەن. بەدڵنیایی، ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت کە نەخوێندەوار، هەژاری شاری و گوندنشینەکان نازانن ماف و بەرژەوەندییەکانیان چین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەڵک توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کاربەدەستانی حکوومی و دەستگەکانیان نییە، ناتوانن ئەو دەزگەیانە بەرپرس بکەن لە ناتەواویی بەرنامەکانیان، لە سەرنەکەوتنیان لە پاراستنی مافەکانی خەڵک و بەدەستهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. لە ڕاستیدا، مەبەستی بنەڕەتیم لەم وتووێژە بەهێزکردنی کۆمەڵگەیە. ئەم کارەشم لەپێناو کۆکردنەوەی سەرچاوەی لەبارە، بۆ ئەوەی باشتر بتوانم مافەکانیان بپارێزم و بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەم.

ئامانج ئەوەیە کە نوێنەرایەتیکردنی هەژاران و نەخوێندەواران لەلایەن پێشەنگەکانی کۆمەڵگەوە کەم بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر نکوڵی لەڕاستییەکان بکەین ئەم ئامانجە نایەتە دی.

له ئاکامی ئەم ڕاستییانەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدات: چۆن ئەم بەهێزکردنە بەکردار ڕوو بدات؟ بۆ نموونە چۆن نەیارانی"تاوانی شەرەف" چالاکانە و بەئاشکرا بتوانن لە ناو کۆمەڵگەدا بەکارایی بەرهەڵستیی ئەم تاوانانە بکەن و یارمەتیی بەهێزکردنی کاربەدەستان بدەن؟ چۆن لەو جێیەی کە ئەم تاوانانە ڕوو دەدەن نەیارانی تاوانی بۆ شەرەف بچنە ناو خێزان و کۆمەڵگە. چۆن بتوانن ببنە جێی باوەڕی خێزان و کۆمەڵگە لەپێناوی دامەزراندنی دواندنی ناوخۆیی دژ بە "تاوانی شەرەف"؟ لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازیی بیر و بۆچوون لەسەر ڕۆڵی خێزان و کۆمەڵگە لە ڕێکخستنی سێکسوالیتیدا. ئەوە ئەرکی سەرشانی پشتیوانانی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەرانی کۆمەڵایەتییە کە لەپێناو چوونە ناو کۆمەڵگە و ڕاکێشانی کۆمەڵ بەلای خۆیاندا واز لە باوەڕ و ژیانی تایبەتی خۆیان بهێنن؟

ئەم کۆمەڵە پرسیارە من دەباتەوە بۆ چەمکی دووەم لە ئاقاری ستراتیجی دواندنی کۆمەڵگە. بۆ ئەو جێیەی کە ئەرکەکان بەشێوەیەکی کارا دابەش دەکرێن. لەم ڕێیەوە هەر دەستەیەک لە کاربەدەستان ڕۆڵی شیاوی خۆیان لە ستراتیجەکەدا دەگێڕن.

لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە نەیارانی "تاوانی بۆ شەرەف"، ئەوانەی کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەن دەبێ ئەو کەسانە بناسن کە لە ناوەوەن و خوازیاری گۆڕانی کۆمەڵن، هەروەها دەبێ یارمەتییان بدەن. هەروەها گرینگە ئەوانەی کە لە ناوەوە بەڵێنی دژایەتیکردنی ئەم تاوانانەیان داوە، بتوانن بچنە ناو کۆمەڵگە و جێی باوەڕ بن بۆ تێوەگلان لە دواندنی ناوخۆدا.

لەوە ناچێت کە ئەوانەی ناوەوە لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەدا بەتەواوی و بێ کەموکوڕی لە یارمەتیی یەکدیدا بن، یان لەسەر ئەو بیر و ئامانجانە کۆک بن کە هەردوو لا بۆ بەدیهێنانی کار دەکەن. بابەتەکە لێرەدا دەبێتە بابەتی "گفتوگۆکردن" بەمەبەستی ڕێککەوتن لە نێوان ئەوانەی ناوەوە و دەرەوەدا، لەگەڵ ڕێزگرتنی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوانیاندا هەیە. بەواتایەکی تر، بانگی من بۆ دروستکردنی بەرەیەکە کە بتوانێت لە دەوری ئامانجی بەرهەڵستیکردنی "تاوانی شەرەف"دا کۆ ببێتەوە. بەرەیەک کە بتوانێت کۆمەڵێک چالاکی ئەنجام بدات کە بۆ هەردوو لا پەسند بێت. هەروەها هێدی هێدی کار لەسەر جیاوازییەکان بکات لەسەر مەودای فرەوانی بابەتەکان و ئامانجە دوورخایەنەکان.

خاڵی بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کە هەردوو لا بتوانن مەیدانێکی هاوبەش بۆ هاوکاریکردنی یەکتر بدۆزنەوە. لەو ڕێگەیەوە هەریەکە باشترین توانای خۆی لەو مەیدانەدا تەرخان بکات. ئەمەش بەبێ چاوەڕێکردن و پەلەکردن لە چارەسەرییەکان بۆ هەموو لایەنی گرفتەکانیان.

بۆ خۆپاراستن لە سەرلێشێوان: پێشنیازی ئەوە ناکەم کە ئەوانەی لەسەر مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتین واز لە سەرنج و کردارەکانیان بهێنن و بیانگۆڕن. ئەگەرچی ئەمە بابەتی ڕێککەوتن و هەرەوەزییە لەسەر ئامانجێکی پەسندکراو و کۆمەڵێک چالاکی. لەگەڵ ئەوەدا، پێویستە ئامانجە فرەوان و گشتییەکەی مەیدانەکە بپارێزرێت. هەروەها دەبێ بایەخ بەباوەڕی باش بدرێت و ڕێز لە گیانی هاوکاری لەم پرۆژە هاوبەشەدا بگیرێ. نابێ هەردوو لا بەشێوەیەک

هەڵسوکەوت بکەن کە ئامانجی هاویەش لاواز بکات، دەبێ پشت بەڕاوێژ ببەستن لە جیاوازی لە بیروبۆچوون یان ستراتیجدا. لە کۆتادا، دەبێ بەپێی سروشت و هەڵکەوتی ڕووداوەکان لە کاتی خۆیدا لە هەموو لایەنەکانی ئەم پرۆسەیە بگەین. هەروەها لە هەموو هۆکارە پێوەندارەکان و لێکۆڵینەوەکان تێ بگەین. نابێ ئەو شتانەی کە لەم بەشەدا گوتوومە لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا: وەک پێشنیازێکی وشک، نەخشە و هاوکێشەیەکی نەگۆڕ بۆ بەرهەڵستیکردنی "تاوانی شەرەف" تەماشا بکرێ. دەبێ هەموو کۆمەڵگەکان و فاکتەرە پێوەندارەکان لە گشت جێیەک: بەوریایی ڕەچاو بکرێن، بە بەرنامەیەکی ورد و دووربین، بە دەستپێشخەری، بەڕێکخستنی چالاکییەکان و تاووتوێکردنی بیرۆکەکان. دەبێ بەهەمان شێوە دواندنی کۆمەڵگە وەکو بەشێکی جیانەکراوە لە ستراتیجەکان بێت بۆ بەرهەڵستیکردنی "تاوانی شەرەف" نەک وەک تاکە ڕێگە یان تەنانەت تاقە ستراتیجی سەرەتایی.

سەرنجەکان:

ئەم بەشە لە بنەڕەتدا پوختەی بنەمای ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو کە لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠٠١ لە ئەستەنبوڵ ئەنجام درا. سوپاسی دکتۆر فەرید جیجەی ئۆغلو دەکەم لە زانکۆی بیلگی بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەکەم، هەروەها سوپاسی ئەلیسان جاپان دەکەم بۆ بەردەستیکردنم لە لێکۆڵینەوەکەدا. هەروەها دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەو کارناس و چالاکانە بکەم کە قسەم لەتەک کردوون، هەروەها ئەوانەش کە بەشداربوون لە دوا مێزگردا. تیمی سیمێل/ئینتەرڕایتس بژاری پێش چاپی ئەم بەشەیان کرد کە لەم کتێبەدایە، بۆ وەرگێڕانی تەواوی دەقەکە بەسەرنجی تێروتەسەلی دەقە تورکییەکە و خوێندنەوەی کەیسەکان، بنۆڕە پرۆژەی سیمێل/ئینتەر ڕایتس، لەم ماڵپەڕەدا:

www.soas.ac.uk/honourcrimes.

١– بنۆڕە دەقە تەواوەکە لەسەر ماڵپەڕی پرۆژەکە لەلایەن ئەننەعیم، هەروەها بنۆڕە سیڤەر و یورداکول، ١٩٩٩، لەگەڵ سەرچاوەکانی تر لەسەر "کوشتن لەسەر شەرەف" و توندوتیژی دژ بەژنان لە تورکیا کە لە پەراوێزەکەدا لیست کراوە لەسەر ماڵپەڕی: www.soas.ac.uk/honourcrimes.

٢– بەندی ٥ی پەیماننامەکە ئەم مەرجانە دادەنێ: دەزگەکانی دەوڵەت هەنگاوی گونجاو هەڵنێن بۆ گۆڕینی چەمکە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ڕەفتاری پیاوان و ژنان بەمەبەستی نەهێشتنی جیاوازییەکان، گۆڕینی نەرێت و هەموو ئەو کردارانەی کە لەسەر بنەمای بیری پلە و پایە و دەسەڵاتی نێر و مێ بنیاد نراون، یان لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵە نەرێتییەکان بۆ ژنان و پیاوان.

لە دوا پشکی ئەم بەشەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە چۆن دەوڵەت لەوانەیە بتوانێت ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات کە بەتایبەتی پێوەندییان بە "تاوانی شەرەف"وە هەیە.

٣– بۆ زانیاری لەسەر کەمپەین لەپێناو گۆڕینی چەند برگەیەکی یاسای سزا و ئاکامی ئەم چالاکییانە، لەگەڵ هەڵچوونی ناڕەوا، بنۆڕە ماڵپەڕی ژنان بۆ مافە مرۆییەکانی ژنان، www.wwhr.org(ed)

٤– چاوپێکەوتن لەگەڵ پینار ئیلکاراجان، ٢٦–٦–٢٠٠١ ئەستەنبوڵ.

## بەشی چوارەم

# کوشتنی شەرەفپارێزی و یاسا لە پاکستان

سوهەیل ئەکبەر واریچ

بۆ چەندان سەدە و سەرەڕای بۆچوونی جۆراوجۆرەی یاسایی حکوومەت، تاوانەکانی شەرەف بەشێک بوون لە مێژووی کۆمەڵایەتی و یاسایی پاکستان. هەرچۆنێک بێت، ساڵی ١٩٩٠ لە ڕوانگەی یاساییەوە شوێنێکی بەرچاوی هەیە. لەو ساڵەدا کورسیی دادپرسی بۆ پێداچوونەوەی شەریعەت لە دادگەی باڵا داوەریی لەسەر کێشەی "گوڵ حەسەن" کرد[1] و یاسای قەساس و دییەت[2] ناسێندرا و لەمەش گرینگتر، بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی برگە یاساییەکانی تایبەت بەکەمکردنەوەی سزا لە حاڵەتی کوشتن لە ئەنجامی هەڵچوونی گرژ و کتوپڕدا، بڕگەکانی یاسای سزا لەمەڕ کوشتن و ئازاری جەستەیی، بەئیسلامی کران.

جگە لە پشتگوێخستن و گرینگی نەدان بە "تاوانەکانی شەرەف"، یاسا نوییەکان خۆیان بەرهەڵستێکیان لە بەرانبەر دادپەروەری بۆ قوربانییەکان پێک هێنا. بەرچاوتر لە هەمووان، بەهۆی داواکاری لە دادگە بۆ ڕەچاوکردنی فەرمانەکانی ئیسلام لە ڕێگەی کارپێکردنی قەساس و دیەوە، ئەو یاسا نوێیانە بوونە هۆی برەودان بەمشتومڕێکی دواکەوتووانە سەبارەت بە "تاوانەکانی شەرەف" و پێوەندییەکانی جێندەر لەناو خێزاندا. هەڵسەنگاندنی ئەم یاسا نوێیانە لە لایەن دادگەکانەوە، بەهۆی لێکدانەوەی ئاڵۆزکاوی کەیسی "گوڵ حەسەن" و دووبارە هێنانە پێشەوەی بیانووی "هەڵچوون"ەوە، بارودۆخەکەی خراپتر بوو.

ئەم بەشە، هەوڵی پێناسەکردنی "تاوانەکانی شەرەف" نادات، ئەوەش زیاتر لە بەرئەوەی کە تێگەیشتنی ناوخۆیی بۆ ئەم دەستەواژەیە هەمە چەشنەیە و بەستراوەتەوە بەوەی کە کێ کێ دەکوژێت و هەروەها بەتێگەیشتن لە پێ هەڵماڵین و بەزاندنی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکاندا کە دەبێتە هۆی کوشتنێکی پەسندکراو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە. هەرچۆنێک بێت، لێرەدا دەستەواژەی "تاوانەکانی شەرەف" بەکار دەهێنین نەک "کوشتن"، لەبەرئەوەی وەلامدانەوە بۆ زیادەڕۆیی و بەزاندنی واگوتراو و وێناکراوی کۆدی "شەرەف" هەموو جار کوشتنی لێ ناکەوێتەوە.

بەشی یەکەمی ئەم چاپتەرە، لە سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتی- یاسایی "تاوانەکانی شەرەف" لە پاکستان ورد دەبێتەوە، کە گرینگیدان بەپشتگیریکردنی هێزی کۆلۆنیالی بەریتانی بەبایەخی بەها عەشایەری و باوکسالارییەکان لە یاسای سزای ساڵی ١٨٦٠ و هەروەها لێکدانەوەی یاسایی ئەو برگانە هەتا هەڵوەشاندنەوەیان لە ساڵی ١٩٩٠یش دەگرێتەوە. لە بەشی دووەمدا، باس لە

برگـەكـانی ئێـسـتـای "یاسـای سزای پاكسـتـان" (یسپ) و یاسـای ڕەوتـی تاوان (یرت)ی ١٨٩٨ دەكرێت، كە لەگەڵ كێشەی "تاوانـەكانی شـەرەف"یشدا یەك دەگرنەوە. هـەروەها باسـی تەنگژەكانی لێپرسینەوەی دادگەیی ئەو حاڵەتانە دەكرێت كە بەهـۆی بەربەسـتی یاسـاكانی سـزادان و بڕیارە قانوونییەكانەوە سەرهەڵ دەدەن. ئەم بـەشـە ڕاسـتـەوخۆ بە "یاسـای زینا"ی ساڵی ١٩٧٩وە خـەریك نابێ، بـەڵام پێـویسـتـە بزانرێت كـە دانانی سـزای قـورس بۆ مـومـارەسـەی سـێكسـی لە دەرەوەی هـاوسـەرێتـیـدا، بێگومـان بەشـداریی دۆخـێكی گـشـتـیی كـردووە كـە ڕەوایی دەداتە كـاردانـەوەی توندوتیژی بەرانبەر ئەو ژنانەی كە كردەوەی سێكسییان كردووە یاخۆ تۆمـەتی ئەنجامدانی كاری سـێكسـیـیـان لەسـەرە. ئەم بەشـە ڕۆشنایی دەخـاتە سـەر كـێـشـەكـانی بەردەم لێكۆڵینەوە و لێپرسینەوەی دادگەیی لە "تاوانـەكانی شـەرەف" و شكسـتی دەسـەڵات لە بەكارهێنانی چالاكانەی مـاددە یاسـاییـیـە نوێكان لـە پێناوی ڕێگرتن لە "تاوانـەكـانی شـەرەف". دوایـین بەش، ڕوانینێكی هەمـەلایەنە دەخاتە ڕوو دەربارەی كاردانەوەكانی ناو كۆمەڵگەی مـەدەنی بۆ "تاوانەكانـی شـەرەف"، هـەروەها قـسـە زل و بۆشـەكانی دەوڵەت و دووفـاقیـی دەزگەی باڵای دادپەروەری لەمـەڕ "تاوانـەكانی شـەرەف" ڕاڤە دەكات.

"كـوشـتن لەسـەر شـەرەف" لە هـەر چوار ویلایەتی پاكسـتـان و شـوێنە عەشـایەرییـەكانی سـەر سنووری ئەفـغـانسـتـان ڕوو دەدات. كـردەكـە، ناوی جیـاجـیـای هـەیە: لە باشـووری پونجـاب پێی دەگوترێت "كالاكالی"، لە سیند "كاروكاری"، لە بەلوچسـتـان "سـیاكاری" و، لـە ویلایەتی سنووری باكوری ڕۆژئاوا پێی دەگوترێت "تاورتوورا". بەشێوەیەكی نەرێتی، ئەم كردەیە سوود لە پشتگیریی كۆمـەلایەتی دەبینێت، كە ڕەگی دەگـەڕێتـەوە بـۆ ڕەوتی كۆمـەڵایەتی لە تۆمـەتبـاركردن و سـزادانی تاكەكەس بـۆ كردەوەی سێكسی لە دەرەوەی هـاوسـەرێتیدا. جیـا لەو دۆخانـەی كە وا دوو كـەس لە كاتی كاری سێكسیدا بگیرێن، یا كاتێ ژنێك تەحـەددای "ڕەوشت و فەرمانی كۆمـەڵایەتی" دەكات، ئەو تۆمەتبارییە بەگشتی لە ڕێگەی سیستمێكی نافەرمیـی دادوەریی ناوخۆوە ئاڕاستە دەكرێت[٣]. بەشـێوەی نـەرێتی، "كوشـتن لـەسـەر شـەرەف" كاتێ ئەنجام دراوە یاخۆ دەگوترێت ئەنجـام دەدرێت، كـە دەركـەوتبـێت ژنێكی ئەندامی بنەمـاڵە لـە دەرەوەی هـاوسـەرێتی سـێكسـی كـردبێت، بەڵام بەدرێژایی سـاڵان ئەو پاكانە بۆكردنە بەرفـرەوان بووەتەوە و دەربڕینی ئازادیی ژن، بـۆ نموونە، لە هەڵبـژاردنی هـاوسـەر، یـاخـۆ بڕیاری داواكـاریی جـیـابـوونەوەشی گـرتووەتەوە (لێـبـووردنی نێـونەتـەوەیی، ١٩٩٩). زیـاد لەوانە، تـۆمـەتـی دەست تێكەڵاوی لە كـردەوە/ یا هەڵسـوكـەوتی "بێشـەرمانە"ش بوونەتە كەرەستەی پارەسەندنی بەزۆر[٤]، یا مەسڵەتكردن (سوڵح) لەسەر كێشـەی بنەماڵەیی، یا تۆڵەسەندنەوە لە ناحەز (شیركەت گاه، ٢٠٠٢).

شـیكردنەوەی لایەنە كـۆمـەلایەتیـیـەكـانی "تاوانەكـانی شـەرەف" دەری دەخـات كـە سنووری چینایەتییان بەزاندووە و لە ڕێگەی بنیادە فیۆدالەكانەوە هەوڵی هێشتنەوەی دەسەڵاتی كۆمەلایەتی و سیاسـیی خـۆیان بەسـەر كۆمـەڵگە ناوخـۆییـیـەكـاندا داوە (عەلی، ٢٠٠١). گـەرچی كـاریگەریی بەربڵاوتری لایەنی كۆمەلایەتیی "تاوانەكانی شـەرەف" لە دەرەوەی تێڕوانینی ئەم بەشەدایە، گرینگە سـەرنج بدرێتـە ئەو ڕاسـتـییـەی كـە ئەو كاریگەرییانـە دەگەنە ئەوپەڕی پشـتـەوەی كـێشـەی ژنە

کـوژراوەکـە و کـەشـێکی هەڕەشـەئامـێـزی بەردەوام، چاودێریکردنی بەرتەنگ و ترس دروست دەکەن(٥)

زۆربەی "تاوانەکـانی شـەرەف" و بـوونیـان بەکـێـشـەی نەتـەوایەتی لەوەدا ڕەنگی داوەتەوە کـە وەزیری فـیـدراڵی کـاروباری ناوخـۆ لە مـانگی حـوزەیرانـی ٢٠٠٤دا ئەم ئامـارە نیـشـتـمـانیـیـەی خوارەوەی پێشکێش بە سەنات، ئەنجوومەنی باڵای پاکستان، کرد (خشتەی ژمارە ٤– ١).

خشتەی ژمارە ٤– ١

ئامـاری "کـوشـتن لەسـەر شـەرەف" لـە سـاڵانی ١٩٩٨–٢٠٠٣دا، بەو پێیـەی کە وەزیری ناوەخۆ لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا پێشکێش بەئەنجوومەنی باڵای پاکستانی کردووە:

| | |
|---|---|
| سەرجەمی ئەوانەی کوشتنیان ڕاگەیەنراوە | (٤١٠١) |
| قوربانییانی نێرینە. | (١٣٢٧) |
| قوربانییانی مێیینە. | (٢٧٧٤) |
| کەیسە تۆمارکراوەکان. | (٣٤٥١) |
| ئەوانەی مەسڵەتیان بۆ کراوە. | (٢٠٢٨) |
| ئەوانەی هێشتا لە دادگەن. | (١٢٦٢) |

سـەرچاوە: (چاپەمـەنیThe News ) هەواڵی ڕۆژی ١٠ی حـوزەیرانی ,٢٠٠٤ ئەم ژمـارانـە لە چوار ڕۆژنامـەی سەرانسەریی پاکستان بەزمانـی ئینگلیزی بڵاو بوونەتەوە، گەرچی هەندێ جیاوازی لە ژمارەکانیاندا هەیە.

هیچ مـێتـۆدێکی مـتـمـانەپێکراو بۆ دیاریکردنی (ژمـارەی) ڕووداوی "کوشـتن لەسـەر شـەرەف" بە دەسـتـەوە نیـیـە. گەلێک کـەیس ڕاناگـەیـەنرێت، ئەوانی تریش تەنیـا بەئامـانجی شـاراوەی سـوود وەرگرتن لە سزای کەمتر، ڕادەگەیێنرێن. هەرچۆنێک بێت، لە پشت ئیحتیمـالی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە زیادبووندان، سـەرچاوەی جۆربەجۆر ئەو ڕاستییە دەردەخـەن کە ئەو جۆرە کوشـتنانە زیادیان کـردووە و بـەگـوێرەی ئـامـارەکـانـی وەزیریش، دەرچوونـی بڕیاری دادگـە لەو کـەیسـانەدا گـەلێک کەمن(٦).

## بارودۆخی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و یاسایی

هیچ ڕوونکردنەوەیەکی دیاریکراو و ناوخـۆیی دەربارەی ڕەگ و ڕیشـەی "کوشتن لەسـەر شەرەف" بە دەستەوە نییە. هەندێک کەس لایان وایە ڕەگ و ڕیشـەی ئەو کردەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆزێکی بەلوچ لە بەلوچستـان و لە ڕێگەی کۆچکردنیان بۆ بەشە جیاکانی وڵاتەکە بەناو کۆمـەڵگەکانی تردا بڵاو بووەتەوە. "پاتانـەکان" لـە ویلایەتی سنووری باکوری ڕۆژئاوا و بەلوچسـتـان بنەمـای جیـاواز بۆ کردەکە دەسـتنیـشـان دەکـەن (شـیرکـەت گـاە، ٢٠٠٢، عەلی، ٢٠٠١) و تـۆمارە کـۆلۆنیـالییـەکـانیش

سەبارەت بە بەلوچستانی ئەو سەردەمە[٧] بە ڕوونی دەست بۆ "نەریت"ی "کوشتن لەسەر شەرەف" ڕادەدێرن[٨]. ئەوان، یاسای عەشایەریی ناو بەلوچ و پاتان شی دەکەنەوە[٩] و وردەکارییەکانی ئەو کارە دەردەخەن کە چۆن کەسێک دەتوانێ تۆمەت بداتە پاڵ ژنێک، هەروەها پێداویستییەکانی سەلماندنی ئەو تۆمەتە و هەڵسوکەوت لەگەڵ حاڵەتی "جووتبوون"ی سەلمێندراو یا گومانلێکراو ڕوون دەکەنەوە. لە کوشتنەکاندا شێوازی دیاریکراو بەرچاو دەکەون: تەنیا لەو دۆخەدا کە پیاوێک و ژنێک لە کاتی کردەوەکەدا بگیرابان هەردوو لایان شایانی کوشتن بوون، کاتێکیش تەنیا یەکیان، بەتایبەت نێر، هەڵ بهاتایە، مامەڵەکردن بەگوێرەی ئەم یا ئەو هۆز هەندێک دەگۆڕا. تۆمارە کۆلۆنییەکان دەڵێن لە هەندێک ناوچەدا، ژنی "ناپاک" و گیراو لە کاتی کردەوەکەدا شایانی کوشتن بووە، بەڵام لە واقیعدا گەلێک جار کێشەکە لە ڕێگەی قەرەبووی ماددییەوە یاخۆ مارەکردنی ژنێک لە خزمانی پیاوی تۆمەتبار مەسلەت کراوە. ئەگەر پیاو و ژن هەردووکیان بکوژرانایە، غەرامە لەسەر هیچ کامیان نەدەکەوت. ئەگەر هەردووکیشیان هەڵ هاتبان، ئەوا مێردی ژنەکە، ژنەکەی تەڵاق دەدا. تۆماری تریش هەیە کە تەڵاقی ژنی گومانلێکراو بە "ناپاکی" یاخۆ کاتێ ناپاکییەکەی سەلمێنرابێت پێشان دەدات و بەگشتی قەدەغە کراوە لەوەی کە شوو بەپیاوە تۆماتبارەکەش بکات.

جێی سەرنجە کە کۆدە عەشایەرییەکان تەنیا باس لە ڕەوتی سزادانی جووتبوونی ژنی بەمێرد دەکەن[١٠] لە دۆخێکدا ئێستا، بەپێچەوانەوە، هەموو ژنێک، ئەگەر مێردیشی نەبێ، دەشێ ببێتە قوربانیی "کوشتن لەسەر شەرەف" ئامارەکانی دوای ساڵی ١٩٩٩ دەری دەخەن کە ڕۆژنامەکان هەواڵی "کوژران"ی ٣٠٣ ژن و ٤٥ کچی کەم تەمەنیان ڕاگەیاندووە، کە دوو لەسەر سێی ئەو کچانە هێشتا مێردیان نەکردووە (کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پاکستان، ١٩٩٩).

## ناتەبایی لە بەچەمککردنی یاسایی سێکسوالیتیی ژنان

پاکستان لە ساڵی سەربەخۆیی خۆیەوە، ١٩٤٧، بوو بەمیراتگری ئەو سیستەمە یاساییەی کە فەرمانگێڕانی کۆلۆنیالی بەریتانیا دایانمەزراندبوو (تەبەنناکردنی یاساکان، قانوونی ساڵی ١٩٤٩). لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا، یاسای باری کەسێتی یا لەسەر بنچینەی یاسای کەسێتی حزبەکان یاخۆ لەسەر بنەمای ئەو نەریتانە دانرابوو کە لەگەڵ ئەواندا یەکیان دەگرتەوە[١١]. سیستەمی دادپەروەریی تاوانکاری دوابەدوای شەڕی سەربەخۆیی ساڵی ١٨٧٥ی هیندستان هاتە کایەوە، کە ئەویش لەسەر بنەمای سیستەمی ئینگلیزی دارێژرابوو.

یاسای سزای ساڵی ١٨٦٠ی بەریتانیا بیرۆکەی "شەرم و ڕووسووری"ی لە چەمکی پێوەندیدار بە "داوێنپاکی"، "فریودان" و "هەڵگرتن"دا، وەک بەشێک لە چوارچێوەی گشتیی "شەرەف" هێنایە کایەوە. لە جیاتی پاراستنی مافی تاکەکەسیی ئەو ژنەی کە شوێنی مەسەلەکەیە، یاساکە مافی بۆ لایەنی سێیەمیش هێشتەوە، جا ئەو لایەنی سێیەمە دەوڵەت بێت، کۆمەڵگە، یاخۆ ئەندامانی پلە یەکەمی بنەماڵە بن. وەک ئەنجامی کارەکە، لە کێشەی دادوەریی یاساییدا ژنان بوونە کەسی دەستەپاچە و کاڵا کە دەبێ سێکسوالیتییان لەژێر چاودێریدا بێت. داوێنپاکیی ژن و شەرم و

ڕووسـوورییـەکەی دەبووایە پارێزگارییـان لێ بکرێ لە بەرانبـەر پێشـێلکاریی هەمـوو نێرینەیەک لە دەرەوەی پێـوەندیی هاوسـەرێتیی یاسـایی و قبـوولکراو لە ڕووی کـۆمـەلایەتییـەوە، ئـەوەش بەپێی گریمانەی بێدەسـەلاتیی ژنان و پێویسـتییـان بەپارێزگاریکردن لە دەست پیاوان. پارێزگارییـەکی ئەوتۆ، تەنیا کاتێک تەرخـان دەکرێ کە ژنان بخـرێنە ژێر پشکنین و چاودێری یاخـۆ دەستبـەسـەر بمێننەوە و باوک، مێرد، یا سەرپەرشتیارێکی یاسایی تر سـەرپەرشتییان بکات– کە ئەو کەسەش بەردەوام پیاو بووە. ژنان وەک تاکە کەس سەیر نەدەکران– هەموو تاوانێکی ناو یاسای سزا بەپێی پارێزگار یا سـەرپەرشتیاری یاسایی پۆلێن کراوە. بۆ نموونـە، بەگوێرەی بەشی ٤٩٨ (لە یاسـای سـزادا)، فـریودان تایبـەت بووە بەژنی بەمـێـرد، لە کـاتێکدا بەگـوێرەی بەشی ٣٦١ی ڕفـاندن و هەڵگرتن، سـەرپەرشتیاری یاسایی دەگرتەوە. بەم پێیە، ڕاگواستنی ژن/ یا کچ بەزەبر یا بەهەر شـێـوازێکی تر، لە لایەن هەر نێـرینەیەکی ترەوە بەتاوان دادەنرا. ئەوەش، مـافی ژنانـی بۆ ئازادیی تاکەکەسی و سـەربەخۆییی هاتوچۆ کەم دەکردەوە. لەبەرئەوەی، لە دەرەوەی سنووری مۆڵەتپێدراو، هەمـوو پێوەندییەکی ژن بـەپیاوەوە دەشیـا وەک ڕفاندن و بـارمتـەگرتن سەیر بکرێت و ببێتـە هۆی ڕاونان لە ئەنجامدا ژن دەدرایەوە بەپیـاوی خاوەنی، کە سەرپەرشتی و پارێزگارییەکەی بەهۆی ئەو کارەوە زیانی پێ گەیشـتبـوو[١٢]. سروشتی تاوانەکە، بەهۆی دوو هۆکارەوە بڕیاری لەسـەر دەدرا: یەکـەم، سـروشـتـی ئـەو سـەرپەرشـتـیـارەی کـە ژنەکـەی لێ دابڕابـوو، دووەم، شـێـوازی کـەڵک لێ وەرگیـراوی کارەکـە و ئەوەی بەزۆرەملێ بووبێت یا بەفێڵ و سـاختـە. گەرچی ئازار پێگەیشـتنی ژنەکە خـۆشی لە تۆمەتبارییە یاساییەکە زیاد دەکرا بەڵام بایەخی سەرەکی دەدرا بەو زیانەی کە تایبەت بوو بەمافی کەسی سێیەم.

بەپێـچـەوانـەی بڕگـە یاسـاییـیـەکـانی تایبـەت بەداوێنپیـسی (کە بەگـوێرەیەوە، دەوڵەت ناتوانێ لێپرسینەوەی دادگەیی لەگەڵ ژنانی تۆمەتبار بکات)، یاسـای سزا ئەگەری حوکمی کەمکراوەی دابین کرد لە کاتێکدا مێرد ژنە داوێنپیسـەکەی دەکوژێ، ئەمـەش لە ڕێگەی تایبـەتمەندیی دۆخی هەڵچـوونی گرژ و کتـوپڕ[١٣] کە دەبێتـە هۆی نزمـبوونـەوەی ڕادەی تۆمـەتبـاری لە کوشـتنەوە بۆ کوشـتنی بێ ئەنقـەسد. کـەیسی "کوشتن لەسـەر شـەرەف" بەگوێرەی ئەم تایبـەتمەندییە مـامـەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ڕوونکردنەوەی یاساییش مۆڵەتی زیاتر دەدات بەبکوژەکان. ئەم مساوەمـەیە تەنیا بۆ مێرد کراوە بەڵام درێژ بووەتەوە بۆ ئەندامانی تری بنەماڵەش (بڕوانە ئەم بابەتەی خوارەوە).

### دۆخی یاسا پێش دابەشبوونی هیند و پاکستان

کـەیسی ناو دادگەی باڵای جۆربەجۆری هیندسـتان (پێش دابەشـبوون) بە ڕوونی دەری دەخەن کە نۆرمـێکی تەواو پەسـندکراو بـووە مـێـردێک سـوود لە یاسـای ئیـسـتـیـسنای تایبـەت بە "بیـانووی هەڵچـوونی لە نـاکاو و کـتـوپڕ" وەرگـرێت ئەگـەر بەهۆی ئاشکرابوونی زیناوە ژنەکـەی یا دۆسـتی ژنەکەی بکوژێت[١٤]. ئەگەر بارودۆخەکە بەشێوەیەک بێت کە داکۆکیکار مێردی ژنەکە نەبووبێت، ئەوا بڕیـاری دادگـە هەندێ جیـاواز دەبێت. لە کـەیسـێکی سـاڵی ١٩٣٠ی دادگـەی باڵای شـاری کەڵکەتەدا، دادگە داکۆکیی نەکرد بەبیانووی هەڵچوونەوە لە تۆمەتبارێک کە نە مێردی ژنەکە بوو و

نە دەکرا وەک دۆستی ژنەکەش سەیر بکرێت[١٥]. لە لایەکی ترەوە، لە داواکاریی پێداچوونەوەی کێشەیەکی کوشتن لە ساڵی ١٩٣٢ی دادگەی بەرزی مەدرەسدا، ئەم بڕیارە دەرچوو:

کەس ناتوانێ کێشەیەکی بەتەواوەتی سایکۆلۆژی وەک ڕەوشتی کۆمەڵایەتی حساب بکات. پرسیار ئەوە نییە کە دەبوایە دادخواز لە دادگەی پێداچوونەوەدا کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی لە دەست بوایە، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا ئەو کەسە کۆنترۆڵی خۆی لە دەست داوە یان نا. کاتێک پیاوێک چاوی بەژنێک دەکەوێت و ژنەکە، هاوسەر یا دۆستیەتی و لە باوەش پیاوێکی تردایە، ئیتر ڕاناوەستێت تا بزانێ ئایا مافی ئەوەی هەیە پێ لەسەر خاوەنداریەتیی تەواوی ژنەکە دابگرێت یان نا، ئەو پیاوە، کەیسەکە وەک داوەرێکی دادگە سەیر ناکات. ئەو ژنە لێرەدا ئەو کەسەیە کە ئەو دەیەوێت خاوەنداریەتیی تەواوی بکات و لەو کاتەشدا ئەوە بۆ ئەم بەسە و بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە[١٦].

لە قۆناخەکانی دواتردا دادگەکان بۆیان بوو بەکردەوەیەکی ئاسایی، کە لەسەر بنەمای ماددەی "بیانووی هەڵچوونی کتوپڕ و لەناکاو" بڕیاری سزای کەمتر (بۆ پیاوانی ژنکوژ) دەربکەن[١٧].

## دۆخی یاسا دوای سەربەخۆبوون

دوابەدوای سەربەخۆیی (پاکستان)، وتووێژی زۆر سەبارەت بەشێواز و ناوەرۆکی دەستووری داهاتوو و گونجانی لەگەڵ ئیسلامدا کرا. لە سەرەتادا ئەنجوومەنی پێداچوونەوەی دەستوور بڕیارنامەیەکی تایبەتی پەسند کرد بەناوی (بڕیارنامەی ئامانجەکان) و کۆمەڵێ ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی خستە بەردەم ئەو لیژنەیەی کە ڕەشنووسی دەستووری دەنووسی[١٨]. تا ئێستاش، مەبەست و کارامەیی ئەو بڕیارنامەیە لە نێوان پەرلەمان و دادگەی باڵادا جێی مشتومڕن، بەتایبەتی لەبەرئەوەی پرسیار دەوروژێنێ دەربارەی ئەوەی کە چ یاسایەک دەبێ لە پاکستان باڵا بێت. ئەو مشتومڕە کە لەم دواییانەدا گرێ دراوەتەوە بەکێشەی "بەئیسلامیکردن"یشەوە لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٧٠وە هۆکار بووە بۆ گەلێک گۆڕانکاری لە یاساکانی پاکستاندا و یەک لەوانە، گۆڕینی یاسای تاوان بوو لە ساڵی ١٩٩٠ و لە ئەنجامی ئەویشدا، چۆنیەتی بەدواداچوونی "تاوانەکانی شەرەف".

یاسای تاوانی پاکستان بەنەگۆڕی مایەوە تا ئەو کاتەی زیائولحەق لە ساڵی ١٩٧٧دا یاسای سوپای دەرکرد و دەستی کرد بەرەوتی "بەئیسلامیکردن"ی سیاسییانە[١٩]. گۆڕانکاری لەسەر بنەمای یاسای کەسێتیی زۆرینەی موسڵمان هەموو هاوولاتییەکی گرتەوە. لە ژێر سایەی ڕژێمی زیائولحەقدا، دەستوور بەفەرمان و بڕیاری سەرۆک کۆمار گۆڕانکاریی بەسەردا هات، کە دواتر بەهۆی هەشت مادەی ناسراوەوە، هەر ئەو گۆڕانکارییانە برانە ناو دەستووری بنەڕەتییەوە[٢٠]. ئێستا بڕیارنامەی ئامانجەکان لە بیچمی مادەی A2–دا بوونەتە بەشی سەرەکیی هەموو یاسایەک و بەم شێوەیە، شتێکی نەیار بووە بەلایەنی گرینگی دەستووری ١٩٧٣. لەوە زیاتر، دادگەی

فیدراڵی شەریعەت بەگوێرەی مادەی (١) C203ی دەستوور و بەدەسەڵاتی تایبەتەوە، بنیات نرا بۆ ئەوەی سەرنجی یاساکان بدات و بزانێ ئایا لەگەڵ فەرمانەکانی ئیسلامدا دەگونجێن یان نا.

دادگەکانی دوای سەربەخۆییی پاکستان بەردەوام بوون لە حوکمدانێکی ڕەمزیی ئەو کەسانەی کە گوایە بە "کوشتن لەسەر شەرەف" تۆمەتبار کراون، بەمەش دەقی ڕوون و ئاشکرای یاسایان پشت گوێ خستووە و مۆڵەتی تەواویان داوەتە ئەندامانی نێرینەی بنەماڵە بۆ ئەوەی ژنەکانیان بەبیانووی "شەرەف"ەوە بکوژن. یاسەمین حەسەن (١٩٩٥) باس لەو حاڵەتانە دەکات کە تێیدا سوودوەرگرتن لە دۆخی "هەڵچوون" پەرەی پێ دراوە نەک هەر بۆ ئەو کوشتنانەی کە تەگبیریان بۆ کراوە، بەڵکو بۆ ئەو حاڵەتانەیش کە پیاوان بەشێوەیەکی کاریگەرانە، مۆڵەتی چاودێریکردنی هەموو هەڵسوکەوتێکی ژنیان پێ دەدرێت هاوتا لەگەڵ مۆڵەتی کوشتنیشی ئەگەر دژ بە "پەیڕەو"ی کۆمەڵایەتی بووەستن. لە یەک لەو حاڵەتانەدا، دادگە ڕای گەیاند:

تەمێکردنی ژن لەسەر پێوەندیی دڵداری لە لایەن شکایەتکارەوە مەترسیی بارودۆخ یاخۆ هەڵچوونی مۆڵەتپێدراوی کەم نەکردووەتەوە. لە بارودۆخێکی ئاوادا تەنانەت ئەگەر ژنەکەی داوای لێبووردن یا بەزەیی پێداهاتنەوەش بکات، ئەگەر پیاوەکە بیکوژێت، ئەوە حوکمەکەی لەسەر ئەو کارە بۆ کەم دەکرێتەوە و بەتاوانبار دانانرێت[٢١].

لە حاڵەتێکی تردا، دادگەی باڵا بڕیاری لەسەر پیاوێک دەرکرد کە بەشوێن خوشکەکەیدا گەڕابوو و گومانی ئەوەی لێ کردبوو کە دەچێتە ژووانی پیاوێک و لە ئەنجامدا کوشتبووی، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە شوێنێکی وەک گوند و گەلێک شوێنی کۆمەڵایەتیی تردا، "مافی" پیاوان بۆ کۆنترۆڵکردنی کرداری "ژنەکانیان" بەتایبەتی دەربارەی پێوەندی سێکسییان، بەتەواوەتی دانی پێدا دەنرێت و بەهێزەوە دەپارێزرێت، مافی پێداچوونەوەی بەبیانووی هەڵچوونەوە پێ درا[٢٢].

## سەردەمی دوای ١٩٩٠: یاسایەکی نوێ بەڵام کێشەکان قووڵ دەبنەوە

### کەیسی گوڵ حەسەن

دوای دامەزرانی دادگەی فیدراڵی شەریعەت لە ساڵی ١٩٨٠، گەلێک یاسا لەسەر بنەمای گونجاندنیان لەگەڵ قورئان و سوننەتدا گۆڕانکارییان بەسەردا هات، لەوانە هەندێک بەشی یاسای سزای تایبەت بە کوشتن و ئازاری جەستەیی بوون. گۆڕانی وردەوردەی یاسای سزای تایبەت بەو حاڵەتانە کە بەگشتی بەناوی یاسای قەساس و دییەت ناسراون[٢٣] کە لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٠دا دەرچوون دوابەدوای ئەو ڕێنوێنییانەی کە کورسیی دادپرسی لە دادگەی باڵای شەریعەتی فیدراسیۆنی پاکستان لەمەڕ گوڵ حەسەن لە ١٩٨٩ خستیە بەردەم حکوومەتی فیدراڵ[٢٤] بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە بەڕوانینی دادگە لەگەڵ ئیسلام ناکۆک بوون.

فەرمانی دادگەی تایبەت بەکەیسی گوڵ حەسەن ڕای گەیاند کە ئەو بەشانەی یاسای سزای پاکستان (لەگەڵ بەشی پەیوندیدار لە یاسای ڕەوتی تاوان)ی تایبەت بە کوشتنی بەئانقەست (عەمد) و ئازاری بەئانقەست دژ بەئیسلامن لەبەرئەوەی:

١- هیچ بەندێکی سەبارەت بەمافی قەساسی تێدا نەبوو.

٢- هیچ بەندێکی سەبارەت بەدییەتی تێدا نەبوو.

٣- هیچ بەندێکی سەبارەت بەسوڵحکردنی تێدا نەبوو لە نێوان لایەنی زیانپێگەیشتوو و تۆمەتبار بەئامانجی دانی پارەیەک لە لایەن تۆمەتبارەوە بەلایەنی زیانپێگەیشتوو وەکو قەرەبووی قبووڵکراو.

٤- هیچ بەندێکی سەبارەت بەوە تێدا نەبوو کە قوربانییان یاخۆ کەسوکاری کوژراوەکە لە کابرای تاوانبار ببوورن لە کاتێکدا کە حکوومەت دەتوانێ بەبێ ئاماژە و مۆڵەتی قوربانی یا کەسوکاری کوژراو، لە تاوانبار ببوورێت.

٥- بەندەکانی یاسا، تاوانبارانی نابالغ یا شێت لە سزای کوشتن بەدەرناکەن.

٦- بەندەکانی یاسا جۆرە جیاوازەکانی کوشتن و بریندارکردن، هەروەها سزای ئەو کردارانەش، بەو شێوەیە دیاری ناکەن کە لە قورئانی پیرۆز و سوننە(تی پێغەمبەر)دا هاتووە.

بەهەمان شێوە، دادگە ڕای گەیاند کە یاسای سزای پاکستان (بەشی ١٠٩) و یاسای ڕەوتی تاوانی پاکستانی (بەندی ٥٤) لەو شوێنەدا کە هاندەرێکیش بۆی هەیە هەمان سزای بەسەردا بسەپێنرێت کە تاوانبارە سەرەکییەکە پێی دەدرێت و لەوەشدا کە دەکرێت سزای دانراو لە لایەن حکوومەتەوە کەم بکرێتەوە، لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێن.

ڕەخنەی دادگە جیاوازیی بەرچاوی بۆچوونی لە نێوان سیستمی سزای موسوڵمانی و یاسای گشتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کوشتن و ئازاری جەستەیی زەق کردەوە. یەکەم، یاسای سزای پاکستان و یاسای ڕەوتی تاوانی پاکستان لە چەمکی سەرەکیی بەرپرسیاریەتیی تاوان لە یاسا ئیسلامییەکاندا دژ بەیەک دەوەستان، دووەم، ئەوان هەموو کوشتار و ئازارێکیان وەک تاوانی دژ بەدەوڵەت لە قەڵەم دەدا نەک دژ بەقوربانی و کەسوکارەکەی. بەپێچەوانەوە، بەگوێرەی قورئان و سوننەت، کوشتن و ئازار (هەرجۆرێک بن) وەک شێواندنی مافی تاکە کەس و کەسوکاری جێماوی سەیر دەکرێت و تەنیا دوای ئەوان، وەک کێشەیەکی یاسایی و ڕێکخستن و تاوانی دژ بەدەوڵەت دەبینرێت.

بەم پێیە، فەرمانی دادگەکە گەیشتە بڕیاری ئەوەی کە بەگوێرەی یاسای ئیسلام، ئەو کەسەی کە توندوتیژیی لێ کراوە، هەروەها کەسوکارەکەشی، مافیان هەیە داوای قەساس بکەن، جا لە دوای ئەوان و بەپلەی دووەم، مافی داواکاری گشتی دێت. هەر چۆنێک بێت، دادگە ئەوەشی لێ زیاد کرد کە لە ئیسلامدا دەوڵەت دەتوانێ بەندی پێوەندار بەتەعزیر بەکار بهێنێ کاتێ سیستمی کۆمەڵایەتی تێک بدرێت[٢٥]، هیچ سنوورێکیش بۆ ئەو سزادانە لە گۆترەیە دانەنرا. وەک کەیسی یاسایی خوارەوە دەری دەخات، دەوڵەت بەدەگمەن هەوڵی داوە ئەو بەرپرسیارەتییە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

## ئەو گۆڕانكارییانەی بەپێی یاسای قەساس و دییەت ئەنجام دران

هەر لە سەرەتاوە چۆنیەتیی دارشتنی یاسا نوێكە بوو بەهۆی دروستبوونی پشێوی سەبارەت بە بەندەكانی. بەگوێرەی (كەیسی) گوڵ حەسەن، دەبوایە بەندی یاسایی پێوەندار بە كوشتن و ئازار لە ٢٣ی مارتی ١٩٩٠دا وەلا بنرێت. حكوومەتی فیدراڵ سكاڵای پێداچوونەوەیەكی تۆمار كرد كە دادگەی باڵا[٢٦] لە ٢٩ی ئۆگوستی ١٩٩٠دا دەری كردبوو لەو دڵنیاییەوە كە داوەریی گشتی بەزوویی یاسایەكی ناوخۆیی دەردەكات بۆ ئەوەی فەرمانی دادگەیی لەمەڕ گوڵ حەسەن بەئەنجام بگەیەنێت. هەرچۆنێك بێت، لە نێوان مانگی ئۆگوست و ٢ی ئۆكتۆبەری ١٩٩٠دا، سێ یاسای ناوخۆیی دەرچوون، كە هەركام ئەوی تریانی چاك دەكردەوە و تەنانەت هەندێك جار پێش بەكارخستنی یاسا سەرەكییەكەش. تا ئەمڕۆ، دیاریكردنی ئەو ڕۆژەی كە بۆ یەكەم جار ئەم بەندە نوێیانەی یاسا كاریان پێ كرا شوێنی مشتومڕە. پشێوییەكە بەهۆی بەشی H338ی یاسای سزای پاكستانەوە زیاتر بوو كە باسی ئەوەی دەكرد بەشی ٣٠٩ و ٣١٠ (لە كێشەی چاوپۆشیكردن یا پێكەوەلكاندنی لەگەڵ قەساس دا)، هەروەها بەشی E338ی (پێوەندار بەخواستی دادگە لەمەڕ دەركردنی بڕیاری مەحكوومیەت تەنانەت ئەگەر تاوانەكە بە«قەساسەوە» لكێنرابێت)، بتوانرێت بۆ ئەو كەیسانەش بەكار بهێنرێت كە هێشتا بڕیاریان لەسەر نەدراوە، ئەگەرچی چەمكی قەساس لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو كەیسەدا بوونی نەبوو.

یاسا نوێكە گەلێك گۆڕانكاریی گرینگی هێنایە كایەوە. یەكەم، چەمكی كوشتن بەتەواوەتی گۆڕا: ئیتر هەر مردنێكی ناسروشتیی كەسێك بە دەست كەسێكی تر، وەك كوشتن سەیر دەكرا و هەموو پۆلێنێكی پێشووی وەك كوشتنی بەئانقەست و كوشتنی تاوانكارانە كە بە كوشتن دانەدەنران لادران. چوار جۆری نوێ بۆ كوشتن دانرا، كە تەنیا یەك لەوانە، كە برێتییە لە كوشتنی عەمد (كوشتنی بەئانقەست)، پێوەندیی بەم بەشەوە هەیە.

دووەم، سزای جیاواز بۆ كوشتن دانرا. ئەویش نەك بەگوێرەی ڕادەی تاوانەكە، بەڵكو زیاتر بەپێی بەڵگەی كوشتن و پێوەندیی تۆمەتبار لەگەڵ مردووەكە. ئەمە بەقووڵی كاری كردە سەر مامەڵەكردن لەگەڵ "كوشتن لەسەر شەرەف"، كە تێیدا كەسی تاوانكار بەشێوەیەكی نەگۆڕ پێوەندیی بەقوربانییەكەوە هەیە و هەردەمیش هیچ شایەدێك لە ئارادا نییە. كوشتن شایانی قەساسە (واتە تۆڵە، وەك بڕیاری كوشتنەوەی كەسەكە) بەمەرجێك كە تۆمەتبار بەگوێرەی ڕەزامەندیی دادگە دان بەكردەوەكەیدا بنێت، یاخۆ ژمارەیەك شایەتحاڵی جێی بڕوا شایەدیی لەسەر بدەن[٢٧]. ئەگەر سەلماندنی كردەوەكە لە ڕادەی پێویست نەبێت، ئەودەم كوشتنەكە سزای تەعزیری پێ دەدرێت– ئەویش زیندانی هەمیشەییە یاخۆ لەداردان بەگوێرەی بەندی302(b) لە یاسای سزای پاكستان. هەرچۆنێك بێت، بەندی 306(c) 306(b)ی یاسای سزای پاكستان (بەگوێرەی بەندی 302(b)) و بەشێوەیەكی هەڕەمەكی هەندێ خزمی وەك دایك و باوك یا باپیرە و نەنك كە منداڵ/ یاخۆ نەوەی خۆیان دەكوژن، یاخۆ كەسێك كە هاوسەری خۆی دەكوژێت و منداڵیشی لێی هەیە، لەو یاسایە بەدەر دەگرێت. ئەو جۆرە تاوانكارانە تەنیا دییەتیان لەسەر

دەکـەوێت، گـەرچی دادگـە ئەو هـەڵبـژاردنەی لەبەر دەسـتـدایە کـە بەگـوێرەی بەڵگە و هـەروەها چۆنیەتیی کەیسەکە، بڕیاری زیاترین سزا– کە چوارده ساڵ زیندانە بدات. کاریگەریی قووڵی ئەم یاسایە لە سـەر "کوشتن لەسـەر شـەرەف لەو ژمـارانەی سـاڵی ١٩٩٩دا دەردەکەوێت کە نیـشانی دەدات لەو ٣٠٢ ژنەی کە بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکان کوژراون، ٢٦٩یان لە لایەن بکوژەکانیانەوە ناسـراو بوونـە، لەوانەش زۆربـەیان (واتە ١٩٨ لە ٣٠٢) بـە دەست برا، باوک، یا کـوڕی خـۆیـانەوە کوژراون (لێژنەی مافی مرۆڤی پاکستان، ١٩٩٩).

سێیەم، بەگوێرەی مادەی ٣٠٧ لە یاسـای سـزای پاکستـان هەندێ هـەلومەرج هەن کە تێیـاندا نابێ قەسـاس پیادە بکرێت[٢٨] و وەک دەگوترێ، "بەگوێرەی فـەرمانەکانی ئیسـلام سزای قـەساس نایان گرێتەوە (بەندی302(C)ی یاسـای سزای پـاکسـتـان)، گرینگ ئـەوەیە ئەم بەندەی دوایی، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیادەی تێدا نییە و ئیتر ڕاڤەی "فەرمانەکانی ئیسلام" بۆ دادگە دادەنێت. لەوەش زیاتر، لـە بەندەکـەدا هیچ ڕادەیەک بۆ کـەمـترین سـزا دانـەنراوە. ئەوەش خـاڵی سـەرەکی دەبێ بۆ ڕاڤـەکـردنەوەی چۆنیـەتیی یـەکگرتنەوەی یاسـا نوێیـەکان لەگـەڵ کـەیسی "تاوانەکـانی شـەرەف"دا. زۆربەی " تاوانەکـانی شـەرەف" بەگوێرەی ئەم بەندە مـامـەڵەیان لەگـەڵدا دەکـرێت و تەنیـا بڕیاری سووکیان بۆ دەردەچێت.

ئەنجام، مادەی ٣٠٩ و ٣١٠ی یاسای سزای پاکستان هاوتا لەگەڵ مادەی ٣٤٦ی یاسای ڕەوتی تاوانی پاکسـتـان، مـافی "لێبووردن"ی تۆمـەتبار یاخـۆ پێکهاتن لەسـەر قـەرەبووی زیان، کـە پێی دەگوترێت "مەسڵەت"ی تاوان، دەداتە کەسوکاری جێماوی کوژراوەکە یاخۆ قوربانییانی هەر جۆرە ئازارێکی جەستەیی[٢٩]. ئەگەر کەیسەکە بەگوێرەی قـەساس ڕاگەیێنرابێت یا بەگوێرەی قـەساس قەراری بۆ دەرچووبێت، هەر کام لەو کەسوکارە دەتوانن لە مافی قەسـاسـی خۆیان دەست هەڵگرن یاخـۆ لـە سـەری پێک بێن. دادگـەکـانیش ناچارن ئەو دەسـتـهـەڵگرتن و پێکهـاتنە پەسند بکەن، تەنانـەت ئەگـەر لە لایەن یەک تـاکـە نەوەی کـوژراوەکـەشـەوە بێت و ئیـتـر کـەسـی تۆمـەتبـار ئازاد دەکرێت مەگەر دادگە بەگوێرەی مادەی ٣١١ی یاسای سـزای پاکستان (کە لە خوارەوە باسی لێوە دەکرێت) سـوود لە مافی "خیار"ی خۆی ببینێت. ئەگەر کەیسـەکە بەگوێرەی تەعزیر سـەیر بکرێت، بەپێی بەشی(٢) ٣٤٢ی یاسـای ڕەوتـی تاوانی پـاکـسـتـان بۆ ئەوەی دادگـە مـەسـڵـەتکردنەکـە بسـەلمێنێت، پێویستـە هـەموو نەوەی کـەسـە مردووەکە بەشداری سـوڵحـەکە بن و ئەوەش بەگوێرەی مـۆڵەتی دادگـە دەبێ و، مـەسـڵـەتێکی ئەوتۆ دەگـاتە ئەنجـامی ئازادبوونـی تۆمـەتبار. لەبەرئەوەی یاسـاشکێنی ژنکوژ یا "تـاوانبـاری شـەرەف" زۆربەی جـار هەر خـزمـی نزیکی ژنەکـەیە، شـتـێکی گونجاوە کە نەوەکانی قوربانییەکە لەگەڵ بکوژەکە مەسڵەت بکەن و، تاوانەکە بەبێ سـزا بمێنێتەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٤– ١).

بەگوێرەی مادەی ٣٠٩ و ٣١٠ی یاسـای سزای پاکسـتـان ئەستەمە بڕیار بدرێت کامە کـەیس بۆ مەسـڵـەتکردن دەگونجێ، بەتایبـەت لەو کەیسـانەدا کە بەشـێک لە کەسـوکاری/ نەوەی قـوربانییـەکە لەگـەڵ بکوژەکـاندا پێک هاتبن، ئەوەش لە "کـوشتن لەسـەر شـەرەف"دا ئاسـاییـیـە. گـەرچی بەندە

یاساییەکان ئاماژە بەوەلانان یا مەسلەتکردن لە قەساسدا دەکەن، دادگەش و دادخوازانیش دەیانەوێ سەرنج بخەنە سەر ئەگەری یا پەیڕەوکردنی بڕیاری مردن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کە ئایا کوشتنەکە بەگوێرەی قەساس و بەندی 302(a) کوشتنە یا خود بەگوێرەی تەعزیر و بەندی 302(b). حوکم دەرکردن لەو شوێنەدا ئاڵۆز دەبێ کە کەسێک/ نەوەیەکی قوربانی دەتوانێت کەیسێک یاخۆ مەسلەتکردن لەسەر کەیسێک کە شیاوی تەعزیر بێت هەڵوەشێنێتەوە؟ ئەو کێشەیەش هەر لە ئاڵۆزیدا دەمێنێتەوە سەبارەت بەوەی کە دەبێ کام بەند ڕەچاو بکرێت کاتێ هەموو نەوە/ کەسوکاری قوربانییەکە لێبووردنیان بەتۆمەتبار نەدابێت[٣٠]؟ لە ساڵی ١٩٩٧دا ئەندامانی دادگەی باڵا کە لەو کێشەیەدا بیروڕای جیاوازیان هەبوو، ڕاوێژکاری بێلایەنیان دەستنیشان کرد و ئەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە مادەی ٣٠٩ و ٣١٠ی یاسای سزای پاکستان تەنیا کاتێک دەتوانرێ پیادە بکرێت کە تۆمەتبار بەگوێرەی قەساس بڕیاری بۆ دەرچووبێت، هەروەها بەبێ گوێدانە ڕادەی حوکمەکە و بەگوێرەی بەندی (٢)٣٤٥ی یاسای ڕەوتی تاوانی پاکستان لە هەموو کەیسێکی تردا مەسلەت کاتێ دەکرێ کە سەرجەم کەسوکار/ نەوەی قوربانییەکە ڕێک بکەون[٣١]، کەواتە، ئەگەر تەنیا یەک کەس لە کەسوکار/ نەوەی قوربانییەکە ڕازی بوو مەسلەت بکات، تاوانکار قورسترین سزا دەدرێت. ئەم بڕیارە، بەکردەوە، کێشەکەی چارەسەر نەکرد، لەبەرئەوەی فەرمانی دادگە خۆی بەشێوەی جیاواز ڕاڤە دەکرایەوە تا ئەنجام، لە ساڵی ١٩٩٧دا بڕیاری دادگەی باڵا لەسەر دوو کەیسی تر دەرچوو[٣٢].

ئەم بەندە نوێیانە لە ماوەی دادخوازیی دوورودرێژی ناو دادگەکاندا بێدادوەریی زۆریان لێ کەوتەوە. هێشتا چەواشەکاری سەبارەت بەشێوازی بەکارهێنانی مادەی ٣٠٩ و ٣١٠ی یاسای سزای پاکستان و ئەوەی کە ئایا سزا دەبێ بەگوێرەی قەساس بدرێت یا تەعزیر، هەر ماوە. لەوەش زیاتر، دادگەکان هەندێک جار بەبێ هەڵسەنگاندنی پێویست بەڵگەنامەی مەسلەتیان پەسند کردووە، لە کاتێکدا تەنیا کەسوکار/ نەوەی مردوو ئیمزایان کردووە و نەیان توانیوە تێبینیی ناتەبایی نێوان تۆمەتبارێک کە ئینکاری فەرمانی دادگە دەکات لەگەڵ مەسلەتێکی دروستکراودا بکەن[٣٣].

لە هەلومەرجی دیاریکراودا، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا کێشەکە تەنیا دەست لە سکاڵا هەڵگرتنە یا مەسلەتکردن، مادەی ٣١١ی یاسای سزای پاکستان مۆڵەت بەدادگەکان دەدات بەگوێرەی چەمکی "فساد في الأرض" (تێکدانی سیستمی کۆمەلایەتی)، بڕیاری زیندانی تا ١٤ ساڵ دەربکەن. بەهەمان شێوە، بەندی 336(E) لە یاسای سزای پاکستان دەسەلاتی بەربلاو دەداتە دادگەکان، بۆ ئەوەی گوێ بۆ هەر جۆرە پێکهاتنێک ڕابگرن، چ بۆ ئازادی بووبێت، چ بەحیسابی "ڕاستەقینە و هەلومەرجی کەیسەکە"، بۆ ئەوەی "بەگوێرەی سروشتی تاوانەکە، کەسەکە تەعزیر بکرێ. جێی سەرنجە کە لە بەشەکانی دواتردا لە هەر کوێ ناوی تەعزیر هاتبێت، ڕێنوێنیی بەربەست کردنیشی لەگەڵدا هاتووە، بەڵام بەگوێرەی بەشی E 338 یاسای سزای پاکستان، ئەو بەربەستانە دانانرێن. هەرچۆنێک بێت، ئەم بەندانە لەبەر لایەنی تەکنیکییان یاخۆ بەهۆی کەمبوونی داوانامەی دادوەری، بەکردەوەگەلێک کەم کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەوەش، ڕوونکەرەوەی

بنچینە کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسییەکانی پاکستانە، کە تێیدا بەندی پێشکەوتووی یاسا نوێکان بە بەردەوامی پشتگوێ خراون و بەسەریاندا تێ پەڕیون.

## داوەریکردنی گوڵ حەسەن و "تاوانەکانی شەرەف"

"تاوانەکانی شەرەف" لە داوەریکردنی "گوڵ حەسەن"دا دەرنەکەوتن و، بەهەمان شێوە، سەرنجیش نەدرایە ئەو داواکارییانەی کە لە دژایەتیی بەندە کۆنەکاندا هاتبوونە ئاراوە. بەڵام، ئەوە گرینگ بوو کە لە ڕەوتی وتووێژەکان سەبارەت بەوەی ئیسلام چی بە کوشتن دەزانێت، دادگە سەرنجی زۆری دایە "هەڵچوون" و نموونەی "زینا"- واتە پێوەندیی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرێتی وەک بنچینە و داکۆکیی سەرەکی لە "تاوانەکانی شەرەف"دا[٣٤].

دادگە ڕای گەیاند کە "بەگوێرەی فەرمانی ئیسلام، هەڵچوون، جا گرینگ نییە چەندە گرژ یا لە ناکاو و کتوپڕ بووبێت، لە قورساییی تاوانی کوشتن کەم ناکاتەوە"[٣٥]. بەم پێیە، "لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە"، بکوژێک تەنیا لە یەک یا دوو دۆخدا دەتوانێ قەساس نەکرێت، ئەویش لە دۆخێکدا مردووەکە کارێکی کردبێت کە سزاکەی بەگوێرەی ئیسلام کوشتن بووبێت، یا کاتێک بکوژەکە لە حاڵەتی داکۆکیکردن لە گیانی خۆی بووبێت. بۆ پاکانەکردن بۆ ئەم ڕایە، دادگە تەنیا ئەوەی وتووە کە ئیسلام مۆڵەت نادات کە "معصوم الدم" (واتە کەسێک کە ژیانی پیرۆزە یا خوێنی پارێزراوە) بکوژێت- بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ئەو مەقتوولە پارێزراوە چییە[٣٦].

دادگە نموونەی پیاوێکی هێناوەتەوە کە دوای ئەوەی بینیویەتی ژنەکەی "زینا"ی کردووە و کوشتوویەتی وتوویەتی کە بەرزترین سزا بۆ "زینا" کوشتنە، بەمجۆرە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە دەیخاتە ڕوو و گونجاوییان لەگەڵ ستاندارده خوازراوەکانی ئیسلامدا، ئەوە ئەو پیاوە بەگوێرەی "قەساس" سزای لەداردان نایگرێتەوە[٣٧]. لەوەش زیاتر، دادگە ڕای گەیاندووە کە بەهۆی ئەوەی کابرای تاوانبار یاسای گرتووەتە دەستی خۆی، ئەوە تاوانی دژ بەدەوڵەت کردووە، کەواتە دەبێ بەگوێرەی "تەعزیر" سزا بدرێت. داوەرییەکانی دواتری تایبەت بە "کوشتن لەسەر شەرەف" گەلێک جار خاسیەتی بەمەرجکراوی وەلاوەنانی "قەساس" و سزای پێوەندار بە "تەعزیر"یان نەگرتووەتە بەرچاو و، تەنیا جەختیان لەسەر خاڵی یەکەم کردووەتەوە کە دەڵێ مێردێک کە دوای ئاگەداربوونەوە لە "زینا"ی ژنەکەی، کوشتبێتی، نابێ "قەساس" بکرێت و بڕیاری لەداردانی بەسەردا بدرێت. ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر بەدواداچوونی "تاوانەکانی شەرەف" هەبووە.

ئەنجام، دادگە ڕێنوێنیی ئەوەی کرد کە "قەساس" لە حاڵەتی داکۆکیکردن لە خود بەکار ناهێنرێت، بەبێ ئەوەی واتای "داکۆکیکردن لە خود" ڕوون بکاتەوە و ئەوەش بڵێ کە کێ دەتوانێ بەکاری بهێنێ و لە کام هەلومەرجدا. ئەو کەیسە یاساییەی لە خوارەوە باسی لێ دەکرێت، نیشاندەری کاردانەوەی ئەوەیە کە چۆن ڕاڤەکردنی دادگە لە داکۆکیکردن لە خود "بەئاوێتەکردنی لەگەڵ (یاسای) ئیسلامی"دا دەسەڵات دەداتە پیاوان لەناو خێزان تا بەسەر ژندا زاڵ بن و وا دەکات کە تاوانکارانی "کوشتن لەسەر شەرەف" کەمترین سزا بدرێن.

## دۆخی یاسایی دوای ۱۹۹۰ : دانانەوەی
## یاسای تایبەت بە "هەڵچوونی کتوپڕ و توند"

ئەم بەشە، سەیری کەیسە یاساییەکانی دوای ساڵی ۱۹۹۰ دەربارەی هەندێک لە "تاوانەکانی شەرەف" دەکات، بەتایبەت ئەوانەی کە تێیاندا بیانووی "هەڵچوون" جێی مشتومڕ بووە و بۆ کەمکردنەوەی حوکمی دادگە بەکار هاتووە، ئەگەرچی بەندێکی ئەوتۆ چی تر لە یاسادا نەماوە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە زۆربەی ئەو کەیسە یاساییانەی کە تایبەت بوون بە "کوشتن لەسەر شەرەف" و لە میدیادا ڕاگەیێنراون، کوشتنی پیاویشی بە دەست پیاو گرتووەتەوە، ئەگەرچی ژنان بەشێوەیەکی گشتی تر قوربانیی ئەو جۆرە کوشتنانەن. هەروەکو لە مەیانی زۆر شتی تر لەو ژمارانەدا دەردەکەوێت کە لە ساڵی ۲۰۰٤دا پێشکێش بەئەنجوومەن (سینات) کراون و لە خشتەی ژمارە ٤۰۲شدا نیشان دراوە کە ژمارەی قوربانییانی ژن زۆر لە سەرەوەیە. لەوانەیە هۆکاری کێشەکەش ئەوە بێت کە کوشتنی ژن زۆرتر مەسەلەتی لەسەر دەکرێ و کەمتریش دەگەنە دادگەی باڵا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

## پرسیاری چارەسەرنەکراو : "معصوم الدم" کێیە؟

لە (کەیسی) "عەبدولواحید"دا[٣٨]، دادگەی باڵای پێداچوونەوە[٣٩]، کێشەی "هەڵچوون"ی لەبەر ڕۆشناییی کەیسی گوڵ حەسەن خستە بەر سەرنج. هەردوو لایەنی داواکاری گشتی و داکۆکی، پشتیان بەلایەنی جیاوازی بڕیارەکان لەسەر کێشەی گوڵ حەسەن بەستبوو و دەریان دەخست کە (بڕیارەکان) تا چەند شێواو و ناڕوون بوون. تۆمەتبار مەحکووم کراوە و (بەگوێرەی بەندی 302(C) یاسای سزای پاکستان (کوشتن لە دۆخێکدا کە قەساس نایگرێتەوە) و بڕیاری حەوت ساڵ "کاری قورس"ی بۆ دەرچووە، لەسەر بنەمای دانپێدانان بەو ڕاستییەی کە بکوژەکە کاتێ چاوی بەخوشکی کەوتووە لەگەڵ پیاوەکەدا داوێن پیسیی کردووە، تەقەی لە خوشکی خۆی کردووە و ئیتر کابرا وەبەرکەوتووە و کوژراوە. کەیسی داواکاری گشتی سەرنەکەوت لەبەرئەوەی هیچ شایەدێکی بایەخدار بۆ کارەکە نەبوو و تاقە بەڵگە ئەو شایەتییەی کابرا بوو. دادگە گەڕایەوە سەر کەیسی گوڵ حەسەن و چیرۆکی تۆمەتباری پەسند کرد و بڕیاری دا کە کابرا"معصوم الدم" نییە.

لە کاتی تەمیزدا لە دادگەی باڵای پێداچوونەوە (کە دەوڵەت دەبوایە بڕیاری لەداردان بۆ تۆمەتبار دەر بکات بەگوێرەی قەساس و لەسەر بنەمای بەندی 302(a)ی یاسای سزای پاکستان)، دادوەر نەسیم حەسەن شاە ڕەچاوی لایەنی مەرجداری کەیسی گوڵ حەسەنی کرد و قەساسی بەلاوە نا. ئەگەرچی لە کەیسی گوڵ حەسەندا هەموو پێداویستییەکانی تایبەت بە بەڵگەنامە ڕەچاو نەکرابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دادوەر نەسیم حەسەن شاە ئاماژەی بە بەشی ۱۲۱ی "قانوونی شەهادەت" دا[٤٠] و، ئەوەی خستە بەرچاو کاتێ تۆمەتبار دەیەوێت سوود لە ئیستیسنا یاخۆ پەیڕەوی تایبەت وەرگرێت ئەرکی سەلماندنیشی دەکەوێتە ئەستۆ. لەوەش زیاتر، بەڵگەی پێویست هەر ئەوانە بوون کە لە کەیسی ئەو زینایەی سزاکەی (حەد)ە: ئەویش بوونی چوار شایەدی موسوڵمانی نێرینەی

پێگەیشتوو. لەم کەیسەدا جگە لە چیرۆکی تۆمەتبار هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نەبوو. دادگە هەروەها ئاماژەی بەکێشەی "موحیب عەلی" دا لە پێوەندیدا لەگەڵ "دەوڵەت"، کە تێیدا دادگەی باڵا ئەم سەرنجانەی گرتبووە بەر چاو. "تۆمەتی بەدڕەوشتی بەبێ بەڵگەی سەلماو ناتوانرێت بەگوێرەی بەندی تایبەت بەهەڵچوونی گرژ و کوتوپڕ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. ئەگەر بیانوویەکی ئەوتۆ، بەبێ بەڵگە لە کەسەکە پەسند بکرێت، ئیتر مۆڵەت بەخەڵک دەدرێت بچن کەسانی بێتاوان بکوژن"[٤١]. بەگوێرەی بەشی302(a) لە یاسای سزای پاکستان بڕیارەکە بەرز کرایەوە و بوو بە کوشتن لەسەر بنەمای قەساس.

هەرچۆنێک بێت، ڕاپرسییەک لە کێشە یاساییەکان دەری دەخات کە لە زۆر کێشەی هاوسروشتی دواتردا، کاتێ بەهۆی ڕەتکرانەوەی بەڵگەکانی داواکاری گشتی یاخۆ تەنگوچەڵەمەی یاساییەوە، شایەدی تۆمەتبار و بیانووی هەڵچوون تاقە بنەمای بڕیار بووبن، کەیسی ئیجابیی عەبدولواحید ڕەچاو نەکراوە. سێ مانگ دوای کێشەکەی عەبدولواحید، کورسییەکی تری دادگەی باڵا کە بەشێوەیەکی جیاواز ڕێک خرابوو، هەمان کێشەی خستەوە بەر سەرنج و بڕیارەکانی کێشەی گوڵ حەسەنی پەیڕەوکرد، بەڵام گەیشتە ئاکامێکی تەواو جیاواز- بەسەرسوڕمانی تەواوەوە هەردوو دادوەر واتە نەسیم شاە (کە دادوەری کێشەی عەبدولواحید بوو) هەروەها شافیور ڕەحمان (کە بڕیارێکی دژ بەو بڕیارەی دەرکرد)، هەردووکیان دادوەری کێشەی گوڵ حەسەنیش بوون.

لە کێشەی محەمەد حەنیفدا[٤٢]، کاتێ تۆمەتبار بە کوشتنی براکەی تاوانبار کرا، ئەو مەسەلەی "هەڵچوون"ی هێنایە پێشەوە، بەبیانووی ئەوەی کە ناوبراو ژنەکەی ئەوی لە ماڵ دەرکردبوو و سووکایەتیی پێ کردبوو. دادگە بەگوێرەی بەشی 302(C) لە یاسای سزای پاکستان (کە دەڵێ کوشتنەکە یاسای قەساس نایگرێتەوە)، دە ساڵ زیندانی بەکاری قورسەوە سەپاندە سەر حەنیف هەروەها بڕیاری دا بەدەل خوێن بدرێتە کەسوکار/ نەوەی مردووەکە. دەوڵەت داوای پێداچوونەوەی کرد و گوتی کابرا دەبێ بەگوێرەی قەساس دادگەیی بکرێ.

لە دادگەی پێداچوونەوەدا، دادوەر شافیور ڕەحمان کەموکوڕییەکانی فەرمانی دادگەیی گوڵ حەسەنی زەق کردەوە و گوتی دادگە نەیتوانیوە بەوردی واتای "معصوم الدم" لێک بداتەوە، بەتایبەت ئەگەر نیازی لە کەسێک بووبێت کە بەتەواوی بێتاوانە، یاخۆ کەسێک کە کردەوەکەی بۆ سزای کوشتن نابێ. دادگە لەگەڵ ڕاڤەکردنەوەی یەکەمدا بوو و هەموو ئەوانەشی بەلاوە نا کە لێپرسینەوەی دادگەییان لەگەڵ دەکرێ لە بەرامبەر هەر تاوانێک (وەک چوونە ناو ماڵی خەڵکەوە). بەمەش، بواری ڕەخساند بۆ بکوژەکانی دواتر کە قوربانییەکانی خۆیان بە "معصوم الدم" نەزانن و حوکمی کەمتریان بۆ دەربچێت. لەوەش زیاتر، کێشەی "محمد حەنیف" لە بەرپرسایەتییە بنەڕەتییەکانی سەلماندندا لەگەڵ کێشەی "عەبدولواحید" ناکۆک بوو. ئەم پێوەرە تۆکمانەی تایبەت بە بەڵگە، کە لە کێشەی "عەبدالواحید"دا دەستنیشان کران، هەرگیز نەیانتوانی هاوکێشەکە بەسوودی دادپەروەری بۆ قوربانییانی "کوشتن لەسەر شەرەف" بگۆڕن.

ئەم کەیسە ڕەنگدانەوەی شێوازێکی ئاسایی کەیسی جینایی (وڵاتانی) باشووری ئاسیایە، کە سەرجەمی بەڵگە و نیشانەکانی داواکاریی گشتی (بەزۆری بەهۆی خراپیی ئامادەکارییەکانەوە) ڕەت دەکرێنەوە و ئیفادەی تۆمەتبار سەبارەت بەکردەوەی قوربانی و ئەنگیزەی کوشتنەکە، بەسەر هەموو کەیسەکانی "تاوانەکانی شەرەف"دا زاڵ دەبن. بەگوێرەی بەندی نوێی دییەت (خوێن) و قەساس و بەلەبەرچاوگرتنی گرفتی پێناسەکردنی "معصوم الدم"، کرداری قوربانی ڕاستەوخۆ بەئەگەری سزادانەوە دەبەسترێتەوە. ئەم فاکتەرانە، بەردەوام کەیسەکان دەشێوێنن و بەلای ئەوانەدا دەیشکێننەوە کە ژن و پیاو دەکوژن و هاندەری "شەرەف"ی بۆ دەدۆزنەوە.

## چ تاوانێک کراوە؟

پرسیاری هاوتەریب کە سەر هەڵدەدات ئەوەیە لە دۆخێکدا کە قەساس پەیڕەو نەکرێت، کوشتنەکانی بەبیانووی غیرەتەوە ئەنجام دراون (غیرەت بەگشتی واتای شەرەف دەگرێتەوە) بەپێی بەشی 302(b) یاسای سزای پاکستان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت (کە دەڵێ کاتێ قەساس لەسەر تۆمەتبار ناسەلمێت، ئەوە لەسەر بنەمای تەعزیر سزای مەرگ یا زیندانی هەمیشەییی بۆ دەردەچێت). یاخۆ بەپێی بەشی 302(C)ی یاسای سزای پاکستان دادگەیی دەکرێن و زیاترین حوکمیشیان بۆ دەردەچێت کە بیست و پێنج ساڵ زیندانە، ئەمە لە کاتێکدا کە بەگوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام، سزای قەساس نایانگرێتەوە. یاسای نوێ بەتەواوەتی ئەو بارودۆخە ڕوون ناکاتەوە کە تێیدا دەبێ بەشی ٣٣٨-Fی یاسای هەموارکراوی سزای پاکستان بەکار بێت. تەنگوچەڵەمەکان زیاد بوون بەهۆی ئەوەی کە یاسای چاککراوی سزای پاکستان ڕێنوێنیی دادگەکان دەکات تا لە تەفسیرکردنی بەندەکانی یاسای قەساس و دییەتدا فەرمانەکانی ئیسلام ڕەچاو بکەن.

لە کەیسی غولام یاسین(٤٣)، دادگەی باڵای لاهور ڕەچاوی ئەوەی کرد ئایا کوشتن لەسەر بنەمای غیرەت شایانی هیچ جۆرە سزادانێکە. ئەم کەیسە تایبەت بەکوژرانی پیاوێک و برینداربوونی خوشکێکی شوونەکردوو بوو لە لایەن برا و مامێکەوە، کە دەیانگوت خوشکەکەیان لە دۆخی جووتبوون لەگەڵ کوژراوەکەدا بینیوە. کاتێ هاندەری کردەوەکە سەلمێنرا و کێشەکە بەسروشتی تاوان بەسترایەوە، دادگە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە "ڕاستە بەندەکانی بەشی پێوەندار بە کوشتن بەهیچ شێوەیەک مۆڵەت بە کوشتنێک نادەن کە بەبیانووی غیرەتەوە ئەنجام درابێت، بەڵام بەرەچاوکردنی بەشی F٣٣٨ی یاسا، دادگەکان ناچارن بەندەکانی یاسا بەگوێرەی پەیڕەوی ئیسلام ڕەچاو بکەن(٤٤). لە تەفسیرکردنێکی کۆنەخواز و باوکسالارانەدا، دادگە ئاماژەی بەچەند فەرموودەیەک (وتەکانی پێغەمبەر) کرد"(٤٥) و ڕای گەیاند کە: ئاشکرایە ئەنجامدانی کوشتنێک لەسەر بنەمای "غیرەت" وەک "کوشتنی عەمد" ڕوون و ئاسان نییە و کەسانێک کە لەسەر بنەمای غیرەت کەسێکیان کوشتبێت، شایانی چاوپۆشی لێکردنن و دەبێ ئەوەیان پێ ڕەوا ببینرێت(٤٦). دادگە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کوشتن لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ناکەوێتە چوارچێوەی بەشی 302(a) لە یاسای سزای پاکستان و، سزاکەی بۆ پێنج ساڵ داشکاند. دادگە

بەپێی واتای خۆی کە دەڵێ کەسێکە "معصوم الدم" نییە، پارەی قەرەبووشی وەلانا و ڕای گەیاند: بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە مردووەکە ژیانی خۆی لەسەر حیسابی کردەوەی نایاسایی و دوور لە ئەخلاق لە دەست داوە، ئەم کەیسەی ئێستا کەیسێک نییە کە کەسی مەحکومکراو ناچار بکرێت قەرەبووی کەسوکار/ نەوەی کوژراو بکاتەوە[٤٧].

لە گەلێک کەیسی دواتر، بەتایبەتی لە دادگەی باڵای لاهووردا، ئاماژە بەم فەرمانەی دادگە کراوە بۆ ئەوەی دادگەی پێداچوونەوە سزای کەمتر بداتە تاوانباران.

## پرسی چارەسەرنەکراوی تایبەت بەپێناسەکردنی بەرگری لەخۆ کردن

کەیسی محەمەد حەنیف یەکەم کەیسێک بوو کە چەمکی بەرگری لەخۆکردنی، لەسەر بنچینەی هەڵچوون و ئیستیسنای "قەساس، تێدا بەکار هات". دادگە، بیانووی تۆمەتباری قبووڵکردن کە دەڵێ کردەوەکەی برێتی بووە لە بەکارهێنانی مافی بەرگری لەخۆکردن و بۆیەش نابێ قەساس بکرێ. دادگە تەفسیری قورئانی ڕەچاو کرد کە دەڵێ پیاوان سەردار (قەووام)ی ژنن[٤٨]. لێرەدا قەووام وا لێک درایەوە کە "کەسێکە بەرپرسی بەڕێوەبردنی کاروباری کەسێکە یا دەزگەیەک یاخۆ سیستمێکە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بۆ پارێزگاریکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان"[٤٩]. کەواتە، مێرد وەک بەرپرسی پاراستنی هاوسەرەکەی لە شەرمەزاری سەیر دەکرێت. ئەم بەکارهێنانەی ئایەتی ژمارە ٣٤:٤ کۆسپێکی تری خستە بەردەم پرۆسەی بەدواداچوونی "تاوانەکانی شەرەف" و وای کرد کە تەفسیری جیا و بەربڵاو بۆ کەیسەکانی دواتر بکرێ.

سەرئەنجام، مەسەلەی ئەوەی کە ئایا بیانووی هەڵچوون دوای هەڵوەشاندنەوەی یاسایی دەتوانرێت لەبەرچاو بگیرێت یان نا، گەیشتە بەردەم دادگەی باڵا لە پێوەندیدا لەگەڵ کەیسی عەبدولواحید حەقی لە بەرامبەر دەوڵەت[٥٠]. تۆخمی "شەرەف" لە لایەن بەرگریکارانی حەقییەوە هێنرایە پێشەوە کە ناوبراو کەسێکی لە ژووری دادگەدا کوشتبوو دوای ئەوەی ناوبراو هەڕەشەی کردبوو ئەگەر بێت و ئازاد بکرێت دەستدرێژی دەکاتە سەر هەموو ژنانی هۆزەکەی "حەقی". هەرسێ دادوەری دادگەی باڵا داوایان لە سەرۆکی دادوەران کرد کە حەوت دادوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پرسە "بنەڕەتییە گرینگە" یاساییە تەرخان بکات و، ئەو پرەنسیپەشیان وەبیر هێنانەوە کە ماوەی زیاد لە سەد ساڵە لە "نیوە-کیشوەری" ئاسیا (واتە هیند و پاکستان)دا باوە.

لە ئەنجامدا دادگەیەکی پێداچوونەوەی پێنج کەسی، گوێی بۆ داواکاریی پێداچوونەوەی "حەقی" دژ بەبڕیاری کوشتن[٥١] ڕاگرت و، دوای لێدوانێکی دووروردرێژ سەبارەت بەکەیسی عەبدولواحید و موحەممەد حەنیف، گەیشتە ئەو بڕیارەی کە ئەگەر کوشتنێک شایانی قەساس بێت ئیتر بەندی تایبەت بەهەڵچوون نای گرێتەوە. بەڵام، بۆ کوشتنێک کە بەگوێرەی بەشی 302(b)ی یاسای سزای پاکستان (تەعزیر) دادگەیی کرابێت، ئەوە حوکمەکە کەم دەکرێتەوە. ئەم کارە ئەنجامی قورسی لێ کەوتەوە بۆ سەر مەسەلەی "کوشتنی ژنان بەبیانووی شەرەفەوە" کە وای کرد لە زۆربەی

کەیسەکاندا چیتر داوای قەساس نەکرێت لەبەرئەوەی دەکەونە بەر بەشی 306(b) و 306(c) لە یاسای سزای پاکستان (کە تێیدا قەساس لەسەر حسابی پێوەندی بەلاوە نراوە). لە کەیسەکانی تریشدا، بەشی 302(b)  کە برێتییە لە تەعزیر، کاتێ بەڵگەی پێویست بۆ ئەوەی قەساس بیگرێتەوە بە دەستەوە نەبێت (بەشی 302(C) کە لە خوارەوەتر باسی لێوە دەکرێت) بەشێوەیەکی نەگۆڕ ڕەچاو دەکرێت. کاتێ بەندی تایبەت بە(بارودۆخی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی سزا) ڕێگەی پێ دەدرێ بۆ کەیسی پێوەندار بە بەشی 302(b)ی یاسای سزای پاکستان بەکار بهێنرێتەوە، بڕیارەکە بەکردەوە دەری خست کە سەپاندنی گەورەترین سزا بۆ کوشتنی ژنان مەحاڵە.

ئەم کەیسە، ناڕەزاییی دادپەروەرانی ئاشکرا کرد سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تایبەت بەهەڵچوون". دادوەرێک ڕای گەیاند کە سەرەڕای سڕینەوەی حاڵەتی دانراوی ئیستیسنای تایبەت بە("هەڵچوونی گرژ و کوتوپڕ") لە یاسای هەموارکراودا، هێشتا، بۆ بڕیاردان لەسەر پرسی سزاکە، فاکتەرێکی پێوەندار دەمێنێتەوە[٥٢].

ئەو کەیسانەی سەرەوە و مەسەلەی "معصوم الدم" و "قەووام" و ئەگەری بەکارهێنانی بەندی تایبەت بەهەڵچوون و ئەو سزایانەی کە بۆ "کوشتن لەسەر شەرەف" دەردەچن، لە کەیسی عەلی مەهد لە بەرامبەر عەلی مەهددا[٥٣] لە لایەن دادگەی باڵاوە گفتوگۆیان لەسەر کرا. کەیسەکە تایبەت بوو بەکوژرانی پیاوێک کە تۆمەتبار دەیگوت لە "دۆخێکی نەخوازراو"دا لەگەڵ ژنەکەی بینیویەتی (و ژنەکەی توانیویەتی دەرباز بێت). دادگە، کە دیارە لە یاسای نوێ بێ ئاگا بووە، بەگوێرەی بەندە کۆنەکانی یاسای سزای پاکستان مامەڵەی لەگەڵ کەیسەکە کرد و بڕیاری حەوت ساڵ زیندانی بۆ تۆمەتبار دەرکرد. لە کاتێکدا دادگەی باڵا کردارەکەی بە "قتل بالحق" (واتە کوشتنی بەحەق) دانا و تۆمەتباری ئازاد کرد[٥٤].

دادگەی باڵا بڕیاری دەرکرد کە لە کەیسی محەمەد حەنیفدا کەیسی عەبدولواحید ڕەچاو نەکراوە و "مافە سەرەکییەکان"ی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێشێل کرد، بەوەی ڕای گەیاند:

مافی سەرەکیی بەڕێوەبردنی ئەرکی قەووام بەو شێوەیەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە... دەبێ بەشێوەیەک مسۆگەر بکرێت کە زۆرترین سوودی بۆ گەورەترین ژمارەی ئەوانە هەبێت کە مافەکە دەیان گرێتەوە... نابێ گومان لەوە بکرێت کە مافی پیاو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی قەووامی، مافێکە کە پارێزگاری لە شەرەفی ژنەکەی دەکات و لە شەرمەزاری و بێ ئابڕوویی و سووکایەتی دەپارێزێت[٥٥].

دوای کەیسی عەبدولحەق، دادگە گەیشتە ئەو ئاکامەی کە لە بڕیاری سەبارەت بەهەڵچوونی کتوپڕدا بەندی قەساس کەسەکە ناگرێتەوە و گوتیان دادگەکان دەبێ بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە بەشی 302(C)ی یاسای سزای پاکستان کامەیان دەگرێتەوە (لەو بەشەدا باسی کەمترین ڕادەی سزا بۆ ئەو بارودۆخە نەکراوە کە بەگوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام، "قەساس" نایان گرێتەوە) و کەیسی گوڵ حەسەن گومانی لەوەدا نەهێشتەوە کە ئەو کەیسانەی کە پێشتر بەگوێرەی "هەڵچوونی کتوپڕ" دادگەیی کرابوون، ئەم بەشەی یاسا نایان گرێتەوە[٥٦]. عەلی محەمەد بڕیاری

(دوو ساڵ و یەک مانگ) زیندانی بۆ دەرچوو، کە پێشتر کێشابووی، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی تەجاوزی مافی بەرگری لەخۆکردنی کردبوو و هێزی زیادیی بەکار هێنابوو.

لە داواکارییەکی کەفالەتدا کە دواتر بۆ تۆمەتبارێکی ٢٠ ساڵە پێشکێش کرا کە خوشکێکی ١٦ ساڵەی خۆی و پیاوێکی کوشتبوو کە گومانی کردبوو پێوەندیی نایاساییی لەگەڵیدا بووبێت، دادوەر "ئاسیف جان" لە دادگەی باڵای لاهوور ئاماژەی بەئایەتیی ٣٤:٤ی قورئان دا و گوتی:

چاوەڕوان دەکرێت کە مێرد و، باوک و، برا ژیان و شەرەفی ئافرەتانی ناو خێزانیان بپارێزن و ئەگەر هەر کام لەوان بزانێت کە تاوانبارێک لەگەڵ ژنێکی خێزانەکەیدا زینای کردووە، ئەگەر نەتوانێت خۆی ڕابگرێت، نابێتە ئەوەی "کوشتنی عەمد"ی کردبێت و شایانی قەساس بێت، لەبەر ئەو هۆیەی کە مردووەکە لە کەیسێکی وا "معصوم الدم" نییە[٥٧].

بەم پێیە دەردەکەوێت کە ئاوێتەکردنی چەمکی بەرگری لەخۆکردن و قوربانییەک کە "معصوم الدم" نییە، بووەتە هۆی بەکارهێنانی بەندی تایبەت بە "هەڵچوونی گرژ و کتوپڕ". بەوەش، "تاوانەکانی شەرەف" بەتەواوەتی دەهێنرێنەوە ناو بازنەی سەرهەڵدانەوەی نەریتی چەندان سەدەیی کە کەمترین سزا بۆ ئەو کەسانە دەبڕێتەوە کە دەڵێن بەهۆی "شەرەف"ەوە کەسەکەیان کوشتووە، هەرچەندە ئەمە بەڕەچاوکردنی توخمی "ئیسلامی" لە تەفسیرکردندا دەکرێ.

هەر چۆنێک بێت، وەک لە کەیسی محەمەد ئیبراهیم دژ بەسۆفی عەبدول دەردەکەوێت، "گەلێک کەموکوڕی و تەمومژ" لە شێوازی بەکارهێنانی تەعزیردا دەبینرێت، بەتایبەت لەو کەیسانەدا کە "هەڵچوون" لەسەر بنەمای "شەرەف" بەکارهاتبێت[٥٨]. ئەم فەرمانەی سەرەوەی دادگە بەوە دەناسرێتەوە کە ڕەخنەی لەو ڕووداوە گرت کە دوای دەرچوونی بەندەکانی قەساس و دییەت دروست بووە، دانپێدانانی کە "ئێمە خەریکین لەسەر بنەمایێکی ئاسایی تاقیکردنەوەیەکی جیاواز ئەنجام دەدەین". دیارە ئەمەش ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئەو کەیسانەی کە لە موحاکەمەکاندا زۆر ئاماژەیان بۆ کراوە. کەیسەکە باسی کوژرانی ژنێک دەکات بە دەستی مێردەکەی، دوای ئەوەی پیاوەکە زانیویەتی کە لەگەڵ پیاوێکی تر "لە بارودۆخێکی نەخوازراو"دا بووە. کەیسەکە هەندێک نائاسایی بوو لەبەرئەوەی تۆمەتبار هیچ بەرگرییەکی نەکرد و بەئاشکرا دانی بەتاوانەکەدا نا. ئەو فەزا گشتییە کۆمەڵایەتییەی کە لە دەوروبەری کەیسی ئەوتۆدا دروست دەبێ و گرینگییەی کە بەمەسەلەی قەووام دراوە، لەو ئاماژەیەی دادگە دەردەکەوێت کە دەڵێ:

"ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە دەبێ وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە ئەوەیە ئایا بەگوێرەی یاساکانی ئیسلام مافێکی ڕەها بەمێرد دەدرێت کە دوای ئەوەی ژنەکەی خۆی لە بارودۆخێکی ناپەسنددا بینی، بیکوژێت؟"[٥٩]

دوای گفتوگۆکردن لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر، دادگە ئاماژەی بەدادوەری دادگەی شەریعەتی فیدراڵی سەبارەت بەزینا دا کە ئەم بڕیارەی دەرکردبوو: "ئەوە یاسایەکی سەرەکیی ئیسلامە کە نابێ گومانکردن ببێتە بنەمای سزادان، بەڵام دەتوانێ زەمینەیەک بۆ لێبووردن بڕەخسێنێت"[٦٠] و ئەوەشی دەرخست کە چۆن کابرای تۆمەتبار بەهیچ

شـێوەیەک نەیتـوانیـوە بەڵگە بۆ زینا بهـێنێـتـەوە. کـاتێ دادگـە ناچار بوو بڕیاری دادگـەی باڵا سـەبارەت بە بـەدواداچوونی کـەیسـەکە بەگـوێرەی بەندی C302ی یاسـای سـزای پاکسـتـان ڕەچاو بکات، سزاکەی لە سێ ساڵ زیندانەوە بۆ پێنج ساڵ بەرز کردەوە.

## پشێوی سەبارەت

## بە بەندە یاساییەکانی تایبەت بە "تاوانەکانی شەرەف"

لە کـاتێکدا بەگـوێرەی یاسـای کـۆنی سزای پاکسـتـان، تەنیـا یەک بەندی تـایبـەت بە "تاوانەکـانی شـەرەف" هـەبوو (کـە بریتی بوو لە "هـەڵچـوونی گـرژ و کتـوپڕ")، دادوەر و نوێنەرە پرۆفێشناڵەکـانی بواری یاسـاش بەهەمـان شـێـوە سـەریان لێ شـێوابوو لە بەرامـبـەر چۆنیـەتی بەکارهێنـانی بەندە نوێکان و جۆری سزاکـان. ئەم سەرلێشێوانە بەهۆی بڕیارە ناکۆکەکانی دادگەکانەوە زیادی کرد، بەدادگـەی باڵاوە، وەک لـە کـەیسـی فـەقـیـروڵڵا دژ بەخـەلیل الزمـان دەردەکـەوێت[٦١]. لەو کـەیسـەدا، مـێردێک ژنی خـۆی کوشـتـووە و براکـەشی بریندار کـردووە و گوتوویەتی ئەمـەی بەهـۆی غـیـرەتەوە کـردووە، چونکە گوایە براکـەی گـەوادیی بۆ ژنەکە، واتە ژنی کـابرای تۆمـەتبار کـردووە. لەبەرئـەوەی ژنەکـە کـچـێکی بچـووکی هـەبوو، بەگـوێرەی بەندی 306(C) و ٣٠٨ی یاسـای سـزای پـاکسـتـان گەورەترین سـزا کە دەکرا بۆ بکوژەکە دەربچێت، چوارده سـاڵ زیندانی بوو، بەڵام دادگە بەگوێرەی بەندی 302(b)ی یاسای سزای پاکسـتـان، بڕیاری کوشـتنی بۆ دەرکرد. لە پێداچوونەوەدا، دادگەی باڵا هـەمـان بڕیاری کوشـتنی هێشـتـەوە، بەڵام گـۆڕیی و بەگـوێرەی بەندی 306(C)ی یاسـای سـزای پاکستـان، وەک قـەسـاس سـەرنجی دایە و کردی بەیەک ساڵ زیندان، بەبێ ئەوەی هـۆکارێک بۆ ئەم کـارە ڕاگـەیێنـێت. تۆمـەتبـار سکاڵایەکی یاسـاییی بنەڕەتیی لە دادگـەی باڵا تۆمـار کرد کـە دەڵێ نەدەبوایە لەسـەر بـنەمـای قـەسـاس یا تەعـزیر سـزای کـوشـتـنی بۆ دەرکـرێت، لەبەرئـەوەی بەندی 306(C) و ٣٠٨ی یاسای سزای پاکستان دەیگرتەوە. دادگەی باڵا ڕای گەیاند:

لە حـوکمـدانی تۆمـەتبـار/ سکاڵاکـاردا کە بەگـوێرەی بەشی ٣٠٢ی یاسـای سـزای پـاکسـتـان ئەنجـام دراوە، هـەڵەیەک لە لایەن دادگـەوە کـراوە. بڕیـاری لەداردان هێندە قـورسـە کـە ئـەگـەر لە ئەنجـامـیدا کـابرای خـاوەن سکاڵا لەدار درابا، بەداخـەوە دەبـووە کوشـتنێک لە ڕێگەی پرۆسـەی دادوەرییـەوە. پێـویست بەگـوتـن ناکـات کـە بیـانوو بـۆ دڵپـاکی/ یـا بێ فـرۆفـێـڵـی/ یا بـەهۆی تێنەگەیشتنی یاسـاوە/ یا بەهۆی بێتواناییەوە، لە کەیسی ئەوتۆدا نییە[٦٢].

باوکی مـردووەکە سکاڵای پێداچوونەوەی دژ بەبڕیارەکە پێشکێش بەدادگـەی باڵا کرد، کـە لەوێ پێنج ئەندامـی دادگـە، بڕیاری پێـشـووی سکاڵای یاسـای بنەڕەتیـان هـەڵوەشـاندەوە. دادگـە ڕەزامـەندی پێشـان دا بەوەی کە نەدەتوانرا کەڵک لە قـەساس وەرگیرێت. بەڵام گوتیـان کە تەعزیر دەکرێ بەکار بهێنرێت و، سەبارەت بەماوەی بڕیارەکەش گوترا:

لەو کـەیسانەدا کـە قـەسـاس نایان گرێتـەوە، شـەریعـەت دەسـەڵاتی داوەتە دەوڵەت و دادگەکـان بۆ ئەوەی بەرەچاوکـردنی بارودۆخی بەرگریکار سـزای گونجـاو بۆ تاوانبـاران دەرکـەن. سـزای ئەوتۆ

لەوانەیە بەهۆی تەعزیرەوە بگاتە زیندانی هەمیشەیی یاخۆ کوشتن. ئەم جۆرە سزای کوشتنە لە لایەن یاساناسانەوە بەشێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە، بەڵام ڕێککەوتنێکی گشتی هەیە کە بەگوێرەی شەریعەت و لە بارودۆخی تایبەتدا مۆڵەتی پێ دەدات[٦٣].

بڕیاری دادگە بۆ دەرکردنی سزای کوشتن بەگوێرەی تەعزیر دووبارە ڕاگەیەنرا. دادگە هیچ بیروڕایەکی لەسەر ئەوە دەرنەبڕی کە ئەو ڕادەیەی کە لە بەشی ٣٠٨ی یاسای سزای پاکستاندا هاتووە، دەبێ بمێنێت یاخۆ هەڵگیرێت.

ئەم کەیسە، نموونەیەکی توندڕۆیانەی ئەو ئاڵۆزییەیە کە لەو یاسایە و هەروەها ئەو نادادوەرییانەی کە یاساکە بۆ قوربانییەکان و هەندێ جاریش تۆمەتباران دروستی دەکات دێتە ئاراوە. ئەو دوو بڕیارە ناکۆکەی دادگەی باڵا بەماوەی پێنج ساڵ لە یەکتری دوور بوون[٦٤].

## هەڵوێستی یاسایی و "تاوانەکانی شەرەف"

پاش زنجیرەیەک دادگەییکردن کە تێیاندا دادگەکان بیانووی "هەڵچوون"یان قبووڵ کرد لە سیاقی ئەوەی کە پیاوان "لێپرسراوی ژنان"ن و بەرپرسیاریەتیی پارێزگاریکردن لە ژنان و کوشتنی "کەسانی لاسار"یان لە ئەستۆیە. دادگەی باڵای لاهوور سەرئەنجام بڕیاری دا کە ئەو جۆرە کوشتنانە، بەتاوان نازانرێن و تۆمەتبارێکی ئازاد کرد کە بەناوی "شەرەف"ەوە دوو کەسی کوشتبوو. کەسی تۆمەتبار کچەکەی خۆی و هاوڕێکەی کە گوایە لە دۆخێکی ناپەسند گرتبوونی، لە کێڵگەیەکی قامیشی شەکردا کوشتبوو. بەڵگەنامە پزیشکییەکان دەریان دەخست کە شوێنەواری سپێرمی پیاوەکە بەسەر کچەکەوە بینراوە، دادگە ڕای گەیاند کە:

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، داواکاری پێداچوونەوە واتە باوکی خاتوو x کە یەکێک بووە لە مردووەکان، شەپۆلی غیرەتی بنەماڵەیی بەسەریدا زاڵ بووە و، هەردوو کەسەکەی لە شوێنی ڕووداوەکەدا کوشتووە. بەبۆچوونی من، کابرا هیچ تاوانێکی وای نەکردووە کە شایانی سزادان بێت[٦٥].

ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە کاریگەریی لەسەر بڕیارە دادوەرییەکان هەیە. لە کەیسی محەمەد ئەیووبدا[٦٦]، پیاوێک گوایە ژنەکەی خۆی- کە بەچوار مانگ سکپڕ بوو، کوشتبوو و دەیگوت "غیرەت" هۆکاری کێشەکە بووە لەبەرئەوەی لە دۆخێکی ناپەسنددا لەگەڵ پیاوێکی تر بینیویەتی- ئیفادەیەک کە دادگە لێی وەرگرت. گەرچی کابرا سزای بیست و پێنج ساڵ زیندانی بەکاری قورسەوە لەگەڵ پەنجا هەزار ڕوپیە قەرەبووی خوێن بۆ دەرچوو (کە بیدا بەکەسوکار/ نەوەی مردووەکە)، دادگەی پێداچوونەوە بڕیاری زیندانی کابرای بۆ پێنج ساڵ داشکاند و پارەی قەرەبووشیان لەسەر لابرد. هاوسۆزیی دادگە لەگەڵ تۆمەتبار جێی سەرنجە:

داواکاری پێداچوونەوە، لاوێکی نەخوێندەوار و سەر بەهۆزێکی وایە کە تێیدا هەڵسوکەوتی بەرەڵڵایی لە ژن قبووڵ ناکرێت و شەرەفی خێزان بەتوندی لە ژێر چاودێریدایە... ئەگەر ناوبراو بۆ ماوەیەکی زۆر لە زینداندا بمێنێتەوە، لەوانەیە وەک تاوانبارێک بێتە دەرەوە، کە ئەوەش شتێکی باش نییە.[٦٧]

بڕیارەکە خرایە نێو لیستی ئەو فەرمانە دادگەییانە کە دواتر بەرگریکەرانی کەیسی "کوشتن لەسەر شەرەف" وەکو بەڵگە دەیان هێناوە.

هەندێک جار دادوەران گریمانێکی تەواو ترسناکیان سەبارەت بەکردەوەی ژنە کوژراوەکە و بارودۆخی ئەگەری ڕووداوەکە و دەرکردنی بڕیاری سزای کەمتر و بێتوانایی لە دابینکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییانی توندوتیژی هەیە و لە ئەنجامدا سزای کەمتر دەدەنە تاوانبارەکان و دادپەروەری بۆ قوربانییانی توندوتیژی دابین ناکەن. لە کەیسی "ئەمانوڵلا"دا پیاوێک و ژنێک بەبیانووی "کەلکالی" (واتە "کوشتن لەسەر شەرەف") کوژران. تۆمەتبار خۆی بەبێ تاوان ناساند و داوای دادگەییکردنی خۆی کرد، کە بووە هۆی مەحکووم بوون و سزای دە ساڵ زیندان بەکاری قورسەوە هاوتا لەگەڵ غەرامەیەک. ڕاپۆرتی پزیشکی دەری خست کە شوێنەواری سپێرم بەسەر ئەندامی سێکسی ژنەکەوە بووە، بەڵام لە دادگەدا هیچ بەراوردکارییەکی دوو لایەنەی پشکنینەکە نەکرا، وا دەردەکەوێت کە بوونی سپێرم بەتەنیا بەس بووە بۆ دادگەی پێداچوونەوە بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی سزای کابرا. گێڕانەوەی ڕووداوەکە شێوازی جیاوازی هەبوو، تەرمی مردووەکان دوور لە یەکتر دۆزرابوونەوە و لەگەڵ ئەوەشدا دادوەر ئاماژەی بەبارودۆخێک کرد کە داواکاری گشتی و بەرگریکار هیچ کامیان ئاماژەیان پێ نەدابوو.

کاتێ سەرجەم بارودۆخ و نیشانەکانی کەیسەکە بگرینە بەر چاو، دەگەمە ئەنجامی ئەوەی کە هەردوو مردووەکە لە شوێنێکی چڕوپڕی باخچەی ماڵدا پێکەوە بوون بۆ ئەوەی دواتر لەگەڵ یەکتردا دەست تێکەڵاو بکەن. بەشێوەیەک لە شێوەکان، تۆمەتبارەکان لە بوونی ئەوان لە شوێنی کردەوەکە ئاگەدار کرابوونەوە و بەچەکەوە گەیشتنە شوێنەکە و دوو دڵدارەکەیان لە دۆخێکی ناپەسنددا بینی. ئەو کەسانەی کە داوای پێداچوونەوەیان کردووە، لە دۆخی "هەڵچوونی گرژ و کتوپڕ"دا کۆنترۆڵی خۆیان لە دەست داوە، ئینجا تەقەیان لێ کردوون و کوشتوویانن[٦٨].

سزاکە کەم کرایەوە و، کرا بەچوار ساڵ و ئەو ماوەیەشیان بۆ حساب کرا کە پێشتر لە زینداندا بردبوویانە سەر، واتە دەوروبەری مانگێکی تر لە زینداندا مانەوە.

هەروەها کەیسی وا هەیە کە پشتگیریکردنی یاسایی لە کردەوە و پەیڕەوە ناوخۆکان دەردەخات، بۆ نموونە لە کەیسی ئیمام بەخشدا، کە تۆمەتبار ژنەکەی خۆی (کە گەلێک لەو کەم تەمەنتر بوو) لەگەڵ زاواکەیان کوشتبوو دوای ئەوەی لە ماڵێدا لە دۆخێکی ناپەسنددا بینیبوونی. دادگە ڕەخنەی لەو نەریتە نەگرت کە ژنێکی کەم تەمەن بەشوو دەدرێتە پیاوێکی گەلێک لە خۆی بەتەمەنتر، بەڵام ڕای گەیاند کە زۆر شتێکی نائاسایی و باوەڕپێنەکراوە کاتێ ژنێکی وا بەهۆی ئەو کردەوەیەوە، لە ڕێگە لایدابێت[٦٩]. هەمیسان، دادگە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو کە کردەوەی نەریتخوازانەی خێزانی ژنەکە ڕای چڵەکێنێت- ئەو خێزانەی کە بەشدارییان لە هێرشەکە کردبوو و پاشان لاشەکەیان وەرنەگرتەوە- کەچی دادگە کردەوەی ژنەکەی وەک "بەڵگە" وەرگرت کە بەهۆیەوە هەموو بنەماڵەکەی تووشی ڕیسوایی کردووە"[٧٠]

لە کەیسی محەممەد ئیسماعیل دژ بەدەوڵەت، کوڕێکی گەنج بێبەزەییانە دایکی خۆی کوشتبوو،

دوای ئەوەی گوایە لە دۆخێکی ناپەسنددا لەگەڵ پیاوێک بینیبووی. لێرەشدا، دیسانەوە، لاوازیی کاری داواکاری گشتی بووە ئەنجامی ئەوەی کابرای تۆمەتبار لەسەر بنەمای ئیفادەی خۆی بڕیاری بۆ دەرچێت، گەرچی هیچ بەڵگەیەکی پشتگیری بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانی ئەو پێشکێش نەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، دادوەر ڕای گەیاند:

داواکاری پێداچوونەوە لە کاتی کێشەکەدا ١٨ یا ١٩ ساڵی تەمەن بووە و، باوکی "حافیزولقورئان" بووە (واتە قورئانی لەبەر بووە) و، لە منداڵیشەوە کوێر بووە. دایکی پێشتر شووی بەکەسێکی تر کردبوو و دوای جیابوونەوە لەو، مێردی بەباوکی داواکاری پێداچوونەوە کردبوو. دایکی کابرا بەو گریمانەوە کە سوودی نابەجێ لە کەمئەندامیی مێردەکەی وەرگرێت، گومڕا بووە و پێوەندیی یاساخی لەگەڵ کوژراوەکەشدا نابێ لەبەر چاو نەگیرێت. هەروەها شێوازی بریندارکردنەکە دەری دەخات ئەو کارە کەسێک کردوویەتی کە لە بارودۆخێکی شپرزەدا بووە. داواکاری پێداچوونەوە هەر لە سەرەتاوە لەبەردەمی دادگەدا دۆخی "هەڵچوونی گرژ و کتوپڕ"ی ڕاگەیاند و دووپاتیشی کردەوە... بەم شێوەیە ڕاگەیاندنی دۆخی "هەڵچوونی گرژ و کتوپڕی لێ وەردەگیرێت" داواکاری پێداچوونەوە تا ئێستا پێنج ساڵ لە زینداندا ماوەتەوە و بەبۆچوونی من، ئەوەی تا ئێستا کێشاویەتی لەگەڵ کۆتایی داوەرییدا یەک دەگرێتەوە(٧١).

## ڕەوتی نوێ: ڕێڕەوێکی ئەرێنیتر

گەرچی دادگەکان بەردەوامن لە بایەخدان بەبیانووی "هەڵچوون" و تێگەیشتنیان لەوەی کە پیاو "لێپرسراوی ژنانن" و پاسەوانی بەغیرەتی ڕەفتاری سێکسیی ئافرەتن و هەروەها تێگەیشتنیان لە "زاڵبوونی چەمکی شەرەفی خێزان" وەک خۆیەتی، لە ساڵی ١٩٩٩ بەدواوە لە هەندێک دادگەییکردندا هەڵوێستی جیاوازیان وەرگرتووە. دوو بڕیاری دادگەی باڵا بەتایبەت دڵخۆشکەرن. لە کەیسی عەبدولزەهیر دژ بەدەوڵەت، دادگەی باڵا سزای گونجاوی دەرکرد لە هەندێ کەیسی کوشتندا کە بیانووی "هەڵچوون" ڕەچاو کرابوو و ڕاگەیێنرا کە "بەگشتی هەموو کەیسێکی هەڵچوونی گرژ و کتوپڕ نابێ بێ سێ و دوو بخرێنە ناو چوارچێوەی بەندی 302(C)ی یاسای سزای پاکستان، بەتایبەت کەیسی هاوسەر و خوشک و کەسوکاری مێینەی تر لە "سیاکاری" (واتە "کوشتن لەسەر شەرەف")(٧٢).دادگەی باڵا بۆ یەکەم جار لە کەیسی محەمەد ئەکرەم دژ بەدەوڵەت(٧٣)، ئاماژەی بەمافە بنەڕەتییەکانی قوربانی لە کەیسی "کوشتن لەسەر شەرەف"دا کرد. دادگە ڕای گەیاند:

لە باری یاسایی و ڕەوشتییەوە، بەگشتی هیچ کەس مافی ئەوەی نییە و مۆڵەتی پێ نەدراوە یاسا بگرێتە دەستی خۆی بۆ ئەوەی بەناوی "غیرەت"ەوە ژیان لە کەسێک بسێنێتەوە. نە یاسا زەمینییەکان و نە ئاینەکانیش مۆڵەتی کوشتن لەسەر شەرەف دەدەن کە کوشتنە (واتە "کوشتنی بەئانقەست"ە). ئەو کردەوە ناڕەوا و نزمە، بەگوێرەی ماددەی ٩ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی پاکستان، مافە بنەڕەتییەکانی تاکە کەس پێشێڵ دەکات. ماددەکە دەڵێ هیچ کەسێک نابێ ژیان و ئازادیی لێ بسێنرێتەوە بەگوێرەی یاسا نەبێت و هەر داوونەریتێک کە لەو

پێوەندییەدا بەڕێوە ببرێت، بەپێی ماددەی 8(I)ی یاسای بنەڕەتی مۆڵەت پێ نەدراوە.

گرینگ ئەوەیە کە لەو کەیسانەی سەرەوەدا دادگەیەکی ڕێکوپێکیان بۆ بەڕێوە چووە و بەرگریکارەکان نەیان توانیوە بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە پێشکێش بکەن کە گوایە کەسی کوژراو بەهۆی کردەوەی بەدڕەوشتانەوە کوژراوە. لەبەر ئەو هۆیە، دەبێ چاوەڕوان بین کە دادگە باڵاکان سەبارەت بەو کەیسانەی کە تێیاندا کەسە کوژراوەکە بەبێ مارەبڕین سێکسی کردبێت بڕیاری هاوچەشن دەربکەن.

بەهەمان شێوە، لە ڕووی یەکانگیریی پەیڕەوکردنی یاساوە[٧٤]، کەیسی محەمەد سدیق دژ بەدەوڵەت لە دادگەی باڵای لاهوور[٧٥]، جێی هیوایە. کەیسەکە تایبەتە بەپیاوێک کە کچەکەی خۆی و مێرد و منداڵەکەشیانی کوشتبوو لەسەر ئەوەی کچەکە بەهەڵبژاردنی خۆی شووی کردبوو. پیاوەکە وای ڕادەگەیاند کە بەهۆی "غیرەت"ەوە کوشتوونی. دادگە بەشێوەیەکی ئوسووڵی ئەو هێزی هەڵبژاردنەی بەکار هێنا کە بەگوێرەی بەشی ٣٣٨-E لە یاسای سزای پاکستان پێی درابوو و بڕیاری دادگەی پێشووتری لەمەڕ کوشتنی کەسەکە پەسند کرد[٧٦]، ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی دادگەی باڵادا سوڵح (لە نێوان دوولایەنی کێشەکە) کرابوو. لەم کەیسەدا، بۆ جاری یەکەم، دادگە لەسەر بنەمای بارودۆخێک کە دەکرا ئەو ڕێبازەی تێدا هەڵبژێررێت، لە کێشەکەی کۆڵییەوە و گەیشتە ئەم ئەنجامە:

کردەوەی تاوانکاری برێتین لەوانەی کە لەسەر حیسابی کەسانێک بەڕێوە چوون کە بەهۆی کردەوەکەوە ئازاری جەستەییان پێ گەیشتووە یا کوژراون، یا ئەو کردەوانەن کە نیشانە و هێمان بۆ بنەما یا پێشداوەرییەکی تایبەت دژ بە بەشێکی کۆمەڵگە، یاخۆ بەناوی ڕەوت و ڕێبازێکەوە وەک دژەکردارێک لە بەرانبەر مافە سەرەکییەکانی قوربانییەکاندا بەڕێوە چوون، یا بوونەتە زەنگێکی گشتی و هەژاندنێکیان لە ویژدانی گشتیی خەڵکدا دروست کردووە و کاریان کردووەتە سەر بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی[٧٧].

ئەم دادگەییکردنە بە ڕوونی نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە لە ڕەوتی ئەو دوایییەی "تاوانەکانی شەرەف"دا، کە تێیدا ژنان لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی مافە یاساییەکانی خۆیان لەمەڕ هەڵبژاردنی مێرد، دەکوژرێن. دادگە گەیشتە ئەو شوێنەی کە ڕایگەیێنێت ئەو جۆرە تاوانانە پێویستییان بەوەڵامدانەوەی قانوونی هەیە، لەبەرئەوەی:

کوشتن بەناوی شەرەفەوە تەنیا لەناوبردنی پیاو یا ژنێک نییە. ئەو کردەوەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی- سیاسییەوە لە ناوبردنی چەمکی کۆمەڵگەی ئازاد و زیندوو و یەکسانە. لە زۆربەی زۆری ئەو کەیسانە و لە شانۆی پشتەوەی کردەوەکەدا، ڕوانگەیەکی عەقڵیی دیاریکراو هەیە لەگەڵ داوونەریتێک کە عەوداڵی ئەوەیە ژنان لە مافی یەکسانی بێبەری بکات، لە نێوانیشیاندا مافی شووکردن یا جیابوونەوە کە نەک هەر لە ئاینەکەی ئێمەدا دانیان پێدا نراوە، بەڵکو لە یاساشدا پارێزراون و لە دەستووریشدا داڕێژراون[٧٨].

دادوەر شافیور ڕەحمان لە ماوەی کارکردنی لەسەر کەیسی گوڵ حەسەندا باسی ڕۆڵ و بەرپرسایەتیی دەوڵەتی لە کێشەی کوشتن و ئازاری جەستەیی کرد و گوتی بڕیاری بەدواداچوونی دادگەیی پێش هەموو کەسێک بە دەست قوربانی یا کەسوکار/ نەوەی قوربانییەکەیە و دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێت[۷۹]. هەر چۆنێک بێت، دوایین دەقی یاسا، بەرپرسایەتیی دەوڵەت بۆ بەدواداچوونی دادگەیی کێشەی توندوتیژی دژ بەئافرەت، وەک کوشتن و ئازاری قورسی جەستەیی وەکو تاوانێک ناسراون کە دەوڵەت ناچار دەکەن دەست بخاتە کارەکەوە و بەدواداچوونی دادگەیی بکات. بەشێوەیەکی هاوچەشن، تەنانەت کاتێ کەسوکاری مردووەکە، کابرای تاوانکاریان بەخشیبێت (جا بەگوێرەی بەندی ۳۱۱ی یاسای سزای پاکستان قەرەبوویان وەرگرتبێت یان نا)، هێشتا دادگەکان، بەناوی "فساد في الأرض" (واتە هەڕەشە لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی) و بەگوێرەی تەعزیرەوە خیاری مەحکوومکردنی تاوانبارانیان بۆ ١٤ ساڵ زیندان هەیە. بەهەمان شێوە، بەندی 338(E) یاسای سزای پاکستان. دەسەڵاتی خیارێکی زۆر دەداتە دادگەکان بۆ ئەوەی سەبارەت بەتاوانی کوشتن و ئازاری جەستەیی، بەگوێرەی سروشتی تاوانەکە و سەرەڕای هەر جۆرە سوڵحکردن و پێکهاتنێکی لایەنەکان، بڕیاری تەعزیر دەربکەن (کە لە یاسادا گەورەترین سزای بۆ دیاری نەکراوە).

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ داواکاریی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوەی دادگەکان دەری دەخات کە جیا لە کەیسەکانی سەرەتای ١٩٩٠ـەکان کە لە سەرەوەتر ئاماژەیان بۆ کراوە، بەدەگمەن دەوڵەت لە کەیسی کوشتن لەسەر شەرەفدا دژ بەئازادکردنی بکوژان یاخۆ بۆ زیادکردنی ڕادەی سزاکەیان داوای پێداچوونەوەی کردووە. بەهەمان شێوە، لە هەر شوێنێک کە مافی قەساس هەڵگیرابێت یا سوڵحی لەسەر کرابێت، ڕاوێژکاری دەوڵەت لە ناو دادگە کەم و زۆر گوشاری نەخستووەتە سەر دادگە بۆ ئەوەی لە بڕیار دەرکردن لەمەڕ تۆمەتبار کەڵک لە بەندی ۳۱۱ی یاسای سزای پاکستان وەرگیرێت. هەرچۆنێک بێت، بەگوێرەی بەندی ۳۱۱ی یاسای سزای پاکستان بەڕێوەبردنی خیار بەستراوەتەوە بەناتەواویی پێکهاتن لە نێوان هەموو کەسوکار/ نەوەی مردووەکە بۆ دەست هەڵگرتن لە مافی قەساس یا پێکەوە لکاندنی یاسا لەگەڵ مافی ناوبراو، بەمەرجێک ڕەوتی کۆمەڵایەتی هەڕەشەی لێ کرابێت (فساد في الأرض). بەندی ۳۱۱ی یاسای سزای پاکستان دەڵێ پێویستە (فساد في الأرض) کردەوەی ڕابردووی تاوانکاریش بگرێتەوە، جا ئەوانە خەڵکی هۆگر بەتاوان بن یا تاوانبارانی پسپۆڕ و خاوەن هەڵسوکەوتی بێبەزەییانە، کە تاوانەکە بەپێی ئەو هەڵسوکەوتانە بەڕێوە چووبێت. لەبەرئەوەی زۆرێک لە "تاوانەکانی شەرەف" بێبەزەییانەن، وا دەردەکەوێت کە ئەم بەندەی یاسای سزا لە زۆر دەرفەتدا خۆی دەربخات. هەر چۆنێک بێت ئەو بەشەی یاسا لە دادگەکان دەخوازێت لە کاتی دەرکردنی بڕیاردا سەرنج بدەنە "فاکت و بارودۆخەکانی کەیسەکە"، واتە مۆڵەت دەداتە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی بڕیاری دادگە هەبێت. ئەم بەندە بەهۆی ئەگەری

لابردنی قەساس و هەروەها سوڵحکردنەوە ئەوەندەی تر لاواز کراوە، ژمارەیەکی زۆری کەیسەکان هەرگیز ناگەنە قۆناخی ئەوەی دادگە بەفاکت و هەروەها چۆنیەتیی بارودۆخەکەیان ڕا بگات، لەبەرئەوەی لە هەموو قۆناخێکدا تەنانەت لە قۆناخی دادگەیی کردنیشدا، دەکرێت قەساس لەسەر کەسەکە هەڵبگیرێت یاخۆ مەسلەت لەسەر کێشەکە بکرێ.

لەوەش زیاتر، لابردن یاخۆ پێکەوە لکاندنی قەساس هەموو ڕەوتی دادگە دەوەستێنێت، کەواتە دادگەکان ئەو بەڵگانە بەڕێکوپێکی تۆمار ناکەن کە پێوەندییان بەفاکت و بارودۆخی کوشتنەکانەوە هەیە و بەگوێرەی بەندی خیار لە بەندی ٣١١ی یاسا، کاری پێکهێنانی بنەما بۆ دادگەییکردنی تۆمەتبار سەخت دەکەن. تەنانەت ئەگەر دادگە بڕیاری مەحکووم بوونی کەسەکەش دەربکات، لەوانەیە بەهۆی تۆماری نابەجێی بارودۆخەکان و لایەنی تەکنیکیی ترەوە، بڕیارەکە لە قۆناخی پێداچوونەوەدا هەڵوەشێتەوە.

خشتەی ژمارە ٤– ٢ ژمارەی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣، بەو شێوەیەی کە وەزیری ناوەخۆی فیدراڵ خستوویەتیە بەردەم مەجلیسی سەنات، ٩ی تەمووزی ٢٠٠٤:

| ئوستان | سەرجەم | قوربانیی نێرینە | قوربانیی مێینە | کەیسی تۆمارکراو | کەیسی سوڵح لەسەر کراو | ئەوانەی هێشتا لە دادگەدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پونجاب | ٢٢٥٣ | ٦٧٥ | ١٥٧٨ | ١٨٣٤ | ١٤١٢ | ٤٢٢ |
| سند | ١٠٩٩ | ٣٤٨ | ٧٥١ | ٩٨٠ | ٢٣١ | ٦٠٩ |
| ئوستانگەل فیدراڵ باکور خۆرئاوا | ٤٤٨ | ١٨٨ | ٢٦٠ | ٣٦١ | ١٨٥ | ١٦٧ |
| بەلووچستان | ٣٠١ | ١١٦ | ١٨٥ | ٢٧٦ | ٤١ | ٢٣ |

سەرچاوە: چاپەمەنیی The News، ١٠ی تەمووزی ٢٠٠٤.

سەرنەکەوتوویی دادگە لە بەدواداچوونی ڕەوتە سەرەتاییەکان لەو جۆرە کەیسانەدا، بەهۆی بەکارهێنانی ناکۆکانەی یاسای تایبەت بەمەسلەتکردن لە لایەن دادگەی باڵاوە ئەوەندەی تر تێک چووە. بۆ نموونە، لە کەیسی نەزر عەلی(٨٠) تۆمەتبار خۆی وەک بێ تاوان ڕاگەیاند و داوای دادگەیی کرد، بەڵام کەسوکار/ نەوەی مردووەکە مافی قەساسیان هێناوەتە ناو کێشەکەوە و دادگەش ئەوەی پەسند کرد، بەڵام بەگوێرەی بەندی ٣١١ی یاسای سزای پاکستان سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ تۆمەتبارەکە دەرکرد. لە پێداچوونەوەی بڕیارەکەدا، دادگەی باڵای پێشاوەر کابرای تۆمەتباری ئازاد کرد و بڕیاری دادگەی پێشووی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵوەشاندەوە کە بەگوێرەی بەندی ٣١١ی یاسای سزای پاکستان، خیاری تەعزیر تەنیا لە شوێنێکدا کەڵکی لێ

وەردەگیرێت کە کوشتنەکە (بەپێچەوانەی ئەم کەیسە) شایانی قەساس بێت، نەک تەعزیر. ئەم بڕیارە لەگەڵ خۆشیدا ناتەبا بوو، لەبەرئەوەی: لە کاتێکدا کە کەیسی قەساس بێگومان بەندی ٣١١ی یاسای سزای پاکستان بەکار دەهێنێت، ڕوون نییە چۆن دادگە خۆی، سوڵح (و ئازادیی کەسەکەی) لە ئەنجامی ئەو سوڵحە پەسند کردووە. لەبەرئەوەی کابرای تۆمەتبار ڕازی نەبووە بەوەی کە ئەو تاوانەکەی کردبێت بۆیە نەدەبوو لایەنێک لە لایەنەکانی سوڵحەکە بێت. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئازادبوونی تۆمەتی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە شوێنێکدا کە خێزانەکانی مردووەکان بەتەواوی بۆ سوڵحکردن ئامادە بوون.

لە "کوشتن لەسەر شەرەف"دا، لەبەرئەوەی بکوژەکان زۆربەی جار خزمی قوربانییەکەن و دەیانەوێ لێیان خۆش بن یا سوڵح بکەن، مافی قەساس بەشێوەیەک یا لەسەر کابرا هەڵدەگیرێت یاخۆ مەسڵەتی لەسەر دەکرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هیچ ڕێگەیەک بۆ مەحکووم کردنی تاوانبارێکی ئەوتۆ نەمێنێت. بەڵام کەیسی واش هەبووە کە لەو ڕێبازە جیاواز بووە. لە کەیسێکدا(٨١)، دادگە بەتاوانی کوشتنی براژنەکەی بڕیاری کوشتنی بۆ تۆمەتبارێک دەرکرد. سێ منداڵ و مێردەکەی (براگەورەی بکوژەکە) و دایک و باوکی ژنەکە، ژنەکەیان لە مردن ڕزگار کرد. لە کاتێکدا پرۆسەی پێداچوونەوە بەڕێوە دەچوو، هەموو بەکەسوکاری ژنەکە، جگە لە دایک و باوکی، کابرای تۆمەتباریان لە ڕێگەی لابردنی مەرجی قەساسەوە بەخشی. بەڵام دادگە بڕیاری دییەتی بۆ دایک و باوکەکە دەرکرد و "بدل صلح" (واتە غەرامەی لە بەرانبەر مەسڵەتدا) بۆ منداڵە بچووکەکان دانا، لە کاتێکدا کابرا، بەگوێرەی خیاری تەعزیر کە لە بەردەم دادگەدا بوو، بڕیاری دە ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو. ئەم دادگەییکردنە، گەرچی پۆزەتیڤ بوو، بەڵام بەردەوامیی بەچەواشەکاری دا چونکە هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەدا کە کابرای تۆمەتبار بەگوێرەی قەساس مەحکووم کراوە. هەر بۆیەش تۆمەتبار توانیی لەسەر بنەمای تەعزیر داوای پێداچوونەوە بکات.

خشتەی ژمارە ٤– ٣

ژمارەی بڕیارەکانی دادگە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣، بەو شێوەیەی کە وەزیری ناوەخۆی فێدڕاڵ لە ٩ی تەمووز ٢٠٠٤دا پێشکێش بەمەجلیسی سەناتی کردووە.

| ئوستان | کەیسی بڕیار لێدراو | حوکمەکان | کەیسەکانی لە دادگەن |
|---|---|---|---|
| پونجاب | ١٦٠ | ٥٢ مردن | ٥٩ گرتنی هەتاهەتایی |
| | | ٤٩ هی تر | ٤٤ لە دادگەی بەرز |
| | | | یەک لە دادگەی باڵا |
| سیند | ڕانەگەیەنراوە | | یەک گرتنی هەتاهەتایی |
| | | یەک گرتنی ٢٥ ساڵی | ڕانەگەیەنراوە |
| ئوستانگەل فیدراڵ | | | |
| باکور خۆرئاوا | ١٥ حوکم دراوە | ٣٥٨ حوکم پیاهەڵچوونەوەی بۆ کراوە | |
| | ڕانەگەیەنراوە | | ڕانەگەیەنراوە |

| | | |
|---|---|---|
| بەلووچستان | ڕانەگەیەنراوە | ١٢ مردن |
| | ١٤ گرتنی هەتاهەتایی | یەک لە دادگەی باڵا |

سەرچاوە: چاپەمەنیی The News، ١٠ی مانگی تەمووز ٢٠٠٤.

بەسەر یەکەوە، نووچدانی دەوڵەت لە وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ کێشەی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە خشتەی ژمارە ٤– ٢دا دەردەکەوێت کە ئەوە دەسەلمێنێ: یەکەم، هەموو ڕووداوێکی "کوشتن لەسەر شەرەف" تۆمار ناکرێت، دووەم، بەشێکی بەرچاویان پێش ئەوەی بگەنە قۆناخی سزادران مەسڵەتیان لەسەر دەکرێت زوربەی ئەوانی تر، چەندان ساڵی پێ چووە تا بکێشرێنە ناو دادگەوە.

وەزیری (ناوخۆی فیدراڵ)، خۆی سەرنجی ئەوەی داوە کە بەهۆی ئاڵۆزییەکی دیاریکراوی یاساییەوە، زوربەی ئەو کەیسانەی کە یەکلا نەکراونەتەوە مەسڵەتیان لەسەر دەکرێت. خشتەی ژمارە ٣– ٤ تەنانەت وێنەیەکی تاریکتریشمان بۆ دەکێشێت: لە سەرجەمی ٢٢٥٣ی "کوشتن لەسەر شەرەف"دا، دوای ساڵی ١٩٩٨ لە پونجاب، تەنیا ١٦٠ دادگەیی کراون. وەک وتووێژی ماوەی دادگەییکردنەکە دەری دەخات، دەکرێت بەدڵنیاییەوە وا دابنرێت کە ژمارەیەک لە سزاکان کەم کراونەتەوە یا لە دادگەی پێداچوونەوەدا هەڵگێڕدراونەتەوە. هەڵسەنگاندنێک لەمەڕ دادگەییکردنە ڕاگەیێنراوەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٣دا دەری دەخات کە تەنیا سێ کەیس کە کوژرانی ژنانیان تێدا بووە، بۆ پێداچوونەوە گەیشتوونەتە دادگەی باڵای پارێزگەی سیند، هەمووشیان لە ساڵانی ٣–٢٠٠٢دا بوون.

شکستی دەوڵەت لە دەستگیرکردنی بکوژانی ژنان لەگەڵ نەبوونی ئارەزووی خێزانی ژنەکان لە کەیسی "کوشتن لەسەر شەرەف"دا یەکیان گرتووەتەوە. لە کەیسی محەمەد میتهاڵ بەناوی نهێنیی وەحید بوکس دژ بەدەوڵەت(٨٢)، دادگەی باڵا زیندانی بیست و پێنج ساڵی بۆ بکوژی کەسێکی نێرینە بڕییەوە، بەڵام سەبارەت بەقوربانییە مێیینەکە تەنیا چواردە ساڵی پێ دا لەبەرئەوەی نە خێزانەکەی و نە دەوڵەتیش داوای سزایان بۆ کوشتنی ژنەکە نەکردبوو. سەرەڕای دادگەییکردنەکانی ئەم دواییە، کە دڕندەیی "کوشتن لەسەر شەرەف" مەحکووم دەکەن، دادگەکان نەیانویستووە بەرەوپێش بچن و لە کەیسی "کوشتن لەسەر شەرەف"دا خۆ لە بەکارهێنانی بەشی 302(c)ی یاسای سزای پاکستان بگرن، هەروەها خۆ لەوە دەپارێزن کە گەورەترین ڕادەی سزا (واتە کوشتن، کە لە کەیسەکانی تری کوشتندا دەدرێتە تاوانبار) بدەنە تاوانبارانی ئەم جۆرە کەیسانەش.

## وەڵامەکان

## کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە شاری گەورە و شارۆکەی بچووک و گوندەکانیشدا چەندان ساڵە خەبات لە دژی "تاوانەکانی شەرەف" دەکەن و سەرنجی بەرپرسانی حکوومییان بەرەو کێشەکە ڕاکێشاوە. ڕاپۆرتەکانی میدیا کە ڕوویان لە زیادبوونە هاوتا لەگەڵ بەشداریی فیلمکارە ناوخۆ و نێونەتەوەییەکان[٨٣] و زنجیرە تەلەفیزیۆنییەکان[٨٤] و شانۆ هەموویان بەشدارییان لە باس و وتووێژی گەرموگوڕ سەبارەت بەکێشەکە کردووە.

بەتایبەت، لە مانگی نیسانی ١٩٩٩دا کوژرانی سامیە سەروەر لە نووسینگەی هێنا جیلانی پارێزەرەکەی خۆیدا، گوایە لەبەرئەوەی کە بەبێ ڕەزامەندیی خێزانەکەی داوای جیابوونەوەی کردووە و بنەماڵەکەی شەرمەزار کردووە[٨٥]، ویژدانی گشتیی هەژاند و بوو بەهۆی وەڵامدانەوەی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی. ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ناوخۆ و لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشدا (وەک ڕێکخراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ١٩٩٩ ئا، ١٩٩٩ ب، چاودێریی مافی مرۆڤ، ١٩٩٩، لێژنەی مافی مرۆڤی پاکستان، ١٩٩٩، شیرکەت گاه، ٢٠٠٢)، ڕاپۆرتۆری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ توندوتیژی دژ بەژنان و هەروەها ڕۆژنامە ناوچەییەکان، بە بەردەوامی ئەو کارە نامرۆڤانەیەیان زەق کردەوە و بوونە هۆی کەوتنە بەرچاوی زیاتری "کوشتن لەسەر شەرەف". گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێگەی ڕێکخستنی سمینار و خەباتی ناو میدیاوە هەوڵێکی بەگوڕوتینیان دژ بە "کوشتن لەسەر شەرەف" دا، لەوانە "لیژنەی نەتەوەیی لەمەڕ دۆخی ژنان NCSW)، لە ناوەندی چوار پارێزگەی وڵاتدا کۆبوونەوەی ڕێک خست کە تێیاندا پسپۆڕانی یاسایی، چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و مافی ژنان، ئەندامانی حزبە سیاسییەکان و، شارەزایانی ئاینی باسی خۆبواردن لە یاسای سەبارەت بە کوشتن و ئازاری جەستەییان کرد، کە لە بەرژەوەندیی تاوانکارانی "کوشتن لەسەر شەرەف"ە.

لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕاوێژکردنێکی درێژخایەن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەشنووسی پرۆژەیاسایەکیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی "کوشتن و تاوانەکانی شەرەف" ئامادە کرد[٨٦]. ڕەشنووسی پرۆژەیاساکە، داوای گۆڕانکاریی لە یاسای سزای پاکستان و یاسای ڕەوتی تاوان دەکات، هەروەها پێناسەیەکی "کوشتن لەسەر شەرەف"ی لێ زیاد دەکات و ئەو جۆرە کوشتنانە بەتاوانێک دادەنێت کە بۆ ڕێککەوتن نابێ و نابێ بەشەکانی 306(b)، 306(c)، 307(b)، ٣٠٩، ٣١٠ و ٣١١ی یاسای سزای پاکستان بیان گرێتەوە. پرۆژەیاساکە پێشنیازی زیادکردنی بەشی نوێی302(d) لە یاسای سزای پاکستان دەکات. لە پرۆژەیاسا پێشنیازکراوەکەدا ئەگەر بەگوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام، قەساس کێشەکە نەگرێتەوە، دەبێ گەورەترین سزای "کوشتن لەسەر شەرەف" ٢٥ ساڵ و کەمترینی ١٤ ساڵ زیندانی بێت. پێشنیازەکە دەڵێ پێویستە بەشی F-338ی یاسای سزای پاکستان هەڵوەشێنرێتەوە و داوای ئەوە دەکات کە بەندە پێوەندارەکان

"بەگوێرەی فەرمانەکانی ئیسلام" ڕاڤە بکرێن. لەوێدا، "کوشتن لەسەر شەرەف" بەم شێوەیە پێناسە کراون:

کوشتنی بەئانقەست بەناوی شەرەفەوە، لەسەر بنەما یاخۆ بەبیانووی کاروکاری، سیاکاری یا هەر داوونەریتێکی هاوچەشن، یا بۆ پاککردنەوەی شەرەف یا غیرەت، بەگوێرەی بارودۆخی هاوچەشن، لەسەر بنەمای هەڵچوونی گرژ و کتوپڕ بێت یان نا، واتای کوشتن دەگەیەنێ و کوشتن دەگرێتەوە.

## ڕەوانبێژیی دەوڵەت

دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکان هیچکامیان جگە لە قسەی زل، هیچیان بۆ ئەم کارە نەکردووە. بۆ نموونە، سەرەڕای جموجۆڵی گشتیی خەڵک لەمەڕ کوژرانی سامیە سەروەر، هەوڵی مەجلیسی سەنات بۆ دەرکردنی بڕیارێک لەو ساڵەدا بۆ ئیدانەکردنی "تاوانەکانی شەرەف"، تەنانەت نەگەیشتە قۆناخی لێدوانیش (سەدیقی، ١٩٩٩). لەم دواییانەدا، ئەگەرچی سەرۆک کۆمار پەروێز موناموس خواستی بێ پێچ و پەنای خۆی لەمەڕ لەناوبردنی ئەم کارە دەربڕیوە(٨٧)، بەڵام لە لە ماوەی "دەسەڵاتی ڕەهای" خۆیدا، جگە لە هەندێ پێوەری تاک و تەرا لە چەند ناوچەیەکدا، بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی لەم بارەیەوە نەناوە(٨٨).

لەم دواییەدا پڕۆژەیاسایەک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا پێشکێش کراوە، بەناوی یاسای ساڵی ٢٠٠٤ی پارێزگاری و بەهێزکردنی ژنان(٨٩)، کە هەوڵی قەدەغەکردنی "کوشتن لەسەر شەرەف" و توندوتیژیی ناوماڵ دەدات، بەڵام ئەم پڕۆژەیاسایە لە لایەن هێزە کۆنەپارێزەکانەوە دژایەتییەکی بەربڵاوی لێ کراوە. هۆکاری ئەم دژایەتییەش زیاتر ئەوەیە کە داوای نەهێشتنی نەریتی "حدوود" دەکات (ئەسغەر، ٢٠٠٤). لە هەمان کاتدا، هەوڵی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی فێدراڵ لە هەندێ ئەنجوومەنی هەرێمیدا بەهۆی هەڵسوکەوتی دەربەگانەی دەزگەی خەزێنەی حکوومەتی و ئەندامانی ناحەزی پەرلەمانەوە بێ ئەنجام ماوەتەوە. لە مانگی ئۆگوستی ٢٠٠٤دا ڕاپۆرتی ئەوە گەیشت کە سەرۆک وەزیر سەرنجی تایبەت دەداتە کێشەی ڕوو لە زیادبوونی کەیسی "کاروکاری" ئەوەش دوای چاوپێکەوتنێ بوو لەگەڵ دوو دکتۆری لاو کە ژیانیان بەهۆی هەڵبژاردنی هاوسەرێتییەوە کەوتبووە مەترسییەوە (The News، ١٨ی ئۆگوستی ٢٠٠٤)، بەڵام لە هەمان هەفتەدا ئەندامانی دەزگەی خەزێنە کۆسپیان خستە بەردەم هەوڵی ژنە ئەندامێکی ئەو دەزگەیە تا نەتوانێ پەرلەمان لە پێداویستیی پارێزگاری کردنی دەوڵەت لەو دوو ژن و مێردە ئاگەدار بکاتەوە. ناکۆکییەکە گەیشتە ئەنجامی ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنەکەی دواخست و هەندێک وتاری لە تۆماری پەرلەمان سڕییەوە. (خەبەرەین، ٢٠ی ئابی ٢٠٠٤).

لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣دا کاتێ ئەندامێکی دەزگەی خەزێنە بڕیارێکی دژ بە "کوشتن لەسەر شەرەف"ی پێشکێش کرد و خرایە ناو بەرنامەی ڕۆژی ئەنجوومەنی نەتەوایەتییەوە، سەرۆکی ئەنجوومەن مۆڵەتی قسەکردنی پێ نەدا. ناڕەحەتیی زیاتر کاتێ پەیدابوو کە بابەتەکە سەرلەنوێ خرایە ناو بەرنامەی کاری دواتری پەرلەمانەوە، بەڵام تەنیا دوای ئەوەی ئەو ئەندامەی

کـە بڕیارنامــەکــەی پێـشکێش کـردبوو وەکـو نارەزایی هۆڵی پەرلەمــانی بەجێ هێـشت. دواتر، هاوکارەکانی بەو ئەندامە پیاوەیان گوت بڕیارەکەی بکێشێتەوە لەبەرئەوەی کەسانێک کە دژی بڕیارەکـەن "پاتان"ەکانن کـە مۆڵەت بەهیـچ کەسێک نادەن داوونـەریتی چەندان سەدەیان لێ تێک بدات (حـەبیب، ٢٠٠٣، حـەیدەر، ٢٠٠٣). هەمــان مـانـگ، بڕیارێکی هاوچەشـن لە ئەنجـوومــەنی هەرێمی سیند، ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس بووەوە. جووڵەیەکی دواتریش بۆ پرۆژەیاسایەک لە لایەن ئەندامێکی ژنی ئەنجوومەنی هەرێمی سیندەوە ئامادە کرابوو(٩٠) پشتگیریی لێ نەکرا. هەر چۆنێک بوو، هەوڵەکان لە ئەنجوومـەنی سیند بەردەوام بوون و پرۆژەیاسایەک لە لایەن ئەندامێکی "بزووتنەوەی مـوتتـەدای قـەومی"یەوە پێـشکێش کـرا و، دەبوایە لە مـانـگی یەکەمی سـاڵی ٢٠٠٤دا پێشکێش کرابا، بەڵام تـا ئێستـاش یاسادانەرانی پارێزگەی ناوبراو هیچ یاسـایەکیـان هەموار نەکـردووە (Dawn، ٢٢ی کـانوونـی دووەم ٢٠٠٤). بەپێـچـەوانەوە، بەتایبــەت لە ڕووی هەڵوێستـی حکوومەتی هەرێمـەکەوە، ئەنجوومـەنی (هەرێمی) بەلووچستان لە مـانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا بڕیارێکی بۆ ئیـدانەکـردنی "کـوشتن لەســەر شــەرەف" دەرکـرد (The News، ٢٨ی کـانوونی دووەم ٢٠٠٤).

لە مـاوەی ساڵی ڕابردوودا، وەزیران، ئەندامـانی پەرلەمان و دادوەرانی خـانەنشینی دادگەی باڵا لە کۆبوونەوە گشـتییـەکاندا بەشـدارییـان کردووە و پێک هاتوون لە سـەرئەوەی هەندێ ڕێوشـوێنی جیاجیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کردەوەیە بگیرێتە بەر. لە هەندێ دۆخدا وا دەردەکەوێت کە ئەمە وەڵامدانەوەیەک بێت بەرامبەر گوشاری گرووپە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەگەرچی هەندێ لە بەشداربووان لەســەر ئاسـتی شـەخـسی قـەناعـەتیـان نەهێنـاوە کە ئەو گـۆڕانکارییـانە پێویستن. بۆ نموونە یەک لە ڕاوێژکارانی حکوومەت لە بواری پەروەردەدا "نەسیر خـوسو" لە کـاتی وتووێژی مێزگردێکدا ئیدانەی "کوشتن لەسەر شەرەف"ی کرد، بەڵام گوتی "لە سەر ئەو بڕوایەم کە پیاوان هەندێ جـار گوشـارێکی ئەوتۆیان بەبۆنەی ئەو شـتـەوە دەکەوێتـە سـەر کە بـەئابڕووچوونی خـۆیانی دادەنێن، "کۆنتـرۆڵیـان لە دەست دەدەن" و "ناچار" دەبن ژنەکانیان بکوژن" (دەیلی تایمز، ٣ی کانوونی دووەم ٢٠٠٤). لە چەند نموونەی تردا، ئەوانەی کە پشتگیریی گۆڕانکاری لە یاسـادا دەکەن، مـۆڵەتیان پێ نەدراوە لەو ناوچەیەی کە خۆیان نوێنەرایەتیی دەکەن هەنگاوێکی بەسوود بۆ کێشـەکە هەڵێنن.

## دادگەکان

ئەگەرچی دادگەییکردنەکانی ئەم دواییـیانە ڕێککەوتن لەسەر ئەم مەسـەلەیە ناخەنە ڕوو، بەڵام ئەوە پێشان دەدەن کە گرینگیی زۆر بە "تاوانەکانی شـەرەف" و نادادپەروەریی یاسای پێوەست دەدرێت. لە سـاڵی ٢٠٠٣دا سـەرۆکی دادپەروەریی پـاکسـتـان گـرینگیی دا بەکـەیسی کـوژرانی شـازیە خـاسـخـەڵی و حـەسـەن سلەنگی هاوسـەری کە بـەئارەزووی خـۆی هەڵی بژاردبوو و هەردووکیـان بەفەرمـانی "جرگە"ی عـەشـایەری کوژرابوون. سەرۆکی دادپەروەری داوای ڕاپۆرتێکی لە دادوەری لێکۆڵینەوە کـرد کـە کـاری لەســەر کـەیسـەکـە دەکـرد هاوتا لـەگـەڵ ڕاپۆرتێکی پۆلیس. لە مـاوەی

بەڕێوەچوونی دادگەدا، هەرسێ ئەندامی کورسیی دادگەی باڵا ڕایان گەیاند کە کوژرانی ژنانی گەنج و هاوسەرەکانیان بەناوی "شەرەف"ەوە تاوانێکی گەورەیە و ئەو کردەوەیە دەبێ لە پاکستان بووەستێنرێت (Daily Times و Khabarian، ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤). کەم و زۆر هاوکات لەگەڵ ئەو، دادگەی باڵای لاهوور لە کاری پێداچوونەوەی بڕیاری بەتاوانبارناسینی پیاوێک لە کێشەی "کوشتنی شەرەف"دا گەیشتە ئەو بڕیارەی کە ناکرێ بڕیاری کوشتن بۆ "تۆمەتباری کوشتن لەسەر شەرەف" دەربچێت و ئەو کەسە شایانی ئەوەیە بڕیارەکەی بۆ دابشکێت و، ناتوانرێت ئازادیش بکرێت، بەڵام بڕیاری کوشتن بۆ ئەو کەسە، دادپەروەرانە نییە (نەوای وەقت و پاکستان، ١٣ی شوبات ٢٠٠٤).

## ئەنجام

یاسای قەساس و دییەت هەر لە سەرەتاوە جێی مشتومڕ بووە. هەر وەکو ئەو کەیسانەی کە لێرەدا باسیان لێوە کراوە دەری دەخەن، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەڕەوایی دژی یاساکە بوون بەوەی کە "تاوانەکانی شەرەف" بچووک دەکاتەوە. پیشەکارانی بواری دادوەری و دادوەرانیش بەڕەوایی ڕەخنەیان لە سروشتی نائاساییی یاساکە گرتووە.

لە ساڵی ١٩٩٠ەوە، باس و وتووێژ لەسەر ئەوە چەقی بەستووە کە ئایا ئێستا کوشتن و ئازاری جەستەیی تەنیا ئەو تاوانەن کە دژ بەتاکە کەس دەکرێن و ئایا دەوڵەت لە بارودۆخی وادا هیچ بەرپرسیارییەکی لە بەرانبەر قوربانییان و کۆمەڵگەکەدا لە ئەستۆدا نییە؟ پرسیارەکە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەمافی بنەڕەتیی ژیانەوە هەیە هەروەکو لە ماددەی ٩ی دەستووری (پاکستان)دا هاتووە (١٩٧٣) کە تێیدا بەرتەسککردنەوەی کوشتن ڕەت کراوەتەوە. جیا لە هەندێک دادگەییکردنی پێشکەوتنخوازانە کە لەم دواییانەدا کراون، هەردوو دەزگەی دادوەری و جێبەجێکردن (تەنفیزی) نەیان توانیوە ئەم مافە بپارێزن. دەزگەی جێبەجێکردن بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ ئاڕاستەکردنی ئەو کردەوەیە یا ئەو یاسایەی کە پێوەنداره بە "تاوان یا کوشتن لەسەر شەرەف"ەوە. لە کاتێکدا کە تاوانکارەکان لە دادگەدا مەودایەکی دادوەرانەی بەرچاویان پێ دراوە، زۆرێکی تریان تەنانەت ڕووبەڕووی هەڕەشەی پرۆسەی یاساییش نەبوونەتەوە.

بەپێی یاسای نوێ و بەربەستی دەسەڵاتە یاساییەکانەوە ئەو پیاوانەی کە لەبەر "شەرەف"، ژنان دەکوژن، ناتوانرێت ڕاکێشی بەردەم دادگە بکرێن. جگە لەمە، چەواشەکاری لەبارەی ئەو بەندە یاساییانەی کە دەکرێ پیادە بکرێن، لە بارەی سزاکانی کە هەن بەزۆرترین و کەمترین بەربەستەوە و پێوەرەکان بۆ ئاوێتەبوونی کێشەکان و هەبوونی خیاری یاسایی بەردەوامە. لە هەندێ شوێندا، زۆر جار خیاری یاساییی بەربڵاو بەبێ هیچ ڕێنوێنییەک بەکار هاتووە بۆ دابین نەکردنی دادپەروەری بۆ ژنانی قوربانیی "کوشتن لەسەر شەرەف". ئەو چەواشەکارییەی کە بەهۆی دەقی یاساوە دروست بووە، لە هەندێ دۆخدا بووەتە هۆی نواندنی ڕەفتاری نامرۆڤانە بەرامبەر بەتاوانکارانیش، کە بەدرێژاییی ساڵان و دەرهەق بەسزای لەداردان ڕووبەڕووی حوکمی ناکۆک بوونەتەوە.

لە ڕێگەی ئەم شێوە ڕاڤەکردنەی یاساوە، لە جیاتی دەستخستنە ناو کارەکە بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی دژ بەمافی ژیان، دادوەران جەختیان کردووەتە سەر کردەوەی قوربانییەکە. ئەو دادوەرانە ڕەنگدانەوەی داوونەریتن و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕەفتارە باوانەی کە کۆنترۆلکردن و توندوتیژی دژی بەژنان بەرز دەنرخێنن. لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ "تاوانەکانی شەرەف"، تەنانەت لە زوربەی دادگەییکردنە پێشکەوتنخوازەکانیشدا تا ئەمرۆ، دادگەکان بەردەوام جەخت دەکەنە سەر مەسەلەی "هەڵچوون". هەرچەندە لە وتووێژ سەبارەت بە "معصوم الدم" و "قەووام"دا، ئاین خاڵێک بووە کە بەردەوام گەڕاونەتەوە سەری، یاساکانی موسڵمانان لەمەڕ بەڵگە بەئانقەست پشتگوێ خراوە و لە بەکارهێنانی ئاینیشدا لایەنگریکردنێکی گونجاوی پیاوسالارانە خۆی دەرخستووە.

بەبێ گوێدانە مەرجەکانی یاسا، گریمانی گشتی لە دادگەکان و خەیاڵی جەماوەردا ئەوە بووە کە دوای سوڵحکردن ئیتر ئەرکی دادگە کۆتایی پێ دێت. ئەو ڕەوتە نارەوایەی دادوەریی دوای سوڵحکردن لە کەیسی "کوشتن لەسەر شەرەف"دا، بەهۆی خیاری سزا لەلایەن دادوەرانی باڵا لە دادگەی پێداچوونەوەدا تێک شکاوە. بەڵام دادوەری باڵا بەتەواوتی هەموو بەرپرسیارییەکی پێ نەبەخشراوە. جیاواز لە کێشەی بەرپرسیاری، دادگە و دادگەکانی باڵا نەیان توانیوە ڕاڤەیەکی ڕوونی بەندە نوێکان پێشکێش بکەن و هەر خۆشیان دادگەیی وایان کردووە کە نەیانتوانیوە دادوەری بۆ قوربانییانی ژن لە "کوشتن لەسەر شەرەف"دا دابین بکەن. ئەوەش ناتەبایە لەگەڵ سروشتی بەگشتی هەستیاری لایەنی جێندەر لە دادگەییکردنەکانی دادگەی باڵا، بۆ نموونە لە کەیسەکانی یاسای تایبەت بەخێزاندا.

پێکهاتەی یاسای تایبەت بەزینا لەگەڵ یاسای قەساس و دییەت، بیرۆکەی کۆنترۆڵی ژنی لە لایەن پیاو و پێگەی ژێردەستەیی ژنانی لەناو خێزان بەهێزتر کردووە. ئەمەش لە سیاقی گەورەیی خێزانی پاکستانیدا، واتای بەردەوامیی ژێردەستەیی ژنان بۆ ئەندامێکی زۆری نێرینەی ناو خێزان دەگەیەنێت، کە وەکو "پارێزگار" و سەردار خۆیان دەنوێنن. ڕێک لەو کاتەی کە دەزگەی دادوەریی باڵا دەستی کرد بەئامادەکردنی ڕێنوێنیی پۆزەتیڤ لە پەیڕەوکردنی یاسای زینادا، یاسای قەساس و دییەت هێنرانە پێشەوە. ئەمەش گفتوگۆی تایبەت بەسەربەخۆیی جەستەیی ژنان و مافەکانیانی گەڕاندەوە بۆ خانەی یەکەم.

بەبێ نۆژەنکردنەوەی سەرجەم بەندە یاساییەکانی ئێستا و داڕشتنی چوارچێوە بۆ ڕێنوێنیکردنی بەڕێ و جێ سەبارەت بە بەکارهێنانی یاسا، دادپەروەری لەمەڕ قوربانییانی "کوشتن لەسەر شەرەف" وەک جاران بۆ حوکمی تاکەکەسیی دادوەران دەمێنێتەوە بەمەرجی کاریگەریی کۆمەڵایەتیی هەنووکەیی. ئەو ماوە ببینین کە ئایا گوشاری زۆربووی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێک لە دادوەران دەتوانێ پاڵ بەحکوومەتێکی بێ مەیلەوە بنێت بۆ ئەوەی هەنگاوی تۆکمە و پۆزەتیڤ بەرەو چارەسەری بارودۆخەکە بنێت.

## پاشکۆ

زوو پێش ئەوەی دەستنووسی ئەم بەشە، لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤دا پێشکێش بکرێت، ئەنجوومەنی نیشتمانیی پاکستان پرۆژەیاسایەکی پەسند کرد بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی تایبەت بە "تاوانەکانی شەرەف". پرۆژەیاساکە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا پەسند کرا و بوو بەیاسا. بەڵام، بابەتی ناو یاساکە ڕەخنەی توندی لێ گیراوە لەبەرئەوەی بەباشی وەڵامی خواست و پێداویستیی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نەداوەتەوە. بەتایبەت "لیژنەی کاری هاوبەش بۆ مافەکانی گەل" کە لە ڕۆژی ١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤دا ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەگەریی دەرکرد و ئاماژەی بۆ "ناتەبایی زۆری یاساکە لەگەڵ پرۆژەکە" دەکرد. وەک لە ڕاگەیاندنەکەدا ڕوون کراوەتەوە، یاساکە باس لە مەسەلەی سەرەکیی "مساوەمەی یاسایی" بۆ ئەندامانی خێزان ناکات، کە لە زۆربەی هەرە زۆری کەیسەکان تۆمەتباری "تاوانەکانی شەرەف"ن. هەروەها، یاساکە کەمترین سزا بۆ "کوشتن لەسەر شەرەف" دانانێت بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەندیی تۆمەتبار بەقوربانییەکەوە. جێی نیگەرانییە کە نەک هەر تێکەڵکردنی تاوانەکان (لەم یاسا نوێیەدا) وەک خۆی ماوەتەوە، لە حاڵەتی سازشدا هەموو دەرەتانێکی سزاش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەوە کەم بووەتەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاگەیێنراوە: "تاوانێک کە بەناوی "شەرەف"ەوە کرابێت، دەکرێت بەهۆی هەندێ مەرجەوە کە دادگە دایان دەنێت و لایەنەکان پەسندی دەکەن، لەسەر کەسەکە لابچێت، یا لەگەڵ یاسای تر ئاوێتە بکرێت، بەڵام دەبێ فاکت و هەلومەرجەکانی کەیسەکەی تێدا بگیرێتە بەرچاو". لە وەڵامی یاساکەدا، لیژنەی کاری هاوبەش بۆ مافەکانی گەل داوای کرد کە دەوڵەت بەگوێرەی یاسا، بەرپرسیاری تەواوی تۆمارکردن، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی هەموو کەیسێکی "تاوانەکانی شەرەف" بگرێتە ئەستۆ. واتە لە "تاوانەکانی شەرەف"دا نابێ مۆڵەت بەئاوێتەکردنی تاوانەکان بدرێت و دەبێ کەمترین سزای مۆڵەتدراو بۆ ئەو تاوانانە لە یاسادا جێگیر بکرێت و هەروەها "مۆڵەتی هیچ خاترگرتنێکی یاسایی" بەئەندامانی خێزان نەدرێت، کە لەوانەیە بەندی 306(b) و 306(c)ی یاسای سزا پێیان بدات. هەروەها دەبێ ڕادەی کەمترین سزای مۆڵەت پێدراو لە یاسادا جێگیر بکرێت (بڕوانە Daily Timesی ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤). ئەم یاسایە بەهیچ شێوەیەک نیشاندەری وەڵامی پڕ بەپێستی دەوڵەت بۆ "تاوانەکانی شەرەف" نییە و کار ناکاتە سەر ئەو ڕەخنانەی کە لەم بەشەدا گیراون.

سەرنجەکان:

دەمەوێ سوپاسی کاسێندرا باڵچین، سارا حوسەین، لین وێڵشمەن و، بەتایبەت سانچیا هوسالی بکەم بۆ ئەو یارمەتییەی کە لە پێناو ئامادەکردنی ئەم بەشەدا ئاڕاستەیان کرد. ئەم بەشە، پێش ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی پرۆژەیاسای سەبارەت بە "تاوانەکانی شەرەف" لە ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٤دا پەسند بکات، خراوەتە بەردەم ئەنجوومەن. لەم پێوەندییەدا، تکایە سەیری "یادداشتی دوای نووسەران" بکە.

١– فێدراسیۆنی پاکستان لە ڕێگەی وەزیری دادەوە، دژ بەگوڵ حەسەن (PLD)ی ١٩٨٩ لە دادگەی باڵا،

(بەشی) ٦٣٣، کە لێرە بەدواوە بەگوڵ حەسەن ناو دەبرێت.

٢- قەساس و دیە ئەو دەستوورانەی یاسای تاوانی ئیسلامن کە پێوەندییان بە کوشتنی بەئانقەست و بریندارکردنەوە هەیە، قەساس بەواتای "سزای بەرانبەر"ە و دیەش قەرەبووکردنەوەیە بەپارە (خوێن یان بەدەل خوێن).

٣- کە بەگوێرەی ئەو، ڕێبەری هۆزی خۆجێیی و هاوڕێیانی، لە کۆبوونەوەیەکدا بەناوی جیاجیای وەک "پەنچەیات" یا "جەرگە"وە (بەواتای کۆبوونەوە بۆ داوەری کردنی نەریتی بەپێکهاتەیەکی دامەزراوەوە، کە ئێستا دەسەڵاتی فەرمیی یاسایی بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو کێشانە هەیە)، بڕیار لەسەر کێشەکە دەدەن!

٤- نێرینەیەک کە هاوڕێ لەگەڵ ژنێکدا تۆمەتبار کراوە، لە ئەنجامی بڕیاری بەرپرسانی "دادوەریی" خۆجێییدا دەبێ پارە یا شتێکی هاوچەشنی بدات یاخۆ ژنێکی ناو خێزانەکەی خۆی لە ئەندامێکی بنەماڵەی ژنەکە مارە بکات، (شیرکەت گاە، ١٩٨٦، شاە،٢٠٠٢، ٢٥).

٥- لە کاتی پێشکێش کردنی پرۆژەیاسای (هەموارکراوی) تاوان بەپەرلەمان، لە مانگی تەمووز ٢٠٠٤دا- کە بۆ کێشەی "کوشتن لەسەر شەرەف" ئامادە کرابوو، سیاسەتمەداری ناحەز(ی حکوومەتی) "ئیهتیزاز ئەحسان" گوتی: "ئێمە پەکی ژنانی خۆمان خستووە و لە ترسدا خنکاندوومانن. دەبێ لەو ترسە ڕزگاریان بکەین" (چاپەمەنیی Dawn، ٢١ی تەمووز ٢٠٠٤).

٦- بەگوێرەی ڕاپۆرتێک، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ٩١٠ کەیسی سەرهەڵداو لەو کوشتنانە تۆمار کراون، بەڵام تەنیا ٢٩٣ (٣٢٪) کەیسیان گەیشتووەتە ئەنجام، کە تەنیا ٢٥ (٩٪)یان بڕیاری مەحکووم بوونیان بۆ دەرچووە و ٢٦٠ (٩١٪)یان ئازاد کراون (حەیدەر، ٢٠٠٣).

٧- بەلووچستانی ئەمڕۆ، ئەو دەم بەسەر دوو بەشدا دابەش کرابوو: "بەلووچستانی بەریتانیا" و "یەکێتیی ئەیالەتەکانی بەلووچستان" کە حوکمی خۆی دەکرد.

٨- لە سەردەمی کۆلۆنیالیی بەریتانیادا، داوەران/ یا دادگەرانی ناوچەیی بڵاونامەی وایان دەردەکرد کە تێیاندا زانیاری سەبارەت بەناوچەکە، جوگرافیا، مێژوو، کەش و هەوا، دانیشتووان، نەریتی هۆز و، بنەماڵەکانی ناوچە و هتد ئاراستە دەکرا. ئەو هەواڵنامانە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئیداری وەک کتێبی ڕێنوێنی وا بوون.

٩- ئەو کردەوانەی کە پێش داگیرکردنی بەریتانیایی بەڕێوە دەبران و لە ماوەی بڕیاری کۆلۆنیالیشدا درێژە بەکەڵک لێ وەرگرتنیان دەدرا.

١٠- تەنیا لە یاسای ناوچەی "ژۆب"دا ئاماژە بۆ بێوەژنێک کراوە.

١١- بەگوێرەی بەندی ٥ لە یاسای ساڵی ١٨٧٢ی پونجاب، بڕیار لەسەر کێشەی هاوسەرایەتی، جیابوونەوە، میرات و زۆڵ خستنەوە دەتوانێ هەموو نەریتێک بگرێتەوە، بەڵام یاسای ئیسلامەتی و هیندوو تەنیا ئەو کاتە دەیان گرێتەوە کە لایەنەکان موسوڵمان یا هیندوو بن. پارێزگا یا هەرێمەکانی تریش شێوازی هاوچەشنی یاساییان هەبوو، کە بەکارهێنانی "یاسای نەریتی" و یاسای کەسی بەگوێرەی ئەوان بەڕێوە دەبران، بۆ نموونە، یاساکانی بەنگال، قانوونی ساڵی ١٨٧٦.

١٢- بەگوێرەی بەندی ٥٥٢ لە یاسای تاوانی پاکستان، دادوەرێکی ناوچەیی دەیتوانی بڕیار بدات ژن یا منداڵی کچ کە بەبێ بڕیاری یاسا هەڵگیرابێت یا دەستبەسەر کرابێت بدرێتەوە دەست مێرد، دایک و باوک، پارێزگار، یا هەر کەسێکی تر کە دەسەڵاتی یاسایی بەسەریاندا هەبێت.

١٣- بەشی (١)٣٠٤ لە یاسای سزای پاکستان دەڵێت بۆ بەکارهێنانی ئەم دۆخە جیاواز دانراوە، هەڵچوون دەبێ گرژ و کوتوپڕ بووبێت، کە کۆنترۆڵی لە دەستی تۆمەتبار دەرهێنابێ. بۆ ئەو دۆخەی کە تۆمەتبار هەڵچوونی ڕاگەیاندووە، یا هەڵچوونەکە بە دەست خۆی بووە و لە شتێک کەوتووەتەوە کە لەگەڵ یاسادا یەک دەگرێتەوە، یا فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی وەک کردەوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا کردوویەتی، یا کەسێکی تر وەک کردەوەیەکی یاسایی و مافی خۆی بۆ داکۆکیکردنی خۆماڵی بەڕێوەی برد و، لە هیچکام لەو دۆخانە، داکۆکییەکە وەرناگیرێت.

١٤- مانگاڵ گاندا دژ بەئیمپراتۆر A.I.R1925 ناگپوور; ٣٧، دینی دژ بەئیمپراتۆر A.I.R1926 لاهوور ٤٨٥، م. د. زەمان دژ بەئیمپراتۆر A.I:R ; 1933 لاهوور ١٦٥.

١٥- ئیمپراتۆر دژ بەدین باندوو. A.I:R،١٩٣٠، کەلکەتە ١٩٩.

١٦- پو. تاراجوو دژ بەئیمپراتۆر. A.I:R 1932، مەدرەس I٢٥. هەروەها لاپەڕە ٢٥.

١٧- هەروەها بڕوانە: ئیمپراتۆر دژ بەجەیت ئوراون. A.I:R 194، پاتنا ٥١٤.

١٨- پاشان بڕوانە وتووێژەکانی ناو ئەنجوومەنی نیشتمانی; کە لەم سەرچاوانەدا ڕاگەیێنراون: حەکیم خان دژ بەحکوومەتی پاکستان PLD 1992 بەندی ٥٩٥; هەروەها مەلووکە ١٩٩٥.

١٩- یاسای سزا لە ساڵی ١٩٧٩ لەو کاتەدا گۆڕانکاریی تێدا کرا، کە "فەرمانی حدوود" هێنرایە کایەوە، بەڵام یاسای شایەدی و بەڵگە لە ساڵی ١٩٨٤دا تووشی گۆڕانکاری هات.

٢٠- هەشتەمین گۆڕانکاری بووە هۆی گۆڕانی حەڤدە بەندی یاسای بنەڕەتی و لەسەر شەست و پێنج بەندیش شوێنی دانا. بۆ ئاگەداریی زیاتر بڕوانە: "خان ١٩٩٥".

٢١- محەمەد شەریف دژ بەحکوومەت PLD 1987 لاهوور ٣١٢، پەرەگرافی ٧، لاپەڕە ٣١٥.

٢٢- محەمەد ساڵح دژ بەحکوومەت PLD 1965، بەشی ٤٤٦.

٢٣- بەشی ٢٩٩ تا ٣٣٨ی یاسای سزای پاکستان و، بەشی ٣٤٥،٣٣٧،٤٥ و ٣٨١ی یاسای تاوانی پاکستان، ١٨٩٨.

٢٤- بڕوانە یادداشتی ژمارە ١ (داوای) پێداچوونەوە لە دادگەی فیدراڵی شەریعەت بەستراو بەکورسیی پێداچوونەوەی شەریعەتی لە دادگەی بەرز، دادگەی پاکستان. دادگەی فێدراڵی شەریعەت بەگوێرەی فەرمانی "حدوود" (١٩٧٩) بەکەیسەکان ڕادەگات و یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی ئەوەی پێ دراوە کە دژایەتیی هەرچەشنە یاسایەک لەگەڵ پەیڕەوەکانی ئیسلام دەستنیشان بکات. هەموو کێشەکانی تر لە دادگەی ئاساییی مەدەنی یا جینایی‌دا پێیان ڕادەگەن. ئەو کەیسانەی وا بەگوێرەی قەساس و دیە لە دادگە پێیان ڕادەگەن و کاری پێداچوونەوەیان بەگشتی دەدرێتە دادگەی باڵای پارێزگەکان و داوای ئەویش دادگەی بەرزی فێدراڵ.

٢٥- تەعزیر، سزایەکە جیاواز لە قەساس، دیە، ئەرش، یا دەمان (ئەمەی دواییان بیچمی جیاوازی قەرەبووی دارایییە). بەگوێرەی پەیڕەوەکانی سزا بەڵام لە بارودۆخی تردا دەکەوێتە بەر خیاری دادگە. ئەوانەش لە خوارەوە باسیان لێوە دەکرێت.

٢٦- فیدراسیۆنی پاکستان دژ بەدەسەڵاتی پارێزگەی فیدراڵی باکوری ڕۆئاوا PLD 1990 بەشی ١١٧٢.

٢٧- هەرچۆنێک بێت، بەشی ٣٠٤ لە یاسای سزای پاکستان و مادەی ١٧ لە یاسای ناسراو بەقانوونی شەریعەت ژمارەی شایەدەکان دیاری ناکەن و تەنیا ئاماژە بەپەیڕەوەکانی قورئان و سوننەت دەکەن، کە ئەوانیش ڕاڤە و لێکدانەوە هەڵدەگرن.

٢٨- بۆ نموونە، کاتێ کە یەک لە بەجێماوان بەگوێرەی بەشی ٣٠٩ دەست لە مافی خۆی هەڵدەگرێت یاخۆ بەگوێرەی بەندی ٣١٠ لە یاسای سزای پاکستان لەگەڵ یاسایەکی تردا یەکگیر دەبێت.

٢٩- یاسای قەساس و دیە لە هەندێ لایەنی تریشەوە قورێکی بەسەری ژناندا کردووە، کە لە چوارچێوەی باسی ئێرەدا نییە. بۆ نموونە، کاتێک کە مێرد یا خزمێکی خوێنیی ژنێک دەکوژرێت، پاشماوەی ئەندامانی خێزان یا بنەماڵەی کوژراوەکە گوشاری دەخەنە سەر بۆ ئەوەی مەسلەتی پێ بکەن. بڕوانە کەیسی محەمەد ئەرشەد بەناوی نهێنیی پایوو دژ بەدادوەری کۆبوونەوەی دواتری دادگەی لاهوور PLD2003 بەندی ٥٤٦، هەروەها کەیسی محەمەد سەلام دژ بەدەوڵەت PLD2003 بەندی ٥١٢.

٣٠- بۆ نموونە کەیسی محەمەد ئەشرەف دژ بەدەوڵەت PLD1991 لاهوور ٣٤٧، کەیسی نەزەرعەلی دژ بەدەوڵەت PLD1992 پێشاوەر ١٧٦; کەیسی محەمەد ئیسحاق دژ بەدەوڵەت PLD1992 پێشاوەر ١٨٧; کەیسی نیسار ئەحمەد و دوو کەسی تر دژ بەدەوڵەت PLD1994 یاسای تاوان; LJ کەیسی سەدەف عەلی دژ بەدەوڵەت PLD1991 بەشی ٢٠٢، کەیسی جەواد مەسیح دژ بەدەوڵەت ١٩٩٣ .SCMR1974

٣١- کەیسی شێخ محەمەد ئەسلام دژ بەشەوکەت عەلی ئەلیاس شەوکە ١٩٩٧ SCMR1307 لە پەرەگرافی ٢٢ تا ٢٤ لاپەڕە ١٣٢٩/٣٠دا.

٣٢- کەیسی محەمەد سەلیم دژ بەدەوڵەت PLD2003 بەندی ٥١٢ و کەیسی محەمەد ئەرشەد بەناوی نهێنی دژ بەدادوەری دانیشتنی دواتری دادگەی لاهوور PLD2003 بەندی ٥٤٧.

٣٣- کەیسی نەزەر عەلی دژ بەدەوڵەت.

٣٤- بەگوێرەی جیاوازدانانی پەیڕەوەکانی یاسای سزای پاکستان بەشی ٣٠٠، ئەگەر لەگەڵ بەشی (١)٣٠٤ی هەمان یاسادا سەیری بکەی، کەسی تۆمەتبار دەتوانێ پشت بەو دۆخە خاوکەرەوانە ببەستێت بۆ ئەوەی دوای ڕاگەیاندنی "هاندانی مەترسیدار و کوتوپڕ"، سزایەکی کەمتر بدرێت.

٣٥- کەیسی گوڵ حەسەن لاپەڕە ٦٧٤، بەو شێوەیەی کە داوەر "تەقی عوسمانی" باسی لێوە کرد.

٣٦- هەمان سەرچاوە.

٣٧- دادگە تەنیا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەو بەڵگە و نیشانانە دەکات کە بۆ دەرچوونی بڕیاری زینا پێویستن.

٣٨- دەوڵەت دژ بە عەبدولواحید بەناوی نهێنیی وەحید و یەکی تر، ١٩٩٢، یاسای تاوان .LJ1956

٣٩- ئەوە بڕیاری دادگەی پێداچوونەوە بوو دژ بەدادگەی بەتایبەت دامەزراوی دژی تیرۆریستی و بڕیارەکەش کۆتایی بوو. کەیسەکە کەوتە ئەو لیژنەیەی کە ئێستا نەماوە لەبەرئەوەی چەکێکی ئۆتۆماتیک بەکار هێنرابوو.

٤٠- مادەی ١٢١ی "قانوونی شەهادەت" (یاسای گەواهی)، ١٩٨٤ دەڵێت: "کاتێک تاوانێک دەدرێتە پاڵ کەسێک، بەرپرسیاری سەلماندنی بوونی ئەو بارودۆخە، کەیسەکە دەخاتە چوارچێوەی یەک لە جیاوازییە گشتییەکانی یاسای سزای پاکستانەوە یاخۆ چوارچێوەی هەر جیاوازییەکی تایبەت یا پەیڕەوێک کە لە هەر بەشێکی تری هەمان یاسا یا تەنانەت هەر یاسایەک کە تاوانەکە دیاری دەکات لە ئەستۆی ئەو کەسەیە و دادگە دەبێ ئەو گریمانەی هەبێت کە داکۆکیکار لە بارودۆخەکەدا نەبووە.

٤١- کەیسی موحیب عەلی دژ بەدەوڵەت، ١٩٨٥ SCMR2055 لاپەڕە ٢٠٥٩.

٤٢- دەوڵەت دژ بەمحەمەد حەنیف، ١٩٩٢، .SCMR2047

٤٣- غولام یاسین دژ بەدەوڵەت PLD1994 لاهوور ٣٩٢.

٤٤- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ١٣ لاپەڕە ٣٩٦.

٤٥- لە داوەرییەکەدا چەندان حەدیسی (پێغەمبەر) بەزمانی ئوردوو هێنرابووەوە، هەمان پەرەگرافی ١٤، لاپەڕە ٣٩٦-٣٩٧، کە حەدیسێکیان لە "سەحیحی بوخاری"یەوەیەو پێوەندیی بەچیرۆکی سەعدی کوڕی ئەبعەدەوە هەیە و بەڕواڵەت پەسندکردنی "تاوانەکانی شەرەف" لە لایەن پێغەمبەرەوە.

٤٦- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ١٧، ل ٣٩٨.

٤٧- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ١٨، ل ٣٩٨.

٤٨- قورئان ٣٤: ٤.

٤٩- ڕاڤەی ئەم فرمانە لە ناو داوەرانی کلاسیکدا جیاوازە و لە لایەن نوێخوازانی مافی ژنان لە ئیسلامدا، بڕوانە: ستووەسسەر ١٩٨٨.

٥٠- کەیسی عەبدولحەق دژ بەدەوڵەت SCMR1566.١٩٩٥

٥١- کەیسی عەبدولحەق دژ بەدەوڵەت PLD1996، بەشی ١.

٥٢- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ٥٦ لاپەڕە ٣٣ و پەرەگرافی ٨ لاپەڕە ٣٩.

٥٣- PLD1996، بەشی ٢٧٤.

٥٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٧٩ تا ٣٨٠ پەرەگرافی ٤.

٥٥- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ٢٥، لاپەڕە ٢٨٩.

٥٦- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ٢٩، لاپەڕە ٢٩٠.

٥٧- محەمەد فەیسەڵ دژ بەدەوڵەت ١٩٩٧ MLD2527 لە پەرەگرافی لاپەڕە ٢٥٢٨دا.

٥٨- کەیسی محەمەد ئیبراهیم دژ بەدەوڵەت، MLD2527١٩٩٧ لە پەرەگرافی ٥ لاپەڕە ٢٥٢٨دا.

٥٩- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ٨ لە لاپەڕە ٢٦٨دا.

٦٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٧٦.

٦١- SCMRی ١٩٩٩، ٢٢٠٣

٦٢- کەیسی خلیل الزمان دژ بەدادگەی باڵای پێداچوونەوە، PLDی لاهوور: ١٩٩٤ بەشی ٨٨٥: پەرەگرافی ١٠، ٨٩٣.

٦٣- کەیسی فەقیروڵڵا دژ بەخلیل الزمان ١٩٩٩ SCMR: 2203 پەرەگرافی ١٩ لاپەڕە ٢٢١٤.

٦٤- یەکەم بڕیار لە ڕۆژی ٣ی ئۆگوستی ١٩٩٤ و دووەمیان لە ١٩٩٩دا بوو.

٦٥- کەیسی سەردار محەمەد دژ بەدەوڵەت ١٩٩٧: MLD٣٠٤٥: پەرەگرافی ١٣، ل ٣٠٤٩.

٦٦- کەیسی محەمەد ئەیووب دژ بەدەوڵەت ١٩٩٧ یاسای تاوانی LJ2056.

٦٧- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ١٠، لاپەڕە ٢٠٦٠.

٦٨- کەیسی ئەمانوڵڵا دژ بەدەوڵەت ١٩٩٧ MLD1402: پەرەگرافی ١٢، لاپەڕە ١٤٠٦.

٦٩- کەیسی ئیمام بەخش دژ بەدەوڵەت ١٩٩٩ YLR19: پەرەگرافی a19 لاپەڕە ٢٥.

٧٠- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی J19، لاپەڕە ٢٦.

٧١- JL یاسای تاوانی JL999، ٤٥٩ پەرەگرافی ٩، لاپەڕە ,٥٥٣ هەروەها بڕوانە کەیسی موختار ئەحمەد دژ بەحکوومەت، ٢٠٠٠ YLR860 (لاهوور).

٧٢- SCMR2000، ٤٠٦ پەرەگرافی ١٩، لاپەڕە ٤١٣، سیاکاری وشەیەکی بەلووچییە بۆ هەموو پێوەندییەکی جنسیی بێ مارەبڕین بەکار دێت.

٧٣- PLD2001 ،٤٠٦ پەرەگرافی ٣، لاپەڕە ١٠٠، هەروەها بڕوانە کەیسی محەمەد خان دژ بەحکوومەت PLJ2001، پەیڕەوی تاوان (کوێتە) ٩٧٨.

٧٤- تکایە سەرنج: نووسەر نایەوێت هەوڵی برەودان یا پشتگیریکردنی بڕیاری کوشتن بدات، لە ڕاستیدا وەک لە قسەکانی دواتر (بەشی سێیەم: وەڵامدانەوەکان) دەردەکەوێت داوای چاککاریی یاسا لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، کێشەی کوشتن ناگرێتە بەر.

٧٥- PLR2002 لاهوور ٤٤٤. دادگە هەروەها ئاماژەی داوە بەکەیسی فەقیروڵڵا دژ بەخلیل الزمان و ئەوانی تر، ١٩٩٩ SCMR2203 لاپەڕە ٢٢١٤.

٧٦- دوابەداوی پەیڕەوی بەشی (b(306 لە یاسای سزای پاکستان بڕیاری قەساس و دیە بەگوێرەی هیچ پەیڕەوێکی تر کێشەی کوژرانی کچ و نەوەی تۆمەتبار ناگرێتەوە، بەڵام ئەو کەسە، بۆ کوشتنی زڕکوڕەکەی، بەگوێرەی پەیڕەوی تەعزیر، بڕیاری کوشتنی بۆ دەرچوو.

٧٧- کەیسی محەمەد سدیق دژ بەحکوومەت PLD2002 لاهوور ٤٤٤، پەرەگرافی ١٥ و ١٦ لاپەڕە ٤٥٤.

٧٨- هەمان سەرچاوە، پەرەگرافی ٢٤، لاپەڕە ٤٥٧.

٧٩- کەیسی گوڵ حەسەن، پەرەگرافی ٤، لاپەڕە ٦٨٥.

٨٠- کەیسی نەزەر عەلی دژ بەحکوومەت، PLD1992 پێشاوەر ١٧٦.

٨١- کەیسی مورەتەب عەلی دژ بەحکوومەت KLAR1994، کەیسەکانی تاوان ٢٥٦.

٨٢- PLD 2003، کاراچی ٦٥٥.

٨٣- بۆ نموونە، بڕوانە فیلمی دۆکیومەنتاری بی بی سی بەناوی "کوشتن لە پونجاب" (١٩٩٩) و پاشبەندەکەی بەناوی "مۆڵەتنامە بۆ کوشتن" (٢٠٠٠).

٨٤- هەروەها بۆ نموونە بڕوانە زنجیرەی تەلەفیزیۆنی "تەقواب" (٢٠٠٢) و "غیرەت" (٢٠٠١) لە پاکستان لەسەر تەلەڤزیۆنی پاکستان PTV.

٨٥- ئێستا نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ کاروباری داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

٨٦- گەڵاڵەی ڕەشنووس لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی ژنان و مافی مرۆڤەوە ئامادە کرا بەهاوکاریی تاکەکەسان و لەوانە ئەندامانی پارێزەرانی دادگە (ڕاوێژکاران) و گەلێک دادوەری خانەنشین. گەڵاڵەکە هەندێک گۆڕانکاریی لە یاسای سزای پاکستان و یاسای تاوانی پاکستاندا پێشنیاز کرد و بۆ حزبە سیاسییە گەورەکانیش نێرراوە.

٨٧- "حکوومەتی پاکستان بەشێوەیەکی لێڵ و نادیار ئەوەی پێی دەگوترێت "کوشتنی شەرەف"ی مەحکووم کردووە. ئەم کارە شوێنیان لە ئاین و یاسای ئێمەدا نییە. کوشتن بەناوی شەرەفەوە، کوشتنە و وەک کوشتنیش سەیر دەکرێت. "(کۆنگرەی مافی مرۆڤ، ئیسلام ئاباد، ٢٠ی ئاپریلی ٢٠٠٠). "من دەمەوێ داوا لە هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە دەسەڵاتدان بۆ ئەوەی پێشانی بدەین کە ئێمە کۆمەڵگەیەکی سینگ فرەوان، خوێندەوار و، پێشکەوتووین و پەسندی "کوشتن لەسەر شەرەف" ناکەین" (بی بی سی، هەواڵی سەر ئینتەرنێت، ١٠ی شوبات ٢٠٠٤).

٨٨- بۆ نموونە، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠١دا، حکوومەتی ناوچەیی لە "لارکانا"ی سیند (ناوچەیەک کە ڕووداوی زۆری "کوشتنی شەرەف"ی تێدا دەبینرێت)، بڕیاری دا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک شوێن کەیسی "کارو کاری" بکەون و مۆڵەت نەدەن کەسوکار ئیفادەی خۆیان وەربگرنەوە، ئەفسەری پۆلیسخانە خۆجێییەکان وەک سکاڵاکاری ئەو کەیسانە ناو دەبرێن نەک خزمەکانی قوربانی (چاپەمەنیی Dawn،

١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠١).
٨٩- گەڵاڵەی ناوبراو لە مانگی مارتی ٢٠٠٤دا خرایە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانی، کاتێ کە گەڵاڵەیەکی تاکە کەسی ئەندامان(ی پەرلەمان) لەلایەن سێری رەحمان ئەندامی حزبی گەلی پاکستانەوە ئاراستە کرا.
٩٠- خاتوو "حومەیرا ئەلوانی" لە ڕۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا پێشنیازێکی خستە بەردەم (ئەنجوومەنی نیشتمانی).

## بەشی پێنجەم

# کوشتنی ژنان لە لبنان: "تاوانەکانی شەرەف" لە نێوان واقیع و یاسادا

دانیاڵ هۆیک، رەفیف رەزا سیداوی، ئەمیرە ئەبوموراد

ئەو توێژینەوەیەی کە ئەم چاپتەرەی لەسەر دارێژراوە بەشێکە لە پرۆژەیەکی بەرفرەوانتری ئەنجوومەنی لبنانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کە لە دوای کۆنگرەیەکی ئەنجوومەنەکە دەربارەی "تاوانەکانی شەرەف" لە مارتی ٢٠٠٥دا دەستپێشخەریی بۆ کرا. کۆنگرەکە شانبەشانی کۆمەڵێک پێشنیاز، داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٥٦٢ی یاسای سزای لبنانی کرد. زاراوەی "تاوانەکانی شەرەف"، کە لەلایەن جەماوەر و میدیاوە بەشێوەیەکی بەرفرەوان بەکار دێت، لە یاسای لبناندا ناوی نەهاتووە، بەڵام مادەی ٥٦٢ی یاسای سزای لبنانی پێوەستە بەوەی کە بە "تاوانەکانی شەرەف" ناو دەبرێت و بوار دەداتە تاوانبارانی تاوانی لەو جۆرە کە لەو سزایە قورتار بن کە دانراوە بۆ کوشتنی بەمەبەست و نەخشە بۆکێشراو. ئەم توێژینەوەیە لە رێگەی وردبوونەوە لە فایلی داواکان و راڤەکردنی دادگە لبنانییەکانەوە، هەوڵ دەدات شیکردنەوەیەکی مێژوویی و یاسایی و کۆمەڵایەتیی مادەی ٥٦٢ و مامەڵەی دادوەری لەگەڵ "تاوانەکانی شەرەف" بخاتە روو.

## "تاوانەکانی شەرەف" لە لبنان

لەم بەشەی دونیادا، دەستەواژەی نەشازی "تاوانەکانی شەرەف" زۆر تراجیدیا دەشارێتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ گوتارە رۆشنبیرییە دواکەوتووەکان و پەیرەوی باوکسالاری کە تا ئێستاش فەرمانڕەوایی ناوچەکە دەکەن و راستەوخۆ بوونەتە هۆی چاوپۆشیکردن لە کوشتنی ژنان بەبیانوویەک کە تاوانبارەکان خۆیان دروستیان کردووە (بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیان) کە ئەویش "داکۆکیکردنە لە شەرەف" یان "کڕینەوەی شەرەف"ـە.

جێی خۆیەتی کە بەکورتی سەرنجێک لە دوو توخمی سەرەکیی دەستەواژەی "تاوانەکانی شەرەف" بدەین. یەکەمیان "تاوان" کە هەر بیریارە و بەشێوەیەکی جیاواز پێناسەی دەکات. بەڕای تارد، تاوان بریتییە لە "پێشێلکردنی مافێک، یاخۆ شکاندنی ئەرکێک"، بەڵام فێری وەک "کردەیەکی ناکۆمەڵایەتی کە دژ بەمافێکی دیاریکراو ئاراستە کراوە" پێناسەی دەکات. ماکسوێڵ وەک "هەر کردارێک کە لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا سزای بۆ دەبرێتەوە، ئینجا لە رێی یاسایەکی نووسراوەوە

بێت یان لە ڕێگەی داوونەریتە باڵادەستەکانەوە" پێناسەی دەکات. گاروفالۆ جیاوازی دەکات لە نێوان ئەو کردارانەی وەکو پێشێلکاریی ئەو داوونەریت و پێودانگانەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لە سەری ڕێکەوتوون لەگەڵ ئەو کردارانەی لە هەموو کۆمەڵگە و سەردەمەکاندا بەپێشێلکاری دادەنرێن. زاراوەی دووەم شەرەف: لە عەرەبیدا وەک پایەبەرزی "علو" یان شکۆداری "مجد" پێناسە کراوە. لێرەوە، پرسیارەکە ئەمەیە: "تاوانەکانی شەرەف" دەکەونە کوێی ئەم دوو چەمکەوە؟

لەم جۆرە تاوانانەدا، قوربانییەکە بەردەوام ئافرەتە و خزمایەتییەکی هاوخوێنی لەگەڵ تاوانبارەکەدا تا پلەی چوارەمی خزمایەتی (واتە دایک، کچ، خوشک، خوشکەزا یان برازا مێیینەکان لە باوکەوە، ئامۆزا لە باوکەوە یان لە دایکەوە، هتد) هەیە، یاخۆ لەڕێی ژن و ژنخوازییەوە. زۆربەی کات تاوانبارەکە پیاوە، هەندێ جاریش تاوانبارەکە دەشێ ژنێک بێت کە بە بەهای نێرینەکان گۆش کراوە. دەشێ قوربانییەکە کەسێکی سەڵت، خاوەن مێرد، تەڵاقدراو یان بێوەژن بێت. ئەو تاوانەی کە ڕووبەڕووی کراوەتەوە ئەوەیە کە پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ پیاوێکدا هەیە کە مێردی نییە. خەڵک بەم پێوەندییە قەدەغەکراوە دەڵێن زینا[1] و سەرزەنشتکردنی کۆمەڵگەش ئەوە دەگەیەنێت کە زینا شوورەیی "عار" دەهێنێت بۆ خزمانی ژنەکە و ئەمەش شەرەفیان بەڕادەیەک لەکەدار دەکات کە تاکە ڕێگە بۆ سڕینەوەی ئەو شوورەییە و ڕاستکردنەوەی شەرەفە لەکەدار بووەکەیان ئەوەیە کە هۆکارەکەی لەناو ببەن: واتە، ئەندامێکی خێزانی ژنەکە ئەو ژنە بکوژێت.

لێرەدا دوو شت ڕوون دەبنەوە: یەکەمیان، پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرێتی شەرەفی کەسە مێیینەکە دەخاتە ژێر گومان و ڕەخنەوە، نەک شەریکە نێرینەکەی. دووەم، شەرەفی ژن موڵکی خزمە نێرینەکانە نەک موڵکی خۆی بێت، ئافرەتەکە تەنیا پاسەوانی ئەم شەرەفەیە و ناچارە لەبەر خاتری پیاوەکە، کە سزای کوشتنی لەدەستدایە، پارێزگاریی لێ بکات. ئەمە سەرباری ئەوەی کە شەریکی ژنەکە لە پێوەندییەکی وەهادا پیاوە و دیارە بەبێ بەشداریی ئەو و ئەگەری دەستپێشخەریی ئەو هیچ تاوانێک ڕوو نادات. کەچی ژنەکە بەتەنیا ڕووبەڕووی دەرەنجامەکان دەبێتەوە.

## بارودۆخی سۆسیۆ-مێژوویی

سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەردەمی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتدا بەسەر ڕەوشی ژناندا هاتووە، تا ئێستاش پاشماوەکانی بیرۆکەی کۆیلایەتی پێوەندیی نێوان ژن و پیاو لەناو خێزاندا بەڕێوە دەبات. لە ڕووی مێژووییەوە، کۆیلایەتی لەڕێی دروستبوونی موڵکیەتی تایبەت و دواتر سیستمی باوکسالارییەوە دروست بوو، ئەو سیستمەی کە پیاو و باوکی کردە خاوەنی هەموو شتێک و دەسەڵاتێکی ڕەهای پێ بەخشین بەسەر زۆر شتدا و هەروەها بەسەر سەرجەم ئەندامانی خێزاندا. ژن و منداڵ درێژکراوەیەکی سروشتیی موڵکی سەرۆکی خێزان "رب" بوو، لە ڕاستیدا،

بەکارهێنانی وشەی "رب- خودان"[٢] بۆ سەرۆکی خێزان واتای سیستمێکی هەرەمیانە و دەسەڵات و خاوەندارێتی دەگەیەنێ[٣]. لە قۆناخە سەرەتاییەکانی "خێزانی باوکسالاری"دا، باوک مافی کوشتنی هاوسەرەکەی و منداڵەکانیشی هەبوو، هەروەکو چۆن مافی کوشتنی کۆیلەکەی هەبوو.

پێشکەوتنە ئابووری و زانستییە بەرچاوەکانی ئەم سەردەمە (کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵک دیاری دەکەن) هێشتا نەیانتوانیوە نە کەلەپووری گەورەی سیستمی باوکسالاری و نە ئەو کاریگەرییانەشی کە بەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتن لە مافەکان لە کۆمەڵگەی لبنانیدا جێی هێشتووە بەیەکجاری بسڕنەوە، هەرچەندە ڕێژەی ئەو کاریگەرییە بەگوێرەی ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان و مەیلی گرووپە جیاجیاکانی گەلی لبنان دەگۆڕێت. پاشماوەکانی ئەم چەمکانە دەسەڵات و ڕەوایەتی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە وەردەگرن، بەتایبەتی لە کولتووری باڵادەست، کەلەپووری ئاینی باو و یاسا. کولتووری باڵادەست جگە لە ڕۆڵی هاوسەر و دایک، بۆ ژن، دان بەهیچ ڕۆڵێکی تردا نانێت. ئەگەر ئافرەتێک ڕێگەی پێ بدرێت لەسەر خوێندن بەردەوام بێت یان کارێکی هەبێت، ئەمە بۆ ئەوەیە کە هەلی هاوسەرێتیی زیاد بکات و بەمەرجی ئەوەشە کە ئەمە ناکۆک نەبێت لەگەڵ ڕۆڵە سەرەکییەکەی کە برێتییە لە خزمەتکردنی مێردەکەی و بەخێوکردنی منداڵەکانی. پەروەردەکردنی کچان ئەم ڕۆڵە دەچەسپێنێت و هانیان دەدات کە جەخت لەسەر مێبوونیان (ئونوسەتیان) بکەنەوە تا پیاوان ئارەزوویان بکەن، ئەمە لە کاتێکدا تێکەڵبوونیان لەگەڵ پیاوان لێ قەدەغە دەکرێت بەڕادەیەک کە پێوەندییەکی سۆزداری لەگەڵیاندا "بەتاوان دادەنرێ". جەستەی ئافرەت ئامرازێکە بۆ ئارەزووی مێرد و بۆ زاوزێکردن، جەستە شتێکی "ئابرووبەرە" (عورە[٤])یە کە خێزان دەبێ بیپارێزێت و (لە دوای خێزانیش کۆمەڵگە) چونکە جەستە موڵکی ئەوە. پێش شووکردن، جەستەی ئافرەت موڵکی خێزانی باوکیەتی، کە شووی کرد، مێرد و خێزانەکەی موڵکدارێتییەکەی بەش دەکەن.

بەها و بیرۆکە و داوونەریت و ڕەوشت و نەریتەکان بەگوێرەی ڕۆژگار و شوێن دەگۆڕێن و لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جۆر و ئاستی شارستانێتی و ئاستی پابەندبوون بەئاین و ئەرکەکانەوە گۆڕان دروست دەکەن. لە بنەڕەتدا، ئاین بۆ چاکەی خەڵک سەری هەڵدا بەبێ جیاکاری کردن لە نێوان پیاو و ژندا. لەگەڵ ئەوەشدا، زانایانی یاسا هەن (کە پیاون) و شەرم ناکەن لەوەی کە لێکدانەوەی هەڵە بۆ هەندێک ئایەت بکەن تاوەکو ڕەوایەتیی خودایانە ببەخشنە بە "دەسەڵاتی" خۆیان بەسەر ژناندا بەبیانووی ئەوەی کە خودا پیاوی لا پەسندتر بووە لە ژن و لێرەوە مافی کۆنترۆڵکردنی بەخشییە پیاوان، کە ڕەنگە هەر ئەمەش بێت گەیشتبێتە مافی موڵکدارێتی و لەناوبردنی جەستە و عەقڵ وەک یەک. ئەمانە لە زانا کۆنەکانەوە دەست پێ دەکەن، کە پێیان وا بوو مێردی ژن "بعل"ەکەیەتی (واتە سەردارەکەی)، تا یاسازانەکان کە ژنیان بە بەرپرس دادەنا لە دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت، تا غەزالی و ئەوانی تر، کە ڕایان وا بوو "ژن دە سەرچاوەی شوورەیی هەیە، ئەگەر شوو بکات، ئەوە مێردەکەی یەکێکیان دادەپۆشێت، کە مردیش ئەوە گۆڕەکەی هەر دەیان دادەپۆشێت". ئەم کەلەپوورە گەورەیە تا ئێستاش زیندووە لە بیری زۆر لەو کەسانەی کە هێشتا ماویانە پێ بنێنە ناو سەدەی بیست و یەکەوە و بیرۆکەی مافی سروشتی و

بنەڕەتیی یەکسانی قبوولّ بکەن، ئەو مافانەی کە بەخۆڕسکی هەموو مرۆڤێک لە لەدایکبوونەوە تا مردن هەیەتی، بێ گوێدانە ئەو ئینتیمایانەی کە لە دەستی خۆیدا نییە، لەوانە ئینتمای ڕەگەزی.

تاوانی کوشتنی ژنان بەبیانووی "پاککردنەوەی عار" و پاراستنی شەرەف، کە بەتەنیا مولّکی پیاوانە، بەهیچ شێوەیەک قبوولّ نییە. لە وڵاتێکی وەک لبناندا نابێ چاوی لێ بپۆشرێت، وڵاتێک کە ئەندامی دامەزرێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەشداریی کردووە لە ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا، وڵاتێک کە پابەندی تێکستی جۆراوجۆری ڕێککەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤە چونکە پەسندی کردوون و ئەولەویاتیان دراوەتێ لە حاڵەتی ناکۆکیدا لەگەڵ یاسا ناوخۆییەکاندا. هەر لە سەرەتای سالآنی هەفتاوە، چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی دژایەتیی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە و لەسەر بنەمای ناپێوەنداری مادەی ٥٦٢ بۆ دادگە لبنانییەکان خستووەتە ڕوو. ئەم هەموارکردنە نیوەناچڵەی ئەم دواییەی تێکستەکە لە کاتێکدا هات کە دەبوو هەمووی بەندەکە هەڵوەشێنرایەتەوە. هیواداریین کە تێڕوانین لە فایلەکانی ئەم تاوانانە ڕۆشنایی بخاتە سەر مەسەلەکە و پشتگیریی ئەو بۆچوونانە بکات کە داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٥٦٢ی یاسای سزای لبنانی و لەکارخستنی هەر دەقێکی تری یاسایی دەکەن کە ڕێگە بەجیاکاریکردن لە نێوان هاوولاتییەک و هاوولاتییەکی تردا لەبەردەم یاسا و دادگەدا دەدات.

## چەمکی "تاوانەکانی شەرەف" لە یاسای لبنانیدا

پوختەیەکی مێژوویی مادەی ٥٦٢

لبنانی ئەمڕۆ، وەک دەوڵەت و کیانێکی سیاسی، لە ئەیلوولی ١٩٢٠دا سنووری یەکجارەکی و دامەزراوی بە دەست هێنا کاتێک فرەنسا، وەک دەسەلآتی ئینتیداب، دۆڵی بیقاعی گەڕاندەوە بۆ شاخی لبنان و لەدایکبوونی "دەوڵەتی لبنانی گەورەتر"ی ڕاگەیاند. دەسەلآتی فرەنسا بەسەر لبناندا لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەستی پێ کرد و لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهاندا وەستا کە لبنان سەربەخۆیی بە دەست هێنا. پێش ئەوە، لە ساڵی ١٥١٦ەوە، لبنان بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە ئەنجامی ئەوەشدا لە ژێر یاساداڕێژیی عوسمانیدا بوو، کە بەزۆری پشتی بەشەریعەی ئیسلامی بەستبوو. پاش دەرکەوتنی یاسای ناپلیۆنی و بلاوبوونەوەیان بەئەوروپا و خۆرئاوادا بەگشتی، دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن هێزە ئەوروپاییەکان و گەلانی ناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتەکەوە کەوتە ژێر گوشارەوە تا دەست بەپرۆسەی ڕێکخستنی یاساکانی بکات. کۆمەڵێک یاسای عیلمانیی مۆدێرن ڕاگەیەنران، کە بەتایبەت پشتی بەستبوو بەیاسای فرەنسا کە ڕەگەکانی ئەویش لە یاسای ڕۆمانیدا بوو. دەقە ئیتاڵیاییەکانیش کاریگەریی خۆیان هەبوو. لە ماوەی ئینتیدابی فرەنساییدا یاسای سزای عوسمانی کاری پێ دەکرا هەتاکو ڕاگەیاندنی یاسای سزای لبنانی ئەمڕۆ لە ساڵی ١٩٤٣دا[٥]. لە بارەی بابەتی بەناو "تاوانەکانی شەرەف"ەوە، یاسای عوسمانی بەم

شێوەیەی خوارەوە دارێژرابوو:

"مادەی ١٨٨: هەر نێرینەیەک کە هاوسەرەکەی یان یەکێک لە مەحرەمەکانی[٦] لەگەڵ کەسێکی تردا لە زینای ئابڕووبەردا ببینێت و لە یەکێکیان یان هەردووکیان بدات، یەکێک یان هەردووکیان بریندار بکات یان بکوژێت، ئەوە دەبێ لە سزا ببەخشرێت[٧]، هەر نێرینەیەک کە هاوسەرەکەی یان یەکێک لە مەحرەمەکانی لەگەڵ کەسێکی تردا لە پێخەفێکی نایاساییدا ببینێت و یەکێک یان هەردووکیان بریندار بکات یان بکوژێت ئەوە دەبەخشرێت[٨]."

ئەم دەقە لە مادەی ٣٢٤ی یاسای سزای فرەنسایی ساڵی ١٨١٠وە وەرگیراوە، کە خۆشی لە ژێر کاریگەریی یاسادارێژی ڕۆمانیدا بووە کە سیستمی باوکسالاریی پیرۆز ڕادەگرت و دەسەڵاتی باوک و هاوسەرێتیی بەرەها دادەنا[٩]. مادەی ٣٢٤ و چەند تێکستێکی تری پێوەندار بەزیناوە لە ساڵی ١٩٧٥دا لە یاسای سزای فرەنسایی لابران. لە لبنان، ئەو یاسا عیلمانییانەی کە لە ماوەی سەرەتای ئینتیدابی فرەنساییەوە دەرکرابوون تا ڕادەیەکی زۆر پشتیان بەیاسای فرەنسایی بەستبوو، لەوانە ئەو بڕگە یاساییەی کە لە یاسای سزای لبنانی ساڵی ١٩٤٣دا هەیە.

مادەی ٥٦٢ پێش هەموارکردن

بەر لە هەموارکردنی، دەقی مادەی ٥٦٢ی یاسای سزای لبنانی بەمجۆرە بوو:

"هەر کەسێک لە ناکاو بچێت بەسەر هاوسەرەکەی[١٠] یان یەکێک لە وەچەکانی یان باوباپیرانی یان خوشکەکانی لە کاتی ئەنجامدانی سێکس (زینا)دا یاخۆ لە جووتبوونێکی نایاساییدا و یەکێکیان بکوژێت یان بریندار بکات، بێ مەبەست، ئەوە دەبێ لە بەهانەکانی بەخشین لە سزا سوودمەند بێت. هەر پیاوێکیش کاتێک لە ناکاو دەچێت بەسەر هاوسەرەکەی یان یەکێک لە وەچەکانی یان باووباپیرانی یان خوشکەکانی لە هەلومەرجێکی گومانئامێزدا لەگەڵ کەسێکی تردا و کەسێک دەکوژێت یان بریندار دەکات ئەوە سوود لە بەهانەی سووککردنی تاوان دەبینێت."

لە حاڵەتی یەکەمیاندا، یاسای لبنانی لێخۆشبوونی تەواوی لە سزاکە بەخشی، لە حاڵەتی دووەمیشیاندا "بەهانەی لەسەر سووککردن" وای دەخواست کە سزا یاساییەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە، دادوەر ناچار بوو کە هەردووکیان ڕەچاو بکات، بەپێچەوانەی "هۆکارە لەسەر سووککەرەکان"ی تری شوێنەکانی تری ناو یاسای سزادان. بەخشینی ئەم بەهانانە لەگەڵ مادەی (٣) ٥٤٩ی یاسای سزادان ناکۆک بوو، کە داوای سزای لەداردان دەکات بۆ کوشتنی بەمەبەستی وەچە یان باووباپیران. پیادەکردنی مادەی ٥٦٢ پێویستی بەتێکەڵەیەکی ئەم بارودۆخانەی خوارەوە هەبوو:

حاڵەتی لەناکاوی

ئەگەر تاوانبارەکە پێشتر بەپێوەندیی نێوان قوربانی و شەریکەکەی زانیبوو، ئەوسا حاڵەتی لەناکاوی پووچەڵ دەبێتەوە و تاوانبارەکە سوود لە بەهانە یاساییەکە وەرناگرێت.

گرتن لە کاتی کردەکەدا

دەبێ قوربانییەکە لە کاتی کردە نایاساییەکەدا لەگەڵ شەریکەکەیدا بگیرێت تا بەهانەی بەخشین لەلایەن یاساوە بەکار بێت، یاخۆ دەبێ لە هەلومەرجێکی گومانئامێزدا بگیرێت تاوەکو بەهانەی لەسەرسووککردن بەکار بێت. لێرەدا "گرتن لە کاتی کردەکەدا" ناخوازێت کە تاوانبارەکە بەکردەیی قوربانییەکە لە ساتی ئەنجامدانی کردارەکەدا ببینێت، بەڵکو بوونی هەموو فاکتەرەکان بەسن بۆ دڵنیابوونی لەوەی کە کارەکە ئەنجام دراوە، "هەلومەرجی گومانئامێز" ئەوەیە کە وا لە تاوانبارەکە دەکات باوەڕ بکات (ئەمە زانیاریی مسۆگەر نییە) کە کردەی جووتبوونێکی یاساخ رووی داوە، پێشبینی دەکرا کە ڕوو بدات، یان خەریک بوو ڕووی دەدا.

دەستبەجێ ئەنجامدانی تاوانی کوشتنەکە یان بریندارکردنەکە

بەهانەی یاسانەگرتنەوە کاتێک تاوانبارەکە دەگرێتەوە ئەگەر ئامادە بووبێت لە حاڵەتێکدا کە کاردانەوەیەکی خۆکردی لێ کەوتبێتەوە لە ئەنجامی خورپەوە (سەدمەوە)، کە هەر کە کاردانەوە دەستبەجێکە بەسەرچوو نامێنێت. ئەمە وەک مەسەلەیەکی زاتی لێی دەڕوانرێت و جێ دەهێڵرێت بۆ توانای بڕیاردانی دادوەرەکە.

کاتێک هەموو ئەم توخمانە پێکەوە کۆ دەبنەوە، دەکرێت تاوانبارەکە ئەو بەهانە یاساییانە بەکار بهێنێت کە لە مادەی ٥٦٢دا باس کراون. ئەوانەی کە مافی سوودوەرگرتنیان لە بەهانەکان هەیە مێرد و وەچە و باوباپیر و برا و زڕبران.

هەوڵەکانی هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٥٦٢

مادەی ٥٦٢ لە لایەن ژمارەیەکی زۆر یاسازانی نێر و مێی لبنانەوە ڕەخنەیەکی زۆری لێ گیرا، لەوانە خوالێخۆشبوو لۆرا موغازیل[١١] و عەبدوڵڵا لەحود. چەندان دەزگەی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵەی ژنان کاری بەکۆمەڵیان بۆ هەموارکردنی کردووە، بەو هیوایەی لە داهاتوودا بەیەک جاری هەڵوەشێنرێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٠دا، داکۆکیکار مونا زاهیل (١٩٦٨) توێژینەوەیەکی سۆسیۆ-یاسایی خستە بەردەم چەند ئەندام پەرلەمانێکی یاساناس و وەزیرەکانەوە، ئەم توێژینەوەیە لە ١١٨ بڕیاری دادوەریی دەڕوانی لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە کە لەلایەن دادگە لبنانییەکانەوە لە ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٨دا دەرکرابوون و لە یادداشتێکدا چەند هۆکارێکیشی بۆ پێویستیی هەموارکردنی ئەم بەندە خستبووە ڕوو. دەکرێت هۆکارەکانی بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

- بنەمای یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا پێشەنگی مافەکانی مرۆڤە، کە ئەمەش بنەڕەتێکە کە لبنان، وەک دەوڵەتە شارستانییەکانی تر، داوای کردووە. ئەم بنەڕەتە ڕێگە بەجیاکاریکردن نادات لە نێوان مێرد و ژندا لەو حاڵەتانەی کە مادەی ٥٦٢ دەیانگرێتەوە و لە هەر حاڵەتێکی تریشدا.

- لە هاوسەرێتیدا، هەردوو هاوسەر پێوەستن بەیەکترەوە و هەر یەکێکیان کاتێک دەبینێت ئەوی تر ئەم پێوەندییە دەشکێنێت و بەقووڵی بریندار دەبێ دەشێ غیرە بکات و کاردانەوەی هەبێت. لەو

حاڵەتانەدا، باری دەروونیی ئافرەت لە هی پیاو کەمتر کاری تێ ناکرێت، هەردووکیان وابەستەی ئەرکی دڵسۆزیی ژن و مێردایەتین، کە بەهانەیەکی یاسایی دروست نییە بۆ برا و وەچە و باوباپیران.

– نەرمیی یاساکان کە لە دادگەکان بۆ ئەو مەسەلانە بەکار دەهێنرێن هیچ ناکات بۆ ڕێگرتن لەم تاوانانە.

پاشان یادداشتەکە دەچێتە سەر ئەوەی کە دەقێک پێشنیازبکات تا جێی مادەی ٥٦٢ی ناوبراو بگرێتەوە، وەک ئەمەی خوارەوە:

هاوسەرەکە (نێرینە یان مێیینە) کە لە ناکاو دەچێت بەسەر هاوسەرە نێرینە/مێیینەکەیدا لە حاڵەتی ئەنجامدانی زینادا و بێ مەبەست دەیکوژێت یان برینداری دەکات سوود وەردەگرێت لە بەهانەی سووککردنی سزا. ئەوەی کە مێردەکە یان هاوسەرەکە سوود وەردەگرن لە سووککردن ڕێ ناگرێت لەوەی کە دادوەرەکە، لە کاتی حوکمداندا، ئەگەر پێویستی کرد هۆکاری لەسەر سووککردن ڕەچاو نەکات.

دەقە پێشنیازکراوەکە جیاوازە لە دەقە بنەڕەتییەکە لە یەک: یەکسانکردنی ژن و مێرد وەک تاوانبار یان قوربانیی تاوانەکە، دوو: پووچەڵکردنەوەی بەهانەی نەگرتنەوە لەلایەن یاساوە و تەنیا هێشتنەوەی بەهانەی سووککردن، سێ: سنووردارکردنی مافی سوودوەرگرتن لە بەهانەی سووککردن (لەو شوێنانەدا کە پیادە دەبێت) بۆ هاوسەرەکان و هەڵاوێردکردنی ئەندامانی تری خێزان، چوار: پووچەڵکردنەوەی بەهانەی سووککردن لە حاڵەتەکانی "هەلومەرجی گوماناوی"دا.

لە ساڵی ١٩٧٥دا، پەرلەمانتار ئۆگەست باخوس، کە لەلایەن ڕێکخراوە چالاکەکانی بواری مافەکانی مرۆڤەوە پشتگیری دەکرا، پێشنیازی کرد کە پەرلەمان بەپشتبەستن بەتوێژینەوەیەکی یاسایی گشتگیر یاسایەکی بەپەلە دەربکات بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٥٦٢– پێشنیازەکە نەبووە یاسا. هەتا کۆتایی ١٩٩٠ەکانی خایاند کاتێ بڕیاری هەموارکردنێک دەرچوو.

مادەی ٥٦٢ پاش هەموارکردن

لە ساڵی ١٩٩٦دا لبنان پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریکردنی لە دژی ژنان پەسند کرد و ڕێکخراوە ناحکوومییە لبنانییەکان هەوڵەکانیان بۆ هەموارکردنی مادەی ٥٦٢ ئەوەندەی تر زیاد کرد. لە ساڵی ١٩٩٨دا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئەنجوومەنی لبنان لە یادی ڕەحمەتی لۆری موغازیلدا سازی دا، وەزیری داد ڕای گەیاند کە ڕەشنووسی یاسایەکی پێشکێشی پەرلەمان کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی "ئەو بەهانەیەی کە دەڵێت یاسا نایان گرێتەوە" لە مادەی ٥٦٢ی یاسای سزاداندا "چونکە هانی جۆرێک لە دادپەروەریی تایبەتی دەدات". دەقی ڕەشنووسەکە لە ١٩٩٩/١٢/٣دا لایەن کۆمیتەی کارگێڕی و دادەوە پەسند کرا و دواتریش لە ١٩٩٩/٢/١٠دا لە لایەن پەرلەمانەوە هەموار کرا و بوو بەیاسا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە دەقی بنەڕەتیی مادەی ٥٦٢ لە یاسای لبنانیدا وەکو خۆی مابووەوە

سـەرەڕای هـەڵوەشـاندنەوەی دەقی ئەو یاسـا فـرەنسـاییـیـەی کـە سـەرچاوەی ئەم بەندە بوو لە ١٩٧٥دا. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەو هەمـوارکـردنەی کە لە ١٩٩٩دا ئاخنرایە ناو یاسـای لبنانییـەوە[١٢] تەنیـا لـە پەرەگـرافی یەکـەمـدا "بەهـانەی نەگـرتنەوە لەلایـەن یاسـاوە"ی گـۆڕیبـوو بۆ بە "بـەهانەی سووککردن" و پەرەگرافی دووەمی سڕیبووەوە. دەقە هەموارکراوەکە بەم شێوەیەی لێهات:

هەر کـەسـێک لە ناکـاو بچـێت بەسـەر هاوسـەرەکـەی یان یـەکـێک لە وەچەکـانی یان سـەر بەباووباپیرانی یان خوشکەکەی لە تاوانی زینای لەبەرچاودا یاخۆ لە جووتبوونێکی نایاساییدا و یەکێکیان بکوژێت یان بریندار بکات، بێ مەبەست، ئەوە سوود لە بەهانەی سووککردن دەبینێت.

هەموارکردنەکە لە مامەڵەکردنی ژن و مێرددا وەک تاوانبار یان قوربانی یەکسانیی نەخستەوە و مافی وەچە و پشتە نێرینەکانی بۆ سوودوەرگرتن لە بەهانەی یاسایی بەهەمان شێوەی مێردەکە هێشتـەوە. وەک لە سـەرەوە باس کـرا، ڕوونکردنەوەکەی وەزیری داد لە بارەی هەمـوارکـردنەکەوە مـــەیلێک بـوو بۆ هـانـەدانی "دادوەریـی تایبـــەتی". وەک زانـراوە، دادوەریـی تایبـــەتیش (واتـە تۆڵەسـەندنەوە)، واتە تاوانبـارەکە ڕاستـەوخـۆ تۆڵە لە قـوربانییـەکە دەکاتەوە بەبێ پـەنابەبردنە بەر دادگە، لە کردەوەیەکی حـەق سـەندنەوەدا کە تاوانبـارەکە مـافی شـەرعیی قوربانییـەکەی پێشـێل کـردووە. بۆ ئـەوەی ئەم لێکدانەوەیە بەسـەر ئەو تاوانانەدا کـە لە مـادەی ٥٦٢دا هـاتووە پیـادە بێت، دەبێ کوێرانە ئەم گریمانانەی خوارەوە قبووڵ بکەین:

– هەموو پێوەندییەکی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرێتی ئابڕووبەرە و شـەرەفی ئافرەتەکە لەکەدار دەکات،

– شەرەفی ژنەکە موڵکی مێردەکەی یان خزمە نێرینەکانیەتی، نەک هی ژنەکە خۆی،

– ژنەکە بەرپرسیارێتیی ڕاستەوخۆ و تەواوی دەکەوێتە ئەستۆ لەم لەکەدارکردنی شەرەفەدا، ئینجا ئەگەر بەویستی خۆی ڕووی دابێت یان بێ ویستی خۆی، یاخۆ تەنانەت دژ بەویستی خۆیشی بووبێت، ئەوە هەر دەبێ قورسترین سزای جەستەیی بدرێت،

– ئافرەتێک کە مەرجەکانی مادەی ٥٦٢ بیگرێتەوە دەکرێت دوو جار ببێتە قوربانیی پیاو: یەکەم جـار کاتێک لە لایەن پیـاوێکەوە پەلامـار دەدرێت و دووەم جـار کـاتێک کـە دەبێ ژیانـی دابنێ لە بەرامبەر ئەو کردارەدا کە پیاوەکە کردوویەتی.

ئەمـەش لە واقیـعدا ئەوە دەگـەیەنێت پاشـمـاوەکـانی "سیسـتـمی باوکسـالاری" کە لە ڕۆمـانە کـۆنەکـانـەوە بۆمـان بەجێ مـاوە تا ئێـسـتـاش باڵیـان کـێـشـاوە بەسـەر یاسـای وڵاتێکدا کـە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی بەپێشەنگی پێشکەوتن و شارستانێتی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دادەنێت. لە وڵاتـانی تری پێشکەوتووتردا هەمـوو بەندە یاسـاییـەکـانی تایبـەت بەزینا مـاوەی ٢٥ سـاڵ زیاترە هەڵوەشـێنراونـەتەوە. لەو وڵاتانەدا، ئێـسـتـا زیناکردن بـەیەکێک لە هەرە گـەورەترین پێشێلکارییەکانی ڕێککەوتننامـەی هاوسەرێتی دادەنرێ و لەسەر داوای هاوسـەرەکەی تر دەبێتە هۆی هەڵوەشـاندنـەوەی ئەو ڕێککەوتنـامـەیە. هەرچی ئەندامـانی نێـرینەی تـری خـێـزانیـشـە، هیچ هەقیـان بەسـەر کەسێکەوە نییـە کە پێـوەندیی سـێکسی لە دەرەوەی هاوسـەرێتی ئەنجـام دەدات،

چونکە تەنیا لایەنە گوناهبارەکە ئابڕووی دەچێت، ئەگەر ئەمە ئابڕووچوون بێت و، خزمەکانی ناگرێتەوە. سەبارەت بە ""پەلاماردان"یش، ئەوە دەبێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ لایەنە گوناهبارەکە ئەنجام بدرێت نەک لەگەڵ قوربانییەکە، ئەمەش لەسەر داوای قوربانییەکە ئەگەر قوربانییەکە کەسێکی باڵق بوو، یان لەسەر داوای سەرپەرشتیار یان چاودێریکەر ئەگەر قوربانییەکە هەرزە بوو و توانای یاسایی نەبوو.

ناکۆکیی نێوان مادەی ٥٦٢ و یاسا باڵاکان

لە دەستووردا، لبنان پابەندیی خۆی بەبنەڕەتی دادپەروەری و یەکسانییەوە بۆ هەموو لبنانییەکان لەبەردەمی یاسادا پێشان داوە. لە پەرەگرافی Cی پێشەکییەکەدا هاتووە کە "لبنان وڵاتێکی پەرلەمانیی دیموکراتە و لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا بۆ هەموو هاووڵاتییان لە بەردەم یاسادا بەبێ جیاکاری و لایەن گرتن دامەزراوە. "مادەی ٧ دەڵێت: "هەموو لبنانییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن"، "لبنانییەکان" ژن و پیاو وەک یەک دەگرێتەوە. دەقی مادەی ٥٦٢، لەگەڵ چەند برگەیەکی یاساییی تردا، بەشێوەیەکی زەق جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا دەکات، بۆیە ناکۆکە لەگەڵ ڕۆحی دەستووردا. دەبێ دەقە بچووکەکان ملکەچی دەقە باڵاکان بن نەک بەپێچەوانەوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە لبنان خۆبەخشانە چەندان پەیماننامە و ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتیی ئیمزا کردووە کە داوای بنەمای یەکسانی و نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە نێوان کەسێک و کەسێکی تردا دەکەن کە لەسەر ئەو بناغانەی دەکەونە دەرەوەی ئیختیار و ئیرادەی خۆیانەوە. بەمەش، لبنان خۆی بەمەرجە یاساییەکانی ئەم بەڵگەنامانەوە بەستووەتەوە و لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکیدا لەگەڵ یاسا ئاساییەکاندا ئەولەویەتی داونەتێ. ئەولەویەت پێدان لە جێبەجێکردنی یاسا باڵاکان لەو حاڵەتانەدا لە بەندی (٢)ی یاسای پەیڕەوی مەدەنیدا هاتووە. لبنان لە ڕووی یاساییەوە بەستراوەتەوە بەگرینگترین پەیماننامەی نێودەوڵەتییەوە، جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، کە هەموو جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەڕەتی ڕەگەز ڕەت دەکاتەوە، بەپەسندکردنی ئەم پەیماننامەیە، لبنان ناچارە کە بەهەموو ئەو دەقە یاساییانەدا بچێتەوە کە جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا دەکەن، لە پێش هەموویشیانەوە یاسای سزادان، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی لەسەر ژیان و ئازادی و کەرامەتی خەڵک.

شیکردنەوەی یاسایی بۆ کەیسەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پشت دەبەستێت بەتوێژینەوەی چەند فایلێک کە لەو لێکۆڵینەوانەوە بە دەست هاتوون سەبارەت بەو حوکمانەی لە حاڵەتەکانی کوشتنی ژناندا بەبیانووی "پارێزگاریکردن لە شەرەف" لە تۆمارەکانی دادگەی باڵا و دادگەی تاوان و دادگەی بەراییدا خراونەتە ڕوو و مامەڵە لەگەڵ تاوانەکانی نەوجەوانان لە شەش پارێزگەی لبناندا (بەیروت و جەبەل لبنان و بیقاع و باکوری لبنان و باشووری لبنان و نەبەتیە) دەکات. ئەمانە ژمارەیان بیست و پێنج فایل بوو و بەزۆری جەختیان

کردبووە سەر ئەو حوکمانەی کە لە ١٩٩٨–٢٠٠٣دا دەرچوون. بەر لەم توێژینەوەیە دوو توێژینەوەی تر لەبارەی ئەم بابەتەوە ئەنجام درابوون. یەکەمیان، لەلایەن مونا زاهیل (١٩٦٨)ەوە کە پێشتر باسمان کرد و ١١٨ حوکمی ساڵانی ١٩٥٨–١٩٦٨ی لەخۆ گرتبوو. دووەمیان لەلایەن پارێزەران فادی موغازیل و حکوومەتیلا عەبدولستار لە ١٩٩٩دا ئەنجام درابوو کە لە ٣٦ حوکمی دەروانی کە لە نێوان ١٩٩٥ و نیسانی ١٩٩٨ و بەر لە هەموارکردنی مادەی ٥٦٢ دەرکرابوون.

بۆ مەبەستی توێژینەوەکەمان، خشتەیەکی زانیاری لەبارەی هەر فایلێکەوە پڕ کرایەوە، لەوانە ئەو زانیارییانەی کە توێژینەوەکە پێویستی بوو، بەتایبەت زانیاریگەلێک کە یاریدەدەر بن لە دیاریکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی قوربانی و تاوانبارەکە و پرۆسە یاساییەکەدا (قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە و دادگەییکردن، مەسەلەکانی دەقی یاسایی و لێکدانەوە. لەبەر ناڕوونی لە تۆمارکردنیان لە تۆمارەکانی دادگەدا، بەدەستهێنانی ئەم فایلانە زەحمەت بوو) چونکە تەنیا دەنووسن "کوشتن"، هەرچەندە ئێمە لە دوای فایلی پێوەندار دەگەڕاین کە پێوەندیی بە کوشتنی ژنانەوە لە لایەن ئەندامانی خێزان و خزمانەوە هەبێت. ئەمە نیشانەی کێشەیەکی سۆسیۆ-یاساییە کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لە یاسای لبنانیدا چەمکی شەرەف قسەی لەسەر ناکرێت.

گرینگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەو ٢٥ فایلەی دەستمان کەوتن رووپێوێکی سەرتاپاگیری هەموو ئەو تاوانانە نین کە بە "تاوانەکانی شەرەف" ناسراون. ئەم جۆرە تاوانە هەموو جارێک ناچێتە بەردەم دادگەوە. هەندێکیان لەلایەن خێزانی قوربانییەکەوە پەردەپۆش دەکرێت بۆ ئەوەی خۆیان لە ریسوایی و ئابڕووچوون بپارێزن و هەروەها لە پێناوی ئەوەی تاوانبارەکە لە سزادان بپارێزن. هەندێکی تریان ڕاستییەکان دەشێوێنن و وەک خۆکوشتن و ڕێکەوت یان وەک مەسەلەی "چارەنووس – قەزاوقەدەر" وێنای دەکەن(١٣).

لە فایلەکانەوە روون بووەوە کە ژمارەیەک لە تاوانەکانی کە لە ژێر ناوی "تاوانەکانی شەرەف"دا یان "کرینەوەی شەرەف"دا ئەنجام درابوون، لە ڕاستیدا وا نەبوون، هەرچەندە تاوانبارەکە ویستبووی لە پشت ئەم بیانووەوە خۆی بشارێتەوە تاوەکو سوود لە بەهانەی سووککردنی حوکم بەگوێرەی مادەی ٥٦٢ی هەموارکراو ببینێت، وەک ئەو مێردەی کە ویستبووی ژنی یەکەمی (دایکی منداڵەکانی) لەکۆڵ خۆی بکاتەوە لەبەرئەوەی ژنەکەی چووبوو بۆ دادگە بۆ ئەوەی ناچاری بکات نەفەقەی منداڵەکانی بدات پاش ئەوەی پیاوەکە ژنی دووەمی هێنابوو و نەیتوانیبوو بژێوی دوو ماڵی جیا پەیدا بکات، یان ئەو مێردەی کە بەردەوام و بێ هۆ لە ژنەکەی داوە، بەڵام کاتێک کە ژنەکە ئەمە بەخێزانەکەی دەڵێت پاش ئەوەی کە بۆ چەندان ساڵ لەگەڵ ئەم زاڵمەدا هەڵی کردبوو، مێردەکەی ژنەکەی و خوشکەکەی دەکوژێت. ئەم پیاوە دانی بەوەدا نابوو کە ژنەکەی سەرڕاست و داوێن پاک بووە. باوکێک کچە سکپڕەکەی، کە تازە تەڵاق درابوو، کوشتبوو لەبەرئەوەی کچەکە ئەوەی ڕەت کردبووەوە بەس بۆ سووککردنی باری سەرشانی دایک و باوکی سکەکەی لەبار ببات، کاتێک کچەکە تەمەنی دوو ساڵان بوو ئەم باوکە دایکی کچەکەی تەڵاق دابوو و بەرپرسیارێتیی بەخێوکردنی کچەکەی دابووە دەست پوورێکی، واتە خوشکێکی خۆی، هەتا لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا

شووی کردبوو. پیاوێکی تر بووکەکەی کوشتبوو لەبەرئەوەی مێردەکەی (واتە کوڕی پیاوەکە) ڕازی نەبوو کـە تـەڵاقی بدات. هەروەها برایەک خـوشکە شـووکـردووەکـەی کـوشـتـبـوو چونکە هاوسەرێتییەکەی بەدڵ نەبوو.

ئەمـانە نموونەی واقـیـعی ئەو جـۆرە هۆکـارە شـەخـسـییـانەن کـە بکوژەکـان دەیان هێننەوە لە کوشتنی ژناندا کە لە دادگەدا هەوڵ دەدەن ئەو تۆمـەتە ئاسـانە (لەم حاڵەتانـەدا ستـاندارده) بدەنە پاڵ قـوربـانیـیـەکـە کـە ئەو نێـرینەیە و "ئابڕووی" خـێـزانەکـەی بردووە. لێـرەدا، ئەوانەی کـە بەرژەوەندییەکی تایبـەتیان هەیە لەوانەیە لە دادگەدا دەستبەرداری مافەکانیان بن و گوێ نادەن بە بەدواداچوونی دادگەییەکە تا پارێزگاری لە ناو و ناوبانگی قوربانییەکە و ئەستۆپاکی لە بەرامبەر ئەو تـۆمـەتـانەی خـراونەتە پـاڵیـان بکەن. خـێـزانی یەکـێک لە قـوربـانیـیـەکـانی ناو فـایلەکـان دەستبەرداری مافی خۆیان بوون کە لە دژی تۆمەتبارەکە داوا تۆمار بکەن، خەزووری قوربانییەکە، پاش ئەوەی کە کچی تۆمەتبارەکە شووی کردبوو بەمێردی قوربانییەکە، لە حاڵەتێکی تردا، باوکێک دەستـبـەرداری مـافی خۆی بـوو لە بەرامـبەر مـێردی قـوربـانیـیـەکـەدا پاش ئەوەی بەپارە سـوڵحـیـان کرد(١٤).

لەگەڵ ئەوەشدا، لە نەبوونـی داوای شـەخسی و داوای قەیدکراودا، دادگە لبنانییـەکان بەگشـتی بەزەیی لـە بەرامـبـەر بکوژەکـەدا پێـشـان دەدەن و لـە ڕێی دانـنان بە "هـۆکـارەکـانی سـووککردنی سزادا" سـزاکەی کەم دەکەنەوە. زۆربەی سزاکانی ناو ئەم فـایلانە لەسـەر بنەمای مـادەی ٢٥٣ کەم کرابوونەوە، ئەمەش دەسـەڵاتی ئەوە دەداتە دادوەر کە سزاکە کـەم بکاتەوە ئەگەر باوەڕی بەوە هێنا کە تاوانبارەکە هۆکاری سووککردنی حوکمی هەبێت (نەک "بەهانەی سووککردنی حوکمەکە"(١٥)). یەک تاقـە حوکـم لەسـەر بنەمـای مـادەی ٥٦٢ی یاسـای سزادان دەر نەکرابوو. ئەو تاوانانەی کـە لە ٢٥ فـایلەکـەدا هـەبوون بەهیچ شـێـوەیەک هاوشـێـوە نەبوون، هـەرچەندە لەوانەیـە هەمـوویان وەک "تاوانـی شـەرەف" پۆلێن بکرێن بەو شـێـوەیەی کـە ناسـراوە، سـەربـاری هەوڵە بـەردەوامـەکـانی تاوانباران کە بەهیوای کەمکردنەوەی سزاکەیان خۆیان لە پشت ئەم دەستەواژەیەوە دەشارنەوە.

بۆیە، هـێـشـتـنـەوەی مـادەی ٥٦٢ لـە یاسـای سـزادانـدا سـوودی نـییـە و بەپێـچـەوانەوە ئـێـسـتـا هەڵوەشـاندنـەوەی لە هەر کاتێکی تری ڕابردوو زیاتر پێویستە لەبەرئەوەی ئەو زیانانەی کە دەیدات ڕوون و ئاشکران:

- هانی ئەنجـامـدانی تاوانی کوشـتنی ژنـان دەدات لە ڕێگەی ئەوەی کە هیـوا دەداتـە تاوانبـارەکە، پاش پەردەپۆشکردنی پاڵنەرەکانی کوشتنەکە، سوودی لێ ببینێت،
- بنەڕەتی نـایەکسـانیی جـێندەری لە نێوان هـاووڵاتییـاندا لـە بەردەم دادگەدا قـبـووڵ دەکـات، کە ئەمـەش پێشـێلکردنی مـادەی ٧ی دەسـتـووری لبنـان و ناوەڕۆکی چەند ڕێککەوتنامـەیەکی مـافی مرۆڤی نێودەوڵەتییە کە لبنان پێیەوە بەستراوەتەوە،
- ئەم مـــادەیە بەکــارهێـنانێکی کــردەیی نـیــیـە لـەبەرئـەوەی کــە لێکدانـەوەی دادوەری باوەڕی بەسـوودەکـەی نـیـیـە و بێ باکـە بەرامـبـەر هەبوونی، بەڕادەیەک کە مـەرجـەکـانی مـادەی ٢٥٣

یارمەتیی دادوەرەکە دەدات، کەی پێویستی کرد، کە هۆکارەکانی سووککردنی حوکم بەهەند وەرگرێت.

سیستەمی دادوەریی لبنانی سەبارەت بەتاوانەکانی کوشتنی ژن

لێکۆڵینەوەکە کە تایبەت بوو بە٢٥ فایل، پێشانی دەدات کە ٢٢ لە تاوانبارەکان ڕەوانەی دادگە کرابوون بەو تۆمەتانەی کە لە مادەی ٥٤٩ی یاسای سزادانادا هاتوون، واتە ئەو بەندەی کە لە حاڵەتەکانی کوشتنی بەمەبەست لە هەندێک هەلومەرجی دیاریکراودا داوای لەداردان دەکات[١٦]. سیانیان بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ٥٤٧، کە داوای سزای نێوان ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ دەکات لەگەڵ کاری قورسدا بۆ کوشتنی بەمەبەست. لەگەڵ ئەوەشدا، پۆلێنکردنی کردە تاوانکارییەکە بەشێوەیەکی تایبەت لە تۆمەتنامەکەدا لە کاتی ناردنی تۆمەتبارەکە بۆ دادگە ڕێگە ناگرێت لەوەی کە دادگە تۆمەتەکە بەشێوەیەکی تر پۆلێن بکاتەوە ئەگەر ئەمە بەگونجاو زانرا. داواکان ماوەیەکی زۆریان پێ دەچێت تا دەگەنە بەردەم دادگەی تاوان، پاش ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی بەرایی و لێپێچینەوە تەواو دەبێت، ڕەنگە تۆمەتبارەکە پارێزەرێکی بەرگری دەستنیشان بکات کە بەو شێوەیەی خۆی بەگونجاوی دەزانێت ڕاستییەکان لە لای دادگە دەخاتە ڕوو. دەربارەی شایەدەکانیش، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خزمی تاوانبارەکەن، ئیفادەیەک دەدەن کە جیاوازە لەوەی لەبەردەم پۆلیس و دادوەری لێکۆڵینەوەدا داویانە.

بۆیە دەبینین کە لەو ٢٥ داوایەدا، ١٥ تاوانبار بەگوێرەی مادەی ٥٤٩ سزا دران و حەوتیان بەگوێرەی مادەی ٥٤٧ و یەکێکیان بەگوێرەی مادەی ٥٥٣ (کە لە یارمەتیدانی خۆکوشتن دەکۆڵێتەوە[١٧]) و دوانیشیان بەگوێرەی مادەی ٥٥٤ (بریندارى[١٨]) سزا دراون. دادگەکان مادەی ٥٦٢یان پیادە نەکردووە و کردەی تاوانبارەکەیان بەتاوانی کوشتن دانا وەک لە مادەکانی ٥٤٧ و ٥٤٩دا هاتووە. واتە بەشێوەیەکی گشتی پیادەکردنی مادەی ١٩٣یان ڕەت کردەوە، کە ڕێگە دەدات حوکمەکان کەم بکرێنەوە بەو شێوەیەکی کە لە دەقەکەدا هاتووە ئەگەر دادوەرەکە بۆی دەرکەوت پاڵنەری کردە تاوانکارییەکە "شەرەف"ە، هەروەها مادەی ٢٥٢، کە "بەهانەی سووککردنی حوکم" لەخۆ دەگرێت بۆ تاوانبارێک کە تاوانەکەی لە حاڵەتی هەڵچوونی ڕقێکی بێ ڕادەدا ئەنجام داوە[١٩] کە بەرەنجامی کردارێکی "ناڕاست" و ترسناکی قوربانییەکە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تۆمەتبارەکە سوودی وەرگرتووە لە "هۆکارەکانی سووککردنی حوکم" بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ٢٥٣، تەنیا دوو لە حوکمەکان مادەی ١٩٣یان پیادە کردووە (کاتێ تۆمەتبارەکە وتبووی پاڵنەری تاوانەکە سکپڕی بوو لە ئەنجامی پێوەندیی سێکسیی ناشەرعیدا)[٢٠]. لەم حاڵەتانەشدا تەنیا یەکێکیان بەگوێرەی مادەی ٢٥٢ حوکم درابوو (کە تۆمەتبارەکە وتبووی پاڵنەرەکەی ناپاکیی هاوسەرێتی بووە). دەکرێت ئەم حوکمانە بەراورد بکرێن بەهەندێک حوکمی تر کە هەمان پاڵنەر هێنرابوونەوە بەڵام دادگە بەندەکانی ١٩٣ و ٢٥٢ی پیادە نەکردبوو. ئەم نموونانەی خوارەوە چۆنیەتیی کاری دادگە لەمەڕ سێ بەندی (١٩٣، ٢٥٢ و ٢٥٣)دا پێشان دەدەن.



لین وێڵشمان و سارا حوسێن (١٠)

ڕاڤەکردن سەبارەت بە مادەی ١٩٣

یاسا وا دەخوازێت کە دوو توخمی هۆکار هەبن بۆ ئەوەی تۆمەتبارێک بتوانێت سوود لە مادەی ١٩٣ی تایبەت بە "پاڵنەرەکانی شەرەف" وەرگرێت: دەبێ پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە خاسیەتی جواحکوومەتی و سالاریی تێدا بێت و بەدوور بێت لە تانەی خۆپەرستی و ئیعتیباراتی شەخسی و دەستکەوتی مادی(٢١). ئەمە لەم نموونانەی خوارەوەی حوکمی دادگەدا ڕوون دەبێتەوە:

حاڵەتی یەکەم، ئەو پاڵنەرەی کە تۆمەتبارەکە هێناویەتەوە سکپڕیی ناشەرعیی قوربانییەکەیە، کە کچی خۆیەتی:

بەهۆی ئەوەی دادگە ڕەچاوی ئەوە دەکات کە بەگوێرەی سکاڵای بەرگری و تۆمەتنامەکە، لەوانەیە تۆمەتبارەکە سوود لە مادەی ١٩٣ی یاسای سزادان ببینێت چونکە جواحکوومەتی و سالاری پاڵیان پێوە ناوە تاوانەکەی ئەنجام بدات(٢٢)، ئەوەش ئەو داوونەریتەی تێیدا گەورە بووە لە ناویدا چاندوویەتی و کردوویەتیە بەشێکی بەردەوام و بەهاداری ژیانی ڕۆژانەی(٢٣).

حاڵەتی دووەم، ئەو پاڵنەرەی کە تۆمەتبارەکە هێنابوویەوە سکپڕیی ناشەرعیی قوربانییەکە بوو، کە خوشکی خۆی بوو.

بەهۆی ئەوەی کە تۆمەتبارەکە تاوانەکەی بەپاڵنەری پاراستنی شەرەف و کەرامەتی خێزانەکەی ئەنجام داوە بەشێوەیەک کە دوور بووە لە خۆپەرستی و وا دەخوازێت کە سوود لە مادەی ١٩٣ ببینێت(٢٤).

حاڵەتی سێیەم، بەگوێرەی وتەی تۆمەتبارەکە، کە دایکی قوربانییەکەیە، سکپڕیی ناشەرعیی کچەکەی پاڵی پێوەناوە، هەرچەندە تاوانبارەکە نەناسرا بوو، لە لێکۆڵینەوەکانەوە دەرکەوت کە پێ دەچێت تاوانبارەکە برای قوربانییەکە بووبێت، بەڵام دایکەکە دانی بەوەدا نا کە بەتەنیا تاوانەکەی ئەنجام داوە تا بەرپرسیارێتییەکە بەتەنیا بکەوێتە ئەستۆی خۆی و کوڕەکەی لە سزادان بپارێزێت:

بەهۆی ئەوەی کە ڕۆڵی تۆمەتبارەکە تەنیا ئەوەندە بووە کە ڕێنمایی بدات بەکوڕەکە و ئەویش بریتی بوو لەوەی کە مردووەکە لە پێوەندییەکی سێکسیی ناشەرعییەوە سکی پڕ بووە، لە بارودۆخێکدا کە هیچ چارەسەر نەبووە جگە لەوەی لە ڕێگەی کوشتنی کچەکەوە بە دەستی کەسانی نزیکی کچەکە شەرەفیان بکڕنەوە، لەمەش زیاتر، دایکەکە (تۆمەتبارەکە) لە ئامادەکارییەکانی بەر لە تاوانەکەدا یارمەتیی تاوانبارەکەی داوە بەوەی کە هاوڕێیەتیی کردووە تا ئەو شوێنەی کە کارەساتەکەی لێ ڕوداوە... لە کاتێکدا کە دادوەری بەرگری هەوڵی بەکارهێنانی مادەی ١٩٣ی دا لەسەر بنەمای ئەوەی کە پاڵنەرەکەی شەرەف بووە، ئەمە لە کاتێکدا کە پەرەگرافی زیادکراوی مادەی ١٩٣ی ناوبراو داوا دەکات کە پاڵنەرەکە کاتێ بەشەرەف دادەنرێ ئەگەر جواحکوومەتی و سالاری پاڵیان پێوە نابێ و بەدوور بێت لە خۆپەرستی و ئیعتیباراتی شەخسی و دەستکەوتی مادی، بەڵام پاڵنەری ئەو تاوانەی کە باسی دەکەین بەدوور نەبووە لە خۆپەرستی و ئیعتیباراتی شەخسی، بۆیە دەبێ ئەم داوایەی دادوەری بەرگری ڕەت بکرێتەوە(٢٥).

حاڵەتی چوارەم، تۆمەتبارەکە برای قوربانییەکە بوو دەڵێت کە پاڵنەرەکەی ڕەفتاری خراپی قوربانییەکە و تێوەگلانی بووە بەکاری سۆزانییەوە بەیارمەتی و ئاگەداریی مێردەکەی:

چونکە کاتێک تۆمەتبارەکە خوشکەکەی کوشتووە کە تۆڵەکردنەوە لە خوشکەکەی پاڵی پێوە ناوە، ئەمەش لەبەرئەوەی خوشکەکەی ملکەچی فرمانەکانی نەبووە. تۆمەتبارەکە خەمی پاراستنی بەرژەوەندیی شەخسی و خێزانەکەی بووە، کە ئەمانەش ئیعتیباراتێکن کە شەخسی و خۆپەرستانەن و هیچ پێوەندییەکیان بەخاسیەتەکانی جواحکوومەتی و سالارییەوە نییە(٢٦).

شیکردنەوەیەکی ئەم حوکمانە دەری دەخات کە دادگە، کاتێک بڕیار دەدات ئاخۆ پاڵنەرەکە "شەرەف" بووە یان نا، پێوەندیی نێوان قوربانییەکە و تاوانبارەکە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی قوربانییەکە لەبەرچاو دەگرێت. لێرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لێکدانەوەی دادوەری مافی پاراستنی شەرەف و کەرامەتی خێزانی قوربانییەکە دەداتە دەست باوک و برای قوربانییەکە بەڵام دایکەکە نا، لە هەمان کاتدا ئەو مافە لە برای قوربانییەکە دەستێنێتەوە ئەگەر ئافرەتەکە شووی کردبوو چونکە لەو حاڵەتەدا مافی پاراستنی شەرەف بەپلەی یەکەم لە ئەستۆی مێردەکەدایە.

ڕاڤەکردن سەبارەت بە مادەی ٢٥٢

بەگوێرەی مادەی ٢٥٢، بۆ ئەوەی تۆمەتبارەکە بتوانێت سوود لە "بەهانەی سووککردنی حوکم" ببینێت، پێویستە سێ توخم هەبن: قوربانییەکە کردارێکی خراپی ئەنجام داوە، ئەم کردارە دەشێ ترسناک بێت، تاوانبارەکە تاوانەکەی لە حاڵەتی هەڵچوون و ڕقهەڵسانێکی بێ سنووردا دەکات کە بەرەنجامی کردەوەی قوربانییەکەیە. ئەم سێ نموونەیەی خوارەوە ڕاڤەکردنی دادگە بۆ ئەم بڕگە یاساییە ڕوون دەکەنەوە. حوکمەکان پێوەندییان بەتاوانی کوشتن لەسەر بنەمای ناپاکیی هاوسەرێتییەوە هەیە. دادگە پێی وا بووە کە براکە سوود لە "بەهانەی سووککردنی حوکم" نابینێت، بەڵام مێردەکە سوودی لێ دەبینێت چونکە کردەوەی قوربانییەکە کاریگەریی لەسەر شەرەف و کەرامەت و پیاوەتیی ئەم هەبووە.

حاڵەتی یەکەم، تاوانبارەکە مێردی قوربانییەکە بووە و پاڵنەرەکەشی ناپاکیی هاوسەرێتی بووە، قوربانییەکە پێشتر داوای تەڵاقی لە تاوانبارەکە کردووە بەڵام ئەو ئەمەی ڕەت کردووەتەوە:

بەهۆی ئەوەی کە تۆمەتبارەکە دانی ناوە بەوەی کە لە ژێر کاریگەریی ڕقهەڵسانێکی بێ سنووردا کە کردەوەیەکی هەڵەئامێزی ژنەکەی دروستی کردووە – زیناکەی، تەقەی لە ژنەکەی کردووە... هەروەها ئەو جنێوانەی کە پێی داوە و بوونەتە هۆی شکاندنی شەرەف و کەرامەت و پیاوەتیی. لە کاتێکدا دادوەری بەرگری هەوڵی بەکارهێنانی مادەی ٢٥٢ی (یاسای سزادان)ی داوە، کە حاڵەتەکانی سوودوەرگرتنی تاوانبار لە بەهانەی سووککردنی حوکم دیاری دەکات و هەبوونی سێ ڕەگەزی کردووەتە مەرج... هەروەها لە کاتێکدا ئەم بنەڕەتە یاساییانە بەسەر ڕاستییەکانی ئەم داوایەی بەردەمماندا پیادە دەکەین، ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

١– قوربانییەکە ماڵی هاوسەرێتیی جێ هێشتووە و کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە و پێوەندییەکی

سێکسیی ئەنجام داوە،...

٢- قوربانییەکە شەرەف و کەرامەت و پیاوەتیی مێردەکەی شکاندووە کە ئەمەش لە فاکتەکانەوە دەردەکەون، دادگە بەگوێرەی بیرکردنەوە و عەقڵیەتی تۆمەتبارەکە ئەم کردەوەیەی سەرەوەی قوربانییەکە بەهەڵە و ترسناک دادەنێت، بەتایبەتی بەرچاوکردنی ئەوەی کە کرێکاری فڕن بووە،

٣- یەکلا بووەتەوە کە تاوانەکە دەستبەجێ و خۆبەخۆ بووە و تۆمەتبارەکە لە ڕقهەڵسانێکی بێ سنووردا ئەنجامی داوە و ئەگەر قوربانییەکە ئەو کردەوەیەی نەکردایە ئەوە تاوانەکە ڕووی نەدەدا... لەبەرئەوەی کە توخمەکانی بەهانەی سووککردنی حوکم لە داواکەدا هەن، تۆمەتبارەکە سوود لە مەرجەکانی مادەگەلی ٢٥٢ و ٢٥١ دەبینێت(٢٧).

حاڵەتی دووەم، تۆمەتبارەکە برای قوربانییەکە بووە و وتوویەتی کە پاڵنەرەکەی بریتی بووە لە تێوەگلانی قوربانییەکە لە کاری سۆزانی. لای هەمووان زانراو بووە کە قوربانییەکە یارمەتیی دارایی باوکی داوە و پاش ئەوەی مێردەکەی جێی هێشتووە بژێوی کوڕە بچووکەکەی خۆی دابین کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، باپیرەی ئافرەتەکە، کە لە سوریا ژیاوە، ئەوەندەی تر تۆمەتبارەکەی تیژکردووەتەوە لەسەر کوشتنی خوشکەکەی ئەگەر ڕازی نەبوو لەگەڵیدا بگەڕێتەوە بۆ سوریا. ئەمە تاکە حوکم بوو کە مادەی ٥٦٢ لە لایەن دادگەوە بەناو ناوی هێنرابوو، دادوەری بەرگری داوای کردبوو کە کردەوەکە وەها لێی بڕوانرێت کە پارێزگاریکردن بووە لە شەرەف بەبێ ئەوەی بەتایبەتی ناوی مادەکە بهێنێت. دادگە پێی وا بووە:

بەهۆی ئەوەی کە پارێزەری بەرگریکار هەوڵی دابوو کە کردەوەی تۆمەتبارەکە وەک پارێزگاریکردن لە شەرەف لێی بڕوانرێت و وتبووی کە تۆمەتبارەکە کردەوەکەی لە ژێر کاریگەریی ڕقهەڵسان و کاردانەوەیەکی توندی ڕەفتاری خوشکەکەیدا ئەنجام دابوو، بۆیە داوا دەکەین کە هەلومەرجی سووککردنی تاوان وەک ئەوەی لە مادەی ٢٥٢دا هاتووە بەهەند وەربگیرێت... لە کاتێکدا کە گومانلێکراوەکە چەند جارێک هەڕەشەی لە خوشکەکەی کردبوو کە ئەگەر ڕەفتاری نەگۆڕێت دەیکوژێت، ئەو کە خوشکەکەی کوشت، لە کاتی تاوانی زینادا یان لە حاڵەتێکی جووتبوونی نایاساییدا نەیگرتبوو، بەڵکو لە خێمەیەکدا کە هی باوکی بووە لە خەو هەڵیساندبوو و قسەی لەگەڵ کردووە و داوای لێ کردووە کە واز لە کردەوە بەدڕەوشتییەکانی بێنێت، ئینجا پاش نیو کاتژمێر گەڕاوەتەوە و جارێکی تر لە خەو هەڵیساندووە و داوای لێ کردووە لەگەڵیدا بچێت بۆ سوریا، کاتێ خوشکەکەی ڕازی نەبووە کوشتوویەتی، لە قسەکانی گومانلێکراوەکەوە دەردەکەوێت کە سوور بووە لەسەر کردەوەکەی و چۆنێتی ئەنجامدانی تاوانەکەی ڕێک خستووە و پاش بیرکردنەوە و کاتێک کاریگەریی تووڕەییەکە نەماوە ئەو کردەوەیەی ئەنجام داوە، بۆیە مەرجەکانی مادەی ٥٦٢ و ٢٥٢ بوونیان نییە(٢٨).

حاڵەتی سێیەم، تۆمەتبارەکە برای قوربانییەکە بووە، ئەو هۆکارە پاڵنەرەی کە هێناویەتەوە ناپاکیکردن بووە لە هاوسەرێتیدا:

بەهۆی ئەوەی کە، تەنانەت ئەگەر ئەوەش بەڕاست دابنێین کە تۆمەتبارەکە لە حاڵەتی ڕقـهەڵسان و کاردانەوەدا بووە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، ئەوە ڕاست نییە کە پێمان وا بێت مەرجەکانی تری کـە پێـویستن بۆ بـەکارهێنانی مـادەی ٢٥٢ بوونیـان هـەبێت، لـەبەرئەو ڕەفـتارە خـراپەی کـە قـوربانییـەکەی تێوەگلاوە کە هـاوسـەرێتی لاواز دەکات... ئەوە بەترسناک دانانرێت و بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی کە تۆمەتبارەکە خوشکەکەی بکوژێت(٢٩).

لە زۆربەی ئەم حـوکمـانەدا، جـا ئەگەر دادگـە مـادەکـانی ١٩٣ و ٢٥٢ی پیـادە کردبێت یان نا، تۆمەتبار هۆکارەکانی سووککردنی تاوانی بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ٢٥٣ پێ ڕەوا بینراوە.

ڕاڤەکردن سەبارەت بە مادەی ٢٥٣

بەپێچەوانەی بەهانـەی سووککردنی تاوان و بەرگریی شـەرەفەوە، یاسـا هـیچ مـەرجێکی تایبـەتی دیاری نەکردووە بۆ بەخشینی هۆکارەکانی سووککردنی حوکم و مەسەلەی بەخشین و نەبەخشینی بۆ سـەلیقـەی دادگـە جێ هێشـتووە. بۆیە دەبینـین زۆربەی بڕیارەکان هۆکـارەکانی سـووککردنی حـوکمیـان بەخشـیوەتە تۆمـەتبار بەگوێرەی هەلومـەرجـەکانی داوا و فـاکتـەکـان. ئەم نموونانەی خـوارەوە ئەو گوزارشـتـانە ڕوون دەکەنەوە کە دادگە بەکاری هێنـاون و هەڵوێسـتی دادگە پێشـان دەدات لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی بەبیانووی پاراستنی شەرەفەوە ئەنجام دراون:

حـاڵەتی یەکەم، تۆمـەتبـارەکە برای قوربـانییـەکە بووە و سکپڕیی ناشـەرعیی خـوشکەکەی وەک هۆکاری پاڵنەر هێناوەتەوە، هەرچەندە قوربانییەکە پاش ئەوەی کە منداڵەکەی بووە شووی کردووە:

لەبەرئەوەی کە دادگە ڕەچاوی دەسـتبـەرداربوونـی مافـی کـەسـی و ئەو هەلومـەرجـانە دەکـات کـە ڕێی خۆش کردبـوو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە و لە کـاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا... لە کـاتێکدا دادگە هەلومـەرجی سـووککردنی تاوان دەبەخشـێتـە تۆمەتبارەکە بەگوێرەی مـادەی ٢٥٢ لەبەرئەوەی کـە کـردەوەکـەی هەڵقـولاوی داوونەریتی خێڵـەکیـیـانە بووە کـە باڵیـان بەسـەر کـۆمـەڵە بیـرتەسک و داخراوەکەیدا کێشاوە(٣٠)...

حاڵەتی دووەم، برایەک لەبەر سکپڕییە ناشەرعییەکەی خوشکەکەی خۆی کوشتووە:

لەبەرئەوەی کـە دادگە هەلومـەج و داوونەریتـە باوەکانی هـەرێمەکە و ئەو هەلومـەرجانەی تایبـەتن بە ژیانی مردووەکە و کردەی تاوانەکە لەبەرچاو دەگرێت، دادگە هۆکاری سووککردنی تاوان کە لە دەسەڵاتیدایە بەتۆمەتبارەکە دەبەخشێت(٣١)...

حاڵەتی سێیەم، برایەک خوشکەکەی دەکوژێت لەبەرئەوەی کە ناپاکی لە ژنومێردایەتیدا کردووە:

بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە تۆمـەتبارەکە کاتێ تەقـەی لە خوشکەکەی (کەسە مـردووەکە) کردووە لە ڕووی دەروونییـەوە شـڵـەژاو و خـرۆشـاو بووە، هـەروەهـا بەلەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کـە بەپێـچـەوانەی بەهـانەکانی سووککردنی حوکم و نەگرتنەوەی لەلایەن یاساوە، یاسا هـیچ ڕێوشـوێنێکی دانەناوە کە بۆ سـووککردنی حـوکم پێویست بن و ئەم مـەسـەلەیە بۆ سـەلیقـەی دادگە جێ هێڵـراوە، لەکاتێکدا دادگە بەلەبەرچاوگرتنی تێگەیشتنی تۆمـەتبارەکە و خـێزانەکەی و دەوروبەرەکـەی و ئەو ڕاستییـەی

کـە بـاوکی سێ منداڵە و هەلومـەرجـەکـانی تاوانـەکـە، هۆکـارەکـانی سـووککردنی حـوکم کـە لە دەسەڵاتیدایە بەتۆمەتبار دەبەخشێت[٣٢]...

حاڵـەتی چوارەم، تۆمەتبـارەکە بووکـەکەی خـۆی کوشـتووە لەبەرئەوەی کە کوڕەکەی ڕازی نەبووە تەڵاقی بدات– سـەرباری ئەوەی کە خـێزانی ئافرەتەکە دەسـتیـان لە مـافی خۆیـان هەڵگرتووە پاش ئەوەی خوشکی قوربانییەکە شووی بەبێوەمێردی قوربانییەکە کردووە:

بەهۆی ئەوەی کە دادگە بەرەچاوکردنی هەلومەرجی داواکە، تەمەنی تۆمەتبارەکە، دەستهەڵگرتن لە مـافی شـەخسی لـە داواکەدا و بارودۆخی کـۆمـەڵایەتیی تـۆمـەتبـارەکـە، پێی وایە کـە دەسـەڵاتی ئەوەی هەیە هۆکارەکانی سووککردنی حوکم ببەخشێت[٣٣]...

حاڵەتی پێنجەم، باوکێک کچە ناشەرعییەکەی کوشت کە تەمەنی دە ساڵ و نیو بوو، پاش ئەوەی بۆ نۆ ساڵ لە مـاڵ دوورکەوتبووەوە، پاش گەڕانەوەی کچەکەی کوشت بەبیانووی ئەوەی کە کچـەکە پاکیزە نییـە، هەرچەندە دوای کوشتنەکەی دەرکەوت کە پاکیزەیە. حـوکمەکە لە ١٩٩٨دا دەرچووە و تاوانەکە لە ١٩٨٨دا ئەنجام دراوە:

بەلەبەرچاوگرتنی هەلومـەرجی داواکە و مـێژووی تاوانـەکـە، دادگـە هۆکـارەکـانی سـووککردنی حوکمی بەتۆمەتبارەکە بەخشیوە[٣٤]...

حاڵەتی شـەشـەم، مێردێک هاوسـەرەکەی لە باڵکۆنێکەوە فڕێ دایە خوارەوە لەبەرئەوەی مـێردەکە غیـرەی دەکرد و گومـانی ئـەوەی هـەبوو کـە خـێزانەکەی پێوەندی لەگـەڵ کـوڕی کۆنە مـێردەکـەیدا هـەبێت، مـێردەکە لای پۆلیس دانی بـەتاوانەکەدا نا بەڵام لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا نکوڵیی لێ کـرد و وتیـشی کـە گومـانی وەهـای نەبووە. لە دادگـەی تاوان سـووربـوو لەسـەر ئەوەی کـە پاڵی بەخـێزانەکـەیەوە نەناوە بـەڵکو خـۆی خـۆی فڕێ داوەتە خـوارەوە، هـەروەها لە دادگـەدا کـوڕی کۆنە مـێردی قـوربانییـەکە شـایەدیی دا کە پێوەندیی سـێکسـیی لەگـەڵ قـوربانییـەکـەدا نەبووە و بگرە قوربانییەکە بەخێوی کردووە. تۆمارەکان دەڵێن:

بەرەچـاوکـردنی ئـەوەی کـە دادگـە بەگـوێرەی بنەڕەت و ویـژدانی خـۆی دەجـووڵێـتـەوە و لـە ژێر ڕۆشنـاییی فـاکتـەکـان... لـە تاریکیی نیـوە شـەودا و لە سـاتێکی نـائومـێدیی گـەورەدا، تۆمـەتبـارەکە هـاوسـەرەکـەی لە باڵکۆنی مـاڵەکەیانەوە فـڕێ داوەتە خـوارەوە... هـاوسـەرەکـەی، پاش بوورانەوە کە خەریک بوو هۆشی بە بـەردا دەهاتەوە کە بەرەنجامی ئازاری زۆر و ئیـفلیجی بوو (تووشی ئیـفلیجی جـوزئی ببـوو لە پێیدا)، حەوسـەڵەی لە تۆمەتبـارەکە بڕیبـوو و مـێردەکە ئەم پیاوە گەنجـە سـاخـەی دەهـاتە پێش چاو کە ئەو بەیانییـە لەگەڵی لـە جـێدا بووە، یان ئەوەی کـە چەند ڕۆژێک پێشـتـر _لە ژووری نووستنەکەدا کەوتبووە سـەر ئـەژنۆ و دەستی بەڕانی ژنەکەیدا دەهێنا و ئەویش لە جـێدا لێی کـەوتبـوو و خـۆی دابووە دەست مـەسـاجکردنەکـەی... لە بـەخـشـینی هۆکـارەکـانی سـووککردنی حوکمدا، دادگە تەنیا ڕەچاوی باری خراپی تەندروسـتیی مێردەکە ناکات بگرە زیاتر ڕەچاوی ئەو هۆکارانە دەکات کە پاڵیان پێوە نابوو تا تاوانەکە بەو شێوەیەی لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە ئەنجام بدات[٣٥]...

ئەو گوزارشتانەی لەم جۆرە حوکمانەدا لە لایەن دادگە لبنانییەکانەوە بەکار هێنراون پێشانی دەدەن کە دادگە تا ئیستاش لە ژێر کاریگەریی گوتاری باڵادەستدایە و شەرەفی ژن دەبەستێتەوە بە جەستەیەوە و موڵکداریێتیی ئەم شەرەفەش بەخێزان و مێردەکەی دەسپێرێت.

## داوا کەسییەکان

لە ١٨ حاڵەتی ناو ٢٥ فایلەکەدا، داوای کەسێک جێبەجێ بوو. لە ١٨ داواکە، نۆیان دەستبەرداری داوا کەسییەکەیان بوون. لەو نۆ داوایەشدا کە دەستبەردار نەبوون، سێیان تۆمەتبارەکەیان ناچار کردووە کە بڕی ٥٠ تا ١٠٠ ملیۆن لیرەی لبنانی وەکو قەرەبوو بدات بەشکاتکەرەکە، لە داواکانی تردا، سەرەڕای هەبوونی داوای کەسی، هیچ قەرەبوویەک نەسەپێنرا، ئەمەش یان لەبەرئەوەی کە ئەو کەسەی کە قەرەبووکردنەوەکەی پێ دەبڕێت داوای قەرەبووی تایبەتی نەکردبوو بەڵام داوای سەپاندنی قورسترین سزای کردبوو بەسەر تۆمەتبارەکەدا، یاخۆ بەردەوام نەبووە لەسەر ئامادەبوون لە دادگەدا. دەستبەرداربوونی لە داوای کەسییەکە (یان هەر نەبوونی ئەو داوایە) دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆمەتبارەکە بەگوێرەی مادەی ٢٥٣ هۆکارەکانی حوکم لەسەرسووککردنی پێ ببڕدرێت لەگەڵ ئازادکردنی لە دەستبەسەری، کە ئیتر لەوە بەدواوە ئامادەی دانیشتنەکانی دادگە نابێ، ئەمەش دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی دادگەییەکە و دواخستنی حوکمەکە، کە بۆ خۆی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە هۆکارەکانی سووککردنی حوکم لەسەر تاوانبارەکە بەڕەوا ببینرێن، ئەمەش بەڕەچاوکردنی مێژووی تاوانەکە کاتێک حوکمەکە دەردەکرێت، هەر وەک لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە.

## حوکمەکان

لە حاڵەتەکانی داوای کەسیدا، حوکمەکان لە چوار ساڵ و نیو و کاری قورسەوە هەتا سزای لەداردانیان تێدا بوو[٣٦]. لە فایلەکانی تردا، حوکمەکان لە دوو تا حەوت ساڵ زیندانییان تێدا بوو. یەکێک لە حوکمەکان کە بڕیاری ١٥ ساڵ زیندانی بەسەر تۆمەتبارەکەدا سەپاندبوو لەگەڵ کاری قورسدا پووچەڵ کرایەوە لەبەرئەوەی تۆمەتبارەکە بەر لە تەواوبوونی دادگەییەکە کۆچی دوایی کردبوو. لە حاڵەتێکی تردا، سزای لەداردانەکە گۆڕدرا بەسزای زیندانی هەتاهەتایی بەگوێرەی مادەی ١٩٣ لەبەرئەوەی لەو کاتەدا دادگە بۆی نەبوو کە هۆکارەکانی تاوان لەسەر سووککردن بۆ تۆمەتبارەکە بەگوێرەی مەرجەکانی یاسای ژمارە ٩٤/٣٠٢ ڕەچاو بکات، کە بەشێوەیەکی کاتی هەندێک لە برگە یاساییەکانی قانوونی سزادانی هەڵپەساردبوو[٣٧] و ڕێگەشی لە دادگەکان گرتبوو هۆکارەکانی سووککردنی تاوان لە هەندێک تاواندا ڕەچاو بکەن[٣٨]. لە سێ داوادا، دادگە فەرمانی دابوو کە توخمەکانی مادەی ٥٤٩ نەسەلمێندران. لە یەکەمیاندا، تۆمەتبارەکە بەگوێرەی مادەی ٥٥٤ (لەبارەی بریندارکردنەوە) حوکم درابوو، بەڵام داواکە پووچەڵ بووەوە لەبەرئەوەی کە زیاد لە سێ ساڵ تێپەڕیبوو و داوا کەسییەکەش دەستی لێ هەڵگیرابوو. یەکێکی تریان ئاشکرای کرد کە تاوانەکە نەبووەتە هۆی مردنی قوربانییەکە بگرە بووەتە هۆی بریندابوونی، لەبەرئەوە

حوکمی هەشت مانگ زیندانییان بۆ بڕییەوە. لە سێیەم حاڵەتدا تۆمەتبارەکە، کە خوشکی کەسە مردووەکە بوو، حوکمی سێ ساڵ زیندانی بەسەردا درا لەبەرئەوەیی کە یارمەتی خوشکەکەی دابوو لە ڕێگەی ژەهرخواردنەوە خۆی بکوژێت. لەو حاڵەتانەدا کە نەوجەوانان بەگوێرەی مادەی ٥٤٩ (کوشتنی ئەنقەست) حوکم درابوون، کە زۆربەی کات برای قوربانییەکەی دەگرتەوە، حوکمەکە لە دوو تا پێنج ساڵی خایاندبوو.

## شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیی کەیسەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە لە هەلومەرج و بارودۆخی کەسی و کۆمەڵایەتیی تاوانبار و قوربانییانی فایلی داواکان دەڕوانێت، بەمەبەستی دیاریکردنی فاکتەرە هاوبەشەکان لە ژیاننامەی ئەو ٢٥ تاوانبار و ٢٧ قوربانییەی ناو تاوانەکانی[٣٩] فایلی داواکانی ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ٢٠٠٢، هەروەک لە خشتەی ٥-١دا خراوەتە ڕوو. تاوانبارانی ئەم تاوانانە لە هەشت حاڵەتدا مێرد بووە، لە نۆ حاڵەتدا برا بووە، لە سیانیاندا باوک بووە، لە یەکێکیاندا دایک بووە، لە یەکێکیاندا خوشک بووە، لە یەکێکیاندا ئامۆزای باوک بووە، لە یەکێکیاندا خەزوور بووە و لە یەکێکیاندا زاوای قوربانییەکە بووە.

### هاندەرەکان

لەناو ٧٨٪ی حاڵەتەکاندا، تاوانبارەکان "کرێنەوەی شەرەف" یان "ڕەفتاری خراپی قوربانییەکە"یان وەک هۆکاری هاندەر هێناوەتەوە. لەو حاڵەتانەدا کە قوربانییەکە سەڵت بووە، ئەمە چەند شتێکی جۆراوجۆری گرتووەتەوە وەک لەدەستدانی کچێنی، سکپڕبوون بەهۆی پێوەندیی سێکسیی ناشەرعییەوە یاخۆ شووکردن بەبێ ئاگەداری و ڕازیبوونی خێزانەکەی. لە حاڵەتی ژنی مێرداردا، تاوانبارەکە ئاماژەی بەناپاکی داوە، تەنانەت ئەگەر گومانێکی بێ بناخەش بووبێت. لە هەندێک لەم حاڵەتانەدا، برا "سزای" خوشکەکەی داوە، ئینجا بەئاگەداری و هاندانی مێردەکە بووبێت یان نا.

لەسەدا بیست و دووەکەی تری کە خستوومانەتە نێو نموونەکانی توێژینەوەکەوە، کە تاوانبارەکان باسی شوورەیی و ڕەفتاری خراپیان نەکردبوو، هەموویان مێردی قوربانییەکە بوون و فایلەکان پێشانی دەدەن کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا تۆمەتبارەکان لە ڕەفتاری هاوسەرەکانیان بەگومان بوون. لە هەمان کاتدا، شایەدحاڵی ئەم داوایانە شایەدییان لەسەر هەبوونی کێشەی جۆراوجۆر لەنێو ئەم خێزانانەدا داوە، وەک دەرکردنی ژنەکە لە ماڵی هاوسەرەکەی یان ڕەتکردنەوەی توندوتیژیی مێردەکە بەوەی کە داوای تەڵاقی کردووە و پاشان مێردەکە هەوڵی داوە بۆ داپۆشینی تاوانەکەی پەنجەی گومان بۆ ڕەفتاری ژنەکەی ڕاکێشێت. بۆ نموونە، لە یەک حاڵەتدا، مێردەکە وتبووی کە ژنەکەی ناگوێڕایەڵ نەدەبوو یان ماڵی جێ نەدەهێشت ئەگەر خێزانەکەی هانی نەدابایە، چونکە خێزانەکەی دەیانویست شوو بەپیاوێکی تر بکات کە خۆیان بەڕازیبوونی ژنەکە بۆیان هەڵبژاردبوو. لە فایلەکاندا هیچ باسی ئەوە نەکراوە کە هیچ کام لە تاوانبارەکان نەخۆشیی دەروونییان هەبێت، کە ئەگەر وا بوایە ئەوسا تاوانەکەیان وەک "تاوانی هەڵچوون passion crimes " نەک "تاوانی شەرەف" پۆلێن دەکران. لەمەش زیاتر، هاندەری

ئاشکرای تاوانەکە تەبایە لەگەڵ ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان نەک هەستی تایبەت بەوازهێنان و جێهێشتن یا غیرەکردنێک کە لە ئەنجامی خۆشەویستی بێت، وەک لە "تاوانەکانی سۆزداریدا" گریمانە دەکرێت، شایەدحاڵەکان (بە وەچە پێگەیشتووەکانیشەوە) باسیان لە خراپ مامەڵەکردنی تاوانباران بەرامبەر بەژنەکانیان و خۆلادانیان لە ئەرکەکانی خێزان کردووە.

خشتەی ٥- ١

تاوانەکانی شەرەف لە لبنان، ١٩٨٠ - ٢٠٠٣

| ساڵی ئەنجامدان | ژمارەی تاوانەکان |
|---|---|
| ١٩٨٢-١٩٨٠ | ١ |
| ١٩٨٥-١٩٨٣ | ١ |
| ١٩٨٨-١٩٨٦ | ٢ |
| ١٩٩١-١٩٨٩ | ٠ |
| ١٩٩٤-١٩٩٢ | ٧ |
| ١٩٩٧-١٩٩٥ | ٥ |
| ٢٠٠٠-١٩٩٨ | ٦ |
| ٢٠٠٣-٢٠٠١ | ٣ |
| سەرجەم | ٢٥ |

## ژیاننامەی قوربانی و تاوانبارەکان

زۆربەی قوربانییانی نموونەکانی توێژینەوەکە مێردار بوون (٧٥٪) و، ١٧٪یان سەڵت بوون و، ٤٪یان مێردەکانیان جێیان هێشتبوون و، ٤٪یان تەڵاق درابوون. زۆربەیان گەنج بوون، ٤٤٪یان لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٢٤ساڵ بوون، وەک لە خشتەی ٥- ٢دا دەردەکەوێت. فایلەکان ئاستی خوێندەواریی هەموو قوربانییەکانی دیاری نەکردبوو، بەڵام لەوانەدا کە دیاری کرابوو ٣٣٪یان نەخوێندەوار بوون. ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک لەو ئیشانەی کە قوربانییەکان دەیانکرد (وەک بەرگدروویی و شوانی) پێویستی بەبڕوانامە نییە. فایلەکان تەمەنی قوربانییەکانی لەو کاتەی شوویان کردووە بۆ ١٣ حاڵەت دیاری کردبوو کە بەگوێرەی ئەوە ٣٨٪یان بەر لە تەمەنی ١٦ ساڵی شوویان کردبوو.

خشتەی ٥– ٢

قوربانییە مێینەکانی "تاوانی شەرەف" لە لبنان بەگوێرەی تەمەن

| تەمەن | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|
| لە ١٥ بچووکتر | ١ |
| ١٥–١٩ | ٤ |
| ٢٠–٢٤ | ١٢ |
| ٢٥–٢٩ | ٣ |
| ٣٠–٣٤ | ٢ |
| ٣٥–٣٩ | ٣ |
| لە ٤٠ گەورەتر | ٢ |
| سەرجەم | ٢٧ |

تاوانبارانی ناو فایلەکان، جگە لە دووانیان (دایکێک و خوشکێک) هەموویان نێرینە بوون، زۆربەشیان (کە دەکاتە ٢٠ کەس) نەخوێندەوار یان نیمچە–خوێندەوار بوون. زۆربەیان لە کارگەلێکدا ئیشیان دەکرد کە پێویستی بەتوانای جەستەیی هەبوو، وەک کرێکاری کۆنکرێت، کرێکاری کشتوکاڵی یان دارتاشی و، زۆربەیان گەنج بوون: ٤٨٪یان لە تەمەنی ١٥ بۆ ٢٦ ساڵاندا بوون، ٢٦٪یان لە تەمەنی ٢٧ بۆ ٣٩ ساڵاندا بوون و ٢٦٪ی تریان لە سەرووی تەمەنی ٤٠ ساڵانەوە بوون. تاوانبارانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ ٢٤٪ی هەموو تاوانبارانی ناو ئەم نموونەیەیان پێک دەهێنا.

## شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکان

لە فایلەکاندا دەرکەوت کە چەکی سووک لە ١٤ حاڵەتدا بەکار هاتووە و لە چوار حاڵەتی تریشدا تفەنگ بەکار هاتووە، شێوازەکانی تر چەقۆ لێدان و لە بالکۆن فڕێدانە خوارەوە و هەڵواسین و سووتانی لەخۆ گرتبوو. توێژینەوەکانی بواری توندوتیژیی ناو خێزان (بۆ نموونە، بڕوانە، سەیداوی ٢٠٠١:١٦) پێشانیان داوە کە جەخت کراوەتە سەر هێزی جەستەیی لە لایەن تاوانبارەکەوە، ئەمە لە کاتێکدا بەکارهێنانی چەکی سووک لە حاڵەتەکانی بەناو "تاوانی شەرەف"دا وەک ئامرازێکی گەرەنتیی لەناوبردنی قوربانییەکە دەردەکەوێت، لەو بارودۆخەدا (هەر وەک لەم حاڵەتانەوە دەردەکەوێت) مەبەستەکە بێ ئەملاوئەولا کوشتنی قوربانییەکەیە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، زیاد لە فیشەکێک بەقوربانییەکەوە نراوە (بۆ نموونە، بەگوێرەی تۆماری یەکێک لە فایلەکان ١١ فیشەک لە سەر و گەدەی قوربانییەکەدا هەبوون)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تاوانبارەکە سوور بووە لەسەر ئەوەی کە قوربانییەکە لە مردن دەربازی نەبێت.

## بەشێک لە وتەی تاوانبارەکان

"شەرەف" یان "کڕینەوەی شەرەف" ئەو بیانووە سەرەکییانە بوون کە تاوانباران پشتیان پێ بەستوون بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ ئەو تاوانانەی لە دژی ژنانی خێزانەکانیان ئەنجامیان داون، وەک پێشتر باسمان کرد. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لە وتەی ناو فایلەکانیان.

قسەی تۆمەتبارێکی ١٦ ساڵ کە چەند فیشەکێکی بەسەری دایکی و خوشکەکەیەوە نابوو:

"ناوەڕۆکی وتەکەم دووپات دەکەمەوە... دان بەوەدا دەنێم کە دایکم و خوشکەکەم لەسەر خراپیی ڕەفتاریان کوشت. چونکە ببوونە جێی قسە و قسەڵۆکی خەڵک، بەتایبەتی پاش ئەوەی دایکم لەسەر کاری سۆزانی دەستگیر کرا و خوشکەکەشم بەهاندانی ئەو، هەمان ڕێگەی ئەوی گرتەبەر."

قسەی باوکێک کە کچە تەڵاقدراوەکەی کوشتووە:

"ونبوونی بەردەوامی لە ماڵەوە و گوێڕایەڵی نەکردنی، هەروەها ئەوەی کە بەهۆی ڕەفتاری ئەوەوە دراوسێکان پاڵەپەستۆیان دەخستە سەرم... هەموو ئەو شتانە وایان لێ کردم کە لەسەر شەرەف بیکوژم، بەتایبەتی چونکە سکی پڕ کردبوو لە پیاوێکی غەیری ئەو پیاوەی کە تەڵاقی دابوو."

قسەی گەنجێکی تەمەن ٢١ساڵان کە خوشکەکەی کوشتبوو:

"پەشیمانم لەو کارەی ئەنجامم داوە بەڵام لە هەمان کاتدا بیریش لەوە دەکەمەوە کە شوورەیییەکەی سەر خۆم و خێزانەکەم لابرد و لە کۆتاییدا هەر ڕاستی ڕاستە."

لە کوڕێکی ١٨ ساڵانەوە کە خوشکەکەی کوشتبوو:

"خوشکەکەم بەدڕەفتار بوو، خراپ بوو، ناپاک بوو بەرامبەر مێردەکەی و خیانەتی لێ دەکرد."

قسەی دایکێک:

"دووپاتی دەکەمەوە کە خۆم کچەکەم بەبێ یارمەتیی هیچ کەسێکی تر سەربڕی، بۆ لابردنی ئەو شوورەیییەی کە سکپڕییە ناشەرعییەکەی بەسەرمانیدا هێنابوو."

قسەی مێردێک کە ژنەکەی کوشتبوو:

"کاتێک خۆم لە شوێنی مێردێکدا بینییەوە کە خیانەتی لێ کراوە، پاش ئەوەی بۆم دەرکەوت کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ لەگەڵ هاوڕێیەکمدا ناپاکیی لەگەڵ کردووم... کوشتم تا شوورەیییەکە بشۆمەوە."

ئەگەر تاوانباران پشتیان بە "سڕینەوەی شوورەیی" بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ کردەوەکانیان بەستبێت، ئەم قسانەی خوارەوەی شایەدحاڵەکان پێشانی دەدات کە لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک ئەندامی تری خێزان لەسەر هەمان بناخە پشتی تاوانبارانیان گرتووە. ئەمە قسەی دایکی

تاوانبارێکی هەرزەیە کە خوشکەکەی کوشتبوو:

"کچەکەم نەجلا، پاش ئەوەی لەگەڵ کەسێکی غەیری مێردەکەیدا خەوتبوو و سکی پڕ بوو، ببووە جێی قسە و قسەڵۆکی خەڵک، خەڵکیش لە بەردەم مێردەکەمدا سەریان دەخستە سەری و ئەویش بەتوورەیی و هەڵچوونەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە... ئەمەش کوڕەکەمی وروژاند..."

ئەمەش قسەی دایکی کوڕێکە کە خوشکە هەرزەکارەکەی کوشتبوو چونکە لە دەرەوەی هاوسەرێتی سکی پڕ کردبوو:

"کچەکەم کردەوەیەکی ناشرینی ئەنجام دابوو کە کار دەکاتە سەر شەرەف و کەرامەت."

لە وتەی تاوانباران و قوربانییەکان و هەندێک جار داواکانی داکۆکیکارانیشەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە کۆمەڵگەی لبنانیدا تا ئێستاش شەرەف و ناوبانگی خێزان لای ژنە و مەسەلەی بەرزەفت کردنیان تا ئێستاش پێوەندیی بەخێزانەوە هەیە لەبەرئەوەی ڕەفتاری ژن هەموو "شەرەف"ی خێزان دەخاتە مەترسییەوە. لێرەوە ئەو هۆکارە هاندەرانەمان بۆ دەردەکەوێت کە وای لە دوو ژنی ناو ئەم فایلانە کردووە لەسەر بناخەی "شەرەف" تاوان ئەنجام بدەن. شەرەف بەهایەکی خێڵەکییە کە هی سەرتاپای خێزانەکەیە و پێوەندیی بەناوبانگ و پێگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە هەیە، ئەمە لە کاتێکدا شەرەف ئەو شەرەفەیە کە پێوەندیی بەڕەفتاری سێکسیی ژنەوە هەیە (ئەلخوری، ١٩٩٣: ٥٨). بەلای ئەوانەوە، هەموو بەهای ژن کورت کراوەتەوە لە پەردەی کچێنیدا و پاکیزەییەکەی شەرەفی خێزانەکەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە "تاوانی شەرەف" بریتییە لە:

"کردەوەی دەستبەسەراگرتنەوە یان ڕێگریکردن لە ژنێک کە هەوڵی داوە خاوەنی خۆی بێت، یان کە فریو دراوە، کردەوەی گێڕانەوەی ئافرەتە بۆ شوێنەکەی خۆی هەر وەک یەکێک لەو ئامرازانەی کە خێڵ خاوەنیەتی، خاوەندارییەتییەک کە لەبەر بەرژەوەندیی تایبەت یان نرخێک، لە باوک یان برا یان مامەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مێردەکەی." (حیجازی، ١٩٩٨: ١٠٢).

یەکێک لە دەرهاتە گرینگەکانی نموونەکانی توێژینەوەکە ناسنامەی تاوانبارانە: بەشی هەرە زۆریان ئەندامی خێزانی ناوکین (مێرد، برا، باوک) و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان (نزیکەی ٨٪) خزمی دوورن(٤٠). دەشێ ئەمەش ئاماژەیەک بێت بەکەمبوونەوەی دەسەڵاتی خزمانی بەرەی باوک بەسەر خێزانی بەرفرەواندا لە سیساڵی ڕابردوودا. لەگەڵ ئەوەشدا، زانیارییەکانی تری ناو ئەم فایلانە ئەوە پێشان دەدەن کە ئەم گۆڕانکارییە هیچ لە دەرەنجامە سۆسیۆلۆجییەکانی تاوانەکانی شەرەف یاخۆ کرۆکی دیاردەکە لە لبنان ناگۆڕێت، کە تا ئێستاش پێوەندیی بەسیستمی بەهای نێرینەی خێڵەکییەوە هەیە کە چەمکی شەرەف بەڕەفتاری سێکسیی ژنەوە دەبەستێتەوە.

لە هەمان کاتدا، فایلەکان ئەوە پێشان دەدەن کە لە ٢٥ تاوانبارەکە، هیچیان نەخۆشیی دەروونی یا تێکچوونی مێشکیان نەبووە. ڕەفتاری تاوانکارانە لە "تاوانەکانی شەرەف"دا تەنیا بەفاکتەری عاتیفی دروست نەبوون، بگرە فێری ئەم ڕەفتارە عاتیفییانە دەبن و وەردەگیرێن.

بکوژەکە فـێری هۆکـارە هاندەر و بـەهانەکـان دەبێ و تاوان لەو جـۆرە هەلومـەرجانـەدا دەربڕینی هێزی هەندێک بەهایە، دەرەنجامی ئەو ستاندەر و شێوازانەی ڕەفتار و ڕێسا و داوونەریتانەیە کە تاکەکەس لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیی بەخێوکردندا بە دەستی هێناون. ئەم بەها و شێوازانە وەک کەسێک بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە ئامادەی دەکەن، کە لەو چوارچێوە سۆسیۆ-کولتوورییەی تیایدا دەژی ڕێگەپێدراون. تاکەکەسەکە ناچار دەکرێت پەیڕەوی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بکات ئەگینا تەریک دەکرێت و تووشی نامۆیی دەبێت. دەشێ ئەمە وەڵامی ئەوە بداتەوە کە بۆچی هەندێک ژن و هەرزەکار بۆ "سڕینەوەی شوورەیی" تاوان ئەنجام دەدەن.

خشتەی ٥- ٣

"تاوانەکانی شەرەف" لە لبنان، بەگوێرەی ناوچە

| پارێزگا | ژمارەی تاوانەکان |
|---|---|
| بەیرووت | ١ |
| جەبەل لبنان | ٥ |
| بیقاع | ٣ |
| باکوری لبنان | ١٢ |
| باشووری لبنان | ٣ |
| نەبەتییە | ١ |
| سەرجەم | ٢٥ |

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەییی قوربانی و تاوانباران

زۆربەی ئەو ٢٥ تاوانەی لە فایلەکاندا پێشان دراون لە پارێزگەکانی باکوری لبناندا ڕوویان داوە. زۆریی حاڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە باکوری لبناندا ڕۆڵی هەژاری و نەزانی لە دابینکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ ئەو تاوانانە پێشان دەدات لە ڕێگەی بەهێزکردن و هێشتنەوەی بەها نێرینەکانی خێڵەوە. ئامارە فەرمییەکان پێشانی دەدەن کە باکوری لبنان بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواریی هەیە (بەڕێژەی ٥- ١٥٪ی هەموو پارێزگەکانی تر) و یەکێک لە بەرزترین ڕێژەکانی ئەو خێزانانەی لێی دەژین لە خوار ئاستی هەژارییەوە دەژین[٤١] (وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ١٩٩٦). پرۆفایلی تاوانباران و قوربانییەکان کە ئەم توێژینەوەیە ئامادەی کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی ئاستی خوێندەواری و جۆری کاردا، ئەوە پێشان دەدات کە تاکەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە سەر بەچینی هەژار و بەشی خوارەوەی چینی مامناوەندین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنیا ئەو فاکتەرانە ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی "تاوانەکانی شەرەف"دا هەیە. شوورەیی، کە تاوانەکانی شەرەف بەناویەوە ئەنجام دەدرێن، گۆڕاوە بۆ سیستەمێکی ئەخلاقی کاتێک تاکەکەس لەناو خۆیدا ڕەگاژووی دەکات، وەک عەزمی بیشارە دەڵێت:

"ئەگەر بیکاتە بەشێک لە خۆی، ئەوسا ناکۆکیی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەمە لەسەر حسابی توانای بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتییە – واتە، لەسەر حسابی گەشەکردنی کەسایەتیی خۆی و ئەوانەی لە دەورین، بەتایبەتی ئەگەر ئەم ڕەگاژووکردنەی چەمکی شوورەیی لە ناو خوددا تەنیا نەیکات بەچەوساوە بەڵکو بەچەوسێنەر." (بیشارە، ٢٠٠٣: ١٢٧)

ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان چەمکی شەرەف و جەستەی ژندا وەک سەرچاوەی شوورەیی دروست دەکرێت لە چەقی کولتووری باوکسالاریدایە. هەندێک پەیڕەو و بەهای ئەخلاقیی دیاریکراوی پێوەست بەم چەمکەوە ڕەنگە لە ڕادەی توندی و شێوازی دەربڕینیاندا جیاواز بن، نەک بەگوێرەی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک کار و خوێندەواری و داهات، بەڵکو بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس و گرووپەکان.

## ئەنجام

لە ژێر ڕۆشنایی فایلەکان و توێژینەوەکانی پێشتردا، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەردەخات کە دادگە لبنانییەکان بەهۆی زەحمەتیی سەلماندنی توخمە پێویستەکان، مەرجەکانی مادەی ٥٦٢ جێبەجێ ناکەن. ئاشکرایە کە ئەم بەندە بێ سوودە. لەمەش زیاتر، ئەو دیاردەیە پەردەپۆش دەکات کە خەڵک بەهەڵە پێی دەڵێن "تاوانەکانی شەرەف". هێشتنەوەی ئەم بەندە لە یاسای سزاداندا تەنیا ئەوەندە نییە کە "هاندانی جۆرێک بێت لە دادپەروەریی تایبەتی و بەپیرۆزراگرتنی تۆڵەسەندنەوەی ڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی هێز بۆ بەدەستهێنانی ماف"، هەر وەک لەو ئارگیومەنتانەدا باس کرا کاتێک بەندە بنەڕەتییەکە لە ١٩٩٨دا هەموار کرا. ئەمە دەشبێتە هۆی داڕشتنی چەمکی کولتووری هەڵە کە تێگەیشتنێکی هەڵە لەسەر ڕۆڵ و پلەوپایەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

ئەمڕۆ، پاش هەموارکردنی مادەی ٥٦٢، دادگە لبنانییەکان هێشتا نەرم و نیانی بەرامبەر ئەو تاوانانە پێشان دەدەن کە بەبیانووی "پاراستنی شەرەف"ەوە ئەنجام دەدرێن. هەر وەک لە تێڕوانینی ئەو حوکمانەی کە لەم توێژینەوەیەدا باس کراون دەرکەوت، دادگەکان مەرجەکانی مادەی ٥٦٢ پیادە ناکەن و لە ڕووی کردەییەوە تەنیا جار جار مەرجەکانی بەندەکانی ١٩٣ ("هاندەری شەرەفمەندانە") و ٢٥٢ ("بەهانەی حوکم لەسەر سووککردن") پیادە دەکەن بەهۆی زەحمەتیی سەلماندنی هەموو توخمە پێویستەکانەوە. بەشێوەیەکی باوتر مادەی ٢٥٣ پیادە دەکەن بۆ ڕەچاوکردنی هۆکارەکانی سزا لەسەرسووککردن. بۆیە ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئایا ئەوەندە بەسە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٥٦٢ بکەین؟ یاخۆ کێشەکە لە عەقڵیەتی باڵادەستی کۆمەڵگەدایە بەگشتی کە تێگەیشتن لە شەرەف بەجەستەی ژنەوە دەبەستێتەوە کە بەموڵکی تایبەتی پیاوی دادەنێت؟ ئەی میدیا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت کاتێک لە جیاتی ئەوەی ئەم حاڵەتانە وەکو مەسەلەیەک وێنا بکات کە جێی بایەخی جەماوەرەو، وەک حاڵەتی تاکەکەسی و شەخسیی دەخاتە ڕوو؟

هەڵوەشـاندنەوەی مـادەی ٥٦٢ تا ئێـسـتـاش گرینگیی خـۆی مـاوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کـردارە مـانای ڕاسـتـەقـینـەی هەبێت، دەبـێ هـاوشـانی پـلانێکی کـردەیی گـشـتی لە لایەن دەزگـەکـانی حکوومـەت و کۆمـەڵگەی مەدەنییەوە بێت بەمـەبەستی بنەبڕکردنی گریمانە و پراکتیسـە باڵادەستـە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە هەڵەکان کە دەبنە هۆی ئەو جۆرە تاوانانە و پشتگیرییان دەکەن. ئەمەش لە ڕێگەی هۆشیـارکردنەوەی ژنان و پیاوان وەک یەک لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی هەردوو ڕەگەزەوە دێتە دی بەمـەبەسـتی بنیـادنانی کـۆمـەڵگەیەکی تەندروست کـە پشت بەڕێزگـرتنی مـاف و ئەرکـە هاوبەشەکان دەبەستێت.

سەرنجەکان:

نوسخـە بنەڕەتییـە عەرەبییەکەی ئەم توێژینـەوەیە لە لبنان چاپ و بڵاو دەکرێتـەوە. تێکستـە ئینگلیزییـەکە لە لایەن پرۆژەی INTERRIGHTS/CIMELـەوە تـەرجـەمــە و تـەحـریر کـراوە و نووسـەرەکـانی ڕێگـەیان بەبڵاوکردنەوەی داوە.

١- جووتبوونی سێکسیی نایاسایی، ئینجا بۆ کەسانێک کە شوویان کردووە/ژنیـان هێناوە (زینا) یاخۆ بۆ کەسانی زگوردی. (نووسیاران)

٢- کە بەمانای ئاغا و سەردار و خاوەن دێت. (نووسیاران)

٣- پێ دەچێت وشـەی family، لە بنـەڕەتە لاتینییـەکـەیدا، لە وشـەیfamilia ـەوە هاتبێت، کـە بەمـانای ژمارەیەک کۆیلە دێت کە یەک پیاو خاوەنیانە. (لە عەرەبیدا، وشەی اسرة (خێزان) لە هەمان ڕەگی ئەو فرمانەوە وەرگیراوە کە یەکێک لە ماناکانی بەدیل گرتن دێت. (نووسیاران)

٤- فـەرهەنگێکی مـودێرنی عـەرەبی-ئینگلیزی (هانز-وێهر)عـەورە بە "نوقسانی، ناتەواوی" و کۆکـەشی عەورەت بەکۆئەندامی زاوزێ تەرجەمە دەکات. (نووسیاران)

٥- یاسای سزادانی ١ی ئاداری ١٩٤٣ لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ـەوە چووەتە کارەوە.

٦- ئەو کـەسـانەی کـە ڕادەی پێـوەندییـان لەگـەڵ تاوانبـارەکەدا ڕێیـان نـادات هـاوسـەرێتی پێکەوە بکەن. (نووسیاران)

٧- یاخۆ، "بەخشراو"_ مەعفو. (نووسیاران)

٨- معزور.

٩- ئەبوو عودە (١٩٦٦: ١٤٤) ئەم بڕگەیەی تێکستە فرەنساییەکەی خستووەتە ڕوو کە بەم شێوەیە وەری گێڕاوە: "ئەو نێرینەیەی کە هاوسەرەکەی، باوباپیرە یان وەچە مێینەکەی یان خوشکەکەی لە کردەوەی زینا یان پێوەندیی سێکسیی ناشـەرعیدا لەگـەڵ لایەنێکی سـێیـەمدا بگرێت و یەکێک یـان زیاتر لەو کەسانە بکوژێت یان بریندار بکات بـەبێ ئەوەی نەخشـەی بۆ کێشابێت ئەوە سـوود لـە بەهانەی ڕەها وەردەگرێت. ئەو نێرینەیەی کە کوشتن یان بریندارکردن ئەنجام دەدات ئەوە سـوود لە بەهانەی لەسـەر سـووککەر وەردەگرێت ئەگـەر لە ناکـاو بەسـەر هاوسـەرەکـەی، باوباپیرە یـان وەچە مێـیینەکـەی یان خوشکەکەیدا لە هەلومەرجێکی گوماناویدا بچێت." (نووسیاران)

١٠- هەرچەندە دەکرێت ئەو وشـەیەی لە عـەرەبیدا بەکـار هاتووە بـە "هاوسـەر" تەرجـەمـە بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی وشـەی "خـوشک" بەکار هاتووە ("وەک لە خـوشک و برا") ئەوە پێشـان دەدات کـە مـەبەست لێی ژنەکەیە.

١١- لۆرا موغازیل له ٢٥ی مایسی ١٩٩٧دا مرد.
١٢- بەگوێرەی یاسای ژمارە ٧ی ٢٠ی شوباتی ١٩٩٩.
١٣- قەزا و قەدەر.
١٤- هەبوونی "مافە شەخسییەکان" یان "داوا شەخسییەکان" ڕێگر نییە لەبەردەم بەدواداچوونی حاڵەتێکی کوشتندا، بەڵام ئەگەر ئەو کەسانەی حەقیانە دەست لە مافە شەخسییەکان هەڵبگرن بۆ وەرگرتنی قەرەبووکردنەوە، ئەوە دەکرێت دادگە ئەمە بەهەند وەرگرێت لە کاتی دەرکردنی حوکمەکەدا: بڕوانە خوارتر.
١٥- مادەی ٢٥٣: "ئەگەر هۆکارەکانی لەسەر سووککردن "اسباب مخففة" هەبن، ئەوا دادگە بڕیار دەدات: لە جیاتی سزای لەداردان، سزای هەتاهەتایی و کاری قورس یان کاری قورس بۆ ٧ تا ٢٠ ساڵ، لە جیاتی سزای هەتاهەتایی و کاری قورس، کاری قورس بۆ لانی کەم ٥ ساڵ، لە جیاتی سزای هەتاهەتایی، زیندانیکردن بۆ لانی کەم ٥ ساڵ، دادگە دەتوانێت هەموو حوکمە تاوانکارانەکانی تر بۆ سێ ساڵ کەم بکاتەوە ئەگەر کەمترین حوکم لەوە زیاتر بوو، هەروەها دەتوانێت سزاکە بکاتە نیوە ئەگەر کەمترین سزا لە سێ ساڵ زیاتر نەبوو، یان لەوانەیە لە ڕێی بڕیارێکی حەکیمانەوە سزای دەستبەسەری کە لانی کەم ماوەکەی یەک ساڵە بگۆڕێت، تەنیا لە حاڵەتی تاوانی دووبارەدا نەبێت."
١٦- بۆ نموونە ئەگەر کوشتنە بەمەبەستەکە پێش وەخت نەخشەی بۆ کێشرابوو، یان لە دژی کارمەندێک بوو لە میانەی ئەنجامدانی ئەرکە پیشەییەکەیدا، یان، وەک پێشتر باس کرا، لە دژی باوباپیران یان وەچە. ((٣)٥٤٩).
١٧- یارمەتیدان یان هاندانی کەسێک کە خۆی بکوژێت سزای لە دە ساڵ زیندانی زیاتر نییە ئەگەر خۆکوشتنەکە ئەنجام درا.
١٨- مادەی ٥٥٤ تایبەتە بەبریندارکردن یان ئازاردانێک کە نەبێتە هۆی نەخۆشی و لە ١٠ ڕۆژ زیاتر کەسەکە لە کار نەکات.
١٩- بثورة غضب شدید.
٢٠- سفاحان.
٢١- ئەم برگە ڕوونکەرەوەیە بۆ یاسای سزادانی ١٩٨٣ زیاد کرا.
٢٢- ویهر بۆ یەکەمیان دەڵێت: "ئایدیاڵی پیاوبوون، کە هەموو ئەدگارەکانی سوارچاکان لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی پیاوەتی، ئازایەتی، بەخشندەیی و هەستێکی بەشەرەفانە". بۆ دووەمیان، ئەمانە و چەند وشەیەکی تریشی داوە: "چاونەترسی، بەگزادەیی، ڕەوشت بەرزی، ســەرڕاســتی و ڕێزداری" (نووسیاران)
٢٣- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٥/٢٨٤ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٥/١١- دادگەی تاوانی تێهەڵچوونەوەی بیقاع.
٢٤- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٤/١٤٧ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٥/١٨، دادگەی تاوانی بەیروت.
٢٥- حاڵەتی ژمارە ٢٠٠٥/٤١ - بڕیاری ژمارە ٢٠٠٢/٢٦٨، دادگەی تەمیز.
٢٦- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٧/١٩١ - بڕیاری ژمارە ١٩٩٧/١٩٢، دادگەی تەمیز.
٢٧- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٩/١٠ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٩/٨٥، دادگەی تاوانی باکوری لبنان.
٢٨- حاڵەتی ژمارە ٢٠٠١/٥٨٢ _ بڕیاری ژمارە ٢٠٠١/٤١٣، خانەی بەرایی دادگەی تاوانی باکوری لبنان بەرپرس لە حاڵەتەکانی هەرزەکاران.

٢٩- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٨/٣٦ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٨/١١، دادگەی تاوانی باکوری لبنان.
٣٠- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٨/٥٦ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٨/١٤٦٩، دادگەی تاوانەکانی کوشتن لە لبنان.
٣١- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٩/١٢٤ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٩/١٣٩، خانەی بەرایی دادگەی تاوانی باکوری لبنان بەرپرس لە حاڵەتەکانی هەرزەکاران.
٣٢- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٨/٣٦ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٨/١١، دادگەی تاوانی باکوری لبنان.
٣٣- حاڵەتی ژمارە ٢٠٠٢/٣٥٦ _ بڕیاری ژمارە ٢٠٠٢/٢٦، دادگەی تاوانی باکوری لبنان.
٣٤- حاڵەتی ژمارە ١٩٩٨/١٠ _ بڕیاری ژمارە ١٩٩٨/١٧٦، دادگەی تاوانی باکوری لبنان.
٣٥- حاڵەتی ژمارە ٢٠٠٢/١٦١ _ بڕیاری ژمارە ٢٠٠٢/٦٣٠، دادگەی تاوانی جەبەل لبنان.
٣٦- مادەگەلی ٥٤٧/٢٥٢، ٢٥١ ,
٣٧- مادەگەلی ٥٤٨ و ٥٤٧ ,
٣٨- ئەمانە وەک لە مادەگەلی ٥٤٧، ٥٤٨ و ٥٤٩دا هاتوون. یاسای ژمارە ١٩٩٤/٣٠٢ی ١٩٩٤/٣/٢١ دەرکرا بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو کوشتنانەی کە لەو ماوەیەدا ئەنجام دەدران و لە ٢٠٠١دا لە ڕێی یاسای ژمارە ٢٠٠١/٣٣٨ی (٢٠٠١ /٨/٢) بەهۆی ئەو یاداشتەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکێشیان کرد، هەڵوەشێنرایەوە.
٣٩- ژمارەی قوربانییەکان لە ژمارەی تاوانبارەکان زیاتر بوو: تاوانبارێک دایکی و خوشکەکەی لە یەک کاتدا کوشت، یەکێکی تریش دایکی و خوشکەکەی پێکەوە کوشت.
٤٠- موغازیل و عەبدولستار (١٩٩٩) بۆیان دەرکەوت کە تاوانبارەکانی تاوانەکانی شەرەف لە ماوەی ١٩٨٥–١٩٩٨دا تەنیا ئەندامانی خێزانی ناوکی بوون: باوک، مێرد، برا و کوڕ.
٤١- بە٣١٢ دۆلاری ئەمەریکایی لە مانگێکدا دیاری کراوە.

## بەشی شەشەم

# "تاوانەکانی شەرەف" وەک توندوتیژی دژی ژنان لە میسر

نووسینی:
سەنتەری یارمەتیدانی یاسایی ژنانی میسر

### پێشینەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت بەچەند چالاکی و بڵاوکراوەیەکی جۆراوجۆرەی سەنتەری یارمەتیدانی یاسایی ژنانی میسر (کە لێرە بەدواوە وەک سیژم ناوی دەهێنرێت) لە ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤ دەبەستێت، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەپرۆژەکانی ڕێکخراوەکەوە لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە هەیە. هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٥دا، سیژم لەسەر مەسەلەکانی توندوتیژی دژی ژنان کاری کردووە و پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان بۆ توندوتیژی دژی ژنان کردووەتە بناخەی کارەکانمان:

توندوتیژی دژی ژنان برێتییە لە هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەسەر بنەمای جێندەر ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی، یان لەوانەیە ببێتە هۆی، ئازاردانی جەستەیی و سێکسی و دەروونیی ژنان یان مەینەتی بۆ ژنان دەهێنێت، لەوانە هەڕەشەی ئەو جۆرە کردەوانە، زۆرەملێکردن یاخۆ بێبەشکردنی هەڕەمەکیانەی لە ئازادی، ئینجا لە بواری گشتی یان تایبەتدا بێت[١].

یەکەم کاری سیژم لەسەر توندوتیژی دژی ژنان تایبەت بوو بەمەسەلەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی ژنان، یان خەتەنەکردن، کە ئەمە یەکێکە لە شێوازە هەرە گرینگەکانی توندوتیژیی "دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری" دژی ژنان لە میسر. ئێستا کارەکە بەرفرەوان بووە و لە پەیڕەونامەیەکی ڕاهێنانی ئەم دواییانەدا کە بەتایبەتی بۆ ئامادەکردنی پارێزەران سەبارەت بەچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی دژی ژناندا داڕێژرابوو، سیژم جەختی کردووەتە سەر سێ دەرکەوتەی توندوتیژی لە خێزانی میسریدا: خەتەنەی مێیینە و زۆرگێکردن (ئیغتساب)ی ژنان لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە و "تاوانەکانی شەرەف" (عەبدولسەلام و سلیمان، ٢٠٠٣). بەهاکانی کولتووری کۆنەپارێزی پیاوسالار ئەم سێ شێوازەی توندوتیژی پێکەوە گرێ دەدات و هەر خۆشی پاشخانی کۆمەڵایەتیی ڕوودانیانە و بەشێوەیەک کار دەکات کە نێرینەکان لەسەر حسابی مێیینەکان و گەورەکان لەسەر حسابی گچکەکان بەدەسەڵات بن[٢]. هەر سێکیان مەسەلەگەلێکن کە تابوی کۆمەڵایەتی و کولتووری بێدەنگی هەڵمەتی بنەبڕکردنیان زەحمەت دەکات. بەپێچەوانەی هەندێک شوێنی تری ناوچەکە، لەم ساڵانەی دواییدا بابەتی تایبەتی

"تاوانەکانی شەرەف" لە میسر ئەوەندە نەبووەتە جێی سەرنج، توێژینەوەی تایبەت ئەنجام نەدراوە و ئامـاریش زۆر کـەمـە. پرۆژەی تـوێژینـەوە و داکـۆکـیکردنەکـەی سـیـژم لەبارەی "تـاوانەکـانی شەرەفە"وە هەوڵی داوە کە کۆمەڵ و هەموو ئەو پیشەکارانەی کە بایەخ بەکۆمەڵ دەدەن (دادوەر و پارێزەر و میدیا و هەموو ئەوانەی کار لە کۆمەڵی مەدەنیدا دەکەن) بەشدار بکات و هانیان بدات بۆ ئەنجامدانی دایەلۆگێکی کراوە لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە کە تەنیا کاریگەریی لەسەر ژنان نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر تەواوی کۆمەڵگە هەیە لە میسر و لە شوێنانی تریشدا[٣]. بۆ ئەم مەبەستـەش چەند تـوێژینەوەیەکـمـان کـردووە یان کـەسـانی ترمـان ڕاسـپـاردووە بینووسـێت، بڵاوکراوەی ترمـان ئامـادە کردووە و بڵاوکـردووەتەوە و وۆرکشـۆپ و سـیـمـینار و کۆنفرانسـمـان سـازداوە و چالاکـانـە کـارمـان لەگـەڵ ڕۆژنامـەکـاندا کـردووە[٤] لە کـۆتاییی ئەم توێژینـەوەیەدا بیروڕاکانمان لەبارەی چۆنێتیی بەرەوپێشبردنی ئەم کارە خراونەتە ڕوو.

## "تاوانەکانی شەرەف" لە میسر

سیهام عەبدولسەلام[٥]

تاوانەکـانی "شـەرەف" لەو کـۆمـەڵگەنەدا ڕوو دەدەن کە داوونـەریتـە کـۆنەکـان جـڵـەوی پێـوەندییـە خێزانییـەکـانیـان بە دەستـە، وەک لە مـیسـر. ئەو ئامارە کەمـانەی کـە دەستـمـان کـەوتوون لەبارەی ڕووداوەکانی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە لە میسر چەند زانیارییەکی ساڵی ١٩٩٧ لەخۆ دەگرێت، کە ئەوە پێشـان دەدات کە تاوانەکـانی پێوەندار بەشـەرەفـەوە ٥– ٤٪ی هەمـوو تاوانەکـانی وڵات پێک دێن بـەگـوێرەی ڕاپـۆرتێکی دەزگـەی ئاسـایشی گـشـتی. ڕاپـۆرتەکـەی سـاڵی ١٩٩٥ی دەزگـەی ئاسـایشی گشـتی ئامـارەکـانی سـەنتـەری نیشـتـمـانیی توێژینەوەی کـۆمـەڵایەتـی و تاوانکاریی لەو بارەیەوە ئیـقتیبـاس کردبوو، کە بەگوێرەی ئەوە ٨٤٣ تاوانی بەمـەبەست لە سەرتاسـەری وڵاتدا لەو ساڵەدا ئەنجام درابوون، ٥٢یان "تاوانی شەرەف (عیرز)" بوون. لە ساڵی ٢٠٠٠دا وترا کە ١٠٪ی ئەو تـاوانانەی لە مـیـسـردا لە سـاڵـی ١٩٩٩دا ئەنجـام درابوون "تاوانـی شـەرەف" بـوون. (رزیق، ٢٠٠٠)

لە ئاسـتێکی زۆر بـنەڕەتیدا ڕێسـاکانی شـەرەف/شـوورەیی بەپاکـیزەیـی و پەردەی کـچێنییـەوە بەسـتـراونەتەوە[٦]. ئەم پێکەوەبەسـتنەوە تەقلیـدییـە – واتە هـی شـەرەف و پاکـیزەیی کـە خـۆی لە پەردەیەکـی دەسـتلێنەدراودا دەبینێتـەوە – بووەتە هۆی کـوشـتنی چەندان ئافرەتی گـەنج لەسـەر بنـەڕەتی گـریمـانەی بێ بنـەمـا. بۆ نموونە وەهمـە ئەگـەر بتـوانیت لۆجـیک بدۆزیتـەوە لەمـانەدا: پاکـیزەیی و پەردەی کـچێنی و خـوێنی سـەر پێـخەف لە شـەوی بووکێنیدا. بەهەمـان شـێوە، ئێـمـە حـاڵەتی کچانێکیش شک دەبەین لەلایەن خێزانەکەیانەوە کوژراون چونکە وایان زانیوە کە لە ڕێی پێوەندی سێکسی نارەواوە سکیان کردووە کاتێک کە_ پەردەکەیان گیراوە و سکیان بەهۆی خوێنی عادەوە ئاوسـاوە، یان ئەو کچـانەی کـە گـەدەیان بەهۆی لویەکـەوە ئاوسـاوە، یان ئەو کـچـانەی کە عـادەکـەیان بەهۆی ئەنیمـیـاوە دەوەسـتێت – ئەم حـاڵەتـانە لەکـاتی توێکاریکـردنی لاشـەکـاندا پاش

مردن دەرکەوتوون، ئەمە جگە لەوەی کە دەرکەوتووە کچەکە پاکیزە بووە (رزیق ٢٠٠٠).

چەمکێکی تری بنەڕەتی ئەوەیە کە ژن مـوڵکی ئـەندامـانی نێرینەی خێزانەکەیـانن. "تاوانەکانی شـەرەف" تـاوانی کوشـتنن لە دژی ئەو ئافـرەتانەی کـە بەلای کۆمـەڵگەوە ڕێسـا نەنووسـراوەکـانی شەرەفیان شکاندووە و ئەمەش خێزانەکانیانی تووشی شـوورەیی کردووە. ژنێک دەتوانێت چەندان هەڵە لە ژیانی پیشـەیی و کەسـیدا بکات و هێشـتا سـەری بەرز ڕاگرێت، بەمـەرجێک شوێن نەرێتـە تەقلیدییەکان لەبارەی ڕەفتاری سێکسییەوە بکەوێت، ئینجا ئەگەر بەرواڵەتیش بێت. بەگوێرەی ئەم ڕێسـا تەقلیـدییـانە لەبارەی شـەرەف و شـوورەییـیـەوە، ئافرەت بۆی نییـە بەهیچ جۆرێک پێوەندیی سـێکسـی لە دەرەوەی چوارچێوەی هـاوسـەرێتیـیـەک کە پیـاوانی خێزانەکـەی پێی قـایلن ئەنجـام بدات[٧]. بەم شێوەیە، ڕۆڵی تەقلیدییانەی مێیینە لە کۆمەڵگەدا، واتە زاوزێکردن (منداڵ خستنەوە)، بەبیرۆکەی شەرەف و شوورەیییەوە دەبەستنەوە. لە میسر، ڕۆژنامەکان باسی حاڵەتیان کردووە کە چەندان ژن کوژراون نەک لەبەرئەوەی کە پێوەندیی سێکسییان لە دەرەوەی هاوسـەرێتییەکەیان هەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە شوویان بەدژی خواستی خێزانەکانیان کردووە یان لەسەر ئەوەی کە وتوویانە حـەزیان بەشـووکردنێکی لـەو جۆرە هەیە. هەواڵی ئەوە دەخوێنینەوە کە پیـاوێک دایکە ٥١ سـاڵانەکـەی کـوشـتـووە لـەبەرئەوەی کـە وتوویەتی حـەز دەکـات کـە شـوو بەیەکـێک لە هاورێکانی کوڕەکەی بکات[٨]، یان هەواڵی پیاوێک کە خوشکەکەی و مێردەکەی لەبەرئەوە کوشتووە کە بەبێ ڕازیبـوونی خـێـزانـەکـەی شـووی پـێ کـردووە[٩]، هەواڵی ئـەوە دەخـوێنینـەوە کـە دایک و بـاوکـێک کچەکەیان لە کارەبا داوە لـەبەرئەوەی شووی کردووە بەکوڕێکی گەنج و بەگوێرەی داوونەریتەکان بەڵام بەدژی خواستی ئەوان[١٠]. هەروەها دەشێ تەڵاقیش ببێتە مایەی شوورەیی بۆ خێزان، وەک لە حـاڵەتی ئەو خوێندکارەی کە خـوشکەکەی کوشت، کە پاش حـەوت مانگ لەوەی شـووی کردبوو تەڵاق درابوو، لەبەرئەوەی کە هاوەڵەکانی گاڵتەیان پێ کردبوو[١١].

ڕێسـاکـانی شـەرەف/شـوورەیی، هەروەها بەسـتنـەوەی ئافرەت بەرۆڵی تەقلیـدیی زاوزێوە، پشت بەناسنامەی تەقلیـدیی مێیینە دەبەستێت – ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگە وێنای ژنی پێ دەکات، ئەمە ئەگەر لـەگەڵ واقیـعـیـشـدا نەیەتـەوە – کە گریمانەی ئەوە دەکـات کە ئافرەت بەسـروشت ڕەوشت بەرزە، بۆیە هـەر لادانێک لە ڕەفتاریان پێشلکاریی مێبوون یان "مێیەتییـان"ە. ئەمە سەرچاوەی ئەو دوو فـاقـیـیـەیە کـە نێـرینە و مـێـیـینەکـان بەرامبـەر ڕەفـتـاری سـێکسـی بەکـاری دەهێنن، پیـاوان بەسـروشت بـەڕەوشت بەرز دانـانرێن و بەهـۆی ئەمـەشـەوە دەبێ جـڵـەو شـل بکەین بـۆ لادانە سێکسییەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا "ژنێکی بەرەڵا" خۆی لەناو دەبات و ئابرووی خێزانەکەی لەکەدار دەکـات و شـایـەنی ئەوەیە بکوژرێت.. (مـۆریس، ١٩٩٣:٣١) بێگومـان لـە واقـیـعـدا ژن و پیـاو هەردووکیان ئارەزووی سێکسییـان هەیە و هەردووکیشـیان توانایەکی ژیریان بۆ زاڵبوون بەسـەر چالاکیی سێکسیدا هەیە – لەمـەدا یەکسـانن. ئەو گوتـانەی بەپێچـەوانەی ئەمـەوەن هەڵقـوڵاوی توێژینـەوەی جـدی نین لەبارەی سـروشـتی مـرۆڤـەوە بـەڵکو لە هەمـان جـیـاکـاریی کـۆمـەڵایـەتیی پیـاوسـالارەوە دێت کـە یاسـایەکی شـەرەفی دەرکـردووە کـە بەدوو چاوی جـیـاواز حـوکم دەدات، یاسـایەک کە لە مـەسـەلە سـێکسییەکاندا پیـاو، گرینگ نییە چەندەش بەدڕەفـتـار بێت، بەبێ تاوان

دادەنێت، بەڵام ئافرەت لەسەر بچووکترین هەڵە بەتاوانبار دادەنێت.

دەکرێت ڕێساکانی شەرەف/شوورەیی کورت بکرێنەوە بۆ ئەوەی کە شەرەفی پیاوان بەڕەفتاری سێکسیی ئافرەتەکانی خێزانەکانیان دەپێورێت. ڕێساکان نێرینەی بالادەست دڵنیا دەکەنەوە کە ئەو مندالانەی لە ژنەکەی دەبێت سامانەکەیان بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە. سیستمە خێڵەکی و کشتوکاڵییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کوڕ بەسەرچاوەی هێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێزانەکە دادەنێن، هەروەها بەسەرچاوەیەکی کاری هەرزانیشی دادەنێن. لەم تێگەیشتنەدا، شەرەف وەک عیرز ناسراوە (واتە ناوبانگی باش)، ئەوە پیاوانی خێزانەکەن کە ئەم شەرەفەیان هەیە، کە ئەمەش لە ڕەفتاری سێکسیی ئافرەتی ناو خێزانەکەدا بەرجەستە بووە. ئەگەر ئافرەتەکان بەباشی هەڵسوکەوت بکەن، ئەوە پیاوانی خێزانەکە یان خێڵەکە شەرەفیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئافرەت بەدڕەفتار بێت ئەوە شوورەییەکە پیاوانیش دەگرێتەوە. حوکمدان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ ئافرەت باش ڕەفتاری کردووە، مەرج نییە پێوەست بێت بەوەی کە کردارێکی سێکسیی ئەنجام دابێت، پێکەنین بەدەنگی بەرز لەسەر جادە یاخۆ خۆشی بینین لە قسەکردن لەگەڵ پیاوێکی نەناسدا دەکرێت بەس بێت بۆ ئەوەی کە بگوترێت ئافرەتەکە سازشی لەسەر ناوبانگی کردووە، کە ئەمەش ئافرەتەکە دووچاری سزا و خێزانەکەش دووچاری شوورەیی دەکاتەوە. هەروەها ژنان تەنیا لەسەر گومان کوژراون. بۆیە دەخوێنینەوە کە قوربانییەک لەگەڵ هاوەڵێکی نێرینەیدا قسەی دەکرد لەسەر جادە(١٢)، یان درەنگ گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، هەرچەندە تەمەنی نۆ ساڵان بووە(١٣)، بەبێ ئیزنی مێردەکەی زۆر جار ماڵی جێ هێشتووە(١٤)، یاخۆ بەشێوەیەک خۆی گۆڕیوە کە بکوژەکە بەنەگونجاوی زانیوە(١٥).

کۆمەڵگەی پیاوسالار ئەو ژنانەی گەیشتوونەتە تەمەنی باڵقی، یان بەگشتی ئەوانەی کە لە تەمەنێکدان کە لە ڕووی سێکسییەوە چالاکن، وەک مەترسییەک دەبینێت کە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت لە ڕێی جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان و زوو بەشوودانی کچان و خەتەنەکردنی کچان و ڕێگرتن لە کچان کە لە ڕاهێنانی جەستەیی سوودبەخشی وەک بازدان و ڕاکێشانی قاچ لەو بڕوایەوەی کە ڕەنگە پەردەکەیان زیانی پێ بگات، کە بەگوێرەی بیروباوەڕی تەقلیدی، شەرەفی ئافرەتی لەخۆ گرتووە و لەدەستدانی دەبێتە مایەی شوورەیی بۆ کچەکە، تەنانەت ئەگەر لەدەستدانیشی هیچ پێوەندییەکی بەچالاکیی سێکسییەوە نەبێت. زاوزێ بنەمای دابەشبوونی جێندەرە لە کۆمەڵگەدا و ئەمەش تەئکیدکردنەوەیەکی زیادڕۆ لەگەڵ خۆیدا دێنێت لەسەر پاکیزەیی بوون، کە وەک گرەنتیی باوکایەتی و درێژەپێدەری بنەماڵە لێی دەڕوانرێت.

لەمەش زیاتر، مەسەلەی شەرەف ئەوەندەی پێوەندیی بەناوبانگەوە هەیە ئەوەندە پێوەندیی بەڕاستییەوە نییە. دەکرێت قسەوقسەڵۆک ناوبانگی کچ لەکەدار بکات. ڕەنگە کچەکە هیچ شتێکی نەکردبێت کە کۆمەڵگە بەبێشەرەفیی لە قەڵەم بدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ پیاوانی خێزانەکەی ئازاری بدەن تا شەرەفی خێزانەکە لە قسەوقسەڵۆک بپارێزن. ئەو ئافرەتەی پێشێلکارییەکی سێکسی ئەنجام دەدات بەتوندی سزا دەدرێت و ڕەنگە ڕووبەڕووی سزای مەرگیش ببێتەوە. لە

کۆمەڵە بچووکەکاندا یاسا نەنووسراوە نەریتییەکان پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان پیاوان لەسەر بنەڕەتی ژن هەڵدەسەنگێنن، واتە ژنێک کە لە رووی سێکسییەوە ئازادە بەهەڕەشە دادەنرێ بۆ یەکانگیریی پیاوان و شەرەفیان و بەم شێوەیە شەرەفی پیاوان پشت دەبەستێت بەوەی کە کۆنترۆڵی رەفتاری سێکسیی ژنانی ناو خێزانەکەی یان خێڵەکەی بکات (گیلمۆر، ١٩٨٧). ئەم یاسا نەریتییە لەو یاسایەدا رەنگی داوەتەوە کە تایبەتە بەمەسەلەی تاوانەکانی شەرەف، لەوەدا کە ئەو پیاوەی لەو بارودۆخانەدا کەسێک دەکوژێت مافی کەمکردنەوەی حوکمی پێ دەدرێت[١٦]. تەنانەت کاتێک ئافرەتێک زۆرگێ دەکرێت، دەشێ خێزانەکەی بەبیانووی ئەوەی تووشی شوورەییی کردوون بیکوژن. هەرچەندە رەفتاری وەک هەراسانکردن و پەلاماردان و زۆرگێکردن، کە پیاوان پێی هەڵدەستن، عادەتەن پێوەستن بەپێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە لە نێوان پیاواندا وەک لەوەی کە ئافرەتێک چۆن خۆی دەردەخات یان چۆن خۆی دەگۆڕێت، بەڵام کۆمەڵگە زۆربەی کات ئەو ژنەی کە زۆرگێ کراوە بەتاوانبار دادەنێت و زۆرگێکردنەکە دەخاتە ئەستۆی ژنەکە – هەر وەک ئەوەی کە ئەمە روویدابێت چونکە ئافرەتەکە بەجوانی خۆی نەپۆشیوە یان تەنیا لەبەرئەوەی کە لە ماڵ هاتووەتە دەرەوە. هەروەها ئافرەتە زۆرگێ کراوەکە بۆی نییە داوای قەرەبووکردنەوە لە دەوڵەت بکات لە دژی تاوانبارەکە چونکە زۆربەی ئافرەتان هەر باسی زۆرگێکردنەکە ناکەن لەترسی ئەوەی ئەمە تووشی ریسواییان دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ٩٠٪ی تاوانبارەکانی زۆرگێکردن وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن (الدسوقی، ١٩٩٧).

پیاوان تاکە تاوانباری "تاوانەکانی شەرەف" نین لە کۆمەڵگە تەقلیدییە پیاوسالارەکاندا. ئەم کۆمەڵگەیە وای کردووە کە ئافرەت بەرپرسیار بێت لە چاودێریکردنی ئافرەتانی تر بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند بەگوێرەی ستاندەرە تەقلیدییەکانی رەفتاردەکەن تا شەرەفیان پارێزراو بێت. ژنانی بەساڵاچوو پلەوپایەیەکی تایبەتییان دەدرێتێ بەهۆی ئەوەوەی کە چاودێریی رەفتاری ئافرەتە گەنجەکان دەکەن بۆ زامنکردنی پاراستنی شەرەفی خێزان یان خێڵەکە. لەو ئامرازانەی بەکاری دەهێنن قسەوقسەڵۆکە، کە لەوانەیە هانی کوشتن بدات یان تەنانەت خۆشیان بەشدار بن لە کوشتنەکەدا. قسەوقسەڵۆک یەک جار زیان بەئافرەت دەگەیەنێت و دەتوانێت ناوبانگی ئافرەتەکە و خزمە مێیینەکانیان بزڕێنێت ئینجا ئەگەر قسەوقسەڵۆکەکە راست بێت یان نا، ئەم خاڵە روونی دەکاتەوە کە بۆچی هەندێک ئافرەت هانی کوشتنی خزمێکی مێیینەیان دەدەن کە پێشێلی رێساکانی شەرەفی کردووە.

رێسا نەنووسراوەکانی داوونەریتی تەقلیدی عەرەبی تاوانەکانی پێوەست بەشەرەفەوە، واتە ئەوانەی کە کاریگەرییان لەسەر شەرەفی ژن هەیە، بەگوێرەی باری هاوسەرێتیی قوربانییەکە و رازیبوون و رازی نەبوونی بەئەنجامدانی ئەو کردەوە سێکسییەی کە باس کراوە، جیا دەکەنەوە. بۆیە زینا بریتییە لەوەی کە پیاوێک لەگەڵ ژنی پیاوێکی تردا، بەرەزامەندی ژنەکە، جووت بێت، سیفاح ئەوەیە کە ژنێکی بێ مێرد، ئینجا زگوردی، تەڵاقدراو یان بێوەژن بێت، بەرەزامەندیی خۆی لەگەڵ پیاوێکدا جووت بێت، زۆرگێش بریتییە لە سێکس کردن لەگەڵ مێیینەیەکدا بەبێ رەزامەندی مێیینەکە ئینجا مێردی هەبێت یان نا. لە میسری ئەمرۆدا زۆر ژن لەلایەن خێزانەکانیانەوە لە

بارودۆخێکدا دەکوژرێن کە هەموو ئەو تاوانانەی شەرەفی لەخۆ گرتووە. تاوانبارەکان بەوە پاساو بۆ کردەوەکانیان دەهێننەوە کە گوایە لەسەر داوونەریتی عەرەبی دێرین دەڕۆن، هەندێکیان تەنانەت ئەوەی کە کردوویانە بۆ جێبەجێکردنی توندی پەیامە ئیسلامییەکان دەگێڕنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکان پێشانیان داوە کە کوشتنی ئەو ژنانەی کە قوربانیی تاوانەکانی شەرەف بوون یان بەوە تاوانبارکراون بەهیچ شێوەیەک نەریتی عەرەب نەبووە. لە قۆناخی بەر لە ئیسلام یان سەرەتای ئیسلامدا عەرەبەکان پێیان وا نەبوو کە زۆرگێکردن کاریگەریی لەسەر شەرەفی قوربانییەکە هەیە، بەڵکو ئەوە سووکایەتییەک بوو بۆ مێردەکەی یان ئەو کەسەی کە چاودێریی دەکرد و وەڵامەکەشیان بۆ بەدەستهێنانەوەی پلەوپایەی لەدەستچوویان ئەوەبوو کە یان زۆرگێکەرەکە بکوژن یان یەکێک لە خزمە مێینەکانی زۆرگێ بکەن. هەروەها وا دەردەکەوێت کە خێڵەکانی خوار نیوە دوورگەی عەرەب چاوپۆشییان لە سیفاح (پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرێتی)ی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە خێڵەکانی سەرەوە زۆر توندتر بوون و ئافرەتەکە و شەریکەکەشیان لە سزای کردەوەکەیاندا دەکوشت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داوونەریتە باوکسالارییە بەهێزەکانی باکور کە لە ژێر کاریگەریی شارستانێتییە دێرینەکانی خۆرهەڵاتدا بوون، بەتایبەت ئاشووری و عیبرییەکان، کە بەتوندی سزای هەردوو شەریکە سێکسییەکانی دەرەوەی هاوسەرێتییان دەدا (زەناتی، ١٩٩٥: ٢٢٠-٣٤). بەپێچەوانەشەوە، گەشتیارێکی بیانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەرنجی ئەو سنگ فرەوانییەی دابوو لە عومان کە بەرامبەر تاوانەکانی شەرەف هەبوون و وتبووی کە ئەوان ئەو کوشتنانەی بەناوی شەرەفەوەیە بە بەربەری و قبووڵ نەکراو وەسف دەکەن (زەناتی، ١٩٩٤:٢٤).

هەرچی یاسا نووسراوەکانیشە، ئەوە وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکان یاساگەلێکیان هەیە کە ڕێ بەکەمکردنەوەی سزا لە حاڵەتەکانی "تاوانی شەرەف"دا دەدەن. چەمکی "تاوانەکانی شەرەف" دوو بیرۆکەی دژ بەیەکی لەخۆ گرتووە – تاوان و شەرەف. لە هەر جێیەک نەرمونیانی بنوێنرێت بەرامبەر تاوانباران بەبیانووی پارێزگاریکردن لە شەرەفی خێزان، ئەوە کۆمەڵگە و دەزگەی دادوەری لە درێویی ئەو تاوانانە کەم دەکەنەوە کە دژی ژنان لە خێزاندا ئەنجام دەدرێت. بەستنەوەی تاوان بەشەرەفەوە نەک تەنیا لێبووردنی تاوانباران بەڵکو پاداشتکردنیشیان دەگرێتەوە لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەدا کە ئەنجامیان داوە (بارسی). هەڵوێستی یاسای میسر و جێبەجێکردنەکەی بابەتی بەشی داهاتوومانە.

## تاوانەکانی شەرەف و یاسا

عەززە سولەیمان

لە یاسای میسریدا، هیچ بڕگەیەکی یاسایی لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە نییە. بەپێچەوانەی هەندێک دەوڵەتی عەرەبی ترەوە، یاسای میسری سووککردنی سزای سنووردار کردووە بۆ ئەو پیاوەی بەمەبەست مێینەیەک دەکوژێت لە پێوەندییەکی ژن و مێردانەدا: ئەویش بریتییە لەوەی کە

کاتێک پیاوێک لەناکاو ژنەکەی لە کاتی زینادا دەگرێت. ئەمەش لە مادەی ٢٣٧ی یاسای سزاداندا هاتووە[١٧]:

هەر کەسێک لە ناکاو بەسەر ژنەکەیدا بچێت لە کاتی ئەنجامدانی زینادا و دەستبەجێ ژنەکەی و ئەو کەسەشی کە زینای لەگەڵ دەکات (دۆستەکەی) بکوژێت لە جیاتی ئەو سزایانەی کە لە مادەگەلی ٢٣٤ و ٢٣٦دا هاتوون[١٨] سزای زیندانی بۆ دەبڕێتەوە.

لە میانەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکەیدا لەسەر بڕگە یاساییە عەرەبییەکان لەبارەی ئەم بابەتەوە، لەما ئەبوو عۆدە سەرنجی دابوو کە "بڕگە یاساییە میسرییەکە زیاتر خۆی بەبیرۆکەی سۆزەوە دەبەستێتەوە وەک لە شەرەف، تەنیا مێرد لەمە سوودمەند دەبێ ئەویش تەنیا لە حاڵەتی زینادا و ئەمەش تەنیا کەمکردنەوەی سزاکە دەگرێتەوە" (ئەبوو عۆدە، ١٩٩٦، ١٤٧–١٤٨). لە لایەکی ترەوە، ئەو سەرنجەی هێنراوەتەوە (و ڕەخنەی لێ گیراوە) لە لایەن ئەبوو عۆدەوە لە "ڕوونکردنەوە"ی بڕگە یاساییەکەدا هۆکارەکانی "شەرەف"یش دەخاتە ڕوو:

یاسا ئەو بارە دەروونییە لەبەر چاو دەگرێت کە مێردە شەرەف شکاوەکەی تێ دەکەوێت، کە ئەمەش بەنرخترین شتێکە کە هەیەتی. لەو ساتەدا کە ژنەکەی بەسەر زیناکەوە دەگرێت بێگومان عەقڵی لەدەست دەدات و ژنەکەی و شەریکەکەی دەکوژێت[١٩].

نەبوونی بڕگەیەکی یاسایی مەرجدار بۆ کەسانی تر (وەک باوک، برا، مام) کە بتوانن "سوودمەند" بن لە کەمکردنەوەی حوکمەکەیان لە کوشتنی بەمەبەستی خزمێکی مێینە کاردانەوەی میسر پێشان دەدات لەسەر ئەو مەسەلانەی کە خرانە ڕوو لە لایەن گرووپەکانی کارکردنی ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان (کە لێرە بەدواوە بەCEDAW ناوی دەهێنرێت)ەوە لەبارەی ڕاپۆرتی سێیەمی میسر و ڕاپۆرتە وەرزییە هاوبەشەکانی چوارەم و پێنجەم کە کۆنگرە دەری کردوون[٢٠]. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژنان کە داوای لێ کرابوو لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" بدوێت، کە تیایاندا ژنان لە لایەن خزمە نێرینەکانیانەوە بەگومانی ئەوەی کە ڕەفتارێکی سێکسیی نەشیاویان ئەنجام داوە دەکوژرێن:

لە میسر لە یاسادا "تاوانی شەرەف" نییە وەک هەندێک وڵاتی عەرەبی تر و ئەوانەش کە ئەو کردارە ئەنجام دەدەن بەگوێرەی یاسای سزادان سزا دەدرێن و وەک پیاوکوژ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت[٢١].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ئەندامانەی خێزان کە "تاوانی شەرەف" ئەنجام دەدەن سوود لە کەمکردنەوەی حوکمەکانیان بەگوێرەی هەلومەرجەکان نابینن. مادەی ٢٣٠ی یاسای سزادان تایبەتە بە کوشتنی بەئەنقەست و نەخشەبۆکێشراو:

هەر کەسێک یەکێک بەئەنقەست بکوژێت و نەخشەی بۆ ئەمە کێشابێت یان خۆی بۆ نابێتەوە (بەعەرەبی، سبق الاصرار والترصد) ئەوە سزای لەداردان وەردەگرێت.

ئەم مادەیە ناوی هیچ جۆرە هەلومەرجێکی سووککەر ناهێنێت کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی

سزاکە ئینجا ناسنامەی تاوانبارەکە و قوربانییەکە هەرچییەک بێت. هەروەها یاسای میسر هیچ "پاساوێکی گشتی"ی لەبارەی ورووژاندنەوە تێدا نییە، وەک ئەو نیمچە بەرگرییەی کە لە یاسای ئوردندا هەیە بۆ ئەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە لە "گەرمەی شێتگیریدا بەهۆی کردەوەیەکی هەڵە و مەترسیداری" قوربانییەکەوە[٢٢]... بەڵام لە مادەی ١٧ی یاسای سزاداندا یاسادانەران دەسەڵاتێکی بڕیاردانی تایبەتییان داوەتە دادوەران بۆ کەمکردنەوەی سزاکە لەو حاڵەتانەی هەلومەرجی سووککەر هەیە بۆ تاوانبارەکە:

لە بڕگە یاساییەکاندا سەبارەت بەتاوانی گەورە، لەو هەلومەرجانەی تاواندا کە بنەمای دادگەییکردنەکە داوای بەزەیی لە دادگە دەکات، ڕێپێدراوە کە سزاکە بەم شێوەیەی خوارەوە بگۆڕدرێت: سزای لەداردان و کاری قورس بگۆڕدرێت بەسزای زیندانی هەتاهەتایی یان ماوە دیاریکراو، حوکمی هەتاهەتایی و کاری قورس بەحوکمێکی زیندانی ماوەی دیاریکراو و کاری قورس یان حوکمێکی زیندانی، حوکمێکی زیندانی ماوە دیاریکراو بەحوکمێکی زیندانی یان بەتەوقیف بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، حوکمی زیندانی بگۆڕدرێت بەتەوقیف کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت.

ئەم دەسەڵاتە تایبەتەی بڕیاردانی دادوەرانە کە کێشەی سەرەکیی ئەم بڕگە یاساییانەیە. دادوەر، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەکە، بەلای بۆچوونی کۆمەڵگەکەیدا دەیشکێنێتەوە کە ژن "شەرەفی پیاوە" -ئینجا ئەم پیاوە باوک، برا یان کوڕ بێت- بۆیە لەوانەیە سکپڕبوونی ژنێک بەهۆی سێکسی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە، یان گومان لەبارەی ڕەفتاریەوە، وەک ئەو هەلومەرجانە دابنێت کە پێویستی بە بەزەیی دادگە هەیە لە بەرامبەر بکوژەکەدا و بەم شێوەیەش ڕێ دەدات کە حوکمەکە بەگوێرەی مادەی ١٧ کەم بکرێتەوە. لێرەوە سزای تاوانی گەورە دەشێ کەم بکرێتەوە بۆ کەمترین ماوەی زیندانی -کە سێ ساڵە- وەک لە فەرمانێکی دادگەی تاوانی تەنتە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا دەردەکەوێت:

برای قوربانییەکە بەگومان بوو لە ڕەفتاری خوشکەکەی و وای زانی کە لە ڕێی پێوەندی سێکسی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە سکی پڕ بووە، مێردەکەی ماوەیەک بوو لە دەرەوەی وڵات بوو. براکەی داوای لە خوشکەکەی کردبوو سکەکەی لەبار ببات و ئەویش ئەمە ڕەت دەکاتەوە، براکەی کەللەی دەتەقێنێت و ئاگری تێ بەردەدا. خوشکە ئاگرەکەی دەکوژێنێتەوە و دەرگای ئاودەستەکە لەسەر خۆی دادەخات. ئینجا براکەی نەوت دەکات بەدرزی ژێر دەرگای ئاودەستەکەدا و گڕی تێ بەردەدا و خوشکەکەی گڕی تێ بەردەبێت و دەمرێت. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە پێشانی دا کە قوربانییەکە سکی هەبووە و بەفەرمانێک حوکمێکی زیندانیی سێ ساڵی بۆ ئەو پیاوەی کە خوشکەکەیی کوشتووە بڕییەوە.

لە تاوان و حوکمەکەوە ئاشکرایە کە لەم حاڵەتەدا فەرمانی دادگە بە بەخشینی بچووکترین سزا پشتی بەوە بەستووە کە تاوانبارەکە خوشکەکەی بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی خێزانەکە کوشتووە. بۆیە هەڵوێستی دادگەری لەو حاڵەتانەدا بیرۆکەی چاوپۆشیی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە

کوشتنی ئەنقەستی ژنان لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا تۆخ دەکاتەوە.

هەروەها ئەوەش جێگیربووە کە ئەوە "دادگەی ڕاستییەکانە" دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەزەیی لە کەمکردنەوەی سزادا بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ١٧ پێشان بدات. ئەبوو عۆدە لە چاودێرێکی ساڵی ١٩٦٤ەوە دەگوێزێتەوە کە وتبووی:

مەسەلەی هەلومەرجی سووککەر لەو مەسەلانەیە کە بەتەواوی بۆ دەسەڵاتی بڕیاردانی دادگەی ڕاستییەکان جێهێڵراوە و ئەم دادگەیە بۆی هەیە ئەو مەسەلەیە لە بەرژەوەندیی تۆمەتبارەکە ڕەچاو بکات تەنانەت ئەگەر داواشی نەکردبێت... دادگەی تەمیز هیچ دەسەڵاتی لەو مەسەلەیەدا نییە، بۆیە داوایەک بۆ تێهەڵچوونەوە بۆ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سووککەر نابێتە هۆی ئەوەی کە دادگەی تەمیز کردار بگرێتەبەر[٢٣].

پاش وردبوونەوە لە فەرمانەکانی دادگەی تەمیزی میسر، ئەبوو عۆدە (١٦٣:١٩٩٦) ئاماژە دەدات بەوەی کە بەکردار ئەو کوشتنانەی شەرەف کە ناتوانرێت لە سنووری تەسکەکانی مەودای پیادەکردنی مادەی ٢٣٧دا جێیان بکرێتەوە دادەبەزێنرێنە مەودای دەسەڵاتی بڕیاردانی دادگە نزمەکان لەبەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو جۆرە کێشانە بەگوێرەی مادەی ١٧ پێویستییان بە بەزەیی دادوەرە.

بۆیە ئاشکراکردنی بچووکترین وردەکاریی شێوازی مامەڵەکردنی دادگە میسرییەکان لە بەرامبەر "کوشتن لەسەر شەرەف"دا لە سایەی یاسای هەنوکەدا تەنیا لە ڕێی وردبوونەوە لە داوا بڵاونەکراوەکان ئەنجام دەدرێت: ئەوانەی کە دادگە نزمەکان لێیان کۆڵیوەتەوە. لە بەشی داهاتوودا ئەو داوا بڵاونەکراوانەی دادگە نزمەکان شی کراونەتەوە کە سیژم کۆی کردوونەتەوە لە میانەی لێکۆڵینەوەکەماندا لەسەر مامەڵەکردنی یاسایی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە دادگەی بەرایی تاوانی قینا. لە فەرمانەکانی دادگەدا ئەم داوایانەی خوارەوە وەک هەلومەرجی سووککەر قبووڵ کرابوون:

تۆمەتبارەکە ملی دا بوو (بەگوێرەی تێگەیشتنی دادوەرەکە) بۆ گوشاری دەروونیی زۆر، بیرۆکەی ئەوەی کە قوربانییەکە، بە بەرهەڵستیکردنی خوو و داوونەریتە باوەکان (بۆ نموونە، لە ڕێی ئەوەی کە بەتەحەفوزێکی کەمترەوە خۆی گۆڕیبوو، هاوڕێیەکی نێرینەی بەتەنیا بینیبوو، هتد) بە دەستی خۆی مەرگی خۆی هێنابوو، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە کردەوەی گومانبارەکە هەوڵێکی "ڕەوا" بووە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو هەستەی کە شەرەفی لەدەست چووە و ڕزگارکردنی خۆی و خێزانەکەی لەو شوورەیییەی کە گوایە لە ڕەفتاری قوربانییە مێیینەکەوە کەوتووەتەوە. بەکورتی، ئەو هۆکارانەی کە بۆ کوشتنی ژنان بەناوی "شەرەف"ەوە خراونەتە ڕوو ئەنجامی داوونەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانن، کە زۆر جار دەبنە هۆی سووککردنی قوربانییە مێیینە "تاوانبارەکە"، کە وا پێشان دەدرێت -و لەوانەیە دادگەش وا لێی بڕوانێت- کە شایەنی ئەو چارەنووسە بووە.

با بگەڕێینەوە سەر مادەی ٢٣٧. ئاشکرایە کە بەگوێرەی یاسا ئەو مێردەی کە بۆی دەردەکەوێت ژنەکەی زینای کردووە پارێزگاری لە شەرەفی خۆی دەکات و مافی ئەوەی هەیە کە بیکوژێت، ئەگەر

ئەمـەی کرد، ئەوە سـزاکەی زیندانـی کردن لە نێـوان ٢٤ کـاتژمـێرەوە بۆ سـێ سـاڵ دەبێت. ئـەمـە حـوکمـێکە کـە یەک جار کـەم کراوەتەوە لە هـەلومـەرجی کوشـتنی بەئەنقـەست یان بێ ئەنقـەسـتدا و مرۆڤ بیـر لەوە دەکاتەوە کـە ئاسایی دەبوو ئەگەر هـاوسـەری ژنیان لە بڕگـە یاسایییـە گشـتییـەکان ئاوارتە بکردایە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بڕگەی یاسایی هـەیە لەبارەی سووککردنی سزاوە لە یاسادا لە مادەی ١٧دا وەک باسمان کرد.

هـەروەها مـامـەڵەکردنێکی بەرفرەوانتری زینا لە یاسـادا شـایەنی بایـەخ پێدانە، لەبەرئەوەی کـە ئەو مـامـەڵـە جیـاوازە پێشـان دەدات کـە لە یاسـادا و بەکرداریش لـە بەرامـبـەر چالاکیی سـێکسـی دەرەوەی هـاوسـەرێتی لە لایەن ژنان و پیـاوانەوە هـەیە. ئەمـانـەی خـوارەوە مـادەی تری پێـوەندارن بەزیناوە لە یاسای سزادانی میسریدا:

مادەی ٢٧٤: ئەو ژنە مێردارەی کە سـاخ دەبێتەوە زینای کردووە بەماوەیەکی زیندانـی کردن سـزا دەدرێت کە لە دوو سـاڵ زیاتر نـەبێت. مـێردەکەی دەتوانێت جێبـەجێکردنـی ئەم حـوکمـە ڕابگرێت بەوەی کە ڕازی بێت ژنەکە بگەڕێتەوە بۆ لای و وەک پێشتر لەگەڵیدا بژی.

مـادەی ٢٧٧: ئەو مـێردەی کە سـاخ دەبێتـەوە لە مـاڵی ژن و مـێردایەتیدا زینای ئەنجـام داوە، لە ڕێی داوایەکی ژنەکەیەوە بەحوکمێکی زیندانـی سزا دەدرێت کە لە شەش مانگ زۆرتر نەبێت.

یەکەم، ئەم بڕگـە یاساییـیانە جیاکارییەکی ئاشکرا لە نێوان ژن و مێرد لـە تاوانی زینادا دەکات لە ڕووی سـزاکـەوە، دووەم، مـێردەکـە (بەڵام ژنەکە نـا) مـافی بەخـشـینـی هـەیە، سـێـیـەم، مـەرجی سـاخـبـوونـەوەی تاوانی زینـا لەلایەن مـێـردەکـەوە (بەڵام لەلایەن ژنـەکـەوە نا) کـە لە مـاڵی ژن و مـێـردایەتیـدا ڕووی داوە. لە سـاڵی ٢٠٠٠دا، لە وەڵامی پرسـیـارەکـانی ڕاپۆرتەکـانی CEDAWی مـیـسـردا لەلایەن (ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانیی ژنان)ەوە پێشکێش کرا دانـی بەبڕگـە یاسـاییـیـە جیـاوازەکانـدا نا لە بارەی زیناوە و وتیشی کـە لە کاتێکدا مـادەی ٢٣٧ ڕێی داوە بەکەمکردنەوەی حـوکمی پیـاوێک کـە ژنەکەی لە زینادا دەگرێت، بەڵام ئەگەر ژنێـک مـێردەکەی بکوژێت کـاتێک لە زینـادا دەیگرێت ئەوە یان ڕووبـەڕووی کـاری قـورس و زیندانـی هـەتاهـەتایی یـان کـاری قـورس و زیندانیی مـاوە دیاریکراو لە سێ ساڵەوە بۆ ١٥ سـاڵ دەبێتـەوە بەگوێرەی مـادەی ٢٣٤. وەڵامـەکـە سـەرنجی دابوو کـە "ئەم بڕگـە یـاسـاییـیـانـە جیـاکـاری دەکـەن لە دژی ژنان و جـێی گـفـتـوگـۆ و پێداچوونەوەن"[٢٤].

لە کـۆتای توێژینەوەکـەمـاندا چەند ڕاسـپـاردەیەکـمـان لەبارەی یاسـا و نەخـشـەدانـانەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشـتمـانی ژنان و فەرمـانگە و دەزگەی تر لـەسـەر بنـەمـای لێپرسـراوێتی حکوومـەتی مـیـسـری بەگـوێرەی یاسـای نێـودەوڵەتی و نـاوخـۆیی خـسـتـە ڕوو. لەسـەر ئاسـتـی نێـودەوڵەتی، بەرپرسـیـارێتییـەکانی میسر لە پابەندبوونیەوە بەپرەنسیپەکانی یاسا نێودەوڵەتییـەکانی مافـەکانی مـرۆڤـەوە دێن. کۆمـەڵی نێودەوڵـەتی توندوتیژی دژی ژنان بەلەمپـەرێک لەبـەردەم ژنان دەزانێت بوو بەتەواوی سـوود وەرگرتن لە مـافەکانیـان. جـاڕنامەی بنـەبڕکردنـی هـەموو شـێوازەکانی جیاکاری دژی ژنانی نەتـەوە یەکگرتووەکـان[٢٥] بۆ سـاڵی ١٩٩٣ داوای بنـەبڕکـردنی هـەمـوو شـێـوازەکـانی

توندوتیـژی کـە ڕووبەڕووی ژنان دەبنـەوە لە خـێـزان و کـۆمــەڵگەدا دەکـات. لە پێناسـەکـەیدا بۆ توندوتیژی دژی ژنان "ئەو پراکتیسـانەی کە زیانبـەخشن بۆ ژنان و پشت بەداوونەریت دەبەستن" ناوبراوە. دەبێ دەوڵەتان وەک پێـویست گـوێ بەڕێگرتن لەو لێکۆڵینەوە و سـزادانـی کـردەوەکـانی توندوتیـژی دژی ژنان بدەن، ئینجـا لەلایەن دەوڵەتەوە یان کـەسـانی تایبـەتەوە[٢٦] ئەنجـام درابن و دەبێ بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مـافەکانی مرۆڤ بە بەرپرس دابنرێن ئەگەر نەیانتوانی بەو کارانە هەستن.

لە سـاڵی ١٩٨١دا، میـسر بووە یەکەم دەوڵەتی عـەرەب کـە ڕێککەوتننامـەی بنەبڕکردنی هەمـوو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان پەسند بکات و لە گازێتەی ڕەسـمیدا بڵاوکرایەوە و بەم شێوەیە بووە بەشـێک لە یاسـای ناوخـۆیی. لەکاتێکدا میـسر تەحـەفوزی لەبەرامبـەر چەند بڕگەیەکی -CE DAW دەربڕیوە[٢٧]، بەڵام ئەوانە بەندی (١)ە ناگرێتەوە، کە داوا لە دەوڵەتان دەکات:

هـەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو بۆ چاککردنی شێوازە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ڕەفتاری ژنان و پیاوان بگرنە بەر بەمـەبەستی بنەبڕکردنی دەمارگیری و پراکتیسـە نەرێتییـەکان و ئەوانی تریش کە پشت بەبیـرۆکەی لاوازی یان باڵادەستی ئەم بەسـەر ئەو ڕەگـەزدا یان ڕۆڵە چەقبـەسـتووەکانی ژنان و پیاوان دەبەستن.

هـەروەهـا هیـچ نارەزاییـیـەک نیـیـە لە بـەردەم بەندی (ج)١٠ لـەبارەی خــوێندنەوە کــە داوای "بنەبڕکردنـی هـەر چەمکێکی چەقبـەسـتوو لـەبارەی ڕۆڵی ژن و پیـاوەوە لە هـەمـوو ئاسـتـەکـان و جۆرەکانی خوێندندا" دەکات.

لێرەوە بەرپرسـیارێتییەکانی میسر لە سـایەی ئەم ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتننامـەکانی تردا بۆ پاراسـتنی ژنـان لە دژی توندوتیـژی پێـویسـتی بەچەند جـۆرێک کـردار هەیە لـە دژی "تاوانەکـانی شـەرەف" و هـەمـوو جـۆرەکانی تری تـوندوتیـژی دژی ژنان. ڕەفـتـاری قـەزاش لەم ڕووەوە گـرینگە. بەشـی داهـاتوو تـاوتوێی چەند فـەرمـانێکی دادگە دەکات کە هیچ جۆرە بەرگرییـەکی لەو جۆرە بۆ ژنان دابین ناکات و، بگرە بەڕادەی جیاواز، چاوپۆشی لە کوشتنی ژنان لەسـەر بنەمایی ڕێساکانی داوونەریتی وابەست بەشەرەفەوە دەکات.

## تاوانەکانی شەرەف و فەرمانەکانی دادگە

عەواد ئەلمور[٢٨]

لە سـەردەمی بەر لە ئیـسلامـدا هەواڵی لەدایکبوونی کچێک جگە لە دڵتەنگی هیـچی تری بۆ باوکی نەدەهێنا. ترسی شـوورەیی لەوانەبوو وای لـێ بکات کـچـەکـەی زیندەبەچاڵ بکات و تەنـانەت ئەگـەر کـچـەکەشی بهێشـتـایەتەوە ئەوە بەچاوێکی سووکتـرەوە لە منداڵێکی کوڕ لێی دەڕوانی. ئەو جـۆرە پراکـتـیسـانە لـەگـەڵ ڕوانینی ئیـسـلامـدا بۆ ڕۆحـی تاکـەکـەسـەکـان و بەخـشـینی یەکسـانانەی مـرۆڤـدۆسـتی بەژنان و بـەپیـاوان ناکـۆکن، کـەچی هـەتا ئـەمـڕۆش پیـاوان کـۆنتـرۆڵی جـووڵەی ژنان دەکـەن و هەڵسوکەوتیـان جڵـەو دەکەن. زۆر لە پیـاوان خـراپ مـامـەڵەی ژنان دەکـەن و بەقـسـە و

بەکردەوە ئازاریان دەدەن.

هەرچیەکیش ڕوو بدات ژنان لەسەر ماڵەکانیان سازش ناکەن و زۆریان، لەبەر خاتری منداڵەکانیان، بەرگەی نارەحەتییەکی لەبن نەهاتوو دەگرن. بەدەگمەن عادیلانە مامەڵەیان دەکرێت و بچووکترین قسەوقسەڵۆک نەهامەتیی قبووڵنەکراو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی کە ژنان ئێستا لە شوێنی کار لەگەڵ پیاوان تێکەڵن و چوونەتە ناو هەندێک بوارەوە کە نوێن بۆ ئەوان. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ژنان لە ژێر چاودێری پیاواندان، کە ئەمەش سنوور بۆ تواناکانیان دادەنێت، وەک ئەوەی ژنان لە پیاوان کەمتر بن لە ڕووی پێگەیشتن و ژیرییانەوە.

ڕەنگە ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکتر بن بەڵام بەکردەوە یەکسان نین. هەرچەندە قورئان ڕێزی لە ژن گرتووە، هێشتا بیروباوەڕەکانی شەریعەی ئیسلامی دوورن لە جێبەجێکردنی لە عەقڵی ئەو پیاوانەوە کە سەیری ئەو چاودێرییە دەکەن کە هەیانە بەسەر ژنانەوە نەک وەک ئەوەی کە دەقە پێوەندارەکانی قورئان سنوورداری کردووە بەڵکو وەک جۆرێک لە دەسەڵاتی هەرەمەکی و کۆنترۆڵ کە ڕێیان پێ دەدات ڕێ لە ژن بگرن کە هەندێک شت بکەن، بۆ نموونە بێبەشکردنیان لە مافی کارکردن یان تەنانەت سەردانی خزمە نزیکەکان، ئەو پیاوانە پێیان وایە کە دەتوانن ڕەها بن لە فەرمانەکانیاندا و هەندێک جار وەک کەلوپەل لە ژن دەڕوانن.

وردبوونەوەیەک لە ڕێساکانی کوشتن ئەوە پێشان دەدات کە کوشتنی ڕێپێدراو برێتییە لە (قیساس)، واتە کوشتن لە تۆڵەسەندنەوەی داپەروەرانەدا لە بەرامبەر ئەوەی کە پێشتر کەسێک کوژراوە: سەر بەسەر. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک پیاوێک ژنێک دەکوژێت –بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا– لەبەرئەوە نییە کە ژنەکە کەسێکی تری کوشتووە، بەڵکو لەبەر قسەوقسەڵۆک لەبارەیەوە، یان تەنانەت لە هەندێک هەلومەرجی تردا، وەک لەو فەرمانەی کە لە خوارەوە موناقەشەی دەکەین، بەهۆی پێوەندییەکی تەواو ڕەواوە کە لەگەڵ کەسێکی غەیری خزمێکی خۆیدا دروستی کردووە. دەشێ پیاوێک بەدزییەوە دوای ژنێکی خێزانەکەی بکەوێت و بیکوژێت، دەشێ بەهێمنی و لەسەرخۆ و دڵڕەقانە ڕێوشوێنی تاوانەکە دابنێت و نەخشەی بۆ بکێشێت، دەشێ بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بۆ ئامادە بکات و کەسانی تریشی لەگەڵ بن کە یارمەتیی دەدەن. کوشتنی لەو جۆرە تەنیا دەکرێت بە کوشتنی نەخشە بۆ کێشراو دابنرێت و لەوانەیە لەڕێی کەمینێکەوە بێت و ڕەنگە تاوانبارەکە تەنانەت خۆشی لە پشت دیوارێکەوە یان پووشوپەڵاشەوە یان هەر شتێکی ترەوە نەشارێتەوە و لە ناکاو دەردەکەوێت لە بەردەمیدا تا چی زووتره بیکوژێت.

لە یاسادا، تاوانی کوشتن ڕەگەزێکی تێدایە سەبارەت بەنیازی تایبەتی تاوانبارانە لە لایەن تاوانبارەکەوە، نیازی کوشتنی کەسێک، کە بەڵگەی ئەوەش لە هەلومەرجی تاوانەکە و ئەو ئامرازانەی تاوانبارەکە بەکاری هێناون دەردەکەون. پاش نیازەکە، کردەوەی کوشتنەکە دێت، ئاخۆ کوشتنەکە بەڕاستی ڕوویداوە، ئاخۆ تاوانبارەکە ئەو ژنەی کوشتووە کە مەبەستی بوو بیکوژێت یاخۆ لەگەڵ کەسێکی تر لێی تێک چووە و ئاخۆ تووشی برینداریيەکی کوشندەی کردووە یان دەکرا ڕزگاری بکات. کوشتن هەر کوشتنە سەرباری پاڵنەرەکانی، ئەمانە هۆکارگەلێکی کوشتنن کە نابێ

نە ڕێ بگرن لەوەی کە یاسا ڕێچکەی خۆی وەرگرێت و دادوەریش حوکمی خۆی دەربکات. کوشتن لە هەموو ئاینەکاندا حەرامە. خودا کوشتنی وەک پەلامارێکی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ حەرام کردووە، تەنانەت کاتێک ژیانی ئەو مرۆڤە تەنیا کۆرپەلەیەک بێت: کوشتنی ژنێک کە پێوەندییەکی سێکسیی ناشەرعیی هەبووە و کۆرپەلەیەکی لە سکدایە کە ناتوانێت بەبێ ئەو بژی تاوانی کوشتنە دڕندانەکە ئەوەندەی تر گەورە دەکات. هەموو تاوانێکی کوشتن کە ڕەگەزی نیازی بەمەبەستی تێدایە بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی کەسێک سزاکەی لەداردانە ئینجا ئەگەر کوشتنەکە پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابێت یان کەمین بێت یان هەردووکیان. بەڵام مەیلێک هەیە لە قەزای میسریدا بۆ ئەوەی تاوانی کوشتنی ژنێک کە پێوەندییەکی سێکسیی نایاساییی هەیە (تەنانەت ئەگەر شووی نەکردبێت - واتە ژنی پیاوێکی تر نەبێت) بەتاوانی شەرەف لە قەڵەم بدەن، کە بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان پێویستی بەکەمکردنەوەی سزا هەیە.

لەمەش زیاتر، دادوەرەکان ڕەنگە بڕیار بدەن نەک تەنیا سزاکە کەم بکەنەوە بۆ کەمترین سزا بەڵکو ڕەنگە دواتر هەڵیشی بپەسێرن. بەم شێوەیە وا دیارە هانی پیاوان دەدەن کە ئەو ژنانە بکوژن کە ناویان لە قسەوقسەڵۆکدا هاتووە و ناوبانگیانی زڕاندووە، ئینجا ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیش نەبێت بۆ ئەو قسەوقسەڵۆکانەی باسی پێوەندیی سێکسیی ناشەرعی دەکەن، بەلای تاوانبارەکانەوە، قسەوقسەڵۆکەکان و وتی وتیەکان وەک هەڵچوونێکی سۆزداری وایە کە دەتوانرێت تەنیا لە ڕێی کوشتنی ئەو ژنەوە کە شەرەفی پێشێل کردووە بووەستێنرێت.

دەبێ بیر لەو هەڵوێستە بکەینەوە، کە کوشتنی ژن وەک سزایەک کە پیاو جێبەجێی دەکات لە ڕووی بەرەنجامەوە یەکسان دەکات بە بەدڕەفتاری ئافرەتەکە. قیساس - کە مافێکە لە شەریعەدا جێگیر کراوە - پێش وەخت گریمانەی کوشتنی یەکێک دەکات لە بەرامبەر یەکێکی تردا. با لە مەسەلەی سەپاندنی سزای بەردبارانکردنی ژنی زیناکەر بگەڕێین، بەڵام کاتێک دادگە ڕووبەڕووی ژنێک دەبێتەوە کە بەدڕەفتاریی کردووە و خۆی ون کردووە، دەبێ ڕێساکانی یاسای سزادان پیادە بکات. ئەو ڕێسایانە، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان دا، ئەو کوشتنەی پێشوەخت پلانی بۆ داڕێژرابێت یان کەسەکە خۆی بۆ نابێتەوە بەتاوانی بەئەنقەست دەژمێرن و سزاکەشی لەداردانە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لەو فەرمانانەوە دەبینین کە لەم بەشەدا ڕاڤە کراون، دادگەکانی میسر ئەم سزایە فەرامۆش دەکەن تەنانەت لە حاڵەتی کوشتنی ژنێکدا کە تاکە تاوانی ئەوەیە کە شووی بەنەناسێک کردووە، یاخۆ ژنێک کە چاوی لە ئابڕووی خۆی نەبووە بەڵام نەخۆشییە دەروونییەکەی وای لێ کردووە خەڵکی گوندەکەی گاڵتەی پێ بکەن یاخۆ ژنێک کە ناوبانگی بووەتە جێی قسەوقسەڵۆکی خەڵک، تەنانەت کاتێکیش کە هیچ بەڵگەیەک نەبێت ئەم وتی وتیانە بسەلمێنێت.

## کەیسی یەکەم[٢٩]

لەم کەیسەدا، ساڵی ١٩٩٨، قوربانییەکە ژنێک بوو کە نەخۆشییەکی عەقڵی و حاڵەتێکی دەروونیی هەبوو و ئەندامانی خێزانەکەی کوشتیان چونکە کاتێک باوک و براکەی لە ماڵەوە نەدەبوون ماڵەوەی جێ دەهێشت و دەچوو سواڵی دەکرد و کەلوپەل و خواردنەکانی ناوماڵەکەی کەرتوپەرت

دەکرد. پاش ئەوەی کە دایکی دەمرێت، باوک و براکەی هیچ چاوپۆشییان لێ نەدەکرد. بەپاڵ دەیخزێننە سووچێکی ماڵەکەوە تا کەس گوێی لە قریشکوهوڕی نەبێت و شاڵێکی سوور لە ملی دەئاڵێنن و دەیخنکێنن، ئینجا خۆیان دەدەن بەسەریدا و بەر بۆکسی دەدەن و بەدارێک دەکێشن بەپشت و سکیدا و بەجێی دەهێڵن تا دەمرێت.

لە دادگەدا تاوانەکە لە ڕێی وتەی شایەتەکان و ڕاپۆرتی توێکاریی لاشەکەوە سەلمێنرا. لە دادگەدا هیچ بەڵگەیەک نەبوو لەسەر ئەوەی کە قوربانییەکە شەرەفی خۆی لەکەدار کردووە. دادگە باوەڕی هێنا بەوەی کە دوو تۆمەتبارەکە تاوانی کوشتنی قوربانییەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ و کوشتنەکەش پێشوەخت نەخشە و تەگبیری بۆ کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەها ئەژماری دەکەن کە بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ١٧ی یاسای سزادان شایەنی بەزەیی دادگەن و سزای دە ساڵ زیندانی و کاری قورس بۆ هەریەکەیان دەبڕنەوە.

ئەستەمە تێبگەین کە تاوانێکی لەو جۆرە بتوانێت بەزەیی دادگە بوروژێنێت! قوربانییەکە هیچی نەکردبوو کە لە دەستدانی شەرەفی لێ کەوتبێتەوە و نە وشیاریی هەیە لەبارەی ئەو شتانەی کە کردوونی و نە دەسەڵاتیشی بەسەریاندا دەشکێت لەبەر ڕۆشنایی نەخۆشییە عەقڵییەکەی و حاڵەتە دەروونییەکەیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، باوکی و براکەی بەم شێوە دڕندانەیە کوشتیان بەس لەبەرئەوەی کە هەستیان کرد کە بەهۆی ئەوەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تووشی شەرمەزاری بوون، کچەکەیان کوشت لەبەرئەوەی کە هەستیان کرد کچەکە ناوبانگییان دەڕووشێنێت – نەک لەسەر بنەڕەتی کردەوەیەک کە شەرەفیانی شکاندووە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە لەوانەیە لە داهاتوودا شتێکی وەها ڕوو بدات. لە جیاتی درێژکردنی دەستی بەزەیی بۆ تاوانباران، ئایا نەدەبوو دادگە تاوانباران لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجەکانی تاوانەکە و دڕندەیی کوشتنەکەیان بەتوندی سزا بدات؟

## کەیسی دووەم[٣٠]

لە کەیسی دووەمدا، پیاوێک ژنێکی گەنجی پاش نەخشە بۆ کێشان و تەگبیری پێشوەخت کوشتبوو، تەنیا لەبەرئەوەی کە شووی کردبوو بەپیاوێک کە خزمی خۆی نەبوو. لە دادگە وترا کە قوربانییەکە مارەیی لە ئامۆزایەکی خۆی بڕابوو بەڵام تووشی دەمەقاڵێ دێن، ئافرەتەکە دەست لەو ڕێککەوتنە دەکێشێتە دواوە و بەپێچەوانەی ئارەزووی خێزانەکەیەوە، شوو بەهاوەڵێکی دەکات کە لە ئیش پێکەوە بوون. لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەچێت بۆ شارەکەی ئەو و لەوێشەوە دەچن بۆ قاهیرە و لەوێ شووی پێ دەکات. ئەمەش هەست و سۆزە کۆنەپارێزەکانی خێزانەکەیی جووڵاند. تۆمەتبارەکە تفەنگێک ئامادە دەکات و لەسەر ڕێگەی ئەو قوتابخانەیەی کە قوربانییەکە ئیشی لێ دەکات بۆی دادەنیشێت. دوو فیشەکی پێوە دەنێت و ڕا دەکات لەو ناوە و لە ماڵێکی ئەو نزیکانە خۆی دەشارێتەوە و لەوێ دەمێنێتەوە و کە پۆلیس دەیگرن هێشتا ئەو چەکەی کە قوربانییەکەی پێ کوشتووە بە دەستییەوە دەبێت. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا تۆمەتبارەکە وتبووی کە قوربانییەکەی کوشتووە چونکە ویستوویەتی بیهێنێت و ئەویش ئەمەی ڕەت کردووەتەوە، وتبووشی کە ڕووبەڕووی بووەوە فیشەکێکی لە پێشەوە پێوە ناوە و کاتێک ویستوویەتی هەڵبێت فیشەکێکی تری لە پشتەوە

پێوه ناوه. بەهەمان شێوە تۆمەتبارەکە دانی بەوەدا نابوو کە هەلاتنی قوربانییەکە بۆ قاهیرە لەگەڵ هاوەڵەکەیدا و هاوسەرێتییەکەی بەبێ ڕەزامەندیی خێزانەکەی هەست و سۆزە کۆنەپارێزەکانی جووڵاندوە و پاش ئەوەی کە خەڵک گاڵتەیان پێ کردووە لەسەر ڕەفتاری ئابڕووبەرانەی قوربانییەکە، ئیتر بڕیاری داوە کە تۆڵەی لێ بکاتەوە لە ڕێی ئەوەوەی کە لەسەر ڕێ بۆی دابنیشێت و بیکوژێت. تۆمارەکانی فەرمانەکە ئەوە پێشان دەدات کە دادگە بەمجۆرە بڕیار دەدات:

هەرچەندە شووکردنی قوربانییەکە شەرعی بوو، بەلام ئەوەی کە لەگەڵ مێردەکەیدا هەڵهاتووە بۆ قاهیرە و لەگەڵیدا ڕۆیشتووە بۆ ئەوێ، دوور لە خێزان و خێڵەکەی و ئەو شوێنەی کە لێی دەژیا، ئەمە دژی داوونەریتی ناوچە گوندنشینەکانە و بێگومان خێزانەکەی تووشی شوورەیی کردووە و خێزانەکەیی لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە قسەی خەڵکیان هاتووەتە سەر. دادگە ڕەچاوی ئەوە دەکات کە لە وتەکانی تۆماری دوا دانیشتندا برای قوربانییەکە (وەلیولدەمەکەی)٣١ لە تۆمەتبارەکە خۆش بووە و بەم شێوەیە دەقی مادەی ١٧ی یاسای سزادان جێبەجێ دەبێ و سزای زیندانی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەگەڵ کاری قورسدا بۆ دەبڕێتەوە، لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی چەکی تاوانەکە.

لەم فەرمانەوە دەردەکەوێت کە دادگە ڕەچاوی دوو ڕەگەزی کردووە کاتێک حوکمەکەی سەپاندووە، یەکەم، بەها باوەکانی نێو چینە کۆمەلایەتییەکان لە ناوچە گوندنشینەکاندا، دووەم، ئەوەی کە برای قوربانییەکە (وەلیولدەمەکەی) لە تۆمەتبارەکە خۆش بووە. لێرەوە فەرمانی دادگە جێبەجێکردنی یاسا لە لایەک و شەریعەی ئیسلامی لە لایەکی ترەوە تێکەڵ دەکات، کە ئەمانە نابێ تێکەڵ بکرێن.

## کەیسی سێیەم[٣٢]

لە کەیسی سێیەم، لە ساڵی ١٩٩٣دا، تۆمەتبارەکە پاش ئەوەی لە باخە مۆزێکدا شەڕیان دەبێت، دوای قوربانییەکە دەکەوێت، قوربانییەکە ساتمەیەک دەدات و تۆمەتبارەکە پەلاماری دەدات و برینداری دەکات، کە ئەمە لە ڕاپۆرتی توێکاریی لاشەی کچەدا پێشان دراوە – پیاوەکە لەسەر سکی قوربانییەکە دادەنیشێت و دەست دەنێتە بینی و دەیخنکێنێت، واتە نیازی کوشتنی هەبووە. پاشان لاشەکەی دەبات و فڕێی دەداتە بیرێکی جێهێڵراوەوە لە نزیک ماڵی خۆیان. لەسەر ڕەفتاری خراپی قوربانییەکە ئەم کردەوەیە ئەنجام دەدات، کە ئەمەشی لە دایکییەوە بیستبوو، هەروەها لەبەرئەوەی کە ئافرەتەکە بەگوێی فەرمانەکانی خەسوویی نەکردبوو.

دادگە هەبوونی نیازی کوشتنی ساخ کردەوە، چونکە نیازی تۆمەتبارەکە ئەوە بووە کە بە کوشتنی قوربانییەکە شوورەیییەکەی لە کۆڵ بێتەوە و تۆڵەی شەرەفی خۆی بکاتەوە کە قوربانییەکە لەڕێی ڕەفتارە خراپە و بەرەڵڵایی و گوێڕایەڵی نەکردنی پیاوەکەوە ڕووشاندبووی. بۆیە پیاوەکە ئەو شەڕەی کە تووشی دێن دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیکوژێت. دادگە فەرمانی دوو ساڵ زیندانی و کاری قورسی بۆ بڕییەوە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکانی حاڵەتەکە و بەپشت بەستن بەمادەی ١٧، هەر وەک حاڵەتەکانی تر، بۆ کەمکردنەوەی حوکمەکە بۆ ئەم ئاستەی ئێستای.

## کەیسی چوارەم[٣٣]

لە کەیسی چوارەمدا تۆمەتبارەکە هاوکاریی خەڵکی تری کردبوو لە کوشتنی ژنێکدا کە ناوبانگی زڕابوو بەهۆی قسەوقسەڵۆکەوە. دادگە ئەوەی بیستبوو کە تۆمەتبارەکان سووکایەتییان بەقوربانییەکە کردووە، پاش ئەوەی سکی پڕبووە لە ڕێی جووتبوونی سێکسی ناشەرعییەوە و، لە نێو خۆشیاندا ڕێککەوتوون کە خۆی و دایکیشی بکوژن لەسەر ئەوەی کە ڕەفتارە بەدڕەوشتانەکەی کچەکەی لێ شاردبوونەوە. بۆیە کەمینێک دەنێنەوە بۆ ئافرەتە زیناکەرەکە[٣٤]، کاتێک ئافرەتەکەیان بۆ دەهێنن لەو ئۆتومبیلەدا کە ڕفاندوویەتی، یەکێکیان بەدەسکی ساتورێک دەکێشێت بەسەر و ملیدا و ئەوانی تر کردارەکە تەواو دەکەن، هەروەها دایکی قوربانییەکە دەکوژن و لاشەکانیان پارچە پارچە دەکەن و فڕێی دەدەنە جۆگەیەکەوە. دادگە حوکمی سێ ساڵ زیندانی و کاری قورسی بۆ یەکێک لە تۆمەتبارەکان بڕییەوە. دادگە بەڕەچاوکردنی تێوەگلانی قوربانییەکە لە تاوانی زینادا (واتە جووتبوونی ناشەرعی) –سکپڕییە نابەجێکەی– ئەم حوکمەی بەگونجاو زانی کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خێزانەکەی کە ببوونە قوربانیی دەستی قسەوقسەڵۆکی خەڵک لە ناو شاردا و خێزانەکەشی تووشی ڕیسوایی ببوون بەهۆی ئەوەوە ڕزگار بکات.

## کەیسی پێنجەم[٣٥]

لە کەیسی پێنجەمدا، قوربانییەکە سکی کردبوو لە ئەنجامی پێوەندیی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە. کاتێک تۆمەتبارەکە ئەمەی بیست لە هاوسەرەکەیەوە (دایکی ژنەکەی)، خۆڵی کردبوو بەسەر خۆیدا و چەند ڕۆژێک مانی لە خواردن و خواردنەوە گرتبوو، پەست و خەمبار و سەرشۆڕ لە ئەنجامی ئەو ئابڕووچوونەی کە بەهۆی کردەوەی کچەکەیەوە تووشی بووبوون. لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا، تۆمەتبارەکە چاوەڕێ دەکات تا هەموو ئەوانی تر، جگە لە قوربانییەکە، دەچنە دەرەوە ئینجا گڕ لە قوربانییەکە بەردەدا، تا بیکوژێت و شوورەییەکەی بسڕێتەوە. دەستی ئافرەتەکە دەبەستێتەوە و لێی دەگەڕێت تا بڵێسەکە لەناوی دەبات و ئینجا دەچێتە دەرەوە بۆ گەوری مانگاکان و لەوێ دەمێنێتەوە تا دڵنیا دەبێ کە ئافرەتەکە مردووە. ئینجا دەچێت بۆ پۆلیس و لە تاوانەکەی ئاگەداریان دەکاتەوە. شایەتەکان لە شایەتییەکانیاندا وتیان کە قوربانییەکەی بەقولاپێکی ئاسنەوە بەستبووەوە ئینجا ئاگری تێ بەرداوە. لە ڕاپۆرتی یەکالاکردنەوەی لاشەکەدا هاتبوو کە هۆکاری مردنەکە سووتان بوو لە سەرتاپای گیانیدا، سەرباری گیرانی خوێنبەرەکان بەهۆی ئاگرەکەوە کە تەشەنەیان کردبوو و هەموو گیانیان داپۆشیبوو. ڕاپۆرتەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئافرەتەکە ئاوڵەمەیەکی لە منداڵداندا بووە کە کاتی خۆی تەواو نەکردبوو، کە مردنی ئەویش بەهۆی مردنی دایکەکەوە بووە.

دادگە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە نیازی کوشتنەکە ساخ بووەتەوە بەوەی کە تۆمەتبارەکە قوربانییەکەی بەقولاپێکی ئاسنەوە بەستبووەوە کە چەسپاندبووی بەزەوییەکەوە تاوەکو ئاگرەکە بەتەواوی دایپۆشێت و جێی نەهێشتووە تا ئافرەتەکە مردووە. هەروەها دەرگاکەی لەسەر

داخستووە تا کەس بەهانایەوە نەیەت و ڕزگاری بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، دادگە هەلومەرجی تەگبیر بۆ دانانەکەی ڕەت کردەوە، لەسەر ئەو بڕوایەی کە تۆمەتبارەکە هەر کە بیستوویەتی کچەکەی چالاکیی سێکسیی ناشەرعیی ئەنجام داوە، دەستی لە خواردن و خواردنەوە هەڵگرتووە و خۆڵی کردووە بەسەری خۆیدا، ئەمەش هیچ بوارێکی بۆ بیرکردنەوەی هێمنانە بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە نەهێشتبووەوە. بگرە، پێچەوانەی ئەمە ڕووی داوە: تۆمەتبارەکە کوژراوی دەستی گوشاری دەروونی بووە و بەشی ئەوەی تیا نەماوە کە بتوانێت بیر لە تاوانەکە بکاتەوە و ئامادەکاریی بۆ بکات.

دادگە بڕیاری دا بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان بەزەیی لە بەرامبەر تۆمەتبارەکە پێشان بدات و حوکمی ساڵێک و کارکردنی بۆ بڕییەوە و جێبەجێکردنی حوکمەکەشی بۆ سێ ساڵ هەڵپەسارد. دادگە هەڵپەساردنی حوکمەکەی بەڕەوا زانی، یەکەم چونکە بەگوێرەی شەریعەی ئیسلامی "باوکەکە لە تۆڵەی کوڕەکەدا نەکوژراوە"، دووەم چونکە هەلومەرجەکانی داواکە ڕوونی دەکەنەوە کە تۆمەتبارەکە کردەوەی لەو جۆرە دووپات ناکاتەوە.

با سەرنجی ئەوە بدەین کە یەکەم بەڵگەهێنانەوە بۆ هەڵپەساردنی حوکمەکە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (دروودی خوای لێ بێت) کە دەڵێت "نابێ باوک لە تۆڵەی کوڕەکەیدا بکوژرێت" ئەمە بیرۆکەی نیمچە خاوەندارێتییە کە لە مەسەلەکەدا یەکلا کراوەتەوە وەک لە وشەکانی پێغەمبەرەوە ساغ کراوەتەوە "تۆ و موڵکەکانت موڵکی باوکتن". لێرەوە، ئەگەر منداڵەکە موڵکی باوکەکە بێت، ئەگەر باوکەکە کوڕەکە بکوژێت ئەوە یەکێک لە سەروماڵەکەی خۆی لەناو بردووە. ئەمە ساغ کراوەتەوە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن موڵکدارێتی ڕێگرە لەبەردەم قیساسدا. هەروەها ئەوەش وتراوە کە باوک هۆکاری وجودی کوڕەکەیە، بۆیە ناشێت منداڵەکە ببێتە هۆی لەداردانی باوکەکە. هەندێک یاساناسی حەنبەلی پێیان وایە کە باوکەکە وەلیولدەمی منداڵەکەیە و باوک ئەگەر منداڵی خۆی کوشت نابێ بکوژرێت بەهۆی ئەو پێوەندی خوێنەی کە هەیەتی لەگەڵ منداڵەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، مالیکییەکان لەگەڵ حەنبەلیەکاندا لەبارەی ئەم خاڵەوە کۆک نین و دەڵێن ئەگەر باوکەکە منداڵەکە پاڵ بخات و سەری ببڕێت یان بەمەبەست بیکوژێت بەشێوازێکی تر کە لەگەڵ تەمبێکردن نەگونجێت ئەوسا بەگوێرەی قیساس بەرپرسە چونکە کوشتنێکی بەمەبەست بووە و دەقە گشتییەکانی قیساس پیادە دەبێت.

## کەیسی شەشەم[٣٦]

لەم کەیسەدا، لە ساڵی ١٩٩٦دا، قوربانییەکە ئامۆزای تۆمەتبارەکان بووە و هەندێکیان لەوەوبەریش هەوڵی کوشتنیان داوە. ئەمە بەهۆی ئەوەوەی کە ناوبانگی خراپی ئاشکرا بوو، لەگەڵ دایکیدا شارەکەی خۆی جێ دەهێڵێت تا لە ئیسماعیلیە بژی و تا خێزانەکەی کە دوای کەوتبوون چیدی بۆیان نەدۆزرێتەوە. پاشان دەگەڕێتەوە تا لە قینا بژی و مێردەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش هەستی کۆنەپارێزانەی تۆمەتبارەکانی جووڵاند کە بڕیار دەدەن لەناوی ببەن تا بە کوشتنی

ئەو سـووکـایەتی و شـوورەیـیـەی بەهۆی ڕەفـتـاری لادەرانەیەوە بەسـەریان هاتـووە بسـڕنەوە. لە مـاڵەکەی خـۆیدا و لەبەردەم مێردەکەیدا بەزۆر دەیگرن و دەیخەنە ناو ئۆتـۆمبـیلەکەیانەوە و دەیبـەن بۆ شـوێنێک کـە تۆمـەتبـارەکـانی تر لەوێ چـاوەڕێـیـان دەکەن. ئـینجـا دەیبـەن بۆ شـوێنی تاوانەکە و لەوێ یەکێکیان بەردێک دەکێشێت بەسەریدا و یەکێکی تریان دەست دەنێتە بینی و دەیخنکێنێت و بەمردوویـی جێی دێڵن. تۆمـەتبارەکـانی تریش هـەر وا ڕادەوەسـتن و هـانیان دەدەن کـە بیکوژن، هـەر وەک لە ئەوراقەکانی دادگەدا ڕوون کراوەتەوە.

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، خوشکی قوربانییەکە وتبووی کە تاوانبارەکان خۆیان بەردەوام ناوبانگی قوربـانـییـەکـەیان زڕاندووە و بەناهـەق کوشـتوویانە. پارێزەری بەرگری وتبووی مـێردی قـوربـانییـەکە نەزانراو بـووە و هیـچ بەڵگـەیەک لەسـەر دروسـتـی هـاوسـەرێتـیـیـان لەبەردەسـتـدا نەبـووە – ئـەمـە سـەرباری ئەوەی کە تۆمـەتبـارەکان لە بەردەم ئەفسـەری لێکۆڵینەوەدادانیـان بەمانەدا نابوو. دادگە ئەوەی ساخ کردەوە کە نیازی کوشـتن و تەگبیر بۆ دانان لەم تاوانەدا هەبووە. دادگە بەزەیی پێشان دا لە بەرامبەر هـەموو تۆمەتبارەکاندا بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان و ئەو دوو کەسـەی کە تۆمەتبار کرابوون بە کوشتنی، حوکمی پێنج ساڵ زیندانی و کاری قورسیان بۆ بڕایەوە و ئەوانەی تر کە هانی کوشتنەکەیان دابوو حوکمی سێ ساڵ و کاری قورسیان بۆ بڕایەوە.

## کەیسی حەوتەم(٣٧)

لەم کەیسەدا، دوو تۆمەتبـار (نێرینەیەک و مێیینەیەک) قوربـانییـەکەیان، پاش ئەوەی کە سک دەکات لە دەرەوەی هـاوسـەرێتی، بەکوشـت دا. دووانەکە کـە کـەللەیان لـەسـەرا نامـێنێت بەهـۆی سکپـڕیی قـوربـانیـیـەکـەوە، قـاچی دەبەسـتنەوە و بـەزۆر ترشـی گـۆگردی دەرخـوارد دەدەن. ئەمـە دەبێـتـە هـۆی سـووتـانەوەی ناو سکی و مـردنی ئاوڵەمـەکە. دادگـە گـەیشـتـە ئەو بـڕوایەی کـە دوو تۆمـەتبـارەکـە نەیانویستووە قوربانییەکە بکوژن بەڵکو تەنیا ویستوویانە ئاوڵەمەکە لە ڕێی لەباربردنی منداڵەکەوە لەناو بەرن. دادگە پێی وا بوو کـە نیازی کوشتنی قـوربـانییەکە ساخ نەبووەتەوە و باوەڕیان بەوتەی ئەفسەری پۆلیسەکە نەبووە لەبەرئەوەی کە ناتەواو بووە و لەلایەک پشتی بەلێکۆڵینەوەیەک بەستووە کە کـەموکـورتیی هـەبووە و لەلایەکی ترەوە بەقسـەی کـەسـانی تر کـە لەبەردەم دادگەدا شـایەتییـان نەداوە. لە ڕەگـەزەکـانی تـاوانی لەباربردندا نییـە کـە دەبێ ژنە سکپڕەکە بەزیندوویی بمێنێت پاش ئەنجـامـدانی تاوانـەکە. دادگـەش بـەگـوێرەی ئەمـە تۆمـەتەکـەی دژی دوو تۆمـەتبـارەکـە گـۆڕی لە کـوشـتـنی ژنێکەوە بـۆ لەباربردنی منداڵ بەزۆر دەرخـواردانی مـادەیەکـی ژەهراوییـەوە، کـە ئەمـەش بەگوێرەی بەندەکانی مادەی ٢٦٠ی یاسای سزادان تاوانـە. دادگە حوکمی سـاڵێک زیندانی و کاری قورسی بۆ پیاوەکە بڕییـەوە و هەمان سزاشی بەخشییە ژنەکە بەڵام بەهەڵپەسێردراوی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژنەکە تاوانەکە دووبارە ناکاتەوە.

لێرەدا دەبێ بوترێت کە فەرمانەکە ئەم جووتەی حوکم دا نەک لەسەر کوشتن بەڵکو لەسەر ئەوەی بوونـەتە هۆی لەبـاربردنی منـداڵەکـە، ئەم تاوانەش نـیـازی کـوشـتـنی ژنەکـەی تێـدا نیـیـە کـە بە بەدڕەفتارییەک خـەتابارە، بەڵکو تۆمەتبارەکان لەسەر نیازی سڕینەوەی بەڵگەی زیناکە سزا دراون

چونکە هیچ ئەوراقێک لەبەردەستدا نەبووە کە پێشانی بدات قوربانییەکە هاوسەری کەسێکە و کەسیش شایەتی لەسەر هاوسەرێتییەکەی نەداوە.

## کەیسی هەشتەم[٣٨]

لەم کەیسەدا، لە ساڵی ١٩٩٧دا، دادوەر دایکی قوربانییەکەی بە کوشتنی ئەنقەست تۆمەتبار کرد بەوەی کە زەهری مێرووکوژی خستبووە ناو شیوێکی پاقلەوە. دایکە هەستی بەگۆڕانی ڕەنگی دەموچاوی کچەکەی کردبوو و ڕشانەوە یەک لەدوای یەکەکانی بینیبوو. کچە شوونەکردووەکەی ئەوەی دووپات کردبووەوە کە سکی هەیە. دایکەکە کە کەڵلەی لەسەردا نامێنێت شیوێکی پاقلە لێ دەنێت، دواتر پاشماوەی خواردنەکە و زەهرە مێرووکوژەکە دەشارێتەوە. دادگە کۆک بوو لەگەڵ ئەو تۆمەتەی کە دادوەر دابوویە پاڵ دایکەکە، بەتایبەتی چونکە تۆمەتبارەکە لەبەردەم دادگەدا دانی بەوەدا نابوو کە سکپڕییە ناشەرعییەکەی کچەکەی یەکجار پەستی کردووە و بڕیاری داوە لەناوی ببات تا ڕیسوایی و شوورەییییەکەی بشارێتەوە. پاش ئەوەی کچەکەی ژەهرخوارد دەکات، جێی دەهێڵێت تا بەئازارەوە دەمرێت. هەرچەندە باوکی قوربانییەکە دێت و دەیبات بۆ نەخۆشخانە، کچەکە بەهۆی برینەکانیەوە دەمرێت. ڕاپۆرتی توێکاری لاشەکەش، هەر وەک چاوەڕێ دەکرا، دووپاتی کردبووەوە کە هۆکاری مردنەکە خواردنی زەهری مێرووکوژ بووە، کە پاشماوەکەی لە ناو گەدەیدا مابووەوە. ئەمەش بووە بەڵگەی نیازی تۆمەتبارەکە، دایکی قوربانییەکە، کە تاوانەکەی ئەنجام دابوو تا شوورەییەکە بشارێتەوە. دادگە داواکەی ڕەت کردەوە کە تاوانبار نییە و بەرگرییەکیشی ڕەت کردەوە کە لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی دادگەییکردنەکە خرابووە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا دادگە بڕیاری دا کە بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان بەزەیی پێشان بدات لە بەرامبەر تۆمەتبارەکە چونکە پاڵنەری ئەو تاوانەی کە ئەنجامی دابوو ئەوە بوو کە ئەو شوورەییییەی قوربانییەکە هێنابووی بەسەر خێزانەکەدا بسڕێتەوە.

لەم کێشەیەدا، ڕەفتارە ناپەسندەکەی قوربانییەکە بەدانپێدانانی خۆی ساخ کرابۆوە. لە هەموو فەرمانەکانی تردا بەم شێوەیە نەبوو. ئەم فەرمانە یەکێک بوو لە زنجیرەیەک فەرمان کە دادگە بەزەیی خۆی بەخشییە تۆمەتبار لە "تاوانەکانی شەرەف"دا، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئاخۆ ڕەفتارە سێکسییە ناشەرعییەکەی قوربانییەکە لە ڕاستیدا ساخ بووەتەوە یان نا.

## تاوانەکانی شەرەف لە ڕۆژنامەکاندا

بابەتی "تاوانەکانی شەرەف" لە میسر تا ئێستاش بیروڕای جیاواز دەورووژێنێت، لەوانە ئایا ئەم دیاردەیە شایەنی ئەوەیە بایەخی تایبەتی پێ بدرێت. نەبوونی ئاشکرای زانیاری لەبارەی چەندایەتیی ئەم تاوانانەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێی لە ئامادەکردنی دەستپێشخەری گونجاو گرتووە. لە هەوڵێکدا بۆ خستنەڕووی چەند نیشاندەرێک سەبارەت بەقەبارەی "تاوانەکانی شەرەف" لە میسردا، ڕووپێوییەک ساز کرا لەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر ئەم ڕووداوانە لە ساڵانی ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠١ لە چەند ڕۆژنامە و گۆوارێکی میسردا بڵاو کرابوونەوە ٣٩، لە ١٢٥ ڕاپۆرتی سەنتەری

مەحروسە بۆ بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی و سیزم تۆماریان کردووە[٤٠]. ئەو هۆکارەی کە لە هەموو ئەوانی تر زیاتر هێنرابوونەوە ٧٩٪ لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکاندا بۆ ئەنجامدانی تاوانی شەرەف گومانی تاوانبارەکە بوو لەبارەی ڕەفتاری قوربانییەکەوە. هۆکاری دووەم کە زۆرترین جار هێنرابووەوە ٩٪ هەوڵدان بوو بۆ ڕێگرتن لە ئاشکرابوونی پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرێتی لەگەڵ دۆستێکی مێیینەدا، ئینجا ئەمە قسەی دۆستە پیاوەکە بووبێت یان یەکێک لە خزمەکانی. لێرەدا، باوک و برا و ئامۆزای دۆستەکە هەستیان کرد کە بوونەتە قوربانیی تاوانی شەرەف، لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا پیاوێک کارمەندێکی کوشتبوو کاتێک بۆی دەرکەوتبوو پێوەندیی لەگەڵ کچەکەیدا هەیە. هۆکاری تر ٦٪ برێتی بوو لەوەی کە دایکەکە ویستبووی شوو بکاتەوە یاخۆ بەشێوەی داوونەریت شووی کردبووەوە، یان پەلاماری سێکسیی برایەک لە دژی خوشکەکەی (و براکەش کوژرابوو)، باوکێک پێوەندیی سێکسی لەگەڵ کچەکەی هەبوو و قوربانییەکە نیشانەکانی سکپڕبوونی پێشان دابوو. لەو حاڵەتانەدا کە گومان لەبارەی ڕەفتاری قوربانییەکەوە هێنرابوونەوە وەک پاڵنەری کوشتنەکە، زۆربەی کات بکوژەکە بەڕادەی یەکەم مێرد، بەدوایدا باوک ئینجا برا بووە. بێگومان دەبێ ئەوەش بوترێت کە ئەمانە "تاوانی شەرەف" پێک دێنن و زۆربەی کات گەیشتوونەتە دادگە و ڕۆژنامەنووسان لە لاپەڕەکانی تاواندا بڵاویان کردوونەتەوە. بۆیە دەشێ ئەمانە بچووکترین دەلاقە پێک بێنن لەسەر وێنە گەورەترەکە، کە تا ئێستا بەنەزانراوی ماوەتەوە لای ئێمە.

## ستراتیجەکانی وەڵامدانەوە

## پێکەوە لە دژی تاوانەکانی توندوتیژی و "تاوانەکانی شەرەف"

لە میانەی کارەکانمان لەسەر "تاوانەکانی شەرەف"، لەوانە کاتێک فیدباکمان لە بەشداران لە کاتی کۆبوونەوە گشتی و وۆرکشۆپ و کۆنگرەکاندا وەرگرتووە، سیزم چەند بیرۆکە و پێشنیازێکی دیاری کردووە بۆ ستراتیجەکانی "تاوانەکانی شەرەف" لە میسر. ئەمانەش ئەم شتانە دەگرنەوە: جەختکردن لەسەر پێویستیی بەکێشە کردن و پرسیارکردن لە سروشتی باوکسالارانەی کۆمەڵگە، کە تا ئێستاش گرینگترین فاکتەری ڕووداوەکانی "تاوانەکانی شەرەف"ن، کە لە ڕێی نەریت و بارودۆخە کولتوورییەکانەوە پاشکۆیەتیی ژنی بۆ دەسەڵاتی پیاو _ پتەو کردووە. لێرەدا پێویستە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە "تاوانەکانی شەرەف" تەنیا تایبەت نین بەکۆمەڵە موسڵمانەکانی میسر، ژنانی کۆمەڵە مەسیحییەکانیش بێدەرەتانن[٤١]. دەشێ ئاین ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێت، گرینگە کە پشتگیریی هەوڵەکانی ئەو زانا ئاینی و یاساناسانە بکەین کە تێگەیشتنێکی پێشکەوتنخواز و ڕۆشنگەرانەیان لەبارەی دەقە ئاینییەکانەوە هەیە. لە هەمان کاتدا، گرینگیشە لە ناو کۆمەڵگە بەگشتی جەخت لەسەر ئەوەی شەریعەی ئیسلامی "تاوانەکانی شەرەف" قبووڵ ناکات بکەینەوە. نەبوونی وشیاریی جەماوەری لەبارەی هەڵوێستی شەریعەوە دەکرێت لە لایەن ئەوانەوە ئیستغلال بکرێت کە دژی ئەو چالاکی و هەڵمەت و پشتگیریکردنەن کە دەیانەوێ "تاوانەکانی شەرەف" بنەبڕ بکەن و ئەو جۆرە چالاکییانە بە "دژە ئاین" و تەنانەت "نائیسلامی"ش لە قەڵەم بدەن.

ئەو هەڵوێستەی کە ئەندامانی دادوەری نواندوویانە – بەتایبەتی کاتێک دەسەڵاتی بڕیاردانیان بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان بەکار دێن– جێی نیگەرانییەکی زۆرە. بەکارهێنانی مادەی ١٧ بەسوودی تاوانباران لە حاڵەتەکانی "کوشتن لەسەر شەرەف" پشتی بەستووە بەو بیرۆکەیەی کە تاوانبارەکە لە ژێر گوشارێکی سۆزداریی یەکجار گەورەدا بووە بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی خۆی و ئەوەی کە قوربانییەکە لە ستاندەرە کۆمەڵایەتییە قبووڵکراوەکانی ڕەفتارکردن "لایداوە"، بۆیە تاوانبارەکە لەسەر حەق بووە کاتێک هەوڵی داوە ئەو "شوورەییە" بسڕێتەوە کە ژنەکە بەسەر خێزانەکەدا هێناویەتی. ئەوەی کە گرینگە لە هەوڵی ڕێگرتن لە "تاوان لەسەر شەرەف" هەڵوێستی توندی قەزا و پیشەی یاسایە لە دژی جێکردنەوە و بەربەرەڵاکردنی یاساییە لە دژی ئەم کردارە توندوتیژانە لە دژی ژنان و پاراستنی زیاتریان لە خێزان و کۆمەڵگەدا. لە میسر پێشتر شتێکی پۆزەتیڤ ڕووی داوە کە دەکرێت وەک نموونە وەربگیرێت لە ڕووی ئەو کاریگەرییانەی کە دەشێ بەشداری دادوەری هەیبێت لە بڕیاری مێژوویی دادگەی دەستووریدا بۆ سەپاندنی چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبراژدن. ئەم بڕیارە بەردەبازێکی ڕاستەقینە بوو لە پەرەپێدانی دیموکراسی و پراکتیسی دەستووریدا لە میسر و پێویستی ئەوەی کە قەزا هانی بەها لیبراڵەکان بدات دووپات دەکاتەوە.

میدیاش دەتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکاندا ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێ ناچێت لەمڕۆدا ڕۆژنامەگەریی میسر دیاردەی تاوانەکانی شەرەف یاخۆ بەها دژ و ناکۆکەکانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر پرسیارەوە کاتێک هەڵوێست بەرامبەر بە کوشتنی ژنان وەردەگرێت. لەبەرئەوەی کە بەشێکی گەورەی میدیای دەنگ و ڕەنگ و ڕۆژنامەگەری لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدایە، دەوڵەت دەتوانێت ڕۆڵێکی چالاکانەتر لە بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا لەم ڕووەوە ببینێت.

پەروەردە و ڕاهێنان دوو بواری ئاشکران کە دەزگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ جەختی بکەنە سەر بۆ کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی دژی ژنان. ئەمەش شانبەشانی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری لە نێو هەموو چینەکانی کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەنێو لاواندا، ڕاهێنانی تایبەت لەبارەی توندوتیژیی ناو خێزانەوە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت. هەروەها دەشێ ڕاهێنانێکی تایبەتی نەخشەڕێژکراوە و خاوەن ئامانجی تایبەت بۆ کارمەندانی پزیشکی بەسوود بێت.

ئەوەندەی تایبەت بێت بە سیاسەت و یاسای دەوڵەتەوە، سیژم داوای لە حکوومەت کردووە کە بەئاشکرا هەموو "ئەو تاوانانەی کە لەسەر شەرەفن" وەک پێشێلکاریی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ئیدانە بکات و بەو یاسایانەی سزادان‌دا بچێتەوە کە پارێزگاری دەکەن لەوانەی کە ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام دەدەن هەیە. بەتایبەت مەرج و بەکارهێنانەکانی مادەی ١٧ی یاسای سزا زۆر پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە. دەبێ کارکردن لەسەر بنەبڕکردنی "تاوانەکانی شەرەف" شانبەشانی پلانێکی نیشتمانی بێت بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان و دەبێ لە ئەولەویەتەکانی دەزگە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی میسردا بێت لە بواری مافەکانی ژناندا.

مەسەلەی "تاوانەکانی شەرەف" بەرپرسیارێتیی هەموو کۆمەڵگەیە. بۆ ئەوەی گۆڕانی ڕاستەقینە بێنیـتە گـۆڕێ، پێویستـە کـاریگەریی هـەبێت لەسـەر پرۆسە کـۆمەڵایەتـی و کولتـوورییـەکـان و پێکهاتەی بڕیاره سیاسییەکان. ئەمەش تەنیا کاتێک دێتە دی کە لقەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن چالاکانەتر بەشدار بن لە جێبەجێکردنێکی سەرڕاستانەی یاسا و زامنکردنی سەربەخۆیی قەزا و پیشەی یاساییدا. یاسا جیاکاریکارەکان و سیستمە یاساییە ناکۆکەکانیش پێویستـییـان بەوەیە کـاریان لەسـەر بکرێت تـا بتوانرێت پیـاوان و ژنان وەک یەک پارێزگـاری و دادگەیەکی دادپەروەریان بۆ دابین بکرێ.

سەرنجەکان

سیژم پێزانینی خۆی بەرامبەر بەم کەسانەی خوارەوە دەردەبڕێت، کە کارەکانیان ڕۆڵیان لەم توێژینەوە و پڕۆژەیەدا بەگشتی گێڕاوە: بەڕێوەبەر عەززە سولەیمان، سەرۆک یاسر عەبدولجەواد، پارێزەر هالە عەبدولقادر، د. سیهام عەبدولسەلام، ڕاوێژکاری کۆچکردوو عەواد ئەلمور، دادوەری سەرەکی پێشووی دادگەی باڵای دەستووری، ڕۆژنامەنووس لە کۆواری سەباحولخەیر د. کەریمە کەمال، تەهانی گەبالی، کە ئەو کات پارێزەر بوو لە دادگەی تەمیز و ئێستا کراوەتە دادوەر، سەرۆکی بەشی سۆسیۆلۆجیا لە زانکۆی جەنوب ئەلوادی د. مەدیحە عوبەیدە، ئەحمەد ئەلشوری. ئەم توێژینەوەیەی لەبەر دەستـانە بۆ بڵاوکـردنەوە لەم کـتـێـبـەدا لەلایەن پڕۆژەی INTERRIGHTS/ CIMELـەوە بەپشت بەستن بەمـەوادی عـەرەبی کـە لەلایەن سـیـژمـەوە دەرچوون نووسـراوەتەوە و سـیـژم بەئینگلیـزی بڵاوکـردنەوەی پەسند کردووە. ئەو توێژینەوانەی کـە نووسـەرانی دەرەوەی سـیـژم ڕاسـپـێردراون بەنووسـینیـان مـەرج نیـیـە گوزارشت لە بۆچوونی ڕێکخراوەکە بکەن.

١- جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، بڕیاری GA، A/1993) RES/48/108).، بەندی یەکەم.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٧. لە کـاتێکدا ئەو کـۆمـەڵگە نەریتـیـیـە باوکسـالارانەی کـە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێی خێڵ و تیرەوە ڕێکخراون و بەیاسای داوونەریت بەڕێوە دەبرێن خەتەنەی مێیینە و تاوانی شەرەف قبووڵ دەکەن، هیچ کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی یان مۆدێرن زۆرگێکردنی ئەو خزمانەی بەیەک ناشێن قبووڵ ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئەوە بڵێین کچێک کە قوربانی زۆرگێیـە لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتدا بەبیانووی "سڕینەوەی شـوورەیی" کـە تووشی خێزانەکە بووە، بکوژرێت. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

٣- بڕوانە "پێشەکی"یەکەی یاسر عەبدولجەواد لە سیژم (چەند نووسەرێک) ٢٠٠٢.

٤- بۆ نموونە بڕوانە، ئەلجێسری (٢٠٠٤) و فەوزی (٢٠٠٤).

٥- بڕوانە بۆ هەموو بەشدارییەکان لە عەبدولسەلام و سولەیماندا ٢٠٠٣.

٦- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠-٤١.

٧- بۆ شـووکردن، یاسـای میـسری داوای ڕەزامـەندیی خـێـزانی ژنێک ناکـات. لەگەڵ ئەوەشـدا، وەک لەم توێژینەوەیەدا ڕوون کراوەتەوە، ژنان لەسەرئەوە دەکوژرێن کە بەبێ ئەوەی ئەو ڕەزامەندییەیان هەبێت شوو دەکەن.

٨- سەمیر حیلمی لە سەوتولئوممە، ٣١ مایس ٢٠٠١.

٩- ئیبراهیم بیلبەیسی لە ئەلوەفد، ٣٠ کانوونی یەکەمی ١٩٩٨.
١٠- خالید ئیدریسی لە ئەلوەفد، ١٤ ئابی ٢٠٠٠.
١١- موحەمەد موتاری عالەم لە ئەلئەهرام، ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٠.
١٢- تاریق ئەلدەباغ لە ئەلئەحرار، ١٠ حوزەیرانی ١٩٩٩.
١٣- مەنال ئەلغەرمی لە ئەلئەهرام، ٩ی کانوونی یەکەم ١٩٩٨، ڕزیق ٢٠٠٠.
١٤- موحەمەد بەرەکات لە ئەلئەهرام، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٩.
١٥- عاتیف دەعابیس لە ئەلوەفد، ٦ی ئاداری ٢٠٠٠، موحەمەد موتاری عالەم لە ئەلئەهرام، ٥ تشرینی یەکەمی ١٩٩٩.
١٦- یاسا ئەم هەڵوێستەی هەیە. سەرباری بۆچوونی چەند زانایەکی شەریعە کە پێیان وایە کوشتنی ژن لەسەرئەوەی ڕەفتاری جێی گومانە ڕێپێدراو نییە - هەر وەک چۆن تەنانەت کاتێکیش کەسێک ئافرەتێک دەگرێت لە کاتی سێکسی ڕێپێنەدراودا، ئەگەر چوار شایەت نەبێت بەسەر سێکس کردنەکەوە ئەوە بۆی نییە هیچی لێ بکات. (رزیق، ٢٠٠٠)
١٧- یاسای ژمارەی ٥٨ی ساڵی ١٩٣٩ هەموارکراو.
١٨- ئەمانە، سەرباری چەند شتێکی تر، سزای سێ بۆ حەوت ساڵ زیندانی دەگرێتەوە لەسەر کوشتنی بێ مەبەست و سزای قورستر لە حاڵەتی کوشتنێک کە پێشوەخت تەگبیری بۆ کرابێت.
١٩- عەبولحەمید شەورەبی، لەبارەی هەلومەرجەکانی سووککردن یان قورسترکردنەوە، چاپخانەی ئەلجامیعیە، ئەسکەندەرییە، ١٩٨٦، ل ٣٦، لە ئەبوو عۆدەدا هاتووە، ١٩٩٦: ١٤٦. بڕوانە ڕەخنە لە مادەی ٢٣٧ لە نووسینی د. شوکری ئەلدەقاق کە لە فەوزی ٢٠٠٤دا هاتووە.
٢٠- پاشکۆی جوت ڕاپۆرتی وەرزی چوارەم و پێنجەمی کۆماری عەرەبی میسر لەبارەی ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە دژی ژنان، کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠دا خرایە ڕوو لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژنانەوە: CRP 2/ADD/PSWG/2001/I/CEDAW. ٣
٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦، وەڵامی پرسیاری بیستەم.
٢٢- ڕەئوف عوبەید، ڕێسا گشتییەکانی یاسادانانی سزایی (چاپخانەی ئەلنەهزە، قاهیرە، ١٩٦٤، ل ٨٦٣، لە ئەبوو عۆدەدا هاتووە ١٩٩٦:١٦٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، ئەبوو عۆدە، ١٩٩٦:١٥٧-١٦١، هەروەها توێژینەوەیەکی یەک حاڵەتی لەبارەی ئوردنەوە: حەسەن و وێڵچمان لەم بەشەدا.
٢٣- عوبەید، ڕێسا گشتییەکان، ل ٨٦٤، لە ئەبوو عۆدەدا هاتووە، ١٩٩٦: ١٦٣.
٢٤- ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژنان، بۆ جوت ڕاپۆرتی وەرزی پێنجەم و شەشەمی دەوڵەت، ل ٢٩، وەڵامی پرسیاری ژمارە ٥٤ لەبارەی مادەی ١٥ی ڕێککەوتننامەکەوە.
٢٥- بڕیاری ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، RES/48/104/A، ٢٣ی شوباتی ١٩٩٣.
٢٦- جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان، بەندی C٤.
٢٧- میسر تەحەفوزی لەبارەی مادەگەلی ٢، (٢)٩، ١٦، ٢٩ی ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان هەبووە.
٢٨- سیژم ڕاوێژکار ئەلموری بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە ڕاسپاردووە و هەمووی بڵاو کراوەتەوە لە ئەلمور، ٢٠٠٢دا. ڕاوێژکارەکەی لەبارەی شەرەفەوە، عەواد ئەلمور، پێشتر دادوەری سەرەکی بووە لە دادگەی

باڵای دەستووری. مەرگە پڕ کەسەرەکەی لە ساڵی ٢٠٠٤دا وای کرد نەتوانێت چاو بەنوسخە ئینگلیزییەکەی ئەم توێژینەوەیەدا بەر لە بڵاوکردنەوە بگێڕێتەوە.

٢٩- حاڵەتی ژمارە ٨٣١ی ساڵی ١٩٩٨ کە لە دادگەی تاوانی ڤینا بەژمارە ١٩٩٨/١٠٣٥ تۆمار کراوە.

٣٠- حاڵەتی ٢٣٣٣ی ١٩٩١ کە لە دادگەی تاوانی ڤینا بەژمارە ١٩٩١/١٢٢ تۆمار کراوە.

٣١- لە لێکدانەوەی یاسایی تەقلیدی ئیسلامیدا، (ولي الدم) بریتییە لە نێرینەیەک لە بەرەی باوکەوە کە نزیکترینە لە کەسە مردووەکەوە و دەتوانێت لەجیاتی مردووەکە و لایەنە پێوەندارەکانی تر و میراتگرەکان دەستبەرداری قیساس بێت (تۆڵەکردنەوە بە کوشتن) یاخۆ دەستبەرداری مافی قەرەبووکردنەوە ببێت. (نووسیار)

٣٢- حاڵەتی ٣٥٠١ی ساڵی ١٩٩٣ (دوشنا)، تۆمار کراوە بەژمارە ٥٧٦/ ,١٩٩٣

٣٣- حاڵەتی ژمارە ٥٢١٤ی ساڵی ٢٠٠٠.

٣٤- ئەم پەراوێزە تایبەتە بە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی وشەکە لە عەرەبیدا.

٣٥- حاڵەتی ژمارە ١٥٨٥ی ساڵی ١٩٩٧.

٣٦- حاڵەتی ژمارە ١٤٥٥ی ساڵی ١٩٩٦ (ڤینای ناوەندی) کە تۆمار کراوە وەک ١٩٩٦/٨٠٢ لە دادگەی تاوانی ڤینا.

٣٧- حاڵەتی ژمارە ٩٨١ی ساڵی ١٩٩٦ (فارشوت)، کە تۆمار کراوە وەک ١٩٩٦/٣٤٢ دادگەی تاوانی ڤینا.

٣٨- حاڵەتی ژمارە ٨٣٠ی ساڵی ١٩٩٧، کە لە دادگەی تاوانی ڤینا بەژمارە ١٩٩٧/١٩٢ تۆمار کراوە.

٣٩- ئەلئەهرام، ئەلئەهرام ئەلمەسائی، ئەلوەفد، سەباحولخەیر، ئەلجمهوریە، ئەخبار ساعە، ڕوزەلیوسف، ئەلئوسبوع و ئەلئەخبار ئەلیەوم. چەند ژمارەیەک بزربوون.

٤٠- سیژم د. کەریمە کەمال (کەمال، ٢٠٠٢)ی ڕاسپاردووە کە شیکردنەوەیەکی باسکردنی "تاوانەکانی شەرەف" بکات لە ڕۆژنامە میسرییەکاندا کە نەخرایە ناو ئەم توێژینەوەیەی ئێستاوە بەهۆی کەمیی شوێنەوە. نوسخەی ئینگلیزیی ئەم توێژینەوەیە لە ماڵپەڕی سیژم و INTERRIGHTS/CIMELدا دەست دەکەوێت.

٤١- سیژم بۆی دەرکەوت کە لە میسری سەروو دەشێ خێزانە قیبتییەکان بەئەندازەی موسڵمانەکان تاوانی "شەرەف" ئەنجام بدەن لە ڕووی ئامارەوە. ئەلجەسری (٢٠٠٤–٨٧) فیلمەکەی کەمال ئەلشێخ "پۆستەچی" ساڵی ١٩٦٨ یادی خوێنەرەکانی دەهێنێتەوە "کە بەوە کۆتایی دێت کە خێزانێکی قیبتی کچەکەیان لەسەر ئەوە دەکوژن کە پێوەندیی سێکسیی ڕێپێنەدراوی هەبووە".

## بەشی حەوتەم

# لێکۆڵینەوە لە بەقوربانیدانانی ژنان لە فەلەستین
# لێکدانەوەیەکی سۆسیۆ - مێژوویی

نووسینی: نادیرە شەڵهوب – کێڤۆرکیان

لە "پیاوگەلێکی ژێر خۆر" (رجال تحت الشمس[1])دا، غەسان کەنەفانی چیرۆکی چەند پیاوێکی فەلەستینی دەگێڕێتەوە کە لە عێراقەوە بەقاچاخ ئاودیوی کوێت دەکرێن تا لەوێ ئیش بدۆزنەوە. شۆفێری لۆرییەکە پیاوەکان لە تەنکییە ئاوە گەورەکانی لۆرییەکەیدا دەشارێتەوە و رووەو بیابان بۆ سەر سنوور دەکەوێتە رێ. دەبێ پیاوەکان، لە بەر قرچەی خۆرەتاوەکەدا، بەهیچ جۆرێک نەجووڵێنەوە تاوەکو کەس پێیان نەزانێت. لەسەر سنوور، پۆلیسەکە، کە لەبەر سێبەرێکدایە دوور لە خۆرەتاوەکە، دەست دەکات بەگفتوگۆیەکی درێژ و بەکاوەخۆ لەگەڵ شۆفێرەکەدا. گفتوگۆکە تەواو دەبێ و شۆفێرەکە سلف لێ دەدات و لە سنوور دەپەڕێتەوە، شۆفێری لۆرییەکە ـبۆ نزیکەی کاتژمێرێک لە لێخورین بەردەوام دەبێ ئینجا بواری دەبێ کە بووەستێت و تەماشای ئەو پیاوانە بکات کە شاردبوونیەوە. تا پیا رادەگات تەنکیی ئاوەکان بکاتەوە، هەموو پیاوەکان گیان لەدەست دەدەن. یەکەم کاردانەوەی شۆفێرەکە ئەمەیە ـ: "بۆچی لە تەنکییەکەیان نەداوە؟"

لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی ناو خێزان چیرۆکەکەی کەنەفانیم دەخاتەوە بیر. یەکەم پرسیار کە ئەو توێژەرە خۆرئاواییانەی کە لە توندوتیژی دەکۆڵنەوە دەیکەن ئەوەیە: "بۆچی دەمێننەوە؟". بەهەمان شێوە، کاتێک بەسەرهاتێک دەبیستین لەبارەی دەستدرێژیی سێکسیی سەر منداڵ یان ژن یان خەڵکانی بەساڵاچووەوە، دەپرسین: "بۆچی پەردە لەسەر ئەو دەستدرێژییانە هەڵنامالن؟" لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ئەم بەشە لەو دەسەڵاتە ورد دەبێتەوە کە سیستمی یاسای هاوتەریب (سیستمی یاسایی نارەسمی/خێڵەکی) بەسەر قوربانییەکانی توندوتیژییەوە هەیەتی لە ناوچە فەلەستینییە داگیرکراوەکاندا. لە هەندێک حاڵەتدا، سیستمە یاساییە هاوتەریبەکە هێندەی ئەو خۆرە بەهێزە کە پیاوە فەلەستینییەکانی بەزیندوویی سووتاند، ئەمە لە کاتێکدا قوربانییەکان سەرزەنشت دەکرێن لەرێی پرسیاری "بۆچی داوای یارمەتییان نەکرد؟"

لە سیاقی خەباتی بەردەوامی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیی ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاماژە هەیە بۆ بەرگری لە بەرامبەر ئەو نەریتە سۆسیۆ–کولتوورییانەدا کە هانی توندوتیژی لە دژی مێیینە و گرووپە بێدەرەتانەکانی تر دەدەن، بەتایبەتی لە خێزاندا (ئەپاڵەپەستۆ، ١٩٩٣). سەرباری ئەو جیاکارییەی کە لە هەندێک سیاسەتی یاسایی و بەندی

یاساییدا هەیە، یاسا ئامرازێکە کە دەتوانرێت بۆ پشتگیریکردنی قوربانییەکانی توندوتیژیی خێزانی بەکار بهێنرێت و یارمەتیی تێکۆشانیان لە دژی خراپ مامەڵەکردن و فەرامۆشکردن بدات. لە فەلەستین، لەو ماوەیەدا کە لە ڕووی سیاسییەوە سەرقاڵی دروستکردنی دەوڵەت و بەرهەڵستین دژی جۆرەها شێوەی چەوساندنەوە، ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ئاخۆ دەکرێت سیستمی یاسای فەلەستینی (فەرمی و نافەرمی) دابڕێژرێتەوە تا برەو بەمافە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بدات، هەروەها بۆ ئەوەی کە قوربانییەکانی توندوتیژیی خێزانی لە توندوتیژیی "یاسایی" بپارێزێت.

لە میانەی تاوتوێکردنی ئەم پرسیارەدا، سەرەتا چەند مەسەلەیەکی پێوەندار بەم چەمکەوە ورووژاون لەبارەی توندوتیژیی خێزان و ڕۆڵی سیستمی یاسایی فەرمی/نافەرمی لە مامەڵەیاندا لەگەڵ توندوتیژی لە دژی ژنان و منداڵان، لەوانەش توندوتیژیی پێوەندار بەچەمکی "شەرەف"ەوە. پاشان، دوو توێژینەوەی مەیدانیم خستووەتە ڕوو بۆ پیشاندانی چۆنێتیی گوزارشتکردن لەم چەمکانە لە سیستمی یاساییدا.

## بە چەمککردنی توندوتیژیی خێزانی

### هۆکارە مێژووییەکان

سەرباری مەیلێک بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ژنانی فەلەستین و خەباتەکەی بخرێنە پاڵ بزووتنەوەی نیشتمانیی فەلەستین کە پیاوان پێشەنگین، مێژوونووسان و فێمینیستەکانی وەک فلایشمان (٢٠٠٣) و دەجانی (١٩٩٤) ئەوەیان ساغ کردووەتەوە کە ماوەیەکی زۆر پێش سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی عەرەبی ژنان لە فەلەستین لەبارەی مەسەلە کولتووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانەوە لە پێوەندیدا بوون لەگەڵ ژنانی شوێنانی تری جیهانی عەرەب. لێرەوە چالاکوانانی ژنانی فەلەستین لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی فەلەستینی-بەریتانییەوە یان فەلەستین- زایۆنیزمە، لە پشت سنوورەکان و نەتەوەکانەوەیە. فلایشمان (٢٠٠٣) سەرەتای ڕێکخراوە خێرخوازەکانی ژنان دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٣، کاتێک دەستەبژێرێک ژنانی فەلەستین دەستیان کرد بەدروستکردنی نەرێت و شێوە ڕەفتاری لیبراڵ وەک هاوڵاتیی چالاکی فەلەستین. فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالی فەلەستینی ئەو ستراکتورە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی ئیستیغلال کرد کە پێوەندییان بەمەسەلەکانی ژنانەوە هەبوو بۆ ئاسانکردن و چەسپاندنی پەرتکردنی کۆمەڵایەتی و هێشتنەوەی کۆنترۆڵی خۆیان. لەمەشدا، بەریتانییەکان برەویان بەدووفاقییەکی تایبەتی-گشتی دا کە جەختی لەسەر ڕۆڵی ژنان لە ناو ماڵ و لە خێزاندا وەک میتۆدێک بۆ پاراستنی "ڕەسەنایەتی" کۆمەڵگەی عەرەبی-فەلەستینی دەکردەوە. ئەو جۆرە سیاسەتە تایبەت نەبوو بەفەلەستین. پاش ئەمە، دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلی، کە لەلایەن دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانییەوە دەسەڵاتیان پێ درابوو، لەسەر هەمان ڕێچکەی "لێگەڕێ با دانیشتووانە ڕەسەنەکان خۆیان حوکمی خۆیان بکەن" ڕۆیشتن و لە هەمان کاتیشدا کارئاسانی و توێژینەوەیان لەبارەی مەنهەجی

خـۆرهەڵاتناسـەکـانەوە دەکـرد و وەک خـۆی ڕایان دەگـرت. ئەو هـێـزە جـۆراوجـۆرە_ سـیـاسـی و کۆلۆنیـالی و زایۆنیسـتییـانەی کە جـەختیـان لەسـەر ڕۆڵی ژن لە مـاڵەوە و لە بواری تایبەتیدا دەکرد ئەو پرۆسـەی گـۆڕانکارییـەیان ڕاگـرت کـە ژنانی فـەلەسـتـینی و عـەرەبی پـێـدا تێ دەپەڕین و کاردانـەوەیەکی شـپـرزەیان لە ناوچەکـەدا دروست دەکرد. ئەم شـپـرزەیی و ترسـە لە داگیـرکـاری "خۆرئاوایی" و سـووربوونی "خۆرئاوایی" لەسەر "مۆدێرنکردنی" ژنان کاری کردە سـەر تێگەیشتنی پیاوان لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەڕەشەی دروست کرد لەسەر نێرینەیی و پیاوێتیی پیاو و، ڕۆڵ و پێگەیانی لە کۆمەڵگەدا خستە مەترسییەوە. هەردوو دەسـەڵات – کۆلۆنیالی/زایۆنیی دەرەکی و باوکسـالاری/نێرینەییی ناوەکی – کـاردانەوەیەکیـان دروست کـرد کـە جـەسـتـە و ژیانی ئافرەتی کردە جێی بەر_هەڵسـتـیکردنی چەوسـانـەوە. کۆلۆنیـالەکـان و دەسـەڵاتە داگیـرکـەرەکان دەیانویست ژن "مـودێرن" و "ڕزگار" بکەن، لـە کاتێکدا دەسـەڵاتە باوکسـالارەکان جـەختیـان کـردە سـەر "پاراستن" و "پارێزگاریکردنی" ژنان لە هەر داگیـرکارییەکی دەرەکی. ئـەم کردنەی جـەسـتـە و پلەوپایە و ژیانی ژنان بەگۆڕەپانی شەڕ تا ئێسـتاش بەردەوامە. هیوادارم کـە خوێنەر لەم سیـاقەدا لەو زانیارییانە وردبێتەوە کە لەم وتارەدا تاوتوێ کراون.

## فاکتەرە سیاسییەکان

## بنیاتنانی دەوڵەتی پیاوسالاری و توندوتیژی دژی ژنان

لە ١٩٩٠ـەکـاندا، چالاکوانانی عـەرەبی مـافی مـرۆڤ و فێمـینیسـتەکان دەسـتیـان کـرد بەتاوتوێی خـراپ مـامـەڵەکردنی ژنان (کـە بەشـێـوەیەکی سـەرەکی وەک "تاوانی شـەرەف" سـەیر دەکرا) وەک مـەسـەلەیەک کـە پێـویسـتی بەدووبـارە لێ ڕوانین هەیە لە سـەر ئاسـتی کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـی و کولتووری و یاسایی. بەشـەکانی تری ئەم کتێبە لەو هـەوڵانە دەڕوانن کە لەم بوارەدا، شـانبـەشانی هەندێک شتی تر،_ ئاڕاستەی سیستەمە یاساییەکان کراوە، بۆ نموونە لە ئوردن و میسر و لبنان (لە لبنان ئەم هەوڵانە لە ١٩٧٠کانەوە دەستیان پێ کرد).

لە کۆمـەڵگەی فـەلەسـتینیدا، خـەباتکردن بۆ مـافـەکـانی ژنان و بـەرگـریکردن لە دژی تاوانەکـانی توندوتیـژی شـانبـەشانی پرۆسـەی ئاڵۆزی سیـاسـەتی بـنیادنانی دەوڵەت و بەرگریکردن لە بەرامبـەر چەوسانەوەدا ڕوو دەدات. هەرچەندە خەبات لە دژی خراپ مامەڵەکردنی ژنان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستی پـێ کرد، لە پاش دەسـتپێکردنی ڕاپەڕین (ئینتیفازە)ی یەکەم لە کۆتایی سـاڵی ١٩٨٧، گـەیشـتـە ترۆپکی خـۆی (دەجـانی، ١٩٨٨). چەند ڕێکخـراوێکی ژنان و مـافـەکـانی مـرۆڤ دەسـتیـان کرد بەکارکردن لەسـەر مـەسـەلەی مافەکانی ژنان و وردبوونەوە لەو سـیستمە یاساییەی کـە هـەبوو تا بڕیار بدەن تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ئەو بارودۆخـە کۆمـەڵایەتی و سـیـاسـییـە_ تازەیەی کە ڕێزی مـافە نەتـەوایەتی و مافـەکانی مرۆڤی فـەلەسـتینی دەگرت گونجـاوە (عەبدۆ، ١٩٩٩، ئەلحـەق، ١٩٨٩، خـدر، ١٩٩٨). ڕۆزحکوومـەتی سـایـغ (١٩:١٩٩٢) پێی وا بوو کـە مـەسـەلەکـانی ژنان لەناو بزووتنـەوەی نیـشـتـمـانی ڕزگـاریخـوازی فـەلەسـتـیندا بەسـیـاسـی کـرابوون: "ئـەو گۆڕانـکارییـە کۆمـەڵایەتییانـەی کە وەک بەشێک لە خـەباتی نیشتمانی دەگیرێنە بەر، سیـاقی شـەرعیی سەرەکین

له خەباتکردندا بۆ بەدەستهێنانی مافە تاکەکەسییەکانی ژنان". قبوولکردنی تێزەکەی سایغ پێوەندی هەیە بەو دەسەڵاتە ڕەمزییەی بەخشراوەتە وێنەی مێیینە وەک دایکی نەتەوە – وێنەیەک کە ئەوەندەی تر لە ڕێی گوتاری کولتووری و سیاسیی دەسەڵاتی فەلەستینییەوە بەهێز کراوە.

پێگەی ژنان لە نێو دەسەڵاتی فەلەستینیدا ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی باوکسالاریی تەقلیدی و دەرکەوتەکانی لەنێو بنیادە سیاسییەکاندایە. حیزبایەتی کردنێک کە جۆرە_ وەلائێکی تێدایە کە پشت بەپێوەندییەکە بەتیرە و خێڵەوە دەبەستێت پاڵنەری دامەزراندنە سیاسییەکانی دەسەڵاتی فەلەستینین. ئەو جۆرە دامەزراندنانە ڕەنگە_ پێگە و ئازادی و یەکسانیی ژنان بخاتە مەترسییەوە. ئەم فاکتەرە ئەو مەیلە جیاوازانەی کە هەڵقوڵاوی_ کەلەپووری سیاسیی کۆمەڵگەی فەلەستین و سیاقی داگیرکردنن ئاوەژوو دەکاتەوە، لەوانەش ئەوەی کە ئەو خەباتە سیاسییەی ئێستا پێشینەی سیاسی دەخاتە پێش باوکسالاری تەقلیدییەوە. لێرەوە، بەرەوپێشچوونێک لە دەسەڵاتی سۆسیۆ-سیاسی و یاسایی ژناندا لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت. ژنان هەر دەبێ پارێزگاری لە پاکیزەیی بکەن و بەردەوام ڕووبەڕووی ستراکتۆری تەقلیدیی باڵادەستیی نێرینە دەبنەوە (تاراکی، ١٩٩٧).

ڕاگەیاندننامەی دەوڵەتی[٢] سەربەخۆی فەلەستین لە ساڵی ١٩٩٨ چەند ئامانجێکی نەتەوایەتیی ڕاگەیاند کە ڕەگیان لە مافەکانی مرۆڤدا بۆ ژنان داکوتیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپشت بەستن بەلێکۆڵینەوەکەی پێشووم لەبارەی ئەو فاکتەرە سۆسیۆ-کولتووری و باوکسالاری و سیاسییانەی کە کاریگەرییان لەسەر مامەڵەکردنی یاساییانەی حاڵەتەکانی "فێمیساید" (کوشتنی ژنان لەبەر خاتری "شەرەفی خێزان") هەیە، دەپرسم ئاخۆ ڕیفۆرمخوازە فەلەستینییەکان لە ڕاستیدا بتوانن دەست بکەن بەبرەودان بەم ئامانجە نەتەوەییانە.

## فاکتەرە سۆسیۆ-کولتوورییەکان

## گوتاری دەستەجەمعی / باوکسالاری و خێزان

سیاقی دەستەجەمعیی کۆمەڵگەی عەرەب بەزەرووڕەت کار دەکاتە سەر شیکردنەوەی ڕۆڵی خێزان لە حاڵەتەکانی توندوتیژیی خێزانیدا. زەحمەتە یەک مۆدێل دەستنیشان بکەیت کە هەموو خاسیەتەکانی خێزانی عەرەبی تێدا کۆ بووبێتەوە ئەوەندەی پێوەندیی بەپێگەی خێزانەوە لە کۆمەڵگەدا هەبێت، بەڵام دەتوانین چەند خاسیەتێکی_ سەرەکی کە کار دەکەنە سەر توندوتیژی خێزان دیاری بکەین (بەرەکات، ١٩٨٥، شەڵهوب- کێڤۆرکیان، ١٩٩٧أ، ب١٩٩٧). سەرباری ئەو گۆڕانە ئابووری و سیاسییانەی کە لە کۆمەڵگەی عەرەبدا لە سی ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە، خێزان هێشتا بەیەکەی سەرەکیی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەرچاوەیەکی پشتیوانی و یەکبوون و وابەستەیی دادەنرێ کە دەتوانێت لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە پشتگیریی تاکەکەس بکات. خێزان ڕۆڵێکی گرینگ لە دابینکردنی ئەو یارمەتی و خزمەتگوزارییانە دەبینێت کە لە خزمەتگوزارییە فەرمییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن چاوەڕێ دەکرێت، وەک یارمەتیی دوولایەنە لە منداڵ بەخێوکردندا، پاراستنی دوولایەنە و پشتگیریی دارایی و

دامەزراندن لەسەر کار و هتد. لە ئەندامانی خێزان چاوەڕێ دەکرێت کە بە بەهاکانی پاراستن و یەکێتی و ناوبانگی خێزانەوە پێوەستن کە ڕەنگە ئەمە بخوازێت کە پێویستی و خەون و ئارەزووە کەسییەکانیان وەلاوە بنێن. ئەمە بەتایبەت ڕاستە بۆ ژنان، کە چاوەڕێ دەکرێت "ناوبانگ" و "شەرەف"ی خێزانەکانیان بپارێزن، هەروەها بۆ دایکان کە کامەرانی و گەشە و سەرکەوتنی منداڵەکانیان، کامەرانیی خۆیان دیاری دەکات. لێرەوە، سەرکەوتن یان شکستی ژنان لە هاوسەرێتی و منداڵ بەخێوکردن و ڕەفتاری کەسی و ئەو شتانەی هەڵی دەبژێرن لە ژیاندا بەشکست یان سەرکەوتنی خێزانەکانیان دەژمێردرێت.

ئەو ژنانەی قوربانیی توندوتیژیی خێزانین لەوانەیە لەلایەن خێزانەکانیانەوە کۆمەک بکرێن، بەڵام لەوانەشە لەسەر بوونیان بەقوربانی لۆمە بکرێن و وەها لێیان بڕوانرێت کە ناوبانگی خێزانەکەیان لەکەدار کردووە. ئەم مەیلی لۆمەکردنەی ژنان کاتێک خراپ مامەڵە دەکرێن، یاخۆ کە داوایان لێ دەکرێت لەبەر خاتری ـمنداڵەکانیان قوربانی بە ژیانیان بدەن، ڕێ دەگرێت لەوەی کە ژنان بەدوای پارێزگاری و داڵدە و پشتگیریدا بگەڕێن چ لە ناو خێزان و چ لە دەرەوەی.

ترس لە ئاشکراکردنی خراپ مامەڵەکردن، لەو کاتەدا خراپترە کە قوربانییەکە کچ یان ئافرەتێکی گەنج بێت_. منداڵی کچ، کچان و ژنانی گەنج یان سەڵت لەوە دەترسن کە داوای یارمەتی دەرەکی بکەن (شەلهوب- کیڤۆرکیان، ب١٩٩٩) یاخۆ هەر خراپ مامەڵەکردنێک ئاشکرا بکەن کە ئەندامێکی خێزانەکەیان پێی هەڵدەستێت. ئاشکرایە ئەم دۆخە ژن و کچی عەرەبی پەلبەست کردووە، چونکە لە کاتێکدا دەزانن کە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت لە خێزانەکانیان کە یارمەتییان بدەن و بیانپارێزن و پشتگیرییان بکەن، دەشزانن کە لە حاڵەتەکانی خراپ مامەڵەکردنی خێزان لەگەڵیاندا دەشێ بخرێنە ژێر گوشارەوە تا لە ئاستی ئەو خراپ مامەڵەکردنانەدا بێدەنگ بن، تا بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو مێردانەی کە خراپ مامەڵەیان دەکەن یا تاوەکو خۆیان لە شووکردن بدزنەوە تاوەکو دەستدرێژییە سێکسییەکانی باوک و برا و ئەندامانی تری خێزان ئاشکرا نەبێت. ترسی لەو جۆرە دەشێ بێدەرەتانیی کۆمەڵایەتی و دەروونی و نیگەرانیی کەسی و پەستی و تووڕەیی و بێدەسەڵاتیی ژنان و منداڵان زیاد بکات و جێگرەوەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی خێزانی کەم دەکاتەوە.

بێدەرەتانیی مێیینە ئەوەندەی تر، لەڕێی ستراکتۆری دەسەڵاتی باوکسالاریی خێزانی عەرەبەوە، قووڵ بووەتەوە، کە نەک تەنیا بەهانە بۆ نایەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان دێنێتەوە بەڵکو توانای ئەندامانی نێرینەی خێزان بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەی ژنان زیاتر دەکات. ئەگەر چەوساندنەوەی ژنان و کچان و منداڵە کچەکان ئاشکرا بوو، دەشێ ئەمە نیشاندەری ئەوە بێت کە خێزانەکانیان لە پاراستنیاندا سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەش ڕەنگە بۆ خۆی دەسەڵات و ئیمتیازاتی نێربوونی ئەندامانی نێرینەی خێزان بخاتە مەترسییەوە. کاتێک پیاوان هەست دەکەن دەسەڵاتیان لە ژێر مەترسیدایە، پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی بۆ بەدەستهێنانەوەی پلەوپایە لەدەستچووەکەیان (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە حاجی یەحیا، ٢٠٠٠).

سیستمی تەقلیدیی سەرچاوەی مرۆیی و پشتگیریی بنەماڵە –کە دەستی بەسەر سەرچاوە ئابوورییەکانیشدا گرتووە– دەسەڵاتە حوکمڕانە جۆراوجۆرەکان لە فەلەستین، کە خۆیان نەیان دەویست مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ بکەن یان دەستی تێ وەردەن، سیستمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییان بەهێز کرد. سیستمەکانی کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی و دادپەروەریی ناوخۆیی برەوی سەند، کە پشتیان بەئەندامە سەرەکی و بەدەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگە، کە بەڕیش سپییەکان ناسرابوون، بەستبوو. ئەم سەرگەورانە سەرکردەی موسڵمان و پیاوانی داناشی لەخۆ گرتبوو، کە حوکمەکانیان پشتیان بەئەزموونی ژیان و داناییە کەڵەکەبووەکەیان بەستبوو. ئەمانە پەرەیان بەسیستمێکی نەنووسراوی یاسای خێڵەکی دا کە داوونەریت و ئاکار و یاسا ئاینییەکانی لەخۆ گرتبوو. (ئەلعارف، ١٩٣٣، ئەلعەبادی، ١٩٨٦) دەڵێت لە کاتێکدا زۆربەی ئەم بڕیارانە لە ژێر کاریگەرییەکی قورسی ئیسلامدا بوون، ئاشنانەبوونی دادوەرەکان بەلێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی قورئان ناچاری کردن کە بۆچوونی خۆیانی تێکەڵ بکەن، کە ئەویش پشتی بەداوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بەستبوو.

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، دانیشتووانی کەناری خۆرئاوا کەوتنە ژێر حوکمڕانیی ئوردن و دانیشتووانی غەزە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی میسرەوە. لە ١٩٦٧، هەر دوو ناوچەکە لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیر کران و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سەربازی ئیسرائیلەوە. داگیرکاریی ئیسرائیلی تووڕەیی و ڤینی لێ کەوتەوە و ئەو سیستمی دادپەروەرییەش کە ئیسرائیل بەڕێوەی دەبرد وەک جیاکاریکەر و چەوسێنەر لێی دەڕوانرا. فەلەستینییەکانی ناوچە داگیرکراوەکان زۆرتر سیستمی نافەرمییان، لەوانە سیستمی دادپەروەریی خێڵەکی، بەکار دەهێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکان. کاتێک پاش ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆی ١٩٩٤، دەسەڵاتدارانی فەلەستینی دەستیان بەسەر بەشێک لە ناوچە داگیرکراوەکاندا گرتەوە، دەبوو هەوڵ بدەن بەسەر سیستمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی جیاواز و هەندێک جار دژبەیەکدا زاڵ بن. بیشارەت (١٦٣:١٩٨٩) کە باس لە سیستمی یاسایی لاوازی ئەو دەمی دەکرد لەسایەی داگیرکاریی ئیسرائیلیدا، سەرنجی دا کە:

دەرەنجامەکانی کردارەکانی دادگە پێشبینی نەکراون، ئەمەش ئارەزووی خەڵکی بۆ پەنابردنە بەر دەزگە فەرمییەکان وەک شوێنێک بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان کەم کردووەتەوە. خاتر و خاترکاری و پشتیوانیی سیاسی برەوی سەند، ئەمەش بەهای پسپۆڕیی یاسایی کەم کردەوە.

بیشارەت (٣٢،١٩٨٩) ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە تایبەتەکان لە فەلەستین بەخێرایی بوونەتە ڕووداوگەلێک کە تایبەتن بەکۆمەڵەوە: "ئەو ناوبژیوانەی کە دەتوانێت دەستبەجێ چارەسەرێک بدۆزێتەوە سوپاس باران دەکرێت و پلەوپایەشی لەنێو کۆمەڵدا بەرز دەبێتەوە. ئەو دووبەرەکییانەی کە دەستبەجێ چارەسەر ناکرێن دەبنە جێی باسوخواس و مشتومڕ." گەندەڵی و واستەکردن، کە برێتییە لە "سوودوەرگرتنی نابەجێ لە پێگەی فەرمی بۆ دەستکەوتی کەسی"، کاریگەرییان لەسەر سەروەریی یاسا هەیە و بیشارەت دەگاتە ئەو

دەرەنجامەی کە:

گەندەڵی و واستەکردن، ئینجا گرینگ نییە کێ ئەنجامیان دەدات، وەک شلەیەکی توێنەرەوەی بەهێزن بۆ بانگەشەکانی پیشەی یاسا سەبارەت بەشەرعیەتێک کە پشت بەلێهاتوویی پسپۆڕی تەکنیکی دەبەستێت. لێرەوە، گەندەڵی و واستەکردن سیستمگەلێکی تری جێگرەوە پێک دێنن بۆ سوڵحکردن – بەمانا فەرمییەکەیان، تا ڕادەیەک نایاسایین و ناپەسندن، بەڵام لە ڕاستیدا کەمتر عەمەلی نین – کە گەرەنتیی بەهێزتری ڕازیبوون بە دەستەوە دەدەن وەک لەو ڕێ یاساییانەی کە پارێزەران پێشکێشی دەکەن.

ئەم سیستمە سۆسیۆ–کولتوورییە، کە کاریگەریی لەسەر سیستمی یاسایی فەرمی هەیە و ڕەنگی داوەتەوە لەوەدا کە بیشارەت (٣٦:١٩٨٩) بە "ناوبژیوانی ناکۆتا" لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوی دەبات، بەسەر ئەو پێشلکارییانەی کە دژی ژنان و منداڵان ئەنجام دەدرێن پیادە دەبێت. لە شیکردنەوەی حاڵەتی منداڵێکی سێ ساڵان کە لە لایەن خزمێکەوە دەستدرێژیی سێکسیی کرابووە سەر لە پاش ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆ، پیشانم دابوو کە چۆن بەقوربانیبوونی منداڵەکە گۆڕا بە بەقوربانیبوونی خێزانەکە و هەردووکیشیان بەگوێرەی پلەوپایەی خێزانی منداڵەکە نرخێکیان لەسەر دانرا و دانوسانیان لەسەر کرا. لێرەدا، سێیەم و بەرزترین ئاستی ناوبژیوانیکردنی خێڵەکی بەکارهێنرا، کە پێی دەوترێت مانشەد، کە دەشێ لە هەموو جۆرەکانی ناکۆکی بکۆڵێتەوە بەڵام پسپۆڕە و لێهاتووییەکی دەگمەنی بۆ وردبوونەوە هەیە لەو کێشانەی کە پێوەندییان بەشەرەفەوە هەیە – واتە ئەو دەستدرێژییانەی کە دژی پاکیزەیی و پاکیی ژنن.

کاتێک بەراوردی بیرۆکەی دەستدرێژی دەکات لە نێوان سیستمی فەرمیی دادگە – کە لەو کاتەدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکاری ئیسرائیلەوە بەڕێوە دەبرا – لەگەڵ سیستمی خێڵەکیی دانیشتووانە ڕەسەنەکان، بیشارەت دەڵێت:

سیستمی فەرمیی دادگە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەهەندە مادیەکەی_ دەستدرێژی وێنا دەکات و ڕێوشوێنەکانیشی گریمانەی شکاتکەرێکی عەقڵانی دەکات کە بەمەبەستی زیادکردنی بەرژەوەندییە مادی یان ئابوورییەکانی دەستپێشخەری دەکات. لە داوونەریتی شەرەفدا، زیان گەیاندن بەجەستە یان کەلوپەل، ئینجا بەمەبەست بێت یان بەڕێکەوت، دەستدرێژییە لە دژی کەسەکە، واتە دژی خاوەنی جەستەکە یان کەلوپەلەکە، بەمانایەکەی تر، لە دژی شەرەفی کەسەکە... شەرەف دەکەوێتە جوغزێکی جیاواز لەو سیستمی بەهایەی کە مادەی تێدایە. (٣٧،١٩٨٩)

لە ڕۆشنایی ئەم نەگونجانەی نێوان تێگەیشتنی فەرمیی یاسایی مەسەلەکانی پێوەندار بەجێندەر و تاوانە سێکسییەکان و "شەرەف"ەوە، شتێکی سەیر نییە کە شێوازی نافەرمی هەیە بۆ تاوتوێکردنی ناکۆکییەکان شانبەشانی سیستمە فەرمییەکە. دەزگەی ناوبژیوانیی خێڵەکی، کە سیستمێکی یاسایی هاوتەریبە، دەبێتە ئەو شوێنەی کە خەڵک لە حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسیدا ڕووی تێ دەکەن. ئەم دەزگەیە بەهۆی نەبوونی سەقامگیری سیاسی و شکستی ماوەی پاش

ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە دامەزراندنی پڕۆسەی سیاسی گونجاو لە سیستمی فەرمیدا[٣] ئەوەندەی تر دەسەڵاتی پەیدا کردووە.

کاتێک موناقەشەی دەستدرێژیی سێکسی لە دژی ژنان و هەر ڕێوشوێنێکی فەرمی یان نافەرمیی پێوەندار دەکەین، پێویستە لە هەردوو دەزگەی فەرمیی یاسایی و سیستمە یاساییە هاوتەریبەکەی وردبینەوە. تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نە باسی پێوەندیی نێوان ئەو دوو سیستمە یاساییە سەپێنراوەی کردووە و نە ئەوەی کە چۆن هەبوونی ئەم دووانە پێکەوە کاری کردووەتە سەر گەشەکردنی هەردووکیان. پێم وایە لە جێی خۆیدایە کە بڵێین لە کاتێکدا دەسەڵاتی فەلەستینی، لەو ماوەیەی بنیادنانی دەوڵەتدا، سەرقاڵی ڕێکخستن و دامەزراندنی خۆی بوو، ئەو مەسەلانەی کە بە "مەسەلەکانی ژنان" ناو دەبرێن بۆ سیستمی نافەرمیی خێڵەکی جێ هێشت، کە لە ڕووی مێژووییەوە بەردەوام ئەو مەسەلانە بەوان سپێردراوە. لەبەرئەوەی گواستنەوەی دەسەڵات لە سیستمی خێڵـەوەـ بۆ سیستمی یاسایی فەرمی بەلای سەرۆک خێڵەکان و پیاوماقووڵانی تری ناو خێڵەوە گواستنەوەیەکی ئاسان نییە، دەسەڵاتی فەلەستینی ئامادە بوو کە دەست لە بەشێک لە دەسەڵاتی هەڵگرێت یان لەگەڵ بکەری نافەرمیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تردا بەشی بکات. پڕۆسەی دانوسانەکە ڕوون و ئاشکرا بوو کاتێک سەرۆک عەرەفات پیاوماقووڵانی خێڵی وەک ڕاوێژکاری فەرمیی دەسەڵاتی فەلەستینی دامەزراند (عەبدۆ، ١٩٩٩).

پاش هاتنی دەسەڵاتی فەلەستینی، سێ حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی (دووانیان لە کەناری خۆرئاوا و یەکێکیان لە غەزە) بەشێوەیەکی بەربڵاو باس کران و کاردانەوەی کۆمەڵایەتیی بەهێزیان لێ کەوتەوە. کاردانەوەی دەسەڵاتی فەلەستینی ئەوە بوو کە ئەو جۆرە حاڵەتانەی ڕەوانەی دادگەی ئاسایشی نیشتمانی کرد و داوای سزای بەپەلەی بۆ دەستدرێژیکەران کرد. لە هەمان کاتدا، دەسەڵاتی فەلەستینی داوای دەستێوەردانی سیستمی خێڵەکیی کرد و داوای یارمەتیی ئەوانی کرد لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و گەڕاندنەوەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا (شەڵهوب-کێڤۆرکیان، ب١٩٩٧). ئەو سیستمە دادوەرییەی کە لە ئەنجامی ئەمەدا دروست بوو تێکەڵەیەک بوو لە ڕێوشوێنی عیلمانی و ئیسلامی و خێڵەکی کە هارمۆنیا و هاوکاریی تێدا نەبوو (ئەلرایس، ٢٠٠٠، دەرعاوی و ژایکە، ٢٠٠٠)، ئەمەش دۆخێکە کە وەختێک لەو دەستدرێژییەی منداڵان و ژنانیان دەکۆڵییەوە ئاشکرا بوو. ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە ئاخۆ هەبوونی دوو (لە هەندێک حاڵەتدا سێ) سیستمی دادپەروەری دەبێتە هۆی برەودان بەمافەکانی ژنان.

دەگوترێ کە ئەو هاوسەنگییەی لە نێوان سیستمی دادپەروەریی یاسایی گشتی و فەرمی و سیستمی نافەرمی و خێڵەکیدا هەیە ڕەنگە کاتێک کە قوربانی بوونی ژنان بەرگێکی سێکسیی دەکرێتەبەر ببەزێنرێت (شەڵهوب-کێڤۆرکیان، أ١٩٩٩، مێرنیسی، ١٩٨٢) و پاکیزەیی کچان و شوورەیی و شەرەف ئاڕاستەی بیری دادوەرانەی یاساناسان دەکەن (واتە، دەسەڵاتی بڕیاردانی کارمەندانی دادگەی تاوان، بڕوانە ئەبوو عۆدە، ٢٠٠٠، عەبدو، ١٩٩٩، شەڵهوب-کێڤۆرکیان،٢٠٠٣). هەرچەندە هەردوو سیستمەکە شانبەشانی یەکتر کاریان بۆ برەودان

بەسەقامگیریی کۆمەڵایەتی کردبێت، هاوکاریی نێوانیان لەبارەی ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بەجێندەرەوە هەیە، وەک دەستدرێژیی سێکسیی سەر ژنان، جیاکاری لە دژی ژنان دەکات و زیاتر دەیان چەوسێنێتەوە (شەڵهوب-کێڤۆرکیان، أ ٢٠٠٠).

دەرەنجام، لە فەلەستینی هاوچەرخدا، هەڵوێستەکان لەبارەی دەوڵەت و یاساکانیەوە و نەبوونی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و چەمکی شەرەف و ئەو کاردانەوە ئەخلاقییە پەشێوانەی کە لە حاڵەتەکانی دەستدرێژی کردنە سەر پاکی و سێکسواڵێتی ژنان دەردەکەون، توانای ناوبژیوانی لە چالاکییەکان و شێوازە بەدیلەکانی مامەڵەکردن و ناوبژیوانیکردنی کێشمەکێشمەکان (کە هەتا دێت سەرکەوتووترە لەو کردەوانەی کە لە ڕێی سیستمی مەدەنییەوە تاوتوێ دەکرێن و زیاتریش تەبایە لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکانی باوکسالاری) هەموو ئەمانە تەگەرەی گەورەن لەبەردەم دروستکردنی کاردانەوەی مرۆیی و هەستیار لە ئاست قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیدا.

## فاکتەرە جێندەرییەکان: بێدەنگکردن وەک جیاکاریی جێندەری ژن و باوکسالاری لە کۆمەڵگەی فەلەستینیدا

ئەمڕۆ زۆر لە فێمینیستەکان لەوە تێدەگەن کە پێوەندییەک هەیە لە نێوان ئەو ستراکتۆرانەی باوکسالاری کە پلەی نزمی ژن و جیاکاری و نایەکسانی نێوان ژن و پیاو زیاد دەکەن و سیاقی مێژوویی و سیاسیی ژنان (کاندیۆتی، ١٩٩٦، حاج، ١٩٩٢). لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، جوغزی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی بەناوەکیکردنی پێوەندییە نایەکسانەکانی جێندەر. کاندیۆتی (١٩٩٦) بانگەشەی ئەوە دەکات سەرچاوەی نایەکسانی لە پێوەندییەکانی جێندەری خێزانی ناوکیدا نییە، کە تیایدا نێرینە دابینکەر و ژنیش پشت بەو دەبەستێت، بەڵکو لە خێزانە فرەوانترە باوکسالارەکەدایە. لە کۆمەڵگەی فەلەستینیدا، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی دێهاتیدا، باوکسالاریی کلاسیکی کارئاسانی بۆ دروستکردنی جوغزی کولتووری دەکات کە نزمیی ژنان بەناوخۆیی و بەهێز دەکات. باوکسالاریی کەمتر کلاسیک لە شارەکاندا دەبینرێت، بەتایبەت لەنێو پیشەوەرانی چینی مامناوەندیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی خێزانی بەرفرەوان و پێوەندییەکانی خوێن هێشتا بەتینن. دەسەڵاتی ژن کاتێک کوڕی دەبێ زیاد دەکات، یاخۆ کاتێک کە شوو دەکات یاخۆ کە باوکێک یان برایەکی بەدەسەڵاتی هەبێت (حاج، ١٩٩٢).

ڕابردووی کۆلۆنیالیش کاریگەریی لەسەر مەسەلەکانی پلەوپایە و پێوەندییە جێندەرییەکان لە کۆمەڵگەی فەلەستینیدا هەیە. حاج (١٩٩٢) پێی وایە کە کاتێک باوکسالارێتیی فەلەستینی شی دەکەینەوە دەبێ دوو مەسەلە بەهەند وەربگیرێن، ئەمە سەرباری پێناسەکانی خود و پێوەندیی نێوان ژن و پیاو: یەکەم، پیاوانی فەلەستینی سەرشۆڕ و خەمبارن و لە پێگەی دەسەڵات نین، دووەم، ئەو پێوەندی و کارلێکە کۆمەڵایەتییانەی ئەم چەمکانە دیاری دەکەن. داگیرکاریی ئیسرائیلی لەساڵی ١٩٦٧دا بووە هۆی دروستبوونی چەند سیستم و یاسایەکی دەرەکی، کە هەر ئەمانەش ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی فەلەستینیان بەڕێوە دەبرد. ئیسرائیل دەستی بەسەر زۆربەی سەرچاوەکانی ژیانی دانیشتوواندا گرت، بەتایبەت بەسەر خاک و ئاوەکەیاندا. ئەم

چەوسـاندنەوە ئابوورییـە بێکاریی زیاد کـرد و "گـورزێکی کـوشندەی لە توانـای گـەشـەکـردنی فەلەستینییـەکان وەک کۆمـەڵێک وەشاند". پێگەی ژن لە ئابووریدا زیانی پـێ گەیشت، ئەمـە ئەگەر نەڵێین خـراپ مامەڵەی لەگەڵ کرا بەهۆی باوکسالاریی کۆمەڵایەتی و پێویستیی کۆنترۆڵکردنیان، ژنان لە بواری کشتوکاڵ و کارگە (رستن) یان پیشەسازیی تووتندا کار دەکەن و مووچەکانیان زۆر نزمە (حاج، ١٩٩٢).

لە ١٩٨٥دا و بەتایبەت پاش ڕاپەڕینی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ئەو بزووتنەوە ژنانیانەی کە لە خەباتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیدا بەشداربوون ڕاپەڕین. ئەم بەسیاسیبوونەی ژنان بووە هۆی ئەوەی کە نەک تەنیا لە دژی داگیرکاری فەلەستین بشەڕن بەڵکو لە دژی فەرمانڕەواییی تەقلیدی و ستراکتۆری باوکسالاریش (پیتیت، ١٩٩١). هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی دووەم لە ئەیلوولی ٢٠٠٠دا بێدەرەتانیی ژنان و منداڵانی زیاد کرد و زۆربەی ئەو هەوڵانەشی لەناو برد کە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵی خاکی فەلەستینی و مۆنۆپۆلی باوکسالاری بەسەر بێدەرەتانەکاندا لە ئارادا بوون. سەرباری کۆششی چەندان ڕێکخراوی ژنان، پلەی ژنان لەنێو خێزاندا، لە چاو هی پیاو، هێشتا نزمە و تا ئێستاش نایەکسانی و جیاکاری هەوڵەکانی سیاسەت دیاری دەکات.

## توندوتیژی دژی ژنان، شەرەفی خێزان و بێدەنگکردنی ژنان

چەندان تەکنیک بۆ بێدەنگکردن هەن. یەکێک لەوانە ڕووبەڕووبوونەوەی خـراپ مـامـەڵەکـردنە (شـەڵهـوب-کـێـڤـۆرکـیـان، ١٩٩٧ا، ب ١٩٩٩). شـێـوازێکی تری بێـدەنگکردن کـە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبووڵ کراوە کوشتنی ژنان (فێمیسساید)ە. فێمیسساید (کە وەختێک دەیانەوێ بەگوزارشتێکی جوانتر ناوی بێن پێی دەڵێن "کوشتن لە پێناو شەرەفی خێزان") لێرەدا وەک کردەوەیەکی تاوانکارانە پێناسە کراوە لەلایەن تاکەکەسێکەوە (بەگشتی خزمێکی نێرینە) کە تیایدا مێیینەیەک وەک ڕێگەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو شوورەییەی کە ڕەفتارە "گوماناوی"یەکەی دەیهێنێت بەسەر خێزانەکەدا دەکوژرێت. بەم کوشتنە تەنیا قوربانییەکە نانێژن بەڵکو ئەو "شوورەیی"یەش کە پێوەی لکاوە. لە ناوەڕۆکدا، ئەم پراکتیسە کولتوورییە نەک تەنیا دەبێتە هۆی زیان گەیاندنێکی گەورە بەڵکو سەرەتاییترین مافی مرۆڤ دەسڕێتەوە، کە مافی ژیانە. کاتێک داوونەریت و کولتوور و دەوڵەت و ئاین و یاسا سیاسەتی کوشتنی ژنان (فێمیسساید) جێبەجێ دەکەن، ئیدی ئەمە کۆمەڵگە دەگوێزێتەوە بۆ دۆخێک کە ژنان تیایدا بەمرۆڤ ناژمێردرێن.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە (شەڵهوب-کێڤۆرکیان، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣) پیشانی دەدات کە کوشتنی ژنان ترسێکی هەرە گەورەی کچان و ژنانی گەنجە. ئەوان ئامادەن ئازادی و مافی خوێندن و هەڵبژاردنی مێرد لەدەست بدەن تاوەکو لێی قورتاریان بن. لەوەش زیاتر، ئەگەر ژنان زۆرگێ (ئیغتساب) بکرێن، ئەوە ناچار دەکرێن کە شوو بکەن بەو کەسەی کە زۆرگێی کردوون تاکو خۆیان لە کوشتن لا بدەن و خێزانەکەیان لەو شوورەییە بەدوور بگرن کە دەبێ بەپەلە پێیانەوە ئەگەر پێی ڕازی نەبن.

هەرچەندە سیستەمی دادپەروەریی خێڵەکی ڕێ بە کوشتنی ژن لەسەر شەرەف نادات (تەنانەت ئەگەر ژنەکان خۆشیان بەو کردەوانە هەستابن)، بۆچوونە تەقلیدییە باوەکان ئەو جۆرە کوشتنە بەیاسایی دادەنێن. لە ئوردن و فەلەستین، پیاوێک کە تاوانێکی لەو جۆرە ئەنجام دەدات تۆمەتی کوشتنی نادرێتە پاڵ. لە ڕاستیدا، ئەگەر ئاشکرا بێت کە کوشتنەکە بەهۆی پێشێلکردنی شەرەفی خێزانەوە بووە، ژنکوژەکە بە "بێ تاوان" دادەنرێ و وەک کەسێک لێی دەڕوانرێت کە ئەو شوورەییەی سڕیوەتەوە کە بەخێزانەکەوە لکاوە و وەک کەسێک کە شەرەفی بۆ خێزانەکە گێڕاوەتەوە.

لە کاتی وردبوونەوە لەو کردەوانەی کە شەرەف پێشێل دەکەن سێ شت بەهەند وەردەگیرێن. یەکەمیان "پارێزگاریکردن"ە، کە ئەمەش پێوەندیی بەو پیاوەوە هەیە کە نەک تەنیا دەبێ پارێزگاری لە ژنێکی دیاریکراو بکات بەڵکو دەبێ شەرەفی هەموو ژنانی ناو کۆمەڵگە بپارێزێت. دووەمیان "پەنادان"ە و مەبەست لێی پەنادانی ژنانە ئەگەر کەسێک بیەوێت لە ڕووی زارەکی و جەستەییەوە ئازاریان بدات. نەبوونی پاراستن بۆ ژنان دەبێتە هۆی شەرمەزارکردنی پیاوەکە و هێنانی شەرمەزاری بەسەر هەموو خێزان و خێڵەکەدا. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەگەر پیاوێک ژن نەپارێزێت، خەڵکی تر ڕازی نابن شەرەفی بپارێزن. لێرەوە دوو فاقییەک هەیە – هەر یەکە و ماف و ئەرکی هەیە و کاتێک ئەرکەکان جێبەجێ ناکرێن، ئیتر مافەکانیش لەجێی نەبوودان. سێیەم شت کە بەهەند وەردەگیرێت، "سزا"یە. هەندێک داوای سزای قورس دەکەن، لەوانە سزای کوشتن (ئەلعابدی، ١٩٨٦). ئەگەر ژنەکە بەکردەوەکە ڕازی بوو، ئەوسا خۆی و ئەو نێرینەیەی کە بەتاوانەکە هەستاوە، پێکەوە دەکوژرێن و، ئەگەر ژنەکە قایل بێت شوو بکات بەپیاوەکە، سزاکە پووچەڵ دەکرێتەوە.

## توێژینەوەی مەیدانی

بەدرێژایی چەند ساڵێک، لە سەنتەری ژنان بۆ یارمەتی یاسایی و ڕاوێژکردن (سژییر) لە کەناری خۆرئاوا، پرۆژەیەکی توێژینەوەی گەورەم بەڕێوە دەبرد، کە مەبەستەکەی کردار گرتنەبەر بوو، لەبارەی کوشتنی ژنانەوە (شەڵهوب-کێڤۆرکیان، أ ٢٠٠٠). پرۆژەکە جەختی کردبووە سەر چەند بوار و شێوازێکی جۆراوجۆر، لێرەدا دووانیان باس دەکەم. یەکەمیان بریتی بوو لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئاماری فەرمی لەبارەی کوشتنی ژنان و "تاوانەکانی شەرەف"ەوە، بەمەبەستی وردبوونەوە لە سوودی ئەو زانیارییانە لە تاوتوێکردنی کێشەکەدا. دووەمیان لە کاریگەریی سیستەمی هاوتەریبی یاساییی دەروانی لە فەلەستین و کاریگەریی لەسەر دەستدرێژیی سێکسی دژی مێینە لەڕێی چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ کارمەندانی پۆلیس و کارمەندانی کۆمەڵایەتی و دادوەراندا، یەکێک لەو بوارانەی لەم چاوپێکەوتنانەدا گرینگیمان پێ دەدا بریتی بوو لە پراکتیسی بەزۆر سەپێنراوی پشکنینی پاکیزەیی.

## توێژینەوەی مەیدانیی یەکەم:
## ئامارە فەرمییەکان لەبارەی کوشتنی ژنانەوە
### زانیاریی پۆلیس

ئەو زانیارییەی لای پۆلیسی فەلەستین بوو لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە لە کەناری خۆرئاوا و غەزە پیشانی دەدات کە لە ماوەی سالانی ١٩٩٦–١٩٩٨دا ٣٣ حاڵەتی کوشتنی ژنان هەبوون (بڕوانە خشتەی ٧– ١). خشتەی ٧– ١ ئەوە پیشان دەدات کە کوشتنی ژنان بۆ نزیکەی نیوە (٤٦– ٤٧٪) کەمی کرد لەچاو ماوەی سەرەتای ساڵی ١٩٩٦دا (بەڵام بڕوانە زانیاریی پێچەوانەی داکۆکیکاری ناوچە لە خوارەوە).

خشتەی ٧– ١

دابەشکردنی "تاوانەکانی شەرەف" بەگوێرەی تەمەن و ناوچە (کەناری خۆرئاوا و غەزە)، بەگوێرەی زانیارییەکانی پۆلیسی فەلەستین، ١٩٩٦–١٩٩٨

| ساڵ | سەرجەم | ناوچە کەناری خۆرئاوا | ناوچە غەزە | تەمەن تێکڕا | تەمەن ئاستی تەمەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٦ | ١٥ | ٥ | ١٠ | ٢٠,٥ | ١٣–٣٢ |
| ١٩٩٧ | ١٠ | ٢ | ٨ | ٢٨,٧ | ١٨–٥٠ |
| ١٩٩٨ | ٨ | ٣ | ٥ | ٣٠,٦ | ١٤–٥٠ |

سەرنج: لە شەش مانگی سەرەتای ١٩٩٩دا، شەش حاڵەتی تر تۆمار کران.

پێ دەچێت کوشتنی ژنان لە غەزە (٦٩– ٧٪) بەرێژەیەکی زیاتر ڕوو بدات وەک لە کەناری خۆرئاوا (٣٠,٣٪). لەوەش زیاتر، زانیارییەکانی خشتەی ٧– ١ پیشانی دەدەن کە کچان و ژنانی سەر بەهەموو تەمەنەکان (هەرزەکار، گەنج، تەمەنی مامناوەندی) لەسەر هۆکارگەلی پێوەست بە "شەرەف"ەوە دەکوژرێن.

هەروەها پۆلیس زانیاریشی لەبارەی پێوەندی نێوان خەتابارەکە و قوربانییەکەوە دابین کرد. تاوانبارەکان هەموویان خزمی نزیکی قوربانییەکان بوون (بۆ نموونە، باوک، برا، مێرد، مام، خاڵ). لەوەش زیاتر، زانیارییەکان ئەوەش پیشان دەدەن کە هەندێک جار تاوانەکە لەلایەن زیاتر لە کەسێکەوە ئەنجام دراوە.

### فایلەکانی داواکاری گشتیی ناوچەکە

سەرباری هاریکاریی تەواوی داواکاری گشتیی کەناری خۆرئاوا، لێکۆڵەرەوەکان بەزەحمەتیان زانی هیچ دەرەنجامێک هەڵبهێنجن لەو زانیارییەی کە لەبەردەستدا بوو لە فایلەکانی داواکاری گشتیی ناوچەکە لەبارەی "ئەو مردنانەی ئەنجامی هەلومەرجی گوماناوی و کردەوەی تاوانکارانە

بوون"[٤]. ئەمەش، یەکەم، بەهۆی زانیاریی ونەوە بوو – بۆ نموونە، زۆر جار ڕەگەزی قوربانییەکە تۆمارنەکرابوو و دەبوو لە ناوەکەیەوە یان لە ڕێی بەکارهێنانی ڕێزمانەوە هەڵبهێنجێنرێت (کاتێک کە گومان هەبوو، حاڵەتەکە ئاوارتە دەکرا). دووەم، هەروەها شێوازێکی ناڕوونی پۆلێنکردن هەبوو. لە کاتی پێداچوونەوەکەی ئێمە بەفایلەکاندا تاقە تاوانێکیشی تێدا نەبوو کە بە "تاوانی شەرەف" ناوبرابێت. لەجیاتی ئەوە، سێ پۆل بەکار هاتبوون: "قەزاوقەدەر"، "کوشتن" و "نەزانراو".

پۆلی "قەزاوقەدەر"، کە_ ٨٦٪ ی سەرجەمی مردنی مێیینەکان پێک دێنێت لە فایلەکاندا (٢٧٣)، وەک مەتەڵ وایە[٥] لە چاوپێکەوتنەکانیاندا لەگەڵ نووسەر، داواکاری گشتی و جێگرەکەی بەم شێوەیە پێناسەیان کرد:

کردەوەیەک کە ناتوانرێت بدرێتە پاڵ هیچ کردەوەیەکی مرۆیی نەخشە بۆدارێژراو یان بەمەبەست، بەڵام کە، بۆ نموونە، ئەنجامی پیریی، جەڵتە یان ڕووداوێکە کە کەس ئەنجامی نەداوە. بۆیە، لەم پۆلەدا هیچ گومانێک لە کردەوەی تاوانکاری یاخۆ دەستێوەردان یان کردەوەی مرۆڤ نییە. نووسینگەی داواکاری گشتی یان دادگەر سەرپشک دەکرێن تا بڕیار بدەن حاڵەتەکە بەقەزاوقەدەر لە قەڵەم بدرێت، بەتایبەتی کاتێک بۆمان دەردەکەوێت کە کەس لە ڕووی یاساییەوە بەرپرس نییە[٦].

خشتەی ٧– ٢

دابەشکردنی ئەو مردنانەی کە ناوبراون (کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت کوشتنی ژنان بێت) لە کەناری خۆرئاوا، وەک هەڵێنجراوە لە فایلەکانی داواکاری گشتییەوە، ١٩٩٦–١٩٩٨

| ساڵ | قەزاوقەدەر | کوشتن | نەزانراو | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٦ | ٦٠ | ١٠ | ٦ | ٧٦ |
| ١٩٩٧ | ٧٤ | ١١ | ٣ | ٨٨ |
| ١٩٩٨ | ١٠٠ | ٧ | ٢ | ١٠٩ |
| سەرجەم | ٢٣٤ | ٢٨ | ١١ | ٢٧٣ |

لەگەڵ ئەوەشدا، لە وۆرکشۆپێک کە نووسەر و داواکاری گشتی ئامادەی بوون، داواکاری گشتی، لە حزووری زۆربەی دادگەرەکانی کەناری خۆرئاوا و غەزەدا، وتی "ئەم پۆلە کێشاوییە. جیاوازیی هەیە لەوەی دادگەرە جیاوازەکان چۆن بەکاری دەهێنن... زۆر ڕێی تێ دەچێت کە بۆ داپۆشینی ئەو کێشە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە تاوانەکانی شەرەف دەکەوێتەوە بەکارهاتبێت."

مەتاتیەتی ئەم پۆلە ڕەنگە لەو بۆچوونە ئیسلامییەوە سەرهەڵدات کە پێی وایە هەموو ڕووداوەکان بەفەرمانی خودا ڕوو دەدەن وەک لەوەی بە دەست ئیرادەی مرۆڤەکان_ بێت. هەروەها دەتوانین جەخت لەسەر ئەوەش بکەینەوە کە ئەمە چەمکێکی یاساییشە، لەبەرئەوەی هاوشێوەی ئەو پۆلە یاساییەیە کە ناوی "مردنی ناگەهان" – واتە، بەبێ ئەوەی کەس بەرپرسیارێتیی تاوانەکەی بکەوێتە ئەستۆ. ئەو پاڵنەرەی لە پشت بەکارهێنانی پۆلێنکردنێکی یاساییی ئەوەندە

بەرفـرەوانەوەیە شـایەنی تـوێژینەوەی زیاترە. ئەوانـەی کـە چـاوپێکەوتنەکـەیان لـەگـەڵدا کـرابوو (داواکاری گشتی و جێگرەکەی) پۆلی "نەزانراو"یان بەم شێوەیە پێناسە کرد:

کەسێک هـەستاوە بەئەنجامدانی کردەوەیەکی تاوانکارانە کە بووەتە هۆی مردنی کەسێک، بەڵام داواکاری گشتی ناسنامەکەی نازانێت. لێرەدا پێویستە گەڕان بەدوای خەتابارەکەدا بەردەوام بێت تاوەکو یاسا ڕێچکەی خۆی وەرگرێت. لەو حاڵەتانەدا، فایلەکە بەچالاکی دەمێنێتەوە و تەنیا پاش دە ساڵ بەهۆی ئەو سنووربەندیانەی کە یاسا دایناوە دادەخرێت.

بەم شـێـوەیە، لـەم پۆلەدا، کـەسـێک لە کـردەکـە بـەرپرسـە، بەڵام داواکـاری گـشـتی ناتوانێت ناسنامەی بکەرەکە دیاری بکات.

بەکارهێنانی چەمکی ناڕوون لەلایەن داواکاری گشتییەوە بۆ وەسفکردنیـ حاڵەتەکانی "مردنی گوماناوی"ی مێیینە تەواو پێچەوانەی ئەو "تاوانی شـەرەفـ"ـانەیە کە لە تۆمارەکانی پۆلیسدا تۆمار کراون. ئەم جـیـاوازییـە ئەوەندەی تر بەهۆی جیاوازیی گـەورەی نێوان ژمـارەکـان گـەورە بووە: لە کاتێکدا تۆمـارەکـانی پۆلیس ئاماژە بۆ دە حـاڵەت دەکـەن کە تیـایدا ڕەگەزی مـێـیـینە قـوربانیی "تاوانەکانی شەرەف"ن لە کەناری خۆرئاوا، فایلە فەرمییەکانی داواکاری گشتی لەو ناوچەیە ٢٣٤ حاڵەتی مردنی مێیینەی لەخۆ گرتبوو لە ژێر پۆلی "قەزاوقەدەر" و ٢٨ حاڵەت لە ژێر "کوشتن" و ١١ مـردن کـە بکوژەکـەیان "نەزانراو" بوو. مـرۆڤ لە خـەمـڵاندن زیاتر هـیـچی پێ ناکرێت لەبارەی ئەو ژمارەی مردنانەی کە لە واقیعدا پێوەندییـان بە "تاوانەکانـی شەرەف"ەوە هەیە. ئاشکرایە کە ڕێی تێ دەچێت حاڵەتی کوشتنی ژنان هەبێت کە ئاخنرابێتە ناو شێوازەکانی تری مردنی تۆمارکراو یان تۆمارنەکراوەوە.

توێژینەوەی مەیدانیی دووەم:

چاوپێکەوتن لەگەڵ پۆلیس و سەرەک خێڵ و کارمەندانی کۆمەڵایەتی

## شێوازی توێژینەوە (مێتۆدۆلۆجی)

نەبوونی توێژینەوەی پێشتر و وردی مەسـەلەی پێشێلکردنی سێکسی مێیینە (لەوانە مەسەلەی پشکنینی بەزۆر سەپێنراوی پاکیزەیی) ئەوەی پیشاندا کە شێوازی توێژینەوەی "گراوندید تیۆری" بەکاربهێنین. (ئەو جۆرە شـێوازەیە کە هەوڵ دەدات گـەشـە بدات بەتیـۆرییـەک بەپشت بەستن بەو زانیارییەی کە کۆکراوەتەوە و لە تایبەتەوە هەنگاو دەنێت بەرەو گشتی). تیۆریی گراوندید جەخت لەسـەر کـاریگەریی بەردەوامی نێوان شـیکردنەوە و کـۆکـردنەوەی زانیـاری دەکـاتەوە، لەگـەڵ شـێـوازێکی گشـتیی شـیکردنەوەی بەراوردکارانـەی بەردەوام (گلەیزەر و شـتـراوس، ١٩٦٧). ئەم شێوازە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی، ئەگەر پێویستی کرد، لە سەرەتادا تیۆری لە زانیارییەکانەوە هەڵهـێنجین. ئـەگـەر تیـۆرییـەک هەبێت و لـەگـەڵ بواری لێکۆڵینەوەکـەدا بگونجـێت، دەتوانرێت زانیارییەکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی تیۆرییەک یان گۆڕینی بەکار بهێنرێت (شتراوس، ١٩٨٧).

ئەو هەستیارییەی پێویستە لە لێکۆڵینەوەدا و ئاڵۆزیی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی بابەتی پاکیزەیی مێینە و سێکسواڵیتییەوە و ئەو کێشانەی کە بەشێکن لە دەستپێکردنی گفتوگۆیەک لەبارەی سێکسواڵیتییەوە لەگەڵ قوربانییەکان و کۆنترۆڵکەرانی کۆمەڵایەتیدا، ئەوەیان دەخواست کە زۆر لە پرۆسەی چاوپێکەوتن و ڕێککەوتنامە و کۆکردنەوەی زانیاریدا وریا بین. دەبوو شێوازێک پەرە پێ بدەین کە لەو ناوکۆیییەدا مانای هەبێت، بەمەرجێک ئەو شێوازە پەشێوی لەنێو قوربانییان و کۆنترۆڵکەرانی کۆمەڵایەتیدا دروست نەکات. لە میانەی دەستپێکردنی گفتوگۆکانماندا لەگەڵ قوربانییان و دەروونناس و پزیشک و یاساناساندا، تەنیا هەوڵی ئەوەمان نەدا کە لێیانەوە فێر بین بەڵکو هەوڵیشمان دا کە بەدوای شێوازێکدا بگەڕێین کە دەشێ خورپە (سەدمە)ی قوربانییەکان کەم بکاتەوە. بەکارهێنانی شێوازەکانی توێژینەوەی جۆرایەتی جەختی لەوە دەکردەوە کە توێژینەوەکە لە ناوکۆیییەکی مێژوویی و ناوخۆییە، واتاکەشی برێتی بوو لەوەی کە "بەشێوەیەکی ریشەیی فرەلایەن، بەردەوام کراوەیە... سیاسەت لە هەموو کونجێکدایە" (برونەر، ١٣:١٩٩٣). توێژینەوەکە بانگەشەی بێلایەنی ناکات. ئەو هەڵوێستەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە ڕەنگدانەوەی پێگەیان لە هەرەمی کۆمەڵایەتی و بڕی بەشداریی سیاسییانە، هەروەها شێوازی تێگەیشتنیان لە گوشارە کۆمەڵایەتییەکان (بەتایبەتی داواکاری گشتی و دادوەرەکان) کاری دەکردە سەر لێکدانەوەیان بۆ هەر تاوانێک (ئاکەر، باری و ئیسفێلد، ١٩٨٣).

## سیستمی یاسایی خێڵەکی

یەکێک لە گرینگترین دەرەنجامەکانی کارمان لەگەڵ کارمەندانی یاسای تاواندا برێتی بوو لە هاریکاری کردنیان لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەکان بۆ بەدەستهێنانەوەی ئاسایشی گشتی، بەتایبەتی پاش ئەنجامدانی تاوان. لە هەموو حاڵەتێکدا، دادگەران و ئەفسەرانی پۆلیس پێیان وتین کە بۆ چارەسەرکردنی تاوان و زاڵبوون بەسەر هەر تەگەرەیەک لە بنیادی کۆمەڵگەدا داوای یارمەتییان لە موختارەکان کردووە. ئەگەر موختارەکە داوای لێ بکردنایە چارەسەرکردنی کێشەکە بۆ سەرەک خێڵەکان جێ بهێڵن، دادگەران و ئەفسەرانی پۆلیس عادەتەن بەقسەیان دەکرد. ئەو بەهانانەی کە لەلایەن کارمەندانی یاسای تاوانەوە هێنرابوونەوە لە جیاکاریی جێندەری ("تاوانێک کە لە دژی ژن بێت" شایەنی دەستتێوەردانی فەرمی نییە) لە واقیعی ژیانی سیاسی لە فەلەستین سەرچاوەیان دەگرت. هەر وەک یەکێک لە دادگەرەکان وتی:

لەم هەلومەرجە سیاسییەدا کارکردن زەحمەتە و داخستنی کێشەکە بەزووترین کات باشترین شتە. بۆیە، بەش بەحاڵی خۆم پشکنینی پاکیزەیی بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنم..کاتم بۆ موناقەشە و دانوستان نییە... ئەگەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتە پزیشکییەکەم پێ نەگات، ڕەنگە بۆ سبەینێ ئاگام لە کێشەکە نەمێنێت... هۆیی سەرەکیی ئەمەش ناجێگیریی ڕەوشی سیاسییە وە (گەمارۆدانی ڕامەڵڵا لە ئارایە). بۆیە، سەرکردەکانی کۆمەڵ بەزۆر قوربانییەکان و خێزانی خەتابارەکانمان بۆ دێن و پۆلیس و سەرەک خێڵەکان پێکەوە کار دەکەن، ئێمە لە لایەنی تاوانەکەوە، موختاری خێڵەکەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. پیاوەکە ناچار دەکەن کە قوربانییە

زۆرگێکراوەکە مارە بکات (ئەوەش بزانە، کە هەندێکیان ئەمە ڕەت دەکەنەوە... بەڵام ئێمە سزایان دەدەین بەوەی کە دەبێ بەزۆر قوربانییەکان مارە بکەن) و دەگەنە ڕێککەوتنێکی کاتی، سەردانی خێزانەکانیان دەکەن، لەگەڵ سەرپەرشتیاری قوربانییەکەدا قسە دەکەن و بەچارەسەرێکی خێرا دەگەن. لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە ژنەکە بکوژرێت – زۆربەی ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن، گوناهبارن.

ئەفسەرێکی پۆلیس هەمان ئەو بۆچوونانەی دەربڕی و وتی کە باوەڕی بەحوکمی سەرەک خێڵەکان هەیە و "ئێمە لە پۆلیس ئەوەندەمان کات بە دەستەوە نییە... دەسەڵاتیشمان نییە." دادگەرێک وتی: "ناتوانین دژایەتیی سەرۆکی کۆمەڵەکان بکەین، چونکە لە بەرقەرارکردنی ئاسایشدا یارمەتیمان دەدەن. ئێمە پێویستمان بەوانە و ئەوانیش پێویستییان بەئێمەیە." سەرەک خێڵێک کە لە هەمان کاتدا لە پۆلیس کار دەکات، وتی:

مامەڵەکردن لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسیدا زۆر ترسناکە... پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە ژنەکان فێڵ ناکەن... هەندێک ژن، هەر لە تەمەنێکی کەمەوە، سێکسوالیتییەکەیان بۆ تاوانبارکردنی پیاوان بەکار دەهێنن... دەتوانم حاڵەتی چەندان ژنت پێ بڵێم کە بەناڕەوا پیاوانی لە خۆیان بەتەمەنتریان بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەستدرێژییان کردوونەتە سەر، بەڵام درۆیان کردووە. ئەم ڕاپەڕینە چەندان حاڵەتی هێنایە پێشەوە... پێم وایە کە ئەم ڕەوشە ئابوورییە، بێ پارەیی و ڕێژەی بەرزی نەداری وای لە زۆر پیاوان و زۆری تریش لە ژنان کرد کە خوشک و کچەکانیان بۆ دەستکەوتنی پارە لە خەڵکی دەوڵەمەند یان پایەدار بەکار بهێنن... سیستەمی یاسای خێڵەکی تاکە یاسایە کە بتوانێت کۆنترۆڵی ئەم ڕەوتە بکات و کۆتایی بەوە بهێنێت کە ژنان سێکسوالیتییان بەکار بهێنن.

ئەم گوتەیە دەنگ و هەست و ئازارەکانی قوربانییەکە دەسڕێتەوە لە کاتێکدا لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە بەدیلێک بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پاکیزەیی بدۆزینەوە، دوو بیرۆکەی سەرەکی سەریان هەڵدا. یەکەمیان، لەنێو کارمەندانی یاساییدا ڕێککەوتنێکی ئاشکرا هەبوو کە پراکتیسی پشکنینی بەزۆری پاکیزەیی ناکرێت پووچەڵ بکرێتەوە. هەروەها ئاشکرا بوو کە ئەم پشکنینە بەلایانەوە ڕێگەیەک بوو بۆ پاراستنی "شەرەف"ی خێزانەکە، یان ئەوەی کە ئەوان بەپاراستنی یەکێتی و سەقامگیریی خێزانەکەیان دادەنا – بەکورتی، زاڵکردنی بەرژەوەندییەکانی باوکسالاری بەسەر سەلامەتیی قوربانییەکەدا. بەگوێرەی قسەکانی ئەفسەرێکی پۆلیس:

پیاوانی ناو خێزان تاقە قوربانین... دەبێ هەر چارەسەرێکیش ئەوە ڕەچاو بکات کە پیاو، کاتێک خزمە مێینەکانی لە ڕووی سێکسییەوە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، پیایدا تێدەپەڕێت... هەروەها پیاوان کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن، هەر لەبەرئەوەشە کە عادەتەن قوربانییەکە دەکوژن و کێشەکە چارەسەر دەکەن. وەک پەندە عەرەبییەکە دەڵێت "ئەوەی وا دەکات کە شتێکی تاڵ بنۆشیت شتێکی تاڵترە." پشکنینی بەزۆر سەپاوی پاکیزەیی وەڵاممان دەداتێ و ڕێمان دەدات کە چارەسەری خێرا پێشکێش بکەین... کۆکیت دەڵێ کە مرۆڤ ناتوانێت ئاژەڵێکی کێوی لە ماڵەکەیدا بەجێ بهێڵێت یاخۆ لێ ناگەڕێ کە یاری لەگەڵ منداڵەکانیدا بکات... پیاو کاتێک "شەرەف"ی

دەڕووشێت دەبێتە ئاژەڵی کێوی... پێم وایە کە چارەسەری سەرەکی ئەوەیە کە جەخت بکرێتە سەر بارودۆخی پیاوانی ناو خێزانەکە وەک لە قوربانییەکە... ئەگەر پیاوان کۆنترۆڵ بکرێن... ژنان و قوربانییەکان سەلامەت دەبن.

جێی سەرسامی نییە کە دەنگی ژنان بۆچوونی تەواو جیاواز دەخەنە ڕوو. هەموویان، جگە لە کارمەندێکی کۆمەڵایەتی، بەهەموو ئەو پارێزەرانەشەوە کە بەشداریی گرووپەکانیان کردبوو، پێشنیازی هەڵوەشانەوەی پشکنینی بەزۆری پاکیزەییان کرد و پێیان وا بوو کە کێشەی زیاتر بۆ سیستمی یاسایی و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دروست دەکات وەک لەوەی لە چارەسەردا یارمەتییان بدات. ئەمە بۆچوونی کارمەندێکی کۆمەڵایەتی بوو:

پێم وایە کە پشکنینی بەزۆری پاکیزەیی خۆی لە خۆیدا تاوانە... بەڵام تاوانێکە کە لەلایەن سیستمی یاسایی تاوانەوە ئەنجام دەدرێت... ئەوان یاساکان دەردەکەن و دەیسەپێنن... هەموو ئەو "ئەوان"ەش پیاون... بۆیە پشکنینی بەزۆری پاکیزەیی تەنیا برەو بەباوکسالاری دەدات... پێشم وا نییە کە ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە بەڵگەوە هەبێت... گەمەیەکی تری سیستمی باوکسالارییە بۆ کۆنترۆڵکردنمان... لەناوبردنی پراکتیسی لەو جۆرە باشترین شتە.

کارمەندێکی تری کۆمەڵایەتی وتی: "ئەگەر بەردەوام لەم کەشە سیاسییەدا بژین کە یاسا و ئاسایش مومکین نین... ناتوانین پشتگیری کۆکردنەوەی بەڵگە بکەین."

لە وەڵامی ئەم سەرنجەدا، کارمەندێکی تری کۆمەڵایەتی وتی:

مەسەلەکە هەر سیاسی نییە، کارمەندانی جێبەجێکردنی یاسا بڕواشیان بەجیاکاریی جێندەری هەیە... تەنیا کاتێک کارمان لەگەڵ کردن، ڕاهێنانیان بۆ بکەین، یارمەتییان بدەین کە بەشێوەیەکی ڕەواتر مامەڵە لەگەڵ قوربانی و تاوانبارەکەدا بکەن، ئەوسا دەتوانین وردبوونەوەی لەو جۆرە ئەنجام بدەین.

## پیادەکردنی جیاکارانەی سەرۆکی دادگەکان

دادگەکان مەیلێکیان بۆ باوەڕکردن بەوەی کە قوربانییەکان بێ گوناه نین هەیە. دادوەرێک لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نووسەر وتی: "هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە(*)، دەبێ شتێکی خراپی کردبێت کە بووەتە هۆی کوشتنی." بۆ نموونە، لە حاڵەتێکدا، کاتێک کە برایەک خوشکەکەی دەکوژێت لەسەر قسەوقسەڵۆکی ئەوەی کە گوایە زینای کردووە، حوکمەکەی کەم کراوەتەوە "لەبەرئەوەی کە خوشکی تۆمەتبارەکە پیاوەتییەکەیی بریندار کردبوو" (خەنجەری لە پیاوەتییەکەی دابوو، واتە هەڵسوکەوتەکەی پیاوەتییەکەیی ڕووشاندبوو) و "ئەوەی کە کۆچکردووەکە وتبووی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەهیچ جۆرێک قبووڵ ناکرێت،" ئاشکرایە، ئەو بانگەشەیەی تاوانبارەکە کە گوایە خوشکەکەی دانی بەوەدا نابوو کە زینای کردووە ناتوانرێت ڕەدی بدرێتەوە چونکە خوشکەکەی چیی تر لەوێ نەبوو تا بەدرۆی بخاتەوە. هیچ پشکنینێکی ورد (بۆ نموونە هەڵسەنگاندنی دەروونی) نەکرابوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مەرجەکانی بەکارهێنانی مادەی ٩٨ی

یاسـای سـزادانی ئوردنی تێـدایە_ ( بۆ نموونە، ئەوەی کـە تۆمـەتبـارەکـە لە حـاڵەتی ئەوپەڕی هەڵچـووندا بووە.) لێـرەوە، دادگە هەمـوو بەڵگەکـانی بەشـێوازێکی دژە جـێندەر و جـیاکـارانە بۆ کەمکردنەوەی حوکمی بکوژەکە و تەنانەت پاساو هێنانەوە بۆ تاوانەکە بەکار هێنا[٧]. دادگە لەوەدا شکسـتی هێنا کـە پارێزگاری لە مـافی مێـیینەکـان بۆ ژیانێکی سـەلامەت بکات و شـکسـتیـشی لەرێگرتن لە دروسـتـبـوونی تـاوانبـاری نوێ کـە تاوانی هاوشـێـوە ئەنجـام بدەن هێنا و بـەمـەش پەیامێکی دایە کۆمەڵگە بەگشتی: ئاسانە ژن بکوژیت و بۆی دەرچیت.

دادگەکان هەمـوو ئەو دەستدرێژییە "سێکسییانە"ی کە مێیینەکان ئەنجامیان داوە نەک تەنیا بە "هەڵە" لە قەڵەم دا بەڵکو بە "هەڕەشە" لە سـەقامگیری و یەکپارچەیی کۆمەڵگە. بەقسەی یەکێک لەو دادوەرانەی کە ئامادە بوو بۆ ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکرێت:

ئەگەر کەسـێک کـەسێکی تر لـە شـەڕدا بکوژێت بەتاوان دانـانرێت بەڵکو بەقـارەمانێـتی دادەنرێ. کاتێک ژنێک پیرۆزترین ڕێسـای کۆمـەڵایەتی و کولتـووری دەبەزێنێت، خۆی دەخـاتە پێگەیەکەوە کە براوەی تێدا نییە و ئەنجامدەری کردارەکەش بەتاوانبار دانانرێت.

ئەم جـۆرە بیـرکردنەوەیە بەئاشکرا کـاریگەریی لەسـەر ئەنجـامی دادگەییـەکان هـەیە. دەکرێت نموونەی ئەمەش لەو ئاماژانەدا بدۆزرێنەوە کە دادگە لە حاڵەتێکدا کردبوونی کە باوکێک بە کوشتن تۆمـەتبـار کـرابوو پاش ئەوەی کە بەردێکی بەسـەری کـچەکەیدا کێشـا بوو: "کـاتێک باوکـەکە پێی وترابوو ئابڕووی ڕووشـێنراوە،" "کـاتێک باوکـەکـە گـومـانی کـرد کـە دراوسـێکە پێـوەندییـەکی ئابڕووبەرانەی لەگەڵ کچەکەیدا هەیە"، "کاتێک باوکەکە بۆی دەرکەوت کە کچەکەی پاکیزە نییە." ئەو وشـانەی کـە دادگە بەکاری هێناون بۆ ڕوونکردنـەوەی تاوانەکە قـوربانییـەکە وەک شت پیشـان دەدات، واتە دەیکات بەشـمـەکـێکی سـێکسی کـە دەبێ "پاک" و "بەشـەرەف" ڕاگیـرێت. دادگـە بەشـێـوەیەک وێنای مـەسـەلـەکەی کرد کە پێ دەچوو ئەوە پیشـان بدات کـە تاوانە ڕاسـتەقـینەکە لەلایەن کـچـەکـەوە ئـەنجـام دراوە (لەڕێی کـەوتنە ناو پێـوەندییـەکی ئابڕووبەرانەوە، لـە ڕێی لەدەستدانی پاکیزەیییەوە)، ئینجا گەیشـتە ئەو دەرەنجـامەی "باوکەکە بۆ ئەوەی شوورەیییەکەی بشواتەوە و شەرەفی خۆی بپارێزێت هاتبووە دەست".

بەکـارهێنـانی پاسـاوی باوکـسالارانـەی هاوشـێوە لـە لایەن دادگەوە لە دژی کوشـتنی ژنان لە حـاڵەتی کـچێکی ١٦ سـاڵانـدا ئاشکرا بوو کە لەلایەن خـوشکەکەیەوە کـوژرابوو پاش ئەوەی دانی بەوەدا نـابوو کـە سکی لـە دەسـتگیـرانەکـەی هەیە. هەرچەندە توێکارییـەکی لاشـە نێـژراوەکـە (قوربانییەکە بەبێ پشکنینی پزیشکی نێژرابوو) پیشانی دا کە خنکاندن هۆکاری مردنەکە بووە – خـوشکی قـوربانییـەکە کیسـەیەکی دە کیلـۆییی مـادەی پاککەرەوەی خستبووە سـەر دەم و لووتی قـوربانیـیەکە – خـوشکە تۆمـەتبارەکە بـە کوشـتنی بێ مـەبەست حوکم درا، لەسـەر ئـەو گریمانە سـەیرەی کـە نەیزانیبـوو کردووەکەی دەبێتـە هۆی کـوشـتنی خـوشکەکەی. یەکـێک لە خـەسـڵـەتە گرینگەکانی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە کەس بیری لەوە نەکردبووەوە کە ڕەنگە قوربانییـەکە لە لایەن دەستگیرانەکەی یان کەسێکی ترەوە زۆرگێ کرابێت. کەس ئامادە نەبوو گومان لە سکپڕییەکەی

بکات، وەک ئەوەی کە ئەگەر کچەکە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسی بوایە لە گوناهەکەی کەم نەدەکردەوە. لەجیاتی ئەوە جەختەکە لەسەر پێویستیی کۆتایی هێنان بە ژیانی قوربانییەکە بوو تاوەکو "شەرەفی خێزان"ەکە بە دەست بێننەوە. کەس بەدیقەتەوە لە تەمەنی قوربانییەکەی نەڕوانیبوو، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، قوربانییەکە هەرزەیە (واتە لە خوار تەمەنێکەوەیە کە هیچ بەرپرسیارێتیی یاسایی هەبێت_)، تەنانەت ڕازیبوون بە سێکسکردن لەگەڵ کەسێکی غەیری شەریکەکەی دەشێ ببێتە هۆی تۆمەتبارکردنی شەریکەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە دەستگیرانەکەی بە دەستدرێژیی سێکسی لەدژی کەسێکی هەرزە تۆمەتبار بکات. هیچ یەک لەم پرسیارانە نەوروژێنران لەبەرئەوەی دژی پراکتیسە کولتوورییەکان بوون. ئەم بەهەڵە وێناکردنەی بەڵگەکە نەک تەنیا تۆمەتبارەکەی لە گوناە و سزا پاراست بگرە کۆمەڵگە (ئەندامانی خێزان، دەستگیران، دادوەرەکان_)یشی لە وردبوونەوە لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی دەستدرێژیی سێکسی کە لەم کێشەیەوە هەڵدەقوڵێن ئازاد کرد.

## گوشارە دەرەکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەر سیستمی دادوەری

پێ دەچێت ئەو پراکتیسە جیاکارییانەی کە لە سەرەوە باس کران، بەهۆی ئەو گوشارە دەرەکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەوە کە دەخرێنە سەر سیستمی دادوەری، ئەوەندەی تر بەهێز بوبێتن. پرۆسەی سیاسیی داڕشتن و هەڵوەشانەوە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی یاسایەک کار دەکاتە سەر مامەڵەی یاسایی ژنان. لێکۆڵینەوەی حاڵەتی فەلەستینی نموونەیەکی ئاشکرای کاریگەریی کۆلۆنیالیکردن و داگیرکاری سەربازی و تەگەرەی سیاسیی ترن لەسەر یاسا و کۆی سیستمی یاسای تاوان. کاتێک "مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان"ی ژنان باس دەکرێت بە بەراورد بەنیگەرانییە سیاسییە جدییەکان، ئەوە وەک مەسەلەگەلێکی کەم بایەختر لێیان دەڕوانرێت. لە چاوپێکەوتنێکدا دادوەرێک وتی: "زۆر مەسەلەی گرینگتر لە کارنامەی ئێستای فەلەستیندا هەن کە شایەنی موناقەشەکردن بن زیاتر لە کێشەی کوشتنی ژنان." دادگەرێکی تر وتی کە دژواری سیاسی وای کردووە کە نەتوانرێت "بەشێوەیەکی یاسایی دروست" لە تاوانی کوشتنی ژنان تێ بگات: "کاتێک ئێمەی فەلەستینی ڕەوشێکی سیاسیی سەقامگیر بە دەست دێنین و سیستمی یاسایی خۆمان دادەڕێژین، ئەوسا دەتوانین باسی پرۆسەی گونجاو بکەین."

حاڵەتی وەهاش هەبووە کە هەواداری سیاسیی تۆمەتبارەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێوازێکی نەرمتر لەگەڵی بجووڵێنەوە. لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا، پیاوێکی ڕەوەند (ڕەشماڵنشین) بە کوشتنی کچە ئامۆزایەکی خۆی (کە دەستگیرانی بوو) لەبەرئەوەی کە "ناوبانگی زڕاندبوو" تاوانبار کرا. دوو لە براکانی و باوکی بەتۆمەتی شەریکە تاوان حوکم دران. خێڵی تۆمەتبارەکە لە ڕۆژنامەدا نووسینێکیان بڵاو کردەوە کە داوا لە سەرۆک عەرەفات دەکەن دەست وەرداتە مەسەلەکەوە:

(ا.ە) ئەو کەسەیە کە دەستگیرانەکەی خۆی کوشتووە، کە شەرەف و پەیمانەکەی نەپاراستبوو.

گەورەم، ئەم پیاوە گەنجە یەکێکە لە کورانی بەشەرەفی ڕاپەڕین، کوڕی ڕێکخراوی فەتحە، کە هەرگیز دەستبەرداری کوڕانی خۆی نابێ. سێ ساڵ قوربانیی بە ژیانی خۆی داوە و لە پێناو فەلەستینی خۆشەویستمان لە زیندانەکانی زایۆنیزمی دوژمندا بووە.

فەرمانێکی سەرۆکایەتی ئاڕاستەی دادگەر کرا تا هەموو ڕێوشوێنەکانی تاوان و سزا لەدژی یەکێک لەو برایانەی کە تۆمەتی شەریکەتاوانی درابووە پاڵ ڕاگرێت و بکوژەکەش لە سایەی ئەو تاوانانەدا دادگەیی بکات کە لەسەر بنەماکانی پاراستنی شەرەفی خێزان ئەنجام دراون(8). پێ دەچێت سەرۆک قەناعەتی بەوە هێنابێ کە لەبەر سێ هۆ کارێکی وا بکات: یەکەم، تۆمەتبارەکان (بکوژەکە و براکە) بانگەشەی ئەوەیان کردبوو کە ئەندامی چالاکی ڕاپەڕین و لایەنگری یەکێک لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکانن (فەتح). دووەم، سەرۆک پێی خۆش نەبوو دڵی ئەندامانی خێڵێکی ڕەوەندی گەورە برەنجێنێت. سێیەم، بانگەشەی خێڵەکەی قبووڵ کرد کە براکە شەریکە تاوان نییە، بگرە لەبەرئەوە گیرابوو کاتێک گوێی لە قاووقیژی قوربانییەکە بووە بەرەو شوێنی تاوانەکە ڕای کردووە. دادگە هەموو ڕێوشوێنەکانی سزادانی لە دژی براکە ڕاگرت، هەرچەندە بەردەوام بوو لەسەر دادگەییکردنی بەناو بکوژەکە. هەرچەندە تۆمەتبارەکە تاوانبار کرا بە کوشتنی نەخشەبۆکێشراو (بەگوێرەی مادەی ٣٢٨ی یاسای سزادانی ئوردن)، حوکمەکەی کەم کرایەوە بەهۆی هەلومەرجەکانی سووککەری یاساوە (مادەی ٩٩).

ئەم حاڵەتە پیشانی دەدات_ کە چۆن گوشاری دژ بەرەگەز و سیاسی بۆ کارکردنە سەر ڕێوشوێنە یاساییەکان بەکار دێت. ئەم گوشارە تەنیا بەوەوە نەوەستا کە یەکێک لە بەناو شەریکە تاوانەکان بێتاوان دەربکات و حوکمی یەکێک لە بکوژەکان کەم بکاتەوە، بگرە پاساوی بۆ تاوانەکە هێنایەوە و قوربانییەکەی بەتاوانێکی گەورەتر "تۆمەتبار" کرد کە سەرنەکەوتنە لە پاراستنی "شەرەف" و پەیمانی دەستگیرانەکەی، کە ئەمەش وەک ئەوەیە ناپاکیی بەرامبەر فەلەستینی خۆشەویست کردبێت. لێرەوە، بکوژەکە تەنیا پارجێزگاریی لە شەرەفی "کەسیی" خۆی نەدەکرد بگرە لە شەرەفی فەلەستینیش. ئەم حاڵەتە مەترسیی ئەوەی هەیە ببێتە نموونەیەکی زۆر مەترسیدار: ئەو پیاوانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە چالاکن و ئافرەت دەچەوسێننەوە دەشێ "ئاوارتە" بکرێن لە سزادان بەرامبەر بە تاوانەکانیان. خزمەتکردنی نەتەوەیەک لە ژێر ئاڵایەکی سیاسیدا مۆڵەتی کوشتنی مێیینە بۆ پاراستنی شەرەفی ئەوانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەشێکن لە خەباتە بەرفرەوانترەکە لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتدا دەدات.

## قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی و یاسایی ڕێسای خێڵەکی

شیکردنەوەی چاوپێکەوتنە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ هۆکاری فەرمی و نافەرمیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئاشکرای کرد کە ئەوە یاسا خێڵەکییە نەنووسراوەکانن کە ئاڕاستەی ڕستێک کاردانەوەی مومکین دەکەن لە بەرامبەر دەستدرێژیی سێکسیدا. لە ناوچەیەکدا کە شەڕ و ململانێکان وێرانیان کردووە، _پرسیاری ئەوەی چۆن بەشێوەیەکی نوێ وێنای کولتووری

باوکسالاریی هەنووکە و گشگیر بکەین؟ بەئاستەم دابەش بووە بۆ دووانەیەک کە بە ڕوونی پێناسە کرابێت کە ئەوانیش دژیەکی ڕاست و هەڵەن. ئەگەر ئەم توێژینەوەیە هیچ شتێکی ئاشکرا کردبێت ئەوە بریتییە لەوەی کە مەسەلەکان چۆن پێکەوە گرێدراون و بگرە پشت بەیەکتر دەبەستن تا لە ناو کولتووردا خۆیان بنوێنن. لە فەلەستین، چارەسەرێکی حازربەدەست بۆ چاکسازیی دادوەری نییە لەبەرئەوەی کە سیستمە هاوتەریبەکانی یاسای مەدەنی و خێڵەکیش هاوزەمانی یەکترن و پێکەوە بەستراون.

## قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی و یاسایی کۆدی عەشایری

ئەم بەشە لە پێوەندیی نێوان نەریتی کۆمەڵایەتی و یاسا و سیاسەت و توندوتیژی لە دژی ژنی فەلەستینی ورد دەبێتەوە و ڕوونکردنەوەیەک دەخاتە ڕوو لە بارەی جیاکاریی ڕەگەزییەوە لە یاسای تاوانی فەلەستینی و سیستمە یاساییە هاوتەریبەکاندا لە کۆبەندێکی مێژوویی تایبەت و ڕەوشی شەڕ لە فەلەستیندا. سەرباری هەموو بەرگرییە نیشتمانییە پەرەسەندووەکان بۆ هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە، پراکتیسە یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە باڵادەستەکان_ لە کۆمەڵگەی فەلەستیندا (بە ڕادەی سەرەکی لە کەناری خۆرئاوا) بەشێوەیەکی نادیار جێبەجێ دەکرێن بۆ خەفەکردنی دەنگی قوربانییە مێیینەکان و ڕێگرتن لە خستنەڕووی دەستدرێژی دژی ژنان وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی. لە ناوەڕۆکدا، بکوژ و کۆمەڵگە وەک قوربانی خراونەتە ڕوو و قوربانییەکەش بووە بەلایەنە خەتابارەکە. ژیانی سێکسی و جەستەیی و کۆمەڵایەتیی ژنان دەبێ لە سایەی پاکیزەییدا بێ (ئەبو عۆدە، ٢٠٠٠) و کردەوەی توندوتیژیش لە دژی مێیینە وەک ڕەفتاری ڕەوای "پارێزگاریکەر" دەخرێتە ڕوو_ نەک وەک تاوانکاری.

شیکردنەوەی دوو توێژینەوە مەیدانییەکە کاریگەرییەکی دوولایەنە پیشان دەدات لە نێوان جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز، تاوان لە دژی ژنان، لایەنگیریی جێندەریی نێرینە– باوکسالاری و ناوکۆیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو (هەروەها، بڕوانە کرێنشاو، ١٩٩١، شەلهوب کێڤۆرکیان، ٢٠٠١، سمارت، ١٩٩٥). بێگومان ئەم کێشانە تایبەت نین بەدادگەکانی دەسەڵاتی فەلەستین یان کۆمەڵگەی فەلەستین و بگرە بەناوچەی عەرەبیش. تایبەتمەندێتیی ڕەوشەکە لە فەلەستین لە تەوژمی بنیادنانی دەوڵەتدایە کە دەرفەتێکی بۆ دووبارە وردبوونەوە و بنیادنانەوەی چارەسەری یاسایی ڕەوا و دادپەروەرانە کردووەتەوە. ئاخۆ کە ماوەی بنیادنانی دەوڵەت ڕێ دەدات بەدووبارە وردبوونەوەی ئەو بنیادە یاساییانەی جیاکاریی جێندەریی تێدایە، یان زیاتر یاسا ئایینیە سونەتی و باوکسالارەکان بەهێز دەکات، پرسیارێکە پێویستی بە وەڵامە.

ئێستا، ئاماژە هەن بۆ بەردەوامیی باڵادەستیی سیاسیی نێرینەخواز. نموونەیەکی بەرچاو دووبارە هێنانەوەکایەی بنەماڵە و کۆمەڵی زەویوزاری فەلەستینە وەک میکانیزمێکی دەوڵەتی: ڕەوایەتیدانێکی لەو جۆرە بە بنەماڵە کاریگەریی نێگەتیفی لەسەر پێگەی یاسایی ژنان هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو تاوانانەی کە دژی ژنان ئەنجام دەدرێن. لە لایەکی ترەوە، ژنانی فەلەستین

توانیویانە کە کاری سیاسی بکەن و لەگەڵ هاویەشە نێرینەکانیان پێکەوە بەشداری لە بەرگری لە دژی چەوساندنەوە و داگیرکاری دەکەن. ئەمەش پەنجەرەیەکی هیوا دەکاتەوە کە دەشێ تاوانەکانی دژی ژنان سەرلەنوێ داڕێژرێنەوە و هەموار بکرێن تاوەکو بەشێوەیەکی مرۆیی کاریان لەسەر بکرێ.

پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت وای لە کۆمەڵگەی فەلەستین خواستووە کە ستراتیجگەلێکی سیاسی پیادە بکەن کە ماف و پێویستییەکانی ژنان، لە گۆشەنیگای مافەکانی مرۆڤەوە، بەهێز دەکات. لەم دواییانەدا پسپۆڕانی یاسا و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤی فەلەستینی داوایان کردووە کە گفتوگۆ سەبارەت بەو تەنگژانەی کە ڕووبەڕووی سیستمی یاسایی دەبێتەوە ساز بدرێت. بۆ نموونە، ئەلرەیس (٢٠٠٠)، دەڵێت کە شکستی سیستمی یاسایی فەلەستین بۆ کارکردن بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەبەستراوەتەوە تەنیا بەو کەلەپوورە سیاسییەی کە پێش دامەزراندنی دەسەڵاتی فەلەستین هەبووە، بەڵکو بەو لەمپەرانەشەوە بەستراوەتەوە کە خودی دەسەڵاتی فەلەستین و پێکهێنەرە بنیادی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دروستیان کردووە. دەرەعاوی و ژایکە (٢٠٠٠)، کە لە "سیستمی یاسایی ناوازە"ی دەسەڵاتی فەلەستینیان کۆڵیوەتەوە، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە خەڵکی فەلەستین چیتر ئامادە نین پاساوی سیاسی بۆ نەبوونی دادپەروەری و یەکسانی قبووڵ بکەن. ئەوان پێیان وایە کە پاش دروستبوونی ئەنجوومەنی یاسادانانی فەلەستین، بەرپرسیارێتیی دادپەروەری و یەکسانی لە فەلەستیندا دەبێ لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

پێم وایە کە پێویستە ماوەی دروستکردنی دەوڵەت ئامادەیی دادگە و سیستمی یاسایی تاوان زیاد بکات بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەدەسەڵات و مرۆڤدۆستانە دژایەتیی خۆیان دەربڕن بۆ جیاکاریی جێندەریی یاسایی و پراکتیسە نابەجێکانی وەک قبووڵکردنی قسەوقسەڵۆک و وتی وتی بە بەڵگە. وتەیەکی ڕوون پرۆسە بەجێکان بەهێز دەکات و مافە یاساییەکانی هاووڵاتییانیش دەپارێزێت. شکستی دادگە لە دەستکردن بەگفتوگۆی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە و گرتنەبەری گوتاری "کولتووری"ی بالادەست جێی نیگەرانین.

بەرگریی خەڵکی فەلەستین بەرامبەر خراپ مامەڵەکردن، ئینجا سیاسی بێت یان ستراکتۆری کۆمەڵایەتی بێت، بە وردی بە بەرگریکردن لە دژی خراپ مامەڵەکردنی کەسییەوە بەستراوەتەوە. ڕزگارکردنی تاکەکەس لە هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە، بەچەوساندنەوەی جێندەرییەوە، نەک تەنیا لە بواری سیاسی، بەڵکو لە ڕزگارکردنی دەوڵەتیش جیا ناکرێتەوە. ئەو بڕوایەی کە یاسا نایەکسانەکان و ڕێوشوێنە یاساییەکانی پێوەندار بە کوشتنی ژنانەوە دەبێ بگۆڕدرێن تەنیا پێوەست نین بەنکوڵیکردن لە مافەکانی ژنانی قوربانییەوە بەڵکو بە مافی کۆمەڵگەشەوە تا پراکتیسی دروستی کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسی هەبێت. چاوەڕێکردنی ئەوەی کە خوشکێک، باوکێک، دایکێک یان برایەک خزمێکی مێینەیان بکوژن بەدڕەوشتییە و تەندروست نییە و لە ڕووی دەروونییەوە خورپەهێنەرە و کاریگەریی درێژخایەن جێ دەهێڵێت. لێرەوە، گۆڕینی یاسا و پراکتیسە یاساییەکانی تر نەک تەنیا یارمەتیدەری هێشتنەوەی کەمترین بەهای مرۆیی دەبێت، بەڵکو دەکرێت ڕۆڵی شێوازێکی چاککەرەوە ببینێت بۆ سارێژبوونی ئەو کەلەپوورە درێژخایەنەی

برینەکان کە ئەو جۆرە تاوانانە دروستیان کردووە. دەکرێت گۆڕینی یاسا و دووبارە وردبوونەوە لە ڕێوشوێنە یاساییەکان لە دەرەنجامدا کوشتن وەک شێوازێکی مامەڵەکردنی تەنگژە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییەکان ڕەت بکاتەوە و دەکرێت بینینی نوێ و گوتاری نوێ دروست بکات لە دەوڵەتی تازە دامەزراودا.

ئەم شیکردنەوەیەی کە لێرەدا خراوەتە ڕوو پەیامێکی گرینگ دەگەیەنێت: سیستمی یاسای تاوان، وەک تێفکرین لە زانیارییەکانی بەردەستماندا، شکستی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافە یاساییەکانی قوربانییانی توندوتیژی دژی ژنان هێناوە. کۆمەڵگەی فەلەستین لە بەردەم کێشەی دۆزینەوەی ڕێوشوێنێکە کە هەستی سەلامەتی و یەکسانی و ڕێزگرتن لای ژنان دروست بکات، هەر کاتێک ڕووبەڕووی ڕەوشی مەترسیداری لەو جۆرە بوونەوە. هەتا سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی نوێ بنیاد نەنرێت کە یارمەتیی کۆمەڵگە بدات شێوازی جێگرەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە تاوانانەدا بدۆزێتەوە، کوشتن و سووکایەتیکردن بە ژنان بەردەوام دەبێ و هەر خۆشیان بە بەرپرس دادەنرێن لە بەرامبەر سووکایەتی پێکردن و مردنەکەیاندا.

یەکێک لە کاریگەرییەکانی نەخشەدارشتنی توێژینەوەیەکی وەک ئەوەی ئێمە بریتییە لە پێویستیی گرینگیدان بە ڕاهێنانی کارمەندانی پزیشکی و یاسایی تاوەکو زیاتر لە بەرامبەر نەهامەتییەکانی قوربانییەکەدا هەستیار بن. ئاشکراشە کە ئەم چارەسەرە هەر وا بەئاسانی جێبەجێ ناکرێت. پێم وایە کە پێویستمان بەوەیە دەست بدەینە کۆڵینەوەی بابەتی بۆ سێکسواڵیتی و جێندەر، کە لە ڕووی کولتوورییەوە خەفەکراون و چۆن ئەو بابەت و بیروباوەڕە باوانە دەگۆڕێن بە مافی جەستەیی و چیش بە پێشێلکردنی ئەو مافانە دادەنرێ. تەنیا کاتێک مشتومڕێکی لەو جۆرەمان دەست پێکرد، دەتوانین دەست بکەین بەگەشەپێدانی ستراتیجی هەرێمی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بۆ زاڵبوون بەسەر پێشێلکارییە پێوەندارەکانی مافەکانی مرۆڤدا لە بوارەکانی پراکتیسی یاسا و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. بەم شێوەیە، بە دەستپێکردنی گفتوگۆی ڕەخنەگرانە و هاوبەشی لە ئەزموون و دەستنیشانکردنی نیگەرانیی هاوبەش دەتوانین دەست بەئەرکی گرانی هەڵوەشانەوەی تابووەکانی تایبەت بە سێکسواڵیتی، بەتایبەت سێکسواڵیتیی ژنان، بکەین. توێژینەوەی توندوتیژیی سێکسی بە جیا لە داینامیکییەتی ئەو دەسەڵاتەی کە جیاکاریی جێندەری دەکات و توندوتیژیی لەو جۆرە دەبزوێنێت و لێی خۆش دەبێ ئەنجام نادرێت.

سەربەخۆیی سێکسی و مافە جەستەییەکان کرۆکی مافەکانی مرۆڤن و بیرۆکەگەلی یەکسانی و دەسەڵاتدارکردن ناتوانرێت بەسەر ژیانی ڕۆژانەدا پیادە بکرێت هەتا مافە سێکسی و جەستەییەکان بەتەواوی نەیەنە دی. کارکردن لەگەڵ نوێنەرانی سیستمی یاسای تاوان و بەئاگاهێنانەوەیان لە بارەی بابەتەکەوە ڕێگەیەکی بەدەستهێنانی گۆڕانە. سەرباری ئەوەش، یاسا، بەتایبەتی لە فۆرمی یاسا مەدەنییەکاندا، یاساکانی سزادان و یاسای بواری کەسی وەک خاڵێکی سەرەکیی گفتوگۆ هاتنە پێشەوە و ئاشکرا بوو کە پێویستە چاکسازیی یاسایی لە گۆشەنیگایەکی گشتییەوە ئەنجام بدرێت. کاتێک کار لەسەر گۆڕینی یاسا و سیاسەتەکان دەکرێت، دەبێ ئەو فەلسەفەیەی کە لە پشتیانەوەیە و گۆشەنیگای گشتیی یاسا بەهەند وەربگیرێت و دەبێ ئامانجی

گۆڕانە پێشنیازکراوەکانیش تا دەکرێت چاکسازییەکی سەرتاپاگیر بن. ئەو پێداگرتنەی ئەم دواییانەی ناوچەکە لەسەر یاسای سزادان لەم ڕووەوە گرینگە.

لە کۆتاییدا، پێم وایە کە دروستکردنی پێوەندی، نەک تەنیا لە ناوچەکەدا بگرە لەگەڵ هاوشانەکاندا لە ناوچەکانی تری وەک باشووری ئاسیا و ئەمەریکای لاتین گرینگە بۆ پەرەپێدانی ستراتیجی سەرکەوتووی سیکسواڵیتی و مافە جەستەییەکان وەک مافی مرۆڤ.

هاوبەشیکردنی مەوادەکان و سەرچاوەکان و زانین و زانیاری و ئەزموونەکان گرینگیی ئەو جۆرە هاریکارییە دەردەخات. نابێ بەدیهاتنی تەواوی پێشێلکاریی مافە سێکسی و جەستەییەکان وەک نیگەرانییەکی مافی مرۆڤ دوا بخەین، هەر بەقنداخستنێک ئێش و ئازار بەچەندان تاکەکەسی بێ دەنگ و نەبینراو دەگەیەنێت.

سەرنجەکان:

١- لە ئینگلیزییەکەدا بە "Men under the sun" هاتووە.

٢- لە دانیشتنی ١٩مینی ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەلەستین لە جەزائیر لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ دەرچووەوە.

٣- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئەلرەیس، ٢٠٠٠ , سەردار عەلی و عارف (١٩٩٨) پێیان وایە کە سیستمە یاساییە هاوتەریبەکان بەزەروورەت پرۆسە بەجێکان پێشێل ناکەن.

٤- ئەو یاسایەی کە لە کەناری خۆرئاوا جێبەجێ دەکرێت جیاوازە لەوەی لە غەزە جێبەجێ دەکرێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بڕیارمان دا کە جەخت بکەینە سەر کەناری خۆرئاوا، بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا کار لەسەر غەزە بکەین.

٥- سەرنجی ژمارەی ئەو مردنانە بدە کە دراونەتە پاڵ قەزاوقەدەر (٤٢٥) کە زۆر گەورەتر بوو لە ژمارەی مێینەکان (٢٣٤). دەشێ کە زۆر لە مردنی نێرینەکان بەهۆی ڕووداوی پێوەست بەشوێنی کارەوە بووبێت. لە دەستی کاردا پیاوانی فەلەستین ژمارەیان یەک جار زۆرترە لە ژنان، بەتایبەتی لە کاری مەترسیداری وەک بیناکاریدا.

٦- چاوپێکەوتنەکە لە ٧ ی حوزەیرانی ٢٠٠١ لەگەڵ سەلاح مەناعە، کە نوێنەری داواکاری گشتی ناوچەکەیە، لە ڕامەڵلا ئەنجام دراوە، لەبەرئەوەی داواکاری گشتیی ناوچەکە ئەسعەد موبارەک لەبەر نەخۆشی لە ماڵەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دواتر موبارەک ئەم پێناسەیەی پەسند کرد.

٧- هێشتا یاسای تاوانی فەلەستین بەکاردێت، لە چاوەڕوانیی یاسای سزای فەلەستینیدا. لە مادەی ٩٨ی یاسای سزادانی ئوردندا هاتووە: "ئەو کەسەی کە تاوانێک ئەنجام بدات لە حاڵەتی تووڕەیییەکی گەورەدا کە لە ئەنجامی کردەوەیەکی هەڵە و ترسناکی قوربانییەکەوە دروست بووە دەشێ سزایەکی سووکتر بدرێت (بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سووککەر)."

٨- دوا بڕیاری دادگە ئاماژە بۆ فەرمانەکەی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦ی سەرۆک عەرەفات دەکات کە داوای ڕاگرتنی ڕێوشوێنە یاساییەکان لە دژی تۆمەتباری ژمارە دوو دەکات.

(*) پەندێکی ئینگلیزییە بەمانای ئەوەی کە کاتێک خەڵک شتێکی خراپ لەبارەی کەسێکەوە دەڵێن ئەوە دەبێ هۆیەکیان هەبێت کە بۆچی وای پێ دەڵێن.

### بەشی هەشتەم

## کولتوور و کەمینەی نەتەوایەتی و دەوڵەت:

کارکردن لە دژی "تاوانی شەرەفی ناو خێزان"

لەنێو کۆمەڵگەی فەلەستینی لە ئیسرائیلدا

عایدە توما – سلیمان

لە ساڵی ١٩٩٨دا، ئێوارەی جەژنی قوربان، میسال خەتیب، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانی گوندێکی دروزنشینی فەلەستین لە باکوری ئیسرائیل، لە لایەن براکەیەوە کاتێک خێزانەکەی خۆیان بۆ جەژن ئامادە دەکرد کوژرا. براکەی میسال وتی بۆ بەرگری لە شەرەفی خێزانەکەی خوشکەکەی کوشتووە. لە بەیاننامەیەکی گشتیدا بۆ میدیاکان، پۆلیس تاوانەکەی بە "تاوانی شەرەف" ناو برد. لە پرسەی میسالدا، نوێنەرێکی پۆلیس وتی کە میسال لە کاتی کوشتنیدا هێشتا پاکیزە بووە.

دوو ڕۆژ پێش کوشتنی میسال، باوکی بردبووی بۆ نەخۆشخانە و ویستبووی بزانێت کە هێشتا پاکیزەیە یان نا. خێزانەکەی گومانی ئەوەیان هەبوو کە پێوەندیی هەبووبێت لەگەڵ پیاوێکی گەنجی گوندەکەیاندا. ئەو پزیشکەی کە داوای لێ کرابوو بیپشکنێت، داواکەی ڕەت کردبووەوە، چونکە میسال لە خوار تەمەنی یاساییەوە بوو، بۆی نەبوو پشکنینێکی لەو جۆرەی بەبێ فەرمانی پۆلیس یان دادگە بۆ ئەنجام بدات. ڕێنمایی باوکەکەی کردبوو کە فەرمانێک لە پۆلیسی ناوشارەوە بێنێت. زۆربەی کات هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی فەرمانێکی لەو جۆرە ـلای پۆلیس نیشانەیە بۆ هەبوونی ئەگەری ئازاردانی ئەو ژنە گەنجەی کە پشکنینەکەی بۆ دەکریت، بەتایبەتیش کاتێک ئەوانەی داوای فەرمانەکە دەکەن سەر بەخێزانەکەی خۆی بن.

کاتێک باوکی میسال داوای لە پۆلیس کرد فەرمانێکی لەو جۆرە دەربکات، ـپێیان وت کە تەنیا کاتێک ئەگەر گومانی زۆرگێکردنی هەبێت و حەز بکات کە داوایەک تۆمار بکات دەتوانێت ئەو فەرمانە بەدەست بهێنێت، ئەویش ئەمەی ڕەت کردەوە. میسال بە خوشکەکەی وتبوو کە دەترسێت لەگەڵ باوکی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بەهۆی هەڕەشەی توندوتیژی ئەو و ئەندامانی تری خێزانەکەشیەوە. (میسال)یان ناردبوو بۆ ماڵی خوشکەکەی لە گوندێکی ئەو نزیکانە بۆ یەک شەو تاوەکو باوکی بێتەوە سەر خۆی و ڕۆژی دواتر فەرمانیان پێ دابوو کە بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی.

بەگوێرەی ئەو ڕێنوێنییە، ڕۆژی دواتر میسال برابووەوە ماڵی باوکی. ئەو شەوە دەکوژرێت. هیچ دەستوەردانێک لە لایەن پیشەمەندانەوە نەبوو، بەپۆلیس و کارمەندانی کۆمەڵایەتیشەوە، کە ڕێ لە

گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بگرێت.

ئەم حاڵەتە و چەندانی تریش، نیشانەی شکستی پۆلیس و سیستمە پیشەمەندەکەیە لە پاراستن و ڕزگارکردنی ژیانی چەندان ژن و کچ کە لە ژێر هەڕەشەدان. لەگەڵ ئەوەی یاسا لەو حاڵەتانەدا ئاشکرایە، بەڵام ئەو شکستانە ڕوو دەدەن بەتایبەتی لە حاڵەتی ئەوانەی کە لە خوار تەمەنی یاساییەوەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ژێرخانێک هەیە، پەناگەیەک_ کە پۆلیس دەتوانێت ژنان و کچان ڕەوانەی ئەوێ بکات. لەو حاڵەتەی کە باس کرا، پۆلیس داوای یارمەتیی پیشەییی نەکردبوو و کچەکەشیان ڕەوانەی پەناگەیەک نەکردبوو، سەرباری ئەوەی کە وتبووی لەبەردەم مەترسیی توندوتیژییەکی گەورەدایە.

ساڵانە نزیکەی دە حاڵەتی کوشتنی ژنان لە نێو فەلەستینیەکانی دانیشتووی ئیسرائیلدا هەیە. کۆمەڵ و دەسەڵاتداران و میدیاکان ئەو حاڵەتانە بە "تاوانی شەرەف" دادەنێن. لە ساڵی ١٩٩١دا بۆ یەکەم جار تابوی سەر "تاوانەکانی شەرەف" لە کۆمەڵگەی فەلەستینی لە ئیسرائیل لەلایەن گرووپێکی فێمینستی ژنانی فەلەستینەوە بەناوی ئەلفەنار شکێنرا، کە ڕێپێوانێکی نارەزاییی لە دژی کوشتنی ژنێکی فەلەستینی لەلایەن باوکی و برایەکیەوە ڕێکخست. کارکردن لە دژی ئەو جۆرە توندوتیژییە لە کۆمەڵی فەلەستینی لە ئیسرائیل مانای ئەوەیە کە لە سیاقێکی فرە کولتووردا مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەکەیت کە ڕەگی کولتووریی هەیە، هەروەها لە ناو واقیعی ڕۆژانەی کەمینەیەکی نەتەوایەتییەوە کە لە ڕەوشێکی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژی، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی سیستمی دەوڵەتێکی نەیاردا کە هەموو هەڵێک دەقۆزێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتووی ئەم کەمینەیە.

کەمینەی فەلەستینی لە ئیسرائیل کۆمەڵێکی بچووکی یەک ملیۆن کەسییە کە لە شار و گوندەکاندا دەژین. ئەم کۆمەڵە بەگۆڕانی زۆر گەورەدا تێپەڕیوە لە "نەکبە" (لە ئینگلیزیەکەدا بەنەکبە هاتووە- وەرگێڕ) شکستەکەی ساڵی ١٩٤٨ و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە. کۆمەڵگەی فەلەستینی لە ئیسرائیل وەرچەرخا لە سەرکردایەتیەکی تەقلیدییەوە کە لەبەردەم دەوڵەتدا نوێنەرییان بکات بۆ سەرکردایەتییەکی سیاسیی ڕێکخراوتر و گەشەیان بەکارنامەی ئەم کەمینەیە دا و تێ دەکۆشن لە پێناوی مافە کۆمەڵانی نێو ئەم گرووپە. لە سیاقی واقیعێکی سیاسیی وەها و خەباتی کەمینەیەکدا کە مەبەست لێی یەکێتیی کۆمەڵەکەیە بەهەر نرخێک بێت، مەسەلەکانی ژنان لەوانە "تاوانەکانی شەرەف" وەک توندوتیژی دژی ژنان- پەراوێز خراون و لەبەر خاتری مەسەلە گشتییەکە فەرامۆش کراون. هەر هەوڵێک بۆ بەگژداچوونەوەی "تاوانەکانی_ شەرەف" وەک هەوڵێک بۆ تێکدانی ئەو هاوسەنگیە لاوازەی نێوان گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاکانی ناو کۆمەڵەکە لێی دەڕوانرا.

لێرەدا ڕێگەکانی بەگژداچوونەوەی ئەو تابووە لەلایەن چالاکوانانەوە و ئەو ستراتیجانەش کە گرتمانە بەر بۆ مامەڵەکردنی مەسەلەکە لەم واقیعە تایبەتە کۆمەڵایەتییە – سیاسییەی ئێمەدا خراونەتە ڕوو. ئەم بەشە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن کۆمەڵی فەلەستینی لە ئیسرائیل، بەتایبەتی

سەرکردایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکەی لە "تاوانەکانی_ شەرەف" دەڕوانن، پۆلیس چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی ژنانی فەلەستینی کە ژیانیان لە مەترسیدایە دەکات، سیستمی یاسایی، لەوانە پارێزەران و دادگە، چۆن لە حاڵەتەکانی کوشتنی ژنان و "تاوانەکانی_ شەرەف" دەکۆڵنەوە، سروشت و شێوازی "تاوانەکانی_ شەرەف" لە کۆمەڵگەی فەلەستینی ناو ئیسرائیلدا، لەوانە وردبوونەوە لە ژیاننامەی تاوانباران، هەروەها کاریگەرییەکانی کاری هەڵسووڕاوەیی گرووپەکانی مافی ژنان و مرۆڤ لە دە ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕێگرتن لەم تاوانانە.

ئەم بەشە پشت بەژمارەیەک سەرچاوەی سەرەکی و لاوەکی دەبەستێت. تیمی توێژینەوەکە ٥٨ حاڵەتی "تاوانی شەرەف"ی لە ساڵانی نێوان ١٩٨٤ و ٢٠٠٠ دەستنیشان کرد لە فایلە ئیلیکترۆنییەکانی دادگە و میدیاکان و ئەرشیفی ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا. بەڕێوەبەری گشتیی دادگەکان مۆڵەتی پێداچوونەوە و وێنەگرتنی فایلی ئەرشیفی دادگەکانی هەرێمی لە ساڵانی ١٩٨٤–٢٠٠٠ لە ناوچە جیاکانی ئیسرائیل دا. ئەم هەوڵە تەنیا تۆماری ٢٥ حاڵەتی دا بە دەستەوە بەهۆی خراپیی سیستمی هەڵگرتنی فایلەکانەوە، هەندێک لەو حاڵەتانە هەر نەدۆزرانەوە و هەندێک فایلیش تەنیا حوکمەکەی تێدابوو. ئەنجامی شیکردنەوەکەمان لەبارەی فایلەکانی ئەم ٢٥ حاڵەتەوە لەم بەشەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەمی ئەم بەشە پشت بەپێداچوونەوەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و دوو هەفتەنامەی عەرەبی١ بۆ ساڵانی ١٩٩٤–٢٠٠١ دەبەستێت، بەمەبەستی وردبوونەوە لە سروشتی ڕووماڵی حاڵەت و قوربانی و بکوژەکان لە ڕۆژنامەکاندا و هەر وتەیەک لەلایەن بەرپرسە حکوومییەکانەوە و هەڵسەنگاندنی گرینگیدان بە ڕووماڵکردنی مەسەلەکە. پێداچوونەوەکەی ڕۆژنامەکان زیاتر لە سەد ڕاپۆرتەهەواڵی پێوەنداری بەتوێژینەوەکەوە لێ کەوتەوە، لەوانە هەواڵی حاڵەتی کوشتن و بەدواداچوونیان و ڕووماڵکردنی چالاکییەکانی ئەلبەدیل و ئەوانی تر لە بارەی بابەتی "تاوانەکانی شەرەف"ـەوە و شیکردنەوە و ڕاپۆرت لە بارەی کێشەکەوە. پێداچوونەوەیەکی زۆر سنووردارتر ئەنجام درا بۆ ڕۆژنامە عیبرییەکانی هەمان ماوە.

ئەرشیفی ئەلبەدیل و ڕێکخراوی ژنانی دژی توندوتیژی کەرەستەی سەرچاوەی زیاتر بوون. ئەلبەدیل لە ساڵی ١٩٩٣دا دەستی پێ کرد وەک هاوپەیمانێتیی چەند ڕێکخراوێک کە دژی "تاوانەکانی شەرەف" تێ دەکۆشان، لە بەشی دووەمدا زیاتر موناقەشە کراوە. ئەرشیفی ئەلبەدیل بەتەنیا کۆنووسی کۆبوونەوە و ڕاپۆرتی چالاکی و هەڵسەنگاندنەکانی بەدرێژایی چەندان ساڵ تێدا نییە، بەڵکو هەموو نامە و نامەکارییەکان و دەستێوەردانەکانیان لەگەڵ دامەزراوەی ئیسرائیلی و چەندان ڕێکخراوی ترەوە لەبارەی چەند حاڵەتێکی تایبەت و بەرپرسیارێتیی ڕێکخراوەییەوە.

## شیکردنەوەی حاڵەت

ژیاننامەی بکوژەکان

لە گشت ئەو ٢٥ حاڵەتەی کە تیمی توێژینەوەکە دەستیان بە تۆمارەکانیان دەگەیشت،

قـوربانیـیـەکـە لە لایەن خـزمـێکەوە کوژرابـوو، ئەوەی کە دەگـۆڕا ئەوە بوو کـە خـزمـێک یان زیاتر بەشداریـیان لـە تاوانەکەدا کـردبوو. نۆزدە حـاڵەتیـان لەلایەن یەک تاوانبـارەوە ئەنجـام درابوو و لە شەشەکەی تردا زیاد لە تاوانبارێک بەشدار بوو لە کوشـتنەکەدا. سـەرجەمی ژمـارەی تاوانبارەکان لە ٢٥ حاڵەتەکەدا ٣٣ تاوانبار بوو.

خشتەکانی ٨- ١ و ٨- ٢ و ٨- ٣ پیشـانی دەدەن کە برا لە هـەموو ئەوانی تر زیاتر ئەنجامدەری "کوشـتن لەسـەر شـەرەف" بووە و بەدوایدا باوک و ئامۆزا و مـام، خاڵ. داوونەرێتی عـەرەب بەگشـتی "خاوەنداریتی"ی ژنان دەبەخشێتە ئەو خێزانەی کە تیایدا لەدایک بووە، گواستنەوە بۆ ناو خێزانی مـێـردەکـەی وەک ڕەگـەزی پەیمـانـنامـەیەکی کـاتی دەبینـدرا کـە دەتوانرێت لە ڕێی تەلاقـەوە هەڵوەشێنرێتـەوە. بۆیە بەئەرکی خزمێکی نزیکی نێرینەی هـاوخوێنی سەر بەخێزانە هـاوخوێنەکەی دەزانرێت کە "سزا"ی ئافرەتەکە بدات و ئەوە شـەرەفی خێزانەکەیە کە دەبێ بسەندرێتەوە.

فـایلەکانی حـاڵەتەکان پیشـانیان دا کـە زۆربەی تاوانبـاران تەمەنیـان لە نێوان ١٨ بۆ ٢٥ سـاڵان بووە(٢). دیارترین ژیاننامـەی بکوژ هـی گـەنجترین برای قوربانییـەکە بوو، کـە تەمەنی لە سـەرەتای بیستـەکانـدا بوو. بەگشـتی، ئەندامـانی بەتەمەنـتری خـێزان بۆ پشـتگیریکردنی دارایی خـێزانەکـە پێـویستن، لـە هەندێک حـاڵەتدا، گـەنجـتـرین ئەندامی خـێـزانـەکـە ڕەنگە بهـێنرێتـە ژێر بـار تا دانپیـانانێکی سـاختـە بدات بۆ پاراسـتنی ئەندامێکی بەتـەمـەنتر کە ئەنجـامـدەری ڕاسـتـەقینەی تاوانەکەیە، بەگوێرەی هەلومەرجی خێزانەکە. هەروەها ئەندامانی گەنجتری خێزان کەمتر ئەگەری ئەوە هەیە کـە زیندار بن و منداڵیـان هەبێت، کاتێک ئازاد کران، پاش پازدە سـاڵێک زیندانی بوون، دەتوانن دەست بە ژیانێکی نوێ بکەنەوە و ژن بهێنن و خێزان پێکەوە بنێن.

خشتەی ٨- ١

پێوەندی بکوژەکە بەقوربانییەکەوە لە هەر ٢٥ حاڵەتەکەدا

| پێوەندی | ژمارەی ئەنجامدەرانی تاوانەکە |
|---|---|
| برا | ١٣ |
| باوک | ٥ |
| مێرد | ٣ |
| ئامۆزا/پوورزا/خاڵۆزا | ٣ |
| کوڕ | ٢ |
| کچ | ٢ |
| دایک | ١ |
| مام | ١ |
| خاڵ | ١ |
| خەزوور | ١ |
| برازا یان خوشکەزای کوڕ | ١ |

| | |
|---|---|
| سەرجەم (٢٥ حاڵەت) | ٣٣ |

خشتەی ٨– ٢

پێوەندیی نێوان بکوژ و قوربانی لەو حاڵەتانەدا کە یەک کەس تاوانەکەی ئەنجام داوە

| پێوەندی | ژمارەی ئەوانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە |
|---|---|
| برا | ٨ |
| باوک | ٣ |
| ئامۆزا/پوورزا/خاڵۆزا | ٢ |
| کوڕ | ٢ |
| مێرد | ٢ |
| خەزوور | ١ |
| نەزانراو | ١ |
| سەرجەم (١٩ حاڵەت) | ١٩ |

خشتەی ٨– ٣

پێوەندیی نێوان بکوژ و قوربانی لەو حاڵەتانەدا کە زیاد لە کەسێک تاوانەکەیان ئەنجام داوە

| پێوەندی | ژمارەی ئەوانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە |
|---|---|
| برا | ٥ |
| مام | ١ |
| خاڵ | ١ |
| باوک | ٢ |
| دایک | ١ |
| خوشک | ٢ |
| ئامۆزا/پوورزا/خاڵۆزا | ١ |
| برازا یان خوشکەزای نێرینە | ١ |
| سەرجەم (٦ حاڵەت) | ١٤ |

### شوێنی تاوانەکە

لە ڕابردوودا، زۆربەی "تاوانەکانی_ شەرەف" لە شوێنێکی گشتی یان لەنێو ماڵی خێزانەکەدا ئەنجام دەدرا و پاشان بکوژەکە تاوانەکەی بۆ گوندەکە و پاشماوەی خێزانەکە ئاشکرا دەکرد. بەم شێوەیە، ئەندامانی بەشداربووی خێزانەکە دەیانتوانی بۆ کۆمەڵگەی بسەلمێنن کە دەتوانن کۆنترۆڵی ڕەفتاری ئافرەتەکانیان بکەن و ئافرەتانی تری خێزانەکە وا لێ بکات کە دوور بکەونەوە

له ڕەفتارکردنێک کە بەبێ شەرەفی دادەنرێ. بەڕاگەیاندنی تاوانەکە بەکۆمەڵ، ئەو شەرەف و ڕێزەی کە گوایە لە ڕێی ئەو کردارەی قوربانییەکە لەدەست چووە، بەگەڕاوە دەژمێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، فایلی ئەو کێشانەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە تاوتوێ کران پیشانی دەدەن کە گۆڕانێک هەیە لە ئەنجامدانی تاوانەکە لە ماڵەوە بۆ شوێنی دوورتر و کردەوەکەش ڕاناگەیەندرێت. ڕەنگە هۆکارێکی تر لە پشت ئەم گۆڕانەوە، ترس بێت لە تۆڵەسەندنەوەی سیستەمی یاسایی دەوڵەت ئەگەر کوشتنەکە بەجۆرێک ئەنجام بدرێت کە بەئاشکرا بەخێزانەکەوە بلکێندرێت، بۆ نموونە ئەگەر لە ماڵی خێزانەکەدا ڕوو بدات. بۆیە، دەشێ خۆلادان لە سزا هۆکارێک بێت وا لە تاوانباران بکات کوشتنەکە لە ناوچەی دوورەدەستی وەک کەنار دەریا یان دارستان ئەنجام بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوو حاڵەتدا کە لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد، تاوانەکە بەڕۆژ و لە گۆڕەپانی گوندەکەدا ئەنجام درا بە بەرچاوی ڕێبوارانەوە، کە ئەمەش زۆرتر لەگەڵ شێوازەکانی کوشتنی ڕابردوودا یەک دەگرێتەوە.

## ئەو هۆکارانەی بەپاساو بۆ تاوانەکە هێنراونەتەوە

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (ئەوانەی کە لە شەش ڕیزی یەکەمی خشتەی ٨- ٤ دا پۆلێن کراون) ئەو "پاساوەی" لە لایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکەوە بۆ تاوانەکە هێنراوەتەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەپێوەندیی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرکارییەوە هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەک حاڵەتی تر دەمێنێتەوە کە هۆکارەکەی ئەوە نەبوو، ئەمەش پشتگیری لەو بۆچوونە دەکات کە ساڵ بەساڵ مانای "شەرەف" بەشێوەیەک بەرفرەوان بووە تاوەکو هەر ڕەفتارێک بگرێتەوە کە ژن ئەنجامی بدات و ئەندامانی خێزانەکەی پەسندی نەکەن، وەک بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی نێرینە و گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی لە ژیانی خۆی. لەبەرئەوەی کە ژنان کەوتوونەتە جموجۆڵ و ئازادییان لە بڕیاردان بەدەست هێناوە، پیاوانی ناو خێزان تا دێت زیاتر هەست دەکەن کە دەسەڵاتیان کەوتووەتە ژێر هەڕەشەوە و بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆیان زیاد کردووە بەسەر ژیانی ژناندا و لەسەر هەر ڕەفتارێک کە ڕەنگە وا لێی بڕوانرێت کە گوزارشت لە سێکسواڵیتیی ژنان دەکات سزایان دەدەن. بۆیە گەشەکردنی بەهای نوێ لە کۆمەڵگەی عەرەبی فەلەستینیدا لە ئیسرائیل، کە سیستەمی باوکسالاری لاواز دەکات، ڕەنگە کاردانەوەی خراپی لێ بکەوێتەوە، حەسەن (١٩٩٩، ل٣٥٦-٣٠٧) لە نیگەرانی خۆی لە شێوازی نوێی تاوانەکانی_ شەرەفەوە پێشان دەدا، کە پیاوان لە ڕێیەوە هەوڵ دەدەن دونیایەکی گۆڕاو لەڕێی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە لە دژی ژنان ڕاگرن.

خشتەی ٨- ٤

ئەو هۆکارانەی کە هێنراونەتەوە بۆ تاوانەکە

| ئەو هۆکارانەی کە هێنراونەتەوە بۆ تاوانەکە | ژمارەی حاڵەتەکان |
|---|---|
| هەبوونی پێوەندی لەگەڵ پیاوێکی تری غەیری مێردەکەدا | ٥ |
| قسەوقسەلۆک لەبارەی هەبوونی پێوەندییەوە لەگەڵ پیاواندا | ٣ |
| سکپڕی لە دەرەوەی هاوسەرێتی | ٣ |

| | |
|---|---|
| لەدەستدانی پاکیزەیی | ٢ |
| پێوەندی لەگەڵ پیاوانی تردا لە دەرەوەی هاوسەرێتی | ١ |
| سۆزانێتی | ١ |
| شێوازی خۆگۆڕین و ڕەفتار | ٢ |
| لە دەرەوە مانەوە تا درەنگان و جگەرەکێشان | ٢ |
| تەڵاقدان | ١ |
| زۆر جێهێشتنی ماڵ | ١ |
| رەتکردنەوەی پێوەندیی سێکسی لە حاڵەتی بەزۆر بەشوودانداا | ١ |
| سکاڵاکردن لای پۆلیس و پیشەوەران لەبارەی توندوتیژییەوە | ١ |
| هاوسەرێتیی نێوان دوو کەسی سەر بەدوو ئاینی جیاواز | ١ |
| نەزانراو | ١ |
| سەرجەم | ٢٥ |

## هانابردنی پێشوەخت لەلایەن قوربانییانەوە

فایلی حاڵەتەکان پیشانی دا کە پێنج لە قوربانییەکان، بەئاگا لەو مەترسییەی کە تێی کەوتبوون، بەر لەوەی بکوژرێن داوای یارمەتییان لە پۆلیس/ دەزگە پیشەییەکان و ئەندامانی تری خێزانەکانیان کردبوو. بێگومان، دەشێ لانی کەم هەندێک لە ژنەکانی تریش درکیان بەو مەترسییە کردبێت کە تێی کەوتبوون، بەڵام غیرەتیان نەکردووە هانا بۆ کەس ببەن. هەرچی ئەوانەشە کە هانایان بۆ خەڵکی تر بردبوو، لە هیچ کام لەو پێنج حاڵەتەدا خێزانەکان و پۆلیس و پیشەوەرانی تر نەهاتبوونە دەست تا پارێزگاری لەو ژنانە بکەن کە داوای یارمەتییان لێیان کردبوو.

نەبوونی یارمەتیی پۆلیس لەو حاڵەتانەدا شتێکی دەگمەن نییە. لانی کەم ئەلبەدیل دوو جار لیستی ناوی ئەو ژنانەی کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرابوو لە لایەن خێزانەکانیانەوە دابووە بەشی پۆلیسی ڕامەڵڵا و پۆلیس نەیانیپاراست – لە ساڵی ١٩٩٧دا لە ڕێی نامەیەکی فەرمییەوە بۆ پۆلیس و لە ساڵی ١٩٩٨ لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کۆمیتەی پەرلەمان بۆ پێگەی ژنانی عەرەب کە ئەوکات لەلایەن پەرلەمانتار تەمار گۆنسکییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، لە ڕامەڵڵا کۆبوونەوە و پۆلیس و ژنانی سەر بەکۆمەڵ و نوێنەرانی ئەلبەدیل ئامادەی بوون. لیستەکە ناوی ئەو ژنانەی تێدابوو، کە ئەلبەدیل و ژنانی دژی توندوتیژی ناسیبوویانن (لە ڕێگەی سەنتەری قەیرانەکەیانەوە) کە حەزیان لێ نەبوو پۆلیس لە ترسەکانیان و لەو مەترسییانەی دەکرا ڕووبەڕووی ببنەوە ئاگەدار بکەنەوە، سەرباری ئەو قسەوقسەڵۆکانەی کە لەنێو خەڵکدا هەبوون و لێرەوە ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی خەڵک بەژنەکانی دەزانی، ژنەکان متمانەیان نەبوو بەوەی کە پۆلیس دەیانپارێزێت. بەپێچەوانەوە، بۆ ئەو ژنانە گەیاندنی مەسەلەکە بەپۆلیس مانای ئەوە بوو کە مەترسییەکەی سەریان زیاد دەکات. دواجار، ئەلبەدیل و ژنانی دژی توندوتیژی لانی کەم پێنج حاڵەتیان تۆمار کرد کە ناویان لەو

لیستەدا هەبوو. ئەو حاڵەتانە لەنێو ئەو ٢٥ حاڵەتەدا نین کە لەم بەشەدا لێیان کۆڵراوەتەوە، ئەمەش لەلایەک بەهۆی نارێکیی ئەرشیفی دادگەی هەرێمی تەلئەبیب و، نەبوونی هاریکاری لەلایەن دادگەوە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی حاڵەتەکان بەچارەسەرنەکراوی لەلایەن پۆلیسەوە مانەوە، بۆیە، هیچ گومانبارێک تۆمەتی نەدرایە پاڵ و حاڵەتەکان نەگەیشتنە دادگە. ڕەفتاری پۆلیس لە خوارەوە زیاتر لێی کۆڵراوەتەوە.

حاڵەتی میسال خەتیب (کە لەسەرەوە باس کرا) و حاڵەتی مەسارە ماعدی ٢١ ساڵان دوو حاڵەتن لەنێو دەیان حاڵەتدا کە ڕێکخراوەکانی ژنانی فەلەستینی ئاگەدارین و پۆلیس سکاڵای ژنەکانی فەرامۆش کرد و گەڕاندیانیەوە بۆ لای خێزانەکانیان یان ئەو کەسایەتییانەی نێو کۆمەڵگە کە جێی ڕێزن، کە ئەوانیش لای خۆیانەوە دایاننەوە دەست خێزانەکانیان و بەم شێوەیە ڕەوانەی مەرگیان کردن.

## تۆمەتەکان

ئەو تۆمەتانەی کە پێشکێشی دادگە کران لەو ٢٥ حاڵەتەی ئەم توێژینەوەیە دەستی پێیان گەیشت ١٥ تاوانیان کوشتنی پلە یەک بوو، پێنجیان وەک تۆمەتی کوشتن دەستی پێکرد بەڵام دواتر کەم کرایەوە بۆ کوشتنی نائەنقەست، دووانیان برینداریی خەست بوون، یەکێکیان هەوڵی کوشتن بوو، ئەوی تریش بوون بەهۆی مردنی کەسێک بەهۆی بێباکییەوە (لەمەی دواییاندا، هەمان تۆمەت ئاڕاستەی سێ تۆمەتبار کرابوو).

لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی پێداچوونەوەیان بۆ کراوە، حاڵەتی تریش ژنانی دژی توندوتیژی و ئەلبەدیل بەدوایدا چوون، بکوژەکە دانی بەتاوانەکەدا نا و لەسەر کوشتن حوکم درا، پۆلیس نەیتوانی لێکۆڵینەوەکە لەوە زیاتر بەرەو پێش ببات، لەوانەش شکستهێنانی پۆلیس لەوەی کە بکۆڵێتەوە لەوەی ئەندامانی تری خێزانەکە ئاگەداربوون لەوەی کە خەریک بووە تاوانێک ئەنجام بدرێت. ئەم شێوازەی داخستنی حاڵەتەکان مانای وایە کە زۆر کەسانی تر لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا یارمەتیدەر بوون بەڵام ڕاستەوخۆ ئەنجامیان نەداوە و بێ سزا بۆی دەرچوون.

سەرباری ئەوە، نیگەرانیش لەبارەی چۆنێتیی گۆڕینی تۆمەتەکانەوە لە چەند حاڵەتێکدا هەیە. بۆ توێژینەوەی حاڵەتێک کە ئەمە ڕوون بکاتەوە، دەتوانین لە مردنی لەیلا قەیس لە ساڵی ١٩٨٩ بڕوانین، کە دوو برا و خوشکێکی تیایدا بەشدار بوون. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکانی دادگە و تۆمەتنامەکان و وتەکانی داواکار، لەیلا زۆری لێ کرابوو کە ژەهرەکە بخوات، بۆ ئەوەی ئەگەر ژەهرەکە کاری خۆی نەکرد، ئەوسا خۆی ڕێگەیەکی تر بۆ خۆکوشتن بدۆزێتەوە، چەند کاتژمێرێک دواتر، براکەی بەسەری دەکاتەوە و لەیلا پێی دەڵێت کە ژەهرەکە کاری لێ نەکردووە و_ هەوڵیشی داوە خۆی هەڵواسێت بەڵام ئەوەش سەری نەگرتووە. براکەی پێی دەڵێت کە بۆ سێ کاتژمێری تر چاوەڕوان بکات، ئەگەر ژەهرەکە هەر کاری نەکرد، ئەوسا بڕێکی زۆرتر بخوات. پاش پێنج کاتژمێر براکەی بەسەری دەکاتەوە، سەیر دەکات خوشکەکەی دەیەوێت لە بیرێکی سێ مەتر و

نیوی بێتە دەرەوە کە خۆی تێ فڕێ داوە. براکەی بەزۆر ژەهری زۆرتری دەرخوارد دەدات و داوا لە خوشکەکەی دەکات چاوێکی لە لەیلا بێت تا ڕێگری بکات لەوەی کە دەستی بەیارمەتیی پزیشکی بگات و، تەلەفۆنەکە دەبڕێت و دەچێت براکەی تریشی ئاگەدار دەکاتەوە. براکان دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر سەر لە ماڵەکە دەدەن و ئەو ئێش و ئازارە دەبینن کە لەیلای تێدا بووە و ئینجا لەگەڵ خوشکەکەیاندا جێی دەهێڵن. لەیلا نیوەشەو گیانی دەردەچێت پاش ئەوەی هەموو ئەندامەکانی بەتەواوی لەکار دەکەون.

لە تشرینی دووەمی ١٩٩٩دا، دادگە تۆمەتی کوشتنی پلە یەکی ئاڕاستەی برا گەورەکەیان کرد (بەگوێرەی بەندەکانی (ا)٣٠٠ و ٣٠١ی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٩٧، هەروەها کوشتنی بێ مەبەستی ئاڕاستەی برای دووەم و خوشکەکەیان کرد (بەگوێرەی مادەگەلی ٢٩٨، ٢٦٢، ٣٢٢، ٢٩ی یاسای سزادان). لەگەڵ ئەوەشدا، لە مایسی ٢٠٠٠دا، تۆمەتەکان هەموار کران. برا گەورەکەیان بەقەناعەتپێکردن یان یارمەتیدانی خۆکوشتن تۆمەتبار کرا (کە ئەمەش تاوانە بەگوێرەی بەندەکانی ٣٠٢ و ٢٩ ی یاسای سزادان)، برا و خوشکەکەی تریش بەبوونە هۆی مردن بەهۆی بێباکییەوە تاوانبار کران (کە ئەمەش بەگوێرەی مادەی ٣٠٤ ی یاسای سزادان بەتاوان دادەنرێ). براکان حوکمی زیندانی سێ بۆ چوار ساڵیان وەرگرت. بەڵام خوشکەکە نەخرایە زیندانەوە پاش دەستووردانی سەرکردە ئاینییەکانی کۆمەڵگەکە کە داوایان لە دادگە کرد ڕەوانەی زیندانی نەکات لەبەرئەو شوورەیییەی کە بەسەر خێزانەکەدا دێت ئەگەر ئافرەتێکیان لە زینداندا بێت. شایانی باسیشە کە برا تاوانبارەکان وەک کارمەندی زیندان کاریان دەکرد.

## یاسا و دادگەکان

لەکاتێکدا نیگەرانی لەبارەی هەردوو لێکۆڵینەوەی "تاوانەکانی شەرەف"_ەوە هەیە لەلایەن پۆلیسەوە و، لە هەندێک حاڵەتیشدا کەمکردنەوەی تۆمەتی کوشتن بۆ سەرپێچیی بچووکتر، کاتێک تۆمەتی کوشتن (یان هەوڵی کوشتن) دەگاتە دادگەکان، دادوەریی ئیسرائیلی ڕێ بەڕەچاوکردنی مەسەلەکانی "شەرەفی خێزان" نادات لە بەرگریکردن لە تۆمەتبارەکەدا بەکار بێت. لە هەندێک لەو حاڵەتانەی کە لێمان کۆڵینەوە، دادگەکان بەپێی پاش ئەوەی لە هەموو لایەنەکانی تاوانەکەیان کۆڵییەوە و حوکمی خۆیان دەرکرد بەپێویستیان زانی کە مەسەلەی "کوشتن لەسەر شەرەف" بەگشتی بەهەند وەربگرن، تاوەکو بڕیارەکە ڕۆڵی ئاگەدارکردنەوەیەک ببینێت بۆ ئەوانی تر و ڕێگر بێت لەوەی کە کۆتایی بە ژیانی کەسێکی تر بهێنن بەبیانووی پاراستنی "شەرەفی خێزان". ئەم حوکمانەش بە ڕوونی پیشانی دەدەن کە بکوژەکان نابێ داوای سۆز و بەزەییی دادوەران بکەن. وتەیەکی دادگەی هەرێمی حەیفا نموونەیەکی بەسوودمان پێشکێش دەکات:

وەک سەرنجی کۆتاییی ئەم حوکمە، بەپێویستی دەزانین کە بڵێین نابێ کەس چاوەڕێی ئەوە لە سیستمی قەزای ئیسرائیلی بکات کە دان بەمەسەلەی شەرەفی خێزاندا بنێت وەک هەلومەرجی سووککەر و ئەوەش ببێتە هۆی سووککردنی ئەو تۆمەتانە وەکو لەو حاڵەتەی کە لەبەردەستماندایە

و کـوشـتنی ئەنقـەست بە کـوشـتنی بـێ مـەبەست بگۆڕین. داننانێکی لەو جـۆرە بەخـشـینی ڕوخسـەتێکی فـەرمـییـە بەهـەمـوو کـەسـێک تا کـەسێکی تر بکوژێت کـاتێک "شـەرەفی خـێزان" لە مـەسـەلەکـەدا بوو. بەهیچ شـێـوەیەک نـاشـێت شـتی لـەو شـێـوەیە لە چوارچێوەی سـیـسـتـمی دادوەریماندا دانی پیا بنرێت و لێرەوە دادگەکانی ئیسرائیل قسەی بەرگری قبوولْ ناکەن کە گوایە "شـەرەفی خـێزان" فـاکتـەرێکی قبـوولْکراوە و دەبێ بەهەند وەربگیرێت کـاتێک بڕیار لە حـوکمـێک دەدەین کاتێک ژیان لە کەسێکی بێتاوان و ناشاد سەندراوەتەوە(٣).

بوونـە هـۆی مـردنی کـەسـێک بەمـەبەسـت بەگـوێرەی مـادەی ٢ (ا)٣٠٠ ی یاسـای سـزادانی ئیـسرائیلـی سـاڵی ١٩٩٧ بە کوشتن دادەنرێ. مـەرجـەکانی تاوانبـارکردن بە کوشتن ـسەلماندنی "نیازی بوونە هۆی مردنی کەسێک" لەخۆ دەگرێت. بەگوێرەی بەندی (ا)٣٠١، ئەگەر بڕیارێک هەبوو بۆ کوشتنی کەسێکی تر ئەوا "نیـازێکی بەرایی" بۆ کـوشـتنی ئەو کـەسـە بوونی هـەیـە، ئامادەکاری هـەبوو بـۆ کردارەکـە، هـەروەها ئەگـەر ڕەفـتـارێکی وروژێنەر لەلایـەنی قـوربـانییـەکـەوە نەبێت کـە دەکرێت بووبێتـە هۆی پاڵنەری کوشتنەکە. ئەوەندەی پێـوەندی بەوەی دواییـیانەوە هـەبێت، داواکار پێـویسـتی بەوەیە کـە بیسـەلمێنێت هـەڵچـوون لە ئارادا نەبووە تـاوەکو بیـسـەلمێنێت کـە "نیـازێکی تاوانکاری بەرایی" هـەبـووە کە ئەمـەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تاوانبـارەکە بڕیار بدات کـە تاوانەکە ئەنجام بدات. بەتوێژینەوە لەو حاڵەتانەی کە بوونە بناخەی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین دەرەنجامگیری بکەین کە زۆربەی تۆمەتباران بانگەشەی ئەوەیان کرد کە گوایە "نیازی بەراییی" کوشتنیان نەبووە، بگرە، هـەر پێش کوشـتنەکە قـوربانییەکە ئەوەندە وروژاندوویانی کە دەسـەڵاتیان بـەسـەر خـۆیاندا نەماوە.

گـەشـە بەپشـکنینە یاسـاییـیـەکـان دراوە بـۆ سـەلماندنـی هـەبوون یان نـەبوونی هـەڵچـوون. دوو پشـکنینـی لەو جـۆرە پێـویسـتن بۆ گـەیشـتن بەبڕیـاری کـۆتایی: پشکنینێکی زاتی و پشکنینێکی بابەتی. ئەگـەر هـەردوو پشـکنینەکە جێی ڕەزامـەندی بن و هـەڵچـوون بسـەلمێنن، تۆمـەتەکە هـەمـوار دەکرێت لە کوشتنەوە بۆ کوشتنی بێ مـەبەست، کە ئەوپەڕی سزای ئەوەش بیست ساڵ زیندانە (بە بەراورد بەزیندانی هەتاهەتایی بۆ کوشتن).

پشکنینە زاتییەکە ئەوە سـاخ دەکاتەوە ئاخۆ ڕەفـتارە وروژێنەرەکە لە ڕاسـتیدا کـاری کردووەتە سـەر تۆمـەتبارەکە یان نا بەو ڕادەیـەی کە بووبێتـە_ هـۆی لەدەسـتدانی دەسـەڵاتی بەسـەر خـۆیدا و وای لێ کردبێت کوشتنەکە ئەنجام بدات_. ئەمە پشکنینێکی کەسییە و هەلومەرجەکانی ڕووداوەکە بەهەند وەردەگرێت. دەبێ ئەوە یەکلا بکاتەوە کە ئاخۆ ڕەفتاری قوربانییەکە یەکسەر پێش سـاتی تاوانەکە بووەتە هۆی ئەوەی کـە تۆمـەتبـارەکە بەشـێـوەیەکی توندوتیژ کـار بداتەوە، بەم شـێـوەیەش دەیسـەلمێنێت کە پێوەندییەکی هۆ و بەرەنجام هـەیە لە نێوان ڕەفتارەکە و کاردانەوەکەیدا . بۆ ئەوەی بەشـێـوەیەکی زاتیـیـانە بسـەلمێت کـە هـەڵچـوون هـەبووە، دەبێ ڕوون و ئاشـکرا بێت کـە بڕیاری کـوشـتنی کـەسـەکـەی تر خـۆبـەخـۆ/ سـەرپێـیی (عـەفـەوی) بووە و لـە سـاتەوەخـتی لەدەسـتـدانی دەسـەڵاتی بەسـەر خۆیدا بڕیارەکە دراوە. لە حاڵەتی پیاوێکدا کە بە کوشتنی خـوشکەکەی تۆمەتبار کرابوو، دادگـەی هـەرێمی حـەیفا بۆی دەرکـەوت کـە هـەڵچـوونی خـۆبەخۆ نـەبـووە لەبەر ئەم هـۆیانەی

خوارەوە:

ئەو کەسەی کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ورووژێنراوە دەبێ بتوانێت بیسەلمێنێت کە لە کاتێکدا تاوانەکە ئەنجام دراوە قوربانییەکە -سەری خستووەتە- سەری و ڕەفتاری ورووژێنەرانەی ئەنجام داوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمێنێت و خۆبەخۆ کار بداتەوە. هیچ شتێک نییە لە بەسەرهاتی تۆمەتبارەکەدا کە ببێتە بەهانە بۆ بانگەشەی هەڵچوونێکی زاتی، کە ئەمەش پێویستی بەوەیە تۆمەتبارەکە بیسەلمێنێت کە بەڕادەیەک دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەماوە کە ببێتە هۆی ئەوەی کە کوشتنەکە ببێتە کردەوەیەکی خۆبەخۆیانە، نەک لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی پێشوەخت.

لەم حاڵەتەدا کە ئێستا لێی دەکۆڵینەوە، تۆمەتبارەکە ڕۆیشتووەتەوە بۆ ماڵەوە و چەقۆیەکی هێناوە و، پاش ئەوەی کە گوێی لە قسەکانی ژنە مردووەکە بووە تووڕە بووە. کوشتنی قوربانییەکە بێ بەزەییانە ئەنجامدراوە و ناتوانرێت وەک کاردانەوەیەک لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی لێی بڕوانرێت(٤).

پشکنینە بابەتییەکە ئەوە ساخ دەکاتەوە کە ئاخۆ دەشێ پێشبینیی ئەوە بکرێت ئەگەری ئەوە هەیە کە "کەسێک لەو ئۆردوگا تایبەتەوە"، ئەگەر لە جێی تۆمەتبارەکەدا بێت، دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمێنێت و کەسێک بکوژێت. ئەمە بۆ ساخکردنەوەی ئەو ڕەفتارانەی کە لە بارودۆخێکی دیارکراودا قبووڵ دەکرێن بەکاردێت. پشکنینە بابەتییەکە تەنیا کاتێک ئەنجام دەدرێت ئەگەر هەڵچوونە زاتییەکە سەلمێنرا. بۆ خۆبواردن لە سووککردنی بێ بەهانەی تۆمەتێک لە کوشتنەوە بۆ کوشتنی بێ بەمەبەست، دادگە پێویستی بەوەڵامێکی ئەرێنییانەیە بۆ پرسیاری ئەوەی ئاخۆ "کەسێکی عەقڵانی" یاخۆ "کەسێک لەو ئۆردوگا تایبەتەوە" لە هەمان ئەو هەلومەرجانەدا بەهەمان شێوە کاردانەوەی دەبێ. لێرەدا، دادگەکان ڕێ نادەن ڕەفتاری ورووژێنەر پۆلێن بکرێت بەگوێرەی نەریتی بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە یان بەگوێرەی هەستیاریی خەڵک لە بەرامبەر بۆچوونی سەرکردەی کۆمەڵەکاندا، وەک لە مەسەلەکانی شەرەفی خێزاندا، بۆ نموونە. بۆچوونێک هەیە کە پێی وایە "پشکنینە بابەتییەکە ئیختیاری پۆلێنکردنی هەڵچوون نادات لەلایەن بەشە جیاوازەکانی دانیشتووانەوە یان بەگوێرەی هەستیاری نەریتی بەشە (جیاوازەکان) وەک کەمکردنەوەی شەرەفی ژنان"(٥).

سزای کوشتن زیندانی هەتاهەتاییە، کە لەوانەیە لە ژمارەیەک حاڵەتی سنوورداردا لەلایەن دادگەوە سووک بکرێتەوە (بەندی (أ) ٣٠٠):

١- کاتێک پەشێوییەکی دەروونیی بەهێز توانای تۆمەتبارەکەی سنووردار کردووە لە تێگەیشتن لەوەی کە چیی کردووە و کردارەکەی چەندە جێی سزادانە یاخۆ لەوەی کە خۆی لە ئەنجامدانی کردەوەکە لادات،

٢- کاتێک کردەوەکە تا ڕادەیەکی بەرچاو بڕی ئەو عەقڵبڕینەی تێپەڕاند_ کە پێویستە ئەگەری بەرگری لە خۆکردن، پێویستی یان زۆرلێکردن/ چاوترساندن بهێنێتەوە.

٣- کاتێک کە تۆمەتبارەکە لە حاڵەتی ئەوپەڕی پەرێشانیی دەروونیدا بێت کە ئەمەش بەهۆی خراپ مامەڵەکردنێکی توند و درێژخایەنی کەسە مردووەکەوە لە بەرامبەر تۆمەتبارەکەدا یان ئەندامێکی خێزانی تۆمەتبارەکەدا دروست بووبێ.

دوابەدوای هەموارکردنەکەی ساڵی ١٩٩٥ ی یاسای سزادان، کە ئەو بەندەی سەرەوەی لەخۆ گرتبوو، دەشێ کە قورسترین سزای سەر کوشتن کەم بکرێتەوە، بەڵام تەنیا لەو حاڵەتانەدا کە توانای تۆمەتبارەکە لە بڕیارداندا شێواوە لە ئەنجامی نارێکییەکی دەروونیی توند یاخۆ بەهۆی نوقسانییەکی عەقڵییەوە کە بەڕادەیەکی بەرچاو توانای سنووردار کردووە لەوەی کە تێ بگات لەو کردەوەیەی کە ئەنجامی دەدات، یاخۆ ئەوەی کە کردارەکەی چەندە جێی سزادانە، یاخۆ ئەوەی کە چۆن دەتوانێت خۆی لە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە لادات. دادگەکان بەگشتی ئەم برگەیە بەشێوەیەکی سنووردار بەکار دەهێنن و لەو حوکمەی سەرەوەی دادگەی هەرێمی حەیفادا بەڕوونی جەختی لەسەر ئاگەداربوون کردەوە لە حاڵەتی وەک "کوشتنی بۆ شەرەف" کە خۆی لەو کاتەدا کاری لەسەر دەکرد(٦).

کاتێک تۆمەتی کوشتن ئاڕاستەی کەسێک دەکرێت لە حاڵەتی کوشتن لە سیاقی "شەرەفی خێزان"دا، دادگە ئیسرائیلییەکان بەگشتی قورسترین سزا کە لە یاسادا هەیە دەسەپێنن. بەسەپاندنی ئەو حوکمانە، دادگەکان گوزارشتیان لە ئامانجە ئاشکراکەیان کردووە کە بریتییە لەوەی نەک تەنیا سزا بسەپێنن بگرە خەڵکی لەو تاوانانە دوور بخەنەوە:

تۆمەتبارەکە بڕیاری دا کە خوشکەکەی دەبێ بمرێت، هەرچەندە خوشکەکەی_ بەهیچ شێوەیەک یاسای پێشێل نەکردووە. تۆمەتبارەکە کردەوەیەکی ئەنجام داوە کە شایەنی ئەوپەڕی سزادانە و لەسەر ئەوە شایەنی هیچ لێخۆشبوون و بەزەییەک نییە. بەکارهێنانی چەمکی "سەرپێچی دژی شەرەفی خێزان" لە لایەن تۆمەتبارەوە وەک بیانوویەک هیچ نرخێکی نییە. ئەرکی دادگەیە کە قورسترین سزا کە یاسای سزادان دایناوە بسەپێنێت بۆ ئەو حاڵەتانەی کۆتایی بە ژیانی مرۆڤێک لە کوشتنێکی ئەنقەستدا دەهێنن، کە ئەم حاڵەتەی بەردەستمان نموونەیەکیەتی. با هەمووان بزانن کە بیانووی "سەرپێچی دژی شەرەفی خێزان" هیچ بەهایەکی نییە تا بتوانێت ببێتە پاساو بۆ کردەوەیەکی توندوتیژ لە هەر جۆرێک بێت، بەتایبەتی کۆتایی هێنان بە ژیانی کەسێک. ئێمە کردەوەی تۆمەتبارەکە بە کوشتنێکی بۆگەن و قێزەون دادەنێین کە دەبێ بەهەموو توانای یاسای سزادان سزابدرێت، کە ئەوەش سزایەکە کە لە زیندانی هەتاهەتایی کەمتر نەبێت. ئەم سزایە دەبێ ڕۆڵی _نموونەیەکی لەبیرنەکراو ببینێت کە تاکەکان و خەڵک سارد بکاتەوە. پیرۆزیی ژیانی مرۆڤ چەمکێکی بەتاڵ نییە و هەر کەسێکیش کۆتایی بە ژیانی کەسێک بهێنێت بەوپەڕی توندیی یاسای سزادان سزا دەدرێت(٧).

لە لای خۆیەوە، دادگەی باڵا پشتگیریی خۆی لە سەپاندنی قورسترین سزا ڕاگەیاند لە دژی ئەو تاوانە توندوتیژانەی بەناوی پاراستنی شەرەفی خێزانەوە ئەنجام دەدرێن، لە ڕۆشنایی ئەو کاریگەرییە بەرچاوەی کە لەسەر ڕێگریکردن لەم جۆرە حاڵەتانە هەیەتی(٨). هەروەها دادگەی باڵا

ڕۆڵی خـۆی بەهەوڵە پەروەردەیی و گـەشـەپێدانە نایاسـاییـیـەکـانەوە بەسـتـووەتەوە، وەک لە فەرمانێکیدا ڕوون دەبێتەوە لە حاڵەتێکدا کە پیاوێک بەهەوڵی کوشتنی خوشکەکەی تۆمەتبار کرابوو و حەوت ساڵ زیندانی بۆ برابووەوە. لە تێهەڵچوونەوەکەیدا بۆ دادگەی باڵا، پیاوەکە بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە دەبێ سزاکە کەم بکرێتەوە لەبەرئەوەی بەگوێرەی نەرێتە کۆمەڵایەتییە پەسندەکان جووڵابووەوە. دادگە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

ئێمە پێمان وایە، وەک لەم حوکمەشدا گوتوومانە، ئەو کردەوەیەی کەسی داواکاری پێداچوونەوە ئەنجامی داوە تا بڵێی مەترسیدارە و نەرێتی کۆمەڵایەتیی پاراستنی "شەرەفی خێزان" لە ڕێگەی کردووەی توندوتیژەوە، کە لەناو ئەم توێژەی کۆمەڵگەدا هێشتا کارێکی پەسندە، نەریتێکی چەوتە و دەبێ هەمـوو هـەنگاوێکی پێـویست بۆ بنەبڕکردنی بنرێت. ئاشکرایە، ئەم ئامانجە تەنیا لەڕێی سـزادانەوە بەدی نایەت، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش لەڕێی گـرتنەبەری کـردارەوە لـە بوارەکـانی پەروەردە و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی بیرۆکەی پێشکەوتنخوازانەترەوە.

شانبەشانی ئەمە، دادگە کە ئەرکی ڕاگرتنی حوکمی یاسایە لە وڵاتدا، لە ئەرکەکەیدا شکست دەهێنێت ئەگەر نەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕان لەم بیرۆکانەدا و بنەبڕکردنی ئەم نەرێتە چەوتە لەڕێی سزایەکەوە کە ڕێگر بێ و دەبێتە پەند[٩].

لەو فایلانەی کەیسەکاندا کە پێیاندا چووینەوە، دادگەکان ڕەتیان کردەوە کە ئەو ئارگیومێنتە جیاوازانە قبـووڵ بکەن کـە لەلایەن پارێزەرانی بەرگرییەوە خـرابوونە ڕوو، لەوانەش ئەوەی کـە پشکنینە بابەتییەکە جیاواز بووە بۆ ئەو فەلەستینییانەی کە لە ئیسرائیلن بەهۆی ئەو گوشارەی کە بەهۆی داوونەریت و کولتوورەوە لەسەر تۆمەتبارەکەیە، یا ئەوەی کە تۆمەتبارەکە لە ڕێی ڕەفتار یان شێوەژیانی قوربانییەکەوە ورووژێنرابوو، کە ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا، یان ئەو شایەتییانەی سەرکردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان کە داوونەریتەکانیان ڕوون دەکردەوە.

## دەنگی قوربانییەکە

ئەوەی کـە ئاشکرایە لـە میـانەی پێداچوونەوەکـەمـان بەکەیسی فایلەکاندا خـەفـەکـردنی دەنگی قـوربانییـەکەیە لە دادگەدا. نەک تەنیا قـوربانیـیـەکە لە ڕووی جەستـەییـیـەوە ئامادە نییە، بەڵکو گێڕانەوە و چیرۆکەکەی ئەو نەهێنراوەتە بەردەم دادگە. بەزۆری، ئەو وردەکارییانەی کە لەبارەی قوربانییەکەوە سەر هەڵدەدەن ئەوانەن کە لەلایەن تۆمەتبار یان شایەتەکانی بەرگرییەوە خراونەتە ڕوو. بێگومان لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا ئەوە وەک خۆی ماوەتەوە کە لە کێشەیەکی تاوانکاریدا دوو لایەن هەن کـە دەوڵەت و تۆمـەتبـارەکـەن، بەڵام ڕاسـتـیـیـەکیش هـەیە ئەوەیە کـە لە_ تۆمـارەکـانی ڕێوشوێن و حوکمەکاندا کەس نییە پارێزگاری لە مافەکانی قوربانییەکە بکات. لە حاڵەتەکانی هەوڵدانی کوشتندا، ڕەنگە قوربانییەکە بهێنرێتە بەردەم دادگە لەلایەن پارێزەرانی تۆمەتبارەکەوە تاوەکو بەدادگە بڵێت کـە پێـوەندیی لەگـەڵ تۆمـەتبـارەکـەدا باش بووە و لێی خـۆش بووە و داوای

بەزەیی دادگەش بکات. بۆیە، کاتێک کە لە دادگەدا دەنگی قوربانی دەبیسترێ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەوە بۆ سوودی تۆمەتبارەکە تا داوای سزایەکی سووکتر بکات بەکار هاتووە، ئینجا یان بەسەلماندنی ڕەفتارە خراپەکەی کە تۆمەتبارەکەی وروژاندووە و "ناچاری کردووە" کە هەوڵی کوشتنی بدات، یان بەوەی کە بەدادگە بڵێت تۆمەتبارەکە گۆڕاوە و لەو کردەوەیەی کە ئەنجامی داوە پەشیمانە. ئەو گوشارانەی کۆمەڵگە و خێزان خستوویانەتە سەر قوربانییەکە تاوەکو هەستێت بەو دەستێوەردانانە لە شایەتینامەکانیاندا ئاشکرایە. لەلایەکی ترەوە، بێدەنگکردنی سیستماتیکانەی قوربانییە کوژراوەکان، کە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن یان خۆیان بپارێزن، پێشێلکردنی مافەکانیانە تەنانەت پاش مردنیشیان بەردەوام دەبێ.

## کۆمەڵگەی فەلەستینی: لە تابووەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆن

لە ساڵی ١٩٩٠دا یەکەم خۆپیشاندان لە دژی "تاوانەکانی شەرەف" لەلایەن ڕێکخراوی ئەلفەنارەوە ڕێکخرا وەک نارەزایی لەدژی کوشتنی ژنێکی گەنجی گوندنشین لە لایەن باوکیەوە، کە بانگەشەی ئەوەی کرد کە لەبەرئەوەی لە دەرەوەی پێوەندی هاوسەرێتی سکی کردووە، ناچار بووە_ بیکوژێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە سکپڕییەکەی لە ئەنجامی زۆرگێکردنەوە بووە لەلایەن خزمێکی ژنەکەوە و، باوکیشی بەم ڕاستییەی زانیوە. لە دادگەییەکەدا، تیمی بەرگریی باوکەکە سەرۆکی کۆمیتەی باڵای بەدواداچوونیان وەک شایەت بانگ کرد کە نوێنەرایەتیی کەمینەی فەلەستینییەکانی ئیسرائیل دەکات. شایەتەکە، کە قایمقامی ناوچەکەش بوو، جەختی کردەوە لەوەی کە باوکەکە هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەبووە و ئەوەی کە ئەنجامی داوە تاکە شت بووە بتوانێت بیکات تا بتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەوەی بەشێوەیەکی شەریفانە بژی: "ئەمانە داوونەریتی ئێمەن و ئێمە ئاوەها دێینە دەست".

ئەمە پیشاندەری ئەو هەڵوێستە زاڵە بووە کە لەبەرامبەر "تاوانەکانی شەرەف"دا کە لەو دەمەدا لەناو کۆمەڵی فەلەستینیدا هەبوو. ئەلفەنار و ژمارەیەک ڕۆشنبیر و هەڵسووڕاوی مافەکانی مرۆڤ و ژنان سکالانامەیەکیان دەرکرد و داوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەم کەسایەتییە ناودارەیان لە پۆستەکەی کرد. یاداشتەکە سەرنجی زۆری درایە و وەک ڕیکلامێکی پارەبۆدراو لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە. هەرچەندە ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەی داواکرابوو ڕووی نەدا، بەڵام ئەم هەوڵە جۆرە گوڕێکی دروست کرد و پیشانی دا کە کێشەی "تاوانەکانی شەرەف"، کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، لەبەرچاوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا، ١٠ هەڵسووڕاوی مافەکانی ژنان و مرۆڤ (ئەلبەدیل)یان دامەزراند، کە هاوپەیمانییەکە بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانەکانی شەرەف. بەتێپەڕینی ساڵەکان، هاوپەیمانێتییەکە گەورە بوو و تاکەکەس و ڕێکخراوی تریشی لەخۆ گرت، لەوانە ژنانی دژی توندوتیژی، کۆمەڵەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کەیان (ڕێکخراوێکی فێمینیستییە)، پەناگەی کتوپڕی لە حەیفا، ئەلسیوار، بزووتنەوەی ژنانی دیموکراتی، سەنتەری قەیران بۆ پشتگیریی

قوربانییەکانی پەلاماری سێکسی- حەیفا، هێڵی کتوپڕی بۆ قوربانییەکانی توندوتیژیی جەستەیی و چەند تاکە کەسێک، لەوانە کارمەندانی کۆمەڵایەتی، پارێزەران و نووسەران. لە ئەنجامدا، جگە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان، زیاد لە ٢٥ هەڵسووڕاو کاریان لە ئەلبەدیلدا دەکرد، کە لەسەر ڕستێک ستراتیج کاریان دەکرد بۆ بەرفرەوانکردنی کایەی ئەوانەی "تاوانەکانی شەرەف"یان مەحکوم دەکرد و کاریان دەکرد بۆ بەرزکردنەوەی وشیاری لە کۆمەڵدا سەبارەت بەکاریگەرییە ترسناکەکانی "تاوانەکانی شەرەف" لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی. یاداشتنامەیەک دەستاودەستی کرد و بەمەبەستی ئیمزاکردن بڵاوکرایەوە شانبەشانی چەند وتارێک لەبارەی بابەتەکەوە، خۆپیشاندان و یادکردنەوە ساز کران بۆ ئەو ژنانەی کە کوژرابوون، موحازەرە و وۆرکشۆپی کراوە لە هۆڵە گشتییەکان و دوا ناوەندییەکاندا پێشکێش کران. جگە لەوەش، پشتگیری و کۆکردنەوەی بۆچوون لەگەڵ پشتگیریکەران و ئەندام پەرلەمانەکان و وەزیرەکان و بەرپرسانی پۆلیس و خەڵکانی تردا ئەنجام درا. ئەم هەوڵانە ئەوەندەی تر بوونە جێی سەرنج کاتێک ئەوانەی کە بەلایانەوە پەسند نەبوو هەوڵیان دا کە پەلاماری خۆپیشاندەران بدەن. لەبەرئەوەی کە یاداشتنامەکە وەک ڕیکلامی پارەبۆدراو بڵاوکرایەوە لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە، ئەمە ڕۆژنامەکانی ناچارکرد کە بایەخ بدەنە مەسەلەکە و ڕەخنەی زۆرتر پەرەی پێ درا لەسەر ئەوەی کە میدیا چۆن مامەڵەی لەگەڵ "تاوانەکانی شەرەف"دا کرد.

لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ دا، ئەلبەدیل یەکەم کۆبوونەوەی گشتی و ڕۆژی توێژینەوەی خۆی لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە بەست، بەجەختکردنە سەر لایەنە جیاوازەکانی کێشەکە و هەوڵیان دا کە جەماوەر لەو بارەیەوە ئاگەدار بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ڕووداوە کێشەی "تاوانەکانی شەرەف"ی خستە کارنامەی کۆمەڵگەی فەلەستینییەوە لە ئیسرائیل، لەو کاتەدا هیچ کەسایەتییەکی سیاسی نە بەشداریی تێدا کرد و نە هەڵوێستێکی ڕوونیشی لەو بارەیەوە وەرگرت. هەوڵەکان بەردەوام بوون لەگەڵ کۆمیتەی باڵای بەدواداچوونی فەلەستینی لە ئیسرائیل. داوایەکی ئەلبەدیل لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٥دا کە کۆمیتەکە هەڵوێست وەربگرن لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" پشتگوێ خرا. لە ١٩٩٧دا ئەلبەدیل سەرکەوت لەوەی کە بابەتەکە بخاتە کارنامەی کۆمیتەکەوە، بەڵام ئەو بڕیارەی کە دایان زۆر تەمومژاوی بوو و موناقەشەکان دەستێوەردانی سەرکردەیەکی دیاری ئەو کاتەی بزووتنەوی ئیسلامیی تێدا بوو (کە ئەویش قایمقامێکی ناوچەکە بوو) کە وتبووی بزووتنەوەکانی ژنان دەبێ ژنان لەسەر ڕەفتاری باش پەروەردە بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕان لە هەڵوێستی سەرکردایەتیی سیاسیی فەلەستینیدا دەستی بەدەرکەوتن کرد. لە ساڵی ١٩٩٧دا، قایمقامی ناسرە بەشداریی لە یادکردنەوەیەکدا کرد کە ئەلبەدیل ڕێکی خستبوو بۆ یادکردنەوەی قوربانییەکی "کوشتن بەناوی شەرەفەوە". بەئامادەبووانی گوتبوو: "پێویستمان بەوەیە کە دەست بکەین بەموناقەشەیەکی جدی لەبارەی ئەم تاوانانەوە... هێزە هەرە جەماوەرییەکان بهێنین بۆ بەگژاچوونەوەیان. خەبات بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی جدی پێویستی بەهێزە هەرە گەورەکانی جەماوەر هەیە" و، داوای لە کۆمیتەی بەدواداچوون کرد کە مەحکومکردنی "تاوانەکانی شەرەف" بگۆڕن بە"هەڵوێستی ڕاست لەسەر هەر تاوانێک و بەپلانکارییەکی شیاو"

(ئەلئیتیحاد و ئەلسینارە، ٢ شوباتی ١٩٩٧).

بەدرێژاییی ساڵی ١٩٩٧، ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە بەرەی دیموکراتی چەپڕەو بۆ ئاشتی و یەکسانی کاریان لەسەر مەسەلەی تاوانەکانی شەرەف کرد بەوەی کە داوایان لە سەرکردایەتیی ئاینی کرد کە هەڵوێستی روونیان هەبێت و داواشیان لە پۆلیس کرد کە کرداری متمانەداریان هەبێت. بۆ نموونە، ئەندامێکی کنێست "داوای کرد کە سەرکردەکانی هەموو ئاینەکان هەرچی لە توانایاندایە بیکەن و بەجدی کار بکەن لە دژی کوشتنی ژنان لە سیاقی شەرەفی خێزاندا." (ئەلئیتیحاد، ٢٢ مایسی ١٩٩٧). بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیش ناچار بوو کە کار لەسەر مەسەلەکە بکات، لە سەروتارێکدا لە ڕۆژنامەی (صوت الحق والحرية) (٧ی شوباتی ١٩٩٧) "تاوانەکانی شەرەفیان" مەحکوم کرد، بەڵام ڕەفتاری بێشەرەفانە و چۆنێتیی خۆگۆڕینی ژنانیان بە بەرپرس زانی و جەختیان لەوە کردەوە کە ئەگەر خەڵک لەسەر ڕێسا ئاینییەکان بڕۆن، ئەم تاوانانە نامێنن.

لە شوباتی ١٩٩٨دا گوڕێکی تر بەمەسەلەکە درا، کاتێک نووسینگەی سەرۆکی ئیسرائیل ئایزەر وایزمان وەک ڕێزلێنان لە پەنجایەمین ساڵیادی سەربەخۆیی ئیسرائیل لێبووردنی بۆ چەند زیندانییەک دەرکرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە حاڵەتەکانی "تاوانی شەرەف"دا حوکم دراون. ئەلبەدیل یاداشتنامەیەکی ئاراستەی سەرۆک کرد و نیازەکانی مەحکووم کرد و داوای کرد کە ئەو پلانانە پووچەڵ بکرێنەوە. خەڵکێکی زۆر پشتگیریی ئەم دەستپێشخەرییەیان کرد کە لە کۆتادا لە ڕاگرتنی پلانەکانی لێبووردندا سەرکەوتوو بوو. لە ئەیلوولی ئەو ساڵەدا، چەند سەرکردەیەکی دیاری بەرەی دیموکراتی و سکرتێری گشتیی حیزبی کۆبوونەوەی نیشتمانی (التجمع الوطني) بەشدارییان لە خۆپیشاندانێکدا کرد کە ئەلبەدیل لە ناسرە ڕێکی خستبوو. لەم کاتەوە ئیتر ئاشکرا بوو کە گۆڕان لە هەڵویستی_ پارتە دیارەکانی کۆمەڵگەی فەلەستینیدا لە ئیسرائیل هەبوو. سەرکردە سیاسییە جیاوازەکان ڕۆڵێکی چالاکانەتریان بینی لە موناقەشە پێوەندارەکاندا لە کۆمیتە پەرلەمانییە جۆراوجۆرەکاندا و داوای کۆششی زیاتریان دەکرد لە پۆلیس و دەسەڵاتدارانی بیمە کە ژنانی فەلەستینی لە "تاوانەکانی شەرەف" بپارێزن. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر هەڵوێستی خۆی مایەوە کە کوشتنەکانی مەحکوم دەکرد بەڵام ڕەفتاری ژنانی بە بەرپرس دادەنا لێیان.

خاڵی وەرچەرخان لە میدیاش لە ساڵی ١٩٩٥دا هات، پاش کوشتنی ئیبتیهاج حەسەن کاتێک کە میدیا وتی کە خەڵکی گوندەکە لە دەوری لاشەکەی کۆبوونەتەوە و چەپڵەیان بۆ بکوژەکەی لێداوە و هۆیهایان کێشاوە. ئەم دیمەنە ناشرین و تراجیدییە بوو بەپاڵنەرێک بۆ نووسینی زنجیرەیەک وتار لەلایەن_ ڕۆشنبیران و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤەوە، کە ئەم کوشتنە بەتایبەت و تاوانەکانی شەرەفیان بەگشتی مەحکوم دەکرد. پێش ئەم ڕووداوە، ڕۆژنامەکان زۆربەی جار ئەم تاوانانەیان پشتگوێ دەخست و کاتێکیش کە ڕوومالّیان دەکردن لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا لە شێوەی ڕاپۆرتی "فاکچواڵ (واتە ئەوەی کە بەس ڕاستییەکانی تێدایە)"دا دەبوو، کە ئەمانەی لەخۆ دەگرت،

هەواڵی کوشتنەکە و ناسنامەی بکوژەکە و ئەو هۆکارەی کە بکوژەکە هێناویەتەوە بۆ کردەوەکەی. پاش ساڵی ١٩٩٥، ئەو بەیاننامە ڕۆژنامەگەرییانەی لەلایەن ئەلبەدیل و ڕێکخراوە ژنانەکانی تری وەک ژنانی دژی توندوتیژی دەردەچوون، لە ڕۆژنامەکاندا بوارێکی زۆرتریان دەدرایە، ئەم بەیاننامە ڕۆژنامەگەرییانە زانیاریی وردیان تێدابوو لەبارەی قوربانییەکە و ناسنامەکەی، کە جاران لەبیر کرابوو، دەهێنایە پێش چاو.

ڕەخنەگرتن لە شێوازی نامرۆییانەی کاری ڕۆژنامەکان وردە وردە شێوازێکی جیاوازی هێنایە کایەوە. پاش هەر تاوانێک ڕۆژنامەکان چاوپێکەوتنیان ساز دەدا و هەڵوێستی سەرکردە سیاسییەکان و ئاینییەکانیان دەخستە ڕوو و بەشێوەیەکی سەرەکی جەختیان دەخستە سەر مەسەلەکانی زینا و پێوەندییە سێکسییەکانی دەرەوەی هاوسەرێتی. ئەمە لە هەمان کاتدا ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی خەڵکی ئەوەندەی تر بەهێز کرد کە پێی وابوو هەموو قوربانییەکی تاوانی شەرەف ژنێکە کە زینای کردووە یان ژیانێکی سێکسیی بەرەڵڵا ژیاوە. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەکان نەیاندەتوانی چالاکوانانی ئەلبەدیل و ڕێکخراوەکانی ژنان پشتگوێ بخەن و ناچار بوون کە بوارێک بۆ دەنگی ئەوانیش بڕەخسێنن. تا ساڵی ٢٠٠٠، چەندان وێنەی جیاوازی هەر بەسەرهاتێکی "تاوانی شەرەف" دەخرانە ڕوو شانبەشانی وردەکاری زیاتر لەبارەی قوربانییەکەوە. بۆ نموونە:

حسێن لە ژنەکەی (هاوسەرەکەی) دەدا و جوێنی پێ دەدا لە ساڵی یەکەمی هاوسەرییانەوە چواردە ساڵ لەمەوبەر، پاش ئەوەی کە لێی دەدا، ژنەکەی زۆر جاران پێویستی بەچاودێریی پزیشکی دەبوو و ئاشکرایە کە دوای ژنەکەی دەکەوت تەنانەت کاتێکیش دەچووە سەربان بۆ ئەوەی جل هەڵبخات. (کل العرب، ١٨ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢).

میدیای عیبریش لەلای خۆیەوە هەتا کۆتایی ١٩٩٠ـەکانیش مەسەلەی "تاوانەکانی شەرەف"ی پشتگوێ خست. دەکرێت ئەم نەهجە وەها لێک بدرێتەوە کە میدیای عیبری ئەو جۆرە ڕووداوانەی بەمەسەلەگەلێکی ناوەخۆیی فەلەستینی دادەنا کە پێوەندییان بەگفتوگۆی گشتیی جەمارەوە نییە و، پێوەندییەکی تایبەتیان بەکوشتنی ژنانەوە یاخۆ توندوتیژیی ڕەگەزییەوە بەشێوەیەکی گشتی نەبوو. ئەو ڕانانانە زۆربەی جار ڕاپۆرتێکی وەسفیی کورت بوون کە ناوی قوربانییەکەی لەخۆگرتبوو و ئەوەشی باس دەکرد کە گومانی ئەوە هەیە تاوانەکە لە سیاقی "شەرەفی خێزان"دا ئەنجام درابێت، لەگەڵ ئەو بەهانەیەی کە بکوژەکە هێنابوویەوە. یەک بواردنی گرینگی ئەم ڕێچکەیە وتارێکی دەگمەن بوو کە لە هائاریتزدا لە ساڵی ١٩٩٠دا ستوننووسی ئیسرائیلی کۆبی نیڤ بڵاوی کردەوە. وتارەکە لە ژێر_ ناونیشانی "کوشتن ڕێپێدراوە، کوشتن قەدەغەیە" تاوتوێی کوشتنی جەمیلە گەبانی لەلایەن باوکیەوە دەکرد، کە ئەمەش یەکەم حاڵەت بوو کە ئەلفەنار لە دەوری کۆببووەوە. نووسەرەکە ڕەخنەی گرت لە هەڵوێستی کۆمەڵی فەلەستینی و سەرکردەکانی لە ئیسرائیل و پێی وا بوو:

چۆن نارەزاییان دەردەبڕی و هاواریان لێ هەڵدەستا کاتێک عەرەبێک دەکوژرا لەبەرئەوەی کە

عەرەب بوو– دەبوایە هەر ئاوهاش نارەزاییيان دەربڕیبایە و هاواریان لێ هەڵسایە لەسەر کوشتنی ژنان بەس لەبەرئەوەی کە ژنن... ئەوانەی کە بەهانە دێننەوە بۆ کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی هەر ئاین یان داوونەریتێکدا بێت، دەرەنجام بەهانە دێننەوە بۆ کوشتنی عەرەب لە ژێر ناوی ئاین و داوونەریتدا و کوشتنی جوولەکە و ئەرمەنییەکان لە ژێر ناوی ئاین و داوونەریتدا.

بەڵام ئەم وتارە تا ڕادەیەکی زۆر ئیستیسنا بوو. بەشێوەیەکی گشتی و بەپێچەوانەی باسکردنی کوشتنی ژنانی جوولەکەی ئیسرائیلی دوای توندوتیژیی خێزانی، میدیای عیبری هیچ لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەنجام نەدا لەسەر ئەو حاڵەتانەی کە لە میدیادا باس کرابوون و هەوڵیشیان نەدا کە بەسەرهاتەکە لە گۆشەیەکی ترەوە ببینن. هاوشێوەی ڕاپۆرتەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان، قەبارە و دانانی هەواڵی ئەو تاوانانە ئاماژە بوو بەوەی کە "تاوانەکانی_ شەرەف" لە دژی ژنانی فەلەستینی گرینگییەکی کەمتری پێ درابوو لە چاو کوشتنی ژنانی جوولەکەی ئیسرائیلی، ئەمانەی دواییيان زۆر جاران دەبوونە سەردێڕی هەواڵەکان.

## دەرەنجامەکان

ئەم کورتەیە پرۆسەیەکی درێژخایەنی خەباتی ناو کۆمەڵی فەلەستینی لە ئیسرائیل لە دژی "تاوانەکانی شەرەف" دۆکیۆمێنت دەکات. هەوڵەکان بەگرووپێکی بچووک دەستیان پێکرد، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵێکدا توانییان گفتوگۆیەکی جەماوەری لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز دروست بکەن– لەنێو توێژی جیاوازی جەماوەردا، لەنێو سەرکردایەتیی سیاسی و ئاینیی کۆمەڵدا، لەنێو پەرلەمانتار و وەزیرەکان و پۆلیس و دادوەرەکان و فەرمانگە جیاوازەکانی دەوڵەتدا.

ئەگەر ڕوون بێت کە بزوێنەری سەرەکیی پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئەلبەدیل بوو، کە چەند چالاکییەکی ئاست بەرز و دیاریکراویان لە ١٩٩٠ـەکاندا ئەنجام دا، ئەوە ئاشکراشە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە موناقەشەکردنی مەسەلەکە لەسەر ئاستی جەماوەری تا ڕادەیەک کز بووە. دەتوانرێت دوو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمە دیاری بکرێن. یەکەمیان ئەو سیاقە سیاسی و سەربازییەیە کە ڕەوشێکی نائاساییی دروست کردووە، بەتایبەتی لە کەناری خۆرئاوا و غەزە، لە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی سێیەمی فەلەستینییەوە لەوێ لە ئەیلوولی ٢٠٠٠ـەوە. لەو کاتەوە پەرەسەندنەکان ئەم ڕووداوانەی لەخۆ گرتووە: ڕووداوەکانی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ کە دوازدە هاووڵاتیی فەلەستینیی ئیسرائیل لە لایەن هێزی پۆلیسی ئیسرائیلەوە لەکاتی خۆپیشاندانێدا کوژران، دووبارە داگیرکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەلەستینی (فەلەستین) لەلایەن هێزە چەکدارە ئیسرائیلییەکانەوە و پەرەسەندنی قەیرانی یارمەتییە مرۆییەکان لەو ناوچانەدا. لە بەرامبەر ئەم ڕووداوانەدا، کارنامەی سیاسیی نیشتمانی گرینگییەکی زۆرتری دراوەتێ وەک لە کارنامەی کۆمەڵایەتیی ژنان. هەر وەک لە مێژووی ناوچە کارەساتاوییەکانی تری جیهاندا ڕووی داوە، هێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی فەلەستینی کۆششە سەرەکییەکانیان ئاراستەی مەسەلە نەتەوایەتییەکە و خەباتەکەی کردووە کە لە ڕەوشێکی کارەساتاویدایە. دووەم هۆکاریش هەر

هاوشێوەی ئەزمـوونی شـوێنەکانی ترە. ئەزمـوونی کـارکردن لە هاوپەیمانـییـەکدا (ئەلبـەدیل) بۆ هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان تێدا دەکرد تازە بوو، ژمارەیەک ڕێکخراو و چالاکوانانی پێکەوە کۆ کردەوە. ئەو کێـشـمـەکێـشـمـانـەی لەبەردەم ڕێکخـستن و بەڕێوەبردنی پرۆسـەکـانی هاریکاری و هاوئاهەنگی و کارئاسـانیـدا بـوون زۆر بوون و لە سـاتە وەختـێکی تایبـەتدا ئیدی زەحـمـەت بوو بۆ ئەلبـەدیل کە بتوانێت لەسەر کارکردن وەک هاوپەیمانییەک بەردەوام بێت و ئەو گوڕی کارکردنەی کە هەبوو بهێڵێتەوە.

لە هـەمـان کـاتیـشـدا، دەسـتکەوتەکـانی خـەباتی چالاکی دەیەی پێـشـوو زۆرن، لەوانەش بەگشتیکردنی مەسـەلەکە لە چالاکییە گشـتییەکانی زۆربەی دەزگە و ڕێکخراوەکانی کۆمـەڵگەی مـەدەنی و تا ڕادەیەک کارکردنە سـەر نـەهجی فـەرمـانگە حکوومـەتی و دەوڵەتـییـەکان و چۆنێتیی مـامەڵەکردنیـان لەگەڵ ئەو تاوانانەدا. "تـاوانەکانی شـەرەف" هێشتا هـەر ڕوو دەدەن بەڵام ئەوانەی کە خـۆیان تەرخـان کردووە بۆ بنەبڕکردنی و، نەهێشـتنی هـەموو جـۆرەکانی توندوتیـژی دژی ژنان، ئێـسـتـا زەمـینیـیـەکی باشـیـان لەبەردەسـتـدایە تا لەسـەر ئەوەوە دەسـتـپـێشـخـەرییـەکانیـان و ستراتیجەکانی وەڵامدانەوەیان دابڕێژن و یەک بخەن.

سەرنجەکان

سوپاسی ئەم کەسانەی خـوارەوە دەکەم بۆ بەشـداری و یارمەتییەکانیان لە ئامادەکردنی ئەم بەشەدا: پارێزەر نەسرین عەلیمی کەباحە، ڕۆڵا حـامید، نایلە عەواد، سوعـاد عابد، ئەلبـەدیل، ژنانی دژی توندوتیـژی، بەتایبەتیش جۆیس سۆنگی نووسـەر و بەڕێوەبەری گشـتیی ژنانی دژی توندوتیـژی و لە دامەزرێنەرانی ئەلبەدیلە.

١- ئەلئیتیحاد، کل العرب، السنارە.

٢- کەسیان تەمەنیان لە خوار ١٨ـەوە نەبوو.

٣- دەوڵەتی ئیـسـرائیـل لە بەرامـبـەر حـوسـام کـەنعـان، ٢٠ی شـوباتی ١٩٩٦، کـێشـەی تاوانی ژمـارەی ٩٤/١٦٣.

٤- دەوڵەتی ئیسرائیل لە بەرامبەر عامیر حەسون، کێشەی تاوانی ژمارە ٢١٧/, ٩٥

٥- عەززام لە بەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیل، crm، ٨٦/١٩٣، پ.د. ٣٤٣(٣)٤١، , ٣٤٩

٦- دەوڵەتی ئیسرائیل لە بەرامبەر عامیر حەسون، کێشەی تاوانی ژمارە ٢١٧/, ٩٥

٧- دەوڵەتی ئیسرائیلی لە بەرامبەر حوسام بن ساڵح، کێشەی تاوانی ژمارە ٩٤/١٦٣ (حەیفا).

٨- موحەمەد کانگۆ لە دژی دەوڵەتی ئیسرائیلی، بڕیاری پێشینەی دادگەی باڵا، بەرگی (٢)٩٢، ١٩٩٢.

٩- حاڵەتی دادگەی باڵا، ژمارە ٨٥/٢٢٣، بەرگی ب، , ٨٦٢

## بەشی نۆیەم

# گۆڕینی ڕێساکان؟

# بەرەوپێشچوون لە کارکردن لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" لە ئوردندا

ریم ئەبوحەسەن و لین ویڵچمان

ڕەنگە لە پاڵ پاکستاندا، ئوردن ئەو وڵاتە بێت کە زۆر بەخەستی لە ژێر سەرنجی نێودەوڵەتیدایە کاتێک باس دێتە سەر بابەتی "تاوانەکانی شەرەف". دەشێ ئەم بایەخپێدانە نێودەوڵەتییە پشتگیریکەر بێت و یارمەتیی ستراتیجە نێوخۆییەکانی وەڵامدانەوە بدات لەڕێی ئەوەوەی کە سیاقێکی جیهانی بداتە کارەکە و خۆی ڕزگار بکات لەوەی کە ئەمە "کێشەیەکی ئوردنیی" تایبەتە لەڕێی ئەوەوەی کە مەسەلەکە دەخاتە شوێنی خۆی لە چوارچێوەی جیهانی توندوتیژیی دژی ژناندا. بەڵام دەشێ ببێتە مایەی سەرئێشەش، وەک هەندێک جار ڕوو دەدات، کاتێک، بێ مەبەست یان بەمەبەست، لەگەڵ ئیسلامدا گرێ دەدرێتەوە، یاخۆ لەگەڵ هەندێک بیرۆکەی یەکپارچە و نەگۆڕی "کولتووری عەرەب" یان "کولتووری ئوردن"دا.

ناونیشانی ئەم بەشە "گۆڕینی ڕێساکان؟"، ئاماژەیە بە بەشە جیاوازەکانی "یاسا" کە کاریگەرییان لەسەر هەوڵەکانی بنەبڕکردنی "تاوانەکانی شەرەف" لە ئوردن (و شوێنانی تری دونیاش) هەیە: ڕێساکانی تێکستە یاساییەکان، ڕێسای ڕاڤەکردنە دادوەرییەکان لە دادگەکاندا و ڕێسا نەنووسراوەکانیش لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا و بەشەکانی کۆمەڵگەکەماندا کە کاریگەرییەکی یەکسان، ئەگەر نەڵێین گەورەتریان، لەسەر ژیان و ئازادیی ژنان و کچان هەیە. کوشتنەکانی "شەرەف" کە لە ئوردن و شوێنانی تری جیهانی عەرەب وەک فەلەستین و لبنان و یەمەن و میسر ڕوو دەدەن فۆرمێکی هەرە پەرگیری توندوتیژیی دژی ژنان پێک دێنن. پێدەچێت کە زۆر لە حاڵەتە لەناکاوەکانی مردنی مێیینە کە وەک خۆکوشتن دەخرێنە ڕوو پێوەندییان بەتاوانەکانی شەرەفەوە هەبێت_. بەگشتی تاوانەکانی شەرەف لەلایەن ئەندامێکی نێرینەی خێزانەوە لە دژی خزمێکی مێیینە ئەنجام دەدرێن کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێت زینا، پێوەندیی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرێتی، سکپڕیی دەرەوەی هاوسەرێتی و تا دواییی ئەنجام دابێت. لەو حاڵەتانەدا، بکوژە نێرینەکە ڕەنگە سوود لە بڕگەیەکی یاسای سزادان وەربگرێت کە سزایەکی سووک دەسەپێنێت کە زیاتر نییە لە ساڵێک زیندانی. ئەم تاوانانە بەستراونەتەوە بە مادەی ٣٤٠ی یاسای سزادانەوە، هەرچەندە لەوانەیە_ لە ڕاستیدا ئەم بەندە پیادە نەبێت، هەر وەک لە خوارەوە باس کراوە، ئەو ڕوونکردنەوانەی کە خراونەتە ڕوو بۆ بەردەوامیی ئەم تاوانانە ئەمانەی لەخۆ گرتووە،

بەرهەڵستیکردنی نێرینە بۆ نەریتە گۆڕاوەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ڕەگەزەکاندا و، دەرکەوتن و بەشداریی ڕوو لە زیادبوونی ژنان لە ژیانی گشتیدا و ئەو ڕاستییەی کە ئوردن هێشتا کۆمەڵگەیەکی "پشت بەستووە بەشەرەف".

مەسەلەکانی جەندەر و مافەکانی ژنان بوونە کاری لەپێشینەی ئەجێندای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئوردن لە ساڵی ١٩٩٦دا، پاش چوارەمین کۆنگرەی جیهانی_ لەبارەی ژنانەوە کە لە ١٩٩٥دا لە بەیجین بەسترا[١] پرۆسەی بەدیموکراتیکردن و کۆنگرەی بەیجینی ژنان یارمەتیی وروژاندنی پێکهێنانی هەلومەرجێکی دا کە تیایدا مەسەلە هەستیارەکانی پێگەی یاسایی ژنان و یەکسانی لەبەردەم یاسادا وتووێژیان لەسەر کرا و خرانە بەر پرسیارەوە. خەڵک درکیان بەوە کرد کە توندوتیژیی دژی ژنان دەشێ وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کاری لەسەر بکرێ و دانپیانانێکی زیاتریش هەیە کە توندوتیژیی دژی ژنان مەسەلەیەکی تایبەت نییە، بگرە سەرپێچییەکی تاوانکارانەیە کە شایەنی وەڵامێکی بەهێز و بەپەلەیە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە"تاوانەکانی شەرەف"ەوە هەبێت، هەر لە سەرەتای ١٩٩٠ـەکانەوە، چالاکوانان لە ئوردن بەشێوەیەک کاریان لەسەر "کوشتن بەناوی شەرەف"ەوە کردووە کە دەرکەوتەیەکی توندوتیژییە دژی ژنان، بەڵام ناسنامەی ئەم کارە لە کۆتایی ١٩٩٠ـەکاندا بەڕادەیەکی دیار گۆڕا. ڕۆژنامەنووس ڕەنا حوسەینی چەندان ساڵ بوو خەریکی ڕووماڵکردنی حاڵەتەکانی "تاوانەکانی شەرەف" بوو لە ڕۆژنامەی ئینگلیزی زمانی جۆردەن تایمزدا و بەتایبەتی سەرنجی بۆ نەرمیی ئەو سزایانە ڕادەکێشا کە بۆ تاوانکارانی حوکمدراو لە دادگە ئوردنییەکاندا بڕابوونەوە. ڕووماڵکردنەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕاکێشا و لە ساڵی ١٩٩٨دا خەڵاتی ڕیبۆکی مافەکانی مرۆڤی پێ بەخشرا لەسەر کارەکانی. بەگوێرەی قسەی نانس (٢٠٠٣، ل١١٩) ئەم خەڵاتە وای کرد کە کەناڵی CNN بایەخ بداتە مەسەلەکە و لە ئەنجامدا "بەرنامە"یەکی تەلەفزیۆنیی کورتی لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف" لە ئوردن پێشکێش کرد. هەڵمەتێک دەستی پێکرد لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، هەڵمەتی نیشتمانیی ئوردنی بۆ بنەبڕکردنی بەناو تاوانەکانی شەرەف، کە نانس پێی وا بوو "دیاردەیەکی دەگمەنی کۆمەڵگەی مەدەنییە" لەم وڵاتەدا (٢٠٠٣، ل١١٣) و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٠دا و لەڕێی ئەو خەڵاتەوە "گەورەترین دانپیانانی" پێ بەخشی، دوابەدوای هەوڵە باڵاکانی هەڵمەتەکە بۆ کۆکردنەوەی هەزاران ئیمزا بۆ سکاڵانامەیەک لەبارەی مەسەلەکەوە. شانبەشانی کرداری گشتیی تر لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە هەندێک شوێنی تری ئەم کتێبەدا باس کراون، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بایەخێکی گەورە بەدەرکەوتە تایبەتەکانی ئەم شێوەیەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئوردن درا، لەوانە لە میدیای خۆرئاوادا[٢] و لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و هەڵسووڕاوەکانەوە، ئەدەبیاتێکی ڕوو لە زیادبوو هەیە بەزمانی ئینگلیزی لەبارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە لە ئوردن، لەوانە ڕاپۆرتێکی ئەم دواییانەی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ (٢٠٠٤) و ژمارەیەک وتار لە کۆوارەکاندا[٣].

ئەو مادانە بەڕادەی سەرەکی پشت بەهەوڵ و ئەزموونەکانی ڕێکخراو و ئاژانس و تاکەکەسان لە ئوردن دەبەستن کە بەشێوەی جیاواز لە پەرەپێدانی ستراتیجی کاردانەوەدا بۆ "تاوانەکانی شەرەف" بەشدارن. ئەو مەسەلانەی کە جێی بایەخێکی تایبەتن و کاریان لەسەر کراوە ئەمانە دەگرنەوە، هەوڵە بەردەوامەکانی دامەزراندنی پەناگەیەک لە ئوردن بۆ قوربانییەکان/ رزگاربووان لە توندوتیژیی خێزانی، لەوانە ئەو ژنانەی لە مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی "تاوانەکانی شەرەف"دان، هەروەها ئەو پراکتیسەی ئێستا بۆ ئەو ژنانەی کە لە ژێر ئەو مەترسییەدان هەیە، کە بەفەرمانی پارێزگاری ئیداریی ناوچەکە دەخرێنە دەستبەسەری "پاراستنەوە"[٤] لەو نیگەرانییانەی کە پێوەندییان بەمەوە هەیە پراکتیسی سەپاندنی پشکنینی پاکیزەیی لەلایەن پۆلیسەوە بەسەر ژنان و کچاندا لەسەر داوای خێزانەکانیان و بەگشتیش پەرەپێدانی تواناکانی پۆلیس و ئاژانسەکانی تر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی خێزانیدا.

پەرەسەندنێکی گەورە لەم ڕووەوە بریتییە لە ڕاگەیاندنی فەرمانی پەناگەکانی پاراستنی خێزانی (ژمارە ٤٨ی ساڵی ٢٠٠٤) لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە. ئەم فەرمانە هەنگاوێکی ئەرێنییە لە پێوەندیی نێوان قوربانییە ژنەکان و دەوڵەتدا، چونکە دەوڵەت ناچار دەکات کە خزمەتگوزاری دابمەزرێنێت و پێشکێش بەقوربانییانی توندوتیژی خێزانی بکات. بەمجۆرە دەوڵەت دەچێتە ژێر باری ئەرکەکەی خۆی کە دابینکردنی سەلامەتی و ئاسایشە بۆ هاووڵاتییانی، بەتایبەت بۆ ژنان و ئەوەش پێشان دەدات کە دەوڵەت تەماشاکەر نییە بگرە ڕۆڵی دەستوەردانی هەیە کاتێک توندوتیژی لە بوارێکی تایبەتدا ڕوو دەدا.

شانبەشانی بەگژاچوونەوەی چەمکی "کوشتنەکانی سەر شەرەف" لەناو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئوردندا، پشتگیریکردن و کۆکردنەوەی ڕا لەنێو چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا – بەتایبەتی بزووتنەوەی ژنان – جەختی کردووەتە سەر دەقە یاساییەکان و پیادەکارییە کردەنییەکانیان. یەکێک لە مەبەستەکانی هەڵمەتی نیشتمانیی ئوردنی بۆ بنەبڕکردنی "تاوانەکانی شەرەف" مسۆگەرکردنی هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٣٤٠ی یاسای سزادانی ناوبراوە، کە ئەمەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١– ئەو نێرینەیەی کە بەسەر مەحرەمێکی[٥] (مێیینەی) خۆیدا بچێت لە کاتی کردەوەی جووتبوونی سێکسیی نایاسایی لەگەڵ کەسێکدا و یەکێکیان یان هەردووکیان بکوژێت یان بریندار بکات سوود لە بەهانەی لێخۆشبوون (بیانووی حەڵاڵکەر) وەردەگرێت.

٢– ئەو نێرینەیەی کە بەسەر ژنەکەی یان یەکێک لە وەچەکانی یان باوانی یان خوشک و براکانیدا بچێت لە پێخەفێکی نایاساییدا، یەکێکیان یان هەردووکیان بکوژێت یان بریندار بکات سوود لە بەهانەی سووککردنی سزا وەردەگرێت.

لە وتارە گرینگەکەیدا لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە، لەما ئەبوو عوْدە (١٤٣:١٩٩٦) ڕەچەڵەکی ئەم بەندەی بۆ دوو سەرچاوە گەڕاندەوە، یاسای سزادانی عوسمانی و، یاسای سزادانی فەڕەنسیی[٦] ساڵی ١٨١٠. هاتنی ئەمە بۆ ناو یاسای سزادانی ئوردن پێشبینییەکی کۆمەڵگە بەیاسایی دەکات کە نێرینە بۆ پاککردنەوەی شەرەفی خێزانەکەی لەو شوورەییەی کە

پێوەندییە سێکسییەکانی دەرەوەی هاوسەرێتی هێناونی، ڕەنگە -یا پێویستە- خزمە مێیینە زیناکارەکەی بکوژێت. یەکەم بڕگەی مادەی ٣٤٠ تاوانبارەکە لە سزای تاوانکاری دەبەخشێت بەپێی ئەو هەلومەرجە دیاریکراوانە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسەکە لە گەرمەی کردەوەکەدا بگیرێت -گرتنی قوربانییەکە لە کاتی کردەوەی جووتبوونە سێکسییەکەدا- هەروەها پلەی خزمایەتیی نێوان تاوانبار و قوربانییەکە، کە دەبێ هەردوو کەسەکە لە ڕووی یاساییەوە بەیەکتر نەشێن (کە پێیان دەگوترێت مەحرەم). ئەم بڕگەیە زۆر بەدەگمەن لە دادگە ئوردنییەکاندا پیادە کراوە، ئەمە ئەگەر پیادە کرابن.

بڕگەی دووەمی مادەی ٣٤٠ ڕێگە بەهۆکاری سووککەر و کەمکردنەوەی سزا دەدات، کە لە حاڵەتی تاوانی گەورەدا (تاوانی لەو جۆرە کە نیازی لەگەڵ بێت) ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی حوکمی زیندانەکە لە نێوان شەش مانگ و دوو ساڵدا. دادگەکان زاراوەی "پێخەفی نایاسایی"یان وا ڕاڤە کردووە کە بریتییە لە ڕەوشێک کە ژنێک لەگەڵ پیاوێکدا لە بارێکدا پاڵ کەوتووە کە پێوەندییەکی یاساخ لە نێوانیاندا مومکین دەکات. ئەم بڕگەیەش بواری لێکدانەوەی یاسایی تێدایە بەڵام ئەمەش لە ڕووی پراکتیکەوە زۆر بەدەگمەن بەکار هاتووە.

سەرباری ئەو بەکارهێنانە کەمەی مادەی ٣٤٠ لە دادگەکانی ئوردندا، گرووپەکانی مافی مرۆڤ و ژنانی ئوردنی و حکوومەت خۆشی بە بەردەوامی هەوڵی هەڵوەشانەوەیان داوە. لەو ئارگیومێنتانەی کە لەلایەن ئەوانەی داوای هەڵوەشانەوەی دەکەن بەکار هاتوون مەسەلەی دەستووریبوونیەتی. بەندی (١)٦ی دەستووری ئوردن دەڵێت:

دەبێ ئوردنییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسان بن. هیچ جیاکارییەک نابێ لە نێوانیاندا هەبێت لە ڕووی ماف و ئەرکەکانیانەوە لەسەر بنەڕەتی ڕەگەز و زمان و ئاین.

زاراوەی "ئوردنی" دەگەڕێتەوە بۆ ژنان و پیاوانیش. لە عەرەبیدا فۆرمی نێرینەی ئاوەڵناوەکە نێرینە و مێیینەش لەخۆ دەگرێت. چەندان بڕگەی دەستووری مافی "هەموو ئوردنییەک" مسۆگەر دەکەن بۆ ئازادیی بیروڕا و پەروەردە و کارکردن و بەشداریی سیاسی و هتد. ئەم بەندانە وەک یەک بەسەر ژن و پیاویشدا پیادە دەبن. لەمپەر نەهاتووەتە بەردەم جێبەجێبوونیان بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە گەرەنتییە دەستوورییەکان جیاکاری لەسەر بنەمای سێکس/ جەندەر دەستنیشان ناکەن. وەها ڕاڤە کراوە کە ئەو بنەمایانەی لە بەندی (١)٦دا باس کراون نموونەی ئەو شێوازانەی جیاکارین کە یاساداڕێژان لێیان ئاگەداربوون کاتێک کە دەستوور نووسراوە لە ساڵی ١٩٥٢دا. بۆیە بڕگە دەستوورییەکان بەم بنەمایانە سنووردار نەکراون و کراوەن لەبەردەم مەحکوومکردنی هەر شێوازێکی جیاکاریدا کە ڕەنگە سەر هەڵبدات، لەوانە جیاکاریی جێندەری. دانپیانانی دەستوور بەیەکسانیی جێندەریدا هاوشانی کەلێنێکی یاساییە لە یاسای ئوردندا کە شکستی هێناوە لەوەی مافەکانی ژنان لە هەندێک ڕووەوە بپارێزێت.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩٩ دا، شانبەشانی یاداشتنامەی هەڵمەتی نیشتمانی و بایەخی ڕوو لەزیاد بوون بەم مەسەلانە لە ناوەوە و دەرەوەی ئوردندا، حکوومەت پرۆژەبڕیارێکی خستە بەردەم

یاسـادارێژەران بۆ هەڵوەشـاندنەوەی مـادەی ٣٤٠، دوابەدوای داواکـارییـەک لەلایەن کـۆمـیـتـەی نیـشـتـمـانیـی ژنانی ئوردنـەوە، ئەو دەزگـەیـەی کـە بەفـەرمی بەرپـرسـە لە مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ مەسـەلەکانی ژناندا. ئـەم هـەوڵە شکستی هێنا کاتێک کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو دوو جـار ڕەشنووسـەکـەی ڕەت کـردەوە، هەرچەندە کـە ئـەنجـوومـەنی سـەروو، ئەنجـوومـەنی پیـران، گـۆڕانکارییـەکـەی پەسند کـردبوو. لە مـیـانەی یەکـێک لە گـفـتوگـۆکـانی پەرلەمـاندا، هەندێک لە پەرلەمـانتـەران پێیـان وا بـوو کـە هەڵمـەتە نیـشـتـمـانیـیـەکـانی ئەم دواییـیـە و هەوڵەکـان بۆ هەڵوەشـاندنـەوەی بەندەکـە هـەوڵگەلێک بوون لـەلایەن خـۆرئاواوە بۆ دزەکـردنـە ناو کـۆمـەڵگەی ئوردنییەوە و بێڕەوشـتکردنی ژنانی ئوردن[٧]. ئەمە تەنیـا یەکێکە لە نموونەکانی ئەو کێشـانەی کە ڕووبەڕووی چالاکوانان دەبنەوە لە سـەر ئەم مەسـەلەیە، کـە ئەمەش گرینگیی ئەوە پیشـان دەدات کە هەوڵەکانی پشـتگیـریمان وەک پاڵنەر و دەسـتپێشـخـەری ناوخـۆیی بخـەینە ڕوو، تەنانەت کـاتێک لە چوارچێـوەی نێـودەوڵەتیی مـافـەکـانی مـرۆڤ کـار دەکـەین و بـانگەشـەی ئـەوە دەکـەین کـە ئەو چوارچێوەیە چوارچێوەی ئێمەشە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا، حکوومەت هەموارکردنێکی مادەی ٣٤٠ی ڕاگەیاند لە ڕێی یاسایەکی کاتییەوە لە کاتی نەبوونی پەرلەمانێکی کۆبووەوەدا. بەندە هەموارکراوەکە وای لێ هات:

١- هـەر کـەسێک کە بەسـەر ژنەکەیدا یان یەکێک لە وەچەکانی و بـاوانیدا بچێت لە کـاتی تاوانی زینادا یان لە پێخەفێکی نایاسابیدا و دەستبەجێ بیکوژێت یان ئەو کەسە بکوژێت کە زیناکەی لەگـەڵ ئەنجـام دەدا یـان هـەردووکـیـان بکوژێت یاخـۆ پەلامـاری یەکـێکیـان یان پەلامـاری هـەردووکـیـان بدات لـە هێـرشـێکدا کـە دەبێـتـە هۆی مـردن یان بریندار‌بوون یان نـوقـسـانیی هەمیشـەیی، ئەوە سوود لە هۆکاری سووککەر وەردەگرێت.

٢- ژنەکـەش سـوود لە هـەمـان هۆکار وەردەگـرێت ئەگـەر لە کـاتی تاوانـی زینا یان لە پێـخـەفـێکی نایاسـاییدا لە ماڵی ژنومێردایەتی بەسـەر مێردەکەیدا بچێت و دەسـتبەجێ بیکوژێت یاخۆ ئەو ژنە بکـوژێت کـە زیناکـەی لەگـەڵ ئەنجـام دەدات یاخـۆ هـەردووکـیـان بـکوژێت یاخـۆ پەلامـاری مێردەکەی یان هـەردووکیـان بدات لە هێرشـێکدا کە ببێـتە هۆی مـردن یان بـریندار‌بوون یان نوقسانیی هەمیشەیی.

٣- مـافی یاسـاییی بەرگـری بۆ ئـەو کـەسـەی کـە سـوود لەم هۆکـارە دەبینێت ڕێی پـێ نادرێت و مەرجەکانی "هەلومەرجی سووککەریش"ی بەسەردا پیادە نابن[٨].

لە هەمـوارکردنـەکەدا هۆکاری سـووککەر جێی هۆکـاری لێخۆشـبـوون یان بەخـشین دەگرێتـەوە و ئەگـەری کەمکردنـەوەی سـزا ژنێکیش دەگـرێتەوە کە پیـاوەکەی لـە زینا لە مـاڵی ژنومێردایەتـیدا دەگرێت. مـەرجەکانی پەرەگرافی سێیەم ڕێ بەپیـادەکردنی مادەی ٣٤١ لەم هەلومـەرجانەدا نادەن، کە لە بەرگری لەخۆکردنی یاسایی دەکۆڵێتەوە[٩]. بەندی (١)٣٤١ ڕێ بە بەرگری لەخۆکردن دەدات لە هەموو ئەو تاوانانەدا کە دژی کەسەکە خـۆین یان دژی کەسێکی ترن یاخـۆ دژی شـەرەف، لەوانە لەباربردن، زۆرگێکردن، پەلاماردانی سێکسی، ڕفـاندن، سـۆزانیکردن، هەراسـانکردن و پێوەندیی

سێکسی بەڕەزامەندیی کەسەکە، بەمەرجێک:

١- کردەوەی بەرگری لەخۆکردنەکە لە هەمان کاتی پەلاماردانی کەسەکە یان شەرەفیدا بێت،

٢- پەلامارەکە ناڕەوا بێت[١٠].

٣- تۆمەتبارەکە نەیتوانیبێت کۆتایی بەپەلامارە ناڕەواکە لە دژی کەسەکە یان_ شەرەفی بهێنێت تەنیا بەکردەوەی کوشتن، بریندارکردن یان کردەوەی تر نەبێت (کە دەشێ بەرگری لەخۆکردن بێ).

بەرەوپێشچوونی ئەم هەموارکردنە جارێکی تر ڕووبەڕووی کێشە بووەوە. کاتێک پەرلەمان سەرلەنوێ پاش هەڵبژاردنی نیشتمانی ساڵی ٢٠٠٣ کۆبووەوە، دەستی بەپێداچوونەوەی هەموو ئەو یاسا کاتییانە کرد کە لەلایەن حکومەتەوە لە نەبوونی پەرلەماندا دەرکرابوون (بە گوێرەی مادەی ٩٤ی دەستوور). لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەنجوومەنی نوێنەران دوو جار یاسا کاتییەکەی، بەیاسا هەموارکراوەکەشەوە[١١]، ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا ئەنجوومەنی پیران پەسندیان کرد. بۆیە تا ئێستاش داهاتووی هەموارکردنەکە نادیارە.

هاوکات، تا ئێستاش ئەو حاڵەتە وەک خۆی ماوەتەوە کە زۆربەی تاوانبارانی "کوشتن لەسەر شەرەف" لە بەرگریکردندا لە کردەوەکانیان لە دادگە پشت بەهیچ بەشێکی مادەی ٣٤٠ نابەستن، چ پێش یا پاش هەموارکردنەکە. لە جیاتی ئەوە، بەشی هەرە زۆری حاڵەتەکان لەسەر بنەمای مادەی ٩٨ بەرگرییان لێ دەکرێت، کە ئەمە لەخۆ دەگرێت:

هەر کەسێک لە حاڵەتی ئەوپەڕی تووڕەیی، لەئەنجامی کردەوەیەکی ناحەق و ترسناکی قوربانییەکەوە، تاوانێک ئەنجام بدات ئەوە سوود لە هۆکاری سووککەر وەردەگرێ.

ئەم بەندە زۆرتر سازە بۆ تۆمەتبارێک وەک ئەوەی لە مادەی ٣٤٠ باس دەکرێ. لەو حاڵەتانەدا کە دادگە پێی وایە کە هۆکاری سووککەر پیادە دەبێت، لەوانەیە سزایەک بۆ نیوە کەم بکاتەوە لە حاڵەتی تاوانی گەورەدا و ئەو تاوانانەی تریش کە سزای زیندانیکردنی لانی کەم سێ ساڵیان لەسەرە کەم بکرێتەوە بۆ حوکمێکی زیندانیکردنی یەک ساڵی.

دوو ڕەگەزی مادەی ٩٨ بەشێوەیەکی تایبەت بوونەتە جێی بایەخی ڕاڤەکردنی یاسایی لە دادگەکانی ئوردندا: بانگەشەی تاوانبارەکە کە لە حاڵەتی ئەوپەڕی تووڕەییدا بووە (یاخۆ "گەرمەی شێتگیری" بە وتەی ئەبوو عۆدە، ١٩٩٦)، هەروەها مانای "کردەوەیەکی ناحەق و ترسناک" لە لایەن قوربانیی تاوانەکەوە. لەبارەی ئەوەی یەکەمیانەوە، هەرچەندە کاردانەوە توندوتیژەکە مەرج نییە کە دەستبەجێ بێت، بەڵام دادگەکان لەو باوەڕەدان کە ئاگەداربوون لە کردەوەی قوربانییەکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تووڕەییی تاوانبارەکە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هۆکاری سووککەر پیادە نەبێت. بەگوێرەی دادگەی تەمییز، دەبێ گەرمەی شێتگیری کاریگەرییەکی توندی لەسەر تۆمەتبارەکە هەبێت و ببێتە هۆی ئەوەی کە لەو ساتەدا لە هەموو عەقڵ و تێگەیشتنێک و دان بەخۆداگرتن بێ بەش بێت بەمەش دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمێنێت (دادگەی تەمییز، حاڵەتی ژمارە ٢٠٠٤/٢١٣). گرینگیی بڕیاردان لەسەر خایاندنی ماوەکە لەو ڕاستییەوە

هەڵدەقوڵێت کە دادگە جیاوازی لە نێوان کوشتنی نەخشەبۆدارێژراو دەکات لەگەڵ کوشتنێک کە لە گەرمەی شێتگیریدا ڕوو بدا، لەبەرئەوەی کە ئەم دووانە پێکەوە نایەن. کوشتنی نەخشەبۆدارێژراو پێویستی بەبیرکردنەوە و تێفکرینی هێمنانە هەیە، لەگەڵ ماوەیەکی زەمەنیدا تا ئەو بیرکردنەوە هێمنانەیە جێی خۆی بگرێت، هەروەها لەگەڵ نیازێکی پێشوەخت_ بۆ ئەنجامدانی تاوان. عەقڵ، کە بەرپرسیارێتی و تێگەیشتنی خراوەتە ئەستۆ، لەو کاتەدا سافە بەهۆی بیرکردنەوە و تێفکرینی هێمنانەوە لەبارەی ئەو شتەوەی کە کەسەکە نیازیەتی ئەنجامی بدات. لەلایەکی ترەوە، گەرمەی شێتگیری مانای وایە کە عەقڵ پەشۆکاوە و دەروون خرۆشاوە، بۆیە کەسەکە ناتوانێت بەشێوەیەکی هێمنانە بیر بکاتەوە. دادگە جەختی لەوە کردووەتەوە کە هیچ کەسێک ناتوانێت لە هەمان کاتدا لە هەر دوو حاڵەتەکەدا بێت (دادگەی تەمییز، حاڵەتەکانی ژمارە ٢٢٤/٢٠٠٠، ژمارە ٩٧٩/٢٠٠٠). پاشان، دادگە دەکەوێتە موناقەشەکردنی ماوەی نێوان ئەو کاتەی کە تۆمەتبارەکە زانیاریی لەبارەی ڕەفتاری مێیینەکەوە دەست کەوتووە و ئەنجامدانی تاوانەکە. ئەم موناقەشەیە جەختەکە دەگوازێتەوە لە کوشتنەکەوە بۆ نەبوونی نیاز لەلای تۆمەتبارەکە، کە دادگە دەگاتە ئەو بەرەنجامەی کە بەشێوەیەکی خۆبەخۆ ئەو کردەوەیەی لەدژی ئەو دەستدرێژییەی کە کراوەتە سەر شەرەفی ئەنجام داوە، نەک سەر بوونە جەستەییەکەی. بەمجۆرە، دادگە بەگشتی بەڵگەی کوشتنی ئەنقەست لەلایەنی تۆمەتبارەکەوە پشتگوێ دەخات و لە جیاتی ئەوە جەخت دەکاتە سەر ڕەفتاری قوربانییەکە و کاریگەرییە بەناو_ ورووژێنەرەکەی.

ماوەی کاتی قبووڵکراو لە نێوان ئەو کاتەی کە تۆمەتبارەکە زانیاریی دەست دەکەوێت لەبارەی ڕەفتاری مێیینەکەوە و ئەنجامدانی تاوانەکە بەتێپەڕینی کات کەم و زیادی کردووە. لە هەندێک حاڵەتدا، دادگە ئەم ماوەیەی بۆ یەک هەفتە درێژ کردووەتەوە و لە یەک حاڵەتدا بۆ دوو هەفتەش. لەگەڵ ئەوەشدا، حوکمەکانی ئەم دواییە (١٩٩٩-٢٠٠٣) دەستنیشانیان کردووە کە دەبێ کاردانەوە بۆ کردەوەی قوربانییەکە لەلایەن تاوانبارەکەوە دەمودەست و دەستبەجێ بێت تاوەکو تۆمەتبارەکە بتوانێت سوود لە بەرگریی گەرمەی شێتگیری وەربگرێت، دەبێ گەرمەی شێتگیرییەکە تاوانبارەکە بخاتە دۆخێکی وەهاوە کە هەموو ئامادەکارییەکی پێشوەخت و بیرکردنەوەیەک ئاوەژوو بکاتەوە. لە حاڵەتێکی ئەم دواییانەدا، دادگە پێی وابوو کە ئەمە لە ١٥ خولەک زیاتر نییە (دادگەی تەمییز، حاڵەتی ژمارە ٧٤٩/٢٠٠٢). بەمجۆرە دادگە ئەو ماوەیەی کە دەشێ تۆمەتبار پەنای بۆ ببا بۆ بەکارهێنانی بەرگریی گەرمەی شێتگیری کورت کردووەتەوە.

فەرمانەکانی ئەم دواییەی دادگە (بۆ نموونە، دادگەی تەمییز، حاڵەتی ژمارە ١٥١٤/٢٠٠٣) ڕایان گەیاندوە کە بۆ ئەوەی سوود لە مادەی ٩٨ وەربگیرێت، ئەمانەی خوارەوە پێویستن:

١- ئەو کردەوە ناڕەوایەی کە قوربانییەکە ئەنجامی داوە دەبێ دژی تۆمەتبارەکە کرابێت،

٢- دەبێ ئەم کردەوەیە ترسناک بێت، ببێتە هۆی هەڕەتی شێتگیری و دەبێ تاوانەکە کاتێک ئەنجام درابێت پێش ئەوەی کە کاریگەریی شێتگیرییەکە بەسەر بچێت،

٣- دەبێ کردەوەی قوربانییەکە جەستەیی بێت نەوەکو بەقسە.

له یەک حاڵەتدا، دادگە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە باوکە تۆمەتبارەکە پێنج مانگ پێش ئەوەی کە بیکوژێت بەڕەفتاری خراپی کچەکەی زانیوە (دادگەی تەمییز، حاڵەتی ژمارە ١٩٩٩/٤٨٤)، لە حاڵەتێکی تردا، تۆمەتبارەکە بەڕەفتاری خوشکەکەیی زانیبوو بەڵام ئەو ماوەیەی کە قبووڵ کراوە بەسەر ڕوودانی شێتگیرییەکەدا تێپەڕیبوو (دادگەی تەمییز، حاڵەتی ژمارە ٢٠٠٠/١٨٤). هیچ کام لە تۆمەتبارەکان سوودیان لە مادەی ٩٨ وەرنەگرت، هەرچەندە ئەوەی کە زانیویانە دەشێ بەگوێرەی مادەی ٩٩ هۆکاری سووککەر پێک بهێنێت.

لەبارەی مەسەلەی دووەمەوە کە لە مادەی ٩٨دا وروووژێنراوە، "کردەوەی ناڕەوا و ترسناک"، حاڵەتەکانی دادگە پیشانی دەدەن کە بەشی هەرە زۆری هۆکارەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە پێوەندیی دەرەوەی هاوسەرێتییە، هەروەها گومان لە ڕەفتاری قوربانییەکە، ئەنجامدانی زینا، سۆزانێتی، ڕەفتاری نابەجێ و هەڵاتن لە ماڵەوە. لە یەک حاڵەتدا، دادگە پێی وابوو کە قوربانییەکە، کە قسەی لەگەڵ براکەی دەکرد و لێی دەپاڕایەوە کە باوەڕی پێ بکات کاتێک کە کوشتبووی، جگە لە هەڵسوکەوت کردن بەشێوەیەکی دروست (ڕەوا) زیاتر هیچی نەکردووە، چونکە بەشێوەیەک قسەی لەگەڵ براکەی کردووە کە تووڕەیییەکەی نەورووژێنێت و ئەمەش وای لێ بکات کە بیکوژێت (دادگەی تەمییز، حاڵەتی ژمارە ١٩٩٧/٤٥٣). لەلایەکی ترەوە، دادگەکان پێیان وایە کە سکپڕییەک بەهۆی پێوەندییەکی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە لەلایەنی قوربانییەکەوە دەشێ بەکردەوەیەکی هەڵە و ترسناکی قوربانییەکە دابنرێت. لەما ئەبوو عۆدە (١٩٩٦، ل ١٥٧–١٦١) لە ژمارەیەک فەرمانی دادگەی تەمییزی ئوردنی ساڵانی ١٩٥٣–١٩٨٢ی لەبارەی ئەم مەسەلانەوە کۆڵیوەتەوە، کە پیشانی دەدات دادگە نەرمە لە قبووڵکردنی پێوەری خێڵەکی/ یاساییدا لەو حاڵەتانەدا. ئەمەش لەو باوەڕەوە هەڵدەقوڵێت کە دەشێ_ شێتگیری لەڕێی خستنە مەترسیی پایەی تاوانبارەکەوە بوروووژێنرێت، کە دەشێ ئەمەش لە ڕێی شکاندنی شەرەفی خێزانەوە دروست بێت. بەمجۆرە، دەشێ جۆرێک ڕەفتاری دیاریکراو لەلایەن ئەندامانی مێیینەی خێزانەوە پایەی تاوانبارەکە بخاتە مەترسییەوە و شێتگیریی لێ بکەوێتەوە.

دەبێ ئەوەش بگوترێت کە کاتێک دادگە ئەو بەرگرییە قبووڵ دەکات کە بەردەوام داوایەکی کەسی خێزانی قوربانییەکەی لەگەڵ دەبێ بەوەی کە دەستبەرداری مافەکانیان دەبن. داوونەرێتەکان پاڵ بەسەرپەرشتیاری قوربانییە مێینەکەوە دەنێن کە دەستبەرداری داوای کەسی بن و دەست لە تۆمەتەکان هەڵگرن. دەستبەرداربوون لە داوا کەسییەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری قوربانییەکەوە ڕێ بەدادگە دەدات کە دەسەڵاتی خۆی لە پیادەکردنی هۆکارەکانی سووککەردا بەگوێرەی بەندەکانی ٩٩ و ١٠٠ بەکار بهێنێت، کە ئەمەش ڕێ بەسزای نەرم دەدات کە مادەی ٩٨ پیادە نابێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، وا دیارە کە دادوەران دەستیان کردووە بەوەرگرتنی هەڵوێستێکی توندتر لەو حاڵەتانەدا. داواکارە گشتییەکان ئێستا زۆر بەوردی لەو جۆرە تاوانانە دەکۆڵنەوە و ئەو جۆرە بەرگرییانە وا سەرپێیی قبووڵ ناکرێن. ئێستا لێکۆڵینەوەکان درێژکراونەتەوە تا جەخت بکرێت لەسەر ئەوەی کە ماوە زەمەنییەکە دەمودەست بووە، ئاخۆ قوربانییەکە لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی هەڵە و مەترسیدار جووڵاوەتەوە کە ببێتە هۆی شێتگیری_ و ئایا تاوانبارەکە پێشتر بەڕەفتاری

قـوربانیـیـەکـەی نەزانیـوە. تـا ئێـسـتـاش دادگـە بەشـێـوەیەکی گـونجـاو لە مـەسـەلەی ڕەفـتـاری نەکـۆڵیـوەتەوە. حـاڵەتێکی ئەم دواییـیـانە، لـە ئابی ٢٠٠٤دا (دادگـەی تـەمـیـیـز، حـاڵەتی ژمـارە ٢٠٠٤/٨٣١) نموونەی هەڵوێستی نوێی دادگەیە. تۆماری حاڵەتەکە پیشانی دەدات کە لە ڕاستیدا داواکاری گشتی لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەنجام داوە پاش کوشتنی مێیینەیەک لەلایەن براکەیەوە لەبـەرئەوەی کـچـەکـە ڕەتی کـردووەتـەوە کـە شـوو بەئامـۆزاکـەی بکات. دادگـە ڕای گـەیاند کـە ڕەتکردنەوەکەی کچەکە مافێکی ڕەوایە شـەریعـەتی ئیسـلامی و یاسـا زامنیـان کردووە. ئەوەی کە جـێی سـەرنجـە ئەوەیە کـە ڕەتکردنەوەکـەی کـچـەکـە بەهـۆی ئەوەوە بـووە کە کـوڕێکی تری خـۆش ویسـتووە، شـایەتنامـەکەی خوشکی قوربانییەکە ئەمـەی پشتڕاست کردەوە. دادگە بڕیاری دا کە قـوربانیـیـەکـە کـردەوەیەکی مـەترسـیـداری ئەنجـام نەداوە کـە بشـێت بووبێـتـە هـۆی هەڵچـوونی تاوانبـارەکە، بۆیـە کـاتێک کـە خـوشکـەکـەی کوشـتـووە لـە گـەرمـەی شـێـتـگـیـریدا نـەبووە و بەهـۆی ئەمەشەوە سوود لە مادەی ٩٨ وەرناگرێت.

بەمجـۆرە، لەکاتێکدا چەمکی "کردەوەی هەڵە و مـەترسـیدار" هێشتا لە ڕاڤەکردنی یاسـادا جێی پرسـیـارە، لە مـاوەی چەند سـاڵی دواییـدا چەند فـەرمـانێک لە دادگـەی ئوردنیـیـەوە دەرچوون کـە پێدەچێت ئـامـاژە بن بەگۆڕان لە هەڵوێستـیـاندا بەرامـبـەر بـانگەشـەی تاوانبـارەکە کـە لە حـاڵەتی ئەوپەڕی تووڕەیی/ هەڵچوون یان "گـەرمـەی شـێتگیری"دا بووە. ئەم گۆڕانەی هەڵوێسـتـەکان لەپاڵ بایەخـی زیاتر و زیاتری نـاوخـۆیی و نێـودەوڵەتی دێن بە"تاوانەکـانی شـەرەف" و هۆشـیـاریی ڕوو لەزیادی کۆمەڵگەی ئوردنی کە توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکە جێی بایەخی جیدییە.

دەرەنجـام، گفتوگۆیەک (ئەگەرچی کورتیش بێت) لەبارەی پـەرەسـەندنـەکانەوە لـەسەر کـارکـردن لەسـەر "تاوانەکـانی شـەرەف" و تونـدوتیـژی دژی ژنان لە ئوردن ناتەواو دەبێ، بەبێ بـاسکردنی ئەو هەراوهوریایەی کـە کـتـێبی "خۆشـەویسـتیی قـەدەغەکراو" نایەوە، کە لە ژێر ناوی نۆرما خـوری لە دەرەوەی ئوردن نووسراوە و لەلایەن چاپخـانەکانیەوە وەک بەسـەرهـاتێکی ڕاستەقینە، "یاداشـتێکی ناخـەیاڵی" بڵاو کرایەوە، "لەسـەر شـەرەف کوشتنی"ی باشـترین هـاوڕێی نووسـەر لە عەمان. کتێبەکە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی سـەرنجێکی زۆری ڕاکێشـا، دەوترێت کە ٢٥٠٠٠٠ دانەی لێ فرۆشـراوە لە هـەموو دونیـادا و بەسـەرهـاتەکەی خوری و خوێندنەوەکانی "جـەماوەری فێستیـڤاڵەکانی هێناوەتە گریان"[١٢].

خـــوێنـەرانی ئـاشنا بـەخـــەبات لە دژی "تـاوانەکـــانی شـــەرەف" لە ئوردن ســـەرســـام بـوون بەو دژایەتیکـردنەی ئیـسـلام و کۆمـەڵگەی ئوردنـی کـە لە دەقـەکـەدا هـەسـتـیـان پێ کـرد. لە ئوردن ئەو چالاکوانانەی کە چەندان سـاڵ بوو کاریان لەسـەر مەسـەلەکە دەکرد چەندان هەڵە و ناکۆکییـان لە کتێبەکەدا دەستنیشان کرد و لەبەرئەوەی کە نیگەران بوون لە کاریگەرییە مومکینەکانی کتێبەکە و وێنەی ئەو وڵاتەی کە لە کتێبەکەدا خـرابووە ڕوو، بەگژی خـسـتنەڕووی کتێبـەکەدا چوونەوە وەک کـارێکی نـاخـەیاڵی. هەرچەنـدە نووسـەرەکـە پێی داگـرت و (پێ دادەگـرێت) لـەسـەر ڕاسـتـیی بەسـەرهاتەکـە، لە هاوینی سـاڵی ٢٠٠٤دا چاپخـانە ئوسـترالیـاییـیـەکـان کـتـێبـەکـەیان لە بازاڕ کێشـایەوە. لە ئوردن، کـاریگەریی ئەم مـەسـەلەیە یەکجـار گەورە بوو. دەوترێت کە ڕۆژنامـەنووس و

هەڵسووڕاو، ڕانا حوسەینی، کە لە دەستپێکی ئەم بەشەدا ناومان برد، گوتوویەتی کە کتێبەکە "مەسەلەکەمانی وێران کردووە"[١٣]. ئەوانەی کە دژی هەڵمەتکردنن بۆ گۆڕان، ئەوانەی کە گومانیان هەیە کە کارنامەیەکی خۆرئاوایی لەپشت ئەو جۆرە کارە هەڵسووڕاوەییانەوەن، ئێستا بەپەلە دەستەوەردان لەم مەسەلەیە وەک خەیاڵ و زیادەڕۆیی دادەنێن و هەوڵ دەدەن کە ئەو هەراوهوریایەی کتێبەکە نایەوە ببەستنەوە بەهەوڵەکانی چالاکوانان و ڕیفۆرمخوازانەوە بۆ پاراستنی ژنانی ئوردنی لە توندوتیژی بەگشتی و توندتیژیی پێوەندار بە "شەرەف"ەوە بەتایبەتی. ئەو هەڵوێستانە بارگرانین بۆ ئەوانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن، بەڵام بێگومان ئەمە ڕایان ناگرێت لەوەی کە هەوڵ بدەن بگەڕێن بەدوای ستراتیجی وەڵامدانەوە و گەشەپێدانیاندا لە بەرامبەر توندوتیژیی دژی ژنان.

سەرنجەکان:

١- لە ساڵی ١٩٨٠دا ئوردن ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنانی ئیمزا کرد و لە ساڵی ١٩٩٢دا پەسندی کرد.

٢- بۆ نموونە، بڕوانە گریسوۆڵد، ٢٠٠١، هەروەها جێهل، ١٩٩٩

٣- بۆ نموونە بڕوانە، فەقیر ٢٠٠١، ڕوان ٢٠٠٠، عەراجی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١، ئارنۆڵد ٢٠٠١، کولوجکی ٢٠٠٢، نانس ٢٠٠٣، هەروەها بڕوانە بیبلۆگرافیای ڕوونکراوە لەسەر ماڵپەڕیی پرۆژەی CIMEL/ INTERRIGHTS لە www.soas.co.uk./honourcrimes

٤- ژنان لە سەنتەری چاکسازی و بووژانەوەی ژنانی ئەلجەوایدە زیندانی دەکرێن، بۆ ڕاپۆرتێکی ئەم دواییانە لەبارەی ئەم پراکتیسە و خەمڵاندنی ژمارەکان، بڕوانە ڕاپۆرتی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ٢٠٠٤: ل ٢٥-٢٧ ڕاپۆرتەکە حاڵەتی ژنی تێدایە کە پاش ئەوەی کە ئازادکراون و دراونەتەوە بەخێزانەکانیان کوژراون پاش ئەوەی کە گەرەنتی دراوە کە ئازاریان نادەن.

٥- مەحرەم کەسێکە کە ڕادەی خزمایەتییەکەی بەتاوانبارەکەوە بەجۆرێکە کە بەگوێرەی ڕێساکانی یاسای ئیسلامی بۆی نییە شووی پێ بکات (خوشک، دایک، کچ، پوور، هتد).

٦- یەک لەدوای یەک، مادەی ١٨٨ و ٣٢٤ ئەبوو عۆدە ١٩٩٦: ١٤٣.

٧- جۆردەن تایمز، ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩.

٨- مادەی ٩ی یاسای کاتی ژمارە ٢٠٠١/٨٦، کە هەموارکردنی مادەی ٣٤٠ی یاسای سزادانە. گازێتەی فەرمی، ژمارە ٤٥٢٤، ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١، ٦٠٢٦.

٩- ئەم بەرگرییە پیادەکاریی مافێکە بەگوێرەی بەندی (١)٦٠ی یاسای سزادان، کە ئاماژە دەدات بە بەرگریکردن لە کەس و موڵک و لە هەندێک هەلومەرجی دیاریکراودا لە بەرامبەر تاوانەکانی تالانی و بڕینی ماڵ و شوێنی تردا بەکاردێت.

١٠- غیر محق: "ناڕەوا" یان "هەڵە".

١١- یاسای کاتیی ژمارە ٢٠٠١/٨٦ چەند بڕگەیەکیش لەخۆ دەگرێت لەبارەی هەموارکردنی یاسا لەبارەی زینا و هەندێک سەرپێچیی ترەوە.

١٢- دەیڤید فیکڵینگ، لە گاردیان، ٢٦ی تەمووزی ٢٠٠٤.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## بەشی دەیەم

# توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف لە کۆمەڵگەی کوردیدا: حاڵەتی کوردستانی عێراق

نەزەند بەگیخانی

### پێشەکیی نووسەر بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە

ئەم چاپتەرەی ژێرەوە بە ئینگلیزی لە ساڵی ٢٠٠٤دا نووسراوە، لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کە لە بەهاری هەمان ساڵ لە کوردستان ئەنجامم دا.

ساڵی ٢٠٠٤ رێژیمی بەعس تازە رووخابوو و هێشتا بە کردەیی دوو ئیدارەیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادا بوو و کاری زۆر کەم کرابوو بۆ ئاراستەکردنی توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف. ئامار و زانیارییەکانی ئەم چاپتەرە تایبەتن بە ئەو کات و کار و ریفۆرمی یاسا و چالاکیی رێکخراوەکانی ژنان و... هتد، بەپێی ئەو کات هەڵسەنگێنراون.

دیارە هۆشیاریی گشتی لەسەر ئاستی دەسەڵات و کۆمەڵگەی مەدەنیش لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەفەوە ئێستا لە چاو ساڵی ٢٠٠٤ زۆرترە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە بارودۆخی ژن ئێستا لە ئەو کات باشتر یا خراپتر بێت و من ئەم بەراوردە پێشنیاز ناکەم. بەڵام وەکو لێکۆڵینەوەیەکی پابەند بە فاکت و کارە مەیدانییەکان، ئەم چاپتەرە واقیعی ئەوسا وێنا دەکا کە جیاوازە لەگەڵ واقیعی ئێستا هەم لە رووی کار و دەستپێشخەرییەکانی دەسەڵات و هەم لە رووی دەستپێشخەری و چالاکییەکانی رێکخراوەکانەوە. بۆ نموونە، لەو بەشەی کە باسی سوڵحی عەشایەری دەکەم، باس لە هاوبەشیی رێکخراوەکان دەکەم لەو پرۆسەیەدا؛ دیارە رێکخراوەکان لە سەرەتادا بەشدارییان کردووە لە ئەنجامدانی هەندێ شێوازی "چارەسەرکردن" وەکو سوڵح لە نێوان دوو خێزاندا، بەڵام ئێستا هۆشیاریی ژنان لەم رێکخراوانە زۆر زیاترە و زۆربەیان خۆیان بەدوور دەگرن لەم جۆرە پراکتیکانە. هەروەها هەندێ وشە و زاراوە لەناو کەوانە و ئیقتیباس دانراون لەم چاپتەرەدا، وەکو بۆ نموونە، "ئازادکردنی عێراق"، "چارەسەرکردن" یا "کوشتن و تاوانەکانی شەرەف"... هتد؛ مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە من لەگەڵ ئەم زاراوە و بیرۆکەی پشتەوەیاندا نیم. شەرەف چەمکێکی هەمەڕەهەند و کێشەئامێزە و بەکارهێنانی لە نێوان کەوانە گوزارشت لەو کۆنتێکستە دەکا، یا "چارەسەرکردن" بەپێی سوڵحی عەشایەری بەبێ ئەنجامدانی دادوەری بۆ لایەنی قوربانی و تۆمەت لێکراو لەسەر بنەمای یاسای مەدەنی بە ڕای من

چارەسەر نییە. هیوادارم خوێنەری کورد ئەم تێبینییانە لە بەرچاو بگرن و لە کۆنتێکستی ساڵی ٢٠٠٤یشەوە سەیری وتارەکە بکەن. سوپاس

## سەرەتا

لە ساڵی ١٩٩١، دوا بەدوای شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی عێراق کە بووە هۆی ڕاونان و دەرکردنی هێزەکانی حکوومەتی عێراق و ئازادکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان، سوپای عێراقی هێرشی کردە سەر ناوچە کوردییەکان و بووە مایەی کۆڕەوێکی گەورەی کوردی عێراق بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران. لەو کاتەدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا (هێزە هاوپەیمانەکان) زۆنێکیان دروست کرد کە فڕینی باڵەفڕەکانی عێراقی تێدا قەدەغە کرا و پرۆگرامی "پێشکێشکردنی ئارامی"یان خستە سەرپێ بە ئامانجی پاراستنی دانیشتوانی باکوری هێڵی هاوتای ٣٦ لە هێرشی هێزەکانی حکوومەتی عێراقی. دوا بەدوای ئەمە، حزبە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە لە چیاکانەوە شەڕی ڕێژیمیان دەکرد هاتنە خوارەوە بەرەو شارەکان و دەستیان بە حوکمڕانیی ناوچەکە کرد[١]. لە ساڵی ١٩٩٢، کورد هەڵبژاردنێکی گشتییان ڕێک خست و لە ئەنجامدا پەرلەمانێکی ناوچەییان دامەزراند کە ١٠٥ ئەندام لە خۆی دەگرێت هاوتا لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ژن چالاکانە بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کرد کە یەکەمین هەڵبژاردن بوو لە مێژووی کورددا و لە ئەنجامدا حەوت ژن وەکو ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردران[٢]. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن هیچ دەوڵەتێک یا ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییەوە دانی پێدا نەنرابوو و بەبێ پاڵپشتییەکی واتاداری ئابووری مایەوە؛ جگە لە هەندێ دەستکەوتی کێشەئامێزی تایبەت بە "کاری قاچاخ"، هەرێم تەنیا سوودی لەو هاوکارییانە وەردەگرت کە کۆمەڵێک ڕێکخراوی ناحکوومەتیی نێودەوڵەتی پێشکێشی هاووڵاتییانیان دەکرد کە یارمەتیی بنیاتنانەوەی شارۆکە و گوندە رووخێنراوەکانیان دەدا. جگە لەمە، بەڕێوەبەرایەتیی ناوەخۆی هەرێم تا ڕادەیەک سوودی لە پرۆگرامی "نەوت بەرامبەر بە خۆراک"ی ساڵی ١٩٩٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان وەردەگرت[٣]. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٤ دا هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان (پ د ک) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی ن ک) دەستیان بە شەڕی براکوژی کرد[٤] کە بووە هۆی دابەشبوونی هەرێمەکە بۆ دوو ئیدارەی لەیەکدابڕاو[٥]، یەکێکیان لە هەولێر لەژێر دەسەڵاتی (پ د ک) و ئەوی تریان لە سلێمانی لە ژێر فەرمانڕەوایی (ی ن. ک)دا.

پێش ساڵی ١٩٩١ و لەژێر فەرمانڕەوایی سەدام حوسێندا، مەسەلەی کوشتن لەسەر "شەرەف" بە ئاشکرا قسەی لەسەر نەدەکرا (فەرەج، ٢٠٠٣). بۆیە تەنیا دوای ئازادبوونی کوردستان لە ڕێژیمی بەعس و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرووپەکانی ژنان دەستیان کرد بە ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە و جۆرێک لە هۆشیاری دروست بوو. ئەم هۆشیارییە لە بواری گشتی و فەرمیدا پێوەندیی بەوەشەوە هەبوو کە لەو کاتەدا توندوتیژی لەسەر بنەمای "شەرەف"، بە تایبەتی کوشتن، بە شێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندا بوو. لە کاتی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا (ساڵی

٢٠٠٤)، هیچ ئامارێکی ورد یا پەسندکراو لەبارەی ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە ماوەی ١٣ ساڵی پێشتر لە کوردستانی عێراقدا بەبیانووی "شەرەفەوە" – کوژرابوون لە بەردەستدا نەبوو. ئەوەی هەبوو مەزەندە بوو، نەک تۆمار و بەدواداچوون و گەڕان. بەمجۆرە ژمارەکە مەزەندە دەکرا بەوەی کە لە نێوان ١٢٥٠ (فەرەج و شوان، ٢٠٠٣ ب) تا ٥٠٠٠ بێت بەپێی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان. لە راستیدا، دیاریکردنی ژمارەی قوربانییانی توندوتیژی لەسەر بنەمای "شەرەف" کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری وەکو، بۆ نموونە تۆمارنەکردنیان لە بنکە فەرمییەکان؛ لە ناکاو ژنەکان " بزر" دەبن و پۆلیس بەدواداچوون ناکات (فەرەج، شوان، ٢٠٠٣ ب). جگە لەمە، ئەو کوشتنانەی پێوەستن بە شەرەفەوە، لەلایەن پۆلیس و دادگەوە وەکو کوشتنی پێوەست بە "شەرەف" پۆلێن ناکرێن. هەرچەندە کەیسەکان بە گشتی لەژێر کاتیگۆریی شووشتنەوەی شەرمەزاری (غسل العار) ئاماژەیان بۆ دەکرێ، بەڵام لەو تۆمارانەی کە بەم دواییە دەستیان پێ کراوە، بە ناوی "تیرۆر دژی ژن" یا "کوشتنی ژنان – قتل النساء" دیاری کراون. لەم چەند ساڵەی دوایی (پێش ٢٠٠٤)دا و بە تایبەتی دوای "ئازادکردنی عێراق"، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەستی کرد بە تۆمارکردن و پۆلێنکردنی سەرجەم ئەو تاوانانەی لە پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری روو دەدەن. لەم تۆمارەدا، ستوونێکی تایبەت هەیە بە "کوشتنی ژنان یا تیرۆر دژی ژنان". لەم ستوونەدا ژمارەی هەر کەیسێک و ناوی بنکەی پۆلیسی بەرپرس تۆمار کراوە. تۆماری دادگەش ئاماژە بۆ ناوی "تاوانبار" و ژمارەی فایل و جۆری سزاکە دەکات. لەم سۆنگەیەوە و لەناو ئەم بارودۆخەدا، لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەبارەی کوشتنی پێوەست بە "شەرەف"ەوە کارێکی ئاسان نییە.

"تاوانی پێوەست بە شەرەف" دەشێ وەکو هەر کردەیەکی ئەنجامدراو یا هەڕەشەئامێزی توندوتیژی و پێشێلکاری پێناسە بکرێت لە دژی ژن لەلایەن ئەندامانی نێرینەی ناو خێزان و کۆمەڵگەوە لە پێناوی بەرگریکردن لە "شەرەفیاندا". هەرچەندە بە شێوەیەکی نموونەیی پیاوان ئەنجامدەری سەرەکیی تاوانەکانی "شەرەفن"، بەڵام ژنیش بەدەر نین لە هەڵسان بەسەرکوتکردنی و کوشتنی کچان. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری راگەیاندن و رووناکبیری ژنان لە سلێمانی، ژنێکی زۆر نەک هەر رازین بە 'کوشتن لەسەر شەرەف'، بگرە بە کردەنی بەشداریش دەکەن لە ئەنجامدانی تاوانەکە (فەرەج، شوان، ٢٠٠١).

لە کوردستاندا، تاوانەکانی شەرەف بە چەندان شێواز دێنە ئەنجامدان، وەکو کوشتن، بەزۆر بەشوودان، ناچارکردن بە شووکردن بە پیاوێک کە گومانی ئەوەی لێ بکری ژنەکەی لاقە کردبێ، خەتەنەکردن و دەستبەسەرکردن و سنووردارکردنی رەفتار، بێبەریکردن لە خوێندن و تەسککردنەوەی ئازادیی ژنان. بیانووش بۆ ئەم جۆرە پێشێلکارییانە دەگەڕێندرێتەوە بۆ رەفتار و هەڵوێستی قوربانییەکە کە گوایە بووەتە هۆی ئابڕووچوون و رووشاندنی شەرەفی خێزان و خێڵ و کۆمەڵگەکەی. ئەو هۆکارە باوانەی کە دەبنە هۆی "هەڵگیرساندنی" ئەم تاوانانە، هەرچەندە گشتگیریش نین، بریتین لە پیادەکردنی ئازادی لە هەڵبژاردنی هاوسەر و مومارەسەی خۆشەویستیدا، دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ پیاو، مومارەسەی سێکس بەر لە هاوسەرکاری و



لین وێلشمان و سارا حوسێن (١٦)

لەدەستدانی کچێنی، جیابوونەوە لە مێرد و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی تەڵاق، گومان لە ناپاکی و خیانەتکردن. بۆیە تاوانی "شەرەف" قبووڵکراو دەبێ کاتێ وەکو وەڵامدانەوەی کردەوەیەک پێشان دەدرێ کە نۆرمە کۆمەڵایەتی و سێکسوالەکان پێشێل دەکا.

ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیەکە لە "تاوانەکانی شەرەف"، بە تایبەتی "کوشتن بە بیانووی شەرەف"، لە چوارچێوەی هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستانی عێراقدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە تا ڕادەیەک لەسەر بنچینەی وتار و گفتوگۆکانی پێشتری نووسەر بنیات نراوە (بڕوانە سەرنجەکان)، بەڵام زۆربەی ناوەڕۆکەکەی تایبەتە بە توێژینەوەیەکی مەیدانی کە لە ئادار و نیسانی ٢٠٠٤ ئەنجام دراوە. توێژینەوەکە ٥٢ چاوپێکەوتن لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ئەکتەری جۆرەوجۆردا (دادوەر، سیاسەتوان، پارێزەر، ئەفسەری پۆلیس، چالاکوانانی ژن، قوربانی و ڕزگاربوو و شایەتحاڵ). هەروەها بۆ ئەم توێژینەوەیە سوود لە بەڵگەنامەی بنەڕەتی وەرگیردراوە، وەکو دەقی یاسایی، ڕاپۆرتی دادگە، تۆماری پۆلیس و گەواهیی شایەتحاڵان. بە تێکڕا، لەم توێژینەوەیەدا پشتم بە ١٤ کەیسی کوشتنی "شەرەف" و ئەتککردن لەسەر بنەمای "شەرەف" بەستووە کە لە دادگەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی دەستم پێیان ڕاگەیشتووە. لێرەدا سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوکارییان کردووم بۆ کارئاسانی و بەدەنگەوەهاتن بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

دیارە ئەم چاپتەرە جەخت لە خاسیەتی لێبووردەیی بەرامبەر بە "تاوانەکانی شەرەف" دەکاتەوە لە چوارچێوەی یاساییدا، یاسایەک کە پاشماوەی ڕێژیمی بەعسە. دواتر ئەم بەشە باس لە ریفۆرمە یاساییەکان دەکات و پەنجە دەخاتە سەر ئەو هۆکار و هێزانەی کە دژی گۆڕانکارین و دەبنە مایەی برەودان بە تاوانەکانی "شەرەف". یەکەم بەشی ئەم چاپتەرە ئاماژە بۆ ئەو برگە یاساییانە دەکات کە تا ئەم دواییە (ساڵی ٢٠٠٠ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی. ن. ک) و ٢٠٠٢ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ. د. ک) بە ئاشکرایی حوکمی ئەنجامدەرانی تاوانی "شەرەفیان" سووک دەکرد تا ئاستی لێخۆشبوون. بەشی دووەم، باس لە بەکاربردنی یاسا دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی خوێندنەوەمان بۆ کەیسێکی دیاریکراو. بەشی سێیەم باسی ئەو هەنگاوانە دەکات کە بەرەو ریفۆرمی ئەو بەندە یاساییانە نراون کە پێوەستن بە تاوانەکانی "شەرەفەوە". بەشی چوارەم باس لەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە دەکات کە وایان کردووە پرۆسەی ریفۆرمی یاسایی وەکو پێویست کاریگەر نەبێت. بەشی پێنجەمیش ڕۆشنایی زیاتر دەخاتە سەر ئەو ڕێگرانە. سەرەنجامی ئەم چاپتەرە تیشک دەخاتە سەر دەنگی بەرهەڵسکار و ریفۆرمخوازان لەنێو ژنانی کورددا لە چوارچێوەی ستراتیجییەتی وەڵامدانەوە بۆ تاوانەکانی "شەرەف".

## یاسا و شەرەف

هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا یاسا عێراقییەکان بە گشتی کاریان پێ دەکرێ. ئەم یاسایانە شەرعیەت بەپێگەی لاواز و ملکەچیی ژن دەدەن وێنەیەکی نەرێنی (نێگەتیڤ)ی ژن پێشان دەدەن. هەروەها یاساکان ڕەنگدانەوەی ئەو

باوەڕەن کە پێی وایە ژن دەبێ مۆڕالی (ئەخلاق)ی گشتیی کۆمەڵگە بەرجەستە بکات.

سیستەمی دادوەریی تاوان لە عێراق لەسەر یاسای سزادانی عێراقی بینات نراوە (یاسای ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩)؛ ئەم یاسایە دوای ئەوەی ڕێژیمی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست ڕاگەیەندرا. یاسای سزادانی عێراقی جێگەی یاسای سزادانی بەغدایی گرتەوە کە لە ساڵی ١٩١٨ دەسەڵاتی سەربازیی بەریتانیایی لە عێراق ڕایگەیاند. یاسای سزادانی عێراقی بەپشتبەستن بە یاسای سزادانی وڵاتانی عەرەبی نووسرابوو، چونکە بە ڕای دەسەڵاتی بەعسی عێراقی "پێکچوون لە نێوان بارودۆخی کۆمەڵایەتی"ی وڵاتانی عەرەبی و عێراقدا هەیە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم هەنگاوە بە هاندەری نەتەوەپەرستیی عەرەبی نرا لە پێناوی "یەکگرتوویی یاسا و دەستەواژە" یاساییەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا (ئەلئەنباری، ٢٠٠٠: ١٧٢).

پاراستنی شەرەفی ژن و لەمەشەوە پاراستنی "شەرەفی خێزان" لە یاسای سزادانی عێراقیدا بە چڕی بەرجەستە کراون. بەتایبەتی لەو بەش و بڕگانەدا کە تایبەتن بە تاوانی دژ بە "خێزان" و بە "ئەخلاق و نەریتی گشتی". ئەو بەشەی کە پێوەستە بە "ئەخلاق و نەریتی گشتییەوە"، تاوانەکان بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەکا کە تایبەتن بە "لاقەکردن و لەوات و کردەوەی بەد و نەشاز" لەگەڵ "هاندانی لەشفرۆشی و زینا" و "کردەوەی نابەجێ و شەرمەزاریگەیێن". هەرچەندە بەندەکانی ئەم سێ گرووپەی تاوان ئاماژە بۆ پیاو و ژن دەکەن، بەڵام جەخت لەسەر ژن دەکەن بەتایبەتی لە مەسەلەی سزادانداﺍ. بەهەمان شێوەی تێکڕای یاساکانی سزا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەندێکیان لەم کتێبەدا باس کراون، یاسای سزادانی عێراقی پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەکاری بۆ پیاو و ژنیش بە تاوان دادەنێت. بەڵام کە دێتە سەر ئاستی چۆنیەتیی تاوان و سزادانەکە لە هەندێ دۆخدا، ئەوە جیاکاریی جێندەری دەکرێت. بۆیە، بەپێی مادەی ٣٧٧ ئەو پیاو و ژنەی زینا دەکەن "بە بەندکردن سزا دەدرێن" بۆ ماوەیەک کە لە نێوان سێ مانگ تا پێنج ساڵ دەبێ. بەڵام بەپێی هەمان مادە، حوکمی پیاوەکە کەم دەکرێتەوە ئەگەر هاتو ئەو ژنەی کە پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ هەبووە خاوەن مێرد بێ و پیاوەکە بیسەلمێنێ کە ئەو بێ ئاگا بووە لە ستاتوی مێرداریی ژنەکە. بە نیسبەت مێردێکیش کە زینا بکات، ئەوا کاتێک سزا دەدرێ ئەگەر لەنێو ماڵی هاوسەریدا کردەوەکەی ئەنجام دابێ". بەڵام هەمان ئەو شتە بەسەر ژندا جێبەجێ نابێ و ئەو سزای تەواو دەدرێ. پێکچوون لەگەڵ یاسای وڵاتانی ناوچەکە لە زۆر بەندی تردا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی ئەو بەندەی کە سزای ئەو پیاوەی لە هەندێ دۆخدا خزمێکی مێینەی خۆی دەکوژێ کەم دەکاتەوە. مادەی ٤٠٩ دەڵێ:

"هەر کەسێک ژنەکەی یان هەر یەکێک لە (مەحرەمە) مێینەکانی لە کاتی زیناکردندا بگرێ، یان لەنێو یەک پێخەفدا لەگەڵ شەیکەکەی بیگرێ و یەکسەر یەکێکیان یا هەردووکیان بکوژێ، یا هێرش بکاتە سەر یەکێکیان یان هەردووکیان بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی مردن یان کەمئەندامییەکی بەردەوام، ئەوا بە گرتن سزا دەدرێ، بە مەرجێک ماوەی گرتنەکەی لە سێ ساڵ تێپەڕ نەکا."

مادەکانی تری یاسای سزادانی عێراقی کە مامەڵەی تایبەتی دادوەریی لەگەڵ "تاوانەکانی شەرەف"دا دەکەن بریتین لە مادەی ١٢٨ و ١٣٠ و ١٣١ و ١٣٢؛ ئەم مادانە لە بەشی تایبەت بە "بەخشینی یاسایی و دۆخەکانی سووککردنی حوکمی یاسایی"دا هاتوون. مادەی ١٢٨ أ، مەرجەکانی بەخشین لە پێناوی سووککردنی حوکمەکە دەخاتە روو:

"بەخشینی [یاسایی] [دەبێتە مایەی] هەڵگرتنی سزا یا تەخفیفکردنی سزاکە و هیچ دەرچوونێکیش نییە تەنیا مەگەر یاسا دیاری بکات. لە پاڵ ئەم دۆخانەدا، ئەنجامدانی تاوان بە پاڵنەر (دافع)ی شەرەف یا لەسەر بنەمای وروژاندنی مەترسیدار لەلایەن قوربانییەوە بەبێ ئەوەی لەسەر هەق بێ، وەکو بەخشینێک دادەنرێ کە حوکمەکە تەخفیف دەکا."

مادەی ١٣٠ی یاسای سزادانی عێراقی باس لە ئاستی تەخفیفکردنی سزاکە دەکات ئەگەر هاتو بەڵگەی پەسندکراو هەبوو بۆ ئاسانکاری. لە مادەکەدا هاتووە:

"ئەگەر [بڕیاری] بەخشین بۆ تەخفیفکردن لە تاوانێکدا درا کە سزاکەی مەرگ بێت، ئەوە سزاکە کەم دەکرێتەوە بۆ زیندانیی هەتاهەتایی یان بۆ زیندانیکردنێکی کاتی بۆ ماوەیەک کە لە یەک ساڵ کەمتر نەبێت. ئەگەر سزاکە زیندانیی هەتاهەتایی یا زیندانییەکی کاتی بێ، ئەوە کەم دەکرێتەوە بۆ بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ، مەگەر بەشێوەیەکی تر لە یاسادا هاتبێ."

مادەی ١٣١ کەمکردنەوەی سزا لەمانە کەمتر دادەنێت، لە کاتێکدا مادەی ١٣٢ شیمانەی زیاتر بۆ تەخفیفکردنی سزا پێشکێش دەکا لەو کاتانەی دادگە پێی وابێ کە دۆخی ئەنجامدانی تاوانەکە یا دۆخی تۆمەتبارەکە شایانی هاوسۆزیی دادگە بن. هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ مادەی ٤١یش بکرێ کە رێگە بە "مافی چەسپاوی" مێرد یا باوک دەدات بۆ "تەئدیبکردنی" ژن یا منداڵ "لە چوارچێوەی دیاریکراوی یاسا یا نەریتدا". بۆیە توندوتیژی بەناوی تەمێکردن و راستکردنەوە نەک تەنیا لە ئەقڵییەتی گشتیدا قبووڵ کراوە، بگرە وەکو مافێکی یاساییش سەیر دەکرێ. جێبەجێکردنی ئەم مادانە دەکەوێتە سەر چۆنیەتیی لێکدانەوەی دادگە و دادوەران. لە ساڵی ١٩٧٣دا، دادگەی باڵا بڕیارێکی دەرکرد (بڕیاری ٢١٤٧)، کە دەڵێ "هەر کەسێک تاوانی کوشتن بۆ پاککردنەوەی شەرمەزاری (غسل العار) ئەنجام بدات ئەوا یاسا لێی خۆش دەبێت.[٧]" هەرچەندە ئەم بڕیارە لە حوکمەکانی ئەو کەیسانەی کە من لەم چاپتەرەدا خستوومەتە روو، ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام پارێزەران لە کاتی بەرگریدا بەکاری دەهێنن. لە بەکاربردنی ئێستای سیستەمی یاساییدا، مادەکانی ١٢٨، ١٣٠-١٣، ١٣١ و ١٣٢ی یاسای سزادانی عێراقی لە کەیسەکانی دادگەدا سوودیان لێ وەردەگیرێ بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کوشتن لە پێناوی پارێزگاریکردنی "شەرەف" دا. لە گەڕان و پشکنینماندا بەناو تۆمارەکانی دادگەی تاوان لە ماوەی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠ لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - سلێمانی و هەولێر و دهۆک - ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە لە کاتی بەرگریی دادوەریدا ئەم مادانە لە هەموو کەیسێکدا بەردەوام بەکار دەهێنرێن بەمەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ دەرکردنی حوکمێکی بێ ئەندازە نەرمی وەکو بەندنەکردن و ئازادکردنی تۆمەتبار بە کەفالەت. هەروەک پارێزەرێکی ناسراوی شاری دهۆک لە کاتی

چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ کرد، "ئەم مادانە کراوەن بۆ لێکدانەوەی دادوەران و بەکار دەهێنرێن بۆ نەرمی نواندن و تەخفیفی سزا لە کەیسی تاوانی شەرەفپارێزیدا". لێرەدا شایانی ئاماژەپێکردنە کە مادەی ٤٠٩ راستەوخۆ پێوەستە بە کوشتن لەسەر بنەمای "شەرەف" و لە بەرگریی دادگەییدا بەکار ناهێنرێت. لە نێوان ١٤ کەیسی دادگەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە بۆ ئەم توێژینەوەیە کارم لەسەر کردوون، بڕیاری لێخۆشبوون یا تەخفیفکردنی سزا بە پاساوی "پاڵنەری شەرەف- بدافع الشرف" بەهۆی بەکارهێنانی مادەکانی ١٢٨، ١٣٠ و ١٣٢ لە دادگەکان دەرکراوە و کاری پێ کراوە. هەروەها ئاماژە بە مادەی ٤٠٥یش کراوە کە باس لە زیندانیکردنی هەتاهەتایی یا کاتی دەکات لە حاڵەتی کوشتنی بەئەنقەستدا.

سەرباری ئەمە، لە چاوپێکەوتنماندا لەگەڵ وەزارەتی داد لە ئیدارەی سلێمانی جەخت لەوە کرایەوە کە تەخفیفکردنی حوکم و سزای نەرم تا رادەیەکی زۆر بەندە بە کێشانەوەی سکاڵا لەلایەن سکاڵاکارەوە[8]. هەرچەندە دەسەڵاتی گشتی ناتوانێ بەتەواوی دەستبەرداری بەدواداچوونی کەیسی کوشتن بێت، بەڵام کێشانەوەی سکاڵا لەلایەن شکاتکارەوە کار دەکاتە سەر مامەڵەی دادوەری لەگەڵ کەیسەکاندا. لە کەیسی پێلا ئەتروشیدا، لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەم، کاتێ دایکەکە سکاڵای خۆی کێشایەوە، ئەوە رێگەی خۆش کرد بۆ ئازادکردنی مامەکانی پێلا، لە کاتێکدا دادگە بەدوای کەیسەکەدا چوو لە دژی باوکەکە و یەکێک لە مامەکانی. دادگە لێرەدا پرسیار لەوە ناکات کە لە کەیسەکانی کوشتن لەسەر بنەمای "شەرەف"دا تا چەند کەسی سکاڵاکار لەژێر پاڵەپەستۆی کەسوکاردایە بۆ کێشانەوەی سکاڵاکە (ئەمە لە کەیسی پێلادا بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ). بەهەمان شێوە، بڕیاری دادگە لەلایەن رای گشتییەوە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە بەوەی کە لەسەر بنچینەی "رەفتار و هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەی" شکاتکارەکە دراوە، هەروەک لە کەیسی پێلادا ئەمە رووی دا، کاتێ دوای دەرچوونی بڕیاری دادگە دایکەکە سەرکۆنە کرا بەوەی کە بووەتە هۆی ئازادکردنی دوو مامەکە، چونکە سکاڵاکەی کێشابووەوە. لە کاتێکدا کەس پرسیاری ئەوەی نەکرد کە تا چەند ئەم دایکە بێدەسەڵاتە کەوتووەتە ژێر پاڵەپەستۆی کەسوکار و خێڵەوە[9].

## بەکاربردنی یاسا: کەیسی پێلا ئەتروشی

پێلا خەڵکی دهۆک بوو و لە ساڵی ١٩٩٥ەوە لەگەڵ خێزانەکەی لە سوێد دەژیا. لەوێش پێوەندیی خۆشەویستیی لەگەڵ کوڕێکی کوردی خەڵکی هەولێر دروست کردبوو. باوکی و مامەکانی (کە دانیشتووی سوێد بوون) پێلایان تۆمەتبار کرد بەوەی کە "داوونەریتی کوردەواریی پێشێل کردووە"[10]. لە ٣١ی ئایاری ساڵی ١٩٩٩دا، باوک و مامەکان پێلا و دایکی پێلایان لە سوێدەوە رەوانەی ماڵەباوانی کردەوە لە دهۆک تا لەوێ بە شووی بدەن لە چوارچێوەی هاوسەرکاریی بەزۆر و سازدراوەوە. دواتر، باوکی پێلا و کچە بچووکەکەی سەفەریان کرد و گەیشتنە دهۆک لەگەڵ سێ مامی پێلا کە دووانیان نیشتەجێی سوێد بوون و ئەوی تریان لە ئوستورالیاوە گەڕابووەوە. بەگوێرەی رای ئەفسەرێکی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی سوێدی، "ئەندامە نێرینەکانی خێزانەکەی پێلا

سـەرەتا لە سـوێد کـۆ بووبوونـەوە و پلانی لـەناوبردنـی پێـلایان ڕێک خـسـتـبـوو"[11]. لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٩٩، کاتێ هەموو ئەندامـانی خێزانەکە لە نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەیان دانیشتبوون، یەکێ لە مـامـەکـان، بەنـاوی (ر. گ)، لە نـهۆمی سـەرەوە پێلای دا بەرگوللە. دوای ئـەمـە بەبێدەنگی دێتـە خوارەوە و رای دەگەیەنێت کە پێلا خۆی کوشـتووە و ڕێگەش نادات کـەس بچێتە سـەرەوە بۆ لای. بەڵام، کاتێ مـامەکە لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، خوشکە بچـووکەکەی دەچێتە سـەرەوە و دەبینێت کە پێلا هێشتا زیندووە. پێلا بە خـوشکەکەی دەڵێت کە (ر. گ) تەقەی لـێ کردووە و داوای یارمـەتی لە خـوشکـەکـەی دەکـات. خـوشکـەکـەی بە یارمـەتیـی دایکی هـەوڵ دەدەن پێـلا بـهـێننە خـوارەوە و یارمـەتیی بدەن، بەڵام کـاتێ دەگـەنە خـوارەوە، مـامـەکـانی دێنەوە مـاڵ. کـاتێ (ر. گ) دەبینـێ پێلا هێشتا زیندووە، لە بەرچاوی هەمووان چەند گوللەیەکی تری پێوە دەنێت[12].

دواتر پۆلیسی ناوەخۆ دێنە شـوێنی ڕووداوەکە و تەرمی پێلا دەبەنە بنکەی پزیشکیی دادوەری. ڕاپۆرتی پشکنینی تەرمـەکە کـە بە هـاوکـاریـی دڵسـۆزانەی یەک لـە کـارمـەندان خـرایە بەردەسـتـی ئێـمـە، مـێژووی هـەمـان ڕۆژی کوشـتنەکەی لەسـەرە و ئـامـاژە بۆ ئەوە دەکـات کـە "پەردەی کچێنیی دەمێکە دڕاوە". پاشـان، باوکی پێلا و مـامـەکـانی دەسـتگیر کـران. دوو ڕۆژ دوای تاوانەکە، دایکی پێلا سکاڵا لە دژی شوویراکانی تۆمار دەکات بە کـوشتنی کـچەکەی تۆمەتبـاریان دەکا. لە مـاوەی لێکۆڵینەوەی کەیسەکەدا کە چوار مـانگی خایاند، باوکەکە جـەختی لەسـەر دەکردەوە کە ئەو خۆی کچەکەی کوشتووە دوای ئەوەی کە کـچەکەی پێی وتووە کچێنیی لەدەست داوە و ناتوانێ شوو بەو کـەسـە بکات کـە بە نیـاز بوون لـە دهۆک بیکەن بە هـاوسـەری. مـامـەکـانیش نکووڵیـیـان لە بەشداربوونی خۆیـان لە کارەکەدا کرد و لە سـەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا دوو لەوان (س. گ و د. گ) ئازاد کـران. دواتر، لە ٨ی ئابی ١٩٩٩ بە بڕیاری دادگەی تاوان دووبارە دەسـتگیر کرانەوە. بەڵام ئەوان لەو مـاوەیەی کە تێیـدا ئازاد بوون، هەڕەشـەیان لە دایکی پێـلا (ف.ئـ) کردبـوو و ناچاریان کردبوو کە سکاڵاکە بکێشـێتەوە. بۆیە دایکەکە لە ١٧ی تـەمووزدا سکاڵاکەی کێشایەوە و داوای لە دادگـە کـرد بەدوای کـەیسـەکەدا نەچێ لـەبەرئەوەی "ئێـمـە وەک خـێزانێک لەنێـو خـۆمـانـدا ئاشت بووینەوە". لەگەڵ ئەمەشدا، پرۆسەی لەدادگەدان بەڕێوە چوو و لە پرۆسەی بەرگری لە تۆمەتبارانـدا مـەسـەلـەی "شـەرەف" وەکو مـەسـەلەی سـەرەکی ورووژێنرا و پشـتـی پێ بەسـترا. پارێزەری مـام و باوکەکە لە نووسراوێکیدا بۆ دادگە دەڵێ:

"باوکەکە پێلای کچی کوشت لە ئەنجامی رەفتاری نابەجێی کچـەکە و پێشـێلکردنی داوونەریتی کـۆمـەڵایەتی کـە کۆمـەڵگەکـەمـانی لەسـەر بەندە و پێلای لـەسـەر پەروەردە کـراوە. ئەو کـچـە هـامـوشـۆی بارِی خـواردنەوەی دەکـرد و خـووی بەمـەیخـواردنەوە گـرتبـوو. لەمـەش زیاتر، بۆ مـاوەی زیاتر لە یـەک مـانگ مـاڵی باوکی لە سـوێد بەجێ هێشتووە و پێوەندیی ناشەرعیی هەبووە.[13]"

لە ٩ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٩٩دا، دادگەی تـاوان لە دهۆک حـوکـمی خۆی ڕاگـەیاند لەگـەڵ ئەم پێشـەکییەی خوارەوە:

"باوکەکە کچەکەی کوشت دوای ئەوەی کچەکە پێی گوتبوو کە ناتوانێ لە دهۆک شوو بکات لەبەرئەوەی پەردەی کچێنیی لەدەست داوە ... ڕاپۆرتی پشکنینی تەرمەکەش ئەوەی بۆ دادگە سەلماند کە پەردەی کچێنیی کچەکە بەبێ ئەوەی شووی کردبێ دڕاوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کچەکە بەدڕەفتار بووە و پاڵنەری شەرەف بەسەر کەیسەکەدا پەیڕەو دەکرێ."

هەریەک لە باوکی پێلا و مامی (ر. گ) بڕیاری یەک ساڵ زیندانییان بۆ دەرچوو و جێبەجێکردنی حوکمەکەش بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵپەسێردرا بە مەرجی رەفتارباشی و زەمانەتی کەفالەتێکی ١٠٠ دیناری کە لە دادگە دانرا و لە کاتی سەرپێچیدا دەستی بەسەردا دەگیرێ. دادگە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەم بڕیارە و لەو "نەرمییەی" کە نواندی، کۆمەڵێک دەستەواژەی بەکار هێنابوو، وەکو "غسل العار"، پارێزگاریکردن لە شەرەف" و "یەکانگیری و یەکگرتوویی خێزان"؛ واتە ئەمانە وەکو پاساو بۆ بڕیاری دادگە لە تەخفیفکردنی سزادانی بکوژان بەکار هاتن.

لەم کەیسەدا، دادگە لە بڕیاری دەرکردنی حوکمی یەک ساڵ زیندانی بۆ هەریەک لە ( ێ.گ و ر.گ) پشتی بەستبوو بە مادەی ٤٠٥ی یاسای سزای عێراق و مادەکانی ٤٧ و ٤٨ کە پێوەستن بە بەشداریکردن لە تاوان و بە پاڵپشتی مادەکانی ١٢٨ و ١٣٠ کە هۆکاری کوشتنەکە بە پاڵنەری شەرەف دادەنێ لە پێناوی پاککردنەوەی شەرمەزاریدا. بڕیاری دادگە ئەوەش روون دەکاتەوە کە دوای دەرچوونی حوکمی دادگە، ماوەی زیندانیکردنی (ێ. گ)ی باوک لە نێوان ٢٥ی تەمووز و ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ وەک بەشێک لە ماوەی بڕیار لەسەردراوی زیندانیکردنەکە دێتە ژماردن. بەهەمان شێوە، ئەم مەرجە مامەکەش دەگرێتەوە؛ ماوەی نێوان ٢ی ئەیلوول تا ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ وەکو بەشێک لە ماوەی بڕیار لەسەردراوی زیندانیکردنەکە حیساب دەکرێت. لەمەش زیاتر، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هۆکاری کوشتنەکە بە "دافیعی شەرەف" بووە لە پێناوی "سڕینەوەی شەرمەزاری" و هەروەها لەبەرئەوەی (ێ. گ)ی باوکی کچەکەیە و (ر. گ)یش مامی، جا لە پێناوی ئاشتبوونەوە لەنێو ئەو خێزانەدا و لەبەرئەوەی هیچ کام لە تاوانبارەکان لە رابردوو تاوانکارییان نەکردووە و، ئەوە دادگە بڕیاری هەڵپەساردنی گرتنەکەی دا بۆ ماوەی سێ ساڵ.

## ریفۆرمی یاسا

بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر پێویستی بە ریفۆرمی یاسایی هەیە، ئەمە هەر لە سەرەتای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچوونی زۆربەی ژنی کوردی چالاک بوو. بەمجۆرە، لە هاوینی ساڵی ١٩٩٢دا کۆمەڵێک ژنی کورد کە نوێنەرایەتیی رێکخراوەکانی ژنانیان دەکرد لەگەڵ پەرلەمانتاران یاداشتێکیان پێشکێش بە دەسەڵاتی کوردی کرد کە لایەن ٣٠,٠٠٠ ژنەوە ئیمزا کرابوو. یاداشتەکە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات کە دەستکاری لە یاسای باری کەسێتیی عێراقی و یاسای سزادانی عێراقیدا بکات هاوتا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی

هەموو ئەو دەقانەی کە شەرعیەت بەکوشتنی ژن بەناوی "شەرەف"ەوە دەدەن.

ئەم داواکارییانە لەلایەن حکوومەتی ئەو کاتی هەرێمەوە پشتگوێ خران. دواتر شەڕی براکوژی نەک هەر تەنیا پەرلەمانی پەک خست و حکوومەتی لەت کرد(١٤)، بگرە ژنانیشی دابەش کرد و لە مەسەلەی سەرەکیی ژن و توندوتیژیی جێندەری دووری خستنەوە. بۆ ماوەی چەند ساڵێک و بە درێژاییی ماوەی شەڕی براکوژی، ژنان سەرقاڵی ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و پشتگیریی دەسپێشخەرییەکانی ئاشتی بوون و پێشنیازەکانیان بۆ ریفۆرمی یاسایی لە ریزی پێشەوەی ئەرکەکانیاندا نەبوو. لە کۆتاییی نەوەدەکاندا و لەگەڵ زیادبوونی ژمارە و هێزی رێکخراوەکانی ژنان هاوتا لەگەڵ زیادبوونی تاوانەکانی شەرەفپارێزی، داواکاریی ژنان بۆ چاکسازی لە یاسادا دووبارە زیندوو بووەوە. لە رێگەی رێپێوان و کۆنفرانس و چالاکی و کردەی تری جەماوەرییەوە، پاڵەپەستۆ خرایە سەر دەسەڵاتی کوردی بۆ هەنگاونان بەرەو ریفۆرمی هەندێ لە یاساکان. چالاکترین کەمپەین لەناو دیاسپۆرای کوردی لە رۆژئاوا لەلایەن کۆمەڵێک ژنی کوردی سەر بە پارچە جیاجیاکانی کوردستان بەرپا کرا. هێزی ئەم کەمپەینەی تۆڕی ژنانی کورد خۆی لەوەدا دەنواند کە توانای گەیشتن و هاوکاریی هەبوو لە دروستکردنی رای گشتیی جیهانیدا لە دەرەوە و هاوتا لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، وەک ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ(١٥). هەروەها رۆڵیان هەبوو لە هۆشیاری لەنێو نوێنەرانی حکوومەتانی رۆژئاواش لەمەڕ بارودۆخی ژنی کورد زیاد کرد. جا لەبەرئەوەی ئیعتیبار و مانەوەی دەسەڵاتی کوردی تا رادەیەکی زۆر پێوەست بوو بە دنیای دەرەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی زۆر هەستیار بوو بەرامبەر بە کاردانەوە و ڕاو و بۆچوونی نێودەوڵەتییەوە. ئەم جەختکردن و سووربوونە زیادی کرد کاتێ ژمارەیەک کەیسی کوشتنی شەرەفپارێزی گەیشتە دادگەکانی وڵاتانی رۆژئاوا و لە میدیای نێودەوڵەتی رەنگی دایەوە. ئاشکرایە کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٢دا، دوای کوشتنی چەند ژنێکی کورد بە دەستی خێزانەکانیان لە سوێد، لەوانە پێلا و دواتر فادیمە شاهیندال(١٦)، وەزیرێکی ناوداری سوێدی بە شێوەیەکی شەخسی تەدەخولی کرد و پاڵەپەستۆی خستنە سەر دەسەڵاتی کوردی لە عێراق و هانی دا کە دەست بکات بە کارکردن لە دژی تاوانەکانی شەرەفپارێزیدا.

سەرەتا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی. ن. ک) دەستی کرد بە پرۆسەی ریفۆرمکردنی یاسایی و مادەکانی ١٣٠ و ١٣٢ ی لە یاسای سزادانی عێراقیدا. بەمجۆرە، لە ١٢ی نیسانی ٢٠٠٠دا بڕیاری ژمارە ٥٩ دەرچوو کە دەڵێت:

> "سزای [تاوانکار] بە کوشتنی ژن و ئازاردانیان بە بیانووی سڕینەوەی شەرمەزارییەوە نابێ کەم بکرێتەوە. نابێ دادگە مادەکانی ١٣٠ و ١٣٢ی یاسای سزای عێراقیی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ جێبەجێ بکەن بۆ کەمکردنەوەی سزای تاوانکار."

پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ک) لە حوزەیرانی ٢٠٠١ەوە دەستی کرد بە دەستکاریکردنی هەندێ مادە لە یاسای سزای عێراقیدا، ئەمەش کاتێ پەرلەمان دەنگی دا بە دەستکاریکردنی چەند مادەیەک لە یاسای ناوبراو و لە پێناوی پاراستنی مافی ژن. یاسای ژمارە

١٤ی ساڵی ٢٠٠٢ ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە تاوانەکانی شەرەفەوە هەیە و دەڵێ:

"سزای تاوان بە هاندەر "دافع" ی شەرەف لە ڕووی یاساییەوە کەم ناکرێتەوە و مادەکانی ١٢٨ و ١٣٠ و ١٣١ لە یاسای سزای عێراقیی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ لەمەودوا کاریان پێ ناکرێت."

سەرەڕای نارەزایی بەرامبەر بە ریفۆرمە یاساییەکان لەلایەن هەندێ دادوەر و پارێزەر و هەروەها دەسەڵاتی ئاینییەوە، کە لە خوارەوە زیاتر قسەی لەسەر دەکەین، گۆڕانکاری لە کاری دادگەکان ڕووی دا. لە ئایاری ٢٠٠٣دا، دادگەی باڵای هەولێر بە کەیسێکی دادگەی تاوانی دهۆکدا چووەوە و فەرمانی دا کە سزای زیندانیکردنی یەک ساڵی کە بۆ پیاوێک و براکەی لەسەر کوشتنی ژنی کابرا و یارەکەی دەرچووبوو کەمە و دەبێ بۆ ١٥ ساڵ زیندانیکردن زیاد بکرێت. دادگەی دهۆک لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا بە مادەی ١٣٠ پاساوی بۆ بڕیارەکەی لە حوکمی یەک ساڵەیی هێنابووەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە تاوانەکە پێش گۆڕانکاری لە یاسا لە نیسانی ٢٠٠٢ ڕووی دابوو[١٧]. لە سلێمانی، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا، دادگەی تاوان بڕیاری لە لەداردانی بەسەر پیاوێکدا سەپاند کە ئەو ژنەی کوشتبوو کە گوایە خۆشەویستی بوو. بەپێی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٨٠ لە ٣٠ ئابی ٢٠٠٢دا بڕیاری لەداردانی ئەو پیاوە جێبەجێ نەکرا و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گۆڕدرا بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی.

لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەی ئەو کەیسانەی کە تایبەتن بە کوشتنی "شەرەف" و دەگەنە دادگەکان تا ئێستاش زۆر سنووردارە. چەند هۆکارێکیش هەن کە ڕەنگە ئەم واقیعە ڕوون بکەنەوە، لەوانە بوون و بەردەوامیی تەدەخولی مەکتەبەکانی کۆمەڵایەتی لەناو خودی یەکێتی و پارتیدا (بۆ ئەمە بڕوانە بەشی دواتر و پێوەست بەم مەسەلەیە)، بوونی دوو ئیدارەیی لە کوردستان کە سیستەمی یاسای دابەش کردووە بەسەر هەردوو حکومەتی یەکێتی و پارتیدا. ئەم هۆکارەی دواییەیان بووەتە ڕێگر لە بەردەم ئیجرائاتی دادوەری و کاریگەریی یاسادا. بۆ نموونە، بکوژ دەتوانێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی رابکات و لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا نیشتەجێ بێ و تەنانەت داڵدەش بدرێ. بەهەمان شێوە، بکوژ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دەتوانێ رابکات و لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتەجێ بێ و داڵدە بدرێ. لێرەدا هیچ پێوەرێکی هاوئاهەنگیی بەدواداچوون لە نێوان ئەم دوو ئیدارەیە لە ئارادا نییە. جگە لەمەش، لەم چەند ساڵەی دواییدا و بەپێی ڕاپۆرت و بڵاوکراوەی چالاکوانانی بواری مافی ژن لە کوردستان، حاڵەتی خۆکوشتن لەنێو ژنان، بە تایبەتی حاڵەتی خۆسووتاندن، زیادی کردووە (فەرەج، شوان: ٢٠٠٣ ب). زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە ئەو حاڵەتانە بەشێکن لە تاوانەکانی "شەرەف" و ژنان ناچار دەکرێن خۆیان بسووتێنن لە پێناوی "پاراستنی شەرەفی خێزانەکانیان و خۆبەدوورگرتنیش لە لێپێچینەوەی دادوەری"[١٨].

### ریفۆرم و سنوورەکانی: ریفۆرم تا کوێ بڕ دەکا؟

وەک چاوەڕوان دەکرا، فێمینیست و هەڵمەتسازانی کورد ریفۆرمە یاساییەکانی پێوەست بە "تاوانەکانی شەرەف"یان وەکو هەنگاوێکی گرینگ هەڵسەنگاند. لەنێو حزبە حوکمڕانەکانیشدا پرۆسەی ریفۆرم شەرعیەتێکی بەرچاوی بەخشی بە قسەکردن لەسەر بابەتی تایبەت بە ژن و مافەکانیان. پێش ریفۆرم، ئەندامە ژنەکانی ناو حزبەکان بیر و بۆچوون و پرۆگرامی حزبییان پەیڕەو دەکرد و کەمتر دەهاتنە گۆ بۆ بەرگریکردن لەو ژنانەی کە بە " بێشەرەفی" تۆمەتبار کرابوون. بەرگریکردن لەو ژنانە دەبووە هۆی بەرەوڕووبوونەوەی مەترسیی وەک لەکەدارکردنی وێنە و سومعەی خۆیان لەناو حزبەکانیان و کۆمەڵگەش. ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ هەندێک لە ئەندامە ژنەکانی ناو (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) کراون، دەری دەخەن کە گۆڕینی یاسا و ئەو نیازەی "لەلایەن سەرکردەکانیانەوە پێشان دراوە بۆ داهێنانی چاکسازی، فەزایەکی فراوانتری بۆ دابین کردوون کە وایان لێ دەکات بێنە گۆ و بابەتی یەکسانیی جێندەر بورووژێنن. بەڵام گەشبینییەکە سنووردارە. ئەو ریفۆرمانەی لە یاسای پێوەندیدار بە "تاوانەکانی شەرەف" کراون ناتەواون و لە بەردەم خۆدزینەوە بەرپرس و کارمەندانی بواری دادوەری کراوەن و بووەتە مایەی ناڕەزاییش لەلایەن توێژگەلێکی کاریگەری ناو کۆمەڵگەی کوردی.

هەروەها، بە ڕای هەندێ نوێنەری دادوەری و یاسایی، ریفۆرمی یاسا کورتی هێناوە لە پاراستنێکی کارای ژنان لە کوردستاندا. بۆ نموونە، ئەوان پێیان وایە کە بەکارهێنانی زاراوەی "بە بیانووی" لە بڕیاری ٥٩ی (ی. ن. ک)دا کێشەئامێزە و ڕەنگە ببێتە هۆی ئاڵۆزی و غموز لە یاساکەدا. دادوەرێکی ریفۆرمخواز لە دیمانەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەمە کرد و وتی: "ئێستاش پیاوێک دەتوانێ ژنێک بکوژێ ئەگەر ئەو ژنە وەکو بێشەرەف لەناو کۆمەڵگە وێنا کرابێ، بۆ نموونە لە حاڵەتی دڕانی پەردەی کچێنیدا[١٩]. مەسەلەی کچێنی (کە لە ڕێگەی پشکنینی پزیشکی پەردەی کچێنیی دیاری دەکرێ) هاوتا لەگەڵ ڕەفتاری قوربانی (شوونەکردوو) سەرباری ئەو ریفۆرمە یاساییانەش تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەی دادوەریدا حیسابی زۆریان بۆ دەکرێ. ئەگەر پەردەی کچێنیی دڕابوو، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کچەکە/ژنەکە بێشەرەفیی کردووە. غموزی و ئاڵۆزیی یاساکە لێرەدا دەردەکەوێ: مەسەلەکە لێرەدا "بیانوو" نییە، بگرە فاکتە و دەیسەلمێنێ کە پەردەی کچێنیی ئەو کەسە دڕاوە (بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە چۆن ئەم پەردەیە دڕاوە– بۆ نموونە: ئاخۆ کچەکە لاقە کراوە، کەوتووە؟). جا ئەمە بەسە بۆ ئەوەی تاوانبار بکرێ. لە کاتی لێکۆڵینەوەی دادوەریدا، پشکنینی پەردەی کچێنی بۆ قوربانییانی "شەرەف"، ئەوانەی کە شوویان نەکردووە، ئەنجام دەدرێ و لە شیکردنەوەی توێکاریدا و لە بڕیارەکانی دادگەدا ئەنجامی ئەم پشکنینە لە بەرچاو دەگیرێ؛ ئاماژەکردن بۆ پەردەی "دڕاو" ئەوە پێشان دەدات کە "هۆیەک" هەیە بۆ بیانووهێنانەوە بۆ کوشتنەکە. جا لێرەدا، لەوانەیە سزای تاوانکارەکە کەم بکرێتەوە.

زۆرترین و دیارترین ناڕەزایی و بەرەنگاربوونەوە لە دژی ریفۆرمی یاسای تایبەت بە "تاوانەکانی شەرەف" لەلایەن مەلا و "زانایانی ئایینییەوە" بوو. ئەوان ئەو چاکسازییانە وەکو بەرهەمی

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی نێوەخۆییی کورد نازانن و پێیان وایە کە بەرهەمی "لاساییکردنەوەی" ڕۆئاوان. یەک لەو دادوەرانەی دیمانەمان لەگەڵ کردن، وتی: "دەسەڵاتی کوردی کەتووەتە ژێر پاڵەپەستۆ و ئەم چاکسازییانەش بۆ ئەوە کران کە وێنەیەکی ئەرێنی پێشانی ڕۆئاوا بدرێ"(٢٠). جگە لەمەش، بەرهەڵستکارانی ریفۆرم پێیان وایە کە ئەو چاکسازییانەی یاسا وەکو بانگهێشتنێک وان و "ژنان بەرەو لەشفرۆشی و کاری خراپ هان دەدەن بەبێ ئەوەی کەس بتوانێ سزایان بدات"(٢١). گونجاو نییە ئەگەر ئێمە ئەم ناڕەزایی و بەرهەڵستییانە بۆ گۆڕانکاری لە یاسادا وەکو گوزارشت لە هەستی "کۆنەخوازی" و ویژدانی "هەڵەئامێز" دابنێین. کوشتن و تاوان لەسەر بنەمای "شەرەف" لە کوردستاندا ڕەگیان لەناو واقیعە ماتێریالیەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و داوونەریتی کوردیدا داکوتاوە و تایبەتمەندیی دینامیکیەتی جیۆپۆلیتیکی و خەباتی نەتەوەیی و ئوسووڵیەتیش ڕێخۆشکەر بوون بۆ هێشتنەوە و برەوپێدانی.

## ستروکتوری کۆمەڵایەتیی کوردی و یاسای عەشایری

ئەگەر بڕوانینە مێژووی کورد دەبینین کە عەشیرەت هەردەم بنەمای سەرەکیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێک هێناوە لە کوردستان. عەشیرەتی کوردی بریتییە لە "یەکەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی و بەشێوەیەکی گشتی پێوەستە بە ناوچە و ئابوورییەکی دیاریکراوەوە و لەسەر بنەمای وەچە و خزمایەتی داڕێژراوە (ڤان برونیسن، ١٩٩٢: ٥١). عەشیرەت لە یەکەی بچووکتر پێک دێت وەک هۆز و تیرە و تایەفە کە ئاماژەن بۆ خێڵ و بنەماڵە و خێزان(٢٢). "خێزان" بریتییە لە گرووپێکی فراوان کە نەوەی هەمان باو و باپیرانن و وەک یەک بنەماڵەی هاوبەش دەژین. ئەندامانی ئەم گرووپە بە هۆی پێوەندیی خوێن یا ژنخوازییەوە پێکەوە گرێ دراون. دەسەڵات و موڵکیش بەپێی سیستەمی باوکسالاری لەنێویاندا دەگوازرێتەوە. ژن و مێردی نوێ لە ماڵی باوانی زاوادا دەژین و ڕەنگە ئەمە بۆ چەند نەوەیەک بەردەوام بێت. ئەوەی کە ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتی- سیاسییە بەشێوەیەکی سەرەکی دەپارێزێ و درێژەی پێ دەدات بریتییە لە ئیندۆگامی، واتە ژنخوازی لە نێوان ئەندامانی هەمان بنەماڵە و تیرە و عەشیرەتدا.

ئەگەر لە رووی نەریتەوە سەرنج بدەین ئەوە دەبینین کە پیاو لەناو خزمانی باوانیدا هاوسەر دیاری دەکات: بە تایبەتی ئامۆزا. لەنێو هەندێ عەشیرەتدا، نەوەی یەکەمی بەرەباب لەسەریان واجیبە ئامۆزای خۆیان بخوازن و ئەمە وەکو مافێکە بۆیان دیاری کراوە. ئەگەر پیاوێک نیازی نەبوو ئامۆزاکەی بخوازێ، ئەوە دەبێ ڕای بگەیەنێ تا ئەو کچە بتوانێ شوو بە کەسێکی تر بکات . کچ لە تەمەنێکی بچووکدا بەشوو دەدرێت(٢٣) و زۆرجاریش لە نێوان خێزانەکاندا کچان ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ بەپێی پەیڕەوێک کە پێی دەڵێن ژن بە ژن(٢٤). تاک لە مەسەلەی هاوسەرکاریدا حیسابی بۆ ناکرێت و لە رووی نەریتەوە ئەمە پرسێکی دەستەجەمعیە و ئەندامانی نێرینەی خێزان دەیسەپێنن. ئەگەر هاوسەرکاری لە دەرەوەی بنەماڵە و خێڵ ڕێگەی پێ بدرێ، ئەوە ئەو مافە بۆ پیاو دەگەڕێتەوە کە دەتوانێ لە هەمان ناوچەی عەشیرەتەکەیدا ژن لە دەرەوەی بنەماڵە بهێنێ.

سیستەمی ئیندوگامی (ژنخوازی لەنێو ئەندامانی هەمان بنەماڵەدا) ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ ستروکتوری باوکسالاری؛ ئەمە شێوازێکی کۆنترۆڵکردنە کە بالادەستیی نێرینە دەپارێزێ و بەهێزی دەکات، گۆشەگیریی ژنان زیاتر دەکات، هەروەها برەو بە نۆرم و بەها عەشایرییەکان دەدات. دیارە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ماتێریالی لە پشتەوەی ئەم سیستەمەن، بەڵام هۆکاری سەرەکی بریتییە لە پاراستنی سەرمایەی گرووپ کە بریتییە لە کولتووری "شەرەف" هاوتا لەگەڵ پاراستن و برەودان بە نەریت. هەروەک دولانێ (١٩٧٨: ٤٣) ئاماژەی بۆ دەکات، "ئیندۆگامی (ژنخوازی لەنێو بنەماڵە) تا ڕادەیەکی زۆر پێوەستە بە هاوکێشەی شەرەف/شەرمەزارییەوە کە ڕەگی لە تیۆری نەوەنانەوەدا داکوتاوە".

لە ڕابردوودا، عەشیرەت سەرپشک بوو لە یاسا و بەکاربردنی یاسادا. ئەنجوومەنی ریشسپی هەبوو بۆ چاودێریکردنی ئەو پرۆسەیە. ئەندامانی ئەنجوومەنی ریشسپییان بە گشتی پیاو بوون. هەڵبەتە، سەرۆکی عەشیرەت دەسەڵاتی رەهای هەبووە و لەلایەن گشت ئەندامانی عەشیرەتەوە ڕێزی لێ گیراوە و شایانی لێ نراوە. لەم رووەوە، نزیکەی دوو سەد ساڵ پێش ئێستا گەڕۆکێکی رۆهەڵاتناس بە ناوی کینێر دەڵێت: "قسەی سەرۆک عەشیرەت وەکو یاسا حیسابی بۆ دەکرێ و ئەو دەسەڵاتی ژیان و لەناوبردنی هەیە" (کینێر، ١٨١٨: ٤١٠). "کوشتن بە ناوی شەرەف" یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لەناو ئەم بازنەیەدا قسەی لەسەر دەکرێت و پلانی بۆ دادەڕێژرێت.

ئەمڕۆ بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و "مۆدێرنیزاسیۆن" و جموجۆڵی بەتینی دانیشتوان (لە ئەنجامی ڕاگوێزانی ناوەکی و کۆچکردنی زۆرەملێ و شارنشینی و نیشتەجێبوون لە دەرەوەی وڵات) پێکهاتە و رێکخستنی عەشایری بەرەوڕووی لێکترازان و جۆرێک لە هەڵوەشانەوە بوونەتەوە. بۆیە هەموو کورد خۆیان لەنێو بازنەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکانی عەشیرەت و خێڵدا نادۆزنەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵە بەهێزە و وەکو مەرجەع دادەنرێت لە پێناسەکردن و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و پایە و بوونی ماتێریالی تاک و گرووپ لە کۆمەڵگە. ئەمە لە کاتێکدا شەرعیەتی ئایدیۆلۆجیی عەشیرەت و خێڵ بەردەوام وەکو هێزێکی مادی دەردەکەوێ.

شەرعیەتی عەشیرەتگەری لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەمڕۆ کوردێکی زۆر پشت بە دەزگای کۆمەڵایەتیی ناو هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان دەبەستن، کە بریتییە لە پێکهاتەیەک لەلایەن "پیاوماقووڵان" و کەسایەتیی ئاینی و سیاسی و عەشایرییەوە بەڕێوە دەچێت. کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دێنە بەردەم ئەم دەزگایە کە دەسەڵاتی هەیە لە دەرکردنی بڕیار و سەپاندنی سزا و دیاریکردنی چارەسەردا. ئەمە ئیجرائاتێکی عەشایرییە و بۆ مەسلەت و سوڵح لە نێوان ئەو خێزان و گرووپانەدا بەکار دێت کە کێشەیان لەگەڵ یەکتری هەیە. هەرچەندە مەکتەب و دەزگای کۆمەڵایەتی لە پێناوی ئاشتی و ئاشتبوونەوە و رازیکردنی هەردوو لایەن کار دەکات، بەڵام رەنگە هێزیش بەکار بێنێت، وەکو کوشتنی ژنێک لەسەر داواکاریی گرووپێکی بەهێز؛ ئەگەر تەرەفێک لەلایەن عەشیرەتێکی دەسەڵاتدارەوە پشتگیریی لێ بکرێ و داوای کوشتنی ئەندامێکی

تەرەفی دووەم بکات، ئەوە بۆی هەیە کۆمەڵایەتی بڕیار بدات و کوشتنەکە بەئەنجام بگەیەنێت[٢٥]. لە گەلێک کەیسی تایبەت بە پێوەندیی ڕۆمانسی/سێکسییەوە کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کارم لەسەر کردوون، کاتێ سوڵح لە نێوان تەرەفەکان ئەنجام دراوە کە داوا کرابێ هەردوو خێزان یا عەشیرەت کچ یا کوڕەکەیان بکوژن. بەمەش گرفتەکە کۆتاییی هاتووە و ڕێگە لە خوێنڕشتنی زیاتر و بۆماوەیی گیراوە. وەها باوە کە بەبێ دەستتێوەردانی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە ئەو کێشانە بەرەو دوژمندارییەکی خوێناوی و تۆڵەسەندنەوە درێژە بکێشن. لەمەش گرینگتر ئەوەیە دەستتێوەردانی کۆمەڵایەتی /سوڵحی عەشایری دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی و کێشە پێوەندیدارەکان بە مەسەلەی "شەرەف"ەوە چیی تر نابنە مایەی قسە و قسەڵۆکی نێو کۆمەڵگە. ئەمەش شتێکی گرینگە لە دۆخێکدا کە قسە و قسەڵۆک، جا بەبنەما یا بێ بنەما بێت، ڕەنگە ببنە هۆی ڕوودانی کوشتن لەسەر "شەرەف".

کاری مەیدانی لە کوردستانی عێراقدا وردەکارییەکانی ئەم شێوازەی "دادوەریی" پیشان دەدات. لە یەکێ لە کەیسەکاندا، ڕواڵێکی سکپڕ لەلایەن خێزانەکەیەوە بەرەوڕووی هەڕەشەی کوشتن بووبووەوە و دەزگای کۆمەڵایەتی دەستی خستە ناو مەسەلەکەوە و ماڵی خۆشەویستی کچەکەی ڕازی کرد کە کچێکی خۆیان بدەنە ماڵی ڕواڵە سکپڕەکە و بەوەش "سوڵحی" کرد لە نێوان هەردوو خێزاندا. لەم "سوڵحەدا" ماڵی ڕواڵە سکپڕەکە مەرجی ئەوەیان سەپاند کە کچەکەیان ئەو گوندە بەجێ بهێڵێت و لە شوێنێکی تر نیشتەجێ بێت[٢٦] و بەمەش هیچ پێوەندییەکی بە ماڵە باوانیەوە نەمێنێت. بەمجۆرە ئەم ڕواڵە لە کۆمیونیتیی خۆی دابڕا و بۆ خێزانەکەی بەشێوەیەکی سیمبۆلی مرد و لە شوێنێکی دوور نێژرا و لە بیر کرا. ئەم جۆرە مردنە سیمبۆلیە برێتییە لە 'سڕینەوەی پەڵەی پیس و شەرمەزاری'، ئەو پەڵەیەی کە لەبەرئەوەی لە ڕێگەی خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە پاک نەکرابووەوە، ئەوە پێویستی بەدەسەڵاتێکی عەشایریی سیاسی هەبوو تا "سوڵح" ئەنجام بدات و بەمەش تا ڕادەیەک خێزانەکە لە قسە و قسەڵۆکی ناو کۆمیونیتی دوور بخاتەوەکە تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەتوانن ناوی خێزانەکە بەد بکەن. دەزگای کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەم جۆرە دەستتێوەردانەوە "دادوەری" ئەنجام نادات، بگرە لە ڕێگەی هێز و دەسەڵاتەوە جۆرێک لە "چارەسەر"ی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەپێنێ کە لەلایەن کۆمیونیتییەوە قبووڵ دەکرێ. هەروەها ئەم "چارەسەرە" ژن وەکو کاڵا بەکار دێنێ و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکات، بەمەش بەها باوکسالارییەکان بەهێز دەکات و برەو بە لاوازی و بێدەسەڵاتیی ژن دەدات. لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمان ئەوەش پێشان دەدات کە خەڵک بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە بە گومانەوە سەیری دادگەکان دەکەن، چونکە "دادگە نە دەتوانێ دادوەری دابین بکات نە چارەسەریش ئەنجام دەدات، بگرە لایەنێک تاوانبار دەکات.[٢٧]" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کێشەکە کۆتاییی نایێت و سەرهەڵدەداتەوە، چونکە ئابڕووچوون هەڕەشە و تۆڵەسەندنەوە و خوێنڕشتنی بەدوادا دێت. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە لەو کۆمەڵگانەی پێوەندییە عەشایرییەکان زاڵن هاوتا لەگەڵ بەها و نەریتی باوکسالاری پێوەست بە "شەرەف"، ئەوە دەزگای وەک کۆمەڵایەتی هەردەم بەسەر دامەزراوە ڕەسمییەکانی دادوەریدا پەسند دەکرێ.

## دینامیکیەتی سیاسی- سەربازیی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی

دینامیکیەتە سیاسی ـ سەربازییەکانی خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد هۆکارێکی تر بوون بۆ خۆبەدوورگرتن لە یاسای رەسمی و دارێژراوی دەوڵەت. نەبوونی دەوڵەتی-نەتەوەییی کوردی لەم مەسەلەیەدا زۆر واتادارە، چونکە بەهۆی نەبوونی سەربەخۆییی نەتەوەیی، کورد مامەڵەی لەگەڵ حوکمی یاسا وەکو مامەڵەی لەگەڵ هێزێکی بێگانە و داپڵۆسێنەر بووە. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بەرگریی نەتەوەیی برێتی بووە لە رەتکردنەوەی یاسای دەوڵەت (کە لە یەک کات داگیرکەر و بەڕێوەبەر بووە) بەتایبەتی لەمەڕ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی؛ واتە یاساکانی دەوڵەتی بە هی خۆی نەزانیوە و پەیڕەوی نەکردوون. بەمجۆرە رەفتارە، کورد نەریت و بەها کۆن و عەشایرییەکانی بەرز راگرتووە. جگە لەمەش، بەرهەمهێنانەوە و پیرۆز راگرتنی نۆرم و نەریت و بەها تراديسيۆنالیەکان وەکو پاڵنەرێکی بەهێز بەکار هاتووە لە چوارچێوەی گوتاری تایبەت بە ناسنامەی نەتەوەیی. بەمەش بەرەنگاربوونەوەی تێگەیشتنی باوکسالارانەی تایبەت بە ژن و پاراستنی یاسایی لە بەرامبەر "تاوانی شەرەفئامێز" وەکو جۆرێک لە پێشێلکاریکردنی پرسی نەتەوەیی لە قەڵەم دراوە.

هێزی سەربازی کرۆکی سیاسەتی کوردی پێک دەهێنێ. ئەمە خاڵێکە کە لە ماوە و دوای شەڕی ناوەخۆییەوە زیاتر جەختی کراوەتە سەر. خۆپڕچەککردن و هێزی سەربازی کلیلی سەرەکی بوون لە دەستی هەردوو حزبە سیاسییە سەرەکییەکەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەو ناوچانەی کە لەژێر ڕکێفیان دابوو. هەر ئەو هێزە سەربازییەش توخمی سەرەکی بوو لە بەرەوڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی لە بەغدا، هەروەها لە پاراستنی سنووری نێوان خۆشیاندا. لە کاتێکدا هەردوو حزب، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر ئاستی قسە پابەندبوونی خۆیان بە مەسەلەی نەتەوەییی دووپات کردووەتەوە، هەرگیز نەیانتوانیوە پابەند بن بە هێزێکی ئایدیۆلۆجی بۆ دابینکردنی سەربەخۆییی کوردی. بێگومان، پرسی ئەوەی کە ئاخۆ ئەم دوو لایەنە بەڕاستی حزبی نەتەوەیین شیاوی گفتوگۆیە، بە تایبەتی کاتێ دژایەتیی پڕ زەبروزەنگی نێوانیان و توانای هەردوولایان لە هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتە نەیارەکانی دەوروبەر لە پێناوی بەزاندنی یەکتری لە شەڕی براکوژیدا لە بەرچاو بگرین. هەرچۆنێک بێت، ئاشکرایە کە بنەما لەرزۆکەکانی دەسەڵاتی هەردوو حزبەکە، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی نێوانیاندا، بوونە هۆکار بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی حزبەکان پشت بە میلیشیای عەشایری ببەستن بۆ زیادکردنی قورسایی کۆمەڵایەتی و هێزی سەربازییان. بەڵام ئەم جۆرە هاوپەیمانییە بێ نرخ نەبوو؛ بەتایبەتی پێویستیی نزیکبوونەوە لە سەرۆک عەشیرەتەکان و رازیکردنیان بووە هۆی ئەوەی کە جێبەجێکردنی یاسا ئاسان نەبێ، چونکە بڕیاری ئەنجامدانی کردە یاساییەکان یەکسەر بە سیاسی دەکرێ، ئەمەش بەگوێرەی پێوەندیی تۆمەتبار بەلایەنێکی ناو هاوپەیمانییە سەربازییە- سیاسییەکانەوە. واتە هێزە سەربازی-عەشایرییەکان رێبازی یاسایی دیاری دەکەن، نەک سەروەریی یاسا. بەم شێوەیە، سازشکردن لەگەڵ سیستەمی

دادوەریی "نافەرمی" و "عەشایری"، هەروەک لە فۆرمی مەکتەبی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەو دەکرێ، ئەو نرخەیە کە دەبووایە بدرێ بەرامبەر بە زامنکردنی کۆنترۆڵی حزب بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و هاوتا لەگەڵ دابینکردنی بەردەوامیی سەرچاوەی شەرکەری باوەڕپێکراو.

## تارماییی ئوسووڵییەت

داننەهێنان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن رۆئاواوە، هاوتا لەگەڵ دژایەتیی ئاشکرای ئەو هێزە ئیقلیمییانەی کە حوکمڕانیی بەشە جیاجیاکانی کوردستان دەکەن– بە تایبەتی تورکیا و ئێران– و دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوەخۆی کوردستانی عێراق، زیاتر توانای رێکخراوە سیاسییەکانی کوردیان بۆ ئاراستەکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی– ئابووریی دانیشتوان کەم کردەوە. ئەمانە و شەڕی براکوژیی نێوان گرووپە نەیارە کوردییەکان زەوینەیەکی لەباریان رەخساند بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی توخمگەلێکی ترادیسیۆنی و ئاینیی توندڕۆ، بە تایبەتی ئەوانەی وەک گرووپی ئوسوولێی ئیسلامی کار دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، ئەم گرووپانە کە لەلایەن ولاتانی وەک ئێران و شانشینی عەرەبی سعوودیەوە هاوکاری دەکرێن، لە رووی داراییەوە بەهێزن و دەتوانن کار لە خەڵکی بێ دەرامەت و هەژار بکەن و بە سەرچاوەی داراییان بۆ لای خۆیانیان راکێشن. ئایدیۆلۆجیای ئەم گرووپانە لە یەک کاتدا دژ بە رۆئاوا و دژ بە "مۆدێرنیتێ"یە. ژن ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیای ئەم گرووپانە پێک دەهێنێ، بەڵام تەنیا بۆ جەختکردنەوە لەسەر نکووڵیکردن لە چەمکی یەکسانی لە مەسەلەی دیاریکردنی "رۆڵ" و "ئەرک"ی ژن بەپێی سیستەمی بەها کۆنەکان (بەگیخانی، ١٩٩٧). بەم شێوەیە، سەرباری شەڕ و بەرەنجامە ماتێریالیەکانی، گەشەسەندنی ئوسووڵییەت بوو بەبزوێنەرێکی تر بۆ بەهێزکردن و برەودان بە رەفتار و ئایدیا باو و کۆنەکان.

## کەیسی سۆران

لە شەوێکی هاوینی ساڵی ١٩٩٨دا لە شاری کۆیە، سۆرانی ٢٠ ساڵە بەرەو ماڵی خۆیان دەگەڕایەوە و لە رێگە تەقەی لێ کرا. سۆران نەمرد، بەڵام زۆر بەسەختی بریندار بوو و گەیەندرایە نەخۆشخانە. هۆکاری ئەو هەوڵەی کوشتنی سۆران ئەوەبوو کە دەنگۆی ئەوە هەبوو گوایە سۆران لەگەڵ کچێکی گەڕەک پێوەندیی خۆشەویستیی هەبووە. ئەو دەنگۆیە وا لە براکانی کچەکە دەکات کە پلانی کوشتنی سۆران دابڕێژن. هەر لەو شەوەی کە تەقەیان لە سۆران کرد، براکان خوشکەکەی خۆشیان "بردبووەوە دەرەوەی شار و کوشتبوویان". براکان سەرنەکەوتنی پلانی کوشتنەکەی سۆران و رزگاربوونی ئەویان بە سووکایەتی و سەرچاوەی "بێشەرەفی"ی خۆیان و خێزانەکەیان لە قەڵەم دەدا. ئەمەش بووبووە مایەی بەردەوامیی هەڕەشە بۆ سەر ژیانی سۆران". بۆیە دوای دەرچوونی سۆران لە نەخۆشخانە، سۆران خرایە ژێر چاودێریی هێزەکانی ئاسایشی (ی. ن. ک) " لە پێناوی پاراستنی لە برا تووڕەکانی کچەکە"[٢٨].

بگرە مەکتەبی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی گرووپێکەوە کە لە ریشسپی و نوێنەرانی حزب و پیاوانی ئاینیی شارەکە پێکهاتبوو بەمەبەستی سوڵحکردن هاتە پێشەوە. دوای چەند مانگێک لە کۆبوونەوە و ڕاوێژ و وتووێژ، نوێنەرانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بڕیاریان دا کە خێزانی سۆران بڕە پارەیەکی زۆر بدات بە ماڵی باوانی کچەکە. ئەم بڕیارە لە ئەنجامی ئەوە هات کە سۆران نە خوشکی هەبوو و نە برازا و ئامۆزاش تا بیدات بە براکانی کچەکە، بۆیە بڕیار درا بە پارە سوڵح بکەن. بەڵام خێزانی سۆران هەژار بوون و ئەو پارەیان نەبوو بیدەن، بۆیە هەوڵیان دا کەمی بکەنەوە. لە کۆتاییدا و دوای دەستێوەردانی بەرپرسێکی باڵای (ی. ن. ک) پارەکە بۆ ٩٠ هەزار دینار کەم کرایەوە. ماڵی سۆران ناچار بوون ئەو تاکە خانووەی کە هەیانبوو و تێیدا دەژیان بفرۆشن بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیە کە بەئامادەبوونی دوو شایەتحاڵی پیاو لە هەردوولا و ئەندامانی کۆمەڵایەتی و چەند "پیاوماقووڵێکی" بێلایەنی شارەکە و هاوتا لەگەڵ بەرپرسە باڵاکەی (ی. ن. ک) رادەستی ماڵی کچەکە کرا. بەپێی تێگەیشتنی خێزان و کۆمیونیتی، ئەو پارەیەی کە درا بە ماڵی کچەکە لە جیاتیی "خوێنی کچە کوژراوەکە و بۆ سڕینەوەی ئەو لەکەیە بوو کە بووبوو بەمایەی "بێشەرەفی"ی خێزانەکە. دیارە رزگاربوونی سۆران لە کوشتن بووبوو بەهۆی "بێشەرەفبوونی" زیاتری خێزانی کچەکە. سەرەنجام ماڵی سۆران بێ ماڵ و حاڵ مانەوە.

کەیسی سۆران نەهێنرا بەردەم دادگە. گەلێک لەو کەسانەی کە لەبارەی کەیسەکەوە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن، ئەو "چارەسەرەیان" بە "ناعادیلانە" لە قەڵەم دەدا[٢٩]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکەکە بەگشتی پێیان وابوو کە ئەگەر دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی نەبووایە، ئەوە خوێنی زیاتر دەڕژا و سۆران هەرگیز نەیدەتوانی جارێکی تر لە شارەکەی خۆیدا پیاسە بکات.

هەرچەندە سۆران درایە بەرگوللە، ئەو لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵماندا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک پێوەندیی لەگەڵ ئەو کچەدا نەبووە و براکانی کچەکە لەسەر بنەمای دەنگۆی بێ بنچ و بناوان و قسە و قسەڵۆک رەفتاریان کردووە. لەمەش زیاتر، هیچ لێپرسینەوەیەکی دادوەری نەکرا و کەس باسی ئەو ستەمەی نەکرد کە لەلایەن براکانەوە لە خوشکەکە کرا. لە جیاتیی ئەوەی براکان بدرێنە دادگە و لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ، ئەوە خێزانی سۆرانی بەسەختی برینداربوو ناچار کران کە قوربانیی زیاتر بدەن تا لەسەر دەستی پیاوانی توندڕۆ تووشی ئازار و ئەشکەنجەی زیاتر نەبن.

ئەو سوڵحەی کە لەم کەیسەدا هاتە ئەنجامدان بەشێک بوو لە باڵانسی سیاسیی ئەو هێزانەی کە لە ناوچەکەدا باڵادەست بوون. ڕووداوەکە لە ساڵی ١٩٩٨ ڕووی دا، لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا. خێزانی کچەکە سەر بە عەشیرەتێکی چەکداری بەهێز بوون کە لایەنگیری (ی. ن. ک)یان دەکرد. سەرکردایەتیی سیاسیی (ی. ن. ک) لە شارۆکەکە پشتیان بەدەسەڵاتی چەکداریی ئەو عەشیرەتە بەستبوو، بۆیە ئامادە بوون داواکاریی لایەنی دەستدرێژیکەر و ستەمکار جێبەجێ بکەن، بەمەش لایەنگیریی سەربازیی ئەو گرووپە بۆ خۆیان درێژە پێ بدەن. چونکە سەرکردایەتیی سیاسی دەیزانی کە وەفاداریی عەشایری بۆ حزبەکان دەشێ بگۆڕێ؛ ئەگەر داواکاریی

عەشیرەتەکە رەت بکرێتەوە ئەوە لەوانەیە ئاراستەی خۆی بگۆڕێ و ببێتە لایەنگیری حزبی نەیار. ئەگەر ئەو راستییەش زیاد بکەین کە بنەماڵەی سۆران لە رابردوو هاوسۆزیان لەگەڵ (پ. د. ک)دا هەبووە، ئەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ (ی. ن. ک) تا لایەنگیری عەشیرەتێکی چەکدار بدۆڕێنێ بەناوی بەدیهێنانی "دادوەری" بۆ خێزانێک کە نە لە رووی مێژووییەوە و نە لە رووی هێز و دەسەڵاتەوە هیچی نەبوو بیدا. جا کاتێ رەهەندی سیاسیی کەیسەکە لە بەرچاو دەگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە حزبایەتی و دابەشبوونی کۆمەڵگە و پارچە پارچە بوونی بەسەر حزبەکاندا بارودۆخێکیان لە کوردستان دروست کردووە کە بووەتە مایەی برەودان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوانکاری.

## پێچەوانەی شەپۆل: دەنگی ژنانی کورد

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠کانەوە، هاوتا لەگەڵ پرۆگرامی "ئاسمانی ئارام" و پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک رێکخراوی نوێی ژنان دروست بوون و رێکخراوەکانی پێشووش چالاکتر بوون[٣٠]. دەتوانین چەند هۆکارێک بخەینە روو بۆ لێکدانەوەی ئەم بارودۆخە، لەوانە دروستبوونی چەند رێکخراوێکی نوێی سیاسی، وەکو پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە رێکخراوی ژنانیان هەبوو؛ ئامادەیی کۆمەڵێک رێکخراوی نێودەوڵەتیی ناحکوومەتی (NGO) کە سپۆنسەری هەندێ لە چالاکییەکانی رێکخراوەکانی ژنانیان دەکرد؛ هەروەها گەڕانەوەی ژنانی کوردی دیاسپۆرا دوای چەندان ساڵ ژیان و ئەزموون لە دەرەوەی وڵات. لە پاڵ کاری خێرخوازانە و پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ژمارەیەک لەم رێکخراوە ناوەخۆییە نوێیانە دەستیان کرد بە کەمپەین لە دژی توندوتیژی لەسەر بنەمای "شەرەف"[٣١]. ئەو کەمپەینانە زۆر چالاکییان دەگرتە خۆیان، وەک ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە لەبارەی جێندەر و توندوتیژییەوە، دامەزراندنی شێڵتەر بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف، هاوتا لەگەڵ داواکاریی گۆڕانکاری لە یاسای سزای عێراقدا. لە رێگەی ئەو چالاکییانەوە، چالاکوانانی بواری مافی ژن و رێکخراو و کەمپەینسازان سەرەتایەکیان دەست پێ کرد بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆجیای زاڵی باوکسالاری و ئەو کردانەی کە ئەو ئایدیۆلۆجیایە برەویان پێ دەدات. ئەم رەوتە ئەو رێکخراوە سیاسییانەشی گرتەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان لەو مەسەلانە بەدوور دەگرت.

بەهەرحاڵ، توانای رێکخراوەکانی ژنان لە خۆبەدوورگرتن لە شێوازە باڵادەستەکانی باوکسالاری تەواو نەبوو. لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمان پێشانی دەدات کە هەندێک لەو رێکخراوانە هاوکاریی دەزگای کۆمەڵایەتی دەکەن؛ ئەگەرچی تا رادەیەک بەشداریکردنی ژنان لە ئەنجامدانی سوڵح لە نێوان دوو بنەماڵەی ناکۆک لەسەر پرسی "شەرەف" وەکو حاڵەتێکی ئەرێنی خۆی نواندووە و بە لایەنی کەمەوە ئەوەش دەردەخات کە جمووجۆڵ و چالاکییەکانی ژنان لەلایەن حزبەکان و کۆمەڵگەشەوە شەرعیەتیان پەیدا کردووە. بەڵام بەشداریکردنی ژنان لە کۆڕبەندە تێکهەڵکێشەکانی دادوەریی عەشایەریدا تا رادەیەکی زۆر کێشەئامێزە. ئەمەش بە تایبەتی

لەبەرئەوەی کە هەندێ جار ئەو ژنانە رازی دەبن و بەشداری دەکەن لە بەدیهێنانی هەندێ شێوازی "چارەسەر" کە بەهای ژن و مافەکانی پێشێل دەکات، وەکو بۆ نموونە ژن بە ژن و گەورە بە بچووک[٣٢]، کە لەگەڵ پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ یەک ناگرنەوە.

دیارە سازشی رێکخراوەکانی ژنان و گرفتی پاراستنی سەربەخۆییان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەختەی کوردستانی عێراق کە ژنان کاری تێدا دەکەن. ئەو ژنانەی کە لە دەرەوەی کوردستان و لە دیاسپۆرا چالاکوانن و کاری رێکخراوەیی دەکەن، هەرچەندە بەتەواوی لە چاوی کۆمەڵگە و توندوتیژیی کۆمیونیتی رزگار نەبوون، بەڵام بواری کار و چالاکی بۆ ئەوان فراوانترە. ئەوان لە زەوینەیەکی کراوەتر و ئازادتردا دەژین و زیاتر دەستیان بە تەکنەلۆجیای نوێی کۆمیونیکاسیۆن رادەگات، هەر بۆیە ژنانی کوردی دیاسپۆرا توانیویانە بەشدار بن لە بەهێزکردنی ژنان و رێکخراوەکانیان لە نیشتمان. چەند جموجۆڵێکی ژنانی کوردی دیاسپۆرا لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەون.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ەکاندا، کۆمەڵێک ژنی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا هەڵوێستیان لە دژی شەڕی براکوژی وەرگرت و یاداشتێکیان بڵاو کردەوە کە لەلایەن چەندان ژنی کوردەوە ئیمزا کرابوو. لەو یاداشتەدا ژنانی کورد رەخنە لە سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەگرن بەوەی کە بەهۆی سیاسەتی خراپی ئەوانەوە توندوتیژیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە برەودایە[٣٣]. لەم دەستپێشخەرییەوە، زنجیرەیەک چالاکی و کردار دەستیان پێ کرد. ئەو چالاکییانە دواتر لە کەمپەینێک دژی 'توندوتیژی لە سەر بنەمای شەرەف' دا بەرجەستە بوون. لە ساڵی ١٩٩٥دا، چەند ئەندامێکی ئەو تۆڕە بەشدارییان کرد لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مەسەلەی ژن لە پەکین و دەنگیان گەیاندە جەماوەرێکی فراوانتر. لە مارتی ساڵی ٢٠٠٠دا و بەبۆنەی یەکەمین رۆژی جیهانیی ژنان لە هەزارەی سێیەمدا، کۆمەڵێک لەو ژنانە و چەندان ژنی تری پارچە جیاجیاکانی کوردستان لە کۆنفرانسێکدا لە لەندەن کەمپەینی ژنانی کورد دژی توندوتیژیی شەرەفپارێزیان راگەیاند، کە دواتر بەناوی بزووتنەوەی ژنی کورد دژی توندوتیژی بەناوی شەرەفەوە (KWAHK) ناسێندرا. ئەو کەمپەینە بەدروشمی "شەرەف لە کوشتندا نییە" دەستی پێ کرد.

ئەو تۆڕەی کەمپەین چالاکانە دەستی کرد بە هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی لەبارەی "توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف" لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا. بەهۆی هەبوونی پێوەندیشی لەگەڵ ژنانی کوردستان، ئەو تۆڕە لەو قۆناغەدا توانی ببێتە پردێک و دەنگی ژنانی کوردستان بگەیەنێتە دەرەوە. یەکێ لە ستراتیجیەتە سەرەکییەکانی ئەو تۆڕە برێتی بوو لە گەیاندنی دەنگی ژنی کورد و بارودۆخیان بە "رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە ناحکوومەتییە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتێکی رۆئاوا و ئاگادارکردنەوەیان کە بەهۆی پشتگیرییان لەو رژێم و حزبانەی مافی مرۆڤی ژن پێشێل دەکەن، ئەوانیش بەشدار دەبن لە برەودان بە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر"[٣٥]. هەر لە سەرەتای

دروستبوونیەوە، ئەو تۆڕە ئەو ستراتیجیەتەی گرتە بەر ئەمەش بە ئاراستەکردنی مافی ژنی کورد و دروستکردنی هۆشیاری لەبارەی بارودۆخی ژنی کوردستانەوە لە ڕێگەی کۆڕ و کۆنفرانس و بڵاوکراوە لەسەر ئینتەرنێت و لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانیشەوە. هەروەها ئەو ستراتیجیەتە لە ڕێگەی بەشداریکردن لە بەرنامە و گفتوگۆی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ناوخۆ و بیانیدا زیاتر برەوی پێ درا. هەمان مێتۆد بەکار هات بۆ زیادکردنی هۆشیاریی ژنانی کورد لەبارەی مافەکانیانەوە و ڕۆلیان لە کۆمەڵگە و گرینگییان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. لە ئاداری ٢٠٠٠دا، کاتێ کەمپەینەکە ڕاگەیەندرا، ئەو تۆڕە لە ڕێگەی کۆنفرانسێکەوە گفتوگۆیەکی کراوەی لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" ساز دا کە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی کۆمیونیتیی کوردی لە لەندەن ئامادەی بوون. جگە لە "پێشکێشکردنی چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە، لە ڕێگەی پێشاندانی سلاید و شیعر خوێندنەوەوە یادی کۆمەڵێک لەو ژنانە کرایەوە کە لە کوردستانی عێراق لەلایەن خێزان و کەسوکاریانەوە لەسەر شەرەف کوژرابوون". هەروەها لەبەرئەوەی کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف ڕەهەندی سیاسیی هەیە، ئەو تۆڕە لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا کۆنفرانسێکی ڕێک خست و نوێنەرانی سیاسیی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری لە کوردستان داوەت کرد تا هەڵوێستی خۆیان دەربڕن و گوێ لە ڕای کەسایەتیی ئەکادیمی و چالاکوانان بگرن وەکو جۆرێک لە هۆشیارکردنەوە لەمەڕ توندوتیژی لەسەر مەسەلەی شەرەف. ئەمەش بەشێک بوو لە ستراتیجیەتی دیالۆگ و هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتی لەمەڕ ئەو پرسە کە تۆڕەکە هەر لە سەرەتاوە ئاراستەی کردبوو.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەو تۆڕە بەشداریی کرد لە ڕێکخستنی چەندان کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەبارەی پرسی تاوانی پێوەست بە شەرەفەوە و؛ ئامادە بوو لە چەندان وتووێژ و ڕاوێژکاری لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتیی چەند وڵاتێکی ئەوروپایی وەکو سوێد و بەریتانیا. هەروەها لە پایزی ٢٠٠٠دا لە کۆبوونەوەیەک لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشداریی کرد بۆ پێشکێشکردنی بارودۆخی ژن لە کوردستان. ئەندامانی ئەو تۆڕە (پێش کەمپەینی کواکیش) لە ستراتیجییەت و وەڵامیان بۆ ئەو مەسەلەیە هەوڵی ئەوەیان دا کە نەبوونی خزمەتگوزاریی تایبەت بەو ژنانە ئاراستە بکەن کە لەلایەن خێزان و کەسوکاریانەوە لەژێر هەڕەشەدا بوون. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨دا، بە دەستپێشخەریی چالاکوانێکی کورد بەناوی خاتوو نازەنین ڕەشید کە یارمەتیی ڕێکخراوێکی بەریتانیایی بەناوی سیپەی کارەساتی کوردستان بەدەست هێنا، لانەی ئارام بۆ ژنان کرایەوە. ئەو پەناگایە کە تا ئێستاش لەژێر سەرپەرشتیی یەکەتیی ژنانی کوردستان بەردەوامە، توانی داڵدەی سەدان ژنی هەڕەشەلێکراو بدات. دیارە ئەمە یەکەم پەناگای ژنان نەبوو لە کوردستان؛ پێشتر پەناگایەکی تر بەناوی ماڵی سەربەخۆی ئافرەتان لەلایەن ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە (کە سەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو) دامەزرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی هێرشی کرایە سەر و داخرا. سەرەڕای کەموکوڕییان لە بەجێهێنانی کارەکانیان، دروستبوونی ئەم شێڵتەرانە هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ واقیعی کوردستان و پاراستنی ژنانی هەڕەشەلێکراو.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوە بوترێ کە ئەو تۆڕەی کواک تاکە کەمپەین نەبوو لە دژی توندوتیژی

لەسەر بنەمای شەرەف، بگرە زۆر کەمپەین و گرووپی تریش لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان چالاک بوون لەم بوارەدا(٣٦). بەڵام ئەمانە زۆرجار پێکەوە و بە یەکگرتوویی کاریان نەکردووە. ئەو هۆکارانەی کە ڕێگر بوون لە بەردەم یەکگرتنی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە لە هاوپەیمانییەتێکی فراواندا بریتی بوون لە: ئاراستەی سیاسیی جیاوازی ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە کە هەندێکیان سەر بە حزبەکان بوون بە چەپ و ئەوانی تریشەوە و هەندێکیشیان سەربەخۆ بوون و تەنیا لە پێناوی مەسەلەی ژن و بەبێ هیچ ئامانجێکی حزبی کاریان دەکرد. هەروەها، تۆڕی کواک بە تەنگ ئەوەوە بوو کە لە کاتی داڕشتنی ستراتیجیەتی وەڵامدانەوەی "تاوانی پێوەست بە شەرەف" خۆی بەدوور بگرێ لە مەترسیی لەکەدارکردنی کۆمەڵگە و کولتوور و ئاینی دیاریکراو، بە تایبەتی لە دوای ١١ی سێپتێمبەرەوە کە ڕەوتێک هەبوو بۆ دابەشکردنی جیهان لە نێوان باشوور و باکور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئیسلام و مەسیحیدا. ئەمە لە کاتێکدا لەنێو گرووپە چەپە ڕادیکالەکاندا هەوڵ هەبوو بۆ ئەوەی "تاوانەکانی شەرەف" بە ئاینی ئیسلامەوە گرێ بدەن. دیارە ئەم مێتۆدە دەبێتە هۆی ڕێگر لە بەردەم دروستکردنی دیالۆگ و سوودیش بە قەزیەکە ناگەیەنێت؛ چونکە بە ڕای من و ئەوانی تری ناو تۆڕی کواک "توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف" بەشێکە لە توندوتیژیی جێندەری و ڕەگی لە کولتووری باوکسالاری داکوتاوە و پێویستە لە ڕوانگەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە ئاراستە بکرێت نەک لە چوارچێوەی کولتوور و کۆمەڵگە و ئاینێکی دیاریکراوەوە.

## سەرەنجام

ئەم چاپتەرە باسی "تاوانەکانی شەرەف" بە گشتی و "کوشتن بە ناوی شەرەفەوە" بە تایبەتی لە دۆخی هەرێمی نیمچە-ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقدا کرد. هەروەک چاپتەرەکە دەریدەخات ، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا خاو بوو لە گۆڕانکاریی یاساکانی ڕژێمی بەعس کە ئاسانکاریان بۆ ئەو تاوانانە دەکرد. یاسا عێراقییەکان لەمەڕ ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەک داڕێژراون کە بەردەوامی بەکۆیلەکردنی ئافرەت و سنووردارکردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دەدەن لە بەرژەوەندیی پاراستنی بیر و بۆچوونی باو و "نێرانەی" تایبەت بە "شەرەف" بەئامانجی سڕینەوەی "شەرمەزاری و عەیبە". کەیسی پێلا ئەتروشی بە ڕوونی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانە ئاشکرا دەکات کە پشتگیری لە "تاوانی پێوەست بە شەرەف" دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەو شێوازانەی کە خێزان ئامادەیە بیانگرێتە بەر لە پێناوی دوورخستنەوەی "شەرمەزاری" و پاککردنەوەی "شەرەف"، هاوتا لەگەڵ لێکدانەوەی بەخشندەئامێزی یاسایی بۆ ئەو جۆرە تاوانانە.

هەرچەندە ژنان سەرمەشق بوون لە بانگەواز بۆ ریفۆرم لە یاسادا، بەڵام پرۆسەکە هێشتا ناتەواوە. ئەمەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە لەنێو توێژەکانی یاسازان و دادوەراندا بەرهەڵستکاری هەیە دژی گۆڕانکارییەکانی یاسادا، بگرە ئاشکرایە کە بواری لێبووردەیی دادوەری بۆ "تاوانەکانی شەرەف" هێشتا لە بەشێکی بەندە یاساییە پێوەندیدارەکاندا کارایە. لەمانەش گرینگتر ڕەنگە ئەوە بێت کە زۆر کۆسپی گەورە هەن لە بەردەم گۆڕانکاریی جەوهەریدا؛ ئەو

کۆسپانە رەگیان لە پاشماوەی عەشایەریەت و ستروکتوری کۆمەڵایەتیی کوردیدا داکوتاوە (ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکرا لە پشبەستن بە دەزگای کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ)، هاوتا لەگەڵ بالادەستیی بەردەوامی میلیتاری و کێشە نەتەوایەتییە چارەسەرنەکراوەکان و بوونی ئوسوولیەتی ئیسلامیش. کەیسی سۆران بەتەواوی پێشانی دەدات کە چاکسازی زۆر دوورە لەوەی کە کامڵ بێت.

لەو باروودۆخەدا، ژنانی کورد بەردەوامن لە دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە پێناوی گۆڕانکاریی حەقیقیدا. پرۆسەی ریفۆرمی یاساییش لەم بوارەدا بەبێ کار و چالاکییەکانی ژنانی کورد نەدەکەوتە سەرپێ. بەلام ئاشکراشە کە بەرەوڕووبوونەوە و بەرهەڵستکاری کارێکی مەترسیدارە. گەلێک چالاکوانی ژن لەگەڵ ئەوەدا نین کە پرسی "تاوانەکانی شەرەف" و کوشتنی ژن لەسەر "شەرەف" قسەیان لەسەر بکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەو ژنانە خۆشیان بەندن لە کۆمەڵگەیەکدا کە پاڵەپەستۆ هەیە بۆ بێدەنگبوون و هاوتا لەگەڵ دەنگۆ و قسە و قسەڵۆک کە ژنان بەرەوڕووی مەترسیی ناوزڕان و توندوتیژی دەکاتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەنگی نارەزایی و بەرهەڵستکاری بچووک نەبووەتەوە بۆ ئەوە دۆخە داخراوەی ناو کۆمەڵگە. مەنفا و دیاسپۆرا زەوینەیەکی تا رادەیەک بێ ترسیان ساز کرد بۆ کۆمەڵێک ژنی چالاکی کورد. بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێی کۆمیونیکاسیۆن و زانیاری، تۆڕگەلێکی کارا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان خرانە سەرپێ. ئەو تۆڕانە توانایان هەبوو لە دروستکردنی پێوەندی و رێکخستن و مۆبیلیزەکردنی سەرچاوەکان دوور لە شێوازی باو و تەقلیدی و توانییان پەردە لە رووی کردەوەی نارەوا هەڵدەنەوە و دەسەڵاتیش بخەنە ژێر چاودێرییەوە.

ئەمانە تەنیا سەرەتان. لە کاتێکدا شەڕ و بەردەوامبوون لە "ئازادکردنی عێراق" هاوکار بوون لەوەی کە پرسی مافی مرۆڤ بخرێنە بەرچاوی دنیا، ئاشکرایە کە ئەو کەمە گۆڕانکارییەی لە یاساکانی پێوەست بە "تاوانەکانی شەرەف" کراوە لەوانەیە لەژێر هەژموونی ئوسولیەتی ئیسلامیدا بسڕێتەوە. ژنانی کورد لە چەقی ناوچەیەکدان کە بە قۆناغێکی توندوتیژیی دووبارە بنیاتنانەوەدا رەت دەبێ. جا داهاتوو چۆن دەبێ، شتێکی نادیارە، بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئاکامەکان بۆ ژنانی کوردستان پێوەندییان بە ژیان و مەرگەوە هەیە.

پەراوێز

١- لەو کاتەدا بەرەیەکی یەکگرتوو هەبوو کە زۆربەی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردی لەخۆی گرتبوو، بەلام پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بالادەسترین حزب بوون و زۆرترین جەماوەریان هەبوو.

٢- پێنج لەو ژنانە نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دەکرد و دووانەکەی تر سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. پێویستە ئەوەش بوترێ کە حەوت مەلاش وەکو ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرابوون و لەمانە پێنجیان نوێنەرایەتیی پارتی و دووانیان نوێنەرایەتیی یەکێتییان دەکرد.

٣- بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان (١٤ی نیسانی ١٩٩٥).

٤- زاراوەی براکوژی مانا و بیرۆکەی باوکسالارانە لە خۆی دەگرێت و زۆر کەس لە کوردستان زاراوەی

شەڕی ناوەخۆ یا خۆکوژی بەکار دێن.

٥- ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە تا ساڵی ١٩٩٨ی خایاند، کاتێ سەرکردەی هەردوو حزبی شەڕکەر ڕێککەوتنێکی ئاگربەستیان ئیمزا کرد لەژێر سەرپەرشتیی ئیدارەی کلینتۆن و بەئامادەبوونی وەزیری ئەو کاتی دەرەوەی ئەمەریکا، خاتوو مادلین ئۆلبرایت. بەڵام شەڕی ناوەخۆ/خۆکوژی لە شێوازی شەڕی سارد تا دوای ڕووخانی سەدام حوسێن بەردەوام بوو.

٦- لە کاتی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمدا، کۆمەڵێک ئەفسەری پۆلیس و بەرپرسی تری ڕەسمی لە دهۆک و سلێمانی و هەولێر، سەرەڕای سەختیی بارودۆخەکە، بە دڵسۆزی یارمەتییان دام و چەندان بەڵگەنامە و زانیارییان خستە بەردەستم. لێرەدا بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لەبەر زۆر هەلومەرجی تایبەت و لەسەر داواکاری خۆیان ناتوانم ناویان بێنم.

٧- بڕیاری ژمارە ٢١٤٧/ تاوان/ ٩٧٣، لە (مجلة النشرة القضائية)، ژمارە ٤، ساڵی ٤، بەغدا، ١٩٧٣.

٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری داد لە ئیدارەی سلێمانی، سلێمانی، نیسانی ٢٠٠٤.

٩- ئەم جۆرە تۆمەتبارکردن و گلەییيانە بەشێوەیەکی تایبەت لایەنە سیاسییەکان پەنای بۆ دەبەن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیستەمی دادوەری. هەروەها شکستیی سیستەمی دادوەری لە سزادان و سەرکۆنەکردنی بکوژان لە تاوانی پێوەست بە شەرەفدا بەوەش پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ نییە و لەلایەن ڕۆئاواوە دانی پێ نەهێنراوە، بۆیە لە توانایدا نییە یاسای تایبەت بەخۆی دەربکات.

١٠- بەگوێرەی گەواهیی یەکێ لە مامەکانی پێلا کە لە کوشتنەکەدا بەشداریی کردبوو.

١١- لە پێوەندییەکی تەلەفۆنییەوە وەرگیراوە لەگەڵ ئەفسەری پۆلیسی لێکۆڵەری سوێدی کیکیس ئەلگامۆ لە مایسی ٢٠٠٤دا. ئەلگامۆ نەک تەنیا لە کەیسەکەی کۆڵیوەتەوە و کاری لەسەر کردووە، بگرە هاوکار بوو لە ڕزگارکردنی گیانی خوشکە بچووکەکەی پێلا و گەیاندنی لە دهۆکەوە بۆ سوێد. دواتر کەیسەکە لە سوێد گەیشتە بەردەم دادگە؛ مامەکان درانە دادگە و دواتر فەرمانی زیندانیی هەتاهەتاییيان بۆ دەرچوو.

١٢- دادگەی تاوانی دهۆک/٨١/ج/٩٩٩. لێرەدا کەیسی پێلا بەپێی وتەکانی خوشکە بچووکەکەی و دایکی نووسراوەتەوە کە لە دادگە رایان گەیاندبوو و لە فایلەکەدا پارێزراوە.

١٣- لە وتاری پارێزەرەکە وەرگیراوە کە لە تۆمارەکانی دادگەدا هەڵگیراوە.

١٤- شەڕی ناوەخۆ/خۆکوژی حکوومەتی هەڵبژێردراوی لەکار خست و لە ساڵی ١٩٩٦دا (ی. ن. ک) حکوومەتی خۆی لە سلێمانی پێک هێنا. شایانی باسە کە لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا یەک دادگەی باڵا هەبوو کە بارەگاکەی لە هەولێر بوو؛ ئیدارەی یەکێتی تا ساڵی ١٩٩٨ دەزگایەکی پێداهەڵچوونەوەی دادوەری نەبوو. ئەمانە هەمووی گوزارشت لە شکستخواردووی سیستەمی دادوەری دەکەن.

١٥- بۆ نموونە، بڕوانە: ئەمنێستی ئینتەرناشنال، ٢٠٠١ ء/ ٢٠٠١ ب.

١٦- فادیمە شاهیندالْ خەڵکی کوردستانی تورکیا بوو و تەمەنی ٢٦ ساڵ بوو کاتێ لەلایەن باوکییەوە لە ئۆپسالا کوژرا. فادیمە دوای ئەوەی ڕازی نەبوو بەپێی پلانی خێزانەکەی شوو بکات، ماڵی بەجێ هێشت و چوو لەگەڵ برادەرە سوێدییەکەی ژیانی دەست پێ کرد. فادیمە بەرگریکارێکی چالاکی مافەکانی ژنانی گەنج بوو لەناو کۆمیونیتێ ئێتنیکییەکانی سوێد و لە پەرلەمانی سوێدی وتاری لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە پێشکێش کرد و چەندان وتاری لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە بڵاو کردەوە. باوکی

فادیمە گیرا و دادگەیی کرا و بڕیاری زیندانیی هەتاهەتاییی بۆ دەرچوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: www.kwahk.org

١٧- دادگەی تاوانی دهۆک/ژ ٢٨٣/ج/ ٢٠٠٤.

١٨- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوان، خاتوو تاڤگە عەباس، هەولێر، ٣ی نیسانی ٢٠٠٤.

١٩- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دادوەر رزگار محەمەد، سلێمانی، ٨ ی نیسانی ٢٠٠٤.

٢٠- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دادوەرێک لە هەولێر کە نەیویست ناوی بهێنین، نیسانی ٢٠٠٤.

٢١- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فەرمانبەرێکی ژن لە دادگەی تاوانی سلێمانی، نیسانی ٢٠٠٤.

٢٢- لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک زاراوە هەن بۆ دەربڕینی یەکە جیاوازەکان و مانا ئەنترۆپۆلۆجییەکانیان، ئەم زاراوانە گوزارشت لە ئاڵۆزیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- سیاسیی کوردی دەکەن هاوتا لەگەڵ جیاوازییە کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکانی بەشە جیاجیاکانی کوردستان. بڕوانە بەگیخانی، ١٩٩٧.

٢٣- بە وتەی خاتوو تەلار نادر لە سەنتەری راگەیاندن و رووناکبیریی ژنان، ئێستا لە کوردستانی عێراقدا ١٨٠٠٠ کچ هەن کە بە ساوایی بەڵێنی بەشوودانیان دراوە. بڕوانە ژیانی ژن/ڕوانینی هونەرمەند، پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان تۆڕی کواک و رێکخراوی باڵندەبارانی فرەنسایی و سەنتەری ڕاگەیاندن و رووناکبیریی ژنان، لە www.kwahk.org

٢٤- بڕوانە "لێکۆڵینەوەیەک لە کولتووری باوکسالاری و کاریگەری لەسەر شێوازەکانی ژنخوازی لە پارێزگای هەولێردا"، لەلایەن سەنتەری خاتووزین-ەوە ئەنجام دراوە، بە چاودێریی دوکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی، ئابی ٢٠٠٣.

٢٥- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دوکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، بەشی مێژوو لە زانکۆی دهۆک، نیسانی ٢٠٠٤.

٢٦- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ قایمقامی کۆیە، خاتوو کوردە عومەر، نیسانی ٢٠٠٤.

٢٧- وەرگیراوە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پارێزەرێکی لە دادگەی هەولێر، نیسانی ٢٠٠٤.

٢٨- بە قسەی سەرچاوەیەک لە دەزگای ئاسایشی شارەکە.

٢٩- ئەو برایانە بە پارەکەی ئۆتۆمۆبێلێکیان کڕی و دوای چەند مانگێک تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ هاتن. خەڵکی ناوچەکە کە باسی ئەمەیان دەکرد دەیانگوت ئەوان شایانی ئەو چارەنووسە بوون چونکە ئەمە ئاکامی خواردنی پارەی حەرامە.

٣٠- لە رووی مێژووییەوە، فێمینیزمی کوردی لەنێو رێکخراوە نەتەوەییەکانی کورددا سەری هەڵدا و گەشەی کرد. بۆیە وا دەردەکەوێ کە رزگاریی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکیی بووبێ بۆ رێکخراوەکانی ژنان. تا ساڵی ١٩٩١، سێ رێکخراوی سەرەکی هەبوون و کە سەر بە سێ حزب بوون: یەکەتیی ئافرەتانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٥٢ لەناو (پ. د. ک) دامەزرا، یەکەتیی ژنانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٨٩ لەناو یەکێتی دامەزرا لەگەڵ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان کە سەر بە حزبی کۆمونیست بوو.

٣١- کەمپەین لە دژی "تاوانی پێوەست بە شەرەف" لە ناوەوەی کوردستان سەرەتا لەلایەن رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە دەستی پێ کرد کە سەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو. دوا بەدوای ئەوانیش، سەنتەری راگەیاندن و رووناکبیریی ژنان دەستی کرد بەچالاکی. بڕوانە ژمارەکانی

بڵاوکراوەی "یەکسانی" کە لەلایەن ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە لە سلێمانی دەردەچوو. هەروەها ڕۆژنامەی "ژیانەوە" کە یەکەتیی ژنانی کوردستان دەری دەکات و ئەو کات سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان دەری دەکرد.

٣٢- لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمان و زۆر لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی کوردستان ئەوە دەسەلمێنن کە ژن بە ژن یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕوودانی "کوشتنی پێوەست بە شەرەف"ەوە. لە حاڵەتی ژن بە ژندا، کاتێ یەکێ لە خوشکەکان تەڵاق دەدرێ، ئەوی تریش دەبێ مێردی خۆی بەجێ بهێڵێ، تەنانەت ئەگەر هیچ کێشەیەکی ئەوتۆشی نەبێت. لە حاڵەتی گەورە بە بچووکیشدا، ئەگەر کچەکە دوای ئەوەی کە گەورە دەبێ ڕازی نەبێ شوو بەو پیاوە بکات کە بەڵێنی پێ دراوە، ئەوە ژیانی کچەکە دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە ڕێککەوتنەکان کۆتاییان دێت و ئیحتیمالی ڕوودانی "توندوتیژیی پێوەست بە شەرەف" دێتە ئاراوە.

٣٣- کاردانەوەی نوخبەی سیاسی بەرامبەر بەم کارە نێگەتیڤ بوو. یەکێ لە سەرکردە سیاسییەکان کاتێ لەو بارەیەوە پرسیاری لێ کرا، ئەو ژنانەی سەرکۆنە کرد و بە "لەشفرۆش" وەسفی کردن.

٣٤- ئەندامانی ئەو تۆڕە سەر بە گرووپ و ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد بوون لە لەندەن، وەک: گرووپی کاروباری جێندەر لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی، ڕێکخرای ژنانی کورد، ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان. دواتر تۆڕێ کواک پێوەندیی لەگەڵ چەندان گرووپی تر مافی ژنان لە کوردستان دروست کرد. لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە، سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان هاوکارێکی چالاک بوو لە کەمپەینەکەدا. نووسەری ئەم چاپتەرە ئەندامی دامەزرێنەری ئەو تۆڕە بوو لە زۆربەی زۆری چالاکی و کارەکاندا بەشداریی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: www.kwahk.org

٣٥- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەمە و چالاکیی تر و ئەو هەڵوێستانەی لەم چاپتەرەدا باسیان کراوە، بڕوانە: www.kwahk.org

٣٦- بۆ نموونە: ڕێکخراوی فادیمە و پێلا لە بیر مەکەن، لە سوێد و کەمپەینی نێودەوڵەتی لە دژی کوشتنی پێوەست بە شەرەف لە لەندەن.

# بەشی یازدەم

## "تاوانەکانی شەرەف" لە یاسای سزادانی ئیتاڵیدا
## ڕاڤەکردنی مێژوویی و چاکسازی

ماریا گابریێلا بێتیگا-بۆکیربۆت

یاسای تاوان زۆر جار وەک ئاماژەکەرێک بۆ بەهاکانی وڵاتێک بەکار هاتووە، لە کاتێکدا هەندێک شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤی، وەکو کوشتن بەشێوەیەکی گشتیی جیهانی سەرکۆنە کراون، هەلومەرجەکان کە وەک هەریەک لە ئاڵۆزکەر یاخۆ سووککەر لە تاوانێکدا ڕەچاو دەکرێن چەند تێگەیشتنێک دابین دەکەن سەبارەت بە بەها بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیەک. ئەم هەلومەرجانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک دەگۆڕێن. مێژووی یاسایی "تاوانەکانی شەرەف" لە ئیتاڵیا نموونەیەکی باشە کە چۆن یاسا و کۆمەڵگە کاریگەرییەکی دوولایەنیان بەکار هێناوە و تێگەیشتنێکیش بۆ مێژووی مافەکانی ژنان لە وڵاتەکەدا دەستەبەر دەکات.

تا ئەم دواییانەش، ژنان چەندان پیشەیان لێ قەدەغە کرابوو (یان بەهۆی یاساوە یاخۆ بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی کۆمەڵگەوە) و یاسادانەران و دادوەران و خوێندەواران دەبوو پیاو بن، لەبەرئەوە یاساکان لەلایەن پیاوانەوە دەردەکران و لەلایەن پیاوانیشەوە ڕاڤە دەکران. ئەو بیروباوەڕانەی لەسەر ژنان هەبوون بەردەوام پشتیان بەدەمارگیری و نموونە چەسپیوەکان بەستبوو کە تا ماوەیەکی درێژ بەبێ ئەوەی بخرێنە ژێر ڕەخنەوە قبووڵ دەکران. ژنان خۆشیان لەم هەڵوێستە دژەمێیینەیەدا دەستیان هەبوو، بۆ نموونە بەهۆی هەڵسوکەوتی جیاوازیان بەرامبەر کوڕ و کچەکانیان.

لە ڕووی مێژووییەوە، کۆمەڵگەی ئیتاڵیا پاڵەپەستۆیەکی زۆری خستووەتە سەر ژنان تا بەهەندێک بەهاوە پابەند بن. کەسێک وەک ئافرەتی "باش" سەیر دەکرا کە شووی بکردایە و کاری نەکردایە و ئاگایەکی چاکی لە ماڵ و منداڵی هەبووایە. پێویستی نەدەکرد ئەو خوێندەوارییی بەرزی هەبێت تا بتوانێت بەباشی ئاگای لە خێزانەکەی هەبێت، چەمکی ڕۆڵی مریەم هەم وەک پاکیزە و هەم وەک دایک لەلای کەنیسەی کاتۆلیک کاریگەریی لەمەدا هەبوو. هەتا ساڵی ١٩٧٠ هاوسەرێتی هەڵوەشانەوەی بۆ نەبوو و تەڵاقیش مەحاڵ بوو[١] و جیابوونەوەش ناکارا بوو چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە ژنانی دووچاری نەداری دەکرد و، بەمجۆرە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە چەندان ساڵ بەقبووڵ نەکراوی دەمانەوە. بۆیە_ دەبوو ژنان زۆبەی کات بەرگەی خراپکاری یان ناپاکیی مێردەکانیان بگرن. کۆمەڵگە زیناکردنی نێرینەی پەسند بوو، وەک لە خوارەوە باس دەکرێ، لە

کاتێکدا زیناکردنی مێیینە سەرپێچییەکی تاوانکارانە بوو، پەنابردنە بەر سۆزانییەکان شتێکی ناباو نەبوو– (کارخانەکان، ماڵە داخراوەکان) تا ساڵی ١٩٥٨ یاسایی بوون[٢].

لەم میانەدایە کە بەندەکانی یاسای سزادان سەبارەت بە"تاوانەکانی شەرەف" لەم بەشەدا لێک دراونەتەوە. ئەمڕۆ کۆمەڵگە زۆر جیاوازە، هەرچەندە یەکسانیی تەواو لە نێوان ڕەگەزەکاندا هێشتا نەهاتووەتە دی بەڵام ئەو جیاوازیکارییە ئاشکرایەی تا سەردەمانێکی نزیکیش بوونی هەبوو تا ڕادەیەکی زۆر کەم کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٨١دا هەموو ئاماژەدانەکان بە"هۆکاری شەرەف" لە یاسای سزاداندا (یاسای ڕۆکۆی ساڵی ١٩٣١) هەڵوەشێندرانەوە.

## بیرۆکەی "شەرەف" لە یاسا و کۆمەڵگەی ئیتاڵیدا

لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکان دەریان خستووە کە چەمکی شەرەف زۆر بەقووڵی ڕەگی لە چەندان کولتووردا داکوتیوە هەروەک چۆن دژە–چەمکەکانی ئابڕوو و سەلاری ڕەگیان داکوتیوە. لە ناوچەی دەوری دەریای ناوەڕاست چەمکی شەرەف چەمکێکی فرە ڕوخسارە. لە کاتێکدا شەرەف لە مانا گشتییەکەیدا دەتوانرێت لە ڕێگەی کردارە کەسییەکانەوە بەدەست بهێنرێت، تەنیا "شەرەفی سێکسوال" دەتوانرێت بپارێزرێت یان لەدەست بدرێت. بەگوێرەی کامپبێل (کامپبێڵ، ١٩٨٧، ل١٥١) پیاوان زۆربەی کات لەلایەن ڕێسا کۆمەڵایەتییە نووسراوەکانەوە داوایان لێ کراوە کە ناوبانگێکی کۆمەڵایەتیی "شەرەفمەندانە" بۆ خۆیان بنیات بنێن یاخۆ لە ڕێگەی کردارە بەجەرگ و "شەرەفمەندانەکانەوە" ناوبانگێک بپارێزن کە هەر لە لەدایکبوونەوە بەمیرات بۆیان ماوەتەوە، لەهەمان کاتدا ژنان ئەرکی ئەوەیان لەسەرە کە دەست بگرن بە"شەرەفی" خۆیانەوە (هەروەها هی خێزانەکانیشیان) لە ڕێگەی کرداری ناچالاکبوونەوە. بەگوێرەی ئەمە، لەبەرئەوەی ئافرەتان بەشێوەیەکی بۆماوەیی بەلاواز دادەنرێن، پیاوان مافی ئەوەیان هەیە پارێزگارییان لێ بکەن و بییان پارێزن لە لاوازییەکانی خۆیان و مەبەستی خراپی پیاوانی تری نەناس. هەروەک تێبینی کرا لەلایەن جیۆڤانینیەوە (جیۆڤانی، ١٩٨٧، ل٦١)[٣] کوران و کچان هەر لە منالییەوە هان دەدرێن ڕۆڵی جیاواز وەربگرن، لەکاتێکدا منالە مێینەکان داوایان لێ دەکرێت لە ماڵەوە بمێننەوە و لە ئەرکە ماڵدارییە ڕۆژانەییەکاندا یارمەتیدەر بن و ستایش دەکرێن بۆ پیشاندانی هەر ملکەچی و شەرمەندەییەک، کوران لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ هاوڕێکانیان یاری دەکەن و ڕەزامەندیی گەورەکان بەدەست دەهێنن لە پیشاندانی شەڕانگێزی یان هەڵوێستی بالادەستانەدا.

دە ساڵ پێش دەرچوونی یاسای ڕۆکۆ Rocco Code (لە ساڵی ١٩٣١)دا، لێکۆڵەرەوەی ئیتاڵیایی ماریۆ مانفرێدینی یەکەم بەندەکانی یاسای سزادانی ڕوون کردەوە کە سزای تاوانەکانی دژی پەردەی شەرمیان دەدا بەمجۆرە: "هاوتای شەرم لە پیاواندا دڵپیسی و شەرەفە، واتا بەرگریکردن لە بەهای کەسێتییان لە کۆمەڵگەدا و کاردانەوە بەرامبەر بەمەترسی لەسەر موڵکیەت و کەلوپەلەکانیان" (١٩٢١، ٥).

ئەو کارانەی کە دەبوونە مایەی ئابڕووچوون بەشێوەیەکی سەرەتایی سزایان لەسەر دانرا

چونکە مافی پیاویان بۆ چێژوەرگرتنی تەواوی لە ئافرەت دەخستە مەترسییەوە، مافی ئەوەی کە خاوەنی ئەوی ژنە بێت بەبێ دەستێوەردان.

یاسای ڕۆکۆ شەرەفی تاکەکەسی بەهەردوو شێوە گشتییەکەی و مانا زۆر تایبەتییەکەیدا "شەرەفی سێکسوال" دەپارێزێت. شەرەف لە مانا گشتییەکەیدا لەلایەن بەندەکانی بەشی ٢ (تاوانەکانی دژ بەشەرەف) پارێزراوە لە ناونیشانی ١٢ی یاساکەدا (تاوانەکانی دژ بەکەس). تاوانی سووکایەتی[٤] شەرەفی ناوەکیی مرۆڤ دەپارێزێت واتا بەهای ناوەکیی کەسێک، لەکاتێکدا تاوانی ناوزڕاندن[٥] شەرەفی دەرەکی یاخۆ ناوبانگی کەسێک دەپارێزێت واتا ئەو تێڕوانینەی کە کۆمەڵگە هەیەتی لەسەر کەسێکی دیاریکراو (فۆرتونا، ٢٠٠٢، ١).

تێگەیشتنە باوەکان لەسەر سێکسواڵیتی و شەرەف دەکرێ لەو بەندە یاساییانەدا ببینرێنەوە کە مامەڵە لەگەڵ تاوانەکانی دژ بەڕەوشتی گشتی و ئابڕوو و دژ بەخێزان دەکەن. هەتا ساڵی ١٩٩٦ توندوتیژیی سێکسی بەتاوانێکی دژ بەڕەوشتی گشتی دادەنرا، لەوێ بەدواوە بەتاوانی دژ بەکەس دانرا. تاوانی ئێستا هەڵوەشاوەی "فریودان بە بەڵێنی هاوسەرێتی"[٦] بابەتی مشتومڕێکی ئەکادیمیاییی زۆر بوو، کە خەڵکێکی زۆر وایان دادەنا "پارێزگارییەکی لە ڕادەبەدەر" بێت بۆ ئافرەتان لەبەرئەوە پێویست ناکات و شایستەی ئەوەش نییە. پانەین (پانەین، ١٩٥٧، ل٤١٠) زیاتر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە "ژنانی سەرڕاست دەتوانن خۆیان بەرامبەر هەر جۆرە مەرایییەک بپارێزن... (ئەوان) توانایەکی جڵەوگیری زۆر بەهێزتریان لە پیاوان هەیە" لەبەرئەوە گەر ئافرەتەکەش "دەستپێشخەرییەکی" ئاشکرا نەکات بۆ فریودانی پیاوەکە ئەوە هێشتا هەر ئافرەتەکەیە کە بەکارامەیی زامنی ئەوە دەکات کە پیاوەکە کاری فریودانی ئەم ئەنجام بدا، بەو هیوایەی لە ئەنجامدا هاوسەرێتیی لەگەڵدا ببەستێت. لە هەردوو بارەکەدا ئەوە ژنەکە بوو بەو کەسە دادەنرا کە پیاوەکەی هەڵفریواندووە.

هەروەک لەلایەن ماریا گیوسیپینا مانفرێدینی (مانفرێدینی، ١٩٧٩، ل٣٠٣) "تێبینی کرا هاوسەرێتی بەباشترین شت دادەنرا کە لە ئافرەتێک ڕوو بدا". ئەمە ناوەڕۆکی بڕگەی ٥٤٤ی یاسای ڕۆکۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بەرپرسیاریی تاوانبارێتی دەسڕێتەوە بۆ تاوانەکانی زۆرگێکردن (ئیغتیساب) و پەلاماری ناپاکانە و ڕفاندن گەر تیایدا تاوانکار قوربانییەکە مارە بکات. ئەم بەندە یەکەم جار لە یاسای سزادانی ساڵی ١٨٨٩دا (یاسای زەناردەلی Zanardelli Code) خرایە ڕوو، تا ڕێگەی "زۆرترین ڕاستکردنەوەی هەڵە" بدات لەلایەن تاوانکارەوە بۆ ئەو ژنەی کە بێشەرەفیی کردبوو: ئەویش بەمارەکردنی. (م.گ.مانفرێدینی وەرگیراو لە ڕاپۆرتی وەزاری ژمارە CXXXI بۆ پەرلەمان). مەبەست پاراستنی ئەو ژنانە بوو کە دووچاری زۆرگێکردن دەبوونەوە و وا دەبیندران کە "شەرەفیان" لەدەست داوە لەگەڵ پاکیزەییان و لەبەرئەوەش هیچ ئومێدێکی تری هاوسەرێتییان نەمابوو. بەندەکانی دژ بەزیناکاری و پێوەندیی شاراوەی لەدەرەوەی هاوسەری هەمان بیرۆکەیان دەردەخست[٧]. لەکاتێکدا مێردە زیناکارەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا بەتاوانبار دادەنران لە سەرپێچییەکی تاوانبارانەدا کە بسەلێندرایە دۆستێکیان لە خانەی هاوسەریدا ڕاگرتووە یان لە

جێیەکی تری ئاشکرادا، ژنەکان بەرپرسیار دەکران لەسەر بنەمای خودی کردەوەی زیناکردنەکە ئیتر گەر بۆ تەنیا جارێک کردرابێت یان پێک هاتبێت لە پێوەندییەکی بەردەوامی درێژخایەن (لەم حاڵەتەی دواییاندا سزادانەکەش زیاد دەکرێت). هەرچۆنێک بێت، تەنیا کاتێک مێردەکان سزا دەدران گەر پێوەندییە زیناکارەکانیان ئابڕووچوونێکی لێ بکەوتایەتەوە و دەستدرێژیش بوایە بۆ سەر شەرەفی ژنەکە بەهۆی ئاشکرابوونی لەلایەن خەڵکەوە. ئەم ڕەفتارە جیاوازیکارە ڕەوایەتیی پێ دەدرا بەهۆی ئەو باوەڕەی کە ژنان و پیاوان بۆ هۆکاری زۆر جیاواز ناپاکی دەکەن. بۆ نموونە ماریۆ مانفرێدینی (١٩٢١، ٣١٦) دووپاتی دەکاتەوە کە "کاتێک ژنێک خۆی پێشکێشی پیاوێک دەکات، ئەم کارە بۆ تێرکردنی غەریزەیەکی سروشتی ناکات، بەڵکو لە ڕووی خۆشەویستییەوە دەیکات"، لەبەر ئەوە "ئەو ژنەی کە زینا دەکات مێردەکەی و منداڵەکانی لەو پاڵپشتییە ئاکاری و ئەو بەهایانە بێبەری دەکات کە ژنان دەیبەخشنە خێزانەکانیان. هەرچۆنێک بێت، مێردەکە لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانێت دوای غەریزەی زاڵی سێکسی بکەوێت و هێشتا هەست بەهەمان سۆز و ڕێز بکات بۆ ژنەکەی". ماریۆ مانفرێدینی زیاتر پشت بەجیاوازییە فیزیۆلۆجییەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەبەستێت[٨] بۆ ڕەوایەتیدان بەو باوەڕەی کە "شەرەفی سێکسیی" کۆمەڵگە کەمتر بەهۆی زیناکردنی نێرینەوە دەڕووشێت وەک لە ناپاکیی مێیینە. هۆکارێکی گرینگ کە ڕەفتاری جیاوازیکارانەی پتەو دەکرد ئەوە بوو کە ناپاکیی پیاو یەکێک لە هەرە پایە گرینگەکانی خێزانی تاک هاوسەری ناخاتە مەترسییەوە، کە دڵنیابوونە لە باوکێتی.

لە کۆمەڵگای ئیتاڵیادا ژنان یان وەک نموونەکانی شەرمنی و نەبوونی ئارەزووە سێکسییەکان یاخۆ وەکو بابەتی چەوساندنەوە سەیر دەکران. سۆزانییەکان لە بەرە چەوساوەکەی ئاوێزەکەدا[٩]، بە"بێشەرەف" دانرابوون، کەرامەتی مرۆڤانەیان نکۆڵیی لێ دەکرا و وەک دەردەکەوێت تەنانەت لە یارمەتی ڕۆحی کڵێساش بێبەش کرابوون. بەڵام وا دەردەکەوێت کە پێویستی نەکردبێت پیاوان دان بنێن بەهاموشۆکانیان بۆ ماڵە داخراوەکان (کارخانەکان Case Chiuse) چونکە ئەوە وەک گوناهێک سەیر نەدەکرا[١٠]. لە بەرەکەی تری ئاوێزەکەدا ژنانی "سەرڕاست" هەبوون کە وەک پایەنزم سەیر دەکران هەر لە بێشکەوە تا قەبر، کە – بەهۆی گوایە لاوازبوونی توانایانەوە– پێویست بوو لەلایەن پیاوانی خێزانەوە پارێزگارییان لێ بکرێ. ئەو جۆرە پارێزگارییە، بەتایبەتی لە خوارووی ئیتاڵیادا یەکەم جار ئەرکی باوک و براکان بوو دواتر مێردەکان (گۆدیانۆ، ٢٠٠٢، ل٢). هەتا چاکسازیی یاسای خێزانیی ساڵی ١٩٧٥ ژنان لە کاتی هاوسەریدا نازناوی خێزانییان لەدەست دەدا و ناوی خێزانی مێردەکانیان وەردەگرت[١١]. مێردەکە سەرۆکی خیزان بوو دەسەڵاتی بەسەر ژنەکەی و منداڵەکانیدا هەبوو. ئەو ڕێگەی پێ درابوو ئامرازەکانی ڕاستکردنەوە بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا بەکار بهێنێت هەتا بەکارهێنانی توندوتیژیش، وەکو لێدان و چاوشکاندن و تەنانەت بێبەشکردن لە سەربەستیی تاکەکەسیش بۆ ماوەیەکی کاتی (فۆرتونا، ٢٠٠٢)[١٢]. پاش ئەوەی ئەو جۆرە بەندانە لەلایەن یاسای چاکسازیی خێزانیی ساڵی ١٩٧٥وە هەڵوەشێنرانەوە، یەک بۆچوون درێژەی پێ درا ئەویش ئەوەبوو کە ناکرێت دەسەڵاتی هاوسەرێتی هەڵوەشێنرێتەوە:

لە کاتێکدا لەسەر ئاستی ئاکاریدا یەکسانیی تەواوەتیی هاوسەرەکان هیچ گومانی تێدا نییە

بەڵام نەدەبوو یاسا لەبەر ڕێکخراوەییبوونی خێزان هەمان ئەو یەکسانییەی بسەلمێندایە. لە ڕاستیدا گەر خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بێت دەبێ دەسەڵاتی لێپرسراوێتیشی هەبێت، دەبێ هەندێک دەسەڵاتی دیاریکراوی پێ بەخشرابێت، تەنانەت دەسەڵاتەکانی ڕاستکردنەوەش (بیتۆیل، ١٩٨٢، ل٣٢٩).

پێ ناچێت ئەم بۆچوونە توندە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە پەیڕەو کرابێت و لەڕاستیدا ڕاگەیاندنەکانی دادگەی تەمییز[١٣] پێش ئەوەی ڕیفۆرم لە یاساکەشدا بکرێت ئاماژە دەدەن کە مافی ئامرازەکانی ڕاستکردنەوە بەکارنایەت کاتێک مێردێک مافی خۆی خراپ بەرامبەر ژنەکەی بەکار بهێنێت. چونکە یاسا ئەو (مافی سزادان)ـەی بەسەر هاوسەرەکەیدا پێ نابەخشێت[١٤].

بۆچوونێکی تری لیبراڵی دەسەڵاتی دادوەری لە پابەندبوونی بەمادەی ٢٩ی دەستووردا بوو کە جەخت دەکات "هاوسەرێتی لەسەر بناخەی یەکسانیی ئاکاری و دادوەریی هاوسەرانە". وێڕای ئەوەش شایەنی ئاماژەیە کە سەرەڕای دەرچوونی دەستوور لە ساڵی ١٩٤٨دا، هەتا ساڵی ١٩٧٥ چاکسازی لە بەندە جیاوازیکارەکانی یاسای باری کەسی ١٩٤٢ی پێوەندار بەخێزانەوە نەکرا.

## "کوشتن لەسەر شەرەف"، بەندی ٥٨٧ی یاسای ڕۆکۆ

بەندی ٥٨٧ی یاسای ڕۆکۆ ڕێگە بەڕەچاوکردنی_ "هۆکاری شەرەف" لە تاوانی کوشتن یان ئازاردانی جەستەییدا دەدات، بەمەرجێک:

هەرکەسێک بەسەر پێوەندییە سێکسییە قەدەغەکاندا (واتا پێوەندییە سێکسییەکانی دەرەوەی هاوسەرێتی) بچێت لەلایەن هاوسەرەکەی یان کچەکەی یان خوشکەکەی و لە گەرمەی شێتگیریدا دەستبەجێ دوای تاوانەکە بۆ سەر شەرەفی خۆی یا خێزانەکەی دەست بداتە کوشتنیان، دەبێ بەماوەیەکی زیندانی لە سێ ساڵەوە بۆ حەوت ساڵ سزا بدرێت.

هەر کەسێک، لە ژێر کاریگەریی هەمان هەلومەرجدا، ببێتە هۆی کوشتنی دۆستی ژنەکەی، کچەکەی یان خوشکەکەی دەبێ هەمان سزای بەسەردا بسەپێت.

گەر لە هەمان هەلومەرجدا، تاوانکار ببێتە هۆی بریندارکرنی کەسێک لە هەمان پۆلێنی کەسەکانی سەرەوە، سزاکانی دانراو لە بەندی ٥٨٢ و ٥٨٣ دەبێ بۆ سێ یەک کەم بکرێنەوە[١٥]، گەر لە ئەنجامی برینەکان مردن ڕوو بدا سزاکە دەبێ ماوەیەکی زیندانیکردنی دوو ساڵ بۆ پێنج ساڵ بێت.

هەرکەسێک، لە ژێر کاریگەریی هەمان هەلومەرجدا دژ بەپۆلێنەکانی سەرەوەی خەڵک تاوانێک ئەنجام بدات لەوانەی بەندی ٥٨١ دەیانگرێتەوە[١٦] نابێ هیچ سزایەکی بەسەردا بسەپێت.

لە ڕووی مێژووییەوە، جیاوازیکردنی یاسایی نێوان "کوشتن لەسەر شەرەف" لەگەڵ جۆرەکانی تری کوشتن لە یاسای ڕۆمانیدا ڕەگی داکوتیوە، کە لە ژێر سایەیدا سزا بەسەر باوکێک یان مێردێکدا بەرامبەر بە کوشتنی _کچ یان ژن و دۆستەکەیان نەدەسەپێندرا[١٧]. ئەمە بەهۆی ئەو (دەسەڵاتی ژیان و مەرگ)ـەوە بوو کە (vitae ac necis Jus) سەرەک خێزان (pater familias) بەسەر

ئەندامانی خێزانەکەیەوە هەیبوو.

لە کاتێکدا پێشتر یاسای زەناردەلی ۱۸۸۹ "هۆکاری شەرەف"ی[۱۸] بەبارودۆخێکی سووککەر ڕەچاو کردبوو بۆ تاوانی کوشتن (مادەی ۳۷۷)، یاسای ڕۆکۆی ۱۹۳۱ کوشتنی لەسەر "هۆکاری شەرەف" بەتاوانێکی جیاواز دانابوو، کە بەهۆی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیەوە لە تاوانی کوشتن جیا دەکرایەوە. بەگوێرەی هەندێک لێکۆڵەرەوە، تاوانبارانی "کوشتنەکانی شەرەف" لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مەترسیدار نەبوون چونکە ئەوان کاردانەوەیان بەرامبەر سەرپێچییەک کردووە کە قوربانییەکە ئەنجامی داوە بەوەی کە یاسا باوەکانی ڕەوشتی تێکشکاندووە (م. مانفرێدینی، ۱۹۳۱، ل٥٠٤). سزاکانی زیندانیکردنی دانراو لەلایەن بەندی ٥٨٧ کەمکردنەوەیەکی بەرچاو پێشکێش دەکەن وەک سزای بیست و یەک ساڵ لە بیست و چوار ساڵەوە بۆ کوشتنی ئاسایی (بەندی ٥٧٥ی یاسای ڕۆکۆ).

هەبوونی بەندی ٥٨٧ کایەی سیاسیی ۱۹۳۰یەکانی ئیتاڵیای بۆ کراوەتە بەڵگە. فاشیزم لە ترۆپکیدا بوو و یاسای زۆر توندی جیاوازیکاری جێندەری لە ئارادابوون بۆ پاڵپشتیکردنی سیاسەتی دیمۆگرافیی فاشیست، کە هانی خێزانەکانی دەدا منداڵی زۆرتریان هەبێت و پاڵی بەژنانەوە دەنا، کە تازە ڕۆڵی چالاکیان لە ناو کۆمەڵدا وەرگرتبوو، بگەڕێنەوە بەرەو ماڵ[۱۹]. لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پەرەسەندووی سەرەک خێزاندا، بەندی ٥٨٧ بەشێوەیەکی کاریگەر "مۆڵەتی کوشتن"ی بەخشییە ئەو سەرەک خێزانانەی کە گوایە "شەرەف"یان لەکەدار بووە.

لە سایەی مەرجەکانی بەندی ٥٨٧دا، "هۆکاری شەرەف" تەنیا کاتێک دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ کە تاوانبارەکە هەریەک لە مێرد یان ژن و، باوانی (باوک یان دایک)، یاخۆ خوشک و برای (برا یان خوشک)ی قوربانییەکە بێت و قوربانییەکە خزمێکی نزیکی تاوانبارەکە بێت هاوسەر (مێرد یان ژن)، کچ (نەک کوڕ) یاخۆ خوشک (نەک برا) (فۆرتونا ۲۰۰۲).

لە کاتێکدا یاسای ڕۆکۆ بەگشتگیری زاراوەی "هاوسەر" بەکار دەهێنێت، بەگوێرەی ماریۆ مانفریدینی، یاساکە بەکاربردنی "بەرگریی شەرەف"ی بەرفرەوان کردووە تا ژنانیش بگرێتەوە (بێ ئەوەی بەتەواوەتی قەناعەتی پێی بێت) (۲۹۳،۱۹۷۹). ئەو ڕاپۆرتە وەزارییەی بەرز کرابووەوە بۆ پەرلەمان کە هاوپێچ بوو لەگەڵ داواکەی یاسای ڕۆکۆ ڕەوایەتیی بە بەرفرەوانکردنەکە دەدا بەڕاگەیاندنی ئەوەی کە "دەبێ دان بنرێت بەوەدا کە تەنانەت ژنانیش دەتوانن هەست بە دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف و بۆ سەر هەستەکانیان بکەن" هەرچۆنێک بێت، بەگوێرەی مانفرێدینی (م. مانفرێدینی ۱۹۷۹، ل۲۹٤) ژنێک کچەکەی یان خوشکەکەی بکوژێت ئەمە تەنیا ئەگەرێکی تیۆرییە (نەک واقیعی)، هەروەکو چۆن ڕێی تێ ناچێت کە ژنان بتوانن بەو جۆرە ڕەفتار بکەن (۱۹۷۹، ۲۹٤).

فەلسەفەی دادوەریی دادگەی تەمییز بەمجۆرەی خوارەوە ڕاڤەی ئەو ڕەگەزانە دەکات کە لەلایەن بەندی ٥٨٧ـەوە داواکراون. یەکەم،"پێوەندییە سێکسییە یاساخەکان" دەبێ لەسەر ڕەزامەندیی هەردوو لا بووبێت، لەبەر ئەوە نابێ حاڵەتەکانی توندوتیژیی سێکسیی تێدا بووبێ[۲۰]. دووەم،

"پێوەندییە سێکسییەکان" پێویستە جووتبوونیان تێدا ڕوو بدا و بەتەنیا باوەشپێداکردنی حەرامزادانە و ماچکردن بەهەند وەرناگیرێن[٢١]. توخمی "ئاشکرابوونەکان" پێویست بوو تیایاندا تاوانکار هەتا ساتی تاوانەکە ئاگای لە پێوەندییەکان نەبووبێت. هەرچۆنێک بێت، وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەڵوێستی پێشووتر لە ژێر سایەی یاسای زەناردەلیدا، پێویستی نەدەکرد تاوانکار لە ناکاو بچێت بەسەر ئەندامی خێزانەکەیدا لە کاتی (زینا)کردندا[٢٢]، ئەوەندە بەس بوو کە گومانبار دڵنیابوایە لە هەبوونی ئەو جۆرە پێوەندییانە. بۆ نموونە لە ڕێگەی دانپیانان یاخۆ دۆزینەوەی نامەیەکی ڕەوانەوە. ئەم جیاوازییە گرینگەی نێوان یاسای ڕۆکۆ و زەناردەلی بەشێوەیەکی مەزن توانای کارپێکردنی "هۆکاری شەرەف"ی بەرفرەوان کرد. سەبارەت بەکتوپڕی، پێویست نەبوو تاوانکار لە هەمان ساتی زانینی بە"پێوەندییە یاساخە سێکسییەکانی" قوربانیدا دەست بوەشێنێ، بەڵکو، بەندی ٥٨٧ داوا دەکات کە تاوانبار کاتی نەبووە هێوربێتەوە و بیر لە ڕووداوەکان بکاتەوە، لەبەرئەوەی هێشتا لە حاڵەتی" هەڵچوونی تووڕەیی"دا بووە[٢٣].

لەدەورانی دەسەڵاتی فاشیدا، سانسۆری توندی سەر ڕۆژنامەکان ڕێگر بوو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانە ناوخۆییەکان، بەڵام دەسبەجێ دوای شەڕی جیهانیی دووەم چەندان چیرۆک لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" بڵاو بوونەوە. ئەو جۆرە هەواڵانە بەردەوام لە باشووری ئیتاڵیاوە دەهاتن. لە باشووری کشتوکاڵیدا بونیادی باوکسالاری و هەرەمی خێزان، زیاتر لە باکوری دەوڵەمەند و پیشەسازی، چەسپیبوون و بەهاکانی پاکیزەیی ژنان و داوێنپاکی بەپتەوی مابوونەوە.

تاوانبارانی "تاوانەکانی شەرەف" بەردەوام ئەندامانی نێرینەی خێزانی ئەو ژنە بوون کە "بێ شەرەف" کرابوو– کوشتنی فریودەرەکە بەکارێکی پێویست دەزانرا بۆ کڕینەوەی "شەرەف" و ڕێزی خێزانەکە. هەرچۆنێک بێت، شتێکی ناباو نەبوو بۆ ئەو ژنانەی فریو درابوون و وازیان لێ هێنرابوو یاخۆ ئەو ژنانەی لەلایەن مێردە ناپاکەکانیانەوە وازیان لێ هێنرابوو ئەو پیاوە بکوژن کە "شەرەفی" لێیان سەندبوو. لە هەردوو نموونەکەدا پێدەچێت ژنان ئایدۆلۆجیای باوکسالاریی کۆمەڵگەیان قبووڵ کردبێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی ئەو ژنانەی کە فریودرابوون، چونکە وەک ناپاکیزە زۆر مەحاڵ بوو بتوانن شوو بکەن[٢٤]. لە هەندێک حاڵەتدا پێدەچێت کوشتنی فریودەرەکە ڕێگەیەک بووبێت بۆ ژنەکە تا خۆی لە کاردانەوەی توندوتیژی خێزانەکەی بپارێزێت: کردەوەی لەو جۆرە ڕازیبوونی تەواوەتی ئەو بە بەها باوەکان پیشان دەدا. ئەو جۆرە ئافرەتانە لە بڕگەی ٥٨٧ و ئارگومێنتە هاوشێوەکانی سوودمەند نابن و/ یان بڕگەکانی بەندی (٢)٦٢ –هەلومەرجەکانی سووککردنی تاوان بە بەڵگە– وەک لە خوارەوە باس کراوە و دەتوانرێت لە هەوڵی بەدەستهێنانی سزایەکی نەرمتر لە هی کوشتن لەلایەن بەرگرییەوە پەنای بۆ ببردرێت. ئیتر قبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە بەرگرییە دەکەوتە سەر دادگە. بڕیارەکانی دادگەکان لەسەر ئەم مەسەلانە بەگوێرەی پێگەی جوگرافیی ناوچەکە لە وڵاتدا و ئەو کاتەی کە ئەم بڕیارانەی تێدا درابوون دەگۆڕان. لە ئیتاڵیا بڕیارەکانی دادگە بەکێشەکانی داهاتووەوە گرێ نەدراون هەرچەندە دادگە نزمەکان بەردەوام دوای ئاڕاستەی دادگە باڵاکان دەکەون، دەشکرێت دادگە جیاوازەکان بڕیاری جیاواز لە ناوچە جیاوازەکان و ساڵە جیاوازەکاندا دەرکەن. بڕیارەکان لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" هێدی

هێدی گۆڕانیان بەسەردا هات لە قبوولکردنێکی تەواو یاخۆ نیمچە تەواوی "بەرگری بەهۆی هۆکاری شەرەف"ەوە بۆ سەرزەنشتکردنی لەلایەن دادگەی تەمیزەوە، کە ساڵی ١٩٧٢ وەک هەڵەیەکی مێژوویی (و ناتەواوی) چەمکی شەرەف پێناس کرا[٢٥].

لە حاڵەتی ژنی وازلێهێنراودا، بەگوێرەی پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر پێویست نەبوو ئافرەتە هەڵە بەرامبەرکراوەکە مێردە ناپاکەکەی بکوژێت، بۆ ئەوەی" شەرەف"ی بگێڕێتەوە، سەرلەنوێ پێدەچێت ژنان کولتووری باویان پێ قبووڵ بێت و بەو پێیەش ـهەڵسوکەوتیان کردبێت. هەندێک جار ڕەنگە کوشتنەکە بکەوێتە چوارچێوەی "تاوانی سۆز"، بەڵام بەرگریی یاسایی ژنەکە ڕەنگە وەکو "تاوانی شەرەف" گەڵاڵە بکرێت چونکە مادەی ٩٠ی یاسای سزادان دڵپیسی و حاڵەتە سۆزییەکان وەک بارودۆخی سووککەر بە بەڵگە قبووڵ ناکات، لە کاتێکدا بەندی ٥٨٧ چارەسەرێکی پەسندی بەخشیبوو.

جۆرێکی تری کێشە برێتییە لە تێوەگلانی خێزانی ژنە فریودراوەکە لە کوشتنی فریودەرەکەدا، لەگەڵ کارنەکردن دژ بەژنەکە خۆی. ئەم سیناریۆیە شتێکی دەگمەن نەبوو، لەبەرئەوەی بەردەوام ئاسانتر بوو بۆ خێزانەکە، لە تۆڵەی "شەرەف"یان، کەسێکی نامۆ لۆمە بکەن و بکوژن وەک لە ئەندامێکی خێزانەکە. تەنانەت گەر کێشەکان بەتەواوی نەکەوتنایەتە ژێر مەرجەکانی بەندی ٥٨٧ـەوە، شتێکی دەگمەن نەبوو گەر دادوەرێکی هاوسۆز گومانبار ئازاد بکات یان سزایەکی سووکی بەسەردا بسەپێنێت لەبەرئەوەی گوایە "هۆکاری شەرەف" لەپشت تاوانەکەیەوە بووە. هەرچۆنێک بێت، هەموو دادوەران هاوسۆزییان بەرامبەر "کوشتنەکانی شەرەف" پیشان نەدا، هەر لە سەرەتای ١٩٥٠کانەوە هەندێک دادگە و داواکاری گشتی پیادەکردنی بەندی ٥٨٧یان ڕەت کردەوە بۆ ئەو کێشانەی کە ڕەنگە بکەوتنایەتە چوارچێوەی سنوورەکانیەوە. مەسەلەی دانان بە بەیاسایی بوونی "کوشتن لەسەر شەرەف" لەناو کۆمەڵگەشدا جێی مشتومڕ بوو، بەتایبەتی پاش فیلمی "تەلاق لەسەر شێوازی ئیتاڵیایی" ساڵی ١٩٦١ دەرهێنراو لەلایەن پیترۆ جێمی، کە شێوازی کۆمیدیاییی بۆ گاڵتەکردن بە "تاوانەکانی شەرەف" و مامەڵەی دادگەکان لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بەکار هێنابوو[٢٦]. فیلمەکە چەند کاردانەوەیەکی تێکەڵاوی نایەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی وەک سەرزەنشتکردنی ڕاپێشوەختە بەسەرچووەکان و کڵێشە پووچەکان سەیر کرا، کە ڕێگەیان بەبکوژان دەدا بەبێ سزایەکی ڕاستەقینە دەرباز ببن. لە میانەی هەمان سەردەمدا، بەندی ٥٨٧ لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانەوە بەهۆی ناکۆکبوونی لەگەڵ مێژوودا و هاودژبوونی لەگەڵ بەها دەستوورییەکاندا ڕەخنەباران کرا. هۆکارێکی تری بادانەوەی دادگەکان بەلای مەسەلەکانی "کوشتنەکانی شەرەف"دا یاسای ١٩٦٣/٦٦ بوو، کە ڕێگەی بە ژنان دا وەک دادوەر دامەزرێن[٢٧].

لەهەمان کاتدا، دەست بەپیادەکردنێکی سنووورداری بەندی ٥٨٧ کرا و لەبەرئەوە تاوانباران هەوڵیان دا پەنابەرنە بەر بارودۆخە سووککەرە تایبەتەکانی بەندی ٦٢(١ و ٢)[٢٨]. دادگەی تەمیز بەتوندی پیادەکاری بەندی ٦٢ (١)ی بەسەر "تاوانەکای شەرەف"دا ڕەت کردەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ناتوانرێت بەندەکە پیادە بکرێت گەر ڕاستیی بەهایەکی کۆمەڵایەتی یان ئاکاریی

دیاریکراو له واقیعدا بوونی نەبێت و، تەنیا تاوانکار باوەڕی بەهەبوونی هەبێت[٢٩]. بەندەکە تەنیا کاتێک پیادە دەبێ کە پاڵنەری پشت کردەوەکە هەستەکانی سروشتیی[٣٠] بزوابن نەک هەستەکانی وەک شەرەف و دڵپیسی و هاوشێوەکانیان[٣١]. دادگەی تەمیز لەوەش زیاتر، لە سەرەتای ١٩٧٢دا ڕای گەیاند کە ویژدانی کۆمەڵایەتی کوشتنی فریودەرەکەی لەلایەن ژنەکە یاخۆ ئەندامانی خێزانەکەیەوە قبووڵ نییە، بەڵکو تاوانێکی لەو جۆرە وەک ئەنجامی هەڵەیەکی مێژوویی چەمکی شەرەف[٣٢] تەماشا دەکات. وەک لەسەرەوە تێبینی کرا، سیستمی یاسایی ئیتاڵیا لەسەر بنەمای بەیەکەوەگرێدانی بەڵگە کار ناکات، بۆیە دەکرێت هاودژی لە بڕیارەکانی دادگە جیاوازەکاندا هەبن. وردە وردە، دادگەکان دەستیان بەڕەتکردنەوەی "بەرگریی شەرەف" کرد بەڵام ماوەیەکی ویست تا ڕوانگەیەکی گشتگیر لە نێوانیاندا گەڵاڵە بوو.

ئەنجام، بەها کۆمەڵایەتییە گۆڕاوەکان و ئاڕاستەی نوێی دادگە باڵاکان بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕەچاوکردنی "هۆکاری شەرەف" وەک بەرگری لە کوشتن، وەک لێکۆڵەرەوەیەک گوتبووی، ٣٣ ساڵ پاش دەستبەکاربوونی دەستوور "دواجار، بەیاسای ٤٤٢١٩٨١، لەکەیەک لەسەر یاسای سزادان و ویژدانی کۆمەڵایەتیمان سڕایەوە" (ڤۆلتا ١٩٨٩، ل٩٥٩)[٣٣]. دوابەدوای ئەوە، تاکە مۆڵەت لەلایەن دادگەکانەوە لە حوکمدان بەسەر "تاوانەکانی شەرەف"د ا بڕێتی بوو لە پیادەکردنی هەریەک لە بەندی (٢)٦٠ (بارودۆخە سووککەرە تایبەتەکانی هەڵچوون) یان بەندی (١)١٣٣ (بارودۆخەکانی دەوروبەر کاریگەرییەکانی ژینگە). سەبارەت بەهەڵچوون، دادگەکان ناپاکیی هاوسەرییان وا ڕاڤە کردبوو کە بڕێتییە لە "کارێکی ناڕەوا" کە دەبێتە_ هۆی "هەڵچوونی تووڕەیی" کەسی هەڵە بەرامبەرکراو[٣٤]. سەبارەت بە مادەی ١٣٣ بڕگەی ١ ساڵی ١٩٨٨ دادگەی تەمیز[٣٥] ڕای گەیاند کە "لە هەندێک ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەشێ بیرۆکەی بەهەڵە ڕاڤەکراوی شەرەف ببێتە هۆی ئەوەی کوشتنی ڕکەبەرێک وەک پێویستییەک تەماشا بکرێ" و لەبەر ئەوەش دادوەر دەبێ کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان بەهەند بگرێت کاتێک بڕیار دەدات سزایەک بسەپێنێت[٣٦]. هەردوو حاڵەتەکە پێوەندییان بە کوشتنی هاوسەرێک یان دۆستەکەیانەوە هەبوو. لەم ساڵانەی دواییدا ئەم جۆرە بەسەرهاتە پێ دەچێت زیاتر باو بێت وەک لە کوشتنی هەر ئەندامێکی خێزان. ئەمە لەوانەیە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیەکی گۆڕاو بێت کە تیایدا ناپاکیی ژن وەک کێشەی مێردەکەی تەماشا دەکرێت و چیتر وەک کێشەی ئەندامانی خێزان تەماشا ناکرێت. لە هەمان کاتدا، پاکیزەیی ژنانیش لەوە کەوت کە وەک بەهایەک تێی بڕوانرێ کە دەبێ پیاوان بیپارێزن و، سێکس پێش هاوسەرێتی چیتر دەگمەن نییە.

### پێوەندیی هۆکاری شەرەف لە بەندەکانی تری یاسای ڕۆکۆدا

یاسای ڕۆکۆ هەروەها بەئاشکرا ئاماژە دەدات بە"هۆکاری شەرەف" لە بەندەکانی تری یاسای ڕۆکۆدا سەبارەت بەلەباربردن، کۆرپە کوشتن و بەجێهێشتنی منداڵە هەرزەکان.

تاوانی لەباربردن، لەناو پۆلی "تاوانەکانی دژ بەسەروەری و سەلامەتیی نەژاد" پۆلێن کراوە، کە

ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دیمۆگرافیاییی فاشیست بوو، کە هەوڵی دا زۆر بەتوندی جەستەی مێینە کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەتی کردارەکانی زاوزێکردن[٣٨]. لەباربردن بەتاوانێکی دژی دەوڵەت دانرابوو، پەروەردەی سێکسی یاساخ کرابوو و بانگەشە بۆ شێوازەکانی ڕێگری لە سکپڕی قەدەغە کرابوون. کەنیسە ماوەیەکی درێژ بەربەست بوو لەبەردەم ڕێگرتن لە سکپڕی و دەوڵەت هەتا ساڵی ١٩٦٩ ڕێگەی بەفرۆشتنی حەپی دژەسکپڕی نەدەدا، تەنانەت ئەو کاتەش دەتوانرا تەنیا وەک چارەسەرێکی تێکچوونەکانی سووڕی مانگانە بانگەشەی بۆ بکرێت نەک وەک شێوازێکی دژەسکپڕی[٣٨]. یاسای ڕۆکۆ زۆر بەتوندی سزای تاوانی لەباربردنی دەدا، تەنیا کاتێک ڕێگەی بەسووککردنی سزاکان دەدا کە بۆ "هۆکاری شەرەف" ئەنجام بدرایە. بەندی ٥٥١ دیاریی کردووە کە "گەر تاوانەکانی چارەکراو بە بەندی ٥٤٥ بۆ ٥٥٠ ئەنجام دران بۆ ئەوەی شەرەفی کەسێک یان خزمێکی نزیکی بپارێزن، سزاکانی دیاریکراو (لە بەندەکانی سەرەوە) دەبێ بۆ نیوە یان دوو لەسەر سێ کەم بکرێنەوە. کەواتە "هۆکاری شەرەف" دەتوانرێ بۆ گشت کێشەکانی چارەکراو لەلایەن بەندی ٥٤٥ بۆ ٥٥٠ پیادە بکرێت[٣٩] کە بارودۆخێکی سووککەریان داناوە سەبارەت بەتاوانی لەباربردن، نەک وەک تاوانێکی سەربەخۆ[٤٠] ئەم جیاوازییە گرینگە چونکە، وەک بارودۆخێکی سووککەری تایبەتی، "هۆکاری شەرەف"، تاوانی ئەنجامدراو ناگۆڕێت و پیادەکردنەکەشی بۆ هەندێک کەس -ژنەکە خۆی ویان خزمە نزیکەکانی- سنووردار کراوە کە تەنیا بۆ پاراستنی "شەرەف"ی ژنەکە بەو کارە هەڵساون، نەک هی خۆیان[٤١]. "هۆکاری شەرەف" بارودۆخێکی خۆییە و لەبەر ئەوە ناتوانرێت داوا لەلایەن کەسانی لایەنی سێیەمەوە بکرێت کە لە لەباربردنەکەدا یارمەتیدەر بوون و نزیکایەتییان لەگەڵ ژنەکەدا نەبووە (بۆ نموونە پزیشکەکان)[٤٢].

بەندی ٥٥١ زیاتر داوای دەکرد کە ژنەکە دەبێ "شەرەف"ی هەبووبێت تا بەرگریی لێ بکرێت و بپارێزرێت و لەبەرئەوە بەسەر ئەو ژنانەدا کە پێشتر بە"بێ شەرەف" دانرابوون پیادە نەدەبوو، وەکو سۆزانییەکان و ئەو ژنانەی بەگشتی بەوە ناسرابوون کە ژیانێکی "بەدڕەوشتانە" بەسەر دەبەن. دادگەی تەمیز سەلماندی کە دەکرێ بەندی ٥٥١ بەسەر ژنانی شووکردوودا پیادە بکرێت کە کاریان بۆ شاردنەوەی پێوەندییەکی زیناکارانە کردووە[٤٣]، بۆ نموونە لەو حاڵەتانەدا کە سکپڕی لەکاتێکدا دەستی پێ کردووە کە مێردەکە دوور بووە[٤٤]، بەڵام لە حاڵەتی ژنانی "بەرەڵا"[٤٥] یان ئەو ژنانەی کە پێشتر سکپڕییەکی نایاساییان هەبووبێت و بەردەوام بووبن لەسەر "ژیانێکی بەدڕەوشتانە" پیادە نابێت[٤٦]. هەرچۆنێک بێت، لە کێشە ئاڵۆزەکاندا، ئەوە ئەرکی دادوەر بوو بڕیار بدات گەر بارودۆخە سووککەرەکان پیادە دەبن بەسەر کێشەیەکی دیاریکراودا (لاتانزی ١٩٧٢، ل٧٢١ و، م. مانفریدینی ١٩٢١، ل٤٥٨). بەندی ٥٥١، پێکەوە لەگەڵ تەواوی ناونیشانی ١٠ یاسای ڕۆکۆ بەهۆی یاسای ١٩٤/١٩٧٨ هەڵوەشێندرانەوە کە دواجار لەباربردنی یاسایی کرد.

بەندی ٥٧٨ مامەڵە لەگەڵ تاوانی کۆرپەکوشتن بۆ "هۆکاری شەرەف" دەکات[٤٧] و وەک بەندی ٥٥١ هەمان پاڵنەری دیمۆگرافیی لە پشتەوە بوو. هەرچۆنیک بێت، لەم حاڵەتەدا "هۆکاری شەرەف" وەک بارودۆخێکی سووککەر کار ناکات بەڵکو خەسڵەتی تاوانێکی سەربەخۆی تیادا بوو.

بەپێچەوانەی بەندی ٥٥١ کەسەکانی کە دەیانتوانی پەنا بەرنە بەر بەندەکە تەنیا ژنەکە و خزمە نزیکەکانی نەبوون بگرە کەسانی تری نەناس کە تەنیا بۆ مەبەستی "شەرەف" ئەو کارەیان کردبوو. بەندی ٥٨٧ پیادە نەدەبوو ئەگەر ژنەکە پێشتر "بەشێوەیەکی سێکسی بێ شەرەف کرابێت"، نەشدەتوانرا پەنای بۆ ببرێت گەر کۆرپە کوشتنەکە بەتەواوی پاش منداڵبوون رووی دابا و کۆمەڵ پێشتر بەمنداڵبوونە یاساخەکەی زانیبایە. یاسای ١٩٨١٤٤٢ بەندی ٥٧٨ی هەڵوەشاندەوە.

دوا ئاماژە بە "هۆکاری شەرەف" لە یاسای رۆکۆدا بەندی ٥٩٢ بوو[٤٨]، کە بۆ سزایەکی زۆر بچووک لە حاڵەتەکانی فرێدانی ساوایەک بۆ مەبەستی شاردنەوەی منداڵ خستنەوەیەکی یاساخ و پاراستنی "شەرەف"ی خودی کەسێک یا هی خزمێکی نزیک دانرابوو. بەندەکە رەنگدانەوەی ئەو کردەوە باوەی بەجێهێشتنی منداڵی تازە لەدایکبوو بوو لە بەردەرگەی پەرستگەکاندا. یاسای ١٩٨١٤٤٢ هەروەها بەندی ٥٩٢شی هەڵوەشاندەوە.

### بەرئەنجامەکان

هەروەک ئەم بەشە پیشانی دا، سەرەڕای ئەو دەستووره پێشکەوتنخوازەی ساڵی ١٩٤٨ لە ئیتاڵیا دەرکرا، کە هەر جۆرە جیاکارییەکی جێندەریی قەدەغە کرد، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٧٥ هەیکەلی یاسای خێزان بەپاشخانە باوکسالارییەکانیەوە چاکسازیی تیا نەکرا. سەرباری ئەوەش هەتا ساڵی ١٩٨١ دوا ئاماژەکان بە"هۆکاری شەرەف" لە یاسای سزادان نەسڕانەوە. دەتوانرێت هۆکارێکی سەرەکی کە دەستی هەبوو لەم دواخستنەدا لەوەدا ببینرێتەوە کە زۆربەی هێزە سیاسییەکان نەیان دەویست بارودۆخی ئەو کات بگۆڕن، هاوشان لەگەڵ ئەو تێڕوانینەیاندا کە بەخشینی مافی زیاتر بەژنان هاوسەنگیی پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵگە تێک دەدا.

جێی بایەخە سەرنج بدرێتە پێوەندیی ئاشکرای نێوان چاکسازییەکانی یاساکانی جیاوازیکاریی جێندەری کە لەم بەشەدا لێک درانەوە و زیادبوونی رۆڵی بەرچاوی ژنان لە بواری گشتیدا. هەرچەندە مافی دەنگدانی گشتی ساڵی ١٩١٢ بەپیاوانی ئیتاڵیا بەخشرا، ژنان ئەم مافەیان تا ساڵی ١٩٤٥ پێ نەدرا. لەکاتێکدا هەندێک لایەن هانی ژنانیان دا کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان بپاڵێون، لە ساڵی ١٩٦٨دا تەنیا ٢٩ ژنە ئەندام پەرلەمان هەبوون، ئەم ژمارەیەش لە ٤٩ ئەندامی ئامادە لە یەکەم پەرلەمانی ئیتاڵیایی ساڵی ١٨٦١ دابەزیبوو[٤٩]. نائامادەیی ژنان لە کایەی سیاسیدا و بەگشتی لە ژیانی جەماوەریدا رێگەی بۆ یاسادانەران خۆش کرد چاو لە ئاست هەڵەی مێژوویی یاسادانانیدا بپۆشن کە بۆ زۆربەی هێزە سیاسییەکان گونجاو بوو.

زیاد لەوەش، ئیتاڵیا بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ لەلایەن کریستیانە دیموکراتەکانەوە[٥٠] بەڕێوە برا و، هەوڵەکانی چەندان پارتی ئۆپۆزیسیۆن و گرووپ بۆ چاکسازی لە هەندێک بەشی یاسادا (لەناویاندا یاسا جیاوازیکارە جێندەرییەکان) بەردەوام بەسەرنەکەوتن دوایییان دەهات. هەرچۆنێک بێت، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، لەوانە گەشەسەندنی فێمینیزم و شۆڕشی سێکسیی ١٩٦٠ەکان ژنانی زیاتر ئاگەدار کردەوە. هەر لە ساڵی ١٩٦٣وە رێگە بەژنان درا وەک دادوەر لە

سەر کورسیی دادوەریی دادگەی ئیتاڵیاییدا ئامادە بن و بەشداربوون لە گۆڕینی ئاڕاستەی دادگەکان بەرەو مەسەلەکانی جیاوازیکاریی جێندەری. ساڵانی ١٩٧٠کان زیادبوونێکی بەرچاوی لە ژمارەی خوێندکارانی مێدا بەخۆوە بینی لە خوێندنی باڵادا[٥١] و زیادبوونی خوێندەواری زیادبوونی وشیاریی بەدوادا هات و پێگەی ژنانی لە بازاڕی کاردا پتەو کرد. هەندێک پارتی دیاریکراوی ئۆپۆزیسیۆن (وەک کۆمۆنیستەکان و ڕادیکالەکان) لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی چالاک برەویان بە بەشداریی ژنان دا لە بواری سیاسیدا و لۆبیکردن بۆ ئەو چاکسازییانەی کە پایەیەکی یەکسانیان پێ دەدات لە کۆمەڵگەدا. ئەنجام یاسای نوێ دەرکران، پرۆسەیەک هەر کە دەستی پێکرد سەلماندی کە لە وەستان نایەت: ساڵی ١٩٧٠ سەرەڕای ڕکەبەرایەتیی کەنیسە مافی تەڵاق وەرگرتن درا، یاسای ١٩٧٧٩٠٣ هەڵسوکەوتی یەکسانی لەسەر کار دابین کرد، یاسای ١٩٧٨٨٩٨ لەباربردن و دایکایەتیی ڕێکخست و دواجار لە ساڵی ١٩٨١دا هەموو ئاماژەکانی "هۆکاری شەرەف" لە یاسای سزاداندا سڕانەوە.

پرۆسەی چاکسازی ئەمڕۆش بەردەوامە لە ژێر تەوژمێکدا کە بەزۆری دراوەتە پاڵ ژنانی ئەندام پەرلەمانی سەر بەپارتە جیاوازەکان بۆ وەلانانی جیاوازییەکانیان بۆ لۆبیکردن بۆ گۆڕانکارییەکانی یاسا، هەروەک بە ڕوونی لە هەوڵەکانی دەرکردنی یاسای توندوتیژیی سێکسیی ساڵی ١٩٩٦دا پیشان درا.

سەرنجەکان:

١- تەڵاق بەپێی یاسای ١٩٧٠٨٩٦٧ بەیاسایی کرا.

٢- یاسای ١٩٥٨٧٥ لەلایەن پەرلەمانتار لینا مێرلین بەرزکرایەوە و دوای چەندان ساڵ مشتومڕ خرایە کار و، دواجار ماڵە داخراوەکان Case Chiuse داخران. سۆزانییەت هێشتا یاسایی بوو، بەڵام چیتر لە ناو "ماڵەکان، گەڕەکان و هەر جێیەکی داخراودا" نەدەکرا ئەنجام بدرێت (مادەی ٢ی یاساکە). ئەمڕۆ، هەندێک NGO و ژنانی ناسراو پشتگیریی داواکانی دووبارە کردنەوەی ماڵە داخراوەکان دەکەن بۆ لە تاوانخستنی سۆزانییەت و ڕێگری لە مەترسییە تەندروستییەکان و چەوساندنەوەی کارگەرانی لەشفرۆشی لە لایەن گرووپە تاوانکارەکانەوە.

٣- جیۆڤانینی کارە مەیدانییەکەی خۆی ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی گارێی سەر بەسیسیلیا بەئەنجام گەیاند. لە کاتێکدا کە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی گوندنشینی خوارووی ئیتاڵیا دەنوێنن، ڕەنگدانەوەی سەراپای کۆمەڵگەی ئیتاڵیای ئەوکات نین، لە ڕاستیدا ناوچە شارنشینەکان و بەتایبەتی باکوری ئیتاڵیا بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوون. وێڕای ئەوەش، ئەو جیاوازییانەی لە سەرەوە تیشکیان خرایە سەر لە نێوان ڕەگەزەکاندا کە کۆمەڵگە لە ڕابردوودا هانی دەدان ئێستا کەمتر دەردەکەون، هەرچەندە لە هەندێک ناوچەدا بەتەواوی لەناونەچوون.

٤- بەندی ٥٤٩: سووکایەتی. هەرکەسێک بەرەوڕوو دەستدرێژی بکاتە سەر شەرەف یان سەرورەیی کەسێک، دەبێ بەماوەیەکی زیندانی تا شەش مانگ سزا بدرێت یان سزایەکی مادی ١ ملیۆن لیرە (ئێستا بەیۆرۆ دەخەمڵێنرێت). هەرکەسێک کارەکە بەهۆی تەلەگراف یان تەلەفون یان پێوەندیی نووسراو یاخۆ بەوێنەکێشان دژ بەقوربانییەکە ئەنجام بدات دەبێ بەهەمان شێوە سزا بدرێت. سزاکە

دەبێ ماوەیەکی زیندانی هەتا ١ ساڵ یان سزایەکی مادی هەتا ٢ ملیۆن لیرەبێت گەر تاوانەکە بریتی بوو تۆمەتبارکردنی قوربانییەکە بێت بەئەنجامدانی کردەوەیەک و، گەر تاوانەکە بەئامادەبوونی زیاتر لە ١ کەس ئەنجام بدرایە سزاکان زیاد دەکران.

٥- بەندی ٥٩٥: ناوزڕاندن. جگە لەو کێشانەی لە بەندی پێشوودا مامەڵەیان لەگەڵدا کرا، هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر ناوبانگی کەسێک لە قسەکردنێکیدا لەگەڵ کەسانی تردا، دەبێ بەماوەیەکی زیندانی هەتا ١ ساڵ یان بەسزایەکی مادی تاوەکو ٢ ملیۆن لیرە سزا بدرێت. گەر تاوانەکە تۆمەتبارکردنی قوربانییەکە بێت بەئەنجامدانی کردەوەیەک بوو ئەوا سزاکە دەبێ ماوەیەکی زیندانی تاوەکو دوو ساڵ یان سزایەکی مادی تاوەکو ٤ ملیۆن لیرە بێت. گەر کارەکە بەهۆی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە یان هەر هۆکارێکی تری ڕاگەیاندن ئەنجام درا، یان بەهۆی کارێکی ئاشکراوە، ئەوا سزاکە دەبێ ماوەیەکی زیندانی ٦ مانگ تاوەکو ٣ ساڵ یاخۆ سزایەکی مادی بەلایەنی کەمەوە ١ ملیۆن لیرە بێت. گەر تاوانەکەش بەرامبەر کەسایەتییەکی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی یان دادوەری یان یەکێک لە نوێنەران یان بەرامبەر دەسەڵاتێکی ئەکادیمیایی کرابوو ئەوا دەبێ سزاکە زیاد بکرێت.

٦- بەندی ٥٢٦: فریودان بە بەڵێنی هاوسەرێتی. هەر کەسێک مێینەیەکی هەرزە لە ڕێی بەڵێنی هاوسەرێتی و بەهەڵەدابردنی لەبارەی ژنهێنانی پێشتریەوە فریو بدات دەبێ بەماوەیەکی زیندانیکردنی ٣ مانگ تا ٢ ساڵ سزا بدرێت. فریودان بەو ڕادەیەی ئەنجامدانی کرداری جووتبوونی سێکسیی تێدا بێت. (ئەم بەندە بەهۆی یاسای ٦٦/١٩٩٦وە هەڵوەشایەوە (یاسای دژی توندوتیژیی سێکسی).)

٧- بەندی ٥٥٩: زیناکردن. ژنی زیناکەر دەبێ بەماوەیەکی زیندانیکردنی هەتا ١ ساڵ سزا بدرێت. هاوتاوانەکەشی دەبێ بەهەمان شێوە سزا بدرێت. دەبێ سزاکە بۆ تا ٢ ساڵ زیندانیکردن بەرز بکرێتەوە لە حاڵەتی پێوەندییەکی زیناکارانەدا. تاوانەکە بەگوێرەی خەبەرلێدانی مێردەکە سزا دەدرێت.

بەندی ٥٦٠: پێوەندیی نهێنی لەدەرەوەی هاوسەرێتی. ئەو مێردەی کە دۆستێک لە خانەی هاوسەریدا یاخۆ لە جێیەکی تری زانراودا ڕادەگرێت، دەبێ بەماوەیەکی زیندانیکردنی تا ٢ ساڵ سزا بدرێت. دۆستەکەشی دەبێ بەهەمان شێوە سزا بدرێت. تاوانەکە بەگوێرەی خەبەرلێدانی ژنەکە سزا دەدرێت.

٨- بۆ نموونە، وا بڵاو بووبووەوە کە ژنان ماوەگەلیی درێژ تووشی سستیی سێکسی دەبن (بۆ نموونە بەهۆی سکپڕییەوە) و زووتر ئارەزوویی سێکسییان لەدەست دەدەن بە بەراورد بەپیاو.

٩- دژبەیەکبوونی هەبوونی بەزمگە گشتییەکان لە وڵاتێکدا کە نیشتمانی پاپایە و سەنتەری کاتۆلیکییەتە هەرگیز بەتەواوەتی لەلایەن کەنیسە یان دەوڵەتەوە ڕوون نەکراوەتەوە.

10- www.Cronologia.it/storia/a1959z.htm

١١- ئەم بەندەی یاسا ٥٥٥/١٩١٢ سەبارەت بەهاووڵاتیبوون بەهۆی مادەی ٢١٩ ی یاسای ١٩٧٥/١٥١ هەڵوەشایەوە.

١٢- بەندی ٥٧١: خراپ بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاستکردنەوە. هەر کەسێک هۆکارەکانی ڕاستکردنەوە خراپ بەکار بهێنێت دژ بەکەسێک کە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی یان بۆ مەبەستەکانی پەروەردە، ئاگالێبوون، چاودێری، یان دەستبەسەری یان بۆ ڕاهێنان لەسەر پیشە یان هونەرێک پێی سپێردراوە دەبێ بەماوەیەکی زیندانیکردنی هەتا ٦ مانگ سزا بدرێت ئەگەر هات و کردارەکەیان تەندروستیی جەستەیی یان دەروونیی قوربانییەکە بخاتە مەترسییەوە.

١٣- لە سیستمی دادوەری ئیتاڵیادا دادگەی تەمیز بەرزترین دەسەڵاتی پێداچوونەوەیە. دادگەکە دەسەڵاتی پێ دراوە کە چاو بەبڕیارەکانی دادگە نزمەکاندا لە ڕوانگەی یاساوە (نەک ڕاستی) بخشێنێتەوە و دەتوانێت شکاتەکان بنێرێتەوە بۆ دادگە نزمەکان بەمەبەستی پێداچوونەوەیان و ئاماژەدان بەچۆنیەتیی تێهەڵچوونەوەیان.

١٤- دادگەی تەمیز، بەشی ٦، بڕیاری ٥٥٣٠، ١٢ی ئابی ١٩٧٤.

١٥- مادەگەلی ٥٨٢ و ٥٨٣ تاوانەکانی ئازاردانی جەستەیی و بریندارکردنی ترسناکی جەستەیی هەریەکە و بەماوەیەکی زیندانیکردنی ٣ مانگ تا ٣ ساڵ سزا دەدرێت.

١٦- بەندی ٥٨١ سزای تاوانی پەلاماردان دەدات بەماوەیەکی زیندانیکردنی تاوەکو ٦ مانگ یاخۆ بڕینەوەی سزایەکی مادی.

١٧- بولۆو سەرنجی دا کە یاسای ڕومولۆسی وەرگیراو لەلایەن دیۆنیسیوسی هالیکارناس کە گوایە بۆ سزای مەرگ بەسەر ژنانی زیناکاردا دانراوە و، دەکرێت هەردوو کەسەکە گەر بەسەر زیناوە گیران بکوژرێن، دواتر لە سەدەی ١٧دا ئیمبراتۆر ئۆگستوس یاسای زینای دەرکرد، کە مۆڵەتی بەباوک دەدا کچە زیناکارەکەی و دۆستەکەی بکوژێت کاتێک بەسەر زیناوە لە ماڵی باوکەکە یان مێردی کچەکەدا گیران. ئیمپراتۆرە کریستیانەکان سزاکانی زیناکردنیان زیاد کرد: قوستەنتین سزای مەرگی دامەزراند و مافی کوشتنی ژنی زیناکاری لەلایەن مێردەکەیەوە بۆ مێردەکە گەڕاندەوە.

١٨- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر یاسای زەناردەلی و یاساکانی سزادانی پێشیەکگرتنەوەی ئیتاڵیا، بڕوانە (فۆرتونا ٢٠٠٢).

١٩- لە ساڵی ١٩٢٧ـەوە مووچەی ژنان بەفەرمی نیوەی مووچەی پیاوان بوو، ژنان چیتر ڕێگەیان پێ نەدەدرا لە هەندێک زانستگەی دیاریکراودا وانە بڵێنەوە و کرێی خوێندن بۆ خوێندکارانی مێینە دووبەرامبەر کرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.Marxismo.net/idm/idm5/idm5-01- htm.

٢٠- دادگەی تەمیز، بەشی ١-٠٤-٠٣-٧٠ (لاتانزی ١٩٧٢، ل ٧٧٨).

٢١- دادگەی تەمیز، ٠٤-٠٣-٦٠ (لاتانزی ١٩٧٢، ل ٧٧٨).

٢٢- دادگەی تەمیز، بەشی ١-٢٧-٠٤-٦٥ (لاتانزی ١٩٧٢، ل ٧٧٩).

٢٣- دادگەی تەمیز، بەشی ١-٣٠-١١-٧٠ (لاتانزی ١٩٧٢، ل ٧٧٩).

٢٤- هەر ژنێک کە پاکیزەییی لەدەست بدایە یاخۆ ڕەفتارێکی "بەدڕەوشتانە"ی بکردایە پێی دەوترا sver-gognata بێ ئابڕوو بەواتای بێبەریکراو لە شەرم و شکۆ.

٢٥- دادگەی تەمیز، ١-٠٤-٠٣-٧٠ لیژنەی ریڤیستا (١٩٨٩، ل ٩٥٨).

٢٦- چیرۆکەکە لە گوندێکی سیسیلی بەڕێوە دەچێت. بارۆنێکی هاوسەردار Fefe Cefalu فێفێ سێفالو شەیدای کچە ئامۆزای جاحێلی خۆی ئەنجیلا دەبێ، بەڵام ناتوانێت بیهێنێت چونکە بۆی نییە ژنەکەی تەڵاق بدات. لە ژێر کاریگەریی دادگەیەکی بەناوبانگی ژنێک کە فریودەرەکەی خۆی کوشتبوو، پشت بە بەندی ٥٨٧ یاسای ڕۆکۆ قایم دەکات (کە دەقی یاساکە بەزەقی دێتە سەر شاشە تا بینەران بیخوێننەوە) دەست بەپلانی کوشتنی ژنەکەی بە "کوشتن لەسەر شەرەف" دەکات. بەرەو ئامێزی پیاوێکی تر پاڵی پێوە دەنێت. هەرچەند شتەکان بەگوێرەی پلانەکە ناڕۆن بەڕێوە، ئەنجام دەتوانێت بیکوژێت و تەنیا بە ٣ ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت. هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ گوندەکە ئەنجیلا

دەهێنێت. دواجار ئەو دڵشادە. هەرچەندە دوا دیمەنی فیلمەکە بەوە کۆتایی دێت ژنە جاحێڵەکەی چاوبازی لەگەڵ پیاوێکی تر دەکات.

٢٧- بەندی ٥١ی دەستووری ئیتاڵیا ڕادەگەیەنێت کە "گشت هاووڵاتییان لە هەردوو ڕەگەز دەتوانن لە هەلومەرجی یەکساندا لە دەزگە گشتییەکاندا کار بکەن و بۆ پلەوپایە گشتییەکان هەڵبژێردرێن"، هەرچۆنێک بێت، ژنان هەتا ساڵی ١٩٦٣ لە چوونە ڕیزی دادگەکانەوە بێبەش کرابوون. ساڵی ١٩٥٦ ڕێ بەژنان درا بچنە دادگەکانی ئاسیزێس Assizes Courts وەک بەشێک لە دەستەی سوێندراوان و تەختی بڕیاردانی دادگە نزمەکان، بەڵام ئەم مافپێدانە بچووکە زۆر بەتوندی لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانەوە ڕەخنەی لێ گیرا بەهەمان شێوەش لەلایەن دادوەر و سیاسەتمەدارانەوە کە پێیان وا بوو ژنان ئەوەبوو مرۆڤی هەستدەربڕ و نائەقڵانین بۆیە ناتوانن پیادەی کاری دادوەری بکەن لە ماوەی "هەندێک ڕۆژی دیاریکراوی مانگدا" ((www.bibliolab.it/donne-weballegato25-2htm. هەر کە ژنان ڕێگەی تەواویان پێ درا لە دادگەکاندا، دەست کرا بە بەرەنگاربوونەوەی ڕاپێشوەخت و نموونە چەسپیوەکان لەسەر ژنان کە بۆ چەندان ساڵ کاریگەرییان لەسەر دادوەری لە ناو دادگەوە هەبوو.

٢٨- بەندی ٦٢، ژمارە ١ و ٢: بارودۆخە سووککەرە تایبەتەکان. ئەم بارودۆخانەی خوارەوە تاوان سووک دەکەن، لەو حاڵەتانەدا کە وەک ڕەگەزە بنەڕەتییەکان لەبەرچاو نەگیراون (لەلایەن یاساوە) یان وەک بارودۆخە سووککەرە تایبەتەکان لەبەرچاو نەگیراون:

١- گەر تاوانکار تاوانەکەی لەبەر هۆکارەکانی ڕەوشت یان بەهای کۆمەڵایەتی ئەنجام دابوو

٢- گەر تاوانکار لە هەڵچوونی تووڕەییدا بەهۆی کارێکی ناڕەوای کەسەکەی ترەوە تاوانەکەی ئەنجام دابوو.

٢٩- دادگەی تەمیز، بەشی ٢-١٢-١٠-٦٠ لیژنەی ریڤیستا دو دیریتۆ پرۆسیدورا (١٩٦٠، ل ١٢٠).

٣٠- دادگەی تەمیز، بەشی ١٢-١٤ و پێشتر لە دادگەی تەمیز، هەردوو لیژنەی ریڤیستا ٧٤٣-٢٦-١٠-٨٢ (١٩٨٩، ل ٩٥٨).

٣١- دادگەی تەمیز، بەشی ١-١٣-١٢-٧٨ لیژنەی ریڤیستا (١٩٨٩، ل ٩٥٨).

٣٢- دادگەی تەمیز، بەشی ١-٢-٠٢-٧٢ لیژنەی ریڤیستا (١٩٨٩، ل ٩٥٨).

٣٣- هەڵوەشاندنەوەی بەندی ٥٨٧ هاودژیی لەگەڵ مادەی ٩٠ سڕییەوە، کە دەڵێت "حاڵەتە هەستبزوێن و سۆزجووڵێنەکان بەرپرسیاریی تاوانبارێک نە وەلا دەنێن و نە کەم دەکەنەوە". هەروەک ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن دادگەی تەمیزەوە پشتڕاست کرایەوە، دڵپیسی نە توانای تێگەیشتن لەکار دەخات و نە ڕێگە لە مەبەست دەگرێت، تەنیا لە کاتێکدا نەبێت کە برێتی بێت لە نەخۆشییەکی دەروونیی تەواو. دادگەی تەمیز بەشی ١- ٢٩- ٠٩- ٨٨ ژمارە ١٢- , ٨٦٣

٣٤- سەیری دادگەی تەمیز بەشی ١ حوکمی ٧٠٨ی ٢٦- ٠١ - ٩٣بکە (Beltrami et al., 2001).

٣٥- سەختیی تاوان: خەملاندنی سزا لەسەری. لە بەگەڕخستنی سەلیقەی دەسەڵاتی بڕیارداندا کە لە بەندی پێشووتردا ئاماژەی پێ دراوە دادوەر دەبێ خەتەرناکیی تاوانەکە هەڵسەنگێنێت بەلەبەرچاوگرتنی: سروشت و جۆر و هۆکارەکان و مەبەست و کات و شوێن و هەر خەسڵەتێکی تری کرەدەوەکە.

٣٦- دادگەی تەمیز، بەشی ١ی ٢٩- ٠٩- ٨٨ ژمارە ١٢- ٨٦٣ (ریڤیستا پێناڵ ١٩٨٩، ل٥٩٥).

37- www.bibiliolab.it/donne-web/allegato25-7- htm

٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٩- "هۆکاری شەرەف" بەسەر حاڵەتەکانی لەباربردنی ژنێک بەبێ ئارەزووی خۆی (٥٤٥) یان ژنێک بەئارەزووی خۆی (٥٤٦) پیادە دەبوو تەنانەت گەر بشبێتە هۆی مردن یاخۆ برینداربوونی جەستەیی (٥٤٩)، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە ژنەکە خۆی بووبێتە هۆی لەباربردن (٥٤٧)، بۆ حاڵەتەکانی هاندانی لەباربردن (٥٤٨) و ئەو حاڵەتانەی کە ڕێوشوێنەکانی لەباربەری تیادا بۆ ژنێک ئەنجام دراون کە باوەڕ وا بووە سکپڕ بێت (٥٥٠).

٤٠- وەک دژ بە بەندی ٥٨٧، کە "کوشتن لەسەر شەرەف" خەسڵەتی تاوانێکی کوشتنی سەربەخۆی وەرگرتبوو.

٤١- گەلالەی بەندەکە ڕوون نییە، بەلام لە هەر یەک لە بۆچوونی لێکۆڵەرەوەکان و بڕیارەکانی دادگەدا ئەو تێڕوانینە وەرگیرا کە بەندەکە پیادە نابێ بۆ ئەو حاڵەتانەی کە کەسەکەی تاوانەکەی کردووە بۆ مەبەستی پاراستنی شەرەفی ژنەکە نەبووە بگرە بۆ پاراستنی شەرەفی خۆی بووە.

٤٢- بڕیارەکان و بۆچوونی لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەم خاڵە ڕێکن. بۆ نموونە سەیری دادگەی تەمیز ٢١- ٢- ٣٦ (پاننایین ١٩٥٧، ل٥٧٩) و دادگەی تەمیز ٢٤- ٠٥- ٤٧ بکە (پاننایین ١٩٥٧، ل٥٧٩).

٤٣- دادگەی تەمیز، ١٨-٠٧-٤١ (پاننایین ١٩٥٧، ل ٥٨٣).

٤٤- دادگەی تەمیز، ١١-٠٣-٤٠ (پاننایین ١٩٥٧، ل ٥٨٣).

٤٥- دادگەی تەمیز، ١٨-٠٣-٤٠ (پاننایین ١٩٥٧، ل ٥٨٣).

٤٣- دادگەی تەمیز، ١٦-٠٥-٣٨ (پاننایین ١٩٥٧، ل ٥٨٣).

٤٧- بەندی ٥٧٨: کۆرپە کوشتن بۆ مەبەستی شەرەف. هەر کەسێک دەبێتە هۆی کوشتنی ساوایەک دوای لەدایکبوونی یاخۆ کۆرپەلەیەک لە کاتی لەدایکبووندا بۆ مەبەستی پاراستنی شەرەفی کەسەکە خۆی یان هی خزمێکی نزیکی دەبێ بەماوەیەکی زیندانی ٣ تا ١٠ ساڵ سزا بدرێت.

هەرکەسێک لە کارەکەدا بەمەبەستی یارمەتیدانی کەسێک لەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ درا هاوکار بێت، دەبێ هەمان سزای بەسەردا بسەپێت. لە هەر حاڵەتیکی تردا هەر کەسێک هاوکار بێت بۆ کارەکە دەبێ بەماوەیەکی زیندانی بەلایەنی کەمەوە ١٠ ساڵ سزا بدرێت.

بارودۆخە سووککەرەکانی بەندی ٦١ بەسەر ئەم حاڵەتانەدا پیادە نابن.

٤٨- بەندی ٥٩٢: بەجێهێشتنی ساوا بۆ مەبەستەکانی شەرەف. هەر کەسێک ساوایەک دوای لەدایکبوونی فرێ بدات بۆ پاراستنی شەرەفی کەسەکە خۆی یان هی خزمێکی نزیکی دەبێ بەماوەیەکی زیندانیکردنی ٣ مانگ بۆ ١ ساڵ سزا بدرێت. سزاکە دەبێ ماوەیەکی زیندانیکردنی ٦ مانگ بۆ ٢ ساڵ بێت گەر کردارەکە ببێتە هۆی برینداربوونی جەستەیی و لە ٢ ساڵەوە بۆ ٥ ساڵ گەر ببێتە هۆی مردن. دۆخە سووککەرەکانی بەندی ٦١ پیادە نابن.

49- www.bibiliolab.it/donne-web/allegato25-25- htm

٥٠- پارتێکە زۆر بەتوندی وابەستەی کڵێسەی کاتۆلیکە.

51- www.bibiliolab.it/donne-web/allegato25-25- htm

## بەشی دوازدەم

# "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" یان کوشتن بەبێ سزا؟ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی لە تەشریع و ئەو یاسایانەی بەبڕیاری پێشینەی دادوەر دروست بوون لە ئەمەریکای لاتیندا

سیلڤیا پیمینتێل و ڤالێریا پاندیاریان و جولیانا بێلۆکو

ئەم باسە وردبوونەوەیە لە مامەڵەی یاسایی "تاوانەکانی شەرەف" لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و کاریبیدا، بەتایبەتیش لەسەر بەرازیل چڕ دەبێتەوە. پوختەیەک لەسەر شێوەکانی جیاکاریی جێندەری لە یاسا و حوکمەکانی دادگە نیشتمانییەکاندا سەبارەت بەتوندوتیژی دژ بە ژنان پێشکێش دەکات، کە لە ڕوانگەکانی فێمینیستی و کۆمەڵناسی – یاسایی و مافەکانی مرۆڤەوە شی کراوەتەوە.

لەسەر ئاستەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و نیشتمانی چەندان پێشکەوتنی گەورە لە زامنکردنی دانان و ناساندنی مافی یاسایی ژنان بۆ ئازادبوون لە توندوتیژی ڕوویان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمڕۆ لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمدا لە ئەمەریکای لاتیندا یاسا باوەکان و ڕاڤەکردنەکانیان لەلایەن دادگە نیشتمانییەکانەوە بەناوی "شەرەف"ەوە ڕێگە بەپێشێلکاریی مافەکانی ژنان دەدەن، لە ڕێگەی دابینکردنی بێ سزایی بۆ تاوانبارانی ئەو جۆرەی توندوتیژی و یەکخستنی ئەفسانەکانی لایەنگیریی جێندەر لەگەڵ نموونە چەسپیوەکانی دژ بەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە. ئەو جۆرە پێشێلکارییانە هەروەها لە تیۆرە یاسایی و ئارگیومێنت و حوکمە دادوەرییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چەمکی "بەرگریی ڕەوای شەرەف" و "هەڵچوونی سۆز" دروست دەکەن و بەکار دەهێنن و پیادە دەکەن بۆ ڕەوایەتی بەخشین بەتاوانەکە و لۆمەکردنی قوربانییەکە و زامنکردنی بێ سزایی و کەمکردنەوەی حوکم لەسەر تاوانبارەکە. ئەم بەرگرییە لە حاڵەتەکانی ئازاردانی جەستەیی یان کوشتنی ژناندا پیادە دەبێ کە بەگشتی لەلایەن مێرد و هاوبەشی ژیان و کوڕە هاوڕێکانەوە ئەنجام دەدرێن.

بەشی یەکەمی ئەم باسە تێڕوانینێکی گشتی بۆ بەندە یاساییە پێوەندارەکان و حوکمە سەرەکییەکانی سەبارەت بە "تاوانەکانی شەرەف" لە ئەمەریکای لاتیندا پێشکێش دەکات. بەشی دووەم بەشێوەیەکی ڕەخنەییانە شیکاریی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و یاسایی بەرازیل دەکات، بەتایبەتی جەخت دەکاتە سەر کێشە سەرەکییەکانی دەیەی ڕابردوو کە تیایدا پەنا براوەتە بەر "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف".

دەوڵەتانی ناوچەکە وەک لایەن لە پەیماننامە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ دابینکردنی مافەکانی ئازادیی ژنان لە توندوتیژی[1]، خۆیان بە دەستەبەرکردنی یەکسانی و جیاکاری نەکردن لەبەردەم یاسادا پابەند کردووە. هەروەها خۆشیان بەمسۆگەرکردنی سڕینەوەی هەموو یاساکانی جیاکاریکردنی جێندەری و نەهێشتنی لایەنگیریی جێندەری لە پەیڕەوکردنی دادوەریدا بەستووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لە سەراپای ئەمەریکای لاتیندا یاسا نیشتمانییەکان سەبارەت بەتوندوتیژیی دژ بەژنان (بەتایبەتی توندوتیژیی سێکسی) چەندان بەندی جیاکاریی جێندەری لەخۆ دەگرن. ئەم یاسایانە بەشێک لەو کایە یاساییە پێک دەهێنن کە مامەڵە و تێگەیشتنی "تاوانەکانی شەرەف" (وەک "کوشتن لەسەر شەرەف") لە سیستەمەکانی یاسای تاوانی ناوچەکەدا پتەو دەکەن. لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەتی ١٩٩٠ـەکان) چەندان وڵات بەشێوەی کاریگەر یاساکانی سزادانی خۆیان هەموار کرد، لە کاتێکدا هەندێک بەند هێشتا پێویستییان بەکار لەسەرکردن هەیە[2].

یەکێک لەو گۆڕانکارییانەی کە چەندان دەوڵەت لە ناوچەکەدا لە شێوازی پۆلێنکردنی تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسیدا کردیان، لە یاساکانی سزادانیاندا بوو. بۆ نموونە، بۆلیڤیا پۆلێنکردنی تاوانە سێکسییەکانی لە "تاوانەکانی نەریت"ـەوە بۆ " تاوانەکانی سەر ئازادیی سێکسی" گۆڕی، پیرۆ هەمان گۆڕانکاریی کرد لە "تاوانەکانی سەر شەرەف و داوونەریتەکان"دا، لەکاتێکدا ئەرجەنتین "تاوانەکانی سەر سەلاری"ی گۆڕی بۆ "تاوانەکانی سەر سەروەریی سێکسی". بەڵام بەرازیل بەردەوامە لەسەر پۆلێنکردنی تاوانە سێکسییەکان بە"تاوانەکانی دژ بەنەریت"، لەکاتێکدا ئۆروگوای "تاوانەکانی دژ بەنەریتەکان و پەیڕەوی خێزان"ی هێشتووەتەوە.

مەسەلەیەکی تر کە لەلایەن هەندێک دەوڵەتی ناوچەکەوە (نەک هەموویان) چارەسەر کرا، بریتی بوو لە مەسەلەی بەخشین لە سزا، یان ڕاوەستاندنی ڕێوشوێنەکانی لێپێچینەوەی تاوان لە حاڵەتی تاوانە سێکسییەکاندا (وەک زۆرگێکردن) کە تیایدا تاوانبار قوربانییەکە مارە دەکات. ئەرجەنتین و چیلی و کۆلۆمبیا و پیرۆ هەموویان ئەو جۆرە بەخشینانەیان لە یاسای سزادان لابرد، بۆلیڤیا و بەرازیل و گواتیمالا و ئۆروگوای و ڤەنزوێلا چەندان بەندی جۆراوجۆریان لەسەر ئەم بابەتە هێشتەوە. بۆ نموونە لە بەرازیل ناتوانرێ تاوانباری تاوانە سێکسییەکان سزا بدرێت گەر ئەو قوربانییەکە مارە بکات یان قوربانییەکە شوو بەکەسێکی سێیەم بکات، کە ئەمەش تاوانبار لە بەرپرسیارێتیی تاوانەکەی دەبەخشێت. بەم مانایە بیرکردنەوە یاساییەکەی کە لە پشت ئەمەوەیە بریتییە لەوەی_ کە لەبەرئەوەی توندوتیژییە سێکسییەکە تەگەرە ناخاتە بەردەم ئومێدی هاوسەرێتی بۆ قوربانییەکە، دەکرێت تاوانەکە ببەخشرێت. هەرچەندە لە ئەرجەنتین (هەروەک لە سەرەوە سەرنج درا)، بەخشین لە سزا لە یاسادا سڕایەوە، بەڵام چەمکی ئەڤمێنتۆ (ڕێککەوتنی نێوان قوربانی و تاوانبار بەمەرجێک پێشتر پەیوەندیی سۆزداری لە نێوان هەردوو لادا هەبووبێ) هێنرایە ئاراوە. گەر قوربانییەکە پێشنیازی ئەو جۆرە ڕێککەوتنە بۆ تاوانبار بکات ڕەنگە دادگە

بەشێوەیەکی نائاسایی وەک سڕینەوەی تاوانکارییەکە یان هەڵپەساردنی حوکم قبووڵی بکات گەر ئەمە بەچارەسەرێکی گونجاوی کێشەکە و پاراستنێکی باشتری بەرژەوەندییەکانی قوربانییەکە بزانێت.

بەڵام زیناکردن هێشتا لە هەندێک وڵاتی وەک بەرازیل و مەکسیک بەتاوان لەقەڵەم دەدرێت. لە ڤەنزوێلا ژنێک کە زینا بکات وەک "ژنە زیناکەر" پێناس دەکرێت و (پێکەوە لەگەڵ شەریکە تاوانەکەیدا) ماوەیەکی زیندانی لە نێوان شەش مانگ بۆ سێ ساڵیان بەسەردا دەدرێت. لە لایەکی ترەوە گەر مێردێک بەزینا تاوانبار کرا ئەوا بەپیاوێک کە "ژنەدۆست"ێکی هەبووە پێناس دەکرێت و تەنیا کاتێک سزای بەسەردا دەسەپێت گەر خەڵک بەپێوەندییەکەی بزانن، ئەوساش تەنیا ماوەیەکی زیندانی لە نێوان سێ بۆ هەژدە مانگی بەسەردا دەسەپێت، لە کاتێکدا "دۆست"ەکەی ماوەیەکی زیندانیی نێوان سێ مانگ بۆ یەک ساڵی بەسەردا دەسەپێت.

هەروەها هەندێک دەوڵەت ئەو یاسایانەشیان هێشتووەتەوە کە رێگە بەرەچاوکردنی "سەلاری"ی ژنەکە دەدەن لە تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسیدا. لە بەرازیل یاسای سزادان هێشتا گوزارشتەکانی وەک "ژنی سەلار" لەخۆ دەگرن بۆ پێناسەکردنی قوربانییانی ئەو تاوانانەی خاوەن سروشتی توندوتیژین لە تاوانەکانی هەڵگرتنی بەزۆردا، شانبەشانی گوزارشتی "ئافرەتی پاکیزە" لە تاوانەکانی فریوداندا، لە فەنزوێلا گوزارشتی "ئافرەتی سەلار" هەر ماوەتەوە لەو بەندەدا کە لەسەر زۆرگێکردنە، لەکاتێکدا بۆ نموونە بۆلیڤیا ئاماژەیەکی لەو جۆرەی سڕیوەتەوە.

دواجار لەم هەڵسەنگاندنەدا، ژمارەیەک دەوڵەت بڕگەی یاسایی بۆ "هەڵچوونی سۆز" یاخۆ بەرگریی هاوشێوە دادەڕێژن. لە مەکسیک یاسای سزادانی فیدراڵی بۆ کوشتن یان ئازاردانی جەستەیی ئەنجامدراو لە کاتی "هەڵچوونی سۆز"دا کە خۆی بەهەلومەرجی سووککەر دادەنرێ کەمکردنەوەی سزا دابین دەکات. لە ئۆروگوای "هەڵچوونی سۆز"ی دروست بوو لە ئەنجامی زیناوە فاکتەرێکە کە ڕەنگە هەر خۆی ببێتە هۆی لێبوردنی یاسا، گەر یەکێک لە هاوسەرەکان بچێت بەسەر ئەویتردا لە کاتی زینادا و ژن/ پیاوەکە و شەریکەکەی بکوژێت یان بریندار بکات. هەروەها ناپاکیی یەکێک لە شەریکەکان یان تێکدانی پێوەندی[٣] وەک هەلومەرجێکی سووککەر لەکاتی بەرگریکردن لە تاوانبار پەسند کراوە. لە هیندۆراس ئەو کەسەی کە هاوسەرەکەی ژن/ پیاو یان شەریکەکەی لە کاتی جووتبوونی سێکسیدا لەگەڵ کەسێکی تردا دەبینێت و یەکێک یان هەردووکیان بکوژێت یان ئازار بدات ئەوا دووچاری سزایەکی زۆر سووکتر دەبێ لە هی کوشتنی ئاسایی یان بریندارکردن. هەرچەندە ئەم بەندە بەندی بەخشین لە سزای پێشووتری لەو جۆرە حاڵەتانەدا سڕییەوە بەڵام هێشتا کولتوورێک دەردەخەن کەوا دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی هاوسەر یان شەریکەکەی دەکوژێت یان ئازار دەدات پاش ئاشکرابوونی جووتبوونی سێکسی ئابڕووبەرانەی کەسی یەکەم لەگەڵ ئەوی دواییدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەسێکی پەسند بووبێت. لە ئیکوادۆر بەهۆی بایەخی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەفی هاوسەرێتی و ئاکاری کەسی" یاسای سزادان بڕیار دەدات کە هیچ تاوانێک بەئەنجام نەگەیشتووە کاتێک یەکێک لە هاوسەرەکان ئەویتر یان

"دۆسـتـە هاوتاکـەی" بکوژێت، ئازار بدات یان لێی بدات لە سـاتـەوەخـتی زیناکـردنی ئاشکرادا. سـەرەڕای سـڕینـەوەی زینا لە لیسـتی تاوانـەکـان، لـە سـاڵی ١٩٩٨دا، ئەم بەندە بەچالاکی وەک ڕەنگدانەوەی ڕوانگەیەکی سیاسی دیاریکراوی (ڕەگەزگەرا) لەسـەر "شـەرەف" دەمێنێتەوە و وا دەکات چەندان تاوان بەتایبەتی دژ بەئافرەتان بەبێ سزا دەرباز ببێ(٤).

## کارپێکردن و ڕاڤەکردنی یاسایی

توندوتیـژی لـەسـەر بنـەمـای جـێندەر، نەک بەتەنیـا لـە هەندێک ڕووی یاسـاوە ڕەوایەتیی پێ دراوە بەڵکو گیراویشـەتەبەر لەلایەن ئارگومێنتە یاساییەکان و ئەو حوکمە دادوەرییانەشـەوە کە نموونە چەسـپیـوەکان و ڕاپێشـوەختـەکان و هەڵوێسـتـە جیاکـارییـەکان یەک دەخـەن دژ بـەو ژنانەی کە دووچاری توندوتیـژی دەبن، نکۆڵی لەبـەسـەرهاتـەکـانیـان دەکـات و بەشـێـوەیەکی کـاریگەر وەک تاوانبـار مـامـەڵەیان لەگـەڵ دەکات نەک وەک قوربانی یـان ڕزگـاربوو لە تاوانەکـان. بەداخـەوە، ئەو جـۆرە ئارگـومـێنت و بڕیارانـە هـێشـتـا زۆر باون و زۆر جـاران دەشـێ بەدی بکرێن لە بـەڕێوەبردنی لێپێچینەوەی تاوانە سێکسییەکانی دژ بەژناندا بەتایبەتی تاوانی زۆرگێکردن.

هـەرچۆنێک بێت، بەگـشـتی ئـەم هەڵوێسـتـە جـیاکـارانە زۆر بەرچاون لـە مـامـەڵەی "تاوانەکـانی شـەرەف"دا، واتا حـاڵەتەکانی لێدان و کوشـتنی ژنـان لەلایەن مێردەکانی ئێسـتا یان پێشـووتر و هـاوبەشـە سێکسـییەکـان و کوڕە هاوڕێکانیـان لەسـەر گـومـانی زینا/ ناپاکیی سێکسی و/یان ئارەزووی ژنەکە بۆ جیابوونەوە. پارێزەرەکانی نوێنەری تۆمەتباران لەو جۆرە حاڵەتانەدا لە هەوڵی ڕەوایەتیدان بەتاوانەکە و کەمکردنەوە یان سووککردنی سزاکەدا "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" بەکار دەهێنن بەپەنابردنە بەر "شـەرەفی ژنومێردایەتی" یان "شەرەفی تۆمەتبار". هەروەها پەنا دەبەنەبەر بەرگریی "هەڵچوونی سۆز" و بیانووگەلی تر بۆ بێمافکردن و لۆمەکردنی قوربانیی تاوانەکە بەهۆی حوکمدان لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی سێکسیی ژنەکە نەک لەسەر تاوانەکە خۆی.

ئەم وردبوونەوەیـەی خـوارەوەی مـامـەڵەی یاسـایی لـەگەڵ "تاوانەکـانی شـەرەف" لە ئەرجـەنتین و مەکسیک و ئۆروگوای تیشک دەخاتە سەر بەدامەزراوەییبوونی قووڵی جیاکاریی جێندەری کە لە ڕاڤـەکردن و پیـادەکـردنی یاسـاکـانی دانراو لەسـەر توندوتیـژی دژ بەژناندا بوونی هەیە. پاشـان دەچینە سەر لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی دۆخی بەرازیل.

### ئەرجەنتین

وتاربێژانی ناودار کرستینا مۆتا و مارسێلا ڕۆدریگز (٢٠٠٠) پێ دادەگرن لەسـەر ئەوەی کە لە کاتێکدا بەگشتی سیستمی یاسایی بەفەرمی نموونە چەسپیوە جێندەرییەکان لەخۆ ناگرێت، ئەمانە بـە ڕوونی لە پیادەکردندا ئامادەییـیان هەیە و ڕێگە بە"چاوپۆشی" دەدەن بەرامبەر ئازاردان و بریندارکردنی ژنان لە چوارچێوەی خێزاندا. تەنانەت گەر ئەو جۆرە کارە توندوتیژییە وەک تاوان کـاری لەگـەڵ بکرێت و سـزاشـی لەسـەر دانرابێت "بەڵام هێشـتـا ئارەزووییەک هەیە بـۆ ڕەوایەتی

پێدانی، بەرەچاوکردنی نموونە چەسپیوە جێندەرییەکان و بیروباوەڕە پشتاوپشتەکانی سەبارەت بەخێزان و داوێنپاکی". لەم ڕووەوە مۆتا و ڕۆدریگز پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کە "یاسای ئەرجەنتینیی دانراو لەسەر کێشەی پێوەندار بەکوشتن و ئازاردان بەهۆی پێوەندییە کەسییەکانی نێوان تاوانبار و قوربانییەوە ئاڵۆز بوون نموونەیەکی مانابەخش دەخەنە ڕوو" (٢٠٠٠). لە بیرکردنەوەی چەندان دادوەر و بڕیاری دادگە باڵاکاندا بواری کەسی بەپانتاییەکی شاراوە دانراوە و لەبەرئەوە کەمتر بەرەقی مامەڵە لەگەڵ توندوتیژیی تایبەتیدا کراوە. دڵپیسی و هەستەکانی خۆشنەویستن و گوێنەدان بەئەرکەکانی ژنومێردایەتی وەک ئەو هۆکارانە تەماشا دەکرێن کە دەتوانن ڕەوایەتی ببەخشنە دەستدرێژی و توندوتیژی دژ بەژنان و لێرەشەوە ڕێگە بەکەمکردنەوەی سزا دەدەن لەو جۆرە حاڵەتانەدا.

لە یەکێک لە کەیسەکاندا دادگەی باڵای هەرێمی بۆینس ئایریس، لە کاتێکدا دادگە لەوەدا بوو بڕیار بدات کە ئایا مێردێک دەتوانێت لە کوشتنی ژنەکەیدا پەنابەرێتە بەر بەرگریکردن لە ژێر کاریگەریی هەستێکی توندا لە "هەڵچوونی سۆز"دا، ڕادەگەیەنێت کە "ئاکار" و "مافە چەسپێنراوەکان" لەو هۆکارانەن کە دەکرێت پاڵپشتیی ئەو جۆرە بەرگرییە بکەن. دادگەی باڵا لەسەر ئەو ڕایە بوو کە دەبێ ڕێزی "ئەو مافانە بگیرێت کە لەلایەن سیستەمی دادوەرییەوە پارێزراون و دەکەونە ژێر کاریگەریی ئارەزووی کوشتنەوە، زۆربەی کات بەهۆی ورووژێنەرێکەوە دەبزوێن کە لەلایەن قوربانییەوە بەرپا دەکرێت"(٥) دادگە لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە لەم کێشەیەدا:

ئەو هۆکارانەی کە دەبێ بۆ هەڵسەنگاندن لە بەرگری یاساییدا ڕەچاو بکرێن ئەمانەن: (ا) "وازهێنانی ژنەکە لە خانەی ژنومێردایەتی و بردنی منداڵەکانی هەردووکیان" ڕەفتارێکە کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی مادی بەمێردەکە (ئاگابوون لە ماڵ، ناندین، پاککردنەوە و هتد..)، هەروەها زیانگەیاندنی دەروونیش (تەنیاکەوتنەوە، بێبەشبوون لە منداڵەکانی، لەوەش زیاتر لەم حاڵەتەدا نەمانی جووتبوونی سێکسی و منداڵخستنەوە لە دواڕۆژدا) کە خستوویانەتە ژێر کاریگەریی دۆخێکی دژواری لەناکاوی وەهاوە کە زاڵبوون بەرسەریدا ئاسان نەبێت" و، (ب) "هۆی بەجێهێشتنەکە" کە وەک یەک لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی نێوان ژن و مێردەکە تەماشا دەکرێت، واتە نەمانی چێژی جووتبوونی سێکسی لە پێوەندییەکەیاندا، ئەم هۆکارە خۆی لەخۆیدا ناتوانرێت لە هیچ ڕوانگەیەکی-ئاینی و ئاکاری یان یاسایی- بەکار بێت بۆ ڕەوایەتیدان بەوەی ژنەکە ماڵ بەجێ بهێڵێت و مێردەکەی بەتەنیا بەجێ بهێڵێت.

دادگە سزاکەی لەسەر ئەو بنەمایە کەم کردەوە کە " تاوانەکە بۆ مەبەستی ئاکاری ئەنجام دراوە، لە هەلومەرجی بارودۆخە باسکراوەکانی سەرەوەدا، بەتایبەتی (کە مێردەکە) لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا دووچاری دۆخێکی پەشێویی دەروونی بووەتەوە (مۆتا و ڕۆدریگۆز، ٢٠٠٠).

لە کەیسێکی تردا دادوەر سزای پیاوێک کەم دەکاتەوە کە تاوانبار کرابوو بە کوشتنی ژنەکەی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە:

کاتێک قوربانییەکە وەکو ژن پێشێلی ئەرکە یاسایی و ئاکارییەکانی دەکات، بەشێوازێکی جدی

و نائاسایی -لەڕادەبەدەر- کار بۆ دروستکردنی کاردانەوە لای پیاوەکە بکات... لێرەدا ڕەفتاری قوربانییەکە وەک هەلومەرجی سووککردنی نائاسایی کار دەکات و بیرۆکەی دڵڕەقیی نائاسایی و ڕادەی بەرزی ڕەفتاری پڕمەترسی لە تاوانەکەدا دەسڕێتەوە... (مۆتا و ڕۆدریگۆز، ٢٠٠٠).

لە کێشەیەکی تردا ساڵی ١٩٨٨ دادوەرێکی تر وای دانابوو کە:

درکاندنەکان و مەراقەکان و سووکایەتیی چەشتراو لەلایەن تۆمەتبارەوە لە کاتێکدا ڕەفتاری چەوتی هاوسەرەکە دووپات دەکەنەوە، دراماییەکیشە کە پیاوەکە پێیدا گوزەری کردووە کە بووە هۆی ڕوودانی گرفتەکانی ڕۆژی تاوانەکە بەوەی کە لە دەمی ژنەکە خۆیەوە ئەو ڕاستییەی بۆ دووپات دەکرێتەوە کە ژنەکە پیاوێکی تری لە ژیاندا هەبووە و ویستوویەتی ژیانی هاوبەشی پێکەوەبوونیان واز لێ بهێنێت.

ئەمانە ئەو هەلومەرجانەن کە دەتوانن پاڵپشتیی داوای سووککردنی حوکم بکەن[٦].

مۆتا و ڕۆدریگز (٢٠٠٠) لەو باوەڕەدان کە ئەم حاڵەتانە ڕوانگەیەکی کۆگیر لەسەر سروشتی "تایبەتی" تاوانەکانی ئەنجامدراو لەناو خێزاندا ڕوون دەکەنەوە. ئەوان بەتایبەتی ئەمەیان بەلاوە نابەجێ بوو لەبەر ڕووناکیی واقیعی سۆسیۆلۆجیی ئەرجەنتین و جێگەکانی تری جیهاندا کە تیایاندا "٩٠٪ی حاڵەتەکانی توندوتیژیی ناو خێزان دژ بەژنان ئەنجام دەدرێن" و سیستمی یاساییش وا دەردەکەوێت کە ڕێگە بدات و نەرم بێت بەرامبەر ئەو کەسانەی توندوتیژی بەرامبەر خزمەکانی خۆیان بەکار دەهێنن، لێرەوە "پەیامی چەوتی بێ سزایی بەرهەم دێت کە ترسی ژنان لە ماڵدا دەخاتەوە".

ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆژنامەیەکی ناوداری ئەرجەنتین بڵاوی کردەوە کە دادگە حوکمی هەتاهەتایی بۆ ٢٢ ساڵی کەم کردووەتەوە لە حاڵەتی پیاوێکدا کە تۆمەتبار بوو بە کوشتنی ژنەکەی لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو دووچاری دڵداخورپان بووە بەهۆی داوای تەڵاقی ژنەکەوە. (کلارین، ٢٥ ی حوزەیرانی ٢٠٠٣). دوای ئەوەی تووشی دەمەقاڵێ دەبێ لەگەڵ ژنەکەیدا، کە گوایە تیایدا ژنەکە دەقیژێنێت و ڕای دەگەیەنێت "من تەڵاقم دەوێت" تاوانبار دەکێشێت بەڕوخساریدا و بێ هۆش لەسەر زەوییەکە دەکەوێت. دوای ئەوە، بەپارچە قوماشێک دەیخنکێنێت و دەیخاتە سندووقی ئۆتۆمۆبیلەکەیەوە و بەرەو دارستانێک لێی دەخوڕێت و لەوێ بەزیندوویی ئاگری تێ بەردەدات. لەم کێشەیەدا ڕاگەیەندرا کە "هەڵچوونی سۆز" لە ژێر سایەی یاسای سزادانداا هەلومەرجێکی سووککەری نائاسایی پێک دەهێنێت. دادگە ئەو بۆچوونەی هەبوو کە تاوانبار بەهۆی تێکچوونی کەسایەتییەوە بەو جۆرە کاری کردووە، کەسێک دەکوژێت کە زۆری خۆشویستووە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت بەکەسێک لەقەڵەم بدرێت کە بەدەر بووە لەم خەسڵەتانە. هەروەها ئەوەشی ڕەچاو کرد کە بکوژەکە لە حاڵێکدا نەبووە هەڵوەشانەوەی خێزانەکەی پێ قبووڵ بکرێ. خێزانی قوربانییەکە ڕایان گەیاند داوای پێداچوونەوە دژ بەبڕیارەکە دەکەن.

## مەکسیک

دادگەکانی مەکسیک بەردەوام بوون لە چاوپۆشی لە کوشتنی ژنان لەو تاوانی کوشتنانەدا کە گوایە بەهۆی دەستدرێژی بۆ سەر شەرەفی مێردەکانیان روویان داوە. گاسپەر ڤارگاس ریۆس لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠ دا بە کوشتنی ژنەکەی تاوانبار دەکرێت دوای ئەوەی پارێزەرەکەی بانگەشە دەکات کە ئەو لە کاتی "هەڵچوونی سۆز"دا کارەکەی ئەنجام داوە، بەشێوەیەکی بەرایی، تەنیا بەدوو ساڵ و دە مانگ و پازدە رۆژ زیندانی حوکم دەدرێت(٧). دواتر حوکمەکە لەلایەن دادگەی باڵای دادەوە بۆ یەک ساڵ و هەشت مانگ کەم دەکرێتەوە. لەم کێشەیەدا دادگە "قورساییەکی زیاتری دا بەو کارە سێکسییەی بکوژەکە ئیدیعای دەکات و گریمانەی زینا، بەبێ ئەوەی بەڵگەی کەسایەتیی توندوتیژیی بکوژەکە بەهەند بگرێت کە لە پشکنینەکانی پزیشکی دەروونیدا لەسەر گاسپەر ڤارگاس (گۆنزالێس) دەرکەوتوون. وا دیارە "شەرەف"ی پیاوان باجەکەی دەبێ بەمەرگی ژنان بدرێت.

مادەی ٢٩٣ی یاسای سزادانی ویلایەتی ئۆاکساکای مەکسیک ئاماژە بە کوشتن لەسەر "شەرەف" دەدات. بەگوێرەی رێپێس تێران "کوشتن بۆ شەرەف کە لە ویلایەتەکانی تردا بەکوشتن لە هەڵچوونی سۆزدا ناسراوە سزایەکی سووکتر دەستەبەر دەکات بۆ ئەوکەسانەی کە هاوسەرەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە دەکوژن کە ئەویان (ژن/ پیاو) بینیوە لە "جووتبوونی سێکسیدا یان نزیک لە تەواوبووندا". بوونی ئەو جۆرە بەندە دەربازبوون بەبێ سزا پتەو دەکات و سووربوونە لەسەر مافی خاوەندارێتی پیاوان بۆ ژنان.

## ئۆروگوای

لە ئۆروگوای ئازاردانی جەستەیی و کوشتن کە بەزۆری لەلایەن پیاوانەوە دژ بەژنەکانی (پێشوو) و هاوبەشەکانی (پێشوو) و کچە هاورێکانی (پێشوو)یان ئەنجام دەدرێن، بەتاوانگەلی سۆز دادەنرێن، کە لە ژێر پەردەی بەرگریی رەوای "شەرەف" ئەنجام دەدرێن وەک کارێکی سەرپێیی (هەنووکەیی) و وەک توندوتیژییەکی دارێژراوی ناوماڵ دانانرێت(٨). هەرچۆنێک بێت، کاتێک ئەو ژنانەی چەندان ساڵە دووچاری توندوتیژیی ناوماڵ بوونەتەوە دەستدرێژکەرەکە دەکوژن، دادگە رێگەیان نادەن سوود لەم جۆرە بەرگرییە رەوایە وەرگرن. ئەنجام، ئەو ژنانەی تاوانیان بەسەردا ساخ دەبێتەوە بەکەمتر لە دە ساڵ حوکم نادرێن کە کەمترین سزای دانراوە بۆ ئەو ژن و "ژنە دۆستانە"ی ئەم جۆرە تاوانە ئەنجام دەدەن. لەم رەوشەدا دادگەکان درێژەیان دا بەئارگومێنتەکانی وەک "ئەگەر راست دەرچێت کە ژنەکە لە ژێر ئەشکەنجەیەکی راستەقینەدا ژیانی گوزەراندبێت لەسەر دەستی مێردەکەی، ئەوە تەنیا حاڵەتێکی پیاوێکی نەخۆش و کوشتنێکە".

بەگوێرەی مۆریانا، را و هەڵوێستە پێشوەختە جیاکاریکەرە_ جێندەرییەکان، لەوانە دەربارەی سروشتی هیستریایانەی ژنان، لە راستیدا خزمەتی درێژەدان بەتوندوتیژی دژ بەژنان لە لایەن پیاوانەوە دەکەن لە ژێر ناوی پاراستنی "شەرەف"ی نێرینەدا_. هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە لە

زۆربەی کێشـەکاندا ئەو ژنانەی کـە بەکوشتن دواییـیـان هاتووە یان بەتوندی ئازار دراون، پاش ئەوەی بەرێکوپێکی دژ بەدڕندایەتی و هەراسـانکردن و هەڕەشـەکـانی سـەریان وەسـتـاونەتەوە، سیستمی دادوەری بەشێوەیەکی کاریگەر بەدەنگیانەوە نەچووە.

## کایەی یاسایی بەرازیل

بەرازیل لەناو ئەو وڵاتانەی ئەمەریکای لاتیندایە کە لە تاوانەکانی کوشتن و توندوتیژیی دژ بەژنان لەلایەن هاوبەشـەکانی پێشـوویانەوە، مێژوویەکی دوورودرێژ و بەرفرەوانی هەیە لەگەڵ ئەو بڕیارە دادوەرییانەدا کە بەرگریی ڕەوای "شـەرەف" پەسند دەکەن، سەرەڕای نەبوونی بەندێکی یاسـایی دیاریکراو لەم ڕووەوە. ئەم توێژینەوەیە پشـتی بەسـتـووە بەو لێکۆڵینەوە سـۆسـیـۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و یاسـاییـیـانەی دەیەکانی ڕابردوو کە لەسـەر بەرازیل ئەنجـام دراون و بەربڵاویی پیادەکارییـەکانی جیاکـاریی جێندەری و هەڵوێسـتـەکانی سـەبارەت بە بەڕێوەبردنی دادوەری لە تاوانەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان دەردەخەن(٩).

بزووتنەوەی فێمینیست و ژنان بەگشتی هەوڵیان دا گۆڕانکاری لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا بهێننە ئاراوە لە ڕێگەی کەمپەین و چالاکییەکانی ترەوە. هەوڵەکانیان بەتایبەتی لەسـەر کۆنگرێس (دەسـەڵاتی یاسـادانان) و دەسـەڵاتی جـێـبـەجـێکردن و دادوەری و گشت شـارەزایانی یاسـایی چڕکردەوە بەو ئومێدەی جیاکاریی جێندەری و توندوتیژیی دژ بەژنان نەهێڵن.

هەروەها بابەتەکە لە بەشە جیاوازەکانی میدیادا دەنگدانەوەی هەبوو بـەتایبـەتی کاتێک ژنانی ناودار دەبوونە قوربانی بەناو "تاوانەکانی سۆز" لەلایەن مێرد و هاوبەش و کوڕە هاوڕێکانی ئێستا یان پێشـوویان. ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە کاریگەرییـەکەیان لەوەدا بوو کە کۆمەڵگەیان ڕادەچڵەکاند و دەبوونە سەردێڕی هەواڵەکان (هەرچەندە ڕەنگە ئەمە بەهۆی تێوەگلانی کەسایەتییە ناودارەکانەوە بووبێ نەوەک سروشـتی سـامناکی تاوانەکـە و پاڵنەرە ئاشکرابووەکـانی). ئەم جـۆرە ڕووداوانە بەلایەنی کـەمـەوە خـزمـەتی تیـشکخـسـتنە سـەر مـەسـەلەکـان دەکـەن و ڕێگە خـۆش دەکـەن بۆ خـستنەوەی مشـتومڕ. هەر چۆنێک بێت لە حاڵەتەکانی تردا جارجار ڕاپۆرتەکانی میدیا لەسـەر بابەتەکە بەجیا لە هەر تاوانێکی تر چڕ دەبنەوە و بەشداری لە خستنەڕووی گرفتەکەدا دەکەن.

## جیاکاریی جێندەری لە یاسای سزادانی بەرازیلدا

یاسای سزادان (یاسا فەرمانی ژمارە ٢٨٤٨/١٩٤٠ کە بەشە گشتییەکەی لەلایەن یاسـای ژمارە ٧- ٢٠٩/١٩٨٤ هەموار کرا) ئێستا زیاتر لە ٦٠ سـاڵ بەسـەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە و بە ڕوونی پوخـتـە کـراوە و لـەلایەن کـۆمـەڵگەی باوکـسـالارەوە بەڕێوە براوە. گـەلێک لە بەند و چەمکە بنچینەییـەکانی ڕەنگدانـەوە و یەکانگیربوونی جیاکاریی جێندەرین و بەشـێوەیەکی زۆر گشـتی لەتوانایاندایە سیستمێکی گەندەڵ لە یاسـای بەرازیلدا بەرهەم بهێنن. لەڕاسـتیدا شکسـتهێنانی یاسـادانـەران لە گـۆڕین یان هەڵوەشـاندنـەوەی ئەو جـۆرە بەندانـە دادوەرانی سـەرپشـک کـرد کـە

بەشـێـوەیەک ڕاڤـەیان بکەن کـە تەواو پێـچـەوانەی مـافـەکـانی مـرۆڤ بن و پێـشـێلی بنەمـا چەسپیوەکانی دەستووری ساڵی ١٩٨٨ بکەن.

سـەرەڕای چاکسـازیی سـاڵی ١٩٨٤ لـە بەشـە گـشـتـییـەکەیدا، یاسـای سـزادان ئەو بەندانەی هێشتووەتەوە کە لەگەڵ دیموکراسیەتێکدا یەکانگیر نابن کە یەکسـانیی نێوان ژنان و پیاوان پیرۆز ڕادەگـرێت[١٠]. هەروەهـا ئەمـانە ناکـۆکـیـشن لـەگـەڵ وابەسـتـەبوونی دەوڵەت بەپەیماننامـە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی ژنان لەهەر کردارێک کە دەبێتە هۆی مردن و ئازاری جەستەیی و دەروونی و سێکسی لە هەردوو بواری گشتی یان تایبەتیدا. ئەم پابەندبوونانە ئەرکی زامنکردنی مافی هەموو ژنێک بۆ ئازادی لە توندوتیژی و هەموو جۆرەکانی جیاکاریی جێندەری دەگرنەوە[١١].

لە چاوخشاندنە گشتییەکەی سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان دا بەنموونـەیەکی سەرنجڕاکێشی شێوازی جیاکاریی جێندەری لە بەرازیل کە پێشێلی پەیمانە دەستووری و نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکات. ناونیشانی ٧ی مادەی ١٠٧ی یاسای سزادان ڕێگە بەگۆڕینی سزا دەدات گەر گوایە تاوانبارێک قوربانی تاوانەکەی لە تاوانەکانی "شەرەف"دا مارە بکات. لەو تاوانانەش زۆرگێکردن و دەستدرێژیی توندوتیژ بۆ سەر شەرەف کە تیایدا تاوانبارەکە بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەی توندەوە زۆر لە قوربانییەکە دەکات بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی. هەروەها ڕێگەی گۆڕینەوەی سزا دەدات کاتێک کە قوربانییەکە لەگەڵ کەسی سێیەمدا هاوسەری بگرێت، سـەبارەت بە"تاوانەکانی دژ بەنەرێت" کە بەبێ توندوتیژی یان هەڕەشەی توند ئەنجام دەدرێن، بەو مەرجەی کە قوربانییەکە پەنا نەباتە بەر لێکۆڵینەوەی تاوان یان هەر کارێکی تر لە ماوەی ٦٠ ڕۆژی پاش زەماوەندا. ئەم بەندانە بە ئاشکرا مەبەستیان پاراستنی "شەرەف"ی قوربانییەکە و خێزانەکەیەتی وەک لە مافی سەرەوەری جەستەیی یان ئازادیی سێکسیی ژنەکە، بەگوێرەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هاوسەرێتی "پەرژین شکاندن"ەکە چاک دەکاتەوە و "پاکیزەیی"ی ژنەکە دەگێڕێتەوە.

بۆ دەیان ساڵ، ئەو جۆرە بەندە یاساییە جیاکارانە باڵیان بەسەر هزری دادوەریدا کێشابوو کە پێی وابوو بەزۆر سـێکسکردن لە چوارچێـوەی هاوسـەریدا بریتی نییـە لە زۆرگـێکردن یان دەسـتـدرێژی بۆ سـەر شـەرەف. ئەنجـام بەکـارهێنـانی زەبروزەنگ بۆ ناچارکـردنی ژن بۆ کـردنی سێکس لەلایەن مێردەوە بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە ڕووی یاساییەوە بەپەسند دانرابوو و، لەلایەن سیستمی ئەو ماف و ئەرکانەوە کە دامەزراوەی هاوسەرێتییان بەرێوە دەبرد پاڵپشتی دەکرا. تەنیا لەم دواییانەدا دادگەکان دەستیان بەئاوەژووکردنەوەی ئەم سیناریۆیە کرد، لە تاوانبارکردن و حوکمدانی پیاوان لەسەر کاری زۆرگێکردن و دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف بەرامبەر ژنانەکانیان.

بەهەمـان شێوە هەڵوێستـە جـیاکارەکان چەمک و گوزارشـتەکان تێکەڵ دەکەن کە لە بەشـە تایبەتییـەکەی یاسـای سـزاداندا بەکار هاتوون و سـەرپێچییـە تاوانکارەکـان وەسف دەکەن، بۆ نموونە پۆلێنکردنی تاوانەکانی دژ بەسەربەستیی سێکسی، لەناو بەشێکدا لەژێر ناوی "تاوانەکانی دژ بەنەرێت". بیـرۆکـەی "تاوانـەکـانی دژ بەنـەرێت" لەلایـەن وتارنووسـانەوە شـی کـراوەتەوە وەک پاراستنی "موڵکیەت و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان" کە بەناوی "ڕەوشتی کۆمەڵایەتی" و "داوونەریتی"

تایبەتییەوە دامەزراون. لێرەدا نەریت بەواتای خوورەوشتەکانی ژیانی سێکسی دێت کە لەلایەن "هەڵوێستە ئاکارییەکان"ەوە پەسند کراوە هەروەها ئەو ڕەفتارە سێکسییەی کە لەگەڵ دیسپلینی کۆمەڵایەتی گونجێندراوە و شیاوە.

لەوەش زیاتر، چەندان لەو تاوانانەی کە لەم بەشەی یاساکەدا پێناس کراون، لە ئاماژەداندا بەتایبەتمەندییەکانی قوربانیی مێینە دەربڕینی جیاکارانە بەکار دەهێنن. ئەمانە بەناو ڕەگەزە پێوانەییەکانی تاوانن. بۆ نموونە مادەی ٢١٥ی یاسای سزادان سزای لەسەر ئەنجامدانی "جووتبوونی سێکسی بەهۆی بەکارهێنانی هۆکارەکانی خەڵەتاندنەوە لەگەڵ ژنی سەلاردا" داناوە کە بەزیندانیکردن بۆ ماوەی نێوان یەک بۆ سێ ساڵ سزا دەدرێت و، "گەر تاوانەکە بەرامبەر کچێکی پاکیزە کرابوو" کە تەمەنی لە نێوان ١٤ و ١٨دا بوو زیندانیکردنەکە ٢ بۆ ٦ ساڵ دەبێت. گوزارشتەکانی "ژنی سەلار" و "کچی پاکیزە" برێتین لە ڕەگەزە پێوانەییەکانی هەندێک لە تاوانەکان، هەروەک دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف بەهۆی هۆکارەکانی خەڵەتاندن (بەندی ٢١٦) و فریودان (بەندی ٢١٧) و هەڵگرتن بە بەکارهێنانی هێز یان خەڵەتاندن (بەندی ٢١٩). بەکارهێنانیان بێ ڕێزی و نکۆڵیکردن لە مافی سەربەستیی سێکسیی ژنان دەگەیەنێت و کولتوورێکی یاسایی پتەو دەکات کە لەسەر چاوپۆشین لە چەندان جۆری توندوتیژی بەرامبەر بەژن لە ژیانی تایبەتی و کەسی و ژیانی خێزانیدا بەردەوامە. ئەم لێدوانەی خوارەوە لەسەر ئازادکردنی ئەو پیاوانەی کە ژن و هاوبەش یان کچە هاوڕێکانی ئێستا یان پێشوویان بریندار دەکەن یان دەکوژن و ئینجا پەنا دەبەنە بەر "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" لەناو کایەی ئەم کولتوورە جیاکارە یاساییەوە دەستی پێ کردووە.

## "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف"

لە سایەی یاسای سزادانی بەرازیلیدا "بەرگریی ڕەوا" بەرگرییەکی یاساییە لە تاوان. مادەی ٢٥ دووپاتی دەکاتەوە کە "ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوە بەرگرییەکی ڕەوایە بۆ هەر کەسێک کە هۆکارە میانڕەوە پێویستەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی هێرشی ناڕەوا کە ڕووی دابێت یان خەریک بێت ڕوو بدا بەرامبەر خۆی یان کەسێکی تر، بەکار بهێنێت". ئەو جۆرە بەرگرییە تەنیا کاتێک دەشێ پەنای بۆ ببرێت کە بەرپەرچدانەوەی تاوانبار بەرامبەر "هێرشە ناڕەواکە" بەئەندازەیەک و لە پڕ بێت. بەگوێرەی ڕێبازی یاسایی، هەر مافێک و هەموو مافێکی یاسایی دەتوانرێ لە ڕێگەی یاساوە بەرگریی لێ بکرێت لەوانەش مافی پاراستنی "شەرەف"ی کەسێک. هەرچۆنێک بێت، کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە نییە گەر بەرگریی ڕەوا لە حاڵەتەکانی کوشتن و پەلامارداندا بۆ مەبەستی "بەرگریکردن لە شەرەف" لە لایەن هاوسەری خیانەتلێکراو یان هاوبەش یان کوڕە هاوڕێوە بەکار ببرێت.

زۆر گرینگە تیشک بخرێتە سەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە بەرگرییە. کە بەدەگمەن لەلایەن ئەو ژنانەی کە هاوسەر یان هاوبەشی (پێشوویان) دەکوژن یان ئازار دەدەن لەسەر بنەمای ناپاکی،

پەنای بۆ دەبرێت، لەوانەشە ڕەنگدانەوەی ژمارەی کەمی ئەو حاڵەتانەش بێت کە ژنان ئەم ڕادەیەی توندوتیـژیی تیـادا بەکار دەهـێنن. کەواتە دەکرێت "بەرگـریی ڕەوا لە شـەرەف" وەک بەرگرییـەکی یاسـایی تەمـاشا بکرێت کە هەوڵ دەدات نەهێڵێت مێرد و باوک و بـرا و هاوبەشـی پێشوو و کوڕە هاوڕێکان لەسـەر کوشتن یان ئازاردانی ژن و کچ و خـوشک و هاوبەش و کچە هاوڕێکانیـان، سـزا بدرێن، لەسـەر بنەمـای یان بەهۆی "ڕەوایـەتی بەخشین" بە بەرگـریکردن لە "شـەرەفی خـێزان" یان "شـەرەفی هـاوسـەری"یەوە. هەرچۆنێک بێت، پێویستە جەخت لەسـەر ئەوە بکرێتەوە کە لە زۆربەی نموونەکـاندا شـتێک نییـە ناوی "شـەرەفی هاوسـەری" یان "خـێزان" بێت تا بپـارێزرێت چونکە "شەرەف" سیفەتێکی تاکەکەسی و تایبەتە بەکەسێک و ناکرێت بدرێتە پاڵ دوو کەس یان زیاتر.

لە کـۆتایی ١٩٧٠کـان و سـەرەتای ١٩٨٠کـاندا بزووتنـەوەی ژنانی بەرازیل دژ بەنەریتـی باوی پەنـابردنـەبەر "بەرگـریی ڕەوا لە شـەرەف" لـە حـاڵەتەکـانی تاوانـەکـانی سـۆزدا یـەکی گـرت، دروشـمێکیـان بەرز کردەوە کە لـە هەمـوو وڵاتدا دەنگی دایەوە: "ئەو کـەسـەی خۆشـەیستی بکات ناکوژێت". بەڵام لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا کەمتر جەخت لەسـەر ئەم مەسەلەیە کراوەتەوە. لە ڕاستیدا حاڵی حازر کەموکوڕییەکی بەرچاو هەیە لە لێکۆڵینەوەی یاسایی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەم جۆرە بەرگرییـە هێشتا پەنای بۆ دەبرێت یان قـبووڵ دەکرێت لە سیستمی دادوەریی بەرازیلدا. ئەوە لەم کـایەدایە کە نووسـەران دەستیان بەچاوخشـاندنەوە بەبڕیارەکانی دادگەکانی بەرازیلدا سـەبارەت بە "بەرگـریی ڕەوا لـە شـەرەف" کـرد. لێکۆڵینـەوەکـەمـان مـەبەسـتـیـەتی وەک دەسـتـپێکێک یارمـەتیدەر بێت لە توێژینەوەیەکی وردی بەکـارهێنانی ئێـستـەی "بەرگـریی ڕەوا لە شـەرەف" لەبەر ئـەو هۆیەش مـەبەسـتی نیـیـە ببێتـە هـەڵبژاردەیەکی تەواوی بڕیارە دادوەرییـەکانی پێوەندار بە"تاوانـەکانی شـەرەف" لە بەرازیل. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم لێکۆڵینەوە سـەرەتاییـە توانیی زانیـاریی گرینگ دەربارەی بابەتەکـە بخاتـە بەردەست. بۆ نموونە پێـشـانی دەدات کە بڕیارەکـان لەسەر بەکارهێنانی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" یەکدەنگ نین، لە هەندێک کێشەدا بەرگری یوکسەر ڕەت دەکرێتەوە، لـە هـەندێکی تردا بەگشتی قـبووڵ دەکرێت، هەرچەندە لەبەر هەندێک هەلومـەرجی دیاریکراوی ڕاسـتـەقینە ڕەت دەکـرایەوە و لە هەندێک حـاڵەتدا بەڵام بەقورسـاییـەکی کـەمـترەوە بەرگرییـەکە قبووڵ دەکرێت و تاوانبارەکە ئازاد دەکرێت. بەدرێژاییی دوو دەیەی ڕابردوو ئەم جۆرە بەرگـرییـە یاسـاییـیـە لـە هەمـوو هەرێمـەکـانی وڵاتدا بەردەوام پـەنای بۆ بـراوە و هەندێک جـار سەرکەوتووش بووە.

جێی بایەخە تیشک بخرێتە سـەر ئەوەی کە تاوانە ئەنقەستەکان دژ بـە ژنان، بەپێی دەستوور، دادگـەیی دەکـرێن[١٢] لەلایـەن دەسـتـەیەکی سـوێندراوانەوە کـە پێک هاتووە لـە حـەوت کـەسی بەرەمەکی دیاریکراو. لەبەر ئەو دەسەڵاتە بەرزەی بەخشراوەتە بڕیارەکانی دەستـەی سوێندراوان، دادگـە باڵاکـانی دادوەری لە ویلایـەتەکـان -کـە دەسـەڵاتی پێداچوونەوەیان هەیـە- تەنیـا کـاتێک دەتوانـن بڕیارێکی دەسـتـەی سـوێندراوان ڕەت بکەنـەوە گـەر بەتـەواوی پێـچـەوانەی بـەڵگەکـانی کـێـشـەکـە بێت و ئەو کـاتە دەبێ بڕیاری سـەرلەنوێ دادگـەییکردنەوە بدرێت. لە ژێر هـیچ هەلومـەرجێکدا دادوەرانی دادگـەی پێداچوونەوە ناتوانن بڕیاری دەسـتـەی سـوێندراوان بگۆڕن.

بەمجۆرە تەنانەت گەر بەرەڵڵاکردنی بەراییی بەناو تاوانبارێک لەلایەن دەستەی سوێندراوانەوە لەکاتی پێداچوونەوەدا ڕەت کرایەوە، ئەمە ڕەنگە ئەو حاڵەتە بێت کە بەرگریی یاسایی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" داواکراوە و لە کاتی دووبارە دادگەییکردنەوەدا قبووڵ کراوە، بووەتە هۆی ئازادکردنێکی تر.

ئێستا لە سەرانسەری بەرازیلدا مشتومڕێک هەیە سەبارەت بەشەرعیەتی دادگەییی دەستەی سوێندراوان. بەلای هەندێکەوە ئەوە بەقووڵی گوزارشت لە پتەویی گیانی دیموکراسی دەکات. بەلای هەندێکی ترەوە کەموکوڕیی تێدایە چونکە بەندە لەسەر زانیاری و لایەنگیریی ئەندامانی دەستەی سوێندراوان. گومانی تێدا نییە کە وێڕای ئەم مشتومڕەش، چەندان بڕیاری ئەندامانی دەستەی سوێندراوان درێژەدەر و ڕەوایەتیبەخشن بەپێشێلکارییەکانی مافەکانی ژنان.

مادەی ٢٢٤ی بەرنامەی کاری چوارەمین کۆنفرانسی جیهانیی ژنان کە ساڵی ١٩٩٥ لە بەیجین گیرا دووپاتی دەکاتەوە کە توندوتیژی دژ بەژنان "مافە مرۆیییە بەدەستهێندراوەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان هەم پێشێل و هەم لاواز دەکات یان پووچەڵ دەکاتەوە". لەوەش زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە "هەر ڕوویەکی زیانبەخشی هەندێک ڕێسا، ئیتر داوونەرێت یان پیادەکاریی مۆدێرن بێت کە پێشێلی مافەکانی ژنان بکات دەبێ یاساخ بکرێت و نەهێڵرێت. حکوومەتەکان دەبێ کاری بەپەلە بۆ بەرهەڵستی و نەهێشتنی گشت شێوازەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان لە بواری گشتی و تایبەتیدا بکەن، ئەگەرچی خراپکارییەکە یان چاوپۆشییەکە لەلایەن دەوڵەت یان کەسانی تایبەتیشەوە ئەنجام درابوو". کۆمەڵی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمەسەلەی "تاوانەکانی شەرەف" چەندان ڕاسپاردەی یاساییی دەرکردووە[١٣]. بەتایبەتی ڕەخنەی لە بەکارهێنانی دەستەی سوێندراوان گرتووە و تەنانەت داوای کردووە کە حاشا لەو پیادەکارییە کولتوورییانە بکرێت کە بێ ڕێزی بەرامبەر مافە مرۆیییەکانی ژنان دەکەن.

## مێتۆدۆلۆجیی لێکۆڵینەوە

بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستمان کرد بەشیکرنەوەی ٥٤ حوکمی دادگە باڵاکان کە لە ماوەی پێنج ساڵدا (١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٣) دراون و لە ڕاپۆرتە یاسایییە سەرەکییەکان و ماڵپەڕەکانی دادگە بەرازیلییەکانەوە وەرگیراون. توێژینەوەکە بەهۆی کەمیی دەستگەیشتنی جەماوەر بەو یاسایانەی پشت بەبڕیاری پێشووی دادوەرەکان لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەرازیلدا دەبەستێت کەموکورت بوو. سەرەڕای ئەوەش، بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی تەواوەتی بەکاربردنی بەرگریی یاسایی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" پێویست دەکات بڕیارەکانی دەستەی سوێندراوان شی بکرێنەوە، هەرچۆنێک بێت، ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگەییکردن لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا بەئاسانی بەدەست ناکەون، لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە پێداچوونەوەیان تێدا کراوە. لەبەر نەبوونی ئەو جۆرە کەرەستانە ئەم توێژینەوەیە ناتوانێت هەڵسەنگاندنێکی تەواوی ڕادەی بەکاربردنی ئەم جۆرە بەرگرییە پێشکێش بکات، هەروەک چۆن پشتی بەهەموو ئەو حوکمانەی لەلایەن دادگە باڵاکانەوە لەسەر ئەم کێشانە دەرچوون نەبەستووە.

سەرەڕای ئەم کەموکورتییانە توێژینەوەکە پاڵپشتیی ئەو پێداگیرییە دەکات کە "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف"، وەک چۆن بەهۆی بڕیارەکانی دادگە بەرازیلییەکانەوە ئاشکرا بوو، پیادەکارییەکی کولتوورییە و خراوەتە گەڕ بۆ ئازادکردنی پیاوان لە تاوانی کوشتنی ژنەکانی ئێستایان و ژنەکانی پێشتریان. ئەم پیادەکارییە لەسەر بنەمای باڵادەستی ڕاپێشوەختە لایەنگرە جێندەرییەکان و نموونە چەسپیوەکان دامەزراوە کە پێویستییان بەشیکاریی ڕەخنەیی و بەپەرچدانەوە هەیە.

توێژینەوەکەمان بۆ پێشکێشکردنی شیکارییەکی چۆنایەتی نەک چەندایەتیی مەسەلەکەیە. هەوڵ دەدات پیشانی بدات کە لە سەدەی بیست و یەکیشدا و سەرەڕای بیروباوەڕە پێچەوانەکان، کۆمەڵگە و کولتووری بەرازیلی هێشتا وەک شایستە بە بەخشین لە تاوان سەیری ئەو پیاوانەی کە ژنەکانی (پێشوو) و هاوبەشەکانی (پێشوو) یاخۆ کچە هاوڕێکانی (پێشوو)یان دەکوژن یان ئازار دەدەن بەناوی "شەرەفی خێزان" یان "ژن و مێردایەتی"یەوە دەکات. هەروەها پیشانی دەدات چۆن کولتووری یاسایی بەرازیلی لە هەندێک حاڵەتدا ڕێگە بەتاوانباران دەدات بەبێ سزا دەرباز بن. ئەم جۆرە بەرگرییە یاساییە خۆی لەسەر بنەمای "شەرەفی خێزان" یان "ژنومێردایەتی" دادەمەزرێنێت کە لە یاسا یان فەلسەفەی یاسادا بەڕوونی پێناسە نەکراوە، کە ئەمەش سیستمێک پتەو دەکات تیایدا ژن لەلایەن پیاو و بەهاکانی کۆمەڵگەی باوکسالارەوە سەرکوت دەکرێت.

ئەو بڕیارانەی توێژینەوەیان لەسەر کرا بەسەر چوار پۆلدا دابەش کراون: (ا) ئەو بڕیارانەی کە دادگە باڵاکان تیایدا بەرگریی یاسایی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف"یان لە حاڵەتی تاوانەکانی "ورووژان" بەهۆی ڕەفتاری سێکسیی قوربانییەکەوە لەگەڵ کەسی سێیەمدا قبووڵ کردووە، (ب) ئەوانەی تیایاندا دادگە باڵاکان ئەم جۆرە بەرگرییە یاساییەیان ڕەت کردەوە لەبەرئەوەی مەرجەکانی مادەی ٢٥ی یاسای سزادان کە لە سەرەوە باس کراون نایانگرێتەوە، (ج) ئەوانەی تیایاندا زۆربەی دادوەرانی دادگەی باڵا بەرەهایی ئەم جۆرە بەرگرییەیان ڕەت کردەوە و کەمینەیەک لەگەڵ ئەمەدا ناکۆک بوون و، (د) ئەوانەی تیایاندا دادگە باڵاکان بەتەواوی ئەم جۆرە بەرگرییەیان ڕەت کردەوە. لیستی تەواوی پوختە و شیکاریی کێشەکانی ئەم تێکستە لە نوسخە تەواوەکەدا هاتووە (بڕوانە، www.soas.ac.uk/honourcrime). لە میانەی توێژینەوەکەدا، بەهۆی سەرنجە جیاکارییە جێندەرییەکانی هەندێک لە دادوەرەکانەوە تووشی سەرسوڕمان بووین. لە لێدوانە ڕەخنەییەکانی خوارەوەدا تیشکمان خستووەتە سەر هەندێک لەم هەڵوێستانە کە زیاتر جەخت دەکەنە سەر سێ حاڵەتی پۆلێنی یەکەم.

## سەرنجە ڕەخنەییەکان

لە سێ کەیس، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ و ٢٠٠٢دا بڕیاریان لەسەر دراوە دادگەی پێداچوونەوەی ساوپاولۆ و ئاکرە "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف"یان پەسند کردووە[١٤]. یەکێک لە بڕیارەکانی دادگەی ساوپاولۆ پێوەندیی بەتاوانی ئازاردانی جەستەییەوە هەبوو[١٥]. لە کاتی دادگەیی لە جاری یەکەمدا و لە کاتی پێداچوونەوەدا ئەوە پەسند کرا کە تاوانبار هێزی

"نەرمونیانی" بەکارهێناوە کاتێک چەندان جار پاڵی بەژنەکەیەوە ناوە و، بەهۆی دانپیانانی قوربانییەکە بەناپاکی، هەستە بەهێزەکانی وروژاون. دادگەی پێداچوونەوە یاداشتی کردووە:

هەرچەندە ئەمڕۆکەش وەک لایەنگیرییەکی کوێرانەی بەسەرچوو، دەشێ ڕەفتاری کەسێک کە ژن یان هاوبەشەکەی دەکوژێت یان بریندار دەکات قبووڵ بکرێت، بەڵام لەم کێشەیەدا شەرەفی داواکاری پێداچوونەوە لەکەدار بووە بەهۆی درکاندنی ناپاکیی خانمەکەیەوە کە لەگەڵ پیاوێکی تردا خیانەتی لێ کردووە پاش ئەوەی چەندان ساڵ بەیەکەوە ژیاون، هەروەها ناشکرێت ئەو ڕاستییەش پشتگوێ بخرێت کە ئەو دووانە سەرەڕای پێکەوەبوونی نایاساییان چوار منداڵیان هەبووە.

کەیسی دووەم لە ساوپاولۆ برێتی بوو لە تێوەگلانی پیاوێک لە کوشتنی ژنەکەی و دۆستەکەی دوای ئەوەی لە کاتی زیناکردندا بەسەریاندا چووبوو. دادگەی پێداچوونەوە، بڕیاری دەستەی سوێندراوان دەسەلمێنێت و ئاماژە بەمەرجە یاساییەکانی نەرمی نواندن بەرامبەر زەبروزەنگ نادات (سەیری مادەی ٢٥ی یاسای سزادان بکە). لە جیاتی ئەوە دادگە تاوانی کوشتنەکە لەلایەن مێردە "خیانەت لێکراوەکە"وە وەک تاکە چارەسەر دەبینێت بۆ خۆ لادان لە زیانی هەتاهەتایی بۆ سەر "شەرەف"ی و، ڕای دەگەیەنێت کە" گەر بهاتبایە ئەو ماڵەکەی بەجێ بهێشتایە بەبێ کردنی ئەو کارەی ئەنجامی دا ئەوا بۆ هەتاهەتایە شەرەفی لەکەدار دەبوو" دادگە سەرنجی دا کە:

تاوانبارەکە لە سەردەمێکی جیاوازدا گەورە بووە، لە ماوەی نێوان ١٩٢٠ەکان و ١٩٣٠ەکاندا، ئەوکات ئاکار و ڕەوشتەکان جیاواز بوون و پێ دەچێت زۆر توندتر بووبن لە هی ئەم ڕۆژگارە کە بێگومان ئەمە کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی هەبووە، کەسایەتی و بیرکردنەوەکانی داهاتووی داڕشتووە.

بەسەرنجدان لەوەی کە مەسەلەی بەرگریی ڕەوا "لە فەلسەفەی یاسا و ئەو یاسایانەی پشت دەبەستن بەبڕیارێک کە دادوەر داویەتی مەسەلەیەکی مشتومڕئامێزە"، دادگە سەرنج دەدات کە:

زیناکردن، بەگشتی، لە گشت سەردەمەکاندا، لە هەموو یاساکاندا لە سەرەتاییترین یاساوە بۆ نوێترین یاسا، بەردەوام بەتاوان و کارێکی ناڕەوشتی و دژەکۆمەڵایەتی دانراوە... هیچ گومانی تێدا نییە کە لە کاتی هاوسەرێتیدا هاوسەر مافی ڕەهای دڵسۆزیی هەیە لەلایەن هاوبەشەکەیەوە و مافی داواکردنیشی هەیە- مافێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەرەف ڕێزی لێ بگیرێت و وەکو بەهایەکی یاسایی بپارێزرێت.

لێرەدا ئەم بیرکردنەوەیە جێی سەرنجە، چونکە لە ڕەوایەتی بەخشینەوە تێدەپەڕێنێت بۆ ستایشکردنێکی ڕاستەقینەی کوشتن، وەکو دەردەکەوێت پێدەچێت دادگە بکوژەکە بە " ئامرازێکی بەرگریکردنی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەکەی خۆی" دابنێت. لەم کێشەیەدا وا دانراوە کە تاوانی کوشتنەکە لەئەنجامی کاردانەوە بەرامبەر تاوانی زیناکردنەکە ئەنجامدراوە- تاوانێک کە:

بەتەنیا ڕوودانی، پێوەندیی بەتاکەکەسەوە نییە، بگرە پێوەندیی بەڕێسا نەرێتییەکانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیشەوە هەیە، کاردانەوە تاکەکەسییەکە شتێکە کە لەلایەن قورساییەکی کۆمەڵایەتیی

بەرچاوەوە گۆش دەکرێت و هان دەدرێت. تاکەکەس لە ڕوانگەی شکۆمەندیی خۆیەوە و لە ڕوانگەی تێگەیشتنی گشتیی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە کاردانەوەی دەبێت. ئەو کاردانەوەی دەبێ چونکە شەرەف دەتوانرێ تەنیا بەپێی دوو ڕوانگە تێگەیشتنی بۆ بکرێت و بوونی هەبێت و بەپێی ئەرکێک بەرامبەر ئەو و بەرامبەر بەکۆمەڵگە. لە بەرگری لە مافی خۆیدا وەک تاکێک و ئەندامی گرووپێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو ناتوانێت هیچ هەڵوێست یان ڕەفتارێکی تری هەبێت... ئەو کە بەرگری لە ئاکارەکانی خۆی دەکات، لە هەر ڕوویەکەوە بیگریت وەک ئامرازێک بەرگریی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەکەی خۆی کار دەکات.

لە بەرازیل و زۆربەی ئەمەریکای لاتیندا، کە نەریتێکی یاسایی پۆزەتیڤیستی (وەزعی) پتەو هەیە هەوڵێکی شاراوەش هەیە بۆ بەمرۆییکردنی ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە تاوانانە. بەرفرەوانکردنی چەمکی بەرگریی ڕەوا تا "شەرەف" لەخۆ بگرێت ئەنجام بەسوودی پیاوان و زیانگەیاندن بە ژیانی ژنان دوایی دێت. پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە چەندان لقی فەلسەفەی یاسا لەم سەردەمەدا و لەناویاندا فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم (وەزعی) بەفۆرمە جۆراوجۆرەکانیەوە لە ڕوویەکەوە کۆششەکانی باشتر پارێزگاریکردنی مافەکانی خەڵک دەنوێنێت، ئینجا ئەمە بەشێوەی ئاشکرا یان شاراوە بێت. هەرچەندە دیارترین ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزمی چاکساز ئەوەیە کە خۆی لەخۆیدا زەمانەتی پاراستنی مافەکانی خەڵک ناکات. لەبەر ئەوە بۆ زیادکردنی مافە چەسپیوەکان و بۆ دەستخستنی ئەو بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی لە سیستمی یاساییدا دیاری نەکراون دەبێ لەو حاڵەتانەدا ڕەوایەتییان پێ بدرێت کە دەزانرێ باشتر پارێزگاریی مافەکانی خەڵک دەکەن.

ئەم جۆرە بڕیارانە مانای نکۆڵی لە بەها و ژیانی ژن دەگەیەنن. بنەما و ڕێساکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئەمەریکاوە (OAS) دامەزراون بەتەواوی دژ بەو جۆرە ڕەفتارانەن. بڕیارەکە لەناو هەموویاندا پێشێلی مادەی ٣ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ دەکات کە دووپاتی دەکاتەوە "هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسیی هەیە"، هەروەها بەندی ٥(ا)ی پەیماننامەی ژنان[١٦] کە دەڵێت:

دەوڵەتانی بەشداری پەیماننامە دەبێ هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ گۆڕینی شێوازەکانی هەڵوێستی کولتووری و کۆمەڵایەتیی پیاوان و ژنان بگرنەبەر بەئومێدی سڕینەوەی ڕای پێشوەختە و خوو و نەریتەکان و هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی تری کە پشتیان بەبیرۆکەی پلەنزمیی یان پایەبەرزیی یەکێک لە ڕەگەزەکان بەستووە یان پشتیان بەنموونە چەسپیوەکانی ڕۆڵی پیاوان و ژنان بەستووە.

هەروەها مادەی ١ی پەیماننامەی بێلێم دۆ پارا[١٧] Belem do Para پێشێل دەکات کە دەڵێت:

بۆ ئامانجی ئەم پەیماننامەیە پێوستە توندوتیژی دژ بەژنان وا ڕوون بکرێتەوە کە بریتییە لە هەر کارێک یان ڕەفتارێک کە لەسەر بناخەی جێندەر دامەزراوە و دەبێتە هۆی مردن یان ئازاری جەستەیی، ئازاردانی سێکسی یان دەروونی یاخۆ دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی ژنان لە بواری گشتی یان تایبەتیدا.

لەسـەر ئاسـتی نیشـتمـانیش بەندی ٥ی دەسـتووری بەرازیلـی پێشـێل کراوە چونکە دووپاتی دەکاتەوە:

هـەمـوو کەسـەکان لەبەردەم یاسـادا یەکسـانن، بەوەی کـە مـافی ژیـان و ئازادی و یەکسـانی و ئاسایش و خاوەندارێتییان زامن بکرێ.

هەروەها یەکەم لقی ئەو بەندەش پێشێل کراوە چونکە بەگوێرەی مەرجەکانی، ژنان و پیاوان لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسـانن. هەروەها پێشـێلکردنی مادەی ٢٥ی یاسـای سزادانی بەرازیلە کە مەرجەکانی بەرگریی ڕەوای چەسپاندووە لەبەرئەوەی مـەرجە یاساییەکانی بەرگریی ڕەوای تیادا پەیڕەو نەکراون.

هەرچۆنێک بێت، بڕیارەکـە تێکڕایی نەبوو و بیـروڕا ناکـۆکەکـانی ئەم کـێشـەیە ئارگـومێنتی بنچینەدار دەخەنە بەرچاو:

شەرەف سیفەتێکی کەسییە، پێوەندیی بەکارەکانی کەسی سێیەمەوە نییە، کەواتە شیاو نییە پیـاوێک بەبێ شـەرەف لەقـەڵەم بدرێت لەبـەرئەوەی ژنەکـەی ناپاکـە... یاسـا و ڕەوشت ڕێگە بەژن نادەن خۆ لە ڕاستی بدزێتەوە. بەڵام ئەوپەڕی دڵڕەقییە لەبەر ئەو هۆیە نکۆڵی لە مافی ژیانی بکرێ.

هەرچـۆنێک بێت، ئەم ئارگـومـێنتـانە ڕەت کـرانـەوە لەلایەن زۆربـەی ئەو دادوەرانەی بەلایـانەوە باشتر بوو ڕاپێشوەختەکان پەسند بکەن وەک لە زیانگەیاندن بەمافی پیرۆزی ژیان.

کەیسی سێیەم لە دادگەی پێداچوونەوەی ڕیۆ برانکۆ[١٨] دانیشـتنی گوێگرتنی لەسـەر کرا. تاوانبـارکراو ئازاد کرا لە تۆمـەتی هـەوڵی کـوشـتنی دۆسـتی هـاوبەشـەکەی کـاتێک دۆسـتـەکە لە ژووری خـەوتنەکـەیدا دوای زیناکـردن لەگـەڵ هـاوبەشـەکـەیدا دەگـرێت. لە قـۆنـاخی یەکـەمی دادگەییکردنەکەدا لەلایەن دەستەی سوێندراوانەوە، بارودۆخەکانی کێشەکە دادوەرانی گەیاندە ئەو باوەڕەی تۆمەتبار لەسەر بنەمای بەرگریی ڕەوا لە شەرەف ئازاد بکەن لەسەر ئەو بڕوایەی کە:

کـاتێک تۆمـەتبـار دەگـاتەوە مـاڵ هاوبەشـەکەی لەگـەڵ قـوربانیـیـەکدا لە ژووری نوسـتنەکـەیدا دەگرێت، زیناکردنەکە بەتەواوەتی ئاشکرا دەبێت و ئاساییە ئەمە لە ناخەوە تووشی برینداربوونی دەکات و وای لێ دەکا کاردانەوەی هەبێ بۆ پارێزگاریکردن لە شەرەفی خۆی و شـەرەفی خێزانی و هاوسەرێتی، ئەمەش بە بەهانەیەکی یاسایی دادەنرێ لەسەر بنەمای بەرگریی ڕەوا.

ئەوەی جـێی سـەرنجـە، نووسـینگەی داواکاری گشـتی داوای پێداچـوونەوە ناکات. کـێشـەکـە ڕەوانەی دادگەی پێداچوونەوە دەکرێت تەنیـا لەبەر مـەرجی چاوپێداخشاندنەوە بۆ هەر بڕیارێکی بەڕەڵڵاکردنی تاوانبارێک لەلایەن دەسـتەی سـوێندراوانەوە لە قۆناخی یەکەمی دادگەییکردندا[١٩]. دادگـەی پێـداچوونەوە بەتێکڕا ئەم بڕیارە پـەسند دەکـات لەسـەر ئەو بنەمـایەی تۆمـەتبـار هـەمـوو مەرجەکانی مادەی ٢٥ی یاسـای سزادانی بەجێ هێناوە، لەبەرئەوەی "بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تۆمـەتبار بـەنەرمی جووڵاوەتەوە و دۆسـتی هـاوبەشـەکەی تەنیا بـەیەک چەقۆلێدان بریندار کـردووە، هیچ هۆیەک بۆ تاوانبارکردنی بەهەوڵی کوشتن نابینم". دادگە ئاماژە بەبڕیارێکی دادگەیەکی باڵاتر دەدات کە دەڵێ:

زۆر ئاسانە بەڵگە بهێندرێتەوە بۆ ئەوەی کە شەرەفی لەکەدار بوو شەرەفی هاوسەرە ناپاکەکەیە و ئەم ڕەفتارە زیان بەشەرەفی هاوسەرەکەی تر ناگەیەنێت. هەرچۆنێک بێت، ئەمە بۆچوونی ناو کتێبەکانە و زۆر دوورە لە واقیعەوە بەتایبەتی لەناو ئێمەی لاتیندا، کە بەلامانەوە ئەم چەمکەی شەرەف چەمکێکی باو نییە: شەرەفی لەکەداربوو شەرەفی هاوسەرە بێگوناهەکەیە.

ئەو جۆرە بڕیارە تێکڕایە لە دادگەی پێداچوونەوەدا بەتایبەتی جێی سەرسوڕمانە بۆ بڕیارێک لە ساڵی ۲۰۰۲دا درابێت.

ئەم کەیسانەی لەسەرەوە باس کران و هی تریش کە دەقی ئەم باسەدا لەخۆیانی گرتووە پیشانی دەدەن کە "هێشتا بەرگریی ڕەوا لە شەرەف بۆ پاڵپشتیکردنی بەرەڵڵاکردنی ئەو پیاوانەی شەریکەکەیان دەکوژن یان بریندار دەکەن بەکار دەهێنرێت. بەرگرییەکە پشتی بەو ئارگومێنتانە بەستووە کە یاسا بەشێرازەی ئاکاری باوکسالاری ئەو چەمکانەی کە ناکۆکن لەگەڵ تیۆری یاسایی ئێستادا گرێ دەدەن. لەو جۆرە چەمکە باونەماوانەش وەک ئەوەی کە سەرەک خێزانی نێرینە ئەندامانی تری خێزان دەپارێزێت و، زیناکردنی ژنان وا تەماشا دەکرێت کە کار لە شەرەفی مێرد بکات و، لەو ڕێگەیەشەوە کار لە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەت دەکات.

زۆر لەو کەیسانەی لە توێژنەوەکەماندا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە ئەوە پیشان دەدەن کە دادگەکان لە پێگەیەکەوە مامەڵەیان لەگەڵ گرفتەکەدا کردووە کە نە ئازایەتیی تێدایە و نە هیچ بنەمایەکی تۆکمە. لەلایەکەوە خۆیان لە پیادەکردنی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" بۆ کەمکردنەوەی سزاکان بەدوور گرتووە بەتایبەتی لە نەبوونی بەڵگەی پاڵپشتیکەر لە هەندێک کێشەی دیاریکراودا. هەروەها ڕێگەدان بە "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" ڕەت کرایەوە کاتێک کە بەڵگە هەبوو کە بکوژەکە پێشتر بەکارە سێکسییەکانی قوربانییەکەی زانیبوو و نەخشەی بۆ کارەکانی داڕشتبوو. لەلایەکی ترەوە، هەروەها بەرگرییان ڕەت دەکردەوە کاتێک تاوانبار و قوربانی لە ڕووی یاساییەوە لە یەکتر جیا ببوونایەتەوە، لەسەر ئەو بڕوایەی کە لەم دۆخەدا ئەرکەکانی ژن و مێردایەتی (لەوانە دڵسۆزیی سێکسی) بەتاڵ بوونەتەوە.

لە هەندێک کەیسی تردا دادگەکان هەڵوێستێکی زۆر مەبدەئییانەتریان گرتە بەر کە لەگەڵ مافە مرۆییەکانی ژنان و پیاوان گونجاو بوو و بەڕەهایی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف" و چەمکە بنچینەییەکانیان ڕەت کردەوە. "ساویلکەیی" سەراپای بەرگری و نەگونجانی لەگەڵ کولتووری ئێستای بەرازیلدا سەرزەنشت کرد. لەمانەدا دادگەکان جەختیان لەسەر یەکسانیی پیاوان و ژنان کردەوە، مافێک کە لە دەستووری ۱۹۸۸دا پیرۆز دانرا. هەروەها دووپاتیان کردەوە کە "شەرەفی ژنومێردایەتی" چەمکێکی یاسایی نییە چونکە "شەرەف" سیفەتێکی کەسییە کە ناتوانرێت لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازرێتەوە. کەواتە گەر ژنێک بەرامبەر مێردەکەی یان هاوبەشەکەی ناپاک بێت، ڕەنگە "شەرەف"ی ژنەکە زیانی پێ بگات نەک هی پیاوەکە. دواجار، ئەم بڕیارانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان "شەرەف" و ژیاندا بێگومان دووەمیان بەهایەکی بەنرخترە بۆ ئەوەی لەلایەن یاساوە بپارێزرێت.

ئەم توێژینەوە پێشڕەوەمان ئامانجی پیشاندانی بێ سزاییی ئەو پیاوانە بوو کە ژن یان هاوبەشەکەیان دەکوژن یان بریندار دەکەن کە لە شێوەی "بەرگریی ڕەوا لە شەرەف"دا بەچەسپیوی لە یاسا و فەلسەفەی یاسای بەرازیلدا ماونەتەوە. پێویستە ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی ئەم گرفتە دیاری بکەین بۆ ئەوەی کۆتایی بەم شێوازەی جیاکاریی جێندەری بهێنین. ئەم شیکارییەی ئێستا پشتی بە بەهاکانی یەکسانیی جێندەری و شکۆی مرۆیی بەستووە کە بە میرات بۆ پیاوان و ژنان ماوەتەوە. پشتی بەچوارچێوەیەکی یاسایی بەستووە کە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریکردن دژ بەژنان و کۆنگرەی دەوڵەتانی ئەمەریکا بۆ ڕێگری و سزادان و بنەبڕکردنی توندوتیژیی دژ بەژنان، هەروەها دەستووری بەرازیلی ساڵی ١٩٨٨ دەگرێتەوە.

دواجار، گرینگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەمە توێژینەوەیەکی خەباتکارانە و تیۆری و پراکتیکییە و بەمەش بەشێک لەو هەوڵە بەردەوامانە دەنوێنێت کە بۆ ناساندن و دانپێدانان بەمافە مرۆییەکانی ژناندا دەدرێن. هەروەها مەبەستیشی بوو کە کارەکتەرە پێوەندارەکان لە کۆمەڵگەدا -بەتایبەتی کۆمەڵی یاسا- لە بەردەوامیی باڵادەستی هەندێک ڕەفتار و تێگەیشتن لەناو دامەزراوەکانی بەرازیلدا ئاگەدار بکاتەوە کە خەڵکانێک لەو باوەڕەدان_ چیی تر بوونیان نەماوە. ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە هێشتا بەلای هەندێک خەڵکەوە بەهای مرۆڤایەتیی ژنان بە کەم تەماشا دەکرێت یاخۆ لەوەش خراپتر نکۆڵیی لێ دەکرێت. هەندێک پیاوی بەرازیلی سوورن لەسەر ئەو بۆچوونەی کە ژنان کاڵان بەدەست پیاوەوە و هەر کاتێک کەڵکیان نەما دەکرێ فڕێ بدرێن بەبێ ئەوەی زۆر لەسەر خۆیان بکەوێت. شتێکی قێزەونە کە ڕێنوێنییە دادوەرییەکان، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە دەستووردا پاراستنی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە، لەجیاتی ئەوە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەو جۆرە نادادپەروەری و ئەفسانە و نموونە چەسپیوانەن سەبارەت بەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە.

سەرنجەکان:

دەقە ئەسڵییەکەی ئەم توێژینەوەیە بەزمانی پۆرتوگالییە و لەلایەن ماریا ئێدواردا هاسڵمان دی ئۆلیڤێرا لیریۆ، کە پارێزەرێکی بواری مافەکانی مرۆڤە لە زانکۆی لەندەن، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. دەقی تەواوی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی پۆرتوگالی و ئینگلیزی لە ماڵپەڕی honourcrimes /uk.ac.soas.wwwدەست دەکەوێت. هەر هەڵەیەک یان بەهەڵە وەرگێڕانێک کە لە پرۆسەی پوختەکردندا بۆ بڵاوکردنەوە و کورتکردنەوەدا تیمی پڕۆژەی INTERIGHTS/CIMEL لێی بەرپرسیارە کە ئەم پوختەیەی ئێستای بەزمانی ئینگلیزی ئامادە کردووە.

١- بەتایبەتی پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنان (CEDAW,UN,1979) و کۆنگرەی دەوڵەتانی ئەمەریکا بۆ ڕێگری و سزادان و بنەبڕکردنی توندوتیژیی دژ بەژنان (کۆنگرەی OAS Blem dePara ساڵی ١٩٩٤) کە هەردووکیان لەلایەن زۆرینەی دەوڵەتانی ئەمەریکان لاتینەوە مۆر کراون و بەرنامەی کاری بەیجین چوارەم کۆنفرانسی جیهانیی ژنان (UN,1995). بۆ نموونە بڕوانە بەندی ٢٣٢ (د)ی بەرنامەی کاری بەیجین "چاوخشاندنەوە بەیاسا نیشتمانییەکان و یاسا نەریتییەکان

پیـادەکارییـە یاسـاییـیەکـان لە بوارەکـانی خـێـزان، شـارسـتـانی، سـزا، کار و، یاسـای بازرگـانی بۆ مـەبەسـتی زامنکردنی پەیرەوکـردنی بنەمـا و ڕێوشـوێنەکـانی هەمـوو ڕێککەوتننامـە پێـوەنداره نێودەوڵەتییـەکانی مـافـەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی یاسـا نیشـتـمانی و هەڵوەشـاندنەوەی پاشـماوەی هەر یاسایەک کە لەسـەر بنەمای ڕەگەز جیاکاری دەکات و سڕینەوەی لایەنگیریی جێندەری لە بەڕێوەبردنی یاسادا.

٢- ئەم بەشـە لە هەڵسـەنگاندنێکی گشـتیی چڕوپڕتر لە دەقە ئەسـڵییـەکەوە کـورت کـراوەتەوە، کە پشـتی بەزانیاریی وەرگیراو لە سـەرچاوەکانی CLADEM بەستووە کە ناویان هاتووە. نووسـەرەکان سوپاسی سـەنتـەری بەڵگەنامـەییکردنی CENDOC CLADEM CLADEM دەکـەن. بەتایبـەتی سـوسی گـاربە ڕێکخـەری CLADEM لە ئیکوادۆر و، مۆریانا هەرناندێز ڤالێنتینی ڕێکخـەری CLADEM لە ئۆروگوای بۆ ئەو زانیارییانەی پێشکێشیان کرد.

٣- بەگوێرەی ئەو زانیـارییـەی لـەلایەن ڕێکخـەری نیشـتـمـانیی CLADEM لە ئۆروگـوای مـۆریانا هـەرنانـدێز ڤالێنتینی پێشکێش کراون.

٤- بەگوێرەی سوسی گاربەی ڕێکخەری CLADEM لە ئیکوادۆر. هەمواركردنەكانی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٩٨ بەندێکیان لابرد کە ڕێگەی دابوو "شەرەف" لە بەرپرسیارێتیی تاوان ببەخشریت.

٥- بڕیاری دادگەی باڵای هەرێمی بۆینیس ئایریس ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩.

6- CN.Crim e Corr.February1988.

7- Roman Gonzales, Vetusto el Codigo Civil vigene que regula las relaciones familiares: perspectiva machista justifica la violencia genero en Edomex. CIMAC, Mexico (Ciudad de Mexico: CIMAC, in .www. (cimacnoticias.com/noticias, accessed 10 September2002)

٨- بەگوێرەی ئەو زانیـارییـەی لـەلایەن ڕێکخـەری نیشـتـمـانیی CLADEM لە ئۆروگـوای مـۆریانا هـەرنانـدێز ڤالێنتینی پێشکێش کراوە.

٩- بڕوانە دەقی تـەواوی ڕاپۆرتەکە بـۆ ئەو سـەرچـاوانەی ناویان هـاتووە، وەک چاودێری مـافـەکانی مـرۆڤ ١٩٩١.

١٠- بەندی٥، بەشی ١ ی دەستووری فیدراڵیی کۆماری بەرازیل ١٩٨٨.

١١- مـادەی ١ و ٦(ا)ی کۆنگرەی دەوڵەتانی ئـەمـەریکا بۆ ڕێگرتن و سـزادان و بنەبڕکردنـی توندوتیـژیی دژ بەژنان (کـۆنگرەی Blem de Para,OAS سـاڵی ١٩٩٤) کـە لەلایـەن ئەنجـوومـەنی گـشـتـیـی ڕێکخـراوی دەوڵەتانی ئەمەریکا OAS لە حوزەیرانی ١٩٩٤ و لەلایەن بەرازیلەوە مۆرکراوە لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٥دا.

١٢- بەندی ٥ بەشی ٣٨ دەستووری فیدراڵی.

١٣- سـەیری مـادە یاسـاییـە نێونـەتەوەییـەکان لەسـەر مـاڵپـەڕی CIMEL/INTERIGHTS بکە، سـەبارەت بەڕۆڵی دەستەی سوێندراوان سەیری چاودێریی مافەکانی مرۆڤ بکە ١٩٩١/٠٩/٢٦

١٤- داوای پێـداچـوونەوەی تـاوانی ژمـاره ٦٣٣، ٠٦١ ٧- ٦ی کـانوونی یەکـەمـی ١٩٩٠ (دادگـەی پێداچوونەوەی سـاوپاولۆ)، داوای پێداچوونەوەی تاوانی ژمـاره ١٥٧- ١٣٧-٣/١، ٢١ی شـوبات ١٩٩٥ (دادگـەی پێـداچـوونەوەی سـاوپـاولۆ) و، Recurso de Ofico ژمـاره ٠١,٠١٦٥٠٠-٣، Rio Branco 1ی

مارتی ٢٠٠٢ (دادگەی پێداچوونەوەی ئاکرە). سەرنج بدە کە recurso de oficio ناردنی ئۆتۆماتیکیی کێشەیەکە بۆ دادگەی باڵاتر، کە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەیان دەبێ. ئەو جۆرە کێشانە لەلایەن یاساوە یەکلایی دەکرێنەوە.

١٥- داوای پێداچوونەوەی تاوان ژمارە ٦٣٣، ٠٦١ ٧- ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٠.

١٦- بەرازیل لە ١ی شوباتی ١٩٨٤ دا CEDAWی مۆر کرد.

١٧- کۆنگرەی دەوڵەتانی ئەمەریکا بۆ ڕێگری و سزادان و بنەبڕکردنی توندوتیژی دژ بەژنان.

١٨- Recurso de Ofico ژمارە ٠١, ٠٠١٦٥٠-٣، Rio Branco 1ی ئاداری ٢٠٠٢.

١٩- بەپێی بەندی ٤١١ ی یاسای سزادانی تاوان.

## بەشی سێزدەم

# "توندوتیژیی ناو خێزان تەنیا شەرمەزارییە و "شەرەف"ی تێدا نییە!"

### خەباتی ژنان دژ بەتاوانەکانی "شەرەف" لە شانشینی یەکگرتوودا

حەنانە سدیقی

لە ٢٩ی ئەیلوولی ٢٠٠٣دا لە تاوانێکدا کە بەتایبەتی میدیا و پۆلیسەوە ناوی "کوشتن لەسەر شەرەف"یان لێی نا، عەبدوڵڵا یونس کە کوردێکی عێراقە دان بە کوشتنی کچەکەیدا دەنێت، هێشوو یونس، لەبەرئەوەی کوڕەهاوڕێی هەبووە و "زۆر خۆرئاواییانە هەڵسوکەوتی کردووە". ساڵی ١٩٩٨ ژنێکی بەریتانیایی بەڕەگەز پاکستانی بەناوی ڕوخسانا ناز لەلایەن دایکی و براکەیەوە دەکوژرێت. کاتێک دایکی ڕوخسانا تاوانەکەی بەسەردا سەلمێنرا پاساوی کوشتنەکەی بەوە دایەوە کە وتی "ئەوە لە چارەی نووسرابوو" (قسمەت بوو). براکەی هەوڵی دا "بەرگری لە کولتوور" بکاتە بیانووی سووککەر بەوەی گوایە ئەو ناچار بووە خوشکەکەی بکوژێت چونکە بووبووە مایەی شوورەیی و شەرمەزاری بۆ خێزانەکەی بەوەی ڕەتی کردووەتەوە لە هاوسەرێتی لەگەڵ ئامۆزایەکیدا لە پاکستان بەردەوام بێت و لەلایەن دۆستەکەی بەریتانیایەوە سکی پڕ بووبوو.

"کوشتن لەسەر شەرەف" بریتییە لە کوشتن بەناوی "شەرەف"ەوە. "تاوانی شەرەف"(١) یەکێکە لە زنجیرەیەک لە کارەکانی توندوتیژی و خراپکاری کە بەناوی "شەرەف"ەوە ئەنجام دەدرێن وەک ئازاردانی دەروونی و جەستەیی و سێکسی لەگەڵ شێوازەکانی تری کۆنترۆڵکردن و شێوازەکانی ڕاستکردنەوە، وەک بەزۆر بەشوودان و خەتەنەی مێیینە کە لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتی زیادەڕۆییکردندا ببنە مایەی خۆکوشتن(٢) یان کوشتن. خوشکە ڕەشەکانی ساوسهۆڵ (خ.ر.س) بۆ ماوەی چەندان ساڵە پێ دادەگرێت لەسەر ئەوەی کە پیاوانی کۆمەڵە کەمینەکان بەرگریی کولتووری بۆ ڕەوایەتیدان بەتوندوتیژی دژ بەژنان بەناوی ئاین و کولتوورەوە بەکار دێت. لەم سیاقەدا "شەرەف" لە بنەڕەتدا بەواتای پاراستنی "شەرەفی خێزان"ە، هەرچەندە زۆر جاران درێژ دەکرێتەوە تا "نامووس"ی کۆمەڵگە بگرێتەوە. ئەو ژنانەی سنووری نەرێتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، کە بۆ ڕەفتاری مێیینە بەپەسند دانراون، دەبەزێنن بەوە تاوانبار دەکرێن کە شەرمەزاری بۆ خێزانەکانیان دەهێنن و "نامووس"ی خێزان لەکەدار دەکەن. شکستهێنانی ئافرەت لەوەی "داوێنپاک" بێت، بەواتای ژن و کچ و بووک ملکەچ و بەئەمەک بن، دەبێتە هۆی سەرزەنشتکردن لەلایەن ئەندامانی تری خێزان وەک دایک و باوک و خوشک و برا و کۆمەڵ بەگشتی. بەتایبەتی هەڵسوکەوتی سێکسیی ژنان دەکەوێتە ژێر تێڕوانین و چاودێرییەوە. وا لە ژنان چاوەڕوان دەکرێت

که داوێنپاک بن یان "لەکەدار" نەبن بەهۆی زیناکردن (تێبینیی ڕەوشتی ئارەزووی جووتبوون بکەن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر). تەنانەت هەر سووسەیەک یان سووکە گومانێک لەسەر ڕەفتاری "بەدڕەوشتی" مێیینە بەسە بۆ ناوبانگ زڕاندن.

"نامووس" لە ڕوانگەی تێروانینی تاوانکارەوە بۆ توندوتیژی دژ بەژنان وەک پاڵنەر و بیانوویەک یان بەڵگەی سووککەری سزا بەکار هاتووە، بەردەوام پیلان و تێوەگلانی چالاکانەی کۆمەڵی لەگەڵدا بووە. لە بنەڕەتدا نامووس ئامرازێکە بەدەستی پۆلیس و کۆنترۆڵکردنێکی هەڵسوکەتی ژنانە. گوناهکردن دەبێتە هۆی "سزادان" زۆر جاران لەشێوەی تەراندن لە کۆمەڵگە و هەراسانکردن و تەنانەت کاری توندوتیژیش. کێشە توندڕۆکان لە بەریتانیا بوونەتە هۆی کوشتن لە کاتێکدا هەندێک ئافرەت بەرەو خۆکوشتن پاڵیان پێوە نراوە. بۆ نموونە لە یەکێک لە کێشەکانی (خ.ر.س)دا ئافرەتێکی بەڕەگەز باشووری ئاسیا (ئەلف) ساڵی ٢٠٠٠ خۆی هەڵواسی پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە مێردەکەی دەیەوێت تەڵاقی بدات بۆ ئەوەی ژنێکی گەنجتر بهێنێت. مێردەکەی دووچاری توندوتیژیی ناومالی کردبوو و تاوانی هەڵبەستراوی زیناکردنی خستبووە پاڵ. لەناو خێزان و لە تێگەیشتنی کۆمەڵدا ئەمە بەخراپی لەسەر ڕەوشتی کەسێتیی (ئەلف) و "نامووس"ی خێزانی ڕەنگ دەداتەوە، کە پێکەوە لەگەڵ لەکەی تەڵاق دەبوونە هۆی لەناوبردنی ئومێدی شووکردنی هەردوو کچەکەی لە داهاتوودا. پێ دەچێت (ئەلف) کاری خۆکوشتنەکەی وەک بەشێک لەبەر پاراستنی "نامووس"ی خێزانەکەی ئەنجام دابێت و بۆ پاراستنی داهاتووی کچەکانیشی بووبێ.

کاتێک کە "شەرەف" لە بنەڕەتدا بۆ ڕێکخستنی سێکسوالیتی و سەربەخۆیی مێیینە بەکار هاتووە ڕەنگە تا ڕادەیەکیش پیاوان کەوتبنە ژێر پاڵەپەستۆوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو فۆرمانەی بۆ هەڵسوکەوتیان دانراون، وەک ئەوانەی دانراون بۆ کوڕی چاک و بەئەمەک بۆ ئەوەی ناوبانگی چاکی خێزان بپارێزێت. هەرچۆنێک بێت، لەکاتێکدا بێگومان هاوڕەگەزبازی (هۆمۆسێکسوالیتی) دەبێتە مایەی لەکەیەکی ڕەش و گوناهباری، بەگشتی پیاوانی (هیترۆسێکسواڵ heterosexual واتە ئارەزووکردنی ڕەگەزی بەرامبەر) کەمتر دەردەسەری لەم ڕووەوە ناچێژن گەر بەژنان سەبارەت بە "تاوانەکانی شەرەف" بەراورد بکرێن. لە کاتێکدا ڕەنگە "تاوانەکانی شەرەف" بەگشتی لەسەر ناوبانگ یان پلەوپایەی خێزان ئەنجام بدرێن (وەک دوژمنایەتی لەسەر زەویوزار و موڵک) و ببێتە هۆی توندوتیژیی نێر بەرامبەر نێر، بەڵام زۆربەی کێشەکان لەسەر ڕێکخستنی ژنان چڕ دەبنەوە. بەمجۆرە، تەنانەت کاتێک پیاوێک لە دووبەرەکییەکدا دەکوژرێت بەردەوام هۆکارەکە لەسەر ئەوە بووە کە خۆی یان خێزانەکەی بووەتە هۆی ناوبانگ زڕاندنی ژنەکە بەوەی لە بەڵێنێکی هاوسەری بەستن پاشگەز بووەتەوە یاخۆ پیاوەکە پێوەندیی سێکسیی ڕاستەقینەی هەبووە لەگەڵ ژنەکەدا یان گومانی لێ کراوە.

بیرۆکەی "شەرەف" لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، بەکۆمەڵگەی بەریتانیاییشەوە، بوونی هەبووە. لە حاڵەتی بەگزادەییدا (ئەرستۆکراسی) زاراوەی شەرەف وێنەکانی شەڕەشمشێری بەرەبەیان دەخاتەوە بیر کە تیایدا پیاوان بەرگرییان لە شەرەفی خۆیان دەکرد، کە زۆربەی جار لەبەر بێ

ڕێزییەکی بچووک بەرامبەر ڕەوشتی کەسێتی و ناوبانگی ژنێک. باڵادەستییەکەی تا ڕادەیەک لە زۆر وڵاتی خۆرئاوادا کەم بووەتەوە هەرچەندە بیرباوەڕی "شەرەفی" کەسی و تەنانەت ناوبانگی خێزان وەک دەردەکەوێت هێشتا باو بێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئیتالیا (براڤۆ، ٢٠٠١، پێلاژا، ٢٠٠١) و کۆمەڵگەی یۆناندا(٣) هەرچۆنێک بێت، ئەم جۆرە بیروباوەڕانە کەمتر کاریگەریی کۆنترۆڵکردنیان بەسەر ژیانی ژنانی سپیی بەریتانیاوە و بگرە زۆرێک لە ژنانی ناسپیی بەریتانیاشەوە هەیە. ساڵی ٢٠٠٣ دۆکیومێنتێکی ڕاوێژکاری لەلایەن کۆمیسیۆنی یاسای ئینگلتەرا و وەیڵز چاوی گێڕایەوە بە بەرگرییە لایەنگرانەکانی کوشتندا، لەوانە هەڵچوون، دەری خست کە بەرگریی هەڵچوون بەشێوەیەکی مێژوویی لە بیروباوەڕەکانی نێرینەی سەبارەت بە "شەرەف" سەرچاوەی گرتووە (کۆمسیۆنی یاسا، ١٩، ٢٠٠٣). هەرچەندە لە بەریتانیا پیاوانی سپی پێست بەرگرییە کولتوورییەکان لە کاتی تاوانی توندوتیژیی ناوماڵ کە بەکوشتنی هاوبەشەکانیان کۆتایی بێت بەکار دەهێنن، بەڵام وەک هۆکارێکی وروژێنەر ئاماژە بە"شەرەف" نادەن. لە جیاتیی ئەوە، هەرچەند بەردەوام بەشێوەیەکی ئاشکرا نییە، بەڵام بیانووی شاراوە برێتییە لە بەکارهێنانی ڕەوایەتی پێدراوی توندوتیژی بۆ بەردەوامیدان بەدەسەڵاتی باوکسالاری و کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی ژن. بیروباوەڕی ئەوەی ژنان موڵکی پیاون بەردەوامیی هەیە و بەهانەکانی کوشتن لای پیاوان بەردەوام لەسەر بەرگریکردنەکانی "دڵپیسی و هەڵچوون" دەگیرسێنەوە- بەواتای ئەوەی کە ئەوە ڕەفتاری پەسندنەکراوی کۆمەڵایەتیی ژنەکەیە لەشێوەی کاری دڵپیسکەردا یان "زیناکردنی" ڕاستەقینە یاخۆ هەستپێکراو وا لە پیاوان دەکات لە تووڕەییدا "پەلامار بدەن" یان بکوژن. لە کاتێکدا پیاوان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا لەم بەهانانەدا هاوبەشن بەڵام بەلای پیاوانی سپی پێستەوە لەکە لەسەر "شەرەفی خێزانیان" وەک هۆکاری وروژێنەر پێشکێش ناکرێت. بەکارهێنانی ئاشکرای "شەرەف" بۆ ڕەوایەتیدان بە کوشتن یان توندوتیژیی ناوماڵ لە بەرتیانیا حاڵی حازر تایبەت بووەتەوە بۆ هەندێک کۆمەڵگەی ڕەش و ئیتنیی کەمینە.

## "زەوی قووتی دا"

زۆربەی کێشە تۆمارکراوەکانی "کوشتن لەسەر شەرەف" پێوەندییان بەژنانی باشووری ئاسیا (هیندی یان پاکستانی) یان ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و، بەزۆریش باکگراوندی موسڵمانیان هەیە. هەرچۆنێک بێت، ئەزموونی ئێمە لە (خ.ر.س) دەری دەخات کە "کوشتن لەسەر شەرەف" یان تاوانەکان دەچنەوە سەر ڕەگەز و ئاین و دابەشبوونە کولتوورییەکان. بۆ نموونە کێشەی سورجیت ئەسوال پێوەندیی بە ژنێکی سیخی بەریتانیاوە هەیە کە ساڵی ١٩٩٨ لەسەردانێکیدا بۆ ماڵە خەزوورانی لە هیند دیار نەمابوو، خێزانی باوانی لەو باوەڕەدان کە لە "کوشتن لەسەر شەرەف"دا کوژرابێت (بی بی سی ئۆنلاین، ١٢ تشرینی دووەم ٢٠٠٣).

بیرۆکەکانی "شەرمەزاری" و "شەرەف" لە کۆمەڵگەی کەمینە داخراوەکاندا بەهێز و کاریگەرن، چونکە لەلایەن بەها کولتوورییە کۆنەپارێز و ئاینییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن. لەو جۆرە هەلومەرجانەدا، کۆمەڵگە چاوپۆشی دەکات و درێژە دەدات بە "کوشتن لەسەر شەرەف" یان

تاوانەکان، کە تیایدا پیلانی بێدەنگی دەتوانێت تەگەرە بخاتە بەردەم دادوەری. بۆ نموونە، تەسلیم باگوم ساڵی ١٩٩٥ کوژرا دوای ئەوەی برای مێردەکەی، شابیر، سێ جار لەسەر یەک بەئۆتۆمبیل بەسەریدا چوو، کاتێک چاوەڕێی دۆستەکەی بوو. شابیر لەوە تووڕە بوو کە تەسلیم "شەرمەزاری" و "بێ شەرەفی" بۆ خێزانەکە دەهێنێت. ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی لەسەر کاردانەوەی کۆمەڵ ئەمەی خوارەوەی نووسیبوو:

سەرکردە ئاینییەکان لە مزگەوتی سەرەکیی برادفۆرد وتیان کە ئەوان کوشتنەکەیان بەلاوە پەسند نەبووە بەڵام ئاماژەشیان بەوە دا کە "بەگوێرەی قورئان، کوشتنی ئەم ژنە کارێکی بەجێ بووە". تاوانەکە بەنهێنی پەردەپۆش کرا. چەندان کەس وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیسیان دەزانی بەڵام کەس شتێکی نەدرکاند. وەک ئەوە وابوو شۆستەی شەقامی لێپەیج کە نزیک ئەو سوپەر مارکێتە بوو کە تەسلیم کاری لێ دەکرد دەمیان کردەوە و هەڵیانلووشی، هیچ ئاسەوارێکی ئەو و تاوانەکەی و سزادانەکەیان بەجێ نەهێشت. پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تاوان، برایەن ستیڤل، کە سەرپەرشتیی لێکۆڵینەوەی تاوانی کوشتنەکەی دەکرد، ڕووی لە هەرکوێیەک دەکرد دیوارێک لە بێدەنگی بەرەوڕووی دەبووەوە. داوای لە خەڵکی ناوچەکە کرد "بەخۆیاندا بچنەوە" و " ئەرکەکانی سەر شانیان بزانن" یارمەتیی پۆلیس بدەن. بەڵام ئەو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە لە کاتێکدا چەندان ژنی ناوچەکە دەیانزانی بەڵام ئەوەندە ترسابوون کە نەتوانن دەنگ بکەن و لە کاتێکدا چەندان پیاوی ناوچەکە دەیانزانی بەڵام لە ژێرەوە پێیان قبووڵ بوو کە تەسلیم بووەتە مایەی شوورەیی و بێ شەرەفی بۆ خێزانەکەی و دەبوو لەناو ببرێت. پاش زیاتر لە ساڵێکیش هێشتا خوشکەکەی و ئامۆزاکانی نەیان دەویست دەنگ بکەن و لەبەرئەوەی سوێندیان خواردبوو لەسەر بێدەنگی بەردەوام بوون. (٥ی ئۆکتۆبەر ١٩٩٦، یۆرک شایەر پۆست).

هەرچۆنێک بێت، بەلای هەندێک بەشی کۆمەڵگە کەمینەکانەوە پێ دەچێت بیرۆکەی "شەرەف" زیاتر مانای پۆزەتیڤانە بگەیەنێت و پێوەندیی بەکۆنترۆڵکردنی سێکسییەوە نییە بگرە بەڕێزگرتنی هەستی "شەرەفی کەسی" و سەروەری و کەرامەتەوە هەیە. لەبەرئەوە بەلای چەندان کەسی ناو کۆمەڵگەوە، توندوتیژی بەناوی "شەرەف"ەوە لە ڕاستیدا کارێکی زۆر "بێ شەرەفانەیە" کە پێویستی بە سەرکۆنەکردنی کۆمەڵایەتیی تاوانکارەکەیە نەک قوربانییەکە. ئەم جۆرە بۆچوونانە زوو لە سەرەتای ١٩٨٠کاندا لە میانەی کەمپینێکدا هاتنە دەربڕین پاش مەرگی کریشنا شارما، کە ژنێکی بەڕەچەڵەک هیندی بوو، پاش چەندان ساڵ چەشتنی توندوتیژیی ناوماڵ لەسەر دەستی مێردەکەی، بەهەڵواسین خۆی خنکاند (گوتپا، ٢٠٠٣، ماکفادین، ١٩٩٢، بیدێل، ١٩٩٢). خوشکە ڕەشەکانی ساوسهۆل (خ.ر.س) ڕێپێوانێکیان بەناو ساوسهۆڵدا ڕێک خست و بەر دەرگەی ماڵی مێردەکەیان گرت. ئامانج شکاندنی بێدەنگی بوو لەمەڕ توندوتیژیی ناوماڵ لەناو کۆمەڵگەی ئاسیاییدا و بۆ لەناوبردنی بیرۆکەکانی "شەرمەزاری" و "شەرەف" لە ناوەوە. ئێمە پێمان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەوە ژنان نین کە دەبێ لەلایەن کۆمەڵگەوە سەرکۆنە بکرێن لەبەر هێنانی "شەرمەزاری" و "بێ شەرەفی" بەسەریاندا بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێرەوە، بگرە زیاتر پیاوانن کە تاوانی پێشێلکارییەکە ئەنجام دەدەن.

گرووپەکانی ژنان لە بەریتانیا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بەر لە ئێستا خەریکی تاوانەکانی پێوەندار یان هاندراو بەهۆی "شەرەف"ەوە بوون. ئەزموونی ئێمە ئەوە پیشان دەدات کە بەردەوام بەناوی "شەرەف"ەوە ڕەوایەتی بەتوندوتیژیی ناومالْ دراوە و هەر "شەرەف"یشە وای کردووە ژنانی کۆمەڵگەکانی کەمینە نەتوانن لەو ڕەوشە خراپانە دەرباز بن. شەرەف وەک بەربەستێکی زیاتر لەبەردەم دەربازبوونی ژنان لەو ڕەوشە کار دەکات. ژنان بەتەنیا لەوە ناترسن "شەرمەزاری" بۆ خێزان و کۆمەڵگەکەیان بهێنن و شەرەفی خۆیان لەکەدار بکەن، بەڵکو لە تەراندن و هەراسانکردنی کۆمەڵایەتیش لە ئەنجامی ئەوەوە دەترسن. کەواتە لەناو کۆمەڵگەدا "شەرەف" بۆ ژنان مانایەکی جیاوازی هەیە وەک لەوەی بۆ پیاوانی هەیە. تاوانکارانیی پیاو بۆ ڕەوایەتیدان یان بەهانەهێنانەوە بۆ توندوتیژی بەکار دەهێنن، بەردەوامیش لەلایەن کەسە کۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگەوە پشتگیری دەکرێت، لەکاتێکدا ژنان بەهۆی سروشتی بەندیخانەئاسای شەرەفەوە گیرۆدە دەبن، کە کۆنترۆڵ دەخاتە سەر سەربەستیی سێکسییان، ڕێگە لە چەندانیان دەگرێت لەو ڕەوشە خراپکارانەیە ڕزگار بن و حوکمی ڕیکخستنەوەیان بەسەردا دەدات گەر وا بکەن. دەوڵەت لە درککردن بەم جیاوازییە گرینگە نووچی دا و سیستمێکی خوڵقاند کە پاداشتی پیاوانی توندوتیژ دەداتەوە، بەبیانووی جیاوازیی کولتووری ـ زۆربەی کات وەک تکایەک لەداوای سووککردنی تاواندا بەئیدیعای هەڵچوون پاش کوشتنی هاوسەر، هاوبەش یان ئەندامی خێزانیان لە چوارچێوەیەکدا کە پیاوان هەڵدەستن بەخراپکاریی بەردەوام– بەوەی بەهانەکانیان پەسند دەکرێن. بەپێچەوانەوە، ناتوانێت لە پاڵەپەستۆکانی سەر ژنان تێ بگات کاتێک ئەوان ناتوانن ڕەوشی خراپەکانیان بەجێ بهێڵن. بەمجۆرە، ژنان پیاوان دەکوژن یان ئازار دەدەن لەبەرئەوە نا کە وەک پیاو هەوڵ دەدەن "شەرەف" بپارێزن، بەڵکو ئەوان لە تووڕەیی و نائومێدی یان ترسدا ناچار بوون ئەو کارە بکەن لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەی پێیدا تێ دەپەڕن. بۆ نموونە با کێشەی شابیر حوسەین وەرگرین. هەرچەندە ساڵی ١٩٩٦ تاوانی کوشتنی تەسلیم بەگومی بەسەردا سەلمێندرا کەچی پاش داوای پێداچوونەوە دژ بەتاوانبارکردنەکەی کاتێک سەرلەنوێ دادگەییکردنەوەیەک دانرا شابیر سەرکەوتووانە توانیی بیانووی سووککردنی سزای کوشتن لەسەر بنەمای هەڵچوون بەدەست بخات. سزاکەی بۆ شەش ساڵ و نیو کورت کرایەوە(٤).

بەپێچەوانەوە، زوورا شاە کە ژنێکی پاکستانی/ بەریتانیاییە حوکمی هەتاهەتاییی بەسەردا دراوە بەهۆی کوشتنی پیاوێکی توندوتیژ بەناوی موحەمەد عەزام کە لەگەڵیدا پێوەندییەکی دوورودرێژی هەبوو. زوورا کە ژنێکی نەخوێندەواری سەر بەچینی کرێکار بوو، عەزامی کوشت، پاش دوازدە ساڵ لە زۆرگێکردن و چەوساندنەوەی سێکسی، وەک بەزۆر سێکس پێکردنی لەگەڵ پیاوانی تردا. زوورا داوای فریاگوزاریی لە براکەی عەزام کردبوو کە ئەندامێکی دیاری کۆمەڵ بوو، بەڵام ئەو گوتبووی کە ناتوانێ هیچ بکات. دواجار پاش هەستکردن بەپەستی و نائومێدی و بەتایبەتی دوای ئەوەی عەزام ئارەزووی سێکسی لەگەڵ کچە هەرزەکارەکانی ئەو دەربڕیبوو، زوورا

ژەهرخواردی کرد. لەکاتی دادگەیی کردندا زوورا دانی بە کوشتنەکەدا نەنا و بەکوشتن تاوانبار کرا. هەرچۆنێک بێت، پاش ئەوەی چاوی بە(خ.ر.س) کەوت و پاش ماوەیەک لە ڕاوێژکردن زوورا دانی بەتاوانەکەدا نا. گوتی پێشتر نەیتوانیوە کردەوەکانی ڕوون بکاتەوە لەبەر ئەو "شەرمەزاری" و "بێ شەرەفی"یەی بەسەریدا دەهات گەر دانی بەو مێژووی توندوتیژییە سێکسییەدا بنایە بەتایبەتی لە ناوچەیەکی وەک برادفۆرد، کە لێی دەژیا و کە تیایدا کۆمەڵگەی ئاسیایی زۆر کۆنەپارێزن. هەرچەندە ئێستا دانی بەڕاستیدا ناوە، داوای پێداچوونەوەی زوورا دژ بەتاوانبارکردن ڕەت کرایەوە. دادگەی پێداچوونەوە لەو باوەڕەدا بوو کە چیرۆکەکەی "دوورە لە ڕاستی" و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە سێکسییەی هەیەتی ئەو هیچ شەرەفێکی نەماوە بیپارێزێت(٥).

وا دەردەکەوێت زوورا_ گونجاو نەبووبێ لەگەڵ ئەو نموونە چەسپاوە بەرێزە ناچالاکەی ژنی ئاسیاییدا و هاوشێوەی کێشەکەی کیرانژیت ئاهلوواڵیا کە ژنێکی هیندیی/بەریتانیایی بوو. کە لەلایەن (خ.ر.س)ـەوە لەگەڵ تیمە یاساییەکەیدا ساڵی ١٩٩٢ ئازادکردنی لە زیندان زامن کرا پاش داوای پێداچوونەوە دژ بەتاوانبارکردنی بەکوشتنی مێردە توندوتیژەکەی. "شەرەف" دیسان هۆکاری کولتووریی بەربەست بوو لەبەردەم کیرانژیتدا بۆ وازهێنان لە مێردەکەی. بەڵام پاش دەستبەکاربوونی شارەزا و نوێنەرە یاساییەکان و کەمپەینێکی جەماوەری، دادگەی پێداچوونەوە درکی کرد بەوەی کە _ئەو لە ڕوانگەی چ کولتوورێکەوە ئەو کارەی کردبوو(٦). گەر بەراورد بکرێت بەزوورا، کیرانژیت بە "بێ ئابڕوو" دانەدەنرا- ئەو لە باکگراوندێکی خاوەن ڕێزی چینی ناوەڕاستەوە هاتبوو کە گومانی خراپکاریی سێکسیی لەسەر نەبوو. پێدەچێت سیستمی یاسایی سزای ئەو ژنانە بدات کە لەگەڵ وێنەی ژنی داوێنپاکدا وێک نایەنەوە و دەست تێکەڵ لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کۆمەڵگە هەیەتی بۆ ژنی "بێ شەرەف" دەکات.

ئەم پیلانگێڕییە بەئاشکرا لە کێشەکانی تردا دیارە وەک لە کێشەکانی خێزان، کۆچ/ پەنابەری و خۆکوشتندا. بۆ نموونە لە بەدواداچوونی مەرگی (ئەلف)دا (لەسەرەوە باس کراوە) (خ.ر.س) سووربوو لەسەر ئەوەی کە (ئەلف) لەپێناو پاراستنی "شەرەفی خێزان" خۆی کوشت و لەبەرئەوەی کە مێردەکەی هەڕەشەی تەڵاقی کردبوو لەگەڵ ئەوەی زۆر بەباشی دەیزانی خراپ لەسەر (ئەلف) و کچەکانی دەکەوێتەوە ئەمەش هەروەک نموونەیەک لە کارە خراپەکانی بوو. پزیشکی توێکاری لاشە پێداگرییەکانی (خ.ر.س)ی بەهەند هەڵنەگرت و ئەوەی بەدوورگرت کە (ئەلف) لەبەر ئەو کۆستکەوتنەی کە بەهۆی تەڵاقەوە بەسەریدا هات خۆی کوشتبێت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بیروباوەڕی "شەرەف" هیچ مانایەکی تایبەتی نابەخشێت یان بەرەنجامی لێ ناکەوێتەوە سەبارەت بەژنانی کۆمەڵگە کەمینەکان، شایانی باسە تەنانەت شا ئێدواردی هەشتەمیش ناچار کرا واز لە کورسیی پاشایی بهێنێت بۆ ئەوەی نەبێتە مایەی ئابڕووچوونی ڕژێمی پاشایەتی و وڵات بەهۆی هاوسەرێتیی لەگەڵ تەڵاقدراوێک! بەهۆی شکستی لە داننان بەڕۆڵی "شەرەف" لە مەرگی (ئەلف)دا پزیشکی توێکار نەیتوانی لە کاریگەریی ئەو پاڵپەستۆ کولتوورییانە تێبگات یان ڕوونیان بکاتەوە کە لەسەر ئەو ژنانەن کە دووچاری توندوتیژی هاتوون یاخۆ کارێک بکات بۆ بەرەنگاری یان چارەسەرکردنی ڕەوشەکە.

(خ.ر.س) بەرەنگاری ئەم جۆرە وەڵامانە بووەوە، نەک بەتەنیا لە خەباتکردن لە کێشە تایبەتییەکاندا، بگرە بەورووژاندنی ئەم مەسەلانە لە مەیدانی بەرفرەوانتری رامیاریدا بەهۆی کەمپەینکردن و سیاسەتەکانی دەستێوەردانەوە. بۆ نموونە، کەمپەینەکانی ئازادکردنی کیرانژیت ئاهولوالیا و زوورا شاە هەوڵیان دا روونی بکەنەوە کە چۆن ژنان لەناو کۆمەڵگە کەمینەکاندا کۆت کراون بەهۆی بیرۆکەکانی شەرەف لەمیانەی رەوشێکی خراپدا. داواکارییەکانمان بۆ بەردەم پێداچوونەوەی کۆمسیۆنی یاسایی لەبارەی بەرگرییە جوزئیەکانی کوشتن و پێداچوونەوەی وەزارەتی ناوەخۆ بەفەرمانەکانی دادگەی پزیشکی دادوەری دا، داوای کرد کە سیستمی یاسایی ئەو پرۆژەیاسایانە دابنێت بۆ رێگرتن لە پیاوانی توندوتیژ لە بەکارهێنانی بەرگریی کولتووری بۆ بەهانەهێنانەوەی کوشتن و، کارکردن لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ رێگرتن لە ناچارکردنی ژنان بەخۆکوشتن لە ئەنجامی توندوتیژیی ناوماڵ و پراکتیسە سەرکوتکەرە کولتوورییەکان. لە کاتێکدا ئەم دەستێوەردانانە بوونە مایەی مشتومڕ لەناو حکوومەتدا و لە ناو دادگەکان و لە ناو خەڵکدا، بەشێوەیەک کە بەئاگابوونێکی گەورەتر و پاڵەپەستۆی گۆرانکاریی هێنایە ئاراوە، هێشتا بەشێوەیەک لە شێوەکان بوار هەیە حکوومەت بەچالاکی چارەسەری ئەو گرفتانە بکات کە لە کێشەکانی (ئەلف) و زوورادا ئاشکرا بوون.

## لە بەزۆر بەشوودانەوە بۆ کوشتن لەسەر شەرەف

لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی پاش مەرگی روخسانا ناز مەسەلەی بەزۆر بەشوودان بووە سەردێڕی هەواڵەکان. هەرچەند کێشەکەی روخسانا مەسەلەی "کوشتن لەسەر شەرەف"یشی دەنواند، بەڵام میدیا وەک کێشەیەکی پێوەندار بە بەزۆر بەشوودان ناساندیان (بۆ نموونە، چۆهان، ١٩٩٩، بی بی سی ئۆنلاین، ٥ ی ئابی ١٩٩٩). نارەزاییەکی توند لەناو خەڵکدا هەبوو سەبارەت بەم کێشەیە و کێشە بەناوبانگەکانی تری بەزۆر بەشوودان. (خ.ر.س) داوای بەدواداچوونێکی ئاشکرای کرد و مەسەلەکەش بەخێرایی سەرنجی حکوومەتی بەلای خۆیدا راکێشا، ئەوە بوو ساڵی ١٩٩٩ گرووپی کاری وەزارەتی ناوەخۆی سەبارەت بە بەزۆر بەشوودان دامەزراند. هەرچۆنێک بێت، ئێستا "کوشتن لەسەر شەرەف" دەستی گرتووە بەسەر خەیاڵدانی جەماوەردا و بووەتە مەسەلەیەکی "جەماوەری"ی نوێ و لە میدیادا و لەلایەن وتارنووسە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەقولانج ستوونی لەسەر دەنووسرێت. لەڕاستیدا، ئەو کێشانەی پێوەندییان بەمەرگی ژنانی هەندێک کۆمەڵگەی کەمینەوە هەبوو جاران وەک پاڵەپەستۆکانی بەزۆر بەشوودان پێناس دەکران، ئێستا وەک "کوشتن لەسەر شەرەف" پێناسە کراونەتەوە. بۆ نموونە، سەرەتای ٢٠٠٣ ژنێکی بەریتانیایی بەرەگەز موسڵمانی پاکستانی تەمەن ٢١ ساڵ لەلایەن ئامۆزایەکیەوە کوژرا، لەبەر رەتکردنەوەی شووکردنی بەخزمێکی هاوخوێن[٧]، میدیا ئەمەی بەدەرفەتێکی تر زانی بۆ باسکردنی بەزۆر بەشوودان. هەروەها، لە کۆتایی ٢٠٠٣دا و دوابەدوای کێشەی بەناوبانگی هێشوو یونس میدیا کوشتنەکەی ساجیدەیان بە "کوشتن لەسەر شەرەف" پۆلێن کردەوە. (بۆ نموونە، بیرمینگهام پۆست، ٢٠٠٣، بەراوردی بکە بەئێم کۆوان، ٢٠٠٤، سیرکار، ٢٠٠٣، بە

بەراورد بەهیل، ٢٠٠٤ ).

لە کێشەکەی هێشوودا دەزگەی پۆلیسی میترۆپۆلیتان بۆ یەکەم جار لە مێژوویدا کوشتنێکی بە "کوشتن لەسەر شەرەف" لە قەڵەم دا (بی بی سی ئۆنلاین نیوس، ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠٠٣)، هەرچەند بەپێچەوانەی براکەی ڕوخساناوە عەبدوڵڵا یونس بەئاشکرا "شەرەف"ی وەک هۆکاری کوشتنەکە دانەنا. میدیا لەسەر هەمان ڕێ ڕۆیشتەوە و کێشەکەش بەهەمان شێوەی ئەوەی ڕوخسانا ناز بووە جێی سەرەنجی میدیا هەرچەند بەهەمان قورسایی نەبوو. بەڵام بەپێچەوانەی کەشی دوای مەرگی ڕوخسانا، ئەم جارە حکوومەت هێواش بوو لە کاردانەوەی بەرامبەر مەسەلەی "کوشتن لەسەر شەرەف"دا. کەشوهەوای سیاسیی ئەم جار جیاوازە. پاش ٩/١١ وا دیار بوو هەندێک لەناو حکوومەتدا لەو جۆرە حاڵەتانەدا بەوریاییەوە لێدوان دەدەن یان کاردانەوەیان هەیە، چونکە زۆربەی کێشە خەبەرلێدراوەکان پێوەندییان بەژنانی کۆمەڵگە کەمینەکانەوە هەبوو، لە کاتێکدا بەلای هەندێکی ترەوە ئەم مەسەلانە لاوەکین و بەشێک نین لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵ. هەروەها مایک ئۆبرایەن کە گرووپی کاری سەبارەت بە بەزۆر بەشوودان دامەزراندبوو کاتێک وەزیری ناوەخۆ بوو و ئارەزووی تایبەتی خۆی پێشان دابوو بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی بەزۆر بەشوودان، چیتر بەرپرسی ئەم دۆسیەیە نەما. وەزیرەکانی ئێستای ناوەخۆ کە لە کۆبوونەوە گشتییەکان و مشتومڕەکاندا پەرۆشیی خۆیان سەبارەت بە "کوشتن لەسەر شەرەف" دەربڕی هەتا ئێستا هیچ ڕاگەیاندنێکی گشتییان ڕانەگەیاندووە یان دەستپێشخەرییان نەکردووە بۆ ئاڕاستەکردنی مەسەلەکە[٨].

لە ژێر فەرمانداریی فەرماندە بەیکەردا[٩] پۆلیسی میترۆپۆلیتان میدیای بۆ کردنەوەی دۆسیەی توێژینەوەی کێشەکانی "کوشتن لەسەر شەرەف" بەکار هێنا و، ساڵی ٢٠٠٣ پۆلیسی میترۆپۆلیتان سیمینارێکی لەسەر "کوشتن لەسەر شەرەف" بەست[١٠]. مەبەستی ئەمە ڕاوێژکردن بوو بەگرووپەکانی ژنان سەبارەت بەم مەسەلەیە و، پۆلیس ڕای گەیاند کە پلانیان بۆ سازدانی چەند سیمینارێک لەگەڵ میدیا و سەرکردە ئاینییەکان داناوە. لە میانەی مشتومڕی سەبارەت بە بەزۆر بەشوودان، پۆلیس و حکوومەتیش شانبەشانی، دەنگی سووربوونیان لەسەر چارەکردنی گرفتەکە بڵند بوو و هەردوو لا پێویستیی ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگە و سەرکردە ئاینییەکانیان خستە پێشەوەی ئەرکەکانیان. بەبۆچوونی ئەوان چارەسەر بریتی بوو لە کۆتاهێنان بە بەزۆر بەشوودان لەڕێی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەوە. ئێمە ڕەخنەمان هەبوو لە شکستی ئەوان لە ڕاوێژکردن بەقورتاربوانی بەزۆر بەشوودان و گرووپەکانی ژنان و پشتگوێخستنی بەرپرسیاریی دەوڵەت لە ئاڕاستەکردنی گرفتەکەدا. ئەوە بەتەنیا ئەنجامێکی کەمپەینکردنی ڕێبەریکراو لەلایەن (خ.ر.س) بوو کە حکوومەت و پۆلیس دانیان بەوەدا نا کە ئەوان ئەرکێکیان لەسەر بووە، کە بووە هۆی بەدەنگەوەهاتنێکی پەرەسەندوو لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و کاروباری کۆمۆنوێڵس لە حاڵەتی زۆرکردن لەو کەسانەی ڕەگەزنامەی بەریتانیایان هەیە بۆ بەزۆر بەشوودان لەدەرەوەی وڵات و هەروەها بوو بەهۆی دامەزراندنی ڕێنماییەکانی پۆلیس لەسەر بەزۆر بەشوودان..

ئارگومێنته هاوشێوەکان، ئێستا سەبارەت بە "کوشتن لەسەر شەرەف" و "تاوانەکانی شەرەف" هاتوونەتە ئاراوە، پۆلیس بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگە و سەرکردە ئاینییەکان سوورن لەسەر ئەو ئارگومێنتەی کە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە هێشتا کارێکی سەرەکییە، هەرچەندە تا ئێستا ئەو تێگەیشتنە دەخەنە ڕوو کە گرووپەکانی ژنان بەهەمان بڕ (نەک زیاتر) لە پرۆسەی ڕاوێژکردندا گرینگن. ئەوان سووربوون لەسەر بەکێشکردنی گرووپەکانی ژنان و لێکۆڵەرەوەکانی باشووری ئاسیا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ناو گرووپی کاری پۆلیسی میترۆپۆلیتان لەسەر کوشتن لەسەر شەرەف کە تازە دامەزرابوو. سەرەڕای ئەم پێشکەوتنەش، بەبۆچوونی (خ.ر.س) سەبارەت بە بەرنامەی کاری پۆلیس چەند پرسیارێک ماون بکرێن.

## فرەکولتووریی پێگەیشتوو

پۆلیس لە سیمینارەکەیاندا لەسەر کوشتن لەسەر شەرەف کلیپێکیان لە فیلمی دۆکیومێنتاری "ڕاوکەری پاداشت Bounty Hunter" کە ساڵی ١٩٨٠کان لە کەناڵی چوار پێشان دەدرا. وەک لە فیلمەکەدا دەرخراوە "ڕاوکەری پاداشت" بەپیاوێک_ دەوترێت کە لەلایەن هەندێک خێزانی باشووری ئاسیاوە بەکرێ دەگیرێ بۆ شوێنپێ هەڵگرتن و ترساندن و گەڕاندنەوەی ئەو ژنانەی لە ماڵ هەڵاتبوون. لەم کلیپەدا خزمەکانی ئەو ژنەی ماڵی بەجێ هێشتووە دەبیندرێن ڕێنماییی ڕاوکەری پاداشت دەکەن. تەنانەت پێشنیازی کوشتن یان بریندارکردنی ژنەکە بەناوی "شەرەف"ەوە دەکەن. پۆلیس سەرنجیان بۆ ئەم کلیپە ڕاکێشا وەک ڕوونکردنەوەی پیلانگێرانی خێزان و کۆمەڵگە لە "کوشتن لەسەر شەرەف"دا. ئێمە ڕامان گەیاند کە ئەم مەسەلەیەمان لەگەڵ پۆلیسدا بەرز کردووەتەوە دەستبەجێ دوای پەخشکردنی دۆکیومێنتەریەکە و بەهەمان شێوە خەمی ئەوەمان هەبوو کە پۆلیس نەیتوانیبوو هیچ تاوانێک بخاتە پاڵ ئەم پیاوانە.

لای ئێمە، هیچ جێی سەرسوڕمان نەبوو کە ئەو پیاوانە ئەوەندە هەست بەئازادی بکەن ئەو جۆرە وتارە هەڕەشەئامێزە ترسناک و ئەو وتانە بەبێ سزا لەبەردەم کامێرادا بڵێن و، سەرنجمان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە چۆن گریمانەکانی فرەکولتووری ڕێگر بوون لەبەردەم دەستبەکاربوونی پۆلیسدا. لەو گریمانانەش ئەو بۆچوونەی کە ئەوە پێکەوە هەڵنەکردن و تەنانەت ڕەگەزپەرستیشە لەلایەن کۆمەڵگەی زۆرینەوە دەست بخرێتە کاروباری کولتووره کەمینەکانەوە. بەمجۆرە، ڕێزگرتن لە جیاوازیی کولتووری بەواتای ڕێگەدان بەکۆمەڵگەی کەمینە فەرمانڕەوایی و پۆلیسێتی بەسەر خۆیەوە بکات. هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت کە هەر جۆرە دەستتێوەردانێک دەبێ بەڕاوێژ و ڕەزامەندیی کۆمەڵگەی سەربەخۆ وسەرکردە ئاینییەکان بڕیاری لێ بدرێت، کە وەک پاسەوان دەبینرێن لە ڕووی مێژووییشەوە نوێنەرایەتیی بەدەسەڵاتترین سیستەمی باوکسالاری و هێزی کۆنەپارێزی ناو کۆمەڵگە دەکەن. فرەکولتووری کە مەبەستی برەودانە بەتەباییی ڕەگەزی لە نێوان کۆمەڵگەکاندا، لە ئاراستەکردنی ئەم گرفتانەدا وەک پیادەکارییە ستەمکارەکانی دژ بەژنان و گرووپە بێ دەسەڵاتەکان شکست دێنێت. سەرکردەکان بەدەگمەن بەرەنگاری ڕەوشی باو دەبنەوە و دەوڵەتیش دەستیان لەگەڵ تێکەڵ دەکات لە نکوڵیکردن لە پاراستنی ژناندا لەناو کۆمەڵگەدا لەبەر

خاتری پاراستنی کۆمەڵگەی چاک و پێوەندییە ڕەگەزییەکان.

هەرچۆنێک بێت، لە مشتومڕی سەبارەت بە بەزۆر بەشوودان‌دا حکوومەت هەڵوێستی باوی خۆی لەسەر فرەکولتووری گۆڕی. ئەم بۆچوونە لەلایەن قسەکانی وەزیری ناوەخۆوە، مایک ئۆبراین، نیشان دران کە قسەی لەسەر "فرەکولتووریی پێگەیشتوو" دەکرد کاتێک باسی بەزۆر بەشوودانی کرد. وتی کە "هەستیاریی فرەکولتووری بیانوو نییە بۆ کوێرێتیی ئاکاری" (هانسارد، ١٠ ی شوباتی ١٩٩٩).

مایک ئۆبراین پشتگیریی ئەو بۆچوونەی کرد کە (خ.ر.س) زۆر لە زووەوە هەڵی گرتبوو کە دەبێ دەوڵەت دەست بخاتە ناو کاروباری کولتوورە کەمینەکانەوە بۆ پاراستنی ژنان و کچان لە بەزۆر بەشوودان. سەرەڕای ئەم پێزانینە چەمکی نوێی "فرەیی" کە داوای ڕەوابینی لە مامەڵەکردن لە نێوان گرووپە نەهامەتبارە جیاوازەکاندا دەکات وەک لە یەکسانی لەناو ئەم گرووپانەدا، بەڵام هێشتا داواکارییەکانی ژنان خەفە دەکات کە وەک یەکسان دانراون بەبێ ئەوەی هەڵگری هەمان دەسەڵاتی ئاکاری یان ماف بن وەک سەرکردەکانی کۆمەڵگە. بەمجۆرە، جارێکی تر دەنگە زۆر ڕادیکاڵەکانی ژنان لەلایەن هێزە زۆر کۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگەوە سەودایان پێ دەکرێت. ئەوەی جێی تێڕامانە، لە کەشی ڕابوونەوەی ئاینیدا ئەو جۆرە هێزانە بەشێوەیەکی ڕوولەزیادبوون لەلایەن ژنانەوە نوێنەرایەتی یان پێشڕەوی دەکرێن.

ئەم پێشڤەچوونە لە مشتومڕ دەربارەی بەزۆر بەشوودان‌دا ئاشکرا بوو. گرووپی کاری وەزارەتی ناوەخۆ سەبارەت بە بەزۆر بەشوودان پاڵپشتی ناوبژیکردن بوون لە حاڵەتەکانی بەزۆر بەشوودان‌دا وەک ڕێگەیەک بۆ چارەکردنی گرفتەکە. (خ.ر.س) کە بەشێک بوو لە گرووپی کار دژ بەم پێشنیازە بوو لەسەر ئەو باوەڕەی کە سازش بوو لە پاراستن چونکە دەبووە مایەی پاڵەپەستۆ لەسەر قوربانی تا بەڵێنەکانی ئەو کەسانە قبووڵ بکات کە خراپکارییان بەرامبەر کردووە کە زۆربەی جار دایک و باوک و ئەندامانی تری خێزان بوون، بەڵێنی ئەوەی کە بۆ شووکردن زۆری لێ ناکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە قوربانییەکان بەردەوام لە ڕێگەی پرۆسەی ناوبژیوانیی بریکارەکانەوە قایل دەکران لە ماڵدا بیگوزەرێنن – کە ئەمەش پیادەکارییەک بوو لەلایەن خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگیرایەبەر و بەشێوەی نافەرمیش لەلایەن بریکارەکانی تری وەک پۆلیسەوە دەکرا. (خ.ر.س) لەسەر ئەو ڕایە بوو کە بەڵێنەکانی چاکسازی بەردەوام شکێندراون و دژوارە پەیڕەو بکرێن – ژنان و کچان دەخەنە بارودۆخی ترسناکەوە. ئێمە ئاماژەمان بەحاڵەتی ڤاندانا پتێڵ دا کە ساڵی ١٩٩١ بەچەقۆ لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا، سەرباری ئەوەی کە گوایە لە ژێر پاراستنی یەکەی توندوتیژیی ناوماڵی بنکەی پۆلیسی ستۆک نیونتۆنی باکوری لەندەن بوو، پاش ئەوەی پۆلیس وەک "ناوبژیکەر" هەردووکیانی ڕێک خستبووەوە.

بیروڕاکانی ئێمە لەلایەن گرووپی کارەوە پەسند نەکران (وەزارەتی ناوەخۆ، ٢٠٠٠، ل٢٠)، کە وەک بەشێک لە ئەندامێتییەکەی، گرووپی ژنانی ئاینی کە هاوتای گرووپی کار بوون و لۆرد ئەحمەد و ژنەبارۆن ئودینی تێدابوو کە پشتگیریی لایەنە زۆر کۆنەپارێزەکانی ناو کۆمەڵگەیان

دەکـرد کـە دژ بە دەسـتـوەردانی زۆر بوون لەلایەن دەوڵەتەوە. ناویژی و ئاشـتکردنەوە ئەوەیان دەگەیاند کە دەوڵەت نایەوێت خێزانەکان لێک بترازێنێت، بەمجۆرە ڕێگر بوو لە جێهێشتنی ماڵ لەلایەن ژنانەوە. ئەمە بووە هۆی سنووردارکردنی دەستوەردانی دەوڵەت لە کۆمەڵە کەمینەکاندا و بارودۆخی باوی هەڵنەوەشاندەوە. ئەم سیاسەتە ڕێگەچارەیەکی جیاکارییانەی بۆ ژنانی کۆمەڵگە کەمینەکان خوڵقاند لەبەرئەوەی پارێزگاری ژنانی کۆمەڵگەی زۆرینە نەبوو لە کاتی چارەکردنی توندوتیژیی ناوماڵدا[11]. پێشنیازەکە گرووپی کاری تواناداری کرد سیاسەتێکی دڵڕازیکردن پەیڕەو بکات، کە تا ئەو ڕادەیە بوو لە پشتەوە ڕێگە بەڕێگەچارەی جیاوازیکار و کوێر لە ڕووی ئاکارەوە بدات.

## داهێنانەوەی "چارەسەرە" کۆنەکان

ئاڵوگۆڕکردن لە سەرکردایەتیدا گرێیەکی تری بۆ چیرۆکەکە زیاد کرد، دەیڤد بلانکێت لە حوزەیرانی ٢٠٠١ کرا بەوەزیری ناوخۆ، پشتگیریی بۆچوونەکانی هەندێک ئەندام پەرلەمانی پارتی کاری وەک ئان کرایەر (کەیگلی)ی دەکرد کە داوای کۆنترۆڵی زیاتریان لەسەر کۆچبەری دەکرد، بۆ جڵەوکردنی مەسەلەکانی وەک بەزۆر بەشوودان[12]: زۆربەی کات "چارەسەرێک" بۆ گرفتەکانی پێوەندار بەڕەشپێست و کۆمەڵگە کەمینەکان پێشنیاز دەکرا. دوابەدوای ئاشووبە ڕەگەزییەکانی شارەکانی باکور ساڵی ٢٠٠١ (لەوانە ئۆڵدهام، بێرنلی، لیدس و برادفۆرد) کە خەڵکی گەنجی باشووری ئاسیایان تێوە گلابوون، دەیڤد بلانکێت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئاشووبەکان ئەنجامی کەمیی تێکەڵبوونی کۆچبەرە نێرەکانی باشووری ئاسیا بوو، کە ناتوانن بەئینگلیزی بئاخڤن و هەڵگری هەڵوێستی "دواکەوتوون" و کاری بەزەبروزەنگ دژ بەژنان پیادە دەکەن وەک بەزۆر بەشوودان. بەلای ئەوەوە چارەسەر بریتی بوو لە "پەسندکردنی خوو و ڕەوشتی بەریتانیایی" و، سەپاندنی کۆنترۆڵی زیاتر لەسەر کۆچبەری و لەسەر هاوسەرێتیی دەرەوەی وڵات و دانانی مەرجی زیاتر لەسەر هاتنە ناو شانشینی یەکگرتوو (بی بی سی نیوس ئۆنلاین، ١٠ کانوونی یەکەمی ٢٠٠١). ئەو لایەنگری ئەو ڕایە بوو کە خەڵکی کۆمەڵگەکانی باشووری ئاسیا دەبێ شەریکێکی هاوسەرێتی لە شانشینی یەکگرتوودا بدۆزنەوە بۆ یارمەتیدانی تێکەڵاوبوون و دەبێ تاقیکردنەوەی هاووڵاتیبوون و زمانی ئینگلیزی دابنرێت بۆ ئەو کۆچبەرانەی داوای ڕەگەزنامەی بەریتانیایی دەکەن. هەرچەندە تاقیکردنەوەکان هێشتا نەخرابوونە ڕوو لە شوباتی ٢٠٠٤ـەوە هاووڵاتییانی نوێ داوایان لێ دەکرا سوێند بەو بەڵێنی بەستنەوەیە بخۆن کە تازە دانراوە، سەرەڕای سوێندە کۆنەکە. زیاد لەوەش، وەزارەتی ناوخۆ ماوەی مۆڵەتپێدانی درێژ کردەوە لە یەک ساڵەوە بۆ دوو ساڵ بۆ هاوسەرانی دەرەوەی وڵات و تەمەنی ڕێپێدانی یەکگرتنەوەی لەگەڵ هاوسەرە بەریتانییەکەیاندا بۆ هاوسەرانی دەرەوەی وڵاتی بەرزکردەوە لە ١٦ـەوە بۆ ١٨ ساڵ لەسەر ئەو بنەمایەی ئەوەی هاوسەریی ساختە و بەزۆر بەشوودان کەم دەکاتەوە[13].

هەرچۆنێک بێت، (خ.ر.س) ڕەخنەی لە حکوومەت گرت لەسەر ئەم "چارەسەرە" چونکە نەیتوانی نە چارەی بەزۆر بەشوودان و نە ئاشووبە ڕەگەزییەکان بکات. لەکاتێکدا جێی بایەخە دان بەوەدا

بنرێت کە بەزۆر بەشوودان و توندوتیژیی جێندەری زۆر بەگشتی لەلایەن سیستمی بەهاکانەوە پاڵپشتی دەکرێن کە جڵەوگیریی سێکسواڵیتی و سەربەستیی ژنان پەسند دەکەن، ئەم بەهایانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بەها بەریتانییەکەیاندا نییە کە تیایاندا لەسەر هەمان بناخە توندوتیژیی ناوماڵ ڕەوایەتییان پێ دەدرێ. بەمجۆرە ئەوە بەها "بەریتانیایی" و "خۆرئاواییەکان" نین چارەسەری چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگە کەمینەکاندا لەخۆیاندا هەڵدەگرن بەڵکو زیاتر خەباتی ژنانە بۆ مافە مرۆییەکانیان کە لەلایەن بزووتنەوەی ژنانی باشووری ئاسیا و کۆمەڵگە کەمینەکانی ترەوە_ لە شانشینی یەکگرتوو و هەندەراندا بەرپا کراوە. لەوەش زیاتر، ئاشووبەکان لەلایەن گەنجانی تەرەبووی باشووری ئاسیاوە ڕێبەری دەکران کە لە شانشینی یەکگرتوودا لەدایک بووبوون و گەورە بووبوون و ئینگلیزییەکی باش دەزانن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خاوەن ناسنامەیەکی پتەوی بەریتانیایی-ئاسیایی بوون. نە بەزۆر بەشوودان و نە ئاشووبەکان دەتواندرا لە ڕێگەی دانانی کۆنترۆڵی زیاتر لەسەر کۆچبەری چارە بکرێن، بگرە لە ڕێگەی چارەسەرکردنی هەژاری و بێبەشبوون و ڕەگەزپەرستی و سەرکوتکردنی سێکسییەوە چارە دەکرێن. هەرچۆنێک بێت، لەجیاتی چارەسەرکردنی ئەم کێشە بنەڕەتییانە، پێدەچێت دەوڵەت داوای مافەکانی ژنانی کۆمەڵگەی زۆرینەی بەکار هێنابێ بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵ بەسەر کۆچبەریدا و ڕەوایەتیدان بەکارنامەیەکی ڕەگەزپەرستانە.

ئەم گۆڕانکارییانەی ئەم دواییە لەسەر ئەو دەستپێشخەرییانە دەڕۆن کە لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا پەیرەو دەکرێن. بۆ نموونە دانیمارک تەمەنێکی دیاریکراوی دانا بۆ هاوسەرانی دەرەوەی وڵات کە ئەویش ٢٤ ساڵە... بەڵگەی ئەوتۆ نییە کە بیسەلمێنێت سیاسەتەکە ڕێگە لە بەزۆر بەشوودان دەگرێت. لەجیاتی ئەوە کۆچبەری بۆ ناو وڵاتەکە کەمی کردەوە، بەمجۆرە سەربەستییە مەدەنییەکان و مافەکانی کۆمەڵگە کۆچبەرەکانی لاواز کرد. هەروەها ئەنجامی خراپیشی لێ کەوتەوە چونکە کار دەکاتە سەر ئەو خێزانە خۆوڵاتییە سپی پێستانەی لە دەرەوەی وڵات هاوسەری دەکەن. هەروەها لە شانشینی یەکگرتووشدا بەڵگەی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە کە گۆڕانکارییەکان لە یاسای کۆچبەریدا بەسوودی ژنانی دووچاری پێشێلکاری وەرگەڕابن. لەجیاتی ئەوە، سەرەڕای چەند پەرەسەندنێک لە سیاسەتی کۆچبەریدا لە حاڵەتەکانی توندوتیژیی ناوماڵدا، درێژکردنەوەی ماوەی چاوەڕوانیی مۆڵەت لەڕاستیدا بەشێوەیەکی سەرەکی ژنان لەناو پێوەندییە توندوتیژەکاندا دەبەستێتەوە بۆ ماوەی زۆر درێژتر و بەربەستە لەبەردەم چەندان ژندا کە لە ترسی پەسندنەکردنیان لە وڵاتەکەدا ناتوانن لە ماڵ هەڵبێن (جۆشی، ٢٠٠٣).

زیاد لەوەش، بەرزکردنەوەی ڕادەی تەمەن بۆ هاوسەرانی دەرەوەی وڵات، بەپێی ئەزموونی هەندێک دامودەزگە و هەروەک لەلایەن چەندان گرووپی مافەکانی ژنانەوە پێشبینی کرا، بووە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی چاوەڕوانیی ژنان یان کچانی دەرەوەی وڵات لەپێش یان پاش هاوسەرێتی. ئەم گەڵاڵە یاساییە هیچی نەکرد بۆ یارمەتیدانی ئەو ژن و کچانەی ناچاری بەزۆر بەشوودان کرابوون لەناو شانشینی یەکگرتوودا[١٤].

لەگەڵ ئەوەشدا، چەندان ژن کە داوای پەنابەری و پاراستن دەکەن لە شانشینی یەکگرتوودا دیسان دەکەونەوە بەر خراپ مامەڵە کردن لە دەرەوەی وڵات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی جێندەری وەک توندوتیژیی ناوماڵ و بەزۆر بەشوودان و لە خراپترین باردا "کوشتن لەسەر شەرەف". لە یەکێک لە کێشەکانی (خ.ر.س)دا ژنێکی بەڕەگەز هیندی پاش خواردنەوەی ژەهر دەمرێت کاتێک مێردەکەی ناتوانێت لەڕێی یاساوە باری کۆچبەرییەکەی چێ بکات. هاوڕێکانی وتیان کە وەک ژنێکی دوو جار تەڵاقدراو (ئەمە دووەم هاوسەرێتیی ئەو بوو) ترساوە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ هیندستان لەبەر شوورەییی ئابڕووچوون و پەرەوازەکردنی کۆمەڵایەتی و ئەو هەراسانکردنەی لە ئەنجامی ئەوەوە دووچاری دەبوو. بەپێچەوانەوە، سەرەڕای کێشە بەرچاوەکانی ئیسلام و شا[١٥] لە ئەنجوومەنی لۆردانددا ساڵی ١٩٩٩ کە دانی بەچەوساندنەوەی جێندەریدا نا وەک بنەمایەک بۆ پەنابەری و لەکاتێکدا کە دەوڵەت سەرزەنشتی پیادەکارییەکانی وەک بەزۆر بەشوودان و "کوشتن لەسەر شەرەف" دەکات، کەچی دەوڵەت هێشتا نابەدڵ بوو بەرامبەر دابینکردنی پاراستن بۆ چەندان ژن کە لە دەرەوەی وڵات لە دەست ئەم جۆرە خراپکارییانە هەڵهاتبوون بە بەخشینی مافی پەنابەریی تەواو پێیان[١٦].

## گفتوگۆ لەسەر مەودای نێوان ڕەگەز و جێندەر

گرووپەکانی ژنانی ڕەش و کەمینەی وەک (خ.ر.س) زۆربەی جار لەلایەن بەشێکی چەپی دژە-ڕەگەزپەرستییەوە ڕەخنەکراون بەوەی "جلوبەرگە پیسەکانیان بەئاشکرا هەڵدەخەن" و خەباتی دژە-ڕەگەزپەرستی لاواز دەکەن. کاردانەوەی خراپی ڕەگەزپەرستی تا ڕادەیەک ئاشکرا دەردەکەوێت لە بەکارهێنانی کۆنترۆڵکردنی کۆچبەری بۆ چارەکردنی بەزۆر بەشوودان (و تەنانەت ناڕەزایی دەربڕین و سەرهەڵدانیش). هەرچۆنێک بێت، لە هەمان کاتدا، کاردانەوەی خراپی لایەنە کۆنەپارێز و ئایینییەکان لە کۆمەڵگەدا دەری دەخات کە ناوبژیکردن لەلایەن گرووپی کاری وەزارەتی ناوەخۆوە لە خەباتکردن دژ بە بەزۆر بەشووداندا وەک ڕێگەچارەیەک قبووڵ کراوە. ئەمە ئەو زەمینە ترسناک و پڕ چەوتییەیە کە تیایدا ژنانی ڕەش و کەمینە دەبێ مەسەلەکانی توندوتیژیی جێندەری بەرز بکەنەوە، ڕێک بکەون لەسەر مەودا و یەکتربڕینی جێندەر و ڕەگەز. سەرەڕای ئەم کەموکوڕییانەش ژنانی ڕەش و کەمینە چەند دەستکەوتێکیان بەدەست هێناوە. بۆ نموونە بەزۆر بەشوودان وەک پێشێلکارییەکی مافەکانی مرۆڤ ناسێندرا و هەندێک پێشکەوتن بەدەست هاتن لە پێشکێشکردنی ڕێنوێنیی نوێ بۆ دامودەزگە خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی لە وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵس و کارگوزارە قونسوڵییەکان و پۆلیس (وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵس، ئەوانی تر، ٢٠٠٢) و، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان (وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵس ٢٠٠٤)[١٧]. پیادەکردنی ناوبژی و ئاشتکردنەوە زۆر بەگەرمی لەلایەن ئەم دەستپێشخەرییانە و هی ترەوە هان دران و چەندان دانپیانان پێشکێش بەقوربانییانی توندوتیژیی ناوماڵ کران و کۆنترۆڵکردنی کۆچبەری سەرکەوتنێکی تری مەزنی لایەنگرانی مافەکانی ژنان دەنوێنێت[١٨].

هەرچەندە خەباتەکە کارێکی دژوارە و پێویستی بەبزووتنەوەیەکی تەواو یەکگرتووتری ژنانی

ڕەش و کەمینە هەیە، لەگەڵ پاڵپشتیی بەهێزی فێمینیستە سپی پێستەکان و دژە ڕەگەزپەرستەکان پێکەوە. (خ.ر.س) هەوڵی دا پردەکانی پێوەندی لە ناوەوە و دەرەوەی بزووتنەوەی ژنانی ڕەش و کەمینە دروست بکات. ساڵی ٢٠٠٢ تۆڕێکی ئازادیی ژنانی ڕەش و کەمینە و گرووپەکانی ژنانی دامەزراند بۆ ئەوەی دەنگێکی بەکۆمەڵ بداتە داواکارییەکانیان بۆ دوایهێنان بەتوندوتیژیی جێندەری دژ بەژنانی ڕەش و کەمینە. هەروەها لەگەڵ گرووپەکانی ژنانی سپیشدا کاری کرد، وەک دادپەروەری بۆ ژنان و فریاگوزاریی ژنان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەسەر مەسەلە هاوبەشەکانی وەک توندوتیژیی ناوماڵ[19]. هەروەها (خ.ر.س) لەگەڵ دژە-ڕەگەزپەرستەکان و دژە-گشتاندنەکان کاری کرد بۆ تێکۆشان دژ بەڕق و کینەی ڕەگەزپەرستی و ئاینی و کۆمەڵگەری، کارەکانی لەسەر گرووپە هەژار و دەرامەت نزمەکان و ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژیی ناوماڵ دەبنەوە چڕ کردەوە، وەک خەباتکردن بۆ ئەو ژنانەی گیروگرفتی پەنابەرییان هەیە تا دەستیان بگاتە یارمەتیی گشتی بۆ ئەوەی ڕێگە لە بێدەرامەتییان بگرێت و توانادارییان بکات لە دەرچوون لە حاڵەتی پاشکۆییی ئابووری بۆ هاوبەشێکی توندوتیژ. ئەم بۆچوونە لەسەر بناخەی ئەو باوەڕە بوو کە پێویستە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز دروست بکرێت کە چارەسەری هەموو جۆرە چەوساندنەوەکان بکات، لەناویاندا ئەوانەی لە هەمان کاتدا لەسەر بنەمای ڕەگەز و جێندەر و چین. نابێ تێکۆشانێک لەسەر حسابی یەکێکی تر بکرێت ئامانجی هاوبەشمان دەبێ خەباتکردن بێت بۆ مافەکانی هەمووان نەک لەپێناو مافەکانی کەمێک لە خەڵک.

وەک ئەنجامێک، (خ.ر.س) هەوڵی دا کە مشتومڕەکە لەسەر ژنانی ڕەش و کەمینە و توندوتیژیی جێندەرییەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی مشتومڕەکانی ڕێڕەوی گشتی و دەستوەردانەکان لە توندوتیژیی جێندەری و مافەکانی مرۆڤ. بیرۆکەی مافە گەردوونییەکان وەک یەک دژ بەبیروباوەڕی ڕێژەگەرە کولتوورییەکان و ڕەگەزپەرستەکان دەوەستێتەوە. هەرچۆنێک بێت، هەروەک ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ تازە دەستیان بەسەیرکردنی جێندەر وەک مەسەلەیەکی مافەکانی مرۆڤ کردووە، بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی دوورودرێژیان لەبەردەمدایە پێیدا تێپەڕن سەبارەت بەمافەکانی ژنانی ڕەش و کەمینە، بەتایبەتی لە وڵاتە خۆرئاواییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە ناکۆکییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەر ئاڵۆزییەکانی نێوان مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ و هەندێک مافی کولتووریی دیاریکراو و فێمینیستەکان بەشێوەیەکی ڕوولەزیادبوون چاویان لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤە بۆ زامنکردنی مافەکانی ژنان. لەسەر ئاستی نیشتمانی، سەرەڕای یاسانامەی مافەکانی مرۆڤی ١٩٩٨ کە پەیماننامەی ئەورووپاییی مافەکانی مرۆڤی ١٩٥٨ی هێناوەتە ناو یاسای شانشینی یەکگرتوو، دەوڵەت هێشتا زۆر کەم بەدەنگ لایەنگیری بۆ مافە مرۆییەکانی ژنانەوە هاتووە بەتایبەتی ئەوانەی ژنانی ڕەش و کەمینە.

## لە کوشتن لەسەر شەرەفەوە بۆ توندوتیژیی ناوماڵ

دوای ئەوەی بینیمان مشتومڕەکانی لەمەڕ بەزۆر بەشوودان گۆڕان بۆ مشتومڕ سەبارەت بە"کوشتن لەسەر شەرەف"، (خ.ر.س) ئێستا ڕووبەڕووی پرسیارێکی ڕاستەوخۆ دەبێتەوە کە چۆن

ئەم دوو مەسەلەیە بگوازێتەوە بۆ ناو مشتومڕی باوی سەبارەت بەتوندوتیژیی ناوماڵ.

حکوومەت لەم دواییانەدا سەرقاڵ بوو بەتوندوتیژیی ناوماڵەوە و پرۆژەیاسای تاوان و قوربانی (ئێستا پێیان دەوترێت توندوتیژیی ناوماڵ و، یاسای تاوان و قوربانی)، کە گۆڕانکاریی دەستووری لە شێوازی ئاڕاستەکردنی توندوتیژیی ناوماڵ دەهێنێتە ناو سیستمی دادوەریی شارستانی و تاوانەوە. پرۆژەیاساکە پاش بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی ڕاوێژکاری حکوومەت لەسەر توندوتیژیی ناوماڵ، سەلامەتی و دادوەری (وەزارەتی ناوەخۆ، ۲۰۰۳)- لە ڕووی مێژووییەوە یەکەم پیادەکردنی ڕاوێژکاری گرینگە لەسەر ستراتیجی حکوومەت دەربارەی توندوتیژیی ناوماڵ. هەرچۆنێک بێت، ئەم بەڵگەنامەیە ڕەخنەی زۆری لێ گیرا لەبەرئەوەی نەیتوانی ژمارەیەک مەسەلەی کاریگەری ژنانی ڕەش و کەمینە ئاڕاستە بکات بەهۆی بەرتەسکیی پێناسەکەی بۆ توندوتیژیی ناوماڵ وەک ئەوەی بەتەنیا پێوەندیی بەهاوبەشە نزیکەکانەوە هەبێت. حکوومەت نەیتوانی دان بنێت بەتوندوتیژیی ناوماڵی ئەنجامدراو لەلایەن ئەندامانی تری خێزان، یان لە ڕووی کولتوورییەوە چەند شێوازێکی دیاریکراوی زیانگەیاندنی وەک بەزۆر بەشوودان و "تاوانەکانی شەرەف". وەک ئەنجامێک بۆ ئەم ڕەخنانە، حکوومەت ئێستا خەریکی پەرەدانە بەستراتیجێکی جیاواز لەسەر توندوتیژیی ناوماڵ بۆ ژنانی ڕەش و کەمینە و دووبارە پێداچوونەوەی پێناسەکە[٢٠].

ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە ئەوەیە گەر ستراتیجێکی جیاواز باشترین ڕێگە بێت بۆ پێشەوە. بێگومان بۆ ژنانی ڕەش و کەمینە هەڕەشەی جیابوونەوە برێتییە لە گرفتی بەجیا مامەڵەکردن. مشتومڕێک هەیە لەناو بزووتنەوەی فێمینیستی ژنانی ڕەش و کەمینەکاندا سەبارەت بەوەی چۆن داواکارییەکانمان بخەینە ڕوو تاوەکو دەوڵەت بەتەواوی سەرنج بداتە پێداویستییە دیاریکراوەکانی ژنانی ڕەش و کەمینەکان و هەروەها کارێکی وا بکرێت کە پێویستییەکانیان بخرێتە ڕیزی پێویستییە گشتییە باوەکانەوە لەڕێی ئەوەوەی کە بێاخنرێنە ناو سیاسەتە فراوانترەکانەوە سەبارەت بەتوندوتیژی دژ بەژنان بەبێ جیاکردنەوەیان بۆ مامەڵەی جیاوازیکار و ڕەگەزپەرستانە.

ئەم مشتومڕە سەبارەت بە "کوشتنەکانی شەرەف" دوابەدوای مەرگی هێشوو یونس لە ساڵی ۲۰۰۲دا بووە چەقی سەرنج. (خ.ر.س) هاوپەیمان بوو لەگەڵ گرووپەکانی ژنانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ژنانی کورد و عێراقی و ئێرانی پێک هاتبوون بۆ تێکۆشان لە کێشەکەی هێشوودا و بەرزکردنەوەی ئەو مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی دەریانی خست[٢١]. دابەشبوونێکی ئاشکرا لەسەر ستراتیج سەری هەڵدا. گرووپەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست وتیشیان "کوشتن لەسەر شەرەف" جیا بکەنەوە لە توندوتیژیی ناوماڵ لەسەر ئەو بنەمایەی کە توندوتیژیی ناوماڵ لەلایەن کۆمەڵەوە بەگشتی کەمبایەخ کراوە و لەلایەن دەوڵەتەوە و وەک گرفتێکی جدی سەیر ناکرێت. هەرچۆنێک بێت، (خ.ر.س) و گرووپەکانی باشووری ئاسیا[٢٢٨] لەسەر ئەو ڕایە بوون کە دەبوو مەسەلەکە بخرێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژیی ناوماڵەوە (لە ناو مەسەلە بەرفرەوانەکانی توندوتیژیی دژ بەژنان و مافەکانی مرۆڤ) بۆ ڕێگری لە هەر کاردانەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەت، وەک بینرا، تا ڕادەیەک، لە حاڵەتی بەزۆر بەشووداندا. هەروەها، (خ.ر.س) ویستی کار

لەسەر کاری گرووپەکانی ژنان بکات، کە دەربارەی زامنکردنی ئەوە بوو کە توندوتیژیی ناوماڵ بەجدی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دەبێ دەوڵەت بە بەرپرسیار لە شکستهێنان لەکردنی ئەو کارەدا دابنرێت.

وەک دووپاتمان کردەوە، کێشەکەی ڕوخسانا ناز سێ مەسەلەی پیشان دا: بەزۆر بەشوودان و "کوشتن لەسەر شەرەف" و توندوتیژیی ناوماڵ. هەموو ئەو ڕەگەزانە بەهەمان شێوە لە کێشەکەی هێشوو یونسدا بوونیان هەبوو. باوکی خەمباری ئەو ڕاستییە بوو کە ئەو کوڕە هاوڕێی هێشوو بوو و، ویستی هەڵسوکەوتی سێکسیی جلەو بکات و ئومێدی شووکردنی پتەو بکات. هەروەها دووچاری توندوتیژیی ناوماڵی کردبوو. پێش مردنەکەی هێشوو نەخشەی دانابوو لە ماڵ هەڵبێت. لە گوتەکانی ماڵئاواییدا بۆ باوکی نووسیبووی:

پێدەچێت من و تۆ هەرگیز لەیەکتر تێ نەگەین، بەڵام من بەداخەوەم کە ئەو کەسە نەبووم تۆ ویستت، بەڵام شتێک هەیە کە هەرگیز ناتوانیت بیگۆڕیت. هێی، بۆ کابرایەکی پیری وەک تۆ مستەکۆڵە و شەقی زۆر بەهێزت هەیە. هیوادارم چێژت لە تاقیکردنەوەی توانای خۆت بەسەر مندا بینیبێت، خۆش بوو کە من لەو بەرەیە بووم کە لێدانەکەی بەردەکەوت. دەستخۆش[٢٣].

بەپێی بۆچوونی ئێمە، جیاوازیی ڕوانگە سەرچاوەی لەو ڕاستییەوە گرتبوو کە گرووپەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر چالاک بوون لە شانشینی یەکگرتوودا وەک لە خەباتیان لە وڵاتەکانی خۆیاندا، کە "کوشتن لەسەر شەرەف" بە ڕێژەی جۆراوجۆر لێخۆشبوونی بۆ دەکرێت لەلایەن یاسای دەوڵەت و پیادەکردنی تاکەکەسییەوە و مشتومڕی توندوتیژیی ناوماڵ زۆر بەچاکی پێش نەکەوتووە. لەلایەکی ترەوە، گرووپەکانی باشووری ئاسیا زۆرتر لە شانشینی یەکگرتوودا چالاک بوون و باشتر لە کایەی بەرفرەوانی ڕەگەزپەرستی و مشتومڕەکانی توندوتیژیی ناوماڵ تێگەیشتوون (گوپتا، ٢٠٠٣). لە کۆتادا، هەرچەندە چەند چەقێکی جیاواز مانەوە، هەردوو گرووپ هاوڕا بوون لەسەر هەوڵی چارەکردنی "کوشتن لەسەر شەرەف" و توندوتیژیی ناوماڵ. بۆ یادی هێشوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣دا، ئێمە دروشمێکمان بەکارهێنا: "لە توندوتیژیی ناوماڵدا "شەرەف" نییە، تەنیا شەرمەزارییە!".

## کورتکردنەوەی مەوداکان

لە سوێد کە مشتومڕی دەربارەی "تاوانەکانی شەرەف" زۆر زووتر هەڵچوو وەک لە شانشینی یەکگرتوو، بەتایبەتی پاش مەرگی فادیمە ساهیندال (ژنێکی کوردی ٢٦ ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٢دا لەلایەن باوکیەوە کوژرا)، هەندێک کەس لە حکوومەتدا گەشەیان بە سیاسەتێکی پێکەوەبەستنی مەسەلەکە دا لەگەڵ بیرۆکەی باوکسالاری، بۆ ئەوەی مەسەلەکە بچێتە بواری گشتییەوە. هەرچۆنێک بێت، لە کۆنفرانسێکدا کە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن حکوومەتی سوێدەوە ڕێک خرا[٢٤]، مشتومڕەکە زیاتر چەقی لەسەر ئەوە گرت مەسەلەکە لە مەسەلەی توندوتیژیی دژ بەژنان و دایەلۆگی مافەکانی مرۆڤ جیا بکرێتەوە یان نا.

ئەم کێشەیە چەندان ئاڵۆزیی لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنیدا هەبوو لە کاتێکدا کە شکستهێنانێکی گشتیی هەبوو لە دانانی توندوتیژیی جێندەری دژ بەژنانی ڕەش و کەمینە لە چوارچێوەیەکی بەرفرەوانتری مافەکانی مرۆڤ و توندوتیژیی دژ بەژنان یاخۆ تەنانەت توندوتیژیی ناوماڵیش. لەوانەیە ئەنجامەکە بەدەرەکیکردنی مەسەلەکە و ڕەگەزپەرستی بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانییان و کۆمەڵگەکانی کەمینەدا. لە ئەنجامی ڕەخنەی (خ.ر.س) و لایەنکانی تردا، پۆلیسی میترۆپۆلیتان بەدەنگ مەسەلەکەوە هات بەوەی وتی "کوشتن هەر کوشتنە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکردارەکی هەموو کوشتنێکی ئەم دواییانەی ژنێکی ئاسیایی یان ژنانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، یەکەم وەک "کوشتنێکی شەرەف" لەقەڵەم دەدرێت، دووەم وەک کوشتنێکی خێزانی. پۆلیسی میترۆپۆلیتان وای دەخەمڵێنێت کە ساڵانە نزیکەی ١٢ کوشتن لەسەر شەرەف لە شانشینی یەکگرتوودا هەبن بەگوێرەی شێکردنەوە و پێناسەکانی خۆیان و، ئێستاش بە١١٧ کێشەدا[٢٥] دەچنەوە بەئامانجی باشتر خەملاندنی مەترسی (بێنێتو جود، ٢٠٠٤، ئار کۆوان، ٢٠٠٤، بی بی سی ئۆنلاین نیوز، ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ ). پۆلیس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەموو "کوشتن لەسەر شەرەف"ێک گرێدراو نییە بەتوندوتیژیی ناوماڵ یان جڵەوکردنی ژنان و، ئاماژەدان بەکێشەکانی ئەو پیاوانەی لە بەناو "کوشتنەکانی شەرەف"دا کوژراون (بەبێ پیشاندانی ئەوەی چۆن ئەمانە پێوەندییان بەجڵەوکردنی ژنانەوە نییە). هەرچەندە چەندان بۆچوونی جیاواز لەناو پۆلیسی میترۆپۆلیتاندا هەبوون، فەرماندار بەیکەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کوشتن لەسەر شەرەف زیاتر پێوەندیی بەکولتوورەوە هەیە وەک لە جێندەر- بەمجۆرە مەسەلەکە لە چوارچێوەی توندوتیژیی دژ بەژنانەوە لادەبرێت و دەخرێتە ناو مشتومڕی ڕەگەزەوە[٢٦]. ئەم ڕێگەچارەیە چەند گرووپێکی ڕەگەزیی دیاریکراو بە "پڕ مەترسی" دادەنێت و لەبەرئەوەش پێویستییان بەتەگبیر و جڵەوگیریی تایبەت هەیە. بۆ نموونە، ڕادەی چاوخشاندنەوەی فەرمانبەرێتیی پۆلیسی میترۆپۆلیتان بێ وێنە بوو بە بەراورد بەلێکۆڵینەوەیان لە تاوانەکانی کوشتنی ڕەگەزپەرستانە. ئەمە پێشتریش گرفتی تایبەت بەخۆی خوڵقاندبوو، کە هەندێک کەس پۆلیسیان بەڕەگەزپەرست تاوانبار دەکرد. بۆ نموونە لە کێشەی ئەم دواییەی شافیلیە ئەحمەد کە ژنێکی پاکستانی/بەریتانیایی تەمەن ١٧ ساڵی چێشایەر بوو و بەکوژراوی لە کەمبریا دۆزرایەوە، بەگومانی ڕفاندنی دایک و باوکی گیران بەڵام دواتر بەبێ تاوانبارکردن ئازادکران. مێژوویەکی درێژی خۆئازاردان لە ئارادابوو کاتێک شافیلیە بۆ گەشتێک بردرایەوە پاکستان، کە لەوێ (وەک دەوترێت) دەبوو شوو بکات. ناسیاوێکی خێزانەکەی شافیلیە (٩ی تەمووزی ٢٠٠٤) بۆ ڕۆژنامەی ئیستن ئای دەدوێت، بەرگری لە دایک و باوکی دەکات و دەڵێت:

خەڵکێکی زۆر باوەڕیان وایە ئەوان بێتاوانن... گەر خێزانەکە سپی بوونایە دڵنیام پۆلیس بازی نەدەدا بۆ بەرەنجامی وەک ئەمە. وایان دانابوو کە ئەمە کوشتنێکی شەرەفە، بەڵام ئەمە بەتەنیا نموونەیەکی چەسپیوە. پۆلیس زۆر دوور ڕۆیشتن.

بۆ گرووپەکانی ژنانی ڕەش و کەمینە و ڕزگاربووان، چارەسەرەکە ئاسانە: دەبێ دەوڵەت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ بەوەی سەرمایەی زۆرتر بخاتە بەردەست و زامنی بەدەنگەوەهاتنی

باشتری ئاژانسەکانی خزمەتگوزاری بکات بۆ چارەکردنی گرفتی توندوتیژیی ناومال، بەزۆر بەشوودان و هەموو شێوازەکانی تری توندوتیژیی دژ بەژنان، بەبێ گوێدانە ڕەچەڵەکی کولتووری یان ڕەگەزیان. "تاوانەکانی شەرەف" زۆر شێوازێکی پێشێلکاری نین بگرە پاڵنەرێکی تایبەتی یان بیانوویەکن بۆ پێشێلکاری. لەکاتێکدا ئەم ڕەوایەتی بەخشینانە دەبێ بەرهەڵستی بکرێن، کاری لەپێشینەمان ئەوەیە زامنی بکەین کە ئاینە چەوسێنەرەکان و بەها کولتوورییەکان نابنە هۆکاری جڵەوگیریی زیاتر بۆ چەندان لەو ژنانەی لەدەست پێشێلکاری ڕادەکەن. پۆلیسی میترۆپۆلیتان ڕاگەیاندننامەیەکی بۆ هێزەکانی دەرکرد کە زانیارییان دەداتێ دەربارەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی "کوشتن لەسەر شەرەف". لە کاتێکدا ڕەنگە ئەمە یارمەتیدەر بێت لە خوڵقاندنی ئاگاییەکی گەورەتر لەمەڕ ئەو پاڵەپەستۆیانەی لەسەر ژنانی ڕەش و کەمینە هەن، هەتا پۆلیس باشتر تێ نەگات و نەکۆڵێتەوە لەم بەربەستانەی ژنان دووچاری دێن وەک کاریگەریی ڕەگەزپەرستی، بەدەنگەوەهاتنیان کەموکورت دەبێ تەنانەت ڕەگەزپەرستانەش دەبێ گەر پشت بەبۆچوونە نموونەییە چەسپیوەکانی کۆمەڵگە ببەستن.

هەرچۆنێک بێت، پۆلیس بەتەنیا نین لە گۆڕینی زەمینەکەدا. میدیاش ڕۆڵێکی گێڕا و هەندێک ڕاپۆرتەهەواڵ بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر بەزۆر بەشوودان بوون یارمەتیدەر بوون بۆ کۆنترۆڵی زیاتر لەسەر کۆچبەری (بۆ نموونە سەیری نیوزنایت، ١٢ ی تەمموز، ١٩٩٩ بکە ) و "بەڕۆئاواییکردن" بۆ یەکلاکردنەوەی "پێکدادانی کولتووری" کە ژنانی کەمینە دووچاری دێن بۆ ئەوەی خۆیان لە پێوەرە چەوسێنەرەکان و بەهاکانی کولتوورەکەیان ئازاد بکەن. ساڵی ٢٠٠٣ قەناتی ٤ زنجیرە دۆکومێنتی (دیسپاچس Dispatches )ی لەسەر "کوشتن لەسەر شەرەف" وەشاند، بەڵام ڕوویەکی گرینگی توندوتیژیی جێندەری لەبیر چوو(٢٧)، لەجیاتی ئەوە بەدواداچوونی کرد بۆ گرفتی هاتنی بکوژان بۆ ناو شانشینی یەکگرتوو بۆ ئەنجامدانی کوشتن و چۆن ئەو جۆرە بکوژانە و بکوژانی تری ناو شانشینی یەکگرتوو بە بەجێهێشتنی وڵات بەرەو نیمچە کیشوەری هیند لەدەست یاسا هەڵدێن. دۆکیومێنتەریەکە ئاماژەی بەنەبوونی پەیماننامەیەک دا لە نێوان شانشینی یەکگرتوو و وڵاتانی نیمچە کیشوەری هینددا بۆ ناردنەوەی تاوانباران. هەرچۆنێک بێت، ئەو پرسە بەرفرەوانترەی پێوەندیی بەئێمەوە هەیە ئەوەیە کە حکوومەت چۆن کاردانەوە بۆ ئەم گرفتە دەکات بەهۆی هێنانەکایەی پەیماننامەکانی ناردنەوەی تاوانباران یان کۆنترۆڵی زیاتر لەسەر کۆچبەری؟

موفارەقەکە ئەوەیە کە هەڵوێستی ئێستەی حکوومەت لە پشتگیریکردنی سیاسەتە زۆر ڕەقەکانی سەبارەت کۆچبەری و تێکەڵبوون ناچاری کردین بەرگری لە فرەکولتووری بکەین، بەتایبەتی کە دەبینین وتارنووسە لیبراڵەکانی وەک دەیڤد گودهارت (٢٠٠٤ ) و ترێڤەر فلیپس٢٨ (تایمز، ٣ ی نیسانی ٢٠٠٤) دەرکەوت پشتگیریی ڕێگەچارەکەی بلانکێت دەکەن. فرەکولتووری لەباشترین باردا ئامانجی برەودانە بەلێبوردەییی ڕەگەزی و لە خراپترین باریشدا لە ئاڕاستەکردنی نایەکسانییەکانی دەسەڵاتی وەک چەوساندنەوەی سێکسی لەناو کۆمەڵگەکاندا یان بنچینە بنیادییەکانی ڕەگەزپەرستیدا شکست دێنێت. ئەو تێکەڵاوبوونەی کە بلانکێت دەیخوازێت

زیاتر لە تواندنەوە و نکۆڵیی تەواو لە مافەکانی کەمینە دەچێت کە هەندێک جار لە ژێر ناوی پاراستنی مافەکانی ژنانی کەمینە ڕەوایەتیی پێ دراوە. هەرچۆنێک بێت، بەلای (خ.ر.س)ەوە، گەر گوزارشتەکەی مایک ئۆبراین بەکار بهێنین "فرەکولتووریی پێگەیشتوو" دەبێ لەمەڕ بەرەوپێشبردنی کارنامەی مافەکانی مرۆڤ و کەمکردنەوەی مەودای نێوان ڕەگەز و جێندەر بێت، داواکردنی مافەکانی ژنانی ڕەش و کەمینە بێت بەبێ ئەوەی مافەکانی کۆمەڵگە ڕەش و کەمینەکان پێشێل بکات.

سەرنجەکان:

حەنانە سدیقی لە ئەزموونەکانی خۆیەوە وەک ڕێکخەری خوشکە ڕەشەکانی ساوسهۆڵ (خ.ر.س) ئەم وتارە دەنووسێت. (خ.ر.س) هەر لە ساڵی ١٩٧٩وە، ڕێکخراوێکی چالاک بوو لە بواری توندوتیژیی ناوماڵ و بەزۆر بەشوودان و بەناو "تاوانەکانی شەرەف" دژ بەژنانی ڕەش بەتایبەتی ژنانی باشووری ئاسیا لە شانشینی یەکگرتوودا. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری (گوپتا ٢٠٠٣س) بکە.

١- لە کاتێکدا زاراوەی "کوشتن لەسەر شەرەف" و "تاوانەکانی شەرەف" زاراوەی پڕ گومان و پرسیارن، (خ.ر.س) بەکاریان دەهێنێت تاوەکو بەشداربێت لەو مشتومڕانەی ئێستا لە شانشینی یەکگرتوودا هەن. دوابەدوای نووسین گۆڕانێکی بەرچەستە لە زماندا ڕووی دا بەرامبەر زاراوەکانی توندوتیژی "لەسەر بنەمای شەرەف" و "پێوەندار بەشەرەف"ەوە.

٢- بەتوێژینەوە دەرکەوتووە کە ژنانی ئاسیایی ئەگەری خۆکوشتنیان دوو تا سێ جار زیاترە بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووان بەگشتی. بەپێی ئەزموونی (خ.ر.س) و گرووپەکانی ژنانی ئاسیایی پیادەکارییە پێشێلکار و چەوسێنەرەکانی ناو خێزان هۆکاری ئەمەن.

٣- بۆ نموونە، ئاژانسی دەنگوباسی ئەسینا لە ٢٥ی مارتی ١٩٩٨دا ڕای گەیاند کە حوکمی هەتاهەتای بۆ ئاوازدانەری یۆنانی ئاکیس پانۆ دەرچووە کە دانی بە کوشتنی کوڕەهاوڕێی کچەکەیدا نابوو لەبەرئەوەی ژنی هێنابوو، ڕای گەیاند کە ئەوە تاوانێکی "شەرەف" بووە لە کاتی تووڕەییی ساتەوەختەکەدا ئەنجامی داوە.

٤- شابیر حوسێن، ١٩٩٨، دادگەی باڵای نیوکاسڵ، ڕانەگەیەندراو، بڕیاری دادگەی پێداچوونەوە ڕێگە بەدادگەییکردنەوە دەدات: R.v.Shabir Hussain(1998) Crim LR 820.

R -5.v. Zoora Ghulman، ١٩٩٨ دادگەی پێداچوونەوە، ڕانەگەیەندراو.

6-R.v.Ahluwalia(1998),4 All ER 889.

٧- ئامۆزاکانی ساجیدە تەفارەک حوسەین و ڕەفاقەت حوسەین بە کوشتنی تاوانبار کران و ئەو ڕەفاقەت وەک بکوژی سەرەکی و تەفارەک وەک هاوبەشە تاوان، هەردووکیان بەزیندانی هەتاهەتایی حوکم دران (تۆڕی بی بی سی، ٢٠ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٣).

٨- تاکە جیاکاری لەمە بریتییە لە بڕیاری شانشینی یەکگرتوو بۆ چاودێریی دووقۆڵی (لەگەڵ تورکیا) لەسەر کوشتن لەسەر شەرەف بۆ کۆبوونەوەی گشتیی UN کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا بەسترا، کە دەستپێشخەرییەک بوو لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵسەوە.

٩- هەرچەندە پۆلیسی شارستانی لەم دواییانەدا ئەم کارەی گرتە ئەستۆ، بەڵام پۆلیسی خۆرئاوای

هەرێمی یۆرک (یۆرکشـایەر) زۆر زووتر ئەم مەسـەلەیەیان لە مـیدیا و کـۆڕ و کـۆبوونەوەکـانی تر لە ناوچەکەی خۆیاندا وروژاندبوو.

١٠- بۆ پوختەیەکی کورتی کۆبوونەوەکە بڕوانە www.soas.ac.uk/honourcrimesEvents.

١١- گۆڕینی وەزیری ناوخۆ لە دەیڤید بلانکێتەوە بۆ چارلس کلارک لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤دا وا دیار نەبوو کە نیشانەی گۆڕانکارییەک بێت لە مامەڵەی حکوومەت لەگەڵ مەسەلەی بەزۆر بەشوودان‌دا و درێژە درا بە بەکارهێنانی ڕێگەچارەکـانی پێـوەندار بەکـۆچبـەرییـەوە، بۆ زانیـاریی زیاتر بڕوانە www.homeoffice.gov.uk/conrace/race/forcedmarriage.

١٢- بۆ نموونە، " شتێکی بێ مانایە کچانی ١٦ ساڵ لە پاکستانەوە دەبێ بۆ ئێرە بهێنرێن، کە نە دەزانن بۆ کوێ دەچن و نە دەزانن داهاتوویان بەچی دەگات. ئاستێکی بەرزی لێپرسراوێتییان لێ چاوەڕوان دەکرێت و گەلێک جاران لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا نابن. هەروەها ئەوەش بێ مانایە کە کچانی گەنجی ١٥ و ١٦ ساڵ بۆ بەشوودان ڕاپێچی پاکستان دەکرێنەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ هاتنەناوەوەی مێردەکانیان خۆش بکەن. "دیاریکردنی تەمەنی ٢١ ساڵ بەلایەنی کەمەوە چانسی بەرهەڵستی کردنیان پێ دەدات".

١٣- دوابەدوای لۆبیکردنی توندی پیاوان وەکو گرووپەکانی باوکان بۆ دادپەروەری Fathers For Justice و، پەرەسەندنی "ئەفسانەی" نەمانی پێوەندی لەگەڵ منداڵەکاندا، بۆ گەیشتن بەڕێگەچارە لەسەر بنەمای ناوبژی لە کێشەکانی یاسای خێزاندا، دوابەدوای جیابوونەوە، پاڵەپەستۆیەکی ڕوولەزیاد لەسەر هەموو ژنان هەیە، وەک ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژیی ناوماڵ دەبن. ئەم بەدەنگەوەهاتنەی دەوڵەت ملدان بوو بۆ داواکارییەکانی پیاوان و هەوڵێک بوو بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکانی یارمەتیی یاسایی.

١٤- کاری گرووپەکانی ژنانی ڕەش و کەمینە ژمارەی بەرزی کێشەکانی ژنان/کچانی ناچارکراو بۆ شووکردن لە شانشینی یەکگرتوودا ڕوون دەکاتەوە. هەروەها سەیری ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٤ بۆ وتاری سەرنجڕاکێش لەسەر شووکردنەکانی کچانی تەمەن بچووکی کۆمەڵگە لە شانشینی یەکگرتوودا.

١٥- ئیسلام (AP) وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ماڵەوە. دادگەی داوای کۆچ، پارتی شا (1999) (AP) 2.WLR 1015. (1999 ) 2 All ER 545.

١٦- وەزارەتی ناوخۆ، ڕێنوێنییەکانی جێندەری هێنایە ئاراوە کە دەبێ کاتێک بڕیار لەسەر داواکارییەکانی پەنابەری دەدرێت پیادە بکرێن. بەڵام چەندان لە کەیسەکانی ئێمە کە پێوەندییان بەداواکارییەکانی پەنابەرییەوە هەیە لەسەر بنەماکانی چەوساندنەوەی جێندەری زۆربەی جار ڕەت کراونەتەوە یان (دوای داوای پێداچوونەوە دژ بەبڕیاری قبوڵنەکردن) مافی مانەوەی مەرجدار یان زۆر بەکەمی هۆکاری مرۆییان پێ بەخشراوە بەبێ ئەوەی مافی پەنابەریی تەواویان پێ بدرێ.

١٧- دوابەدوای ڕاپۆرتی گرووپی کاری وەزارەتی ناوخۆ لەسەر بەزۆر بەشوودان لە ساڵی ٢٠٠٠دا، وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵس FCO زیاتر نزیک بووەوە لە مەسەلەی بەزۆر بەشوودان، لە ئەنجامدا FCO باشتر کێشەکانی دەرەوەی وڵاتی کەسانی خاوەن ڕەگەزنامەی بەریتانیایی هەڵسووڕاند. هەرچۆنێک بێت، هێشتا زۆر شت ماوە لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەنجام بدرێن، لەکاتێکدا ڕێنمایی دەرکراوە بۆ ئاژانسە سەرەکییەکانی بەشی گشتی، هێشتا گومان لە جێبەجێکردن و پەیڕەوکردن هەن. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤دا FCO و وەزارەتی ناوخۆ بەهاوبەشی دەستیان کرد بەدانانی یەکەیەک بۆ

بەزۆر بەشوودان Marriage Unit (MFU) Forced، کە بووە هۆی ڕاوێژکردن لەسەر بەتاوان دانانی بەزۆر بەشوودان ساڵی ٢٠٠٥. ئەم مەسەلەیە لەیەک جیابوونەوەی بۆچوونەکانی لەنێو گرووپەکانی ژناندا هەڵایساند. بەلای هەندێکەوە، دەستەبەری چەکێکی تر دەکات دژ بە بەزۆر بەشوودان، هەندێکی تر دەترسن ڕەنگە ڕێگر بێت لەبەردەم بەدەنگەوەهاتنی قوربانییان و ژمارەی ئەو ژنانە زیاد بکات کە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن و لەوێ دەهێڵرێنەوە و ڕەنگە بشبێتە هۆی هەراسانکردنی زیاتری کۆمەڵگە کەمینەکان.

١٨- یاساکانی کۆچبەری ڕوونی دەکەنەوە کە ئەو هاوسەرانەی لەسەر بنەمای هاوسەری لەگەڵ هاووڵاتییەکی بەریتانیایی یاخۆ بەهۆی مافەکانی نیشتەجێبوونەوە دێنە ناو شانشینی یەکگرتوو یان دەمێننەوە، دەکەونە ژێر مەرجی دوو ساڵ مۆڵەت کە لەوانەیە بتوانن مافی مانەوەی هەمیشەیی وەرگرن گەر هاوسەرێتییەکەیان/ پێوەندییەکەیان بەهۆی توندوتیژیی ناوماڵەوە هەڵوەشێتەوە. ئەم سیاسەتە ساڵی ١٩٩٩ وەک داننانێک بەمافەکان پێشکێش کرا و ساڵی ٢٠٠٢ کرایە بەشێک لە یاساکانی کۆچبەری.

١٩- هەرچۆنێک بێت، "ناوبانگی" ئەم دواییانەی مەسەلەکانی ژنانی ڕەش و کەمینە هەروەها سەرنجی ژنانی سپی یان ڕێکخراوە ڕێبەریکراوەکان لەلایەن ژنانی سپییەوەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، کە سەلماندیان کەمتر لە هاوپەیمانێکی هاوسۆزن کە زۆربەی کات هەڵگری هەڵوێستی باوکانەن و سەرقاڵی هەوڵدانێکن بۆ "پاراستن"ی ژنانی ڕەش و کەمینە، لە هەندێک حاڵەتدا، دەبنە هۆی کۆنترۆڵی زیاتر لەسەر کۆچبەری! لە ڕووی ڕامیارییەوە ئەمە چالاکوانانی ژنانی ڕەش و کەمینە لاواز دەکات لە ڕابەریکردنی خەباتی خۆیان و بەرزکردنەوەی داواکانی خۆیان.

٢٠- لە ٢٠٠٤دا پێناسەکەی وەزارەتی ناوەخۆ بۆ توندوتیژیی ناوماڵ بەرفرەوان کرا تا پێشێلکاریی ئەندامانی خێزان بگرێتەوە، کە تیایدا سەرنج دەدرێت، جەخت دەکات کە مەسەلەکانی وەک بەزۆر بەشوودان "تاوانەکانی شەرەف" بەباشی لەخۆ گیراون (وەزارەتی ناوەخۆ ٢٠٠٥).

٢١- گرووپەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان و ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوەی ژنان (خ.ر.س) سیمینارێکی هاوبەشی لەسەر تاوانەکانی شەرەف و یادکردنەوەیەکی هێشوو یونسی لەگەڵ ئەم دوو گرووپەدا بەست بەیەکێتییەکی بەرفراوانترەوە کە ڕێکخراوەکانی کاری ژنانی کورد دژ بە کوشتن لەسەر شەرەف و پرۆژەی مافەکانی ژنانی کورد و ئێرانی لەخۆ گرت).

٢٢- ئەو گرووپانەی باشووری ئاسیا برێتی بوون لە پرۆژەی ژنانی ئاسیایی نیوهام و ئیمکان. هەروەها، پرۆژەی ستراتیجەکان بۆ ئاراستەکردنی "تاوانەکانی شەرەف"، بەهاوبەشی لەلایەن ئینتەرایتس Interights و سەنتەری یاسا بۆ ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکخرا، کە بارەگایان لە زانکۆی لێکۆڵینەوە ئەفریقییایی و ڕۆژهەڵاتناسییەکان (soas)ـە هەروەها چالاک بوون لەبارەی بەزۆر بەشوودان و "تاوانەکانی شەرەف" لە شانشینی یەکگرتوودا پاڵپشتی هەڵوێستی SBS بوون. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی بەرفرەوان لە ڕێکخراوەکان لەم بوارەدا هەبوون کە پاڵپشتی کاری زیاتر بوون لەسەر "کوشتنەکانی شەرەف" لەناویاندا "کوشتنەکانی شەرەف" و بەزۆر بەشوودان. بەتایبەتی زیاتر لە ٣٠ گرووپی ژنانی ڕەش و کەمینە و هی تر و گرووپەکانی کۆمەڵگە پاڵپشتی ڕاپۆرتی نیشتمانیی SBS بوون لەسەر بەزۆر بەشوودان کە شەنوکەوی کایەی شانشینی یەکگرتوو بوو.

ساڵێک پاش ڕاپۆرتی وەزارەتی ناوەخۆ "چارەیەک بەماف" (SBS,2001:10). هەندێک لەم گرووپانە و ١٥ گرووپی تر هەروەها ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانیان بەلاوە پەسند بوو کە "تاوانەکانی شەرەف" لە شانشینی یەکگرتوودا ڕوون دەکەنەوە، وەک هاوەڵ ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٣ی CEDAW (پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریکردن) کە لەلایەن Womenkindـەوە بڵاو کرایەوە (Sen et. Al., 2003). چەندان لەم گرووپانە و، هی تریش، سەرقاڵی ڕوونکردنەوەی مەسەلەکانی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان بوون بەتایبەتی دابینکرنی خانوو لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ ژنانی باشووری ئاسیا کە دووچاری توندوتیژیی ناوماڵ هاتبوون. بۆ نموونە سەیری کاری شامشاد حوساین و ڕێکخراوی دابینکردنی خانووی مانینهام بکە لە (برادفۆرد). پوختەی زانیاری لەسەر ڕێکخراوەکانی تر لە چوارچێوەی ئەم بوارەدا کە سەرقاڵن یان بەشدارییان کردووە لەسەر "تاوانەکانی شەرەف" لەناو شانشینی یەکگرتوودا لە بەشی شانشینی یەکگرتوی CIMEL/INTERIGHTS بەڕێوەبەرایەتیی دەستپێشخەرییەکان ( www.soas.ac.uk/honourcrimes) هەیە.

٢٣- ئەم پارچە نووسینە لە نامەکەی هێشوو وەرگیراوە کە لە هەواڵی میدیادا هاتووە، بۆ نموونە سەیری بی بی سی ئۆنلاین بکە ٣٠ سێپتەمبەری ٢٠٠٣.

٢٤- کۆبوونەوەی شارەزایی لەسەر توندوتیژی بەناوی شەرەفەوە، وەزارەتی داد، ستۆکهۆڵم ٤ تا ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، بەڵگەنامەی کۆنفرانسەکە لە ماڵپەڕی /www.regeringen.se/content/1/c6/02 38/79/5ae5baa4 دەست دەکەوێت.

٢٥- ئەم خشتەیە لەم دواییانەدا بەرفرەوان کرا تا خۆکوشتن و کەسە ونبووەکان و کوشتن بگرێتەوە. سەرقاڵبوونی دەزگەی خزمەتگوزاریی داواکاری باڵا CPS بە"تاوانەکانی شەرەف"ەوە لە ساڵی ٢٠٠٤دا زیادی کرد و کۆنفرانسێکی باش بانگەشەبۆکراوی لەخۆ گرت. سەرچاوەیەکی بەرپرسی CPS بە(خ.ر.س)ی ڕاگەیاند کە کۆڵینەوەی ناوخۆیی لە کێشەکانی کوشتنی پێوەندار بەژنانی کەمینەوە کەمیی تاوانبارکردنی دەرخستووە. کە ئەمەش پاڵپشتی ئەو بۆچوونە لەمێژینەی ئێمە دەکات کە ئەم ژنانە بەردەوام لەلایەن سیستمی دادوەری تاوانەوە شکستیان پێ دەهێنرێ.

٢٦- لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە بەشێکی تر لە پۆلیسی میترۆپۆلیتاندا گرووپی کارکردن لەسەر بەزۆر بەشوودان و توندوتیژی بەهۆی شەرەفی دامەزراند (لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆوە یارمەتیی مادی دەدرا) بەئەندامێتیی کەسانی حکوومەتی و ناحکوومەتی، ڕێبەرایەتی دەکرا لەلایەن ئەو ئەندامانەی پۆلیس کە پشتگیریی داواکارییەکانی (خ.ر.س) دەکەن بۆ بەسەرەکی کردنی مەسەلەکە لە کار لەسەر بنەمای توندوتیژی و، کار دەکەن بۆ گۆڕینی زاراوەی "شەرەف" لەناو هێزەکاندا.

٢٧- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە www.channel4- com/life/microsites/K/killing-honour. ئەم دۆکیومێنتارە بەتەنیا یەک کێشەی پیاوێکی لەخۆ گرتبوو کە لە کێشەیەکدا کوژرا کە بە"کوشتنی شەرەف" ناوزەند کرا. هەرچۆنێک بێت، تەنانەت ئەم کێشەیەش بێزێرییەکی بەرامبەر ناوبانگی ژنێک تێدابوو کە پیاوەکە لەلایەن خێزانی ژنەکەوە دەکوژرێت کاتێک ڕازی نەبوو لەسەر هاوسەرێتیی کوڕەکەی لەگەڵ ئامۆزایەکیدا لە پاکستان. هەموو کێشەکانی تر لەسەر ژنانی دووچاری "کوشتنەکانی شەرەف" یان تاوانەکانی شەرەف چەقیان بەستبوو.

٢٨- سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکسانیی ڕەگەزی، بڕوانە www.cre.gov.uk.

## بەشی چواردەم

# سەبارەت بەڕێککەوتن و ناکۆکی: بەزۆر بەشوودان لە بەنگلادیش

دینا. م. سدیقی

ئەم باسـە لە بەزۆر بەشـوودان لە یاسـا و پیادەکـردندا لە بەنگلادیشی هاوچەرخ دەکـۆڵێتـەوە[1]. لێکۆڵینەوەی بەندە یاسایی و دەستووریيەکان و کەموکورتییەکانی ئەو بەندانە بەرامبەر مافی هاوسەرێتیی تاکەکەس. سەرەڕای ئەوەش، باسەکە پرسیار لە مانا کولتوورییەکانی ڕەزامەندی و زۆرلێکردن دەکـات و، هەوڵ دەدات پەردە لەسـەر ئەو بەرژەوەندی و هەلومـەرجـە جـۆراوجـۆرانە هەڵماڵێت کە دەوری بەزۆر بەشوودانیان داوە.

شیکارییەکە لەو گریمانەیەوە هاتووە کە پێناسەی بەزۆر بەشـوودان نە جێگیر و نە ڕۆشنە. لە ڕاستیدا ڕەنگە ئاماژەدەرێکی ناتەواوی ئەو ڕووداوە جۆراوجۆرانەش بێت کە خزێنراونەتە سایەی زاراوەکەوە. یەکێک لەو شتانەی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەیان پێ دەدات ئەوەیە کە کاتێک "هێز" بەکار هێنرا ڕەنگە ئامـانجی ویسـتـراو هاوسـەرێتی دەرنەچێت. زۆر جـاران، ڕەنگە ئامـانج بەزۆر لێکترازاندنی پێکەوەبوونیکی "نەویستراو" یان لە ڕووی کۆمـەڵایەتییـەوە ڕێگەپێنەدراو بێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ڕەنگە ئەوەی لە مەترسیدا بێت کۆنترۆڵ بێت بەسەر یەکگرتنی هاوسەرییە شـاراوەکـان و جـڵـەوکـردنی سـێکسـواڵیـتی بێت لەبری ڕێگرییـەکی سـادەی هاوسـەرییـە "ئارەزوومەندەکان".

باسـەکـە تیـشک دەخـاتە سـەر دژوارییـەکـانی دیاریکردنی پێناسـەیەکی ڕوون و ڕەوانی هێـز. تێگەیشتنە کـولتـوورییـەکان سـەبارەت بەبایەخی هاوسـەرێتی گرفتـەکان بـەشـێوەیەکی بەرچاو دژوارتر دەکەن. هاوسـەرێتی بۆ ژنان و پیاوان ڕێڕەوێکی سروشـتیـی سـەرەتایی پێک دەهێنێت بۆ ناو هەراشبوونی کۆمەڵایەتی و، ئارەزووی هاوسەرێتیی بەبێ چەندچون ئارەزوویەکی گەردوونییە و بەدەگمەن ناکۆکی لەسەر ئەمە هەیە. پاڵەپەستۆ خێزانییەکان بۆ هاوسەرێتی لە ڕێگەی زاراوەگەلی خۆشەویستـی و ئەرک و ملکەچیی وەچەکانە دێنە دەربڕین. لە ئەنجـامدا هێڵـە جیـاکەرەوەکانی نێوان زەبری کولتوور و ڕاستـییـە کۆمـەڵایەتییـەکان و ئارەزووە تاکەکەسییـەکان دەئاڵۆسکێن. لەبەرئەوەی ڕێسا باوەکانی ئابڕوو و شـەرم ڕێگە نادەن (یان بەشـەرمـەزاری و بێئابڕوویی دەزانن) کە ژنێکی شوونەکردوو ئارەزووە کەسییەکانی دەربڕێت، پێدەچێت بڕیاردان لەسەر ئەوەی لە کوێدا ڕێککەوتن کۆتایی دێت و زۆرلێکردن دەست پێدەکات ئەرکێکی ئێجگار گران بێت.

ئەم باسـە پشتی بەو لێکۆڵینەوەیە بەستووە لەلایەن (ئەین-ۆ-سـالیش کێندرا، (ناوەندی یاسـا و

ناوبژیوانی ASK)ـەوە ئەنجام دراوە کە ڕێکخراوێکی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤە لە دەککا، بەنگلادیش[٢]... لێکۆڵینەوەکە ساڵی ٢٠٠٢ بەئەنجام گەیەندرا و ئەرکی شیکردنەوەی ئەو پیادەکارییە یاسایی و کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانەی پێ سپێردرابوو کە لەپشت بەزۆر بەشوودانەوەن لە بەنگلادیش. لێکۆڵینەوەکەی ASK پشتی بەزنجیرەیەکی بەرفرەوانی سەرچاوە و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە بەستبوو وەک شیکردنەوەی کێشە و یاسا و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەزامەندی و زۆرلێکردن لە هاوسەرێتیدا، بەشێوەیەکی بەرفرەوان لەلایەن دادگە باڵاکانەوە لەماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا، هەروەها پشکنینی وردی تۆمارەکانی بنکەی پۆلیس بۆ هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنەکان و پێزانین و بەدەنگەوەهاتنی فەرمانبەرانی پۆلیس و ئاگەدارییان لە مەسەلەی بەزۆر بەشوودان و، ژمارەیەک کێشەی لێکۆڵینەوەیان بەڵگەنامە کردبوو لەسەر ئەو ژنانەی ناچار کرابوون شوو بکەن یاخۆ هەڕەشەی بەزۆر بەشوودانیان لێ کرابوو و ئەنجام خرابوونە ژێر چاودێری "پاراستنی" دەوڵەتەوە. هەروەها چاوپێکەوتنەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەک چالاکوانانی ناو کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و پارێزەران و فەرمانبەرانی قونسوڵیەتی بەریتانیا کە بۆچوونەکانیان بەشێوەیەکی کاریگەر تێگەیشتنەکانی ئێستا لەسەر ڕەزامەندی و مافپێدانی یاسایی و پیادەکارییەکانی هاوسەرێتی پێک دەهێنن.

ئەم باسە بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە. بەشی یەکەم، ئەو یاسایانە دەخاتە بەر چاو کە پیادەکارییەکانی هاوسەرێتی و بەندە دەستووری و یاساییەکان لە بەنگلادیش پێک دەهێنن و هەروەها ئەو یاسا کەسییانەی مامەڵە لەگەڵ هاوسەرێتیدا دەکەن کە گونجاون بۆ موسڵمانان کە زۆرینەن و کۆمەڵگەکانی مەسیحی و هیندۆس و، چاوخشاندنێکی کورتی ڕەوشی کەمینە ئیتنی/ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بەنگلادیش کە لە دەرەوەی سنووری یاسا کەسییەکانی وڵاتدان[٣]. لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی گرینگی کێشە بە بەڵگەنامەکراوەکان لەسەر بەزۆر بەشوودان پێوەندییان بەکەسانی خاوەن دوو ڕەگەزنامەی بەریتانیایی-بەنگلادیشی هەبوو، ئەو نیگەرانییانەی پێوەندییان بەهاوسەرێتیی کۆمەڵەکانی تاراوگەوە هەیە قسەی لەسەر کراوە. بەشی دووەم، شیکارییەکی تیۆرییانەی بەزۆر بەشوودانەکانە کە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانەوە وەرگیراون و چاوپێکەوتنی کارەکتەرە سەرەکییەکان و ئەو لێکۆڵەرەوانەی بەردەست کەوتن. دوا بەش، پشکنین بەناو کێشە یاساییەکاندا دەکات بۆ گەیشتن بەچارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکە وەک ڕەچاوکردنی مافی ڕەتکردنەوەی بەزۆر بەشوودان و ڕێگەچارەکانی دەرچوون لە هاوسەرییەکی بەزۆر و مافی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسی ویستراودا.

## ئەو بەندە یاساییانەی پیادەکاری و هاوسەرێتیلە بەنگلادیش پێک دەهێنن

ئەو سیستمە یاساییەی بەمیرات بۆ بەنگلادیش کاتێک سەربەخۆیی وەرگرت لە ساڵی ١٩٧١دا بەجێ ما، پڕ بوو لە هاودژی. پێودانگەکانی سیستمی یاسایی ئێستا لە سایەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیاڵی بەریتانیادا دانراون، کە لەنێو چەندان شتدا، فەرمانی دا جیاوازی لە نێوان یاسای "کەسی یان ئاینی" بکرێت- کە بەشێوەیەکی بەرفرەوان مافەکانی ناو خێزان بەڕێوە دەبەن

بەتایبەتی مافی هاوسەرێتی - و یاسایەکی "عیلمانی" بەشەکەی تری ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕێوە بەرێت. ئەم جیاوازیکردنە کاتی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر هەرەمەکی بوو بەڵام ئەنجامی درێژخایەنی لەسەر مافەکانی ژنان و کەمینە ئاینییەکان لە سەردەمی پاش کۆڵۆنیالدا هەبوو.

## بەندە دەستوورییەکان

دەستووریساڵی ١٩٧٢ی بەنگلادیش جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان بوارەکانی گشتی و ئاینی/ کەسی لە یاسادا دادەمەزرێنێت. لێکترازانەکە کار لە مافەکانی گشت هاووڵاتییان دەکات، چونکە چەندان لە یاساکانی بەناو کەسی و ئاینی ناکۆک بوون لەگەڵ ئەو بەندانەی دەستوور کە زامنی یەکسانین. بەتایبەتیش، کاتێک دێتە سەر مەسەلەکانی هاوسەرێتی و تەڵاق و هەڵگرتنەوەی منداڵ و میراتگرتن، هەر کەسە (ژن یان پیاو) بەپێی ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگە ئاینییەی خۆی تێیدا لەدایک بووە بەڕێوە دەبرێت. ئەو پرسیارەی کە پێویستە بێت ئەوەیە کە چی ڕوو دەدات گەر یاسا کەسییەکان ناکۆک بن لەگەڵ مافەکانی یەک بەیەکی هاووڵاتییان.

مادەی ١٠ی دەستوور (کە یەکێکە لە "بنەما بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەوڵەت") ڕای دەگەیەنێت کە "پێویستە هەنگاو بۆ زامنکردنی بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی نیشتمانیدا بنرێت". وەک ئەنجامێک مادەی ١٤ دەستەبەری دەکات کە "دەبێ بەرپرسیارێتییەکی بنەڕەتیی دەوڵەت بێت کە... بەشە ڕەنجاوەکانی خەڵک لە هەموو شێوازەکانی چەوساندنەوە ئازاد بکات". بەندەکانی مافە بنەڕەتییەکان لە دەستووردا بەتایبەتی پێوەندییان بەمەوە هەیە. مادەی ٢٧ ڕای دەگەیەنێت کە "هەموو هاووڵاتییان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و بەیەکسانی پاراستنی یاسا دەیانگرێتەوە"، مادەی ٢٨(١) ڕای دەگەیەنێت کە "نابێ دەوڵەت جیاکاری دژ بەهیچ هاووڵاتییەک بکات لەسەر بنەماکانی ئاین و نەژاد و چین و ڕەگەز یان شوێنی لەدایکبوون". جێی بایەخە، بەندەکانی ٧(٢) و ٢٦(١) و ٢٦(٢) پووچەڵکردنەوەی هەر یاسایەک ڕادەگەیەنن کە لەگەڵ دەستووردا ناکۆک بێت. ئەم بەندانە شانبەشانی پێشەکی و بنەما بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەوڵەت خرانە ڕوو و، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ زامنکردنی مامەڵەکردنی یەکسانی ژنان و پیاوان لەلایەن دەوڵەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەستەبەر دەکەن.

بەداخەوە، دەستوور بەخشینی مافەکانی یەکسانیی بۆ هاووڵاتییانی مێیینە سنووردار کردووە. مادەی ٢٨(٢) ڕای دەگەیەنێت کە "ژنان دەبێ مافەکانیان یەکسان بێت بەمافەکانی پیاوان لە گشت بوارەکانی دەوڵەت و ژیانی گشتیدا" (ئەو چەند وشەیە بەشێوەیەکی تایبەت نووسراونەتەوە). بەمجۆرە هەروەک لەلایەن هەندێک لێکۆڵەرەوە لێکدراوەتەوە پابەندبوونی دەوڵەت بەیەکسانیی ژنانەوە سنووری بۆ کێشراوە، چونکە ڕەنگە وا لێک بدرێتەوە کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک بوارەکانی تایبەتی یان کەسیی نەگرتووەتەوە. هەر چۆنێک بێت، لەبەرئەوەی مادەی ٢٨(٢) بە ڕوونی پێشێلی ئەو بەندانەی پێشووتر ناکات کە زامنی مامەڵەی یەکسانی هەموو هاووڵاتییان دەکەن، دەتوانرێت پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت کە دەستوور دان بەداوای ڕەوای ئافرەتاندا دەنێت بۆ

ئەوەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا یەکسان بەپیاوان مامەڵە بکرێن، لە هەردوو بواری تایبەتی و گشتیدا و، لەو ڕووەوە لەسەر بەڵێنی سەرەتای خۆی دەمێنێتەوە بۆ زامنکردنی مافە مرۆییە بنەڕەتییەکان و پاراستنی یەکسانانەی یاسا بۆ گشت هاووڵاتییان بەبێ گوێدانە ئاین و ڕەگەز و هتد.

لە گەڵاڵەکردنی ئارگومێنتەکاندا بۆ پارێزگاریی یاسایی دژ بەو حاڵەتانەی ڕەزامەندیی ژن لەسەر شووکردن بەتەواوی پشتگوێ دەخرێت و دژ بەهەر بڕیارێکی یەکلایەنە کە گوایە بەگوێرەی یاساکانی ئاین، یان کەسی، بەسەریدا دەسەپێنرێت، ڕەنگە شیاو بێ پەنا بۆ ئەم زەمانەتە دەستوورییانە ببرێت بۆ پاڵەپەستۆخستنە سەر دەوڵەت بۆ هەنگاونان لە پاراستنی مافەکانی ئافرەتێک لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیدا. هەروەها دەتوانرێ دەوڵەت لە دەسەڵاتی خۆی ئاگەدار بکرێتەوە کە لە سایەی مادەی ٢٨(٤)دا دەتوانێ بەندی تایبەت بەسوودی ژنان و بۆ پێشخستنیان دابنێ، بەندێک کە هەوڵ بدات مافەکانی ئافرەت زامن بکات بۆ هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان، ڕەنگە ئەو جۆرە گەڵاڵەنامەیە بێت[٤].

وێڕای ئەوەش، بەنگلادیش چەندان ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی گرینگی نێودەوڵەتیی مافەکان مرۆڤی مۆر کردووە کە بەزامنکردن و پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکانی پێوەندار بەهاوسەرێتییەوە پابەندی دەکەن، لەو پەیماننامانەش پەیماننامەی کەمترین ڕادەی تەمەن بۆ هاوسەری و تۆمارکردنی هاوسەرێتیی ساڵی ١٩٦٢ و، پەیماننامەی بنبڕکردنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژ بەژنان ساڵی ١٩٧٩(CEDAW) و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە گرینگەکانی تر، بۆ نموونە بەرنامەی کاری بەیجینی ساڵی ١٩٩٥ بەداخەوە، کە لە ئاستی ناوەخۆدا کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان ئیمزاکردن و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا.

### بەندە یاساییەکان

بەکارهێنانی هێز بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئافرەتێک لەسەر هاوسەرکاری، خۆی لە خۆیدا، وەک تاوان نەناسراوە لە سایەی هیچ یاسایەکدا لە بەنگلادیش. بەڵام، بڕگەی ٣٦٦ی یاسای سزادانی بەنگلادیش (لە ساڵی ١٨٦٠ەوە هەتا ئەمڕۆش لەکاردایە) ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە دەکات بەوەی کە هەڵگرتن یان ڕفاندنی هەر ژنێک بەنیازی ناچارکردنی، یاخۆ بۆ زانینی ئەوەی کە ڕەنگە ئەنجام ناچار بێت دژ بەخواستی خۆی شوو بەکەسێک بکات، بەسەرپێچییەکی تاوانکارانە دەژمێردرێت. یاساکە درێژەی پێ دەدات کە کەسێک بەشێوەی جەستەیی یان چاوشکاندن و خەڵەتاندن یان کاریگەریی نابەجێ ناچار بکرێت کە بەڵێنی مارەبڕین دژ بەویستی ئازادانەی خۆی ببەستێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕفێندرابێت، لە ژێر سایەی ئەم بەشە و هیچ بەشێکی تری یاسای سزاداندا هیچ پاراستنێکی پێشکێش ناکرێت. تەنانەت گەر بەو جۆرەش بێت، بەکارهێنانی هێزی جەستەیی ڕەنگە خۆی لە خۆیدا سزای لەسەر بێت وەک پەلاماردان و ئێش پێگەیاندن و، هتد، دەکەوێتەوە سەر سروشت و ڕادەکەی[٥].

لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەندان یاسای تایبەت لە بەنگلادیشدا بۆ بەگژاچوونەوەی توندوتیژی پەرەسەندووی دژ بەئافرەتان خرانە کارەوە. لەکاتێکدا کە تازەترین یاسا (دامرکاندنەوەی دڵڕەقی دژ بەژنان و یاسای مێرمندالآن) ساڵی ٢٠٠٠، ڕاستەوخۆ باسی مەسەلەی بەزۆر بەشوودان ناکات و، دەسەڵاتی خۆی کەم بەکارهێنا بۆ چاودێریکردنی ژنان و کچان بۆ مەبەستی سەلامەتییان، کە پیادەکارییەکە زۆربەی کات لەو جۆرە حاڵەتانەدا لەلایەن دادوەرانەوە پیادە دەکرێت. لە ژێر ئەم پیادەکارییەدا لەسەر بنەمای نەریتێکی دوورودرێژی یاسایی، ژنێک لەسەر بنەماکانی هەڵسوکەوتی "گوماناوی یان بەدڕەوشتانە"[٦] دەستگیر دەکرێت، هەروەها ژنێکیش کە بەچالاکی بەشوێن پاراستنی پۆلیسدا بگەڕێت، بۆ "سەلامەتیی خۆی" دەخرێتە ژێر دەستبەسەریی "سەلامەتییەوە"، گەر بارودۆخەکە وا بخوازێت. ئەو ژنەی گرفتەکەی هەیە بەبێ گوێدانە تەمەن و بارودۆخی هیچ چارەیەکی نییە لە مەسەلەکەدا– بڕیاری ئەوەی بخرێتە ژێر دەستبەسەریی بەناو بۆ سەلامەتی بەتەواوی بەدەست پۆلیس یان فەرمانبەری یاساییە. هەر چۆنێک بێت، یاساکەی ساڵی ٢٠٠٠ شوێنی پاراستنەکەی لە زیندانەوە گۆڕی بەو پەناگانەی لەلایەن حکوومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێن یان ڕێگەیان پێ دراوە، ڕێگە نادات ژنان، کاتێک لە ژێر دەستبەسەریی سەلامەتیدان، بخرێنە زیندانەوە. ڕەخنەگران سەرنجی ئەوەیان دا کە لەجیاتی گومانکردن لە گریمانەی پڕچەندوچوونی پتەوکردنی کاری دەستبەسەری بۆ سەلامەتی، یاساکە بەشێوەیەکی کاریگەر ئایدیۆلۆجیای باوکانەی پاراستن دامەزراوەیی دەکات.

## هاوسەرێتی و یاساکانی باری کەسێتیی ئیسلامی

پێناسەی هاوسەرێتی لە یاسای ئیسلامیدا جۆراوجۆرە و، وەستاوەتە سەر جیاوازییە جوگرافی و مێژوویی و یاساییەکان[٧]. زۆربەی موسڵمانانی بەنگلادیش سوننە مەزهەبن لەسەر ڕێچکەی حەنەفی، لەبەرئەوە ئەو یاسا شەرعییەی لەنێو موسڵمانەکاندا هاوسەرکاری ڕێک دەخات بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە یاسای حەنەفی پێک دێت.

لە بنەڕەتدا، هاوسەرێتی لە ئیسلام ڕێککەوتنە لە نێوان دوو لایەندا، لە بەنگلادیش پێویستی بەڕەزامەندیی هەردوو لایەنی ڕێککەوتنەکە هەیە بۆ ڕێککەوتن لەسەر بڕی مارەییەکە (کە دیارییەکی پارەی زۆرەکییە لە زاواوە بۆ بووک) و ئامادەبوونی دوو شایەت. بەمجۆرە، ڕەزامەندنەبوونی هەر یەکێک لە لایەنەکان دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی هاوسەرێتیی موسڵمان. هاوسەرێتییەکانی موسڵمان بەردەوام بەهۆی گریمانەی سروشتی ڕێککەوتن ئاسایانە بەشێوەیەکی پەسندکارانە بەوانەی هیندۆس و مەسیحی بەراورد دەکرێن. بەڵام، هەندێک جیاوازیی بۆچوون هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا سروشتی هاوسەرێتی تەواو شارستانی و پەیمانبەستنە، یان پیرۆزکردنێکی ئاینیشە. مەسەلە بنەڕەتییەکە وەک دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئایا هاوسەرێتی وەک خوو و نەریتێکی کۆمەڵایەتیی فرەرەهەند_ کار لە سروشتی پەیمانئاسای ڕێککەوتنەکە دەکات. چاوخشاندنێک بەکێشەی یاسای پێوەندار یەکلایی نەبوونەوەی مەسەلەکە دەردەخات[٨]. هەرچۆنێک بێت، لە ڕووی یاساییەوە هاوسەرێتی لە ناوەڕۆکدا وەک پەیمانێک لە

نێوان دوو لایەندا دەمێنێتەوە، کە لە هەندێک هەلومەرجی دیاریکراودا دەتوانرێ هەڵوەشێنرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی تۆمارنەکردنی هاوسەرێتییەوە زۆر جار سروشتی پەیمانئاسای هاوسەرێتی تێک دەدرێت و پەراوێز دەخرێت[٩]، هەرچەندە لە رووی تەکنیکەوە بەزۆرە بەڵام کەمترین سزا لەسەر شکاندنی دەدرێت، لە کاتێکدا تۆمارنەکردنی هاوسەرێتی هاوسەرێتییەکە بەتاڵ ناکاتەوە[١٠].

لە سایەی یاسای حەنەفیدا ژنی باڵق داوای لێ دەکرێت رەزامەندیی خۆی لەسەر هاوسەرێتی بەقسە یاخۆ بەبێدەنگبوون پیشان بدات. هەرچەند لە بەنگلادیش پێوانەیەکی فەرمی نییە لەسەر خەملاندنی ئەوەی چۆن رەزامەندی بەدەست هێندراوە. بەپێی داوونەرێت، رەزامەندی دەکرێت راستەوخۆ بەهۆی ئاماژەوە بدرێ یاخۆ لە رێگەی کەسێکی سێیەمەوە، هەرچەندە بەپێی یاسا رەزامەندیی ژن بە روونی گوتراو بێت باشترە لە نەگوتراو[١١].

مەزهەبی حەنەفی زیاتر مەرجی ئەوە دادەنێت کە ژنانی باڵق و ئەو ئافرەتانەی شووی تریان کردووە پێشتر مافی ئەوەیان هەیە بەبێ رەزامەندیی لێپرسراوێک شوو بکەن. مافەکانی لێپرسراو بەسەر هەرزەکاندا پرسی رەزامەندی ئاڵۆز دەکەن، چونکە لێپرسراوێتی زۆربەی کات دەسەڵاتی شووپێکردن و تەڵاقدانی هەرزەکانیش دەگرێتەوە. لە سیاقی ئەم باسەدا ئەمە مەسەلەیەکی گرینگە چونکە لە بەنگلادیش، هاوسەرێتی بەشێوەیەکی رۆتینی دەسەپێنرێت بەسەر هەرزەکاندا[١٢]. لە کاتێکدا شەریعەت هیچ رێسایەکی دیاریکراوی تێدا نییە سەبارەت بەنزمترین رادەی تەمەنی هاوسەری، یاسای رێگرتن لە هاوسەرێتیی مێرمنداڵانی CMRA ساڵی ١٩٢٩ (هەموارکراو ساڵی ١٩٨٤) کەمترین رادەی تەمەن بۆ پیاوان ٢١ ساڵ و بۆ ژنان ١٨ ساڵ دادەنێت – ئەو کەسانەی دەکەونە خوار ئەو تەمەنانەوە بەهەرزە دادەنرێن. لەکاتێکدا یاساکە بەستنی پەیمانی هاوسەریی لە نێوان هەرزەکاندا بەسەرپێچی دادەنێت سزا داراییەکەی و سزاکانی تریش لەسەر پێشێلکاریی کەمترین و لە سایەی یاساکەدا ئەو جۆرە هاوسەرێتییانە هەڵنەوەشێنراونەتەوە. سەرەرای ئەم رەوشە ناوازەیە، گەر یاساکە بەکردارەکی پیادە بکرێت –بۆ نموونە لەرێی فەرمان و لێپرسینەوەی دادگەوە– دەشێ ببێتە ئامرازێکی بەسوود لە کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاوسەرێتیی مێرمنداڵ.

هەرچەندە، لە ژێر سایەی یاسای ئیسلامیدا، هەرزەیەک کە لەلایەن لێپرسراوەکەیەوە بەشوو درابێت، باڵقبوون مافی دەرچوونی لە هاوسەری پێ دەبەخشێت[١٣]. لە بەنگلادیش پێویستە ژنەکە بیسەلمێنێت کە:

– لەلایەن باوکی یان لێپرسراوێکی تری دروستەوە بەشوو دراوە،
– پێش گەیشتنی بەتەمەنی هەراشی (١٨ ساڵان) بەشوو دراوە،
– پێش گەیشتنی بەتەمەنی باڵقی (١٩ ساڵان) حاشای لە هاوسەرێتییەکە کردووە،
– حاشا کردنەکە رەوایەتیی پێ درابێ، بۆ نموونە، پەیمانەکە لەرێی ساختەکاری و کەمتەرخەمییەوە بەسترابێ یاخۆ مارەییەکی نابەجێ برابێتەوە،
– هاوسەرییەکە بەئەنجام نەگەیشتبێ (بەواتای روونەدانی جووتبوون تیایدا)، بەئەنجام گەیشتن

پێش تەمەنی باڵقبوون شتێکی بەرجەستە نییە و کاتێک پاش باڵقبوونیش ڕوو بدا بەڵام بەبێ ئەوەی ژنەکە بەمافی حاشاکردنی بزانێ، مافەکە دەمێنێتەوە.

بەتەنیا بەکارهێنانی مافەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک هاوسەرییەکە هەڵناوەشێنێتەوە، چونکە دەبێ دادگەیەکیش حاشاکردنەکە بسەلمێنێت، هەتا ئەو کاتە هاوسەرییەکە لە ڕووی یاساییەوە دروستە. ئەو هەرزانەی بەزۆر بەشوو دراون بەدەگمەن مافی باڵقبوون بەکار دەهێنن. کاریگەریی ئەم مافە دەوەستێتە سەر (یەکەم) ئاگەداریی خەڵک لە بوونی، کە بەداخەوە وا دەردەکەوێت لە کەمترین ڕادەیدا بێت و، (دووەم) ئەو بایەخە کۆمەڵایەتییەی دراوەتە پاڵ ڕەزامەندیی ئافرەت کە حاڵی حازر بەلایەنی کەمەوە بەپێی داوونەرێت، بەهەند گیراوە لەبری ئەوەی بەڕوون و ئاشکرا تکای لێ بکرێ. ئەو هەڵوێستەی کە ڕەزامەندیی ئافرەت بۆ هاوسەرێتی ئەوەندەی ڕەزامەندیی پیاو پێویست نییە بۆ هەمان مەبەست زۆر بەربڵاوە، تەنانەت لەناو پارێزەرانیشدا، کە ئەمە ڕەنگە دەری بخات بۆچی بەدەگمەن ئاماژە بەنەبوونی ڕەزامەندی دەدەن وەک پێگەیەک بۆ کارکردن لە مشتومڕەکانی دەربارەی تەڵاق و مەسەلە پێوەندارەکانی تر لە دادگەکانی خێزاندا(١٤).

ئێستا لە بەنگلادیش، ئافرەتان دەتوانن دەستپێشخەریی تەڵاق بکەن بەهۆی تەڵاق لە ڕێگەی نوێنەرەوە (تەڵاقی تەفویز) بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە پەیمانی هاوسەرێتییەکدا دیاری کراون. لە سەرێکی ترەوە، ژنانی موسڵمان دەتوانن دەست بدەنە ڕێوشوێنە یاساییەکان لە دادگەی خێزاندا لەسایەی یاسای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتییەکانی موسڵمان (١٩٣٩) بەپێی ئەو بەڵگانەی لە یاساکەدا ئەژمار کراون. ئەوان بەپێچەوانەی پیاوانەوە، ڕێگەی تەڵاقی یەکلایەنەی بێ قەید و شەرتیان پێ نەدراوە.

## هاوسەرگیری و یاسای باری کەسێتیی هیندۆسی

ژمارەیەکی زۆری ئەو یاسایانەی کە لەسەردەمی کۆڵۆنیالیدا دانرابوون بۆ بەیاساییکردن/ چاکسازیی هاوسەرێتیی "هیندۆسی" پێوەندییان بەبۆچوون و پیادەکارییەکانی دەقی کتێبی چینی کۆمەڵایەتیی – سەرەوە هەبوو، وەک برێکی هاوشێوەی یاسا داڕێژرابوون، کە بەسەر هەموو کۆمەڵگە زانراوەکانی هیندۆسدا پیادە دەبن. ئەمڕۆ لە بەنگلادیشدا دوو یاسای زۆر تایبەتی پێوەندار هەن (یاسای دووبارە شووکردنەوەی بێوەژنانی هیندۆسی ساڵی ١٨٥٦ و یاسای ڕێگرتن لە هاوسەرێتیی مێرمنداڵانی ساڵی ١٩٢٩)(١٥). هەر لە سەربەخۆییەوە لە ساڵی ١٩٧١ یاسا کەسییەکانی هیندۆس لە بەنگلادیش بەبێ دەسکاریی کردارەکی ماونەتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە یاسای ١٨٥٦ هێشتا لەکاردایە، لەکاتێکدا لە هیندستانی دراوسێدا بەندەکانی گەڵاڵەنامەی یاسای هیندۆسی ١٩٥٠ و دەسکارییە یاساییەکانی تر چەندان لە کەموکوڕییەکانی یاساکانی پیشتریان بەلاوە ناوە.

لە بەنگلادیش، هاوسەرێتیی هیندۆسی بەپیرۆز و هەڵنەوەشێنراوە دادەنرێ. لایەنەکان داوایان لێ ناکرێت ڕەزامەندیی خۆیان لەسەر هاوسەرێتییەکە دەربڕن، لەبەرئەوەی هاوسەرێتی وەک

ڕێککەوتنێکی ئازادانەی پەسندکراو لە نێوان دوو تاکەکەسدا وێنا نەکراوە، بگرە بووک وەک دیارییەک لەلایەن باوکیەوە پێشکێش بەزاوا دەکرێت. مەسەلەی ویستی ئافرەتەکە یاخۆ پێویستیی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو نایەتە ئاراوە لەبەرئەوەی بووک لایەنی ئارەزوومەند نییە لە هاوسەرێتییەکەدا، بگرە بابەتی حەواڵەکردنێکە لە نێوان باوکەکە و مێردەکەدا.

دروستیی هاسەرگیریی هیندۆسی لە بەنگلادیش دەوەستێتە سەر بەجێگەیاندنی کۆمەڵێک سرووتی ئاینیی دیاریکراو. لە پراکتیکدا ئەم سرووتانە بەفرەوانی جیاوازییان هەیە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا و، هەندێکیان لەلایەن یاساوە دانیان پێدا نەنراوە، لەبەرئەوە گومان لەسەر ڕەوایەتیی ئەو جۆرە هاوسەرێتییانە دروست دەکەن. سەرباری ئەوەش هیچ بەندێکی یاسایی لە ئارادا نییە بۆ بەتاڵکردنەوەی هاوسەرێتییەکی هیندۆسی، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە "هێز و ساختە"ی تیادا بەکار هاتبێ. ژنانی هیندۆسی بەنگلادیش بەپێچەوانەی هاوتاکانیان لە هیندستان مافی تەڵاق نایان گرێتەوە لە سایەی یاسا کەسییەکاندا(١٦). وێڕای ئەوەش بەندێکی یاسایی نییە لەسەر تۆمارکردنی هاوسەرییەکان. کەموکوڕیی تۆمارکردنی فەرمی و پەسندنەکردنی دەرچوون لە هاوسەرێتی بەبێ گوێدانە ئەوەی چەند خراپە، ژنانی هیندۆس دەخاتە دۆخێکی هێجگار خراپەوە(١٧). چەند یاسایەکی زۆر کەم هەن ژنان بتوانن پشتیان پێ ببەستن کاتێک هەوڵی خۆپاراستن دەدەن لەو ڕەوشە خراپانەی تێی کەوتوون(١٨). بەهەمان شێوە ئەو هەرزانەی بەزۆر بەشوو دراون تەنانەت کەمتر پەنا بۆ یاسا دەبەن وەک لە هاوتا موسڵمانەکانیان.

## هاوسەرگیریی مەسیحی لە بەنگلادیش

بێگومان مەسیحییەکان نادیارترین گرووپی کەمینەن لە بەنگلادیش(١٩)، نە ژمارەیان کەڵکی هەیە بۆیان (لە ١٢٠ ملیۆنێک دانیشتووان، ئەوپەڕی ٤٠٠٠٠٠ مەسیحی هەن) نە گرینگییەکی ستراتیجیی سیاسییان هەیە (بەپێچەوانەی کەمینە "ئیتنییەکان"ەوە کە حکوومەت دەبێ ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات سەرەڕای کەمیی ژمارەیان سەیری خوارەوە بکە). پەراوێزگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی، مەسیحییەکان لە سەرێکەوە نەبوونی چاکسازی دووپات دەکاتەوە لە یاسای کەسیی مەسیحیدا هەر لە سەدەی نۆزدەمینەوە، بەمجۆرە یاسا هاوچەرخەکانی مەسیحی لە بەنگلادیش بۆ مەبەستێکی دیاریکراو گەڵاڵە کراون لە سەردەمێکی جیاوازدا و هەم ناتەواو و هەم بەسەرچوون.

لە دواییەکانی سەدەی نۆزدەمدا دوو یاسا لەلایەن بەریتانیاوە دەرکران کە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامن لە ڕێکخستنی هاوسەرێتی و تەڵاق لە نێو مەسیحییەکانی بەنگلادیشدا: یاسای تەڵاقی هیندیی ساڵی ١٨٦٩ و یاسای هاوسەرێتیی مەسیحیی ساڵی ١٨٧٢، شانبەشانی دەستووری یاسای ئینجیل بۆ بەڕێوەبردنی کاتۆلیکەکان. هاوسەرێتی لە مەسیحییەتدا نەریتێکی ئاینیی پیرۆزە و دەرچوون لێی ئاسان نییە، لە بنەڕەتدا هەموو کاتۆلیکەکان پەیڕەوی ڕێبازی هەڵنەوەشاندنەوەی هاوسەرێتیی پیرۆزڕاگیراو دەکەن. مەسیحییەکانی بەنگلادیش وەک

مـەسـەلەیەکـی پێوەندار بـەویژدانەوە دوای یاسـا و ڕێسـاکـانـی ئەو دەسـتـە ئاینیـیـانـە دەکەون کـە بەشێکن لێیان، هەرچەندە ئازادن بێنە بەردەم دادگە شارستانییەکان بۆ مەسەلەکانی دادپرسی لە ژنومێردایەتی و کێشـەی تردا. یاسـای دەوڵەت سـیـفـەتەکـانـی پەیمـانێکی شـارسـتـانیی نێوان دوو لایەنی داوەتە پاڵ هاوسـەرێتی. ئاڵۆزیی نێوان یاسـای شـارسـتـانی و یـاسـای ئینجیل لە ئەنجـامـدا مەسیحییەکان و بەتایبەتی پەیڕەوکەرانی ڕێبازی کاتۆلیکی دەخاتە دۆخێکی دژوار و ناکۆکەوە.

یاسای هاوسەرێتیی مەسیحی مەرجی پیرۆزڕاگرتن و ڕێکخستنی هاوسەرێتییە مەسیحییەکان دادەنێت. ڕەزامەندیی دەربڕاوی هەردوو لایەن پێویستـە بۆ ڕەوایەتیدان بەهاوسـەرێتیی مەسیحی. هەرچۆنێک بێت، هەردوو دەسـتـووری یاسـای ئینجـیل و یـاسـای هاوسـەرێتـیی مـەسـیـحی هاوسـەرێتییـەکانی مێرمندالآن پەسند دەکەن گەر بـەڕەزامەندیی لێپرسراوی هەرزەکە پەیمانەکە گرێ درابێت[٢٠]. یاسـای ١٨٧٢ باوک وەک لێپرسـراوی یاسـاییی سـەرەکیی منداڵ دەناسـێنێت و مـافـی ڕەزامەندی یان ناڕەزامـەندی لە هاوسـەرێتیی منداڵە هەرزەکەیدا لـە دایک قـەدەغـە دەکات کـاتێک باوکەکـە یان هەر لێپرسـراوێکی تری یاسـایی ئامـادە بێت. لەوجـۆرە حـاڵەتانەدا یـاسـای ڕێگرتن لە هاوسـەرێتیی مێرمنداڵانیش کاری پێ دەکرێت، بەڵام کەلێنێکی گەورەی ناڕۆشن بەجێ دەهێڵێ چونکە کەمترین ڕادەی تەمەن بۆ هاوسەرێتی لە یاسای شارستانیی مەسیحییەکاندا وەک مەرج دانەنراوە.

پێـودانگەکـانی یاسـای تەڵاقی ١٨٦٩ لـە یاسـا هاوچەرخـەکـانی ئەو سـەردەمـەی بەریتـانیـاوە وەرگیراون. لە ژێر سایەی مادەی ١٠ی یاسای ساڵی ١٨٦٩دا، پیاوانی مەسیحی دەتوانن تەنیا بە بەڵگەی زینا تـەڵاق بەدەست بهێنن. بەڵام بەپێچەوانەوە، ژنانـی مـەسـیـحی دەبێ پیشـانـی بدەن کـە هاوشـانی زینا دڵڕەقی و بەجێهێشتن و جووتبـوون لەگەڵ کـەسـی پێ نـەشـیـاودا یان جـووتبـوونی ئاژەڵییـانە هەبووە. لە بەریتـانیـا، یاسـا دەرکـراوەکـانی دواتر، یاسـاکـانی تەڵاقیـان بەشـێوەیەکی بەرچاو کراوە کرد، هەروەک لـە حاڵەتی هیندستانیشدا وایە. لەبەر ئەوە، تـەڵاق یان جیـابوونەوەی یاسـایی بۆ مـەسـیـحـیـیـەکـانی بەنگلادیش و بەتایبـەتی کـاتۆلیکەکـان هێشـتـا هەر مـەسـەلەیەکی گرانە[٢١].

## پیادەکاریی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگە "ئێتنیکییەکان"دا

بەلایەنی کەمـەوە ٢٧ کۆمـەڵگە هـەن لە بەنگلادیش وەک خێڵـەکی و دانیشـتووانی ڕەسـەن یـان ئیتنی ئاماژەیان پێ دەدرێت، کە لە ڕووی زمـانەوانی و کولتوورەوە جیاوازن لەگەڵ زۆرینەی دانیشتووانی بەنگالی زمـان[٢٢]. پێـویست بەوتن نـاکـات کـە لە نێـو ئەم کـۆمـەڵگە بچـووکـانەدا[٢٣]. جیـاوازیی گەورەی ڕێکخسـتنی کـۆمـەڵایەتی و پیـادەکارییـەکـانی هاوسـەرێتی هەن کە وا دەکەن ناسـاندنە گشتگیرەکانی هاوسەرێتی ناتەواو دەرچن. چەندان لەو کۆمەڵگانە بوودایی و ڕۆحانین، ژمارەیەکی رووڵەزیـادیان مــەســیــحین و کــەمــێکیش هیندۆسن. بەتێکڕایی، بەتـایبــەتی ئەوانەی تێکەڵی پیـادەکارییـەکانی هیندۆسی نەبوون ئـەم گرووپانـە یاسـای هاوسـەرێتیی تەواو جێگیریان هەبووە.

پێداویستیی ڕەزامەندی هەردوو لایەنی هاوسەرێتی وەک دەردەکەوێت خوویەکە لە هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکاندا arranged marriages، هەڵکشانێکی تازە هەیە لە ڕەوتی بەرەو "هاوسەرێتیی خۆشەویستی"دا. گەورەترین گرووپ بەناوی (چاکماس)ەوە بەو جۆرە هاوسەرێتییانە دەڵێن (هاوسەرێتیی حەزەکان). مارەیی و هاوسەرێتیی مێرمندالان و ڕێگرتن لە شووکردنەوەی بێوەژنان لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا دەگمەنن هەرچەند لە ڕووی مێژووەوە پارەدانی زاوا برەوی هەبووە.

بۆ ئەم باسە پێویستە سەرنجی دوو خاڵ بدرێت. یەکەم، "خێڵەکانی" بەنگلادیشی ئەمڕۆ لە ژێر سایەی سیستمێکی یاسایی جیاوازدا بوون لەو سیستمەی بەسەر گرووپە بالادەستە ئاینییەکانی هیندستانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا کاری پێ دەکرا. زۆربەی گرووپی "خێڵەکان" لە ناوچە "پارێزراوەکان"دا دەژیان کە، بەمەبەست، وەک ژینگەی کولتووری جودا هێڵرابوونەوە. خۆگرتنەوەیان لەناو دەوڵەتی بەنگلادیشدا تەنیا ڕێکەوتێکی مێژووییە وەک لە هەر حساباتێکی تر. ئەنجام، پیادەکارییەکانی هاوسەرێتیی ئەم گرووپانە ناکەونە ژێر مەودای دەسەڵاتی یاسا کەسییەکانی ولاتەوە.

دووەم، نەبوونی تۆماری نووسراو کاریگەریی خراپی هەبوو لەسەر گوزەران و مافەکانی خاوەندارێتیی زەویی خەڵک. زۆربەی گرووپەکان بەڵگەنامەی یاساییان بەدەستەوە نییە بۆ ئەو زەوییەی لەسەری دەژین و دەیچێنن. ئەمە یارمەتیی گرووپە بالادەستەکانی ناوچەکەی دا موڵکی کەمینە ئیتنییەکان زەوت بکەن. پەراوێزکەوتەیی لە مەیدانی گەشەسەندندا یارمەتیدەر بوو لە دابەزینی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بۆ ئەوپەڕی هەژاری و بێ زەویوزاری. لە ئەنجامی ئەوەوە لاوازیی کۆمەڵایەتی زیادی کرد و بەتایبەتی کاری لە ژنان کرد، کە زۆربەی کات ملکەچی ئارەزووە سێکسییەکانی پیاوانی بەدەسەڵاتی ناوچەکە دەکرێن. ڕفاندن و پەلاماری سێکسی یان بەزۆر بەشوودانی ژنانی دانیشتووانە ڕەسەنەکان لەلایەن تازە نیشتەجێبووانی بەنگالی یان فەرمانبەرانی سوپاوە بەتایبەتی لە پشتێنە سوپاییەکاندا لەم بارودۆخانەدا سەیر نەبوون، بەردەوام پاساو دەدرانەوە بەوێنەی چەسپیوی بەهەڵە وەرگیراوی ئەوەی ژنانی "خێڵەکی" شل و داوێن پیسن.

## شیکاریی تیۆری بەزۆر بەشوودان

ناڕۆشنیی لێکدانەوەکان

ئەو بارودۆخەی لێی ورد دەبینەوە هەروا بەئاسانی بەشوودانی هەرەمەکیی ژنان نییە دژ بەخواستی خۆیان، هەرچەند ئەمە هەندێک جار ڕوو دەدات. ئەم نموونە چەسپیوە و ئەو وێنەیەی خۆرئاوا هەیەتی بۆ هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو هەم نەفامانەیە و هەم بەکردەنیش نادروستە. لەجیاتی ئەوە زۆربەی هاوسەرێتییەکان لەنێو گرووپەکانی خێزاندا بەچەند شێوازێکی جۆراوجۆر دانوستانیان لەسەر دەکرێت، هەندێک جار بڕیارەکان ناکۆکی دەخەنەوە و هەندێک جار بەسەرکەوتوویی بەرەنگاری دەکرێن و زۆربەی کاتیش بەسازشکردن دواییان دێت (گاردنەر

١٩٩٥، ل١٨٦).

که ژنێک یان کچێک ڕەزامەندیی خۆی لەسەر شووکردنێک لە ڕێگەی بێدەنگییەوە لەجیاتی هێماکانی قسەکردن دەردەبڕێت ئەمە قاڵبێکی تایبەتی مێیەتییە کە تیایدا سەلاری و ناچالاکی و "شەرم" سەنگینترن لە کردەوە و قسەکردن. پێویست ناکات ئەوە بگوترێت کە لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەن بۆ بێدەنگیی ژنێک وەک سەلاری و ڕەفتار باشی و زۆر قایلبوون و خۆبەدەستەوەدەر یان ملکەچ[٢٤].

سانتی ڕۆزاریۆ و کەسانی تریش سەرنجی ئەوەیان داوە کە وشەی "ئابڕوو" لە دەقە بەنگلادیشییەکەدا مانای زیاتر هەڵدەگرێت دوورتر لە وشە هاوتا ئینگلیزییەکەی، وەک چۆنیەتییەکی پۆزەتیڤ تەماشا دەکرێت کە لە بەرامبەر سنوورشکاندنی نەرێتە کۆمەڵایەتییەکاندا پەنای بۆ دەبرێت. وەک چاکییەک هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە لە کچاندا گۆش دەکرێت و لە جووڵانەوە و هەڵسوکەوت و هاتوچۆ و پۆشاکدا بەرجەستە دەبێت. لە سیاقێکی شیاودا، نیگا شۆڕکردن و لارولەنجەی بێ فیز و بێدەنگی دەتوانرێ وەک ئاماژەگەلی ئابڕووی پۆزەتیڤ لێک بدرێنەوە. زۆر بە سامناکی بەکارێکی رووقایمانە لەقەڵەم دەدرێت کە ژنانی جەحێڵ بەئاشکرا باسوخواستی شووکردن بکەن. هەرچەندە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە دانوستانەکانی هاوسەرێتیدا بۆچوونەکانی ژنان ناچار وەلاوە دەنرێن، چونکە دایکان و خوشکان و ژنانی تری خزم ئامرازێکی گرینگی گەیاندنی بەدڵبوون و بەدڵنەبوونەکانن. بەڵام، ئەو بۆچوونە بەڕاستی دەمێنێتەوە کە ئافرەتان بەهۆی لێڕابینینی کولتوورەوە ناچارن دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر مەسەلەکانی هاوسەرێتی بەتەواوی خەفە بکەن، بەمەش یارمەتیی ئەو لێکدانەوەیە دەدەن کە بێدەنگیی ئافرەتێک وەک قایلبوون تەماشا دەکات.

ڕەزامەندی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەر بۆ ناوە، بەتایبەتی لە ژینگەیەکی کولتووریی وەهادا کە هاوسەرێتی وەک زەروورەتێک دەنرخێنێت بۆ هەموو کەسێک چ پیاو چ ژن. سرووتەکانی هاوسەرێتی پلەوپایەی تاکەکان دەگۆڕن و ڕێگە بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی خۆش دەکەن، بەواتای کامڵبوونی کەسەکە خۆی. کچان فێر دەکرێن ڕۆڵی دایک و کەیبانو وەرگرن (لایلایە و هۆنراوەکانی دایەنگا مژدەبەخشی هاتنی زاوان بۆ بردنی کچەکە)، پلەوپایە و ناسنامەی ژن بەبێ شەقڵی هاوسەرێتی ناتەواون. هەریەک لە ڕاهنوما ئەحمەد و شامسون ناهەر لە کارەکەیاندا لەسەر هاوسەرێتی دەڵێن:

کچ لەسەر ئەو باوەڕە ڕادەهێندرێت کە "تەنیا باوانی دەزانن باشترین شت بۆ ئەو چییە" و ئابڕوو (هەستی شەرم) وەک بەهایەک کە بەجۆرێکی وەها کار دەکات ڕازی نەبوونی کچ بەشووکردنێک کە لەلایەن باوانی یان بەتەمەنەکانەوە بڕیاری لێ درابێت حاڵەتێکی زۆر نەشاز بێ. (ئەحمەد و ناهەر ١٩٨٧،٩٤).

بەبێ ملدانی تەواو بۆ ئەم بنیادە ناچالاکەی دەروونی مێیینە، حاڵەتەکە وا دەمێنێتەوە کە هێزە کولتوورییە هەژمونکارەکان و پیادەکارییەکان کە بەئایدیۆلۆجیاکانی "پاکیزەیی" و "شەرەف" و

"داوێنپاکی" پتەو کراون، بەرەنگاربوونەوەی "حەتمیەتی" هاوسەرێتی بۆ ژنان یان کچانی تاک دژوار دەکەن، چونکە بەشێکی تەواوکەری ناسنامەی کۆمەڵایەتیی ژنان و پیاوان پێک دەهێنێ. لەو هەلومەرجانەدا زاراوەکانی "ڕەزامەندی" و "زۆرلێکردن" زاراوەی بێ بنەمان.

ئارەزووی شووکردن ئەوەندە بەگەرەنتی دانراوە تا ئەو ڕادەیەی گەلێک جار ژنان تا کاتی "مارەبڕین" ڕەزامەندییان وەرناگیرێت، ئەمە ئەگەر وەربگیرێت. ئەو پیادەکارییەی کە ڕێگە بەکەسێکی سێیەم بدرێ (کە زۆربەی کات لێپرسراوی یاساییە) لەجیاتی بووکەکە ڕەزامەندی دەربڕێت بەلاوەنانی ئارەزووەکانی ئاسانتر دەکات. وەک ئەلینا خان کە پارێزەرێکی مەشقکەرە، سەرنجی دا، لەم هەلومەرجانەدا ڕەزامەندیی دەربڕاو تەنانەت گەر بەنائاشکراش دەربڕابێت هەر ناتەواو دەمێنێتەوە. بەبۆچوونی ئەو، ڕەزامەندیی تەواو پێویستی بەڕاوێژ پێکردن و ڕازیبوونی بووک هەیە لەسەر مەرجە جۆراوجۆرەکانی پەیمانی هاوسەرێتییەکە وەک بڕی مارەیی و مەرجەکانی تەڵاق لەڕێی نوێنەرەوە (تەلاق تەفوید). لە پراکتیکدا، زۆر بەدەگمەن ڕای بووک لەسەر ئەو مەسەلانە وەردەگیرێت، لەکاتێکدا قایلبوونی زاوا بەوپەڕی پەرۆشییەوە هەوڵی بۆ دەدرێت. لەبەرئەوە، تەنانەت گەر بووکەکە ڕەزامەندی دەربڕێت لەسەر هاوسەرییەکە لە کاتی زەماوەندەکەدا، یەکسانبوونی ئەو لەگەڵ زاوادا تەنیا ڕووکەشە، بێ گومان ئەو لە دەسەڵاتی بڕیاردان لە ئاستێکی یەکساندا نییە(٢٥).

بەهەمان شێوە، حەبیبونیسا کە پارێزەرێکی کاروباری خێزانە، سەرنجی ئەوەی دا کە بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیەتی، زۆربەی خەڵک تێگەیشتنی کەمیان هەیە لەسەر ئەوەی کە لەڕاستیدا هاوسەرێتی چ مەرجێک دەسەپێنێت. بەگشتی نە بووک نە زاوا بەبێ گوێدانە ڕەزامەندیی دەربڕاویان لەسەر زەماوەند لە ئاکامە سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرێتی تێ دەگەن. بەبۆچوونی حەبیبونیسا، ڕەزامەندیی ڕاستەقینە نیشانەی ئامادەییەکە بۆ چوونە ناو پێوەندییەکەوە کە مافە یاسایی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووە سۆزدارییەکانی هاوسەرێتیی تیادا ڕەچاو بکرێت(٢٦). ئەوەشی خستەسەر کە بەگشتی ژیانی ژنان بابەتی فەرمان بەسەرداکردنی ئەندامانی نێرینەی خێزانە و ئەم زاڵبوونە درێژ دەبێتەوە بۆ مەسەلەکانی ڕەزامەندی لەسەر هاوسەرێتی. دەقاودەق بەوتەی خۆی "تەنانەت لە هاوسەرێتیشدا بۆچوون و هەڵبژاردنەکانی ژنان لەگەڵ ئەوانەی ئەندامە نێرینەکانی خێزان گونجاون. پلەوپایەی خێزان هەموو جۆرە بیروڕاکانی تر دەخاتە پەراوێزەوە(٢٧).

پارێزەرانی تر و چالاکوانان لەسەر ئەو ڕایەن کە کەلێنێکی گەورە هەیە لە نێوان یاسا کە داوا دەکات ڕەزامەندیی دەربڕاوی بووک وەربگیرێت و، پیادەکارییە کۆمەڵاتییەکان کە خواستەکانی بووک پەراوێز دەخەن یان بەتەواوەتی پشتگوێیان دەخەن. ژمارەیەکی زۆری چاوپێکەوتن لەگەڵداکراوان ئەم پیادەکارییە دەبەستنەوە بەناوچە گوندنشینەکانی بەنگلادیشەوە کە سیستمی باوکسالاری یان سەرەک خێزان دەسەڵاتی بەسەر هەموو مەسەلەکاندا هەیە لەوانەش هاوسەرێتی.

سنوورە چەمکییەکانی نێوان هاوسەرێتی بڕیارلێدراو و بەزۆر، بەردەوام لێڵ دەبن. هاوسەرێتیی

بەزۆر ئاماژەیە بەو ڕووداوانەی کە بەکارهێنان یان پیادەکردنی شێوەیەک لە شێوەکانی هێز لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە پەیمانی هاوسەرێتییەکە دەبەستن. بەو جۆرە، پێناسەکە ناڕۆشنە و، پرسیاری ئەوەش دەهێنێتە پێش کە چۆن سنوور لە نێوان هاوسەرێتیی بەتەواوەتی بڕیارلێدراو و بەتەواوی زۆرەملێدا بکێشرێت و، هەروەها لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی پەسندکردن یان پەسندنەکردنی "هێز" لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. زۆربەی هاوسەرێتییەکان وەک دەردەکەوێت بەجۆرێک لە جۆرەکان بەڕێژەی کەمتر یان زۆرتر دەکەونە نێوانەوە.

لەپاڵ مانا تایبەتییەکانی سەرکوتکردنی توندوتیژانەی خواست و ئارەزووی تاک، بەزۆر بەشوودان وێنەکانی ژێردەستەییی مێیینە و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و پێویستی پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەوە بیر. کاتێک لە کایەیەکی زۆرینە موسڵماندا بەکاردێت، بەزۆر بەشوودان نموونە چەسپیوەکانی چەپاندنی باوکسالارانە دەهێنێتەوە بیر کە بەردەوام هاودەمی باسکردنەکانی ژیانی ژنانن. هەرچۆنێک بێت، جێی خۆیەتی بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی بەزۆر بەشوودان هەندێک لەو گریمانە یاسایی و کولتوورییانەی دەدرێنەپاڵ بەزۆر بەشوودان یەکالا بکرێنەوە. ڕەخنەگرانی بەزۆر بەشوودان دووپاتی دەکەنەوە کە بەردەوام باشترە مرۆڤ بتوانێت هاوبەشەکەی هەڵبژێرێت. ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە نێگەتیڤە، لەنێو گشت شتەکاندا، گریمانەی بوونی تاکێکی هاووڵاتی دێنێتە ئاراوە لە ڕووی کۆمەڵاتییەوە دیاری نەکراو و، بەتەواوەتی سەربەخۆیە و کۆگەی مافەکانە. لە واقیعدا، لە گشت کۆمەڵگەکاندا تاک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرجەستەیە، ئەو (پیاو/ ژن) بەرهەمی پیادەکارییە کولتوورییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەمەودا بەرفرەوانەکەشیدا ئابووری سیاسییە. ئەمە ڕێگەی لێ ناگرێت کە ئەندامێکی دیاریکراوی کۆمەڵ/ کۆمەڵگە بێت و بتوانێت پیادەی هێز بکات(٢٨).

لاسەنگیی سێکسواڵ و پاشکۆبوونی مێینە (کە بەشێوەیەکی گرینگ دەکەوێتە نێوان چین و پایەی کۆمەڵایەتییەوە) پێوەندییە جێندەرییەکان لە بەنگلادیش دەستنیشان دەکەن. لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، پاشکۆیەتیی ژنان بەندە لەسەر توانای گرووپە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان بۆ جڵەوکردنی سێکسواڵیتی و جموجۆڵ و ڕەنج و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی مێینە. لەم هەلومەرجانەدا، بەکارهێنانی "هێز" لە گرفتەکانی هاوسەرێتیدا بەبێ هیچ گومانێک ڕووداێکە زۆر دووبارە بووەتەوە. زۆرلێکردن دەکرێت کۆمەڵایەتی و کولتووری، هەروەها جەستەیی و دەروونی بێت، وەک هەڕەشەی دەروونی. ئەو ڕادەیەی تاکێکی دیاریکراو دووچاری مەترسیی ئارگومێنتەکانی ئابڕووچوون و"شەرەفی خێزان" دەبێتەوە، بەستراوە بەو ڕادەیەی ئەو کەسە لە ژیانیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەرجەستە بووە. سەرباری ئەوەش ڕێسا باوەکانی شەرەف و ئابڕوو ڕێگە نادەن (یان بەشەرمەزاری و بێ ئابڕوویی دەزانن) کە ژنێکی شوونەکردوو ئارەزووە کەسییەکانی دەربڕێت.

بەکورتی، دیاریکردنی پێناسەیەکی پڕاوپڕی "هێز" لەم میانەیەدا کارێکی دژوارە، ئەو خاڵەی کە لە چاوپێکەوتنی یەکێک لە پارێزەرەکاندا بەتوندی جەختی لەسەر کرا. لە گێڕانەوەی ڕاڕایی و

نارەحەتیی خۆی کاتی شووکردنی، دەری دەخات کە تەنانەت بۆ ژنانی خاوەن بڕوانامەی بەرز و شارەزاییی پیشەییی وەک ئەویش چەند دژوار بووە کە لەبەردەم پاڵەپەستۆی زۆر بەهێز، بەڵام ناڕاستەوخۆی خێزاندا بووەستن. ئەو جۆرە پاڵەپەستۆیانە زۆربەی کات لە زاراوەی خۆشەویستی و لێپرسراوی و بەجێگەیاندنی پێویستییەکانی سەرشان دەردەبڕرێن (لەم حاڵەتەدا ئەرکی برا گەورە بۆ "دامەزراندنی" خوشکەکەی):

براکەم شووکردنەکەی ڕێکخست، من ئەو کات ٢١ ساڵ بووم. هەرچەند مافی ئەوەم پێ درابوو کە خۆم بڕیار بدەم، بەڵام نەمتوانی بڕیاری خێزانەکەم بەلاوە بنێم. بێ گومان حەزم لە هاوسەرەکەم دەکرد، بەڵام هێشتا لەو باوەڕەدام کە نەمویست بەو شێوەیە شوو بکەم کە ڕووی دا. نەمویست ڕاست لەو قۆناخەی ژیانمدا ڕوو بدا. خەریکی خوێندنی پاش بەکالۆریۆس بووم و دەمویست دوای ئەوەی کۆرسەکەم تەواو کرد شوو بکەم. نەمتوانی ئارەزووەکانم بسەپێنم. لە بیرمە لە ئاهەنگی مارەبڕینەکەدا کەسێک کە لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو لەجیاتی من ڕەزامەندیی دەربڕی[٢٩].

ئاشکرایە، لە ڕوو قسەکردن یان نارەزایی دەربڕین زۆر بەسانایی لە باشترین هەلومەرجدا وەک سپڵەیی و نادڵسۆزی لێک دەدرێتەوە. لێکدانەوە کولتوورییەکانی زۆرلێکردن و ڕەزامەندی بەباشی جیاوازی ناکەن لە نێوان هێز (وەک ترساندنێکی ڕووبەڕوو) و پاڵەپەستۆی سۆزداری و دەروونی (کە دەشێ تەواو ناسک بێت وەک حاڵەتەکەی سەرەوە). ئەمەی دوایی نەک بەتەنیا پەسند کراوە بەڵکو چاوەڕوانکراویشە[٣٠]. هێشتا جێی وەبیرهێنانەوەیە کە چەقبەستنی هاوسەرێتی لە پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی مێینەدا ڕەوایەتییەکی کولتووریی هێجگار زۆر دەبەخشێتە تەنانەت ئەو شووکردنانەی کە بەئاشکرا زۆرلێکردنی ئافرەتانیان تێدایە.

مەترسییەکانی هاوپەیمانییە نەنووسراوەکان

چاوخشاندنەوەیەکی بەرایی بەو کێشانەی بۆ لێکۆڵینەوە بۆ ئەم باسە کۆ کرانەوە پێویستیی دووبارە بیرکردنەوە لە پۆلێنکردنی بەزۆر بەشوودان دەردەخات. وەک دەردەکەوێ بۆ مەبەستی هاندانی فێرکردنیش بێت، جیا لە هەر مەبەستێکی تر، بارودۆخی جۆراوجۆر لە ژێر سایەی بەزۆر بەشووداندا پۆلێن کراون. ئەمە بایەخی جیاوازییەکانی تێگەیشتنمان لە مەسەلەکە و گەڵاڵەکرنی یاساکان و سیاسەتەکانی دەستوەردان تاریک یان لێڵ دەکات. لەبەر تیشکی ئەم کێشانەی لێکۆڵینەوەدا، ئەژمارکردنی ئەو جۆرە هاوسەرێتییانە تەنیا وەک پێکدادانێکی نێوان داوونەرێت و مۆدێرنەتی و، نێوان مافەکانی تاکی ئازادبوو و کۆمەڵگەی باوکسالاری چەقیو تەماشا بکرێن، لە ڕووی شیکارییەوە بەکەموکورت دادەنرێ.

بۆ تێگەیشتن لە بەربڵاویی بەزۆر بەشوودانەکان پێویستە مانا جۆراوجۆر و نیشانەکانی هاوسەرێتی وەک "ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی" لە کۆمەڵگەی بەنگلادیشدا لەبەرچاو بگیرێن. لەنێو چەندان شتدا، هاوسەرێتی کارێکی گشتییە بەدەنگدانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی پڕبایەخەوە. شووکردن و ژنهێنانە "پەسندەکان" لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێوەندییە خزمایەتییەکان پتەو دەکەن

و، تۆڕەکان و پلەوپایەی کۆمەڵکایەتی بەهێز دەکەن و سنوورەکانی گرووپ دەچەسپێنن. بەهەمان شێوە، ئەو هاوسەرێتییانەی سنووره پەسندکراوەکانی کۆمەڵگە و کۆمەڵ دەبەزێنن ڕەنگە ببنە هۆی ئابڕووچوون یان شەرەف لەدەستدان و هەڕەشە بۆ سەر خێزان و ڕیزبەندی یان ناسنامەی کۆمەڵگە. بەکورتی، هاوسەرێتییەکان لە بەیەککگەیشتنی دوو تاک زیاترن، هەموو ئەگەرێکی پێکەوەبوون بارگاوییە بەئەگەری هەڵایسانی ناکۆکیی کۆمەڵایەتی.

بۆ ئەوەی بەزۆر بەشوودان وەک چەمکێک ئەژمار بکرێ، کارێکی فەڕ دەبێ کە ئەو تەگبیرە زۆرکارییانەی بۆ جڵەوکردنی پیادەکارییەکانی هاوسەرێتی دانراون و هاوپەیمانییەکان بخرێنە چوارچێوەیەکی بەرفرەوانترەوە. هێز بەردەوام دەخرێتە کار بۆ ڕێگرتن لە تاکەکان لە هاوسەرێتیی هاوبەشێکی "نەگونجاو" لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەروەک بەهەمان شێوە بۆ زۆرکردن لە ژنان تا شوو بەهاوبەشە پەسندکراوەکان بکەن. بەزۆر ڕێگیری لە هاوبەشەکانی هاوسەرێتی بەهۆی زۆرلێکردنی کولتووری و سزا یاساییەکانەوە کە خزمەت بەپتەوکردنی تخووبەکانی ڕەگەز و ئیتنی و ئاین و چین دەکات، لە هەموو کولتوورەکاندا بەڕێژەی کەمتر یان زیاتر ڕوو دەدەن.

لە هەمان کاتدا، زۆربەی کۆمەڵگەکان تەنانەت ئەوانەشی کە ڕێسای توندیان داناوە لەسەر سێکسوالیتی و هەڵسوکەوتی ئاکاری، دەتوانن ڕادەیەکی دیاریکراوی ڕەفتاری گوناهکارانە قبووڵ بکەن بەو مەرجەی ئەو جۆرە کارانە بەڕواڵەت لە مەودای کەسیدا بن. بەڵام، کاتێک پرسەکانی هاوسەرێتی قوت دەبنەوە، کارە تایبەتییەکان بۆ بواری گشتی دزە دەکەن. لە چەندان جێی باشووری ئاسیادا بە بەنگلادیشەوە، هاوسەرێتی کارێکی جەماوەری و سیاسیی بنەڕەتییە و، کارێکە هاوپەیمانییەکان و هەرەمی دەسەڵات و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بنیاد دەنێت. هاوسەرێتی دەتوانێت پێوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی خزمایەتی و هاوپەیمانی بەهێز بکات یان هەڵوەشێنێتەوە، زۆر کاتیش پێشینەیەکی گشتی بۆ ئامادەکارییە هاوشێوەکانی داهاتوو دادەمەزرێنێت. ئەنجام، هاوسەرێتی نەک بەتەنیا پێویستی بەڕەوایەتی بەخشینی دەوڵەتە بەڵکو هی ئەو کۆمەڵگەیەشی پێوەندیی پێوەی هەیە. لەبەرئەوە، ئەو هاوسەرێتییانەی کە لەوانەیە ببنە هۆی شێواندنی خزمایەتی و هاوپەیمانییە سیاسییەکان و کۆمەڵگە و چینی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە سنوورەکانی چینی کۆمەڵایەتی تێک بدەن بەردەوام دەبنە هۆی وروژاندنی ڕکەبەرایەتی. بارودۆخەکە بەتەواوەتی دەبێتە دۆخێکی هەڵچوو کاتێک پێوەندییە باوەکانی دەسەڵات لە ڕێگەی پرۆسەیەکی گەورەتری ئابووری و سیاسییەوە دەشێوێن(٣١).

بەزۆر بەشوودانەکان لە میدیادا

لە بەنگلادیش بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ڕاپۆرتەکانی میدیاوە سۆراخی پێشێلکردنی مافەکان دەکرێت. بەردەوام دەنگوباسی بەزۆر بەشوودانەکان پێوەندییان بەکێشە بەناوودەنگەکانی ژنانی خاوەن دوو ڕەگەزنامەوە هەیە، بەزۆر بەشوودانە "ئاساییەکان" وا دادەنرێن کە شایستەی دەنگوباس نەبن.

ئەو ١٠ ڕاپۆرتەی لەلایەن ASKـەوە بۆ ئەم باسە کۆ کراونەتەوە، لە ڕۆژنامە ناوچەیی و

نیشتیمانییە جۆراوجۆرەکانی بەنگلادیشدا بڵاو کراونەتەوە، هەموویان بەرچەڵەک لە هەرێمی بەرفرەوانی سیلهێت Sylhetی بەنگلادیشەوەن کە مێژوویەکی دوورودرێژی کۆچکردنی هەیە بەرەو شانشینی یەکگرتوو. لەکاتێکدا ئەم پێوەندییە کۆچبەرییانە هەندێک تایبەتمەندیی دیاریکراویان بەخشیوەتە هەرێمەکە، بەڵام ئاشکرا نییە گەر گرفتەکە زیاتر لە هەرێمی سیلهێتی بەنگلادیش جەختی کرابێتە سەر یاخۆ ڕەنگدانەوەی ڕاپۆرتدانێکی لایەنگیرانە بێت. وەک دەردەکەوێت لە هەرێمی بەرفرەوانی سیلهێتدا بەزۆر بەشوودان بایەخێکی تایبەتی میدیا بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، هەر جارێک کچەکە بەریتانیاییی بەڕەگەز بەنگلادیشی بێت (هەندێک جار زاراوەی کچە لەندەنیی بۆ بەکار دێت). ئەو جۆرە ڕووداوانە دەبنە هۆی دەستپێکردنی وتووێژ و مقۆمقۆی کۆمەڵایەتیی گرینگ. بەپێچەوانەوە، بەزۆر بەشوودانی ژنان/ کچان بەپیاوانی ناوخۆ وەک ڕووداوێکی تێپەڕ و ئاسایی سەیری دەکرێت کە شایستەی هەواڵ نییە مەگەر هاوشانی گۆڕانکاریی نائاساییی تر بێت[٣٢].

ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیاندن ئاڵۆزیی کێشە تاکەکەسییەکان کەم بایەخ دەکەن، لێڵی دەخەنە هێڵی نێوان بەزۆر بەشوودانە ڕوون و ئاشکراکان و ئەو هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوانەی دەبنە مایەی کێشمەکێش و ئەو هاوسەرێتییانەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی، بەبێ ڕەزامەندی باوان، دامەزراون. ئەوەی جێی سەرنجە، لە چەندان حاڵەتی جیاوازدا نموونەیەک بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا کچانی گەنجی بەریتانی–بەنگلادیشی لە گەڕانەوەیاندا بۆ سیلهێت پێوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجانەی ناوچەکە دەبەستن کە لێپرسراوەکانیان ڕەتیان کردووەتەوە شوویان پێ بکەن و لە جێیەکی تر هاوسەرییەکانیان ڕێک دەخەن. ئەنجام، دووانەکە ڕەدوودەکەون و خێزانەکان لە ڕێی شکاتی ڕفاندن دژ بەپیاوەکان لە سایەی بڕگەی ٣٦٦ی یاسای سزادانی بەنگلادیشدا هەوڵی سەندنەوەی کچەکانیان دەدەن.

مەسەلەکە لەم جۆرە حاڵەتانەدا هاوسەرێتی خۆی نییە، بەڵکو بەزۆر لێکجیاکردنەوەی هاوبەشییەکی نەخواستراوە یان ڕێگەپێنەدراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. مەسەلەی ڕفاندن دەبێ بورووژێنرێ بۆ دەستکردن بەتەگبیرە یاساییەکان لە سایەی بڕگەی ٣٦٦ی یاسای سزادانی بەنگلادیشدا دژ بەو هاوسەرێتییەی بەڕەزامەندیی ژنەکە کراوە (بەڵام بەبێ مۆڵەتی باوان) کە جیاوازیی نێوان ڕفاندن و ڕەدووکەوتن ڕوون دەکاتەوە. لەڕاستیدا، مەبەستی سەرەکیی بڕگەی ٣٦٦ی یاسای سزادانی بەنگلادیش پتەوکردنی جڵەوگیریی خێزانییە بەسەر جموجۆڵ و سێکسواڵیتیی مێیینەوە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، کلیپکردنەکانی ڕاگەیاندن دەری دەخەن کە مەسەلەکە بەردەوام پێکەوەنەگونجانی کولتووری نییە (بۆ نموونە، ژن یان کچێکی مۆدێرن لە شانشینی یەکگرتووەوە و کوڕ یان پیاوێکی لادێیی بەنگلادیش). بەڵکو لەم حاڵەتی ڕەدووکەوتنانەدا مەسەلەکانی جڵەوگیریی باوان و سەربەستیی مناڵەکان لەبەردەم مەترسیدان، هۆکارە گرینگەکان، بەتایبەتی لە حاڵەتی کچەکاندا ئارەزووی جڵەوکردنی سێکسواڵیتی و پاراستنی "شەرەف" و "ئابڕوو"ی خێزانن.

بەزۆر بەشوودان وەک چۆن لە تۆمارەکانی بنکەی پۆلیسدا ڕەنگی داوەتەوە

چاوپێکەوتنی فـەرمـانبـەرانی پـۆلیس لـە هـەرێمی سـیلـهـێت دەریان خـست کـە لـەکـاتێکدا فـەرمـانبـەران ئاگـەداری بەزۆر بەشـوودانەکـانن لە ناوچەکـەیاندا(٣٣)، بەڵام چونکە مـەسـەلەکـە لە یاسـادا دانی پێدا نـەنراوە ئەوان دەسـتـەوەسـان دەمـێننەوە لە دەسـتـخسـتنە مـەسـەلەکەوە مـەگـەر پێوەندیی بەسـەرپێچیی تاوانکارانـەی ترەوە هەبێت یاخۆ کەسـەکە داوای یارمـەتیی پۆلیس بکات. ئەفسـەری کـاربەدەسـتی بنکەیەکی پۆلیس هەسـتی کـرد دەسـتـەکـانی بە سـتراونـەتەوە کـاتێک بینیبـووی لێپرسراوانی کـچێک زۆر لە کـچـەکـەیان دەکەن شـوو بکات یان بـەبێ ڕاوێژپێکردن، یان بەپشـتگوێـخسـتنی ئارەزووەکانی بەبێ گوێدانە ئەوەی کە خـەڵک دەزانن کـچـەکە بەناچاری ڕازی بووە شـوو بکات. لەو حـاڵەتـانەدا کـە کـچـەکـە هەڵگری دوو ڕەگـەزنامـە بێت، کۆمـسـیـۆنی باڵای بەریتـانی داوا لە پۆلیس دەکـات ئەوە سـاخ بکاتەوە کە کـچـەکە بۆ شـووکردن زۆری لێ کـرابێت، لێرەشەوە مـافەکانیشی وەک هـاووڵاتییەکی بەریتانی پێشێل کراون(٣٤). ئەم ئەفسـەرە کـاربەدەستە بەتایبـەتی ڕای گەیاند کە لەڕاسـتیدا دەستوەردانی پۆلیس بۆ ئەوەیە ببێتە بەربەست لە گەیشتنی کچەکە بۆ بارەگای کۆمسیۆنی باڵای بەریتانیایی.

هیچ یەکێک لەو جۆرە کێشانەی سەرەوە لەو بنکەی پۆلیسـەی بەنموونە وەرگیراو بەفەرمی تۆمار نەکرابوون، کە پێشنیازی ئەوە دەکات تۆمارەکانی پۆلیس بەوردی پێوەری ڕادەی یاخۆ بەربڵاویی گـرفـتـەکـە نـین. ڕێکخـراوی مـتـمـانـەی کـۆمـەڵگەی بـەنگالیی نـیـوهـام NBCT، کـە ڕێکخـراوێکی ناحکومییە یارمەتیی ئەو بەرتیانیاییە بەڕەگەز بەنگالییانە دەدات کە دووچاری بەزۆر بەشوودان دێن، (بەهـەمـاهـەنگی لەگەڵ کۆمـسـیـۆنی باڵای بەریتـانیـا لە دەکا)، دەڵێت گـوایە ئاگـای لە نزیکەی ٣٠٠ حاڵەت هەیە کە تەنیا ٧٤ حاڵەتیان لەلایەن پۆلیسەوە تۆمار کراون.

ئەو کێشـانەی کە زیاتر لەلایەن پۆلیسـەوە تۆمـار دەکرێن پێوەندییان بـەشکاتەکانی ڕفاندنەوە هـەیە، کە بەشـێوەی جۆراوجۆر دەدرێن بەدادگە لەلایەن باوان یان کەسـانی ترەوە کـە هەوڵی گرتنی ئەو ژن/ کـچانـە دەدەن کە ڕەدووکەوتوون. دوو کێشـە بەدواداچوونیـان بۆ کـراوە، یەکێکیـان سـاڵی ٢٠٠٢ (پێکەوە لـەگـەڵ NBCT) دەرکـەوت کـە "هـەڵبـەسـتـراو" بوو. یەکێک لەم کێـشـانە پێـوەندیی بەڕفاندنی هەڵبەستراوی هاووڵاتیی بەریتانیا شۆمیا بەگوم هەبوو کە تەمەنی ١٤ یان ١٥ ساڵ بوو لەلایەن گەنجێکی ناوچەکەوە بەناوی سەلاودین. بەگوێرەی شکاتەکە، کە لەلایەن خێزانی شـۆمیاوە درابووە دادگە، کچـەکە دوای ترسـاندنی بۆ ناچارکردنی بەشووکردن بەسـەلاودین کە خـێزانەکـەی پێشـتر داواکارییـەکی شـووکردنەکـەیان ڕەت کردبووەوە ڕفێنرابوو. بـەڵام، بەدواداچوونێکی پۆلیس دەری خست کـە هۆنینەوەی چیرۆکی ڕفـاندن و زۆرلێکردن هـەڵبـەسـتراو بوون. شـۆمـیا دەکـەوێتـە داوی خۆشـەویستییەوە لـەگەڵ سـەلاودیندا، دژ بەرکـەبەرایەتیی خـێزانەکەی بۆ هـاوسـەرییـەکەیان ڕەدووی کەوتبوو.

ئاشکرایە، ئەو پێوەندییـانەی پەسند نـەکراون یان تۆمـار نەکراون نەک بەتەنیـا چەندان ئومـێدی کۆمەڵایەتی و بایەخی دارایی/ ڕامیـاری تێک دەدەن بگرە نیشـانەی جۆرێک لە سـەربەسـتیی مێیینە

و سێکسواڵیتیی جڵەونەکراون کە بەربەرەکانێی بنیادە باوەکانی مێیەتی و "شەرەفی خێزان" دەکەن. کەواتە، هۆنینەوەی چیرۆکی ڕفاندنەکە دوو کاری هەبوو، یەکەم ڕێگەی بەخێزانی ژنەکە دا ئابڕووی خۆیان بپارێزن و ئەگەر سەرکەوتووش بوونایە، بۆ ڕێگری بوو لە پێکەوەبوونە پەسند نەکراوەکە.

ئەوەی دواتر ڕوو دەدات کاتێک کێشەیەک پێشکێش دادگە دەکرێت و دوو کەسەکەش "دەگیرێن" بەڕادەیەکی بەرز بەندە بەتەمەنی کچەکەوە. چاوەشێکی پۆلیس سەرنجی دا:

پێش هەموو شتێک، ژمارەیەکی هێجگار زۆر حاڵەت هەن کە تیایدا کچەکە بەئارەزووی خۆی تێکەیشتنێک یان پێوەندییەکی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە، کە باوان یان لێپرسراوەکانی پەسندیان نەبووە. دوای ئەوەی ڕەدووکەوتوون، دایک و باوکەکان داوایان پێشکێش دادگە کردووە لە ژێر بڕگەی ٣٦٦ی یاسای سزاداندا (یان هەر یاسایەکی تری تایبەتەوە) گوایە کوڕەکە کچەکەی ڕفاندووە بەو مەبەستەی ڕەزامەندیی هاوسەرێتیی لێ بەدەست بێنێ یان بەزۆر بیهێنێت. زۆربەی کات، دەردەچێ کە ئەم تاوانبارکردنانە هەڵبەستراون و دەردەکەوێت کچەکە ڕەزامەندە. کەواتە، گەر کچەکە هەراش بێت، بەدواداچوونەکە، لە ڕاپۆرتی کۆتاییدا دوایی پێ دێت، بەڵام گەر هات و هەرزە بوو ئەوا داوایەکی تۆمەتبارکردن دژ بەتاوانبارکراو دەستی پێ دەکرێت و کچەکەش یان لە ژێر چاودێریی پاراستندا دەهێڵرێتەوە یان دەدرێتەوە بەدایک و باوک یان لێپرسراوەکەی بۆ چاودێری.

## گۆشەنیگای چالاکوانان

ئەو پارێزەر و چالاکوانانەی مافەکانی مرۆڤ کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا بەگشتی لەسەر ئەو ڕایە بوون کە بەزۆر بەشوودان گرفتێکی کۆمەڵایەتییە نەک یاسایی. کە وا بوو، چاوپێکەوتن لەگەڵداکراوان درکیان کردبوو بەپێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەزۆر بەشوودان و خوێندەواریی ژنان و سەربەخۆیی ئابووری و دەسەڵاتداری، بەمجۆرە داوای ستراتیجەکانی بەرپەرچدانەوە دەکەن لەسەر بنەمای بەئاگاهێنانەوەی ژنان. بەگشتی کۆدەنگی لەسەر ئەوە بوو کە نەخوێندەواری و بێئاگایی لە یاساکان و هەژاری و جۆرێک لە "بیرکردنەوەی لادێیی" بوونەتە هۆکاری بەزۆر بەشوودان.

بەڵام، دیاریکردنی خەسڵەتەکان بەم شێوەیە دەمامکپۆشکردنی ئاڵۆزییەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە. زیادبوونی خۆشگوزەرانی و پێوەندییەکان بەجیهانی دەرەوە ڕەنگە ببنە هۆی پاڵەپەستۆی زیاتر لەسەر ژنانی گەنج بۆ ملدان بەبڕیارەکانی کەسانی لەخۆیان گەورەتر(٣٥). جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش لەم کۆدەنگییەی چاوپێکەوتن لەگەڵداکراوان، هی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ ئەلینا خان بوو، ئەو بیرکردنەوە کۆنەپارێزەی سەرەوژێرکرد و بەبێ چەندوچوون ڕای گەیاند کە بەزۆر بەشوودانەکان زیاتر لەناو خێزانە شارنشین و دەوڵەمەند و خوێندەوارەکانی خاوەن پایەی کۆمەڵایەتیی بەرزدا بەبرەوە. هاوڕا لەگەڵ لێکدانەوەی سەرەکیی ئەم باسە، ئەو سەرنج

دەدات کە لەو حاڵەتانەی ژنێکی گەنج لەگەڵ هاوبەشێکی نەگونجاو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێوە دەگلێت، لێپرسراوەکانی بەئاسانی پەنا دەبەنە بەر هێز بۆ بەشووودانی بەهاوبەشێک بەئارەزووی ئەوان. جگە لەوەی، دایک و باوکی دەوڵەمەند و خوێندەوار لە گەڕاندا بۆ هاوتا "باشەکان" زۆربەی کات خواستەکانی مناڵەکانیان بەلاوە دەنێن بەسەپاندنی هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو بەسەریاندا. خان زەماوەندێکی وەبیرهێنایەوە کە لەم دواییانەدا ئامادەی بووبوو، تیایدا کچێکی ١٣ ساڵان کە لە ئوستراليا دەژیا درابوو بەکوڕێکی ١٨ ساڵان کە لە ئەمەریکا دەژیا. بەتێڕوانینی خان، کچەکە بەهۆی بچووکیی تەمەنییەوە لە توانایدا نەبووە بەرەنجامەکانی هاوسەرێتی هەڵسەنگێنێت، لەبەرئەوە هاوسەرێتییەکە ڕادەیەک هێز بەکارهێنانی تێدا بووە. پێناسەکەی خان بۆ هێز دژوارییەکانی کێشانی سنوورەکانی نێوان هاوسەرێتیی بەزۆر و بڕیارلێدراودا پیشان دەدات کاتێک پێوەندیی بەهەرزەکانەوە هەبێت[٣٦].

ئیبراهیم عەلی، پارێزەر و سەرۆکی ڕێکخراوێکی مافەکانی مرۆڤە لە سیلهێت، هەستی کردبوو کە دەکرێت سروشتی بەردەوام ئاڵۆزی بەندە یاساییەکان بخرێنە گەڕ بۆ هەراسانکردن لەجیاتی یارمەتیی ژنان. وتەکانی ئیبراهیم گرفتەکان لەگەڵ سیستمی یاسادا دەردەخەن وەک لە بەشی داهاتوودا باس دەکرێت[٣٧].

## شیکردنەوەی چارەسەرە یاساییەکان

ناچارکردنی کەسێک بۆ بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی، خۆی لەخۆیدا، لە سایەی یاسای سزادانەدا تاوان نییە، هەروەک پێشتر سەرنج درا. دەتوانرێ وا دابنرێت کە ژمارەیەکی زۆر هاوسەرێتی بەبێ ڕەزامەندیی بووکەکە ڕوو دەدەن، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمیشیان بگەنە بەردەم دادگەکان، چ بۆ بەردەم دەسەڵاتی دادپرسیی شارستانی یان تاوان بێت.

## دەسەڵاتی دادوەریی شارستانی

گەر هاوسەرێتییەک بەبێ ڕەزامەندیی یەکێک لە لایەنەکان ڕوو بدا، یان هەر جۆرە هێزێکی تیادا بەکار هات، دەتوانرێ هەوڵی گەڕاندنەوەی ماف بدرێ لە دادگەکانی خێزاندا[٣٨] بۆ هەڵوەشاندنەوە یان بەتاڵکردنەوەی هاوسەرێتییەکە. چاوخشاندنەوەیەک بەکێشەکانی بەردەم دادگەکانی خێزاندا پیشانی دەدا کە زۆربەی کێشەکان دەچنەوە سەر دوو مەسەلە: (١) دیاریکردنی ڕەزامەندیی بووک لەسەر پەیمانی هاوسەرێتییەکە و، (٢) مافی یەکلایەنەی مێرد بۆ گەڕاندنەوەی بەزۆری پێوەندییەکانی ژنومێردایەتی بۆ دۆخی جارانی.

حاڵەتەکان بەگشتی، چەمکی هاوسەرێتییەکانی موسڵمان وەک پەیمانی کۆمەڵایەتی پەسند دەکەن، کە پێویستی بەداواکارییەکی ڕەوای هاوسەرێتیی یەکێک لە لایەنەکان هەیە هاوشانی پەسندکردنێکی ڕوون و ئاشکرا لە لایەنەکەی ترەوە (واتا ڕەزامەندی لەسەر هاوسەرێتییەکە). زۆربەی دادوەران وای دادەنێن کە ڕەوایەتیی هاوسەرێتی بەند بێت لەسەر ڕەزامەندیی ڕوون و

ئاشکرای بووک، پێکەوەژیانی ژنومێردایەتی ڕەوایەتی دروست ناکات[٣٩].

لە دوای سەربەخۆیییەوە، لە هەندێک کێشەی دیاریکراودا دادوەران پەنایان بردووەتە بەر بەندە دەستوورییەکانی یەکسانی کە نەرمیی زیاتر بۆ ژنان لە کێشەکانی یاسای کەسیدا پیشان دەدەن. ساڵی ١٩٨٢ کێشەی نەلی زەمان بەرامبەر گیاسودین خان[٤٠] وەرچەرخانێکی گرینگی لە یاساکانی گەڕاندنەوەی ماف لە ژنومێردایەتیدا تۆمار کرد. بەپەنابردنەبەر مادەگەلی ٢٨(٢) (زامنکردنی مافە یەکسانەکان بۆ پیاوان و ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی و دەوڵەتیدا) و بەندی ٢٧ (زامنکردنی یەکسانی لەبەردەم یاسا و پاراستنی یەکسانانەی گشت هاوولاتییان لەلایەن یاساوە)ی دەستوور، دادوەری لێپرسراو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە گەڕاندنەوەی مافەکانی ژنومێردایەتی دژ بەخواستەکانی ژنەکە زەمانەتە دەستوورییە پەسندکراوەکانی پێشێل کردووە. هەندێک لێکۆڵینەوە دەری دەخەن کە کێشەکەی نەلی زەمان وەک پێشینەیەک بۆ کێشە هاوشێوەکان لە دەکا بەکار هاتووە[٤١].

بە بەکارهێنانی ڕێگەچارەیەکی جیاواز، ساڵی ١٩٩١ دادوەرێکی تری دادگەی خێزان تێبینیی کرد کە لەسایەی یاسای ئیسلامدا ژن مافی هەیە مافەکانی ژنومێردایەتی ڕەت بکاتەوە ئەگەر بەدڵڕەقی مامەڵەی لەگەڵ کرابوو یان گەر مارەیییەکە لەکاتی خۆیدا نەدرابوو[٤٢]. بەڵام، پێویست ناکات مرۆڤ ئەم حاڵەتە لێرەدا گەورەتر بکات. هەرچەند لە هەندێک لەو حاڵەتانەدا دادگەکان بەندە دەستوورییە پێوەندارەکان بەمەسەلەکانی یاسای خێزان ناو دەبەن، بەڵام ئەم مەسەلانە زۆر بە کەمی لەلایەن دادگەی باڵاوە بەرز کراونەتەوە.

## دەسەڵاتی دادوەریی تاوان

وەک شیکردنەوەکەی پێشووتر دەری دەخات، ئەو کێشانەی تاوان کە دەچنەوە سەر بەزۆر بەشوودان زۆربەی کات لەسەر پێشێلکارییەکانی برگەی ٣٦٦ی یاسای سزادانی بەنگلادیش چەق دەبەستن. زۆربەی کێشەکان دەوەستنە سەر پرسەکانی لێپرسراو و هەرزەیی، پێویستیی چاودێریی پاراستن و، لە هەمووشیان گرینگتر پرسەکانی ڕەزامەندی سەبارەت بەتەمەنی "قوربانی"ـیەکە. ئامرازی یاسایی داوانامەی هێنانی گومانلێکراو بۆ بەردەم دادگە (لە سایەی بەندەکانی ١٠٢(٢) (i) (b)ی دەستوور یان مادەی ٤٩١ یاسای لێپێچینەوەی تاوانی ١٨٩٨) زۆر جاران بۆ بڕیاردان لەسەر چاودێریی بەناو قوربانییانی بەزۆر بەشوودان بەکار دێت.

بەدەنگەوەهاتنی دادگەکان بۆ قوربانییانی بەزۆر بەشوودان لە باشترین حاڵەتیدا تێکەڵاوە. دادگەکان بەدەگمەن ئاماژە بەوە دەدەن کە مافەکانی ژن پێشێل کراون، بەتایبەتی مافەکانی یەکسانی و بەیەکسانی پاراستن لەلایەن یاساوە، سەربەخۆیی کەسی، ئازادیی جموجۆڵ و ڕادەربڕین و مافی هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا. هەرچەندە لە ژمارەیەک حاڵەتی نائاساییی گرینگدا (کە هەموویان پێوەندییان بەو حاڵەتانەوە هەیە کە تیایدا دەرکەوتووە ژنێک تەمەنی لەسەر ١٨وەیە) دادگە دانی بەمافی هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا ناوە، بە بەخشینی قورسایییەکی

شایستە بەگوتاری ژنێک کە ئەو بەخواستی خۆی شووی کردووە و، یاسا بڕیاری داوە کە ژنەکە ئازاد بکرێت (خۆی چاودێریی خۆی بکات)[٤٣]. لەم حاڵەتانەدا، دادگەکان لەو باوەڕەدا بوون کە تەمەنی ژنەکە دەتوانرێت بەدڵنیاییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت.

هەرچۆنێک بێت، لەو نموونانەی کە گومان لەسەر تەمەن دروست دەبێ، پرسەکانی چاودێری و ڕەزامەندیی تەواو ئاڵۆز دەبن. هەندێک دادوەری تایبەت توانایەکی مەزنی بڕیاردانیان هەیە بەپێی سەلیقە. بڕیاردانێکی دروست لەسەر تەمەن لە ڕووی زانستی و یاساییەوە بەچارەنەکراوی دەمێنێتەوە و لە نەبوونی بەڵگەنامەی باوەڕپێکراودا دادوەرەکان زۆربەی کات دەستنیشانی دەستەیەکی پزیشکی دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر تەمەن. ئەم پرۆسەیە پێ دەچێت زۆر زاتی بێت و ئاکامیی هاودژی لێ دەکەوێتەوە (وەک بەنموونەوە لە کێشەی ئاناندا مۆهان بانەرجی بەرامبەر دەوڵەت 315 (1983) DLR (35) پیشان درا (کە تیایدا پریتی بانەرجی ڕای گەیاند تەمەنی ٢٠ ساڵە لە کاتێکدا باوکی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ١٤ ساڵە، ئەو جۆرە ناڕۆشنییە و کەمیی بڕیاری یەکالاکەرەوە دەروازەیەک بۆ فڕوفێڵ لە گشت لایەکەوە بەجێ دەهێڵێت. لەوەش زیاتر، ئەو پیادەکارییانەی ناوبران نەک بەتەنیا خۆسەپێن و لایەنگیری ڕەگەزن بەڵکو لە هەمووی گرینگتر وەڵامی یەکلاییکەرەوە نادەن بەدەستەوە. ڕوون نییە کە چۆن پشکنین بۆ "ئەندامە تایبەتەکانی" لەش، وەک لەم حاڵەتەدا، دەکرێت ببنە هۆی دیاریکردنی تەمەن، پشکنینەکانی پێکهاتەی ئێسکیش یەکلاکەرەوە نین.

کێشەی بابول میا بەرامبەر دەوڵەت 187 (1978) DLR (30) چەند ئاڵۆزییەکی تر ڕوون دەکاتەوە. لە پێش هەر شتێکەوە، داڕشتنی وێنەی مێیینە وەک کەسێک کە پشت بەکەسانی تر دەبەستێت و کەسێک کە پێویستی بەپاراستن هەیە کاریگەریی لەسەر بڕیارەکەی دادگەی کەتن هەبوو کە پاریشای خستە ژێر چاودێریی یاساییەوە، ویستی کچەکە بەتەواوەتی پێشێل کرا لە کاتێکدا وتووێژەکان لەسەر دیاریکردنی تەمەنی بەردەوام بوون. ئەو جۆرە ئایدیۆلۆجیایانەی پاراستن بەچەندان شێوازی پاشکەوتووانە کار دەکەن. لە دیدی یاسادا خۆی وا پیشان دا کە لە توانایدا نییە ئاگەداریی کچەکەی خۆی بکات چونکە شووی کردووەتەوە، سەرەڕای ڕەوایەتیی تەڵاق و شووکردنەوە لە یاسای ئیسلامدا، ئەو ڕێسا نەوتراوەکانی باوکسالاریی بەزاندبوو و دەستبەرداری مافی خۆی بووبوو بەرامبەر کچەکەی.

چەندان لەو کێشانەی لەلایەن ASKـەوە کۆ کرانەوە لەسەر وەرگەڕانی ژنانی کۆمەڵگە کەمینەکان بوو بۆ سەر ئاینی زۆرینە، بەمجۆرە پێوەندییان بە بەزاندنی تخووبەکانی ئاین و کۆمەڵگەوە هەبوو. ژمارەیەکی زۆریان لە دەرەوەی بواری ئەم باسەن، بەڵام ئەو جۆرە حاڵەتانە وەک دەردەکەوێت بەئەندازەیەکن لە دەرەوەی چاوەڕوانیی مرۆڤ. ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە هاوسەرێتیی نێوان ئاینەکان ببێتە هۆی کاری دادگەییکردن بەهۆی ئەو سیمبۆلیزمەی خراوەتە پاڵ جەستە و سێکسواڵیتیی ژنان وەک دەستنیشانکەرەکانی ناسنامەی کۆمەڵگە و هەڕەشەی هەستپێکراوی ئەو جۆرە هاوسەرێتییانە بۆ سەر ناسنامەی کۆمەڵگە کەمینەکان.

هەروەها ئەو حاڵەتانەش هەن کە دادگەکان بەتەواوی ویستی کچەکەیان بەهەند نەگرتووە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا نەک بەتەنیا بەڵگەی تەمەن ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو دادوەران پشتیان بەستووە بەقاڵبە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان وەک بێدەسەڵات و قوربانی، لەبەرئەوە لە ژێر مەترسی فرۆفێڵی کەسانی تردان چونکە ناتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بنرخێنن، لێرەوە دژ بەویستی خۆیان ڕەوایەتی دەدەن بە دەستبەسەرکردنیان لە چاودێری "پاراستن"دا. لە هەردوو کێشەکانی ئیلی بەگوم[٤٤] و ڕانجانا ڕانیدا[٤٥] دادگەکان بەشێوەیەکی سەرەکی سەرقاڵی بیرۆکەی "هەرزەیی" و پێویستیی "خستنە ژێر چاودێری" بوون، ئیتر چاودێریی دایک و باوک بێت یان لایەنێکی سێیەمی بێلایەن یان لە خراپترین حاڵەتدا بەڕێوەبەرایەتیی زیندانەکان[٤٦]. لە هەندێک حاڵەتدا، دادگە زۆر بەدوورودرێژی لە مەسەلەکە ورد دەبێتەوە بۆ ساخکردنەوەی هەرزەییی تەمەن، بۆ نموونە وەک حاڵەتی ڕانجانا، کە تیایدا هەرچەندە دەستەی پزیشکی و بڕوانامەی قوتابخانە سەلماندیان کە تەمەنی تەواو لەسەر هەژدەوەیە، دادگەکە بەڵگەی پێشکێشکراوی ڕەت کردەوە و لەبەرژەوەندیی ڕاگەیاندنەکەی دایک و باوکی ئەو هەڵوێستی وەرگرت. بەو کارە هەڵسا لەسەر ئەو لێکدانەوەیەی کە دەسەڵاتی دایک و باوک و ڕاگەیاندنەکانیان بەردەوام گرینگترن لە خواست و ئارەزووەکانی منداڵەکانیان. هەرچەند ڕانجانا وەک هەراش لەقەڵەمدرا بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە زۆر بوو کە دادگە بەسەرزارەکی ڕەوایەتی بدات بە دەستبەسەرکردنی لە ژێر چاودێریدا بۆ "ساخکردنەوەی ئیرادەی ئازادی" لە کەشێکی بێلایەندا. گریمانەکە لێرەدا لەسەر ئەوەیە کە ژن تەنانەت گەر لە ڕووی یاساشەوە باڵق بێت لەبنەڕەتدا ناتوانێت بڕیارە سەربەخۆکان بدات. لەوەش زیاتر، زۆر ڕێی تێ دەچێت بەئاسانی کاریگەریی تێ بکرێت، کەسێتیی ئەو هەرگیز بەتەواوی دروست نەبووە و بەردەوام والایە لەبەردەم مەترسیی فرۆفێڵدا. ژن لەبەردەم یاسادا کەسێتییەکی ناتەواوە.

حوکمدان لە کێشەکەی ئیلی بەگوم پەردە لەسەر ئەوە هەڵدەماڵێت کە چۆن پێوەندییەکانی دەسەڵات لەناو خێزاندا، بەتایبەتی لە نێوان باوان و منداڵەکاندا، لەبەر خاتری بنیادێکی باوکسالارانە و "هەماهەنگ" ڕەچاو ناکرێن. بەشی پێداچوونەوەی دادگە، لە ڕەتکردنەوەی فەرمانی دادگەی بالادا بۆ ئازادکردنی ئیلی بەگوم، زۆر بەڕوونی دەری خست کە قسەی باوان زاڵ دەبێ بەسەر منداڵەکەدا بەتایبەتی لە مەسەلەکانی وەک تەمەن و هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیاندا. دادگە تەمەنی ژنە گەنجەکەی ئاوەژوو کردەوە، لە بۆچوونی دادگەدا هیچ بەڵگەیەک بەقەد ڕاگەیاندنی دایک و باوک دروست نییە.

پاش سەلماندنی هەرزەییی کچەکە، ئینجا دادوەر بۆ ڕەوایەتیدان بەبڕیارەکە پەنای بردە بەر ناسەقامگیریی ئەو جۆرە بیرکردنەوە گەنجانە ("هەڵسوکەوتی ئەو کچانەی کە زۆربەی کات بەهۆی شەیدایی و بلێسەی ڕۆمانسییەتی هەرزەکارانەوە ڕێبەری دەکرێن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە داهاتوو"). بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، ئەو بە بەرنامە بەڵگەکانی بەردەمی بەهەڵە لێکدایەوە بۆ تەواوکردنی کێشەکەی. ئەو نامەکەی ئیلی بەگومی بۆ دایکی خوێندەوە، کە تیایدا ئارەزووی بینینی دایکی دەردەبڕێت (بەڵام ئەوە هەڵوێستی ئەو ناگۆڕێت کە بەبێ ئیرادەی ئازادی خۆی بەشوو دراوە) وەک پەندێک کە چۆن کچێکی گەنج دەتوانێت ڕای خۆی بگۆڕێت "کاتێک ئازاد بێت

لەو سیحرەی کە دەکەوێتە ژێریەوە". هەر کاتێک کەسێکی مێیینە بەمناڵ لە قەڵەمدرا، تەنانەت گەر تەمەنیشی هەبێت یان گەر دابەزێندرا بۆ هەرزە، وەک دەردەکەوێت بەتەواوی دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی بڕیارە تایبەتییەکانی دادگەکانەوە.

بێ گومان، وەک ئەو جۆرە کێشانە دەری دەخەن لە دادگەدا مەسەلەکانی هەرزەیی و لێپرسراوی و دەستبەسەری و چاودێری گرینگییەکی زۆریان هەیە. لەو حاڵەتانەدا کە پێوەندییان بەزۆرلێکردنی "ڕاستەوخۆ" هەیە، هۆکارێکی گرینگ کە کاریگەریی لەسەر ئاکامی کۆتایی هەیە، زانیاریی ژنە گەنجەکەیە لەسەر مافەکانی و ئەگەر هاووڵاتیی بەریتانیاش بوو توانای پێوەندیکردنی بەپۆلیس یان فەرمانبەرانی قونسوڵییەتەوە. لە کێشەیەکی "نموونەیی"دا ساڵی ٢٠٠١ لە مەولەوی بازاڕ ژنێکی بەریتانی بەڕەگەز بەنگلادیشی بەناوی سەدار کە تەمەنی ١٨ یان ١٩ ساڵان بوو، هێندرابوو بۆ گوندی ڕاغونانداپور بۆ ئەوەی بدرێت بەشوو بەپیاوێکی بەنگلادیشی. ئەو شووکردنی ڕەت کردەوە و داوای یارمەتیی لە بەشی ڕاوێژکاریی کۆمسیۆنی باڵای بەریتانیا کرد، ئەوانیش داوایان لە پۆلیسی ناوخۆ کرد یارمەتیی بدەن لە وڵات دەربچێت. پێدەچێت ژنە گەنجەکە خاوەن ڕادەیەک کامڵی بووبێ، بەگوێرەی تەمەنی و توانیی چەند سەرچاوەیەکی یارمەتی پێکەوە بنێت لە کۆمسیۆنی باڵای بەریتانیاوە. کچانی گەنجتر ڕەنگە دووچاری دژواریی زیاتر بن لە بەرەنگاربوونەوەی پاڵەپەستۆکانی خێزاندا و ڕەنگە ئاگەداری ئەگەری یان سەرچاوەی پاڵپشتیی دامەزراوەیی نەبن، بەتایبەتی کاتێک دەخرێنە کەشێکی تەواو نەناسەوە، لە پاڵیشیدا بەڵگەنامەکانی ناسنامەی سەفەرکردنیان لێ دەسەندرێت.

بەهەمان شێوە، جێی سەرسوڕمانە کە لە زۆربەی ئەم کێشە ڕاگەیەندراوانەدا بریکاری ژنان، تەنانەت کاتێک هەرزەش نەبن، بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ ڕێگەیان پێ نادرێت و گوێیان پێ نادرێت لەلایەن فەرمانبەرانی پەیڕەوکردنی یاسا و هەروەها لەلایەن دادوەران و دادپرسانەوە. قسەی ژنان وەک دەردەکەوێت بەلای کاربەدەستانی دەوڵەتەوە هەڵگری ڕەوایەتییەک یان قورسایەتییەکی کەمە. دەتوانرێ پێوەندییەکی شاراوەی باوکسالاری لە نێوان دادوەران و فەرمانبەرانی پۆلیس و کاربەدەستانی تردا هەستی پێ بکرێت لە گوتار و کردەوەی پێوەندار بە"بەزۆر بەشوودانەکان". بە ڕوونی، چوارچێوە داڕێژراوە باوەکانی مێیەتی کە بەهۆی ئایدیۆلۆجیاکانی پاراستنی قوربانیبوونەوە ڕاگیر کراون، پیادەکاری و ڕاڤەکردنەکانی یاسا ڕێپێدراوەکان پێک دەهێنن.

لەوەش زیاتر، ئەو بەندە یاساییە ڕێپێدراوانەی کە هەن بەکەموکورتی پارێزگاری لە مافی هەڵبژاردنی هاوسەر بەویستی کەسەکە یان خۆپاراستن لە بەزۆر بەشوودان دەکەن. ژنێک کە پەنا بەرێتە بەر دادگە بۆ یارمەتیدانی لە خۆپاراستن لە بەزۆر بەشوودانێک نابێ چاوەڕێی هیچ کارێکی دەستبەجێی یاسایی بکات تەنانەت گەر خۆشی لەبەردەم دادوەرێکی هاوسۆز و پێشکەوتنخوازدا ببینێتەوە. سەرباری ئەوەش، ئەو ژنانەی کە پەنا دەبەنە بەر دادگەکان زۆربەی کات بەناوی پاراستنی سەلامەتییەوە دووچاری دەستبەسەری و هەراسانکردن دەبنەوە.

زاراوەی "بەزۆر بەشوودان" پێویستە بخرێتە ژێر پرسیارەوە وەک لەوەی بێ ئەم لا و ئەو لا وەک زاراوەیەکی بڕاوە لێی بڕوانرێت. هێز لە پیادەکارییەکانی هاوسەرێتیدا نە کە بەتەنیا بۆ ناچارکردنی دوو تاک بۆ بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی بەکار دەبرێت بەڵکو بۆ ڕێگرتن لە یەکگرتنەکانی ژنومێردایەتیش. هاوپەیمانییە بەهێزەکانی ژنومێردایەتی پێوەندییان بەسوود و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە، لە گشت ئاڕاستەکانەوە لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریدان وەک هێزەکانی کۆچکردن و جیهانگیری و گۆڕانکارییە بنیادییەکانی ئابووری. لێکۆڵینەوەی زیاتر پێویستە بۆ دیاریکردنی ئەو هۆکارە تایبەتانەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لە بەنگلادیش دەبنە هۆی جڵەوکردنی هاوپەیمانییەکانی ژنومێردایەتی.

خێزانەکان چەندان ڕادەی جیاوازی پاڵەپەستۆی سۆزداری و سایکۆلۆجی لەسەر تاکەکان بەکار دەهێنن بۆ ملدان بۆ پێکەوەبوونە "شیاوەکان". دەتوانرێ پەنابردنەبەر نزیکایەتییە کاریگەرەکان و پابەندییە خێزانییەکان وەک زۆرلێکردن ڕاڤە بکرێن (لە ڕوانگەیەکی دەرەکییەوە) تەنانەت گەر بەمجۆرەش لێک نەدرێنەوە لەلایەن کەسە پێوەندارەکانەوە. ئەم هۆکارانە هەر هەوڵێکی دیاریکردنی پێناسەیەکی ڕێکوپێکی "هێز" دژوار دەکەن. ناکۆکی لەسەر جڵەوگیریی باوان و سەربەستیی تاکەکەس و جڵەوکردنی سێکسواڵیتیی مێینە و ئایدیۆلۆجیاکانی "شەرەف" و "شەرمەزاری" پێویستە لە چوارچێوەی ئەو دیمەنە کۆمەڵایەتییەدا دەستنیشان بکرێن کە دەبێتە هۆی هاتنە کایەی بەزۆر بەشوودان. زۆربەی کات، بیرۆکەکانی مێیەتیی پەسند و پێگەی خێزانیی باوکسالار کە دادوەران پشتی پێ دەبەستن کاریگەرییان هەیە لەسەر پتەوکردنی هەژموونە باوەکانی جێندەر و چین و ئاین و سێکسواڵیتی.

هەرچۆنێک بێت، لە ئەنجامدا کرۆکی مەسەلەکە مافی هاوسەرێتییە لەگەڵ کەسێک بەویستی کەسەکە خۆی. تەنانەت کاتێک تاکەکان پەنا دەبەنە بەر دادگە بۆ پاراستن، ئەوان کۆسپ دروست دەکەن لەجیاتی یارمەتیدان. یاسا کۆنە بەسەرچوو و نەشیاوەکان، کە لەسەر چەمکە زۆر باوکسالارەکان دامەزراون، تەگەرەی زۆر گەورەن. هەرچەند دەستوور و یاسا ڕێپێدراوەکانی بەنگلادیش بەشێوەیەکی گشتی یارمەتیی هاووڵاتییانی لاوازی دا بۆ داواکردن و پیادەکردنی هەندێک ماف، بەڵام پاراستنی مافەکانی ژنان لەلایەن سیستمی یاساییەوە دەبێ تا ڕادەیەک بەگومانەوە تەماشا بکرێ. بە ئاشکرا، بەندە یاساییە باوەکان گوماناوین و دەتوانرێ بۆ هەراسانکردنی ژنان بەکار بهێنرێن وەک لە یارمەتیدانیان. لەوەش زیاتر، دادوەرە تایبەتەکان (و تایبەتمەندانی پێوەنداری وەک پزیشک و فەرمانبەرانی پۆلیس) دەسەڵاتێکی بەرچاوی بڕیاردانیان هەیە بەپێی سەلیقە کە دەکرێت کاریگەری لە بڕیارەکانی سەبارەت بەکێشەکانی بەزۆر بەشوودان بکەن.

لێکدانەوە کولتوورییە باوەکانی سەبارەت بە سێکسواڵیتیی پەسند و ڕێزداری و کەسێتیی بەجێندەربوو بەناو مانا یاساییەکان و ڕاڤەکردنەکانی یاسادا تەشەنەیان کردووە. زۆربەی کات

بیـرۆکـەکانی مـێـیـەتیی پەسند و پایەی خێـزانی باوکسـالاری کە دادوەران پشتی پێ دەبەستن کـاریگەرییان هەیە لەسـەر پتـەوکردنی هەژمـوونە باوەکانی جێندەر و چین و ئاین و سێکسوالیتی. سریماتی باسو دووپاتی کردەوە کە لە کایەی دادگەکانی هیندستاندا:

یاسـا لەلایەن ئەو دادوەرانەوە بـەڕێوە دەبرێت کـە بیـروڕاکـانی لۆجـیک و هەقـخـوازی و دادپەروەرییـان لەنـاو جـیـهـانە پڕ هەڵبـەزودابەزەکـانی خـۆیاندا چەسـپـیـون و لێـرەشـەوە ڕاڤـەکـردنەکـانیـان لایەنگیـرییـە کـولتـوورییـەکـان پتـەو دەکـەن لەو کـردارەی ئەوان دەیکەن بۆ تێپەڕاندنیان لە ڕێگەی یاساوە (باسو ١٩٩٩، ل٢٥٠).

بەمجۆرە کاتێک دادوەرێکی نێرینە کچێکی گەنجی "ڕفێندراو" دەخاتە ژێر چاودێرییەوە لەناو خـێـزاندا یان دەیخـاتە ژێر چاودێریی پاراسـتنەوە (هەمـوو ئەو بەڵگانە پشـتگوێ دەخـات کـە دەیسـەلمێنن ئەو دەتوانێ سـەربەخـۆ بژێت) ڕەنگە لەگـەڵ باوانی ژنەکـەدا چونیـەک بێت. یاخـۆ ئەو (پیاو) (یان ئەوی ژن لەو گرفتەدا) ڕەنگە لەو باوەڕەدا بێت کە پێویستە پشتگیریی خوو و نەریتی کۆمـەلایەتی بکات لە بەرامبـەر ئەوەی کە ئەو (ژن یان پیـاو) وا هەست دەکات لـەیەکترازانی بەها کۆمەلایەتییەکان بێت. بەرفرەوانکردنی ئەم مشتومڕە پێویستی بەوردبوونەوەی نزیکی زمان و ئەو ڕەوانبێژییە هەیە کە لە زۆرینەیەکی بەرفرەوانی حوکمەکاندا بەکار هاتووە.

ڕەوشـەکە داوای هەریـەک لە ستراتیجی یاسایی و کۆمـەلایەتی دەکات(٤٧). ئەو بەندە یاساییـە کارپێکراوانەی ئێستا هەن پێویستە سـەرلەنوێ داڕێژرێنەوە بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەوانە بدات، وەک لەوەی هەراسانیـان بکات، کە هەوڵی بەدەسـتـهێنانی پاراسـتنی دەوڵەت دەدەن و دەیانەوێ مـافی شووکردنیـان (یان شوونەکردنیان) بچەسپێنن. یەکێک لەو ڕێوشوێنە گونجاوانە دەشێ داواکردنی فـەرمـانی یاسـایی بێت دژ بەزۆرلێکردن لە شـووکـردنـدا. شـێـوازەکـەی ئەمـە هەر چۆنێک بێت، پارێزگـاریی یاسـایی پێویستـە بەشـێوەیەکی گونجـاو لەئارادا بێت و بەئاسـانیش دەست بکەوێ. هەنگاوێکی بەپەلە دەبێ بنرێ لە کێشانەوەی بەکارهێنانی چاودێریی "پاراستن" بەبێ ڕەزامەندیی ژنەکە، شـانبـەشـانی هەنگاوە گونجـاوەکانی ڕێگری لـە پێشـێلکردنی پیـادەکردنـەکانی چاودێریی پارێزگاریدا(٤٨).

سـەرەڕای ئەوەش، زۆرلـێکردنی کـەسـێک بۆ بەسـتنی پەیمانی هاوسـەرێتی دەبێ بکرێتـە تاوان. لەگەڵ ئەوەشدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هـاوسـەرێتیی تێکەڵی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان بووە و، دژوارییـەکانی دەسـتنیشـانکردنی "هێز" لەم کـایە کـولتـوورییـەدا، بەتـاوانکردن زەرووریـیـە بەلام دەرمـانی هەمـوو دەردێک نییە. زەمانەتکردنی دەستگەشـتنی ژنان بەو مـافـە یاسـاییـانە کـە ئەوان هەیانە کـارێکی پێویستـە. لەنێو چەندان شـتدا، ئـەم کـارە داوای هەست تیـژکردنـەوە و ڕاهێنانی دادوەران و فەرمانبەرانی پزیشکی و کاربەدەسـتانی پۆلیس و دادپرسان دەکات لەسـەر پرسـەکانی ڕەزامەندی و زۆرلێکردن و مافەکانی تاک بۆ هاوسـەرێتی.

بەداخـەوە، گۆڕینی تێڕوانینە باوکسالارە چەسپیوەکان کاتێکی زۆر دەخایەنێت. لە مـاوەی ئەو کاتەشدا، دەبێ ژنان و کچان خۆیان بەزانیاری لەسـەر مافە یاساییەکانیان دەوڵەمەند بکرێن.

سەرنجەکان:

١- ئەم باسە لێکۆڵینەوە لە یەکێک لە شێوازە هەرە بەربڵاوەکانی بەزۆر بەشوودان ناکات لە بەنگلادیش، کە بەهۆی ئەو فتوایانەی لەلایەن دادگە نافەرمییەکانی گوندەکانەوە یاخۆ شالیشەوە (سولحی عەشایەری) دەکرێن. شالیش دەشێ فەتوا دەربکات بۆ بەزۆر بەشوودانی ژنان یاخۆ بۆ ڕەتکردنەوەی دانانی بەڕەوایەتیی هەندێک هاوسەرێتیی دیاریکراودا. نموونەیەک لەوە برێتییە لە حیلە_ hilla یان "دەستخستنە" هاوسەرێتییەوە، کە لە ڕێی فەرمانەکانی شالیشەوە بەسەر ژنانی گوندنشیندا سەپێنراوە، بەتایبەتی پاش مشتومڕ لەسەر کەوتنی تەڵاق لە ئیسلامدا (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ٢٠٠٤ ب).

٢- تانیم حوسەین شاوۆن، س.م. موشفیقورڕەحمان و ئورمی ڕەحمان هەستان لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجام دا و ئاکامە سەرەتاییەکانیان بۆ توێژینەوەکە نووسی.

٣- واتا، هەریەک لەم گرووپە ئیتنییانە یاسای کەسیی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لە یاسای دادوەریی تایبەت بەخۆیاندا کاریان پێ دەکرێ.

٤- سوپاس بۆ سارا حوسەین کە ئاماژەی دا بەپێویستیی ڕەچاوکردنی ئەوەی کە یاساکە خۆشی پێوەری سێکسیی جودایە و وای دانا کە هاوبەشی ژیانی ژن بەپێی پێناسە نێرە.

٥- وەک لەلایەن سارا حوسەینەوە ئاماژەی پێ دراوە.

٦- بە هەندێک سنووردارییەوە، دەتواندرێ لە سایەی بەندی ٥٤ ی یاسای لێپێچینەوەی تاوان (CrPC) هەرکەسێک دەستبەسەر بکرێت، چاودێریی پاراستن هەرزەکانیش دەگرێتەوە.

٧- سەیری سۆنبۆل ١٩٩٦ بکە، کە پشتی بەتۆمارەکانی دادگە بەستووە، هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە، بۆ پیشاندانی هەریەک لە جۆراوجۆریی پیادەکارییەکانی یاسای کەسی و ئەو بوارە بەرچاوەی ژنانی چینە جیاوازەکان هەیانبوو لە بەردەم دادگەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی بۆ سکاڵاکردن.

٨- لە کێشەی بەناوبانگی سەدەی نۆزدەیەمی عەبدولقادر بەرامبەر سالیمە (١٨٨٦) ٨ All، ١٤٩)، سەید مەحموود.ج. دووپاتی دەکاتەوە کە هاوسەرێتی لەناو موسڵمانانا نەرێتێکی ئاینی نەبووە بەڵکو پەیمانێکی تەواو شارستانی بووە. سی ساڵ دواتر، لە کێشەی ئاشا بیبی بەرامبەر بە قادر (١٩٠٩ ٣٣ Mad 22) بۆچوونی یاسایی وا بوو کە پەیمانی هاوسەرێتی وەک پەیمانەکانی تر نییە، کە یاسا تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕێگەی بدات. بەهەمان شێوە، لە کێشەیەکی ناوداری تردا – ئەنیسە بەگوم بەرامبەربە موحەمەد ئیستەفا (١٩٣٣) ٥٥ All 743)- دەبوو هاوسەرێتی بەتەنیا وەک پەیمانێکی شارستانی دانەنرێت بەڵکو بەنەرێتێکی ئاینیش. چەند دەیەیەک دواتر لە کێشەی خورشید بیبی بەرامبەر بەمۆهد. ئەمین (PLD 1967,S.C 97)، س.أ. ڕەحمان.ج. سووربوو لەسەر ئەو ڕایەی کە هاوسەرێتی لەنێو موسڵمانانا نەرێتێکی ئاینی نەبووە بەڵکو لە شێوەی پەیمانێکی شارستانیدا بووە، سروشتی پەیمانەکە تایبەتە بەمانا شاراوە ڕۆحی و ئاکارییەکانیەوە.

٩- تۆمارکردنی پەیمانی هاوسەرێتی پاراستنی یاساییی گرینگ دەستەبەر دەکات بۆ ژنان هەروەک ئەو هاوسەرێتییانەی سەرزارەکین دەستەبەری زۆرێک لە بنەماکانی پاراستنی یاسایی ناکەن بۆ لەوەودوا، سەلماندنی مافەکانی میراتگری و نەفەقە و مارەیی دژوار دەکەن. سەلماندنی هەبوونی هاوسەرێتییەکی موسڵمانانە لە نەبوونی بەڵگەنامەی فەرمیدا مومکین نییە مەگەر لە حاڵەتێکدا کە یەکێک لە شایەتە

ئەسڵییەکان ئامادە بێ.

١٠- بەندی ٥ی فەرمانی یاسای خێزانی موسڵمان ١٩٦١ و یاسای هاوسەرێتی و تەڵاقی موسڵمان ١٩٧٤

١١- دکتۆرأ.ل.م عەبدولا دژ بەرۆقەیە خاتون ((١٩٦٩) ٢١ DLR 213) ڕای گەیاند کە "تاوەکو بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ و بەڵگەی دیاریکراو نەسەلمێنرێت کە ژنەکە ڕەزامەندیی خۆی لەسەر هاوسەرێتییەکە پیشان داوە، هەر شتێکی تری لەوە کەمتر هاوسەرێتی ناسەلمێنێت".

١٢- هەرچەند تێکرای تەمەنی شووکردن لە بەنگلادیش لەم ساڵانەی دواییدا بەرز بووەوە، تێکرای تەمەن لە هاوسەرێتیدا بۆ هەرزەکاران تەواو لە ژێر کەمترین ڕادەی یاساییەوەیە. تێکرای تەمەنی نیشتمانی بۆ هاوسەرێتیی یەکەم جار بۆ مێیینە ١٨ ساڵ و نێرینە ٢١ ساڵە. هەرچەندە لە ناوچە گوندنشینەکاندا ژمارەیەکی بەرچاوی کچان لە نێوان تەمەنەکانی ١٤ و ١٦دا بەشوو دەدرێن. تێکرای تەمەن لەماوەی هەرزەکاریدا ١٢-١٤ بۆ کچان و ١٣-١٤ بۆ کوڕان. ڕوودانی هاوسەرێتی لەنێو کچاندا نزیکەی ١٨ جار بەرزترە لە هی کوڕان لە کاتی هەرزەکاریدا بڕوانە www.unescobkk.org/ips/arh-web/ demographics/demosub/

١٣- لە سایەی یاسای کۆنی موسڵماندا، کچێکی هەرزە کە لەلایەن باوک یان باپیرەوە پەیمانی هاوسەرێتیی پێ دەبەسترێ ناتوانێ مافی باڵقبوون بەکار بهێنێ. هەرچەند یاسای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتیی موسڵمانی ١٩٣٩ ئەم بەربەستەی هەڵگرت، تەنیا بە بەراوردکردنی بەمافی سەر ژنەکە، چونکە مێرد مافێکی بۆماوەیی هەیە بۆ تەڵاقدانی ژن هەر کاتێک بیەوێت بەبێ هێنانەوەی هیچ بەهانەیەک. ئەوەی جێی سەرنجە پیاوێک کە لە هەرزەییدا ژنی هێنابێ هەمان ئەو مافانەی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتیی هەیە بەڵام لەم حاڵەتەدا هیچ بەندێکی یاسایی نییە کە لە چوارچێوەیدا پیادەی مافی خۆی بکات.

١٤- بۆچوونی یاریدەدەرێکی دادوەری گەورە، دادگەی خێزان، باسکردنی تۆمار.

١٥- بەپێچەوانەوە یاسای ١٨٥٦ سنوور بۆ هەندێک لە مافەکانی ژنان لەو کۆمەڵگانەدا دادەنێت، کە پێشتر شووکردنەوەی بێوەژنیان پەسند کردووە _(سەیری Sen، ١٩٩٨ بکە).

١٦- لە جیاوازییەکی زیاتردا لەگەڵ هیندستان پیاوانی هیندۆسی بەنگلادیش هێشتا لە توانایاندایە بچنە پرۆژەی فرەهاوسەرییەوە.

١٧- زۆر سوپاس بۆ ئەفسان چۆدری بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەم "مەترسییە نائاساییە".

١٨- بۆ نموونە، لە ٩٢٦ کێشە کە پێوەندییان بەهاوسەرێتییەوە هەبوو کە لە نێوان تەمووزی ٢٠٠٣ و شوباتی ٢٠٠٤ دا لەلایەن ASKەوە وەرگیراون، تەنیا ١٧ دانەیان پێوەندییان بەژنانی هیندۆسەوە هەبوو (شارما ٢٠٠٤، ل٨).

١٩- ئەم بەشە بەزۆری پشتی بەستووە بە (پیرێرا ٢٠٠٢، ل ٤٦-٥٨).

٢٠- یاسای هاوسەرێتیی مەسیحی ١٨٧٢، بەشی ١٩,

٢١- مەسیحییەکانی پاکستان، لە ژێر هەمان ئەو یاسا کۆنانەدان، ئێستا دەتوانن هاوسەرێتی هەڵوەشێننەوە یان چوونە ناو هاوسەرێتیی نوێ بەگۆڕینی مەزهەب لە کاتۆلیک یان پرۆتستانتەوە بۆ تاقمە بچووکە ئیڤانجلیکەکانی وەک کڵێسای خودا. بەداخەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کڵێساکان کە گرینگترین ئەنجوومەنی دەسەڵاتداری کلێساکانی پاکستانە دان بەو جۆرە هاوسەرێتی و تەڵاقانەدا نانێ. ئەنجام، ئەو ژنانەی لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕفێنراون خۆیان لە بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی

یاسایی ڕەوشێکدا دەبیننەوە (HIMEL,15/08/02:23–).

٢٢– هەندێک مشتومڕ هەیە لەسەر ژمارە و قەبارەی ڕاستەقینەی گرووپە ئیتنییەکان. ئەندامانی کەمینە ئیتنییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژمارەیان بەشێوەیەکی بە بەرنامە لە سەرژمێرییەکاندا بەکەم دادەنرێن بۆ ئەوەی مافەکانیان لاواز بکرێت (موحسین ٢٠٠٠).

٢٣– بۆ باسکردنی پیادەکارییەکانی هاوسەرێتی لەناو هەندێک گرووپی دیاریکراودا سەیری ڕەحمان و شاوۆن بکە.

٢٤– ئایدیۆلۆجیا کولتوورییەکانی "شەرەف" و "ئابڕوو" و "سەلاری" بەشێوەیەکی یەکسان هاوبەشن لە نێوان بەنگالیزمانانی ئاینە جیاوازەکاندا. شیکارییەکانی ئەم بەشە بەسەر هەموو ژنانی بەنگالیزمانی گشت کۆمەڵگەکاندا دەچەسپێت.

٢٥– چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر ئەلینا خان، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە، کۆمەڵەی بەنگلادیشی خستنەکاری مافەکانی مرۆڤ.

٢٦– چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر و.م. حابیبوونیسا، ناریپۆکۆ کە ڕێکخراوێکی مافەکانی ژنانە.

٢٧– لە لێکۆڵینەوەیەکی تری ASKدا ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ژناندا ئەنجام درابوون دەریانخست کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنیا کاتی زەماوەند هەوڵی وەرگرتنی ڕەزامەندیی ژنان دەدرێت کە تەنیا بۆ ناوە و هەمیشەش کەسێکی تر لەجیاتی بووکەکە ڕەزامەندی دەدات (کەمال ٢٠٠١، ل٥٥).

٢٨– وەکالەت زاراوەیەکی ئاڵۆز و ڕێژەییە، وەک "سەربەستیی هەڵبژاردن" چەمکێکی تەواو ئاڵۆزە. بۆ هەر تاکێک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێوەندییە بەرجەستە بەیەکداچووەکانی بنیادی دەسەڵات چارەکان و "هەڵبژاردەکان" پێک دەهێنن. توانای پیادەکردنی مافی هەڵبژاردن لەو کاتەدا تەواو پڕ دەبێ کە پرسەکانی ئابووری و نەداریی کۆمەڵایەتیی تێوە دەگلێن (Asad,2000).

٢٩– ناوەکە بۆ پاراستنی کەسێتی شاراوەتەوە، بەبێ هیچ گومانێک.

٣٠– لە لێکۆڵینەوەکەیاندا لەسەر هەستپێکردنی کۆمەڵگەی کۆچبەرانی پاکستانی و بەنگلادیشی بەمەسەلەی بەزۆر بەشوودان سەمەد و ئیدا دەنووسن "ڕادەیەک تەمومژ هەیە لەسەر تێگەیشتن لە زۆرلێکردن بەتایبەتی کە پێوەندیی بەهاوسەرێتیی نێوان ئاینەکانەوە هەبێت. هێز پەسند نەکراوە بەڵام وەک دەردەکەوێت پاڵەپەستۆی دەروونی و سۆزداری قبووڵ کراون (١١٠:٢٠٠١).

٣١– لێکۆڵینەوەکەی پرێم چۆدری لەسەر هاوسەرێتیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانی هیندۆسی لە باکوری هیندستان ڕوونکردنەوەیەکی قووڵ لەم ڕووەوە_ پێشکێش دەکات. کاتێک کە سنوورەکانی نێوان چینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕوولەزیاد تەنک دەبنەوە. ڕێساکانی "شەرەف" زۆر بەتوندتر پارێزگارییان لێ دەکرێت. ئەمە هەندێک لەو توندوتیژییە قورسە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی نەرێتەکانی چینی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی تێک دەشکێنن لە هاوسەرێتیدا دووچاری دەبن (چۆدری ١٩٩٨، ل٣٣٣).

٣٢– حەز دەکەم سوپاسی تانیم حوسەین شاوۆن بکەم بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم خاڵە.

٣٣– ئەو دوو بنکە پۆلیسەی بەنموونە وەرگیراون دەکەونە هەرێمی گەورەی سیلهێت. بۆ پاراستنی نهێنێتی، چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوان و ئەو کەسانەی کێشەکانیان پێداچوونەوەی پێدا کراوە شوێن و ناوەکان شاراوەتەوە یان گۆڕاون.

٣٤– ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ژن و کچە بەنگلادیشییانەی زۆریان لێ کراوە بۆ شووکردن مافەکانیان

پێشێل نەکراون. جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە یاسا لە بەنگلادیش بەزۆر بەشوودان وەک پێشێلکاریی مافە کەسییەکان ناناسێت.

٣٥- وەک چۆن لەلایەن کاتی گاردنەرەوە دووپات کراوەتەوە لەو کێشەیەدا کە لێکۆڵینەوەی بۆ کردووە لەسەر کچێکی لەندەنی وەک وای پێ دەوترێت لە سیلهێت (گاردنەر ١٩٩٥).

٣٦- سەبارەت بەوەی کە ئەو جۆرە پیادەکارییانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسند کراون، بەربڵاون، لە لیستی میوانی زەماوەندەوە ئاشکرا دەبێ، کە بەئاشکرا ناوی کەسایەتیی زۆر پایەبڵندی تیایە لە دەزگەی پەیڕەوکەری یاساوە و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤیشی تێدایە.

٣٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر ئیبراهیم عەلی جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە سیلهێت.

٣٨- فەرمانی دادگەکانی خێزان ١٩٨٥ دادگەکانی خێزان گوێ لەو کێشانە دەگرن کە پێوەندییان بەژنومێردایەتییەوە هەیە وەک هاوسەرێتی و تەڵاق و مارەیی و نەفەقە و، دەسەڵاتی یاسایی هەیە بەسەر هەموو کۆمەڵگەکاندا (جگە لە هاوڵاتییە بنەچەییەکانی چیتاگۆنگ هیل ترکتس) و لەلایەن یاریدەری دادوەرێکەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

٣٩- ئیفتیخار نازیر ئەحمەد خان بەرامبەر غولام کیبریا (١٩٦٨) ٢٠ DLR (WP) 176 ; خەدیجە بەگوم و ئەوانی تر بەرامبەر مد. سادق سەرکار ٥٠ DLR 181، خورشید بیبی بەرامبەر بابوو محەمەد ئەمین (١٩٦٧) ١٩ DLR (SC) 59، مۆست. سەردار بانو بەرامبەر سەیفوڵڵا خان ٢١ .DLR (WP) 115

40- (1984) 34 DLR 221.

٤١- هەمان سەرچاوە، ل. ١٧٢

٤٢- حوسنە ئارا بەگوم بەرامبەر ڕەزاول کەریم ٤٣ DLR (1991) 543، وەرگیراو لە مانسور، ١٩٩٩.

٤٣- بڕوانە مۆنیندا کومار دژ بەدەوڵەت ٤٢ DLR (1990) 349 و ئەناندا مۆهن بانێرجی دژ بەدەوڵەت ٣٥ DLR (١٩٨٣) ٣١٥.

٤٤- کانونیسا دژ بە ئیلی بیگوم ٤٨ DLR (اد) (١٩٩٠).

٤٥- سوکیندرا چاندرا داس دژ بەسکرتێری وەزارەت ٤٢ .DLR (1996) 79

٤٦- لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ـەوە ژنان و منداڵان چیتر بەناوی چاودێریی سەلامەتییەوە نانێردرێن بۆ زیندان.

٤٧- ئەم بەشە ڕاسپاردەکانی پارێزەران و چالاکوانان لەخۆ دەگرێت کە لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە توێژینەوەکەی ASKدا. پێشنیازەکانی پارێزەر ئیبراهیم عەلی بەتایبەتی سوودمەند بوون.

٤٨- لە تەمووزی ٢٠٠٣دا یاسای هەموارکراوی کپکردنی توندوتیژیی دژ بەژنان و منداڵان دەرکرا، کە داوای دەکرد ڕەزامەندیی ژن/ کچەکە لەلایەن دادگەوە بەهەند وەربگیرێت پێش دەرکردنی فەرمانی خستنە ژێر چاودێریی سەلامەتییەوە.

## بەشی پازدەم

# لە باوکانەوە بۆ مێردەکان

### سەبارەت بەئەوین و مەرگ و هاوسەرگیری لە باکوری هیندستان

ئوما چاکراڤارتی

خاوەندارێتی و جڵەوگیریی ژن لەلایەن پیاوی خاوەنیەوە لە بیروباوەڕە یاساییەکانی وەک زینا، فریودان و هاندانندا گۆش کراون. باوکان هەوڵ دەدەن کچەکانیان لەو پیاوانە بسێننەوە کە کچەکان هەڵیانبژاردوون بۆ ژیان بە پەنابردنە بەر تۆمەتبارکردنی پیاوەکە بەڕفاندن و هەڵگرتن و هەروەها زۆرکردن لە کچەکانیش بۆ ناچارکردنیان بەشووکردن. ئەم بەندە ئەوەندە برەوی هەیە دادگە تێبینیی ئەوەی لەسەر هەبوو کە "بەداخەوە بەندێکە بۆ ئاژاوەگێڕی و ئازاردان زیاتر لە هەر بەندێکی تری دیاریکراوی یاسای سزادان دێتە بەردەم دادگەکان".

## سەرەتا: دەستپێکردنێکی درەنگ

باسی توندوتیژی، گەمارۆی هاوسەرێتی یان ئەو هاوبەشییانەی داوە کە لەلایەن باوانی هاوبەشەکانەوە بڕیاریان لێ نەدراوە بەتایبەتی هی ژن/ کچەکە و، لەم چەند ساڵەی دواییدا بووەتە مایەی پەرۆشییەکی بەرچاو لە هیندستان. ئەو توندوتیژییەی دەوری ئەم هاوسەرێتییە سەربەخۆیانەی داوە کە لە باشووری ئاسیا بەهاوسەرێتیی خۆشەویستی ناو دەبرێن و لە کۆمەڵێک شوێنی بەرفرەوانی وەک خۆرئاوای ئاسیا و باشووری ئاسیا و کۆمەڵگە ئاوارەبووەکانی سەر بەم ناوچەیە بەهەڵە زاراوەی "تاوانەکانی شەرەف"یان بۆ بەکار دێت (لە حاڵەتەکانی کوشتنیشدا "کوشتنەکانی شەرەف"). ئەو فێمینیستانەی لەم بارەیەوە دەنووسن و گرووپەکانی بەرهەڵستی دژ بەو جۆرەی توندوتیژی دەیانەوێ زاراوەکە داڕێژنەوە، هەرچەند لە چوارچێوەیەکی ناسەقامگیردا دایدەنێن تاوەکو خۆیان لە بارگرانییە ئایدیۆلۆجییەکەی بەدوور بگرن. من ئەمە بەخۆبەدوورگرتنێکی تەواو دانانێم، ئێمە وەک فێمینیست پێویستە زاراوەکە وەلاوەبنێین لە گەڕان بەدوای دانەیەکی تردا کە توندوتیژی لە کوشتن و پێشێلکارییەکاندا قەتیس نەکات، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر دروست وەسفی بکات و دان بەلێکدانەوە فێمینیستییەکانی توندوتیژیدا بنێت کە ئەو ئایدیۆلۆجیایە قبووڵ ناکەن لە سایەیدا ئەو جۆرە توندوتیژییە دەمامکپۆش کراوە(١). تەنیا ئەو ڕاستییەی کە زاراوەی "کوشتن لەسەر شەرەف" گەیشتووەتە ئەو ئاستەی زیاتر لە مەحفەلە نێودەوڵەتییەکاندا بەکار بێت، وام لێ دەکات زیاتر نیگەران بم چونکە توندوتیژییەکە گرێ

دەدرێتـەوە بە"تایبـەتمەندێتـیی" کولـتووره ئاسـیاییـیـەکان و بەکـۆمـەڵگە ناعەقـڵانیـیـەکـان و ئەو پیادەکارییە ناوێزە و کۆنباوانەی تازەگەری ڕەت دەکەنەوە. ئەم بەشـە لەجیاتی ئەوە لە بنیادەکانی دەسەڵات دەکۆڵێتـەوە کە ڕێگە بۆ ئەو جۆرەی توندوتیژی خۆش دەکەن بەپشـتبەسـتن بەو کارە زۆر و پێشەنگەی لەلایەن کۆمەڵەی داکۆکیکردن و دەستپێشـخەریی یاسـایی (ک.د.د.ی) ئەنجام دراوە کە گرووپێکی پشـتگیـریی یاسـایـین لە لوکناو لە باکـوری هیندسـتـان و گـرووپەکـانـی تری ژنانی وەک کۆمەڵەی ژنـانی دیموکراتخوازی هەموو هیندسـتان (ک.ژ.د.ه) لە ڤانانگانا و کۆمـەڵەی ئافرەتان بۆ ئامـادەکـردن و کـارکـردن (ک.ا.ا.ک). هەروەها پشت بەئەزمـوونـی ئەو ڕاسـتـیـیـانەی خـۆم بۆم دەرکەوتوون وەک ئەندامێکی گرووپێکی مـافـە دیموکراتیـەکان دەبەسـتم و هەروەها نووسـینەکانی ژمارەیەک لێکۆڵەرەوەی فێمینیست کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە باشووری ئاسیا دەرکەوتن(٢).

کایەی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆجیی توندوتیژی لەسەر هاوسەرێتییە سەربەستەکان:

## بیرۆکەی عیزەت (شکۆمەندی) لە باکوری هیندستان

بناخەیەکی کۆن و بێ هاوتای دابەشکردنی چینایەتی لە چەندان بەشی گەورەی نیمچە کیشوەری هیندیدا بریتـیـیـە لە سـیـسـتـمـی چینی کـۆمـەڵایەتی caste کـە هەرەمـێکی ورد و ئـاڵۆزە پشـتـی بەگرووپەکانی لەدایکبوون بەستووە. لە ڕووی مـێژووییـیەوە ئەم گرووپانەی پلەوپایەی کۆمـەڵایەتی پێوەندییان بەدەسـەڵات بەسـەر زەویوزار و سـەرچاوەکانی تری بـەرهەمـهێنانەوە هەبوو، بەمـجـۆرە لەوێ سـیـسـتـمـی چینی کـۆمـەڵایەتی شـێـوازێکی باڵادەسـتی دابەشکردنی چینایەتی بـوو کـە بەشـێـوەیەکی ئاشکرا هاوشـێوەیە لـەگەڵ چیندا. سـەراپای بنیاد و بـەرهەمـهێنانەوەی چین وەک سـیـسـتـمـێک بەند بـوو بەژنخـوازییـەوە لەناو یـەک چینی کـۆمـەڵایەتیـدا، کە بـەوردی کـۆنتـرۆڵی هاوسـەرێتییـەکانی ناو گرووپە پێکەوە گرێدراوەکان دەکات. زاوزێکردن لە هەمـوو جێیەک لە ڕووی مێژووییـیەوە زیاتر کارێکی کۆمەڵایەتی بووە وەک لە تاکەکەسی، بەڵام هەروەها بەشـێوەیەکی ئاڵۆز گرێدراوە بەئابووریی سیاسیی کۆمـەڵگەکان و ئەو شێوازانەی ئەم کۆمەڵگانە تیایدا وەک کۆمەڵگە ناسـراوەکان خۆیـان ڕێک دەخەن و بەرهـەم دەهێننەوە. سـیسـتـمی هاوسـەرێتی لە هیندسـتـان زۆر بەباشی ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە.

پێـشـێلکردنـی ڕێسـاکـانـی هاوسـەرێتـی وەک دەسـتـدرێژی بـۆ سـەر شکۆمــەندی ("شـەرەف" و "کەرامەت") دادەنرێ، کە ژمارەیەک چەمکی پیاوانەن بۆ بەهێزکردنی پیادەکارییەکانی باوکسالاری بەسـەر هەمـوو چینە کۆمەڵایەتییەکانی هیندستاندا. کارکردن بۆ ڕاگیرکردنی شکۆمـەندی (عیزەت) بەردەوام مـافـێکی تایبـەتی نێـرینە بووە: ژنـان تەنیـا دەتوانن "هـاندەری" کـار بن، لەبـەرئەوەی توندوتیژی بۆ ڕاگیرکردنی شکۆمـەندی پەسند کراوە، بەکارهێنانی زاراوەکە مـانای ڕاستـەقینەی زاراوەکـە لەو کـەسـانەی دووچاری توندوتیژی دەبن دەشـارێتـەوە. وەک توێژینەوەی کـێـشـەکـان لە خوارەوە پیشانی دەدەن، چەمکی "شـەرەف" لە سزادانی "دەستدرێژیکەرانی شەرەف"دا لە بنەڕەتدا ئامرازێکی هێشتنەوەی بنیادە مادییەکانی دەسەڵاتی "کۆمەڵایەتی" و باڵادەستیی کۆمەڵایەتییە.

"شەرەف" لە ئایدیالە هەرە بەهاپێدراوەکانی سیستمە باوکسالارەکانی نیمچە کیشوەرەکەیە، ئیتر هیندۆسی سیخ یان موسڵمان بن، زۆربەی کۆمەڵگەکان هەوڵ دەدەن "شەرەف" بەدەست بهێنن و بپارێزن. بەگشتی شکۆمەندی بەگوێرەی ڕادەی ئەو ڕێزەی لەلایەن کەسانی ترەوە پێشان دەدرێت، پێوانە دەکرێت. بەبێ گوێدانە ئەوەی چەندێک شەرەف خراوەتە پاڵ چینێکی دیاریکراوەوە، خێزانە تایبەتەکان دەکرێت لە ڕێگەی پارە و دەسەڵاتەوە "شەرەف" بەدەست بهێنن یان لەدەست بدەن. بەڵام لەبەرئەوەی هەموو خێزانەکان پارە یان دەسەڵاتیان نییە چەند خەسڵەتێکی تریش گرینگن. ئەو کردارانەی گونجاون یان بەگوێرەی پێوانەی ڕێساکانن و دەست دەگرن بە"پوختی" و "شەرەف"ی خێزان و بنەماڵە و چینەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی "شەرەف" و "پوختی"ی چین و خێزان و بنەماڵە پیس دەکەن نەگونجاون. ژنان عەمباری "شەرەفی خێزانن"، هی خێزانەکەی خۆیان کاتێک کچن و هی خێزانی مێردەکەیان وەک ژن و دایک، وەک سەرنج دەدرێت لە وتەیەکی باودا کە بەردەوام لەلایەن باوانەوە بۆ کچ و مناڵ و بووکەکانیان دووبارە دەکرێتەوە "شکۆمەندیی خێزان لە دەستی کچەکەیدایە". ئەمە بەلای ژنانەوە ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵسوکەوتی "بێشەرەفانەی" ئەوان بۆ هەتاهەتایە خێزانەکانیان لەناو دەبات. بەمجۆرە لە ڕێگەی پەنابردنی بەردەوامەوە بۆ چەمکە دووانەکانی "شەرەف" و "بێشەرەفی" خێزانەکان یا هەڵسوکەوتی گونجاو دەکەنە مەرج بەسەر ژنەکانەوە یان هەڵسوکەوتی نەشیاویان شەرمەزار دەکەن.

ئەم بیرۆکەیە تا ڕادەیەک سەلامەتیی شکۆمەندی، پێکەوە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئافرەت خۆی (و. بەم پێیەش تێوەگلانیان) لە ڕاگرتنی ئەو جۆرە بیروڕایانە و دەسەڵاتی مادی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانیان و پاراستنی پێوەرە ڕێساییەکانی خێزان و کۆمەڵگەکانیان. تەنانەت ئەو پیاو و ژنانەی کە لە دامێنی هەرەمی کۆمەڵایەتیدان، لەبەرئەوەش هیچ سوودێکی مادیی وەها بە دەست ناهێنن لەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدان، هاوپشکی کولتووری چینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکانی خۆیانن. ئەوانیش یاسا و ڕێسای خۆیان هەیە بیپارێزن و، هاوسەرێتی لەگەڵ هاوبەشێکی شیاودا کە لەلایەن خزمە نێرینەکانەوە وتووێژی لەسەر کرابێت، بەشێکە لە ژیانیان بەهەمان ڕادەی کە ئەمە بەشێکە لە ژیانی ژنانی تر. هاوسەرێتیی ناو ئەندامانی یەک خێڵ لە هەموو جێیەک هەیە، لەناو هیندۆس و غەیرە هیندۆسدا دەکرێت، چونکە زۆرێک لەو کۆمەڵگانە پیادەی جیاوازییەکانی چین و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دەکەن.

ئەو توندوتیژییەی لە باکوری هیندستان دەوری پێوەندییە "سنوورشکێنەکانی" داوە بەردەوامی تێوەگلانی دەستە و تاقمەکانی ناو سیستمی یاساییی نافەرمیی تێدایە وەک ئەنجوومەنی پانچایاتس Panchayats لەسەر ئاستی گوندەکاندا، چەند دەستەیەکن بەشێوەیەکی تەقلیدی هەڵنەبژێردراون کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سزادانیان هەیە، بەڵام دالیتەکان Dalits یان ژنان لەخۆ ناگرن، لە ١٩٦٠ـەکانەوە پانچایاتە یاساییەکان دامەزران کە دەستەی هەڵبژێردراو بوون پاش زنجیرەیەک هەموارکردن ئێستا جێیان بۆ ژنان و دالیتەکانیش داناوە، بەمجۆرە ئێستا دەستەی جۆراوجۆر لە گوندەکاندا هەن[٣] لە سەراپای چینە کۆمەڵایەتییە هیندییەکان و کۆمەڵگە ئاینییەکاندا توندوتیژی بەشێوەیەکی بەرفرەوان قبووڵ کراوە[٤].

هاوسەرکاریی "خۆشەویستی" هەڕەشەیەکی ئاشکران بۆسەر ئەم تۆڕە ئاڵۆسکاوەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و مادی و کولتوورییەکان کە پێویستییان بەبنیادێکی دیاریکراوی هاوسەرێتی هەیە. هەر کە "خۆشەویستی" یان "مافی هەڵبژاردن" دانی پێدا نرا، جڵەوکردنی هاوبەشە گونجاوە یەکتر هەڵبژاردووەکان لە چوارچێوەی بازنەیەکی پەسندکراودا دەبێتە کارێکی دژوار. (پێویست ناکات هۆکارە کۆمەڵایەتی و مادییەکان کە سیستمی هاوسەرێتی لە هیندستان ڕاگیر دەکەن لە هەموو حاڵەتێکدا کار بکەن تاوەکو دژایەتی بۆ هاوسەرێتییە ئارەزوومەندانەکان ڕوون بکەنەوە لە ئەنجامدا یاسا کولتوورییەکان دەتوانن بەسەربەخۆیی کار بکەن بۆ ڕێگری لە مافی هەڵبژاردنی ئەو تاکانەی کە نەریتی هاوسەرێتی پەسندکراوی کۆمەڵگە و باوان پێشێل دەکەن). بەمجۆرە ڕەدووکەوتن بوارێک دەهێنێتە پێش بۆ درککردن بە هاوسەرکاریی "خۆشەویستی" و "ئارەزوومەندانە" کە لە ڕاستیدا خێزانەکان ڕێگەی لێ دەگرن یان لەوەدان ڕێی لێ بگرن. هەرچەندە، ڕەدووکەوتن بواریش بۆ گەشەسەندنی "هاوسەرێتی تاوانکارانە" لە هیندستان خۆش دەکات، وەک لە خوارەوە تیشکی خراوەتە سەر. "تاوانی" هاوسەرێتیی "خۆشەویستی" تەواو لەوێدا زەق دەکرێتەوە کە کۆمەڵگە ئاینییەکان تێ دەپەڕێنێت، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە ژنانی هیندۆس شوو بەپیاوانی موسڵمان دەکەن کە سروشتی تابوو ئاسای پێکەوەبوونەکە ڕەدووکەوتن دەسەپێنێت.

بیروباوەڕی مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان وەک کالای سێکسیی کۆمەڵگەکانیان زۆر بەقووڵی کراوەتە پەیڕەو و زۆر جار توندوتیژیی لەگەڵدایە و نەک بەتەنیا وەگەڕخەری خێزانە بەڵکو کۆمەڵگەش وەگەڕ دەخات. لەکاتێکدا مێژوویەکی درێژی قسەڵۆک هەیە لەسەر ڕفاندن و زۆرلێکردن لەدەوری ئەو جۆرە پێوەندییانە کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٢٠ و ١٩٣٠ـیەکان لە ناوچەی بەنگالدا، کاتێک سنوورەکانی نێوان کۆمەڵگە ئاینییەکانی هیندۆس و موسڵمان لە ڕووی سیاسییەوە دەستیان بەتوندوتۆڵبوون کرد. ئامادەکاریی بەرەی ڕاستڕەوی هیندۆسی لەم ساڵانەی دواییدا بووە هۆی بزاوتی ئایدیۆلۆجی و ڕێکخراوەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە پێوەندییانە. ئەم ڕێکخراوانە لەپێشدا سۆراخی ڕاگەیاندننامەکانی هاوسەرکاری لە فەرمانگەی تۆمار دەکەن (وەک چۆن بەپێی بەشی ١٠–١٥ی یاسای تایبەتی هاوسەرێتی ١٩٥٤ پێویست کراوە) و پاشان دایک و باوکی کچ/ ژنەکە ئاگەدار دەکەنەوە کە کچەکەیان خەریکی شوویەکی ژێربەژێرە لە دادگە. بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەوە، ئافرەتانی هیندۆس هیچ ڕێگەچارەیەکی کردارەکیی تریان لەبەردەمدا نامێنێت بەتەنیا گۆڕینی ئاین و شووکردن لە سایەی یاسای ئیسلامدا نەبێت(٥) توندوتیژیی پێش هاوسەرێتییە یاساخەکان و دواتریش (گەر دووانەکە سەرکەوتو بوون لە هاوسەرێتییەکەدا) بووەتە نەرێت، هەڕەشەکردن بۆ مەبەستی تێکدانی یاسا و ئاسایش لەلایەن پۆلیس و دەسەڵاتی جێبەجێکەرەوە بۆ پاشگەزکردنەوەی کچ/ ژنەکە بەکار هاتووە.

کارەساتێکی نوێی جەرگبڕ ڕووی دا لە میانە و پاش کوشتارەکەی گوجاراتی ساڵی ٢٠٠٢، لە ترۆپکی توندوتیژیدا گیتا کە ژنە هیندۆسێک بوو، ڕاکێشرایە دەرەوەی ماڵەکەی، ڕووت کرایەوە و کوژرا و پاشان وەک پەندێک بۆ ئەو سزایەی چاوەڕێی هەموو ئەو ژنانە دەکات کە پەرژینەکانی کۆمەڵگەیان شکاندووە تەرمەکەی لەسەر شەقامەکە بەجێ هێڵدرا (ڕۆژنامەی تایمزی هیندی،

١٩ی نیسانی ٢٠٠٢). چەند مانگێک دواتر ژنێکی هیندۆس کە شووی بەمەسیحییەک کردبوو بەزۆر لەلایەن شەلاتییە ڕاسترەوەکانەوە لێی جیاکرایەوە و زۆری لێ کرا کە سکە چوار مانگەکەی لەبار بەرێت (سەردەمی یاسایی، ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٣، ئیندیان ئێکسپرێس ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٣). پۆلیسە خۆبەخشەکانی ئاکار کە پارێزگاریی تخووبەکانی کۆمەڵگە دەکەن بەمجۆرە سیناریۆیەکی پێشتر ئامادەکراو سەبارەت بەهاوسەرێتییەکانی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان دادەڕێژن[٦]. لە ڕەوشێکدا، کە باوک و خێزان و کۆمەڵگە و تەنانەت دەوڵەتیش دەکرێت چەندان ڕادەی جیاوازی توندوتیژی دژ بەژنان بەکار بهێنن و، ئایدیۆلۆجیای هیندوتڤا Hindutva بەهۆی جەختکردن لەسەر ئەوەی ژنان عەمباری "شەرەف"ی نەتەوەی هیندۆسن و، بەمجۆرە دەستیان کرد بە بەرفرەوانکردن و لەنووکەوە دروستکردنەوەی ڕەوایەتی بەخشینە توندوتیژی دژ بەو جووتانەی لە دەرەوەی تخووبەکانی کۆمەڵگە هاوسەرێتی دەبەستن[٧].

## چیرۆکەکانی توندوتیژی

ڕەدووکەوتنێک و چوار کوشتن

دوو خوشکی جاتەکان Jat (کە چینێکی کۆمەڵایەتیی کۆنی دەسەڵاتداری خاوەن زەویوزاری ویلایەتەکانی هاریانای باکوری هیندستان و ئوتار پرادێشی خۆرئاوان) بەناوەکانی سوشیلا و لالیتا ئێوارەیەکی درەنگ لە ماڵی باوانیان دیار نامێنن و دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە ڕفێندرا بن. ڕۆژێک دواتر لە دەرەوەی نووسینگەکانی فەرمانگەی حکوومەتی ناوچەکە دەست کرا بەخۆپیشاندانی جەماوەری بۆ داواکردنی دۆزینەوەی تاوانباران، پوختەی کێشەکە و خۆپیشاندانەکە لە راپۆرتی هەواڵەکاندا بڵاو بووەوە کە ژمارەیەکی زۆریان پشتیان بەگێڕانەوەکانی ڕۆهتاس بەستبوو کە گوندنشینێکی ناوچەکە بوو. ڕۆژی دواتر پۆلیس ١٢ کەسیان ڕاپێچ کرد بۆ لێپێچینەوە کە هەموویان دالیت بوون (کە پێکهاتوون لەو چینە کۆمەڵایەتییانەی پێشتر بە"گڵاوەکان" ناسرابوون). دووان لەوانەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ کرا خزمایەتییان لەگەڵ ڕاجپال هەبوو، ئەو دالیتەی بەگوێرەی ڕۆهتاس و کەسانی تر دەرکەوتبوو کە دەستی لە "ڕفاندنەکە"دا هەبوو. لەپاڵ لێپێچینەوەکاندا، دالیتەکان لەلایەن پۆلیس و جاتەکانەوە پاڵەپەستۆ و هەراسانکردنێکی بەرچاویان خرابووە سەر، لەوانە هەڕەشەی زۆرگێکردنی ژنانی دالیت بۆ تۆڵەسەندنەوە لەلایەن پیاوانی جاتەوە. لە ئەنجامدا، چەندان لە پیاوان و ژنانی دالیت سکاڵانامەیەکیان ڕەوانەی بەڕێوەبەری پۆلیس کرد کە داوایان کرد هەراسانکردن ڕاوەستێندرێت و تاوانباران بەگوێرەی یاسا سزا بدرێن. داوانامەکە لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆدا بڵاو کرایەوە، لە لایەن (پونام)ەوە ئیمزا کرابوو کە ژنێکی گەنجی شووکردووی دالیت بوو و هاوڕێی سوشیلا و خزمی ڕاجپال بوو بەو هۆیەوە بووە ئامانجێکی تایبەتی مەترسی لەسەر. پاش چەندان جار لێپێچینەوە و تەریک خستنەوەی لەلایەن جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسەوە (کە گوایە خزمی باوکی کچە دیارنەماوەکان بوو) و لێپێچینەوە لەگەڵ باوکی و مێردەکەی و پاش ئەوەی لەتوانایدا نەما

بەرگەی سووکایەتی پێکردنەکانی جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس بگرێت سەبارەت بەتاوانبارکردنی بەهەبوونی پێوەندیی یاساخ لەگەڵ ڕاجپالدا، پونام خۆی دەکوژێت.

ڕۆژێک پاش پەخشکردنی هەواڵەکە لە میدیاوە، کچە دیارنەماوەکان لە شارێکی ترەوە سەریان هەڵدا و ئەنجام هەریەکەیان ڕاگەیاندنی خۆی لەبەردەم دادوەردا ڕاگەیاند. سوشیلا ڕای گەیاند کە ڕەدووی ڕاجپال کەوتووە و بەویستی ئازادی خۆی شووی پێ کردووە. بەگوێرەی گێڕانەوەکەی ڕۆهتاس، لالیتا ڕای گەیاندووە کە باوکی لێی داوە لەبەرئەوەی بەرگریی لە سوشیلا کردووە لە هەڵبژاردنی ئەو مێردەی ویستوویەتی و لەترسی لێدانی زیاتر لەگەڵ خوشکەکەی و ڕاجپالدا هەڵهاتووە. هەردوو خوشکەکە ڕەتیان کردەوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوانیان، لەجیاتی ئەوە هەوڵی بەدەستهێنانی چاودێری و پاراستنی دەوڵەتیان دا. بەڵام، دادوەر ناردیانیەوە بۆ لای خزمەکانیان، ئەوانیش دایانیانەوە دەست باوانیان. هەر ئەو شەوە هەردووکیان بەژەهرخواردوویی مردن. لەکاتێکدا خێزانەکە ڕای گەیاند کە "خۆکوشتن" بووە، ژنانی دەوروداوسێ ئەو شەوە گوێیان لە هاوار و قیژەی ئەوان بووبوو کە داوای یارمەتییان دەکرد و چەندان کەسیش لەو باوەڕەدان کە کچەکان بەزۆر ژەهرخوارد کرابن چونکە سوشیلا ڕەتی کردبووەوە دەست لەداواکەی بەردەم دادوەر هەڵگرێت و بەمجۆرە ڕەتی کردبووەوە مێردەکەی لە تاوانی بەزۆر هەڵگرتن بگلێنێت. بەڵام وەک بەردەوام کەس نایەتە دەنگ بۆ ڕای گشتی سەبارەت بەوەی گوێیان لێ بووبوو. هیچ لیکۆڵینەوەیەک لەسەر مردنەکان بەڕێوە نەچوو چونکە پۆلیس بیرۆکەی خۆکوشتنیان پێ قبووڵ بوو. ماڵەکەی ڕاجپال تێکوپێک درا و بۆ ماوەی پێنج مانگ دوای ڕووداوەکەش بەچۆڵی مایەوە.

ئەنجوومەنی پانچایاتس بەدرێژایی ڕۆژانی دوای دیارنەمانی کچەکان زۆر چالاک بوون. لە میانەی یەکەم کۆبوونەوەیدا ڕۆهتاس بەخراپ ڕەفتارکردن بەهۆی قسەکردنی بۆ ڕاگەیاندن تاوانبار کرا. لە کاتێکدا تاوانبارکردنەکەی پێ قبووڵ نەبوو بەڵام بەکارێکی گونجاوی دانا داوای لێبووردن بکات بۆ ڕەواندنەوەی بارگرژیی گوندەکە و هیواخواز بوو گرفتەکە لەوێدا دوایی بێت. بەڵام ڕۆهتاس چەند جارێکی تر بانگ کرایەوە بەردەم ئەنجوومەنی پانچایاتس و زۆر بەتوندی سەرزەنشت کرا و غەرامە کرا و لێی درا. لەکۆتادا، ئەنجوومەنی پانچایاتس سێ پیاوی بەتەمەنی دالیتەکانی بانگ کرد و بەوە تاوانبار کران کە دەستیان لە "هەڵگرتنی" کچەکاندا هەبووە. جاتەکان دالیتەکانیان بەوە گوناهبار کرد کە لەو خواردنە دەخۆن کە ئەمان دەیاندەنێ و تەنیا بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر شەرەفی جاتەکان (نمەک حەرامن). لەبەر بەرگەنەگرتنی هەراسانکردنی بەردەوام و لەترسی داهاتوو یەکێک لە بەتەمەنەکانی دالیت خۆی کوشت، پێوەندییە لەدەست دەرچووەکان و بارگرژیی ناو گوندەکە چوار مانگ دواتریش هەر بەئاشکرا دیار بوو. پێنج کوڕی گەنج گیران و سیانیان بەکەفالەت بەردران و دووانەکەی تر لە زینداندا هێڵدرانەوە. دواجار لە ئایاری ٢٠٠٣دا ڕاجپال بەکەفالەت بەرەڵلا کرا و بەدوایدا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا کێشەی ڕفاندنەکە داخرا – ساڵێکی تەواو دوای "ڕەدووکەوتنەکە" و تراجیدیای چوار مردن(٨).

"ئەگەر پێ بخەیتە دەرەوەی ئەو سنوورەی بۆت دانراوە خۆت لە ئاکامەکان بەرپرسیاری"

ڕادا ویستی لەو سووکایەتییە هەڵبێت کە لەلایەن براکانییەوە دووچاری بووبوو وەک بارێکی قورس تەماشا دەکرا (دایک و باوکیان مردبوون). هەرچەند زۆریش بیری لە خۆکوشتن کردبووەوە، لەجیاتی ئەوە ڕادا داوا لە دیپاک دەکات کە ناسیاوێکی سەردەمی منالّی بوو، مارەی بکات. براکانی ڕێگە بەم هاوسەرێتییە نادەن چونکە دیپاک لە چینێکی کۆمەلآیەتیی نزمتر بوو (بانیا Ba-nia) بە بەراورد لەگەڵ ڕادا (کە پاکور بوو). بەمجۆرە ئەو جووتە هاوسەرێتییان بەست و چوون بۆ شارێکی تر براکانی ڕادا چەند تاوانێکی ڕفاندنیان خستەپاڵ دوو برا و دوو خوشکی دیپاک، کە لە هەموویاندا تەنیا یەک خوشکیان دەستگیر کرا. براکانی ڕادا کاتێک دڵنیابوون ئەو ناگەڕێتەوە دەستیان بەسەر زەویوزاری دیپاکدا گرت.

ڕادا هەوڵی یارمەتیی وەرگرتنی دا لە کۆمسیۆنی ژنانی دەوڵەت (SWC) و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە کۆمسیۆنی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ، بە دەست تێوەردانی ئەوان ڕادا وتەی خۆی لەبەردەم دادوەردا تۆمار کرد (شەش مانگ دوای شووکردنەکەی) کە تیایدا جەخت دەکات کە ئەو باڵقە و بەویستی ئازادانەی خۆی شووی بەدیپاک کردووە. بەڵام، براکەی ڕادا شەش مانگ دوای ئەوە سکالآنامەیەکی نارەزاییی پێشکێش کرد تیایدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو عەقڵی تەواو نییە لەترسی دیپاک و خێزانەکەی وتەکانی بەچەوتی داوە (لەوەش زیاتر دووپاتی کردەوە کە SWC هێزیان دژ بەڕادا بەکار هێناوە). بەداخەوە، دیپاک و ڕادا چیتر ئامادەی دانیشتنەکانی گوێگرتن لە تۆمەتی ڕفاندن نەبوون دژ بەخێزانی دیپاک چونکە دەستەیەکی پزیشکان ڕایان گەیاند کە ڕادا عەقڵی تەواوە و شانبەشانی داوا تۆمارکراوەکەی ڕادا خستبوویانیە ئەو باوەڕەی کە کێشەکە دوایی هاتووە. بەڵام بەهۆی تەکنیکی یاساییییەوە کێشەکە بەردەوام بوو لە دادگەدا و لە نائامادەیی ڕادا و دیپاکدا دەسەڵاتنامەیەکی گرتن بەبێ کەفالەت دەرکرا بۆ ئەو کەسانەی بەڕفاندنەکە تاوانبار کرابوون. یەکێک لە هێوەرەکانی ڕادا خۆی بەدەستەوە دا و لە ئەنجامدا کەفالەتی بەدەست هێنا. لەم کەینوبەینەدا خوشکەکانی دیپاک شوویان کردبوو و ماڵە خەزوورانیان ئاگەداری تۆمەتی تاوانەکان نەبوون دژیان، پێویست بوو بەهەزار فڕوفێڵ خۆیان بدزنەوە تا لەبەردەم دادگەدا ئامادە بن.

ڕادا، تابلّێی داخ لەدڵ بوو بەهۆی ئەو هەراسانکردنەی دووچاری بووبوو، لە چەند پرۆگرامی تەلەفزیۆنی سەبارەت بەتوندوتیژی دژ بەهاوسەرێتی ئارەزوومەندانەدا دەرکەوت. مەراقی دڵی ئەوەندەی تر کەڵەکە بوو بەهۆی دووروودرێژیی ئەو ماوەیەی سیستمی یاسایی خایاندی تاوەکو بێتە سەر لێکۆڵینەوەی ڕەوشی کێشەکەی، تاوەکو نۆرە گەیشتە سەر دوا دانیشتنی دادگە منداڵێکی تەمەن دوو ساڵانی هەبوو. لەسەروو ئەوەشەوە، هەرچەندە خێزانەکەی دیپاک بەگشتی هاوسۆز بوون، دوابەدوای ئەو هەموو هەراسانکردنەی دووچاری بوون – پاش بەجێهێشتنی ماڵوحاڵ و ڕووکردنە شار و بە بەردەوامی ئامادەبوون لەبەردەم دادگەدا– ئەوان ڕادایان بەسەبەبکاری ئەو ڕەوشە خراپە دەزانی کە تێی کەوتبوون. ڕادا دوو جار کرابووە قوربانی لەبەر "تاوان"ی

هەڵبـژاردنی هاوبەشـێک لە چینێکی کـۆمـەڵایەتیی نزمـتـر لـە هی خـۆی. بۆ زیاتر سـووکـایەتی پێکردنی، کاتێک دادگە دواجـار گـوێی لە کێشـەکـەی بوو لە ژێر سـایەی بەندی ٤٨٢ ی یاسـای سزادان دا (کە ڕێگە بەدادگە دەدات هەر فـەرمـانێک بـۆ ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسـەڵات دەربکات) دادوەر ڕای گـەیاند " گـەر بـەتەنیـا یەک هەنگاویش بنرێتـە ئەودیوی ئەو سنوورانەی دانراون (بۆ ژنان) ئەمە ئاکامەکەی دەبێت"[٩].

## "شێتیی" ئەوین

مـەغا مـاسور، کە ناوی خـواستراوی یاسـەمینە (ناوەکەی دوای بوونە مـوسڵـمـان)، دژ بەخواسـتی باوانـی شـووی بەمـوحـەمـەد ئیکرام حـوسـەین کـرد بەهـۆی بوون بەئیـسـلام و بەجـێگەیانـدنی نیکاحنامـە. کاتێک مـوحەمـەد چوو مەغـا/یاسەمین بهێنێتـەوە کە لەسـەردان بوو لای باوانی، ئەوان ڕێیان نەدا لەگەڵی بگەڕێتەوە. وەک هـاوسـەر و هـاوڕێی مـەغا/یاسەمین سکاڵانامەی هێنانە بەردەم دادگەی پێشـکێش کرد بەمـەبەسـتی بەردانی لە دەسـتبـەسـەریی نایاسـاییی بـاوانی. دادگەی باڵا داوای لە باوانـی کـرد کـە مـەغـا/یاسـەمین لەبەردەم دادگـە ئامـادە بێت. دایک و باوکـەکـەش دژە داوایەکیان پێشکێش بەدادگە کرد، نکۆڵییـان لەو تۆمەتانەی داواکەی موحەمەد و بڕیارەکەی دادگە کـرد، لەسـەر ئەو گـریمانـەیەی کـە مـەغـا/یاسـەمین پێش هاوسـەرکـاری لەگـەڵ ناوبراو تووشـی نەخـۆشـیی دەروونی بـووە (لەبەرئـەوە لە حـاڵێکدا نـەبووە بتـوانێت بڕیار لـەسـەر ئاین گـۆڕین و ڕەزامـەندیی هاوسـەرێتـی بدات) و، نـاشـتـوانێت ئامـادەی بـەردەم دادگـە بێت لـەبەرئـەوەی بۆ چارەسـەرکردن نێـردراوە بۆ نەخـۆشـخـانە لە شـارێکی تر. دادگە ڕای گـەیاند کـە ئەمـە دادگـەی دادگـەییکردن نییـە لەبەر ئەوە ناتوانێت بەچڕوپڕی لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەو ڕاسـتییـانە بکات کـە ناکۆکییان لەسـەرە (بەو هۆیەوە بەڵگەکانی تەمەن و نیکاحنامـە پێشکێش نەکران)، بەڵکو بەتەنیا ئەوە پەسند کرا کە مـەغـا/یاسەمین کەسێکی باڵغە و هیندۆسە و مـوحـەمەدیش مـوسڵـمـانە. بەبێ هیچ گـومـانێک دادگـە ئەوەی بەلاوە پەسند نەبوو کە ئەو "بـەویستی خـۆی و یاسـاییـانـە" شـووی بەمـوحـەمـەد کردبێت و، ئاینیشـی نەگۆڕیوە بۆ ئیسـلام و، بەهۆی سروشـتی ناکۆکی لەسـەر ئەم "ڕاستی"یانەوە، دادگە دەرکردنی فەرمـانێکی نووسراوی بۆ هێنانە بەردەم دادگەی کەسـی مەبەست بەنەشیـاو زانی. ئەو بەڵگانەی لەلایەن موحـەمـەدەوە پێشکێش کرابوون بۆ سـەلماندنـی پێوەندیی ئەو و مـەغـا/یاسـەمین، لەناویاندا نامـەکانی خۆشـەویستـی، لەلایەن دادگەوە وەک بەڵگـەی ناتەواویی عەقڵی یاسـەمین وەرگیران بەتایبەتی ئەو نامانـەی گوایە بە خوێن نووسرابوون. ئەمانە قـەناعەتیان بەدادوەر هێنا کە مـەغـا/یاسـەمین بووبوو بەقـوربانیی هـەوەسـەکانی هەرزەکـاری لە پێنج سـاڵی دواییدا، لە ڕووی سۆزداریشەوە تووشی پەشێوی بووبوو و، لەبەر ئەم حاڵەتەی مێشک بەسروشـتی نەبووە و لە ڕووی جـەسـتـەییـشـەوە ئاکـامی خۆی هـەبووە کـە ئەوی دووچاری پەشـێـویی دەروونی کردووە. لـەبەرئەوە نامـەکـان ئەو قـەناعـەتە دروست ناکـەن کـە "هـاوسـەرێتـییـەکـەی مـەغـا بەهۆی خواستێکی سەربەخۆی دووروودرێژ و بڕیارێکی هۆشیـارانەوە بوویێت". کەواتە دەستبەسـەرییەکەی لای دایک و بـاوکی گـونجـاوترین کـار بووە بەرامـبـەری کـرابێت. لەبـەرئەوە پێـویست نـەبوو

مەغا/یاسەمین لەبەردەم دادگەدا پیشان بدرێت کاتێک لە ڕووی دەروونییەوە "بەتەواوەتی چاک نەبووەتەوە" و نەبووەتەوە بە"کچێکی ئاسایی"(١٠).

## کۆتایی ململانێیەک: دادوەری بەبێ قەرەبووکردنەوە

سیما (تەمەن ٢٥ ساڵ، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە بەڕێوەبردن و بازرگانیدا) پاش سێ مانگ بەندبوون لەماڵدا بەهۆی شووکردنی بەشاهید و چوونە سەر ئاینی ئیسلام، ماڵی باوانی بەجێهێشت. ئەو جووتە هەستیان کرد هاوسەرێتی لەسایەی هاوسەرێتی نێوان ئاینە جیاوازەکاندا (بەبێ گۆڕینی ئاین) مەحاڵە و لە ژێر بەندەکانی یاسای تایبەتی هاوسەرێتیی ساڵی ١٩٥٤دا چونکە ئەو جۆرە هاوسەرێتییانە دەبێ لە تابلۆی بانگەشەکردنی نووسینگەی تۆماردا تۆمار بکرێن. ئەوان لەوە دەترسان کە خێزانەکەی سیما (کە ناڕازیبوونیان بەو پێوەندییە دووروودرێژە زانراوە) بە مەبەستەکانی ئەمان بزانن و ڕێگر بن لەبەردەم هاوسەرێتییەکەدا. بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەراسانکردنێکی پێوەندار بەهاوسەرێتییەکەوە سیما دەستبەجێ ڕاگەیاندننامەیەکی لەبەردەم دادپرسدا تۆمار کرد کە بەویستی خۆی شووی کردووە. بەڵام، ڕاگەیاندننامەکە بە بەتاڵ دانرا چونکە لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی هاوسەرێتییەکەدا نەدرابوو یاخۆ بەرامبەر ڕاپۆرتی ئاگەدارکردنەوەی بەرایی (FIR) وەک شکاتنامە بۆ بەردەم پۆلیس نەدرابوو. خێزانەکەی سیما دواجار ڕاپۆرتی زانیاریی بەراییان پێشکێش کرد بەرامبەر گوایە ڕفاندن و بەندکردنی ناوماڵ کە بەهۆیەوە ئەندامانی خێزانەکەی شاهید گیران.

سیما هەوڵی دا سەرلەنوێ ڕاگەیاندننامەکەی تۆمار بکاتەوە و گرتنی مێردەکەی و ماڵە خەزوورانی بووەستێنێت، بەڵام بەهۆی پێوەندییەکانی مێردی خوشکەکەیەوە لەگەڵ پارێزەرانی ناوچەکەدا نەیتوانی ئەو کارە بکات. بەمجۆرە سیما دادگەی باڵای دەوڵەتی هێنایە دەنگ کە دەستگیرکردنەکانی ڕاوەستاند. بەڵام، پۆلیسی ناوچەکە کە زانیارییان لەسەر ئەمە نەبوو، مامی شاهیدیان گرت و بۆ ماوەی مانگێک هێشتیانەوە. ماڵەکەی شاهید پەلاماردرا و پۆلیس وەک بەشێک لە گەڕانەکەیان بەدوای سیمای "ڕفێندراو"دا دەستیان بەسەر شتومەکەکانی ناو ماڵەکەیدا گرت. ئەو جووتە خۆیان گەیاندە کۆمسیۆنی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ NHRC کە داوای ڕاپۆرتی پۆلیسیان کرد بەڵام نەیانتوانی هیچ یارمەتییەکی ڕاستەقینە پێشکێش بکەن. تا فەرمانی دەستگیرکردنەکان زیاتر بوونایە پێویستی ڕاوەستاندنی دەستگیرکردنەکان زیاتر دەبوون. لەم کەینوبەینەدا دواجار فەرمانی وەرگرتنی ڕاگەیاندننامەکەی دەرکرا، بەڵام لە ئەنجامدا ڕەت کرایەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو جۆرە داواکارییانە دەبێ بەتەنیا لەڕێی پۆلیسەوە وەربگیرێن نەک ڕاستەوخۆ لەو کەسەوە کە هەوڵی تۆمارکردنی داوانامەکە دەدات. لەسەر ئەو باوەڕەی کە پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکە لایەنگیری دەکەن، دواجار سیما داواکەی لە شارێکی تر تۆمار کرد بەیارمەتیی (کۆمەڵەی ژنانی دیموکراتی هەموو هیندستان). پاشان داوا لە سیما کرا ڕاگەیاندننامەیەک لە دادگەی ناوچەکەی خۆی تۆمار بکات بۆ داخستنی کێشەی ڕفاندنەکە دژ بەمێردەکەی. بەیارمەتیی ک.ژ.د.ە و ک.د.د.ی (کۆمەڵەی داکۆکی و دەستپێشخەریی یاسایی)

سیما هەوڵی دا ڕاگەیاندننامەکە بکات. بەڵام، دادپرسی سەردۆزگەری یاسایی، ئەوی بۆ پەناگەی دەوڵەت نارد و دووپاتی کردەوە کە سیما لە ژێر دەستبەسەریی "تۆمەتباردا" بووە و لەبەرئەوەی لە ژێر زۆرلێکردندا بووە و لە دۆخێکی دەروونیی وەهادا نییە ڕاگەیاندننامەیەک دەربکات. لەبەرئەوەی سیما نەیدەویست بخرێتە ژێر چاودێری یاساییەوە لەلایەن ئەفسەرێکی پۆلیسی ژن و چوار پۆلیسی چەکدارەوە ڕاکێشی دەرەوەی ژووری دادگە کرا. ئەندامانی ک.د.د.ی لەتوانایاندا نەبوو بەر لە بەزۆر دەرکردنەکەی سیما بگرن و، پێشتریش بەزمانی ناشیرین لەلایەن پۆلیسەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرابوو.

ئەنجام، دادوەری ناوچەیی داوانامەکەی ک.د.د.ی پشتڕاست کردەوە کە بۆ هەوڵی ئازادکردنی سیما بوو، کە بەهۆیەوە دەیتوانی داوانامەکەی تۆمار بکات کە بووە هۆی بەردانی مێرد و ماڵە خەزوورانی. ڕاپۆرتی ئاگاداکردنەوەی بەرایی FIR دژ بەشاهید و خێزانەکەی دواجار یەک ساڵ دوای هاوسەرێتییەکە داخرا، بەڵام ئەندامانی خێزانەکەی شاهید وەک مامی هەرگیز لەسەر ئەو زەرەروزیانەی لێیان کەوت لەسەر دەستی پۆلیس یان بۆ لەدەستدانی سەربەستیی خۆیان لەماوەی کێشەکەدا قەرەبوو نەکرانەوە (فایلەکانی کێشەی ک.د.د.ی).

## سیستمی دادوەریی تایبەت بەتاوان، لە کارکردندا

دەستبەجێ دوای ئەوەی دوو گەنج "ڕەدوو"دەکەون دەست بەتاوانبارکردنی کارەکەیان و تانەدان لە هاوسەرییەکەیان دەکرێت. ئەو توێژینەوەیەی ئەم بەشە پشتی پێ بەستووە ئاماژە بەنموونەی ئەم پرۆسەی تاوانبارکردنەی خوارەوە دەدات. یەکەم جار، باوکی ژنەکە وای پیشان دەدات کە ئەو هەرزەیە و، دەست بەتۆمەتبارکردنی هاوسەرەکەی بەڕفاندن/هەڵگرتن دەکات، لەگەڵ بەندکردنی نایاسایی لە ماڵ و زۆر جاریش زۆرگێکردن[11]. ئەندامانی خێزانی پیاوەکەش لەناویاندا ژنان ڕەنگە بەشێوەی نادروست تێوە بگلێن. ئەمە خزمەتی زیادکردنی قورسیی سەرپێچییەکە و دەسەڵاتی شاراوەی تۆڵەسەندنەوەی خێزانی ژنەکە دەکات و ڕەنگە بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی جێی دووانەکە دەربخەن یان پاشەکشە لە هاوسەرێتییەکە بکەن. هەروەها ڕێگەیەکیشە بۆ برینەوەی کۆنە قینەکان لەگەڵ ئەو کەسەی یاساناسانی هیندی وەک "لایەنی بەرامبەر" ئاماژەی پێ دەدەن– واتا، خێزانی پیاوەکە، بۆ تۆڵەسەندنەوەی لەدەستچوونی شکۆمەندی و پەلاماردانی شکۆمەندیی خێزانی تاوانکار[12]. دوابەدوای ئەوە، پۆلیس زۆر بەچوستی بەدوای "کچە دیارنەماوەکەدا" دەگەڕێن کە وەک "ڕفێندراو" لەقەڵەمدراوە و، هەڵدەکوتنە سەر هەر جێیەکی خۆشاردنەوە کە بیری بۆ بچێت، زۆر جاران ئەندامانی خێزانی پیاو/ کوڕەکە دەگیرێن. لێرەوە ئیتر ڕەنگە دوو گەنجەکە_ خۆیان (بەجیا یان پێکەوە) دەربخەن بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی لە"حەشارگە"دا تووشی هاتوون و بەرگەنەگرتنی سووکایەتیکردن بەکەسە ئازیزەکان. ڕەنگە ئەمە ڕووبەڕووی توندوتیژی یان تەنانەت مردنیش بگەیەنێت وەک لە لێکۆڵینەوەی کێشەکەی سوشیلادا لەسەرەوە بینرا، یاخۆ دەستگیرکردنی پیاوەکە بگەیەنێت. کاتێک ژنەکە خۆی دەربخات یان "بدۆزرێتەوە" زۆربەی کات بۆ خانەی "پاراستن"ی دەوڵەتی دەنێردرێت، کە بەجێیەکی بێلایەن دانراوە و تیایدا هیچ یەکێک لە دوو

لایەنە ناکۆکەکە دەستیان پێی ناگات واتا باوک/ باوان و مێردەکەی. هەرچۆنێک بێت، لە پراکتیکدا دڵسۆزیی دەسەڵاتەکان بۆ سروشتی پێوەندییەکانی کۆیلە و سەروەر لەسەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتی (سەیری چاوپێکەوتنی ئەفسەری پۆلیسی نارێلا Narela بکە لە خوارەوە) و سروشتی یاساخی هاوسەرێتییە پەسندنەکراوەکانی "خۆشەویستی" ئەوە دەگەیەنن کە باوان بەردەوام دەستیان دەگاتە ژنەکە و بەمجۆرە هەلی ئەوەیان هەیە پاڵەپەستۆی بخەنە سەر. ئەو کاتە ژنەکە دەبێ ڕاگەیاندننامەیەک لەبەردەم دادگەیەکدا بدات بۆ تۆمارکردنی هەڵبژاردنی ئەو لە گرفتەکەدا، تیایدا بەشێوەیەکی تەکنیکی ڕای دەگەیەنێت کە لەگەڵ هاوبەشەکەی یان باوانی دەڕوات. تەنیا کاتێک کە بەڵگەی ڕوون و گومان هەڵنەگری هەبێت لەسەر باری ئەو وەک باڵقێک[١٣] (دەبێ پەسند لەلایەن دادوەرەوە بکرێت) دادگە "ڕێگە" دەدات و مافی بەکارهێنانی هەڵبژاردنەکەی پەسند دەکات. لە حاڵەتی هاوسەرێتیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان یان ئاینەکاندا، سیستمی دادوەریی تاوان زۆربەی کات داوای پشکنینی ئێسک دەکات (ئەستووریی ئێسک) بۆ دەرخستنی تەمەنی ژنەکە، کە پشکنینێکە بەردەوام پەراوێزێکی بۆ هەڵەکردن تیادایە کە دەشێ ببێتە هۆی کێشمەکێشی زیاتر لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا[١٤] دواجار بڕیاری دادوەر مافی چاودێری یان بەباوانی -کە بەلێپرسراوانی "سروشتی"ی ژن/ کچەکە و "چاکەخوازی" ڕاستەقینەی کچەکە دانراون- یا جاروبار بەمێردەکەی دەبەخشێت.

ئەم پڕۆسەی ساخکردنەوەی توانای بڕیاردانی ژن/ کچەکە و پەسندکرنی لەلایەن دادگەوە وەک لە لێکۆڵینەوەی کێشەکانی سەرەوەدا دەرخرا هەرگیز سانا و نائاڵۆز نییە. لەڕاستیدا گرتنەبەری ڕێوشوێنی درێژخایەنی زۆرە کە زۆر جار ساڵانێک دەخایەنێت، لە حاڵەتی (ڕادا)دا تا کار گەیشتە دوا دانیشتنی بڕیاردان منداڵێکی تەمەن ٢ ساڵی هەبوو. لە هەندێک کێشەدا دووانەکە چەند ساڵێک بە"نهێنی" دەمێننەوە ژیان وەکو کەسانی قاچاخ بەسەر دەبەن، دووچاری چەندان کێشە دەبن چ دەروونی و چ جەستەیی و ئەگەری توندوتیژیی جەستەیی و کۆتای هەوڵەکەیان بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی تەندروست بەخۆئاشکراکردن یان دۆزینەوەیانەوە بەند دەبێ. بەمجۆرە، توانای دەوڵەت بۆ بەتاواناسینی هەڵبژاردن دەبێتە بەربەست لەبەر مافە بنەڕەتییەکانی تری دوو کەسە هەڵهاتووەکەدا وەک مافی جموجۆڵ و دەربڕین. پۆلیس و ئاستە نزمەکانی هەرەمی دادوەری بەئاشکرا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن بەهۆی ئەو توانایەی هەیانە بۆ کارکردن وەک دەسەڵاتی باوک بەسەر ژن/ کچە "گومڕاکەدا"، بواری ئەوەیان هەیە هەوڵی سەندنەوەی بدەن و بیگێڕنەوە بۆ ژێر "چاودێری"ی باوکەکە.

تێوەگلانی دەوڵەت و پۆلیس پشتئەستوورە بەبڕگە سزاییەکانی ڕفاندن و هەڵگرتن و زۆرگێکردن (بەتایبەتی گەر ژن/ کچە هەڵگیراو/ ڕفێندراوەکە (وا دانرابێت) هەرزە بێ و نەتوانێ بۆ خۆی ڕەزامەندی لەسەر پێوەندییە سێکسییەکان لەگەڵ هیچ کەسێکدا بدات، ئەو پیاوە نەبێت کە باوکی وەک مێرد بۆی هەڵبژاردووە. بەڵام لێرەدا ناکۆکییەکی تەکنیکیی یاسایی هەیە، لەکاتێکدا ژنان پێش تەمەنی ١٨ ساڵی ناتوانن شوو هەڵبژێرن (چونکە بیرۆکەی لێپرسراوێتی هەتا ئەم تەمەنەش پیادە دەبێت)، لە ڕووی یاساییەوە دەتوانن پێش ئەو تەمەنە بەپێی ڕێسای

هەریەک لە هیندۆس و ئیسلام شوو بکەن. لەوەش زیاتر، پێکهێنانی هاوسەگیری "لە ژێر تەمەنی یاساییەوە" لە سایەی یاسای بەرگرتن لە هاوسەرێتیی مێرمندالانی ساڵی ١٩٢٩ سزای لەسەرە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هاوسەرێتییەکە بەبێ ڕەزامەندیی هاوبەشەکان بەستراوە هاوسەرێتییەکە بەتاڵ نییە. بەپێچەوانەوە، گەر "مێرمنداڵەکە" بەڕەزامەندیی خۆی (کوڕ یان کچ) هاوسەرێتی ببەستێ دژ بەخواستی باوانی، نەبوونی ڕەزامەندیی دایک و باوک هاوسەرێتییەکە بەتاڵ دەکات[١٥]. بەمجۆرە، یاسا خۆی مۆڵەت بە بەکارهێنانی هێز لە هاوسەرێتیدا دەدات. لەسایەی یاسای شارستانیدا، کە بەسەر هەموواندا پیادە دەبێ، دەبێ ژن ١٨ ساڵ بێت بۆ ئەوەی ببێتە لایەن لە هەر پەیمانێکدا[١٦] .لەوەش زیاتر، یاسای تاوان کە ئەویش بەسەر هەموواندا پیادە دەبێ، ئەوە دەسەپێنێ کە دەبێ ژن ١٦ ساڵ بێت بۆ ئەوەی "ڕەزامەندی" لەسەر پێوەندییە سێکسییەکان دەربڕێت (بەڵام گەر بەڕەزامەندیی باوانی شووی کردبوو مێردەکەی دەتوانێ لە ١٥ ساڵیدا لەگەڵی جووت بێت). ئەم جیاوازییە نائاساییانە لە نێوان یاسا جیاوازەکاندا بەهۆی هەڵقەی یەکەمی زنجیرەی بەتاوانناسینی هاوسەرێتییە ئارەزوومەندەکان دروست بوون: بڕگەکانی سزادانی ڕفاندن و هەڵگرتن و زۆرگێکردن. لە پێویستییەکی ڕاستەقینەوە بەهەبوونی بڕگە یاسای تاوان لەکاردا (بۆ بەرگرتن لە قاچاخچێتی و چەوساندنەوەی سێکسیی ژنان وەک بازرگانیی لەشفرۆشی و زۆرگێکردن[١٧]. مەترسییە ڕاستەقینەکان بۆ خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت) بۆ داکشان بەرەو ئەوەی کە هەموو پیاوێک بەتاوانکارێک تەماشا بکرێت و هەموو ژنێک وەک مەترسی لەسەر کارێکی ئاسانە، بەتایبەتی کاتێک کە باوانی ژنەکە بەربەرەکانێی ئەوە دەکەن کە بە سووربوون لەسەر مافی هەڵبژاردنی کچەکەیانی دەزانن. بەهۆی بەهێزیی ئایدیۆلۆجیای بەخشینی کچ لە هاوسەرێتیدا کە لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەدا برەوی هەیە تەنانەت لەناو ئەوانەشدا کە کاربەدەستی حکوومەتن، بەشێوەیەکی زۆر سروشتی بەتاوانناسینی هاوسەرێتیی بەدوادادێت، وەک چۆن وەڵامدانەوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شارستانی و تاوان سەبارەت بەهاوسەرێتیی "خۆشەویستی" بە ڕوونی پیشانی دەدەن. لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەی لەسەر هەراسانکردنی کچێکی جات و کوڕێکی دالیت دەکرد لە نارێلا، پاش هاوسەرێتییەکی نێوان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، بەڕێوەبەری پۆلیس کە خۆشی جاتە[١٨]، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ ئەم باسە ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی دا:

گەلێک لە ڕاپۆرتەکانی ونبوونی کچان بەهیچ کلۆجێک ڕفاندن نین، هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی زانیاریدانی بەرایی FIR بەو جۆرە تۆمار کراون، کێشەکان زیاتر ڕەدووکەوتنن بەڵام دەبێ ئێمە لەسەر بنەمای تاوانبارکردن بەڕفاندن دەس بەرێوشوێنەکانی لێپێچینەوە بکەین. کاتێک کێشەیەکی لەم جۆرە دێتە بەر دەستم زۆر جار دەزانم کە ڕەدوکەوتنە هەر لە وێنەی کچەکانەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان دووچاری پێوەندیی خۆشەویستی بوونە و بەڕێگەی خۆیاندا ڕۆیشتوون. دواتر کە دەست بەلێپێچینەوەی کێشەکە دەکەین سەرەداوەکان لە دەفتەرەکانی یاداشتکردندا دەدۆزینەوە وەک کێشانی وێنەکانی تیر و دڵ و ناوی کوڕەکان یاخۆ وشە نهێنییەکان و هتد... بەڵام لەبەر پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتی دەبێ وەک ڕفاندن لەگەڵ ئەم کێشانەدا مامەڵە بکەین.

هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە پۆلیس لە سەرووی کۆمەڵگەوە نین، ئەوان لە ناویدا دەژین و ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کۆمەڵگە و جۆشوخرۆشەکانی کۆمەڵگەن... ناتوانم کۆتایی بەباڵادەستیی جاتەکان بهێنم، ئایا دەتوانم؟ باوەڕم بەهەرەمی چینە کۆمەڵایەتییەکان نییە بەڵام ئەوە ڕەچاو دەکەم کە دەبێ جیاکردنەوە لە نێوان چینەکاندا هەبێت و دەبێ هەریەکەیان سەربەخۆییی خۆی هەبێت. هاوسەرێتی دامەزراوەیەکی گرینگە، بەشێکی گرینگی کۆمەڵگەی هیندۆسە و پێویستە بەهەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانیەوە ڕێزی بگرین، شانازیکردن بەکۆمەڵگەوە کارێکی سروشتییە. من لە مەسەلەکانی هاوسەرکاری و باوەڕدا موحافیزکارم بەلای منەوە هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو باشترینە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە. با پێت بڵێم کە من بۆ هەڵبژاردن هەموو سەربەستییەکم بەکچەکەی خۆم داوە، دەتوانێت کێی پێ باشە شووی پێ بکات بەو مەرجەی جات بێت.

ئەم هەڵوێستەی بەڕێوەبەری پۆلیس، کە پیاوانی پۆلیس بەشێکن لە کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەن زۆر بەجەختەوە لەلایەن جێگیری بەڕێوەبەری پۆلیس لە لوکناو Lucknow دەربڕراوە، کە کاتێک چالاکوانانی ژنان زۆریان بۆ هێنابوو بۆ تۆمارکردنی ڕاگەیاندننامەی کچێک سەبارەت بەهەڵبژاردنی هاوبەشەکەی، پێیانی گوتبوو:

ئێوە لەبارەی مافەکانەوە قسەم بۆ دەکەن! من چی بەم باوکە داماوە بڵێم، کە ماوەی ١٧ساڵ و ١١ مانگ و ٢٩ ڕۆژ کۆنترۆڵی تەواوی کچەکەی کردبوو؟ لە ڕۆژی سێیەمدا چ سیحرێک ڕووی دا تاوەکو نادەربەستانە سەیری بکات کاتێک شەرەفی لەکەدار دەکات؟ (ک.د.د.ی٢٠٠٤, : ٣٥).

لای خۆیەوە، جێگری بەڕێوەبەری جهاجهار Jhajjhar گوتی کە هەرچەند هاوسەرێتییەکانی "خۆشەویستی" مەسەلەیەکن پێوەندییان بەمافی هەڵبژاردنی تاکەوە هەیە و یاساین و لەکاتێکدا دەستوور مافی سەربەستیی هەڵبژاردن زامن دەکات و هەروەها دان دەنێت بەهاوسەرێتیی نێوان چینەکان و نێوان کۆمەڵەکاندا، هەرێمەکە هاوپشک نییە لە ئەم بەهایانەدا و بەپەسندیان نازانێت، لەبەرئەوە هەم ڕکەبەرایەتیی هەیە و هەم توندوتیژە بەرامبەر ئەم جۆرە هاوسەرێتییانە. سەبارەت بەمەسەلەکانی نەرێت، بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا کار بکات –کە حەز دەکات خۆی حوکمی خۆی بکات– بۆ ئەوەی هەر هەڕەشەیەک لەسەر یاسا و ئاسایش پووچەڵ بکاتەوە. بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک تیۆرەی خۆکوشتن لە کێشەکەی سوشیلا و لالیتادا پەسند دەکات و پاڵپشتیی ئەو بۆچوونە دەکات کە ئەگەری ئەوە دادەنێت کچەکان نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەو لەکە کۆمەڵایەتییەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە هەڵ بکەن. "لەکەی کۆمەڵایەتی" بەسروشتیکراوە و وەک هۆکارێکی تەواو دانراوە کە کچەکان خۆیانی لەسەر بکوژن (کە لە ڕاستیدا هەوڵیان دابوو لە چنگی باوانیان هەڵبێن).

لەلایەکی ترەوە، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی جهاجهار Jhajjhar کە خزمێکی دووری کچەکان بوو هیچ کێشەیەکی دەستووری یان هەر جۆرێکی تری نەبوو. بەخۆشییەکی ئاشکراوە باسی بەدواچوونە تایبەتەکانی خۆی دەکرد و خۆشی وەک نوسخەیەکی لۆکاڵی شارلۆک هۆڵمز ناس کرد، پێوەندیی نێوان سوشیلا و ڕاجپالی ئاشکرا کردبوو لەبەر ئەوە خۆی بەچاکی دەیزانی کە

ئەوە کێشەی ڕەدووکەوتنە نەک ڕفاندن/ هەڵگرتن، بەڵام بەردەوام دەبێ لەسەر تۆمەتەکانی هەڵگرتن چونکە ئەوە ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی باوکەکە کچەکەی دەستگیر ببێتەوە. ئەنجام چوار کەس تیاچوون و ڕاجپاڵ ساڵێک زیندانی چەشت بەبێ ئەوەی لەوەودوا بەفەرمی دان بە مەینەتییەکانیدا بنرێت.

بەکورتی، تەنانەت دادوەرانیش زۆریان لێ کراوە کە لە شەڕی نێوان "دوو لایەندا" لایەک بەڕاست دابنێن و دەوڵەت قورسایی خۆی بەلای لایەنی باوکەکەدا داشکێنێت(١٩).

## یاسا لە کاردا: مانا دۆزینەوە لە "هزری" دادوەریدا

ئەوە لەسەر بنەمای ترسە لە "وەرگرتنی" ژنان/ کچان کە پۆلیس مامەڵە لەگەڵ هاوسەرێتییە "ئارەزوومەندەکان" دەکات و، پاشانیش دادوەران کە ڕەنگە کێشەکە وەربگرن. لە ناوەڕۆکدا هاوسەرێتییە ئارەزوومەندەکان پێشبڕکێی نێوان دوو جۆر لە پیاوانن بۆ چاودێریکردنی ژنێک. لەبەرئەوە، هیچ سەیر نییە، کە پرسەکانی "چاودێری" و دەسەڵاتی لێپرسراوێتیی "سروشتی" مەسەلەی زۆر سەرەکین بۆ ئەوەی دادوەران یەکلاییان بکەنەوە(٢٠). بڕیاری دادوەران دیاری دەکات گەر ژنەکە "بگەڕێنرێتەوە" ژێر "چاودێریی" باوکەکە یاخۆ بەشێوەیەکی یاسایی ڕێگە بدرێت بچێتە بەر "چاودێریی" مێردەکە لە هاوسەرێتییەکی ئارەزوومەندانەدا.

ژمارەیەک نیشانەی سەرنجڕاکێش لەم پێشبڕکێیەی نێوان ئەم دوو جۆرەی پیاواندا هەن. یەکەم، ئەو "لایەنەی" چاودێریی ژنەکەی لەدەست نییە زۆر جار دەبێ پەنا بەرێتە بەر دادگە لە ڕێی داوایەکی هێنانە بەردەم دادگەی ژنەکە بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگەدا ویستی خۆی ڕابگەیەنێت. ئەو زانیارییانەی کۆ کراونەتەوە لە لوکناو دەری دەخەن کە ژمارەیەکی مەزنی سکاڵانامەکانی هێنانە بەردەم دادگە_ سەبارەت بەکێشەکانی لەسەر ژنانن. دووەم، ئەو سکاڵانامانەی هێنانە بەردەم دادگە لە نێوان دوو لایەنی کۆمەڵگەی(٢١) مەدەنیدان، هەندێک جار لە نێوان دوو کۆمەڵدان، یاخۆ کاتێک یەکێک لە لایەنەکان لەو باوەڕەدایە کە ژنەکەی کێشەی لەسەرە "ژیانی لە مەترسیدایە"(٢٢) لەلایەن لایەنەکەی ترەوە چونکە ژنەکە لەو حاڵەتەدایە کە دادگە باڵاکان وەک "گلدانەوەی تایبەتی"(٢٣) ناساندوویانە. بەپێچەوانەوە، سکاڵانامەکانی هێنانە بەردەم دادگەی پیاوان بەردەوام دژ بە ویستی پۆلیس یان لقێکی تری دەوڵەتە، کە بووەتە مایەی شکاندنی ئازادی و مەترسییەکی شاراوەیە بۆ سەر کەسی گلدراوە (دەسبەسەرکراو). لە کێشەی مۆهد. ئیکرام حوسەین بەرامبەر حکوومەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر(٢٤) دادگەی باڵا ڕەهەندێکی گرینگی ئەم ناکۆکییەی لەسەر چاودێری ڕوون کردەوە، واتا کە سکاڵانامەی هێنانە بەردەم دادگە بۆ مەبەستێکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە بۆ ئەو پیاوەی بەڕفاندن تۆمەتبار کراوە. بگرە، تاکە چارەسەر کە هەبێت بۆ ئەو جۆرە کەسە پێکهێنانی هاوسەرێتیی "ڕاستەقینە"یە و پاشان هەوڵی گەڕاندنەوەی مافەکانی ژنومێردایەتی بدات.

سێیەم، ئەو دەستەواژانەی هەستی مەترسییان تێدایە و گوتاری دادوەری توندوتۆڵ دەکەن و

هاوشانی دەستەواژە زۆر بەکار هاتووەکانی تری وەک "ویستی سەربەست" و "حوسن و ڕەزا" و "ڕەزامەندی" دێن کە هەموویان پێشنیازی وەکالەتی ژن دەکەن. کەواتە، لە ڕووی تەکنیکییەوە دادگە ژنێک ئازاد دەکات لە (چاودێریی پاراستن)، یاخۆ هاوبەشەکەی لە گرتن، چونکە ژنەکە مافی هەڵبژاردنی خۆی بەسوودی مێردەکەی ڕادەگەیەنێت، کە ئەو کات دەبێ تۆمەتەکانی ڕفاندن لە دژی ئەو بسڕێنەوە. بەڵام، کاتێک ئەمە ڕوو دەدات کە هێشتا مەترسیی ئەوە هەیە کە باوانی ژنەکە لە ڕووی جەستەییەوە بیگرن و بەندی بکەن لە ماڵدا و زۆری لێ بکەن کە بڵێت پێشتر بەزۆرەملێ ڕەفتاری کردووە یان بووەتە قوربانیی ساختەکردن. ئەوسا مێردەکە ڕەنگە پێویست بکات داوای گەڕاندنەوەی مافەکانی ژنومێردایەتی بکاتەوە، دایک و باوکەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتییەکە بکەنەوە لە دادگە. بەمجۆرە ڕووبەرێکی خۆڵەمێشیی بەرفرەوان هەیە لە بیرۆکەی مافی هەڵبژاردندا تەنانەت کاتێک لە دادگەیەکیشدا بەسووربوونەوە جەختی لەسەر کرابێتەوە، لەگەڵ کەمیی کارکردن بەسەربەستیی ژن و مۆڵەت پێدانی بۆ کردنی ئەو کارە.

مشتومڕە ڕاستەقینەکانی دادوەران و پارێزەران و باوان و مێردەکان ئاماژە بەناڕۆشنی دەدەن سەبارەت بەهاوسەرکاریی "ئارەزوومەندانە" و بیرۆکەی "ڕەزامەندی" یاخۆ "تەواوی عەقڵ" لە پیادەکردنی مافی هەڵبژاردندا. دیسان نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەستپێکراو لە کارەکانی دادوەراندا نییە. مەیلێک هەیە بۆ دروستکردنی هەرەمی بەهاکان لە پێناسەکردنی چاودێریدا کە هەندێک لە حوکمەکان ئاماژە بەچاودێرییەکی زۆر "شیاو" دەدەن، کاتێک بەسوودی باوکەکە بڕیار دەدەن بەتایبەتی کاتێک هۆکاری تەکنیکی لە ئارادا نین وەک گومان لە تەمەنی کچەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مافی سروشتیی باوکەکە (یان برای) کچەکە بەسەریەوە. هەروەها بەڵگەی بیرۆکەکانی "تەواویی عەقل" لە ئارادان، بەواتای توانای بڕیاردانی گونجاو و نەخۆشیی دەروونی یان پەشێویی دەروونی دەخزێندرێنە ناو خزمەتگوزاریی دادوەرییەوە کاتێک هەڵبژاردنی ژنەکە هاوسەرێتییە لە نێوان ئاینەکاندا، کە تیایدا بەزۆری چاودێریی گونجاو بەردەوام دەکەوێتەوە دەست باوان کە بەلێپرسراوانی "سروشتی"(٢٥) و "ڕاستەقینەی" ژنەکە دانراون، وەک لە پیاوێکی دەستدرێژیکار کە فرسەت لە ژنێکی بێدەرەتان دەهێنێت. هەڵبژاردنەکانی ژنێک دەدرێنە پاڵ هەوەسبازیی کاتی هەرزەکاری و جۆشهاتنێکی هۆرمۆنەکان(٢٦) و جۆرێک شێتێتی یاخۆ دەربڕینی نابەرپرسانەی ئارەزووە ترسناکەکان وەک لە لێکۆڵینەوەی کێشەکەی مەغا ماسوردا لەسەرەوە دەرکەوت.

هێڵێکی تری بیرکردنەوە کە لەناو گوتاری دادوەریدا جێگیر کرا، بریتی بوو لەو بڕوایەی کە ژنێک لە چاودێریی هاوبەشە هەڵبژێردراوەکەیدا لە ژێر زۆرلێکردندایە و لەبەرئەوە لە پێگەیەکدا نییە بڕیاری سەربەخۆ بدات، کەواتە پێش بڕیاردان لە کێشەکەی پێویستە یەکەم جار بخرێتە چاودێریی پاراستنی بەناو بێلایەنانەی دەوڵەتەوە. کەچی بەپێچەوانەوە کە لە چاودێریی باوانیدا بێت وەک کەسێکی دووچاری هیچ جۆرێک لە زۆرلێکردن یان پاڵەپەستۆ دانانرێت: ئەوەندەی پێوەندیی بەبیرکردنەوەی یاساییەوە هەبێت لایەنگیرییەکی سروشتی هەیە لە بەرژەوەندیی باواندا کە گوایە هەرگیز دژ بە بەرژەوەندییەکانی ژنەکە کار ناکەن.

مانا شاراوەکانی پەسندنەکردنی دادوەری پێوەندییان بەراڕاییەکی نائاساییەوە هەیە لەسەر ژنان و دەربڕینی ئارەزوو: دادوەران نەک بەتەنیا زۆرگێکردن قبوول دەکەن بگرە ژنان وەک هاوبەشێکی ڕەزامەند تەماشا دەکەن و تۆمەتەکان پشتگوێ دەخەن. دادگەکان هەروەها دان بەوەشدا دەنێن کە دەشێ پیاوان بەهەڵە بەهەڵگرتن و زۆرگێکردن تۆمەتبار بکرێن بۆ خۆلادان لە ئابڕووچوون بەهۆی پێوەندییەکی "شاراوە"وە (بەڵام بەڕەزامەندیی هەردوو لا) گەر دووانەکە لەناکاو ئاشکرا بوون. هێشتا، کاتێک ژنێک "ڕەدوو"دەکەوێت پێداگرتن لەسەر ڕەزامەندی چیتر قبوول ناکرێت. وەک دەردەکەوێت مافی هەڵبژاردن (یان ئارەزوو) وەک چۆن ژنێک دەری دەبڕێ، کاتێک پێچەوانەی قسەی باوان و چینی کۆمەڵایەتی یان نەریتەکانی کۆمەڵگە بێت، پێویست دەکات تێک بدرێت. بەمجۆرە لەو حاڵەتانەدا کە پێدەچێت لە ڕاستیدا پێوەندییە سێکسییە حەڵاڵەکانی ناو هاوسەرێتی بێت، ژنان وەک هاوبەشێک کە دەتوانێ ڕەزامەندی بدا تەماشا ناکرێن، بەگوێرەی بۆچوونی دادگەکان ئەم ژنانە ڕەنگە هەڕەشە لە ژیانیان کرابێت یاخۆ شێوازێکی ناعەقڵانییان لەگەڵدا بەکار هاتبێت بۆ ئەوەی ڕازی بن – ئەگەرنا زۆر بەسانایی ئەوان خۆیان وەک پایە نزم ناتوانن ڕەزامەندی دەربڕن، چونکە سەلیقەی بڕیاردانیان نییە لەبەر تەمەنیان. ئەمە وەک ئەوە وایە کە ژنان لە هیچ بارێکدا توانای بڕیاردانی عەقڵی یان سەلیقەی بڕیاردانیان نەبێت.

دەشێ دادگەکان کاتێک ڕووبەڕووی حاڵەتێک دەبنەوە کە تیایدا ژنێک ڕادەگەیەنێت بەئارەزووی خۆی شووی کردووە بەڵام تەمەنی هەرزەیە، ناکۆک بن. بۆ نموونە، لە حاڵەتی گیان دەڤی، بەرامبەر بەڕێوەبەری ناری نیکەتان و ئەوانی تر، حاڵەتی کچەکە وەک هەرزە (بەئارەزووی خۆی شووی کردبوو) بووە هۆی دروستکردنی بەربەستێک لە ڕێگەی چوونیدا بۆ لای مێردەکەی کە هەوڵی ڕزگارکردنی دەدا لەو دەستبەسەرییە خراپەی دووچاری بووبوو لەلایەن باوانیەوە. لەبەرئەوەی نەیویست لەگەڵ باوانی بڕوات، خرایە چاودێریی پاراستنی دەوڵەتەوە و نێردرا بۆ ناری نیکەتان. کاتێک گەیشتە تەمەنی باڵقی مێردەکەی لەجیاتی ئەو داوای بەرەڵڵاکردنی تۆمار کرد. وەک ژنەکە روونی کردەوە کە حەزی کردووە لەگەڵ مێردەکەی بڕوات، کاربەدەستان ڕێنمایی کرابوون کە ڕێگەی بدەن دەستبەجێ بڕوات چونکە بەوتەی دادگە "ناتوانرێ دژ بەخواستی خۆی بهێڵرێتەوە". لە کێشەیەکی هاوشێوەدا کاتێک کچێکی هەرزە ڕاگەیاندننامەیەکی لەسایەی مادەی ١٦٤ی یاسای لێپێچینەوەی تاواندا دەرکرد سەبارەت بەوەی کە بەویستی خۆی شووی کردووە، نێردرا بۆ ناری نیکەتان. پاشتر تەمەنی وەک باڵق قبوول کرا و مێردەکەی لە چاودێری ئازاد کرا. بەڵام ژنەکە لە ناری نیکەتان مایەوە و دەبوو مێردەکەی لەجیاتی ئەو داوایەک بۆ ئازادکردنی "لە گلدانەوەی نایاسایی"(٢٧) تۆمار بکات. بەپێچەوانەوە، لە حاڵەتێکی هاوشێوەدا کچێکی موسڵمان شووی کرد بەپیاوێکی موسڵمان پێش تەمەنی ١٨ ساڵی مێردەکە ڕای گەیاند کە هاوسەرێتییەکانی موسڵمانان پاش تەمەنی باڵقبوونی کچەکە یاسایی بوون. دادگە ئەمەی بەلاوە پەسند نەبوو و تانەی لە ڕەوایەتیی هاوسەرێتییەکە دا و ژنەکەی گەڕاندەوە ژێر چاودێریی باوکی وەک لێپرسراوی سروشتی. کچەکە لەبەردەم دادگە دەرنەکەوت تاوەکو بۆچوونی خۆی ئاشکرا بکا– "حوسن و ڕەزای" کچەکە جێی بایەخ نەبوو لەبەرئەوەی هێشتا لە دۆخێکدا نەبوو

هەڵبژاردنێکی ژیرانە بکات[٢٨].

لەگەڵ ئەو باسکردنەی سەرەوەشدا، ژمارەیەک حاڵەت هەن شێوازی دادگەکان پیشان دەدەن کە چۆن بەکردەنی دەتوانن کار بۆ پاڵپشتیکردنی مافی هەڵبژاردنی ژنان بکەن. ئەو جۆرە حوکمانە وەک نیشانەیەک بۆ دەرکەوتنی ڕاڤەکردنی لیبراڵانەی یاسای دەستووری کار لەسەر یەکسانی و ئازادیی تاکەکەس دەکەن، هەروەها بۆ ڕێگرتن لە پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەری لە ئەنجامدانی کارە ستەمکارەکانی وەک بەزۆر ڕەوانەکردنی ژنان بۆ "چاودێریی پاراستن". یەکێک لە حوکمەکان درکی بەئەگەری مەترسی بۆسەر ژیانی ژنیش کرد کاتێک کە "بگەڕێنرێتەوە" ژێر چاودێریی خێزانەکەی و کۆمەڵگە[٢٩].

لە حاڵەتی گوڵشەن جەهاندا[٣٠]، ئەو شووی بەجەمشید کردبوو بەئامادەبوونی شایەتەکان و ڕاگەیانرا کە باڵقە. بەڵام، باوکی داوایەکی FIRی تۆمار کردبوو کە تیایدا ڕادەگەیەنێت ئەو هەرزەیەکی ١٤ ساڵە و لەلایەن جەمشیدەوە ڕفێنراوە، کە لەسەر ئەو بنەمایە جەمشید دەستگیر کرا. دادگەی باڵا دەبوو لە هاوسەرکاریی جێناکۆکیی گوڵشەن بکۆڵێتەوە و پاش ئەوە بیسەلمێنێت ئایا "بەحوسن و ڕەزای" خۆی لەگەڵ جەمشید بووە. پشکنینی پزیشکی سەلماندی کە کاتی ڕووداوەکە تەمەنی لەسەرووی ١٨ەوە بووە[٣١]، دادگە بۆی دەرکەوت کە فەرمانی گلدانەوەکە "تەواو ناڕەوا" بووە و شایستەی پووچەڵکردنەوە بوو. دادگە لەسەر ئەو ڕایە بوو کە لەبەرئەوەی گوڵشەن جەهان ڕای گەیاندووە کە بەویست و ئارەزووی خۆی شووی بەجەمشید کردووە و لێپرسراوێتیی باوکی لەسەر لاچووە لەو ڕۆژەوە بووەتە کەسێکی هەراش، لەبەر ئەوەشی کە هەردوو گوڵشەن و جەمشید هەراشن یاسا ناتوانێ "ڕێگەی ئەوەیان لێ بگرێت کە یەکتریان خۆش بوێ". ئەوان مافی ئەوەیان هەبووە کە "بەسەربەرزی و شەرەفەوە بژین و ژیانی خۆیان مانابەخش بکەن". دادگە هەروەها ئەوەشی تێبینی کرد کە ئەو دووانە مافی کەسی و پاراستنی ژیان و ئازادیی تاکەکەسییان هەیە لەسایەی مادەی ٢١ی دەستووردا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ک.د.د.ی دادگەی تەمیز و دادگە باڵاکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە داننان بەمافی سەربەخۆیی و هەڵبژاردنی ژناندا گێڕا لە مەسەلەکانی هاوسەرێتیدا، کاتێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەبێت کە ئەو هەراشە. وەک چۆن بە ڕوونی ڕاگەیەنراوە لەلایەن دادگەکەوە لە کێشەی جیۆتی ناسراو بەجانات و ئەوی تر بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر:

بەگوێرەی یاسای هەراشبوونی هیندیی ساڵی ١٨٧٥، کەسێک کە تەمەنی ١٨ ساڵ بێت کەسێکی هەراشە، بەگوێرەی بەشی ٣ لە یاساکە. یاساکە لەو باوەڕەدایە کە کەسی هەراش چ ژن چ پیاو تێ دەگات خێروخۆشیی خۆی لە چیدایە. بەمجۆرە کەسی هەراش دەتوانێت بۆ هەرکوێ حەز بکات بڕوات و لەگەڵ هەرکەسێک بژی. هیندستان وڵاتێکی ئازاد و دیموکرات و عەلمانییە. لەبەرئەمە گەر کەسێک هەراش بێت تەنانەت باوانیش ناتوانن دەست لەکاروباری وەربدەن... هەرکە کەسێک گەیشتە تەمەنی هەراشی، ناتوانرێت ڕێگری بکرێت لە ڕۆیشتنی بۆ هەر جێیەک یاخۆ ژیان لەگەڵ هەر کەسێکدا. سەربەستیی تاکەکەس لە سایەی مادەی ٢١دا بەرزترین جێی لە دەستووردا هەیە[٣٢].

هەروەها نموونەش هەن کە تیایاندا دادگەی هەرەباڵا کێشەی دوو کەسی وەرگرتووە کە لەلایەن پۆلیس و دەسەڵاتەوە هەراسان کراون کاتێک هاوسەرێتیی دەرەوەی تخووبەکانی چینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیان هەڵبژاردووە. لە حاڵەتی ئارڤیندەر سینگ باگا، کە تیایدا چەندان ئەندامی خێزانی مێردەکە گیران، ژنەکە لە ژێر چاودێریی پۆلیسدا هێڵرایەوە و لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسەوە هەڕەشەی توندی لێ کرا، دادگە زۆر بەتوندی سەرکۆنەی پۆلیسی کرد. هەوڵی دا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو پۆلیسانەدا بکات کە تێوەگلابوون و هەروەها بەپارە قەرەبوو بکرێتەوە بەو پێیەی ئەشکەنجەکە تەنیا جەستەیی نەبووە بەڵکو دەروونیش بووە و وا دانرا کە ترسێنەر بووە و وا لە ژن دەکات ملکەچی داواکارییەکانی پۆلیس بێت. دادوەرەکان دووپاتیان کردەوە کە ئەو جۆرە ڕووداوانە نابێ ڕوو بدەن لە وڵاتێکدا "هێشتا لەلایەن یاساوە بەڕێوە دەبرێت". لە خولی دووەمی کارکردندا، دادوەران لەم کێشەیەدا ١٠٠٠٠ ڕوپێ قەرەبوویان بەخشییە هەریەک لە ژنەکە و مامی مێردەکەی و ٥٠٠٠ بۆ هەر یەک لەو کەسانەی تر کە "بەشێوەیەکی نایاسایی گلدرابوونەوە و سووکایەتییان پێ کرابوو بەبێ گوناح". هەروەها دادوەران فەرمانیان دەرکرد کە حکوومەت لێپرسینەوە لەگەڵ هەموو ئەو ئەفسەرانەی پۆلیسدا بکات کە لەم "کارە بۆگەنە" گلابوون[٣٣].

ساڵی ١٩٩٩ مەسەلەیەکی گرینگ تاوتوێ کرا لەبەردەم دادگەی باڵای ئەڵڵائاباد – ئوترا پرادێش: ڕانی گوپتا، دادگەی هەژاند کاتێک ڕای گەیاند باوکی زۆری لێ کردووە شوو بەکوڕێک بکات کە ئەم حەزی لێی نییە. بەویستی "ئازادی خۆی" چووەتە هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێکی تر بەدڵی خۆی. دادگە ئەوەی پەسند کرد کە ئەو کەسێکی هەراشە "بەگوێرەی ڕوخساری" و ڕانی هەلی ئەوەی پێ بەخشرا کە لەسەر هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاندننامەیەکی خۆبەخشانە بۆ دادگە ڕابگەیەنێت. دادگە دەستگیرکردنی مێردەکەی ڕاگرت و ڕای گەیاند سەربەستیی کەسیی ڕانی گوپتا نابێ خۆی دەسکاری بکرێت[٣٤].

لەم حاڵەتەدا دوو کەسەکە لە چوارچێوەی چینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی خۆیاندا هاوسەرێتییان بەست، بەڵام لە کێشەیەکی تردا کە شەش مانگ دواتر لەلایەن دادگەی باڵای ئەڵڵائابادەوە وەرگیرا، هەمان ئاکامی لێ کەوتەوە هەرچەندە ژنێکی هیندۆس ئاینی گۆڕیبوو بۆ ئیسلام تاوەکو شوو بەموسڵمانێک بکات[٣٥]. وەک پێشتر دەستنیشان کرا هاوسەرێتیی هیندۆس – موسڵمان زۆر بەتوندی بەرهەڵستی دەکرێت لەنێو پێوەندییەکاندا و دادگەکانیش چەند شێوازێکیان دۆزیوەتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەیان لە ژێر چەندان پەردەدا. لە جموجۆڵێکی نائاسادا دادگە لەم حاڵەتەدا دووپاتی کردەوە کە لەبەرئەوەی ڕێنو تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتبوو ئاینی خۆی بگۆڕێت لەبەر خۆشەویستی، دانانی لەلای باوانی دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی چاوەڕواننەکراو بۆ هەردوو هاوبەشەکە کە "لە بنەڕەتدا سەر بەکۆمەڵگەی جیاوازن". دادگە لەسەر ئەو ڕایە بوو کە "بەربەستەکانی چینی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان لە وڵاتی ئێمەدا دەبینن". دادگە هەروەها بۆی دەرکەوت:

ڕەنگە لێرەدا سەرنجی ئەوە بدەین کە هەوڵەکان دەبوو بە ئاڕاستەی پارێزگاری لە هاوسەرێتی

بنرێن لەجیاتی تێکدانی. لە باکگراوندی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەماندا، گەر ڕێنو شووی بەکەسێکی تر بکردایە و مێردەکەی بەپێوەندیی پێشووتری لەگەڵ داواکارەکەیدا بزانیبایە بەلایەنی کەمەوە ڕەنگە ژیانی ڕێنو و مێردەکەی تێک بچوایە. لە کاتێکدا جەخت لەسەر پێویستیی پاراستنی هاوسەرێتی دەکرێتەوە، لە کێشەیەکی تا ڕادەیەک هاوشێوەدا... دادگەی هەرە باڵا تێبینیی ئەوەی کردبوو کە "نابێ هیچ شتێک ڕوو بدا کە کاریگەری لەو هەڵوێستە بکات". ئەمە کێشەیەک نییە تیایدا کچێکی هەرزە هان بدرێت دوورکەوێتەوە لە لێپرسراوە یاساییە سروشتییەکانی، واتا باوانی کچەکە. لەو هەلومەرجەوە ئاشکرایە، ناتوانین چاو لە ئاست ڕاگەیاندنامەکەی بنووقێنین، کە ئەگەر بگەڕێنرێتەوە بۆلای باوکی ڕەنگە بکوژرێ (ئەم دێڕەی کۆتایی بەمەبەستی جەختکردنەوە بەشێوازێکی تایبەت نووسراوە).

دادگە بەدواداچوونی زیاتری لەسەر FIRەکەی سەبارەت بەڕفاندن ڕەت کردەوە چونکە بەتەنیا بەفیڕۆدانی پارە و کاتی گشتییە و دانی نا بەهەراسانکردنی داواکار و ژنەکەیدا.

لە دوا کێشەدا (لەسەر ڕەوتی کلاسیک – ژنێکی گەنج هەڵبژاردنێک دەکات کە باوانی ڕەتی دەکەنەوە، دەگاتە ئەو قۆناخەی کە تیایدا ئەو دەخرێتە ژێر چاودێریی پاراستنی دەوڵەتەوە) دادگەی باڵای ئەڵلائاباد پایەی ژنەکە وەک هەراش پەسند دەکات و ڕای دەگەیەنێت کە ئەو دەتوانێ "کوێی پێ خۆش بێت بۆی بچێت لەگەڵ هەر کەسێکدا حەز بکات بژی". دادگە بۆی دەرکەوت:

لەبەرئەوەی ئەو هەراشە مافی ئەوەی هەیە بۆ هەرکوێیەک بڕوات و لەگەڵ هەرکەسێکدا بژی. بەپێی بۆچوونی ئێمە ژن و پیاوێک تەنانەت بەبێ هاوسەرێتیش دەتوانن پێکەوە بژین، گەر خۆیان ئارەزوو بکەن. ڕەنگە ئەمە بەناڕەوشتی لەلایەن کۆمەڵگەوە تەماشا بکرێت بەڵام نایاسایی نییە. جیاوازی هەیە لە نێوان یاسا و ڕەوشتدا[٣٦].

لەبەرئەوەی سکاڵاکەر ڕای گەیاندبوو کە ژیانی لە مەترسیدا بووە، دادگە فەرمانی دەرکرد پۆلیس زامنی ئاسایشی گیانیشی بکەن.

## دروستکردنی جیاوازییەک: گرینگیی پشتگیریکردن

پەندێکی هیندستانی دەڵێت der aye, durust aye "گەرچی درەنگیش بێت، بەڵام چارەسەر هەر باشە" پڕاوپڕی سەردەمی هاوچەرخە سەبارەت بەڕووبەڕووبوونەوەی نکوڵی لە هەڵبژاردنەکان لە هاوسەرێتیدا. سەرنجدانی پەرەسەندوو لە ڕۆژنامەوانیدا هەرچەند نامسۆگەرە بەڵام یارمەتیدەر بوو لە سەرنجڕاکێشان بەلای ئەم پێشێلکارییانەی مافە دەستووری و مرۆییەکاندا، لەناویاندا مافی ژنان بۆ ژیان بەسەربەرزی لە خێزان و کۆمەڵگەکاندا. لەکاتێکدا پێشتر کاری کۆمەڵگەی شارستانی چەقی لەسەر ڕاپیکردنی کێشەکان بەجیا بەستبوو، گرووپەکانی ژنان و گرووپەکانی مافە شارستانی و دیموکراتییەکان و تەنانەت هەندێک لایەنی ڕامیاری ئێستا درک بەپێویستیی بزواندنی ڕای گشتی دەکەن دژ بەم شێوازە نابەجێیانەی توندوتیژی و پاڵەپەستۆ خستنە سەر دەسەڵات بۆ کارکردن بۆ پشتگیریی پیادەکردنی مافە دەستوورییەکان. بەتایبەتی کەمپەینکردن

(هەڵمەتکردن) بۆ هەبوونی مافی هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا پێویست دەکات ئاراستە و ڕووبەڕووی پەسندکردن و پشتگیریکردن و بەشداریکردنی کوشتنەکان بکرێتەوە لەلایەن بەشە بەرفرەوانەکانی کۆمەڵگەکانەوە کە قوربانییەکان بەشێکن لێیان و لە کردنی ئەو کارەشدا ئەو تێڕوانینە ڕەت بکرێتەوە کە ئەم توندوتیژییە دیاردەیەکی نامۆیە و پێوەندی بەجیهانی ژنانەوە هەیە بەبێ ئەوەی پێوەندیی بەبواری ڕامیاریی گشتییەوە هەبێت[٣٧]. بەداخەوە، ڕۆڵی کۆمیسیۆنی نیشتمانیی ژنان لەم دواییانەدا کورت بووبووەوە بۆ کارەکانی ئەندامە تاکەکان[٣٨]، لەجیاتی سەرقاڵبوون بەکاری چالاک و بەردەوام لەسەر بنەمای کۆمسیۆن. گرووپەکانی مافە شارستانییەکانی وەک یەکێتیی خەڵک بۆ ئازادییە شارستانییەکان PUCL لە ڕاجستان و یەکێتیی خەڵک بۆ مافە دیموکراتییەکان PUDR لە دەلهی، هەروەها پشتگیریی ئەو جووتە گەنجانەیان کردووە کە لەلایەن یاساوە یاخۆ خێزانەکانیانەوە تەنگیان پێ هەڵچنرابوو. ڕاپۆرتەکەی PUDR بەناوی "کارەساتی دادگەییکردن" ئەنجامێکی هەوڵی ڕێکخراوەکە بوو بۆ پشتگیریی خێزانە دالیتەکان کە لە کێشەکانی هاوسەرێتیی ئارەزوومەندانەدا لەلایەن دەسەڵاتەوە هەراسان کرابوون.

کاری یاسایی کۆمەڵەی داکۆکی و دەستپێشخەریی یاسایی (ک.د.ی) و بەشداریکردنی لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفرەواندا لە ئاستەکانی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا لە دوو لاوە پڕ بایەخ بوو. کاری یاسایی ک.د.ی لەسەر پێشێلکارییەکانی هاوسەرێتییە ئارەزوومەندەکان پیشانی دەدات کە گرووپەکانی پشتگیریی یاسایی/ گرووپەکانی ژنان یاخۆ هاوکاریی نێوان هەردووکیان دەتوانێت جیاوازییەکی ڕاستەقینە دروست بکات بۆ ژنە مەترسی لەسەرە گەنجەکان و یارمەتیدەر بێت لە مسۆگەرکردنی مافە دەستوورییەکانیان. ک.د.ی بەسەرکەوتوویی کاری کرد لەگەڵ گرووپەکانی تری ژنانی وەک ک.ژ.د.ە و، ڤانانگانا و ک.ا.ا.ک کە بەجیاش کار دەکەن. ک.ژ.د.ە بەهۆی زۆریی ئەندامانی لەسەر ئاستی نیشتمانی تاکە ڕێکخراو بوو کە بێجگە لە ئوتار پرادێش، بتوانێ مەسەلەکە بگرێتە ئەستۆ لە ویلایەتەکاندا بەتایبەتی لە هاریانا کە ناوبانگی بەو جۆرەی توندوتیژی دەرکردبوو و ڕێکخراوی تری لێ نەبوو کە ئامادە بێ بەرەنگاری دەسەڵاتی سیاسیی چینە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان ببێتەوە. ک.د.ی هەروەها هەوڵی دا کار لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی موزەفەرناگار بکات لە دامەزراندنی خانەیەکی کاریگەری مافەکانی کەسی باڵق بۆ یارمەتیدانی گەنجان لە هەڵبژاردنی هاوسەردا دژ بەفەرمانی خێزان.

لە مارتی ٢٠٠٣دا ک.د.ی کۆڕێکی ڕاوێژکاریی نیشتمانیی لەسەر "مافی هەڵبژاردنی ژنان کەی ویستیان لەگەڵ کێدا هاوسەری ببەستن" بەست، کە گردکردنەوەی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و پارێزەران و ئەکادیمیانی ویلایەتە جیاوازەکانی هیندستان و کاربەدەستانی حکوومەتی و ئەندامانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بوو. لە تەمووزی ٢٠٠٣دا دالیت و گرووپە چەپەکان کۆبوونەوەیەکیان بەست لە دەلهی بۆ جەختکردنە سەر مافەکانی گرووپە کەنارخراوەکان، وەک مافی دەستووریی هەڵبژاردنی هاوسەرێتی. لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا ک.ژ.د.ە کۆنگرەیەکی نیشتمانیی بەست لەسەر پێشێلکارییەکانی دژ بەژنان و پیاوان لە هاوسەرێتییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگەکاندا، کە دەرفەتی بەخشییە ئەو کەسانەی دووچاری

پەلامار و پێشێلکاری بووبوون ڕوونکردنەوەی خۆیان پێشکێش بکەن. ئەم دەست تێوەردانانەی گرووپە جۆراوجۆرەکان نموونەیەکی کاری ڕامیاریی فێمینیست بوو.

لە ڕێگەی ئەم کۆنگرانەوە و لەسەر بنەمای ئەزموونی کار لەسەر کێشەکان ژمارەیەک پێشنیازی پێوەندار دیاری کران. یەکەم، جووتە "ڕاکردووەکان" دەکرێت بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەتیان بدرێت یان ڕێگە بدرێ کە ڕاگەیاندننامەیەک لە سایەی برگەی ١٦٤ی یاسای لێپێچینەوەی تاواندا سەبارەت بەمافی هەڵبژاردن تۆمار بکەن لەبەردەم هەر دادوەرێکدا لە هەر جێیەکی وڵاتدا لەجیاتی چەقبەستن لە یاسادا کە ڕفاندن یان تۆمەتی تر تۆمار دەکرێت. کۆنگرەکەی ک.ژ.د.ە پێشنیازی کرد کە دەبێ توێژینەوە لەسەر ژنانی خۆکوشتوو بکرێت بەهۆی ئەنجامدانی توێکاریی پاش مردن بۆ زانینی هۆکاری مردنەکە. پرۆسەی هاوسەرێتییە شارستانییەکان لەسایەی یاسای هاوسەرێتیی تایبەتدا پێویستەساناتر و خێراتر بکرێن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە سیستمی ئێستا ڕێگەچارەیەکی بەرتەسکە بۆ ئەو جووتانەی لە دەرەوەی تخووبە ئاینییەکان هاوسەرێتی دەبەستن.[٣٩] تەوسێکی بێبەزەییانە لەو پاداشتە دراوییانەدایە کە حکوومەت دەیدات بەهاوسەرێتیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر ئەو توندوتیژییە زۆرەی دەسەڵات و سیستمی یاسایی دەیهێنن بەسەر ئەو کەسانەی هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن کە پێویستیی بەدژوەستانەوە هەیە بەوەی دەسەڵات ئەو میکانیزمانە دابمەزرێنێت کە بەڕاستی پاڵپشتی زەمانەتەکانن لە دەستووردا. لە ئابی ٢٠٠٤ تیمێکی چالاکوانانی ژنان پێشنیازیان کرد بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی موزەفەرناگار کە دەبێ زەمانەتی چاودێریی پاراستنی ئەو کچە بکرێت پێش تەسلیمکردنەوەی بەباوانی لە حاڵەتەکانی ناکۆکی لەسەر تەمەنی کچەکە یان بڕیاری ئەو بۆ هاوسەرێتییەکی ئارەزوومەندانە کە باوکی یان باوانی ناڕازین لەسەری. ئەمە لێپرسراویان دەکات لە سەلامەتیی کچەکە تا ئەو کاتەی دادگەکان بەپێی یاسا بڕیار لەسەر پرسی ناکۆکی لەسەری "چاودێری" یان سەربەخۆیی ژنەکە بەلادا دەخەن.

## بەهۆی ئاکامێکی کاتییەوە

لە هەر کوێدا هاوسەرگیریی ئارەزوومەندانە تەگەرەی خرایە بەر و ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی ململانێکە لە هاودژیی نێوان ئازادییە دەستەبەرکراوە دەستوورییەکان و هەندێک بڕگە یاسای سزادانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەشێوەیەکی ڕۆتینی لەلایەن ئەو خێزانانەوە بەکار دێت کە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی جڵەو دەدەن بەسەر کچە "گومڕا"کەیاندا. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت بەرگری لە کولتوور یان کۆمەڵگە و بیروباوەڕەکانی "شەرەف" زۆر بەکەمی هۆکارن لە حوکمداندا[٤٠] زیاتر لایەنگیریی دادگەکان دژ بەو کچانەیە هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی هەڵبژادنی خۆیان دەدەن و هاوسۆزیی بەڵگەنەویستیان بۆ باوان[٤١] بەشاراوەیی لە تەکنیکەکانی بڕیاردان لەسەر تەمەنی توانای سەلیقە و بڕیارە عەقڵانییەکان و زەمینە یاساییە هاوشێوەکاندا دەردەبڕێن. ڕاڕاییی ئاکاری و یاساییی دادگە پێوانە دەکرێن لە تەکنیکەکان و هزری درککردن کە باوانی بەلاوە پەسندترە وەک لە مافی هەڵبژاردنی کچەکە. لە هەندێک حاڵەتدا

ڕەنگە پۆلیس ئارگومێنتی کۆمەڵگە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی ڕێگر بوون لە بەردەم ڕۆیشتنی ژنێک لەگەڵ مێردەکەی و هێشتنەوەی لە گلدانەوەی ناپاسایدا بەکار بێنن.(٤٢) ئەوەی گرینگە کەمێی جۆرئەتە لەنێو دەسەڵاتی دادگەریدا بۆ ئەوەی بەئاشکرا شوێن هەڵوێستی بریارێکی دادگەی باڵای پاکستان بکەون کە هەرچەند پشتگیری مافی شووکردن لەسەر بنەمای هەڵبژاردن لە چوارچێوەی یاسای ئیسلامدا دەکات، بەڵام زۆر بەتوندی ناڕەزامەندە لەسەر "کڕینی مێرد" لەلایەن ژنانەوە(٤٣) (ئەحمەد ١٩٨٨، ل٢٢) ئەوەی ئەوان ڕایان گەیاند تەواو پێچەوانەی ئەمەیە کە لە هیند هەیە کە ڕەزامەندی بریتییە لە ڕەزامەندیی باوان و خزمە نزیکەکانی تر، ئەوان بەمجۆرە دانپیانانی یاسایی دەبەخشنە داوونەرێتێکی هاوپشکی بەربڵاو لەناو کۆمەڵگەی هیندستاندا و بیرۆکەی ڕەزامەندیی کەسی باڵق بەرتەسک دەکەنەوە(٤٤) (ئوبیرۆی ١٩٩٦، ل٣٣١).

بابەتێکی جدی ئەوەیە کە دادگەکان دوا پەناگەی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی جووتەکەن. بەدرێژاییی ئەو ڕێگەیە دەتوانرێ جووتەکە سۆراخ بکرێن و بگەڕێنرێنەوە و لەیەک جیا بکرێنەوە یاخۆ لەوەش خراپتر زۆر جار لەناو ببرێن. ئەمە هەمووی دەشێ ڕوو بدا نەک بەتەنیا لەبەر بەبرەویی پەسندکردنی توندوتیژی لە چەندان کۆمەڵگەدا بەڵکو هەروەها بەهۆی مانەوەی بیروباوەڕە دامەزراوەییەکان لەناو ئەم کۆمەڵگانەدا لە چاودێریکردنی ناوەکی بەسەر لەڕێگەلادەرانی کۆمەڵایەتییەوە. حاڵەتی وا هەبوون کە تیایاندا ئەم "سیستمە یاساییە نافەرمییە" تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتووە "سزای مەرگ" دەربکات. هەبوونی ئەم تاقمە هاوتەریبە نادەستووری "یاسایی"یانە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەگەرەکانی چەسپاندنی مافی هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا و لەبەرئەوە پێویستە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ژێر کۆنترۆڵدا بهێڵرێنەوە. هەرچۆنێک بێت، ئێستا هێڵێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا خەریکی جێگیرکردنی بەهای "کۆمەڵ" و داوونەرێتەکانیەتی و هەروەهاش دامەزراوەکانی کۆمەڵگە وەک دژوەستانەوەیەک بەرامبەر ستەمکاریی ناوەکیی دەوڵەتی مۆدێرن، بەبێ ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە ڕەهەندێکی ستەمکارانە و چینپەرست و باوکسالارانە لە کۆمەڵگەشدا هەیە. زۆر گرینگە درک بکرێت بەوەی کە لە سیاقی هاوسەرێتییە ئارەزوومەندەکاندا ئەو ژن و پیاوانەی کە تخووبەکانی خێزان و کۆمەڵگە دەبڕن دووچاری پێشێلکردنی مافەکانیان دەبنەوە وەک هاووڵاتی: بەتایبەتی ژنانی چینە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان و پیاوانی چینە کۆمەڵایەتییە نزمەکان مافی ژیانیان مەرجدار کراوە، لەلایەکەوە بەنکۆڵی لە مافی هەڵبژاردن و پەسندکردنی کۆنترۆڵی خێزانی باوکسالاری دامەزراو لەسەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتی و، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی چینی کۆمەڵایەتیی چینە باڵادەستەکان (کە توانای سزادانی هەریەک لە ژنانی چینیی کۆمەڵایەتی بەرز و پیاوانی چینی کۆمەڵایەتی نزمیان هەیە). سزای مەرگ لەلایەن باڵادەستانەوە وەک شێوازێکی ڕەوای هێشتنەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییان تەماشا دەکرێت کە لە ژێر ناوی (عیزەت) شکۆمەندیدا بەڕێوە دەچێت. وەک فێمینیست ئێمە پێویستە لە پێوەندیی نێوان بنیادەکان و ئایدیۆلۆجیاکان تێبگەین بۆ ئەوەی کار بەئاڕاستەی فرەوانکردنی مەیدانی مافە بنەڕەتییەکانی ژنان بکەین.

## سەرنجەکان

ئەم باسە ئاکامی کارێکی مەزنی هەماهەنگییە لەگەڵ تولیکا سریڤاستاڤا و ساریکا کالیا و جاسڤین و شەهیرە و کەسانی تر لە ک.د.د.ی (کۆمەڵی داکۆکی و دەستپێشخەریی یاسایی لە لوکناو، هیندستان)، کە لەسەرەتاوە و لەوەتەی دەیانناسم ژیانی هاوسەرێتیی ئارەزوومەندانەیان هەڵبژاردووە. کارکردن لەگەڵ هەموویاندا ئەزموونێکی پڕ بەخشش و دەوڵەمەند بوو بۆ من. حەز دەکەم بەفەرمی پێزانینی خۆم بەرامبەر کارکردن لەگەڵ ک.د.د.ی دەربڕم و بەتایبەتی سەبارەت بەراپۆرتە چڕوپڕەکەیان کە ئەم باسە پشتی پێیان بەستووە: ک.د.د.ی هەڵبژاردنی ژیان... "تاوانەکانی شەرەف" لە هیندستان: مافەکە، گەر کەی و لەگەڵ کێدا هاوسەرێتیت ویست، تێڕوانینێک لە ئوتار پرادێش و ڕاجستانەوە (٢٠٠٤)، لە ماڵپەڕە www.soas.ac.uk/honourcrimes دەست دەکەوێت. هەروەها سوودم لە وتووێژەکانم لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەی خوارەوە بینیوە: پریم چۆدری کە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی زانستیی داهێنا و، ئوشا ڕاماناسان و پراتیشکا باخی و چەندان کەسی تر کە لە کارەکانیانەوە زانیاریم وەرگرتووە. هەروەها سوپاسی تایبەتی بۆ دیپیکا تاندۆن و هاریش داوان و شاهانا و پرێم چۆدری لە تیمی PUDR (یەکێتیی جەماوەر بۆ مافە دیموکراتییەکان) کە ڕاپۆرتی کارەساتی دادگەییکردن: ڕاپۆرتێک لەسەر هاوسەرێتیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگە و دەوڵەت (Delhy.2003)، کە هەروەها یارمەتیدەرم بوو لە تێگەیشتن لەو توندوتیژییەی دەوری هاوسەرێتییە ئارەزوومەندانەکانی داوە، هەروەها لە چەندان زانیاریی ئێمەدا لە میانەی توێژینەوەکانی PUDRدا بەتایبەتی ڕۆهتاس و جایکیشان و خەڵکانی تر لە نارێلا و تالاڤ. تێبینیی ئەوە بکە کە ناوەکان بۆ پاراستنی ناسنامەی کەسەکان گۆڕراون.

١- ئەو زاراوانەی دەشێ بەکار بێن، وەک "تاوانەکانی نکۆڵی لە هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا" یان "نکۆڵییەکانی هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا و کوشتنەکان" یاخۆ ئەو دەربڕینانەی جەخت دەکەنە سەر توندوتیژی وەک ئەنجامێکی سووربوون لەسەر مافی هەڵبژاردن.

٢- بۆ نموونە، سەیری چۆدری ١٩٩٨، ٢٠٠٤ ا و ب ٢٠٠٤ و، ئەو کارانەی لە سەرنجەکاندا لەخوارەوە هێنراونەتەوە.

٣- ڕووداوێکی بەناوبانگ ڕووی دا لە کاندراڤالی (هەرێمی موزەفەرناگار، ١٠٠ کیلۆمەتر لە دەلهییەوە دوورە). جووتێکی گەنج، خزمایەتییەکی دووریان هەبوو سەربەهەمان چینی کۆمەڵایەتیی دالیت و هەمان گوند بوون، ڕەدووکەتن و هاوسەرییان بەست. شەش مانگ دواتر گەڕانەوە و بانگ کران بۆ دیوەخانی گوند (شوێنی کۆبوونەوەی سەرەکی) لەلایەن گوندنشینەکانەوە (لە ناویاندا ئەندامانی خێزانی کچەکە). کاتێک گەیشتنە جێ لەلایەن مامێکی کچەکەوە سەریان لە جەستەیان جیا کرایەوە. هیچ هەستێکی پەشیمانی لەناو گوندنشینەکاندا بوونی نەبوو، کە پێکەوە سەیری کوشتنەکەیان کرد وەک سزایەک بۆ ئەوەی وەک "پێشێلکردنێکی ناشیرینی کۆمەڵایەتی" تێی دەڕواندرا. (پایۆنیر، ١١ ئاب ١٩٩٣).

٤- سەرچاوەی پێشوو.

٥- لە شارێکی باکوری هیندستان ئەندامان و سەرۆکی BJP (پارتی بەهاراتا جاناتا) پێکەوە لەگەڵ باجرانگ دال bajrang Dal (سەربازانی باڵی ڕاستڕەوی دەستەی هیندوتڤا) چالاکییەکی چوار کاتژمێریی سەر شەقامیان ڕێکخست کە تیایدا دەستیان کرد بەتایە سووتاندن و تێکدانی هاتوچۆ لە شەقامێکی قەرەباڵغی ناوچەیەکی دەوڵەمەندی شارەکەدا، داوای گێڕانەوەی کچە هیندۆسییەکیان

دەکرد بەناوی (ن) کە گوایە لەلایەن پیاوێکی موسڵمانەوە بەناوی (ا) ڕفێنرابوو. کاری توندوتیژی بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی (ن) لەبەردەم ئۆفیسی دادوەردا دەرکەوت بۆ ئەوەی ڕاگەیاندننامەی خۆی بدات لە سایەی بڕگەی ١٦٤ی یاسای لیپێچینەوەی تاوان کە تیایدا ڕای گەیاند بەویستی خۆی شووی بە (ا) کردووە (فایلی کێشەکانی ک.د.د.ی).

٦- لە تەمموزی ٢٠٠١ دا بهارتی کە ژنێکی هیندۆس بوو بەشێوەیەکی یاسایی شووی بەپیاوێکی موسڵمان لە ئەحمەدئاباد کردبوو دوای ئاین گۆڕین (لەلایەن پارێزەرێکەوە ئامۆژگاری و پشتگیری کرابوو)، لەلایەن ڕێکخراوێکی ڕاستڕۆوە ڕاوەدوونرابوو بەمەبەستی گێڕانەوە و هێنانەوەی بۆ سەر ئاین، کە لەلایەن دەسەڵاتی ڕاستڕۆوە پاڵپشتی دەکرا. کاتێک پارێزەرەکەی بهارتی دادگەکانی بزواند بۆ سەلماندنی لەلای پۆلیس، کە ژنەکە لە ژێر چاودێریی ئەواندا بوو، بەڵام ڕیگەیان دابوو بەنزیکەی ٢٠٠ هەڵسووڕاوی هیندۆس بەسەر بنکەی پۆلیسەکەدا بدەن و پاشان گواستیانەوە بۆ خانەیەکی سەرپەرشتیکراو لەلایەن حکوومەتەوە. ئەوان بەڵگەی ئەوەیان هێنایەوە کە نەیانتوانیوە کارەکە بکەن چونکە ئەو خۆی خۆی کوشتووە. بەهۆی سووتانەکانی جەستەیەوە لەسایەی هەلومەرجێکی تەواو گوماناویدا لە ئۆفیسی ماهاسابهای هیندۆسی گیانی لەدەست دا (مالەکار ٢٠٠١).

٧- جێی بایەخە کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و ڕاهێنانی نوێ لە کتێبی کۆمەڵناسیی پۆلی یازدەمدا کە لەلایەن حکوومەتی BJP وە ساڵی ٢٠٠٢ پێشکێش کراوە، ئەو باوەڕە گشتییە دووپات دەکاتەوە کە داوونەرێتەکانی ژیانی ژنومێردایەتی پێویستییان بەهاوسەرێتیی هەمان چین و هەمان ئاین هەیە.

٨- زانیاریی کۆکراوە لەلایەن PUDR تیمی ئاشکراکردنی ڕاستییەکان ٢٠٠٢ -٢٠٠٣ بۆ ڕاپۆرتی کارەساتی دادگەییکردن.

٩- "Aukat se bahar kaam karenge to yehi hoga)" فایلی کێشەکانی ک.د.د.ی).

١٠- یاسمین ناوی خواستراوی مەغا ماسور بەرامبەر ڕامەش چاند ماسور و سونیتا ماسور، سکاڵای نووسراوی ژمارە ٣١٩ (دادگەی باڵا)ی ساڵی ١٩٩٣.

١١- ڕاپۆرتی ک.د.د.ی ساڵی ٢٠٠٤: لە سەدا ٩ی حاڵەتەکانی هەوڵدان بۆ دەست تێوەردانی دادگە لە ڕەتکردنەوەی مافی هەڵبژاردن لە هاوسەرێتیدا تیایدا دەبینین کە مێرد/ دۆستەکە تۆمەتی ڕفاندن و هەڵگرتنی دەدرێتە پاڵ، کە زانراوە تاوانی گرتن لەسەرن (بەبێ ئاگەدارکردنەوە گرتنیان لەسەرە) و کەفالەتیان بۆ نییە (تەنیا لە ڕێگەی دادوەرێکەوە دەتوانرێ کەفالەت بە دەست بێت).

١٢- سەیری ڕوونکردنەوەی ڕادا کە لەسەرەوە هێنراوەتەوە و کێشەی ساتیش و بابیتا لە کارەساتی دادگەییکردن لاپەڕە و پەرەگرافی ٥-٨.

١٣- ڕاپۆرتی ک.د.د.ی، ٢٠٠٤: لە ٦٢٪ی نموونەی کێشەکاندا هەردوو هاوبەشەکە باڵق بوون، لە ٤٪دا پیاوەکە باڵق و ژنەکە هەرزە بوو، لە ١٩٪دا هەردووکیان هەرزە بوون و تەنیا لە ٢٪دا ژنەکە هەراش و پیاوەکە هەرزە بووە.

١٤- سەیری سمت. سونیتا لە ڕێگەی تولسی مێردیەوە بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر ساڵی ٢٠٠٣ (I) کۆمسیۆنی بەدواداچوونی دادوەری ١٩٢٧ (هەمووی)، جەمشید و یەکێکی تر بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر داوانامەی ژمارە ٤٥٢٢ ساڵی ٢٠٠٠ (هەمووی).

١٥- تەقەبول جەهان بەرامبەر ڕیزوان و ئەوانی تر ٢٠٠٣ (٢) کۆمسیۆنی بەدواداچوونی دادوەری.

١٦- له یاسـای هیندۆسـیدا پێوەندییەکی شلۆق هەیە لە نێوان هاوسەرێتی وەک نەریتێکی ئاینی و هاوسەرێتی وەک پەیمانێک، لەکاتێکدا تەمەنی کچ بۆ هاوسەرێتییەکی شەرعی ١٨ ساڵە، گرێدانی پێوەستی هاوسەرێتیی ئاینی پێش ئەو تەمەنەش شەرعییە لەبەر ناوێزەیی یاساکە.

١٧- مۆهد. ئیکرام حوسەین بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر AIR 1964 بەشی ١٦٢٥.

١٨- بەڕێوەبەری پۆلیسی نارێلا بروانامەی ماستەری لە زانستی سیاسیدا هەیە، دەرچووی بەشی یاسایە و زۆر بەباشی ئاگای لە گوتارەکانی مافەکانی مرۆڤە، لێدوانەکانی بۆ تیمی PUDR لە نیسانی ٢٠٠٣دا بەهەستێکی زۆری هاوڕێیەتییەوە کراون و، تەنیا نەیویست یەکێک لەو لێدوانی بڵاو بکرێتەوە.

١٩- ک. بیلال ناوی خواستراوی س.ک ڕاجا و ئەوانی تر بەرامبەر ویلایەتی ئۆریسا و ئەوانی تر ١١ DMC 327. (١٩٩٤)

٢٠- کیران سینگ بەرامبەر ئەناند پراتاپ سینگ و ئەوانی تر AIR 1980, SC, 1749.

٢١- ئارڤیندەر سینگ باگا بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر AIR 1980.SUPP(I)SCC 500، کە تیایدا ترسی ئەوە هەیە کە خەڵکی کۆمەڵگەیەک بەزۆر کچی کۆمەڵگەیەکی تر ببەن.

٢٢- کیران بەرامبەر ئەناند پراتاپ سینگ.

٢٣- مۆهد. ئیکرام حوسەین بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر.

٢٤- سەرچاوەی پێشوو.

٢٥- تەقەبول جەهان بەرامبەر ڕیزوان و ئەوانی تر ٢٠٠٣ (٢) JIC 209- ر.

٢٦- ئەو هەڵوێستەی کە "خۆشەویستی" لە کچاندا قۆناخێکی شێتێتیی هۆرمۆنییە بەشێوەیەکی کاڵوکرچ لە ڕیکلامێکی بازرگانیی نوێدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە: ڕیکلامەکە بەوە دەست پێ دەکات باوکێکی تووڕە کچەکەی بەقژ ڕادەکێشێت و فرێی دەداتە سەر سیسەمی خەوتنەکەی و دەرگای لەسەر دادەخات بۆ ئەوەی ڕێی لێ بگرێت چاوی بە"کوڕە هاوڕێکەی" بکەوێت. کچە شێتبووەکە ئەوجا دەست دەکات بەنارێکوپێکی ناوی کوڕە هاوڕێکەی لەسەر هەموو دیوارەکان بەنووسینی، پاشان دایکە کارامەکەی ژوورەکە بەتابلۆ ئاسیاییەکان نەخش دەکات، کچەکە بەدیمەنی ژوورەکە سەرسام دەبێ و کاتێک دواتر کوڕە هاوڕێکەی تەلەفونی بۆ دەکات تەلەفونەکەی بەسەردا دادەخاتەوە و دەڵێت "ژمارەکە هەڵەیە". توندوتیژی و پەکخستنی ژنان و دەستدرێژی بۆسەر مافەکانیان بەسروشتی کراون بەهۆی ڕێگەچارەیەکی پوخت کە لەلایەن بازاڕەوە دەستەبەر کراوە. ئەو وێنەیەی کە دەمێنێتەوە هی گاڵتەکردنە بەمەسەلەیەکی زۆر جدی کە پەرۆشییەکی کەم دەهێنێتە ئاراوە.

٢٧- س.م.ت. سونیتا لە ڕێگەی تولسی مێردییەوە بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر ٢٠٠٣.

٢٨- تەقەبول جەهان بەرامبەر ڕحزوان و ئەوانی تر.

٢٩- مۆهد. کالۆ ناوی خواستراوی مۆهد. جوبیل بەرامبەر ویلایەت و ئەوانی تر سکاڵای نووسراوی ژمارە ٩٧٩ ساڵی ١٩٩٩.

٣٠- جەمشید و ئەوی تر بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش ئەوانی تر ٢٠٠٣ (٢) ڕاپۆرتەکانی تاوان لە لوکناو ٢٦.

٣١- زنجیرەیەک پشکنینی پزیشکی لەو حاڵەتانەدا بۆ سەلماندنی تەمەن بەکار هێنراون، وەک تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی تەمەنی ئێسک. بەڵگەی بەڵگەنامەی تەمەن زۆر جار کەموکورتە یاخۆ ناکۆکیی لەسەرە و بەڵگەی شایەت زۆربەی کات متمانەی تەواوی ناخرێتە سەر چونکە باوان یان

شایەتەکانی تر کە دەتوانن شایەتی لەسەر تەمەن بدەن دەشێ بەرژەوەندیی خۆیان هەبێت لە تەمەنی کەسەکەدا (بۆ نموونە گەر کەسەکە دابنرێت بەهەرزە لەسایەی یاسادا دەکەوێتەوە ژێر کۆنترۆڵی باوانەوە).

٣٢- جیۆتی ناوی خواستراوی جانات و ئەویتر بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر ٢٠٠٣ (٢) ) JIC 468 هەموو).

٣٣- ئارڤیندەر سینگ باگا بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر.

٣٤- شیڤ کومار گوپتا ناوی خواستراوی راجو بەرامبەر ویلایەتی ئوتار پرادێش و ئەوانی تر ١٩٩٩ کۆواری یاسایی لوکناو ژمارە , ٢٥٤

٣٥- مۆهد. کالۆ ناوی خواستراوی جوبیل.

٣٦- پایال شارما ناوی خواستراوی کاملا شارما بەرامبەر بەرێوەبەری ناری نیکەتان و ئاگرا و ئەوانی تر ٢٠٠١ (٣) AWC.1778

٣٧- بۆ نموونە، ئەو وتارەی کە لەلایەن سەیدە حامید نووسراوە لەسەر کوشتنی دوو خوشک لە ژێر ستوونی "جیهانی ژنان لە رەوتی گشتیدا" (١٩٩٩) بڵاو دەکرایەوە.

٣٨- دەستێوەردانەکانی سەیدە حامید وەک ئەندامی کۆمسیۆنی نیستمانیی ژنان.

٣٩- لە موزەفەرناگار کە توندوتیژی لەسەر هاوسەرێتیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان لەوپەڕیدا بوو، زانیاریی کۆکراوە لەسەر داواکارییەکانی هاوسەرێتی لەسایەی یاسای تایبەتی هاوسەرکاری زۆر شت دەردەخەن: لە ٣٧ داواکاری کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا کراون تەنیا ١٨٪یان بەهاوسەرێتیی تەواو تەواو بوون. ژمارەیەکی زۆری داواکارییەکان بەتاڵ بوونەتەوە بەهۆی ئەوەی هەردوو یان یەکێک لە داواکارەکان لەبەردەم دادوەردا ئامادە نەبوون، پاشتر تەنانەت گەر ئەو کارەشیان کردبێت ناتوانن هاوسەرێتییەکی تەواو بەجێ بگەیەنن لە خودی ئاهەنگی رەسمیی هاوسەرێتییەکە و ئەو ماوەیەی بۆیان دانراوە، لەبەرئەوە داواکارییەکانیان پووچەڵ دەبێتەوە. ئەمە رەنگە لەبەرئەوە بێت کە رێگەی ئامادەبوونیان لێ گیراوە لە ئەو بەروارەی دانراوە یان خۆیان ترسابن لە ئەنجامەکانی هاوسەرێتییەکەیان بەهۆی پەسندنەکردنی باوانەوە_ (راپۆرتی ک.د.د.ی، ٢٠٠٤).

٤٠- ئەم رەهەندەی حوکمەکان، رەنگدانەوەی خۆبەستنەوەیە بەمەرجە دەستوورییەکانەوە کە رێگە خۆش دەکەن بۆ حکومەتی هیندستان کۆرە نێودەوڵەتییەکان رەت بکاتەوە بەو هۆیەوە کە چەند روویەکی کولتوور و داوونەرێت هەن بەرپرسیاری پێشێلکردنەکانی مافەکانی ئافرەتانن. حکومەت بەتایبەتی نکۆڵی لە رووداوی "کوشتنەکانی شەرەف" کرد، وای راگەیاند کە راپۆرتەکەی UN لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان پشتی بە "قسەوقسەڵۆک" بەستبوو (ئینیدیەن ئێکسپرێس، ١٢ تشرینی یەکەم ٢٠٠٢). رێکخراوەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ دژ بەم هەڵوێستەی حکومەت وەستانەوە، بۆ نموونە ک.ژ.د.ە راگەیاندننامەیەکی لە بڵاوکراوەی دیموکراسیی خەڵکدا ژمارەی ٢٧ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٢ بڵاو کردەوە، پێشنیازی خستنەبەردەستی بەڵگە دەکات بۆ حکومەت و تۆمەتی نەبوونی متمانە لە راپۆرتەکەی UNدا بەرپەرچ دەداتەوە بەدژە تۆمەتبارکردن کە حکومەت دووچاری لەدەستدانی متمانە بووە بەو نکۆڵیکردنەی.

٤١- لە کێشەی س.ک. بیلال ناوی خواستراوی س.ک. راجا و ئەوانی تر بەرامبەر ویلایەتی ئۆریسا ١١(١٩٩٤) DMC 327، دادوەر هاوسۆزییەکی زۆری دەربڕی بۆ باوانی کچێک کە شووی کردبوو

بەموسڵمـانێک. "من هەست بەئازارەکانی سکاڵاکەری ژمارە ٣ دەکەم بۆ ئەو شێوازەی کچەکەیان لەقەی لە پەروەشیی دایک و باوکایەتی و مـاڵ داوە و کوڕی کۆمەڵگەیەکی تری وەک هاوبەشی ژیانی هەڵبـژاردووە، زیاتریش بووەتە هۆی تەریقی و سووکـایەتییـان لەناو کـۆمەڵگەی خـۆیاندا. بەڵام ئیـتر هەندێک ڕووداو بەرەو دواوە ناگـەڕێنرێنەوە و باشـتـرە مـرۆڤ خـۆی لەگـەڵدا بسـازێنێت لەجیـاتی مەلەکردن بەدژی تەوژم". ناچار کرابوو هەڵوێستی یاسا قبووڵ بکات کە ئەوە بوو "کاتێک دوو کەس کە شـیـاو بن بۆ مـەبەسـتی بڕیار لەسـەر ژین پێکەوە وەک ژن و مـێـرد، یاسـای وڵات ڕێگە بەفـڕێدانی کۆڵەکەکانی ژینیان نادات".

٤٢– بەمـجـۆرە لە کـێشـەی س.ک. بیلال ناوی خـواسـتـراوی س.ک ڕاجـا و ئەوانی تـر بەرامـبـەر ویلایەتی ئۆریسا پۆلی ڕایان گەیاند کە ئەوان ژنەکەیان لە شەودا گلداوەتەوە بەهۆی مەترسی بۆ سەر یاسا و ئاسـایش لەلایەن کۆبوونەوەی ژمـارەیەکی زۆری ئەندامـانی کۆمەڵگەی مێردەکەوە (سـیخ) و، هەروەها دواکـەوتنیش لە ئامـادەکـاریی پشکنینە پزیشکییـەکـاندا (بڕیاردان لەسـەر تەمـەن) و تۆمـارکـردنی داوانامەکەی لەبەردەم دادوەردا ڕوویان داوە.

٤٣– چەندان لە دادوەران لە هیندسـتـان بەجـۆشـەوە لایەنگیریی هەڵوێسـتـەکانی دادوەر خـەلیلورڕەحمـان بوون، کە پێشنیازی کرد کەسە بەتەمەنەکانی خێزان دەبێ لایەنێکی گرینگ بن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوسـەردا. وتی "با بەتەمـەنەکانی خێزانەکە بگەڕێن و لێکۆڵینەوە بکەن پاشان هەرچییـەک بەردەست بوو بیخەنە بەردەم کوڕ یان کچەکە کە ڕەنگە خۆشی وا بێت، ئەوانیش دوا بڕیار بدەن لە مەسەلەکەدا": کێشەی حافیز عەبدولواحید بەرامبەر ئەسما جەهانگیر، PLD 1997 لاهۆر ٣٠١

٤٤– ئەوەی جێی بایەخـە نەریتی هاوسـەرێتیی بڕیارلێدراو بەتەواوی تێکەڵاوی سەرمایەداریی جیـهـانی و بازاڕ و بەرخـۆری پیشـەسـازیی ڕیکلامی بازرگانی بووە. ڕیکلامـێک بۆ ئەڵمـاس وا ئەڵقـەی ئەڵمـاس بەهیندی دەکات کە گونجاوی هاوسـەرێتیی بڕیارلێدراو بێت: جووتێک هاوسەرێتییەکەیان بڕیاری لێ دراوە و، هەروەها ئەڵقە ئەڵماسەکە مژدەی لەدایکبوونی یەکەم منداڵ دەدات. دەنگی سەر ڕیکلامەکە هەسـتـەکانی ژنەکە دەردەبڕێت، دان بـەوەدا دەنێت کە جـووتەکە بـەهۆی ئەوانی ترەوە پێـوەست بوون بەیەکـترەوە بەڵام پاشـان پێوەسـتیی تـر لە نێوانیاندا دروست بووە– ئەوە ئەو پێوەسـتییـانەی ترن کە ڕەنگە نیشانەی هاوسـەرێتیی خۆشەویستی بن!

بەشی شازدەم

# سنووردانان بۆ بەزۆر بەشوودان لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا: لە نێوان مافەکانی ژنان و کۆنترۆڵکردنی پەنابەریدا

ئانجا برێدال

لە ١٩٩٠ـەکاندا مەسەلەی بەزۆر بەشوودان بووە جێی سەرنجی رای گشتی لە نەرویج و دانیمارک، لەو ساتانەدا بەزۆر بەشوودان لە سوێد کەمتر بەرچاو بوو هەرچەند لاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامەکان چیرۆکی بەجۆشیان تێدا بوون لەسەر "کچانی کۆچبەر" و خێزانەکانیان. ساڵی ١٩٩٨ حکوومەتی نەرویج پلانێکی کاری ئامادە کرد. و دانیمارکییەکان بەلای یاساکانی پەنابەریدا بایان دایەوە و، حکوومەتی سوێد تاوەکو ساتەوەختی کوشتنی فاتیمە ساهیندال لە ساڵی ٢٠٠٢ بێدەنگ بوو.

لەم بەشەدا، باسی پەرەسەندنی بەئاگایی جەماوەر و هەنگاوەکانی سیاسەتی بەگژداچوونەوەی بەزۆر بەشوودانەکان لە وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا دەکەم، جەختی سەرەکی لەسەر دەستپێشخەرییە حکوومییەکانە بۆ گۆڕینی یاسا لە نەرویج. هەروەها باسی ڕەگەزە سەرەکییەکانی سیاسەتی دانیمارک دەکەم. سوێد بەمەبەست دەپەڕێنم بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر هۆکارەکانی لە پێشێ، هەروەها لەبەرئەوەی سیاسەتەکانی سوێد بەگشتی زیاتر پێوەندییان بەتوندوتیژی بەهۆی "شەرەف"ەوە هەبوو وەک لە دەرکەوتەیەکی دیاریکراوی بەزۆر بەشوودان(١). شێوازی ئەم وتارە بەشێوەیەکی سەرەکی وەسفییە، بەڵام هەندێک لێدوانی هەڵسەنگێنەریش دەکەم(٢).

## نەرویج

یەکەم دەرکەوتنی بەزۆر بەشوودان لە نەرویج کە سەرنجی جەماوەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت وتارێکی ڕۆژنامەییی سەرنجڕاکێش بوو ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازاد هێگە ستۆرهاوگ نووسرابوو و، پشتی بەچاوپێکەوتنێک بەستبوو لەگەڵ "سیما"دا کە کچێکی نەرویجیی بەڕەگەز پاکستانی بوو کە لەلایەن باوانییەوە زۆری لێ کرابوو شوو بەئامۆزایەکی پلە دووی خۆی بکات کاتێک لە پشووی گەڕانەوەدا بوو لە پاکستان (ڕۆژنامەی داگبلادێت، ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢)(٣). سیما لێی درابوو و بەندیش کرابوو بەڵام توانیبووی دەرباز بێت و بەیارمەتی باڵوێزخانەی نەرویج لە ئیسلام ئاباد، گەڕایەوە نەرویج. چیرۆکی ڕۆژنامەکە سەرنجێکی باشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بەڵام لەم قۆناخەدا هیچ مشتومڕێکی زیاتری نەخستەوە. بەدرێژاییی

١٩٩٠ەكان، كێشەی زیاتر لە میدیادا دەركەوتن و چەندان ڕێكخراو بەپێشڕەویی خاچی سووری ئۆسلۆ هەنگاویان بۆ یارمەتیدانی خەڵكانی گەنجی دووچاری مەترسی هەڵنا.

لە سەرەتاوە، لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەكاندا مشتومڕ لەسەر بەزۆر بەشوودان بوو، پاشان لەسەر هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەكان، كە لە چوارچێوەی مشتومڕی پێشتر جەمسەرگرتووی "كۆچبەری"دا دانرابوون. یەكێك لە جەمسەرەكان ڕای دەگەیاند كە بەتەنیا چەند ڕووداوێكی كەمی بەزۆر بەشوودان هەبوون و، میدیای تاوانبار دەكرد بە بەشداریكردن لە گشتگیركردنی ئەو لەكانەی پێشتر لكێندرابوون بەگرووپێكی كەمینەی ئیتنییەوە. ئەوانی تر پێیان دادەگرت كە ئەو حاڵەتانە بەتەنیا مشتێك بوون لە خەروارێك، ڕەخنەگران بەوە تاوانبار دەكەن كە ناوێرن دان بەو پێشێلكارییە بەردەوامەدا بنێن لە ترسی ئەوەی بەڕەگەزپەرست یان بەشدار لە ڕەگەزپەرستیدا ناوزەد نەكرێن.

هەتا پایزی ١٩٩٧ و بڵاوكردنەوەی كێشەكەی "نادیە" لەلایەن میدیاوە مشتومڕەكە نەگوێزرایەوە سەر ئاستی سیاسی. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەكان، نادیەی ١٨ ساڵ لەلایەن باوانیەوە ڕفێندرابوو كە بردبوویانەوە بۆ وڵاتی دایك، مەغریب. نادیە توانیبووی تەلەفون بۆ خاوەن كارەكەی و چەند هاوڕێیەكی خۆی لە نەرویج بكات و لە حاڵی خۆی ئاگەداریان بكاتەوە. پاش پاڵپەستۆیەكی بەرچاوی باڵیۆزخانەی نەرویج و چەندان دامەزراوەی تری نەرویجی[٤]، باوانی ڕازی بوون بیگەڕێننەوە بۆ نەرویج. نادیە لەسەر ئەو باوەڕە بوو كە باوانی پلانی بەزۆر بەشوودانیان بۆ داڕشتبوو، بەڵام چونكە ئەمە نەدەتواندرا بسەلمێندرێت بەتەنیا بەڕفاندن تۆمەتبار كران ("بەزۆر هێشتنەوەی كەسێك دژ بەویستی خۆی بەو مەرجەی سەرپێچییەكە لە یەك مانگ تێپەڕی كردبێت"). لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا تاوانەكەیان بەسەردا ساخ بووەوە[٥].

كێشەكەی نادیە شانبەشانی پاڵەپەستۆی ڕێكخراوە ناحكومییەكان و میدیا بەگشتی پاڵنەری پشت داوایەكی پەرلەمانی بوون بۆ حكوومەت (لەلایەن ئەندام پەرلەمانی پارتی پارێزگاران ئێرنا سۆلبێرگ نەخشەی بۆ كێشرا)[٦] بۆ پەرەدان بەپلانی كارێك سەبارەت بەمەسەلەی بەزۆر بەشوودان. پلانی كارەكەی حكوومەت كە لەسەر ڕێگری و چارەسەركردن قووڵ دەبێتەوە لە كانوونی یەكەمی ١٩٩٨دا بڵاو كرایەوە. بەدرێژی باسی ئاڵۆزییەكانی مشتومڕی بەردەوام لەسەر جیاكاریی نێوان بەزۆر بەشوودان و هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو دەكات و، تێبینیی ئەوە دەكات كە لە كاتێكدا درككردنی كەسەكە بۆهەبوونی مافی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە كارێكی پێوەندارە و، دژوارە هێڵی جیاكەرەوە لە نێوان زۆرلێكردن و پاڵەپەستۆ بكێشرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەتوندی ڕادەگەیەنێت:

پلانی كارەكە بەسەر هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەكاندا پیادە نابێ لەبەرئەوەی ئەمانە بەگوێرەی یاسای نەرویج و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانی نەرویج لایەنە تێیاندا، چوونەتە ناویان. ئامانجی پلانی كارەكە بەشداریكردنە لە زامنكردنی ئەوەی زۆرلێكردن چ جەستەیی یان دەروونی لە قایلكردنی یەكێك یان هەردوو لایەنی پێوەندار بەچوونە ناو هاوسەرێتییەكەوە بەكار نەهاتووە.

پلانەکە سەبارەت بەقەبارەی ئەو گرفتەی کە دەیەوێت چارەی بکات، لێڵە. بەڵام هەر چۆنێک بێت، تیشک دەخاتە سەر پێویستیی خەریکبوون بەدایەلۆگەوە لەگەڵ گرووپە کەمینە پێوەندارەکاندا، هەروەها زامنکردنی کۆمەک بۆ ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسیدان یاخۆ بوونەتە قوربانیی بەزۆر بەشوودان. زۆربەی "خاڵەکانی کار" جەخت لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی توانا و رێوشوێنەکانی ناو چوارچێوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەکەن. هەرچەند پلانەکە مەسەلەی دامەزراوەیەکی نیشتمانیی دیاریکراو بەرز دەکاتەوە، پێ دادەگرێت لەسەر دژایەتیی سەنتراڵکردن و، دەڵێت: "ئێمە لەو باوەڕەداین... کارێکی بەسوودە کە جۆراوجۆری بهێڵرێتەوە و بگرە پتەو بکرێت، نەک هەوڵی خوڵقاندنی شتێک بدرێت کە ئامانجی هەموو شتێک و هەموو خەڵک بێت."
بەڵام، پلانەکە دامەزراندنی هێڵێکی نیشتمانیی کۆمەکی تەلەفونی ڕاناگەیەنێت بۆ لێکدانەوەی کاری زانیارییەکە. وەزارەتی کاروباری منداڵ و خێزان لەئەنجامدا بڕیاری دا کە ئەو جۆرە هێڵی کۆمەکە لەلایەن خاچی سووری ئۆسلۆوە بەڕێوە ببرێت کە ڕێکخراوێکی خاوەن درێژترین ئەزموونە لەو بوارەدا. هێڵی کۆمەکەکە لە نیسانی ٢٠٠٠دا کرایەوە و، پاش سێ ساڵ کارکردن هەڵسەنگێنرا و بەردەوام بوو لەسەر کارکردنی لەسەر بنەمای پرۆژەکە.

لە تێڕوانینی ڕووداوەکانی دواتردا، ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ڕووی ئەم پلانی کارە پێشەنگە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو بەندە کورتەی بێت کە پێوەستە بەگۆڕانکارییە یاساییەکانەوە. بەتایبەتی، هیچ باسی بەکارهێنانی یاسای توندتری بۆ بەرپەرچدانەوەی هاوسەرێتیە بەزۆرەکانی دەرەوەی وڵاتی نەکرد. بگرە، تاکە کاری بنەما یاسایی وا دەردەکەوێت پێشنیازی بەلیبراڵکردنی پیادەکاری کۆچبەری بکات، وەک پەرەگرافی ٨- ١ی پلانی کارەکە ڕای دەگەیەنێت کە دەسەڵاتەکان "پاش هەڵوەشانەوەی هاوسەرێتییەکە ئەگەرەکان بۆ بەردەوامیدان بەمانەوە لە نەرویج شەنوکەو دەکەن"(٧).

گۆڕانکارییەکی زۆر لەپڕی کەشوهەوا و بەرژەوەندی لە مشتومڕی سەبارەت بەهاوسەرێتییە بەزۆرەکان و مەسەلە پێوەندارەکان لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٢دا ڕووی دا، لە کاتی کوشتنی تراجیدیایی فاتیمە ساهیندالدا لە سوێد، کە کچێکی گەنجی سوێدی بەڕەگەز کورد بوو(٨). ئەم ڕووداوە باڵی بەسەر میدیای ئەسکەندیناڤیادا لە مانگەکانی دواییدا کێشا و بوو بەهۆی دوو گۆڕانکاریی گرینگ. یەکەم، "کرانەوەیەکی نوێ" دروست بوو و لەلایەن هەندێک خەڵکەوە پێشوازی کرا وەک هەنگاوێکی پۆزەتیڤ بەرەو مشتومڕێکی ئازاد لەسەر ڕووکارە ئاڵۆزەکانی مەسەلەی کۆچبەری، بەتایبەتی هی موسڵمانان. کەسانی تر، ڕەخنەگر بوون وایان دەبینی ئەمە دەبێتە ڕەوایەتیدان بەلەکەدارکردنی کەمینە ئیتنییەکان، کە خۆیان لەوەوبەر قوربانیی جیاکاریی ڕەگەزین. ئەم ڕەخنەیەی دوایی گرێ درایەوە بەگۆڕانکاریی دووەمەوە: نەک بەتەنیا باڵی ڕاستڕەوەی پارتی گەلی پێشکەوتن کە ناسراوە بەهەڵوێستی توندی لەسەر جڵەوکردنی کۆچبەری، سیاسەتمەدارانی زیاتر بەرەو یاساکانی کۆچبەری وەرچەرخاند وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی بەزۆر بەشوودان و جۆرەکانی تری توندوتیژی دژ بەژنانی کەمینە، بەڕادەیەکی بەرز ئەمەیان وەک "گرفتێکی کۆچبەری" تەماشا دەکرد.

پێشەكیی پێشنیازكراو بۆ ڕادەی تەمەنی ٢٤ ساڵ بۆ یەكگرتنەوەی خێزان لەسەر بنەمای هاوسەرێتی وەک تەگبیرێک بۆ خەبات دژی بەزۆر بەشوودان پێشتر ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازاد هێگە ستۆرهاوگ داكۆكیی لێ كرابوو. بەڵام هەتا كوشتنی فاتیمە ساهیندال ئەم پێشنیازە و پێشنیازە هاوشێوەكان پاڵپشتیی سیاسییان بە دەست نەهێنا. سەرەڕای ڕێسای تەمەن، قەدەغەكردنی هاوسەرێتی لە نێوان ئامۆزاكاندا- بەگشتی یان بەلایەنی كەمەوە لە یەكگرتنەوەی خێزاندا - لەلایەن سیاسەتوانانی زۆربەی پارتەكان لە بەهاری ٢٠٠٢دا پێشنیاز كرا[٩]. لە هەمان سەردەمدا، حكوومەتی نەرویج "دەستپێشخەری نوێكراوەی دژی بەزۆر بەشوودان"ی خۆی دەركرد، كە كۆكراوەی سی تەگبیری نوێیە لە نامیلكەیەكی كورتدا. تەگبیری یەكەم تیشک دەخاتە سەر ئەولەویەتی بەردەوامیی حكوومەت لە پاڵپشتی ڕێكخراوەكان بۆ یارمەتیدانی خەڵكانی گەنج لە ڕەوشەكانی قەیراندا. لەو سی تەگبیرەی دەستپێشخەریەكە لەخۆی گرتبوون دە دانەیان پێوەندییان بەكاری یاساوە هەبوو، كە یاسای تاوان و شارستانی و كۆچبەریی دەگرتەوە.

پێش دەستكردن بەتاوتوێكردنی پێوەندارترین و "كۆنترین" یاسای كارپێكراو، كارێكی بەسوودە كە بەكورتی سیستەمی یاسایی نەرویج دیاری بكرێ. كاتێک یاسای نوێ پێشكێش دەكرێت، وەزارەتی پێوەندار نامەیەكی ڕاوێژكاری دەنووسێت باكگراوند و ئەڵتەرناتیڤە پێوەندارەكان شی دەكاتەوە و، بەشێوەیەكی بەرفرەوان بەسەر دەزگە حكوومییە جیاوازەكان و ڕێكخراوە ناحكوومییەكان و لایەنە بەرژەوەندارەكانی تر لە پرۆسەی ڕاوێژكاریدا كە پێی دەوترێت گوێبیستبوون دابەش دەكرێت. پێشكێشكردنە نووسراوەكانی ڕاوێژكارییەكە لە پێشنیازەكەی وەزارەت/پێشنیازی یاسا لێدوانی لەسەر دەكرێت و ڕەوانەی پەرلەمانی نەرویج دەكرێت[١٠].

## یاسای شارستانی

دانانی بەندێكی تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتییە بەزۆرەكان لە یاسای هاوسەرێتیی نەرویجدا (یاسای ژمارە ٤٧ نیسانی ١٩٩١)١١ ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەخەبات دژ بەهاوسەرێتییە بەزۆرەكانەوە هەیە. لە میانەی چاوخشاندنەوەیەكی تەواو بەیاسای هاوسەرێتیدا لە كۆتایی ١٩٨٠كاندا، مافی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتی، وەک بەزۆر بەشوودان، لادرا، چونكە لە سایەی ڕێكخستنەكانی یاسای كارای تەڵاقدان بەكۆنباو و ناپێویست دانرا[١٢]. بەڵام، تەواو پێش دەستبەكاربوونی یاسا نوێكە (١/١/ ١٩٩٣)، بەندی یاسا كۆنەكەی هاوسەرێتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەزۆر بەشوودانی "سیما" بەكارهات، كە بەمجۆرە كاریگەرییەكی مێژوویی لەسەر یاسای نەرویج هەبوو. لە كاتێكدا ڕوو دەدات كە ئاگاییەكی پەرەسەندوو لەسەر گرفتەكە خۆی هەبوو، كێشەكە پرسی هەڵوەشاندنەوەی واڵا كردەوە. لە ١/١/١٩٩٥، مادەی ١٦ (٣) و (٤) یاسای هاوسەرێتی ڕێگە دەدات هەر یەكێک لە هاوسەرەكان دەست بەكاری شارستانی دژ بەئەویتر بكەن بۆ ئەوەی هاوسەرێتییەكەیان هەڵوەشێتەوە، گەر ئەوی ژن یان پیاو بەهۆی ڕەفتاری نایاساییەوە زۆری لێ كرابوو بۆ هاوسەرێتی. دەبێ كار بگیرێتەبەر لەماوەی شەش مانگ دوای

ئەوەی هاوسەرەکە لە زۆرلێکردنەکە دەربازبوو، لە هیچ بارێکدا ناتوانرێت دوای زیاتر لە پێنج ساڵ لە بەستنی پەیمانی هاوسەرێتییەکە کار بگیرێتە بەر.

هەڵوەشاندنەوە، بەپێچەوانەی تەلاق، پاشتریش هەر بەکاریگەری دەمێنێتەوە و، ڕاگەیاندنی بەتاڵی و هەڵوەشانەوە دەگرێتەوە- واتا وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبێت[١٣]. بێجگە لە کێشەکەی کەریم، تۆمارە فەرمییەکان بەتەنیا یەک حاڵەتێکی تری هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتیی بەزۆر پیشان دەدەن- لە دادگەی شاری فرێدریکستاد ساڵی ١٩٩٨. هەروەها پێوەندیی بەهاوسەرێتییەکەوە هەبوو کە لە وڵاتی باواندا بەسترابوو[١٤].

دەستپێشخەری نوێکراوە مژدەبەخشی گۆڕانکاریی زۆر بوو لە یاسای شارستانیدا[١٥]. لە ١ی مارتی ٢٠٠٤ەوە بەشی ١٦(ا) ی یاسای هاوسەرێتی مافی لێپێچینەوەی بەخشییە بەڕێوەبەری هەرێمێک بۆ سەلماندنی ڕەوایەتیی هاوسەرێتییەک، کاتێک گومانی بەزۆر بەشوودان هەبێت، لە میانەی ئەو ماوە پێنج ساڵییەی دیاری کراوە. بڵاوکراوەیەک لە وەزارەتی منداڵان و کاروباری خێزان (لە ٢٠٠٤/٢/٢٦) سەرنجی ئەوە دەدات کە ئەو جۆرە کارە دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ هاوسەرێک کە بیەوێت خۆی کاری یاسایی بگرێتە بەر. لە کاتێکدا، ئاگاییی ئەوە دەدات کە بەندەکە دەبێ بەوریایی پیادە بکرێت و بەتەنیا لە کێشە ڕوون و ئاشکراکاندا پیادە بکرێت لەسەر ئەو بنەمایانەی کە یەکێک یان هەردووکیان ڕەنگە بترسن بەئاشکرا کاری پەسندکردنی خۆیان دەربڕن. بەگوێرەی زانیاریی نووسەری ئەم بابەتە لە کاتی نووسینیەوە ئەم بەندە هێشتا بەکار نەهاتووە.

لەوەش زیاتر، بەو پێیەی کە منداڵان و گەنجان لە خوار تەمەنی باڵقییەوە ڕەنگە ببنە قوربانیی بەزۆر بەشوودان، یاسای منداڵان هەموار کرا بۆ ئەوەی هاوسەرێتییەکانی منداڵ کە لەلایەن باوانەوە بەستراون بەتاڵ بکاتەوە. بەمجۆرە مادەی ٣٠(٤) دەڵێت: "پەیمانی هاوسەرێتییەک کە لەلایەن باوانەوە لەجیاتی منداڵەکە بەسترابێت پەیڕەو ناکرێت".

## یاسای تاوان[١٦]

تا ئەم دواییانەش بەکارهێنانی هێز بۆ بەزۆر بەشوودان نایاسایی بوو بەگوێرەی بەندە گشتییەکانی یاسای سزادانی شارستانیی گشتی[١٧]. لە "دەستپێشخەریی نوێکراوەدا" حکوومەت ئاماژەی بەئەگەری هێنانە ناوەوەی بەندێکی تایبەت لەسەر بەزۆر بەشوودان بۆ ناو یاسای سزادان دا. لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەندی ٢٢٢ی یاسای سزادان، کە چارەی ناچارکردن و زۆرلێکردن دەکات، هەموار کرا تاوەکو بەندێکی دیاریکراو لەسەر بەزۆر بەشوودان لەخۆ بگرێت، کە گۆڕانکارییەک بوو لەلایەن وەزارەتی داد و پۆلیس و زۆربەی ئەوانەی پێوەندییان هەبوو بەپرۆسەی ڕاوێژکاری پێش هەمواركردنەوە[١٨]. پشتگیری کرا. بەگوێرەی ئەم بەندە هەردوو هاوسەر یان ئەندامانی خێزان کە دەستیان لە ڕێکخستنی بەزۆر بەشوودانەکەدا هەیە دەبێ تاوانبار بکرێن. هەروەها بەکارهێنانی هێز لەحاڵەتی هاوسەرێتیدا بەفاکتەرێکی ئاڵۆزکەر دانراوە و سزایەکی

زیادکراو دەخاتە ئەستۆ کە دەشێ ماوەیەکی زیندانیکردنی تاوەکو شەش ساڵ بێت و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەشدارییان لە زۆرلێکردنەکەدا هەبووە.

بەندی ٢٢٢(٣) ئەوە دەستەبەر دەکات ئەگەر تاوانەکە لەلایەن خزمی نزیکی[١٩] قوربانییەکەوە ئەنجام درا، داوای گشتی تەنیا لەسەر داوای کەسە زۆرلێکراوەکە دەستی پێ دەکرێت مەگەر بەسوودی گشتی داوا کرابێت. لە ساڵی ٢٠٠٣وە بڕگەیەکی لێپرسینەوەی زۆرەکی لە حاڵەتەکانی بەزۆر بەشوودان‌دا پێشکێش کرا کە بەگوێرەی ئەوە تاوانکاران دەشێ بەبێ داوای قوربانییەکە دادگەیی بکرێن. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو بەندە زۆرەکییەی داواکاری گشتی بوو سەبارەت بەحاڵەتەکانی توندوتیژیی ناوماڵ کە ساڵی ١٩٨٨ دانرا[٢٠]. بیانووی وەزارەت بۆ ئەم هەموارکردنە سووککردنی باری سەرشانی کەسی گەنج بوو لە گرتنەبەری کاری یاسایی دژ بەخێزانی خۆی. لە پرۆسەی ڕاوێژکاریدا، زۆر لایەن وەک پەناگەی ژنان لە ئۆسلۆ و سەنتەری قەیران لە ئۆسلۆ نیگەرانیی ئەوەیان هێنایە ئاراوە کە ڕەنگە هەندێک خەڵکی گەنج بیانەوێت لە هاوسەرێتییە بەزۆرەکان دەرچن بەبێ ئەوەی باوانیان یان خزمی نزیکی تریان تاوانبار بکەن و، ڕەنگە ئەم بەندە لە مافی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەچارەیە بێبەش بکات. کەسانی تر وایان دانا کە لە پراکتیکدا پۆلیس خواستەکانی قوربانی بەهەند وەردەگرن. خاچی سوور و لایەنی تر هۆشدارییی ئەوەیان دا کە گەنجانی کەمینە هێشتا لە پێوەندیکردن بە ئاژانسەکانی یارمەتیدان دوودڵن و ئەم بەندە دژ بەو متمانە ناسکەی لە نێوانیاندا دروست بووە کار دەکات و وا لە هەندێک خەڵکی گەنج دەکات تەنانەت زیاتر نابەدڵبن لە گێڕانەوەی ئازاردانەکانیان گەر سەرکێشی هەڵایسانی لێپرسینەوەی دادگە بکەن. هەروەها، ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێویستە ئەم ئەگەرە لەبەرچاو بگرن کاتێک بڕیار دەدەن کە ئایا داوای هاوکاری لەبارەی چاوپێکەوتن لەگەڵ باواندا بکەن، داوای ئامرازەکانی ئاگەدارکردنەوە بۆ خەڵکانی گەنج یان ئەدرەس پاراستن بکەن و دەبێ بەو پێیەش زانیاری بدەنە هاموشۆکارانیان.

بەپێی تەگبیری ٩ی "دەستپێشخەریی نوێکراوە" و بڕگەی ٢٢٠(١) یاسای سزادان دەکرا چوونە ناو هاوسەرێتی یان هاوبەشیکردن لە هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێکدا لە خوار تەمەنی ١٦ ساڵەوە بەتاوانێکی ڕەسمی دابنرێت. سزای دانراو بۆ چوونە ناو یان هاوبەشیکردن لەو جۆرە_ هاوسەرێتییەی منداڵدا زیندانیکردنە بۆ ماوەیەک دەگاتە چوار ساڵ، هەرچەند بەشداران (ئەندامانی خێزان) ڕەنگە سزای توندتر لەوەی تاوانکاران (هاوسەری منداڵەکە) بیان گرێتەوە.

لە ناوەڕاستی ٢٠٠٤دا، تەنیا یەک کێشەی تاوانکارانەی زانراوی بەزۆر بەشوودان لە نەرویج هەبوو. لە نیسانی ٢٠٠٢دا پیاوێکی بەڕەچەڵەک پاکستانی بەپێی مادەی ٢٢٢(١) یاسای سزادان بە بەزۆر بەشوودانی کچەکەی دژ بەخواستی کچەکە تاوانبار کرا، شانبەشانی ئەنجامدانی توندوتیژیی لەڕادەبەدەر و بەردەوام دژ بەژنەکەی و دوو کچەکەی. دادگە لای وابوو کە ئەم تاوانە لە دۆخێکی زۆر سامناکدا ئەنجام دراوە بەگوێرەی ڕادەی توندوتیژییەکە، تاوانکارەکەی بەسێ ساڵ زیندانیکردن حوکم دا کە بەتەنیا یەک ساڵیان هەڵپەساردنی بۆ نەبوو لەگەڵ ماوەیەکی ڕاوەستاندن و چاودێریی چوار ساڵی، بەمجۆرە بەتەنیا یەک ساڵ زیندانیی چەشت[٢١].

## یاسای کۆچبەری

لە پایزی٢٠٠٣دا لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە بەندێکی نوێ لە یاساکانی کۆچبەریدا دەرکرا کە مەرجی ئەوە دادەنێت هاووڵاتیی نەرویج (چ ژن چ پیاو) کە دەیەوێت هاوسەرەکەی بهێنێت بۆ ژیان لە نەرویج دەبێ بیسەلمێنێت کە دەتوانێت دەستەبەری ژیانی هاوسەرەکەی بکات کاتێک یەکێکیان لە ژێر تەمەنی ٢٣ ساڵەوە بوو. بیانووی سەرەکی لەپشت ئەم تەگبیرەوە ئەو "گریمانەیە کە هەتا کچەکە گەنجتر بێت، کەمتر دەتوانێت بەرامبەر پاڵەپەستۆی باوانی بووەستێتەوە"[٢٢]. پاساوێکی تر رێگەنەدان بوو بەشووکردنە کتوپڕەکان، بۆ نموونە کاتێک ژنێکی گەنج، لە کاتی پشووی گەڕانەوە بۆلای باوانی لە وڵاتی دایک، بەپەلە شوو دەکات. هەروەها بەبیانووی ئەوەش بوو کە ئەم کۆسپی تەمەنە باوان هان دەدات ئاستی خوێندەواریی کچەکەیان زیاد بکەن بۆ ئەوەی زامنی ئاستێکی داهات بکەن کە لەئاست داواکارییەکانی یەکگرتنەوەی خێزاندا بێت. بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامە راوێژکاریەکەی وەزارەت، رەنگە کاریگەریی پێچەوانەشی هەبێت و هانی زوو دەرهێنانی کچان لە خوێندن بدات تاوەکو کاتێکی تەواو بدرێتە کچەکە بۆ پەیداکردنی پارەی پێویست بۆ ئاسانکردنی هاتنەناوەوەی مێردەکەی. ئەمە وەک دژە ئارگومێنتێکی ناتەواو، بەڵام گرینگ، رەت کرایەوە.

## ئاسوودەیی و پەناگە

کەمیی پەناگە بۆ قوربانییانی راستەقینە، یان چاوەڕوانکراو، بەزۆر بەشوودان دەمێکە کێشەیەکە کە لەلایەن رێکخراوە ناحکومییەکانەوە بەرزکراوەتەوە. زۆرێ لە ژنانی گەنج روویان کردە پەناگەکانی ژنان، بەڵام ئەمانە تەنیا بۆ مانەوەیەکی کاتیی کورت بەکاردێن، رەنگە گونجاو نەبن بۆ ئەم گرووپەی ژنان[٢٣]. پیاوانی گەنج هەمان جێگرەوەیان نییە. لە ساڵی ٢٠٠٣وە و وەک بەشێک لە پەیرەوی دەستپێشخەریی نوێکراوە، دە شوقەی تایبەتی ئامادە کران لەلایەن هاوسبانکێن (بانکی خانووسازیی دەوڵەتیی نەرویج)[٢٤] بۆ بەکارهێنانی لەلایەن ئەو خەڵکە سەڵت یان جووتانەی پێویستییان بەجێ و ماڵ هەیە لە حاڵەتی قەیراندا پێوەندار بە بەزۆر بەشوودان. بانکەکە بەهاوئاهەنگی لەگەڵ هەندێک دەسەڵاتی لۆکاڵی دیاریکراو شوقەی ئامادەکراو دەستەبەر دەکات بۆ خەڵکانی گەنج لە سەراپای وڵاتدا. دەکرێ شوقەکان بۆ ماوەی تا یەک ساڵ بەکار بهێنرێن. هەموو بەدواداچوونەکان دەشێ لە رێگەی دوو رێکخراوی ناحکومییەوە ئاراستە بکرێن، کە سەیف و ئۆرکیسن، (سەیری خوارەوە بکە).

"بۆکۆلێکتیڤێت" برێتییە لە ئارامگەیەکی تایبەت بۆ ژنانی گەنجی یەکێک لەم دوو جۆرە: (١) ئەو ژنانەی کە تازە گەیشتوونەتە نەرویج وەک هاوسەر و لەلایەن مێردەکانیانەوە یان ماڵە خەزوورانیانەوە دووچاری توندوتیژی بوون، (٢) ئەو ژنانەی کە لە نەرویج گەورە بوون و دووچاری بەزۆر بەشوودان بوون یان لەبەردەم مەترسیی بەزۆر بەشووداندان. ئەمە ئەو ژنانەن کە لە ژێر مەترسی لەسەر دەروون یان جەستە یان ژیانیان دەژین و، پێویستییان بەتەگبیری تایبەت هەیە

هەروەک هەنگاونانی تاکەکەسی و ڕاوێژکردن لەسەر گرفتە سایکۆلۆجی و پراکتیکییەکان. بۆکۆلەکتیڤ (هەرەوەزی) ساڵی ۲۰۰۰ لەلایەن سەنتەری قەیرانی ئۆسلۆوە دامەزرێندرا. هەر لە کردنەوەیەوە بۆکۆلێکتیڤ (هەرەوەزی) چل ژنی نێشتەجێی هەبوو کە بەرەچەڵەک باشووری ئاسیایی و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی و ئەفریقیایی بوون. تێکڕای مانەوە بۆ ژنانی "تازە گەیشتوو" لەو کاتەدا حەوت بۆ هەشت مانگ بوو، چوار مانگ بۆ قوربانییانی بەزۆر بەشوودان. هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ و ڕاپۆرتەکانی پەناگەکە پێشانی دەدەن کە پێویستییەکی ئاشکرا هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی پەناگەی وەک ئەمە، بگرە هەرەوەزییەکە بەکەمترین بڕی پارە بەڕێوە دەبرێت. لە حوزەیرانی ۲۰۰٤دا سەنتەری قەیرانی ئۆسلۆ ڕای گەیاند کە ئەگەر پارەی زیاتری بۆ دابین نەکرێ ئەوا پەناگەکە دادەخات (ئافتنپۆستن، تەمموزی ۲۰۰٤).

سەبارەت بەقوربانییانی تری توندوتیژی، ژمارەیەکی زۆری پیاوان و ژنانی گەنج ناوی خۆیان گۆڕی و لە ئەدرەسی نهێنیدا دەژین بۆ ئەوەی خۆیان بەدوور بگرن لە ناچارکردنیان بەهاوسەرێتی یان ڕووبەڕووبوونەوەی سزاکانی پاش ڕاکردن لە ماڵ بۆ خۆپاراستن یان دەربازبوون لە هاوسەرێتیی بەزۆر، هەندێکیان جۆرێک لە زەنگی ئاگەدارکردنەوەیان هەیە بۆ پاراستنیان(۲٥). بەگوێرەی بڕگەی ۳۷ی یاسای ڕێکخستنی تۆماری نیشتمانی کە لە ٤ی مارتی ۱۹۹٤ دەرچووە(۲٦)، کەسێک دەتوانێت ئەدرەسی شاراوە بەدەست بهێنێت لە دوو حاڵەتی گونجاودا: لە بەندی ۷ "نهێنی"یە و ئەدرەسەکە بەڕووی کەسە تایبەتەکاندا دادەخات بەڵام بەڕووی دامەزراوە فەرمییەکاندا دایناخات و، بەندی ٦ "ئەوپەڕی نهێنی"یە و ئەدرەسەکە بەتەنیا بۆ فەرمانبەرانی تۆماری نیشتمانی لە شارەوانیی شوێنی نیشتەجێبوون و فەرمانبەرە مۆڵەتدراوەکانی پشکنینی باج واڵا دەکات. زۆربەی قوربانییانی بەزۆر بەشوودان لە ئەدرەسەکانی بەندی ۷دا دەژین. چەندان حاڵەت هەبوون کە تیایاندا فەرمانبەرانی دەزگە گشتییەکان نهێنیی ئەدرەسی خەڵکانی گەنجیان ئاشکرا کردووە.

## کەمیی ئامارەکان

سەنتەرەکانی پشتگیری و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ئامارەکان لە کۆی کەیسەکانی خۆیانەوە بەرهەم دەهێنن، بەڵام پێوەری ئامارەکان ناڕۆشنە و لە ئەنجامدا جیاوازن لە نێوان ڕێکخراوەکاندا. پێشنیازەکانی خاچی سوور بۆ پەیڕەوێکی یەکگرتووی تۆمار گرینگیی کەمی پێ درا، ڕەنگە بەهۆی کەمیی سەرچاوەکان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی گرفتەکانەوە بووبێت کە پێوەندییان بەمەوە هەیە. بەڵام هێشتا مرۆڤ ناتوانێت ئەو ئەگەرە پشتگوێ بخات کە ڕەنگە ڕێکخراوەکان بەرژەوەندییان لە ناڕۆشنیدا هەبێت سەبارەت بەقەبارەی کەیسەکانیان چونکە پێشبڕکێیەکی بەرچاو هەیە بۆ بەدەستهێنانی پارەدارکردن.

وەک ئاماژەدانێک بەشێوازی ئەو ژمارانەی قسەیان لەسەر دەکەین، دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێت کە لە حوزەیرانی ۲۰۰٤دا SEIF ڕای گەیاند کە تاوەکو ئەو کاتە پێوەندیی بە۳۹ کەیسەوە

هەبووە لەسەر بەزۆر بەشوودان، ٦٥ لە سەدی کێشەکان پێوەندییان بەکچانەوە هەیە، پاشماوەکەی پێوەندیی بەکوڕان و جووتە گەنجەکانەوە هەیە. لە ساڵی ۲۰۰۳دا ٥٧ کێشەیان هەبوو ٤٥ کێشەش لە ۲۰۰۲دا. سکرتاریەتی پەناگەکانی ژنان (کە ۳۳ لە ۳٥ پەناگەی نەرویج لەخۆ دەگرن) ڕای گەیاند کە لە ماوەی ساڵی ۲۰۰۳دا ٤٥ کەسی نیشتەجێیان هەبووە کە دووچاری مەسەلەکانی بەزۆر بەشوودان بووبوون و لە ساڵی ۲۰۰۲ دا ٤٧یان هەبوو (داگساڤیسێن، ۸ی حوزەیرانی ۲۰۰٤).

## کەرتی ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان

وەک پێشتر باس کرا خاچی سووری ئۆسلۆ ORKIS یەکەم ڕێکخراو بوو کە گرفتی بەزۆر بەشوودان لە میدیادا ڕاگەیەنێت و خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری و پشتگیریکردنیان ئاڕاستەی ژنان و پیاوانی گەنجی کارتێکراو بکەن. Selvhjelp/SEIF (واتا: خۆ یارمەتیدان بۆ کۆچبەر و پەناهەندەکان)(۲۷)، کە پاشتر دەستیان کرد بەکارەکەیان بەیەکەوە لەگەڵ ORKIS وەرگری سەرەکی پارەپێدانەکانی حکوومەتن بۆ کێشەکانی بەزۆر بەشوودانەکان. سەنتەری سەرچاوەکانی MIRA، کە تاکە ڕێکخراوە لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ ژنانی کەمینە، سەرقاڵی داکۆکیکردنە و مەسەلەی بەزۆر بەشوودانی خستووەتە ناو چوارچێوەی هاوکارییە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە بۆ ژنانی کۆچبەر و پەنابەر و هەروەها کچانی کەمینە ئیتنییەکان. MIRA بەرەخنەگرتن لە حکوومەت ناسراوە سەبارەت بەدانەنان پێیدا وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومی(۲۸) کە نەک هەر بۆ مافەکانی ژنانی کەمینە خەبات دەکات بەڵکو ئەو ژنانە لە پلاتفۆرمی دژەڕەگەزپەرستی و فێمینیستیدا ڕێک دەخات و تواناداریان دەکات.

هەرچەند ئەوان بەهۆی پێویستیی دژ وەستانەوەی بەزۆر بەشوودانەکانەوە یەککگرتوون، بەڵام جیاوازیی گرینگ هەن لە نێوان ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا هەم لە ئایدیۆلۆجیا و هەم لە شێوازەکانی کارکردندا. لە کاتێکدا ORKIS دەیەوێت جیاوازی بکات لە نێوان هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان (شێوە و ڕادە جیاوازەکانی) و بەزۆر بەشوودانەکان بەهەمان شێوەی وەک پلانی کار Action Plan، SEIF دەیەوێت هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان وا دابنێت کە "لە ژێر باری ڕادەیەکی کەمتر یان زۆرتری هێزدا بەستراون"، لەکاتێکدا ORKISبەو ئاڕاستەیە کار دەکات کە هەوڵ بدات دانوستان لە نێوان کەسە گەنجەکە (کوڕ یان کچ) و خێزانەکەی ئاسان بکات، گەر کەسە گەنجەکە بخوازێت و ئاسایشی بۆ دەستەبەر بێت و مەترسیی لەسەر نەبێت، SEIF زیاتر جەخت لەسەر تاکەکەسەکە و یارمەتیدانی بۆ دەربازبوون لە چنگی خێزانەکەی دەکات. هەندێک وتووێژ هەبوون لەسەر ئەگەر و ویستەکانی هەر جۆرێک لە "ناوبژیکردن" یان "بەڕێوەبردنی ناکۆکی"، بەڵام ئەمە تا ئێستا تەواو سەرەتایی و دژوار بووە (کە بەگشتی نیشانەی ناسینەوەی ئەم مەودایەی گرفتەکەیە) گرێ نەدراوەتەوە بەمەشتومڕەکانی ڕێڕەوی گشتی لەسەر یەکلاییکردنەوەی ململانێی ناو خێزان.

له نووسین لەسەر بەزۆر بەشوودان لە نەرویج و کاریگەریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەتایبەتی، مرۆڤ ناتوانێت خۆی لابدات لە قسەکردن دەربارەی ڕێکخراوی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاری مافەکانی مرۆڤ HRS کە ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن هێگە ستۆرهاوگ و ڕیتا کارلسن دامەزرا. لە ماوەی ساڵەکاندا ڕێکخراوەکە بەڕێگەی جیاجیا خۆی پێشکێش کردووە، بەڵام ئێستا خۆی بەگرووپی بیریاری ناو دەبات لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکاندا بەجەختێکی تایبەتەوە لەسەر "مافەکانی ژنان و منداڵان – لەسەر پێشێلکاری لەسەر ئەو مافانە وەک بەزۆر بەشوودان، مەسەلەی خەتەنەکردنی مێیینە و کوشتنەکانی شەرەف"(٢٩) ماوەیەکی کەم بەر لە کوشتنی فەدیمە ساهیندال، نادیە کە پێشتر باسی کرا و کچێکی گەنجی تر بەناوی جینێت کە مێژوویەکی تایبەتی هەیە لە زۆرلێکردنی بۆ شووکردن، پێوەندییان بەڕێکخراوەکەوە کرد. چیرۆکی کێشەی ئەو دوو ژنە گەنجە وەک "قوربانیی ڕاستەقینە" و ئەزموونی ستۆرهاوگ و تۆڕێکی ڕۆژنامەوان زامنی کاریگەرێتیی کۆکردنەوەی پشتیوانییان کرد. جێی خۆیەتی بگوترێت کە ستۆرهاوگ و HRS لایەنی سەرەکی بوون لە سەرنجڕاکێشانی جەماوەر بەرەو پرسی بەزۆر بەشوودانەکان و بەشێوەیەکی ڕوولەزیادیش کاریگەری خستنە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت بۆ بەگژداچوونەوەی دیاردەکە(٣٠). بەتایبەتی HRS زۆر بەتوندی کەمپەینی کرد بۆ توندکردنی کۆنترۆڵەکانی سەر کۆچبەری وەک ستراتیجێکی سەرەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی ژنان و منداڵان. پێشنیازەکانیان بەتایبەتی لەلایەن پارتی پێشکەوتنەوە برانە ناو پەرلەمان و پێشکێش کران، بەڵام زۆربەی کات پشتگیریی پارتەکانی تری لەپشتەوە بوو هەندێک جاریش هەموو پارتەکان(٣١). هەروەها پارتی پێشکەوتن یارمەتیدەر بوو لە زامنکردنی پارەدارکردنی ڕاستەوخۆ لە بودجەی دەوڵەتەوە بۆ HRS لە کاتێکدا ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر ناچار بوون لە وەزارەتەکان داوا بکەن(٣٢). لە دەرەوەی نەرویج، HRS زیاتر بەیەکێک لە ڕاوێژکەرە سەرەکییەکانی وەزیری یەکخستنی ڕەگەزەکان دانیمارکی بێرتێل هاردەر لەسەر مەسەلەکانی ژنان ناسراوە و، لە ساڵی ٢٠٠٣دا خەڵاتێکی بەخشییە هاردەر بۆ ڕۆڵی وەک سیاسەتمەدارێکی ئەورووپاییی پێشەنگ لەسەر مەسەلەکانی تێکەڵبوونی (ئینتێگراسیۆن) گەلان.

ڕێکخراوەکە جێی مشتومڕ بوو، چەندان دەنگی ڕەخنەیی بەرزبوونەوە دژ بەسیاسەتی ڕێکخراوەکە لە گرێدانی مەسەلە پێوەندارەکانی فێمینیستی لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی کۆچبەری. هەروەها، لە دوو حاڵەتی لەیەک جودادا، هەندێک ژنی گەنج کە پێشتر پێوەندییان کردبوو بەHRSەوە بۆ یارمەتی یان بەشێوەی تر لە پێوەندیدا بوون لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا، HRSیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە شێوازی بێ ئاکارانەی لە پێوەندییاندا بەقوربانییەکانی بەزۆر بەشوودانەوە بەکار هێناوە و دەستیان هەبووە لە ناکۆکییە توندەکانی ناو خێزاندا.

## سەرنجێک لەسەر بە بەباوکردن

ئەم ڕێکخراوانە و ڕێکخراوی ناحکوومیی تریش ڕەخنەیان هەبوو لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە باوەکانی تری وەک قوتابخانە لە بەجدی وەرنەگرتنی گرفتی بەزۆر

بەشوودانەکان[٣٣]، کە دەیانخستە ئەستۆی هەر یەک لە کارگوزارانی مەدەنی کە نەیاندەوێرا یان نەیاندەویست کار بکەن لەبەر کەم تا زۆر برێکی دیاریکراو "ڕێز بۆ کولتووری کەمینە" هەروەها کەمیی زانیاری و کارامەیی. ڕەخنەکە هاوشێوەی ئەوەی خوشکە ڕەشەکانی ساوسهۆڵ SBS وایە لە شانشینی یەکگرتوودا (بڕوانە وتارەکەی سدیقی لەم کۆمەڵە وتارەدا)، هەرچەند سیاسەتەکانی دەوڵەتی نەرویج بەشێوەیەکی گشتی کەمتر کاریگەریی ئەوەیان لەسەرە کە SBS بە "ئایدیۆلۆجیای فرەکولتوور" ناوی دەبات. جیاوازییەکی تری گرینگ لە نێوان دوو وڵاتەکەدا برێتییە لە کەمییەکی بەرچاوی گوتار لەسەر ڕەگەزپەرستی لە نەرویجدا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەیەکی نیشتمانی کە نەرویج وەک دەوڵەتێکی "پاکی" مرۆڤدۆست وێنا دەکات کە هیچ حسابێکی کۆڵۆنیالیی نییە ساخی بکاتەوە. دانان بەوەدا کە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە دوورە لە بواری ئەم باسەوە، کارێکی ڕەوایە سەرنجی ئەوە بدرێت کە کێشەکە لە نەرویج بەشێکی بەهۆی کەمیی زانیاری و کارامەییەوە دروست بووە بەتایبەتی سەبارەت بەمەسەلەی بەزۆر بەشوودان، بەشێکیشی بەهۆی کەمیی ئەزموون و ویستی کارکردن لەگەڵ مەسەلە ڕەگەزییەکاندا بەگشتی دروست بووە.

جگە لەوەش، کاتێک ئەنجام پارەکان دابین کران، پاش فیلمێکی دۆکیومێنتاری تەلەفزیۆنی[٣٤] کە بوو بەهۆی نوێکردنەوەی پاڵەپەستۆی سیاسی، بۆ ئاراستەکردنی بەزۆر بەشوودانەکان پەنایان بردە بەر پرۆژە تایبەتەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە بەڕێوە دەبران[٣٥]. ئەمە کارێکی ژیرانە بوو چونکە ئەمە ئەو بەشە بوو کە تیایدا بەئاگایی و شارەزایی دەستی بەدروستبوون کردبوو، بەڵام دەکرێت لێرەدا ئەوە دووپات بکرێتەوە کە دەبوو زۆر چالاکانەتر لە قۆناغێکی زووتردا پشتگیری بۆ خزمەتگوزارییە دەوڵەتییە باوەکانی وەک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەناگەی پەروەردەیی و تەندروستی بکرایە. هەرچۆنێک بێت، دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت کە ئایا ئەم ڕێکخراوە ناحکومییانە (بەگوێرەی ئەو پارەپێدانانەی پرۆژەکە) کارامەیی و سەرچاوەی ئەوەیان هەبووە یان هەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بکەن کە دووچاری قەیرانی زۆر توند هاتوون (ئەوەندەی پێوەندیی بەتەندروستیی دەروونی و ئاسایشیانەوە هەیە). لە ڕوانگەی حکوومەتەوە ئاڵوگۆڕێکی سووک ڕووی داوە بەرەو دروستکردنی کارامەیی و بەرپرسیارێتی لەناو دامەزراوە باوەکاندا، بەتایبەتی لەو ژمارە بەرچاوەی ئەو کۆرسانەی بەڕێوە براون بۆ فەرمانبەرانی خزمەتگوزارییە جیاوازەکان، لە هەمان کاتیشدا درککردن هەیە بەپێویستیی خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان لە هەریەک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی گشتیدا. بەڵام بەشی خزمەتگوزاریی پێوەندار بە بەزۆر بەشوودان لە مەودای ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دەمێنێتەوە.

نەبوونی مەسەلەکانی بەزۆر بەشوودان لە لیستی چالاکییەکانی گرووپی کاری حکوومەت لەسەر توندوتیژیی دژ بەژنان و لە ڕاپۆرتی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا لەدەستدانی هەلێکی گرینگ بوو بۆ بەسەرەکی کردنی مەسەلەکە. ئەرکی بنەڕەتیی گرووپی کار برێتی بوو لە تۆمارکردنی ڕەوشی ژنانی دووچاری توندوتیژی لەلایەن هاوبەشەکانی ئێستا یان ڕابردوویان و، پێشنیازکردن بۆ سیاسەت و پێوانەکان بۆ باشکردنی ڕەوشی قوربانییەکان و ڕێگری لە توندوتیژی و هتد.

هەرچۆنێک بێت، فەرمانەکە هێنانەناوەی توندوتیژیی ئەنجامدراو لەلایەن خزمە "نزیکەکان" دەستەبەر دەکات، کە دەشێ باوان و خوشک و برا بگرێتەوە (هەرچەند بە ڕوونی دەرنەبڕدراوە) وەک لە کێشەکانی بەزۆر بەشوودانەکاندا. گرووپی کار توانیی بەڕوونی کارەکەی جیا بکاتەوە و جیاوازی بکات لە بەزۆر بەشوودان و خەتەنەکردنی مێینە، چونکە ئەمانە دەکەونە دەرەوەی مەودای فەرمانەکە و پێشتر بە بەرفرەوانی لە پلانی کاری جودادا مامەڵەیان لەگەڵ کرابوو.

## دانیمارک

ساڵانی ١٩٩٠ەکان دانیمارک هەروەک نەرویج گۆڕەپانی ئەو چیرۆکانەی میدیا بوو کە لەسەر کێشە تاکەکەسییەکانی بەزۆر بەشوودان بوون. بەڵام لە دانیمارک ستراتیجی سیاسیی باڵادەست هەر لە سەرەتاوە بۆ سنووردارکردنی مافی یەکگرتنەوەی خێزان لەگەڵ هاوسەرێکدا لە دەرەوەی وڵات. بەدرێژایی ساڵەکان ئەمە بەپێشکەوتنێکی زۆر گشتیترەوە گرێ درابوو، بەرامبەر ئەوەی ئێستا وەک یەکێک لە توندترین سیاسەتەکانی بەرامبەر کۆچبەری ئاماژەی پێ دەدرێت (گرۆندال ٢٠٠٣، فینگەر گرۆن ٢٠٠٣، سیم ٢٠٠٣).

لە ساڵی ١٩٩٨دا لە سایەی حکوومەتی هاوپەیمانیی پێشووی نێوان پارتەکانی سۆشیال دیموکرات و لیبراڵ دیموکراتدا، یاسای بێگانەکان هەموار کرا تاوەکو ڕێگە بەڕەتکردنەوەی مۆڵەتی مانەوەیەک بدات لەسەر بنەمای هاوسەرێتی ئەگەر سەلمێندرا هاوسەرێتییەکە لەسەر بنەمای "کاریگەریی خەڵکانی بەدەر لە هاوسەرەکان خۆیان" بووە. ساڵی ٢٠٠٠ داوای یاسایی یەکگرتنەوەی خێزان لەسەر بنەماکانی هاوسەرێتی بۆ خەڵکانی نێوان تەمەنەکانی ١٨ و ٢٥ ساڵ هەڵوەشێندرایەوە و، ئەمە بووە هۆی سەندنەوەی مۆڵەتەکان تەنیا لەو حاڵەتانە نەبێ کە بەدواداچوونێکی تایبەتی بیسەلمێنێت کە هاوسەرێتییەکە خۆبەخۆ کراوە. خشتە کاتییەکانی ٢٠٠١ پیشانی دەدەن کە دەزگەی کۆچبەری لە سایەی ئەم بەندەدا لە نۆ حاڵەتدا یەکگرتنەوەی هاوسەرانی ڕەت کردووەتەوە (لە کاتێکدا ١٧٧٨ مۆڵەت بەخشراون). ئەم ڕێژە کەمانە وەک نیشانەیەکی شکستی یاساکە بۆ ڕێگرتن لە ژمارەیەکی زۆری بەزۆر بەشوودان ڕاڤە کران. بەگوێرەی وەزارەتی کۆچ و پەنابەری و کاروباری تێکەڵبوون، "ڕێساکانی پێشتری یەکگرتنەوەی خێزان بۆ مەبەستی کۆچبەری بەکار هاتبوون لە ڕێگەی هاوسەرێتیی هاسانکار و هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکانەوە، کە تراجیدیای بەردەوامیان بۆ خێزانە گەنجەکان لێ دەکەوتەوە".

ئەنجام، پاش هەڵبژاردنی حکوومەتێکی نوێی لیبراڵ- موحافیزکار لە پایزی ٢٠٠١دا بەپاڵپشتیی باڵی ڕاستڕەوی پارتی گەلی دانیمارکی یاسای هەموارکراوی بێگانەکان لە تەممووزی ٢٠٠٢دا کەوتە کار[٣٦]. مەبەستی سەرەکیی ئاشکرای یاساکە کەمکردنەوەی ژمارەی کۆچبەران بوو، ئامانجە ناوەندییەکانی بریتی بوون لە ڕێگری لە بەزۆر بەشوودانەکان و زامنکردنی "باشترین بناخەی شیاو بۆ تێکەڵبوونێکی شیاو". لە هەموو حاڵەتەکاندا، مافی یەکگرتنەوەی خێزان پاش هەڵسەنگاندنێکی تایبەتی و دیاریکراو بەپێی ئەو مەرجانەی دیاری کراون، دەبەخشرێت. وەک

یاسایەک، یەکگرتنەوەی هاوسەران مۆڵەت نادرێت گەر یەکێک لە هاوسەرەکان لەخوار تەمەنی ٢٤ ساڵەوە بێت. بەگوێرەی وەزارەتی کۆچ و پەنابەری و کاروباری تێکەڵبوون:

ئەندازە تەمەنەکە لە ٢٤ ساڵدا دانراوە لەبەرئەوەی خەڵکانی گەنج لە نێوان تەمەنی ١٨ و ٢٤ دا ئەزموونی پێشکەوتنی کەسێتی دەکەن (لەو شتانەش لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنان یان کارکردنەوە) کە یارمەتییان دەدات بەرەنگاری هەر جۆرە پاڵەپەستۆیێکی چاوەڕوانکراوی باوان یان کەسانی تر ببنەوە تا بتوانن خۆیان لە هاوسەرێتیی دژ بەخواستی خۆیان بەدوور بگرن. تا کەسەکە (چ کوڕ چ کچ) بەتەمەنتر بێت باشتر دەتوانێت بەرەنگاری پاڵەپەستۆی خێزانەکەی و کەسانی تر ببێتەوە بۆ بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی دژ بەویستی خۆی.

لەو ساتەوە گۆڕانکاریی تر بەدوادا هاتن. تازەترین بەندی یاسایی خزمە نزیکەکان بەتایبەتی ئامۆزاکان بەدەر دەکات، کە بەئومێدی یەکگرتنەوەی خێزان لە هەر تەمەنێکدا هاوسەرێتییان بەستبێت. حکوومەت بەشێوەیەکی سەرەکی ئەمەی وەک تەگبیرێک ڕوون کردەوە دژ بە بەکارهێنانی هێز، بەڵام مەترسییە تەندروستییەکانیش باس کرابوون[٣٧]. لە ئابی ٢٠٠٤ەوە پێویستە هەموو ئەم مەرج و داواکارییانەی خوارەوە بگیرێنە بەر بۆ یەکگرتنەوەی خێزان لە دانیمارک[٣٨].

١- هەردوو هاوسەر دەبێ تەمەنیان ٢٤ساڵ و بەرەوسەر بێت (مەرجی تەمەن)[٣٩].

٢- دەبێ پەیمانی هاوسەرێتییەکە خۆویستانە ببەسترێت و وەک یاسایەک نابێ هاوسەرەکان سەر بەهەمان بنەماڵە بن بۆ نموونە نابێ ئامۆزا/ خاڵۆزا/ پوورزا بن.

٣- ئەو هاوسەرەی لە دانیمارک دەژی دەبێ جێ و ماڵی خۆی هەبێت کە دەبێ قەبارەیەکی دیاریکراوی هەبێت (مەرجەکانی ماڵ)[٤٠].

٤- ئەو هاوسەرەی لە دانیمارک دەژی (چ ژن چ پیاو) دەبێ بڕیکی دیاریکراوی داهاتی هەبێت تاوەکو بتوانێت هاوسەرەکەی بژێنێت و دەبێ لە ماوەی دوا ساڵدا لەلایەن حکوومەتی ناوچەکەیەوە هیچ کۆمەکێکی دارایی نەکرابێت. دەبێ گەرەنتییەکی بانقی بەبڕی ٥٣٠٩٦ کرۆنی دانیمارکی ئامادە بکات (مەرجی پاڵپشتی)[٤١].

٥- هەردوو هاوسەرەکە دەبێ پێوەندییەکی نزیکایەتی بەدانیمارکەوە بیانبەستێتەوە کە نزیکتر بێت لە هەر وڵاتێکی تر (مەرجی پێوەندی)[٤٢].

خاڵی دووەم ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات کە یەکگرتنەوەی خێزان نادرێت گەر بە"گوماناوی" لەقەڵەم درا و، دەبێ هاوسەرێتییەکە بەویستی سەربەستی هەردوو لا بەسترابێت[٤٣]. هەر لەو کاتەوەی ئەم بەندە هاتە ئاراوە، لە ساڵی ١٩٩٨، دەسەڵاتەکانی کۆچبەری وردە وردە بەڵگە پێوەندارە داواکراوەکانیان کەم کردەوە، لە کاتێکدا یەکەم هەمواركردن داوای دەکرد کە بسەلمێندرێت هاوسەرێتییەکە خۆویست نییە، هەنووکە ئەوەندە بەسە کە بیسەلمێنێت گومان هەیە... وێڕای ئەوەش، ئەم یاسایە ئێستا بەسەر ئەوانەشدا پیادە دەکرێت کە تەمەنیان لەسەرووی ٢٥ ساڵەوەیە. زیادلەوەش، دوو یاسای گوایە گریمانی زیاد کراون، ئەوە دەگەیەنن کە بەگشتی وا

دادەنرێ کە هاوسەرێتیی نێوان ئەو هاوسەرانەی خزمی نزیکن خۆویستانە نەبێت و یان کاتێک مێژوویەکی پێشینە هەبێت بۆ یەکگرتنەوەکانی خێزان لەسەر بنەمای هاوسەرێتیی کەسە نزیکەکانی بنەماڵە. وەک لیسبێرگ Liisberg دووپاتی دەکاتەوە، لەم حاڵەتانەدا قورسایی بەڵگە پێچەوانە کراوەتەوە و، ئەوە ئەرکی هاوسەرەکانە کە بیسەلمێنن هاوسەرێتییەکەیان بەویستی ئازادی خۆیان بەستراوە.

ئەمانە یاسای گشتین کە پێوەندییان بەزۆرینەی دانیشتوانیشەوە هەیە، کاتێک دەرکران بوونە مایەی سەرسوڕمان. بەتایبەتی، نارەزاییەکی بەرچاو دژ بەمەرجی پێوەندی هەبوو، کاتێک دەرکەوت کە هاووڵاتیی دانیمارکی کە بۆ ماوەی دوورودرێژ لە دەرەوەی وڵات ژیابوون و ویستبوویان لەگەڵ هاوسەرێکدا بگەڕێنەوە، بەڵام مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدرابوو ئەو کارە بکەن. وەک سەرئەنجامێک، یاساکە هەموار کرا بۆ بەخشینی ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی ٢٨ساڵی هاووڵاتی بوون لە مەرجەکە هەروەک ئەو کەسانەی لە دانیمارک لەدایک بوون و ئەوانەی وەک منداڵێکی بچووک گەیشتبوونە دانیمارک و بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ بە بەردەوامی لەوێ ژیابوون(٤٤).

نارۆشنییەکی بەرچاو کە بووە مایەی بەرزبوونەوەی مەراق ڕادەی پێوەندیی بەندە نوێکانی یەکگرتنەوەی خێزان بوو بەمەراقی قوربانییان یان ئەوانەی ڕەنگە ببنە قوربانی بەزۆر بەشوودانەکان، یان بەمەراقی شکستهێنانی تێکەڵبوون، یان بەخواستێکەوە بۆ کەمکردنەوەی کۆچبەری بەگشتی و بەتایبەتی لە هەندێک وڵاتی دیاریکراوەوە. هەرچۆنێک بێت، دەبێ گومان لەسەر ئەوە نەبێت کە ئەم گۆڕانکارییانە مانای توندوتۆڵکردنی سنوورەکان دەگەیەنن بەناوی مافەکانی ژنانەوە.

بەفەرمی ئەوە مەرجی تەمەنە کە زۆربەی جار خۆی لە خۆیدا وەک تەگبیرێک دژ بە هێز پێشکێش دەکرا، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەم تەگبیرە دەبێ لە پێوەندیدا بەمەرجەکانی ترەوە لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی مەرجی پێوەندی پێوەبوونەوە. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە باشترین حاڵەتدا ڕیفۆرمەکان پشتیان بەشیکار و گریمانەی سادە بەستووە کە بەردەوام لە جێی خۆیاندا نین و لە خراپترین حاڵەتدا زیاتر بۆ جڵەوکردنی کۆچبەرین نەک پاراستنی مافی ئافرەتان. لە هەردوو حاڵەتدا ئەنجام ڕەنگە ئەوە بێت کە ڕیفۆرمەکان خراپترکردنی ڕەوش بن بۆ هەندێک تاک.

دەمەقاڵە لەسەر ئەوە بوو کە دەسەڵاتەکانی دانیمارک زیاد لە پێویست بایەخیان بەوە داوە کە پاڵنەری کۆچبەری لە پشت بەزۆر بەشوودانەوە هەیە و کەمتر بایەخیان بەوە داوە کە هەندێک دایک و باوکی کەمینە هانی کۆنترۆڵکردنی کچەکانیان دەدەن(٤٥). وا دانرا کە پاڵنەری باوان لە هەڵبژاردنی هاوسەرێکدا بەتەنیا یان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی مافی مانەوەیە بۆ هاوبەشەکە (عادەتەن خزمێکی نزیک لە "نیشتمانەوە") لەبەرئەوە یاساکە کاریگەرییەکی ڕێگرییانەی هەیە. کاتێک دەرکردنی ڤیزا تا هاوسەرەکان دەگەنە تەمەنی ٢٤ساڵ مەحاڵ دەبێ، وا دانراوە کە باوان چاوەڕوانی هاوسەرێتییەکەن (یان هاوبەشێکی لۆکاڵ). کاتێک ژنەکە تەمەنی ٢٤ ساڵە ئەوەندە پێگەیشتووە بتوانێ ئیختیارێکی سەربەخۆ دروست بکات. بەڵام هەروەها ئایا ڕوو

نادات کە کچان زۆر بەسانایی بگەڕێندرێنەوە وڵاتی ئەسڵی خۆیان و کاتێک بوونە ٢٤ساڵ لەوێ شوو بکەن؟ ڕەنگە ئەم حاڵەتە زۆر بەسانایی ڕوو بدات، لێرەدا گرینگیی مەرجی پێوەندی پێوەبوون دەردەکەوێت. چونکە هەر مۆڵەتێکی داهاتوو پێوەستە بەپێوەندیی هەردوو هاوسەر بەدانیمارکەوە، دەشێ ئەمە ڕێگە لەبەردەم باوان بگرێت کچەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات بنێرن، لە جیاتی ئەوە بەشوێن هاوسەرێکدا بگەڕێن بۆی لەناو دانیمارکدا. بەڵام، ئەم لۆجیکە ئەو ڕاستییە پشتگوێ دەخات یان بەهەند ناگرێت کە باوان پاڵنەری تریان هەیە کە باش زانراون – بۆ نموونە، هەندێک دایک و باوک دەترسن منداڵەکانیان زۆر "دانیمارکی" یان زۆر "لیبراڵ" دەرچن. گەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەوا مەترسییەکی گەورە هەیە کە هەندێک لە کچانی گەنج هێشتا لەدەرەوەی وڵات بەبێ ویستی خۆیان لە تەمەنێکی منداڵدا شوو دەکەن و زۆریان لێ دەکرێت لەوێ بمێننەوە یاخۆ دووچاری ماوەیەکی درێژتری کۆنترۆڵکردن دەبنەوە لە کاتێکدا چاوەڕێن بدرێن بەشوو. ڕێی تێ دەچێت کە ئەم یاسایانە بەشێوەیەکی کاریگەر کار نەکەن و کچان نەپارێزن بەڵکو ڕەنگە کۆنترۆڵکردن دژوارتر بکەن – بەکورتی لەبەرئەوەی لە هەندێک حاڵەتدا کۆنترۆڵ ئەوەندە فرەڕوخسارە و پەسندکراو و توندە.

## پلانکاریی ٢٠٠٣

وەک پاش بیرێک بۆ ئەو تەگبیرانەی لە یاسای کۆچبەریدا گیرانەبەر، پلانێکی سەراپاگیری حکوومەتی لە ساڵی ٢٠٠٣دا پێشکێش کرا. ناوی "پلانی کار لەسەر هاوسەرێتیيە بەزۆر و نیمچە بەزۆر و بڕیارلێدراوەکان"ی لێنرا، بەڵگەنامەکە بەبێ هیچ دوودڵییەک ئەو زاراوانە جێگیر دەکات کە لە سەرەتاوە باڵیان بەسەر مشتومڕەکانی دانیمارکدا کێشابوو، بۆ نموونە، پێشنیازە سەرەتاییيەکانی هەمووارکردنی یاسای بێگانەکان زاراوەکانی "هاوسەرێتیی بەزۆر" و "هاوسەرێتی بڕیارلێدراو"یان بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕکاری بەکار دەهێنا. بە دەستپێکی بەکارهێنانی زمانی نارۆشنەوە، مەبەستەکە بەئاقاری هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بوو کە هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکانی بەگرفتێکی مەترسیدار دادەنا، گەر بەتەواوەتیش نەبێت چونکە "هەموویان" هێزیان تێدایە، بەواتا یاساییيەکەی وشەکە[٤٦]، بەڵکو هەروەها لەبەر ئەوەش کە وا دانراون دژ بەتێکەڵبوونن (کەمێک نەبێت) لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی تەقلیدی لە نێوان کەسانی یەک نیشتمان دەبەسترێن دەبنە هۆی زیادبوونی کۆچبەری. ئەو هەستەی کە هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان بەگشتی لە ژێر هێرشی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتە دانیمارکییەکاندا دوویات دەکرێتەوە لە پلانی کاری نیشتمانیی دانیمارک بۆ نەهێشتنی هەژاری و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتی (٢٠٠٣)، کە بەمجۆرەی خوارەوە ئامانجی سەرەکیی پلانی کاری داهاتووی ئەوکات دەناسێنێت: "بۆ ڕێگرتن لە هاوسەرێتییە بەزۆرەکان و نیمچە بەزۆرەکان و نەهێشتنی هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان" (ئەم چەند وشەیەی کۆتایی بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ تەئکیدکردن نووسراون)[٤٧].

تەگەرەکان لەلایەن سیاسەتمەداران و لێکۆڵەوەران و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤەوە ڕەخنەیان لێ گیرا و سەرزەنشت کران(٤٨). بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم ڕەخنەگرتنە نەبووەتە هۆی هیچ گۆڕانێک لە تەوژم یان ناوەڕۆکی سیاسەتی توندی حکوومەتدا.

لە ڕاپۆرتەکەیدا کە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ بڵاو کرایەوە پەیمانگای دانیمارکی بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٠٤) لە ڕوانگەیەکی مافەکانی مرۆڤەوە دەڕوانێتە ڕووە جیاوازەکانی سیاسەتی یەکگرتنەوەی خێزانی دانیمارکی. ڕاپۆرتەکە دەگاتە ئەو ئاکامەی کە مەرجی تەمەن شانبەشانی مەرجی پێوەندی پێوەبوون دەبنە هۆی پێشێلکردنی مافی ژیانی خێزانی (پەیماننامەی ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ، بەندی ٨). بەشێوەیەکی زۆر گشتیتر ئەوە دووپات دەکرێتەوە کە بەندە نوێکان دەسەڵاتی بڕیار دەرکردن لە مافێکی چەسپاوی یەکگرتنەوەی خێزانەوە بۆ بڕێکی بەرچاوی سەلیقەی بەڕێوەبردن و، لاوازکردنی سەقامگیری لە سایەی یاسادا.

سیاسەتەکانی دانیمارک هەروەها ڕووبەڕووی ڕەخنەی نێودەوڵەتیش بوونەوە. بۆ نموونە، کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنەبڕکردنی شێوازەکانی جیاکاری دژ بەژنان CEDAW، کاتێک ڕاپۆرتەکەی دانیمارکی ساڵی ٢٠٠٢ لێک دەداتەوە، ناڕازی بوو لە زیادکردنی مەرجی تەمەن و "داوایان لە دانیمارک کرد کە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەندە بکاتەوە" و "هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تر بۆ بەرهەڵستی کردنی بەزۆر بەشوودان بدات". ڕاپۆرتی سەردانی هەڵسووڕێنەری مافەکانی مرۆڤی ئەنجوومەنی ئەورووپا (ئەلڤارۆ گیل- رۆبلێس) بۆ دانیمارک لە ١٣-١٦ی نیسانی ٢٠٠٤دا ڕەخنەی لە دەوڵەت گرت لەبەر پابەندنەبوونی بەپەیمانە نێودەوڵەتییەکانەوە. ڕاپۆرتەکە بووە هۆی مشتومڕێکی بەرچاو لە دانیمارک لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٤دا. لەنێو چەندان شتدا گیل- رۆبلێس داوای لە دانیمارک کرد دووبارە چاو بەمەرجی تەمەندا بخشێنێتەوە. سەرۆکی فەرمانگەی نیشتمانی لە پەیمانگەی دانیمارکی مافەکانی مرۆڤ بریگیت کۆفۆد ئۆلسن ڕاپۆرتەکەی بەدڵ بوو و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "یاساکانی تایبەت بەیەکگرتنەوەی خێزان لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە پڕ کێشەن"(٤٩). حکوومەت ڕاگەیاندننامەیەکی دەرکرد و ڕەخنەکەی لەبیر خۆی بردەوە.

## ئەنجام

لە چەقی سیاسەتەکانی دانیمارک و بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوونیش لەوانەی نەرویجدا گشتگیریکردنێک هەیە لە حاڵەتە تاکەکەسییەکانی بەزۆر بەشوودانەوە بۆ گرتنەوەی هەموو پیادەکارییەکانی هاوسەرێتیی گرووپە کەمینەکان شانبەشانی باوەڕێکی پتەو کە هاوسەرێتی وەک ستراتیجێک بۆ کۆچبەری دەبینێت. ئەم لایەنە کرۆکییانە یارمەتیدەر بوون لە ڕەوایەتیدان بەتوندترکردنی کۆنترۆڵەکان بەسەر کۆچبەرییەوە، لەوانەش ئەو سیاسەتانەی کە مایەی پرسیارن لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە. بەڵام پڕ کێشەشن لەبەر چەند هۆکاری تریش. یەکەم، ئەم شێوە بۆچوونە ئاڵۆزییەکانی گرفتی توندوتیژی دژ بەژنان لەبەرچاو ناگرێت. دووەم هێز و هەست و

بیرەکانی ژنان پشتگوێ دەخات. پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە هەموو هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان لە ڕاستیدا هاوسەرێتیی بەزۆرن بەشێوەیەکی کاریگەر زۆر پۆلێنی جیاوازی ئەزموونەکان دەخاتە یەک قاڵبەوە. ئەو کەسانەی کەم تا زۆر بەئاشکرا دژ بەپلان و خۆسەپاندنەکانی باوانیان بەرەنگاری دەکەن و دەشەڕن خراونەتە ڕیزی ئەوانەی بەبێ هیچ ڕەخنەگرتنێک داوونەریت قبووڵ دەکەن، هەروەها ئەوانەی کە لەناو هزری خۆیاندا دووچاری کێشمەکێش دەبن لەسەر ئەوەی چی باشە بیکەن و دەگەنە ئەو باوەڕەی هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو قبووڵ بکەن. بەکورتی، ژنانی کەمینە وەک خەڵکانی پێنەگەیشتوو وێنا کراون کە هیچ توانایەکی سەربەخۆییان نییە. ئەوانەی کە وا ڕادەگەیەنن کە زۆریان لێ نەکراوە بۆ شووکردن نارایان Narayan وەک "قوربانی" یان "ساویلکە" ناوی داتاشین.

لەلایەکی ترەوە، ئەوانەی ڕەخنە لە دەستووەردانەکانی دەوڵەت دەگرن دەیانەوێ جیاوازییەکی روون و ئاشکرا بکەن لە نێوان هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوە ئازادەکان و حاڵەتە ڕوون و ئاشکراکانی هێزدا. بۆ نموونە بەگوێرەی گولستاد "بەزۆر بەشوودان" زاراوەیەکە بۆ لادان لە هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو، کە خوو و نەریتێکە لە بەشێکی بەرفرەوانی جیهاندا پیادە دەکرێت(٥٠). هەرچەند ئەم نیگەرانییە لەبارەی خۆلادان و بەرەنگاریکردنی ئەو ڕەگەزپەرستییەی کە بووەتە بەشێک لە گوتاری هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان، هەروەها ئەوانەش کە دژین، گرینگە، بەڵام پێناسەی بەزۆر بەشوودان وەک لادانێک لەوەی کە وەکوتر بەڕووکەش بە "داوونەرێت"ی بێ کێشمەکێش دادەنرێ چەوتە. پێناسەکەی گولستاد لە بنەڕەتدا زیاد لە جیاوازیکردنێک دەگەیەنێت.

ئەو زانیارییە زۆرەی ئێستا دەست دەکەوێت لەسەر توندوتیژیی دەروونی و هەڕەشەی سۆزداری و دڵسۆزییەکانی خێزان شیکارییەکی زۆر قووڵتری هێز زەرووری دەکات وەک لەو پێناسەیەی لەلایەن ڕەخنەگرانی فرەکولتوورخواز یان دژە-ڕەگەزپەرستی دژ بە دەستتێوەردانی دەوڵەت پێشکێش کرا. ئەم تێگەیشتنانە پێویستە ببرێنە ناو وتووێژە یاساییەکان و پێناسەکانی هێزەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەند گرینگە مەراقەکانی دەوری بەناو "مافی هەڵبژاردنە گونجاوەکان" بناسرێنەوە و مەترسییەکانی ئەو تاکانەی مافی دیاریکردنی توانای هەڵبژاردنیان قۆرخ دەکەن و، زۆر ئاڵۆزە پێ دابگیرێت کە هەموو ئەو خەڵکانە دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا بپارێزرێن.

ئەم شیکارییە، لە بەشێکیدا پاڵپشتیی ئەو داوا سواوە دەکات کە جیاوازیکردن لە نێوان هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو و بەزۆر لێڵ کراوە و خاڵێکی گرینگە کە لەسەر ئاستی تاکەکەسیدا بکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی گرووپ هەر بەئاڵۆزی دەمێنێتەوە. کاتێک وەک بیانوو بۆ تەگبیرە گشتییەکان بەکار هات، وەک لە پلانکاریی دانیمارکدا، ئاسانە هەموو هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان وەک بەزۆر وێنا بکرێن، بەبێ گوێدانە تێڕوانین و ویستی کەسەکە خۆی. ڕەوانبێژیی حکوومەتی دانیمارکی خۆی لەخۆیدا بەشداری لەم لێڵکردنەدا دەکات و، تەگەرەچییەکان بەرژەوەندییان لە درێژەدان و پتەوکردنی ئەم لێڵییەدا هەیە. ئەوەی تێگەیشتنێکی گرینگە شەڕان دژی هاوسەرێتییە بەزۆرەکان و هەڵوێستی ژنان لەناو گرووپە

پێوەندارەکاندا بەهێز دەکات خراپ بەکار دێت بۆ پتەوکردنی سنوورەکان.

سیاسەتێک کە پێکەوەبەستنی ڕەوانبێژییەکی سادەی هەڵبژاردنی سەربەست بێت لەگەڵ بەرواڵەت پشتگوێخستنێکی پارەدۆکسانەی ویستە خۆییەکانی ئەندامە تاکەکانی تەواوی گرووپەکانی خەڵک سیاسەتێکی دۆستانە نییە لەگەڵ ژندا. تەنانەت گەر مرۆڤ بیانووەکانیش قبووڵ بکات، کە هەندێک جار دەهێندرێنە پێشەوە، کە هەندێک مافی تاکەکەسی (مافی خۆشەویستی و ژیانی خێزانی لەو حاڵەتانەدا کە هاوسەرێتیی ئارەزوومەندانە دەبەسترێت) دەبێ بکرێنە قوربانی بۆ ئەوەی کەسانی تر بپارێزرێن لە پێشێلکردنێکی توندی مافەکان (سەپاندنی هاوسەرێکی بێگانەی لەوانەیە توندوتیژ و پێشێلکار بەسەریاندا)، دەبێ ستراتیجی ئەڵتەرناتیڤ تاوتوێ بکرێن- نەک بەتەنیا بۆ خۆبەدوورگرتن لە جیاکاریی ڕەگەزی و پێشێلکردنەکانی مافەکانی مرۆڤ بەڵکو بۆ پەرەدان بەستراتیجە فێمینیستییەکان دژی بە بەزۆر بەشوودانەکان و جۆرەکانی تری "توندوتیژی لەسەر شەرەف" وەک کەوتنەڕوویەکی تایبەتی توندوتیژی دژ بەژنان بەگشتی.

لە کرۆکی بۆچوونی کۆچبەریدا لۆجیکێک هەیە کە دەوڵەت دەبێ تاکی ژن لە دەسەڵاتی باوان بپارێزێت و هەندێک جار لە خۆی بیپارێزێت لەجیاتی ئەوەی تاوانبار بکرێت تا بەهێزتر بێت لە خەباتی خۆیدا و پەرە بدات بەهەستێکی مەزنتری ڕێبەریکردن و بڕیاردان لە ژیاندا بەرامبەر خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی. با نموونەیەک وەرگرین، کاتێک سەرەتا بەربەستەکان خرانە ڕوو لە دانیمارک ئەم لێدوانەی خوارەوە لەلایەن sam –UNG ڕاگەیەندرا کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە کە ئەو کاتە لە پێشەنگی خەباتکردندا بوو دژ بە بەزۆر بەشوودانەکان: "حکوومەت دەیەوێت گەنجەکان خەبەریان پێ بدەن کاتێک دەیانەوێ بڵێن نا. دەیانەوێت بەرپرسیارێتی بەسەر ژیانمانەوە وەرگرن. زۆر باشترە خەڵکانی گەنج فێربن بەباوانیان بڵێن نا" (بریدال ١٩٩٩، ل٧٩، وەرگێڕانی نووسەری ئەم بابەتە)(٥١). UNG-sam داکۆکی لە سیاسەتی دەستبەرداربوون ناکات، واز لە خەڵکانی گەنج بهێنێت تا ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆ دەرچوون لە ڕەوشی بەزۆر بەشوودانەکان وەک چۆن نوێنەرانی تری کۆمەڵگە کردوویانە. بەپێچەوانەوە، ئەمە یەکەم ڕێکخراو بوو کە هەوڵی بەدەستهێنانی فەندەکانی حکوومەت بدات بۆ خزمەتگوزاریی پشتگیریکردن و هاوکاریکردنی گەنجان لە ناڕەزایی دەربڕین و دەربازبوون لە بەزۆر بەشوودان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تایبەتی بوون لەبارەی سیاسەتێکەوە کە مەبەستی بوو ئەو جۆرە گەنجانە وەک بێتوانا لە بەرهەڵستی کردن وێنا بکات و بەو جۆرەش درێژە بەپشتبەستنیان بەکەسانی تر دەدەن.

هەرچۆنێک بێت، بەبێ دژ وەستانەوەی دەستوەردانی حکوومەت لەو حاڵەتانەی کە تاکێکی مێ نەتوانێت درک بەباشترین بەرژەوەندیی خۆی بکات، زۆر ڕێی تێ دەچێت کە تا کەسێک گەنجتر بێت زیاتر بکرێتە قوربانی. نابێ ئەو ڕاستییەش بەکەم بگیرێت کە هەندێک تاک کە دووچاری ئەو سزا ستەمانە دەبێ بەهۆی نەبوونی دژوەستانەوە و لەگەڵدا گونجانی تەواویان دەبێ خۆی لە خۆیدا وەک نیشانەیەکی ئاگەدارکردنەوە وەربگیرێن. بگرە، پێش هەموو شتێک، پێوستی بەقووڵبوونەوە و مامەڵەکردن هەیە لەگەڵ هەر حاڵەتێکی تایبەتدا وەک بەشێک لەو قووڵبوونەوەیە.

دوو ئاڕاسته هەن، ئاڕاستەیەک بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگەکان و لە نێو ئەو فرەکولتوورخوازانەدا کە داکۆکی لە"ڕێزگرتنی کولتوورەکانی تر" دەکەن بۆ بەکەم دانانی پاڵەپەستۆی دەروونی و ئەو توندوتیژییەی کە ژنان و پیاوان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە چوارچێوەی هاوسەرێتیی بڕیارلێدراودا و، ئاڕاستەیەک لەناو هەندێک سیاسەتمەدار و حکوومەت و فێمینیستەکاندا بۆ شێواندن و بەزۆردانانی زۆرەملێ لە هەمان چوارچێوەدا. ئەم ئاڕاستەیەی دواییان بەئاشکرا لەلایەن هەندێک هۆکارەوە دنە دەدرێت لەوانەش پێویستیی ڕەوایەتیدان بەئارەزوویەکی گشتی بۆ کۆنترۆڵی توندوتۆڵتر لەسەر کۆچبەری یەکێکە لەو هۆکارانە.

هەردوو حکوومەتی دانیمارک و نەرویج سیاسەت و تەگبیرەکانیان وەک "پێشنیازی ئامادەکراو" دژ بە بەزۆر بەشوودان پێشکێش دەکەن. هاوتا، ڕەخنەگران سەرقاڵی کاریگەرییە ڕەگەزپەرستی و جیاکارییەکانی ئەم سیاسەتانە بوون (بەلایەنی کەمەوە هەندێکیان) بەو ئاڕاستەیە کار دەکەن کە هەموو تەگبیرەکان پێکەوە تۆپەڵ بکەن لە تۆمەتی بێ بنەمای لەکەدارکردن و نوێنەریکردندا یان یاریپێکردنی بە دەست ئەو سەرکردانەی جڤات و کەسانی ترەوە کە دژ بە دەستوەردانی دەوڵەتن لە "کێشە تایبەتەکانی" وەک توندوتیژیی دژ بەژنان و ئەو کەسانەی بۆ هێشتنەوەی پیادەکارییە باوکسالارییەکان و "داوونەرێت" تێدەکۆشن.

پێداویستییەک هەیە بۆ سیاسەت و تەگبیرەکان شانبەشانی توێژینەوە کە هەستیار بن بەرامبەر ئاڵۆزی و جۆراوجۆری پیادەکاری و تێگەیشتن لەوەی زۆر جار پێی دەوترێت خوو و نەرێت یان داوونەریتەکان. کاتی ئەوە هاتووە لەسەر ئاستێکی گشتی لە پێناسکردنی هێز بگەڕێین و زیاتر سەرقاڵی بەدەنگەوەهاتنی مەراقە جۆراوجۆرەکانی کەسانی تێوەگلاو بین، لێگەڕێین خۆیان پێناسەی ڕەوشەکانیان بکەن- کە ڕەنگە بەباشی بیسەلمێنێت هەمان ئەو کارانەی لەلایەن باوانەوە کراون لەلایەن گەنجە جیاوازەکانەوە بەشێوەی جیاواز ڕاڤە کراون و تێگەیشتنیان بۆ کراوە. پێویستە جیاوازییەکی بەرچاوتر لە نێوان ئەو پێوانە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەدا بکرێت کە گیراونەتەبەر بۆ پتەوکردنی مافی بڕیاردانی سەربەخۆی تاک و ڕێخۆشکردن بۆ توانادارکردنی ئەو تاکانە، لەگەڵ ئەوانەی بۆ جڵەوکردن یان پۆلیسی کردن بەسەر ڕەفتاری گرووپەوە دانراون. بەهەمان شێوە پێویستییەک هەیە بۆ جیاوازیکردن لە نێوان تەگبیر و سراتیژەکاندا هەڵسەنگاندنە کەسییەکانی کاری تاوانکارانە یان بەجۆرێکی تر کارە سەرکوتکەرەکان و ئەو کارانەی پشتیان بەپۆلێنکردنی داوونەرێت یاخۆ پیادەکارییەکانی وەک حیجاب پێکردن یان هاوسەرێتیی بڕیارلێدراو. بەگشتی، ئەوەی پێویستە_ شیکارییەکی زۆر قووڵ و جیا کاریگەرانەی پیادەکاری باوکسالارانەی کەمینە ئیتنییەکانە و، دەستێوەردانەکانی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و وەڵامدانەوەی ژنان بۆ هەردووکیان.

بۆ فێمینیستەکانی ئەسکەندەناڤیا و وڵاتانی تری ئەورووپا کە دژی بەزۆر بەشوودان و جۆرەکانی تری توندوتیژی دژ بەگشت ژنان دەشەڕن، پێویستییەکی ئاشکرا هەیە بۆ ئاگەداربوون لە بەکارهێنانی گوتاری مافەکانی ژنان لەلایەن هەندێک پارتەوە بۆ مەبەستەکانی ڕەگەزپەرستی و

جیاکاریکردن. ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە نەهێڵین ئەم مەترسییە بمانگەیەنێتە حاڵەتی لێبووردنخوازی و لە پەلوپۆ کەوتن. ئەوەی فێمینستەکانی نەرویج و دانیمارک پێویستە پەرەی پێ بدەن فێمەنیزمێکی دژە- ڕەگەزپەرستییە کە تواناداریان بکات دژ بە بەزۆر بەشوودانەکان بشەڕن بەبێ پەنابردنەبەر یاساکانی کۆچبەری و هاوپەیمانییەکان لەگەڵ پارتە سیاسییە دژە-فێمینیستەکان.

سەرنجەکان:

١- بڕوانە دەستپێشخەرییەکانی حکوومەت بۆ یارمەتیدانی گەنجانی دووچاری مەترسیی توندوتیژیی پێوەندار بەشەرەفەوە.

٢- بۆ ڕەخنە لە سیاسەتەکانی نەرویج و دانیمارک وەک کولتوورپەرست و ڕەگەزپەرست، بڕوانە ڕەزاق،٢٠٠٢

٣- چیرۆکی سیما، بەم شێوەیە لە (کەریم، ١٩٩٦ و ویکان،٢٠٠٢) تۆمار کراوە.

٤- لەو تەگبیرانە: تەجمیدکردنی هەموو کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانەکە بۆ ماوەیەک.

٥- باوکەکە حوکمێکی هەڵپەسێراوی یەک ساڵ و سێ مانگیی وەرگرت و دایکەکەش یەک ساڵی هەڵپەسێراو. باوکەکە تاوانەی ١٥٠٠٠ کرۆن کرا و فەرمانی بەسەردا درا کە تێچووەکانی دادگە بەبڕی ٦٠٠٠٠ کرۆن بژمێرێت. فەرمانی دادگە ڕێکەوتبوو لەگەڵ پێشنیازی ئەنجوومەنی یاسایی/جێبەجێکردن سەبارەت بەنەرمی پێشاندان بەگەڕانەوە بۆ تکای نادیە کە نابێ باوانی بەند بکرێن. هەردوو کێشەکە پێداچوونەوەیان بۆ کرا و پاش مەرگی باوکی نادیە کێشەکە دوایی هات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە Wikan,2002کە شایەتحاڵێکی شارەزا بوو لە ماوەی دادگەییکردنەکەدا.

٦- خانم سۆلبێرگ هەنووکە وەزیری حکوومەتی هەرێمی و گەشەپێدانی ناوچەییە و، پۆرتفۆلیۆکەی کۆچبەری و کاروباری کەمینە ئیتنییەکان لەخۆ دەگرێت.

٧- لە سایەی ڕێکخستنی کۆچبەریدا بەشی (٦)٣٧ ئێستا ماوەیەکی سێ ساڵیی تاقیکردنەوە هەیە پێش ئەوەی هاوسەرەکە لەسەر بنەمایەکی سەربەخۆ مافی مانەوەی هەمیشەیی پێ بدرێت.

٨- فەدیمە شاهیندال، بەهۆی توندوتیژیی پێشتری باوک و براکەیەوە بەرامبەری و بەهۆی دەرکەوتنە گشتییەکانی خۆشیەوە، لە سوێد باش ناسرا بوو. باوکەکە تاوانبار کرا بە کوشتن (حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا درا). دەبێ لێرەدا سەرنجی ئەوەش بدرێت کە ئەم تاوانی کوشتنە کەمتر لە شەش مانگ دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕووی دا، هەردوو ڕووداو سەرەکی بوون لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی دواتر ڕووی دا. مشتومڕەکە لە نەرویج زیاتر لە دەوری هاوسەرێتییە بەزۆرەکان و موسڵمانەکان چەقی بەستبوو وەک لە کایەی سوێدی.

٩- لە نێو پێشنیازکەراندا ئەندام پەرلەمان هەبوون لە پارتی کرێکاران و پارتی چەپی سۆشیالیست و پارتی پێشکەوتن، شانبەشانی دەزگەی مافەکانی مرۆڤ.

١٠- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سیستمی یاسادانان بڕوانە www.stortinget.no/english/legislation.html (بە ئینگلیزی).

١١- بە نەرویجی لەسەر ماڵپەڕی www.lovdata.no/all/nl-19910704-047- html بە دەست دەکەوێت. بۆ وەرگێڕانی بێ مۆڵەتی بەئینگلیزی بڕوانە www.lovdata.no/info/uenga.html.

١٢- له نەرویج هەروەک له وڵاتانی تری ئەسکەندیناڤیا، تەڵاق تا دێ ئاسان دەبێ و، ئەمڕۆ مافی تەڵاقی مەدەنی مەرجدار نییە، پاش یەک ساڵ جیابوونەوەی ئیجباری: مادەی ٢١ یاسای ژمارە٤٧ی ساڵی ١٩٩١-

١٣- بەو پێیە، هەر منداڵێک لەناو هاوسەرێتییەکی هەڵوەشاوەدا لەدایک بێت لە ڕووی یاساییەوە بە لەدایکبوو لە دەرەوەی هاوسەرێتی لەقەڵەم دەدرێت. پرسەکانی دەربارەی باوکێتی ڕێک دەخرێن لەلایەن یاسای منداڵانەوە (یاسای ژمارە ٧ی ١٩٨١)، بەنەرویجی بە دەست دەکەوێت لەسەر ماڵپەڕی www.lovdata.no/all/nl-19810408-007-html. بۆ وەرگێڕانی ئینگلیزی بێ مۆڵەتی بڕوانە www.lovdata.no/info/uenga.html.

١٤- هەردوو کێشەکە لە دادگە جیاوازەکاندا بەدەست دەکەون.

١٥- بۆ بەڵگەنامەی پێوەنداری زیاتر: Besl.O.nr.24 (2003-2004); Innst.O.nr.17.

١٦- بێ گومان بەزۆر بەشوودان دەبێ لەناو چوارچێوەی توندوتیژیی دژ بەژنان دانرێت، بەتایبەتی لەناو خێزانەکاندا (خێزانی لەدایکبوون و ژنومێردایەتی). لەخۆگرتنی هەموو ئەو تەگبیرە سیاسی و گۆڕانکارییە یاساییانەی کە لە نەرویج کراون لە مەودایەکی بەرفرەواندا لە دەرەوەی بواری ئەم باسەیە، چونکە ئەمە بەتایبەتی بوارێکی بەبڕشتی گەشەی سیاسییە. بۆ باسکردنێکی گشتگیر لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان و لەناویاندا پێشنیازەکان، بڕوانە ڕاپۆرتی کۆمیتەی حکوومی لەسەر توندوتیژی دژ بەژنان (مافی ژیان بەبێ توندوتیژی) و پلانی کاری حکوومەت لەسەر توندوتیژی لە پێوەندییە نێزیکەکاندا (٢٠٠٤-٢٠٠٧).

١٧- بۆ وەرگێڕانێکی نافەرمیی ئینگلیزی لەلایەن وەزارەتی دادی نەرویجەوە بڕوانە ماڵپەڕی www.ub.uio.no/ujur/ulovdata/.

١٨- وەک دیاری کراوە لە نامەی پێشنیازی یاساداناندا Green Paper بۆ هەموارکردنەکانی یاسای سزادانی شارستانیی نەرویج (Ot.prp.nr.51, 2002/2003). بەڵگەنامەکانی تر (مێژووی یاسادانان) برێتین لە: Innst.O.nr17 (2003-2004) و Innst.O.nr.106 (2002-2003). بۆ وتووێژ لەسەر دیاریکردنەکان و سنووردانانەکانی "ڕەفتاری نایاسایی" هتد بڕوانە Winther,2003.

١٩- زاراوەی "خزمی نزیک" لە مادەی ٥ی یاسای سزادادا بەمجۆرە پێناس کراوە: "هەر کاتێک ئەم یاسایە زاراوەی "خزمی نزیکی" کەسێک بەکار بهێنێت، ئەوا هاوسەر، باوباپیر و وەچەکان، خوشک و برا و هاوتا کەسانی خزمی نزیک بەهۆی هاوسەرییەوە، باوانی هەڵگرەوە و منداڵی هەڵگیراوە و دەسگیرانی کەسەکە دەگرێتەوە. گەر هاوسەرێتییەکە هەڵوەشایەوە ئەو بەندانەی وتران دەبێ پیادە بن بەسەر ڕووداوەکانی پێش هەڵوەشانەوەکەدا. هاوسەری خزمێکیش بەهۆی هاوسەرێتییەوە بەخزمی هاوسەرێتی دادەنرێ" (Winther,2003).

٢٠- دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێت کە فەرمانی دادگە لە کێشەکانی توندوتیژی دژ بەژنان هەروەها پیادە دەبێ بەسەر چەندان یان زۆربەی حاڵەتەکانی بەزۆر بەشووداندا، وەک چۆن توندوتیژیی جەستەیی و جۆرەکانی تری زۆربەی کات وەهان.

٢١- حوکمەکە لەلایەن دادگەی Indre Follo Muncipal وە دەرکراوە و بەنەرویجی بەردەست دەکەوێت وەک کێشەی ژمارە ٠٢-٠٠٢٩٢ M/o 4ی نیسانی ٢٠٠٢, بۆ زانیاری دەربارەی سیستمی دادوەریی نەرویجی بڕوانە www.domstol.no/Domestolene/index.asp

٢٢– بە نەرویجی لە ماڵپەڕی /http://odin.dep.no/krd/norsk/regelverk/rundskriv بە دەست دەکەوێت.

٢٣– بۆ پێشکێشکردنێک لەسەر پەناگەکانی ژنانی نەرویج بڕوانە .Paul,1998

٢٤– هسبانکین husbanken بانکێکی عەقارە، تایبەتە بەیارمەتیی دارایی بۆ دروستکردنی خانووی بچووک. بڕوانە .www.husbanken.no/portaler/iPortEnglish دەتوانرێ نامیلکەیەک بەنەرویجی لە هەمان ماڵپەڕ لەسەر پرۆژەی پەناگە داوا بکرێ.

٢٥– تاقمی پارێزگارییەکە پێک هاتووە لە تەلەفۆنێکی پاراستن کە ڕاستەوخۆ بەپۆلیسەوە گرێدراوە، تەلەفۆنێکی ماڵ، ئەلارمێکی دەنگی، بڕوانە .www.likestilling.no/english/alarm.pdf

٢٦– بڕوانە www.lovdata.no/for/sf/xd-19940304-0161- html.

٢٧– بڕوانە /www.seif.no/publikasjoner/en.

٢٨– بڕوانە www.mirasenteret.no.

٢٩– بڕوانە www.rights.no.

٣٠– لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی کەمینە ئیتنییەکان و ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانەی بۆ ئەو مافانەی ژنان تێ دەکۆشن، لحنە نیهاگن پرێدیلی (٢٠٠٣) دەری دەخات کە HRS وەک ئەو ڕێکخراوەی کە نزیکترین پێوەندیی بە سیاسەت دارێژەرانەوە هەیە بەتایبەتی پەرلەمان، دەردەکەوێت. هەروەها دەریشی دەخات کە کاریگەریی ژنانی کەمینە بەگشتی نافەرمییە و سنووربەند کراوە بۆ بوارە باوەکانی وەک بەزۆر بەشوودان و خەتەنەی مێینە.

٣١– بۆ نموونە، پێشنیازەکەی پێشکێشکردنی بەندێک لە یاسای هاوسەرێتیدا داوا بکات هەموو پەیمانەکانی هاوسەرێتیی ئاینی ڕێککەوتنێکی دوولایەنی تێ بکرێت لە نێوان هاوسەرەکاندا کە مافی تەڵاق بەیەکسانی بدەن بەیەکتر. پێشنیازێکی تر پێشنیازی ئەوە دەکا کە یاسای کۆچبەری دەبێ ئەو بەندانە لەخۆ بگرێت کە ئاراستەی هاوسەرێتییە دەرەکییەکان دەکرێن بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی پێی دەوترێت "هاوسەرێتییە لەنگەکان" کە قسەی ئەوەیان لەسەر بوو وەک گرفت بن بۆ هەندێک ژنانی موسڵمان کە مافی جیابوونەوەیەکی شارستانییان هەبوو بەڵام لەلایەن مێردەکەوە دانی پێدا نەنراوە. هەروەها لەم سیاقەدا هاوسەرێتییە بەزۆرەکانیش باس کراون بەڵام بەبێ گرێدانەوەیەکی ئاشکرا بەبابەتەکەوە. بەشی یەکەمی پێشنیازەکە ساڵی ٢٠٠٣ زۆر بەکتوپڕی لەلایەن پەرلەمانەوە گیرایەبەر وەک کەم تا زۆر وەرگرتنێک لە کتێبەکەی HRSوە بەناوی ڤیسا مرۆییەکان (٢٠٠٣). پەرلەمان هەروەها داوای لە حکوومەتی هەرێمی کرد گونجاوی تێکردنەک لە یاسای کۆچبەریدا ڕەچاو بکات. لەسەر بنەمای دوو لێکۆڵینەوەی سپێردراودا وەزارەتی حکوومەتی هەرێمی و گەشەپێدانی ناوچەیی دژ بەهەردوو بەندەکە ئامۆژگاریی دا و، ئەندام پەرلەمانان پەشیمانیی خۆیان لە یەکەم دەنگدان دەربڕی لەسەر ئەو بنەمایانەی کە پرسەکە دەرکەوت زۆر ئاڵۆزترە لەوەی یەکەم جار بیریان لێ کردبووەوە، بەتایبەتی لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و سەربەستیی ئاینی بەتایبەتی.

٣٢– لە ساڵی ٢٠٠٢دا HRS 1- 6 ملیۆن کرۆنی نەرویجیی بۆ پاڵپشتیی پرۆژەکەی وەرگرت، لە ساڵی ٢٠٠٤دا دوو ملیۆن کرۆنی وەرگرت وەک فەندی بنچینەیی.

٣٣– بۆ نموونە بڕوانە ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر ماڵپەڕی no ;wikan,2002..seif.www

٣٤– بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە http://www2- tv2- no/riketstlstand/n2i.vis?par

٣٥– ئۆرکیس ORKIS و سەیف SEIF بەڕادەیەکی کەمتریش میرا MIRA سەرقاڵی کەیسەکان بوون. زۆر

ڕێکخراوی تر فەندیان وەردەگرت بۆ چالاکیی پەروەردەیی و هی تر (Fangan,2002).

٣٦- L152 af 2002 (lov nr.365).

37- Forslag nr.L 6 til lov om andring af udlandingeloven - fremsat for Folketinget dan 8- oktober 2003-

٣٨- بڕوانە www.udlst.dk

٣٩- یاسای بێگانان مادەی ٩، بڕگەی ١(١).

٤٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٦.

٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٤(١).

٤٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٧.

٤٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو مادەی ٨.

٤٤- یاسای بێگانەکان ساڵی ٢٠٠٢، هەموارکراو بەیاسای ژمارە ١٢٠٤ی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣.

٤٥- ئەم خاڵە لەلایەن حەنانە سدیقییەوە ئاماژەی پێ دراوە (SBS) و نووسەری بابەت (Bredal,2002) لە وۆرکشۆپێکدا لەسەر سیاسەتەکانی وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا دژ بە بەزۆر بەشوودانەکان لە کۆنفرانسی میترۆپۆلەکاندا لە ئۆسلۆ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢.

٤٦- ڕەوانبێژییەکە زۆر جار ئەوەیە کە ئەو گەنجانەی ڕازی دەبن بەمجۆرە هاوسەرێتی ببەستن بەرژەوەندیی خۆیان بەباشی نازانن.

٤٧- هەروەها بڕوانە یاداشتی حکوومەت بەسەرنجەکانیەوە لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەری ئەنجوومەنی ئەوروپاییی مافەکانی مرۆڤ جیل ڕۆبلێس (بڕوانە خوارەوە).

www.inm.dk/imagesUpload/dokument/Memorandum-of

٤٨- بۆ کۆکراوەیەکی گوتارە ڕەخنەییەکان لەسەر مەیلی گشتی بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی توندتر لەسەر کۆچبەری، بڕوانە Fenger-Gron et al,2003, بەتایبەتی گرۆندال Grondahl لەسەر یەکگرتنەوەی خێزان.

٤٩- بڕوانە ڕاپۆرتی humanrights.dk.news/Commissioner-report.www بەئینگلیزی.

٥٠- لە پەراوێزێکدا گولستاد دەڵێت: ترسی میدیا لەسەر ئەم مەسەلانە لەوە دەچێت بووبێتە مایەی پەشۆکان. زۆر کەس، لەوانە سیاسەتمەدارانی سەرەکی، گرفتی جیاوازیکردنیان هەیە لە نێوان بەزۆر بەشوودان (لادان لە نەریتە چەسپیوەکان) و هاوسەرێتییە بڕیارلێدراوەکان (دواکەوتنی نەریتە چەسپیوەکان). ئەو ڕاستییەی کە لێک ترازانێک هەیە لە نێوان پاڵەپەستۆی کەم و هێزدا ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازیکردن لەبنەڕەتەوە ناگرینگ بێت.

٥١- دیمەنی ڕێکخراوی ناحکوومیی دانیمارکی لەم دواییانەدا لە هەڵچووندا بوو، بەمجۆرە ڕێکخراوی UNG-sam کە لێرەدا ئاماژەی پێ دراوە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت لە کۆتایی ١٩٩٠کاندا بوونی هەبوو. کۆمەڵێک خەڵکی گەنجی کەمینەی ئیتنی بوون کە لەسەر مەسەلەی بەزۆر بەشوودان کۆبووبوونەوە و لەسەر بنەمای ئایدیالیستی یارمەتیی خەڵکانی تری گەنجیان دەدا.

## لەبارەی نووسەرانەوە

عەبدوڵڵاهی ئەحمەد ئەننەعیم: پرۆفیسۆری یاسایە لە مەکتەبی یاسای زانکۆی ئیمۆری لە ئەتلانتای ئەمەریکا. پرۆفیسۆر ئەننەعیم کەسایەتییەکی ئەکادیمییە و تایبەتمەندە لە بواری ئیسلام و مافی مرۆڤ لەگەڵ مافی مرۆڤ لە گۆشەنیگای کولتووری جیاوازەوە. هەروەها لەبارەی ئاین و مافی مرۆڤ و یاسای ئیسلامی و یاسای جینائی وانە دەڵێتەوە و لێکۆڵینەوە دەکات لە بابەتی جۆرەوجۆری تایبەت بەم بوارانە، لەوانە دەستوور و سیاسەت لە ولاتانی ئیسلامی و ئەفریقیایدا. هەروەها بەڕێوەبەری چەندان پرۆژەیە، لەوانە ئاین و پرۆگرامی مافی مرۆڤ کە بەشێکە لە پرۆگرامی ئاین لە مەکتەبی یاسا لە زانکۆی ئیمۆریدا.

دکتۆر نەزەند بەگیخانی: ئێستا لێکۆڵەری بالایە لە زانکۆی بریستل لە سەردەمی نووسینی ئەم کتێبە لە دەزگای بی بی سی کاری دەکرد. دکتۆر بەگیخانی بەرگریکارێکی چالاکە لە مافەکانی ژن و کەمپەین و لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەی "تاوانەکانی شەرەف"ەوە لە کوردستان و لەناو دیاسپۆرای کوردیدا ئەنجام داوە. هەروەها وەکو ڕاوێژکار و پسپۆڕ لەگەڵ چەند دەزگایەکی یاسایی بەریتانیایی لەبارەی ژنانی پەنابەر و چەند دەزگایەکی حکوومەتییەوە لەسەر ئاستی کوردستان و ئەوروپادا کاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا دکتۆر بەگیخانی خەلاتی ئێما هەمفریس ی پێ دراوە کە لەلایەن کۆمەڵێک یاساناسی بەریتانیاییەوە سالانە دەدرێت بە کەسایەتییەکی چالاک لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژن. جگە لە کاری لێکۆڵینەوە و ئەکادیمی، دکتۆر بەگیخانی شاعیرێکی بەناوبانگە و پێنج دیوانی بە کوردی و ئینگلیزی هەیە.

جولیانا بێلۆک: پارێزەرە و لەگەڵ کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی ژنانی بەرازیل کار دەکات (ک. ب. م. ژ). بێلۆک ماستەری هەیە لە یاسا و ئێستا خەریکی نووسینی نامەی دکتۆراکەیەتی لە یاسا و پرۆسەی جینائی لە زانکۆی ساو پاولۆ. هەروەها پرۆفیسۆری یاسایە لە یونایتد مێترۆپۆلیتان فاکەلتیس و ئەندامی (ک. ب. م. ژ)ی بەرازیلی و ئەنستیتوی گەشەپێدانی یەکسانییە.

ماریا گابریێلا بێتیگا بۆکیربۆت: پارێزەرێکی ئیتاڵیاییە و ئێستا لە لەندەن لە بواری یاسای کۆچبەری کار دەکات. بۆکیربۆت پلەی ماستەری لە مەکتەبی خوێندنی ڕۆهەلاتی و ئەفریقیایی (سۆواس) بە دەست هێناوە و گرینگی دەدات بە یاسای ئیسلامی و

کۆچبەری و مافی مرۆڤ. هەروەها لە رابردوو لەگەڵ پرۆژەی (سیمێل-ئینتەررایت)ی تایبەت بە "تاوانەکانی شەرەف" کاری کردووە و نیازی وایە لەم بوارەدا دکتۆرا بخوێنێ.

دکتۆر ئانجا برێدال: لێکۆڵەرە لە ئەنستیتوی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە ئۆسلۆ و بەم دواییە نامەی دکتۆراکەی تەواو کردووە لەبارەی سازش و کێشە لە نێوان گەنج و دایک و باوکان لەناو کۆچبەرانی باشووری ئاسیاییەوە، بە تایبەتی لەمەڕ هاوسەرکاریی رێکخراو و لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بە هاوسەرکاریی زۆرەملێ و رێکخراو کاری کردووە. هەروەها راپۆرتێکی لەم بارەیەوە بۆ کاونسڵی نۆردیک ئامادە کردووە.

سەنتەری ژنانی میسری بۆ هاوکاریی یاسایی (س. هـ. ژ. م) رێکخراوێکی ناحکوومەتییە و کەمپەین دەکات بۆ مافی ژن لەگەڵ جەختکردن لەسەر یەکسانیی یاسایی و دەستکاریکردنی یاسا جیاکارەکان و "تاوانەکانی شەرەف". عەواد ئەلمور کە راوێژکاری سەنتەرە بە پلەی شەرەف پێشتر سەرۆکی دادوەری بوو لە دادگەی دەستووریی باڵای میسریدا. عەززە سولەیمان پارێزەرە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەنتەرەکە و بەڕێوەبەری گشتیشە. هەروەها چالاکانە کار لە بواری مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێداندا دەکات. دکتۆر سیهام عەبدولسەلام لێکۆڵەرە لە بواری ئەنثرۆپۆلۆجی و چالاکوانە لە بواری مافی مرۆڤدا، هەروەها راوێژکارە لە سەنتەرەکە.

دکتۆر ئوما چاکراڤارتی: لە ساڵی ١٩٦٦ەوە مامۆستای مێژووە لە مەکتەبی میراندای زانکۆی دێلهی لە هیندستان. لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی هیندی و بزووتنەوە لە پێناوی مافە دیموکراتییەکان کاری کردووە و لە ساڵی ١٩٨٠ەوە لە چەندان پرۆژەی تایبەت بە مافی مەدەنی رۆڵی هەبووە. دکتۆر چاکراڤارتی لەبارەی جێندەر و کار و چینی ئاینی هیندییەوە کاری کردووە.

دکتۆر جەین کۆنەرز: ئێستا کارمەندێکی باڵای مافی مرۆڤە لە بەشی رێککەوتننامە و کۆمیسیۆنی ئۆفیسی کۆمیسیۆنەری باڵای مافی مرۆڤ لە جنێڤ. پێش ئەمەش سەرۆکی لقی مافەکانی ژنان بوو لە بەشی کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرکدا. مامۆستای یاسا بووە لە چەند زانکۆیەکی بەریتانیایی و نەمسایی و لەبارەی کاری دەزگاکانی یو ئێن لەمەڕ مافی مرۆڤ و توندوتیژی دژی ژن و مافە مرۆڤایەتییەکانی ژن نووسراوی زۆری هەیە.

دکتۆر رادهیکا کۆماراسوامی: لە رابردوو راپۆرتەری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لەمەڕ توندوتیژی دژی ژن و هۆکار و ئاکامەکانی (١٩٩٤- ٢٠٠٣). ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری نێودەوڵەتییە بۆ خوێندنی ئێتنیک لە کۆلۆمبۆی سیریلانکا. هەروەها کۆمەڵێ

پۆستی ئەکادیمی و تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکانی هەیە. دکتۆر کۆماراسوامی لە بواری خوێندنی دەستووری و مەسەلەی تایبەت بە ئێتنیک و ستاتوی ژن نووسراوی زۆری هەیە و چەندان خەڵاتی پێ دراوە، لەوانە خەڵاتی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن گرووپی نێودەوڵەتیی یاسای مافەکانی مرۆڤەوە.

ریم ئەبوحەسەن: پارێزەرێکی ئوردنییە و لە بواری مافی مرۆڤ و مافی منداڵان و مافی ژن تایبەتمەندە. هەروەها ئەندامی دەزگای یاسایی (عوبەیدات و فریحات)ە لە عەممان و ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵێ کۆمیتە و گرووپی تایبەت بە مافی مرۆڤە. ریم ئەبوحەسەن بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەسەر بابەتی "تاوانەکانی شەرەف" کاری کردووە.

سارا حوسێن: پارێزەرە لە دادگەی باڵای بەنگلادیشی و لەگەڵ دکتۆر لین وێلشمان بەڕێوەبەری پرۆژەی (سیمێل/ئینتەررایت)ی تایبەت بە "تاوانەکانی شەرەف" ە. سارا حوسێن لەسەر چەندان کەیسی تایبەت بەفڕاندنی ژنانی بەریتانیایی بە ڕەسەن بەنگلادیشی لەلایەن باوانیانەوە و بەمەبەستی هاوسەرکاریی زۆرەملێ کاری کردووە و لەسەر ئەم بابەتە نووسراو و ڕاگەیاندنی زۆری هەیە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٣ کارمەندی یاسایی بوو لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی یاسایی مافی مرۆڤ لە لەندەن.

ئەنجوومەنی لبنانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان: لەسەر زۆر جۆری توندوتیژی دژی ژنان لە لبنان کار دەکات، لەوانە "تاوانەکانی شەرەف" و "کوشتن بە ناوی شەرەفەوە".

دانیال هۆیک پارێزەرە و (ئەندامی دادگەی بەیرووتە) و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیە. هەروەها ئەندامی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەیە لە سەنتەرەکە. دکتۆر

ڕەفیف ڕەزا سیداوی هەڵگری پلەی دکتۆرایە لە بواری کۆمەڵناسی و ئەندامی کۆمیتەی گشتیی ئەنجوومەنەکەیە و کۆمیتەی لێکۆڵینەوەشە. دکتۆر ئەمیرە ئەبوموراد هەڵگری نامەی دکتۆرایە لە بواری یاسای جینائی و ڕاوێژکارە لە کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە ئەنجوومەنەکەدا.

ڤالێریا پاندیاریان: پارێزەرێکی فێمینیستە و لە بواری مافەکانی ژن کار دەکات. ئێستا مونەسیقە لە کۆمیتەی کارایبی و ئەمەریکای لاتینی بۆ بەرگریکردن لە مافی ژن. هەروەها ئەندامە لە ئەنستیتوی گەشەپێدانی یەکسانی /کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافی ژنانی بەرازیل و ئەنستیتوی پاتریسیا گەلڤاۆی تایبەت بە کۆمیونیکاسیۆن و ڕاگەیاندن. هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنە لە کۆمەڵەی بەرگریکردن لە مافی هاووڵاتییان و مافی مرۆڤ و فێمینیستی و سێکسوالیتی و تەندروستی، هەروەها ڕاوێژکاریشە لە ئاکسیۆنی ئەجیندە بۆ هاووڵاتیبوونی جێندەری و پێشکەوتن.

سیلڤیا پیمینتێل: پرۆفیسۆری فەلسەفەی یاسایە لە زانکۆی کاتۆلیکی سان پاولۆ. هەروەها چالاکوانە لە بواری مافەکانی ژن و مونەسیقی نەتەوەییە لە کۆمیتەی کارایبی و ئەمەریکایی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و سەرۆکی ئەنستیتوی گەشەپێدانی یەکسانییە و ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنە لە کۆمیسیۆنی هاوولاتیبوون و نەوەنانەوە و چەند رێکخراوێکی تری ناحکوومەتی. بەم دواییە لە کۆمیتەی یو ئێن بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری بەرامبەر بە ژن دەستبەکار بووە.

دکتۆر پوورنا سەن: بەڕێوەبەری ناوچەی ئاسیایە لە ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ و لە رابردوو مامۆستای جێندەر و گەشەپێدان بوو لە ئەنستیتوی خوێندنی گەشەپێدان لە زانکۆی LSE (– لەندەن سکول ئۆف ئیکۆنۆمیکس)، هەروەها پۆستی لێکۆڵەری هەبوو لە سەنتەری بەڕێوەبەرایەتیی جیهانیی هەمان زانکۆدا. پوورنا سەن کاری کردووە لە بواری لێکۆڵینەوە و پێشخستنی سیاسەت و چالاکوانی و راوێژکاریدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەروەها لە بواری توندوتیژی دژی ژنان لە هیندستان و ئوردن و مەغریب و بەریتانیادا. بەم دواییەش بەشداریی کرد لە نووسینی گەڵاڵەی راپۆرتێکی تایبەت بە سیداو لەبارەی توندوتیژیی دژی ژنان لە بەریتانیا. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێک رێکخراوی ژنان کاری کردووە و ئێستا کار لەسەر پرۆژەیەکی تایبەت بە ژنانی پەنابەر کار دەکات.

نادیرە شەڵهوب کیڤۆرکیان: پرۆفیسۆرە لە سۆسیال وۆرک و زانستی تاوانکاری لە زانکۆی هیبرۆ لە یۆرشەلیم و لەبارەی مەسەلەکانی تایبەت بە جێندەر و توندوتیژی و ژنانی عەرەب/فەلەستینییەوە نووسراوی زۆری هەیە. هەروەها نادیرە شەڵهوب– کیڤۆرکیان چالاکوانێکی بەناوبانگە و بەڕێوەبەری پرۆژەی فێمیسایدە لە سەنتەری ژنان بۆ هاوکاریی یاسایی و سایکۆلۆجی کە گرینگی دەدات بە هۆکارە یاسایی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانی کوشتنی ژنان.

دکتۆر دینا سدیقی: هاوکاری باڵای سەنتەری ئەلیس پۆلە بۆ خوێندنی ژن و جێندەر لە زانکۆی پەنسیلڤانیا لە ئەمەریکا. هەروەها ئەنترۆپلۆژیستێکی کولتوورییە و تایبەتمەندە لە باشووری ئاسیا و لەبارەی جیهانگیری و جێندەر و هەراسانکردنی سێکسوالی و توندوتیژیی دژی ژنان و سیاسەتی کولتووریی بەئیسلامکردن لە بەنگلادیش نووسراوی زۆری هەیە. دکتۆر دینا سدیقی وەکو راوێژکاری ناگۆریک ئودیۆگ لە سەنتەری دیالۆگی سیاسی و یارمەتیی قانوونی بەنگلادیشی و سێرڤیسیز ترەست و ئەینۆ سالیش کیندرا لە دەککا کاری کردووە.

حەنانە سدیقی: یەکێکە لە مونەسیقانی ساوزهۆل بلاک سیستەرز و لە ساڵی ١٩٨٨ەوە لەم

ڕێکخراوە کار دەکات. کارەکانی بریتین لە کەمپەین و کەیس وۆرک لەگەڵ ئەو ژن و منداڵانەی کە بەرەوڕووی توندوتیژیی ناوماڵ دەبنەوە. ئێستا لەسەر هاوسەرکاریی زۆرەملێ کار دەکات، هەروەها تا ساڵی ٢٠٠٠ ئەندام بوو لەگەڵ گرووپێکی کاری وەزارەتی ناوەخۆی بەریتانیایی لەسەر هاوسەرکاریی زۆرەملێ، بەڵام لە ٢٠٠٠ دا دەستی کێشایەوە. حەنانە سدیقی لەسەر کارەکانی ساوزهۆل بلاک سیستەرز و بلاک/ئێژیەن وومێن نووسراوی زۆری هەیە.

عایدە توما – سلیمان: یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ژنانی فەلەستینی لە ئیسرائیل بەناوی ئافرەتان لە دژی توندوتیژیدا و هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوەکەشە. ئەم ڕێکخراوە خزمەتگوزاری پێشکێش بەو ژنانە دەکات کە بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە و کەمپەین ساز دەکات لەم بارەیەوە. هەروەها دامەزرێنەری ئەلبەدیلە کە بریتییە لە هاوپەیمانیەتییەک بۆ خەبات دژی تاوانی تایبەت بە "شەرەفی خێزان" کە لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ژنان و مافی مرۆڤ لەناو کۆمیونیتیی فەلەستینی لە ئیسرائیل دەگرێتە خۆی.

سوهەیل ئەکبەر واریچ: مونەسیقی یاساییی شیرکات گاهە لە ڕێکخراوی ویمێن ریزۆرس سەنتەر لە پاکستان. ماستەری لە یاسای گەشەپێدان لە زانکۆی وۆریک تەواو کردووە و گرینگی دەدات بە یاسای دەستووری و گەشەپێدان لەگەڵ جێندەر و یاسا و گەشەپێدان. لە بوارەکەیدا گرینگی بە پەیوەندیی نێوان پرەنسیپەکانی یاسا و واقیعی ژیانی خەڵک دەدات. هەروەها لەبارەی ڕاهێنانی یاسایی و هۆشیاریی یاسایی کۆرسی پێشکێش بە ڕێکخراوە کۆمیونیتییەکان کردووە و لە چەند بەرهەمێکی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافی یاساییی ژنان وتاری بڵاو کردووەتەوە.

دکتۆر لین وێڵشمان: مامۆستای یاسای ئیسلامییە بە پلەی سێنیەر لە زانکۆی سۆواس لە بەشی یاسادا. لەگەڵ سارا حوسێن هاوبەش بووە لە پرۆژەی سیمێل/ئینتەررایتی تایبەت بە "تاوانەکانی شەرەف". لە ڕابردوو بەڕێوەبەری سیمێل (سەنتەری یاساییی ئیسلامی و ڕۆهەڵاتی) بوو لە سۆواس. پێش کاری ئەکادیمی، دکتۆر لین وێڵشمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە فەلەستین کاری کردووە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەم بوارە چالاک بووە.